سەرچاوە
Serchawe



# بابەت و نووسراوەکانی

## هاوڕێ کوێستان فتوحی

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

١- کێشە و مەینەتییەکانی ژنان و پرس و خەمی بەردەوامی «کوردستان» ساڵی ٢٠١٧........ لاپەڕەی ...... ١١

## بابەکانی ساڵی: ٢٠١٥ ....... لاپەڕەی ................. ١٥

١- چەقۆی پیسی «نامووسپەرەستی» سیمای ئازادیخوازیو ئینساندۆستی کورد خەوشدار دەکا!
٢- ئەی هاواری خوێناویی ژن! داوای یەکسانی چی ئەکەی؟
٣- شاکاری کۆبانێ
٤- شۆڕشمان نەکرد بۆ دواوە بگەڕێینەوە
٥- ٨ی مارس نمادی یەکسانیی ژن و پیاو
٦- وتاری کردنەوەی کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە لایەن کوێستان فتووحی
٧- ٨ی مارس نمادی یەکسانیی ژن و پیاو
٨- چەمکی مرۆڤتەوەری و تێگەیشتن لە پیرۆزییەکان
٩- ڕۆژێک بۆ ژینگە دەرفەتێک بۆ ژیان
١٠- چ دەبێ لەوانەوە فێربین!
١١- «نامووس» غەدرێک لە ژن
١٢- ڕۆژێک بۆ ڕیزگرتن لە تێکۆشەرانی سەنگەری ئازادیی ڕاگەیاندن
١٣- تەنیا سەرپۆشە سپییەکەت بەسە بۆ هێمای خۆڕاگری!
١٤- کاک محەممەد سەدیقی کەبوودوەند

١٥- کەس نەبوو خەمەکانی لەگەڵ هەڵگرێ؟!
١٦- مردن لەپێناو چ دا!
١٧- دوای ٧٠ ساڵ
١٨- کوشتاری زیندانیانی سیاسی پەڵەیەک بە نێوچاوانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە
١٩- سیمبولەکانی کورد لە چوارچێوەی حیزبدا!

---

## بابەکانی ساڵی: ٢٠١٤ ....... لاپەڕەی ............... ٦٨

١- مسیار بۆ تێرکردنی هەستە جینسییەکانی پیاوانە!
٢- سیاسەتی «نوێ»ی کۆنەخوازان!
٣- دەستدرێژیی جنسی برینێکی سارێژ نەبوو
٤- کۆیلە هێشتنەوەی خەڵکی ئێران، سیاسەتی ٣٥ ساڵەی کۆماری ئیسلامی بووە!
٥- کاردانەوەکان لە ئاستی کارەساتەکانذا نین
٦- پارێزگاری لە ژینگە ئەرکێکی گشتیو نەتەوەییە
٧- ئەوان ناتوانن ئینسانییەت لەناوبەرن
٨- فەیسبووک... لە ئامانجی زوکێربێرگەوە تا سنووربەزاندنو ئازاردانەکانی ئەمڕۆ!
٩- ئەو کاتەی مافێکی سادەو سەرەتایی دەبێتە ئارەزوویەکی گەورە
١٠- شەرم لە خوێنی ڕژاوتان دەکەین!
١١- ئێستاش سیاسەت و دەسەڵات بەدەست پیاوانەوەیە!
١٢- سووتانی کچە قوتابییەکانی شیناوێ، داغێک بە دڵی هەموومانەوە
١٣- ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نوقمی ئازارو بێدەنگی
١٤- تێڕوانینمان بۆ مرۆڤدۆستی لە نێو بازنەی کوردایەتیدا
١٥- بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی خۆکوژییەوە!

١٦- چەکی شانی ژنی کورد و شەڕ بۆ ئاشتی و مافی ڕەوا
١٧- شار بەتەنیا بە ئێوە ناپارێزرێ، لێمان گەڕێن!
١٨- مافی مرۆڤ لای ئەوان چ بایەخێکی هەیە؟!
١٩- گەشەکردنی خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
٢٠- مافی مرۆڤ لای ئێمەو، لای ئەوان!

## بابەکانی ساڵی: ٢٠١٣ ...... لاپەڕەی ............... ١٤٤

١- لەجیهانێکی نائەمن دا، منداڵان چۆن خۆیان بۆ داهاتوو ئامادە بکەن؟
٢- جێگە و پێگەی ژنان لە »کوردستان» دا
٣- وتەکانی کوێستان فتوحی بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حدک لە دەسپێکی سمیناری ٦٧ ساڵەی ڕۆژنامەی «کوردستان»دا
٤- پلینۆمی شەشەمی حیزب و پرسی ژن
٥- با هەموو ڕۆژەکانی ساڵ بکەینە ڕۆژی خەبات دژی ستەم و ناعەداڵەتی (بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە)
٦- هەفپەیڤین: ڕەحمان نەقشی بە بۆنەی ٨ی مارس
٧- ڕێزگرتن لە ژینگە، ڕێزگرتن لە نیشتمانە
٨- دیمانە: شەهلا دەبباغی: ئێمە خوێندنەوەمان بۆ کێشەکانی خۆمان لاوازە
٩- پێشێلکردنی مافەکانی منداڵان لە ئێراندا
١٠- شەهلا دەباغی چەند پرسیارێک ڕووبەڕووی کوێستان فتووحی دەکاتەوە
١١- دنیای سەرمایەداری سیاسەتمەدارێکی کارامەی لەدەستدا!
١٢- پیویستە ئەم هاوپێوەندی و یەکدەنگییەمان بپارێزین و بیکەین بە دەسمایە بۆ حەرەکەتەکانی داهاتوومان
١٣- کێشەی ژنانی کرێکار لە ژێر سێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا
١٤- ئێعتیاد لە نیو ژنانی ئێراندا
١٥- ژنانو هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران!

١٦- با نەهێڵێین مێژوویەکی شەرماوی بۆ نەتەوەکەمان تۆمار بکرێ!
١٧- ئێعدام لە کۆماری ئیسلامیدا
١٨- کامەیە عەداڵەتخوازیی سەرکۆماری نوێ؟
١٩- ٢٨ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی حوکمی «جیهاد»ی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستان
٢٠- لە ئەزموونی ژنانی پێشمەرگەی کوردستانەوە
٢١- گەلاڵەیەکی دزێو لە چاوەڕوانی پەسند کردندا!
٢٢- چەند قسەیەک لە بارەی تەقینەوەکەی هەولێر!
٢٣- منداڵانی وڵاتی ئێمە، کەرەسەی یارییان مین و پەتی سێدارەیە!
٢٤- بۆ سڕینەوەی توندوتیژی خەباتێکی بەرین و هەمەلایەنە پێویستە
٢٥- ژیان هێندەش دژوار نیە ئەگەر لەیەکتر گەڕێین!
٢٦- ئای کە نامۆم ... ئای کە تووڕەم
٢٧- ئەی کە بارانم خۆش دەوێ!

## بابەکانی ساڵی: ٢٠١٢ ..........لاپەڕەی ............... ٢٤٤

١- ژنانە و پیاوانە کردنی بوارە جۆراوجۆرەکان مەلەکردن بە پێچەوانەی ڕەوتی ئاو
٢- دوورە ئەم ڕێگایە سەد ساڵە دەڕۆم نابڕێتەوە
٣- کێ بەرپرسە لە کوشتنی ژنان لە کوردستان دا؟
٤- ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە میدیا دا
٥- ڕۆڵی ژنان لە پاراستنی ژینگەدا
٦- پەرەسەندنی خەسار و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران دا
٧- ئێعتیادی ژنان و جیاوازییە جنسییەتییەکان
٨- ئەمانە شایانی ڕێز لێگرتنن نەک سزادان!

٩- کێ بەرپرسی ڕاستەوخۆی توندوتیژییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێرانە؟

١٠- ژنانە و پیاوانە کردنی زانست سووکایەتییە بە زانست و زانستگە

١١- ژنانە و پیاوانە کردنی زانست سووکایەتییە بە زانست و زانستگە کچانی ئێران مافی خوێندنیان لە ٧٧ ڕشتەی زانستگە دا نییە

١٢- ڕۆڵی ژنان لە فیلم و سریالەکانی تەلەڤیزیۆنی کۆماری ئیسلامیدا!

١٣- بە بۆنەی ڕۆژی" نەهێشتنی توندوتیژی"یەوە

١٤- مانگرتنی ٨ زیندانیی سیاسیی ژن لە زیندانی ئێویندا

١٥- جینسییەتی بوونی سیستمی پەروەردەو فێرکردن لە ئێراندا

١٦- واژۆی پەیمانێک گرنگە،

---

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١١ ............ لاپەڕەی ............... ٣٠٤

١- وێناکردنی «پێشمەرگە» لە هەیبەتی «پیاو»دا!!

٢- توندوتیژی دژی ژنان، سووکایەتیی بە مرۆڤایەتی

٣- ڕێگەی سەختی بەردەم کچانی پێشمەرگە

٤- قاتڵی جاڵجاڵۆوکەیی لە ئێراندا ماوە؟!

٥- ئاشتیخوازیی ژنان، لاپەڕێکی زێڕینی مێژووی مرۆڤایەتی

٦- بەهاری عەرەب، پاییزی ژنان؟! وەرگێڕان لە فارسییەوە.

٧- بە راوردێک لە ڕۆڵی ژنان لە دوو کۆنگرەی جیاواز دا

٨- هاوین، وەرزی گەرما و «بێ حیجابی»ی ژنان!

٩- بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستان و پێگەی ژنی کورد.

١٠- جینایەت بە پاساوی ناموسپارێزی

١١- کارەساتی کەمپی ئەشرەف، لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ

١٢- کوێستان فتوحی باس لە داخوازیەکانی کۆنفرانسی ژنانی رۆژهەڵات بۆ حیزبەکان دەکا

١٣- کوردستان نیشتمانی بووکە چاو بە فرمێسکەکان

١٤- ئەمجارە تۆ لەگەڵ کەوە خۆشەویست!

١٥- ٨ی مارس رۆژی هاوپێوەندی و بیرهێنەرەوەی خەبات و خۆراگریی ژنان

١٦- هەڵاواردنی پۆزێتیڤ زۆڵمێکی دیکەیە کە لە مۆدێلێکی دیکەدا لە ژنان دەکرێ

---

## بابەتەکانی ساڵی: 2010 .............. لاپەڕەی ......... ٣٦٥

١- توندوتیژیی دژی ژنان بناغەیەکە بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ

٢- حکوومەتە ئیسلامییەکان لە هەمووشتێ خۆش بن لە حیجابی ژنان خۆش نابن!

٣- لە پێناوی تەندروستیی دەروونیی منداڵاندا

٤- گەڵاڵەی پشتیوانی لە بنەماڵە» یان دژی بنەماڵە؟!

٥- من ئێستاش ئەستێرەیەکم خۆش دەوێ

٦- ئەحمەدی نەژاد کەوتە داوی کریستیییان ئەمانپوورەوە!

٧- شکەنجە، کردەوەیەکی ترسناک دژی مرۆڤایەتی

٨- ئەو ژنەی بێباکانە بەرەو پەتی سێدارە رۆیی

٨- منداڵەکان بەیانیتان باش!

٩- بێدەنگی ئارامی لێ هەڵگرتووم....!

١٠- من ئەو نیشتمانەم خۆش...

١١- وتووێژی سایتی گیارەنگ بە بۆنەی ٨ی مارس؛ ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی

١٢- بەرپرسیارانی سەرەکیی تاوان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دا

١٣- چەند هاوسەری، دیاردەیەکی دزێو

١٤- بەرپەرچدانەوەی سووکایەتییەک

١٥- خوێندنەوەیەکی کورت بۆ نەخشی ژنان لە بزووتنەوەی سەرانسەری لە ئێراندا
١٦- کورتە سەرنجێک لە خەباتی ژنانی ئێران لە سەد ساڵی رابردوو

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٠٩ - ٢٠٠٨ و ٢٠٠٧........... لاپەڕەی ...... ٤١٧

١- دیمانە: ماڵپەڕی کانوونی نووسەرانی کوردستان
٢- بزووتنەوەی ژنانی ئێران، راستییەکی حاشالێنەکراو
٣- ژنان و کارەساتی ژینگە
٤- سبەینێ منداڵەکانمان لە جیاتی تۆ رۆژ باش بە ئازادی دەڵێن
٥- وتووێژی رۆژنامەی "کوردستانی نوێ"
٦- لە پێناوی ئاکتیوکردنی ژنان لە ریزەکانی حیزب دا
٧- وتووێژی ماڵپەری گیارەنگ سەبارەت بە کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان
٨- قسەکردن لەمافەکانی ژنان تاکەی لە خزمەتی سیاسەتدا بێ؟
٩- ٢٢ ساڵەی فتوای خومەینی و خوڵقاندنی جینایەتێک
١٠- ئەندامەتی کۆماری ئیسلامی لە کۆمیسیۆنی "پێگەی ژن" دا!
١١- هیچ حکوومەتێک تا سەر ناتوانێ بە سەرکوت و زەبر وزەنگ و جینایەت دەسەڵاتدارەتی بکا
١٢- رۆژنامەنووسیی شاخ لە رەوتی رۆژنامەنووسیی رۆژهەڵاتی کوردستاندا
١٣- درۆ کردن؟
١٤- منداڵی ئەمرۆ فێر دەبێ تا بناغەی جیهانی سبەی دانێ
١٥- ئێیدز، مەترسیدارترین نەخۆشیی سەردەم
١٦- توندوتیژی لە دژی ژنان کۆسپی گەیشتن بە یەکسانی
١٧- شکەنجە بەشێکە لە فەرهەنگی سیاسیی کۆماری ئیسلامی
١٨- جینایەتێکی شەرماویی لە دژی مرۆڤایەتی

١٩- تووشبون بە مادده هۆشبەرەکان و وێرانی بنەماڵە و کۆمەڵگە
٢٠- بە تاوانی بێ تاوانی، تاوانبارین
٢١- توندوتیژیی ژنان لە دژی ژنان، داستانی ئەمڕۆ و دوێنێ نیە
٢٢- پەنابەرێتی، دیاردەیەکی جیهانی
٢٣- ژنانی وشیاری ئێران بە دروشمی سەروبەندی هەڵبژاردن هەڵ نافریوێن
٢٤- بەبیانووی ڕۆژی دایک
٢٥- ژنان قوربانیانی نایەکسانی لە بازاڕی کاردا
٢٦- بۆ سڕینەوەی هەڵاواردنی جینسی لە دژی ژنان ڕێگەیەکی دوورو درێژ لە پێشە
٢٧- بەشداریی ژنان لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لەپێناو چی دا؟
٢٨- پیاوان بۆ خۆیان پێکەوە کۆک نین تا لەگەڵ ژنان کۆک بن
٢٩- کوێستان فتووحی: چارەنووسی ئێمەی ژن لەگەڵ سیاسەت گرێدراوە
٣٠- ژنانی ئێران لە شۆڕشی ١٣٥٧ چیان دەسکەوت؟
٣١- ستەم لە هەر فۆرمێکدا بێ دەبێ لەقاوبدرێ بکرێ
٣٢- ژنانی خوێندەواری پارێزگای کرماشان و کێشەو گرفتی کارکردن
٣٣- پرسی ژنان لە "کوردستان"دا
٣٤- لێکۆلینەوەیەک لەبارەی توندوتیژی لە دژی ژنان
٣٥- چۆن بڕوانینە پارلمانێک کە یاسای فرەژنی پەسند بکاتەوە؟
٣٦- کێشەی ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر ئاڵۆزە
٣٧- چیرۆکی حیجابی زۆرەملی لە ئێران و هەنگاوەکانی یەکەمی
٣٨- برینەکان چووکەن و ریشەکەیان قووڵە!
٣٩- هەمووومان مرۆڤین و مافی ژیانمان هەیە
٤٠- سیمای ژن لە تلویزیۆنی کۆماری ئیسلامی دا
٤١- ٢٢ی جۆزەردان، ڕۆژی هاوپێوەندیی ژنانی ئێران
٤٢- نا بۆ زمان و کولتوورو ئەدەبیاتی پیاوسالار
٤٣- هەڵوەستەیەک لەسەر پرسی ژن لە لای حیزبی دیموکراتی کوردستان
٤٤- کۆنگرەی ١٤ و کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ

٤٥- گۆڤاری "زنان" لە ئێران داخرا، بەڵام بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ژنان هەر بەردەوام دەبێ
٤٦- سەبرت هەبێ کچم
٤٧- ئامانجێک کە خەباتی بۆ دەکەم لە حیزبیش پیرۆزترە لە لام
٤٨- بۆ قوربانییەکی دیکەی کۆمەڵگا نەخۆشەکەمان
٤٩- تیرۆری یەکێک لە ناسراوترین رێبەرانی ژن لە دنیای سیاسەت دا
٥٠- وتووێژ لەگەڵ منیرەی رەسووڵ زادە هاوسەری شەهید ساماڵ ئیسماعیل زادە
٥١- مافی ئینسانیی منداڵانی کچ
٥٢- من لە ماڵی خۆمدا ملکەچ نیم و قەتیش ملکەچ نابم
٥٣- رۆڵی پیاوان لە خەباتی ژنان دا
٥٤- کوردستانی ئازاد دۆزەخێک بۆ ژنان
٥٥- نامەیەک بۆ دایکم بۆ ساڵی ٢٠١٣
٥٦- نامەیەکی دوکتورا لە بارەی: فیمینیزم لە شێعری کوردیدا
٥٧- ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە پانتایی سیاسەت دا
٥٨- دەستکەوتەکانمان، بارتەقای رەنج و قوربانییەکانمان نین
٥٩- بێدەنگی شەرمە لە بەرامبەر ئەو تاوانەدا
٦٠- جینایەتی درندانە لە ژێر ناوی پاراستنی "نامووس"دا
٦١- شەپۆلێکی دیکەی توندوتیژی لە دژی ژنان لە ئێران
٦٢- گرنگیدان بە رۆڵی ژنان لە پێناو
٦٣- وتوێژی کاوە ئاهەنگەری لە گەڵ کوێستان فتووحی
٦٤- کەڵکی خراپ وەرگرتن لە جوانیی جەستەی ژن
٦٥- کچانی شەللاق لێدراو
٦٦- کچە فرۆشییەکانی دیمەشق
٦٧- سووکایەتیی بێشەرمانەی ئەمجارەی کۆماری ئیسلامی دژی ژنان لە کوردستان
٦٨- رۆڵی ژنان لە خەباتی پێشمەرگایەتیدا

## کێشە و مەینەتییەکانی ژنان و پرس و خەمی بەردەوامی «کوردستان»

رۆژنامەی »کوردستان» ئاوێنەی بالانوێنی بیرو ئەندیشەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەرەڕای هەموو کۆسپەکانی سەر رێگای خۆی، پێی نایە حەفتاو یەکەمین ساڵی تەمەنی خۆی و حەوسەدەمین ژمارەی دەرچوونی. بەم بۆنەیەوە لە قووڵایی دڵمەوە پیرۆزبایی دەکەم لە هەموو ئەو کەسانەی لە بەردەوامبوون و لە گەشانەوەی ئەو رۆژنامەیەدا لە سەرەتاوە تاکوو ئەمرۆ رۆڵیان هەبووە. هەروەها ماندوونەبوونی لە کارگێڕان و نووسەرانی ئەمڕۆی کوردستان دەکەم و بەهیوای بەردەوام بوونیانم. دڵنیام ئەوانەی رۆژێک لە رۆژان لەم رۆژنامەیەدا کاریان کردوە وەک من بە شانازییەوە دەڕواننە لاپەڕەکانی مێژووی ئەم رۆژنامەیە، چونکە هەر هیچ نەبێ، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی تەمەنی خۆی لە تاراوگەو دوور لە زێد و نیشتمانی خۆی بووە، و خوێنەرەکانی نەیانتوانیوە بە ئازادی ئەو رۆژنامەیە دەست بخەن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا خزمەتێکی گەورەی بە زمانی کوردی و ئەدەبیاتی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان کردوە. لێرەدا نامەوێ باسی لایەنەجۆراوجۆرەکانی ئەو مێژووە دوور و درێژە بکەم، ئەوە دەهێڵمەوە بۆ شارەزایان و لێکۆڵەرانی خۆی.

لێرەدا وەک ژنێک کە ساڵانێک لە نزیکەوە لەگەڵ رۆژنامەی «کوردستان» هاودەم بووم، حەز دەکەم ئەزموونی چەند ساڵێک کارکردنم لەم سەنگەرەدا باس بکەم. کار لە چاپەمەنیی حیزب و «کوردستان» بۆ من سەرەتای ئەزموونێک پڕاوپڕ لە خوێندنەوە و خۆماندووکردن بوو. سەرەتا وەک تایپیستێک چوومە کومیسیۆنی چاپەمەنی، دواتر بە هۆی حەز و خولیای خۆم و کەشوهەوای ئەو ئۆرگانە و هاندانی هاوڕێ و هاوژیانم قادر وریا کە یەکێک لە کادرە بەتواناکانی راگەیاندنی حیزب بوو، لەگەڵ کاری تایپ و مۆنتاژ، دەستم بە وەرگێڕان و نووسین کرد. بە هۆی هاوژیان بوونم لەگەڵ کەسێک کە ئەزموونی نووسینی لە رۆژنامەی «کوردستان»دا زۆر بوو، زۆر کەسی هاوکار و ناسیاو لە سەرەتاوە گومانیان لەوە هەبوو کە ئەو نووسینانەی لە «کوردستان»دا بە ناوی من بڵاو دەبنەوە هی خۆم بن، پێیان وابوو ئەم نووسینانە هی من نین و بەناوی منەوە دەنووسرێن! ئەو بێبڕواییە بە ژنان کە هەموو تانوپۆی کۆمەڵگەی ئێمەی داگرتبوو، ژنانی راگەیەندنکار و رۆژنامەنووسیشی بێبەش نەدەکرد! زۆر جار ئەو دەنگۆیانە کاریگەرییان لەسەر دەروونم داناوە و نیگەران و بێزار دەبووم لەم هەموو بێبڕواییە بەرانبەر بە ژنان. بەڵام ئەوەش نەبووە هۆی دڵسارد بوونەوەم لە کاری نووسین، بەڵکوو بووە هۆی ئەوەی زیاتر بەردەوام بم بۆ

ئەوەی ئەو بێبڕواییە بەرامبەر ژنان کەمڕەنگ بکەمەوە. لە لایەکی دیکەش دەمدی گوتاری یەکسانیخوازیی ڕەگەزی پەراوێزخراوترین گوتارە لە ڕاگەیەنە کوردییەکانی ئێمەدا، هەر بۆیە هەوڵم دا لانیکەم لە» کوردستان»ێک کە بۆ خۆم کاری تێدا دەکەم ئەم گوتارە لە پەراوێزخراوەیی بێنمە دەر.

هێنانەبەرباسی کێشەو نەهامەتییەکان و ئاگاکردنەوەی کۆمەڵگە لە ماف و ئازادییە ئینسانییەکانی ژنی کورد خەمی هەمیشەییم بووە، لە ماوەی تێکۆشانم لە سەنگەری «کوردستان» دا بە نۆرەی خۆم هەوڵم دەدا لەم تریبونەوە دەنگی مافخوازی و یەکسانیخوازی منی «مرۆڤی ژن» زیاتر تێکەڵ سیاسەتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەم. دیارە ئیددیعای ئەوە ناکەم تێیدا سەرکەوتوو بووم، چونکە ئەم پرۆسەیە کارێکی کورتخایەن نیە و بەردەوامی و پشوودرێژیی دەوێ. دەتوانم بڵێم ئەو ماوە کە لە ڕۆژنامەی «کوردستان» بووم لەگەڵ هەموو ماندووبوونەکان هەستێکی خۆشم بەرانبەر کارەکەم هەبوو.

## تاقیکارییەکی قورستر

ئاسان نەبوو وەرگرتنی بەرپرسایەتیی ڕۆژنامەی «کوردستان» کە ڕۆژێک لە ڕۆژان مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادەی کوردیزان، بەرپرس و سەرنووسەری بووە. بەتایبەتیش هاتنە ئەو بوارە بۆ ژنێک کە دایکایەتییش بکا، بوارێکی تا ڕادەیەک قورس بوو. زیاتر لەوەش پێشداوەرییەکانیش! هێندەی دیکە کاریان دژوار کردبوو. بەڵام ئەوە بڕوای منە، ئێمەی ژن تا لەو بوارانەدا زۆرتر کار و خزمەت بکەین هێشتا کەمە. چونکە دەتوانین مرۆڤتەوەری تێکەڵاوی وشەکانمان بکەین و لەم ڕێگەیەوە کاریگەری لەسەر تاکەکان دابنێین. دیارە جگە لە حەز و خولیا و خۆماندووکردن بۆ نووسین لە پێوەندیی لەگەڵ ژناندا، هاوکاری و پشتیوانی زۆر لە هاوکارانم لەو ئۆرگانە لەماوەی کارکردنم لە «کوردستان»دا نەبوایە، هەرگیز نەمدەتوانی ئەم ئەرکە قورس و گرنگە بەڕێوە بەرم. بەتایبەتی هاوکاریی هاوڕێی ژیانم قادر وریا، هۆکارێک بوون بۆ ئەوەی بوێرم خۆ لەو ئەرکە قورسە بدەم. ... یەکەم جار بوو ژنێک ببێتە بەرپرسی ڕۆژنامەی «کوردستان». ئەزموونێکی نوێ بۆ حیزبی دیموکرات و دژوار و پڕلە هەستکردن بەبەرپرسایەتی بۆ منی ژن، بەتایبەتی کە تا ئەوکاتە هەموو بەرپرس و نووسەرەکانی ڕۆژنامەی «کوردستان» پیاوانی بە ئەزموون و قاڵبووەوەی نێو نووسین و سیاسەت بوون.

دیارە هەر ڕۆژنامە و ڕاگەیەنێک سیاسەتی تایبەت بەخۆی هەیە، وەئەستۆ گرتنی بەرپرسایەتی لە ڕۆژنامەی

«کوردستان»یش جگەلەوەی شارەزایی لە سیاسەتی دەوێ، زاڵبوون بە سەر کاری ڕۆژنامەنووسیشی پێویستە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کەسانێک دەبنە سەرنووسەری ڕۆژنامە و راگەیەنەکان کە لە بواری راگەیاندندا خوێندنی بالایان هەبێ. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە من ڕۆژنامەنووسیم وەک خوێندن نەخوێندبوو. هەموو ئەوانە ئەرکی سەر شانمی قورستر کردبوو. ئەم تاقیکارییە، ئیرادەیەکی بەهێزی دەویست تا هەم وەک ژنێک لەو ئەرک و مودیرییەتەدا لاواز دەرنەکەوم، هەمیش فرسەتێک بوو بۆ دەور بینین و مەیداندان بە بیروباوەڕی یەکسانیخوازانەی رەگەزی لەو ڕۆژنامەیەدا. ئەو ئەدەبیاتە خاوێنەی ڕۆژنامەی «کوردستان» کە هەموو دیموکراتێک بە شانازییەوە باسی دەکا، ئەگەر تێکەڵ بە ئەدەبیاتێکی یەکسانیخوازانە بێ، بە دڵنیاییەوە هاوسەنگییەکی جوان و ئینسانی دروست دەکا. ئەوە شانازییەکە بۆ من و بۆ هاوکارە دیموکراتەکانم کە دەتوانم بڵێم لەو ماوەدا زۆرترین گرنگی بەو باسانە درا. بە شاهیدی هاوڕێیانم لە دەستەی نووسەرانی «کوردستان» کۆبوونەوەکانی دیاریکردنی سووژەکان بۆ ڕۆژنامە، زۆرجار بەشێکی تەرخان دەکران بۆ باس لەوەی چ بکەین زیاتر ژنان هان بدەین بنووسن، چ بکەین کە نووسەرانی «کوردستان» زۆرتر گرنگی بە لایەنی ئینسانیی ئەدەبیاتی حیزبی و سیاسی بدەن؟ زۆر جار کە لاپەڕەی ژمارە کۆنەکانی «کوردستان» هەڵدەدەیەوە، بۆ نموونە دەبینی کاتێک باس لە فیداکاریی پێشمەرگە یان زیندانیانی سیاسی کراوە، وا هەست دەکەی مرۆڤی پێشمەرگە یان زیندانیی سیاسی تەنیا پیاوە و هەر وا بزانە لە نیو ژنان دا پێشمەرگە و بەندیی سیاسیی هەڵنەکەوتوون!! مەبەست لە ئەدەبیاتی یەکسانیخوازانە ئەوەیە کە ئەو تێڕوانینانە لە نووسینەکانماندا بسڕینەوە و ئینسانی بڕوانینە مەسەلەکان، نەک پیاوانە و ژنانە!

ڕەنگە هێندێک کەس پێیان خۆش نەبێ وەبیر خوێنەرانی ئێستای بێنمەوە کە سالانی پێشوو وا باو بوو لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا تەنیا لە ڕۆژە تایبەتییەکاندا باس لە کێشە و ئازارەکانی ژنان دەکرا. ئەم جۆرە باسکردنانە نەیدەتوانی و ناتوانێ کۆمەڵگە لەو سیاسەتەی حیزبی دیموکرات بەرانبەر بە مەسەلەی ژنان و دیاردە ناڕەواکانی کۆمەڵگە هەیەتی، ئاگا بکاتەوە. حیزبی دیموکرات وەک سیاسەت هەمیشە سیاسەتێکی پێشکەوتووانەی بەرانبەر بە ژنان بووە، بەڵام لە پڕاکتیک و بواری کردەییدا، بە پێی پێویست نەجووڵاوەتەوە، تەنانەت لە راگەیەنەکانیشیدا ئەم پەراوێز خستنە بە نیسبەت کێشە و مافەکانی ژنان دەبینرێ. زۆر جار هاوکارانی پیاو ئەو باسانەیان زیاتر بە ژنەکان دەسپارد، لەحاڵێکدا هەوڵی من و بەشێک لە هاوکارانم، ئەوە بوو خەمی کێشەکانی ژنان وەک خەمی مرۆڤ چاو لێ بکرێ نەک تەنیا خەمی ژن و پیاوەکانیش بە خەمی خۆیانی بزانن.

ئەوە بڕوای منە نووسەرانی «کوردستان» چەندە کوژرانی کۆڵبەرێکی کورد بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامییان

بۆ گرنگە و وەک جینایەتی هێزەکانی رێژیمی ئێران مەحکوومی دەکەن، بەهەمان ئەندازەش پێویستە کوژرانی مرۆڤێکی ژن بە دەستی پیاوێک مەحکووم بکەن. ئەرکیانە قەڵەمەکانیان بۆ سڕینەوەی دیاردە دژی ئینسانییەکان لە کۆمەڵگەدا کە هەڕەشە لە مرۆڤی ژن دەکەن، وەکار بخەن. گرنگیدان بە کێشە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستان و باسکردنیان جیا نیە لەو سیاسەتەی بەرامبەر بەکۆماری ئیسلامی هەمانە. ئەوەش نابێ دابەش بکرێ و تەنیا بە ژنانی بسپێرن، یان تەنیا لە رۆژە تایبەتییەکاندا ئاوڕ لەم کێشانە بدەنەوە. رۆژنامەی «کوردستان» ئەو کاتە دەتوانێ ببێتە هۆیەکی کاریگەر و شوێندانەر بۆ سڕینەوەی دیاردە دزێوەکانی نێوکۆمەڵگە و دروستکردنی هاوسەنگی و تەبایی نێوان مرۆڤەکان، کە ئەم دابەشکارییانە، ژنانە و پیاوانە نەکات. لێرەشەوە دیسان دووبارەی دەکەمەوە نووسەرانی رۆژنامەی «کوردستان» ئەگەر دەیانەوێ «کوردستان» لە گەشانەوەدا بێ، ئەگەر دەیانەوێ نەسڵەکانی داهاتوو بە بایەخێکی زیاترەوە بڕواننە «کوردستان» پێویستە گرنگی بەم هاوسەنگییە بدەن. هەر حیزبێک، دەوڵەتێک، راگەیەنێک، ئەگەر ژن (بەمانا گشتییەکەی، ماف و خواستەکانی) لە پەراوێز بخا، بە دڵنیایەوە ناتوانێ هاوسەنگی لەنێو کۆمەڵگەدا دروست بکا و سەرکەوتوو بێ.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٠.

٢٢ی مارچی ٢٠١٧

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٥

---

## چەقۆی پیسی «ناموسپەرەستی» سیمای ئازادیخوازیو ئینساندۆستی کورد خەوشدار دەکا!

بە پێی هەواڵێک کە لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو بۆتەوە، ڕۆژی ١٢ی بەفرانباری ئەمساڵ کچێکی تەمەن ١٩ ساڵە بەناوی سروە خەڵکی ناوچەی دیواڵانی شاری سنە، لەلایەن برایەکی خۆیەوە بە قەستی کوشتن، بەچەقۆ هێرشی دەکرێتەوە سەر و بە توندی بریندار دەبێ.

سروە بەهۆی کێشەو فشاری بنەماڵە ماوەیەک بووە لە ماڵەوە ڕایکردووە و چووبووە شاری سنە، بەڵام لەوێش لە ئەماندا نەبوو و براکەی بەدوایەوە بوو تاکوو بەناوی سڕینەوەی ئابڕووی بنەماڵە گیانی لێ بستێنێ! سەرنجام چەقۆی پیسی شەرەف سروەی نیوە گیان کرد و ئێستا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری سنە لە ژێر چاوەدێری پزیشک دایە.

کوشتنی ژنان لە ژێر ناوی «پاراستنی ناموس» دڕندانەترین توندوتیژییە دژ بە ژنان کە کەبەداخەوە لە هێندێک لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەند ساڵێکە لە حاڵی پەرەسەندن دایە.

«ناموس» بە مانا و پێناسەی کەلتووری کۆمەڵگەی ئێمە، ساڵانە چەندان جینایەتی لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان لێدەکەوێتەوە کە بەداخەوە کوردستانی ئێمەش بێبەش نیە لەم نەریتە گڵاوە.

پێناسەی شەرەف و ناموس و غیرەتی پیاوان لە کەلتووری دواکەوتوانەی هێندێک لە ناوچەکانی کوردستاندا

خۆی لە داوێنی مێینەکانی بنەماڵەدا دەبینێتەوە و نامووس وەک کەرەسەیەک بۆ کۆیلەکردنی ژن هەموو کات کەڵکی لێوەرگیراوە، هەربۆیە لەم ساڵانەدا ناوبەناو شاهیدی هەواڵی دڵتەزێنی کوشتنی ژنان لەژێرناوی نامووسپاریزی لە کوردستان دەبین.

ژنکوژی بە پاساوی شەرەفپارێزی جینایەتێکی ئاشکراو دژی ئینسانییە و نابێ چاوپۆشیی لێبکرێ. ژنی کورد مێژوویەکی پڕشنگداری لە خەباتی ئازادیخوازیدا هەیە، نابێ رێگە بدرێ ئەم مێژووە کە لوتکەکەی لە شەڕی بەرگری کۆبانێدا خۆی نیشانی جیهانیاندا، خەوشدار بێ.

**هەموو پیاوان ژنکوژ نین، بەڵام هەموو پیاوان دەتوانن دژی ژنکوژی بن!**

لێرەدا من ناچمەسەر ئەرکی دەسەڵات و دامودەزگاکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە پێناو کەمکردنەوەی «جینایەتی نامووسی»، چونکە کۆماری ئیسلامی بۆخۆی رێخۆشکەری کەلتووری نامووسپارێزییە و هیچ چاوەڕوانییەکی لێناکرێ کە لەم پێناوەدا هەنگاوێکی جیددی و ئینسانی هەڵێنێتەوە. بۆیە تەنیا یەک رێگەمان لەبەر دەم دایە، ئەویش خۆمان دەبێ لەخەمی کۆمەڵگەی خۆماندا بین.

بەداخەوە پێشکەوتوویی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کورتکراوەتەوە بۆ هێندێک ژێستی مەدەنی بوون رووناکبیر بوون، بێ ئەوەی باوەڕێک لە پشت ئەو ژێستەوە بێ! بۆیە زۆر جار رووناکبیران و نووسەرانو نەسڵی نوێ کە ئاوڕ لە مەسەلەی شەرەف و نامووس دەدەنەوە، بە فکر و بۆچوون و دابونەریتی عەشیرەیی و یان بە عەقڵیەتی نەسڵەکانی رابرووی دەبەستنەوە، لە حاڵێکدا پرسیار ئەوەیە ئەی ئەمڕۆ بۆ روودەدا؟ ئایا ژنکوشتن ئەمڕۆ لە کوردستان هەمان زیندووکردنەوەی ئەو عەقڵیەتە نیە؟ کەوایە رووناکبیرانو نەوەی نوێ بۆ لە ئاستیدا دەستەوەستانن؟ دەبێ بڵێم بەداخەوە نەسڵی نوێش بە مەسەلەی «نامووس» و «شەرەفپاریزی» هەستیارن و زۆرجار توندوتیژییەکان دژی کچو ژنانی بنەماڵە لە لایەن ئەم نەوە نوێیەوە رووی داوە.

بۆ ئەوەی مێژوو ئەم دیاردە دژی ئینسانییە لەسەر کورد تۆمار نەکا، پێویستە هەموو پیاوان بە ئەرکی نیشتمانی و ئینسانی خۆیانی بزانن و بۆ کۆتایی هێنان بە جینایەتی «ناموسپارێزی» لە بەرگی ژێست گرتن بێینەدەرو شۆڕشێکی ڕاستەقینە لە دژی کوشتن و ئازاردانی ژنان لە ژێر ناوی»نامووسپارێزی»دا وەڕێ بخەن و چی دیکە ئەم

ریسواییەی پیاوانی هاورەگەزیان قەبووڵ نەکەن. بێگومان کار کردن لە پێناوی سڕینەوەی ئەم بیرکردنەوەیە، لەنێو کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی - نەریتیدا، پرۆسەیەکی ئاڵۆزو دژوارە، بەتایبەتی کە دەسەڵاتی ولاتەکە خۆی تاسەر ئیسقان پیاوسالار بێو بەناوی سەروەریو پیرۆزییەکان، زۆر لە کێشەکان پشت گوێ بکا. بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتوە پیاوان ئەو شەرمەزارییە لە لاپەڕی ژیانی خۆیان بسڕنەوەو چی دیکە بەناوی ئەوەی ژن کێشەی خۆیەتی و دەبێ خۆی چارەسەری بکا، خۆ لەم خەباتە ئینسانییە نەدزێتەوە.

لە ژمارە ٦٤٧ی رۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

٥ی جانێوێری ٢٠١٥

## ئەی هاواری خوێناویی ژن! داوای یەکسانی چی ئەکەی؟

ئاغای حەسەنی روحانی لە کاتی تەبلیغاتی هەڵبژاردنی بۆ سەرکۆماریدا دەیگوت: «هەڵاواردن لە دژی ژنان قەبووڵ ناکەین. رەگەز ناتوانێ بنەمایەکی دروست بێ بۆ پێسپاردنی بەرپرسایەتی لە کۆمەڵگەدا. لە بڕیارسازی و بڕیاردانەکاندا دەبێ ژنان وەک پیاوان رۆڵیان هەبێ». بەڵی دەیگوت: «ئەمرۆ کە پێویستمان بە هەنگاونان بەرەوپێشەوە هەیە، دەبێ سەرنج بدرێتە رێژەی ٥٠%ی ژنان، دەبێ ئەمرۆ لە هێندێک شوغڵی مودیرییەتیدا سەهمییە بۆ ژنان دابنێین. ئێمە لە گەڵ دواکەوتوییەکی زیانباری مێژوویی لەو بوارەدا بەرەڕووین و دەبێ قەرەبووی ئەو دواکەوتووییە بکەینەوە. لە دەوڵەتی «تەدبیر و ئومید» لە بواری مودیرییەتدا، نابێ بە هیچ شێوەیەک رەگەز بنەمابێ «.

چەند مودێرن و جوان بوون ئەم دروشم و بەرنامانەی ئاغای روحانی کە بۆ تەبلیغاتی هەڵبژاردن کەڵکی لێوەرگرتن! هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە ژنان بەو ئومێدەی بەڵکوو ئەمەیان راست بکا! بەشێکی زۆر لە ژنان بچنەوە سەر سندووقەکانی دەنگدان. بەڵام بە تێپەڕینی ساڵێک و ٦ مانگ دیسان هیواکان کاڵبوونەوە. روحانی بێجگە لە یەک دوو حەرەکەتی نمادینی وەک دانانی ژنێک وەک وتەبێژی دەوڵەتو دانانی ٣ فەرماندراری

ژن بە هیچیەک لە وەعدە و بەڵێنانەکانی دیکەی کە لە بارەی بەشداریی پێکردنی ژنان لە پۆستە بەرزەکاندا، دابووی، نەچوونە بواری جێبەجێ کردنەوە، چونکە هەر لەبنەڕەتڕا دروشمەکانی روحانی لەگەڵ سیاسەتی رەسمی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ناتەبا بوون.

روحانی دیتوانی چ هەنگاوێک بۆ وەدیهاتنی دروشمەکانی هەڵێنێتەوە؟ پرسی چۆنیەتی بەشداری کردنی ژنان لە پۆستە مودیرییەتییەکاندا کێشەی هەرە گەورەی چەندین ساڵەی چالاکانی ژنانە لە گەڵ کۆماری ئیسلامی. دیارە سیستمی کۆماری ئیسلامی ناتوانێ گۆڕانێکی ئەرێنی لە هەلومەرجی ژنان لە بواری سیاسەتو بەڕیوەبردندا پێک بێنێ. کەوایە روحانی دروشمەکانی هەر لە سەرەتاوە بێپایە و فریودەرانە بوون. هیچ سەرکۆمار و دەسەڵادارێک لە رێژیمی ئیسلامیی ئێراندا بەدوای خواست و ئامانجەکانی ژنانەوە نەبوون و ناتوانن ببن. بۆیە ئەو بەڵێنانە بۆ چالاکانی ژنان و هەموو ئەوانەی کەمترین ناسیاوییان لەو نیزامە هەیە، هەمیشە وەک شانۆیەک هاتۆتە بەرچاو. بێگومان هەر رۆژێک ئەم گۆڕانە لە ژیانی کۆمەڵگەی ئێراندا دروست بوو و ژنان حوزووری ٥٠ لەسەدییان لە پۆستە مودیرییەتەکاندا هەبوو، یان کێشە کۆمەلایەتی و قانوونییەکانیان بەرەوچارەسەربوون چوو، ئەوە ئیدی رێژیمێک بە ناوی کۆماری ئیسلامی نەماوە، یان رەنگە سیستمی کۆماری ئیسلامی بە رێبەری نیزامیشەوە گۆڕان لەبیروبۆچوونیاندا دروست بووبێ کە ئەمەی دووهەمیان مەحالە.

لە ئێراندا لەگەڵ ئەوەی لە بواری قانوونییەوە ژنان مافی دەنگدان و هەڵبژاردنو بەشدارییان لە بواری سیاسەت دا هەیە، بەڵام قودرەتی سیاسی و بەڕێوەبەری وڵات بەتەواوی لە دەستی پیاوان دایە. لە کۆمەڵگە و دەسەڵاتێکی پیاوسالاردا کە بەهاو کەلتوورو سیستمی کۆمەڵایەتی لە روانگەی پیاوەوە پێناسە دەکرێ و ریشەی هەڵاواردنەکان لە سیاسەتەکانی تەواوییەتی ئەو نیزامە دایە، سەرکۆماریش ئەگەر زۆریش گۆڕانخواز بێ کە نیە، ناتوانێ لە بەرابەر سیاسەتە رەسمییەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی کە رێبەر واتە وەلیی فەقیە قسەی ئاخر دەکا، ڕاوەستێ. پابەندبوون بە ویلایەتی فەقیە و باوەڕبوون بە توانییەکانی ژنان، پێکەوە ناگونجێن.

خامنەیی رێبەری کۆماری ئیسلامی، ماوەیەک لەمەوبەر لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی دا کە بۆ ژمارەیەک لە ژنان قسەی دەکرد، گوتی: «یەکسانیی ژن و پیاو مقولەیەکی رۆژئاواییە و ئێمە دەبێ بەتەواوی دووری لێ بکەین! هەر لەوبارەیەوە گوتی: «رۆژئاوا خراپ لە مەسەلەی ژن تێگەیشتوە. کۆماری ئیسلامی لە پێوەندیی لەگەڵ کارو شوغڵی ژناندا بەتەواوی دەبێ لە بیروبۆچوونی رۆژاوایی دووری بکات». لێرەدا لە قسەکانی رێبەری کۆماری ئیسلامی دا

بە سەراحەت دیارە ژنو پیاو لە روانینی ئەواندا لە هیچ بوارێکدا ناتوانن یەکسان بن.

لە ئێران سەرەڕای ئەوەی ژنان هەمووکات تێکۆشاون کە بەهەر شێوەیەک بێ دەستیان ڕابگا بە خوێندنی باڵا، رێژی زۆرو سەرنجراکێشی ژنان لە دانشگاکان لە ماوەی ئەو چەندین ساڵەی دواییدا، ئەوە نیشان دەدا کە ژنان خوازیاری گۆڕانن لە وەزعی خۆیاندا. ژنانی لاو و خوێندەوار حەز دەکەن کار بکەن و دەستیان بە هێندێک شوغڵ ڕابگا، کە جگەلەوەی بتوانن سەربەخۆیی ئابوورییان هەبێو چاولەدەستی باوک و هاوسەریان نەبن، بەڵکوو کاریگەرییشیان لە سەرئەو سیستمە پیاوسالارییە لە کۆمەڵگەدا هەبێ. بەلام رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران سیاسەتی هەمیشەیی بووە و هەوڵی داوە ماڵ بە جێگە و پێگەی سەرەکی ژنان بناسێنێ و بازنەی ئەرکەکانیان ببەستێتەوە بە منداڵ بوون و ماڵدارییەوە کە ئەم سیاسەتە لەگەڵ دروشمەکانی پێش هەڵبژاردنی ئاغای روحانی هەرگیز نایەتەوە. روحانی ئەوکاتیش دەیزانی لە توانایی و ئاگایی ژناندا شک نیە، ئەوە قانوونی رێژیمەکەیەتی هەلومەرجی بۆ ژنان نالەبارو نایەکسانیی لە هەموو بارێکدا دروست کردوە. ئەوەتا دەبینین لە گەڵ ئەوەی رێژەی ژنانی خوێندەوار هەربەرزدەبێتەوە و ژنان مل نادەن بخزێنەوە ماڵ، بەلام دیبینین لە مەیدانی سیاسەت و بەڕێوەبەری وڵاتدا، کەمترین سەهمیان لە پۆستە سیاسییەکانی وڵاتدا هەیە. بۆ نموونە ئێستاش رێژەی نوێنەرانی ژن لە مەجلیسدا لە ٢٩٠ کەس ٩ کەسیان ژنن.

یەکێکی دیکە لە دروشم و رێکارەکانی ئاغای رووحانی، چارەسەری کیشەی تایبەتیی کچانو ژنانی لاو بوو و هەروەها دابینکردنی ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی و بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو مەترسییو زیانانەی رووبەڕوویان دەبێتەوە. بەلێ روحانی دەیگوت نائەمنی چ لە کۆمەڵگەدا و چ لە نێو بنەماڵەدا دەبێ کۆتاییان پی بێ! بەلام دیتمان چ ئەمنییەتێکی بۆ دانین کردن! مێهدیە گوڵڕوو یەکێکە لە چالاکانی مەدەنیی ژنان لە ئێران، زیاتر لە سێ مانگە بەتاوانی نارەزایەتی دژی کردەوەی وەحشیانەی ئەسید پێداکردن بەژنان لە شاری ئیسفەهان کە لە سەرەتای پاییزی ئەم ساڵدا روویاندا، دەستگیر کراوە. ئەوە تەنیا نموونەیەکە بەسە بۆ ئەوەی بلێین بەڕاستی ئاغای روحانی چەندە ناڕاست بوو تەنانەت لەگەڵ خۆشی دا! روحانی ئەگەرکەمترین راستگۆیی هەبوایە و بە دروشمە جوانەکانی وەفادار بوایە، لانی کەم بە هۆی ئەو رووداوانەی لە شاری ئیسفەهان روویاندا و زیاتر لە ١٢ ژن بە ئەسید سووتێندران، داوای لێبوردنی لە ژنانی ئێران یان ئەو ژنانەی دەنگیان پێدا دەکرد کە نەیتوانی لانی کەمی بەڵێنەکانی بۆ ئەوان جێ بەجێ بکا. ئەوە یەکێک لە ئاسناترین ئەرکەکانی بوو ئەگەر باوەڕی بە دروشمەکەی خۆی بوایە.

تەرحی ئاغای روحانی دەبوو ئەوەبێ «در خانه بمان تا در امان باشی»! بەڵام بەداخەوە ژنان لە نێو ماڵییشدا بەدەست کەلتووری پیاوسالاری و قانوونە پڕلەهەڵاواردنەکان لە ئەماندا نین.

شێرکۆ بێکەسی شاعیر دەڵێی لە زمان حەسەن رووحانییەکانەوە ئەم دێڕە شێعرەی گوتوە:

ئەی هاواری خوێناویی ژن!
داوای یەکسانی چی ئەکەی؟
کە بگەی بە من؟
من هێشتا بۆ خۆم پیاوێکم
زیوانی ناو خورافات و
تەوق لە ملی غەیبیات و
دیلە عەقڵم

لە ژمارە ٦٤٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٠ی جانێوێری ٢٠١٥

## شاکاری کۆبانێ

شەڕ هەموو جوانییەکان لەناو دەبا، کەچی لە کۆبانێ شاکارێکی خوڵقاند کە هەموو جیهانی سەرسام کرد. ئەوەش بە خۆڕاگرییەکی ئازایانەی نزیک چوار مانگی ئەو هێزانەی هەر لەسەرەتاوە بڕیاریان دابوو کۆبانێ چۆڵ ناکەن بۆ داعش و بە خوێنی زیاتر لە ٣٠٠ رۆڵەی شەهیدی رێگای ئازادی لە ئاست هێزێکی دڕندەی ئیدئۆلۆژیکی پڕ چەکدا، ئەم شاکارە بەرهەم هات.

پاش ١٣٣ڕۆژ خۆڕاگریی ئازایانەی شەڕڤانان و هێزی پێشمەرگە لە شاری کۆبانێ لە بەرامبەر هێرشەکانی چەکدارانی گرووپی تیرۆریستیی داعش بۆ سەر ئەم شارە، سەرئەنجام ڕۆژی ٢٦ی ژانویەی ٢٠١٥، ٦ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ کۆبانێ لە گەمارۆ و پەلاماری داعش ڕزگار کرا.

لەگەڵ ئەوەی دەتوانین بڵێین شار بە تەواوی وێران بووە، بەڵام بۆ هەمیشە ئەم خۆڕاگرییە قارەمانانەیە لە مێژووی ئەو شارەدا دەمێنێتەوە و وەک هێمای خۆڕاگری و سەربەرزی نەیەوەیەک بۆ بەرگری لە ماف و ئازادییە سیاسی و ئینسانییەکانی دەدرەوشێتەوە.

کۆبانێ شارێکی ستراتیژی بوو بۆ داعش، دەیویست بە هەر شێوەیەک بێ دەستی بەسەردا بگرێ‌و لەوێوە گەلاڵە و ئامانجە چەپەڵەکانی بۆ شەڕ و هێرش کردن‌و دەستبەسەرداگرتنی ناوچەی زیاتری دیکە بۆ خەلافەتەکەی داڕێژێ. کاتێک کە داعش هێرشی بۆ سەر کۆبانێ برد لە سەرەتادا بەشێکی زۆری شارەکەی داگیر کرد و لەوەش دڵنیا بوو ئاسان دەتوانێ دەست بە سەر هەمووی شاردا بگرێ، چونکە هێندە نەبوو مەستی سەرکەوتن ببوون لە داگیرکردنی شەنگالی باشوری کوردستان!

دوای داگیر کردنی شەنگال و کوشتاری بێڕەحمانەی ئیزەدییەکان و ڕفاندنی ژنان و کچانیان لە لایەن داعشەوە، هێرش بردن بۆ کۆبانێ لە لایەن ئەم هێزە توندڕەوە و تیرۆریست و ئیدئۆلوژیک و پۆشتەو پەرداخ بە چەکی قورس و مۆدێرن، لە سەرەتادا نیگەرانییەکی زۆری لای کوردستانیان دروست کرد، بەڵام دیفاعی خۆڕاگرانەی هێزەکانی یەپەژە (یەکینەکانی پاراستنی ژنان) و یەپەگە (یەکینەکانی پاراستنی گەل) و کچان و کورانی شاری کۆبانێ‌و دواتریش چوونی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، نیگەرانییەکان جێی خۆیان دا بە دڵخۆشی و هیوا بە سەرکەوتن بەسەر ئەم هێزەدا. ئەو شارە ببوە بەهایەکی قورس و گران نەک هەر بۆ خەڵکی کۆبانێ و ڕۆژاوای کوردستان، بەڵکوو بۆ هەموو کوردێک لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانە گرنگ بوو ئەم بەهایە بپارێزرێ و کارەساتێکی دیکەی وەک شەنگال ڕوونەداتەوە. بۆیە لە هەموو پارچەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان کوردی بۆ پشتیوانی لە کۆبانێ هاوخەم و هاوهەڵوێست کرد. کۆمەڵگەی جیهانییش، جگەلە لە هێندێک وڵاتی ناوچەکە کە بەرژەوەندییەکەیان لەوەدایە کورد بەم شەڕەوە گرفتار بێ، هاوپێوەندییەک بۆ پشتیوانی ماددی و مەعنەوی بۆ کۆبانێ دروست بوو. هێزی هاوپەیمانان لە دژی تیرۆر، بڕیاری پشتیوانیی لەو شارەی دا و بە هێزی هەوایی یارمەتی شەڕوانانی دەکرد. ئەو پشتیوانی و هاوخەمی و هاوهەڵوێستییە، هەمووی لەسەر خۆڕاگری شەڕوانان و

خەڵکی شاری کۆبانێ کاریگەریی ئەرێنی هەبوو و ئەوانی سوورتر دەکرد لەسەر مانەوە و دیفاع لە شارەکە. لەسەر ئەخلاق و روحیەی داعشی جینایەتکاریش کاریگەرییەکی رووخێنەر و وێرانگەری هەبوو. بۆیە خاڵی دەسپێکی شکستی داعش دەتوانین بڵێین لە کۆبانییەوە دەستی پێ کرد.

سەرکەوتنی کۆبانێ ئەگەر بۆ کورد تەنیا سەرکەوتن نەبوو لە جبهەیەکی شەڕدا، بەڵکوو سەرکەوتنی غروور و باوەڕی بەرزی ئینسانی و ئازادیخوازی کورد بوو. شکستی داعشیش لەوێ تەنیا شکستی جبهەیەکی شەڕ نەبوو، شکستی هەیمەنەی داعش بوو. شکستی ئیدئۆلۆژییەکی دواکەوتووی دژی ئینسانیو دژی بەها جوانەکانی ئەم سەردەمە بوو. دوای سەرکەوتنی کۆبانێ، داعش ئیدی ئەو داعشە نەما کە لایەنگرانو هاندەرانیان پشتیان پێ بەستبوون. ئیدی ئەو هێزە نەما کە وەک هێزێکی لەشکان نەهاتوو سەیری دەکرا. لە شەڕی رۆژئاوای کوردستان و هەرێمی کوردستاندا بە هەزاران چەکدار و سەدان فەرماندەیان لێ کوژراوە. تەنانەت بە ڕادەیەک هێزی ئینسانییان بەرەو کەمبوونەوە چووە، کە بۆتە هۆی نیگەرانییەکی زۆری رێبەران و ئەمیرەکانی ئەم هێزە و ئێستا خەریکن لە هێندێک شوێنی وەک مووسڵ و ئەو ناوچانەی دەستیان بەسەردا گرتوە، بە هەڕەشە خەڵک ناچار دەکەن ببنە چەکداریان و دەیانبەن بۆ ئوردووگا نیزامییەکانیان بۆ دیتنی دەورەی ئامووزشی شەڕو جینایەتەکانیان. ئەمە تەنیا نیشانەی شکستی نیزامیی ئەو هێزە نیە، بەڵکوو نیشانەی شکستی سیاسی ئەو هێزەیە لەم چەند مانگەی ڕابردوودا لە کوردستان. چاوەڕوان دەکرێ تووشی شکستی زۆر گەورەتر لەوەش بێ.

## تەیبەتمەندییەکی بەرزی کۆبانێ

کۆبانێ کە تا ئەو کاتە ئەو شارە کەمتر ناوی بیسترابوو، ئێستا بۆتە بە ناوێکی درەوشاوە نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو ناوی کۆبانێ و شەڕی ئازایانەی شەڕوانان بوون بە جێی سەرنج و سەردێری هەواڵی میدیاکان لە هەموو جیهان. ئەم تایبەتمەندییە بەرزە، بوونی رێژەی زۆری ژنان لە ریزی خۆڕاگران و قارەمانانی ئەم شارەدا بوو. ئەوان سیمایەکی ئینسانی و ئازادیخوازی و یەکسانییان بەم شارە و بە بزووتنەوەی کورد بە گشتی بەخشی. هیچ شەڕێک و هیچ بەشدارییەکی خەباتکارانەی ژنی کورد لە ڕابردوودا تا ئێستا نەیتوانیوە بە رادەی شەڕی کۆبانێ لەگەڵ هێزێکی دڕندە و کۆناپارێز، هۆویەتی ژنی کورد لە جیهاندا بەم بەرزی و جوانییە نیشان بدا و بناسێنێ. بەشداریی بەرچاو و کارای ژنان لە شەڕی کۆبانێدا و بڵاوبوونەوەی لە لایەن میدیاو راگەیەنەکانەوە، لاواز بوونی ژنی کوردی لە بیر و زەینی زۆر مرۆڤدا سڕیەوە. ژنی کورد ئەگەر تا دوێنێ وەک مرۆڤێکی پەروێز

خراو دەبینرا، ئەمڕۆ ناوی و ئازایەتی ئەو بۆتە وێردی سەر زمانی مێدیا گەورەکانی جیهان. هەڵبەت دەتوانین بڵێین سەرکەوتنی کۆبانێ سەرکەوتنی ژنی کوردیش بوو. بەلێ شەڕی کۆبانێ و سەرکەوتن و شانازییەکی دیکەی گەورەی بۆ نەتەوەکەمان، بۆ ژنانی کورد بەگشتی لە سەر لاپەڕەی مێژووی تێکۆشانی ئەم نەتەوەیە تۆمار کرد.

### ئەنجام

سەرکەوتنی کۆبانێ نە کۆتایی شەڕە و نە سەرکەوتنی یەکجاریی کوردە بەسەر دوژمنانی دا، بەڵام دەکرێ وەک ئەزموونێکی بەنرخی کورد چاوی لێ بکرێ. ئەزموونێک لە یەکیەتیی نەتەوەیی و هاوهەڵوێستی، لە بەشداریی چالاکانە و جەسوورانەی ژنان لە شەڕ و بەرگری و ئیدارەی وڵاتدا. هیچ سەرکەوتنێک بەبێ بەشداری ژنان و بەبێ یەکگرتوویی و هاوهەڵوێستی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە ئاست دوژمنە جۆراوجۆرەکانی دا محاڵە وەدی بێ. دەبا کورد ئەم ئەزموونە وەک دەسکەوتێکی بەنرخ بیپارێزیو دەرسی لێوەرگرێ. با سەرکەوتنی کۆبانێ کە هاوهەڵوێستی و شەڕ و بەرگری ژنان و پیاوانی کورد گەیاندیە ئەمڕۆ، ببێتە خاڵی دەسپێکی یەکگرتوویەکی نەتەوەیی کورد و لە پەراوێز نەخستنی ژنان لە داهاتووی خەبات و سەرکەوتنەکاندا. ئەوەیە دەتوانێ گەیشتن بە ئامانجەکانمان مسۆگەر بکا.

لە ژمارە ٦٤٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٤ی فێبریوێری ٢٠١٥

---

## شۆرشمان نەکرد بۆ دواوە بگەڕێینەوە

بە لەناوچوونی سیستمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، ژنانی ئێران مەسیری ژیانیان گۆڕا و چارەنووسێکی لێل و تاریکتر لە پێشوو بەنسیبیان بوو. هەموو ئێنقلابەکانی جیهان ئەوە نیشان دەدەن کە ئێنقلاب کاریگەرییەکی چارەنووسسازی لەسەر وەزعییەتی ژنان (بە باری باش یان خراپ)ی ئەو وڵاتە

دەبێ کە ئێنقلابی لێکراوە. ساڵی ١٣٥٧ کاتێک شۆڕشی خەڵکی ئێران لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی دەستی پێ کردو خومەینی کەسایەتییەکی دوورخراوە و کینەیی گەڕایەوە ئێران و ڕێبەریی شۆڕشی ئێرانی بەدەستەوە گرت، خەڵک خومەینییان بە فریشتەی رزگاریدەری خۆیان دەزانی و خەونیان بەم ساتەوەختەوە دەدی، بەڵام ئەو فریشتەیە! و داروودەستەکەی هەر زوو نییەتی خۆیان لەگەڵ مافو ئازادییەکانی خەڵکی ئێران نیشان داو ستەم و هەڵاواردنەکان دژی خەڵکی ئازادیخواز بە فۆرمێکی دیکەوە دەستی پێکرد. بەتایبەتی یەکێک لە دیوە تاریکەکانی دەسەڵاتی تازە کە هێشتا بەتەواوی جێگیر نەببوو، دژایەتی بوو لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی ژنان. ئەو مافو ئازادییانە کە ژنانی ئێران بە خەبات و تێکۆشانی بێوچانو چەندین ساڵەیان لە دەورانی ڕێژیمی پاشایەتیدا بەدەستیان هێنابوو، یەک لە دوای یەک بە دەستووری ئایەتوڵای نوێنەری خوا لەسەر زەوی! کەوتنەبەر شاڵاوی کۆمەڵێک مەزهەبیی بیر وشک و دەستدرێژی کرایە سەر سەرەتاییترین مافەکانیان.

هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمی بەدەسەڵات گەیشتنی خومەینی و داروودەستەکەی ژنان کەوتنە نێو هەلومەرجێکی زۆر دژوارتر لە پێشوو. خومەینی و ڕێژیمەکەی سەرەتا دوو دڵ بوون لە هێزی دەسەڵاتەکەیان، کە ئایا دەتوانن خێرا هەموو ئامانجەکانیان بپێکن؟ بەڵام لە پێوەندیی لەگەڵ ژناندا هیچ دوودڵییەکیان نەبوو. بەناوی پەیڕەوەیی لە ئایینی ئیسلام هەر هەنگاوێکیان لەم پێناوەدا هەڵدێنایەوە بە قودرەتەوە هەڵیان دێنایەوە و لە هەستی مەزهەبیی خەڵکیش کەڵکیان وەردەگرت. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەر دەسەڵاتێکی مەزهەبی، لە هەنگاوی یەکەمدا بەرتەسک کردنەوەی مافو ئازادییەکانی ژن بووە. ئەمە بێ دوو دڵی خومەینی و داروودەستەکی بە پشتیوانی مەزهەبو خەڵکی مەزهەبی دەستیان پێکرد.

ڕێژیمی شا ڕووخا، شکەنجەگەران و جینایەتکارانی ساواک کەوتنە زیندان، خەڵکێک کە لە ڕووخانی دەسەڵاتی پەهلەویدا نەخشیان هەبوو و هەستیان بە ڕزگاریی لە کۆتو بەندی چەندین ساڵەی ئەو ڕێژیمە دەکرد، بێ ئەوەی ڕێژیمی تازە بناسن شادمان و سەرمەستی سەرکەوتن و بەئاکام گەیشتنی شۆڕشەکەیان بوون. ژنانیش وەک باقی چینو توێژەکانی دیکە نەخشێکی بکەرانەیان لە بەئاکام گەیشتنی شۆڕشی ١٣٥٧دا هەبوو، ئەوانیش دڵخۆش بوون بەو سەرکەوتنە. نەیاندەزانی بە هەڵاتنی ڕۆژی نوێیان لێ دەکرێتە تاریکستان. خومەینی هەر زوو پەیامی خۆی بە ژنان دا «خوشکانی ئێمە دەبێ بە سیمایەکی ئیسلامییانەوە دەرکەون» ئەم پەیامە نیەتێکی شوومی لەخۆیدا حەشار دابوو. هەر دوای ئەم قسەیەی خومەینی بوو، لە هەموو شوێنێک لە لایەن مەئموورانی دەوڵەتەوە کێشە بۆ ژنانی بێسەرپۆش دروست دەکراو ڕێگەی سەرکاریان لێ دەگیرا. دیارە ئەمە وەک ڕاسپاردەی خومەینی زۆر

بە جیدییەتەوە بەڕێوە دەچوو، هەتا ساڵی ١٣٦٣ کە لە مەجلیس وەک قانوون پەسند کرا و حیجابی زۆرەملی داسەپاو حوکمی ٧٤ زەربە قامچی بۆ هەر ژنێک کە ئەم قانوونە بەڕێوە نەبا دیاری کرا.

خومەینی و پەیڕەوانی نەیانشاردەوە کە لە روانگەی ئەوانەوە ژن مەوجوودێکی عەقڵ ناتەواوە و دەبێ لەژێر ئەمر و فەرمانی پیاودابن. ئەم شەڕە جنسییەتییش سەرچاوەکەی لە کتێبی «پیرۆز»دا بۆی گەڕابوون کە ئەمری بە ژنان دەکرد لەبەرابەر بێگانەدا دەبێ خۆیان داپۆشن. لە روانگەی ژنانو لایەنگرانی مافی مرۆڤەوە شێوەی پۆشینی جلوبەرگ بنەما و سەرەکیترین حەقی ئینسانە، داسەپاندنی ئەم بڕیارە دەستدرێژییەکی ئاشکرایە بۆ سەر ئازادیی ئینسان. ئەمە خیانەتە بە دەسکەوتەکانی ئەو شۆڕشە.

حەسەن رووحانی سەرکۆماری ئێستای ئێران لە بەشێک لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ: تەرحی داسەپاندنی حیجاب لە ئیدارەکانی پێوەندیدار بە ئەرتەشەوە، دەبوو من جێبەجێی بکەم، بۆیە لە هەنگاوی یەکەمدا هەموو ژنانی کارمەند جێگرتوو لە یەکێک لە ستادەکانی ئەرتەش کە نزیک بە ٣٠ کەس بوون، کۆبوونەوەیەکم لەگەڵ پێ هێنان و پاش قسەو باس پێم گوتن لە سبەینێوە بە سەرپۆشەوە دەبێ بێنەسەرکار. ژنانی کارمەند بێجگە لە دوو یان سێ کەس نەبێ هەموو دەستیان کرد بە هاتوهاوار ئێعتراز، بەڵام من بەتوندی راوەستام و گوتم: بە نیگابانی بەر دەرکە دەسپێرم رێگە لە ژنانی بێ سەرپۆش بگرێ بێنە ژوورەوە. دوای ئەوە لە هەموو ئیدارەکانی ستادی ئەرتەش لە هەموو شارەکان ئەم دەستوورە بەڕێوە چوو، ژنانی کارمەند ئێعترازیان دەردەبڕی، بەڵام من زۆر لێبراوانە پێم دەگوتن: «ئەوە دەستوورە و سەرپێچی کردن خیلافە» دواتر بۆم شی دەکردنەوە کە مەسەلە چارشێو نیە مەسەلە ئەوەیە سەرو ملتان دەبێ داپۆشرێ! پاشان دەستوو بە هەموو دژانییەکان درا رێگە لە ژنانی بێسەرپۆش بگیرێ بۆ سەر کارەکانیان. (١)

بە قسەی خومەینیو لایەنگرەکانی، ژنانی ئێران لەلایەن رێژیمی پەهلەوییەوە، ئابڕوویان لێ سەندرابۆوە، (کەشفی حیجاب ١٣١٤) بۆ سەندنەوەی ئەو ئابڕووە دەبوو ژنان خۆیان لە چارشێوی رەشەوە بپێچن. یەکێک لە ستراتیژیی و پرۆژەکانی دەسەڵاتی تازە ئەوە بوو ژنان لە زۆر بواردا مەحدوود بکاتەوە، پرۆژەیەک کە ئێستاش پاش ٣٦ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی رێژیمەکەی خومەینی هەر بەردەوامە. بۆ ئەم مەبەستەش بە ناوی پارێزگاری لە پاکداوێنیی ژنان، سەرەتا داسەپاندنی حیجاب بیانوویەکی باش بوو بۆ ئەو ئامانجە. - رێژیمی ئێران بۆ مەبەستە چەپەڵەکانی خۆی هەموو کات کەڵکی لە باوەڕە مەزهەبییەکانی خەڵک وەرگرتوە-

بەڵام ژنانی وشیار ئەم سووکایەتییەیان پێ قەبووڵ نەدەکرا، هەر دوای بڕیاری حیجابی داسەپاو لە لایەن خومەینییەوە، بە هەزاران ژن ڕژانە سەر شەقامەکان و دەتوانین بڵێین لە ماوەیەکی کورتدا شۆڕشێکی ژنانە لە تاران و شارەگەورەکانی ئێران لە دژی ئەو بڕیارەی خومەینی دەستی پێکرد. ژنان لە خۆپیشاندانی دژی حیجابی زۆرەملیدا دەیانگوت «مل دان بە حیجابی زۆرەملی، نمادی تەسلیم بوونە. ئێمە شۆڕشمان نەکردوە بەگەڕێینەوە بۆ دواوە، مەسەلە حیجاب نیە، مەسەلە ئازادییە«، ئێمە نەک هەر بۆ خواستەکانی خۆمان، بەڵکوو لە دیموکراسی راستەقینە دیفاع دەکەین و تەسلیمی ئەو بڕیارە نابین».

بۆ یەکەم جار لە لایەن ژنانەوە دروشمی ئازادی و بەرابەری لە شەقامەکاندا دەگوترایەوە. خومەینی پەیامەکەی ژنانی بە گوێ گەیشت و لەگەڵ نوێنەرانی ژنان کۆبۆوە، بەڵام بەئاکام نەگەیشتن‌و نارەزایەتییەکان درێژەیان پێدرا. ئەو حەرەکەتەی ژنان لەو سەروبەندەدا یەکێک لە دروشاوەترین لاپەڕەکانی مێژووی بزووتنەوەی ژنان دژی ستەمی رەگەزییە لە ئێراندا. حەرەکەتی مافخوازی ژنان لە کاتێک دا کە تەنیا سێ حەووتوو بوو شۆڕشی خەڵکانی ئێران تاج و تەختی پاشایەتی تێکەوە پێچا بوو و دەسەڵاتی تازە بە هۆی نەناسراوی لە پشتیوانییەکی بەرینی خەڵک بەهرەمەند بوو، شەهامەت و ئازایەتییەکی بێوێنەی دەویست بە خومەینی بڵێی نا! خومەینییەک کە ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیرانی ئێرانیش لەوکاتەدا کەم‌و زۆر بە کەسایەتییەکی روحی و مەعنەویان دەزانی. دیارە ئەوکاتە کەم بوون ئەوانەی لە جیهانبینی ئەو پیاوە تێدەگەیشتن. بەڵام ئەوە ژنان بوون لە دوای بەدەسەڵات گەیشتنی خومەینی بۆیەکەم جار لە پێناوی ئازادی‌و مافی چارەنووسی خۆیاندا «نا» یان پێ گوت.

بەڵام بێبەزەییانە کەوتنەبەر هێرشی گۆپاڵبەدەستانی خومەینی، لێیان درا، بریندار کران، دەسبەسەر کران، بێحورمەتییان پێکرا. مێهدیی بازرگان سەرۆک وەزیر لەو کاتەدا وەدەنگ هات... «شێواوی بەهۆی چارشێو! زۆر پێکەنینیە! بەڵام دیسانیش پێویست ناکا لە ژنان بدرێ!» دیارە ئەو باش دەیزانی کێشەکە لە مەسەلەی حیجاب گەورەترە. مخابن زۆر لە هێزە چەپەکانی ئێران و پیاوان بە گشتی هاوڕێیەتیی شۆڕشەکەی ژنانیان نەکردو تەنانەت رۆژئاواش بە تایبەتی فەڕانسە کە دڵیان بە سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران‌و دەسەڵاتی خومەینی خۆش کردبوو، بێجگە لە ژمارەیەک رێکخراوە و کەسایەتیی فێمێنیستیی رۆژئاوا، لە ئاست خرۆشانی ژنانی ئێران لەوکاتەدا هەڵوێستیان نەگرت و پشتیوانییان لێ نەکردن، تەنیا وەک رووداوێک لە راگەیەنەکانیاندا باسیان لێکرد. بۆیە دەکرێ بڵێین ژنانی ئێران لەو هەلومەرجەدا تەنیا مانەوە.

پاش سەرکوتی خۆپیشاندانەکانی ژنان دژی حیجابی زۆرەملی، خومەینی بەپەلە ئەو قانوونانە کە تارادەیەک پشتیوانی ژنان بوون بۆ نموونە قانوونی پشتیوانی لە بنەماڵە یەک لەو قانوونانە بوو، بەبێ ئەوەی قانوونێکی دیکەی لە جێگە دابنێ هەڵوەشاوە راگەیاند. هەر دوای ئەو بڕیارەی خومەینی، پیاوی ئێرانی ئازاد بوو لە یەک کات دا دەتوانێ ١- ٢ - ٣ و ٤ ژن بکاتە هاوسەری خۆیو هەرکات پێویست بێ یەک لایەنە بەبێ ئەوەی بچێتە دادگا لە هاوسەرەکەی جیا بێتەوە، ئەمە لەسەر بنەمای ئایینی ئیسلام ڕەوایی پێدرابوو، لەگەڵ ئەوەشدا ژنان ئەمەیان بە سووکایەتییەکی زەق و ئاشکرا بە خۆیان دەزانی.

**بڕیاری سیاسی: ژنانی دادوەر کاری دادوەرییان لێسەندرایەوە....**

بڕیارێکی دیکە: خزمەتی سەربازیی ژنان هەڵوەشاوە راگەیەندرا، کە ئیمکانی پەروەردەو فێربوونو کارو سەربەخۆیی ماڵیی بۆ هەزاران کچی جەوان پێک دێنا لێیان زەوت کرا. بە قسەی ئایەتوڵڵا «باش نیە ژن سەباز بێ و دوایە پلەکانی سەربازیی ببڕێ و ببێتە فەرماندەی پیاو»! رۆژ لەگەڵ رۆژ ئەو قانوونانەی دەورانی رێژیمی پێشوو هەم لە بواری سیاسیو هەم کۆمەڵایەتی کە تارادەیەک پێشکەوتوانە بوون و دەسکەوتی خەباتی ژنان خۆیان بوون، لەلایەن رێژیمی تازەوە هەڵوەشاوە رادەگەیەندران و بەو بڕیار و قانوونانەی کە بنەمای ئیسلامییانەیان هەبوو، جێیان دەگیرایەوە.

پاش ٣٦ ساڵ ژیان لە ژێر سایەی حکوومەتێکی ئیسلامی دا ژنان لەگەڵ ئەوەی حیجابی زۆرەملی بەسەریاندا سەپا، بەڵام ئێستاش نەچوونەتە ژێر باری ئایدۆلۆژیای خومەینی و یارانیەوە. گەورەترین خەباتی ژنانی ئێران لەگەڵ هاوباوەڕانی خومەینی، ئەوە نیە ئەوان موسیقا دەژەنن‌و گۆرانی دەڵێن، تابلۆکانیان بە رەنگی ئازادی دەنەخشێنن، زانکۆکانیان لە یەکسانی تێپەڕاندوە و ئازاری هەڵاواردن و مەینەتییەکانیان بە عەشقی زانین، ئارام کردۆتەوە. ئەوەنیە رازی نین تەنیا لە پەنجەرەوە لە ئازادی بڕوانن، بەڵکوو خۆیان دەگەڕێن بەداوی ئازادی داو لە نێو پیێسی شانۆنامەکاندا ئازادی دەنووسنەوە و دابەشی دەکەن. کۆماری ئیسلامی تا ئێستا بە هیچ ئایەت و قانوونێکیان نەیتوانیوە سەرکەوێ بەسەر ئەم خەباتەی ژناندا.

(١) ماڵپەڕی «مفید نیوز»

لە ژمارە ٦٥٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

١٩ی فێبریوێری ٢٠١٥

## ٨ی مارس نمادی یەکسانیی ژن و پیاو

**ئازادی، یەکسانی و دادپەروەری خواستی هەر ئینسانێکی مافخوازە**

لە بەرەبەری ٨ی مارس، رۆژی جیهانیی ژن داین. ٨ی مارس، وەک نمادی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی بیرهێنەرەوەی یەکەمین هەنگاوە پێشکەوتووەکانی سالانێکی زۆر دوورە. ٨ی مارس بیرهێنەرەوەی خەباتی لێبڕاوانەی ژنانی جیهانە بۆ گۆڕینی هەلومەرجی نادادپەروەرانەی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی. رۆژێکە کە ژنان جارێکی دیکە وەبیر دەسەڵات و سیستمی سیاسیی وڵاتەکانیان و کۆمەڵگەکەیان دێننەوە کە پێوانەی ئازادیی و دیموکراسی کۆمەڵگە، رزگاریی ژنانە لە ستەم و هەڵاواردن. لە ٨ی مارس دا جارێکی دیکە بە سیستمی پیاوسالاری کۆمەڵگەی خۆیانی رادەگەیەنن، هەتا گەیشتن بە ئامانجەکانیان کە دابینبوونی ئازادییە ئینسانی و قانوونی و یەکسانیی راستەقینەیە، دەست لە خەبات و تێکۆشان هەڵناگرن.

بزووتنەوەی ژنان بۆ یەکسانی و دادپەروەری لە جیهاندا نزیک دوو سەدەیە وەک رێکخستنێکی کۆمەڵایەتی پێی ناوەتە مەیدانی خەباتەوە و زیاتر لە یەک سەدەشە ٨ی مارس وەک رۆژی نێونەتەوەیی ژن دیاریکراوە. بە هۆی خەباتی لێبڕاوانەو یەکسانیخوازانە، ژنان لە هێندێک لە وڵاتانی جیهان بە کۆمەڵێک لە ئامانجەکانی ٨ی مارس گەیشتوون و دەسکەوتی بەنرخیان وەدەست هێناوە و بە بەشێک لە مافەکانیان گەیشتوون. بەڵام ئێستاش رێگەیەکی زۆر ماوە کە ژنان بە هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی کە لە پەیماننامە نیونەتەوەییەکاندا هەن، بگەن. ئێستاش لە زۆربەی وڵاتاندا ژنان لەژێر باری ستەم و چەوسانەوەدا ژیان بەسەر دەبەن، تەنانەت لە هێندێک وڵاتدا ئێستاش سەرەتاییترین مافە ئینسانییەکانیشیان لە لایەن حاکمانی دەسەڵاتدار و کۆمەڵی پیاوسالارەوە پێشێل دەکرێ. ئێستاش توندوتیژی و دەستدرێژی بۆتە بەشێک لە ئازارەکانی رۆژانەی ژنان. وڵاتانی رۆژهەڵاتی

نێوەڕاستو بەتایبەت ئەو وڵاتانەی بە جۆرێک ئایین تێکەڵاوی دەسەڵات و ژیانی ئینسانەکانە، بەشێک لەو وڵاتانەن کە ژنان بە دەست ئازارەکانی هەڵاواردنو توندوتیژی و دەستدرێژیو بێحورمەتی، کڕین و فرۆشتنی جەستەیانەوە دەناڵێنن.

یەکێک لەو وڵاتانەی کە ژنان سەرەڕای ئەوەی مێژوویەکی درەور و درێژەیان لە خەباتی مافخوازیدا هەیە، ئێستاش لە هەلومەرجێکی دژوار و نادادپەروەرانەدا ژیان بەسەر دەبەنو هەڵاواردنی ناڕەوا بە دژیان بەشێوەیەکی بەرین بەردەوامە، وڵاتی ئێرانە. حاکمانی ئێران ٣٦ ساڵە مەزهەبیان کردۆتە کەرەسەیەک بۆ لە دواکەوتوویی‌دا هێشتنەوەی کۆمەڵگە و، بۆ پاراستنی نیزامەکەیان. هیچ ئایین و مەزهەبێکیش لە خۆیدا ناتوانێ مرۆڤەکان یەکسان ببینێو مافی وەکیەکیان بۆ لەبەرچاو بگرێ. بۆیە لە نێو دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژی ئایینی‌دا یەکەم توێژ ژنانن دەکەونە بەر سەرکوتو زەوتکردنی مافەکانیان. ڕێبەرانی مەزهەبیی ئێران کە دەسەڵاتی بێسنوورو رەهایان بەخۆیان داوە، ئایینیان کردۆتە بیانوویەک بۆ هێرشکردنە سەر مافی دیموکراتیکی نیوەی کۆمەڵگە و، دژایەتییەکی ئامانجدارانەیان لەگەڵ ئەو نیوەیە لە کۆمەڵگە هەیە، چونکە ئەوان باش دەزانن ئەگەر ژنان لە بەند و ئەسیری‌دا بمێنەوە، نیوەکەی دیکەش بەبێ کێشە بۆ ئەوان لە ئەسارەت و دیلی ئەواندا دەبێ.

***

ئەمساڵ لە هەلومەرجێکدا یادی ٨ی مارس دەکرێتەوە، لە ناوچەکەی ئێمە (ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست) زیاتر لە هەموو کاتێک مافو ئازادییەکانی ژنان کەتۆتە مەترسییەوە. کێشەو قەیران و شەڕی ئایینی لە عێراق، سووریە و هێندێک وڵاتی دیکە بۆتە هۆی پەرەسەندنی زیاتری دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان. دەستدرێژی، توندوتیژی بنەماڵەیی، کڕین و فرۆشتنی ژنان و وەحشیگەری دژی ئینسانەکان، هەمووی ئەوانە لە ناوچەکەدا ئەگەر لە پێشدا بەهۆی دەسەڵات و حاکمان و کەلتووری پیاوسالارییەوە و، لەسەرووی هەموویانەوە کۆماری ئیسلامی، ژیانی لە ژنان ناخۆش کردبوو، ئێستا بە هۆی سەرهەڵدانی ئەو گرووپە کۆنەپەرست و توندڕەوانەی وەک داعش کە بێبەریین لە هەرچەشنە بەهایەکی ئینسانی، بە ناوی دین و پابەندبوون بە بەهاکانی دین، توندوتیژییەکان لە دژی مرۆڤەکان بە تایبەتی ژنان بەوپەڕی خۆی گەیشتووە. نموونەی هەرە بەرچاو لە ساڵی ٢٠١٤ دا لە لایەن ئەو گرووپە ئیسلامییەوە بوو کە بەسەر ژنانی و کچانی شەنگالی باشووری کوردستان هات. بە هەزاران ژن و کچی ئێزەدی لە ژێر ئاڵای ئایینی‌دا ئەسیر کران و دەستدرێژییان کرایەسەر و برانە بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتن. ئەوەی داعش

ئەمڕۆ بەناوی پێڕەوانی ڕاستەقینەی ئایینی ئیسلام بەسەر کەمایەتییە ئایینییەکانی دیکەی وەک ئێزەدییەکانیان هێنا و دنیا شاهیدی جینایەتەکانیانە، ٣٦ ساڵ لەمەوبەر دەسەڵاتدارانی ئێران بەشێوەیەکی دیکە کەوتنە دژایەتی لەگەڵ جیابیران و ژنان لە ئێراندا. پاسدارانی خومەینیو ئاخوندە کۆنەپەرستەکان کە خۆیان بە پاسداری "حیجاب" و پاکداوێنی ژنانی ئێران دەزانی، یەکەم توێژ کە زۆرترین هەڵاواردنیان لە دژی کرد، ژنان بوون و ئەم شەڕە لەگەڵ ژنان وەک سڕینەوەو کوشتنی جیابیران تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە.

بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێزە کۆنەپارێزانە کە هیچ بڕوایان بە ئازادی و ئینسانییەت و یەکسانیی ئینسانەکان نیە، خەباتی یەکگرتووانەو لێبڕاوانەی بە فکرو ئەندیشەی دەوێ. ژنانو پیاوانی ئازادیخواز چی دیکە نابێ قەبووڵی بکەن بەناوی پیرۆزییەکان، مافی بەختەوەری ئینسانەکان زەوت بکرێ. پێویستە ژنو پیاوی کورد لە هەموو جێیەکی کوردستان خۆڕاگرییە ١٠٠ ڕۆژەو و ئازایانەکەی ژنان و پیاوانی کۆبانێ بکەن بە ئۆلگوو لەپێناوی ژیانو ئازادییە ئینسانییەکانیاندا. ڕەوتی ئازادی و یەکسانیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتی ئێمەش هەڕەشەیەکی گەورەی لەسەرە. ئایینی ئیسلامی سعودییو ئێرانی، وێنەیەکی سادەی ترسناکە لەسەر ئازادیو پێشکەوتنی کۆمەڵگا بە ژنو پیاوەوە. هەر ئایینێک کە ڕەوایی بدا بە کوشتن، سووکایەتیو قێزەونکردنی مرۆڤەکان، دەبێ ڕێی لێبگیرێ. بۆیە خەباتی فکریی یەکگرتوانە و بەربڵاوی ژنانو پیاوانی یەکسانیخواز دەتوانێ زامنو ڕێگر بێ لەسەر ئەو هەموو سەرکوت و جینایەتانەی لە دژی ئینسانەکان ڕۆژانە ڕوودەدەن.

لە ژمارە ٦٥١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٨ی مارچی ٢٠١٥

## وتاری کردنەوەی کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان

میوانانی بەڕێز!

ئازیزانی بەشدار لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان!

ئەندامانو دۆستانی یەکیەتیی ژنان!

بە گەرمی بەخێرهاتنتان دە کە م. بەتایبەتی بە خێرهاتنی ئەو میوانە ئازیزانە دەکەم لە ڕێگەی دوورەوە تەشریفیان هێناوە! زۆر بەخێر بێن قەدەمتان سەرچاوان!

بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنان گەرمترین پیرۆزبایی لە ئەندامان و دۆستانو بە تایبەتی نوێنەرانی کۆنگرە دەکەم.

بۆ من مایەی خۆشحاڵییە کە پێم سپێردراوە کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بکەمەوە.

بەستنی کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان هاوکاتە لەگەڵ ٦٩ ساڵەی دامەزرانی ئەو یەکیەتییە. چ خۆشتر دەبوو لەبەرەبەری ٦٩ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان کە تەنیا ٤ رۆژی بۆ ئەو یادە ماوە، کۆنگرە لە وڵاتو شوێنی ئەسڵیی تێکۆشانی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان، واتە لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێک هاتبایە. بەڵام بەداخەوە ئەوەمان بۆ نەگونجاوە و دوور لە زێد و شوێنی تێکۆشانی خۆمان کۆنگرە دەبەستین.

هەموومان دەزانین کۆنگرە بۆ دەبەسترێ! ئەگەر لە لایەکەوە دەرفەتێکە بۆ دەوڵەمەند کردن و پێداگرتنەوە لەسەر پرۆژە و پەسندکراوەکانی کۆنگرەی پێشووی ئەم رێکخراوەیە، لە لایەکی دیکەشەو بۆ مەبەستی خۆئامادە کردنی زیاتری رێکخراوی یەکیەتیی ژنانە بۆ قۆناغێکی نوێی تێکۆشان.

ئایا ئەم کۆنگرەیە دەتوانێ لە ئاستی چاوەڕوانییەکاندا بێ؟ ئەو چاوەڕوانیانە چن کە لە رێکخراوی یەکیەتییژنان

هەن؟ یەکیەتیی ژنان و ئەم کۆنگرەیە چ بکەن بۆ ئەوەی لەم هەلومەرجەدا ببنە هۆی دڵگەرمیی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە هەلومەرجێک دا دەبەسترێ کە ژنی کورد جێگە و پێگەیەکی بەرزتر لە پێشووی لە خەبات و خۆڕاگریی نەتەوەی کورد و هەروەها لە ڕوانین و هەڵسەنگاندنی دۆستانی ئەم نەتەوە دا هەیە.

با لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە بێنمەوە. ئەگەرچی سەرکوت و سەرەڕۆیی ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئێران مەجالێکی ئەوتۆی بۆ تێکۆشانی ئازادیخوازی لە نیوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەهێشتوەتەوە، بەو حاڵەش لە ماوەی چەند ساڵ و بەتایبەتی یەکساڵی رابردوودا، کۆمەڵێک چالاکیی مەدەنی و جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چوون. هێندێک لەو چالاکییانە ئامانجی ژینگەپارێزانەیان هەبووە، بەشێکیان بە داکۆکی لە مافی خوێندن بە زمانی دایک بوون، هەروەها بە نارەزایەتی لە توندوتیژی بەرامبەر بە ژنانیش هەموو کات شاهیدی چالاکی بووین. لەو کۆڕو وکۆبوونەوە و فستیڤاڵە ئەدەبی و هونەریانەشدا کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هاتوون، وەک هەموو چالاکییەکانی دیکە، ژنان دەور و ڕۆڵیان هەبووە و تەنانەت لە ڕیزی پێشەوەی چالاکییەکانو ڕێپیوان و هاتنە سەرشەقام بۆ مافی رەوای خۆیان بوون. ئەم بەشدارییەی ژنانی ڕۆژهەڵات لە چالاکییەکان و حەرەکەتە مەدەنی و فەرهەنگییەکان دا، پێمان دەڵێن کە ژنانی ئێمە لە خۆ پێگەیاندن و لە هەوڵدان بۆئازادی و مافەکان، نایانەوێ لە پیاوەکان بە جێ بمێنن و چالاکانە لەمەیدان دان.

بەشداریی ژنی کورد لە خەبات و خۆڕاگریی پێشمەرگانە و چەکدارانە بەرامبەر هێرش و پەلاماری دوژمنان و نەیارانی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شتێکی تازە نییە. هەر ئێمە ئەو ژنانەی ئەم کۆنگرەیە لیکی کۆکردووینەوە و ساڵانێکی زۆر وەک پێشمەرگە و وەک تێکۆشەرێکی ژن لە ڕیزی هێزە خەباتکارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دا تیکۆشاوین، زۆر بیرەوەریی جێگای شانازیمان لە خۆڕاگری و ئازایەتیی ژنان هەیە. لە یەک ساڵی رابردوو دا، بەشداریی کچان و ژنانی کورد لە بەرپەرچدانەوەی پەلاماری تیرۆریستانی داعش بە تایبەتی لە رۆژئاوای کوردستان، لاپەرەیەکی زێڕینی خستە سەر مێژووی موقاوەمەتو خۆڕاگریی ژنانی کورد. لە گەڵ بڵاوبوونەوەی ناوبانگی خۆڕاگرییە حەماسییە بێوێنەکەی شاری کۆبانێ دا، ناوبانگی ئازایەتیی ژنانی کورد بە دنیا دا بڵاو بۆوە. ئەم خۆڕاگرییە و ئەو فیداکارییەی ژنی کورد ئەویش لە شەڕ بەرامبەر دڕندەترین و دواکەوتووترین

هێزی تیرۆریستی دا، ڕێز و حورمەتی ژنی کوردی لە جیهان دا، گەیاندە لوتکە.

ئاماژە کردنی من بە دیاربوون و لەمەیداندابوونی ژنانی ڕۆژهەڵات و هەروەها ئیشارە کردنم بە خۆڕاگریی ژنانی کورد لە کۆبانێ، بەو مەبەستە بوو کە بڵێم: چاوەڕوانییەکان لە ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆنگرەکانیان، چوونەتە ئاستێکی بەرزتر. هەرچی ئاستی تێگەیشتن و وشیاریی ژنان بەرزتر بێت، هەروەها هەتا ئامادەیی ژنان بۆ بەشداری لە خەبات و تێکۆشان دا زیاتر بێ، چاوەڕوانیشیان لە ڕێکخراوەکانی ژنان و هیزە سیاسییەکان زیاتر دەبێ. ئەم کۆنگرەیە دەبێ لە بیری بێ، ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گوتارو پەیامی ئەمڕۆیی لێ دەوێ. حوزووری چالاکتر لە نێو بزووتنەوەی ژنانی کورد و لە نێو پرس و ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە ژنانی، لە ڕێکخراوەکانی ژنان دەوێ. پێوەندییەکی زیندوو و بەردەوامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ چالاکانی ژن و کۆڕ و کۆمەڵەکانی داکۆکیکاری مافی ژنان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی دەوێ.

ئامرازە نوێیەکانی پێوەندی گرتن وەک کاناڵی تلویزیۆنی، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ماڵپەڕ و وێبلاگ و فەیسبووک و تویتر و... ئەمانە باشترین ئیمکاناتی ئەمڕۆی پێوەندیگرتن و ئاگاداربوونە لە ڕووداوەکان. بەم پێیە ئەرکی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان هەتا دێ قورستر دەبێ. چونکە هەموویان دەبێ لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی ئەمڕۆی ژنانی کورد دابن.

بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرە!

هاوڕێیان و هاوخەباتانم لە مەیدانی داکۆکی لە مافەکانی ژنان!

تەئکیدی من لە سەر چوونە سەری ئاستی چاوەڕوانییەکانی ژنان لە ئێمە و وەبیرهێنانەوەی قورستر بوونی ئەرکەکانمان، بۆ ئەوە نییە کە ژنان بترسین و نەوێرین شان بدەینە ژێر باری کار و مەسئولییەت. بە پێچەوانەوە، دەبێ بوێر بین و بە ئازایەتیی و بڕوابەخۆبوونی زیاترەوە بێینە پێش. بەڵام هاوکات بە گرنگیدانی زیاتر بە خۆپێگەیاندن، بە هاوکاریی گەرموگوڕ لە گەڵ یەکتر لە نیو بەڕێوەبەری و لە هەموو ئاستەکان و ڕیزەکانی یەکیەتیی ژنان دا. هەروەها لە ڕێگای بە هێزکردنی پێوەندیی هاوکاری لە گەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەی ژنان.

هیوادارم ئەم کۆنگرەیە باس و لێکدانەوەی دەوڵەمەندی لە بارەی کێشە و گرفتی ژنان بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی

کوردستان، هەبێ. هەروەها هیوادارم کۆنگرەی چوارەم پێشنیار و بڕیار و ڕێنوێنی باش و بەسوود بۆ تێکۆشانی داهاتووی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات پەسند بکا.

بەو هیوایە ئەم کۆنگرەیە، بە بەشداریی چالاکانە و بەرپرسانەی هەموو بەشدارانی کۆنگرە، لە جێبەجێکردنی سەرجەم ئەرکەکەکانی سەرشانی دا سەرکەوتوو بێ.

قسەکانم بە سڵاوی وەفا و ئەمەگناسی بۆ هەموو ئەو تێکۆشەر و خەباتگێڕانە کۆتایی پێ دێنم کە لە سەنگەری خەباتی ئازادیخوازی دا هیچکات پرسی ژنیان لەبیر نەکردوە. بە تایبەتی سڵاوی وەفا بۆ ئەو ژنانەی کە ئێستا لە ژیاندا نەماون و چوونەتە ریزی کاروانی نەمران.

سەرکەوێ خەباتی ژنان لە پێناوی ئازادی و یەکسانیدا
سەرکەوێ کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کورستان لە ئاستی چاوەڕوانییەکاندا.

جارێکی دیکە پیرۆزبایی پێکهاتنی ئەم کۆنگرەتان لێ دەکەم و سوپاستان دەکەم کە گوێتان لە قسەکانم ڕاگرت.

کوردستان و کورد

١٥ی مارچی ٢٠١٥

## چەمکی مرۆڤتەوەری و تێگەیشتن لە پیرۆزییەکان

«میلان کوندرا» دەڵێ: « چۆن دەتوانین لە هێندێک رەفتارو کار و کردوەوە بێزار بین و لەهەمان کاتیشدا زۆر بە ئاسانی خۆمانیان لەگەڵ رابێنین؟ ئینسانەکان لە زۆر ڕووداو و کردەوەی نامرۆڤانەی یەکتر هەم بێزارن، هەمیش بە ئاسانی خۆیانیان لەگەڵ رادێنین.

ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە مافی مرۆڤ بۆتە ئەرزشێک و دەوڵەتەکان ئەرکی سەرشانیانە ئەم ئەرزشە بپارێزن و رێگە نەدەن هەر کەس و لایەن و گرووپێک بە هەر ناو و بیانوویەکەوە، مافی مرۆڤەکان پێشێل بکەن. جیهانی دەوروبەرمان پڕە لە بنیاد و دامودەزگای قانوونمەند و سیستمی قانوونی بۆ بەرگری لە ئینسان و مافی ئینسانەکان، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە بەناو و بیانووی جۆراوجۆر لە زۆر شوێن، زۆر لەو قانوونانە کە بۆ پارێزگاری لە مافی مرۆڤ دانراون، دەخرێنە ژێر پێ.

کارەساتێکی دڵتەزێن کە لەم رۆژانەدا، ئەفغانستان رووی دا کە دڵی هەر مرۆڤێکی بەویژدانی هەژاند. رووداوێک لە سروشتی خۆیدا ترسناک. کوشتنی ئینسانێک بە دڕندەترین شێوە. کچێکی تەمەن ٢٧ ساڵان بەتاوانێکی هەڵبەستراو کە گۆیا کتێبی قورئانی ئاگر تێبەرداوە، کەوتەبەر هێرشی کۆمەڵێک پیاوی دڵڕەق و بێبەری لەهەرچەشنە بەهایەکی ئینسانی و، بەدار و بەردو پێلاقە گیانیان لێسەند و بەوەش نەوەستان زۆر نفرەتاوی بەبەرچاوی خەڵکێکی زۆر کە چاولێکەری رووداوەکە بوون، تەرمەکەیان سووتاند. لە حالێک دا ئەو کچە تەنیا بەهۆی ئێعتراز و رخنە لە تەبلیغ بۆ نوشتەو خورافات لە لایەن مەلایەکەوە بوو کە ئەم کارەساتەی بەسەر هات. ئەو رووداوە لە ئەفغانستان تەنیا نموونەیەکە لە دڵڕەقی ئینسانەکان بەرانبەر بە خودی ئینسان. لەم جیهانەدا بەتایبەتی لە وڵاتانی کە بە جۆرێک ئایینەکان لەنێویاندا دەستی باڵایان هەیە، رۆژانە ئینسانەکان بەوپەڕی رقو کینەوە بەناوی پارێزگاری لە پیرۆزییەکان، رەفتار لەگەڵ یەکتر دەکەن، بۆخۆیان زۆر بە ئاسانی بڕیار دەردەکەن و بەڕێوەی دەبەن، هەر وەک ئەو نموونە نوێیەی لە وڵاتی ئەفغانستان روویدا. خۆ ئەو کچە ئەگەریش بێڕێزییەکی بە ئایین و قورئان و هەر پیرۆزییەک کردبێ، دەکرا بدرێتە دەست قانوون و مەحکەمەی وڵاتەکەی، نەک کۆمەڵێک کەسی نەزان و دڵ پڕ لە نفرەت بەم شێوەیە سزای بدەن.

ئەوەی جێی نیگەرانییە ئەوەیە کە بنیاد و دامودەزگا قانوونییە جیهانییەکانیش زۆر بەکەمتەرخەمییەوە بەلای ئەو جینایەتانەدا تێدەپەڕن و فشارێک ناخەنەسەر ئەو حکوومەت و وڵاتانەی کە جینایەتی لەم شێوەیە لەنێویان روودەدا. ئەم بێدەنگییە ئەوە دەگەیەنێ کە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ئابووری خۆیان لەسەرەوەی مافی ئینسانەکان لە هەموو جیهاندا دادەنێن. ئەوە نیشان دەدا کە هەموو ئەو قانوون و دیکۆمێنتو پرۆتۆکولە نێونەتەوەییانەی لە بارەی مافی مرۆڤەوە دایانڕشتوون و دەوڵەتانیان بە بەڕێوەبردنی ئەرکدار کردوە، جگە لە نووسراوەیەکی سەرکاغەز گرنگییەکی دیکەی نیە بۆیان.

دیاره ئەوەی لە ئەفغانستان روویداوه و رنگە نوێترینیان بێ، یەکێکە لە دیوە ترسناکەکانی ئایین. دەیان نموونەی لەم بابەتە هەیە رۆژانە لەدەوروبەرمان روودەن. تەنانەت لە کوردستانیش دا لەو جۆرە جینایەتە رووی داوە. نموونە دوعا کچە ئێزەدییەکەی بەعشیقەی هەرێمی کوردستان کە ساڵی ٢٠٠٧ بەدەستی کۆمەڵێک پیاوی بێبەزێ لە هەستی ئینساندۆستی بە تاوانی خۆشەویستیی کورێک کە سەر بە ئایینەکەی خۆی نەبوو، بە دار و بەرد کوشتیان، جگە لەوەش ساڵانە بەدەیان ژن هەر بەتاوانی هەڵبەستراو لە ژێر پەردەی ئەخلاق و ئایین، لە لایەن پیاوانەوە شکەنجە دەکرێن و دەکوژرێن، بەڵام لە لایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە ئێعترازێک و لێپرسینەوەیەکی جیددی بە حاکمییەتی ئەو وڵاتانە نەکراوە کە بۆ دەبێ رێگە بدرێ جینایەتی لەم شێوەیە لە وڵاتەکانیان روو بدا؟ جێی داخە ئەوەی دەبێ لەلایەن کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤەوە هەڵوێستەی لەسەر بکرێ و هەڵوێستی لەسەر بگیرێ بۆ ئەم جینایەتانە، تا ئێستا نەدیتراوە.

لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەتی وڵاتانی ئیسلامی دا ئەوە ئیدئۆلۆژییەکانن مافیان هەیە، نەک ئینسانەکان. ئینسان کەرەسەیەکە لە خزمەتی ئیدئۆلۆژیدا. لە حاڵێک دا دەبێ هەمووشتێ لە خزمەتی ئینسانەکاندا بێ و ئینسان مافی پارێزراو بێ.

ئەم پیرۆزییانە دەبێ چ بن بوونەتە پاڵنەری ئەم توندوتیژی و جینایەتانەی ئینسانەکان بەرانبەر یەکتر دەیکەن و بە ئاسانی یەکتری بێ لەناو دەبەن؟ ئایا رێگایەک هەیە ئینسانەکان دەست لەشەڕی یەکتر کوشتن و توندوتیژی هەڵگرن؟

بەرقەرار کردنی ئارامی و نەرمی نواندن لەگەڵ یەکتر ئەرکی حاکمییەتەکانە، بەڵام لە جیهانی سێهەمدا ئەوە حاکمییەتەکانن مرۆڤەکان توندوتیژ باردێننو بایەخ و رێزی ئینسانەکان لە ئاست ئیدئۆلۆژییە ئایینییەکاندا تێک دەشکێنن. هیچ تاوانێک لەوە گەورەتر نیە کە بێتاوانەکان  تاوانبار بکەی و بەناوی پارێزگاری لە پیرۆزییەکان و بەها کۆمەڵایەتییەکان بیانخەیە ژێر فشار و ئازارەوە.

لە وڵاتی ئێران کە بەشێک لە کوردستانیش چارەنووسی بەو وڵاتەوە گرێ دراوە، حاکمییەت بۆخۆی بەناوی ئایین و ئیدئۆلۆژی هەر ئەو کارانە دەکا کە کۆمەڵێک خەڵکی بێبەری لە هەستی مرۆڤ بوون لە ئەفغانستان کردیان. لە ئێعدامی سەرشەقامەکان رابگرە هەتاکوو شکەنجەگای نێو زیندانەکان و پێشێل کردنی مافی کەمە ئایینی و

کەمەنەتەوەکان و کوشتاری کۆڵبەرە زەحمەتکێشەکانی کوردستان و زۆر جینایەتی دیکەی ئەو ڕێژیمە بەرانبەر بەخەڵک، ئەو رەفتارانەن کە کۆماری ئیسلامی بێ سڵ کردنەوە لە ژێر پەردەی ئاییندا ئەنجامیان دەدا.

هەر بە پێی راپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی کوردستان، تەنیا لە ماوەی ٥ ساڵی رابردوودا نزیک هەزار کۆڵبەر بە گوللەی هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی و تەقینەوەی مین و سەرمابردوویی لە سنوورەکانی ئێران گیانیان لەدەست داوە. ئەگەر ئەو رەفتار و کردەوانە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران جیا بکرێتەوە، ئەو ڕێژیمە بێ نێوەرۆک و بێ پێناسە دەبێ.

جگە لە بەرپرسان و دەسەڵاتداران لە ئێران هیچ ئینسانێکی دیکە لە رەفتار و کرداری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤەکاندا رازی نیە، کەچی بەداخەوە خەڵکی ئێران زۆر ئاسان لە گەڵ رەفتارەکانی ئەم ڕێژیمەدا خۆیان گونجاندوە و بۆیە هیچ کەس بۆ ناڕەزایەتیی دەربڕین نایەتە شەقام دەنگی بەرزکاتەوە خوازیاری گۆڕانێکی جیددی بن، وەک ئەوەی ئەمانە هەمووی ئاسایین بە سەریان دێن.

لە ئەفغانستانی ئیسلامی ئەو کاتە قەبیحی جینایەتەکەی بەسەر فەرخوندە هات دەرکەوت، کە ژنانی ئەفغانستان بێدەنگ نەبوون و ڕژانە سەر شەقامەکان و خوازیاری لێپرسینەوە و بەرپرسیاربوونی دەوڵەت بوون. لە ئێران جینایەتی لەم شێوە تەنانەت لەلایەن خەڵکیشەوە کەم نەبووە رەنگە بەشداریی لە جۆری کوشتن و جینایەتەکە دا جیاواز بووبێ، ئەگینا هەواڵی کوژران و شکەنجەی ئینسانەکان بەدەستی ئینسان کەم نین، هەر ساڵی رابردوو زیاتر لە ١٠ ژن هەر لەیەک شار (ئێسفەهان) لە لایەن پیاوانەوە ئەسید بە دەموچاویاندا کراو چاوەکانیان لەدەست داو روخساریان شێوێندرا، بەڵام بێتەفاوەتی و بێدەنگی و نەبوونی ناڕەزایەتی گشتییە، ئەم جۆرە کردەوە و جینایەتانە، کەمرەنگ یان شاراوە دەهێڵێتەوە. خەڵکی ئێران و ئەو وڵاتانەی ئەو جۆرە تاوان و جینایەتانە لە نێویاندا ئاساییە، دەبێ لە ژنانی ئەفغانستانەوە فێر بن کە نابێ کوشتار و شکەنجەو سووکایەتی بە ئینسانەکان بەلایانەوە ئاسایی بێ و بە ئاسایی بەلایاندا تێپەڕن.

کۆروکۆمەڵە جیهانییەکانی پارێزەری مافی مرۆڤیش بۆ ئەوەی لەوە زیاتر ئێعتبار و باوەڕ لەدەست نەدەن، چی دیکە نابێ بەبیانووی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، لەئاست هەموو ئەو کردەوە و جینایەتانەی کە بە ناوی دینو... لە وڵاتاندا روو دەدەن، چاویان داخەن و بێدەنگ بن. مرۆڤتەوەری و بەرژەوەندیی مرۆڤایەتی زۆر لە

شەڕی بەرژەوەندییە ئابووریی و سیاسیو ئیدئۆلۆژیەکان گرنگترە .

لە ژمارە ٦٥٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٥ی ئەپریلی ٢٠١٥

## رۆژێک بۆ ژینگە دەرفەتێک بۆ ژیان

ژینگە شوێنێکە ژیانی تێدایە. ژیانی مرۆڤ، حەیوان، باڵەندەو دارو گوڵ و گیاو هەموو بوونەوەرەکانی سەر زەوی. گەر حەز لە ژیان دەکەین و ژیانمان پێخۆشە، گرنگە ژینگەکەشمان خۆشبوێ و وەک خۆمان بیپارێزین. ئەرکی پارستنی ژینگە لەسەرشانی مرۆڤە. خۆشەویستیی نیشتمان هەر ئەوە نیە دروشمی رەنگاورەنگ هەڵگرین و ئاڵاکەی بەرز بکەینەوە و بەسەر مێژووی پڕلە خەبات و خۆڕاگریی ئینسانەکان لە دژی داگیرکەرانی خاکەکەی هەڵبلێین، ئەوە تەنیا لایەنێکیەتی لە خۆشەویستیی نیشتمان. کەسێک یان کەسانێک کە بەڕاستی وڵاتی خۆیان خۆش بوێ و بیانهەوێ لە زیانو مەترسییەکانی دوژمن بیپارێزن، دەبێ ئەو بەرپرسایەتیی و دەروەستییەشیان تێدا بێ، ژینگەکەی، کە بەشێکە نیشتمانەکەی لە زبڵ و زاڵ و پاشماوەکان کە دوژمنی ژینگەن، بیپارێزن.

ئەگەر پێمان وابێ پاراستنی ژینگە تەنیا ئەرکی دەسەڵات و دەوڵەت و ئەو لایەنانەی بودجە و سەروەت و سامانی وڵاتیان بەدەستەوەیە، خۆدزینەوەیە لە ئەرکێکی گرنگی مرۆڤانەی سەرشانمان. بێگومان ئەوە راستە لە پلەی یەکەمدا پاراستنی ژینگە لەدەستی ئەو هێزو لایەنانە دایە کە دەستەڵاتو سامانو بوودجەی وڵاتیان بەدەستەوەیە، بەڵام هەر تاکێکی کۆمەڵگەش دەتوانێ لەم ئەرکە گرنگەدا هاوکار و بەشدار بێ.

هەموومان بۆ خۆمان و منداڵ و ئازیزەکانمان ئارەزووی ژینگەیەکی جوان و خاوێن و ئارام دەکەین. پێشمانخۆشە دوای هەموو هیلاکی و قەرەباڵغییەکانی شوێنی ژیان و کارمان، جاروبار بۆ حەسانەوە و ئارمبوونەوە بچینە داوێنی سروشت و چێژ لە جوانییەکانی ببینین. بەتایبەتی لە وەرزی بەهاردا کە وەرزی سەیران و چێژ وەرگرتنە لە

جوانییەکانی سروشت. کەوایە با ئەو مافەش بۆ سروشت بە هەموو پێکهاتەکانیەوە بە ڕەوا بزانین. ئەگەر سروشت جوانی و ئارامییمان پێ دەبەخشێ، پێویستە و ئەرکە لەسەرمان ئێمەش مێهرەبان بین لەگەڵی و بیپارێزین لە ناشیرینی و نامێهرەبانییەکانی دەستی خۆمان.

پارێزگاری لە ژینگە! ئەو وشە جوانەی کە بەگوێی زۆربەمان ئاشنایە. کە وایە ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم وشەیە ئەرکێکی ئینسانی و نیشتمانیشمان دەخاتەسەر شان. ئەگەر بڕوانینە ڕێگاکانی پارێزگاری لە ژینگە و سروشتی دەوروبەرمان، ڕەنگە ئەرکی ئێمە تاکەکان سادە و چووک بێنە بەرچاو، بەڵام لە عەینی چووکی‌دا بەڕێوەنەبردنی ئەوانەن دەتوانن ئاکامی نەرێنییان بۆ داوڕۆژی وڵات و ئینسانەکانی بەدواوە بێ. بۆ نموونە فڕێدانی تەنیا کیسەیەکی پەلاستیکی ڕەنگە پێمان وابێ ئاساییە و کاریگەرییەکی زۆر خراپی نەبێ لەسەر زەوی، بەڵام ئەگەر بزانین هەر ئەو کیسەیە زیانەکەی بۆ سروشت و بۆ گیانلەبەرانی دیکە چ دەبێ، هەرگیز ئەو کارە ناکەین. هەر ئەو کیسەیە بە دەیان و سەدان ساڵ دەکێشێ تاکوو ئاسەواری لەسەر خاک دەسڕێتەوە. هەر ئەو کیسەیە جگە لەوەی زەوی ناحەز و ئاوەکانی ژێر زەوی پیس دەکا، ڕەنگە گیانلەبەرێکیش بکوژێ، چونکە لە لاق و سەروملی باڵندەیەک دەهاڵێ و دواتر بە لەناوچوونی کۆتایی بێ.

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەریتێکی جوان

ژینگەی خاوێن، نیشانەی ئاگایی و وشیاریی کۆمەڵگەیە. کۆمەڵگەی پێشکەوتوو پێویستی بە پێشزەمینەی فەرهەنگی و فکری هەیە کە کەلتووری ژینگەپارێزی یەکێکە لەو پێشزەمینانە کە کۆمەڵگە بۆ ئامانجە ئامادە دەکا. ژینگەپارێزی و ژینگەدۆستی، ئەو نەریتە جوانو و ئەو ئەرکە ئینسانی و نیشتمانییەیە کە چەند ساڵێکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەنێو خەڵکی ئاگا و بەتایبەتی چالاکان و تێکۆشەرانی مەدەنی و ژینگەپارێزی دەستی پێکردوە و، بەخۆشییەوە خەریکە لە زۆربەی شارو ناوچەکان پەرە دەستێنێ.

وەڕێ خستنی کەمپەینو چالاکیی ژینگەپارێزی وەک؛ ڕێگرتن لە سووتاندنی دارستان و لێرەوارەکان، ئازادکردنی باڵندەکێوییەکان، شکاندنی تفەنگە ڕاوییەکانو هەرەوەزی بۆ پاکوخاوێنی سەیرانگەو شوێنەگشتییەکان، کۆڕ و کۆبوونەوەی جەماوەری بۆ ئاگایی دان بە خەڵک، لەناوبردنی قلیانەکان و... هەموو ئەوانە دانانی بناغەی ئەو فەرهەنگە جوانەیە کە بە خۆشییەوە لە زۆر شار و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆتە ئەرک. هەر ڕۆژە هەواڵی

چالاکییەکی لەم چەشنە لە شارێک و ناوچە و گوندێک بڵاو دەبێتەوە. ڕەنگە لەم ڕۆژگارە پڕ لە جەنجاڵ و پڕ لە شەڕو ئاژاوەدا، ئەوجۆرەکارانە بچووک بێنەبەرچاو، بەڵام هەر ئەو کارانەیە ئەوکەلتوورە دروست دەکەن کە ئینسانەکان داهاتوویەکی ڕووناکتر بۆخۆیان و نەوەکانی داهاتوو بنیات بنێن و نیگەرانی مەترسییەکانی پیسبوونی ئاووهەوا نەبن. ئەگەر تێکۆشەرانی ژینگەپارێز و ژینگە دۆست لە کوردستان بەمشێوەیەی ئێستا بەردەوام کار بۆ ئەم عەقڵیەتە بکەنو پەرەی پێبدەن، ئەگەر کاناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردستان هاوکار و ڕێنیشاندەری خەڵک بۆ چەسپاندنی کەلتووری ژینگەپارێزی بن، بە دڵنیاییەوە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داهاتوویەکی ڕوون و گەشتری دەبێ و خۆی ئامادە دەکا بۆ پێشکەوتنی زیاتر و گەورەتر.

## ڕۆڵ و ئەرکی ژنان

لە کوردستان هەروەک وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان، منداڵان لەگەڵ زەویی و ئاسمانو گیانلەبەران ڕووحێکی پاکو بێگەردیان هەیە، بەڵام هەرکە گەورە دەبن زۆربەیان بەداخەوە لەگەڵ سروشتو گیانلەبەران دڵڕەقانە دەجووڵێنەوە. ئەوەی منداڵان والێدەکا و کەسایەتییانی لەسەر بنیات دەنرێ، ڕەفتاری گەورەکانەوە. منداڵان تا ئەمڕۆش زۆرتر هەر نامیهرەبانییان لەگەڵ سروشتو گیانلەبەران لە گەورەکانەوە بینیوە و فێر فێربوون. بەتایبەتی ئازاردانی حەیوانات و گیانلەبەران یەکێکە لە کەلتوورە ناشایستەکانی کۆمەڵگەی ئێمە. بۆیە لەم پێوەندییەدا دایک دەتوانێ گەورەترین ڕۆڵی لە دروستکردنی کەلتووری ژینگە پارێزیو نەوەیەکی میهرەبان لەگەڵ سروشت و گیانلەبەران هەبێ.

پاراستنی ژینگە ئەمڕۆکە وەک یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی گەشەسەندنی جیهانییە و پێویستیی بە بەشداریی ڕاستەقینەو ئاگایی کۆمەڵگە هەیە. ژنان بە هۆی ئەوەی نەخش و ڕۆڵی زۆرتریان لە ئیدارەی بنەماڵە و پەروەردە و فێرکردنی منداڵدا هەیە، دەتوانن وەک هێزێکی کاریگەر، هەر وەک چۆن دەتوانن نیگابان و پارێزەری منداڵەکانیان بن، هەر ئاواش دەتوانن نیگابانو پارێزەری ژینگە بنو ئەم نەریتە جوانە بگوازنەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو.

هەرکەس لەئاست خۆیەوە بەتایبەتی دایکانو باوکان لەم بوارەوە ئەرکێکی زۆر بەرپرسانەیان لەسەرشانە. ئەوان دەتوانن نەوەیەک بۆ ئەو نیشتمانە پەروەردە بکەن کە سروشتیان خۆشبوێو ڕێزی لێبگرنو لەگەڵ خۆپاراستن لە

هێندێک گیانلەبەری مەترسیدار، پێوەندییەکی دۆستانە و مێهرەبانانەیان لەگەڵیاندا هەبێ. ئەمانە دەبێ وەک تایبەتمەندیی بەرزو جوانی ئینسان سەیر بکرێ. گەورەکان بەرپرسن لە ئاست سروشتدا بە هەموو پێکهاتەکانیەوە. ئارامیو خۆشی تەنیا مافی ئینسان نیە، بەڵکوو گیانلەبەرانو سروشتیش ئەو مافەیان هەیە کە ڕێزیان لێبگیرێ.

ئەو ڕەوتەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن تێکۆشەرانی ژینگەپارێزەوە دەستی پێکردوە، دەبێ وەک خەباتێکی نیشتمانی و ئینسانی ببینرێو بەپێزانینەوە سەیری بکرێ. بە تایبەتی ئەو لایەنانەی میدیا و کاناڵی راگەیاندنیان لەبەردەست دایە، وەک ئەرکێکی کەلتووری بە هیچ بیانوویەک لایەنی ژینگەپارێزی نابێ لەبیر بکەن و وەک بەشێک لە خەباتی خۆیانی بزانن. کوردستان نیشتمانێکی جوانە، پارێزگاری لەوجوانییە، ئەرکی هەموو تاکێکی ئەو وڵاتەیە.

بەو هیوایە ڕەوتی پارێزگاری لەژینگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە کەلتوورێکی گشتیو هەموو لایەک بەئەرکی نەتەوەیی، نیشتمانی و ئینسانی بزانن‌و منداڵانی داهاتووی ئەم نیشتمانە دوور لە نەخۆشییەکان کە زۆرتر بەهۆی پیسبوونی ئاو و هەواوەیە، داهاتوویەکی گەش و خاوێن چاوەڕوانییان بکا.

لە ژمارە ٦٥٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٥

---

## چ دەبێ لەوانەوە فێربین!

فەرخوندە کچێکی تەمەن ٢٧ ساڵە کە دژی دوعانووسی و خورافات بوو، لە ١٩ی مارسی ٢٠١٥ لە لایەن کۆمەڵێک مرۆڤی بێبەری لە هەستی ئینسانی بە تۆمەتی سووتاندنی قورئان لە ئەفغانستان کوشتیان و دواتر بەوەش نەوەستان تەرمەکەیان ئاگر تێبەرداو بەمەش هێندەی دیکە کێمو رقی ناو ناخیان هەڵڕشت.

ڕۆژێک دوای ئەم ڕووداوە ترسناکە، سەرکۆماری ئەفغانستان کومیتەیەکی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە مەرگی ئەم کچە گەنجە پێک هێنا. ژنانی ئەفغانستان بە نارەزایەتی لەم کردەوە ترسناکەی ئەو پیاوانەی گیانیان لە فەرخوندە سەند، نەیانهێشت تاقە یەک پیاویش بچێتە ژێر دارەمەیتەکەی و بۆخۆیان نایانەسەر شانی خۆیان و بۆ ناشتنی بەرەو گۆرستان بردیان.

چەند ڕۆژ دواتر بە هەزاران کەس لە خەڵکی ئەفغانستان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات خۆپیشاندانیان کرد و خوازیاری دادپەروەری بوون لە پەروەندەی لێکۆڵینەوە لە کوشتنی ئەم کچە لاوەدا.

چەند ڕۆژ دواتر پەروەندەکەی ڕەوانەی دادگا کرا. ڕێژەی تاوانبارنی ئەو قەتڵە و دەستبەسەرکرانیان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیادی دەکرد و گەیشتە ٥٠ کەس. ٤٠ ڕۆژ دوای کوژرانی فەرخوندە، لە ڕێورەسمی چلەی دا بە هەزاران کەس بە وێنەی فەرخوندەوە بەشدار بوون و کۆمەڵێک کەس سەحنەی کوژرانی فەرخوندەیان بە (شانۆ) دروست کردەوە. بەڵام بە پێچەوانەی ڕۆژی کوژرانەکەی، کە هەموو ئەوانەی سەیری ڕووداوەکەیان دەکرد یان دەسخۆشیان بە قاتڵەکان دەگوت یان بێهەڵوێست بوون، ئەمجارەیان ئەوەی لەوێ بوون و سەیری ئەم ڕووداوە (شانۆییە)یان دەکرد، فرمێسکیان لەچاو دەهاتەخوار و نفرەتیان دەنارد بۆ ئەو جینایەتکارانەی ئەم ڕووداوەیان خوڵقاند.

٤٤ ڕۆژ دوای ڕووداوەکە، دادگای ئەفغانستان دادگایی کردنی ٥٠ کەسی بە شێوەی ئاشکرا بەڕێوەبرد و دەوڵەت لە تلەویزیونە نێوخۆییەکانی ئەفغانستانەوە ئەم دادگایی کردنەی بڵاو دەکردەوە.
دوای ئەوەش دەوڵەت لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە کەوتەخۆ بۆ شناسایی تاوانبارانی دیکەی ئەم ڕووداوەو خەڵاتی دیاری کرد بۆ ئەو کەسانەی کە تاوانبارەکانی دیکە بە دەوڵەت دەناسێنن.

هەر لەو پێوەندییەدا سێ کاربەدەستی دەوڵەتی کە لە فەیسبووکدا بە موافقەت لەگەڵ قەتڵەکە قسەیان کردبوو، لە سەر کارەکەیان دەرکران. مەلایەکی ناسراو کە ڕۆژەکانی پێشوو تەئیدی قەتڵی فەرخوندە کردبوو، بە ڕەسمی داوای لێبوردنی کرد. دەوڵەت کەوتە خۆ بۆ داخستنی شوێنی دۆعانووسان و ئەو کارە خورافییەی قەدەغە ڕاگەیاند. لەوەش گرنگتر دەرگای ئەو مزگەوتەی لە شوێنی کوشتنەکەی فەرخوندە هەڵکەوتبوو، داخست. ناوی ئەو ئەفسەر و سەرباز و پۆلیسانەی کە شاهیدی ڕووداوەکە بوون و هیچ هەڵوێستێکیان نەگرت بۆ پێشگیری لە کوشتنی ئەو ئینسانە، دران بە دادستانی وڵات.

لەو ماوەدا چەند بنەماڵەیەک کە منداڵیان بووە و منداڵەکەیان کچ بووە، ناوی کچەکەیاننناوە فەرخوندە!

هەموو ئەم مەسەلانە لە وڵاتێکی وەک ئەفغانستان کە هەمیشە وێنایەکی ناخۆشی لە هەموو بارێکەوە بە لای زۆربەمانەوە هەبووە، زۆر سەیر و لەلایەکی دیکەشەوە جێی دڵخۆشی بوون.

ڕووداوی کوشتنی فەرخوندە گۆڕانێکی لە بیر و زەینی زۆرانماندا بە نیسبەت کۆمەڵگەی ئەفغانستانەوە دروست کرد. ئەوەی بە نیسبەتی کوژرانی کچێک لە ئەفغانستان کرا، تا ئێستا هەرگیز لە مێژووی ئێراندا کە هەمیشە پێمان وابووە سەد قات لە هەموو بارێکەوە خەڵکەکەی پێشکەوتووتر لە خەڵکی ئەفغانستانن، بۆ ئەو جۆرە ڕووداو و کارەساتانە رووی نەداوە!

لە حاڵێک دا کوشتن لەسەر بیرورای جیاواز لە سیستمی کۆماری ئیسلامی دا هەر بووە و ئەوەی لە ئەفغانستان کۆمەڵە خەڵکێکی نەفام و نەزان لە دژی کچێکی جیابیر کردیان کردیان، لە ئێران ڕێژیمەکەی ٣٦ ساڵە ئەم کارە لەگەڵ خەڵکی جیابیر دەکا.

جگە لەوەش زۆر چیرۆکی تاڵمان لە نێو کۆمەڵگەی خۆمان بیستوە و دیتوە، تازەترین ڕووداو (خۆکوژیی کچێکی مهابادی لەترسی دەستدرێژی پیاوێک)! کە گۆیا ئەو پیاوە هۆتێلدار بووە لە مەهاباد و ئەو کچەش لەو هوتێلە کاری کردوە، بەڵام کۆمەڵگەی کوردستان بەم ڕووداوانە داناچڵێ، هەڵوێست ناگرێ. ژنان ئەوندەی خەریکی عەملی جوانکاری و مۆد و مۆدیلاتن، نیو ئەوندە بیر لەو کارەساتانە ناکەنەوە کە چ بەسەر هاورەگەزەکانیان دێ! هەرچەند جارێ زووە بۆ بڕیار دان لەسەر بێهەڵوێستی خەڵک، بەڵام خۆزگە ئەم ڕووداوەی مەهاباد کۆتایی هەموو بێهەڵوێستییەکانی خەڵک بێ لە ئاست ئەو بەڵایانەی بەسەر مرۆڤەکانی ئەم وڵاتەمان دێ.

هەم لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر بیروڕای جیاواز ڕۆژانە خەڵک ئێعدام دەکرێ، هەم لەلایەن زۆر پیاوەوە بۆ دامرکاندنەوەی هەستە گڵاوەکانیان لە هیچ کردەوەیەکی نائینسانی خۆنابوێرن. ڕۆژێ هەر ژنە دەبێتە قوربانی توندوتیژی بەڵام خەڵک نەک هەڵوێست ناگرن بەڵکوو پاساویش بۆ موسەبەبەینی ئەو ڕووداوانە دێننەوە.

وێڕای بەداخبوونم لەم ڕووداوە نوێیە، هیوادارم خەڵکی کوردستان بۆ ئەو جۆرە ڕووداوانە، هەڵوێست لە خەڵکی

ئەفغانستانەوە فێر بن بە تایبەتی لە ژنانی ئەفغانستانەوە. بەسە بەرێژەی هەموو دنیامان چالاکی مەدەنی و سیاسی و فێمێنیستی هەیە!

لە ژمارە ٦٥٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٦ی مای ٢٠١٥

---

## «ناموس» غەدرێک لە ژن

زۆر جار مرۆڤی وڵاتی ئێمە لە ژێر ناوی چەمکی «ناموس»دا ژیانی لێسەندراوەتەوە یان بە ترس و خۆفەوە درێژەی بە ژیان داوە. «ناموس» تەنیا وشەیەکی رووت و بەتاڵ نیە، بەڵکوو چەمکێکە لە نێویدا دیوارێک لە ستەم هەڵچنراوە. لە نێو ئەم چەمکەدا مرۆڤ لە مرۆڤ بوون بەتاڵ کراوەتەوە. کاتێک ئینسان ئازادییەکانی لێدەسەندرێتەوە، هەموو جووڵەیەکی لەژێر تارمایی ترس دایە، مرۆڤێکی داڕووخاو و بێ ئیرادە دەبێ.

لە کۆمەڵگەی «ناموس»تەوەردا کە ئێمەش بەشێکین لەو کۆمەڵگایانە، ترس سەرتاپای ژیانی مرۆڤەکان بە پیاو و ژنەوە دادەگرێ. ترس لە دەستدرێژی، ترس لە لەدەستدانی «پاکیزەیی و پیرۆزایەتی»، ترس لە سووکایەتی و بەلاڕێداچوون، ترس لە تۆڵەکردنەوە، کە ئەمانە هەموویان دەچنەوە نێو قالبی چەمکی «ناموس»ەوە.

### فەرینازی دووجار قوربانی

پیاوانە دەستی پێکرد و پیاوانە کۆتایی پێهات! تەنیا مردنەکەی بە مانای راستەقینە ژنانە بوو! هەڵبەت ئەمنیش ژنانە خۆشبین بووم، پێم وانەبوو هەموو کێشەکان دەکەونەسەرەوەی کێشەکەی فەریناز و دواتر کێشەکەی ئەو وەک تارای سووری بەر هەتاو کاڵ دەبێتەوە.

... «بۆ دیفاع لە فەریناز ڕێگا زۆرن و خەڵک وا زوو ناکشێنەوە، چونکە غەدری «نامووس» لە کۆمەڵگەی ئێمەدا غەدرێک نیە بۆ لێخۆشبوون بێ»!

پێشبینییەکان وەک بیرکردنەوەکانم نەبوون، هەر لە ناشتنەکەیڕا دەرکەوت فەریناز هەر زوو کەوتە پەراوێزەوە. هەژارانە تەرمەکەی بەبێدەنگی و بە شاراوەیی بەرەوگۆڕستان برا، تەنانەت ژنانیش (بەرادەی پێویست)خۆیان نەکرد بە خاوەنی کێشەکەی، هەر بۆیە زەحمەتیان بەخۆیان نەداو نەچوونە ژێر دارەمەیتەکەی!

بەشێک لە چالاکانی مەدەنی و تەنانەت بەشێکیش لە حیزب و راگەیەنەکانیش کە هەمووکات ئیدیعای پیشڕەوایەتیان کردوە، چەمکی «نامووس» وەک بەهایەک لە وتەو لێدوانەکانیادا دووبارە دەبۆوەو وەک پیرۆزییەک چاویان لە مردنی فەریناز دەکرد.

لە حاڵێکدا ئینسانێک گوماناوی گیانی لەدەست دابوو ئایا کوشتیان یان خۆی کوشت؟ لەهەر حاڵدا بووە قوربانی ناپاکی و هەستی گڵاوی کەس یان کەسانێک کە وەک زۆر ژن و کچی دیکەی ئەم نیشتمانە بووە هۆی گیان لەدەست دانی. بەڵام ئەگەر ئەو پێناسەیەی ئێستا بۆ «نامووس» هەیە نەبوایە، رەنگە فەریناز لە ئێستادا لە ژیاندا ماباو بەشێوەیەکی دیکە دیفاعی لە مافی خۆی کردبایە. بەڵام ئەو باش دەیزانی ژیان لە نێو ترس و گوماندا چەندە دژوار دەبێ!

لەو ڕووداوەدا کەس بەدوای ئەم پرسیارەدا نەگەڕا ئەگەر فەریناز خۆی فڕێ نەدایەو گیانی لەدەست نەدایە، دوای ئەم ڕووداوە - هەوڵی دەستدرێژی کرانەسەری - چۆن لەو کۆمەڵگەدا ژیانی بەسەر دەبرد؟ ئایا ئەو خەڵکەی دوای مەرگی بۆی وەدەنگ هاتن ئەوکاتیش پشتیوانی دەبوون؟ چۆنیان مامەڵە لەگەڵ کەسێک دەکرد کە دەستدرێژی کراوەتەسەر؟ یا هەوڵی دەستدرێژی کردنەسەری دراوە؟ ئایا ئەگەر ئەو کەسەی ویستوویەتی دەستدرێژی بکاتەسەر فەریناز، مۆرەیەکی سەربە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەبوایە، ئەو پشتیوانیە لە فەریناز دەکرا؟ وڵامەکان روونن و ئەگەر وەک زۆر بابەتی دیکە خۆی لێ لانەدەین لەلای هەموومان ئاشکرایە.

فەریناز وەک هەر مرۆڤێک خاوەنی مافی سروشتی خۆی بوو، واتە ژیان بەبێ ترس، بەڵام ترس گیانی لێسەند. خۆی کردە قوربانیی پارێزگاری لە»نامووس». خۆ ئەگەر ماباش دیسان هەر دەبووەوە قوربانی «نامووس». ئەگەر مەرگی هەڵنەبژاردایە و توانای دیفاعیشی لەخۆی نەبوایە و دەستدرێژی کرابا سەر، دیسان ئەو بەجۆرێکی دیکە

دەمرد، چونکە ئەو کۆمەڵگەی ئەوی تێدا دەژیا بەچاوێک لێیان دەڕوانی کە مەرگ هەزارجار باشتر دەبوو لە ژیانەکەی. ئەو بەتاڵ دەبۆوە لە مرۆڤ بوونی، چونکە نیوەرۆکی ژن «ناموس»ە. ئەو مۆتەکەیەی زۆری لەسەر کوژراون و زۆری لەسەر «بێئابڕوو» کراون! هەر بۆیە پێش ئەوەی گیانی لێبستێنن خۆی گیانی لەخۆی سەندوە.

ڕووداوەکە کۆتایی پێ هات یان کۆتایی پێدێ، بەڵام ئایا لاپەڕێکی نوێ لە وەزعی ژن و مەسەلەی «ناموس» لە کوردستان هەڵدەڕێتەوە؟ ئایا «ناموس» بەوزووانە لە جەستە یان سێکسوالیتەی ژن دێتەدەر یان هەر بەشێک دەبێ لە هۆوییەتی ژن.

**«ناموس» بەبێ ژن و ژن بەبێ «ناموس» چ بێواتان!**

«ناموس» برینێکی کۆنە و بەهەر لێککەوتنێک قەتماغەی ئەو برینە هەڵدەکەندرێ‌و خوێن لەوبرینە دێ. دەڵێن لە رابردوودا شەڕی «ناموس»بە خوێن نەبێ ئاشتبوونەوەی نەبوو! زۆربەمان نموونە و چیرۆکی زۆرمان لەلایە. پیاوان بۆ لێدان و تۆڵەکردنەوە و سووکایەتی بە یەکتر هەر جەستەی ژنیان داوەتە بەر چەقۆ و زەهری «ناموس». راستییەکەی ئەوەیە کۆمەڵگەی کورد ئێستاش رێگەیەکی دوور و درێژی لەپێشە کە «ناموس» پێناسەبکاتەوە و لە جەستەی ژنی دەربێنێ.

زۆربەمان سەرەڕای ئیددیعاکانمان، کە هەر کات باسی چەمکی «ناموس» دەکرێ، ئێستاش نەمانتوانیوە یان نەمانوێراوە «ناموس»بە ژنەوە پێناسە نەکەین. کەم ژن هەیە بە ئاشکراو لە تریبوونێکەوە روو بەخەڵک بلێ «من ناموسی هیچ پیاوێک نیم، بەڵکوو مرۆڤم و خاوەنی هەموو ئەو مافانەم کە مرۆڤ دەبێ لێی بەهرەمەند بێ». زۆر جار لەم دەستەواژەیە کە ژن بەکاری دێنێ واتە (من ناموسی پیاو نیم) کەڵکی خراپ وەردەگیرێ. بە باوەڕی من ئەوە بەو مانایەیە مرۆڤ روح و جەستە و بیر و هۆشی هی خۆیەتی و کەسیش مافی ئەوەی نیە بۆمەبەستێکی تایبەتیی و بەرژەوەندیخوازی لە جەستەو بیرو هۆشی کەسی دیکە کەڵک وەربگرێ. بۆیە دەبێ رووناکبیران و چالاکانی مافەکانی مرۆڤ ئەو شەهامەتەیان هەبێ «ناموس» پێناسە بکەنەوە و رێگە نەدەرێ چی دیکە کەڵکی ئامرازی لەو جەستەیە وەربگیرێ.

ئەم وتارە لە ژمارە ٦٥٦ی رۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

٢٠ی مای ٢٠١٥

# ڕۆژێک بۆ ڕێزگرتن لە تێکۆشەرانی سەنگەری ئازادیی ڕاگەیاندن

بوونی کاناڵە سەربەخۆکانی ڕاگەیاندن و چاپەمەنیی ئازاد، یەکێکە لە فاکتەرەکانی دیموکراسی و خەڵکسالاری لە هەر وڵاتێک دا. ئەگەر لە وڵاتێک دا سێ روکنی سەرەکی (حکوومەت، پارلمان و دەزگای قەزایی) ئەرکەکانیان بە دروستی و بێ کەموکوڕییش بەڕێوە بەرن، بەبێ بوونی ڕاگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆ ناتوانین بڵێین ئەو وڵاتە دەسەڵاتێکی خەڵکسالاری هەیە. ئێستا بێنینە بەرچاو لە وڵاتێک کە بە هۆی لەسەرکار بوونی حکوومەتێکی نادیموکرات و پشتبەستوو بە ویلایەتی فەقیە، حاکمییەتی قانوون و دەوڵەت و یاسا هەموو لە ژێر فەرمانی ئەودا بێ، دەبێ هەلومەرجی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیەندکار چۆن بێ؟! لە ڕاستیدا لە وڵاتێک دا کە هەموو شتێ لە ژێر فەرمانی یەک کەس بە ناوی وەلیی فەقیە یا ڕێبەر دا بێ، نەک هەر ئازادیی ڕاگەیاندن، لە هیچ بوارێکدا، ئازادی نابێ.

دەزگای ڕاگەیاندن بەو مەرجەی ئازادیی هەبێ دەتوانێ دەور و نەخشی کاریگەری لە هەموو پرۆسەیەکدا هەبێ. یەکێکە لەو فاکتەرانە کە دەتوانێ لە پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵدا، کاریگەریی دیار و بەرچاوی هەبێ. ئاراستە بەخشین و پێشکەوتنی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابووریی هەر وڵاتێک لەگرەوی چەند فاکتەر دایە کە یەکیان بواری ڕاگەیاندنی ئەو وڵاتەیە.

هەر وا کە سیستمی پەروەردەی وڵات دەتوانێ دەوری کاریگەری لە سڕینەوەی کولتووری دواکەوتوانە و دروست کردنی کەلتووری پێشکەوتوانە و پێگەیاندنی نەوەیەکی چاوکراوە و پێگەیشتوو دا هەبێ، ڕاگەیاندنیش دەتوانێ ڕۆڵی گەورە لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی ڕۆشنبیر، وشیار و چالاک و دروستکردنی رای گشتی و ئاراستەکردنی کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە هەبێ. بە مەرجێک دەزگاکانی سەرکوت و سانسۆر دەسەڵاتییان بە سەر بواری ڕاگەیاندن دا نەبێ.

## ئازادیی ڕاگەیاندن

ڕۆژی ٣ی مانگی مەی (١٣ی بانەمەڕ)ی هەموو ساڵێک لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە ڕۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنی (مطبوعات) دیاری کراوە.

ڕاگەیاندن لە وڵاتە ئازاد و پێشکەوتووەکاندا گرنگییەکی زۆری پێ دەدرێ و گرنگتر لەوەش ئازادیی ڕاگەیاندن یەکێکە لە فاکتەرەکانی دیموکراسی و ئازادی لە وڵاتدا.

بە پێی ناوەڕۆکی پەسندکراوە جیهانی و نێودەوڵەتییەکان هەموو تاکەکان مافی بە ئازادی دەربڕینی بیروبۆچوون و گوتن و نووسینیان هەیە.

ڕێژەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بوونی ڕاگەیاندنی غەیرەدەوڵەتی و سەربەخۆ، جۆری قانوونەکانی ڕاگەیاندن و ڕادەی سەرکوت، سانسۆر، زیندان و کوشتنی ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیەندنکاران، لەو تایبەتمەندییانەن کە بۆ هەڵسەنگاندنی ئازادیی ڕاگەیاندن لە وڵاتاندا لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە سەرنجیان دەدرێتێ.

بە پێی هەڵسەنگاندنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئێران لەو بارەیەوە یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ناوی لێنراوە ٥ زیندانە گەورەکەی دنیا بۆ ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندنکاران. هەر ئێستا لە ئێران نزیک بە ٥٠ ڕۆژنامەنووس و وبلاگنووس لە زیندان دان. جگە لەوانە بە دەیان و سەدان ڕۆژنامەنووس لەدەست سانسۆر و سەرکوت وڵاتیان بەجێ هێشتوە، یان دەستیان لە کاری نووسین هەڵگرتوە.

بۆ نموونە بە پێی قانوون لە ئێران دامەزراندنی ڕادیۆ و تەلەویزیۆنی تایبەتی (خصوصی) قەدەغەیە کە ئەمە بۆخۆی یەکێکە لە هۆیەکانی ئەوەی کە لە ئێران ئازادیی ڕاگەیاندن نیە.

بە پێی لێکۆڵینەوەی ڕاپۆرتنێرانی بێسنوور ئێران لە نێو ١٨٠ وڵات دا، لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیی ڕاگەیاندندا پلەی ١٧٣ی هەیە، واتە ١٧٣ وڵات هەن کە لە ئێران باشترن و تەنیا ٧ وڵات هەن کە لە خراپی دا لە پێشەوەی ئێرانن! ئەوە نیشان دەدا سەرەڕای ئیدیعاکانی ڕوحانی، سەرۆککۆماری ئێران کە دەڵێ لە وڵاتی ئێمە هیچ کەس لە سەر ڕای جیاواز زیندانی ناکرێ، هەلومەرجی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان نەک بەرەو باشی نەچووە، بەڵکوو بەرەو خراپتر چووە و لە ژێر پەردەی ئەمنییەت و ئاسایشی نەتەوەییدا سانسۆر و سەرکوتی ڕۆژنامەنووسان زۆر بە توندی درێژەی هەیە.

جیی خۆیەتی لە ڕۆژی "جیهانیی ئازادیی چاپەمەنیی"دا یادێک بکەینەوە لە هەموو ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە ئێران

و کوردستان بە هەستکردن بەبەرپرسیاریەتیی ئەو کارە گرنگەیان (رۆژنامەنووسی) چرای ئازادییان هەر بە رووناکی هێشتۆتەوە و خۆیان کردۆتە فیدای ئازادی و ئازاد ژیان، بە تایبەتی رۆژنامەنووسانی کورد وەک محەممەد سەدیقی کەبوودوەند، عەدنان حەسەنپوور، جەعفەر و خوسرەو کوردپوور و...کە زۆرترین نرخیان بۆ ئەو ئامانجە واتە ئازادیی راگەیاندن و راستگۆیی لەو بوارەدا داوە و ماوەی چەند ساڵێکە ژیان لە نێو زینداندا تێپەڕ دەکەن. سڵاو لە هەموو ئەو مرۆڤانەی لە سەنگەری راگەیاندن دا، بۆ ئازادی و بەختیاریی مرۆڤەکان تێ دەکۆشن.

لە ژمارە ٦٥٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٦ی مای ٢٠١٥

---

## تەنیا سەرپۆشە سپییەکەت بەسە بۆ هێمای خۆڕاگری!

درندەیی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران مەگەر هەر ورەی دایکێکی وەک وەک دایکی مەنسووری ئاروەند بتوانێ تەحەمولی بکا...

بەرەبەیانی رۆژی یەکشەممە ٢٤ی جۆزەردان، مەنسوور ئاروەند، زیندانیی سیاسیی ناسراو و ئەندامی چالاکی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە بەندیخانەی میاندواو ئێعدام کرا و پاش ئەوەی هەواڵ بە بنەماڵەکەی دەدرێ، داوای جەنازەی کوڕەکەیان لە لە رێژیمی ئینسانکوژی کۆماری ئیسلامی دەکەنەوە. بەڵام وەک هەموو جارەکانی دیکە کە جەنازەی زیندانیییە سیاسییە ئێعدامکراوەکان بە بنەماڵەکانیان نادرێتەوە و تەنانەت گلکۆکەشیان بەشاراوەیی دەمێنێتەوە، دایە خەدیجە دایکی شەهید مەنسووری ئاروەند کە هەر ئەو چاوەڕوانییەش لە دایکێکی نیشتمانپەروەری کورد دەکرێ گوتبووی: « لێگەڕێن، ئەگەر تەرمی مەنسووریشم نەدەنەوە، گرینگ ئەوەیە بە سەربەرزی لە ئامێزی خاکی نیشتمانەکەیدا ئارامی گرتووە، ئەو نیشتمانەی مەنسوور بۆ ئەو ژیا و بۆ ئەو بەسەربەرزی مرد...»

ئەگەر لەم دێرەی دایکی مەنسووری شەهید ورد بینەوە، دوو پەیامی گرنگی تێدایە، پەیامێک پڕ لە غروور و

وەرەی بەرز بۆ رۆڵەکانی کوردە دەڵێ، ئێوە کە لە ڕێی نیشتمان و نەتەوەکاتان دا خەبات دەکەن و گیان دەبەخشن، گەورەترین شانازین بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەتان، ئێوە سەربەرزن و نیشتمان بە شانازییەوە لە ئامێزتان دەگرێ. بۆ ڕێژیمی دژی ئینسانیی کۆماری ئیسلامییش ئەو پەیامەی تێدایە کە: دوژمنی دڵرەش خەیاڵت خاوە! بەم سیاسەتە دژی ئینسانییەت، ئێمەی نیشتمانپەروەر ورەمان ناڕووخێ! ئێوە کە بناغەی دەسەڵاتەکەتان لەسەر سڕینەوە و سەرکوتی موخالیفانتان داناوە، دڵنیا بن ئەگەر مەنسوورێکمان لێ دەستێنین، دەیان رۆڵەی وەک مەنسووری ئازادیخواز ڕێگاکەی بێ ڕێبوار نایەڵنەوە و ئاڵای دەستی مەنسوورە شەهیدەکان بە شەکاوەیی ڕادەگرن!

کۆماری ئیسلامی ئەگەر راستییەکانی دیتبایە دەبوو لە پەیامی دایکی گیانبەختکردوانی ڕێگای ئازادی تێبگەیشتایە، بەڵام بەداخەوە هەرگیز تێناگا. مێژووی ٣٦ ساڵەی دەسەڵاتەکەتەکەشیان ئەوەیان پێ دەڵێ، کە هەر لەیەکەم رۆژەکانی دەسەڵاتەکەتانەوە ویستتان بە گیانی رۆلەئازادیخوازەکانی ئێران و کوردستان دیواری دیکتاتۆرییەتیان قایمتر بکەن، بەڵام کەی دڵنیا دەبن لەوەی کە هەتا دایکی وەک دایکی مەنسوور و فەرزادەکان هەبن، کوردستان و ئاڵای خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد هەر بە شکاوەیی دەمێنێتەوە و ئێوەش بەئاسوودەیی لەسەر حوکم و دەسەڵات نابن!

مەنسوورەکان دایکی وەک دایە خەدیجەیان هەیە بۆیە بەوپەڕی خۆڕاگرییەوە لە نێو زیندانەکانیشدا دەست لە خەبات و تێکۆشان بۆ رزگاری نەتەوەکەیان هەڵ ناگرن. مەنسوور و فەرزاد و فەرهاد و شیرینەکان دایکی وەک دایە خەدیجە و دایە سەڵتەنەیان هەیە بۆیە بە شانازییەوە بەرەوپەرتی سێدارە دەڕۆن. ئەو هەستی هاودەردییەی ئەمڕۆ لە لایەن دایکانی تێکۆشەرانی نێو زیندانەکان و رۆلە گیانفیداکانی کوردستان لەگەڵ دایکی مەنسووری ئاروەند جارێکی دیکە ئەوە بە هەموو لایەک دەسەلمێنێتەوە، کوردستان سەر نەوی ناکات بۆ ئازادیکوژان، هەروەک دایکانی شەهید کە بۆ هاودەردی چووبوونە سەردانی بنەماڵە سەربەرزەکەی مەنسووری ئاروەند، دروشمیان دەدا شەهید نامرێ، شەهید نامرێ! ئێمەش دەڵێین هەتا ئێوەی خۆڕاگر و بەوورە هەبن کوردستان هەر بەسەربەرزی و خۆڕاگری دەمێنێتەوە!

لە ژمارە ٦٥٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢١ی جوونی ٢٠١٥

## کاک محەممەد سەدیقی کەبوودوەند

ئەوەی کەبوودوەند لە کوردستان بۆ مافی مرۆڤ کردی، تەواوی هەوڵی حیزبەکانی کوردستان سەریەک بەخەیەوە بۆ پرسی مافی مرۆڤ، نەیانتوانیوە وەک کوبوودوەند، ئەم پرسە لە کوردستان بکەنە پرسێکی زیندووی کۆمەڵگە. زیاتر لە ٨ ساڵە بە تاوانی هەوڵە مرۆییەکانی خراوەتە نێو چواردیواری تەنگەبەری زیندان، بەڵام بەو حاڵەش لە هەوڵ و تێکۆشانی بۆ جێگیر بوونی مافی مرڤ لە کوردستان نەوەستاوە، دەرکردنی بەیاننامەکان و نامەکان لە نێو زیندانیشەوە شاهیدی بۆ ئەم هەوڵانەی ئەم تێکۆشەرەدەدەن.

لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی زیندانی کرانی دا تەنیا دەتوانم ئارەزووی ئازادبوونی بۆ بکەم و بڵێم هیوادرام بە ساغ و سڵامەتی بەگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگە چاوەڕوانەکەی. چاوەڕوانی ئەوەی رۆژێک بێ و هەوڵەکانی کەسانی وەک کاک محەممەد سەدیقی کەبوودوەند بگەنە ئامانج.

لە ٨ ساڵەی زیندانی کرانی محەممەد سەدیق کەبوودوەند دا هەواڵێک هێندەی دیکەی لایەنگرانی مافەکانی مرۆڤ نیگەران کرد، ئەوەیش راپۆرتە ساڵانەکەی ئەمریکا بوو لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە جیهاندا.

ئەمڕۆ بەرژەوەندییە سیاسییەکانە دیاری دەکا کە رێژیمەکان پێشلکەری مافی مرۆڤن یان نا.

راپۆرتی ساڵانەی هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی مافی مرۆڤ لە جیهاندا هەموو ساڵێک لە لایەن ئەمریکاوە بڵاو دەبێتەوە.

چەندین ساڵە ئەمریکا ناوی رێژیمی ئێرانی لەسەرەوەی لیستەکەیدا تۆمار کردوە و ئێرانی بە یەکێک لەو رێژیمانە ناوبردوە کە دەستی باڵای هەیە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە وڵاتەکەی دا. راپۆرتی ئەمساڵی جیاواز بوو لە ساڵانی رابردوو! سەرەڕای ئەوەی ساڵی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٥ زۆرترین پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە لایەن رێژیمی ئێرانەوە کراوە، کەچی ئێران دێتە خوارەوەی لیستەکەی ئەمریکا!

چ گاڵتەجاڕییە مافی مرۆڤ بەدەست سیاست و بەرژەوەندییە سیاسییەکانی زلهێزەکانی دنیاوە!

# کەس نەبوو خەمەکانی لەگەڵ هەڵگرێ؟!

**کانی کچی حەمەدەمین ئاگووشی لە ماڵەکەی خۆیان لە شاری پیرانشار کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.**

**ئایا کەس لە شارەکەیدا نەبوو خەمەکان لەگەڵ کانی دابەش بکا تاکوو هێندە لەسەری قورسایی نەکات و ئاخرین ڕێگا کە کۆتایی هێنان بە ژیانە، هەڵنەبژێرێ؟**

**کانی، تەمەن ٢٣ ساڵ و خوێندکاری ساڵی چواری زانکۆ بوو. ناوبراو کە ساڵێک لەمەوبەر دایکی لە دەست دابوو، لە گەڵ براکەی پێکەوە دەژیان. لەدەستدانی دایک و بەندکرانی درێژخایەنی باوکی ماوەیەک بوو ئەوی تووشی خەمۆکی کردبوو. بەرەوڕووبوونەوە لە گەڵ کێشەو گیروگرفتەکانی ژیان، بۆ کچێکی لاو کە باوکی لە مێژ ساڵە بە هۆی سیاسی لە بەندیخانە دایەو دایکیشی لە دەست داوە، تواناو تاقەتی ئەو ئینسانەی هەڵپرووکاندبوو کە سەرئەنجام بە داخەوە ئەم خەم و گرفتانە بە چۆکیان داهێنا. هەموو ئەوانە راستن. دەکرێ کۆماری ئیسلامی بە هۆکاری ئەو چارەنووسە بزانین، کە بێگومان هەر واشە کۆماری ئیسلامی هۆکاری سەرەکی هەموو رۆژرەشییەکانی خەڵکی ئێران و کوردستانە. بەڵام ئایا کەس لە شارەکەیدا نەبوو خەمەکان لەگەڵ کانی دابەش بکا تاکوو هێندە لەسەری قورسایی نەکات و ئاخرین ڕێگا کە کۆتایی هێنان بە ژیانە هەڵنەبژێرێ؟ ئەم جۆرە هەواڵانە بە ئازارترین هەواڵن بۆ هەر کەسێک ئەگەر کەمێک لە خەمی کۆمەڵ و وڵاتەکەیدا بێ! بەڵام ئایا هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە کانیان دەناسی و شاهیدی رەنج و ئازارەکانی بوون، نەیاندەتوانی ڕێگە لەم چارەنووسە بگرن کە کانی هەڵی بژارد؟ بەداخەوە دانە دانە لاوەکانمان کۆتایی بە ژیانیان دێنن و ئێمەش بێدەسەڵات بەلای هەوالەکەیدا تێدەپەڕێن، بێخەبەر لەوەی چ کاریگەرییەک لەسەر رووحی کۆمەڵگای کوردستان دادەنێ و..... وای کە ئەو مردنانە لە لامان ئاسایی بن!**

**٤ی جووڵای ٢٠١٥**

# مردن لەپێناو چ دا!

بەشێوەی نێونجی لە هەر چرکەیەکدا ١/٤ کەس لە جیهاندا بە هۆی خۆکوژییەوە گیان لەدەست دەدەن. ڕێکخراوەکانی لەشساغی وڵاتان، ساڵانە نیگەرانی خۆیان لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی خۆکوژییەکان دەردەبڕن. ※

دەگوترێ مردنە مانا دەدا بە ژیان! بەو مانایە ژیان بۆیە جوان و شیرینە چونکە لە کۆتاییدا مەرگ ڕێگای لێگرتوە! یەکێک لە تایبەتمەندییە جوان و زیندووەکانی مرۆڤ ژیانخۆشەویستییە. بەڵام ئەوانەی مردن بەسەر ژیاندا هەڵدەبژێرن و لە ژیان و زیندوویی ڕادەکەن، دەبێ ژیانیان چ تاڵ و ئازاراوی بێ، کە خۆیان بەرەوپیلی مردن دەچن؟! بۆ دەبێ توانەوە و لەناوچوونی «خود» بەمەبەستی هەڵاتن لە ئازارەکان بکرێتە ئامانج؟ ئەمە هەڵەیەکی کوشندەیە بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە ئازارەکان خۆت لەناو بەری.

پەرەسەندنی خۆکوژی دیاردەیەکی خەمهێنەری ئەم قۆناغەی ژیانی زۆر لە کۆمەڵگاکانە. ئەگەر خەسارناسییەکی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکرێ، دەبینین کۆماری ئیسلامی لەماوەی دەسەڵاتدارەتیی‌دا دەتوانین بڵێین سیستماتیک هەوڵی وێرانکاری ناخی مرۆڤی کوردی داوە. پەرەسەندنی دیاردەی ئێعتیاد لە نێو لاواندا، ڕێژەی خۆکوژییەکان و نەخۆشییە دەروونییەکان لە نێو تاکەکاندا، ناعەداڵەتیی سیستمی دەسەڵات، هەژاری و بێکاری، نەبوونی ئازادییەکان، زاڵبوونی کەلتووری پیاوسالاری و باوکسالاری و پەرەپێدانی ئەو کەلتوورەوە لەلایەن سیستمەوە، هەمووی ئەوانە کاریگەریی نالەباری لەسەر دەروونی تاکی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناوە و بەم هۆیەوە نائومێدی و نەگبەتی ڕووی لە مرۆڤەکان کردوە. بەڵام ئایا مردن ڕێگەچارەی دەربازبوون لە هەموو نائومێدی و کێشەکانە؟

ئەمە کارەساتە تەنیا لە ماوەی دوو حەوتوودا ١٠ کەس هەوڵی خۆکوژییان داوە! نەک لە وڵاتێک، بەڵکوو لە شارێک و ناوچەیەک، ٦ کەسیان تەنیا لە گوندی «قەلەرەشە»(١) و ٤ کەسەکەی دیکەش لە شاری سەردەشت و دەوروبەر بوون. دڵتەزێن و جێگەی نیگەرانییە لە شارێک لە ماوەی دوو حەوتوودا ١٠ کەس هەوڵی خۆکوژی بدەن! ئەگەرچی مۆتەکەی خۆکوژی تەنیا شاری سەردەشت و گوندی قەلەرەشەی دانەگرتوە، بەڵکوو ئەمە لە زۆر لە شار و ناوچەکانی دیکەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کەم و زۆر مانگ نیە چەندین هەواڵی خۆکوژی لە ڕاگەیەنەکان

و تۆرەکۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو نەبێتەوە، بەڵام بۆ شارێکی چووکەی وەک سەردەشت ڕووداوێکی مەترسیدارە کە بەم ڕێژە زۆرە لاوەکانی ڕوو لە خۆکوژی بکەن. ڕێژەی زۆرتری خۆکوژییەکانیش لەنێو ژنان دایە.

تا ئێستاش ئەم مەسەلەیە نەبۆتە باسێک بۆ بیرلێکردنەوەی بەرپرسان و دەسەڵاتداران، بۆ چارەیەکی ئەگەر نەڵێین بەپەلە، بەڵام لانیکەم بەجۆرێک بۆ پێش گرتن لەم کارەساتە ئینسانییە بەو ڕێژە زۆرە. بۆ ئەوەی سێبەری مەرگ باڵ بەسەر ژیاندۆستی مرۆڤەکانی دیکەی ئەم وڵاتەدا دانەپۆشێ.

کارەساتی خۆکوژیی تایبەت نیە بەم ساڵانەی دواییەوە، ئەوەی جێی نیگەرانییە بەرزبوونەوەی ڕێژەی خۆکوژییەکانە لە ناوچە جۆراوجۆر و هەژارەکانی کوردستانە. دیارە خۆکوژییەکان هەمووی پێوەندیی بە هەژاری و نەبوونییەوە نیە، هەڵبەت گومانی تێدا نیە هەژاری و نەبوونی، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان. بەڵام بە بڕوای زۆر لە شارەزایانی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵناسان؛ گوێنەدان بە خواستی لاوان و ژنان و پشت گوێخستنیان لە لایەن بنەماڵەوە، چاولێکەرییەکان، شکستی خۆشەویستی، هەژاریو نەبوونی و چەندین هۆکاری دیکە دەبنە هۆی ئەوەی تاک تەنیا ڕێگەی دەربازبوون لەو نەهامەتیانە خۆلەناوبردن هەڵبژێرێ.

خوشکی یەکێک لەو کەسانەی سەردەشت کە هەوڵی خۆکوژی داوە، بۆ ماڵپەری «فرهیختاگان»ی ڕاگەیاندوە، باوک و براکەم ڕێگەیان نەدا خوشکەکەم تەڵاق وەرگرێ و دەڵێ خوشکەکەی من ٢١ ساڵی تەمەن بوو و تەنیا ٦ مانگ بوو ژیانی هاوبەشی پێک هێنابوو، هاوسەرەکەی بەردەوام پێی دەگوت «من کچێکی دیکەم خۆش دەوێ و نامەوێ لەگەڵ تۆ درێژە بە ژیان بدەم»! ئەو دەڵێ «خوشکەکەم لەسەر ئەو قسانەی کە هاوسەرەکەی پێی دەگوت، زۆر جار لەگەڵ براو باوکم باسی کردوە و داوای لێ کردوون پشتیوانی لێ بکەن تا لێی جیابێتەوە، بەڵام ئەوان نەک هیچ پشتیوانییەکیان لێ نەکرد، پێیان دەگوت بەهەرجۆرێک بێ دەبێ درێژە بەژیان بەدەی لەگەڵ هاوسەرەکەت»!... تا ڕۆژێ دیتمان خوشکەکەم بە دارێکەوە خۆی هەڵواسیوە و خنکاوە. پاشان دەڵێ هێشتا ڕێورەسمی پرسەی خوشکەکەم تەواو نەببوو، لە سێ‌ڕۆژەی مەرگی‌دا بووین هەواڵی مردنی کچێکی ٢٠ ساڵەی دیکەمان بیست. دیسان لە ڕێورەسمی پرسەی ئەویش دا هەواڵیان هێنا کچێکی دیکەی ١٧ ساڵەی دێیەکەمان «قەلەرەشە» ئەویش خۆی هەڵواسیوە! بەڵێ قەلەرەشە لەم ڕۆژانەدا بۆنی مەرگی لێ دێ!

***

ئەم هەواڵە دڵتەزێنانە بەردەوام و نموونەی ئەو ئازارانە زۆرن لە نێو کۆمەڵگەی کوردستاندا. هەرلەم بارەیەوە

لەگەڵ هەر کەسێک قسە دەکەی ئاهوناڵەی دێ لە دەست کێشە و دیاردەی کۆمەڵایەتی و هەژاری و بێکاری و ناخەمخۆری بەرپرسان و دەسەلاتداران. لە گەڵ خانمێکی چالاکی فەرهەنگی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گفتگۆمان دەکرد، ئەو بەم دێرە روانگەی خۆی لە بارەی ئەم هەموو خۆکوژییەوە دەربڕی: «لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژیان خۆی مەرگە»!

قسەی ئەو خانمە بۆ لێوردبوونەوە دەبێ، چونکە ناهومێدی لێ‌بەدی دەکرێ. بەتایبەتی لە زمان کەسێکەوە دەبیسترێ کە خۆی لە بواری فەرهەنگییەوە ساڵانێکە ڕۆڵی هەیە. ئەو جۆرە کەسانە دەتوانن قورساییان هەبێ لەسەر ئاگا کردنەوەی کەسانێکی دیکە کە ناهومێدی ژیانی داگرتوون، بەڵام بەداخەوە نەبوونی بواری تێکۆشان بۆ چالاکی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا ئەوندەی دیکە کاریگەری خراپی لەسەر دۆخەکە داناوە.

بەرپەرچدانەوەی سەختییەکانی ژیان زۆر ڕێگاو شێوەی هەیە بەڵام ئایا هەڵبژاردنی مەرگ لاوازیی ئەو ئینسانانە دەردەخا؟

دیارە ناکرێ ئەوانەی خۆکوژی هەڵدەبژێرن، لۆمە بکرێن و بڵێین ئەوان لاوازترین کەسەکانن. لەنێو ئەوانیش دا کەسانێک هەن بەدەست نەخۆشیی خەمۆکییەوە ئازار دەکێشن، هەن کەسانێک دەیانەوێ بە مردنی خۆیان کەسانی دەوروبەریان کە پێیان وایە ئەوانن بوونەتە هۆی ئەوەی ئەم ژیانە تاڵە بەنسیبیان بێ، ئازار بدەن. دیارە خۆکوژی ئەگەر ڕووداو و کاردانەوەیەکی کوتوپڕە، بەڵام پرۆسەیەکی دوورو درێژە لە ژیانێکی دژوار و ناهەموار کە ئەم کاردانەوەیەی لێ دەکەوێتەوە. واتە نەهامەتییەکانی ژیانە ئینسانەکان بەرەو بێهیوایی دەبات، بەڵام ئەم بێهیواییە چۆن ڕێگەی لێ دەگیرێ؟

## ڕێکاری بەپەلەی کۆتایی هێنەر یان کەمکردنەوەی خۆکوژی

کاتێک بەرپرسان و دەسەلاتدارانی ئێران لەم پێناوەدا بێخەمی خۆیان بە نیسبەت ئەم کارەساتانە نیشان داوە و چاوەڕوانییەکیان لێ ناکرێ ستراتیژی و پلانێکیان بۆ کۆتایی هێنان بە قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان هەبێ، دەی کەوایە ڕێگەچارەی دیکە چین؟ ئەگەر پێمان وابێ هەر دەسەڵات دەبێ بیر لەچارەسەرەکان بکاتەوە، ئەوە هەڵەیە، بەتایبەتی دەسەڵاتێک کە ماهییەتی نامرۆڤانەی بۆ هەموولایەک دەرکەوتوە.

کەواتە دەبێ پێشڕەوان و ئالاهەڵگرانی گۆڕانەکۆمەڵایەتییەکان، وەخۆکەون. حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و چالاکانی مەدەنیی نێوخۆی کوردستان کە هەموویان ئیددیعای پێشەنگایەتی و گۆڕان دەکەن، نابێ بە بیانووی جۆراوجۆر خۆیان لەم مەسەلەیە ببوێرن. هەمووڵایەک دەبێ هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە بۆ ئاگایی بەخشین بەکۆمەڵگەی کوردستان و سەرنجی خەڵک رابکێشن بۆ نیشاندانی بێزراویی کردەوەی خۆکوژی و، تاکەکان تێبگەیەنن کە ڕێگەچارە تەنیا ناهومێدی و مردن نیە. وەخۆکەوتن بۆ ئومێدبەخشین لەنێو کۆمەڵگەدا، کەمترین کارە کە دەکرێ بیکەن! ئەو ئەرکە جیا نیە لە خەباتی سیاسی نەتەوەیی، فەرهەنگی، مافی مرۆڤ و ژینگەپاریزی. ئەگەر ناتوانن ڕێگەچارەی ئابووری و سیاسی بخەنەروو کەکاریگەرترین فاکتەرن بۆ کەمکردنەوەی ئازار و مەینەتییەکان، بەڵام دەتوانن لە ڕێگەی کاری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە خۆبخزێننە نێو ناخی مرۆڤەکانی ئەم وڵاتەوە. ئینسان دەبێ لە ناخی خۆیەوە دەست پێ بکا. پێویستە بە هەر ڕێگەیەکی مومکین پێش بە پەرەسەندنی ئەم کارەساتە ئینسانییە بگیردرێ. دوارۆژی کومەڵگەی کوردستان بەندە بە هیوا بەژیانی ئینسانەکان لەم وڵاتەدا. ئەم هیوایە دەبێ بەهەرشێوەیەک بێ بگەڕێتەوە بۆ ناخی ئینسانەکان. قەیرانەکان کێشەیەک نین ساتوسەودای سیاسیی پێوە بکرێ. ناکرێ بۆ «پەریناز»ی مەهاباد کە گوترا عامیلی سەرەکیی مردنەکەی دەستوپێوەندەکانی کۆماری ئیسلامی بوون، خەڵک هان بدرێن بۆ نارەزایەتی و دروشمی بڕووخێ و بمرێ بڕژێنە سەر شەقام و داوای لێپرسینەوە لە دەسەڵات بکەن، بەڵام مەرگ و خۆکوژیی پۆل پۆلی لاوان و بە تایبەتی ژنان کە هۆکارێکی سەرەکی، دەسەڵاتی پیاوسالاری و باوکسالارییە، خۆی لێ بێدەنگ بکرێ.

ڕەنگە ئەو هەوڵانە ئاکامێکی دڵخوازی نەبێ، بەڵام پشتگوێ خستنیشی کارەساتی گەورەتری لێدەکەوێتەوە.

(١)گوندی قەلەرەشە، سەربە ناوچەی سوێسنایەتی شاری سەردەشتی رۆژهەڵاتی کوردستانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی: vista.ir

لە ژمارە ٦٦٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٣ی جووڵای ٢٠١٥

# دوای ٧٠ ساڵ

## هەنگاوێکی پڕبایەخ

حیزبی دیموکراتی کوردستان بە خەباتی بێپسانەوە لە ڕێی ئازادیی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد، خاوەنی رابردوویەکی پڕشنگدار و زۆر شانازی و سەروەرییە. لاپەرەکانی ئەو خەباتە پڕیەتی لە دەسکەوتی بەنرخ و نەریتی دیموکراتیانەیە کە جێگەو پێگەی ئەو حیزبەیان لە نێو کۆڕو کۆمەڵە کوردی و جیهانییەکاندا بەڕێزو ئێعتبار کردوە. یەکێک لەو دەسکەوتانەی حیزبی دیموکرات هەموو کات بە بایەخەوە باسی لێدەکا، بوونی رێکخراوی ژنان و حوزووری ژنان بووە لە ریزەکانی خۆیدا. دامەزرانی رێکخراوی تایبەت بە ژنان کە یەکەم هەنگاوی لە دەورانی کۆماری کوردستاندا بە مەبەستی هێنانە مەیدان و بزواندنی ژنان لە پێناو وەدەستهێنانی مافەکانیاندا هەڵێنرایەوە، یەکێک لەو هەنگاوە گرنگ و پێشکەوتوانەیە کە واقعی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردستانی لەو دەورانەدا بەتایبەت لە ناوچەی موکریان گۆڕی.

ئەمڕۆ کە حیزبی دێموکرات وەک جەماوەریترین و دێرینترین حیزبی رۆژهەلاتی کوردستان پێی ناوەتە نێو هەشتەمین دەیەی تەمەنی خۆی، لەگەڵ ئەوەی مێژوویەکی گەشاوەی تۆمار کردوە، بەدڵنیاییشەوە لە زۆر بارەوە بەرپرسیاریەتیی بۆ داهاتووی خۆشی دروست کردوە. لەپێوەندیی لەگەڵ ژنانیشدا بەهەمان شێوە چونکە لە رابردوودا یەکەم حیزب بووە لە کوردستان، خوێندنەوەیەکی پێشکەوتوانەی بۆ دۆخی ژنان کردوە، بەرپرسایەتیی قورسی لەوبارەیەوە دەکەوێتە سەرشان. جێی خۆیەتی لە ٧٠یەمین ساڵی تەمەنی حیزبدا ئاورێک لە رۆڵ و نەخشی ژنان لە ریزی ئەو حیزبەدا بدەینەوە و بزانین تا چەندە توانیویەتی گەشە بەم بیرۆکەیەی کۆماری کوردستان بدا. ئەگەر لەم مێژووە دوور و درێژە ورد دەبینەوە و ئاورێک لەو پرسە بدەینەوە، پێش هەموو شتێ ئەم پرسیارانە بەزەینذا دێن:

پێشەوا قازی محەممەد ٧٠ ساڵ لەمەوبەر بۆ هێنانە مەیدانی ژنان بۆ نێو بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و هتد، سنوورە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگەی کوردی تا رادەیەک بەزاند، ئایا حیزبی دیموکرات کە خاوەندارێتیی رێبازەکەی قازی محەممەد دەکا، توانیویەتی ئەو پرۆسەیە بەباشی بەرێتەپێشێ و بەرنامە بۆ

بەشداریی ئاکتیڤانەی ژنان دابڕێژێ؟ ئایا ژنان تا چەند توانیویانە لە نێو حیزبەکەی قازی محەممەددا ڕۆڵێکی ئاکتیڤ بگێڕن و کاریگەرییان لە گۆڕینی واقعی کۆمەڵایەتی و ستراکتۆری حیزبی دیموکرات هەبێ؟ وڵامی ئەم پرسیارانە دەتوانین بە چاوخشاندنێکی خێرا بە مێژووی حیزبی دیموکرات و نەخشی ژنان لەم حیزبەدا ئاسان ببینینەوە.

بەدڵنیاییەوە دامەزرانی کۆماری کوردستان و سیستمی ئیدارەی وڵات، لە لایەن ئەو کۆمارەوە کاریگەریی زۆری لەسەر ئاگا بوونەوەی کۆمەڵگەی کوردستان لەو دەورانە داناوە، بەڵام ئەگەر بێینەوە نێو قەوارەی ئەو حیزبەی بووە هۆی دامەزرانی کۆماری کوردستان، دەبینین حیزبی دیموکرات لەو بارەیەوە بە پێی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگە و هەلومەرجەکان، بەتایبەتی لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ەوە، لانیکەم لەنێو ریزەکانی خۆیدا وەک پێویست نەیتوانیوە ئەو بەرنامەیەی پێشەوا قازی محەممەد دایڕشت، بیباتە پێشێ و، ژنانیش ئەو نەخش و ڕۆڵە ئاکتیڤەی دەبوو بیگێڕن نەیانگێڕاوە.

(هێنانەبەرباسی کەموکوورییەکان، بەو مانایە نیە، لە بایەخ و گرنگیی ئەو کارانەی حیزبی دیموکرات لە دەیەکانی رابردوودا بەتایبەت لە دەیەتی ٦٠ی هەتاویی لە پێوەندیی لەگەڵ دیاردەکۆمەڵایەتییەکان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کردوونی کەم بکرێنەوە؛ کە ئەو دەورانە حیزبی دیموکرات دەسەڵاتی بەشێک لە کوردستانی بەدەستەوە بوو، زۆر کەلتووری دژە ژنی لە ژێردەسەڵاتی خۆیدا سڕینەوە و لە ئاگا کردنەوەی خەڵک لەسەر مافەکانیان زۆر کاری بەنرخی کردن).

بەڵام بێینەوە نێوخۆی حیزبی دیموکرات، تەنانەت لەم قۆناغەشدا حوزووری و ڕۆڵی ژن گرێدراوی کۆمەڵێک قەید و بەندە کە دابڕاو نیە لە جیهانبینی و بیرکردنەوەی پیاوسالاری نێو کۆمەڵگە. تاکوو ئەم ساتەوەختەش حیزبی دیموکرات لەگەڵ ئەوەی لەسەر ڕێچکە و ڕێبازی کۆماری کوردستان دەڕوا، بە بیانووی جۆراوجۆر، هەوڵی نەداوە بۆ سڕینەوەی کۆدەکانی پیاوسالاری و، خۆی دەرباز نەکردوە لەو قەیدوبەندانەی لەنێو کۆمەڵگەدا ماون. دیارە هیچ پاساو و بیانوویەک ئەمڕۆ ناتوانێ ئەوە لەچاوی تیژی یەکسانیخوازان و ڕۆشنبیرانی راستەقینەی کۆمەڵگەی کوردستان بشارێتەوە کە حیزبێکی دیموکرات و سیکۆلارو بیرچەپ لە ئاست دۆخ و ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگە و لە نێو حیزبەکەدا هەڵوێست و بڕیارەکانی لە ئاستێکی شیاوی چاوەڕوانییەکاندا نەبێ.

دیارە حیزبەکانی کوردستان، ئەگەر نەڵێین هەموویان، دەتوانین بڵێین زۆربەیان بناغەیەکی پیاوسالارانەیان هەبووە و پێوەرەکانی لاوازبوون و کۆیلەبوونی ژنیان تێدا بەهێز بووە. بۆیە زۆر لەو ژنانەی روویان لە حیزبەکان کردوە، نەبوونەتە شەپۆلێکی رزگاریدەری «خود» لەدەست کۆت و بەندەکانی پیاوسالاری و تێکدانی ساختاری پیاومەزنی لەنێو کۆمەڵگە و نێو حیزبدا.

ئاکتیڤ بوونی ژنان و رۆڵ و کارکردنیان لە هەر حیزبێکدا پێویستی بە باوەڕێکی قووڵی یەکسانیخوازی هەیە و نابێ تەنیا وەک دروشمێک لێی بڕوانرێ. ئەوە پیادەکردن و چەسپاندنی خەونی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و پێشکەوتووە کە حیزبێکی سیکۆلار، دیموکرات و پێشڕەو گرنکە بەرپرسیارانە کاری بۆ بکات. قسەکردن لە مافی وەک یەک بۆ ژن و پیاو، شەڕی گۆڕینی عەقڵی دەوێ، شەڕێک کە بە فکر دەکرێ. گۆڕینی دۆخی ژنان لە کۆمەڵگەدا، یان رۆڵی ژنان لە هەرحیزبێکدا بەبێ رەخنەی زۆر جیددی لە نەریتە کۆمەڵایەتییە پیاوسالارییەکان و بەزاندنی سنوورە تەقلیدییەکان کە بڕوابەخۆیی لەژنان دەستێنێتەوە، مەحاڵە بێتە دی. هیچ ئاڵوگۆڕێکیش بەتەنیا بە دانی دروشم و دانانی قانوون و بڕیار وەدیی نایە .

## پەسندکراوەکانی حیزبی دێموکرات

ئەگەر چاو لە بڕیارات و پەسندکراوەکانی حیزبی دیموکرات لە پێوەندیی لەگەڵ یەکسانی و ماف و ئەرکی ژناندا بکەین، کە بەرهەمی فکر و بیری کەسایەتییە رۆشنبیرەکانی حیزبە،کەمترین رەخنەی لەسەرە، بەڵام بۆ چەسپاندن و بەکەلتوور کردنی بڕیار و پەسندکراوەکان کاری جیددی و بایەخی شیاوی خۆی دەوێ. ئەگەر کەلتووری پیاوسالاری و نەریتیی کۆمەڵگەی کوردستان لە رابردوودا کاری کردۆتە سەر گەشە نەکردن و ئاستی رۆشنبیریی لە کۆمەڵگەدا و بە تایبەتی لەسەر ژنان، لە دەورانەکانی دواییدا لە نێو ساختاری حیزبدا ئەو پەروەردە و ئەو ئیرادە راستەقینەیە بەو رادەیە نەبووە بۆ گەشە و سەرخستنی ئەو پرۆسەیەی لە پەسەندکراوەکانی حیزبدا هەبوون. یانی پەروەردەی فکری تاکەکان لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی حیزبەوە، لەگەڵ بڕیارو پەسەندکراوەکان هەماهەنگ نەبووە. باوەڕ بە یەکسانی و هاوسەنگکردنەوەی نێوان مرۆڤەکان دەبێ لە گرنگیدان بە پەروەردە و بارهێنانی ئینسانەکاندا بۆی بگەڕێین، کە حیزب لە موناسباتی نێوخۆییدا بەوشێوەیە گرنگی بە پەروەردەیەکی پێشکەوتوانە و یەکسانیخوزانە نەداوە کە گۆڕانێکی قووڵ لە نێو ریزەکانی خۆیدا دروست بکا. رێبەرانی سیاسیی حیزبی دیموکرات هەمووکات ئەم قسەیان دووپات و چەندپات کردۆتەوە کە بە هۆی ئەو هەلومەرجە تایبەتییە،

واتە شەڕی چەکداری و هەلومەرجی سیاسیی کوردستان، حیزب نەیتوانیوە ئامانجەکانی خۆی لە بارەی دۆخی ژنان لە کۆمەڵگەدا پیادە بکا! بەڵام ئایا ئەم قسانە تاکەی دەتوانێ قەناعەت بە نەسلی ئەمڕۆ و سبەینێی ڕۆژهەڵات بێنێ؟

ڕێبەریی حیزب وەک ئۆرگانیزمێک، سەردەمیانە شەڕی لەگەڵ کۆی ئەو کەلتوورەی ژن وەک بوونەوەرێکی لاواز نیشان دەدا، نەکردوە. هەربۆیە تاکوو ئەم ساڵانەی دواییش بوونی ژن لە مەیدانی خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی‌دا لە نێو ڕای گشتیی خەڵکی کورستان و تەنانەت بۆ زۆر لە تاکەکانی نێو حیزبیش بە زەحمەت قەبووڵ کراوە، ئەگەر قەبووڵیش کرابێ، چاوێکی بەکەمبینی هەر لەگەڵ بووە. بۆیە دەبینین ئێستاش پاش ئەم هەموو ساڵە دوای بڕیارەکەی پێشەوا قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستان، بۆ هاندانی ژنان بۆ نێو مەیدانی خەبات و سیاسەت و بە نیسبەتی ئەو ئاڵوگۆڕەی لە ئێستای کۆمەڵگەی کوردستان‌دا دروست بووە و ئەو و موشارکەتەی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکان‌دا هەیانە، لانی کەم لە ریزەکانی حیزبی دیموکراتدا بە بەراورد لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنەکان، ئەو بەشداریی و موشارەکەتە نابینرێ و ژن نەیتوانیوە ڕۆڵێکی کاریگەر و کلیدی لە ژیانی سیاسیی حیزب دا هەبێ. ڕێژەی کەمیی ژن لە ریزەکانی حیزبی دێموکرات و لە ئاستی بڕیاردان دا، دەرخەری ئەم بۆچوونەیە.

ڕاستە هەمووکات ژنان وەک پشتیوانانی سەرەکی و بە توانای خەباتی مافخوازانەی بزووتنەوەی کورد ناسێندراون، بەڵام لە کردەوەدا ئەم پشتیوانانە، لەنێو ساختاری حیزبی دیموکراتدا زۆرتر وەک هێزێکی پاشکۆ ولاواز دیارن، تا ئێستاش ئەو هێزەیان نیە لانیکەم بتوانن خۆیان لەم پاشکۆیەتییە بێننەدەر. جگە لەوەی بە کردەوە سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپەکان ژنان لە بزووتنەوەدا بەشدار بوون و جگە لەوەی لە مانفیستی حیزبیش‌دا هاوسەنگی دەبینرێ، بەڵام لە کردەوەدا لە ساختاری حیزبدا ناهاوسەنگییەکی زۆر دەبینرێ. چونکە هێزی بەڕێوەبەر، بڕیاردەر و پەروەردەکاری حیزب نەک هەر پیاوان بوون، بەڵکوو زۆریان لەو پیاوانە بوون کە ئەم ڕێفۆرمەیان لەخۆیان‌دا دروست نەکردوە، یان ئەو کەلتوورەیان لەخۆیان‌دا نەسرێوەتەوە، کەلتوورێک کە ژن بە مرۆڤێکی لاوازتر لە پیاو دەبینێ. هەمیشە وەک هێزێکی پشتیوان چاو لە ژن کراوە، نەک وەک هێزێکی لەمەیدان.

بێگومان ئەم مەسەلەیە پێویستیی بە خەسارناسییەکی ورد و لێکۆڵینەوە و دەرێنانی ئامارێکی روون هەیە، بەڵام هەر بەچاوخشاندنێکی سەرپێیی، دەردەکەوێ ژنان لەچاو پیاوان دەرسەدێکی زۆر کەم لە بەرپرسایەتییە کلیدییەکانیان هەبووە. دیارە حاشای لێناکرێ ئەمە بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەر ئەسڵ دا ڕێژەی ژن لە حیزبی

دیموکراتدا بە هۆی ئەو تێڕوانینە زاڵەی لەکۆمەڵگەدا بەرانبەر بە ژن هەبووە کەم بوون. ئەوە خۆی باسێکی تایبەتی هەڵ دەگرێ. ئەوەی دیکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی لە سەرەوە باس کران. بەڵام قسە لەو ژنانەیە کە روویان لە ریزی حیزبی دیموکرات کردوە و قسە لەو رێکخراوەیە کە حیزبی دیموکرات دایمەزراند، بۆ نەیانتوانی مێژوویەکی جیاوازتر لەوەی ئێستا دروست بکەن؟

## ژنانیش لەم هەڵسەنگاندن و رەخنانە بەدەر نین

ژن خۆی لە خولقاندنی دۆخێک کە لە کۆمەڵگەدا بەسەریدا سەپاوە کاریگەری زۆری هەبووە. خۆی قەبووڵی ئەو باڵادەستییەی پیاوی کردوە، خۆی ئەم هەڵاواردنانەی قەبووڵ کردوە. لە راستیدا هیچ هێزێک ئاسان واز لە دەسەڵاتی خۆی ناهێنێ یان دابەشی ناکات، پیاو ئەو هێزەیە کە بەردەوام بۆ مانەوەی هێز و دەسەڵاتی خۆی لە بەربەرەکانی و ململانێدا بووە. پیاو لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان بە ئەحزابەکانیشیەوە هەر کاتێک ویستبێتی واز لەبەشێک لە دەسەڵاتەکەی بێنێ، بەدڵنیاییەوە ناچار کراوە. لە حیزبی کوردیدا ژن ئەو ئیرادە بەهێزەی لەخۆی نیشان نەداوە کە ئەم مۆدێلە هەر پیاو فەرماندە و بەرپرس و رێبەری و سکرتێر بێ، بگورێ. هەرچەند لەمەشیان دا ژنی کورد تاوانباری سەرەکی نیە.

گۆڕینی ئەم دۆخە پەروەردەیەکی ستراتیژی دەویست بۆ پێگەیاندنی مرۆڤی یەکسانیخواز بۆ هاوسەنگ کردن و بۆ ئەوەی ئیرادە و هێزی دەروونی بە ژن ببەخشرێتەوە و ئەم ترسەی لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵگەدا لەگەڵی بووە و هەر لەمنداڵییەوە فرچکی پێگرتوە، بتوانێ لەخۆیدا بسرێتەوە. مرۆڤێک بڕوابەخۆیی و ئەو هێزە دەروونییەی نەبێ، ناتوانێ ئەو کۆسپانەی دێنەسەر رێی لەگەڵیان رووبەروو بێتەوە و لایانبەرێ.

دروستکردنی هاوسەنگی پێویستی بە رێژەی زۆری ژنی ئازا، ئاگا و بە ئیرادە و بە پیاوی بەرابەریخواز هەبووە کە بەداخەوە لە حیزبی کوردی و رێکخراوی ژنانی کورددا تاکوو ئەمڕۆش لەو بارەیەوە ئەم هێزە دروست نەبووە کە ئەو هاوسەنگییە دروست بکا و ساختارە پیاوسالارە و بگۆڕێ. دیارە ژنی بەهێز، بڕوا بەخۆ، ئاگا و پیاوی یەکسانیخوازی راستەقینە، زەمینەی کۆمەڵایەتی پێشکەوتووی پێویستە. بنیاتنانی داهاتوویەکی جیاواز لە ئێستامان پێویستمان بەو زەمینەیە و بە خەباتێکی فکری ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا هەیە. بەتایبەتی ئەم بەرپرسیارەتییە لە حیزبی دیموکراتدا بەشێکی زۆری دەکەوێتە سەر شانی خودی

ژنان و ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان کە ئەم حیزبە دایمەزراندوە. بەو هیوایە لە هەشتەمین دەیەی ژیانی حیزبدا قۆناغیکی نوێ لەم خەباتە دەست پێ بکرێ.

لە ژمارە ٦٦٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥

## کوشتاری زیندانیانی سیاسی پەڵەیەک بە نێوچاوانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە

بڕیار درابوو کارەساتێکی گەورە بقەومێ، کارەساتێک بە فەرمانی کەسێک کە خۆی بە نوێنەری خوا لە سەر زەوی دەزانی! ئەو مافی بە خۆی دابوو کە ئەم «کافرانە» دەبێ بنێردرێنە شوێنی خۆیان... بڕۆن بۆ جەهەنەم! .... دەستە دەستە کچ و کوڕی لاو بانگ دەکران و نەدەگەڕانەوە نێو بەندەکانیان، ئەو شوێنەی تەنیا بە تاوانی ئازادیخوازی تێیدا زیندانیی کرابوون.

بیست وحەوت ساڵ لەمەوبەر لە ٦ی گەلاوێژی ١٣٦٧ی هەتاویدا خومەینی ڕێبەر و دامەزرێنەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، فەرمانی قەتڵی هەزاران کەس لە زیندانیانی سیاسیی ئێرانی دەرکرد: «ئەو کەسانەی کە لە زیندانەکاندان و لەسەر بیر وباوەری خۆیان سوورن کافرن و دەبێ لە ناو بچن.»

ئەوان تەنیا بە تاوانی بەشداریی لە خۆپیشاندانێک یان بەشداریی لە کۆبوونەوەیەکی سیاسی یان نووسینی دروشمێکی سیاسیی ئازادیخوازی لە سەردیوار، زیندانی کرابوون. تەنانەت هێندێکیان ماوەی زیندانییەکەشیان تەواو ببوو، بەبێ ئەوەی بتوانن دیفاع لە خۆیان بکەن، بەبێ ئەوەی بتوانن هاوارێک بکەن، جەللادەکان بەرەوە کوشتارگایان بردن. نەیاندەزانی لێسەندنەوەی ژیان، یان درێژەی ژیانیان پێوەندی بەو وڵامانەوە دەبێ کە دەیدەنەوە بە پرسیارەکانی هەیئەتی هەڵبژێردراوی خومەینی، هەیئەتێک کە ناوی لێ نرا هەیئەتی مەرگ!

## هۆکاری ئەو کوشتارە

زۆر لە سەرانی ڕێژیم و تەنانەت هێندێک کەسیش لە دەرەوەی ئەو ڕێژیمە هۆکاری ئەو کوشتارە سامناکەیان دەگەڕاندەوە بۆ عەمەلیاتی نیزامیی ڕێکخراوی مجاهیدین کە بە ناوی «فروغ جاودان» کە لە سەرەتای گەلاوێژی ١٣٦٧ لە خاکی عێراقەوە بۆ سەر ڕێژیمی ئێران دەستی پێکرد. بەڵام هەم لە روانگەی مێژووییەوە ئەم بۆچوونە نادروست بوو، هەم لە روانگەی ئەخلاقی و مافی مرۆڤەوە، نارەوایە کە ئەو تاوانە ببەسترێتەوە بەم ڕووداوەوە.

بە پێی نێوەرۆکی نووسراوە و بیرەوەریی زۆر لە زیندانیانی پێشوو کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە چنگی هەیئەتی مەرگ ڕزگاریان بووە، زۆر زووتر لەو ڕێکەوتە کوشتار و فشار دژی زیندانییە سیاسییەکان دەستی پێ کردبوو. لە ڕاستیدا ڕێژیمی خومەینی هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنیەوە بۆ لەناو بردنی موخالیفانی خۆی لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە شەرمی نەدەکرد. ئامانجی سەرەکی ئەوە بوو موخالیفانی نیزامەکەی بسڕێتەوە. ئێعدامی زیندانیانی سیاسی لە ساڵەکانی ٦٠ و ٦١ ئەوە دەسەلمێنن کە کۆماری ئیسلامی هەمووکات بۆ لەنیوبردنی موخالیفانی خۆی دەستی لە هیچ جینایەتێک نەگێڕابۆوە. ئەو کوشتارەش درێژەی هەمان ئەو ئێعدامانە بوون کە لەسەرەتای دەسەڵاتەکەیەوە دەستی پێ کردبوو. بەڵام بیانووی ئەمجارەی بۆ سڕینەوەی موخالیفان، ترس لە کۆتاییی شەڕی ئێران و عێراق بوو. سەرانی ڕێژیم کۆتایی شەڕیان وەک پاشەکشەیەکی گەورە دەدی بۆ نیزامەکەیان. ئەوان پێیان وابوو موخالیفانی کۆماری ئیسلامی بە ئاسانی دەتوانن بە قازانجی خۆیان لەم ڕووداوە کەڵک وەربگرن. بە خەیاڵی خۆیان بەم شێوەیە ویستیان بۆ هەمیشە حیسابی خۆیان لەگەڵ نەیاران تەواو بکەن. بۆیە خومەینی ئەم پیلانەی داڕشت بۆ لە ناوبردنی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی.

ڕێژیمی خومەینی بۆ چاوترسێن کردنی موخالیفانی خۆی هەزاران کەسی لە ژن و پیاوی ئازادیخوازی ئێرانی قەڵاچۆکردن بۆ ئەوەی دەنگی ئازادیخوازیو جیابیری بێدەنگ بکا و بە نیازی ئەوەی ببێتە دەرسی عیبرەت بۆ خەڵکانیتریش. ئەو ئێعدامکراوانە جگە لە چەند کەسێکیان کە پێشتر حوکمی ئێعدامیان هەبوو، زۆربەیان تەنانەت ماوەی مەحکوومەتەکەیان تێپەڕ کردبوو و لە چاوەڕوانیی ئازادبوون دا بوون. پاشان بە شەو بە کۆمەڵ تەرمەکانیان لە گۆڕە بێناوونیشانەکاندا دەخستنە بن گڵەوە بۆ ئەوەی ئاسەواری ئەو جینایەتە سامناکە بشاردرێتەوە.

## ئاشکرابوونی ئەو جینایەتە

هەر لە بەهاری ١٣٦٧ەوە چاوپێکەتنی بنەماڵەکان لەگەڵ رۆڵەکانیان راگیرابوو. لە مانگی خەرماناندا بنەماڵەی زیندانییەکان دەنگۆی زۆریان لە بارەی کارەساتێکەوە بیستبوو، ئەوان نەیان دەزانی چ بکەن، باوەڕ بکەن یان نا؟ لە ناباوەڕی و دڵە خورپە و نیگەرانیدا مابوونەوە، ئاخر زۆربەیان ئازیزانیان پێشتر محاکمە کرابوون و هۆکارێک نەبوو بۆ ئەوەی کە ئەوانە ئێعدام بکرێن، لێیان روون نەبوو، بەتایبەت کە نە تەرمەکانیان دەدراوە بە بنەماڵە، نە شوێنی ناشتنیان دیار بوو. پاشان لە ئاخری مانگی خەزەڵوەردا چاوپێکەوتنی بنەماڵەی زیندانیان کە لە بەهارەوە راوەستابوو دەستی پێ کردەوە. هەر بنەماڵەیەک کە دەچوو بۆ چاوپێکەوتن و ئیتر زیندانییەکەیان نەدەدیتەوە، بۆی دەردەکەوت کە رۆڵەکەی نەماوە. بەتایبەت کە بنەماڵەکان سوور بوون لەسەر سۆراغێکی رۆڵەکانیان. رێژیم رێگەیەکی دیکەی نەبوو بۆئەوەی لێی راکات و ناچار بوو نیشانەیەک بداتەوە پێیان. ئەوە بوو هێندێکیان جانتایەک کە چەند وردە کەلوپەلێکی شەخسیی رۆڵەکانیانی تێدا بوو پێیان دەدرایەوە. بەم جۆرە بوو دەرکەوت چ کارەساتێک رووی داوە. بەشێکی زۆر لەو بنەماڵانە پێکەوە کەوتنە خۆ بۆدیتنەوەی شوێنی ناشتنەکەیان. گۆڕستانی خاوەران و هەڵدانەوەی گۆڕەکان لەلایەن سەگە برسییەکان و شوشتنەوەی زەوی بە ئاوی باران و دەرکەوتنی ئێسک و پرووسکی ئەو ئێعدامکراوانە، رووداو و بەسەرهاتێکی زۆر تاڵ و بەئازاری دەرخست. بەم جۆرە بە هەزاران کەسی بێتاوان بە فتوای کەسێک کە خۆی بە رێبەری «مستضعفان»ی جیهان دەزانی! و لە دادگایەکی رواڵەتی و چەند خولەکیدا حوکمی مەرگیان بەسەردا سەپا.

دیارە تا ئێستاش ژمارەی ئەو ئێعدامکراوانە بە روونی دیار نییە. تەنیا دێرێک لە قسەکانی مونتەزیری لەم پێوەندییەدا کە بۆ خومەینی نووسیوە بەسە بۆئەوەی گەورەیی کارەساتەکە نیشان بدا. لە ٩ی گەلاوێژدا کە ٤ رۆژ دوای فتواکەی خومەینی و ٣ رۆژ دوای دەستپێکردنی ئێعدامەکانە مونتەزیری بۆ خومەینیی نووسیوە: «بەهەر حاڵ ئێعدامی چەند هەزار کەس لە ماوەی چەند رۆژدا کاردانەوەیەکی باشی نابێ و بەدوور لە هەڵە نابێ». ئەو دێرە بە جۆرێک گەورەیی کارەساتەکە نیشان دەدا. بۆیە مونتەزیری دەیەوێ خومەینی لەو هەڵەیە ئاگادار بکاتەوە.

...ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەم کارەساتە گەورەیە نابێ تەنیا و تەنیا لە لایەن بنەماڵەی قوربانییانەکانەوە یادی بکرێتەوە. پێویستە هەموو لایەک هەوڵ بدەن ئەو جینایەتەی خومەینی و رێژیمەکەی کە ئێستاش بە

شێوەیەکی دیکە دژی ئازادیخوازانی ئێران و کوردستان هەر بەردەوامە، لە بیرو زەینی ئەو خەڵکەی کە لە ئێراندا دەژین نەسڕێتەوە و لەبیر نەکرێ و داوا لە کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ بکرێ ئەو ڕێژیمە بە هۆی کردەوە نامرۆڤانەکانیەوە مەحکووم بکەن و چی دیکە ڕێگە نەدەن کۆماری ئیسلامی ئاوا بە ئاسانی گیانی ئینسانە شەریف و ئازادیخوازەکانی ئێران بستێنێ.

مەودای ئەو کوشتارە گەورەیە لەگەڵ ئەمڕۆ کەم نیە و زۆر لەوانەی شاهیدی کارەساتەکە یان خوڵقێنەری کارەساتەکە بوون خەریکە ژیان بەجێدێڵن و لەجێیان نەوەیەکی نوێ کە کەمتر ئاگایان لە ڕوودانی ئەو جینایەتەیە، هاتوونەتە ژیانەوە، بە تایبەتی ئەو ڕێژیمەی کە خوڵقێنەری ئەو کارەساتە نامرۆڤانەیە بوو هەر لە دەسەڵات دایە و بۆ سڕینەوەی جینایەتەکە هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە ڕووداوی کوشتاری ٦٧ بسڕێتەوە یان هەر نەبێ بچووک بکاتەوە.

ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی وەکوو ئەرکێکی گرنگ لە سەریەتی لە هەر کات و ساتێکدا ئەو مەسەلەیە بە زیندوویی ڕابگرێ بۆ بەدوادا چوون و لێپرسینەوە و زیندوو ڕاگرتنی یادی ئەو شەهیدانە، پشتی بنەماڵەکانیان بگرن . گرنگ نیە ئەو قوربانییانە سەر بە چ ئیدئۆلۆژی و فکرێک بوون، هەموو ئەوانە پێش ئەوەی ئەندامی ڕێکخراوێک بن ئینسان بوون و بە ناحەق گیانیان لێ سەندراوە، بۆ دیتنەوەی ڕاستییەکان و ڕیسوایی خوڵقێنەرانی ئەو جینایەتە دڕندانەیە پێویستە هاوکار و یاریدەدەری یەکتر بن، تاکوو جارێکی دیکە کارەساتی لەم شێوەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دووبارە نەبێتەوە.

لە ژمارە ٦٦٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

## سیمبولەکانی کورد لە چوارچێوەی حیزبدا!

نەتەوەی کورد خاوەن خسڵەتێکی دەروونی تایبەت بە خۆیەتی. یەکێک لەو خسلەتانە وەفاداری و ڕیزگرتن و دڵسۆزییە بۆ خەباتکارانی کۆچکردوو و شەهیدان و ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی، کە دەکرێ وەک خسلەتێکی جوان و پۆزێتیڤ چاوی لێ بکرێ. بەڵام ئەم هەستی وەفاداری و دڵسۆزییە هەروەک چۆن خەبات و غەمەکانمان، بیرکردنەوە و پرۆژەکانمان و.... هەموو شتێکمان دابەش کراوە بەسەر حیزبدا پرش و بڵاو و بەش بەش کراوە !

لە نێو حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زۆر کەسایەتی هەڵکوتوو و بلیمەت و ڕێبەر هەبوون کاتێک لەدەستچوون، نەک هەر بۆ حیزبەکەیان بەڵکوو بۆ نەتەوەکەشیان خەسارێکی گەورە و قەرەبوونەکراو بوون، بەڵام دەبینین تەنیا لە چوارچێوەی "حیزب"دا ڕێزیان لێگیراوە و یادیان کراوەوتەوە و خاوەنداریتی لە کەیسەکەیان کراوە . بۆ نموونە دوکتور سادقی شەرەفکەندی یان کاک فوادی موستەفا سوڵتانی، هەریەک لەوان کەسایەتیی تێکۆشەر و بلیمەت و هەڵکەوتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون، بەڵام دەبینین تەنیا لە چوارچێوەی ئەو حیزبەدا یادیان لێ دەکرێتەوە و خەباتەکەیان هەڵدەسەنگێندرێ، کە خەباتی نەتەوەیی و ئینسانییان تێیدا بەرەوپێش بردوە. بۆ نموونە دیموکرات کەمتر باسی کەسێکی وەک کاک فوادی مستەفا سوڵتانی و کاریگەریی خەباتەکەی لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی دەکا، یان کۆمەلە زۆر بە کەمی باسی کەسایەتیی و تایبەتمەندییە بەرزەکانی وەک دوکتور شەرەفکەندی دەکا. ڕاستە ئەوانە هەریەک لە حیزبێکدا بوون و بیروبۆچوونیان جیاواز بووە، بەڵام چوارچێوەی کارو تێکۆشان و خەباتەکەیان بۆ کوردستان، سنووری حیزبایەتیی بڕیوە. یا بۆ نموونە ئەگەر باسی کەیسی تیرۆری دوکتور قاسملوو دەکرێ، تەنیا حیزبی دیموکرات خۆ بە خاوەنی ئەو کەیسە دەزانێ، لە حاڵێکدا قاسملوو زۆر لەوە گەورەتر و کاریگەرتر بووە بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان کە تەنیا حیزبی دیموکرات خۆ بەخاوەنی کەیسەکەی بزانێ.

ئەوە لە کاتێک دایە دوژمنی نەتەوەی کورد یەک لەوان کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەو جیاوازییەی دانانەناوە و هەوڵی داوە بژاردەکانی ئەم نەتەوەیە بەهەرشێوەیەک بووە لەناو بەرێ یان بایەخیان کەم بکاتەوە. قەزیەی تیرۆرە سیاسییەکانی ڕێبەرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە نموونەی ئاشکرای ئەم ئەو هەوڵانە بووە دژی ئەم نەتەوەیە. ڕێژیمێک بە مەبەستی بەهێز بوونی خۆی لە کوردستان، گەورەترین

جینایەتی خوڵقاندوە و بە تیرۆر کردنی کەسایەتیی و لەناوبردنی بژاردە سیاسی‌یەکانی ئەم گەلە، نیشانی داوە کە لە لای ئەو دوژمن یەکێکە، ئەویش گەلی خەباتکار و ئازادیخواز ی کوردە. بەڵام ئەم گەلە بە هۆی حیزب حیزبێن و بەرژەوەندییی تەسکی حیزبایەتییەوە، پێگە و هەلومەرجی خۆی لاواز کردوە و لە ئاکامدا دەسکەوتە مێژوویەکانی زۆر جار لەبار براوە. لە راستیدا بەرژەوەندی حیزب و ئەم بەحیزبیکردنەی کۆمەڵگەی کوردستان بەگشتی، زیانی گەورەی لەمێژووی ئەم گەلە چەوساوەیە داوە و تەنانەت لاپەرە و تابلۆی مێژووی خەباتی کەسایەتییە ناودارەکانی کوردستانیش وەک خۆیان و بە ئەندازەی قورسایی خۆیان نەڕازاونەتەوە.

چونکە هەر حیزبەی لە راستای سیاسەتی حیزبەکەی خۆیدا باس لە کاریگەریی و رۆڵی ئەم کەسایەتییانە دەکا، نەک لە راستای قورسایی و گەورەیی و کاریگەربوونی ئەوان. واتە چوارچێوەی تەنگەبەری حیزبایەتیی سیمبولەکانیشی سنووردار یان سانسۆر کردوە. بێگومان ئەوە زیانی گەورەی لە پێگە و ئێعتباری سیاسیی نەتەوەیی کورد داوە.

ئایا ئەم سەکۆی دژایەتی کردنەی حیزبەکان لەگەڵ یەکتر کەی دەرووخێندرێ؟ کورد کەی دەگات بەو قۆناغە کە حیزبایەتی نەخاتە سەرەوەی هەموو بەرژەوەندییەکی نەتەوەییەوە؟ ئەم چارەسەرە لە کوێوە دەست پێ دەکا؟

کاتی ئەوە هاتووە روحی نەتەوەیی بوون بکرێتە هەوێنی یەکگرتوویی و نیشاندانی هەڵوێستی نەتەوەیی و ئازادیخوازنەی حیزبەکان و، بۆ رێزگرتن و یادکردنەوەی ئەو شەهیدانەی کوردستان بەتایبەتی ئەم کاسایەتییە کاریگەر و ناودارانە کە بیر و ئەندیشەیان موڵکی نەتەوەیەکە، باشترە ئەم هێڵەحیزبایەتییە لاببرێن و گەورەتر لەوە چاویان لێ بکرێ کە حیزب دەیکات. کارکردی ئەحزابە دەتوانی پێگەی کورد لە جیهاندا بەرز بکاتەوە و بە پێچەوانەکەشی دەکرێ لاوازیشی بکا!

ئایا دەکرێ لەناو ئەو هەموو کوشتن و تیرۆر و وێرانکارییەدا کە چواردەوری کوردستانیان داوە، ئومێدێک هەبێ کە حیزبەکان بیر لە بەرژەوەندییەکی گەورەتر بکەنەوە و ناکۆکی و دڕدۆنگییەکان وەلا بنێن؟ بە ململانێی حیزبایەتی قسەکردن لە بەرژەوەندیی نەتەوە، خەوێکی وەدیی نەهاتووە.

لە ژمارە ٦٦٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٥

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٤

-------------------------------------------------------------

## مسیار بۆ تێرکردنی هەستە جینسییەکانی پیاوانە؟ یان.....

زەماوەندی مسیار یان (رەو) گرێبەستێکە لە نێوان نێرو مێ (ژنو مێرد) کە لە گەڵ ئەوەی زۆر لە مەرجەکانی هاوسەریەتی ئاسایی‌و شەرعی تێدایە، وەک ئەوەی کە لە کاتی گرێبەستەکەدا پێویستە وەلی ئەمرو دوو شاهید ئامادە بن بەڵام پیاوەکە هیچ بەرپرسیاریەتێکی هاوسەریەتیی ناکەوێتە سەرشان، لە کاتی گرێبەستەکەدا ژنەکە دەبێ دەست لە دوو مەرجی سەرەکی هەڵ بگرێ. ئەویش ئەوەیە واز لە نەفەقەو مارەیی‌یەکەی بێنێ. واتە پیاوەکە لەسەری نیە خەرجی ئەو ژنە بکێشێ کە لێی مارە کراوە. مەرجەکەی دیکەش ئەوەیە کە پیاوەکە لەسەری نیە ماڵێک بۆ ژنەکەی دابین بکا. یانی ژنەکە دەبێ بۆخۆی ماڵی هەبێو پیاوەکە سەردانی بکا. یانی هەرکات ئەو پیاوە هەوەسی کاری سێکسی هەبوو ئەوە دەچێ بۆ لای ژنەکەی، تەنانەت ئەگەر ئەو ژنە لە ماڵی باوکیشی بێ. ئەوە پیاوە هەرکات ویستی دەچێ بۆ لای ژنەکە.

یەکێک لە پایەکانی هاوسەرگیری لە ناو یاسای باری کەسێتی زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی‌دا ئەوەیە کە پیاو پابەندە بەوەی خەرجی هاوسەرەکەی بکێشێ و ماڵێکی بۆ دابین بکاو پێکەوە ژیان ببەنەسەر. ئەمەش بۆ ژنان لەم کۆمەڵگەیەدا بەتایبەتیش کۆمەڵگەی کوردستان زۆر گرنگ و پێویستە، لەبەر ئەوەی ژنان یەکێکن لە توێژە هەرە هەژارەکانی کۆمەڵ. بۆیە بەخێوکردنو دابینکردنی ماڵ لە لایەن مێردەوە بۆ ژن لەم کۆمەڵگایانەدا زۆر پێویستە. واتە ژنان لە باری ئابووری یەوە پێویستیان بە پیاوان هەیە. جگە لەمەش لایەنی عاتیفیش جیگەی خۆی هەیە لە ژیانی هاوبەشداو تەنیا بۆ تێرکردنی هەستە جینسی یەکان نیە. بەڵکوو بۆ بەهێزکردنی رێزو خۆشەویستی و بوونی منداڵ و پەروەردەکردنی نەوەیەکی ساغ و سڵامەتە. بەڵام لە هاوسەرگیری میسیاردا ئەمانە بوونێکیان نیەو هیچ گرنگییەکیان نامێنێ.

دانەری پرۆژەی زەماوەندی میسیار شێخ ئاریان بەرزەنجی دەڵێ ئەم پرۆژەیەم بۆیە پێشنیار کردوە بۆ ئەوەی کێشەکانی کچانی قەیرەو بێوەژنان روو لە کەمی‌و پاشان نەمان بڕوا. ناوبراو دەڵێ ئەم پرۆژەیە هەموو ژنێک ناگرێتەوە، بۆ ئەو قەیرە کچانەیە کە کاتی خۆی بە هۆی جۆراوجۆر نەیانتوانیوە شوو بکەن، یان بۆ ئەو بێوەژنانەی منداڵیان هەیەو نایانەوێ منداڵەکانیان بکەوێتە بەردەستی زڕباب! چ دڵسۆزییەکی بێوێنەیە؟! راستی ناوبراو ئەو قەیرە کچ و بێوەژنانەی کوردستانی لەگەڵ قەیرەکچ و بێوەژنە دەوڵەمەندەکانی وڵاتانی کەنداو لێتێک چووە. هەموو کەس دەزانێ قەیرەکچان و بێوەژنەکانی کوردستان تەنانەت لە هەژارترین هەژارەکانی نێو ژنانیشن، بۆیە لەپێشدا پێویستیان بە ماڵ و نان و ژیانە بۆ خۆیان و منداڵەکانیان، نەک سێکس.

ژنان دەبێ باش بزانن ئەم هاوسەرگیرییە نەک کێشەی کچان و بێوەژنەکان کەم ناکاتەوە، بەڵکوو زیاتری دەکا. ئەم پرۆژەیەبەرژەوەندی پیاوان دا دانراوە نەک ژنان، لەبەرئەوەی تەنیا بۆ تێرکردنی هەستی چڵێسانەی جینسی ئەوانەو هیچی‌تر. ناوبراو بەم پرۆژەیەی جارێکی‌تر رەوایی داوە بە فرەژنی. چونکە ئەو پیاوانەی روو لەم هاوسەرگیرییە دەکەن بە دڵنیایی یەوە ئەوانەن کە ژن و منداڵیان هەیە. لەبەر ئەوەی ئێستا یاسای فرەژنی لە کوردستان ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتوە و گیروگرفتی بۆ پیاوان خوڵقاندوە، بەڵام پرۆژەی یاسای مسیار ئەمە بۆ پیاوان ئاسان دەکاتەوەو دەتوانن بەشێوەی نهێنی بچن ژنی دیکە مارەبکەن و بەبێ ئەوەی گیروگرفتی ماڵ و خێزانیان بۆ بێتەپێش. چونکە نە خەرجی دوو ژنی دەکەوێتە سەر شان، نە ماڵیشی بۆ دابین دەکا. ئەوەش لە بەرژەوەندی پیاواندایە. بەڵام کام دەردو ئازاری کچان و ژنان کەم دەکاتەوە؟ پێش هەموو شتێک کۆمەڵگەی کوردستان قبووڵی ئەم رێسایە ناکاو هەر ژنێک بەم شێوە شوو بکا لەگەڵ ئەوەی کە شەرعیش رێگەی پێبدا، هەربە چاوێک سووک سەیری دەکرێ و پاشانیش لە هاوسەرگیری ئاسایی‌دا ئەگەر هێندیک مافی دەدرێتێ لەوەیاندا ئەوەشی نادرێتێ. کەواتە دەردەکەوێ ئەمە تەنیا بۆ کاری سێکسەو هیچی‌تر. ئەمەش بۆ کۆمەڵگەی کوردستان نەک هەر بە چاوێکی ناشیرین سەیر دەکرێ بەڵکوو زۆر بە قێزەونی دەزانن. بۆیە لێرەدا ژن کە بە چاو سووک سەیری کرا، هەست بە گوناح دەکاو خۆی بە شەرمەزار دەزانێ. بەمەش ئازاری رووحی ئەو ژنە چەند بەرابەر دەبێ. پاشان قوربانییەکی دیکەی ئەم شێوە هاوسەرگیری‌یە ئەو منداڵانەن کە لە رێگەی ئەم هاوسەرگێرییەوە لەدایک دەبن. لەگەڵ ئەوەی ئەو منداڵانە نەخوازراون، چونکە ئەم هاوسەر گیرییە بۆ خستنەوەی منداڵ نیە، بەڵام بە هۆی جۆراوجۆری وەک نائاگایی و... جاری وا روو دەدا منداڵیان دەبێ. بەڵام ئەو منداڵە کە فامی کردەوەو دەبینێ بێبەشە لە خۆشەویستی و سەرپەرستی دایک یان باوک، بۆیە هیچ هەست بە ئاسوودەیی ناکا، ئەمەش دەبێتە هۆی خستنەوەی نەوەیەکی ناساغ و بوونی دەیان گیروگرفتی دیکە.

ئایا دانەری پرۆژەی هاوسەرگیری میسیار بیری لەم کێشانە کردۆتەوە؟ یان بەلای ئەوەوە تەنیا تێرکردنی هەستە جینسییەکان مەبەستە؟! ئەم پرۆژەیە ئەگەر لایەنێکی باشی هەبێ کە بە بڕوای من نیەتی، دەیان لایەنی خراپی هەیە. بۆیە هیوادارم هەرگیز پرۆژەیەکی ئاوا لە کوردستاندا پەسند نەبێ.

تێبینی: دوای ئەوەی دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆوە کە پرۆژەی یاسای میسیار دراوەتە پارلمانی کوردستان، لیژنەی کاروباری یاسایی لە پارلمانی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی بڵاو کردەوە کە تێیدا هاتبوو:

لیژنەی یاسایی بە پێویستی دەزانێ بۆ هەموو لایەکی روون بکاتەوە کە هیچ پرۆژە یاسایەک لەم بارەیەوە پێشکەش بە پارلمانی کوردستان نەکراوە، جگە لەوەی هاوولاتییەک بابەتێکی لەم بارەیەوە هێناوەتە پارلمان، ئەمەش چوارچێوەی یاسایی وەرناگرێ، چونکە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پارلمان، هەر پرۆژەیەکی یاسایی پێویستە لە ٢ رێگاوە پێشکەش بە پارلمان بکرێ. یەکەم ئەو پرۆژە یاساییانەی لە رێگای حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش دەکرێن، دووهەم: پێویستە لە رێگای ١٠ ئەندامی پارلمان، یان زیاتر پێشنیار بکرێن.

---

## سیاسەتی «نوێ»ی کۆنەخوازان!

دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی: «بچە کمتر زندگی بهتر» «منداڵی کەمتر ژیان باشتر»! پەشیمان بوونەوە. دروشمی تازەیان ئەمەیە: «فرزند بیشتر، زندگی شادتر» (منداڵی زۆرتر، ژیان شادتر)! بەڵێ ئەمە دروشمی تازە و سیاسەتی نوێی دەسەلاتدارنی کۆماری ئیسلامییە.

بە قسەی بەرپرسانی ئێران، بەپێی ئەو لێکدانەوانە کە لە سەر رێژەی حەشیمەتی ئێران کراون نیشاندراوە، کۆمەڵگەی ئێران بەرەو پیری هەنگاو دەنێ. دەگوترێ تا ساڵی ١٤١٠ دەچێتە مەرحەلەی یەکەمی پیرییەوە. ئەو نیشانانە بۆتە هۆی ئەوە سیاسەتداڕێژەران و بڕیاربەدەستانی وڵات بۆ رێگرتن لەم دیاردەیە زۆر بەپەلە هێندێک هەنگاوی بەپەلە بۆ رێگرتن لە پیربوونی کۆمەڵگەی ئێران هەڵێننەوە، وەک: دەرمان و کۆنترۆڵی ژن هەر لە سەرەتای دووگیانیدا تاکوو دووساڵی دایک و منداڵ بە خۆڕایی، زیادبوونی مەرەخەسی زایمان لە ٦ مانگەوە بۆ ٩

مانگ و مەرەخەسی ٢١ مانگ بۆ دایک بەبێ حوقووق و هەروەها لە گەڵاڵەکەشدا دوو حەوتوو مەرەخەسی زایمان بۆ باوکیش لەبەرچاوگیراوە و کۆمەڵێک ئاسانکاری دیکە.

عەلی خامنەیی رێبەری کۆماری ئیسلامی، رەخنەی لە سیاسەتەکانی رێژیمەکەی بە نیسبەت کۆنترۆڵی رێژەی حەشیمەتی وڵات هەیە و درێژەی ئەو سیاسەتەیان لە دەیەی حەفتادا وەک خەتایەک چاو لێدەکا و دەڵێ منیش وەک بەرپرسانی دیکەی وڵات لەو خەتایەدا شەریکم و دەبێ داوای لێبوردن لە خودا بکەین.

بۆ پاشگەزبوونەوە لە سیاسەتی کۆنترۆڵی حەشیمەت، رێبەری کۆماری ئیسلامی لە مانگی گەلاوێژدا دەستووراتێکی دەرکرد و پاشان وەزارەتی بێهداشت هەموو ئەو بریارانەی پێشووی لە پێوەندیی لەگەڵ کۆنترۆڵی حەشیمەتدا بێ ئێعتبار زانی و مەجلیسی شوورای ئیسلامییش گەلاڵەی «تنظیم خانواده»ی کە چەندین ساڵ بوو کاری فەرهەنگیشی لە پەنادا دەکرا، بەبێ گوێدانە کاریگەرییە خراپەکانی ئەم بریارە نوێیەیان، هەڵوەشاندەوە.

کۆمەڵگەی ئەمرۆی ئێران لەحاڵی تێپەرین لە سوننەت بەرەو مۆدێرنیتەیە. بناغەکانی فکری، بیروباوەرە کلیشەییەکان، شێوەو تایبەتمەندیی ژیان و رەفتاری پیاوان و ژنان، هەمووی جیاوازە لەگەڵ بنەماڵەو پێشینیانی خۆیانو تەنانەت جیاوازیی زەق بەدیی دەکرێ. پێوەندیی بنەماڵەیی بەنیسبەت پێشوو لاواز بووە، تاکگەرایی پەرەی سەندوە، ژنان لە هەموو بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و... دا بەشداریی بەرچاویان هەیەو رێژەی ژنانی خوێندەوار لە پلەکانی بەرزدا زۆر زیادی کردوە، زۆربوونی خوێندەواری بە رێژەی ٩٣%ە. ١٧.٢% حەشیمەتی پیاوان و ١٧.٤% حەشیمەتی ژنان پلەی بەرزی خوێندەوارییان هەیە، بەکاربەرانی ئینترنێت لە ئێران ١١ میلیۆن و٢٢١ هەزار کەسو دەرسەدی ئەو بنەماڵانەی کامپیوتێریان هەیە ٣٣.٤%ن. بەکاربەرانی ئینترنێت ٣٠%ن و.... ئەم ئامارانە لە بواری فەرهەنگییەوە دەتوانن شاهیدی گۆرانێکی قووڵ بن لە کۆمەڵگەی ئێراندا.

مادام ساختاری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، بنەماڵەییو ئابووری گۆرانی بەسەردا هاتوە، سیاسەتی تازەی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت رێژەی زۆربوونی حەشیمەت، ناتوانێ بە ئاسانی جێ بگرێو خەڵک پێشوازی لێ بکەن. خەڵک منداڵی نابێ بۆ ئەوەی لەسەر شەقامەکان لەشی ناسکیان لەبەر سەرماو گەرمای تاقەتپرووکێنی سەرشەقامەکانو کوورەخانەکان بژاکێن!

ئێستاش بە هەزاران بنەماڵە لە شارەکان هەن شوێنێکیان نیە بۆ حەوانەوە، بەهەزاران بنەماڵە هەن ئیحتیاجی نانێکن بۆ تێرکردنی سکیان نیانە، بەهەزاران بنەماڵە هەن منداڵی نەخۆشیان هەیە هەزینەی چوونە دوکتوروچارەسەریان نیەو...

کۆماری ئیسلامی وا ترسی لە پیریی کۆمەڵگەی ئێران هەیە و لە جیاتی ئاوا بەپەلە ئەم بڕیارە بدا، ئایا بیری لە ژیانی ئەو هەموو منداڵە ڕەشورووتەی سەرشەقامەکان کردباوە باشتر نەبوو؟ ئەمڕۆ کۆمەڵگەی ئێران لەگەڵ زۆر قەیران و مەسائیلی کۆمەلایەتی دەستو پەنجە نەرم دەکا، وەک بێکاری، هەژاری، فەساد، ئێعتیاد، قاچاغی مادەی هۆشبەر، دزی، هەزینەی زۆری داودەرمان و دوکتورو.... ئایا باشتر نەبوو جارێ چارەیەک بۆ ئەم گرفتانە ببینێتەوە تاکوو خەڵک بەبێ نیگەرانی لە داهاتووی منداڵێک بڕوانن کە دەیهێننە سەر دنیا؟!

ئێستا ئیدی بیمەی پشتیوانی لە ژنانی دووگیان هیچ کاریگەرییەکی نیە، چونکە بنەماڵە (ژن و پیاو) ئەم هەموو نەگبەتی و ڕۆژڕەشییە بە چاوی خۆیان دەبینن و هەستی پێدەکەن، چۆن دەتوانن منالانی زیاتر بخەنە ئەم ژینگە ناهەموارەوە.

لە ژمارە ٦٢٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٥ی جانێویری ٢٠١٤

# دەستدرێژیی جنسی برینێکی سارێژ نەبوو

## دەستدرێژی جنسی چیە؟

دەستدرێژی جنسی تاوانێک یان جینایەتێکی دڕندانەیە مرۆڤ بەرانبەر بە مرۆڤ دەیکات. هەڵبەت ئەم تاوانە تەنیا لەگەڵ ژنان ناکرێ، بەڵکوو منداڵانیش (کچ و کوڕ)یش قوربانیی ئەو تاوانەن، بەڵام لەم نووسینەدا سرنج داوەتە دەستدرێژی جنسی بۆسەر ژنان.

دەستدرێژی جنسی ریشەکەی لە هەڵاواردنی رەگەزی، بێقانوونی، هەڵاواردن لە قانووندا، لاواز نیشاندانی رەگەزێک بەسەر رەگەزێکی دیکەداو... دەبێ بۆی بگەڕێین. کاتێک وشەی دەستدرێژی جنسی‌مان گوێ لێدەبێ، بەگشتی زۆربەمان ئەوەمان لە بیرومێشکدا جێ دەگرێ کە زۆرتر لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە هێرش دەکرێتە سەر کچ یا ژنێک و دەڕفێندرێ و لە شوێنێکی چۆڵدا دەستدرێژی دەکرێتەسەر.

لەراستی‌دا تەنیا لە سەدا ٢٠ی تەواوی ئەو دەستدرێژییە جنسییانە بەوشێوەیەن کە لەسەرەوە باس کرا، واتە هێرش کردنەسەر ژنێکو رفاندنیو دواتر دەستدرێژی جنسی بکرێتەسەر. زۆربەی دەستدرێژییەکان لەلایەن کەسانێکەوەن کە تاوان لێکراو کەسەکە یان کەسەکان دەناسێ. زۆرترین تاوانەکان لەلایەن کوڕانو پیاوانێکەوەیە بەرانبەر بە ژنانو کچانێک کە پێکەوە نیسبەتێکی خزمایەتییان هەیە.

هەموو ئەو کەسانەی ناچار دەکرێن کردەوەی سێکس بدەن، سەرفەنەزەر لە تەمەن یان رەگەز، بە جۆرێک تاوانە بەرانبەریان دەکرێ. تەنانەت لە ژیانی هاوسەرێتییشدا ئەگەر ژن لەلایەن مێردەوە ناچار بکرێ کردەوەی جنسی لەگەڵ ئەنجام بدا، ئەوش دەچێتەخانەی دەستدرێژییەوە. دەستدرێژی جنسی بۆ سەر هەر مرۆڤێک گەورەترین سووکایەتیو تاوانە بۆ سەر کەسایەتیی جەستەییو رووحی ئەو مرۆڤە. رووی تاریکی کەلتوورێکی دڕندانەی مرۆڤە بەرانبەر بە مرۆڤ.

دیاردەی دەستدرێژی کردنە سەر کچان لە کۆمەڵگەکاندا یەکێکە لەو بابەتانەی ئەمڕۆ بۆتە خەمی لایەنگرانی

راستەقینەی مافەکانی مرۆڤو قسەوباسێکی زۆری لەسەر دەکرێو لەلایەن پەیماننامەجیهانییەکانیشەوە مەحکوومە، بەڵام بەداخەوە نەتوانراوە پێش بەم دیاردە چەپەڵە بگیردرێ. ئەوەش هۆکارێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو کەسەی کە ئەم تاوانە ئەنجام دەدا ترسی لە هیچ سزایەک نیە. دیارە بە هۆی بەدناوی‌و، شاردنەوەی لە لایەن تاوانلێکراوەکانەوە، وەک ئەوە وایە ئەم کردەوەیە لە هەموو شوێنێک زۆر کەم روودەدا، لەحاڵێکدا لە سەراسەری دنیادا لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکان تا دەگاتە وڵاتە دواکەوتووەکان تاوانی دەستدرێژی کردنەسەر ژنان یەکجار زۆرە. دیارە زۆرتر لە وڵاتانی سوننەتی‌و دواکەوتوو لە باری فەرهەنگییەوە بەهۆی دەسەڵات و زاڵبوونی پیاوان بەسەر ژنانداو تەنانەت زۆر جار بەهۆی شەڕی دوو تایفە یان بنەماڵەوە وەک تۆڵەسەندنەوە لەیەکتر و بۆسووکایەتی بە بنەماڵە و تایفەی بەرانبەر، هێرش دەکرێتە سەر ژنانی بنەماڵە و دەستدرێژییان دەکەنەسەر. نموونەی تازە لەم بارەیەوە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٣ لە دێیەکی پاکستان بوو کە بۆ تۆڵەکردنەوە لەو بنەماڵەیەی کە کورەکەیان پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچی بنەماڵەکەی دیکە هەبوو، ٦ پیاوی بنەماڵەکەی دیکە بۆ تۆڵەکردنەوەی بە قەولی خۆیان "شەرفیان" کچێکی ئەو لایەنەی دیکەیان رفاند و بەبەرچاوی سەدان کەسی گوندەکە و تەنانەت باوکی کچەکەشیان ناچار کرد چاو لە تاوانەکەیان بکا، بە کۆمەڵ دەستدرێژییان کردسەر کچێکەکە! ئەم وەحشیگەرییە بەوشێوەیە زۆرتر لە پاکستان روودەدا.

بەڵام کارەساتی دەستدرێژی کردنە سەر کچە ١٦ ساڵەکەی رۆژئاوای کوردستان لە هەولێر لە لایەن کۆمەڵێک ئینسانی خاڵی لە هەستی ئینسانیی، زۆر جێی سەرنج و لێوردبوونەوەیە. لێ وردبوونەوە بەومانایە کۆمەڵگای کورد کە کۆمەڵگەیەکی ئایینییە و باوەڕداران گۆیا لە سزای دواڕۆژو قیامەتیان ترسیان هەیە! جارێکی دیکە پەردەیەکی ڕەشی چڵکن پەنجەرە رووناکەکەی داپۆشی و هەناسەی زۆر کەسی کوردستانە بەهەشتەکەی توند کرد.

زۆرکەسیش پێش ئەوەی لەخەمی قوربانییەکەدابن، خەمی ئێعتباری وڵاتەکەیان هەناسەی توند کردن! جگە لە ئاغای نەقیب... کە لە کاناڵێکی تلەویزیۆنی مەهوارەیی بۆ ڕای گشتی دەوا و گوتی بەخۆشییەوە پاش ئەوەی تاقیکاری پزیشکی لە سەر تاوانلێکراو کراوە، ئێستاش پەردەی کچێنی ماوە! بەڕاستی قسەی جەنابی نەقیب بەڕای من کەمتر شەرماوی نەبوو لە کردەوەی تاوانبارەکان! تەنیا بەو مەبەستە ئەو دێڕەم هێنا کە بزانن تاوانێکی بەوڕادەیە شەرمهێنەر کە کەسایەتیی مرۆڤێک بەتەواوی شکێندراوە، بەڵام ئاغای نەقیبی شارەزا لە پاراستنی گیان و ماڵی هاووڵاتیان! جارێ خەڵک دڵنیادەکاتەوە کە کچەکە پەردەی کچێنی! ماوە ئیدی وێران بوونی رووحی کچە گرنگ نیە! سەرچاوەی ئەمبیرکردنەوەیە راست لەوەڕایە کە ئەگەر کچێک پەردەی کچێنی نەما، شەرەفی نەماوە!

بەڵام گەورەبوونەوە و ریسوایی تاوانەکەی لە هەولێر رووی‌دا لەوەدابوو کە لەلایەن قوربانییەکەوە بێدەنگەی لێ‌نەکراو ئاشکرا کرای کرد. ئەگینا ئەوە تەنیا نموونەیەکە لەو دەستدرێژییە جنسییانەی لەلایەن پیاوانەوە بۆ دامرکاندنەوەی هەستەکانیان دەکرێتەسەر ژنان بەبێ ئەوەی بیر لەهەست و ناخی ئەو ئینسانانە بکەنەوە کە دوای ئەم کردارە چەپەڵە چۆن ژیانیان دەرووخێ و کاریگەرییەکی وێرانکار بەجێ دێڵێ لەسەر هەست و رووحی ئەو ئینسانانە، کە هیچ شتێک ناتوانێ ئاساییان بکاتەوە و تا ئەو رۆژەی گیانیان لەبەردایە کاریگەرییەکەی لەگەڵیان دەمێنێتەوە.

## کێن ئەوانەی ئەم تاوانە ئەنجام دەدەن؟

دەستدرێژیکەران بە گشتی لە توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگان، ئەوەش بەو مانایە نیە کە لە نێو خەڵکانی توێژەکانی سەرەوە تاوانی وا روو نەدا. بەڵام زۆرتر کەسانێک ئەم تاوانە ئەنجام دەدەن کە لە منداڵییەوە تووشی ناهەمواری شەخسییەتی بوون. ئەو کەسانە لەو بنەماڵانەدا گەورەبوون لە لەباری عاتیفیو فەرهەنگییەوە کێشەو کەمبوودیان هەبووە. بەگشتی دەستدرێژی جنسی لەلایەن ئەو کەسانەوە ئەنجام دەدرێ لە بواری شەخسییەتیو دەروونییەوە کەسایەتییەکی جێگیریان نیە و زۆرجار وا بووە ئەو کەسە خۆی لە منداڵیدا قوربانیی توندوتیژیی جنسی لەلایەن خزم یان کەسێکی نەناسیاو بووە، یان ئەوەی بەهۆی پەروەردەی بنەماڵەییو... دەست بۆ ئەم کردووەوە تاوانکارییە دەبات. لە راستی‌دا دەستدرێژی جینسی، جۆرێکە لە لادانی جنسی کەسەکە بەو هۆیەی ناتوانێ لە رێگای ئاسایی و پێوەندییەکی ئینسانی رێگەپێدراو و یاسایی، بە نیازەکانی خۆی بگات، بە زۆرو بەپێچەوانەی خواستی کەسی بەرانبەر، پەنا دەباتە بەر زۆریو هێرش کردنو دەستدرێژی.

## کێ بەرپرسە کۆمەڵگە لەو کردەوە پڕشەرماوییە داتەکێنێ؟

ئەم رۆژانە هەرتاکێکی کورد کە ئەم تاوانەی لە هەولێر رووی‌دا بیست، خۆی خستە نێو بەرەی بائەخلاقەکانو لۆمەی ئەم تاوانو تاوانبارانەیان کرد، زۆر کەس خوازیاری لەناوبردنی تاوانبارەکان بوون، بەبێ ئەوەی کەس بیر لەوە بکاتەوە راستی ئەگەر ئەم شەش کەسە دەستدرێژیکەرە، کۆتایی بە ژیانی پڕلەشەرماوییان بێ، دیاردەی دەستدرێژی کردنەسەر ژنان لە کوردستان کۆتایی دێ یان کەم دەبێتەوە؟ بێگومان سزادانی ئەم چەند کەسە کەمترین کارە لەپێناو سڕینەوەی دەستدرێژی کردنەسەر ژنان.

کۆمەڵگای کوردستان و ئەو کۆمەڵگایانەی لەباری رەفتار و ئەخلاقەوە خۆیان بە کۆمەڵگەیەکی نموونە دەزانن، بەتایبەتی کۆمەڵگە ئایینییەکان لە بواری پەروەردەیی و هەستەئینسانییەکانەوە کۆمەڵگەیەکی چەقبەستوون و کارکردن لە پێناو سڕینەوەی دیاردەی دەستدرێژی کردنەسەر ژنان کارێکی دژوارە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا دەکرێ کەمبکرێتەوە. پەروەردە بناغەی هەر کارێکە. کە ئەمەش بە دەسەڵات و بنەماڵە دەکرێ.

دەسەڵات چۆن دەتوانێ کۆمەڵگە پاکبکاتەوە لە تاوانی لەمشێوەیە،کە ناتوانێ لە دەسگایەکی راگەیاندنەوە بەبێ سانسۆر بەرنامەیەکی پەروەردەیی بە ئاراستەی تێگەیشتنێکی سەردەمیانە بڵاوبکاتەوە؟! دەسەڵات چۆن دەتوانێ پرۆسەی پەروەردەیەکی ئەمڕۆیی بەرێتە پێش کە ناتوانێ لەگەڵ واقعی دنیای ئەمڕۆ ژیانی گەنجانی وڵاتەکەی دابین بکا؟ دەسەڵات چۆن دەتوانێ لاوان (ژنانو پیاوانی) سبەینێ ئاشنا بکا بە شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ هەستە جنسییەکانیانو شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ رەگەزی بەرانبەریان، کە ناتوانێ وانەیەک لەمبارەیەوە لە پرۆسەی پەروەردییدا بگونجێنێ. دەسەڵاتێک کە ناتوانێ هاوخەم بێ لەگەڵ ئینسانە قوربانییەکان و نەتوانێ چوارچێوەیەک بۆ ژیانیان دابنێ، چۆن دەکرێ دیاردەی دەستدرێژی کەمبکاتەوە؟

نموونەی ئەم جۆرە دەسەڵاتانە کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە لەگەڵ دنیای پێشکەوتن و سەردەمیانەدا یەگجار ناتەبایە، لەهەمانکاتیشدا لە ژێر پەردەی ئیسلامی بووندا هەرچی تاوان و جینایەتە لە تاران و شارەگەورەکانی دیکەی ئێران روودەدەن، کە یەکیان تاوانی دەستدرێژی کردنەسەر ژنانە.

ئەوەی کە دەگوترێ دیاردەی دەستدرێژی کردنە سەر ژنان لە هەموو شوێنێک روودەدا بەو مانایە نیە کە ئێمە لە کوردستانی خۆمان ئەوە بە شتێکی ئاسایی ببین. هەڵبەت ئەوەی لە هەولێر رووی‌دا گوتمان تەنیا نموونەیەکە لە دڕندانەترین شێوەی دەستدرێژی بۆ سەر ژن. دیاردەی دەستدرێژی بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی ئێرانیش کە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامییە یەکجار زۆرە. لاپەڕی رووداوەکانی هەر رۆژنامەیەکی ئێرانی هەڵدەینەوە پڕن لە هەواڵی جینایەتی دەستدرێژی کردنەسەر منداڵانو ژنان.

کەسێک بیهەوێ لە ناخی ئەم ئازارە سەردەربێنێ، بەسە تەنیا فیلمەکەی پووران درەخشەندە بە ناوی "هیس دخترها فریاد نمیزنند" ببینێ، ئەوجار دەزانێ کە رۆژانە لەم وڵاتانەی ئێمە و لە نێو ئەو ماڵانەی تێدا دەژین چ روودەدا و رەگەزی ژن چەندە لەمەترسیی دڕندانەی پیاوە برسی و هەوەسبازەکان دایە!

لە کۆتاییدا دەڵێم لە هەرێمی کوردستانیش دەسەڵات بۆ مەسەلەی دەستدرێژی کردنەسەر ژنان لەلایەن پیاوانەوە، پێش هەمووشتێ پێویستە فکرێکی جیددی و بەپەلە بکاتەوە و لە هەنگاوی یەکەمدا هێزێکی تایبەتی لە پسپۆرانی دەروونی، چالاکوانانو پارمەتیدەرانی بواری کۆمەڵایەتی، پۆلیسی تایبەتی کە شارەزابێ لە بواری دەروونناسییەوە پێک بێنێ بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی دەقیقی هەر تاوانێکی لەم شێوەیە، نەک تەنیا لە شارێک بەڵکوو لەهەموو شارەکان ئەم هێزە هەبێ بۆ ناسینی کەسایەتیی تاوانکاران و پاشان بۆ پێشگرتن لە تاوانی لەمشێوەیەو پشتیوانی کردن لە قوربانیانی دەستدرێژی. پێش هەمووشتێ دەسەلات دەبێ لەخەمی مرۆڤە قوربانییەکاندا بێ، کەسایەتییان بپارێزێ پاشان لە رێی پەروەردەوە لە فکری چارەسەری ریشەیی بۆ ئەم جۆرە کێشانەدا بێ!

لە ژمارە ٦٢٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢١ی جانێویری ٢٠١٤

---

## کۆیلە هێشتنەوەی خەڵکی ئێران، سیاسەتی ٣٥ ساڵەی کۆماری ئیسلامی بووە!

گەلاڵەی دابەشکردنی «سبد کالا» بۆ خەڵکی کەمداهات لە ئێران، کێشەی نایەوە و لەهەمانکاتیشدا جۆرێک بوو لە سووکایەتیی کردن بەخەڵکی هەژار و کەمداهات.

دیاردەی هەژاری لە ئێران یەکێکە لەو بابەتانەی قسەوباسێکی زۆری لەسەر دەکرێ. بە ڕوانینێک لە روخساری دڵتەزێن و هەژارانەی خەڵک لە سەفەکانی وەرگرتنی «سبد کالا»، بۆمان دەردەکەوێ کە بارودۆخی زۆربەی خەڵک لە ئێران لەبواری ئابوورییەوە لەوپەڕی خراپی دایە.

دەوڵەتی رووحانی کە پێشتر تەرحێکی داڕشتبوو کە لە »دەهەی فجر»دا وەک جێژنانە و دیاریی ٣٥ ساڵەی سەرکەوتنی شۆڕشی خەڵکی ئێران! هەروەها بەناوی کەمبوونەوەی هەژاری لە وڵاتدا! هەڵبەت دوای ٣٥ ساڵ!

هێندێک خاروبار بە خۆڕایی بە سەر خەڵکدا دابەش بکا. لە ١٣ی ڕێبەنداندا دەست بە جێبەجێ کردنی ئەم تەرحە کراو «سبد کالا» بەسەر خەڵکی کەمداهاتدا دابەش کرا، بەڵام چ دابەشکردنێک!

ڕەفتارو هەڵسوکەوتی کارمەندانی دابەشکردنی خواردەمەنی لەگەڵ خەڵک، ئەو خەڵکەی کە بە سەرمای ١٠ پلە ژێر سیفر ریزیان بەستبوو بۆ وەرگرتنی ئەو خاروبارە، دەردەکەوێ کە ئەوەی بە ناوی «سبد کالا» لە بەرەبەری ٢٢ی ڕێبەندان ساڵرۆژی شۆڕشی خەڵکی ئێران وەک «هەدیە« بە خەڵکی هەژار درا، جگە لە بێرێزی کردن بەو خەڵکە هیچی دیکە نەبوو! لە لایەکی دیکەش تەنانەت خەڵکەکە بۆخۆشیان بەجۆرێک ڕەفتاریان لەگەڵ یەکتر دەکرد کە هیچ نیشانەیەک لە ڕێزگرتن لەیەک و یەکتر قەبووڵکردنی پێوە دیار نەبوو. نۆرەبڕی و پاڵەپەستۆ و لێدانو کوتانی یەکتر وای کرد کە، دەوڵەتی رووحانی ڕەخنەی زۆری لە شێوەی دابەش کردنی ئەو سەبەتە کالایە هاتەوە سەر. بەتایبەت لەلایەن باڵی توندئاژۆی ڕێژیمەوە هێرش کرایە سەر دەوڵەتەکەی رووحانیو بەوە تاوانبار کرا کە سووکایەتی بە خەڵکی شەریفی ئێران کراوە! دیارە دیمەن و وێنەکانی دابەشینی سەبەتی کالا ئەم قسەی ئەوانیشی پشتراست دەکردەوە ئەگەرچی ئەوان بە نییەتێکی دیکەوە دڵسۆزییان! بۆ خەڵک دەکرد.

**ئەم شێوە یارمەتییانە بەخەڵک هەژاری چارەسەر دەکا؟**

لە راستیدا دانی خاروبار لە لایەن هەردەوڵەتێکەوە بۆ خەڵکی دەستەنگی وڵاتەکەی خۆی، کارێکی باشە و لە زۆر لە وڵاتانی دنیادا ئەم کارانە دەکرێن بۆ یارمەتی دان بە هەژاران. بەڵام ئەوەی لە ئێران رووی‌دا بەوشێوەیەی هەمووومان لەم ڕۆژانەدا وێنەو فیلمەکانمان لە کاناڵەکانی راگەیاندن و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا دیت! جگە لە بێهیوایی و نیگەرانی لە داهاتووی ئەو وڵاتەو نانەوەی کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتی، هیچی دیکەمان پێ‌ناڵێ. کاتێک دەبینین خەڵک بۆ ١٠ کیلۆ برنج، ٢ مریشک و شانەیەک هێلکە و ٢ قوتوە پەنیر لە سەرمای ١٠ پلە ژێرسفردا لە بەردەبنە گیانی یەک و بێڕێزی بەیەکتری دەکەن، دەبێ چ داهاتوویەک لە چاوەڕوانی ئەو وڵاتە و خەڵکەکەیدا بێ؟!

ئەگەر هەموو ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتانەش تاڕادەیەک لە کۆمەڵگاکاندا بە ئاسایی وەبگیرێن، ناکرێ ئەوەی ڕێژیمی ئێران بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتەیدا دێنێ بە ئاسایی وەرگیرێ! ئەگەر چاوێک بە رابردووی ژیانی خەڵکی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بخشێنین، هەمووی هەر چاولەدەستی، برسیەتی، بێکاری،

قەیران و... ئەو دیاردانەش دەتوانێ رووداوی زۆر لەوانە نەشیاوتر بقەومێنێ کە لە نێو سەفی وەرگرانی سەبەدی کالا دا روویاندا! کە بە داخەوە زۆر کەس کەوتنەبەر پێیان و تەنانەت هەواڵەکان باسیان لە مردنی چەند کەسێک بە هۆی سەرماو و کەوتنەبەر پێکرد. دابەشینی «سبد کالا» لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا رووداوێکی نوێ نیە. ئەگەر بگەڕێینەوە نەک بو دوور، بەڵکوو هەر لە دەورانی سەرکۆماریی ئەحمەدی نەژاددا بوو لە کاتی خۆپاڵاوتنەوەی بۆ دەوری دووهەمی سەرکۆماری، دەگەڕا بە ناوچە و پارێزگاکانی ئێراندا و تەلیسە پارەڵماسی وەک دیاریی! دەدا بەخەڵک تا بەڵکوو خەڵک متمانەی پێبدەنەوە و ببێتەوە بە سەرکۆمار بەڵکوو لە هەژاری رزگاریان بکا! ئەم شێوە بەناو یارمەتییە پێش ئەوەی یارمەتی بێ بەخەڵک بێڕێزییەکی گەورەیە بە کاسایەتیی توێژی هەژارەکان.

وڵاتێک بەم هەموو دەوڵەمەندییە بۆچی خەڵکەکەی دەبێ تا ئەو رادەیە بە هەژاری بگا کە لەسەر شانەیەک هێلکەو دوو رۆنی یەک لیتری!! بەربنە گیانی یەکتر؟ یان کارمەندانی دابەشکردنی خاروبار بە گاڵتەوە شانەهێلکەیان بۆ فڕێ بدەن و سەروچاو و روویان بە زەردێنەی هێلکەکان زەرد بکەن! ئەوەی کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵکی هێناوە پیشەی هەمیشەییان بووە کە بەجۆرێک رەفتاریان لەگەڵ خەڵک کردوە تاکەسایەتیی مرۆڤەکان بشکێنن و وەک کۆیلە و ژێرچەپۆکە بمێننەوە.

بەڵام ئەوەی جێی سەرسووڕمانو جێگەی داخە ئەوەیە کە خەڵکی ئێران بۆچی و تاکەی لە ئاست ئەو هەموو نەهامەتییانەی ئەم دەسەڵاتدارانەی کۆماری ئیسلامی بەسەریان دێنن بێدەنگ دەبن و ئەم جۆرە رەفتارانە زۆر بە ئاسایی وەردەگرن! ؟ ئایا ئێنقلابیان کرد لەدەست ناعەداڵەتی رزگاریان بێ، یان بەم چارەنووسە تاڵە کە وەک کۆیلە و ژێرچەپۆکە بمێننەوە؟

دەوڵەتی رووحانی ئەگەر ناشتوانێ بەپەلە هەژاری ریشەکێش بکا، ئایا نەیدەتوانی ئەو خاروبارە بەسەر خەڵکی هەژارو دەستکورتدا دابەش بکا بەبێ ئەوەی بەم شێوەیە مانۆری لەسەر بدا؟! سەرنج بدەنە وێنەکان بزانن چمان پێ دەڵێن!!

لە ژمارە ٦٢٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

١٩ی فێبریوێری ٢٠١٤

## کاردانەوەکان لە ئاستی کارەساتەکاندا نین

... لە کۆمەڵگەی ئێران و کوردستاندا ڕۆژانە بە دەیان کارەساتی ئینسانی ڕوودەدەن کە هێندێکیان یەکجار دڵتەزێنو خەمهێنەرن. هەر یەک لە ئێمە کە ڕۆژانە چاو لە میدیاکان و ماڵپەڕەکان دەکەین کەم وا هەیە نەکەوین بە سەر وێنەیەک یان هەواڵی ڕوودانی کارەساتێکی ئینسانی دا، یان هەر بۆخۆمان شاهیدی زیندووی ڕووداوێکی ناخۆشو کارەساتبار نەبین.

ئەزموونەکان بە ئێمە دەڵێن لێرە مرۆڤ نرخی نیە، یان دڵرەقی گەیشتۆتە ئاستێک کە ئیتر نە خۆشەویستی نە ئینسانییەت و حورمەت بەلای زۆر لە مرۆڤەکانەوە بایەخیان نیە.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، هەر لەلایەن دەسەڵاتەوە، دەسەڵاتێک کە دەبێ خۆی پارێزەری گیانو حورمەت و کەرامەتی ئینسانەکان بێ، ڕۆژانە بەردەوام ئینسان سووکایەتی پێدەکرێو شعووری بریندار دەبێو تەنانەت گیان لێدەسەندرێ. کەچی ئێمەمانانیش بەشێکمان بۆ سەیری گیان لێسەندنەکانیش تاریک و ڕوونی بەیانی دەڕۆین بۆ سەیری «سەمای مردنەکان»! بەشێکیشمان بە ئاخ و داخێک هەروا سادەو ساکار بەلایاندا تێدەپەڕین. هەڵبەت لە بێدەسەڵاتی و داماویمانە لە ئاست ئەو کارەساتانەدا بێدەنگیمان کردۆتە پیشە! هێندێکیشمان هەر پێمان وایە لە کۆمەڵگەدا ئەو جۆرە ڕووداو کارەساتانە هەر دەبن!! ئالێرەدایە کارەساتەکە قووڵتر دەبێتەوە، کە پێمان وابێ دنیا هەر وا هاتوە و ئینسان دەبێ بمرێ جا قسمەت و نسیب!!

***

لە هەر وڵاتێک دیاردەو ڕووداوێک ڕوودەدا، دەسەڵاتی ئەو وڵاتە لێی بەرپرسە

هەر لێرە قوتابخانەیەک ئاگر دەگرێو نزیک ٣٠ منداڵ جەستە ناسکەکانیان تێیدا هەڵدەقرچێ، کەچی دەسەڵاتدارانو بەڕێوەبەران شەرم دایان ناگرێو ئێمەش خەوی ئارامیان لێتێک نادەین، دەڵێن ڕووداوەو هاتوە چمان پێدەکرێ؟! دیسان هەر لێرە مرۆڤە هەژارەکان بۆ تێرکردنی سکی برسی مناڵەکانیان بەرەوپیلی گوللەی

پاسدارانی «خاکو سنوور» دەچنو.... بنەماڵەکەشیان دواتر دڵیان بەوە خۆشە پرسەیان بۆ دادەنێنو فاتیحایەکیان بۆ دەخوێندرێو دەچنە سەرگۆڕەکەیانو سوکناییان دێ! لە ئاخریشدا روو لە ئاسمان دەکەنو دەڵێن خودایە شوکرین بەبەشت کوڕەکانی دیکەمان سڵامەت!....

دیسان لێرە پیاوێکی بەساڵاچوو خۆی دەکوژێو خەڵک دەڵێن جا ئەو بۆ بەو تەمەنەوە! وەک ئەوەی وابێ لاوەکانمان هەر بۆ مردنی لەوشێوە خوڵقابن....

دیسان شەیدای ٢٤ ساڵەی خوێندکار، وەک کچە مەریوانییەکە لە ژوورەکەی خۆی لە دانشگا بەکوژراوی دەبینرێتەوەو لە کۆتاییشدا دەگوترێ روون نیە بۆ کوژراوە! یان لە حەوتوویەکدا ٢ ژن ٣ و.... لە دەست داخ و دەردی رۆژگار جەستەی خۆیان دەسووتێننو کەسیش بۆی گرنگ نیە بۆ!

لەملاش لە شارێکی دێرینی کوردان کچێکی تەمەن ١٦ ساڵ لە خەوی شیرین دا لەشی بە گوللەی تفەنگ ئاژن ئاژن دەکرێ، کەچی لەملاو لا گوێمان لێدەبێ «ئەوە دەبێ چ کچێک بووبێ لەو تەمەنەدا باوکی دەستی بچێتە خوێنی! باوک قەت لەخۆڕا ئەولادی خۆی ناکوژێ»... دەسەڵاتی ئەمشارەش کە گوێی عالەمو ئاسمانیان کەڕ کردوە بە تاریفی جوانییەکانی شار، نەک داناچڵەکن، جارێ سەرمەستی جوانیی نیشتمانن! نیشتمانێک کە چۆمو رووبارەکانیشی خەریکن دەبنە گۆڕستانی ژنە کراس سوورەکانو، پیاوانی خزمەتگوزاری میللەتیش! بێزیان نایە یان رەنگە لەترسی لەدەستدانی حورییەکانی بەهەشتی خودا! دەست لە جەستەی سڕو حەرامیان نادەن.... نیشتمانێک خەریکە حیجابی عەرەبی - خلیجی زۆر بەنرختر دەبێ لە کچە کوردێکی عاشق کە... تەنیا ئارەزووی «ژیان»ی هەیە کە پێی رەوا نابینرێ...

«ئێوە کە نازانن ئەوانە بۆ کوژراون، لەخۆتانەوە بۆ داری دیفاعتان بۆ هەڵگرتوون»! ئەمە قسەی چالاکێکی! نێو تۆری فەیسبووکە... ئەو گیانی دوو خوشکەکەی کە لە زەلکاوەکەدا بە مردوویی دیترانەوە بۆ گرنگ نیە، بەڵام بۆی گرنگە لۆمەی ئەوانە بکا کە ئازارەکە بی هی خۆیان دەزانن! ئەگەر بەقسەی ئەوانە لەسەر «بێئەخلاقی» کوژرابن، رەوانیە دیفاع لێکردنیان! هاوار ئەوە چ کارەساتێکە لەم نیشتمانە روودەدا؟! قسەکانیان لە برینی گوللە و چەقۆکانیان بەژانترە.....

ئەی پیاو! تۆ کە زیرەکانەش سیمای ئەخلاقت بەخۆت گرتوە، تۆ کە هێزی پیاوەتیت لە پەردەی کچێنی کچەکاندا دەبینیەوەو تەنانەت چێژ لە رووتبوونەوەی جەستەی ژنە ئەکتەرەکانی نێو فیلمەکان دەبینی، چۆن باوەڕت پێ بکەم!

****

ئەی ژن! ئەوە تەنیا شەیداو حەلیمە نین لە نێو زەلکاوەکەی سەید سادقدا، ئەوە رووحی هەموو ژنە کوردێکە لەنیو زەلکاوی ژیاندا تل ئەدا! بۆیە ئەمساڵ پیرۆزبایی «٨ی مارس»تان لێناکەم چونکە هەست دەکەم منم لەنێو زەلکاوەکەدا!

ئەوانە چەند نموونەیەک بوون لەو کارەساتانەی روویان داوەو لەمەودواش روو دەدەن، بەڵام بەداخەوە خەریکە بەلای هەموومانەوە ئاسایی دەبێ.

١- ئەوین عوسمانی ١٧ ساڵە خەڵکی بانە، هاوینی ئەمساڵ بە گوللەی هێزە ئەمنیەتییەکانی رێژیمی ئێران کوژرا.

٢- شەیدا حاتەمی ٢٤ ساڵە کچە خوێندکاری خەڵکی ورمێ کە رۆژی ١٠ی رەشەممە بە کوژراوی لە « خوابگاه»کەی لە زانکۆی ورمێ دیترایەوە.

٣- سەحەر چووبینی ١٩ ساڵە کچە خوێندکاری مەریوانی لە هاوینی ئەمساڵ لە زانکۆی هەمەدان بە شێوەیەکی گوماناوی جەنازەکەی بە هەڵواسراوە دیترایەوە.

لە ژمارە ٦٢٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٦ی مارچی ٢٠١٤

## پارێزگاری لە ژینگە ئەرکێکی گشتیو نەتەوەییە

سێزدەبەدەر لەلای ئێرانییەکانو ئەوانەی لە ئێراندا دەژین بە ڕۆژی «طبیعت» واتە سروشت ناسراوە. جگە لەوەی بە ڕۆژی سروشت ناسراوە، وەک ڕەسمو نەریتێک خەڵک لە ماڵەکانیان دەچنە دەرو بە ناوی سێزدە دەرکردن ئەو ڕۆژە لە نێو داوێنی سروشتدا بە شادیو خۆشی رادەبوێرن. لێرەدا ناچمە سەر بابەتی سێزدەبەدەر لەچییەوەهاتووەو هی چ نەتەوەیەکە، تەنیا سێزدەبەدەر دەکەمە بەهانەیەک بۆ باس کردنی مەسەلەیەک کە لە سێزدەبەرە گرنگترە. ئەویش باس لە ژینگەوسروشتە کە چۆن لەکاتی ئەو سەیرانو گەشتە بەهاریانەدا کە خەڵک بۆ کەڵک وەرگرتن لە سروشتی جوانی کوردستان و حەسانەوەو هەڵمژینی هەوایەکی خاوێن لە وەرزی بەهارو هاویندا لە شارو ماڵەکان دەچنەدەرو دەیانەوێ چێژ لە ژیان وەربگرن، بپارێزن.

قسەکردن لەسەر ژینگەو ژینگەپارێزی، کاری پسپۆرانو شارەزایانی بواری ژینگەیە، بەڵام ئەوەی منی هاندا لەوبارەیەوە چەند دێڕێک لەسەر کلتووری ژینگەپارێزی بنووسم، ڕۆڵو ئەرکی ژنانو چالاکانی ژینگەپارێزە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دروست کردنی کلتووری ژینگەپارێزیدا. ئەمڕۆکە پاراستنی ژینگە وەک یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی گەشەسەندنی جیهانی، پێویستیی بە بەشداریی راستەقینەو ئاگایی کۆمەڵگە هەیە. ژنان بە هۆی ئەوەی نەخش و ڕۆڵی گرنگیان لە ئیدارەی بنەماڵە و پەروەردە و فێرکردنی منداڵدا هەیە، دەتوانن وەک هێزێکی کاریگەر، هەر وەک چۆن دەتوانن نیگابان و پارێزەری منداڵەکانیان بن، هەر ئاواش دەتوانن نیگابانو پارێزەری ژینگە بن. هەر تاکێک لە دەست خۆی دایە کە شوێنی ژیانی خۆی چۆن دەپارێزی یا وێرانی دەکا. زۆرن ئەو مرۆڤانەی بۆ ژیانی خۆشیان بایەخ دانانێنو ڕێزی لێناگرن. هەر بۆیە دەبینین بەگشتی لە کەلتووری زۆربەی خەڵکدا زۆر بەکەمی دەبینرێ گرنگی بە پاراستنی ژینگە بدرێ.

ئایا چەند سەعاتێک گەشتو سەیرانو شادی بایەخی ئەوەی هەیە بۆ چەندین ساڵ زیان بەو سەیرانگاو ئەو سروشتو شوێنەی دانیشتووین و حەساوینەتەوە، بگەیەنین؟

بەخۆشییەوە چەند ساڵێکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەنێو کۆمەڵێک لە چالاکانی مەدەنیو تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادییو نیشتماندۆستی، نەریتێکی جوانو ژینگەدۆستی، دەستی پێکردووەو لەحاڵیپەرەسەندن دایە کە جێگای

خۆشحاڵی‌یە بۆ هەموو ئەوانەی لە خەمی ژینگەو نیشتمانی خۆیان دان. ئەوان دەزانن پارێزگاری لە ژینگە لە پلەی یەکەمدا لەدەستی ئەو هێزو لایەنانەدایە کە دەستەڵاتو سامانو بوودجەی وڵاتیان بەدەستەوەیە، بەڵام دەزانن کە تاکەکانیش دەبێ لەم بوارەدا وەخۆکەون تاکوو ژیان بۆ منداڵانی دواڕۆژ جوانتر بکەن.

شکاندنی تفەنگە شکارییەکانو ئازادکردنی باڵندەکێوییەکان، پاکوخاوێنی سەیرانگەو شوێنەگشتییەکان، ڕێگرتن لە سووتاندنی دارستانەکانو... لە لایەن چالاکانی ژینگەپارێزەوە، هەموو ئەوانە دانانی بناغەی ئەو فەرهەنگەیە کە منداڵانی ئەمڕۆ دەبێ فێری ببن. منداڵ دەبێ فێربن کە چۆن ژینگەو نیشتمانەکەیان خۆشبوێ. ئینسانەکان دەبێ ڕفتاری دروستو ئینسانی لە گەڵ سروشتو گیانلەبەران لە منداڵییەوە فێربن. ڕێزگرتن لە مافی ئەوی دیکە، ئینسانییەت و مێهرەبانی دەبێ لە منداڵییەوە فێر ببن، بەداخەوە لە ولاتی ئێمە کوردستان، منداڵان زۆرتر هەر نامێهرەبانی لەگەڵ سروشتو گیانلەبەران لە گەورەکان دەبیننو فێر دەبن. خۆشەویستی وڵات هەر ئەوە نیە ئاڵای کوردستان بەرز بکەینەوەو هەڵبلێێن بەسەر مێژووە پڕلە خەباتەکەمان لە دژی داگیرکەران، ئەوە تەنیا لایەنێکیەتی. کەسێک کە بەڕاستی وڵاتی خۆی خۆش بوێو بیهەوێ لە زیانو مەترسییەکانی دوژمن بیپارێزێ، دەبێ ئەو دەروەستییەشی تێدا بێ، کە ژینگەکەی، وڵاتەکەی لە زبڵو زاڵ و پاشماوەکانیش بیپارێزێ. هەرکەس لەئاست خۆیەوە بەتایبەتی دایکان و باوکان لەم بوارەوە ئەرکێکی زۆر بەرپرسانەیان لەسەرشانە. ئەوان دەبێ نەوەیەک بۆ ئەو نیشتمانە پەروەردە بکەن کە سروشتیان خۆشبوێو ڕێزی لێبگرنو پێوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵیدا هەبێ. ئەمانە دەبێ وەک تایبەتمەندیی بەرزو جوانی ئینسان سەیر بکرێ. ئینسانەگەورەکان بەرپرسن لە ئاست سروشتدا بە هەموو پێکهاتەکانیەوە. ئەوە ئەرکێکی نیشتمانیو نەتەوەییە. ئارامیو خۆشی تەنیا مافی ئینسان نیە بەڵکوو گیانلەبەرانو سروشتیش ئەو مافەیان هەیە کە ڕێزیان لێبگیرێ. ئەو ڕەوتەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن تێکۆشەرانی ژینگەپارێزەوە دەستی پێکردوە، دەبێ وەک خەباتێکی نەتەوەییو نیشتمانی ببینرێو بەپێزانینەوە سیری بکرێ. کوردستان نیشتمانێکی جوانە، پارێزگاری لەوجوانییە، ئەرکی هەموو تاکێکی ئەو وڵاتەیە. ئەگەر تێکۆشەرانی ژینگەپارێزی لە کوردستان بەمشێوەیەی ئێستا کار بۆ ئەم عەقڵیەتە بکەنو پەرەی پێبدەن، بە دڵنیاییەوە ژیانی منداڵانمان لە داهاتوودا ڕوونتر و گەشتر دەبێ. بەڵام ئەوەی من لە ماوەی چەند ساڵ ژیانمدا لە باشووری کوردستان دیومە کەمتر مەترسیدارتر نیە لە توانەوەی کێوە سەهۆلەکان، کە هەزارانو میلیۆنان مرۆڤ گیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە. هەر ئێستا لە باشووری کوردستان بەهۆی ئەو ژینگە پیسەی کە خەڵک بۆخۆی دروستی کردوە، بە هەزاران ئینسان گیانی لە مەترسی‌دایە. ئەگەر بەمشێوەیە بڕوا هەتا چەندساڵێکی دیکە لێرە لە باشووری کوردستان کێوی زبڵو پاشماوە دروست بێ. دڵنیام حکوومەتی هەرێمی کوردستان هێندێک کار دەکا لە

پێوەندی لەگەڵ ژینگەو ژینگە پارێزیدا، بەڵام بەداخەوە تائێستا نەیتوانیوە لەنێو خەڵکدا کەلتوورێک دروست بکا کە ئەوان نیشتمانەکەیان لە پیس بوون بپارێزن.

منداڵان لەگەڵ عەرزو ئاسمانو گیانلەبەران رووحێکی پاکو بێگەردیان هەیە کەچی بەداخەوە لەم وڵاتانەی ئێمەدا زۆربەیان کە گەورە دەبن لەگەڵ سروشتو گیانلەبەران وەک دڕندەیەک دڵڕەقانە دەجووڵێنەوە.

بەو هیوایە رەوتی پارێزگاری لەژینگە ببێتە کەلتوورێکی گشتی و هەموو لایەک بەئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی بزانن و منداڵانی داهاتووی ئەم نیشتمانە داهاتوویەکی گەش چاوەڕوانییان بکا.

سەرکەوتن بۆ تێکۆشەرانی ژینگەپارێزی لە کوردستان

لە ژمارە ٦٢٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٥ی ئەپریلی ٢٠١٤

---

## ئەوان ناتوانن ئینسانییەت لەناوبەرن

دوو رووداوی شیاوی رێز... لەم تاریکستانە، ترووسکایی هەر ماوە

هاتبوون تۆڵەی کوڕەکەیان بکەنەوە، هاتبوون داخی دڵی ئەو چەندساڵەیان سارێژ بکەن، هاتبوون مزگێنی بەرنەسەر گۆڕی کوڕەکەیان پێی بڵێن حەقی تۆمان سەند!... هاتبوون... بەڵام نا، ئەوان لەم تاریکستانەدا مرۆڤایەتییان ون نەکردبوو، ئەخلاقی لێبوردەییان هەبوو، ئەوان لە رێی مرۆڤایەتیدا بەخشەندە بوون. بەڵێ، ئەوان مزگێنی بەخشەندەییان بۆ سەرگۆڕی کوڕەکەیان بردو ئارام بوونەوە.

وێکچوونی نێوان قەتڵو و ئێعدام «قصاص» چیە؟ لە هەر دوو حاڵەتدا گیانی مرۆڤێک دەسێندرێ. وێکچوونی نێوان بنەماڵەی قوربانییو بنەماڵەی تاوانبار چیە؟ هەردووکیان ئازیزێکیان لەدەست دەدەن.

## چیرۆکی یەکەم

بیستو چوار کاتژمێر پێش رووداوەکە عادڵ فێردەوسیپوور وێژەری بەرنامەی «نود» کە بەرنامەیەکی وەرزشییەو هەر حەوتووی جارێک لە تلویزیۆنی ئێرانەوە بڵاو دەبێتەوە، مەسەلەیەکی باس کرد کە رەنگە هێندێکیش پێوەندی بە فووتباڵەوە بووبێ! ناوبراو رایگەیاند، کەسێک خەریکە ئێعدام دەکرێ، داوای لە بێنەرانی بەرنامەکەی کرد بە ناردنی «پەیامەک» بۆ بنەماڵەی قوربانییەک، بە مەبەستی لێبوردن لە کەسێکی مەحکووم بە ئێعدام، بەڵکوو لەمردن رزگاری بکەن. بینەرانی بەرنامەکە لە ماوەیەکی کورتدا زیاتر لە یەک میلیۆن پەیامەکیان بۆ بەرنامەی نەوەد نارد، ئەوە بووە هیوایەک بۆ کەسێک کە لە دواساتەکانی ژیانیدابوو.

دوای تەواو بوونی بەرنامەی «نود» دوو ڕای جیاواز (موافق و موخالف)ی عادڵ فێردوسیپوور وێژەری بەرنامەکە لە سەرئەم کارەی ناوبراو لەفەزای مەجازیدا بۆچوونەکانیان نووسی. ئەوانەی مخالیف بوون گوتیان عادل کەڵکی لە جێگەو پێگەی ئەو بەرنامە پڕبینەرە بۆ مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی کە پێوەندی بە وەرزشەوە نیە، وەرگرتوە. لەوە گەڕێین کە پێوەندی بە فوتباڵەوە هەبوو یان نا، گرنگ ئەوە بوو فێردەوسیپوور بە ئاکامی دڵخوازی خۆی گەیشتو گیانی کەسێک لە مردن رزگار کرا.

## لێبوردن لە چرکەی نەوەددا

عەبدولغەنی حوسێنزادە و هاوسەرەکەی تەنافی داریان لە ملی «بەلال» قاتڵی کوڕەکەیان کە بە »قصاص« مەحکووم ببوو، دەرهێنا. ئەم لێبوردنە جگە لەوەی بنەماڵەیەکی لە شۆکی لەدەست دانی ئازیزێکیان رزگار کرد، دڵی ئەوانەشی شاد کرد کە ئەمجارەیان کۆببوونەوە نەک بۆ سەیری ئێعدامی وەک جارانی پێشوو، بەڵکوو بۆ بیستنی هەواڵێکی خۆش هاتبوون.

عەبدوڵڵا حوسێنزادە ساڵی ١٣٨٦ لەگەڵ بەلال تووشی شەڕێک دەبنو بەلال چەقۆ دەردێنێ و چەندین چەقۆ لە

عەبدوڵلا دەداو دواتر عەبدوڵڵا حوسێنزادە بە هۆی کاریبوونی برینەکەی گیان لەدەست دەدا. عەبدوڵغەنی حوسێن زادە باوکی عەبدوڵڵای کوژراو کە قوتابخانەی وەرزشیی فووتباڵی هەیەو یەکێکە مامۆستایانی بواری وەرزشی فووتباڵ و لەم بوارەدا زۆر لاوی پەروەردە کردوە، لەگەڵ هاوسەرەکەی پاش ئەوەی لە قاتڵی کوڕەکەیان خۆش بوون، گوتیان ئەو پووڵەی وەک دیە (خوێنبایی) کوڕەکەیان وەری دەگرن، قوتابخانەیەکی فووتباڵ بە ناوی کورەکەمان لە شاری «نور» ی پێ دروست دەکەین بۆ خزمەت بە لاوانی ئۆگری وەرزشی فووتباڵ. رەنگە ئەوە بتوانێ لاوەکان لە توندوتیژی دووربکاتەوە و ئەوانیش هێندێک ئارام کاتەوە.....

## چیرۆکی دووهەم

لە دەوروبەری ساڵی نوێی ١٣٩٣دا هەواڵی رزگار کردنی ژنێک لە پای سێدارە بڵاو بۆوە. هەلالە محەممەدی هەتا بن پەتی سێدارە چەند هەنگاوێکی مابوو، بەلام بە هۆی هەوڵی کۆمەڵێک ژنی تێکۆشەری ریگای پاراستنی مافی مرۆڤ، گیانی لە مردن رزگار کرا. هەلالە خەڵکی مهاباد چەندساڵ لەوەپێش بە تاوانی کوشتنی پیاوێک کە بە دیفاع لە جەستەو پاراستنی کەرامەتی ئینسانیی خۆی دەستی بۆ ئەم کارە نەخوازراوە بردبوو، دوای چەند ساڵ تەحەمولی زیندان، مەحکووم بە »قصاص» دەبێ. بەلام بەخۆشییەوە بە هەوڵو تێکۆشانی مریەم خانمی قازی کچی بنەماڵەی قازی محەممەد و کۆمەڵێک لە چالاکانی دیکەی شاری مەهاباد لە ماوەیەکی کورددا ٩٠ میلیۆن تمەن بابەتی «دیە» بۆ بنەماڵەی کوژراوەکە لەلایەن خەڵکی خێرخواز و ئینساندۆست کۆدەکرێتەوە، بەلام بنەماڵەی کوژراوەکە هەربەوندە رازی نابن و داوای ٦٠ میلیۆن تمەنی دیکە دەکەن. هەر لەم پێوەندییەدا، هەوڵەکان بۆ رازگاری گیانی هەلالە چڕتر دەکرێتەوە و لە شاری مەهابادا رادەی ١٦٠ میلیۆن تمەن کۆدەکرێتەوە. ئەوەش کە بە چ سەختییەک ئەم پووڵە جۆر دەبێ، با بمێنێتەوە. بۆ خانمی قازی و هاوکارەکانی.

### ئێستا هەلالە درگای زیندانی لەسەر کرایەوە و گیانی لە مردن رزگار بووە، بەلام....

بەپێی قسەی شایەدحاڵەکان، هەلالە درگای بنەمالەکەی لەسەر داخراوە، نەک بەهۆی کوشتنی ئەو پیاوەی ویستوویەتی دەستریژی بکاتەسەر و ئەویش ناچار بووە دیفاع لە خۆی بکا، بەڵکوو وەک تاوانبارێکی کۆمەلایەتی سەیری دەکەن. تاوانێک کە زۆر لەژنانی بێتاوانی ئەم کۆمەڵەی ئێمە، پیاوانێک بەسەریاندا دەسەپێنن!

لەم چیرۆکەیاندا «نا» بڵێی هەر تاوانباری، خۆبەدەستەوەدەی هەر تاوانباری! ئەمەیان چیرۆکی ژنانێکە کە دوای هەمووشتێ ئەمجارەیان لە لایەن بنەماڵەوە بە ناحەق تاوانبار دەکرێنو درگاکانیان لەسەر دادەخرێ بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەرێتەوە چارەنووسی ژنێکی بێپەنا چی بەسەر دێ.

## هەستی لێبوردەیی و پابەندبوون بە ماڤەکانی مرۆڤ

بە هۆی ئەو توندوتیژییانەی کە سیستمی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵدا نەهادینەی کردوون، کاڵترین شت بەلای خەڵکی ئێرانەوە لاوازیی هەستی لێبوردەییە. مرۆڤەکان زۆر ئاسان دەست بۆ تاوان دەبەنو ئاسانیش تۆڵەیان لێدەکرێتەوە. هەستی تۆڵەسەندنەوەیە پابەندبوونمان بە ماڤەکانی مرۆڤەوە لەقو لاواز دەکا.

بەڵام ئەو چەند رووداوەی لەم ماوەدا لە ئێران روویانداوە، دەتوانێ دەسپێکێکی باش بێ بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو دۆخە پڕ لە توندوتیژییەی لە کۆمەڵدا جێی داکوتاوە. پێویستە چالاکانی مافی مرۆڤ و مافپارێزن ئەم رەوتە ئینسانییە بەرەوپێش بەرنو کار بکەن بۆ کەمکردنەوەی ئاستی تاوانو تاوانکاری لە کۆمەڵدا.

بە هیوای ئەو رۆژەی کە بە هەوڵوهیممەتی خەڵکانی مرۆڤدۆستو شارەزایانو پارێزەرانی ماڤی مرۆڤ، سرنج بدرێتە پێشهاتە تاڵ و پڕدەردەکانی ئەو قانوونانەی دەبنە هۆی پەرەسەندنی توندوتیژی و هەرچی زووتربۆ گۆڕینیان دەستبەکار بن.

لە ژمارە ٦٣٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٤

## فەیسبووک... لە ئامانجی زوکێربێرگەوە تا سنووربەزاندنو ئازاردانەکانی ئەمرۆ!

تۆڕی کۆمەڵایەتی، چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە کە مارک زوکێربێرگ (Mark Zuckerberg)ی وەک لاوێکی نابغە بە جیهانیان ناساند. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ناوبراو ڕاگەیەنێکی بەهێزی وەک فەیسبووکی کە ئەمڕۆ بۆتە یەکێک لە بەهێزترینو کاریگەرترین تۆڕی کۆمەڵایەتی لە دنیای مەجازیداو زیاتر لە یەک ملیارد ئەندامی هەیە، داهێناوە. بوونی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە، شۆڕشێکی گەورەی لە نێو کەرەسەکانی پێوەندیگرتندا دروست کردوە کە زوکێربێرگی ٢٦ ساڵەی لە ماوەیەکی کورتدا کردە لاوترین ملیاردێری جیهان.

فەیسبووک لە هەموو جیهاندا بۆتە بەشێک لە ژیانی ڕاستەقینەی زۆر لە مرۆڤەکانی ئەم سەدەیە. لە ژن وپیاوی ٧٠ - ٦٠ ساڵەوە بگرە تاکوو منداڵانی ١١ - ١٠ ساڵە کە بە فێڵ ڕۆژی لەدایکبوونیان زیاتر نووسیوە بۆ ئەوەی ئەوانیش ببێتە ئەندامی کۆمەڵگەیەکی بە ڕواڵەت مەجازی!

فەیسبووک، تۆڕێکە لەوێدا هەر تاکێک دەتوانێ بە دروست کردنی لاپەڕێک، بەوجۆرەی کە بۆخۆی پێی‌خۆشە هۆوییەتی خۆی بناسێنێ. شوێنێکە بۆ بڵاوکردنەوەی خواستو ئارەزووەکانی تاک. بۆ ئەو کەسانەی کە دەردی هاوبەشیان هەیە، بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە، بۆ خۆشەویستیو پێکگەیشتن، شوێنێکە دۆست دەکاتە دوژمنو دوژمن دەکاتە دۆست.... مرۆڤە بێناوەکان ناودار دەکاو بەکورتی شوێنێکە نەخشێکی گرنگی لە ژیانی ئینسانەکاندا هەیە.

لەنێو زۆربەی چینو توێژەکانی کۆمەڵدا ئۆگرییەکی زۆر بۆ فەیسبووک هەیە. هۆکاری ئەم ئۆگرییەش، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە فەیسبووک زۆر لە نیازە جۆراوجۆرەکانی ئەوانی بەجێ هێناوە. دیارە هۆکاری ئۆگریوخۆشەویستیی فەیسبووک بۆ تاک و دەستەو گرووپە جۆراوجۆرەکان جیاوازە. بۆنموونە بەشێک لە خەڵک لەم ڕێگەیەوە دەتوانن ئاسانتر لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵە، دۆستانو ئاشنایانو خۆشەویستانیان، پێوەندی بگرنو لە حاڵو وەزعی یەکتر ئاگادار بنەوە، بەتایبەتی کە شوێنی ژیانیان لەیەکتر دوور بێ. پاشان ڕێگەیەکی ئاسانە بۆ ڕێکلامی سیاسی، بازرگانی، فەرهەنگیو هونەریوهتد. واتە کەرەسەیەکی گرنگە بۆ پێوەندیو ڕێکخستنی لایەنگرانو بەهێزکردنی

خەباتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، بازرگانیوهتد. کاتێک کەرەسەیەک نیازەکانی زۆر لە چینو توێژە جۆراوجۆرەکان وەدی دێنێ، بە دڵنیاییەوە هەتا دێ، بە ڕێژەی میلیاردیی فەسبووکیانەوە زیاد دەبێ.

لە ڕاستیدا مارک زوکێربێرگ بە ئێستعدادو توانایی لەڕادەبەدەر توانیویەتی، خەڵکی هەموو جیهان بە زمانو فەرهەنگو رەگەزی جۆراوجۆر لە وڵاتێکی پانو بەرینو جەزاب لە دەوری یەک کۆبکاتەوە، کە دانیشتوانی بە ئاسانترین شێوە لەگەڵ یەکتر لەپێوەندیدا بنو ڕوانگەو بۆچوونەکانی خۆیان لەگەڵ یەکتر بگۆڕنەوە. دیارە هاندەری سەرەکی دروستکردنی فەیسبووک لە لایەن زوکێربێرگ، شکستو ناکام بوونی بووە لە پێوەندی گرتن لەگەڵ کچێکدا بە ناوی ئێریکا.

ئەمڕۆ ئەم تۆڕە بەجۆرێک کاریگەرە لە پێوەندییەکاندا، تەنانەت خەوو خۆراکی لە حکوومەتە دیکتاتۆرەکانیش تێکداوە، ئەگەرچی ئەوانیش لەم تۆڕەدا چالاکن، بەڵام زۆر جار بەشێوەیەکی نادیار بۆ مەرامەکانی خۆیانو لەم ڕێگەیەوە دەتوانن ڕەفتاری کۆمەڵایەتیو بۆچوونە سیاسییەکانی هاووڵاتیانیان بخەنەژێر چاوەدێرییەوە.

دیارە لەوەدەچێ فەیسبووک، هەر بۆ ئەوانەی لەسەرەوە باسیان لێکرا شیرین نەبێ، بەڵکوو بۆ ئەو کەسانەشە حەز دەکەن سەر لەهەموو کەلێنو قوژبنەکانی ژیانی تایبەتی خەڵکی دیکە دەربێنن! سەرکێشانە نێو ژیانی خەڵکی دیکە، لە نێو دنیای فەیسبووکدا بەتایبەتی لە ژیانی ئەوانەی کە ناسراون یان تەنانەت ناسیاویش، بۆتە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەر تاکێکی نێو ئەم دنیا سەرسووڕهێنەرەوە. هەریەک لە ئێمە کە دەچینە نێو ئەم دنیایەوە، زۆرجار بەشێک لە کاتمان تەرخان دەکەین بۆ ئەو مڵوموش(١) (کنجکاوی)یانە. زۆر کەس پێی وایە ئەو کارە دەبێتە فزوولی! دیارە ناکرێ ئەم مڵوموشانە - چاک یان خراپ - بە کەمی بگرین. ئەم فزوولیانە! بەبێ فەیسبووکیش دەکرێ هەبنو هەر هەبوونو هەن، بەڵام بەشێوەیەکی دیکەو لە ڕێگەی دیکەوە. بۆ نموونە خوێندنەوەی کتێبێک کە لەسەر ژیانی هونەرمەندێکی ئەکتەر، گۆرانیبێژێک، سیاسەتمەدارێک، شاعیرێک، نووسەرێک، ڕۆژنامەنووسێکو هتد، ئەگەر ناوی فزوولیشی لە ژیانی ئینسانەکاندا لێبنرێ، پێویستە ئینسانەکان لەم ڕێگایانەوە زانیارییەکانیان لەسەر کەسایەتییە ناودارەکان کۆدەکەنەوە. بۆیە هەمووومان لە فەیسبووکدا جگە لە پێوەندییە شەخسیو تایبەتییەکانمان، دەگەڕێن بەدوای زانیاری زیاتر لەسەر مرۆڤەکانی دیکە، ئەگەر ناودارو ناسراو بێ، یان کەسێکی ئاسایی بێ.

## ژنان و فەیسبووک

ژن مافی ئەوەی هەیە ژنانە بژی، ژنانە پێوەندی بگرێ، ژنانە دەرکەوێ، بەلام لە نێو کۆمەڵە جۆراوجۆرەکاندا بەتایبەتی لە نێو کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، کە ژن وەک ئەکتەرێکی جنسیو خۆشگوزەرانی بۆ پیاوان چاویان لێدەکرێ، دەڵێی لەم دنیا بەناو مەجازییەشدا مافی ئەوەیان نیە ئاسوودە بن. لێرەش هەر رۆژە چیرۆکێک لە ئازاردانی ژنان دەبیسین. ئازار دانەکان لێرەشدا وەک شەقامو کووچەوکۆلانەکانی وڵاتو شارو گوندەکەمان دەچێ! بەجیاوازییەکەوە کە کەسەکان دەمامکدارنو دیار نین کێن، بەلام وشەکانیان پیاوانەن! پلارو توانجەکانیان بەئازارە وەک دنیای ڕاستەقینە! لاپەڕە بەناومان دەکەنەوە، بەنییەتی ناڕەوا، وێنەو پەیامی نەشیاو دەنێرن، هەڕەشەی بێدەنگکردنمان لێدەکەن، گاڵتە بە ژنیەتیمان دەکەن، بە ژنی ئەمو ئەو ناوماندەبەن! و... دیارە هەموو ئەوانە لە لایەن سیما دەمامکدارەکانەوە ڕووبەڕووی ژن دەبێتەوەو زۆر جار ئەم رەفتارە نەشیاوانە ئاسوودەیی لە ژنانی فەیسبووکی تێکداوە. دیارە ئەوانەی ئەم رەفتارانە لەگەڵ ژنان دەکەن بەشێکیان هەر ئەوانەن دەیانەوێ لەم دنیایەشدا ژنان بچنەوە پشت درگا داخراوەکان، ئەوانە هەر ئەو کەسو لایەنانەن «حەلاڵ» حەرام دەکەنو «حەرام» «حەلاڵ»! بەشێکیشیان هەر ئەومرۆڤانەن کە لە ژیانی خێزانیو کۆمەلایەتیدا بەردەوام هەستەکانیان سەرکوت کراوە، دەیانەوێ ئەم بۆشاییە لە ژیانیاندا بەمشێوەو لەم ڕێگایەوە پڕ بکەنەوە. ئەوانە مزاحیمی هەمیشەیی ژنانو کچانن لە فەیسبووکدا.

دیارە دیاردەی ئازاردانی ژنان لە نێو فەیسبووکدا ڕەنگە دیاردەیەک نەبێ تەنیا پێوەندی بە کوردو کۆمەڵگەی ڕۆژهەلاتییەوە هەبێ، بەلام ژنی کورد نەیانتوانیوە یان بۆی دژوارە لەگەڵ ئەم دیاردەیە ڕابێ، بۆیە زۆرجار لە هاوڕێیانی خۆمان دەبیسین کە بەمهۆیانەوە فەیسبووکەکەی دادەخا! یان زاڵەی دێ لەدەست ئەم ئازاردانانە. ڕەنگە زۆر کەس بڵێن ئەم کارانە لەگەڵ پیاوانیش دەکرێن، بەلام ئەمە ڕاستییەکی تاڵە، ژن لە کەلتوورو کۆمەڵی ئێمەدا بۆ شتی چووکەش تا ئێستاش ترسی گەورەی هەیە.

### چۆن لەگەڵ ئەم کێشەیە ڕووبەڕوو بینەوە؟

ئێمە لە دنیایەکدا دەژین، کە فەیسبووک تەنیا بۆ کات بەسەربردن نیە، بەڵکوو بۆتە بەشێک لە ڕاستییەکانی ژیانمان. زۆر لە پێوەندییەکانمان لەم ڕۆژگارە مۆدێرنەدا لە ڕێی تۆڕەکۆمەلایەتییەکانەوەنو ئەم تۆڕانە هەر دێو

پەرەدەستێنن. ئێمە کە بەشێک لە ژیانمان تێکەڵاوی ئەم تۆڕانە بووە، ئاسانترین ڕێگا، ڕاکردنو خۆدزینەوەیە لە دەست کێشەو گرفتەکان. بەڵام کەسی ئازا یان خەباتکار ئەو کەسە نیە، لە دەست کێشەکان ڕابکا، بەڵکوو ئەو کەسەیە نایەڵێ کێشەو نیگەرانییەکان، ببەزێنن.

دیارە زوکێربێرگ ئەوکاتەی بیری لە فەیسبووک کردەوەو دایهێنا، بە نییەتی ئاسان کردنی پێوەندیی دۆستایەتیو هاوڕێیەتی بوو، ڕەنگە بیری لە یەکتر ئازاردانی مرۆڤەکان لەم ڕێگەیەوە نەکردبێتەوە! ئەگینا بیری لەوە دەکردەوە چۆن ڕێگە لە مرۆڤە دەمامکدارەکان بگرێو نەیەڵێ ئەم کەرەسە گرنگەی سەدەی ٢١ بەنییەتی ئازاردانی یەکتر بەکار بێ!

بەڵام گرنگ ئەوەیە ژنان نابێ ئەم ترسانە بەسەریاندا زاڵ بێو فەیسبووک بەجێ بێڵن! یان بە وێنەو ناوی شاراوە بۆچوونەکانیان دەربڕن. ژنان کە توێژی زوڵملێکراوی کۆمەڵگەنو ئازارو خەمی هاوبەشیان هەیە، فەیسبووک دەتوانێ شوێنێک بێ بۆ یەکگرتووییان، بۆ دەربڕینی ئازادانەی ئامانجو خواستەکانیان، بۆ وەڕێ خستنی شۆڕشێکی ژنانە دژی هەڵاواردنو ئازاردانەکان. هەروەک چۆن لە وڵاتی میسر تاکێکی فەیسبووکی شۆرشێکی وەڕێ خست، ژنانیش ئەگەر لەئاست خواستە بەرحەقەکانیاندا یەکگرتوو بن، ئەگەر بۆ مافە مرۆییەکانیان، بێوچان هەوڵ بدەنو ئەم کەرەسە مۆدێرنانە بخەنە خزمەت ئامانجەکانیانەوە، نەک دەتوانن هەر زاڵ بن بەسەر هەموو ترسەکاندا، بەڵکوو دەتوانن سیستمی پیاوسالاری لەبەر یەک هەڵوەشێنن.

ژن! ژیان پڕە لە کەندوکۆسپ، دەستهەڵگرتن لە خواستو ئارەزووەکان ئاسانترین کارە، هێز لە ناخی ئێمەدایە کەوایە مەترسە لە ئەم شتە پڕوپووچانە!

پێویستە ئێمەی ژنانیش ئەم کەرەسەدروستکراوەی دەستی پیاوان! لە ڕاستای خواستەکانی خۆماندا بەکار بێننو بێوچان بۆ گەیشتن بە دنیایەکی خاڵی لە هەرچەشنە ئازاردانێک خەبات بکەین، کە فیسبووک یەکێکە لەو کاناڵانەی زۆر باش دەتوانین ڕوانینو بۆچوونە ئینسانیو ڕەواکانی خۆمانی تێدا پەرە پێبدەین، بەڵام نەک پیاوانە دەرکەوتن.

(١) وەرگیراو لە فەرهەنگی یەک جلدی فارسی - کوردی «دانشگاە کردستان»

**لە ژمارە ٦٣١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**٦ی مای ٢٠١٤**

## ئەو کاتەی مافێکی سادەو سەرەتایی دەبێتە ئارەزوویەکی گەورە

**«ئازادیم ناوێ بۆ خۆدەرخستن، ئازادیم دەوێ چونکە مافی خۆمە»!**

**«دەمەوێ بۆ چەند چرکەیە بە ئازادی هەناسە هەڵمژم»!**
**«بۆ گەیشتن بە ئازادی دەبێ لە یەکەم لە هەنگاوی چووکەوە دەست پێ بکرێ»**

**«تۆ ناتوانی هەستی من دەرک بکەی، حەقت پێ دەدەم چون تۆ نەتچێشتوە حجابی زۆرەملی یانی چی»!**

**«خواستەکە گەورە نیە، ئەوانەی ئەو خواستەیان لێ زەوت کردووم چووکەن»!**

**« لە وڵاتی ئێمە دەبێ بەدزییەوە پێبکەنی، بخوێنییەوە، بنووسی،ماچ بکەی، بەدزییەوە ژیان بکەیو بەدزییەوە......»**

**« آزادی‌های یواشکی»(ئازادییەکان بەدزییەوە)**

**رەنگە زۆربەی بەکاربەرانی فەیسبووک بە تایبەتی ئەوانەی بە دوای هەواڵو رووداوەکانی ئێرانەوەن، لاپەڕی فەیسبووکی «آزادی‌های یواشکی» ژنانی ئێرانیان دیتبێ، کە ماوەیەکە ژنان لە ئێران وەک چالاییەکی کۆمەڵایەتی دژی حیجابی زۆرەملی دەستیان پێکردوە. ئەو قسانەی سەرەوە قسەی کەسانێکن کە لە پەیجی «آزادیهای‌یواشکی»**

هەڵبژێردراون. پەیجەکە وێنەو کۆمێنتی ژنانێکی بڵاو کردۆتەوە کە لە ئێران دەژین. ژنانێک کە حەز دەکەن مافی هەڵبژاردنی ئازادانەی پۆشینی جلوبەرگیان هەبێ، ئەوێش بە لابردنی سەرپۆشەکانیان بۆ چەند چرکەیەکو گرتنی وێنە بەبێ سەرپۆش و بڵاوکردنەوەیان لەم لاپەڕەدا بەجۆرێک بێزاری خۆیان لە رێژێمو قانوونە داسەپاوەکانی دەربڕیوە.

بەڵام ئەو ژنانە کێن؟ ئەمجارە ژنانی چالاکو نووسەرو بەقسەی هێندێکان نوخبەکان نین کە باس لەحیجابی زۆرەملیو قانوونە داسەپاوەکانی کۆماری ئیسلامی بکەنو رێوشوێنو پرۆژە دانێن، ئەوانە ژنانێکن ئاسایی، بەڵام ئەوانیش خولیای ئازادیو ژیانی بە ئازادانەیان هەیە، ژنانێک کە لابردنی رووسەرییەکانیان بۆتە ئارەزوویەکی گەورەو دژوار لە وڵاتەکەیاندا! لاپەڕی «آزادی‌های یواشکی» لە سەرەتاییترین مافی ئینسانێکەوە دەستی پێکردووەو ئەو ژنانەی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە کە لەدەست حیجابی زۆرەملی وەزاڵە هاتوون. رەنگە بەلای زۆر کەسەوە ئەم حەرەکەتە شتێکی وانەبێ کە سرنجی بدرێتێ، بەڵام قووڵایی تراژیدیی ژیانی ژنان لە ئێران نیشان دەدا کە پاش سەدەیەک خەباتو تێکۆشان بۆ مافی بەرابەر لەگەڵ پیاوان، تازە دەبێ بە دزییەوە سەرەتاییترین مافی خۆیان ئەزموون بکەن.

## ئەم لاپەڕە چۆن دروست بوو؟

پاش ئەوەی مەسیح عەلینژاد رۆژنامەوانی چالاکی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات وێنەیەکی بە سەررووتی لە فەیسبووکەکەی خۆدا دانابوو، یەکێک لە دۆستانی لە نێوخۆی ئێران لە کۆمێنتێکدا بۆی نووسیبوو: «من ئێرەییتان پێ دەبەم، ئێوە لەوێ ئازادن سەرپۆش بەسەرداناەنو کەس مزاحیمتان نابێ! وای کە هەستێکی خۆشە»! مەسیح بە پرسیارێکی سادە وەڵامی کۆمێنتەکەی دابۆوە: بۆ ئێوە ناتوانن دوور لە چاوی قانوونو گەشتی ئێرشاد سەرپۆشەکانتان لابەرنو ئەم هەستە خۆشە تاقی بکەنەوە؟ دوای ئەو پرسیارە وەڵامەکان نە یەک و نەدوو و...بەڵکوو هەر لە رۆژی یەکەمدا دەیان وێنە و دواتر سەدان و هەزاران وێنەی بێسەرپۆش وەک سێڵاو بەرەورووی مەسیح هاتن. مەسیح پێی حەیف بوو هەروا ئاسان لەم پێشوازییەی ژنان لە نێوخۆی وڵات تێپەڕێ.

بیرکردنەوەکەی ناوبراو کارەکەی بەرەوگەورەبوونەوە برد. لاپەڕەکە بووە کەمپەینێکی گەورە دژی حیجابی زۆرەملی، هەر لە رۆژەکانی یەکەمەوە نزیک بە هەزاران کەس ئەو لاپەڕەیان پەسند کردو پشتیوانییان لەم حەرەکەتەی

ژنانکرد. حەرەکەتێک بە ناو چووکە بەڵام لەناخەوە گەورە.

## ژنو حیجاب، خاڵی لاوازی کۆماری ئیسلامی

کۆماری ئیسلامی بە دروشمی «رووسەری یا تووسری» هاتەسەرکار، کە ئەمڕۆ ئەو حیجابە بۆتە بەشێک لە هۆوییەتی ئەو رێژیمە. بەومانایە ئەگەر رۆژێک ژنان لە ئێران حیجابییان فڕیدا، کۆماری ئیسلامی بەشێک لە هۆوییەتی خۆی لەدەست دەدا. هەر بۆیە کەمترین حەرەکەتی ژنان لە پێوەندی لەگەڵ دژایەتی لەگەڵ حیجابدا لە لایەن رێژیمی ئیسلامییەوە، بە تاوانێکی نەبەخشراو ئەژمار دەکرێ. هەر بۆیە ئەم حەرەکەتەی ژنانی ئێران جارێکی دیکە کۆنەخوازانی وەدەنگ هێناو ئەو ژنانەیان بە سووکو هەرزەو هەروەها ئەم کارەیان بە پیلانی خاریجنشینان ناوبرد!

## ئەمجارەش ژنان هەرلەلایەن دەسەڵاتدارانەوە نەکەوتنەبەر هێرش!

جیا لە بۆچوونی دەسەڵاتداران، زۆرکەس ئەو حەرەکەتەی پێ سادەیەو پێی وایە باسکردنی جێی بایەخ نیە. بەڵام بۆ ئەوانەی کە بەم جۆرە بیر دەکەنەوە دەبێ ئەوەشیان لەبەرچاو بێ کاتێک ژن بە تاوانی بێحیجابی دەستگیر دەکرێو وەبەرقامچی جەللادەکان دەدرێ، دەستدرێژی دەکرێتە سەر و بە هەرزەو سووک ناوی دەبرێ، چۆن دەکرێ مەسەلەی داسەپاندنی حیجابو دژایەتی لەگەڵی بە کەم بگیرێ؟ راستە ئەو حەرەکەتە رەخنەی بەجێی پێوارێدە یەکێک لەو رەخنانە ئەوەیە کەمترین وێنەی تێدایە کە لە شوێنی قەرەباڵغ گیرابێ، بەڵام بۆ ئەوەش دەبێ ببینین مەجالەکان چەندن. کۆماری ئیسلامی ٣٤ ساڵە بەردەوام لەپێناوی حیجاب ژناندا کار دەکا، قانوونی بۆ دادەنێ، دروشم دەداو نرخی بۆداوە، بۆ ژنان ئاسان نیە بەبەرچاوی مەئموورەکانی رێژیمەوە حیجابەکەیان بەو شێوە لە وێنەکاندا دیارن فڕێدەن. کەوایە بە گاڵتە سەیرکردنی ئەم تابۆشکێنیانە لەلایەن هەرکەسێکەوە بێ چی کەمتر نیە لە هەڵوێستی توندڕەوەکانی نێو دەسەڵات! ناڕاستەوخۆ ژنان بە جۆرێک لە حەرەکەتی دژی حیجابی زۆرەملی دڵسارد دەکەنەوە. راستە شەڕی حیجاب هەموو شەڕەکان نیەو چارەسەری کێشەگەورەکانی ژنان نیە، بەڵام ئەوە بەشێکە لە خەباتی ژنانی ئیران، کەسانێک کە دەم لە ئازدی و دیموکراسیدەدەن، نابێ دژی ژنان بەجۆرێکی دیکە بچنە بەرەی کۆنەپارێزانی دەسەڵاتبەدەستەوە.

راستە کەسایەتیی ئینسانەکان نە بە حیجابو نە بێ حیجاب هەڵناسەنگێندرێن، بەڵام لێرەدا باس لە مافێکی سەرەتایی هەر ئینسانێکە کە لە ئێران لە نیوەی کۆمەڵی ئەو وڵاتە زەوت کراوە، بۆیە پێویستە ئەو دەنگانە ئەگەر کەمیش بن ببیسرێن کە دژایەتی لە گەڵ ئەو ناحەقییە دەکەن.

بڵاوکردنەوەی وێنەی بێسەرپۆشی ژنان لە ئێران، جارێکی دیکە ئەوەمان پێدەڵێ ژنانی ئێران لە فرسەتەکان کەڵک وەردەگرن بۆ ئازادیو ئازادی ژیان کە حەقی بێئەملاوئەولای ئەوانە. لەگەڵ ئەوەشدا یەکگرتوویی‌و خەباتی بەردەوامە دژی زوڵم‌و ستەم بە ئامانجیان دەگەیەنێ، ئەو رۆژە هەر دێ زنجیری کۆیلەیی بپسێنێ.

لە ژمارە ٦٣٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢١ی مای ٢٠١٤

---

## شەرم لە خوێنی رژاوتان دەکەین!

کوردستان ژینگەیەکی پاک و دڵنشین نیە بۆ ژیان، کوردستان بۆ ئەمنییەتو ئارامی سەرنجڕاکێش نیە، مادام «من» ی «ژن»ی تێدا ئازار بدرێم‌و خەڵتانی خوێن بکرێم....

رۆژی هەینی ٩ی جۆزەردانی ٩٣، ژنێکی تەمەن ٢٢ ساڵ بە ناوی هەڵاڵە محەمەدی لە سەردەشت خوی هەڵواسی‌و گیانی لە خۆی سەند. هەر لەو حەوتوویەدا ئەوە دووهەم رووداوی خۆکوژی بوو لە شاری سەردەشت. روویان دا. حەوتووی پێش ئەوەش لە شاری کەنگاوەری سەربە شاری کرماشان کچێکی ١٨ ساڵەی خوێندکار لە لایەن باوکییەوە دەدرێتەبەر چەقۆو گیانی لێدەسەندرێ، هەر هەمان حەوتوو لە حەسەن ئاوای سنە کچێکی دیکە بە دەستی باوکی دەکوژرێ.... هەر لەو حەوتوویەدا لە کەلەکچی باشووری کوردستان کچۆڵەیەکی تەمەن ١٥ ساڵە بە دەستی «هاوسەر!»ەکەی وەبەر دەسڕێژی گوڵلە دەدرێ و جەستە شلکو ناسکەکەی هەلاهەلا دەکرێ. ئەمانە هەواڵی بەردەوامی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانو ماڵپەرو ڕاگەیەنەکانی کوردستانن.

بلێی ئەم دڕندەییە لە کۆمەڵدا تەعبیر لە چی بکا؟ جگە لە دەسڕێژی گوللەو خنکاندنو وەبەرچەقۆدان، ڕۆژانە زۆر ڕووداوی تاڵو دڵتەزێنی دیکە لەنێو ماڵەکان، قوتابخانەکان، شەقامو کۆڵانەکان، لەم وڵاتەی ئێمە، ڕوودەدن. هەر ژنە چیرۆکی تاڵی ژیان لەنێو ئەم وڵاتە بەهەشتەدا! لە نێو سنگیدا هەڵگرتوە. قسە پێگوتن، لێدانو ئازاردان، تانەوتوانج، بە هێندنەگرتن، لە شتە ئاساییەکانی ڕۆژانەی ژیانی ژنانن و ڕەنگە ئەم ڕەفتارانە کەمیش بن لەچاو کوژرانو فڕێدانی جەستە لەتوپەتکراوەکان لە چۆڵەوانییەکان.

ئایا ئەمە کەلتووری چ جەنگەڵستانێکە کوردی «بەناموس» ئاوا بەدڵ ئاوالایی وەریگرتوە؟! یان ڕەنگە هەر هی خۆشمان بێ!!

ئەم هەموو کوشتارەی ژنان دەمانگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی ئێستاش لە کوردستان لەم سەدەی ئازادیی نەتەوەکانو دیموکراسییەدا، کە جاڕنامە جیهانییەکانی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان گوێی هەموو تاکێکی ئەم جیهانە پانو بەرینەی پڕ کردوە، کۆیلەیی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ هەر بەردەوامە. ئەمە نە گەورەکردنەوەیە، نە قسەیەکی بێبنەمایە. ئەم هەموو کوشتنو خۆکوژییەی ژنان لە کوردستان، بەسن بۆ ڕاستیی ئەم ئیدیعایە. ڕۆژ نیە هەواڵی کوژرانو خۆکوژی ژنێک دامانەچڵەکێنێ، هەڵبەت ئەگەر دامانچڵەکێنێ! بەداخەوە ئەو ڕووداوانە (کوژران، خۆسووتاندنو سووتاندن!)، ئەوندە دووبارە بوونەتەوە کە تەنانەت بۆ ئەوانەی کە ئینسانییەت لەسەرەوەی هەموو پیرۆزییەکانە، خەریکە ئاسایی دەبێ.

ئێمەش وەک بینەرێکی باش، بێدەنگ تەنیا چاولێکەری شانۆکانین. بێگومان بێدەنگ بوونیش لەئاست چیرۆکی شانۆنامەکە، بۆخۆی ڕەنگە جۆرێک بێ لە بەشداری کردن!

هەموو بەها مرۆڤایەتییەکان نرخی خۆیان لەدەست داوە

## کوشتن لەسەر «بێڕەوشتی»

ئایا ئەو ژنان و کچانەی لە لایەن کەسوکاریانەوە بە ناوی «ناموس پارێزی» دەکوژرێن، هەموویان «بەدرەوشتن»؟ ئایا چ کردارێک دەچێتە خانەی بەدڕەوشتییەوەو، پێناسەی بەدڕەوشتی چیە؟ ئایا قانوون لە وڵاتی ئێمەدا لە پێوەندی لەگەڵ ئەخلاقو ڕەوشتی تاکەکان لەکۆمەڵگەدا چ ڕۆڵێکی هەیە؟ کێ بەرپرسی ڕەوشتی

تاکو کۆمەڵگەیە؟ لە هەمووی گرنگتر کێ بەرپرسی ئەم هەموو کوشتارەیە لە کوردستان؟

ئایا فریشتە، شەیدا، دڵبەر، شنۆ. دۆعا، بەناز، هێشوو، هەلالەکان، فاتیمە، دنیا، عاتیفە، شەوبۆ و س. م، ش. ن، و....و....و... هەموویان بێڕەوشت بوون وا لە لایەن پیاوانی «بەغیرەتی!» کوردەوە گیانیان لێسەندرا؟ هەموو ئەمپرسیارانەو دەیان پرسیاری دیکەی لەم بابەتە ولامی جیدیو شەفافیان دەوێ کە بۆ پسپۆرانو شارەزایانی مافو کۆمەڵناسیو قانوونو بەجێ دێڵم! بەلام هەمووکەسیش ئەو مافەی هەیە روانگەی خۆی لەمبارەیەوە بڵێ.

دابونەریتو ئایینەکان بوونەتە چەکێک بەدەست پیاوانی کۆمەڵگەوە. «ناموس» بۆتە بەشێک لە جەستەی ژنو ئەویان لە بەشێکی زۆر ئازادییەکانی ژیان بێبەش کردوەو ئەویان لە ئینسان بوونی خۆی خاڵی کردۆتەوە. هەر ئەوەشە وای کردوە، هەرڕۆژە لە لایەن پیاوانێکەوە جینایەتێک بەناوی «سڕینەوەی پەڵەی شەرم لە داوێنی بنەماڵە« لەم وڵاتەدا روودەداو کەسیش ناوێرێ دەنگ هەڵنەبرێو بڵێ ژن مرۆڤە نەک «ناموسی پیاو»! لەم وڵاتەدا کە پڕە لە یاساناس، دادوەر، رۆژنامەنووس، چالاکی مافی مرۆڤو ئەم هەموو رێکخراوانە کە ناویان لێنراوە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو ئەم هەموو چالاکە کۆمەلایەتی، سیاسی، فەرهەنگیو... بەناو تێکۆشانیان هەیە بۆ وڵاتەکەیان، قسە لەوە ناکەن کە ئەم بونیادی پیاوسالارییەی لەکۆمەڵگەدا ریشەی داکوتاوە، ریفۆرمی ریشەیی دەوێ. ریفۆرم شتێک نیە تەنیا دەوڵەت بتوانێ بیکات، هەموو چینو توێژێک بەتایبەتی چالاکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، چالاکانی فەرهەنگی، سیاسیو.... دەبێ رۆڵی کارای تێدا بگێڕن.

## تێڕوانینە هەڵەکان بەرگی پیرۆزیان لەبەر کراوە

پێناسەی شەرەف لە جەستەی ژندا یەکێکە لەو تێڕوانیە هەلانەی کە مێژوویەکی دوورو درێژی لە کۆمەڵگەدا هەیە، تەنانەت وا تێکەلاوی ناخی ئینسانەکان بووە، زەحمەتە خۆرزگار کردن لەو پێناسە داسەپاوەدا، بەلام مەحاڵ نیە.

بۆ کۆتاییهێنان بە جینایەتی «ناموسپارێزی» پێویستمان بە تێڕوانینی نوێ هەیە. دیارە قسە کردن ئاسانە، بەلام زەحمەت ئەوەیە چۆن ئەو بیرکردنەوەیە لە بیروزەینی مرۆڤەکانی ئەم وڵاتە داماڵدرێ. بێگومان کار کردن

لە پێناوی سڕینەوەی پیاوسالاریو دیاردە دزێوەکانی دژی ژنان، لەنێو کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی - نەریتیدا، پرۆسەیەکی ئالۆزو دژوارە، بەتایبەتی کە دەسەڵاتی وڵاتەکە خۆی تاسەر ئێسقان پیاوسالار بێو بەناوی سەروەریو پیرۆزییەکان، زۆر لە کێشەکان پشت گوێ بکا. هەروەک کێشەی بەناو «نامووسپارێزی»، ساڵانێکە گیانی ئینسانەکان دەستێنێ.

## بەژەوەندییە حیزبیو تاکەکەسییەکان

گەمەی نیشتمان و نەتەوەپەرستی و پیرۆزییەکان، هەلومەرجی ژنانی لەکۆمەڵگەی کوردستاندا هێندەی دیکە ئاڵۆز کردوە. ئەنجومەن و ئین جی ئۆکانی مافی مرۆڤ، تەنانەت رێکخراوەکانی ژنانیش، کەوتوونەتە نێو ململانێی «پیرۆزییەکان»ی خێڵو عەشیرەو بە ناوی بەرژەوەندیی نیشتمانو نەتەوە ئەرکە سەرەکییەکانی خۆیان لەبیر کردوە کەبە ناو خەبات دەکەن بۆ ریفۆرمی کۆمەڵایەتیو ...

حیزبە نەتەوەییەکانی کوردستانیش هەمیشە لە کێشەیەکی وەک کێشەی کوشتنی ژنان لە سەر مەسەلەی «نامووس» بە رووکەش لێ روانیوە. کاتێک ژنێک دەکوژرێ، هەربەم تێڕوانینەوە هەڵەوە دەگوترێ «کێشەی نامووسی» بووە! واتە قەبێحی مەسەلەکە نیشان نادەن، وەک ئەوەی بەرژەوەندییان لەوەدا بێ قسەی لێنەکەن.

لە کوردستان بێنرخ کردنی ژن گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی، بەڵام کە قسە لە چارەسەر دێ، تەنیا روو لە ژنان دەکرێ کە دەبێ بۆخۆیان چارەسەر بۆ کێشەکانیان بیبیننەوە. ئەمە جگە لە خۆدەربازکردنو خۆدزینەوە لە ئەرکێکی گرنگ، یاری بەرژەوەندیو، خۆڵ کردنە چاوی خەڵکیشە. تا ئێستا هیچ حیزبێکی کوردستانی بە ڕاشکاوی رایانەگەیاندوە ژن نابێ «نامووس» بێ، چونکە ئینسانە. روانینی «نامووس» بەم پێناسەیەی ئێستا باوە، بێنرخکردنی ئینسانە.

حیزبە نەتەوەییەکان لە پێوەندی لەگەڵ «کێشەی ژنان» ئەرکو بەرپرسیارەتیی کۆمەڵگەیان دابەش کردوە بە سەر «ژنانە»و «پیاوانە»دا. هەر ئەوەشە وای کردوە، کار لە پێناوی ریفۆرمی کۆمەڵایەتیدا بەرەوپێشچوونێک بەخۆیەوە نەبینێ. دیارە کارکردن لەسەر پرۆسەی ریفۆرمی یاسایيو کەلتووری سەرەتا ئەرکی دەسەڵاتە، بەڵام ئەگەر دەسەڵات خۆی دژی ریفۆرم بوو، (وەک کۆماری ئیسلامی) دەبێ چ بکرێ؟

کوشتنی ژنان لە ژێر ناوی پاراستنی نامووس، تاوانێکی دژی مرۆڤانییەو نابێ هەروا بە ئاسانی چاوپۆشیی لێبکرێ. هەموو لایەک دەزانن توندوتیژی لەسەر ژنان چ کاریگەرییەکی نێگەتیڤی لەسەر هەموو کۆمەڵگە بەگشتی هەیە. کۆمەڵگەیەکی پڕ لە تاوانو توندوتیژی بەرهەم دێتەوە. بۆیە ناکرێ تەنیا ژنان بەبەرپرسی چارەسەری ئەم پرسانە بزانن. حیزبو ڕێکخراوەسیاسییەکان، ئەنجومەنو ئین جی ئۆکانی مافی مرۆڤ، ژنان، لاوان، کەسایەتییە کاریگەرەکانی نێو کۆمەڵگەو هتد، دەتوانن لە ئاست پرسی توندوتیژیی دژی ژنان، هەماهەنگ لەگەڵ یەکترو بینە فشار بۆسەر دەسەڵات. کارکردن لە پێناو ریفورمی کەلتووری، ئایینیو یاسایی بە هەموولایەک دەکرێ. هەر لایەنێک کە لە غەمی نیشتماندایە دەبێ بەو هەست بەبەرپرسیاریەتیەوە کار بۆ سڕینەوەی ئازارەکانی نیشتمانیش بکا. کوژرانو کوشتنی ژنان یەکێکە لەو ئازارانەی نیشتمان کە هەرگیز وڵات رووی ئەمنییەتو ئارامی بەخۆیەوە نابینێ مادام ژنان ئەوە چارەنووسیان بێ. ئەگەر پرسی نەتەوەیی مینبەرێکە لە مینبەرەکانی کورد تا داواو مافەکانی بەرجەستە بکاتەوە، دەکرێ لەو مینبەرەوە زۆر بە روونی ڕێنوێنیو رێکاری ئینسانییش بخرێتە پێش خەڵکی وڵاتەکە، نەک خۆ گێل کردن لەئاستیداو سپاردنی بە بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵ، کە ئەمە دەبێتە هۆی هێشتنەوەو رەوایی‌دان بە توندوتیژیو بەناوی کەلتووری «کوردی».

ئەوەی ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستانو کوردستان بەگشتی، بە نیسبەت ژنەوە روودەداو دواتر شاردنەوەو پاساوهێنانەوە بۆ کردوە دژی ئینسانییەکانی کە لە دژی ژنان روودەدەن، بە دڵنیاییەوە بە زیانی هەموو کورد دەشکێتەوە.

کەس ناتوانێ پرسی نەتەوەو غەمی نیشتمان بە خەڵکانێک بفرۆشێتەوە کە ئەمڕۆ دەیانەوێ جەستەی نیشتمان هەڵکۆڵن و لە دەردو ئازارەکانی بگەڕێن. پاساوهێنانەوە بۆ ژن کوشتن هیچی لە خیانەت بە نیشتمانو بە نەتەوە کەمتر نیە. چونکە ژن کوشتن بەداخەوە خەریکە دەبێتە پێناسەی کورد. بە دڵنیایەوە مێژوو ئەم رووداوانە لە سەر کورد تۆمار دەکاو کەسیش ناتوانێ مێژوو بسڕێتەوە.

لە ژمارە ٦٣٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٥ی جوونی ٢٠١٤

# ئێستاش سیاسەت و دەسەڵات بەدەست پیاوانەوەیە!

## وەڵامی نامەی کۆمەڵێک لە چالاکانی ژنان کە بۆ ئەندامانی ژنی رێبەریی حیزبەکانیان ناردبوو

لە پێوەندیی لەگەڵ پرسیارنامەیەک کە کۆمەڵێک لە "چالاکانی ژنان" واژۆیان کردوەو رووی لە ژنانی ئەندامی رێبەریی حیزبەکان، ئەوانەی ئێستاو دەرورەکانی پێشوویە و نامەکە نوسخەیەکیشی بۆ من ناردراوە. دیارە هێندێک لە پرسیارەکان رووی لە تاکە و لە هێندێکیشیاندا گشتییە واتە رووی لەکۆی گشتی ژنانی نێو رێبەریی حیزبەکانە. بۆیە ئەگەر منیش وەک تاک و جاروبارێش وەک کۆ وەڵام دەدەمەوە پێوەندی بە نامەکەی ئەو بەرێزانەوە هەیە.

ئێوە بەرێزانی ئەو نامەیەتان واژۆکردوە، سەرەتا دەسخۆشیتان لێدەکەم، وادیارە کێشەی ژن لە نێو حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بۆتە خەمی ئێوەش‌و حیزبەکانیش بە حیزبی خۆتان دەزانن! ئەمانە لەجێی خۆیدایە، بەڵام ئەگەر بەراستی لەخەمی پرسی ژنان لە نێو حیزبەکاندان، دەبێ زور قووڵتر بڕواننە ئەم مەسەلانەی لە نامەکەدا وروژاندووتانە. ئەگەر تەنیا سەرنج بدرێتەکارنامەی ئەمڕۆی ژنانی نێو رێبەری حیزبەکان، هەرچەند ئەوەش گرنگی خۆی هەیە، ئەوە دەبێ دادگایەک بۆ ئەو ژنانە پێک بێنن‌و دادگاییان بکەن! چونکە وەزعی ژنان، یان بڵێین رۆڵی ژنان لە نێو زۆر لە حیزبەکاندا ئێستاش جێگای رەزامەندی نیە. بەڵام ناکرێ خەمساردییەکانی ساڵانێکی زۆر رێبەرایەتی پیاوانی کورد بخرێتە سەر لاپەڕی تێکۆشانی ئەمڕۆی ئەم چەند ژنە! ئەگەر ئێمەش تەنیا وڵامی پرسیارەکانی ئێوە بدەینەوە و ئاوڕ لە رابردوو نەدەینەوە، ئەمە بازدانێک دەبێ بەسەر هەموو هۆکارو کەمکارییەکاندا بە نیسبەت رۆڵی ژنان لە ریزی حیزبەکاندا. بۆیە ئەگەر لە وڵامەکاندا ئاوڕێک لە ڕابردووش دەدرێتەوە بەم مەبەستەیە کە ئەمڕۆی ئێمە باش یان خراپ، پێوەندی بە رابردووشەوە هەیە.

بەهەر حاڵ ئێستا کە پرسیارەکان راستەخۆ رووی لە چەند ژنی دیاریکراوە یەک لەوان ئەمنم، هەوڵ دەدەم لە لەم پێوەندییەدا وەڵامتان بدەمەوە.

**ئەمە ئەو پرسیارانن کە رووبەرووی ئێمەکراونەتەوە:**

١- کارنامەی ئێوە لەم ماوەدا چی بوە؟

٢- چەندە و چۆن هەولتان داوە بۆ سرینەوەی هەلاواردن دژ بە ژنان و بەرهەم هێنانی یەکسانی لە حیزبەکەی خۆتاندا؟

٣- رێگاتان بۆ چەند ژنی تر خۆش کردوە و کێن ئەوانە و چییان لە ئەستۆیە؟

٤- چەندە توانیوتانە بریاردەر بن لە حیزبەکەتاندا؟

٥- هاندەر و بەربەستەکانتان لەم ماوەدا چی بوە؟

٦- کەم و کوورییەکان و دەسکەوتەکانتان چین؟

٧- ئایا قەت رەخنەتان لە حیزبەکەی خۆتان گرتوە؟

ئەگەر بەلێ وەڵام و کردەوەیان چی بوە؟

٨- هۆکاری کەمی بەشداری ژنان لە ئاستی رێبەریدا چیە بەرای ئێوە؟

٩- پێشنیار و پلانتان بۆ داهاتوو چیە؟

١٠- پۆستەکانی ئێوە و ئەندامانی تر دایمییە یا ماوەدار؟

١١- پێتان وایە رێبەرایەتی ژنان لە حیزبی ئێوەدا مومکینە؟

کوێستان فتووحی: کە باسی کارنامە دەکەن، خۆم وەک قوتابییەک دێتەبەرچاو کە نە بنەماڵە، نە مامۆستاو ژینگەی قوتابخانە هاندەرو هاوکارێکی باش نەبوون تا من بتوانم لەو خوێندنگەیە بە نێونجێکی باشەوە دەربچم! کارنامەی ئەمڕۆم پێوەندی بە رابردوومەوە هەیە. ئەوە بەو مانایە نیە خۆم لە ژێرباری رەخنەکان دەرباز بکەمو پاساو بۆ خەمساردییەکانی خۆم لەو خوێندنگەیە بێنمەوە. بەڵام هەرگیز ئەو رۆژانەم لەبیر ناچێتەوە بەهۆی ژن بوونم لە پێسپاردنی کارو مەسئوولییەتدا دەخرامە پەراوێزەوە، بەکەم دەگیرامو کەملوتفی بە غووروری خەباتگێرانەم دەکرا! دیارە پێتان بڵێم ئەوە ئەزموونی منەو دەیان نموونەم هەیەو هەرگیز بێبنەما قسە ناکەم.

با ئەوەش بڵێم ئێمە ژنانی نێو رێبەری حیزب(حدک) تەنیا نوێنەری ژنان نین کە بڵێین کارەکەمان تەنیا لە مەجال و بواری ژنان دایە. بەڵام گرنگە لەگەڵ هەموو مەسئوولییەتو ئەرکە تەشکیلاتیو حیزبییەکانماندا ئەو لایەنە گرنگەی کۆمەڵمان لەبیر نەچێ، کە پێم وایە ئێمە ئەم ئەرکەمان تاڕادەیەک لەبیر نەکردوە. با ئەوەش بڵێم کێشەی ژنان لە حیزبی دیموکراتدا لەئێستادا لە بەرنامەو پەسەندکراوەکانیدا نیە کە بڵێین پرۆژەمان نیە، چونکە بەڕاستی کە چاو لە پەسندکراوەکانی دەکەین لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی یەکسانیی ژناو پیاودا کێشەیەکی

وا نابینی کە رەخنەی جیدی پێوارد بێ، دڵنیا بن پەسەندکراوەکانی حیزبی کاریگەری ئەم ژنانەو زۆر ژنی دیکەی بەسەرەوەیە. بەڵام کێشەکە لە بیرکردنەوەکەدایە کە رێگرە لەسەر رێی پێشکەوتنەکانی ژنان. لێرەدا ناچارم دیسان بگەڕێمەوە بۆ دوورتر. ئەم بیرکردنەوەیە لە ڕابردوودا بۆتە رێگرێکی سەرسەختی ژنان بۆ پەیوەستبوون بە ریزەکانی ئەم حیزبەوە. ئەگەریش تاکو تەرا ژنانێک روویان تێکردوە، لەنێو ئەم بیرکردنەوەیەدا ژن غەرق دەبوو و نەیدەتوانی وەک پیاوەکە پلە تەشکیلاتییەکان ببڕێ، بۆ نموونە ئەگەر چاو لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی هەتاویی بکەین ناوی ژنێک نابینین لە ریزی فەرماندەرانی نیزامی حیزبدا، ئەمە بەو مانایە نیە کە ژن توانای ئەو ئەرکەی نەبووە، بەڵکوو ئەوە دەوروبەر بوون بڕوایان بە توانایی ئەو نەبووە یان لەسەر تواناییەکانی کاریگەرییان داناوە. بۆ ئێستا منێک مەسئوولییەتی ئورگانێک کە دەورانێکی زۆر پیاوێک کە ئەزموونی زۆری لە کاری سیاسیو نووسیندا هەبووە، دەتوانم بەڕێوەبەرمو لە پیاوانی هاوشانی خۆشم کەمی نەهێنم، بۆ ئەو کاتە نەمتوانیوە فەرماندەی هێزێکی پێشمەرگە بم. مانای ئەوەیە هەوڵ دراوە بۆ گرنگیدان بە رۆڵی ژن بەڵام هەوڵەکان لە نێو ئەم دۆخە دژوارەدا ناتوانێ لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی ئەمڕۆدا بێ. ئەم هەوڵانەش لەپێشدا دەبێ بە هی ژنانی بزانن.

دەزانم مەبەستتان کارنامەی کارکردنە بۆ پرسی ژنان و ئەوە مەبەستەکەی ئێوەیە، دەتوانم لەسەر خۆم قسە بکەم چونکە دەزانم هاورێکانی دیکەشم لە لایەن خۆیانەوە وڵام دەدەنەوە؛ نەک هەر ئێستا ئەوەتا لە حیزبی دێموکراتدام لە هەموو کارەکانمدا پرسی ژن جیانەکراوە بووە لە بیرکردنەوەمدا. دیارە ئەگەر دەڵێین - پرسی ژن بەهۆی ئەوەیە لەم بارەیەوە هەموومان دەزانین ناهاوسەنگی هەیە - هەوڵەکانم (باوەڕبەخۆبوون هاندانی ژنان، بۆ خۆدانەبەرکارو بەرپرسایەتی، سڕینەوەی هەرچەشنە هەڵاواردنێک دژی ژنان، سڕینەوەی ئەدەبیاتو هەڵسوکەوتی پیاوسالاری لە فەرهەنگو ئەدبیاتی حیزبداو...)، بۆ ئەو هاوسەنگییە بووە کە ئێستا ناومان لێناوە کێشەی ژنان، لە حاڵێک دا ئەم کێشەیە کێشەی هەموومانە - کە بەداخەوە ئەگەر بە باشی تێیدا سەرکەوتوو نەبووین، هۆیەکەی ئەو روانینە پیاوسالارانە بووە کە لەحیزبدا ئەوندە بەهێز بووە و - ئێستاش زاڵە- کە هەوڵەکانی منی نەوعی لەو مەیدانەدا دیار نەبووە یان دەرنەکەوێ یان زۆر بەلاوازی دەبینرێ.

بۆ راستیی و دروستی ئەم ئیددعایە ئێوە دەتوانن لەم بارەیەوە بەدواداچوون بکەن، نەک بە پرسیارنامەیەک بەڵکوو لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر کارنامەی منی ژن لە ئێستا و لە رابردوودا بکەن بزانن لاوازییەکانمان چن؟ بۆ ئێمە ناتوانین لەئاستی چاوەڕوانییەکاندا بین؟ بۆ رێژەی ژنان لە حیزبەکاندا کەمە؟ ئایا تەنیا خەتای ژنانە؟

بۆ حیزبەکان زۆر درەنگ وەخۆکەوتوون و...؟ دەیان پرسیاری لەم جۆرە دەبێ وڵام بدرێتەوە، نەک تەنیا هەر لەلایەن ئێمەوە بەڵکوو لەلایەن ئێوەشەوە پێویست بە وڵام دانەوەیە.

بەتایبەتی هێندێک لە ئێوە کە ئەم پرسیارنامەیان واژۆکردوە، لە نێو تەشکیلاتی حیزبەکاندا حوزوورتان هەیەو یان پێشتر بووتانە، ئێوە کە خۆتان بە چالاکی ژن دەزانن، ئێمەش حەقمانە پرسیار لەئێوە بکەینو بلێین بەڕاستی بۆخۆتان چەندە بڕواتان بەم ژنانە هەیە کە هەڵبژێردراون؟ ئایا ئەوان دەتوانن هاوسەنگی دروست بکەنو شوێنیان بە بڕیارو پەسندکراوەکانەوە هەبێ؟ بە چ هۆیەک هەڵبژێردراون، ئایا شایستەی ئەو پۆستە هەنو خاوەنی دەنگو هەڵوێستی خۆیانن یان هەر سێبەری پیاوانو حیزب کەڵکی تەبلیغاتیان لێوەردەگرێ؟ دەتوانن ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە حیزبەکەیاندا دروست بکەن؟ ئەگەر ناتوانن بۆ؟ هەوڵتان داوە جێگەیان بەکەسانی ئازاترو شایستەتر لەوان پڕبکرێتەوە؟ ئایا تێکۆشاون لایەنە لاوازەکانی ژنانی ڕێبەری بێنەبەرباسو ئاگاداریان بکەنەوە؟ هەروەها ئێوە لە نێو کۆمەڵگەدا چتان کردوە لەم پێناوەدا، چەندە هاندەرو هاوکاری ژنان بوون بۆ سڕینەوەی ئەو ترسانەی هەر لە منداڵییەوە لە ناخی ژندا دەچێندرێ؟ پێتان وا نیە کەمتەخەرمییەکان لەلایەن هەمووماندەوەیە؟

دڵنیا بن لانیکەم لە حیزبەکەی ئێمەدا ئەو ئازادییە هەیە کە هەموولایەک بێن لەسەر کارنامەی ڕێبەرییەکەیانو زۆر مەسائیلی دیکە باسو مناقسە بکەن.

قسەکردنو ڕەخنەگرتن بۆ هەمووما زۆر ئاسانە، دەبێ ڕەخنە بگیرێ، ڕەخنە بۆ گۆڕانی هەلومەرجە، ئەگەر ئەمڕۆ حیزبێک بە سەڕاحەت دەڵێ دەبێ بەخۆماندا بچینەوە لەپێوەندی لەگەڵ گرنگیدان بە ڕۆڵی ژنان، دڵنیا بن هەوڵو تێکۆشانو ڕەخنەکانی ژنانو پیاوانی یەکسانیخوازە وای کردوە حیزبێک ڕەخنە لەخۆی بگرێ. هەرچەند بەداخەوە ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز هەمیشە ڕێژەیان کەم بووە لە ریزی حیزبەنەتەوەییەکاندا. مەبەستم ئەوەیە باس کردنی کەموکوورییەکان بۆ باشتر بوونە. ئایا هەر ڕەخنە گرتن بەسە بۆ بەخۆداچوونەوە؟ خۆمان لە کوێی ئەو قسەو ئەو ڕەخنانە داین؟ لە حیزبەکەی خۆماندا چمان کردوە بۆ ئەوەی ڕێژەیەکی زیاترو ژنانێکی شایستەتر هەڵبژێردرێن؟ ئەم پرسیارانە ئێمەش دەتوانین بیاوروژێنین. بەڵام گرنگ ئەوەیە بۆخۆمان چمان لەدەست دێ؟

**لە پێوەندیی لە گەڵ ئەو پرسیارەی کە دەڵێن: "هەوڵت داوە بۆ سڕینەوەی هەڵاواردن دژ بە ژنان"؟ پرسیارەکەم هێندێک بەلاوە سەیر بوو!**

**خانمەکان!**

هەرچەند وڵامی ئەو پرسیارە بەجۆرێک دووبارەبوونەوەیە بەڵام دەبێ بڵێم ئەوە بەرپرسیارەتیی ئەخلاقی منو هەموو ژنێکی خەباتکارە، کە هەوڵ بدەین بۆ سڕینەوەی هەڵاواردن دژ بە ژنان، نەک هەر لە حیزبەکەی خۆماندا، بەڵکوو بەگشتی کۆمەڵگەشدا، ئەگەر ئەوە نەکەین پێم وایە خەباتەکەمان سەقەتە. ئەمن وەک خۆم لە ڕێبەرییشدا نەبووم بەڵام پرسی ژنو ڕۆڵی ژن لە نێو حیزبدا خەمی بەردەوامم بووە، چۆن دەتوانم ببمە ئەندامی ڕێبەری بەڵام دەست لەو خواستانە هەڵگرم؟ هەوڵم داوە دەنگم بە بڕیارو پەسەندکراوەکانی حیزبەکەمەوە دیار بێ، (رەخنە بگرم، پێشنیهاد بدەمو شانیش بدەمەبەرکارو ئەرک) نەک وەک هێندێک کەس هەر دروشم بدەم! دروشم دان لە هەمووشتێ ئاسانترە! ژنانێک دەستو مەچەکیان پڕە لە بازنەی کۆیلایەتی، بەڵام ئیددیعا دەکەن چالاکی مافی ژنانن! ئەمن ڕەخنەی توندم لەوانە هەیە، کەسێک کە ناوی خۆی دەنێ خەباتکار دەبێ لە پێشدا لەخۆیەوە دەست پێ بکا.

ڕاستە ژنانێک هەن لە پێسپاردنی ئەرکو مودیرییەتی تەشکیلاتی حیزبەکەیاندا ڕەنگە زۆر بەتواناو سەرکەوتوو بن لە کارەکەیاندا، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی ژنانو کارکردن بۆ هاوسەنگیو یەکسانیی ژنو پیاو لەحیزبەکەیاندا کەمترین مایەیان لەخۆ دانابێ، بەبڕوای خۆم ئەو جۆرە ژنانە بە بەرپرسێکی باشو سەرکەوتوو نازانم. بەنیسبەت خۆشمەوە لە حەدی توانای خۆمدا هەوڵم داوە، بەڵام هیچکات لەخۆشم ڕازی نەبووم، پێم وایە دەبوو نەترسانەتر لەم مەیدانەدا خۆم نیشان دایە. بڕوای من وایە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کە حیزبەکانیش دابڕاو نین لە کەلتوور و نەریتەکانی نێو کۆمەڵگە، ژنی ئازا، ئاگاو وشیار بەمانای ڕاستەقینەی دەوێ، شەڕی مافەکانی ژنان لەم کۆمەڵگەیەدا بە ژنێک ناکرێ کە بەردەوام بێدەنگی هەڵبژێرێ بۆئەوەی جێی قەبووڵو ڕەزامەندیی هەموولایەک بێ! یا ئەوە قەبووڵ بکەین.

بۆیە منیش داوا ئێوە دەکەم تەنیا بە وەرگرتنەوەی وڵامی ئەم چەند پرسیارە واز نەهێنن و دەتوانن لە سەر تەک تەکی ئەو ژنانەی لە حیزبەکاندا تێکۆشانیان هەبووە، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بکەن، لە سەر ئامانجی

حیزبەکانیش لە هەڵبژاردنی چەند ژنێک وەک ئەندامی کومیتەنی ناوەندی یان دەفتەری سیاسی! رەنگە ژنانێک هەبن لە ریزی ئەو ژنانەدا کەمترین رۆڵیان هەبووبێ لە پێناو هاوسەنگیو یەکسانیخوازیدا! بەڵام کەسانێکیش هەبن بەهۆی هەوڵدانیان بۆ سڕینەوەی پیاوسالاری لە حیزبەکەیاندا کەوتوونەتەبەر هێرشی نارەوای پیاوانێک کە هیچکات نایانەوێ ئەو سیستەمەیان لێتێک بچێ کە (هەمووشتێک هەر پیاو!)! سکرتێر، دەفتەر سیاسی، کومیتەی ناوەندیو بەرپرسایەتی ئورگانو هێزو ناوەند و هتد. یان رەنگە حیزب هەبێ وەک ئامرازێک لە بوونی ژن لە سەتحی رێبەریدا کەڵک وەرگرێ، ئایا ئەو ژنانە خۆیان چ هەڵوێستێکیان هەیە؟ ئەمانە هەمووی جێی لێوردبوونەوەو لێکۆڵینەوەن لە لایەن چالاکانی ژنانەوە. ئەگەر ئەوە نەکەن، ئێوەش کەمتەرخەمییەکی گەورەتان کردوە بە نیسبەت دۆزی ژن لە نێو حیزبەکاندا. لەهەمان کاتیشدا ئەوە چاوڕوانییەکی بێهوودەیە لە چەند ژنێکی نێو رێبەری حیزبەکان کە بتوانن بە تەنیا شۆڕشێکی یەکسانیخوازانە وەڕێ بخەن، لەگەڵ ئەوەشدا نابێ چاو لە کەمتەرخەمییەکانیان بپۆشرێ. هەڵبەت دەبێ بەئینسافەوە ئەم کارە بکرێ نەک ئێوەش بکەونە ریزی ئەوانەی کە خەتێکی سوور بەسەر هەموو هەوڵەکاندا بکێشن. کەسانێک فێر بوون زۆر ئاسان بڵێن ئەم ژنانە "دیکۆڕن"، "رۆبۆتن"، "خێریان" پێ کراوە لە حیزبەکانیاندا، ئەم قسانەم لە زۆر ژن بیستوە کە خۆی بەچالاکی ژنان دەزانێ و تەنانەت لە نێو ئەم گرووپەی ئێوەشدا هەن بەم جۆرە قسەدەکەن لە سەر ژنانی رێبەریی حیزبەکان. ئەمن وەک خۆم هەرگیز قەبووڵی ئەم پەسوەندە سووکانە ناکەم و زۆریش بە جیدی چۆن بەربەرەکانی لەگەڵ پیاوسالاری لە نێو حیزبو نێو کۆمەڵگە بە پرنسیپی ئەخلاقی خۆم دەزانم، ئاواش بەربەرەکانی لەگەڵ ئەوانە دەکەم کە نایانەوێ توانییەکانی منی ژن ببیننو راست دەچنە ریزی ئەوانەوە هەرچی کەمکاریی حیزبەکانە لە رابردوودا دەیخەنە ملی ئەو ژنانە! بەبڕوای خۆم هەر ژنێک لە نێو ریزی حیزبەکاندا بێ، بە رێبەری و غەیری رێبەرییەوە یەکێک لە ئەولەوییەتە گرنگەکانی کارو تێکۆشانی، دەبێ گرنگیدان بێ بە رۆڵی ژنو دژایەتی لەگەڵ هەڵاواردن نەک هەر لە حیزبدا بەڵکوو لە نێو بنەماڵەو کۆمەڵگەش بەگشتی بێ. ژن هەیە خۆی ناو ناوە چالاک! بەڵام نەیتوانیوە تەنانەت لە نێو بنەماڵەکەی خۆشیدا ئاڵوگۆڕ پێک بێنێ بۆ هاوسەنگ کردنی رۆڵی ژن و پیاو. خۆی ناو ناوە چالاک بەڵام لە ژیانی هاوبەشی بنەماڵەدا قسەی ئەووەڵ و ئاخر هەر پیاو دەیکا! پێشتر گوتم ئینسان دەبێ لە ناخو ماڵی خۆیەوە ئەم شۆڕشە دەست پێ بکا...

بەنیسبەتی هەوڵەکانی ئێمە بۆ سڕینەوەی هەڵاواردن دژی ژنان لە لایەن ئەو کۆمەڵە ژنەی لە رێبەریی حیزبی دیموکرات داین، گوتم یەکێک لە ئەولەوییەتەکانی کاریمان هەڵدانە بۆ سڕینەوەی هەڵاواردن لە دژی ژنان، ئێستا لە هەر ئورگانێکی حیزبی کە ژن کاری تێدا بکا بەپێی توانایيو لێهاتووی ئەو ژنە کارو بەرپرسایەتی پێ

سپێردراوە بەبێ ئەوەی ڕەگەز لەبەرچاو گیرابێ. بەڵێ دەبێ بڵێم ئەوە شانازی هەوڵەکانی ئێمە ژنانو پیاوانی یەکسانیخوازە کە لە بەرنامەو پەسەندکراوی حیزبی دێموکراتدا زۆر بەندو خاڵ چەسپاون کە بەڕاستی پێشکەوتوون. بەڵام بەندو خاڵی بەرنامەو پرۆگرام بەتەنیا ناتوانێ چارەسەری هەمووشتێ بێ. بۆیە هەوڵەکانمان لە پێناو کارکردن لەسەر کەلتوور، ئەدەبیاتو هەڵسوکەوت بەتایبەتی ئەدەبیاتی نووسراوەیی لە نێو حیزبدا چڕکردۆتەوە. لەهەر نووسراوەیەکی ڕەسمی حیزبدا کەمترین وشەیەک کە بۆنی پیاوسالاری یان نادیدەگرتنی ڕەگەزی ژنی لێ بێ، کە ئەگەر سەرنجتان دابێتە پەیامو ڕاگەیەنراو و نووسراوە ڕەسمەییەکانی حیزب، لە ڕابردوودا پڕن لە وشەو ئیماژە کە بەئاشکرا دیارن ژن نادیدە گیراوە. ئێمە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کە نەیەڵێن ئەم ئەدەبیاتە لە نووسراوە ڕەسمییەکاندا، لە وتارو بابەتی نووسەرانی حیزبیدا بوونیان هەبێ، هەڵبەت بەتەواوی نەسڕدراوەتەوە، بەڵام زۆر کەم بۆتەوە. ئەمن بۆخۆم لە ڕاگەیاندنی حیزب کاردەکەم لەگەڵ ئەم جۆرە ئەدەبیاتە زۆر بەرەوروو بووم و هەوڵم داوە ئەدەبیاتێکی ئینسانی یان یەکسانیخوازانە لە ئەدەبیاتی حیزبدا بچەسپێنم.

هەروەها بەنیسبەتی حەزف کردنی ژنان لە هەیئەتو دیدارە سیاسییەکاندا زۆر بەجیدی ڕەخنەمان گرتوە و گوتومانە ئەمە بە زیانی حیزبەکەمانە، دیار نەبوونی ژن لەو دیدارو هەیئەتانەدا سیمای دیموکرات بوونی حیزبەکەمان خەوشدار دەکا. هەڵبەت دەفتەری سیاسیی حیزبو ڕێبەری حیزب کە ئەکسەرییەتیان پیاون ناوی نانێن حەزف کردن، ناوی دەنێن مەجال و پێویستی! بەڵێ ئێمە لە نێو خۆماندا ڕەخنەی زۆر کاریگەرمان لە حیزبەکەی خۆمان گرتوە، ئەگەر کەسێک تەنانەت نووسراوەکانی من لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا تەعقیب بکا، بە ڕوونی ئەم هەوڵو ڕەخنانە لەوێشدا دەبینێ. بەڵام ئایا چەندە جێیان گرتوە دەبێ بڵێم: بەهۆی ئەوەی ڕیشەی ئەو کەلتوورە پیاوسالارییە ئەوندە ڕۆچۆتە نێو بیر و هزری ئەندامانی ئەو حیزبەوە هەوڵەکان زۆر بەسستی دەچنە پێش، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە لەم هەوڵانە سارد نابینەوە. هەرچەند لە حیزبی دیموکراتدا ئێستاش کەلتووری قەبووڵکردنی ژن وەک بەرپرس بەلای زۆر کەسەوە هێندێک سەختە، بۆیە ئەمە کاری ژنانی بەرپرسی تارادەیەک سەخت کردووەو زۆر لە بەرپرسانی حیزبی (پیاوان ئەم هەوڵانە بەجیدی ناگرن). با ئەوەش بڵێم زۆریش لە ژنەکان لە پێشوو و ئێستاشدا ئەو ئازایەتییەمان نەبووە لە ئەوەڵەوە شەڕی یەکسانیخوازی بکەینە ئەولەوییەتی کارەکانمان، ئەوەی بۆ پرسی نەتەوەییمان کردوە بۆ پرسی یەکسانیخوازیش لە نێو حیزبەکەی خۆماندا بەهەمان شێوە کردبامان، ئێستا ڕۆڵی ژن لە حیزبەکەماندا بەم شێوەیە نەدەبوو.(لە ٧ ئەندامی دەفتەری سیاسی ١ ژنی تێدا نیە، لە ٢١ ئەندامی کومیتەی ناوەندی ٤ ژنن، لە ١٠ جێگر ١ ژنە). ئەم نیسبەتە زۆر لێک دوورن. لە

رابردووداو ئێستاش شەرمنانە هەنگاومان بۆ هەڵێناوەتەوە، لە حاڵێک دا دەمانتوانی شەڕی یەکسانیخوازی هاوشانی شەڕی نەتەوەیی ئازایانە بەرینە پێش، ئێستا کۆمەڵگەی کوردیش زیاتر گۆڕانی بەسەردا دەهات.

## بۆ ڕێگا خۆشکردن بۆ ژنانی دیکە:

بەڕاستی ئەوەیان دەبێ لە ژنانی دیکە بپرسن، بەتایبەتی ئێوە واژۆکەرانی ئەم نامەیە زۆرتان لە حیزبەکاندا کار دەکەنو کارتان کردوە، ئایا ڕووبەرووی بێمەیلییەکان بوونەتەوە لەلایەن ژنانی ڕێبەرییەوە؟ ئەگەر بوونەتەوە بۆ دەنگتان دەرنەهاتوە؟ کێن ئەو ژنانەی نەک هاندەر نین، بگرە ڕێگریشن، دەبێ ئەوانە ڕووبەرووی ڕەخنەی جیددی بکرێنەوەو لێیان قەبووڵ نەکرێ. هەر ئێستا لە حیزبەکەی ئێمەدا بەرپرسی چەندین بەش و ئورگان بەدەست ژنانەوەن، من پێم وایە ئەو ژنانە جگە لە توانایییەکانی خۆیان دڵگەرمییەکیان بە ژنانێک هەیە کە لە ڕێبەریی حیزبەکەیان دان. لەهەر حاڵدا ژنانو کچانی پێشمەرگە پێویستیان بە پشت گرتن و هاندان هەیە، ئەمە ئەرکی ئێمەیەو پێم وابێ هەر کەس لەم بارەیەوە درێغی بکا دەبێ سەرکۆنە بکرێ.

## ئەوەی کە چەندە توانیومانە بریاردەر بین لە حیزبەکەماندا"؟

دەبێ ئەوە باش بزانن ئەمە قانوونی حیزبە بۆ هەر بڕیارو پەسندکراوێکی کومیتەی ناوەندیی بەبێ جیاوازی لە هەر دەنگ وەرگرتنێکدا ئێمەش ئەو مافەمان هەیە دەنگ بدەین، چۆن پیاوەکە دەنگی هەیە ئێمەش دەنگمان هەیە، کەس ناتوانێ ئەم حەقە لە ئێمە زەوت بکاو نەکراوە، ئەمە نەک بۆ ئێمە ئەندامی ڕێبەری بەم شێوەیە، بۆ ژنانی دیکەی پێشمەرگە و ئەندامیش لە هەڵبژاردنو بڕیارەکانی پێوەندیدار بە ئورگانەکان و بەشەکانی خۆیاندا خاوەنی دەنگی یەکسانن لەگەڵ پیاوان. بەڵام حاشای لێناکرێ لەسەر یەک ژنان لە ئاستی بەڕێوەبەریی‌و بڕیادارن دا ڕۆڵو نەخشێکی کەمیان بووە. هۆیەکەشی بۆ ڕێژەی کەمی ژنان لە نێو حیزبدا دەگەڕێتەوە. بۆخۆشتان دەزانن لە پێکهاتەی زۆر لە حیزبەکاندا هەمیشە کەمایەتی بووە بە قوربانیی زۆرایەتی.

## ئا لێرەدایە دەچمەسەر هۆکاری کەمی بەشداریی ژنان لە ئاستی ڕێبەریدا:

لە رابردوودا ئەگەر حیزب وەک ئوسوولو باوەڕ، یەکسانیی ژنو پیاویان قبووڵ کردوە، بەڵام بۆ چەسپاندنی ئەو

ئوسول‌و باوەڕە کار نەکراوە یان کەم کراوە. موناسباتی نەریتی‌و گوێنەدان بە خواستەکانی ژنان لە نێو حیزب بەجۆرێک بووە کە ژنان کەمتر روو لە حیزب بکەن. کاتی خۆی کە هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکانی کوردستان تێکۆشانی هەبووە، کارێکی وا نەکراوە کە ژنان راکێشرێن بۆ نێو ریزی حیزب، هەڵبەت ژنیان بەکەم گرتوە، بۆیە کاریان لەسەر بەشداریی ژنان‌و هاندانیان بۆ نێو ریزی پێشمەرگە نەکردوە، ئەگەریش کچانێکیش روویان لە ریزی پێشمەرگایەتی کردبێ لەلایەن بەرپرسانەوە کە هەموویان هەر پیاو بوون هەوڵیان نەداوە ئەوانە لە باری فکری‌و رێکخراوەییەوە پەروەردە بکەن، باریان بێنن تاکوو ببنە کادرێکی سیاسی، ببنە رێبەر، فەرماندەرێکی سیاسی، نیزامی‌و... باش، تەنیاو تەنیا تەشویق کراون بۆ شوو کردن. شووکردنیش بۆ کچێکی پێشمەرگە لە ریزی حیزبی دیموکراتدا یەکەم کاردانەوەی ئەوە بووە کە خزاندراوەتەوە ماڵەوەو دەست لە تێکۆشانی سیاسی و رێکخراوەیی هەڵگرن.

دیارە حاشای ناکرێ لەوەش کە ژنان بۆخۆشیان لەجیاتی سووربوون لەسەر مانەوەو کارکردن، زوو تەسلیمی هەلومەرجەکەبوون‌و بەشی زۆریان ئەو چارەنووسەیان قبووڵ کردۆتەوە کە پێشتر بوویانە. دیارە هەلومەرجی سەختی خەباتی چەکداری‌و روحیاتی ژنیش وەک دایک دەتوانێ یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان بێ، بۆ باوکێک ئاساییە منداڵەکانی بەجێ بێلێ و روو لە خەباتی شاخ بکا، بەڵام بۆ دایکێک ئەمە ئاستەمە. یان بۆ بنەماڵەیەک ئاساییە کوڕەکەی بڕوا بۆ شاخ ببێتە پێشمەرگە، بەڵام بۆ کچەکەی پێی ئاسایی نیە. ئەمانەو زۆر هۆکاری دیکەش هەن کە بوونەتە هۆیە ئەوەی کچان کەمتر روو لە ریزی خەباتی پێشمەرگایەتی بکەن.

کە باس لە هاندەر و بەربەستەکان دەکەن، پێم خۆش نیە هەر باسی ئەو ماوەیە بکەم. ئاستی چاوەڕوانییەکان لە ئێمە ئەوندە زۆرن کە کەس بیر لە رابردوو ناکاتەوە. ئەمن وەک خۆم لە ماوەی ژیانم لە نێو حیزبی دیموکراتدا یەکجار سەختی‌و ناخۆشیم لەپێوەندی لەگەڵ کارو تێکۆشان‌و بوونم لە خەباتدا دیوە، جاری وابووە قسەی پیاوانی هاوڕێ‌و هاوسەنگەرم وەک گوللەی دوژمن چۆن جەستە بریندار دەکا ئاوا دەروونم بریندار کراوە، دیارە ئەوەش بڵێم هەر لە نێو پیاواندا کەسانی خۆشفکریش هەبوون، تەحەمولی ئەو ئازارانەیان بۆمان کەمکردۆتەوە. بەڵام زۆر کەم بوون.

بە باوەڕی من حیزبی دێموکرات ئێستاش زۆری ماوە خۆی داتەکێنێ‌و تەپوتۆزی کەلتووری پیاوسالاری لەخۆی پاک بکاتەوە. پێشتر گوتم ئەوەی لە پەیڕەو پرۆگرامی ئەو حیزبەدا هەیە، زۆر جیاوازە لە گەڵ بیرو زەینی

خەڵکەکانی، بۆیە بیرکردنەوەکان یەکێک لە بەربەستەکانمان بووە. کەسی خەباتکار دەبێ بگەڕێ بەدوای بەربەستەکاندا و هەوڵ بدا بۆ لابردنیان. ئەوە چاوەڕوانییەکی بێجێیە ئەگەر هەر لە ژنانی ڕێبەریت هەبێ کار بۆ لابردنی بەربەستەکان بکەن. ڕاستە ئێمەی ژنی نێو ڕێبەری، ئەرکمان چەند بەرابەرە لەم بوارەدا، ئێمە شۆڕشێکی کەلتوریمان پێویستە و ئەو شۆڕشە بەتەنیا بەم چەند ژنە ناکرێ. کەموکووڕیمان یەکجار زۆرن، ژن خۆی بەکەم دەگرێ، ئەمەیە ڕێی خۆش کردوە بۆ بەربەستەکان. ژن کە خۆی بەکەم گرت دەوربەریشت هەر وات چاو لێدەکەن. یەکێک لە هەوڵەکانی ئێمە ئەوەیە ئەو کچ و ژنانەی دێن بۆ پێشمەرگایەتی هان بدەین باوەڕبەخۆبوونیان تێدا بەهێز بکەین، هانیان بدەین خەباتی یەکسانیخوازی هاوشانی خەباتی نەتەوەیی پێکەوە بکەن.

## دەسکەوتەکانمان لەڕادەی چاوەڕوانییەکاندا نین، چاوەڕوانییەکانیش لەڕادەی ڕێژەو توانییەکانماندا نین.

ئەوەی کە قەت ڕەخنەمان لە حیزبەکەمان گرتوە یان... تەنیا ئەوندە دەڵێم ئێستا کە وەڵامی ئەم پرسیارانەتان دەدەمەوە بەشێکی ڕەخنەیە لە حیزبەکەم، بەردەوام ڕەخنەش دەگرین و بۆخۆشمان هەوڵ دەدەین کار بکەین کە ئەم ڕەخنانە لەسەر حیزبەکەمان لابچێ، پێم خۆشە حیزبەکەم پڕبەپێستی ناوەکەی بێ!

ئەگەر تا ئێستاش لە پێوەندی لەگەڵ بەشداریی ژنان لە ریزەکانیدا ئیراد هەیە، مانای ئەوەیە ماومانە ببینە ئەو دێموکراتە کە چاوەڕوانیمان لێی هەیە. هەمووشمان شەریکین لە عەیبو ئیرادەکانیدا، جا پشکی زۆر بەر زۆرینەکەو وەبەر بەرپرسەکە دەکەوێ، کە ئێمەشین!

دەسکەوتیشمان هەیە ئەمڕۆ هیچ حیزبێک ناتوانێ حاشا لە ڕۆڵی ژنان بکا، ناتوانێ لە مەیدانی سیاسەتدا بە ئاسانی ژن پەراوێز بخا، ناتوانێ بە بیانووی جۆراوجۆر ڕێگری لە ژن بکا، ئەمڕۆ بایەخدان بە نەخشی ژن بووە بە میعیارێک بۆ هەڵسەنگاندن. هەر حیزبێک بایەخ بە ژن نەدا دابڕاو دەبێ لە کۆڕوکۆمەڵە جیهانییە دیموکراسیخوازو مرۆڤدۆستەکان. ئەمانە دەسکەوتی هەموومانن، هەوڵیان بۆ دراوە و پێویستە ئێمەش چالاکتر بین لە مەیدانی سیاسەتی کوردیدا بۆ ئەوەی دەسکەوتی زیاتر دەست بخەین.

## پێشنیارو پلان بۆ داهاتوو:

پلانی ئێمە کارو تێکۆشانە بۆ چەسپاندنی بەرنامەکانی حیزبی دیموکرات. بەبڕوای من ئەگەر ئەم بەرنامەو پرنسیپە گشتییانەی حیزب وەک خۆی بەڕێوە بچێ، هەلومەرجی ژنانیش لە حیزبی دیموکراتدا دێنە ئاستی چاوەڕوانییەکان. چونکە ئەو بەرنامەو پرۆگرامە قانوونی حیزبە، حیزبی ئێمە قانوونێکی پێشکەوتوانەی هەیە. ئەوە پرۆژەی ئێمەیە کاری بەردەوام بکەین بۆ چەسپاندنی پرنسیپەکان کە یەکێک لە پرنسیپەکان ئەوەیە بەمەبەستی بایەخدان بە رۆڵی ژنان لە ریزەکانی حیزبدا، دەبێ گرنگییەکی زۆر بە پەروەردەو پێگەیانیان بدرێ بۆ ئەوەی دەرەتانی تواناسازیی پێویستیان لە بەڕێوەبردنی کار لە بەشەجۆراوجۆرەکانی تێکۆشانی حیزبدا بۆ برەخسێندرێ.

بایەخدان بە رۆڵی ژن لە کاروباری رێکخراوەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتی دا، پێویستی بە کولتوورسازی و دابینکردنی بەستێن و میکانیزمی تایبەت بە خۆی هەیە. بۆیە ئێمەو ئێوە و هەموولایەک دەبێ کار لەم پێناوەدا بکەین هەم لە نێو حیزبەکاندا هەم لە نێو کۆمەڵگەدا، ئەوە پرۆژەی هەمووکاتمان دەبێ.

هەرچەندە من ئەو بوێریەم نیە بڵێم چالاکی ژنانم و قەتیش ئەوە بەخۆم ناڵێم، بەڵام بڕیارم داوە لە داهاتووشدا وەک ژنێکی خەباتکار زیاتر خۆم تەرخان بکەم کار لەسەر کەلتوور بکەم. ئێمە کێشەی کەلتووریمان هەیە، کە بەهۆی کاری ئیجرایی رۆژانە، کاتمان زۆر کەم هێشتۆتەوە بۆ ئەوکارانە. کاردەکەین بۆ ئەوەی ژنانو پیاوانێکی یەکسانیخواز زۆرتر ئامادە بکرێن بۆ وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتیو ئاستی بڕیاردان.

## لە پێوەندی لەگەڵ دوو پرسیاری کۆتاییتاندا:

دەڵێم لە حیزبی ئێمەدا سکرتێر تەنیا دوو دەور (هەر دەورێک ٤ ساڵە) لەسەر یەک دەتوانێ خۆی بۆ ئەو پۆستە بپاڵێوێ کە بە بڕوای من بڕیارێکی زۆر پێشکەوتوانەیە، هیوادارم ئەو بڕیارە قەت هەڵنەوەشێ و لە هەموو حیزبەکاندا ئەوە بچەسپێ. بەڵام بۆ ئەندامی رێبەری تەنیا تەمەن لەبەر چاو گیراوە. هەروەها مەبەستان لە رێبەر دەبێ سکرتێر و سەرۆک بێ! ئەگینا ئێستاش ژن لە رێبەریدا هەیە. بەبڕوای من هیچشتێک لە نێو کایەی سیاسەتدا نامومکین نیە، بەتایبەتی لە پرۆگرامی حیزبی دیموکراتدا لەو بارەیەوە هیچ بەربەستێک نیە. دوو مەرجی زۆر ئەساسی پێویستە بۆ بوون بە سکرتێر، یەک دەبێ ئەو کەسە مەرجەکانی رێبەر بوونی تێدا بێ، کە

ژنیش دەتوانێ ئەو مەرجانە لەخۆیدا دروست بکا، دووهەم دەبێ قەبووڵ بکرێ واتە دەنگ بێنێتەوە.

٢٤ی جوونی ٢٠١٤

## سووتانی کچە قوتابییەکانی شیناوێ، داغێک بە دڵی هەموومانەوە

### چارەنووسی سووتاوتان بە "دیە"ی جاهیلییەت چارەسەر ناکرێ!

دادەنیشم چاو لە وێنەکانتان دەکەم، بیر لە ئازاری برینە سارێژ نەبۆوەکانتان، لە گەورەبوونی پڕ لە ژانتان، لە ئاواتو ئارەزووە سووتاوەکانتان، لە دەموچاوی هەڵقرچاوتان، کە وەک کاغەزی گرمۆڵە بووە... مەگەر بە لە دایک بوونەوەیەکی دیکە وەک خۆی لێبێتەوە. بیر لە گرێو گۆڵی دەستە توێغ بەردراوەکانتان، لەو داغەی هەتا مردن بە روخسارتانەوە دەمێنێ، دەکەمەوە. بیر لە یەکەم رۆژی چوونە قوتابخانەتان دەکەمەوە کە هەمووتان بە بۆنی نوێی قوتابخانە سەرمەستت ببوونو قاقای پێکەنینتان ئاوایی پڕ کردبوو! کەچی ئێستا بە هێنانی ناوی قوتابخانە مۆتەکەی ئاگر بەرۆکتان دەگرێ! ئێستا قوتابخانە بۆنی سووتانی لێدێ، کتێبەکان لە جیاتی بۆنی نوێ، بۆنی دووکەڵو خۆڵو نەوتیان لێدێ.

لە فەرهەنگی ئێرانی باستاندا، دەگوترێ ئاگر مرۆڤە پاکەکان ناسووتێنێ! کە وایە ئەم چیرۆکە راست نیە. ئاگر ... ئاگر ئاوێنەی روخسارتانی چرژاند، بۆیە ئێوە لە ئاوێنەش توورەن؟ نازانم کێ دەتوانێ لەگەڵ ئاوێنە ئاشتتان کاتەوە؟!

کچە وردیلەکانی شیناوێ! ئاگرتان تێپەڕاند، بەڵام زامی ئاگرەکەی ئێوەی سووتاند کەی کۆتایی دێ؟! ئێوە چ نەخشێکتان لەم چارەنووسەدا هەبوو، چتان دەویست جگە لە گرمایەک کە لەشی شلکو سڕبووتان گەرمکاتەوە، تا بەڵکوو بتوانن لە سەر مێزە رەقەکەی پۆلەکەتان رەسمی داهاتوو و بۆ ژیان بکێشنەوە!

بەلام... ئاگر بۆ هەمیشە رەسمی کوڵمی هەڵقرچاوتانی لە دیواری بیری هەموان کێشایەوە، بۆ ئەوەی لەیادمان نەچێ ئاگر تەنیا چێژمان پێنابەخشێ، بەڵکوو دەتوانێ چارەنووسیشمان بسووتێنێ! ئەوانەی ئێوەیان بەم چارەنووسە تاڵە گەیاند، بلێی بزانن شەرمەزاری چیە!

دەبێ دڵت وەک بەرد رەق بێ کە بتوانی چاو لە سیمای شێواوی ئەم کیژە ژاکاوانە بکەی‌و گریانت نەیە.

* * *

نزیک دوو ساڵ لەمەوبەر لە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٩١ قوتابخانەی شیناوێی پیرانشار بەهۆی ئاگر تێبەربوونی کوورەی نەفتی سووتاکە لەوێدا ٢٩ قوتابی تووشی سووتان بوون. سەیران یەگانەو سارینا رەسووڵزادە دوو کچی قوتابی بوون کە لەم کارەساتە دڵتەزێنەدا گیانیان لەدەست دا. ئامینە، نادیەو ئەسما، ٣ کچی دیکە بوون کە جەستەیان ٤٥ ، ٥٠ لەسەدی جەستەیان سووتاوەو سیمای جوان‌و ناسکی منداڵانەیان هەڵقرچاوە.

ئامینە حەزی لە چوون بۆ قوتابخانە، شادی، جلی رەنگاورەنگ، چوونەدەر لەماڵ بوو، کەچی ئەوە بۆ دوو ساڵ دەچێ بۆ هیچ کوێ نارِوا، حەزی لە یاری‌و شایی‌و شادی نیە، چونکە »ئاگری قوتابخانە« داغێکی بە هەموو جوانییەکانیەوە ناوەو لەسەر تەختی نەخۆشخانەو ژوورەکانی نەشتەرگەریدا چاوەڕوانە رۆژێک بێ‌و ئەم داغە سارێژ بێ!

نادیای ١١ سالان دەڵێ، کە دەچمە بەر ئاوێنە دەڵێم خوایە من جاران جوان بووم بۆ ئێستا وام لێهاتوە!

ئەسمای هاوڕێشی هەروەک ئامینە حەزی لێنیە خۆی نیشان بدا، دەڵێی هەر حەزی لە تەنیایی بووە! ئەو بە دڵتەنگییەوە دەلێ ناتوانم چیتر مەشقەکانم وەک جاران بنووسمەوە، «ئاخر هەمیشە دەستەکانم باندپێچین بۆ ئەوەی چڵک نەکەن»

* * *

کچە قوتابییەکانی شیناوێ پێویستیان بەوە نیە هەموو رۆژێ ئەو چیرۆکە تاڵەی رۆژی رووداوەکەیان پێ بگێڕنەوە، ئەوان پێویستیان بە چارەیە، چارەی برین‌و ئازارێک کە بەرپرسان‌و دەسەلاتدارانی ولاتەکەیان هۆکارەکەی بوون.

کاتی ڕووداوەکە تیتری هەموو ڕۆژنامەو ماڵپەڕەکان ئەوە بوو «قوتابخانەی شیناوێی پیرانشار بووە نێچیری ئاگر و...» ڕۆژێک دواتر دڵتەزێنترین هەواڵ ئەوە بوو سەیران یەگانە بەهۆی سووتاوی زۆر گیانی لەدەست دا... چەند ڕۆژ دواتر هەواڵی مەرگی سارینا ڕەسوڵزادەو دواتر غەمو فرمێسکی بنەماڵەکانیان بۆ زامی لەدەستدانی کیژۆڵەکانیانو دیسان بێدەنگی.....

بەرپرسانی وڵات لەسەر ئەم کارەساتە ئەو کاتە بەم جۆرە وەدەنگ هاتن: «لە هەموو جێیەکی دنیادا ئەم ڕووداوانە ڕوو دەدەن، ڕووداوێکە ڕووی داوەو هیواداریین زۆری مانۆڕ پێوە لێنەدرێ».

سووتانی قوتابخانەکەی شیناوێ یەکێک لە دڵتەزێنترینو گەورەترین کارەساتەکانی ساڵی ٩١ بوو. بەڵام بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە جیاتی هەموو هەوڵێکیان بۆ چارەسەرو سارێژبوونەوەی برینی منداڵە سووتاوەکانی ئەم کارەساتە، لە ڕاگەیەنەکانیاندا هەوڵیاندا ڕووداوەکە بچووک نیشان بدەن، تاکوو بێلیاقەتی خۆیان بشارنەوە.

ئێستا ماوەیەکی کەم لە ڕووداوی سووتانی قوتابخانەکەی شیناوێ تێپەڕ نەبووە، فەرمانداری پیرانشار لە وتووێژێکدا داوای لە هەواڵنێرەکان کردبوو «بەسە واز لە شیناوێ بێنن! ئەم ڕووداوانە لە ناوچەکانی دیکەی وڵاتیش دەکرێ ڕوو بدەن، بۆ ڕاگەیەنەکان تەنیا بەوەی شیناوێ هەستیارن؟ بەسە تاکەی دەست لە یخەمان ناکەنەوە!»

بەڕاستی ئەوانەی ئەم کارەساتەیان بە ڕووداوێکی ئاسایی چاو لێکردو ئاسایی بەلایدا تێپەڕین، دەبێ چ ناوێکیان لێ بنرێ؟ ئینسان دەبێ گومان لە عەقڵیان بکا! ئەوەی بەسەر ئەم کچە قوتابیانە هات نە پێوەندیی بە قەزاو قەدەرەوە هەیە، نە بە »شانسو بەخت» کە تائێستا بەرپرسان بەم جۆرە قسە بێبنەمایانە ویستوویانە برینی دڵی دایک باوکی کچەکانی شیناوێ سارێژ بکەنەوە!

کارەساتی شیناوێ وردەوردە لە نێو ڕاگەیەنەکانی کۆماری ئیسلامیو لێدوانی بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە لەبیر چۆتەوە، لەحاڵێکدا کچەقوتابییە زیان لێکەوتووەکان یەکجار زۆریان ماوە دەردەکەیان چارەسەر بکرێ. بە هۆی بێمەیلیو پێڕانەگەیشتنی پێویست بەو منداڵە زیان لێکەوتووانە، نەک لە بیرو زەینی خەڵکی شیناوێو

بنەماڵەکانیان نەچۆتەوە، بەڵکوو داغێکی دیکە بەدڵیانەوە نراوە.

خاڵێکی جێی سرنج ئەوەیە کە ئێستا دوای تێپەڕینی دووساڵ لە کارەساتی سووتانی قوتابخانەی شیناوێ، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لەجیاتی دابینکردنی هەموو تێچوویەکی پزیشکی بەخۆڕایی بۆ چارەسەری ئەم کچە قوتابیانەو قەرەبووی خەسارەکانی بنەماڵەکانیان، قسە لە پێدانی «دیە» بە بنەماڵەی ئەم کچانە دەکەن.

کۆنەپەرستانی حاکم لە پێدانی خەسارەتی تەواو بە بنەماڵەی ئەم قوتابییە زیان دیتوانەی قوتابخانەی شیناوێ بەهۆی ئەوەی کچن خۆ دەبوێرن. باوکی یەکێک لەو کچانە لە وتووێژێک لەگەڵ راگەیەنەکاندا دەڵێ دەبوو 345 میلیۆن تمەن «دیە« بەناوی خەسارەت بۆ کچەکەم کە جەستەی سووتاوەو زیانی پێگەیشتوە، بدرێ، بەڵام بە ئێمەیان گوتوە چونکە ئەو منداڵانە کچن «دیە«ی ئەوان ١٣٦ میلیۆن تمەنە!

لە قانوونی ئیسلامیدا لە جیاتی دابینکردنی کەرەسەکانی خۆشگوزەرانیو بیمەی ژیان بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵ «دیە« ئەم نرخە قێزەونەی دەورانی جاهیلییەت، (دانانی نرخی ماددی بۆ گیانی ئینسان) کە بە هۆی کوژرانی مرۆڤ یان کەمئەندامبوونی کەسێک، دەدرێ بە بنەماڵەی زیان لێکەوتووەکە. هەر بەپێی ئەم قانوونە بێزهەستێنە کە بناغەکەی لەسەر هەڵاواردن دارێژراوە، «دیە»ی ژن نیوەی «دیە»ی پیاوە.

دەبێ پێدانی «دیە» بۆ بنەماڵەی کچەکانی شیناوێ چ مانایەکی هەبێ؟! ئایا بەڕاستی ئەوە برینی قووڵی ئەوان چارەسەر دەکا؟! ئایا کچەکان روخساریان وەک پێشووی لێدێتەوە؟

قانوونی «دیە» قانوونێکی کۆنەپەرستانەی ئیسلامیی دژی ئینسانو بەتایبەتی دژی ژنە، نرخی گیانی ژن نیوەی نرخی گیانی پیاوە. ئەمە زامێکە کچەکانی شیناوێ رەنگە ئێستا هەست بە ئازارەکەی نەکەن!

ئەوان ئێستا دڵیان پڕە لە داخی بێمەیلییەکانی بەرپرسانو دەسەڵاتدارانی پێوەندیدار. ئەم منداڵانە بەردەوام پێویستیان بە پێڕاگەیشتنی دەرمانیو نەشتەرگەری هەیە، رەنگە نەشتەرگەری هێندێکیان بە چەندین ساڵ درێژە بکێشێ، بەڵام دەسەڵاتداران وڵامدەری نیازەکانی ئەوان نین. بە هۆی ئەم وڵامدەر نەبوونە، بنەماڵەی ئەو کچانە بەچەندین جار ناڕەزایەتییان لە دژی وەزارەتی پەروەردەو تەندروستی رێژیم دەربڕیوە، بەڵام دەنگیان بە هیچ

کوێ نەگەیشتوە.

سووتانی ئەم منداڵانە کە هیواو هومێدی دوارۆژی بنەماڵەو کۆمەڵی خۆیانن، یەکێکی دیکە لەو ریزە جینایەتانەی ئەو نیزامە کۆنەپەرستەیە، کە هیچ رێزێک بۆ داهاتووی ئەو کۆمەڵگەیە دانانێ. وەزارەتی فێرکردنو پەروەردەی ئەو نیزامە دابینکردنی کەرەسەکانی خۆشگوزەرانیو راگەیشتن بە کێشەی پاراستنو لەشساغی قوتابیان بە ئەرکی خۆی نازانێ، ئەگینا پاش رووداناو کارەساتی شیناوێ دەبوو بە ئەخلاقو پرنسیپێکی دیکەوە بیرێکی بەپەلەی لە چاوەدێریو شێوازی ستانداری شوێنە پەروەردەییەکان بکردایەتەوە، تاکوو خەڵکی ئێران چی دیکە شاهیدی کارەساتی دڵتەزێنی لەم چەشنە نەبێتەوە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئامادە نین بە پووڵی زۆری نەفت کەمترین تێچوو بۆ سیستمی گەرمای قوتابخانەی دێهاتە هەژارەکانی ئێران تەرخان بکەن، چۆن خەرجی تەواوی ئەم کچە قوتابییانە دەگرێتە ئەستۆی خۆی بەتایبەتی کە ئەوانە کوردیشن؟!

کۆماری ئیسلامی تەنیا کارێک لە شوێنە پەروەردەییەکان کە بە جیددی باشی بەڕێوە دەبا، بیرشتنەوەیەو پەرەپێدانی خورافەو ئیسلامیی کردنی کتێبە دەرسییەکانو پاکسازی کردنی مامۆستایانو خوێندکارانێکن کە لە دژی ناعەدالەتییەکان نارەزایەتی دەردەبڕن.

لە ژمارە ٦٣٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٨ی جووڵای ٢٠١٤

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نوقمی ئازارو بێدەنگی

هەموو خۆ بەخاوەنی غەمەکانی دەزانین، کەچی لە قەیرانی بێغەمخۆریو نەپرسینەوە لە ئازارەکانیدا نوقم بووە. مرۆڤ هێندێک جار لە ناخی خۆیدا هەست بە نامۆیی و سڕبوونێک دەکا، بەڵام هەوڵدەدا لەم نامۆیی و سڕبوونەی بەسەریدا زاڵ بووە خۆی دەرباز بکا. ئەوەی بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زاڵە بێدەنگییەکی ئازاراویو

كپ كراوە كە كۆماری ئیسلامیی ئێران هۆكاری سەرەكییەتی و بەشێكیشی خۆمان بووینە هۆكاری ئەم كپكراوییە.

نارەزایەتیدەربڕینەكانی تاك نیشانەی زیندوویی‌و دەروەستیی ئەوە. هەر تاكێك یان نەتەوەیەك، كە بۆ نەهێشتنی ئازارو مەینەتییەكان دەنگی هەڵبڕی، نیشانەی ئەوەیە ئەو تاكە، یان ئەو نەتەوەیە زیندوویەو بەدوای چارەسەرو دیتنەوەی ڕێگای دەربازبووندا دەگەڕێ. كورد بە درێژایی مێژوو بۆ گەیشتن بە مافەكانی لە خەباتو تێكۆشاندا بووە، كە چی زۆر ساناو بەوپەڕی بێ‌موبالاتی بەلای زۆر مەسەلەی گرنگدا تێدەپەڕین بێ ئەوەی بڵێین بۆ؟ كورد، لەگەڵ ئازارەكان پێوەندییەكی بەردەوامی هەبووە. رەنگە ئەوەی ئەمڕۆ بەسەر ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا زاڵە، لایەنێكی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە كە ئازارو نەهامەتییەكان ئێمەیان سڕ كردوە! بۆیە بۆمان ئاساییی بووە و بە بێدەنگی بەلایاندا تێدەپەڕین.

ئێمە ڕۆژهەڵاتییەكان، هەمووومان لە تاكەكانەوە بگرە تا حیزبەكان، دەزانین چیمان بەسەرمان هاتوە، كەچی ئەمڕۆ هەوڵەكانمان بۆ ڕێگرتن لەوەی دوژمنی ڕاستەقینە بەسەرمان دێنێ، لە ئاستێكدا نیە كە دڵی پێ خۆش بكرێ.

## خەباتی مافخوازی نرخی خۆی دەوێ

ئەگەر سەرێیی بەنێو تۆڕەكۆمەڵایەتییەكاندا بگەڕێین، دەبینین كە كوردەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە هەر توێژێك هەن، لاپەڕەكانیان پڕن لە ستاتووس، وێنەو كۆمێنتی سیاسی‌و مافخوازی، بەلام نەك بۆ پارچە پڕئازارەكەی نیشتمانی‌خۆیان، بەڵكوو بۆ پارچەكانی دیكە (باشوور، باكوور و ڕۆژاوا)ی كوردستان. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر چاوێك بە لاپەڕی كوردەكانی پارچەكانی دیكەی كوردستاندا بخشێنین، تەنانەت لەنێو رووناكبیران‌و سیاسییەكانیشیاندا زۆر بە دەگمەن دەبینین كە كێشەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بوویێتە خەمی ئەوان. هەر كام لەو پارچانەی كوردستان جیاوازی‌و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و زۆر زەحمەتە بتوانین لە گەڵ یەك بەراوردیان بكەین، بۆ نموونە لە باشووری كوردستان هەنگاوی زۆر گەورە نراوە و كورد لەم بەشەی وڵات، بە زۆر لە مافەكانی گەیشتوە. ئەم دەسكەوتانە دەكرێ هەموو كوردێك لە هەر جێیەكی ئەم جیهانە دڵی پێیان خۆش بێ و بەدەسكەوتی گشتیی كوردی بزانن، بەلام بەو مانایە نا كە ببێتە هۆی ئەوەی چاوپۆشی لە ئازارەكانی ئەو پارچەیەی دیكە بكرێ. لە حاڵێك دا كوردی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە خەم و خۆشییەكانی پارچەكانی دیكەدا خۆی

بە شەریک دەزانێ، بەداخەوە کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەم جۆرە بیر ناکەنەوە و لە ئاست ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خۆ بەدەروەست نازانن.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وێڕای ئەوەی بەردەوام لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی ئێرانەوە لە پەراوێز خراوە، ئەوندەش کوردانی ئەو پارچەیە بۆخۆیان لە پەراوێزیان خستوە. زۆر لە ڕووناکبیرانو نوخبەی سیاسیی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەهانەی دڕندەیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، چاوپۆشی لە بێبەشێ و بێمافییەکانی کورد لەم بەشە دەکەنو ئەوندەی دڵیان بە هەنگاوو دەسکەوتەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان خۆش کردوە و پێی هەڵدەڵێن، ئەوندە هەوڵ نادەن کێشەو مەینەتیو ویستو داواکانی نەتەوەکەیان لەو پارچەیەی کوردستان، بکەنە مژاری باسەکانی خۆیان. ڕاستە دڕندەیییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە گوتن نایە، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نیە بیکەن بە بیانووی گرێدانی زمانی خۆیانو لە ئاست پرسی کورد لەم بەشەی کوردستان خۆیان بێدەنگ بکەن.

چالاکە سیاسییە ڕۆژهەڵاتییەکانی تاراوگەش بە هەمان شێوە. لەم دوو سێ حەوتووی ڕابردوو دا کە مەسەلەی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ببووە مژاری ڕۆژ، ئەوندەی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە دەرەوە بە جلوبەرگی کوردیو ڕەنگاوڕەنگو ئاڵای کوردستانەوە بەشدارییان لە ڕێپێوانەکان بۆ پشتیوانی لەم ویستە کرد، وا بزانم کوردەکانی باشوور لە نێوخۆی وڵاتەکەی خۆیان کە ئازادن، ئەوەیان نەکرد! دیارە ئەوە بەهەڵوێستیی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بەرزیی شعووری نەتەوەیی ئەوان دەگەیەنێ کە پێویستە هەر کوردێک وابێ، بەڵام بەمەرجێک ئەم لایەنگری و پشتیوانییە لە ویستەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان یەکسان نەبێت لە گەڵ پشتگوێخستنی ڕۆژهەڵاتی کورستان و، کوردی پارچەکانی دیکەش بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان وابن، بەتایبەتی کە ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان نوقمی بێمافیو ئازارەو لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە هاوکاریو پشتیوانی هەیە.

ئەم مەسەلەیە تەنیا تاکەکان ناگرێتەوە، بەڵکوو حیزبەکانیش دەگرێتەوە. زۆر لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرفتاری ململانێیەکی بێجێن و تەنانەت هێندێکیان دژایەتیو بوغزاندنی بەرانبەرەکەیان هێناوەتە نێو سیاسەتی ڕۆژانەیانەوە. بەهۆی ئەوەی بنکەو بارەگاکانیان لە باشووری کوردستانە، فەزای سیاسی، کۆمەڵایەتیو کولتووریی ئەم پارچەیەی کوردستان تارادەیەکی زۆر بەسەریان زاڵ بووە. ڕێبەران و نوێنەرانیان ئەوندەی پەیامو لێدوانیان لە بارەی ڕووداوو ئاڵۆگۆڕەکانی باشوور، ڕۆژاواو باکووری کوردستان هەیە نیو ئەوەندە ئاوڕ لە کێشەو قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نادەنەوە، ڕۆژهەڵاتێک کە ڕۆژانە لە گەڵ بەندکران، ئێعدام و... کوشتاری

دانیشتوانی، بەرەوڕوویە. ئەمانە زیانی گەورەیان لە دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە.

کوردەکانی ڕۆژهەلات، دەستیان خۆش بێت کە بۆ هاوسۆزی لەگەڵ خەڵکی هەڵەبجە بە وەفد بۆ سەر مەزاری قوربانیانی هەڵەبجە دەچن، لەشیان ساغ بێت کە بۆ دەسکەوتەکانی باشووری کوردستان جێژن و شایی دەگرن، زۆر باش دەکەن کە هاوسۆزیی خۆیان بۆ خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانو گەریلای باکوور دەنوێنن. هەموو ئەمانەیان بە نیشانەی بەهەڵوێستیو بەرزیی شعووری ئینسانیو نەتەوەییان لە ئاست خوشکو براکانیان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان دادەنێم و ڕێزی لێ دەگرم. بەڵام بێدەنگ بوونی ئەوان لە ئاست بێمافییەکانی خۆیان و هەروەها بێدەنگ بوونی خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە ئاست ئێعدامی ڕۆڵەکانی کوردو کوشتاری ڕۆڵە زەحمەتکێشەکانی ئەو پارچەیە لە سنوورەکان بە دەستی هێزە دڕندەکانی کۆماری ئیسلامی، بێدەنگیو بێهەڵوێستی و بێتەفاوەتیان لە ئاست بۆنە و یادەکانی تایبەت بە تیرۆری کەسایەتییە سیاسییە ناودارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆ نموونە دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و... یا کارەساتەکانی دیکەی ئەم پارچەیە، دەبێ چ ناوێکی لێ بنرێ؟

## باباوەڕ بەخۆبوون لە نێو خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا بەهێز بکەینەوە

حیزبەکانو نوخبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆ ئەوەی دڕ بەم بێدەنگییە بدەن کە باڵی بە سەر ئەم بەشەی کوردستاندا کێشاوە، پێویستە لە پلەی یەکەم دا، ڕۆژهەلاتی کوردستان بە مەسەلەی سەرەکی و هەرە گرنگیی خۆیان بزانن و،قورسایی تێکۆشان و ئاوڕدانەوی خۆیان بخەنە سەر ئەم بەشەی کوردستان. پێویستە جارێکی دیکەیەکگرتووانەو بە هاودڵی رووی قسەو سیاسەتو تێکۆشانیان بکەنەوە ڕۆژهەلاتی کوردستانەو گۆمە مەندەکەی کوردستان بشڵەقێنن. بەربەستی سەرڕێی ئەم کارەش لە پێشدا بە دەستی حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لادەچێ. ئەگەر ئەوان بەرژەوەندی نەتەوەکەیان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەوێ، کە بەدلنیاییەوە دەیانەوێ! دەبێ کینەو بوغزەکانیان بۆ هەمیشە فڕێ بدەن و دەستی هاوکاریو هاودڵیی بخەنە دەستی یەکترەوە بۆ خەباتێکی بەهێز دژی کۆماری ئیسلامی. لە ئێستاوە ئەزموونە تاڵەکانی شەڕی نێوخۆییو نایەکگرتوویی حیزبەکانی باشووری کوردستان بکەنە وانەی تێکۆشان بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان. ئەگەر حیزبەکانی باشووری کوردستان بۆ ماوەیەکی زۆر گرفتاری شەڕی نیوخۆیی نەبان، بەدڵنیایەوە زۆر لەو دەسکەوتانەی ئەمڕۆ ئێمە کوردەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بەسەریاندا هەڵدەڵێینو جێژنو شاییان بۆ دەگرین، زیاتریان دەبوو! ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر باش

کەڵکی لەم نایەکگرتووییەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەرگرتووە بە ئاسوودەییەوە هەوڵی کپ کردنی دەنگی کورد لەو پارچەیە لە هەموو بارێکەوە دەدا. سەرکوتو خەفەقان گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی، هەرکەس کەمترین نارەزایەتی دەرببڕێ لەگەڵ قورسترین سزا بەرەوڕوو دەبێتەوە. ئەو ڕێژیمە زۆر باش دەزانێ ئەگەر هێزو لایەنە سیاسییەکان یەکگرتوو بوونایەو لەسەر مەسەلەکانی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆک بوونایەو هەموو تواناو ئیمکاناتی خۆیان بۆ خەبات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نەک کێشەو ململانێی یەکتر تەرخان بکردایە، ئەویش نەیدەتوانی بەم شێوەیە کوردی ڕۆژهەلات سەرکوتو بێدەنگ بکاو بیخاتە پەراوێزەوە. ئەم نەبوونی یەکگرتوویی‌و هاوکاری لەنێو حیزبەکاندا، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تووشی دلساردیو جۆرێک بێهیوایی کردوە و وای لێکردوون بەم جۆرەی لێیان چاوەروان دەکرێ، بەرەورووی ئەم ڕێژیمە نەبنەوە. حاشای لێ ناکرێ هۆیەکی هەرە ئەساسیی، بێدەنگ بوونی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاست ئەو هەموو سەرکوتو پێشێلکردنەی مافەکانیان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هاوکاری و هاوخەباتی لە نیو حیزبە سیاسییەکاندا.

ئەگەر عەدنان حەسەنپوورەکان، محەممەد سەدیق کەبوودوەندەکان، کوردپوورەکان، کەمانگەرەکان، شیرینو فەرهادەکان و سەدان و هەزاران رۆڵەی ئازا و ئازادیخوازی ئەو میللەتە بۆ یەک ئامانج دەخرێنە چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامییەوە و پەتی سێدارە دەکرێتە ملیان، یا زنجیری دیلی دەخرێتە قاچ و دەستیان، خەڵکی کوردستان چاوەڕوانن، حیزبەکانیش بۆ یەک ئامانج دەستی هاوکاری و هاودڵی بۆیەکتر درێژ بکەنو چی دیکە گیانو ئازاری ئەو بەندییانەو هەزاران شەهیدی ئەو نەتەوەیە، نەکەنە قوربانیی نایەکگرتوویی خۆیان. دروستبوونی ئەو هاوکاری و یەکگرتوویییە وا دەکا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش چی دیکە ئەم پرش و بڵاویی حیزبەکانیان نەکەنە بەهانەی بێدەنگیان لە ئاست پێشێل کردنی مافەکانی خۆیان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە.

لە ژمارە ٦٣٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٦ی ئاگۆستی ٢٠١٤

# تێڕوانینمان بۆ مرۆڤدۆستی لە نێو بازنەی کوردایەتیدا

دنیای مەجازی دنیایەکی بەرفراوانو پڕ لە جۆراوجۆرییەکانە. چالاکی، هەڵوێست، ڕوانینو ئاراستەکان لە دنیای مەجازیدا بەجۆرێک خۆ دەردەخەن، کە زۆر جار مرۆڤ بێزار دەبێ لەم دنیایە. بەتایبەتی لە هەلومەرجی شەڕدا ڕوانینەکان بەجۆرێک لە نێو مرۆڤەکاندا دەردەکەون کە جاروبار مرۆڤایەتی دەخرێتە ژێر پرسیارەوە.

## دوژمنانی نەتەوەی کورد چ هەستێکیان لە ئێمەی کورددا دروست کردوە

تووشبوونی ڕقو کینە لە ناخی مرۆڤەکاندا زۆر جار دەبێتە هۆی شەڕێکی دەروونیی مرۆڤ لەگەڵ خۆی. کورد نەتەوەیەکە کە ساڵانێکی زۆرە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ٤ وڵاتەوە (ئێران، عێراق، سووریەو تورکیە) شەڕی بەسەردا سەپاوەو قوربانی دەداو ماڵوێرانیو دەربەدەری چێشتوە، ئەوە ڕەنگە وای لە مرۆڤی کورد کردبێ کە زۆر جار بەرانبەر بە نەتەوەکانی باڵادەست لەم ولاتانەدا بیرکردنەوەیەکی تەنانەت تاسنووری ڕەگەزپەرستی بڕوا کە ئەم بیرکردنەوەیە دەتوانێ هێندێک جار مەترسیدار بێ. بۆ نموونە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڵایەکی بەسەر کوردەکان هێناوەو بەجۆرێک جەستەی ئەم گەلەی بریندار کردوە، کە زۆر جار هێندێک لە مرۆڤە کوردەکان هەڵوێستەکانیان بەرانبەر بە مرۆڤی فارس بە ئاراستەیەکی هەڵەدا ڕۆیشتوە. بۆ نموونە کاتێک تاکێکی کورد بەرانبەر بە کەسایەتییەکی بۆ نموونە هونەرمەندی فارس هەلوێستێکی بەدوور لە دوژمنایەتی هەیە، لەلایەن کەسانی دیکەوە وەبەر تانەو قسەی سووک دەدرێ کە وەک ئەوەی کوردایەتی پێشێل کردبێ سەیری دەکرێ.

لە دنیای مەجازیدا زیاتر ئەم هەڵوێستانە دەبینرێنو لەلایەن تاکەکانەوە یەکتر وەبەر هێرشی قسەی سووک دەدەنو یەکتر بریندار دەکەن. هەرچەند دیفاع لە کوردو کوردستان ئەرکی هەر تاکێکی کوردە، بەڵام ئێمە نابێ بکەوینە نێو بازنەی دڕندەییەکانی ڕێژیمەکانی وەک کوماری ئیسلامیو بە ناوی کوردایەتی مرۆڤایەتیمان کاڵ بکەینەوە.

هەرچەند بەداخەوە کەسانێک بەناوی دڵسۆزی بۆ کورد کە بەخۆشییەوە ڕێژەیان زۆر کەمە، سنوورەکانی ئینسانییەت دەبڕنو بایەخی کوردبوونیان لەوەدا دەبیننەوە کە هەڵوێستو تێڕوانینیان بەرانبەر بە نەتەوەی فارس بەجۆرێک بێ کە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا هەیانە.

سیمینی بێهبەهانی ژنە شاعیری نەتەوەی فارس کە ڕۆژی ٢٨ گەلاوێژ کۆچی دوایی کرد، لە نێو گەلانی دیکەشدا وەک مرۆڤێکی جوانو بەهەست ناسکو بەهەڵوێست ناسراوە، بۆیە زۆر لە کوردەکانیش بەرانبەر بە کۆچی دوایی ناوبراوە پەیجەکانی خۆیاندا بەپەرۆش بوونی خۆیان ڕاگەیاند، کەچی لەلایەن کەسانێکی کوردەوە لۆمەی ئەوانە دەکرا کە بەڕێزەوە باسی سیمین بێهبەهانیان دەکرد، وەک ئەوەی خەتایەکیان لێ ڕوودابێ. ئەمە یەکێکە لە نموونە هەرە سادەکان کە ئێمە ڕۆژانە لەسەر لاپەڕی فەیسبووکی تاکەکان دەیبینین! ئەم هەڵوێستو بیرکردنەوانەی تاکی کورد وا دەکا لە تراژیدیای ئازارەکانمان کە ڕژێمە دیکتاتۆرو تاوانبارەکان بەسەریان هێناوین کەم بکاتەوە، چونکە دوژمنانی ڕاستەقینەی نەتەوەکەمان لەگەڵ کەسانێک کە هیچ تاوانێکیان لە بەشداریی و جینایەتەکانی ئەواندا نیە دەخەینە تای تەرازوویەکەوە، کە ئەم کارە بەجۆرێک دەبێتە هۆی سووکبوونی تاوانی ئەوانەش کە بەرانبەرمان جینایەتیان خوڵقاندەوەو تاوانیان ئەنجام داوە.

ئێمە پێش ئەوەی کورد بین ئینسانین، پێویستە لە هیچ هەلومەرجێکدا بەها بەرزە ئینسانییەکان لەبیر نەکەین. بێگومان نە فارس هەموویان لەگەڵ کورد خراپ بوون، نە کوردایەتیش بە دژایەتیی کردنی فارسەکان دەبێتە نەتەوەیی بوونی ئێمە.

ئەم بۆچوونەم بۆیە نووسی لەم ڕۆژانەدا لەسەر ڕوانینی شەخسیی خۆم بەرانبەر بە کەسایەتییەکی فارس کەوتمە بەرهێرشی دۆستێکی فەیسبووکیم کە گۆیا من هیچ لە خەباتی پێشمەرگانە نازانمو ڕێز بۆ ڕابردووی خۆم دانانێم! هەربۆیە لێرەوە داوایەکی ئینسانی و لەهەمان کاتیشدا کوردانەم هەیە: با کوردبوونو نەتەوەیی بوون لە دەوری ئامانجە بەرزە ئینسانییەکان کۆمانکاتەوە. ئەگەر ئێمە مێژوویەکی پڕلەخەباتمان هەیە، زۆر زەرووره داهاتووی خۆمان لەئاستی نەتەوەکانی دیکەدا بەجۆرێک دارێژین کە شوناسێکی ئینسانی بە کوردایەتییەکەمان بدەین، هەرچەند لەنێو کورددا ئەم ڕوانینە دوژمنکارانەیە یان ڕەگەزپەرستانەیە، بەرانبەر بەنەتەوەکانی دیکە بەخۆشییەوە زۆر لاوازە، بەڵام ئەگەر تاکو تەراش هەبێ زیان لە بەهابەرزە ئینسانییەکانمان دەدا. ڕەگەزپەرستی هەرگیز ناتوانێ شوناس بە کوردبوونمان بدا.

لە ژمارە ٦٣٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٤

## بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی خۆکوژییەوە!

هێندێک کاتو سات هەن بێجگە لە غەمو ئازار شتێکی دیکە نابینینو ناتوانین لێی دوور کەوینەوە، تەنیا کاتێک هۆیەکەی تێدەگەیین کە سەرکەوتین بەسەریدا...

**پائولو کوئیلو**

بە پێی ئامارەکانی ڕێکخراوی لەشساغیی جیهانی، سالآنە ٨٠٠ هەزار کەس لە جیهاندا بەهۆی خۆکوژییەوە گیان لەدەست دەدەن، کە دەگوترێ بەرابەرە لەگەڵ ئەوەی لە هەر ٤٠ چرکەدا کەسێک خۆکوژی دەکا. ئەو ڕێکخراوە پێشبینی دەکا کە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا ئەم ڕێژەیە بگاتە یەک میلیونو نیو. خۆکوژی لە جیهاندا لە نێو تازەلاوانو لاوانی تەمەن نێوان ١٥ تا ٢٤ ساڵیدا، دووهەمین هۆکاری مردنە. ئەو ئامارە جیایە لەگەڵ ئەو هەوڵە ناسەرکەوتوانەی بۆ خۆکوژی دەدرێن. لە نێوان ٢٠ هەوڵی خۆکوژی یەکیان سەرکەوتوو دەبێ.

بەهۆی زۆربوونی ڕێژەی خۆکوژییەکان لەم هەزارەیەداو نیگەرانی کۆمەڵگەی جیهانی لەم دیاردەیە، لە ساڵی ٢٠٠٣ دا بە پێشنیاری ڕێکخراوی لەسساغیی جیهانیو ئەنجومەنی نێونەتەوەیی پیشگیری لە خۆکوژی، بەمەبەستی ئەرکدارکردنی دەوڵەتان بۆ کەمکردنەوەی ئەم کردەوەیە، ڕۆژی ١٠ی سێپتامبر وەک «ڕۆژی جیهانیی پێشگیری لە خۆکوژی» ناودێر کراوە.

ئەگەرچی تا ئێستاش خۆکوژی نەبۆتە گرنگترین قەیران لە جیهاندا، بەڵام ئامارەکانی خۆکوژی کە لەلایەن ڕێکخراوی لەشساغی (World Health Organization) جیهانییەوە بڵاو دەبنەوە ئەم ڕێکخراوەی تا ڕادەیەک نیگەران کردوە، هەر بۆیە ئەو ڕێکخراوە داوا لە دەوڵەتان دەکا، بۆ پێشگیری لەم دیاردەیە بەجیدی کار بکەن.

لە ٥٠ ساڵی ڕابردوو لە جیهاندا، ئاماری خۆکوژی شەست لە سەد (٦٠%) زیادی کردوە

بە پێی ئامارەکانی ڕێکخراوی لەشساغیی جیهانیو ڕێکخراوە جیهانییەکانی دیکە، ژنان قوربانیانی سەرەکی ئەم

جۆرە مردنەن.

نێونجی ئاماری خۆکوژی ژنان لە جیهاندا، لە هەر ١٠٠هەزار کەس ١٥ کەسە. هیندوستان بەرزترین ئاماری خۆکوژی ژنانی لە جیهاندا هەیە. واتە لە ١٠٠ هەزار کەس ١٤٨ کەسە.

ئەو وڵاتانەی کە زیاتر لە ٢٠ حاڵەتی خۆکوژی لە نێو ١٠٠ هەزار کەسدا ڕوودەدا، ڕێکخراوی لەشساغیی جیهانی دەیخاتە نێو لیستی وڵاتانێک کە قەیرانی کۆمەڵایەتییان هەیە.

بە پێی ئامارە جیهانییەکان لە زۆربەی وڵاتاندا سێهەمینو بە شێوەی گشتییش هەشتەمین هۆکاری مردنەکان بە هۆی خۆکوژییەوەن. هەروەها ژنان سێبەرابەری پیاوان هەوڵی خۆکوژی دەدەن، بەڵام لەونێوەدا پیاوان سێ بەرابەر زیاتر لە ژنان لە هەوڵەکانیاندا سەرکەوتوو دەبن.

## ئامارو لێکۆڵینەوە لەسەر خۆکوژی لە ئێران

لە ئێران بۆ یەکەمجار لە دەیەی ٤٠ دا خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە لەسەر خۆکوژی دەستی پێکردوە. بە پێی ئاکامی لێکۆڵینەوەکان لە ئێران ژنان زیاتر لە پیاوانو ژنانی هاوسەردار زیاتر لە پیاوانی هاوسەردار، خۆکوژی دەکەن. هەر بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کراون، بە ڕیز پارێزگاکانی ئیلام، خووزستان، لرستان، کرماشان، گڵستانو بویر ئەحمەد، بەرزترین ئاماری خۆکوژییان لە ئێراندا هەیە. بەپێی ئاماری ڕێکخراوی لەشساغیی جیهانی، لە ئێران لە هەر ١٠٠ هەزار کەس ٣ کەس لە نێو ژنانداو لەهەر ١٠٠ هەزار کەس ١ کەس لەنێو پیاواندا خۆکوژی دەکەن. دیارە بە هۆی شاردنەوەو دەمارگرژی کەلتووری لە نێو بنەماڵەکاندا، لە ئێران هیچکات ئامارێکی ڕاستو دروست لەسەر خۆکوژی، بڵاو نابێتەوە، بەوحاڵەش بە وتەی ئەم ڕێکخراوە ئێران پلەی سێهەمی لەبواری خۆکوژی لە جیهاندا هەیە.

بە پێی ئامارەکانی کە بڵاو بوونەوە، لە ساڵەکانی ٨٨ دا سێهەزارو ١٢٢ خۆکوژی ڕووی داوە. لە ساڵی ٨٩ دا زیادی کردوە واتە بەرزبۆتەوە بۆ سێ هەزارو ٦٤٩ کەس. ئەگەر چاو لە ئامارەکان دەکرێ، ساڵ لەگەڵ ساڵ خۆکوژییەکان لە ئێران زیاد بوون دایە. ساڵانە نزیک ٤ هەزار تاکو ٤٥٠٠ کەس لە ئێران خۆکوژی دەکەن. دیارە

ئاماری خۆکوژییەکان ١٠ بەرابەری ئەو خۆکوژیانەن کە دەبنە هۆی مردن.

بە پێی ئامارێک کە لەلایەن پزیشگی قانوونەیەوە بڵاو بۆتەوە لە ٩ مانگی سەرەتای ساڵی ١٣٩٢دا ٣١٢٥ کەس گیانی خۆیان لەدەست داوە کە رووداوی مردنەکەیان گومانی خۆکوژیان لەسەر بووە. لە نێوا ئەوانەدا ٩٨٢ کەسیان ژن بوون و ٢١٤٣ کەسیان پیاو بوون. لە ١٢ مانگی ساڵی ٩٢دا لەسەر یەک ٣٦٤٠ مردن کە لە لایەن پزیشکی قانوونییەوە گومانی خۆکوژییان لەسەر بووە ڕاگەیاندراوە، کە لەو ڕێژەیە ٢٥٣٠ کەسیان پیاو بوونو ١١١٠ کەسیان ژن بوون. زۆرترین ڕووداوی مردنەکان لە نێوان تەمەنەکانی ١٨ بۆ ٢٤ ساڵی بووە، کە ٢،٢٨ لەسەدی هەموو خۆکوژییەکان لە ساڵدا لەخۆدەگرێ. دوای ئەوە گرووپی تەمەنیی ٣٠ تا ٣٩ ساڵ (٢،٢٢ لەسەد)، ٢٥ تا ٢٩ ساڵ ٦،١٧ لەسەد، سەرووی ٥٠ ساڵ ٩،١٢ لەسەد، ٤٠ تا ٤٩ ساڵ ١،١١ لەسەد، خوار تەمەن ١٨ ساڵ ٩،٧ لەسەد زۆرترین خۆکوژییەکانی لەخۆ گرتوە.

## لە ئێستادا کێ بەرپرسی هەموو نەهامەتییەکانی خەڵکی ئێرانە؟

لە ئێران لە لایەن کۆنەپارێزانی نێو دەسەڵاتەوە بەردەوام تەبلیغ بۆ پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش بەبێ هیچ پشتیوانییەکی ماڵیو ئێستاش غەدەغە کردنی پێشگیری لە زۆر بوونی منداڵ دەکرێ، بەبێ ئەوەی دەسەڵاتداران بیرێک لەم هەموو کێشەو قەیرانە کۆمەڵایەتییە بکەنەوە کە داوێنی کۆمەڵگەی ئێرانی گرتوە. کێشەی بێکاری، تووشبوون بە مادەهۆشبەرەکان، نەبوونی کارو داهاتو شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ لاوان، بێبەش کردن، یان شکست لە خوێندنو... بەهۆی ئەمانەش سەرهەڵدانی دەیان کێشەی دیکە لەنێو کۆمەڵگەو بنەماڵەدا کە بۆتە هۆی ئەوەی زۆرجار لاوان لە ژیان ناهومێد دەبنو پەنا دەبەنە بەر خۆلەناوبردن.

شەڕ، کوشتن، زیندانی کردن، ئێعدامی بەکۆمەڵ، دەرکردن لە وڵات، بێبەشکردن لە خوێندنو دانشگاو دەیانو سەدان نەهامەتی دیکە کە بەرهەمی دەسەڵاتی ڕەشی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە بۆ خەڵک، خەڵکی ئەو وڵاتەیان تووشی جۆرێک لە خەمۆکیو ناهومێدی کردوە. نەسڵی لاو کە دەبێ شادترین، پڕئێنرژیترینو یاغیترین توێژی کۆمەڵگە بێ، بەداخەوە نەسڵێکی سڕو خەمۆکو ناهومێدە لە ژیان. ژنان کە نیوەی کۆمەڵی وڵات پێک دێنن، لەگەڵ هەلاواردنی سیستماتیک بەرەوڕوون. تابلۆی دەروونی هەر ژنێکی ئەو وڵاتە چاو لێ بکەی، پڕە لە ئازاری چەوسانەوەو هەلاواردنو بێبەشی. کۆمەڵێک ئاخوندی بیر تەسکو کۆنەپارێز لە ماوەی ٣٥ ساڵ دەسەڵاتیاندا

ئەوەی بەسەر خەڵکی ئێرانیان هێناوە، جگە لە وێرانی دەروونی ئینسانەکان، کوشتنی ئازادیخوازانو ڕاونانی نوخبەو ڕووناکبیرانی وڵات، شتێکی دیکە لە کارنامەیاندا نابینرێ کە خەڵک بە هیواو دڵخۆشییەوە لەو وڵاتەدا ژیان بکەن!

کۆماری ئیسلامی ئێستا ئیدی لە لایەنی خەڵکەوە بە جۆرێک خەیاڵیان ئاسوودەیە! خەڵک هەستی بێحاڵیو بێتەفاوەتی بەسەریاندا زاڵ بووەو تا ناخیان ڕۆچووە، ئێعتراز نەماوە، ئەگەر لە شارێکدا بە یەک حەوتوو ١٠ کەس خۆی بکوژێ، ١٥ ژن بکوژرێ، لەسەر شەقام بەبەرچاوی یەکترییەوە بەچەقۆ یەکتر لەتوپەت کەنو.... کەس داناچڵەکێو ناپرسێ بۆ؟! ئەگەریش کەمتاکورتێک هەبێ دەنگ هەڵبڕێنێک هەبێ، دەسەڵات بەهەموو ئیمکاناتو هێزەوە هەوڵی سەرکوت کردنی دەدا. دنیای دەرەوەش لە ئاست ئەو هەموو زوڵمەی لە خەڵکانی ئێران دەکرێ چاوی داخستوە.

لەم ڕۆژانەدا مەحکووم کردنی گرووپی تیرۆریستی داعشو جینایەتەکانی ئەم گرووپە لە عێراقو سووریەدا لە هەموو دنیادا باسێکی گەرمە، وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە سەرکردەیی ئەمریکا بە لێشاو ئەسڵەحەو فڕۆکەی شەڕ دەنێرن بۆ لەناوبردنی داعش، بێ ئەوەی دان بەوەدا بنێن زیانێک کە دەسەڵاتدارانی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتیاندا بەخەڵکو نەتەوەکانی ئێرانو وڵاتانی دەوروبەریان گەیاندوە، جینایەتەکانی داعش وەک نوقتەیەکی چوکەیە لە ئاست کێوێکدایە!

ڕێژیمی ئێران لە نەبوونی ئێعترازاتی جەماوەری، لە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز لە ئێرانداو نەبوونی کاردانەوەی جیهانی لەسەر کردەوە جینایەتکارانەکانیان، درێژە کردەوە نامرۆڤانەکانی خۆیان دەدەنو لەمەوبەدواش لەژێر ئاڵای دژی تیرۆردا! زیاتر مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا پێشێل دەکرێنو و زیاتر کێشەکانی خەڵکی ئەو وڵاتە پشت گوێ دەخرێ.

سەرچاوەی ئامارەکان:

ماڵپەڕی «پزشکان بدون مرز»
ماڵپەڕی: خوێندکارانی ئێران «ایسنا»

له ژماره ٦٤٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوه

٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

# چەکی شانی ژنی کورد و شەڕ بۆ ئاشتی‌و مافی ڕەوا

## (له پەراوێزی رەخنەی هێندێک له ژنانی فارس له چەک هەڵگرتنی ژنانی کورد)

لەو کاتەوه کە چەکدارەکانی گرووپی تیرۆریستیی داعش، هێرش‌و پەلامارەکانیان بۆ سەر خاک و خەڵکی باشووری کوردستان‌و ڕۆژئاوای کوردستان چڕ کردۆتەوە، ناوچەکە تووشی ئاڵۆزی‌و بشێوییەکی زۆر بووەو، بە تایبەتی لەو شوێنانەی ئەم گرووپە دەستیان بەسەردا گرتوە. ئەوان هێرش بۆ هەر کوێ دەبن لە هیچ جینایەتێک دەست ناگێڕنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە خەڵکی کوردستان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم گرووپە توندئاژۆیە، لە بەربەرەکانییەکی توندو خوێناوی دان. ژیانی ئاسایی ئەو ناوچانەی کە داعش هێرشی بۆ کردوون تێک چووە، بەدەیان هەزار کەس لەترسی دڕندەییەکانی داعش ماڵ‌و حاڵی خۆیان بەجێ هێشتووە ئاوارە بوون. ژمارەیەکی زۆر لە ژنان‌و کچانی کوردی ئیزەدی شەنگال ئەسیر بوون‌و دەستدرێژییان کراوەتەسەر. هێزەکانی پێشمەرگەو گەریلا بۆ دیفاع لە نیشتمانەکەیان لە شەڕێکی سەخت دان. لاوان، کچ و کوڕ پۆل پۆل بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو هێزە جینایەتکارەی بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق‌و شام (داعش) پەلاماری کوردستانی داوە، خوازیاری چەک هەڵگرتنن.

لە ڕۆژئاوای کوردستان هێزی ژنان بە ئازایەتییەکی کەموێنەوە لە شەڕ دان. ئەوە کە ژنان لە نێو هێزی چەکداری کورد دا دەبینرێ، پێوەندیی تەنیا بەمڕۆوە نیە، ئەوە مێژوویەکی دوورو درێژی لە خەباتی نەتەوەی کورددا هەیە کە لەم باسەدا ناگەڕێینەوە سەری. بەڵام ئەوەی دەمەوێ لەم وتارەدا باسی بکەم، لەپێوەندی لەگەڵ بۆچوونی کۆمەڵێک لە ژنانی «فێمێنیست»ی فارس دایە کە ڕەخنەیان لە چەکداربوون یان نیزامی بوونی ژنانی کورد گرتوە،

لە ژێر ناوی ئەوە کە چەک ڕوویەکی توندوتیژی هەیەو لە گەڵ روحی فێمێنیستی دا نایەتەوە!

ئەم کۆمەڵە ژنە لە ماڵپەڕی مەدرەسەی فێمێنیستیدا، بە چاوێکی ڕخنەگرانەوە دەڕواننە چەکداربوونی ژنانی کورد، کە گۆیا چەک توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا بڵاو دەکاتەوەو ئەوش لەگەڵ ڕوانگەی فێمێنیستی کە ژنان خەباتی بۆ دەکەن نایەتەوە! ڕاستە ڕوانگەی فێمێنیستی ڕوانگەیەکی دادپەروەرانەو ئینسانییە، بەڵام ئایا بەرگری لە نیشتمان، لە نەتەوە، لە هاوڕەگەز لە بەرامبەر هێرشکەرانو دەستدرێژیکەراندا، دەچێتە چ چوارچێوەیەکەوە؟ لە هەلومەرجێکدا کە شەڕ بەسەر نەتەوەو نیشتمانەکەتدا سەپاوەو لایەنی بەرانبەرت زمانی چەک نەبێ هیچ زمانێکی دیکە تێناگا، فێمێنیستەکان ئەوکاتە دەبێ چ بکەن؟ ئایا شەڕێک کە بۆ دیفاع لە مافو ئازادیی نەتەوەو نیشتمان، و بۆ پێشگیری لە کوشتاری بە کۆمەڵی مرۆڤەکان بێ، نابێ فێمێنیستەکان خۆی لیدەن؟

ئەوەی کە شەڕو توندوتیژی هاوسەنگی یەکن، گومانی تێدا نیە، ئاشکراشە لە هەر شوێنێک شەڕ هەبێ، چەکیش هەیە. لە ناوچەی شەڕیشدا ئاسان نیە ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکان بۆنی توندوتیژییان لێنەیە، بەڵام بەرگریکارو دەستدرێژیکەر نابێ وەک یەک لێیان بڕوانرێ.

ئەوەی کە ئەو خانمانە لەم ڕۆژانەدا لەسەر کورد تەنیا چەکدار بوونی ژنان دەبینن، جێی سەرسوڕمانە! ئەوان کە خۆیان بە پارێزەری مافەکانی مرۆڤ دەزانن‌و لایەنگری یەکسانی‌و دادپەروەریی لە کۆمەڵگەدان، بۆ جارێک زەحمەتیان بەخۆیان نەدا ئاوڕێک لە مێژووی پڕ لە کارەساتی کوردستان بدەنەوە کە کورد بەدەستی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان چییان بەسەر هاتوە؟ بۆ جارێک زەحمەتیان بەخۆیان نەداوە بابەتێک لەسەر پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بنووسن، یان بڕۆنە کوردستان و سەردانی ئەو ژنانە بکەن کە ڕۆڵەکانیان لە زینداندان، ئێعدام کراون، بێسەروشوێنن، بپرسن نەسرین‌و شەهلا کەعبی دوو خوشکە پەرستارە سەقزییەکان بۆ ئێعدام کران؟ ئایا ئەوانە مافی میللەتانی دیکەیان پێشێل کردبوو؟ ئایا خاکو نیشتمانی وڵاتێکیان داگیر کردوە؟ ئەو جینایەتانەی داعشییەکان کە ئەمڕۆ ئەو خانمانە لە ڕاگەیەنەکاندا دەیبینن، ٣٥ ساڵە لە پەنای گوێی ئەواندا دەسەڵاتدارانی ئێران دژی کوردانی ڕۆژهەلات بەڕێوەی دەبەن. ئەوان ئەگەر جینایەتەکانی داعش‌و چەکدار بوونی ژنان، نیگەرانیان دەکا، حەق وابوو جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامییش کە ٣٥ ساڵە لە دژی خەڵکی بێمافی کوردستان کە ئێستاش درێژەی هەیە نیگەرانی بکردنایەو وەک چالاکێکی مافی مرۆڤی ئەو وڵاتە، وەک فێمێنیستێکی ڕاستەقینە، لە ئاست ئەم هەموو ناعەداڵەتییەی بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان دەکرێ،

بێدەنگییان هەڵنەبژاردایە. ٣٥ ساڵە کۆماری ئیسلامی بە دڕندەنەترین شێوە رەفتاری لەگەڵ خەڵکی کوردستان کردوە، بەڵام بەداخەوە ئەو ژنانە زەحمەتیان بەخۆیان نەداوە تەنانەت بە نووسینی وتارێکیش ڕەخنەی خۆیان لەم دەسەڵاتە کە هەڵاواردنی بە ئاشکرای نەتەوەیی، سیاسی، ڕەگەزی دژی خەڵکی کوردستان پیشەی هەمیشەیی بووە، دەرببڕن.

ئەوان حەقیانە وێنەی ژنانی چەکدار نیگەرانیان بکا، چونکە بۆخۆیان لە ژیانێکی ئارامدا دەژین، ئەو زوڵم و ناحەقییەی لە ژنی کورد کراوە رەنگە بە خەونیش نەیان بینیبێ. ئەوان لەگەڵ چەک نامۆن چونکە »یواشکی»! لە مافی نەتەوە بندەستەکانی وڵاتەکەی خۆیان دەڕوانن. ئەوان وەک فێمێنیستێک ئەگەر هەستیان بە ئازاری کارەساتە دڵتەزێنەکانی کە بەسەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتوە، بکردایە، ئەگەر هەستیان بە ئازاری کارەساتەکانی شەنگاڵو کوبانی لەلایەن داعشییە نوێیەکانەوە بکردایە، هەرگیز رەخنەیان لە بە نیزامی کردنو چەکدار بوونی ژنانی کورد نەدەگرت. ئەگەر هێندێک بە ئینسافەوە لە ژنانی چەکداری کورد بڕوانن، دەزانن کە ئەوان بۆ دیفاعێکی ڕەوا چەکیان هەڵگرتوە، نەک بۆ هێرش و پەلاماردانو توندوتیژی نواندن.

## ژنی کوردیش لەشەڕ بێزارە!

ئەو خانمانە نابێ لێیان تێک بچێ کە کورد شەڕخواز نیەو شەڕی بەسەردا سەپاوە، بەڵام کورد نەتەوەیەکی خەباتکارەو بۆمافەکانی خۆی شەڕ دەکا، نەک بۆ داگیرکردنو پێشێلکردنی مافی خەڵکانی دیکە. پرسیارێکی زۆر ئاسان بۆ ئەو خانمانە! ئەگەر ئەوان  وەک کورد لە ناوچەیەکی شەڕ بەسەردا سەپاودا بژینو بەردەوام خاکو نیشتمانەکەیان لێداگیر بکرێ، زوڵم لە نەتەوەکەیان بکرێ،ماڵیان وێران بکەنو دەربەدەریان بکەن، بەبەرچاویانەوە پۆل پۆل ڕۆڵەکانیان قەتڵعام بکەن، دەستدرێژی بکرێتەسەریان، ئەوان بن چ دەکەن؟  ئایا بە دانی چەپکە گوڵ وڵامی دوژمنەکانیان دەدەنەوە؟!

## چەک دەتوانێ هەمسەرچاوەی توندوتیژی بێ، هەم ئارامیو ئاسوودەیی

من بەو خانمانە دەڵێم ژنی کورد عاشقی تفەنگو شەڕ نیە، ژنی کوردیش وەک فێمێنیستەکان دادپەروەری، ئازادیو مافی ئینسانییان بۆ خۆیانو بۆ نەتەوەکەیان دەوێ، بەڵام لە گەڵ دوژمنێکی دڕندە ڕووبەڕوون، هێرشو

دەستدرێژییان دەکرێتەسەر، ڕۆڵەکانیان بەبەرچاوی خۆیانەوە دەکوژرێن، ئاوارەو بێماڵو حاڵ دەکرێن. ئەگەر لەهەلومەرجێکی وادا ژنیش لەمەیدانی بەربەرەکانیدا حوزووری نەبێ، ئایا دەکرێ باس لە بەرابەریی ڕۆڵی ژنو پیاو بکەین؟ بە دڵنیاییەوە لە حاڵەتێکی وادا بەشداریی ژنان لە شەڕەکاندا دەتوانێ یارمەتی بکا بە ئاسوودەییو ئارامیو بە سڕینەوەی نابەرابەرییە جنسییەتییەکان، کە بەبڕوای من ژنی کورد هەر بەم مەبەستەش چەکی هەڵگرتوە، نەک بەمەبەستی ترسو تۆقاندن.

ئاشکرایە بزووتنەوەیەکی مافخوازی کە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا هەیە، هێزی چەکداریشی هەیە. هەموو ئازادیخواز و دیموکراسیخوازێک ئەوە دەزانێ هەرچی ژنان بەشداریی کاریگەرتریان لە هەر بزووتنەوەیەکدا هەبێ، ئەو بزووتنەوەیە شانسی سەرکەوتنی زیاترە. بۆیە ژنی کورد بە هەستکردن بەم بەرپرسیارەتییە، حوزووری خۆی لە نێو ئەو بزووتنەوانەدا مسۆگەر کردوە.

حاشای لێناکرێ هەڵگرتنی چەک بۆ پارێزگاری لە خۆت مافێکی ڕەوایە، نەک بۆ ئەوەی بەردەرگا بەخەڵکی دیکەی پێ بگری. ئەو چەکەی ژنانی کورد هەڵیان گرتوە بۆ دیفاع کردنە لە خۆیان، ئەمەیە جیاوازیی چەکی ئێمە لەگەڵ چەکی ئەوان!

لە ڕاستیدا لە هەلومەرجێکدا کە شەڕت بەسەردا سەپاوە، ژنان ناکرێ بەناوی هەبوونی ڕوحیاتی ئینسانیو مێهرەبانانە خۆ لەئەرکێکی گرنگ کە پاراستنی وڵاتە خۆ ببوێرن. ئەگەرنا لە دوارۆژی ڕزگاریدا ناتوانن لە بوارەکانی دیکەدا خوازیاری ڕۆڵی یەکسان لەگەڵ پیاوان بن. بۆیە ئەگەر ئەمڕۆ دەست بۆ تفەنگ دەبا، بەو مانایە دەستی بۆ دەبا تا دیفاع لە مافەکانی خۆی و مرۆڤەکانی دیکە بکاو ئاشتیو ئارامی، مافی وەک یەک بۆ نەتەوەو هەموو چینو توێژێکی کۆمەڵگەکەی لە نیشتمانەکەیدا جێگیر بکات. شەڕ بۆ ئاشتیو مافی ڕەوا دەبێ چ دژایەتییەکی لەگەڵ فەلسەفەی فێمێنیستیدا هەبێ؟

لە ژمارە ٦٤١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

## شار بەتەنیا بە ئێوە ناپارێزرێ، لێمان گەڕێن!

ئازایەتیی کچان و ژنانی کۆبانی بیرەوەرییەکی شیرینی منداڵیمی وەبیر خستمەوە، بیرەوەرییەک کە رەنگە هەر ئەوە بووبێ بە هەوێنی هاندانم بۆ خەبات.

.... حەمیدە خانمی مامۆستا، قەولی بە قوتابییەکان دابوو هەرکەس دەرسخوێنی چاک بێ ٢ ڕۆژ لەگەڵ خۆی دەیبا بۆ سەفەری شار! من و کچێکی هاوپۆلم شانسی ئەو سەفەرەمان وەبەر کەوت. دوانیوەڕۆیەک گەیشتینەماڵەکەی «دادە حەمیدە» لە سەقز، - ئەو قەت نەیدەهێشت پێی بڵێین «خانم معلم» - جانتای سەفەرمان داناو گوتی بابڕۆین دوو ڕۆژتان فرسەتە با بتانبەم بۆ گەڕان! یەکەم شوێن کە بردینی بنکەیەکی پێشمەرگە بوو! دیار بوو بۆخۆی لەوێ کاری هەبوو، ئێمەشی لەگەڵ خۆی برد! هەڵبەت هەموو جێیەک بۆ ئێمە سەرنجڕاکێش بوو.

کچەکانی ئەو بنکەیە هەموویان کەواو پانتۆڵیان لەبەر بوو، رووسەریەکەی سەریان جامانە (ئاغابانوو) بوو. یەکێک لە کچەکان ناومانی پرسی و گوتی پێتان خۆشە ببن بە پیشمەرگە! هەردووکمان خێرا وڵاممان داوە؛ بەڵێ!

بوو بە ئێوارە، هاڕەو گرمەی هێلیکۆپتێرەکان، پرسیاری لای خەڵک دروست کرد. هەموو پرسیاریان لەیەکتر دەکرد چ باسە؟ ئەم جموجوڵە چیە لە پادگانی شار دروست بووە؟ بە قسەو باسەکاندا وا دەردەکەوت خەڵک خۆیان بۆ رووداوێک ئامادە دەکەن. شار شڵەژابوو. حەمیدەی مامۆستا و کۆمەڵێک ژن و کچی دیکە لە دەوری یەک کۆببوونەوە دوایە چووین بۆ ماڵی دایکی حەمیدە خانم. درەنگانی شەو گوێم لە دەنگی دایکی بوو پێی دەیگوت رۆڵە! ئەم منداڵانەت بۆ هێناوە؟ شتێک بێ چیان لێ ئەکەی؟ ئەویش گوتی دایکە گیان چوزانم چ دەبێ....؟ هیچ نابێ ئەگەریش بوو بەیانی فکرێکیان بۆ دەکەمەوە تۆ نیگەران مەبە. ڕۆژی دووهەمی سەفەرەکەمان بوو...تاریکو روونی بەیانی بە تەقەی تفەنگو گرمەی تەقینەوەو دەنگە دەنگی ژنان وەخەبەر هاتین. حەمیدە هاتە ژوورەکە و گوتی کچەکان مەترسن، تاوێکیتر لێرەتان لادەبەم، ئێرە نزیک پادگانە! ئێمە نایەڵین شار بکەوێتە دەستیان! کە هەوا بەتەواوی رووناکی کرد حەوشەی ماڵە دایکی حەمیدە خانم پڕ ببوو لە کچانی جەوان، پانتۆڵ لەبەرو توند و تۆڵ. حەمیدە لەوێش وەک مامۆستایەک قسەی بۆ دەکردن... دابەشی دەکردن بەسەر شەقامەکاندا کە هەرکەس لە کوێ دەبێ چ بکا! چاکم هەموو قسەکان لەبیر نیە، بەڵام دەمدی «گوونی» (تەلیس)ی دەدا دەستی کچەکان،

دەیگوت ماشینەکان گڵ دێنن، و ئێوە خێرا خێرا تەلیسەکان پڕ کەن دێن دەیانبەن بەسەر کۆڵانەکاندا دابەشی دەکەن... دوایە رووی کردە من و کچە هاوپۆلەکەم گوتی: ئێوەش مەترسن بەڕێتان دەکەم بۆ شاری بۆکان، لەوێوە دەتانبەنەوە بۆ ماڵەوەتان! منیش گوتم نا من ناترسمو ناچمەوە، دەتوانم گڵ بکەمە تەلیسەوە! حەمیدە بە پێکەنینەوە گوتی «شاگرد»ی خۆمن ئافەرین! دەزانم کچە باغلووجەیی ناترسێ! ئەو رۆژە ئازایەتیی کچانی سەقزیم دیت کە چۆن سەنگەریان دروست دەکردو پۆل پۆل لە ماڵەکان دەهاتنەدەرو نەترسانە خەریکی خۆئامادەکردن بوون بۆ شەڕێکی نابەرابەر لەگەڵ هێزەکانی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی کە دەیانەویست دەست بەسەر شاردا بگرن. بەڵام دیمەنێک کە هەرگیز لەبیرم ناچێو تەنانەت ترساندمی، ئەوە بوو پیاوێک هاتە حەوشەکەو خۆی کرد بەناو کچەکاندا، پیلی یەکێک لە کچەکانی گرتو ڕاکێش ڕاکێش بەدوای خۆیدا دەیبرد. کچەکە خۆی ڕادەپسکاند لەدەستیو دەیگوت وازم لێ بێنە باوکە! من ئەچم، بۆ لێم ناگەڕێی.... ئەویش وەبەر جنێوو زللەی داو.... حەمیدە خانم لێی چووە پێشێ و بە باوکی کچەکەی گوت بۆ وازمان لێ ناهێنن؟ شار بەپیاوی وەک ئێوە ناپارێزرێ! پیاوەکە گوتی تۆ دەمت داخە! ...کچەکە لەدەست باوکی ڕایکردو گوتی هەر نایەمەوە ئەو ماڵە! ....

ویستم لە دەلاقەی گێڕانەوەی ئەم بیرەوەرییەوە، بڵێم: ئەگەر دوێنێ کچانی سەقزی(وەک نمونە) لە بیر و زەینی زۆرماندا تابۆی پیاوسالارییان شکاند، ئەمڕۆش کچانی کۆبانێ بە ئازایەتیو ورەیەکی پۆڵایینەوە لە گەڵ کوڕانی هاوڕێیان خەریکن هێزە ڕەشو بێزراوەکەی داعشی دڕندە پاشەکشە پێ دەکەن. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە بڵێین، لە نێو مێژووی خەباتی خوێناویی نەتەوەی کورددا ژنان هەمیشە هەوڵیان داوە لەو خەباتەدا وێڕای پیاوانی کورد ڕۆڵ بگێڕنو خۆیان جیا نەکەنەوە؛ بەڵام بەداخەوە کۆمەڵی پیاوسالاری کوردستان تا ئەمڕۆشی لەگەڵ بێ، دەستی لەم جیاکارییە هەڵنەگرتوە. ڕاستە دەبینین ئەمڕۆ پیاوانێک بەسەر ئازایەتیی ژنانی کۆبانێدا هەڵدەڵێن و بەڕواڵەت شانازی بە بوونی ئەو ژنانەوە دەکەن، بەڵام هەر ئەو پیاوانە کە کچو خوشکو هاوسەری خۆیان لەماڵەکان هاتنەدەر یان قسەیەکیان پێ بوو بۆ گوتن، وەک هەمان پیاوەکەی سەقز پێیان دەڵێن تۆدەمت داخە! هەر جۆرە پیاوانەشن ژنانی کۆبانێیان کردۆتە سەنگەرێک بۆ لێدانی ژنانو سەنگەرەکانی دیکەی خەباتی ژنان. لەم ڕۆژانەدا ئەگەر چاو لە لاپەڕی فەیسبووکو کۆمێنتی هاورێ پیاوەکان بکەین، باش ئەم ڕوانگەیەمان بۆ دەردەکەوێو تەنانەت کەسانێک بە وشەی نەشیاو و بە ناحەق روو لە ژنانی دیکە دەکەنو دەڵێن شەرم بتان گرێ! ئێوە چ دەکەن؟! وەک ئەوەی تازە ببینن ژنی کورد لە سەنگەری بەرگری لە نیشتمان دایە. بەڕاستی ئەوانە دەبێ بەپێی چ بنەمایەک ڕێگە بەخۆیان بدەن لە پەنا ژنانی کۆبانێوە سەنگەر لە ژنانی دیکەی کوردستان بگرنو وەبەر تانەو تەشەرە سواوەکانیان بدەن! ئەوان ئەگەر زۆر غەم لە سەنگەری بێ ژن دەخۆن! با لە ماڵی خۆیانەوە دەست

پێ بکەن، ئەو کات شۆڕشێک دەست پێدەکا کە هەموومان دەبێ شانازی پێوە بکەین.

ڕاستە ئەوەی ژنانی کۆبانێ کردیان و دەیکەن، حاشای لێناکرێ ئەوپەڕی ئازایەتیو ورەیە لەبەرابەر هێزێکی پڕچەکی دڕندەی دەستدرێژیکەردا، دیفاعە لە شەرەفو کەرامەتیان کە نیشتمانەکەیانە. ئەوەی ئەوان دەیکەن نموونەی بەرزی ئازایەتیی مرۆڤە لە شەڕێکی ڕەوادا. بەڵام نارەوایە بە ناوی ئازایەتی ژنانی کۆبانێوە هێرش بکرێتە سەر ژنانی دیکەی کورد. ژنی کورد ئەگەر پیاوان ڕێگر نەبووبن هەموو کات لە ریزی پێشەوەی سەنگەری بەرگریدا بوون. لە هەموو بەشەکانی کوردستان، پشتیوان و دڵسۆزی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە و رزگاریخوازانەی نەتەوەکەیان بوون. لە کاری ڕێکخستنە نهێنییەکانو پێشمەرگایەتیدا هیچکات خۆیان نەبواردوە، هیچ بەشێکی کوردستان نیە کە بە سەدان کچ و ژن نەچووبنە بەندیخانە و ئەشکەنجە نەکرابن.

ژنی کورد مێژوویەکی پڕشنگداری لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا هەیە، ئەوانەی ئەم مێژووە نابینن، کاتی ئەوەیە چاوەکانیان بکەنەوە. ئیتر کاتی ئەوە هاتوە تەپوتۆزی پیاوسالاری لەبیرو زەینیان بە تەواوی بسڕنەوەو چی دیکە ژنانی ئەم نیشتمانە نەکەنە پەیژەی سەرکەوتنەکانی خۆیان. کاتی ئەوە هاتوە هەموو حیزبو ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ پرسی یەکسانیدا لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەنەوە. ئەوانە کە تفەنگو چەقۆی «شەرفپارێزی»یان بەدەستەوە دەگرت بۆ کوشتنی ژنانو سیمای کوردیان لە جیهاندا پێ ناشیرین دەکرد، شەرم لەو مێژووەو لە لەورەی بەرزی ئەمرۆی ژنانی کۆبانێ بکەن.

ژنانی کوردستانیش کە ئێستا هەموو جیهان لە لوتکەی بەرزی شەڕی کۆبانێوە ژنی کورد دەبینێ، با ئەم ئەم لوتکەیە چۆڵ نەکەنو بیپارێزنو بەرەو لوتکەکانی دیکەش بڕۆن.

لە ژمارە ٦٤٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

## مافی مرۆڤ لای ئەوان چ بایەخێکی هەیە؟!

مەسەلەی «مافی مرۆڤ» ئەمرۆ لە جیهاندا بۆتە ئەرزشێک کە هەر رێژیمو دەوڵەتێک بایەخ و رێز بۆ مافی ئینسانەکان دانەنێن، لە بیروڕای گشتیی جیهانیدا ئەو رژێمە بێزراوە و وەک پێشێلکاری مافی مرۆڤ سەیری دەکرێ. ساڵانە لەلایەن رێکخراوی جیهانیی مافی مرۆڤەوە،کارو کردەوەی رێژیمو دەوڵەتان لە بواری مافی مرۆڤەوە، هەڵدەسەنگێندرێ و ئەگەر پیشێلکارییەک لە کارنامەکەیاندا هەبێ، ئاگادار دەکرێنەوە. یەکێک لەو رێژیم و دەسەڵاتانەی کە بەردەوام و ساڵانە لە لایەن رێکخراوی جیهانیی مافی مرۆڤەوە بە پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە وڵاتەکەیدا مەحکووم دەکرێ، رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

### پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران مەسەلەیەکی سیستماتیکەو پێوەندی بە تەواوی نیزامەوە هەیە

کۆماری ئیسلامیی ئێران جگە لەوەی قانوونی بنەڕەتییەکەشی پڕە لە ناتەبایی لەگەڵ پەسندکراوە نێونەتەوەییەکان، بە شێوەی جوراوجۆری دیکەش لە بەڕێوەبردنو هەماهەنگکردنی کۆمەڵگەدا پرنسیپە مرۆییەکان پێشێل دەکا. دەسەڵات لە هەر وڵاتێکدا بەرپرسی ئەمنییەتی ژیانی هاووڵاتییانی وڵاتەکەیەتی لە هەمانکاتیشدا بەرپرسە لە ئاست هەر دیاردە و قەیرانێکی کۆمەڵایەتیدا کە لە وڵاتدا سەر هەڵ بدا. بۆ نموونە تازەترین رووداوێک لە وڵاتی ئێران دیتمان، لە ماوەی مانگێکدا ١٥ ژن لە یەک شاردا زۆر دڕندانە دەکەونەبەر هێرشی کەس یان کەسانێک و ئەسید بە سەروچاوییاندا دەکرێو جەستەیان دەسووتێندرێ، کەچی دەسەڵات نەک هەر خۆی بەبەرپرس نازانێ، بەڵکوو دامودەزگاو قانوونێکی دادپەروەریش نیە بۆ بەدواداچوونو لێپرسینەوە لەم کارەساتە ئینسانیە. ئەگەر دەسەڵاتێک بەبێ جیاوازی پارێزەرو غەمخۆری هاووڵاتییانی بێ، بۆ رووداوێکی لەوچەشنەی شاری ئیسفەهان، بەپەلە حاڵەتی نائاسایی رادەگەیەنێ و بۆ لێپرسینەوەو بە دواداچوون هەموو هەوڵەکانی وەگەڕ دەخا بۆ دیتنەوەی بکەرانو تاوانباران. بەڵام بەپێی بنەمای ناسینو ماهییەتی ئەم رێژیمە، بە هەموو پێوەر و نیشانەکانڕا دیارە ئەم جۆرە رەفتارانە لە ئێران کە لەگەڵ ژنان دەکرێن، لەلایەن دەسەڵاتەوە نەک هەر رێگەپێدراوە، بەڵکوو گەڵاڵەداڕشتنەکەشی هەر لەلای خۆیانەوەیە. دەبینین کۆمەڵگەی ئێران رۆژ لەگەڵ رۆژ لە گەڵ قەیران و دیاردەی جۆراوجۆر رووبەڕوو دەبێتەوە و دەسەڵاتدارانیش نەک لە فکری چارەسەریدا نین، بەڵکوو خۆشیان عامیلێکی سەرەکیی ئەو بەڵاو بەدبەختییانەن کە بە سەر خەڵک دێنن. مرۆڤ بوون لە روانگەی رێژیمی

ئێرانەوە ئەوەیە تا چەند وەفادار بی بە نیزامی کۆماری ئیسلامی!

ئەو رێژیمانەی کە خۆیان بێعەیبو نەقس، عادڵو ... لەیەک دێردا سەمبولی هەموو باشییەکان و بەرانبەرەکەشیان واتە ئەوەی لەگەڵ ئەو نیە، بە خائینو خراپکارو فێڵباز دەزانن، بەدڵنیاییەوە ناتوانن دەسەڵاتێکی دادپەروەرانەیان لە ئاست خەڵکەکەی خۆشیاندا هەبێ، چونکە هەمیشە بە گومانەوە سەیری خەڵک دەکەن هەروەک رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە هیچکات نەیتوانیوە لەگەڵ خەڵک بێ فێڵو ڕاستگۆ بێ.

لە لێدوانو قسەکانی بەرپرسانی رێژیم لەسەر هەر کێشەیەک کە لە ئێراندا روو دەدا وا نیشان دەدەن کە ئەوان بێ عەیبن، ئەوان دادپەروەرنو قانوونمەندن. بەڵام چ قانوونێک؟! کە لەوەیدا شک و گومان نیە قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێران نەک یەک ناگرێتەوە، بەڵکوو زۆریش ناتەبایە لەگەڵ رەوتی بەرەوپێشچوونی دنیای مۆدێرنی ئەمڕۆدا. هەر بۆیە خەڵک بە مافی خۆیانی دەزانن مل بە بەرێوەبردنی تەواوی ئەو قانوونو رێوشوێنو گەڵاڵانەی کۆماری ئیسلامی نەدەن. تەنیا قانوونی «پشتیوانی لە بنەماڵە» بەسە بۆ ئەوی بڵێین تا چ رادەیەک نەگونجاوە لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێران. قانوونێک کە پڕە لە نابەرابەریو ناعەداڵەتی دژی ژنان، قانوونێک بە روونی دیارە بەرابەری حوقووقیی ئینسانەکانی نەپارستوە و لە سەر بناغەی رەگەز مافەکانیان دیاری کراوەو لەم پلەبەندییەدا پیاو رەگەزی یەکەمە. هەر بۆیەشە لە ئێران زۆرن ئەو پیاوانەی بێ سڵکردنەوە رێگە بەخۆیان دەدەن سووکایەتیو دەستدرێژی بکەنە سەر کەسێتیی ژنان.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا میدیاو راگەیەنەکانی کۆماری ئیسلامی لە ژێر ناوی پەروەردەو کەلتووری ئیسلامیدا بەردەوام پەرە هەڵاواردنی رەگەزی دەدەن. ئەوەش وای کردوە کە ژنانی ئێران نەک لە دەست مەئموورانی «امر بە معروف، نهی از منکر» بەڵکوو بە دەست پیاوانی نەخۆش و رەوانییشەوە هیچ ئەمنییەتێکیان نەماوە. ئەگەر لاپەڕی رۆژنامەکانی نێوخۆی ئێران هەڵدەدەیەوە رۆژانە پڕن لە هەواڵو ڕاپۆرتی رووداوی توندوتیژیی ترسناکی کۆمەڵاتی، کە بەهۆی نەبوونی قانوونێکی دادپەروەر لە وڵاتدا ساڵانە رێژەی ئەم رووداوانە بەرەو بەرزبوونەوە دەچێ.

لە پێوەندی لەگەڵ رووداوی ئەسیدپێداکردنەکانی ئیسفەکان، کۆماری ئیسلامی ئەگەر رێژیمێکی خەڵکی و بە خەمی خەڵکەوە بوایە، دەبوو وەک کارەساتێکی ئینسانی مامەڵەی لەگەڵ رووداوەکە بکردایەو لەپێشدا دەبوو داوای

لێبوردنیان لە خەڵکی ئێرانو بەتایبەتی ژنانی ئەو وڵاتە بکردایە. چونکە دەسەڵاتی هەر وڵاتێک لە ئاست گیان و ئەمنییەتی خەڵکی ئەو وڵاتەدا بەرپرسە. بەڵام کوشتنی ئینسانو لەدەست دانی گیانی ئینسانەکان بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران زۆر بابەتێکی ئاساییە، هەر بۆیە لە جیاتی ئەوەی خۆیان بەبەرپرسیاری گیان و ژیانی ئەو ژنانە بزانن، بە ڕووداوێکی ئاسایی دەزانن‌و دەڵێن ڕووداوی لەم شێوە لە زۆر وڵاتی دیکەش ڕوودەدا! یان زۆر بێشەرمانە وەک هەمیشە سیناریۆی بۆ دروست دەکەن‌و دەیخەنە ئەستۆی بە گوتەی خۆیان «ئیستکباری جیهانی»! یان بڵێی دەستی «دشمنان نظام»ی تێدا نەبێ»؟!

ئەوەتا محەممەد جەوادی لاریجانی سەرۆکی ستادی مافی مرۆڤی! «دەزگای قەزایی» ڕۆژی یەکشەممە ٤ی خەزەڵوەر لە وتووێژێکی تلویزیۆنی کاناڵ دووی ئێراندا، ڕوانگەی خۆی لەسەر ئەسیدپاشییەکانی ئیسفەهان‌و «قصاص» لە ئێران‌و هەروەها بە ئێعتراز بە قسەکانی ئەحمەد شەهید ڕاپۆرتنێری تایبەتی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان، کە ئەمساڵیش جارێکی دیکە ڕێژیمی ئێرانی مەحکووم بە پێشێلکاری ماڤی مرۆڤ کردەوە، بەم جورە هاتە دەنگ: «نەکا دەستی هێندێک لە وڵاتانی بێگانە لەم ڕووداوەدا هەبێ! وەک کوشتنی ندا ئاقا سوڵتان لە »آشوبهای» ساڵی ٨٨ دا!» هەروەها لەبەشێکی دیکە لە قسەکانیدا گوتی: «چ شتێک ڕووی داوە کە لە وڵاتانی دیکە ڕوویان نەدابێ؟!» پاشان گوتی مەسەلەی «مافی مرۆڤ» بیانوویەکە دژی ئێمە، چونکە ئێمە قودرەتمەندی ناوچەکەین! هەروەها لە پێوەندیی لەگەڵ قانوونی «قصاص»دا گوتی: «قەساس مافێکی تایبەتییە و پێوەندی بە دەوڵەتەوە نیە!» ...

بەڕاستی ئینسان کە گوێی لەم قسانە دەبێ بەخۆی نیە پێکەنینێکی تاڵی دێ! و بەداخە بۆ چارەنووسی خەڵکێک لەژێر دەسەڵاتی ئەوانەدا ژیان بەسەر دەبەن. بەداخبوون بۆ خەڵکێک کە سەری خۆیان بەرداوەتەوە و لە ئاست ئەم هەموو سووکایەتی کردنە پێیان بێدەنگەیان هەڵبژاردوە. دەبوو خەڵکی ئێران‌و بەتایبەتی ژنان لە هەموو شارەکان لە دژی ئەم قسانەی ئاغای لاریجانی ئەگەر هیچیان نەکردایە، لانی کەم درێژەیان بە خۆپیشاندانەکان بدایە بۆ بەدرۆخستنەوەو دژی دروستکردنی ئەم سیناریۆ گاڵتەجاڕانەیەی بەرپرسانی ڕێژیم.

ئاغای لاریجانی‌و ئەمسالی وەک ئەو لەبیر خۆیان بردۆتەوە کە لە هەموو لایەکەوە مۆرە بەکرێگیراوەکانیان هان دەدران بەم جۆرە ڕەفتار لەگەڵ ژنانێک بکەن کە ملیان بە قانوونەکۆنەپەرستانەکانی ڕێژیمەکەیان نەداوە.

زۆر پێش رووداوی ئەسید پێداکردنەکان نەبوو کە ئیمام جومعەی ئیسفەهان تەباتەبایی، نوێنەری خامنەیی لە ئیسفەهان، لە یەکێک لە سوخەنرانییەکانی لە نوێژی هەینیدا لە پێوەندی لەگەڵ «بێحیجابی»دا گوتی: «مەسەلەی حیجاب ئیدی بە تکاو رجاو ئاگادارکردنەوە چارەسەر نابێ! بۆ بەرەبەرەکانی لەگەڵ «بێحیجابی» لە وڵاتدا دەبێ لە داری تەڕ! و هێزی زۆرداری کەڵک وەرگیرێ»! «باید چوب تر را بالا برد و از نیروی قهریە استفادە کرد». ئەگەر لەم لێدوانە ورد بینەوە زۆر بە روونی دیارە کە دەسەڵاتداران جگە لەوەی لە ئاست ملنەدانی ژنان بە حیجابی زۆرەملیدا دەستەوەستانن و دەیانەوێ بە شێوەیەکی دیکە هێزەکانیان لە دژی ژنان سازمان بدەن، بەجۆرێکیش ئەو لێداوانانە تیئوریزەکردنی توندوتیژین بەرانبەر بە ژنان کە ئاکامەکەی هەموو لایەک بەچاوی خۆیان دەیبینن.

بەڵام رێژیم هەرکاتێک رووبەرووی رەخنەی توندی کۆمەڵگەی جیهانی دەبێتەوە، سیناریۆیەکی شەرماوی دروست دەکاو تاوانەکانی خۆی بەشێوەیەک دادەپۆشێ یان دەیخاتە مل بەقسەی خۆیان عەواملی «ئیستکباری جیهانی» یان عەواملی دژی شۆرش! و پیلانگێرییەکانی ئەمریکا و .....

## ئاکامی بێدەنگی!

یەکەم جار نیە ژنان لە ئێران تووشی کارەساتی ئەسید پێداکردن دەبن، هەرچەند زۆربەیان بە هۆی مەسائیلی تایبەت (شەخسی)یەوە بووە، بەڵام دیسانیش پێوەندی بە پەروەردەی کەلتووری و رێوشوێنە قانوونییەکانی دەسەڵاتەوە بووە. بەڵام رووداوەکەی ئەمجارەی شاری ئیسفەهان لە یەکەم رۆژەکانەوە شکو گومانەکان لەسەر عەواملی توندڕەوی نێو دەسەڵات بوو کە بە ئامانجی «امر بە معروف و نهی از منکر» دەستیان دابووە ئەم کارە دزێوە بۆ ئەوەی بەردەوام تۆوی ترسو تۆقاندن بڕێژن‌و ژنانی ئێران هەرگیز بیر لە ئازادیی «حیجاب» نەکەنەوە.

ئەم ڕووداوە ئەگەرچی سەرنجی بیرورای گشتی بۆلای خۆی راکێشاو ئیحساساتی خەڵکی تاڕادەیەک بزواندو لە هێندێک لە شارەکان نارەزایەتی توندی خەڵکی لێکەوتەوە، بەڵام بەداخەوە نارەزایەتییەکان لەو ئاستەدا نەبوون کە دەسەڵاتدارانی ئێران لە نییەتو پیلانە مەترسیدارەکانیان بەرانبەر بە ژنان پاشەکشە پێ بکەن. هەرچەند رێژیم بە ریاو درۆ ئەم کردوەی مەحکووم کردو خۆی لێبێبەری کرد، بەڵام تائێستاش هیچ کەس لەم پێوەندییەدا دەستگیر نەکراوەو قوربانییەکانیش وەک هەمیشە بێ ئەوەی یاسایەک هەبێ بۆ پشتیوانی‌و چارەسەری دەردو ئازارە

بێبڕانەوەکانیان، لەچاوەڕوانی توندوتیژیی پیاوانەی دیکەدا دەبێ تامردن بەم ئازارەوە بتلێنەوە. چونکە چارەنووسی ژنێک لە وڵاتێکی وەک ئێراندا بەم دەسەڵاتو فەرهەنگو کەلتوورە پیاوسالارەوە کە هەیەتی سەرەڕای ئەوەش، بە روخساری شێوێندراوەوە بژی، دیارە چی بەسەر دێ!، بە داخەوە لە مرۆڤبوونیش خاڵی دەکرێتەوە تەنیا بەجەستە زیندوو بەڵام رووح مردوو! ئەمەیە مرۆڤ بوون لای ئەوان! ئەوەیە نەنگی پیاوسالاری و نەنگی کۆماری ئیسلامی!

له ژماره ٦٤٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

---

## گەشەکردنی خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

یەکێک لە سەرەکیترین چەمکەکانی جیهانی مۆدێرن، دروست بوونی کۆمەڵگای مەدەنییە. کۆمەڵگەی دێموکراتو ئازاد پێویستی بە پێش زەمینەی فەرهەنگی و فکری هەیە کە خەباتی مەدەنی لە بوارەجۆراوجۆرەکاندا پێکی دێنێ. یەکێک لە پێویستییە گرنگ و بەنرخەکانی خەباتی مەدەنیش، ئاگایی‌و وشیاری سیاسیی کۆمەڵگەیە.

لە رۆژهەڵاتی کوردستان ماوەی چەند ساڵێکە گوتارێک باڵی بەسەر فەزای سیاسی‌و رووناکبیری کوردستاندا کێشاوە، ئەویش گوتارێکە تایبەت بە خەباتی مەدەنی‌و کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی کۆمەڵێک ڕێکخراو و ئین جی ئۆ (ngo) ی تایبەت بە ژینگەپارێزان، ژنان، داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، خوێندکاران و کرێکارانو.... هتد.

پارێزگاری لە ژینگەو شکاندنی چەکە ڕاوییەکان، کۆڕو کۆبوونەوەو چالاکیی هونەریی، فەرهەنگی‌و رووناکبیریی جۆراوجۆر، باسکردن لە مافە پێشێلکراوەکانی ژنانو دیفاع لە مافی مرۆڤ، بەربەرەکانیی لەگەڵ مادەهۆشبەرەکان، بەشێکن لەو خەباتە مەدەنییەی کە ئەمڕۆ لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەخۆشییەوە خەریکە شکڵ دەگرێ. لەگەڵ ئەوەی رەنگە هێندێک لەو بوارانە بەهۆی ڕێگریی دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی زۆر ئاکتیڤ نەبن،

بەڵام وشیاریی سیاسی و پێگەیشتوویی کەلتووریو فەرهەنگیی خەڵکی کوردستان و ئەو باگراوەندە نەتەوەییە دەوڵەمەندەکە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان هەیانە، ئەوەندە جێگای هیواو گەشبینییە کە چاوەروانیی ئەوەی لێ دەکرێ لە داهاتوویەکی نزیکدا خەڵک بەرفراوانتر لە حەرەکەتە مەدەنییەکاندا بەشداری بکەن و بە سوود وەرگرتن لە هێندێک هەلو مەجالی تایبەت، بوار بۆ هێنانە ئارای داخوازی گەورەتر و حەرەکەتی بەرینتر لە کۆمەڵگەدا برەخسێنن.

یەکێک لە ئەهرۆمە گرنگەکانی پابەندراگرتنی سیستەمی دەسەلاتدارێتی بە رێزدانان بۆ ماف و ئازادییەکانی خەڵک، هەروەها یەکێک لە هۆیەکانی بیدەنگ و بێهەلوێست نەبوونی کۆمەڵگە لە ئاست سەرەڕۆیی دەسەلاتێکی سیاسی لە هەر وڵاتێکدا، لەمەیداندا بوون و گەشەی خەباتی مەدەنییە. لە خۆرا نییە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە چاوێکی دوژمنانە سەیری ئەو حەرەکەتانە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکا. زۆر جار رەخنەگرتنی چالاکانو رێکخەرانی حەرەکەتە مەدەنییەکان لە حکوومەت و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی، بە "دژایەتی لەگەڵ تەناهیی نەتەوەیی(ئەمنییەتی میللی" و "شەڕ لەگەڵ خودا" تۆمەتبار دەکا و بەردەوام بەرەورووی گوشار، هەڕەشەو زیندانو حوکمی نارەوایان دەکاتەوە.

وەک نموونە بەرێز محەممەد سدیق کەبوودوەند، وەک هێمای خەباتی مەدەنی و کەسایەتییەکی پێشەنگ لە داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، سزای ١١ سال زیندانی بۆ براوەتەوە کە قورسترین سزایە بۆ چالاکێکی مەدەنیی مافی مرۆڤ. دیارە بەرێزیان دەڵێ:

"ئەمە بۆ من کەمترین سزایە لە پێناو ئازادیو مافی مرۆڤ لە ئێراندا!

ئەگەر لە کاتی ئیستا دا حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دەرفەتیان بۆ رووبەڕوو بوونەوەی راستەوخۆ لەگەڵ رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا نیە یا ئەم دەرفەتە زۆر بەرتەسکە، خەباتی مەدەنیی چینو توێژەکانی کۆمەڵگە بۆ بەدواداچوونی ماف و ئازادییەکانی خەڵک و بەرەنگاریی مەدەنی دژ بە سیاسەت و هەڵوێستە دژە گەلییەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەتوانێ ئەم بۆشاییە تا رادەیەک پڕ بکاتەوە و چالاکان دەتوانن هەموو چین وتوێژو پێکهاتە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگە وەک ژنان، لاوان، مامۆستایان، خوێندکاران کرێکاران و... هتد لە رێکخراو و ئێن جی ئۆی تایبەت بە خۆیاندا لەسەر بنەمای سەرپێچی و (نا) گوتن بە سیاسەتەکانی دەسەڵات رێک بخەن و

هانیان بدەن بۆ رووبەرووبوونەوە لەگەڵ سیاسەتی لە پەراوێز خستن‌و و پێشێل کردنی ئاشکرای ماف و ئازادییە سەرەتاییەکانی هەر کام لەو چین و توێژانە.

بۆ نموونە ئەوەی لە ساڵی ١٣٩٢ لە مەریوان رووی دا، واتە لەبەرکردنی جلوبەرگی ژنانە وەک سزایەک بۆ پیاوێکی تاوانبار لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە و گێڕانی بەناو شاردا، هیچ حاشای لێناکرێ کە سووکایەتییەکی ئاشکرای دەسەڵات و سیستمی قەزایی کۆماری ئیسلامی بە "ژن" بوو. بەڵام ئەو کردەوەیە لەگەڵ نارەزایەتیی بەرینی چالاکانی مەدەنی رووبەڕوو بۆوەو تەنانەت پاشەکشەیان بەو هەڵوێستەی بەرپرسانی رێژیم کرد. هەر دوای ئەو حەرەکەتە ئێعترازییە بوو کە "ناوەندی کاروباری ژنان و بنەماڵە" کە ناوەندێکی سەر بە دەزگای سەرکۆماریی رێژیمی ئیسلامیی ئێرانە، لە راگەیەندراوێکدا رایگەیاند کە گێڕانی پیاوێک بە لیباسی ژنانەوە لە شاری مەریوان، بە کارێکی ناشایست و گەوجانەی دەزانن‌و ئەوان مەحکوومی دەکەن و داوایان لە پۆلیسی ئەو شارە کردوە بەهۆی ئەو کارەیان روونکردنەوە بدەن. هەروەها لە لایەن چەند نوێنەری مەجلیسی شورای ئیسلامییشەوە ئەم کردەوەیە مەحکووم کرا.

ئەو جۆرە لێدوان و روونکردنەوانەی دەسەڵات، چ بۆ هێورکردنەوەی وەزعەکە بووبن و چ بۆ پێشگیری لە دووپاتبوونەوەی کردەوەی لەم چەشنە، یەک ڕاستی دەگەیەنن کە حەرەکەتی ئێعترازی‌و مەدەنیانە، جگە لەوەی لە هێندێک بواردا پاشەکشە بە دەسەڵاتی سەرکوتکەر دەکا، لەسەر بردنە سەری ئاستی رۆشنبیریی کۆمەڵگە لە پێوەندیی لەگەڵ پرسە جۆراوجۆرەکان دا شوێندانەریشە.

لەم پێوەندییەدا پێویستە حیزبەسیاسییەکانی کوردستانیش پاڵپشت، هاندەرو هاوکار و یارمەتیدەری گەشەکردنی بەستێنی حەرەکەتی مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بن. هاودەنگی و هاوکاری لەگەڵ خەباتی مەدەنی و ئەکتەرانی نیو ئەو خەباتە، دەبێتە هۆی ئەوە ژمارەیەکی هەرچی زیاتری خەڵک بێنە نیو حەرەکەتە مەدەنییەکان و، بێتەفاوەتی و بێهەلوێستی لە ئاست ستەم و زۆرداری و سەرکوتی هاوزمانان و هاونیشتمانان و بێمافییەکان و هەلاواردنەکان، جێگای خۆی بدا بە هاتن بۆ نێو جموجۆڵە مەدەنییەکان. ئەمە جگە لەوەی دەبێتە هۆی وشیاربوونەوە و زیندوویی خەڵک و کۆمەڵگە، ڕوخساری شارستانی، ئازادیخوازی و ئاشتیخوازانەی خەڵکی کوردستان و ناوەرۆکی سەردەمیانە و پێشکەوتوانەی داخوازەکانیان بۆ خەلکی ئێران و بۆ خەڵکی جیهان، باشتر دەربکەوێ و سەرکوتکردنی حەرەکەتەکانی خەڵکی کوردستان، بۆ کۆماری ئیسلامی، دژوارتر و پڕتێچووتر بێت. لە

لایەکی دیکەشەوە کۆمەڵگە لە ڕووی مەدەنییەت و عەقڵییەت و ڕۆشنبیرییەوە زیاتر پێش دەکەوێ و ژیرانەتر بەرەورووی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتەوە.

کوردستان و کورد

١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

## مافی مرۆڤ لای ئێمەو، لای ئەوان!

ماوەیەک لەمەوبەر هاووڵاتییەکی ڕەشپێستی ئەمریکایی لە تێکهەڵچوونێک لە گەڵ پۆلیسێکی وڵاتەکەیدا کوژرا. دوای ئەو ڕووداوە، خەڵکی زۆربەی شارەگەورەکانی ئەمریکا دژی ڕەفتاری توندوتیژئامێزی پۆلیس، ناڕەزایەتییان دەربڕیو ئەو کردوەوەی پۆلیسیان شەرمەزار کرد. لووتکەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئەمریکا ئەو کاتە بوو کە دادگا بڕیاری بێتاوانیی پۆلیسەکەی دا و حوکمی ئازادیی درا.

لێرەدا من ناچمە سەر وردەکاری ئەم ڕووداوە کە لە ئەمریکا ڕووی داوە و بووە هۆی ئاڵۆزی لە شارەکانی ئەمریکا و دواتریش لێکدانەوە و تەفسیری جۆراوجۆری لێکەوتەوە. ئەوەی لەم بەشەیدا جێی سەرسووڕمان بوو میدیا و ڕاگەیەنەکانی ڕێژیمی ئێران بوون کە بە جۆرێک مەسەلەکەیان باس دەکرد و گەورە کردبووەوە، دەتگوت لە وڵاتەکەی خۆیان دا هەرگیز تاوانی لەمچەشنە بە دەستی بەرپرسان و مەئموورینی ڕێژیمەکەیان ڕووی نەداوە!

بۆ ئێمەی باوەڕمەند بە ماڤی مرۆڤ سەرنجڕاکێشە و هەمیش جێی خۆشحاڵییە کە دەبینین مافی مرۆڤ لە نێو کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا چ گرنگییەکی هەیەو کوژرانی مرۆڤێک دەتوانێ کاریگەری گەورە لەسەر ئەمنییەتی وڵاتێک دابنێ. لە زۆر وڵاتدا خەڵک ئەو مافەیان هەیە دژی توندوتیژییەکانی پۆلیسو بەرپرسانی ئەمنییەتیی وڵاتەکەیان بە هەر بیانوویەک بێ ئازاری خەڵک بدەن، یان بکوژن، بێ ترس بێنە شەقامو خۆپیشاندان بکەن و لە بەرابەر ئەو هێزەی کە پارێزەری گیانو ماڵی خەڵکی وڵاتەکەیانن، ڕادەوەستن و بۆ دیفاع لە مافی ئینسانەکان

هیچ بیانوویەک قەبووڵ ناکەن. زۆر جار خەڵکانی باوەڕمەند بەماڤی مرۆڤ، دەسەڵاتی وڵاتەکەیان ناچار کردوە داوای لێبورن لە خەڵک بکەن یان وا هەبووە بەرپرس یان بەرپرسانێکی پایەبەرز ناچار بوون دەست لە پۆستەکەیان بکێشنەوە.

بەڵام لە هەمان کاتیش دا کە بیر لە خۆمانو خەڵکی وڵاتی ئێران دەکەمەوە دڵتەنگ دەبم کە لە سەدەی بیستو یەکداو لە ژێر سێبەری جاڕنامەی مافی مرۆڤدا، دەبینین ڕۆژانە لە لایەن ئەو هێزانەی بەو ناوەی ئەمنییەتی وڵات دەپارێزن! کوشتنی ئینسانەکان وەک ئاو خواردنەوە وایە! و خەڵک نەک پێی داناچڵەکن، بەڵکوو بۆشیان پرسیار نیە تا بێنە شەقام و ئێعتراز دەربڕنو بڵێن بۆ و بە چ تاوانێک؟ زۆرجار پێچەوانەکەیمان دیوە، زۆرن ئەو خەڵکانەی لە شارەکانی ئێران شاڵاو دەبەن بۆ شەقامەکان نەک بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە کوشتاری مرۆڤەکان، بەڵکوو بەداخەوە دەچن بۆ سەیری گیان لێسەندنی ئینسانەکان لە لایەن دەسەڵاتەوە! (بڕواننە وێنەی "اعدامهای خیابانی")

لە وڵاتەکەی ئێمە بۆ کەس دەنگی ئەو کەسانە نابیسێ کە خوازیاری بە ئازدیی ژیانن، بەڵام لە لایەن دەسەڵاتەوە ئازادییان لێ سەندراوە؟ زۆر ئازاراوییە لە سەروبەندی ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ دا زیاتر لە ٢٥ زیندانیی سیاسیی کورد لەدەست بێمافییەکانیان لە نێو زیندانەکان مان لە خواردن دەگرن، بەڵام کەس دەنگی مافخوازییان نابیسێ و بێن هاواریان تێکەڵ بە هاواری ئەم ئینسانانە بکەن! لە حاڵێکدا سەرۆککۆماری دەوڵەتی بەناو "تدبیر" زۆر بێشەرمانە ڕووبە هەواڵنێرە خاریجییەکان دەڵێ، "ئێمە لە ئێران زیندانیی سیاسیمان نیە"! دەسەڵات دیارە چ دەسەڵاتێکە! بەڵام خەڵک ئەگەر هەستیان بە بوونی ڕۆڵە زیندانییە سیاسییەکانیان بکردایەو ئازایەتی و شەهامەتی دەنگ هەڵبڕینیان هەبوایە، دەبوو لەم قسەیەی حەسەن ڕووحانی وەدەنگ بهاتنایە بیانگوتایە بەڵگەمان هەیە بۆ ئەم درۆیە!

بۆ کەس تراژیدیای کوشتاری ئەو کۆڵبەرانە نابینێ کە بۆ پەیداکردنی بژیوی ژیانی خاو وخێزانیان ڕێگای مردن دەگرنەبەر و بەبێدەنگی لەسەر سنوورەکان بە تفەنگی بەناو پارێزەرانی سنووری وڵاتەکەیان، گیانیان لێ دەسەندرێ؟ ئەی ئەگەر ئەمە تراژیدی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ نیە چی دیکە دەتوانێ لەوە تراژیدیاتر بێ؟ ....

بۆ کەس گوێی لە دەنگی بەژانی ئەو ژنانە نیە کە بەتاوانی "بێحیجابی" ئەسید باران کراون؟ لەهەمووی

ترسناکتر بەرپرسانی پایەبەرزی ڕێژیمی ئێران دیسان بێشەرمانە دەلێن لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا ئەم ڕووداوانە ڕوودەدەن، بەڵام عەواملی ئیستکبار! لە ئێمەی گەورە دەکەنەوە!
ئایا ئوپۆزیسیۆنی ئێرانیی خاریجنشین کە تەحەمولی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە هیچ وڵاتێکیان نیەو بۆ قسەکردن لەسەر مافی مرۆڤی وڵاتانی دیکە وەپێش خەڵکانی مافخوازی جیهان کەوتوونەوە! ناتوانن دەنگی بێمافییەکانی خەڵکی وڵاتەکەی خۆیان بە گوێی تەواوی بنەماڵەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بگەیەنو هاوار بکەن ئایا جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ تەنیا نووسراوەیەکی سەر کاغەزە؟! یان خەڵکانی وڵاتی ئێمە شایستەی ئەو مافە نین کە پێی دەڵێن مافی مرۆڤ؟

هەموو ساڵێک لە لایەن ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، یەکێک لەو وڵاتانەی بە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ تاوانبار دەکرێ، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. بەڵام هیچکات بەهۆی پێشێل کردنی مافی مرۆڤەوە ئەو ڕێژیمە تەحریمی نەخراوەتەسەرو ئەو باسە نەبۆتە باسێکی جیددی لە نێوان ئێران و دنیای ڕۆژئاوادا. وتووێژەکانیش لە نێوان ئێرانو وڵاتانی ڕۆژاوادا تەنیا پێوەندیی بە مەسەلەی ناوکی ئێرانەوە بووەو پرسی مافی مرۆڤ کەوتۆتە بن هەموو پرسەکانی دیکەوە. هەر بۆیە ئەو ڕێژیمە بۆ مانەوەی خۆی لە دەسەڵاتدا زۆر بێباکانە لە نێو وڵاتەکەی خۆیدا درێژی بە جینایەتو کردوە دژی ئینسانییەکانی داوە لە دژی ئازادیخوازانو نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران بەتایبەتی نەتەوەی کورد لە ئێران.

١٠ی دیسامبر ڕۆژێکە کە لە ڕۆژمێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ ناوی لێنراوە. ٦٦ ساڵ لەمەوبەر لەو ڕۆژەدا بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ بە پەسندی وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گەیشت تاکوو ببێتە بنەمایەکی جیهانی بۆ ڕێزگرتن لە مافی ئینسانەکان، بەڵام بەداخەوە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی زلهێزەکانی ڕۆژاوا ئەم پەسەندکراوە جیهانییەی هیچکات وەک کارتێکی فشار بۆ سەر ڕێژیمی ئێران بەکار نەهێناوە. ئەمساڵێش وەک ساڵانی ڕابردوو، لە کاتێک دا یادی ئەو ڕۆژە کرایەوە، کە بەرپرسانو دەسەڵاتدارانی ئێران تاوانبارن بە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ بەڵام وتوێژەناوکییەکان لە گەڵ ڕۆژئاوا کەیسی مافی مرۆڤی لە ئێران سپاردوە بە مێژوو!

لە ژمارە ٦٤٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٤

# بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٣

------------------------------------------------------------- ------

## لەجیهانێکی نائەمندا، منداڵان چۆن خۆیان بۆ داهاتوو ئامادە بکەن؟

چ دنیایەکی ناخۆشە! لە سۆماڵی منداڵان لە برسان دەمرن، لە ئێران پۆل پۆل دەسووتێن، شکەنجە دەکرێن و دەکوژرێن. لە ئەمریکا جەستە ناسکەکەیان بەگوللە ئاژن ئاژن دەبێ، لە سووریە بە تانک و تۆپ لەت و پەت دەبن و ....

جاری وایە  بێ رەحمی و دڵرەقیی مرۆڤەکان لە دژی منداڵان دەگاتە لوتکە، سنوور ناناسێ و چوارچێوەی بنەماڵە، ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن و ئەو شوێنانەش دەگرێتەوە کە مرۆڤ پێی وا نییە دەستی دڕندەیی و بێرەحمی بگاتە ئەوێ. دایک، داخ و دیقی خۆی بەسەر منداڵێکی ٤ ساڵە دا هەڵدەڕێژێ و هەتا هەناسەی دێ، لێی دەدا! باوک، دەبێتە دڕندە و منداڵە ٥ ساڵەکەی دەداتە بەر نوکی چەقۆ وناخی خۆی لە ئینسانییەت خاڵی دەکاتەوە و.... !بەڕاستی چ کەسانێک بەرپرسی ئەو کارەسات و رووداوانەن کە بەسەر منداڵان دێن؟

هەرکات باس لە هەلومەرجی نائەمن دەکرێ، دەسبەجێ سەرنجمان بۆ لای وڵاتانی شەڕلێدراو و ناوچە ئالۆزەکان رادەکێشرێ. ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە شادی و هێمنی و ئارامی لەو وڵاتانە بار دەکا کە شەڕیان تێدایە. تەنانەت ناوەرۆکی پەیماننامە جیهانییەکانیش لەم جۆرە شوێنانە بایی پووشێک بایەخیان نامێنێ. بەڵام بەو پەڕی سەرسوڕمانەوە دەبینین کە بە داخەوە لە ئەمنترین شوێنەکانی دنیاش منداڵان، لە ئەمان دا نین و ئەو توێژە بێدەسەڵات و بێتاوان و لاوازەی کۆمەڵگە دەبنە قوربانیی ئەو مرۆڤانەی خاڵی لە ویژدانن.

### منداڵ قوربانیانی بێدەسەڵات و بێدەنگ!

سالانە بە هەزاران منداڵ لە جیهاندا دەبنە قوربانیی کوشتن و ئازار و ئەشکەنجە. ئەوەی ویژدانی گشتی و غەمخۆرانی مافەکانی مرۆڤی پەرێشان کردوە، کەمتەرخەمیی دەسەلاتدارانی ولاتان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو رووداو و کارەساتانە دایە کە بەسەر مندالان دێن. بۆ نموونە لە ئێران یەکەم جار نییە کە قوتابخانەیەک ئاگری تێبەر دەبێ و کۆمەڵێک منداڵ دەسووتێن. هەروەها لە هاوینی رابردوودا چەند ئوتوبووسی هەڵگری قوتابیان کە بەرپرسانی رێژیمی ئێران بۆ بینینی ئاسەواری شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراق (کە ئەمە بۆتە بەشێک لە چالاکیی قوتابخانەکان) دەیانبەن بۆ ناوچەو شوێنەکانی شەڕ، بەهۆی رووداوی هاتوچۆوە تووشی کارەسات دەبن و نزیک ٦٠ قوتابی گیان لەدەست دەدەن! کەچی بەرپرسانی ئەم ولاتە زەحمەتیان بەخۆیان نەدا تەنانەت هاودەردییەکی سادەش لەگەڵ بنەماڵەکانیان بکەن یا سەبارەت بە کەمتەرخەمیی خۆیان لەم پیوەندییە دا داوای لێبووردن لە بنەمالەکانیان بکەن. زۆر جار، ئەوان ئەم کارەساتانەیان بە شتێکی ئاسایی لەقەڵەم داوە و تەنیا وەک هەواڵێک لە گۆشەیەکی رۆژنامەکانیاندا باسیان کردوون! لە ولاتێکی وەک ئێران رۆژانە دەیان رووداوی ناخۆش و دڵتەزێن لە پێوەندیی لەگەڵ مندالاندا روودەن، کەچی دەسەلات وەک ئەوەی ئەرک و بەرپرسایەتییەکی لە پێوەندی لە گەڵ مندالان دا لە سەر شان نەبێ، بە ئەرکی خۆی نازانێ لایان لێ بکاتەوە و زۆر بە هاسانی گویی خۆی لە ئاستیان داخنێ وخۆی لێیان دەرباز دەکا. هەر وا بزانە هیچ رووی نەداوە!

## ٢٠١٢، ساڵێکی شووم بۆ مندالان؟

لەم چەند حەوتووی دوایی ساڵی ٢٠١٢ دا، کۆمەڵێک رووداو لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان کە لە هەر کامێکیان دا ژمارەیەک منداڵ بوون بە قوربانی، ویژدانی مرۆڤایەتیان هەژاند. لە کوردستان، لە شیناوێی پیرانشار نزیکەی ٤٠ کچە قوتابیی پۆلی ٤ی سەرەتایی لە ئاکامی ئاگرکەوتنەوەیەک دا، سووتان، چەند کەسیان لێ مرد و ژمارەیەکیشیان هەتا ئێستا لە گەل مردن لە بەربەرەکانیدان. لە ئەفغانستان، پۆلێکی ٧ - ٨ کەسیی کچانی میرمندال لە کاتی کۆکردنەوەی ئاوردوو، کەوتنە سەر مین و گیانیان لە دەست دا. لە چین، کەسێکی دڕندە بە ساتوور(کاردی گەورە) هێرشی بردە سەر مندالانی خویندنگەیەک و بێرەحمانە کەوتە لێدان و قەڵتوبڕ و کوشتنیان. لە ١٤ی دیسامبری ٢٠١٢ لە مەدرەسەی سەرەتایی «سەندی هوک» لە شاری «نیوتاون»ی ئەمریکا لاوێکی ٢٠ ساڵە، بە چەک پەلاماری بردە سەر باغچەیەکی مندالان و ٢٨ کەسی کوشت کە زۆربەیان منداڵ بوون. لە سووریە، مندالان لە جیاتی «آتش بازی» و «نورفشانی(کایەی خۆشی بە ئاگر و نوور) ی سەری ساڵ، دوایین رۆژەکانی سالیان لە نێو بۆمباران و گرمە و تەقینەوە و وێرانی و برسیەتی و بێدەوا و دەرمانی و بێسەرپەنایی

دا، تێپەڕ کرد و سەدانی دیکە وەک ئەوانی پێش خۆیان، لەتوپەت و هەپروون بە هەپروون بوون.

گەورەکان بە گشتی و بە تایبەتی ئەوانە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان رۆڵیان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دا هەیە، لەو کارەساتانەی بە سەر مندالان دین، بەرپرسیارن.

## کێ دەبێ داکۆکی لە منداڵان بکا؟

مەسەلەکە لە چەند حاڵەت بە دەر نییە. وڵات و کۆمەڵگەی وا هەیە کە لە سایەی سەر و لە راستی دا لە بەر سیاسەتی چەوت و نەزانانەی دەسەڵاتداران یا هەڵوێست و کردەوەی توند و تیژ و نابەرپرسانەی هێزە نەیار و بەرهەڵستکارەکان تووشی شەر و ئالۆزی و قەیران و نائەمنی دەبن. یا ئەگەر شەڕیشیان تێدا نەبێ، بە هۆی ناوەرۆکی دیکتاتۆرانە و دژەگەلی بوون و کۆنەپەرستانەبوونی سیستەمی دەسەڵاتدارییەوە، دامودەزگا و یاساکانی وڵات، وڵامدەری خۆشی و ئاسوودەیی و ئەمنییەتی هاووڵاتیان نین. ئاسیا و ئەفریقا، کۆمەڵگە و وڵاتی لەم چەشنەی زۆر هەن. هێندێک وڵات و کۆمەڵگەش هەن کە جگە لەوەی شەڕیان تێدا نییە، دیموکراسی، ئاسایش و ئارامی و ئیمکاناتی رەفاهییان تێدایە و دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی خزمەتی هاووڵاتانیان تێدا جێگیرە. بەڵام دیسانیش تاکەکان و بە تایبەتی منداڵان و مێرمنداڵان، ناوبەناو دەبنە ئامانجی توندوتیژییەکی شێتانە. ئەوەی ئەمساڵ لە نیوتاونی ئەمریکا رووی دا و پێشتریش چەندین نموونە لە کوشتن و بە بارمتەگرتنی قوتابیان هەر لە ئەمریکا رووی دابوو، یا ئەو جینایەتە سامناکەی سالی ٢٠١١ لە نۆرویژ لە دژی ئۆردوویەکی هاوینەی لاوان رووی دا و کوشتنی نزیکەی ٧٠ کەسی لێکەوتەوە، دەچنە ئەو خانەیەوە.

***

لە هێندێک کۆمەڵگە، ئەوە چینێک، تاقمێک یا لایەنێک لە رێگای دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات، یا لە رێگای هەوڵدانی توندوتیژ بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، کۆمەڵگەیان نائەمن کردوە. بەڵام لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانیش دا، تاقمە مافیاییەکان، یا کەسانێک کە لە بەر هۆی دەروونی و هۆکاری دیکە، تووشی جۆرێک جنوون دەبن، نائەمنی لە کۆمەڵگە دا دروست دەکەن و بە تایبەتی نائەمنی بۆ لاوازترین تویژی کۆمەڵگە کە مندالانن، پێک دینن. بەڵام لە هەمووی ئەو حاڵەتانە دا، دەبێ گەورەکان ناچار بکرێن، ئەمنیەتی منداڵان بپارێزن. دەبێ بە جۆرێک مشوور لە ئەمنییەتی منداڵان بخۆن کە وا بە هاسانی نەبنە قوربانی. ئەوان ناتوانن داکۆکی لە خۆیان بکەن و ئەوە کۆمەڵگە و دەسەڵات و گەورەکانن کە سەرەتاییترین مافی ئەوان کە مافی ژیانە،

بپارێزن. ئەوان دەبی پەروەردە بکرێن بۆ ئەوەی داهاتوو بگرنە دەست. بەڵام لە جیهانێکی نائەمندا، کە هەڕەشە لە ژیانیان بکرێ، چۆن دەتوانن خۆیان بۆ داهاتوو ئامادە بکەن.

لە ژمارە ٥٩٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٥ی جانێویری ٢٠١٣

## جێگە و پێگەی ژنان لە «کوردستان» دا

هەڵسەنگاندنی ڕۆژنامەی «کوردستان» زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان نە کاری منە نە لە توانای کەسێکی وەک من دایە، بەڵام وەک ژنێک کە ساڵانێکە ئەو شانازییەم هەیە لە نزیکەوە هاودەمی «کوردستان»بم ئیزن بە خۆم دەدەم چەند دێڕێک لەم یادەدا بنووسم.

من «کوردستان» بە قوتابخانەیەکی پەروەردەی سیاسی و ڕاهێنانی نوێقەڵەمان بە زمان و ڕێنووسێکی پاراوی کوردی دەزانم. منیش وەک زۆر کەسی دیکە کە ئەو شانازییەیان پێ براوە لەو قوتابخانەیەدا و لە سەر دەستی زۆر مامۆستای بەئەزموون و ماندوویینەناس فێری سەرەتای وانەی «وتار نووسین» بم. ئەم قوتابخانەیە زۆر کەسی فێری ئەوە کرد کە بە زمانێکی خاوێن و بەدوور لە توندوتیژی و سووکایەتی بنووسن، زۆرکەسی فێر کرد کە ئەگەر ئیرادەی بەهێزت هەبێ کەندوکۆسپ و کەمووکووڕییەکان ناتوانن لە بەردەوامی و بەرەوپێشچوونت بخەن.

دەزانین ڕۆژنامەیەکی وەک «کوردستان» دوور لە زێد و نیشتمان، بە کەرەسە و ئیمکانانی سادەوە درێژەی بە ڕێگای خۆی دا و ئێستا ئەوە شەشسەدەمین ژمارەی بە شانازییەوە چاپ دەبێ و چاوی ئۆگران و خوێنەرانی ئەو ڕۆژنامەیە ڕوون دەکاتەوە. هەموو ئەوانە بەرهەمی ڕەنج و ماندووبوون و باوەڕی کەسانێکە کە ماندوو بوون و شەو و شەونخوونییان پێوە کێشاوە. بۆیە پێش ئەوەی دەست بکەم بە ئەسڵی نووسینەکە گەرمترین پیرۆزبایی دەکەم لە هەموو ئەوانەی بەشێک لە بە نرخترین کاتەکانی ژیانیان تەرخان کرد بۆ کار لە ڕۆژنامەی «کوردستان» دا،

بەتایبەتی ئەوانەی لە رۆژە سەختەکاندا، لەبەر شۆقی فانووس و لە ژوورە سارد وسڕ و بێ ئیمکاناتەکاندا کاریان بۆ «کوردستان» دەکرد و وەک دایکێک چۆن لە بەرهەمی ژیانی واتە منداڵەکەی دەڕوانێ و سات بە سات ئارەزووی گەشانەوەی دەکا، ئەوانیش ئاوا لە رۆژنامەی «کوردستان» یان روانیوە و ماندوو بوون بۆی تا «کوردستان» هەمیشە لە گەشانەوە و درەوشانەوە نەوەستێ.

## پرسی ژنان و «کوردستان»

بۆ ئەوەی دروشمەکانی حیزبی دیموکرات بە کردەوە لە سەر لاپەڕەکانی «کوردستان» بدرەوشێنەوە!

لێرەدا بە بۆنەی دەرچوونی شەشسەدەمین ژمارەی «کوردستان» باسێک لە دیاربوونی ژن لە رۆژنامەی کوردستاندا بە پێویست دەزانم. دیارە ئەگەر ئاوڕێک لە رۆڵی ژن لە رۆژنامەی «کوردستان»دا بدەینەوە، پێویستە لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەیەکی ورد بکرێ لە هەموو ژمارەکان و دەورەکانی دەرچوونی ئەو رۆژنامەیە. ئەمەش کارێکی ئاسان نیە، پرژانەسەر ئەم بابەتە کات و مەجالی دەوێ کە بەداخەوە من نەمتوانی بۆ ئەم بۆنەیە ئامادەی بکەم. مەبەست لە حوزووری ژن تەنیا بوونی ئەو ژنانە نییە کە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم رۆژنامەیەدا کاریان کردوە، بەڵکوو ئەو لایەنەش دەگرێتەوە کە خودی رۆژنامەکە چەندی گرنگی بە پرسی ژنان و گرفت و خواستەکانی ئەو توێژە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا داوە. ژنانی کۆمەڵگەی کوردستان تا چەند خۆیان لەم رۆژنامەیەدا دیتۆتەوە؟ رنگە زۆر کەس بڵێن ئەم رۆژنامەیە تایبەتە بە حیزبێکی سیاسی نەتەوەیی و زیاتر گرنگی بە کێشەنەتەوەییەکان دەدا، کەواتە ئەم باسە یان ئەم رەخنەیە جێگەی نیە! بەڵام نەتەوە لە چین وتوێژی جۆراوجۆر (ژن، پیاو، لاو، بەساڵاچوو، منداڵ و...) پێک هاتوە، بۆیە هەر راگەیەنێک، یان هەر حیزبێک بیهەوێ بەردەنگی زۆرتر بێ و ولامدەری ویست و چاوەروانییەکانیان بێ، پێویستە ئاوڕ لە خەم و کێشەکانی هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگەکەی بداتەوە. بۆ حیزبێکی لە حاڵی خەبات و شەڕی چەکداری و دوور لە زێد و نیشتمانی خۆی ئەمە رەنگە ئیمکانی زۆر نەبێ و نەشبووە. بەڵام بەدڵنیاییەوە کێشەی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا جیاوازە لەگەڵ هەموو چین و توێژەکانی دیکە و بەبڕوای من کەمتر نیە لە کێشەی نەتەوەیەک.

## نووسەرانی پیاوی»کوردستان» و پرسی ژن

ڕۆژنامەی «کوردستان» ئاوێنەی باڵانوێنی بیرو بڕوا و هەڵویستەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان تاچەند لەئاست پەیامی حیزبەکەیدا لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ژندا هەنگاوی ناوە؟ حیزبی دێموکرات لە هەر سەردەمێکدا لە پرۆگرام و پەسەندکراوی خۆیدا ژنانی لەبیر نەکردوە. بەڵام ئایا بایەخدان بە پرسی ژن، کە پرسێکی گرنگی کۆمەڵگەیە، لە ڕۆژنامەکەیدا تاچەند ڕەنگی داوەتەوە؟

ئەگەر بێلایەنانە سەرنج بدرێتە ڕۆژنامەی »کوردستان» کە زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستانە، بە روونی ئەوە دەردەکەوێ کە بەداخەوە پرسی ژن لە لایەن زۆربەی نووسەرانی پیاوەوە لە پەراوێز دابووە. وەک کەسێک کە لەو ماوەیەدا لە نزیکەوە شاهیدم نووسەرانی پیاوی ڕۆژنامەی کوردستان کەمتر ئاوڕیان لە پرسەکانی ژن داوەتەوە و خەمیان لێ خواردوە. پرسی ژن هەر لەرابردووەوە تاکوو ئێستاش لە گوتار و روانگەکانی زۆر لە کەسایەتییە نووسەرانی حیزبدا دەکرێ بڵێین لە نزمترین ئاستدا بووە. کەس ناتوانێ نکۆلی لەوە بکا کە ژن لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کێشەی هەیە، کێشەی یاسایی، کۆمەڵایەتی و کەلتووری و... حیزبێکی سیاسی بەرپرس ئەگەر نەشتوانێ کێشەکە چارەسەر بکا، دەتوانێ بۆ کار کردن لە پێناوی ئاگاکردنەوەی کۆمەڵگەدا ڕێگەو ڕێبازێکی پێشکەوتوانە بۆ کۆمەڵانی خەڵک و بەتایبەت بۆ ئەندامان و لایەنگرانی خۆی دیاری بکا.

ڕۆژنامە یان هەر ڕاگەیەنێکی دیکەی هەر حیزبێک، سیاسەت و ڕۆشنبیریی ئەو حیزبە لەسەر مەسەلە جۆراوجۆرەکان بۆ خوێنەر یان بەردەنگەکانیان دەردەخا. لێرەدا ناڵێم ڕۆژنامەی »کوردستان» لە سەر پرسی ژن هیچ قسەی پێ نەبووە، بەتایبەت لە دەورەکانی پێشووتری ژیانی ئەو ڕۆژنامەیەدا بە لەبەرچاوگرتنی فەرهەنگی ئەو کاتی کۆمەڵگەی کوردستان کە فەرهەنگێکی عەشیرەیی و دواکەوتوانە بووە. بەوحاڵەش ئەگەر لە بۆنە جۆراوجۆرەکانیشدا ئاوڕێکی لە مەسەلە و کێشەکانی ژنان دابێتەوە گرنگە و جێگەی پێزانینە. بەڵام ئەگەر ڕەوتی ئەم ساڵانەی دوایی ڕۆژنامەی »کوردستان» لەو بارەیەوە هەڵسەنگێنین بەلەبەرچاوگرتنی خواست و دەرفەتەکان بۆ ژنان لەم سەردەمەدا دیسانیش لەم بارەیەوە جێگای ڕەزامەندیی نییە. ئەمەش زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ بیر و روانگەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە. لە کۆبوونەوەکانی دەستەی نووسەران لە کاتی هەڵبژاردنی سووژەکان دا هاوڕێ پیاوەکان کەمتر بەلای ئەو سووژانەدا دەچن کە پێوەندیان بە کێشەکانی ژنانەوە هەیە. لە حاڵێکدا یەکێک لە سەرەکیترین کێشەکانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێران مەسەلەی ژنان و کۆماری ئیسلامییە. کاتێکیش دێتەبەرباس، هاوڕێیانی نووسەر (پیاوەکان) نووسین لەسەر ئەو سووژانە بۆ ژنان دێڵنەوە. لە حاڵێکدا نە نووسین لەسەر پرسی نەتەوەیی تایبەتە تەنیا بە پیاو، نە نووسین لەسەر پرسی ژن تەنیا ئەرکی ژنانە.

هەرچەند رۆژنامەی «کوردستان» بەو خسڵەتە تایبەتەیەوە کە تا ئەمڕۆ هەیەتی وەک: گرنگیدان بە مەسەلە نەتەوایەتییەکان، و بڵاوکردنەوەی بابەت لەسەر خەباتی نەتەوەیی و....، رەنگە زۆر چاوەڕوانی ئەوەی لێنەکرێ بەباشی بپرژێتە سەر هەموو لایەنە کۆمەڵایەتییەکان، پەروەردەییەکان و.... بەڵام پرس و کێشەی ژن لە کۆمەڵگەدا گرنگە و بەتایبەت بۆ حیزبێکی نەتەوەیی و مۆدێرن و یەکسانیخواز، پێویستە ئاوڕدانەوە لەو بابەتانەی پێوەندیدار بە توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەوەن، بەشێک بێ لە خەباتەکەی.

پرسی ژنان وەک کێشەی ژنان لە دنیای پیاوسالاریدا پێناسە کراوە. رۆژانە بە شێوەی جۆراوجۆر مافەکانیان لەم دنیا پیاوسالارییەدا پێشێل دەکرێ، بۆیە نووسەرانی رۆژنامەی «کوردستان»، کە زۆربەیان کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتن، ئەگەر بەلایانەوە گرنگە کە کۆڵبەرێک بە دەستی چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی دەکوژرێ و بە پێشێلکاری مافی مرۆڤی دەزانن، دەبێ ئەوەندەشیان بۆ گرنگ بێ کە ژنێک لە گوندێکی مەریوان بە ناوی پاراستنی «نامووس» بە دەستی پیاوێکی کەللەویشکی لە هەموو هەستێکی ئینسانی بێبەری، دەکوژرێ. ئەگەر ئەوەیان بۆ گرنگە لاوێکی کورد لەسەر ئازادیخوازی دەخرێتە چاڵەرەشەکانی کۆماری ئیسلامییەوە و بە ئەرکی سەرشانیان دەزانن بیکەنە سووژەی وتارەکانیان، دەبێ بۆیان گرنگ بێ کە ژنێکی کورد لەدەست نەبوونی سەرەتاییترین مافەکانی، چارەیەکی دیکە شک نابا جگە لەوەی ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدا. ئەگەر بە ئێعدامی لاوانی کورد لە لایەن دوژمنانی نەتەوەکەیانەوە ویژدانیان دەهەژێ، دەبێ کوژرانی ژنانی کوردیش لەلایەن پیاوانی دەمارگرژی کوردیشەوە بەلایانەوە تاڵ و بێزهەستێن بێ و لەپێناو سڕینەوەی ئەو ئازارانەدا قەڵەمەکانیان وەکار بخەن. ئەگەر بەڕاستی رێبازی راستەقینەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دیموکراسییان هەڵبژاردوە، نابێ لە بارەی نابەرابەری، هەڵاواردن، توندوتیژی و بێمافییەکانی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان بێدەنگ بن. بێدەنگ بوون لەوبارەیەوە، وەک شەرعییەت دان بەم کولتوورە وایە.

راستە کێشەی سیاسیی کورد، پرسی سەرەکیی نووسەرانی حیزبێکی سیاسیی کوردە، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نیە نووسەرانی ئەم حیزبە کێشەی نیوەی کۆمەڵگاکەی پشت گوێ بخەن، بە ناوی ئەوەی کێشەی تایبەتی ژن کێشەی خۆیانە! ئەم بیرکردنەوەیە لەلایەن هەر کەسێکەوە بێ نادروستە. کێشەی ژنان لە هەر کۆمەڵگەیەدا پێوەندیی بە چارەنووسی هەموو کۆمەڵگەکەوە هەیە. بۆیە نووسەرانی بەڕێزی رۆژنامەی کوردستان و ئۆگرانی گۆڕان و نوێبوونەوە لە لەم رۆژنامەیە لەم بارەیەوە ئەمڕۆ چاوەڕوانییەکی دیکەیان لێدەکرێ.

لە ژمارە ٦٠٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا (ژمارەی تایبەت) بڵاو بۆتەوە.

٢٤ی جانیۆێری ٢٠١٣

## دەقی وتەکانی کوێستان فتوحی بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حدک لە دەسپێکی سمیناری ٦٧ ساڵەی ڕۆژنامەی «کوردستان»دا

بە ناوی هاوڕێیان و هاوکارانم لە ڕۆژنامەی «کوردستان» و لە لایەن ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە گەرمی بەخێرهاتنتان دەکەم.

بۆ ئێمە لە ڕۆژنامەی کوردستان و ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێمۆکراتی «کوردستان»، مایەی خۆشحاڵی و شانازییە کە دەبینین ئێوە سیما و ناوە دیارەکانی بواری سیاسەت و ئەدەب و ڕۆژنامەنووسیی کوردی، ئێوە مامۆستایانی زانکۆ و ئێوە تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی، لە ژێر ڕەشماڵی ڕۆژنامەی کوردستان دا کۆ بوونەوە.

پێمان باش بوو بڵاو بوونەوەی ژمارە ٦٠٠ی ئەم دەورەیەی ڕۆژنامەی «کوردستان» و بیرەوەریی ٦٧ ساڵەی بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆژنامەیە بکەین بە دەرفەتێک بۆ باس لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی مێژوو و کاریگەرییەکانی ڕۆژنامەی «کوردستان». دەرفەتێک نەک هەر بۆ ئێمەی نووسەران و کارگێڕانی ئەم ڕۆژنامەیە، بەڵکوو بۆ ئێوە خوێنەران و هۆگرانی ئەم ڕۆژنامەیە و دۆستانی حیزبی دێمۆکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی بیروڕا و پێشنیار و ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی خۆتان بخەنە ڕوو. ئێمەش سوود لە ڕێنوێنی و پەیام و ڕەخنە و پێشنیار و هەڵسەنگاندنی ئێوە وەربگرین و بیکەین بە چرای ڕێگای کاروتێکۆشانی داهاتوومان.

ڕۆژنامەی «کوردستان» دڵگەرم و بە پشتیوانیی دۆستانی وەک ئێوە، لە سەر ڕێچکە و ڕێبازی خۆی کە ڕێگای حیزبی دێمۆکرات و کۆماری کوردستانە، بەردەوام دەمێنێ.

من لە دەسپێکی ئەم سمینارەدا بۆ ئێوە بەشدارییەکی چالاکانە لە باسەکاندا، بۆ سمینارەکەمان سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازم.

قسەکانم بە سڵاوی وەفا و ئەمەگناسی بۆ هەموو ئەو تێکۆشەر و خەباتگێڕانە کۆتایی پێ دێنم کە لە سەنگەری ئەم رۆژنامەیەدا خزمەتی رۆژنامەنووسیی کوردی و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردیان کردوە، بە تایبەتی سڵاو لەوانە کە ئێستا لە ژیاندا نەماون و چوونەتە ریزی کاروانی نەمران.

جارێکی دیکەش بەخێرهاتنتان دەکەم، بەتایبەتی ئەو میوانە بەرێزانە کە لە رێگای دوورەوە تەشریفیان هێناوە. سەربەرزین بە بەشداریتان لەم یادەدا. بەهیوای وەدیهاتنی ئاواتەکانی رۆژنامەی «کوردستان» کە ئاواتی هەر هەمووی ئێمەیە.

لە ژمارە ٦٠١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

٥ی فێبریوێری ٢٠١٣

---

## پلینۆمی شەشەمی حیزب و پرسی ژن

« ژن بوون» زۆر جوانە. شتێکە کە ئازایەتیی هەمیشەیی دەوێ. شەرێک کە تەواو بوونی نییە. دەبێ زۆر شەڕ بکەی تا بتوانی بڵێی: کاتێک کە حەوا سێوە قەدەغەکراوەکەی لێکردەوە، تاوان رووی نەدا، بەڵکوو ئەو رۆژە هێزێکی گەورە لە دایک بوو کە پێی دەڵێن نافەرمانی.

**ئوریانا فالانچی**

بە پێی بنەما و نەریتە باوەکان لە وڵاتانی دواکەوتوودا، دەسەڵات، ئەرکێکی پیاوانە بە حیساب دێ و بواری سیاسەت بە بەژن وباڵای پیاوان براوە. بۆیە ژنان نەیانتوانیوە بە پیی تواناییەکانیان لە دەسەڵاتدا سەهمیان هەبێ و هەرکاتێک ژنێک ویستوویەتی ئەم مافە وەدەست بێنێ، لەگەڵ کەند و کۆسپی زۆر بەرەوروو بۆتەوە.

هەڵبەت ژنانێکی دەگمەن هەبوون بە دانی نرخی زۆر و مایەدانان لە ژیانی شەخسییان، خۆیان گەیاندۆتە شوێنی دەسەڵات، بەڵام ئەوانە بەهۆی ئەوەی بە ژمارە زۆر کەم بوون، کاریگەرییان لە بڕیارات و قانوونەکاندا نەبووە.

ئەم مەحدوودییەتە لە ڕێژەی ژنان تەنانەت لە نێو ئەو حیزبانەی خوازیاری دێموکراسییش بوون، دەبینرێ.

ئەگەر ئاوڕێک لە مناسباتی نێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان بدەینەوە بە چەپ و ڕاستەوە لە پێوەندیی لەگەڵ مەسەلەی یەکسانیی ڕەگەزیدا لە پەسەندکراوەکانیاندا کەمتر کەموکووڕییان هەیە. بەڵام گەر لە واقعی ژیانی ریزەکانیان بڕوانین کەشوهەوای پیاوسالاری بەسەر زۆربەیاندا زاڵە، هەربۆیە ژنان نەیانتوانیوە بەو جۆرەی چاوەڕوان دەکرێ گەشە بکەن و پێش بکەون.

پێویستە ئێمە ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز لە ریزی حیزبەکانی خۆماندا ئاوڕ لەم ڕاستییە بدەینەوە و هەموو کات قسەی لێ بکەین و لە پێناوی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەی کوردستان و حیزبەکانماندا، تێبکۆشین ئەگەر نەشتوانین ئەمڕۆ کەلتووری یەکسانیی نێوان ژن و پیاو بە تەواوی دروست بکەین، لانی کەم بۆ داهاتوو بناغەی پرۆژە و بەرنامەی ئەو کەلتوورە دارێژین.

حیزبی دیموکرات زۆر لەمێژە لە بەرنامەی خۆیدا بەرابەریی ژنو پیاوی گونجاندوە. دیارە گرفتی سەرەکییش لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەکانی ژنان لە نێو حیزبی دێموکرات دا، نەبوونی بڕیارو پەسندکراو نیە. بەڵکوو گرفتەکە لە پیادەنەکردنی نێوەرۆکی ئەم پەسندکراوانە دایە. حیزبی دێموکراتی کوردستان چەند ساڵێکە ئەو ڕەخنە جیددییەی لەخۆی گرتوە و بەتەواوی هەستی بەم کەمایەسییە لە ژیانی سیاسیی خۆیدا کردوە. بەڵام ئایا ڕەخنە لەخۆگرتن بەسە بۆ چارەسەری کێشەکە؟ زۆر جار لە زاری پیاوانی بەرپرس دەبیسین کە پرسی ژنان لە حیزبی دێموکراتدا دەبەستنەوە بە ژنان خۆیان کە بە بڕوای من ئەم بۆچوونە نە لە قازانجی حیزبە نە لە قازانجی ژنان و بە گشتی نە لەقازانجی کۆمەڵگەش.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە »هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئێمە« پێش کۆنگرەی ١٤ی حیزب زۆر بە سەراحەت ئیشارەی بەو کەمتەرخەمی‌یە کردوە کە حیزبی دیموکرات لە ڕابردوودا لە ئاست ژنان دا کردوویەتی. گوتراوە: «ڕاستی‌یەکی حاشا هەڵنەگرە کە نەخشی ژنانو بەشداریی ژنان لە بەڕێوەبەری‌و کاروباری حیزبدا لە کۆنەوە تا

ئێستا یەکجار کەم بووە»، بەڵام دەبینین پاش ٦ ساڵ لە پەسند کردنی ئەو خاڵە، بۆ جارێکی دیکە لە پلینۆمی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ڕۆژەکانی ١٤ تا ١٦ی ڕێبەندانی ١٣٩١ی هەتاوی (٢ تا ٤ی فێوریەی ٢٠١٣ی زایینی) پێک هات بە نیسبەت مەسەلەی ژنان لە حیزبی دێموکراتدا جارێکی دیکە بەچاوخشاندنەوەیەک بە ئەرکەکانماندا، کومیتەی ناوەندی جارێکی دیکە پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە پێویستە و ئەرکە لەسەرمان بۆ هەرچی کاراتر بوونی ژنان و بۆئەوەی حیزبی دێمۆکرات کەڵک لە تواناییەکانی ئەم توێژە لە کۆمەڵگە وەربگرێ، ئاوڕێکی جیدی لە مەسەلەی ژنان بدەینەوە و بە بەرنامە و پرۆژەیەکی نوێوە لاپەڕەیەکی دیکە لە ژیانی حیزب لە پیوەندی لە گەڵ ژنان دا هەڵدەینەوە. ئەمە جێگای دڵخۆشی و سەرنجە کە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە هاوفکری گەڵ ژنانی نێو ڕێبەریی حیزب باس لە مەسەلەی ژنان لە حیزبی دێموکراتدا دەکاتە دەستووری کاری پلینۆمی کومیتەی ناوەندیی و بەجیددییەوە لە ڕێبەریی حیزبدا قسەی لەسەر دەکرێ و جارێکی دیکە بەچاوی ڕەخنەوە دەڕوانێتە ئەرکەکانی خۆی لەپێوەندیی لەگەڵ ئەم پرسە گرینگە.

بەڵام مەسەلەیەک کە بۆ من جێی سەرنج و هێندێکیش سەیرە ئەوەیە ئێستاش کەسانێک لە نیو حیزب تەنانەت لە ریبەریی حیزبدا کە باسی مەسەلەی ژنان و پرسی یەکسانیخوازی دەکرێ، پێیان وایە ئەو مەسەلەیە تەنیا پێوەندیی بە ژنانەوە هەیە! ئەم بۆچوونە زۆر جار لە قسەی هاوڕێیانی پیاودا دەردەکەوێ. ئەوان لەبیریان دەچێتەوە کە کارکردن بۆ دابینبوونی دادپەروەری و دیموکراتیک کردنی پێوەندییەکان و کەمکردنەوە و نەهێشتنی ڕەفتار و گوتاری پیاوسالارانە، ئەرکی هەرتاکێکی دێموکراتە بە ژن و پیاوەوە. کەچی دەبینین لە کاتی باس لەم پرسەدا سەرەتای قسە و کۆتایی قسەیان روو لە ژنانە، لە حالێکدا، ئەمە پرسی حیزبی دێموکراتە و هەموو ڕێبەریی ئەو حیزبە وئاستەکانی حیزب، ئەرکی سەرشانیانە پرۆسەی هەوڵدان و گۆڕین لە پێوەندی لەگەڵ یەکسانیی ڕەگەزیدا ببەنە پێش.

## ئەو کاتەی ئەرک و خەباتی ژنان قورستر و دژوارترە

ئێستا لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا جگە لەوەی پەسندکراو لەسەر مەسەلەی مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو هەیە، زەمینەیەکیش بۆ بایەخدان بە ڕۆڵی ژنان هاتۆتە ئاراوە. بەڵام ئەو زەمینەیەیە چۆن دەبێ بەهێز بکرێ، بۆ ئەوەی مەسەلەی هاوسەنگی و یەکسانیی نێوان ژن و پیاو هەر لە تیئوریکدا نەمێنێتەوە؟

پیاوانی دیموکرات دەبێ بزانن دێموکراسی مەحاڵە وەدی بێ ئەگەر ژنان لە پرۆسەی سیاسەتدا کارا و چالاک نەبن. کارابوون و چالاکبوونی ژنانیش لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا بە بێ هاوکاریی پیاوان پرۆسەیەکی قورسە. هەروەک چۆن خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادیی و دیموکراسی بەبێ بەشداریی ژن ناتوانێ سەرکەوتووبێ.

هەر حیزبێک بیهەوێ پرۆسەی یەکسانی لە نێو ریزەکانی خۆیدا پیادە بکا، پێش هەموو شتێ دەبێ ژنان پەروەردە بکا. بۆ هێنانە نێو سیاسەت هەر ئەوە بەس نیە چەند ژنێک بێنێتە نێو رێبەریی حیزبەکەوە، ئەرکێکی گەورە پێویستیی بە توانایی و وشیارییەکی گەورە هەیە. جگە لەوەی ژن خۆی دەبێ بە بەردەوامی هەوڵ بۆ بدا بۆ ئەوەی زانست و هونەری سیاسەت فێر بێ، حیزبیش ئەرکیەتی ژنانێکی زۆرتر بۆ ئەم مەیدانە ئامادە بکا. ژن بەوشیارییەوە دەتوانێ لە کایەی سیاسەتدا کاریگەریی زۆر زیاتری هەبێ. هەتا ریژەی ژنان لەو مەیدانەدا زیاتر بێ پرۆسەی یەکسانیی و هاوسەنگی نێوان ژن و پیاو پێشکەوتنی زیاتر بە خۆوە دەبینێ. ژنی ئاگا و بەتوانا دەتوانی رۆڵی بنیاتنەری هەبی لە ئاڵوگۆڕەکاندا. ئەگەر حیزبێک بەڕاستی بیهەوێ لەکۆمەڵگەدا نەخشی کاریگەری هەبێ دەبێ کاری جیدی بۆ پەروەردی ژنان و پیاوان بکا. دەبێ قبووڵ بکەین حیزبی دێموکرات لەکۆنەوە - هەتا ئیستاش- لە پێوەندی لەگەڵ پەروەردە و پێگەیاندنی ژناندا کەمتەرخەم بووە. ئەوە راستییەکی تاڵە و دەبێ بگوترێ وپرۆژە و بەرنامەی بۆ هەبێ بۆ ئەوەی نەیەڵین رێفۆرم و گۆڕان لە حیزبی دیموکراتدا بەسەقەتی بڕواتە پێش.

لە ژمارە ٦٠٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

١٩ی فێبریوێری ٢٠١٣

# با هەموو رۆژەکانی ساڵ بکەینە رۆژی خەبات دژی ستەم و ناعەدالەتی (بەبۆنەی رۆژی جیهانیی ژنانەوە)

٨ی مارس رۆژی نێونەتەوەیی ژنان، بیرهێنەرەوەی یەک سەدە خەباتی مافخوازانەی ژنانی جیهان بۆ گۆڕینی هەلومەرجی ناداد پەروەرانەی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییە. رۆژی هاودڵی و هاوپێوەندیی ژنانی جیهان لە دژی نابەرابەرییەکانە. رۆژی وەئاگا هاتنەوەی هەموو ژنان و کچانێکە کە دیلی بیروبۆچوونە کۆنە پەرستانەکان و دابونەریت و یاسا پڕ لە هەڵاواردنەکانی وڵات و کۆمەڵگەی خۆیانن. ئەو رۆژە هەلێکی باشە بۆ هەموو ژنانی ستەم لێکراو تا داوا و خواستەکانیان جارێکی دیکە بێننەوە بەرباس و گوڕ و تینێکی دیکە بە خەباتەکەیان ببەخشنەوە. حاشاهەڵنەگرە کە دەستڕاگەیشتن بە ماف و ئازادییە ئینسانییەکان تەنیا لە رێگەی خەبات و تێکۆشانی بێوچانەوە مسۆگەر دەبێ.

بێمانایە باس لە پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئابووری، سیاسی و کەلتووریی هەر وڵاتێک بکرێ کەچی نیوەی کۆمەڵگەکەی لە تێکۆشانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، ئازادانە بەشدار نەبێ، روحی پیاوسالاری بە سەریدا زاڵ بێ و ژن تێیدا مافەکانی پێشێل بکرێ. هیچ بزووتنەوەیەکیش ناتوانێ ئیددیعای رزگارکردنی نەتەوەیەک بکا، بەڵام بایەخ بە رۆڵی ژن لە خەباتدا نەدا.

سەرەرای هەوڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ بە رەسمی ناسینی مافەکانی ژنان لە جیهاندا بەداخەوە هەتا ئێستاش لە زۆر وڵات و کۆمەڵگەی جۆراوجۆردا ستەم و ناحەقی بەرانبەر ژنان، هەر بەردەوامە. یەکێک لەو وڵاتانەی بە شێوەیەکی سیستماتیک و بەردەوام مافەکانی ژنانی تێدا پێشێل دەکرێ و ژن رووبەرووی توندوتیژی و سووکایەتی و ستەم و ناعەدالەتیی حاکمییەت و کەلتووری پیاوسالاری بووەتەوە، وڵاتی ئێرانە.

هەڵاواردن و توندوتیژی لە دژی ژنان لە تایبەتمەندییەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامین. ئەو رێژیمە کۆنە پەرست و دژی ژنە، ٣٤ ساڵە بە بیانووی جۆراوجۆری وەک رەچاو نەکردنی رێوشوێنە ئیسلامییەکان، ژیانی لە ژنانی ئەم وڵاتە تاڵ کردوە. خومەینی دامەزرینەری کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە یەکەم رۆژەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی خۆیدا شەڕی لە دژی ژنانی ئێران راگەیاند کە ئێستاش ئەم شەڕە هەر بەردەوامە. ناوبراو ٨ی مارسی بە

دیاردەیەکی ڕۆژئاوایی ناو برد و گوتی هیچ پێوەندییەکی بە ژنانی ئێرانەوە نییە. ڕۆژی ٨ی مارس بەرانبەر بە ١٧ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ (ڕۆژی جیهانیی ژنان)، خومەینی فەرمانی حیجابی زۆرەملیی دەرکرد. ناوبراو کە قسەی بۆ کۆمەڵێک لە ژنان دەکرد، گوتی» خانمەکان دەتوانن بچنە ئیدارەکان بەڵام بە حیجابەوە دەبێ بچن»!. ئەمە سەرەتای دەستپێکردنی سەرکوتی ژنان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی تازەدا بوو. ئامانجی ئەو ڕێبەرە کۆنەپەرستە ئەوە بوو کە ڕۆحییەی ئازادیخوازانەی ژنانی ئێران هەر لە سەرەتاوە تێک بشکێنێ و پایەکانی حکوومەتە کۆنەپەرستەکەی قایمتر بکا. لێرە بەدواوە لە هەموو یاساو ڕێساکانیاندا ژنیان بە مرۆڤێکی پلەدوو دانا و بە یاسای پڕ لە هەڵاواردن نەک هەر پێوەندیی نێوان ڕەگەزی نێرو مێ بەڵکوو سەرتاپای کۆمەڵگەی ئێرانیان تووشی ناهاوسەنگی و شێوان کرد.

## لە ئێران خەباتی ژنان دژوارتر دەبێ

لە ماوەی ٣٤ ساڵی ڕابردوودا سەرکوتی ژنان یەکێک لە سەرەکیترین کارو بەرنامەکانی حاکمانی کۆماری ئیسلامی بووە. بەردەوام بەرنامە و گەڵاڵە لە بواری جۆراوجۆر لە بەرزترین پلەکانی حکوومەتیدا لە دژی ژنان هاتوونە بەرباس‌و بڕیار لەسەردان. ڕێژیم بە بەکارهێنانی ئەو جۆرە سیاسەتە، ویستوویەتی بە شێوەیەکی سیستماتیکو ڕێکخراو، ژنان بشکێنێو بیانکاتە کۆیلە و، کۆمەڵگەی ئێران بگێڕێتەوە بۆ سەدەکانی نێوەڕاست. هەوڵی داوە ڕوانینێکی جنسییەتی لەکۆمەڵگەدا نەهادینە بکا کە بەداخەوە بمانەوێ و نەمانەوێ سیاسەتی هەڵاواردنی ڕگەزی لە ڕێگای سیستمی پەروەردەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، کاریگەریی لەسەر ژیانی بەشێکی زۆر لە مرۆڤەکانی ئەم وڵاتە داناوە. هەروەها بە هۆی تێکەڵکردنی تێگەیشتنی دواکەوتوانەیان لە ئایین و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە گەڵ یاسا و سیاسەت، ژنانیان تووشی ژیانێکی هەتا بڵێی تاڵ و ئازاراوی کردوە. زیندانی کردن و ئازاردانی ئازادیخوازان و چالاکانی ژنیش تەنیا بە تاوانی نارەزایەتی دەربڕین بە دژی هەڵاواردنی جنسییەتی، بۆتە کارێکی ڕۆژانەی دەسەڵاتدارانی خۆسەپێن بە سەر ئێراندا. ژنان ڕۆژ نییە لەگەڵ یاسایەکی نوێ کە دژی مافی ئینسانی و ئازادی و کەرامەتی ئەوانە، ڕووبەڕوو نەبنەوە.

بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو سەرکوتو چەوسانەوە یاساییانە، ژنانی ئاگا و ئازای ئێران قەت لە خەباتو بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو یاساو کولتوورو سوننەتانە کە ئاخوندە دواکەوتووەکان بەسەر کۆمەڵگەی ئێرانیاندا سەپاندوە، غافڵ نەبوون. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانەوە بە نارەزایەتی لە قسەکانی خومەینی زۆربەی ژنانی کارمەند

لە چوون بۆسەر کار بە حیجابەوە خۆیان پاراست و لە دژی ئەم بڕیارە کۆنەپەرستانەیە خۆپیشاندانیان وەڕێ خست. بە هەزاران کەس لە ڕۆژی ٨ی مارسی هەمان ساڵدا لە دانشکەدەی فەننیی تاران کۆبوونەوە و ئەم ڕۆژەیان کردە ڕۆژی خۆپیشاندان لە دژی بڕیارەکەی خومەینی. ئەمە سەرەتای بەربەرەکانیی ژنانی ئاگاو وشیاری ئێران لە دژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی بوو. لەو کاتەوە بزووتنەوەی بەرابەریخوازی ژنان بەشێوەی جۆراوجۆر و لە سەنگەری جۆراوجۆرەوە هەوڵیان داوە ئەو ناهاوسەنگیو نابەرابەرییانەی بەسەر ژناندا سەپاوە، تێک بدەن و ژیانێکی ئینسانی بۆ خۆیان دابین بکەن. یەکێک لەو بوارانەی کە ژنان بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی خۆیان هاتوونەتە مەیدانەوە، بواری نووسین و کاری فەرهەنگی بووە، بە تایبەتی بە دامەزراندنو بەڕێوەبردنی سایت و وێبلاگ دەستیان کرد بە وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی گەورەی فەرهەنگیو لەو ماوەیەدا بەڕاستی ئەدەبیاتی ژنان پێشکەوتنێکی یەکجار زۆری بەخۆوە بینیو، ئاگایی ژنانیش تا ڕادەیەکی زۆر چووە سەرێ. لە ماوەی ئەو ساڵانەی دواییدا بە دەیان و سەدان سایت و وێبلاگ تایبەت بە مەسەلەو کێشەکانی ژنان لە کۆمەڵگای ئێراندا سەریان هەڵدا و لە ئاگاکردنەوەی ژنان لە سەر مافەکانیان نەخشێکی گرنگیان گێڕاوە. ژنان ئازایانە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، تواناکانی خۆیان دەرخستووە سەرەرای ئەو هەموو کێشە و ئاستەنگەی خراوەتە سەر ڕێیان، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵات و یاسا پڕلە هەڵاواردنەکانیان سڵیان لەو کۆسپانە نەکردوەتەوە و لە هەر دەرفەتێک کە بۆیان هەڵکەوتبێ شانبەشانی هەموو ئازادیخوازانی دیکە لە مەیداندا ئامادە بوون و لە ئازار و سووکایەتی و تەنانەت لە مەرگیش نەترساون. حاکمانی کۆنەپەرستیش کە فکرەنو زاتەن دوژمنایەتییان لەگەڵ پێشکەوتنی ژناندا هەیە، بە هەموو شێوەیەک کۆسپیان خستۆتە سەر ڕێیانو بەردەوام سانسۆریان خستۆتە سەر سایتو وێبلاگەکانیانو دایان خستوون و بەڕێوەبەران و نووسەرانیان ڕەوانەی زیندانەکان کردوون و تەنانەت حوکمی ناڕەوایان بەسەردا سەپاندون. بەخەیاڵی خۆیان پێیان وابووە پێشی ئەو بزووتنەوەیە دەگرن کە لەگەڵ هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە سەری هەڵداوەو بۆتە هۆی ئابڕووچوونی کۆماری ئیسلامی لە نێو کۆمەڵگەی جیهانیدا.

## خەباتی ژنان لە کوردستان

لە کوردستانیش ژنان لە دەست سیاسەتی پڕ لە هەڵاواردنی کۆماری ئیسلامی و کەلتووری دواکەوتوانەی ژن بەکەمگر کە کۆماری ئیسلامی هەمووکات پەرەپێدەری ئەم کەلتوورە بووە، وەزاڵە هاتوون. سەرەرای ئەوەش ژنانی کورد لە هاورەگەزەکانیان لە ئێراندا دوا نەکەوتوون و لە دوو سەنگەر دا هەم دژی سیاسەتی هەڵاواردنی ڕەگەزیی

کۆماری ئیسلامی و بۆ دەرباز بوون لە ژیانی پڕ لە جیاوازی و چەوسانەوە و بەسووک چاولێکرانیان، هەم بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانیان وێڕای پیاوانی ئازادیخوازی کورد خەباتیان کردوە و هیچ تەنگ و چەڵەمەیەک بەچۆکی دا نەهێناون. ئەوە راستە کەلتووری کۆمەڵگەی کورد لە رابردوودا لە ژنی ویستوە بێدەنگ بێ و ئەو سنوورەی بۆی دانراوە نەیبەزێنێ، بەڵام ژنانی ئاگا ئەو سنوورەیان تێک شکاندوە و بێدەنگبوونیان نەکردۆتە پێشە. هەرچەند بەداخەوە لەم چەند ساڵەی دواییدا هێندێک لە ژنان بۆ خۆدەربازکردن لە مەینەتییەکانی ژیان پەنا دەنەنە بەر خۆسووتاندن و خۆلەنێوبردن، کە ئەمە نەک ناوی نانرێ خەبات بەڵکوو ئەوپەڕی لاوازیی و داماویی ئەو مرۆڤانە دەگەیەنێ. ئەو کردوەیە لە لای خەباتکاران و ئازادیخوازانەوە ناپەسند و مەحکوومە و نابێ رێگە بدرێ ئەم فەرهەنگە لە نێو ژناندا پەرە پێ بدرێ. لە جیاتی ئەوەی ستەم و چەوسانەوە و هەلاواردن، ناچارمان بکا چۆک دابدەین و پەنا بۆ خۆکوشتن ببەیین، دەبی بەرەورووویان ببینەوە و ئێمە چۆک بەوان دابدەین. دەبێ تێبکۆشین هەتا کاروانی خەباتی ژنان بۆ گەیشتن بە مافە رەواو ئینسانییەکانیان بگاتە ئامانج و چی دیکە شاهیدی ناعەداڵەتی و بێمافییەکان لە وڵاتەکەی خۆماندا نەبین.

کوردستان و کورد

٧ی مارچی ٢٠١٣

---

## هەڤپەیڤین دەگەڵ بەرێز خاتوو کوێستان فتووحی چالاکی مافەکانی ژنان و ئەندامی رێبەری حدک بە بۆنەی ٨ی مارس

**هەڤپەیڤین: رەحمان نەقشی**

** پرسیار: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟*

کوێستان فتووحی چالاکی مافەکانی ژنان، خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوییەوە تێکەڵ بە کاری سیاسی و چالاکی کۆمەڵایەتی بووە. کار و تێکۆشانی زۆرتر لە نێو راگەیەنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بووە. پرسی یەکسانیخوازی لە کۆمەڵگە و لە حیزبەکەیدا یەکێکە لە ئەولەوییەتاکانی کار و تێکوشانی.

** پرسیار: پرسی ژن ئەمڕۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟*

* کوێستان فتووحی: دیارە ئەم پرسە کە ناوی لێنراوە پرسی ژن پرسی کۆمەڵگە بە گشتییە. لەو کۆمەڵگایانەی کە عەقڵییەتی پیاوسالار زاڵە، دەسەڵاتی یەکەم بە پیاوە و قسەی یەکەم و ناوی یەکەم هەر هی ئەوە. ئەمە بەبێ شک کۆمەڵگەی کوردستانیش دەگرێتەوە. ئەگەر لە لایەنی دەسەڵات و سیستمی وڵاتەوە بڕوانینە پرسەکانی ژنان لە کۆمەڵی کوردەواریدا، کوردستان چەند بەشە و هەر بەشەی سیستم و دەسەڵاتێک حاکمە و بەپێی قانوون و رێوشوێنەکانی ئەو وڵاتانەی بەسەریاندا دابەش کراوە، دەبێ خوێندنەوەی بۆ بکەین. لە هەر بەشەی کوردستان ئەگەر چاولێ بکەین، ئاستی تێگەیشتن و پێشکەوتنیان تا رادەیەک رەنگە جیاواز بێ. من لەبەر ئەوەی چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانم تەرخان کردوە بۆ رۆژهەلاتی کوردستان، زۆرتر باسی ژنی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم. بە بێ هیچ ئەملاو ئەولا، ژن لە رۆژهەڵاتی کوردستان، هاووڵاتی پلە دوویە. کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی لە ژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا، هاووڵاتیان بە ژن و پیاوەوە لە ئازادی بێبەشن و زیاتر لەوەش مرۆڤی کورد چەند قات لەژێر ستەم و چەوسانەوەی حاکمییەتی ئێراندا دایە. لەوەش زۆر زیاتر ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا سەرباری بێبەشیی لە ماف و ئازادییە سیاسیی و حوقووقییەکان، بەدەست دیاردە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی کۆمەڵی کوردەوارییەوە دەناڵێنێ. دیارە پیاوسالاری تایبەت نیە تەنیا بە کوردستان، بەڵام کۆمەڵگەی کوردستان تا سەر ئێسقان پیاوسالارە و لە هەر مەسەلەیەکدا دەسەڵات لەدەست پیاودایە. ژنی کورد سەرەڕای چوونەسەری ئاستی وشیارییان و رابردووی بەشدارییان لە خەباتی سیاسی نەتەوەیی و بزووتنەوەی مافخوازانەی خۆیان، هێشتاش لە مافە هەرە سەرەتاییەکانیان بێبەشن. لە مەسەلە هەرە سادەکانی ژیان ڕا بگرە هەتا لە گرنگترین مەسەلەی ژیان و چارەنووسیان حەقی بڕیاردانیان نیە. هەر ئەوەی رۆژانە ئێمە هەواڵی خۆکوژی و خۆسووتاندنی ژنی کورد لە ناوچەجۆراوجۆرەکانی کوردستان دەبیسین، دەرخەری راستییەکی تاڵە لە ژیانی ژنی کورد. ئەو ئینسانە بۆ ئاگر لەخۆی بەردەداو خۆی لەناو دەبا؟ دیارە ئازارەکانی ئەوندە زۆرن مەرگی پێ لە ژیان باشترە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ هۆی سەرکوت و خەفەقانێک کە لە لایەن دامودەزگای حاکمییەتەوە بەسەر کوردستاندا زاڵ، بەداخەوە بزووتنەوەیەکی ئاکتیڤ و چالاکیش بەوشێوەیە نابینرێ کە کار بکا بۆ گۆڕینی دۆخەکە. گۆڕینی ئەو هەلومەرجەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیانە، پێویستی بە بەرنامە و ڕێبەریی و ڕێکخستن، بە کۆڕو کۆبوونەوەی بەردەوام بۆ ئاگایی دان بە کۆمەڵگە بەگشتی و بە ژنان بە تایبەتی لە سەر مافەکانیان هەیە. بەڵام بە هۆی ئەمنییەتی سەیر کردنی کورداتان لە لایەن حاکمییەتەوە، هەموو ئەوانە قەدەغەن و سزای قورسیان لەسەرە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەش، من داهاتووی ڕەوشی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوون دەبینم. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کرانەوەیە بە ڕووی جیهاندا بەهۆی کاناڵەکانی ئینترنێت و ماهوارە و.... دەتوانێ لەسەر ئاگایی و تێگەیشتنی تاک لە مافەکانی خۆی، لە ئازادی و دیموکراسی و.... دەتوانێ کاریگەری هەبێ لەسەر مرۆڤی کوردیش. پاشان پێگەیشتنی نەسڵی تازەی کچانو کوڕانی کورد کە ڕێگایان کەوتۆتە زانستگەو زانستگەیان تەواو کردوە، هەروەها گەشەکردنی هەستو شعووری نەتەوەیی ژنان و هاتنە نێو کاروباری کۆمەڵایەتیو سیاسیو کولتووری تا ڕادەیەک. هەموو ئەوانە بۆخۆی تروسکاییەکە کە دەبێ هومێدمان پیی هەبێ. هەموو ئەمانە دەتوانێ باگراوەندێک بێ بۆ ئێستا و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ژنان چێ دیکە کویلەیی قەبووڵ ناکەن.

**** پرسیار: چ لە ڕیزی حیزبەکان دا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا کار و چالاکی ژنان و ڕۆڵ و کارتێکەریان لە ناو حیزبە کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێن؟***

* **کوێستان فتووحی:** بێگومان هەوڵی ژنان بۆ مافەکانیان کاریگەری لەسەر حیزبەکان بووە بۆیە دەبینین ئێستا حیزبەکان زۆر زیاتر لە پێشوو گرنگی دەدەن بە پرسی یەکسانیخوازی. ئەگەر چاو لە موناسباتی نێوخۆیی هەر حیزبێک بکەی ئێستا بە نیسبەت ڕابردووەوە لەپێوەندی لەگەڵ گرنگیدان بە ڕۆڵی ژنان گۆڕاون. دیارە زۆر کەس پێیان وایە ئاوڕدانەوە لە پرسی ژنان یان بڵێین پرسی فیمینیستی لە حاڵی حازردا، کە کورد لە ستەمی نەتەوەیی ڕزگاری نەبووە بە جۆرێک قسەلێکردن یان هەوڵ دان بۆ ڕزگاری ژن لە ستەمی ڕەگەزی هەوڵێکی بێسوودە، تەنانەت ئەم ڕوانگەیە ئێستاش لە حیزبەکاندا زاڵە، کە بەبڕوای من ئەوە گەورەترین غەدرە لە ژنانی کوردستان دەکرێ. من پێم وایە ژنانی نێو حیزبەکان نابێ بە هیچ شێوەیەک بچنە ژێر باری ئەم ڕوانگەیەوە. نابێ بێڵن خەباتی نەتەوەیی هەوڵەکانی ئەوان لەپێناو پرسی یەکسانیخوازیدا بشارێتەوە و لە پەراوێزی بخا. ئەگەر پێشتر ئەوە بووە ئێستا ژنان لە نێو حیزبەکاندا بە ئاگاییەوە کار دەکەن. ئەگەر پێشتر بە هۆی بەوشێوەیە نەبووە یان نەیانتوانیوە لە ئاستی پێویستدا کاریگەرییان هەبێ، دیارە ئەمە پێوەندی بە کەمتوانایی ژنانەوە

نەبــووە، بەڵکــوو ئەگەر ســستی و لاوازییەکــیش هەبــووبێ پێوەنــدی بە هەلــومەرجی گشــتی کــۆمەڵگە و ئەو هەلومەرجەی ئەوان کاریان تێدا کردوە هەیە. هەروەها بێبەرنـامە و بـێ پلانـی ئەو حیزبـانە بە نیسبەت چالاک کردنی ژنـانەوە بـووە. بەڵام ئێستا ئیـدی ژنـان هەر بەوە رازی نین کە پرۆگرام و پەسەنکراوەکانی حیزبەکەیـان مەسەلەی یەکسـانی گونجانـدوە، لەویش گرنگتر ئەوەیە ئەوان خوازیـاری پەروەردە و پرنسیپی یەکسـانین لە نێـو حیزبەکانیاندا. ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز ئێستا ئەمەیان کردۆتە بەرنامەو رێباز بۆ حیزبەکانیان بـۆ ئەوەی لە رەوشتی تاکەکاندا بچەسپێ.

** پرسیار: زۆر جار لە زمان پیاوان و یـا بەشێک لـە ژنـان دەبێـسرێ کـە ژنـان خۆیـان لەسـەر پرسـی ژنـان کـەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتـانە راستن؟*

* کوێستان فتووحی: ژنان سستن بەڵام نـاتوانم بڵێم کەمتەرخەمن، دیـارە دەبـێ هۆکـاری ئەو سستییە ببینینـەوە. خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ کەلتووری دواکەوتـوانەی کۆمەڵگە کە ریشەیەکی قووڵیـان هەیە زۆر دژوارە. مرۆڤ دەبـێ یـاغی بێت تـاکوو دابـونەریتی دواکەوتـووانە تێپەڕێنـێ، و نـورمە نوێیەکـان بکـاتە رێبـاز. لە وڵاتێکدا کە بیرکردنەوە، سیاسەت، قانوون و... هەمووی پیاوانەیە، زۆر ئاسان نیە دەستراگەیشتن بە مافی بەرابەر. ژن بـێ پشـتیوانە. هەم لەبـاری مـالییەوە، هەم لەبـاری قـانوونیی و کۆمەڵایەتیشـەوە. بـۆیە خەبـات لە هەلـومەرجێکی ئەوتـۆدا ئاسـان نیە. هەوڵ هەیە بەڵام هەوڵەکـان هەم رێکخـراو نـین هەمیش لەگەڵ کەندوکۆسپی زۆر بەرەورووو دەبنەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا من حاشا لەوە ناکەم ژنانێکی زۆر هەن کەمتەرخەمن بە نیسبەت مافەکانی خۆیانەوە. ژنانێکیش هەن ئاگا نین بە مافەکانی خۆیان. تۆ ناتوانی چاوەڕوانیت هەبێ لە ژنێک کە پێی وایە ژن دەبێ هەر لەماڵەوە خەریکی خزمەتی منداڵ و پیاوان بێ، موڵکی پیاو بێت، دەبێ وەک شەرەفی پیاو چاو لەخـۆی بکـا. جاروبـاریش ئەم قسـەیە زۆر دووبـارە دەکـرێتەوە، کە ژنـان خۆیـان کەمـتەرخەمن بە نیسـبەت مەسـەلەکانی خۆیانەوە! ژن ئەگەر ئاگا و وشیار بێ ئەو کەمتەرخەمییەش نامێنێ. بۆیە رێکخراوەکان و چالاکـانی ژنـان دەبـێ لە پێناو ئاگاکردنەوەی ژناندا چڕتر بکەنەوە.

** پرسیار: هەر وەک ئاگـادارن هـەموو هێـزە و رێکخـراوە سیاسییەکانی کوردستان رێکخراوێکیـان بـۆ پرسـی ژن بـە نـاوی جۆراوجـۆر پێـک هێنـاوە. ئایـا ئـەو رێکخراوانـە تـا چ رادەیـەک توانیویانـە سـەرنجی بیروڕای گشتی و یـان رێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زۆڵم و*

***نابەرانبەرییەی کە دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ راکێشن؟***

* کوێستان فتووحی: ئەگەر بە راستگۆیی باسی ئەو رێکخراوانەی سەر بە حیزبەکان بکەین، بەبێ ئەوەی لە نرخی کارەکانیان کەم بکەمەوە، دەڵێم بەداخەوە تا ئێستاش خاوەنی جیهانبینی فیمینیستی نەبوون، خەباتی یەکسانیخوازی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا ژنی ئازا و بەجورئەتی دەوێ، من ئەو جورئەتە لە ژنانی نێو زۆربەی ئەو رێکخراوانەدا نابینم. ئەوان چالاکیان هەیە، بەڵام زۆرتر لەژێر کارتێکەری حیزبەکانیاندا هەڵسووڕانیان هەیە، حیزبەکانیش بۆخۆمان شاهیدین، زۆریان پرسی ژنیان لە پاشکۆ و پراوێز ختسوە. ئەمە راستییەکە دەبێ بیڵێین. رێکخراوەکانی ژنان زۆرتر کێبەرکێی حیزبایەتییان کردوە و پرسی ژن کەمرەنگ بۆتەوە لەنێویاندا، بەڵام لە هەر حاڵدا چالاکییەکانیان بەرهەمی بووە و بە فیڕۆ نەچووە. هەر ئەوەی ئێستا دەبینین زەمینەی ئەوە هەیە رێکخراوەکان بە جیاوازییە فکری سیاسییەکانیانەوە لەدەوری یەک کۆدەبنەوە پێکەوە گەڵاڵە و پلان دا دەرێژن بۆ داهاتووی کاریان، نیشانەی ئەوەیە ئاڵوگۆڕێک لە نێو ئەوانیشدا پێک هاتوە. ئەو رێکخراوانە دەتوانن زەمینە خۆش بکەن بۆ دروستبوونی بزووتنەوەیەکی کارا لە کوردستان.

**** پرسیار: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟***

* کوێستان فتووحی: ژن پێویستە خۆی پەروەردە بکا بۆ ئەوەی بە وشیاری و ئاگاییەوە خەبات بکا. وشیاری، خۆپەروەردەکردن و خەباتی بەردەوامە، رزگارمان دەکا لە ژێردەستەیی. خۆی پەروەردە بکا بۆ ئەوەی لە کایە سیاسییەکاندا کارا بێ و دەنگی هەبێ لەسەر بڕیارەکان. هەر ئەوندە بەس نیە ژن بەرپرسایەتییەکی باڵای هەبێ، لە نێو حکوومەت یان حیزب دا، بەڵکوو ئەوە گرنگە کاریگەری هەبێ لە نێو کۆمەڵگەدا. قسە و بۆچوونی هەبێ. بتوانێ تێڕوانینەکان بگۆڕێ.

کوردستان و کورد

١٦ی مارچی ٢٠١٣

# ڕێزگرتن لە ژینگە، ڕێزگرتن لە نیشتمانە

پاراستنی ژینگە وەک یەكێك لە گرنگترین بنەماكانی گەشەسەندن و پێشكەوتنی جیهانی، پێویستیی بە ئاگایی هەموو تاكەكانی كۆمەڵ لە بارەی ژینگەو بەشداریی چالاكانەیان لەو ئەركەدا هەیە. ئەركی ئینسانیی هەر تاكێكی كۆمەڵە كە بە مەبەستی كەمكردنەوەی پیسبوونی ژینگە، پارێزگاری لە ژینگەكەی خۆی بكا.

## ژینگە:

ژینگە كۆمەڵێك هۆكاری زیندوو و نازیندوویە كە لە گەل یەكتر لە پیوەندی دوو لایەنە دان. هۆكارە زیندووەكان بریتین لە ڕووەكەكان، گیانلەبەرانو مرۆڤ. هۆكارە نازیندووەكانیش، ئاوو هەواو خاكو زەوی دەگرنەوە.»(١)

یەكێك لە كێشەو نیگەرانییەكانی جیهانی ئەمڕۆ پیسبوونی ژینگەیە. دنیا لەگەڵ كێشەی پیسبوونی ئاووهەوا بەرەوڕوویە كە ژیانی دانیشتووانی ئەم تۆپی زەوییەی خستۆتە مەترسییەوە. ئەمڕۆ هەلومەرجی ژینگە بەجۆرێكە كە تەنانەت هیچ شارێكو هیچ وڵاتێك لە ئەمنییەتدا نیە.

ژیانی تاكو بە گشتی كۆمەڵو ژینگە، پێكەوە پێوەندییەكی لێكگرێدراویان پێكەوە هەیە. هەریەک لە ئێمە چەندە لە ئاست سڵامەتیو لەشساغیی خۆمان بەرپرسین، بەو ڕێژەیەش لە ئاست ژینگەدا بەرپرسیارین. یەكێك لە تایبەتمەندییە ئەخلاقییە ئەرێنییەكانی مرۆڤ، پارێزگاری لە ژینگەكەیەتی. لێرەدا ناچمە نێو بابەتێكی زانستی كە لەم ڕۆژانەدا لە لایەن پسپۆڕانو كارناسانی ژینگەوە زۆری باس دەكرێ، وەک مەترسیی گازە گوڵخانەییەكان، ئاڵوگۆڕی ئاووهەوا، گەرمبوونی زەوی، هەستانی دەریاكانو ... بەڵكوو باس لە بەرپرسایەتی بەرانبەر سادەترینو گرنگترین مەسەلەی ژیانو ژینگەی مرۆڤەكان دەكەم ئەویش ئەخلاقی ژینگەپارێزییە.

ژینگەی پاكو خاوێن، پێویستییەكی گرنگو سەرەكیی ژیانی مرۆڤەو نەبوونیشی ژیانی مرۆڤەكان لە گەڵ چەندینجۆر كێشەو گیروگرفت بەرەوڕوو دەكاتەوە. ژیانی هەر مرۆڤێک پەیوەستە بە ژینگەیەک كە لەودا دەژی، جیا لە هەلومەرجی كۆمەڵایەتیو فەرهەنگی، هەلومەرجی ژینگەییو سروشتییش كاریگەریی لەسەر ژیانی مرۆڤەكان

هەیە.

بە هـۆی پیشەسـازیی زۆر لە وڵاتـان، بەداخەوە ژیـنگە خەریـکە تووشـی کارەسـات دەبـێ. گیروگرفـتو قـووڵایی کارەساتەکەش ئەو کاتە بـە باشی دەتـوانین هەست پێبکەین کە بزانین ئـەوە هـەر نەسلەکانی ئێستا نین لـە سۆنگەی پیسبـوون و زیانوێکەوتنی ژینگەوە، زیانیـان پێدەگـا، بـەڵکوو نەسلەکانی داهـاتووش زیـانی قـەرەبوو نەکراویان پێدەگا. بۆیە گیروگرفتی پیسبوونی ئـاووهەوا، و بـە فیرۆدانـی سەرچاوە سروشتییەکان و توخمەکانی دیکەی پیکهێنەری ژینگە پێویستییان بە ستراتیژیو بەرنامەڕێژییەکی ئامانجدارو درێژخایەن هەیە. فێرکردنـی تاک یەکێک لە رێکارو بژێرە(گزینە) سەرەکییەکان بۆ پاراستنی ژینگەیە. ئاستی شارستانییەتیو پێشکەوتوویی هەر وڵاتێک، شارێک، بنەماڵەیەک. تاکێکیش، بە کۆمەڵێک تایبەتمەندییەوە بەستراوەتەوە، کە گومـانی تیـدا نییـە پاراسـتنو رێزگرتنـی ژینگـەو سروشـت یەکێکیانـە. ئەوانـەی رێـزی سروشـتو جوانییـەکانی نـاگرن، داری دارسـتانەکان بـۆ قـازانجی خۆیـان دەبـڕن، گیانلەبـەرانی کێـوی ڕاو دەکـەن، لـە کـاتی سـەیرانو سـەفەردا زبـڵو پاشماوەکانیان فڕێ دەدەن، یان ئاوەکان پیس دەکەنو.... نە لە خۆشەویستیی نیشتمان گەیشتوون، نـە دەتـوانن چێژ لە خۆشیو جوانییەکانی سروشت وەرگرن.

## ژنانو کولتووری ژینگەپارێزی لە گۆمەڵگەدا

مرۆڤ یان دڵسۆزو لایەنگرو پارێزەری ژینگەیە، یان دوژمنـی ژینگـە. ئەگەر رێـز لە ژیـنگە نەگرێ دەچێتـە خانـەی دژایەتیی ژینگە. ژنـان بە هـۆی رۆڵیـان لـە بنەماڵـەو کۆمەڵدا، باشتر لە پیـاوان دەتـوانن پارێزگـاری لە ژیـنگە بکەن. پەروەردی منداڵ لە بنەماڵەدا بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی دایکە. کە واتە دایکانو بەگشتی ژنان لـە رێگـای پەروەردەی ئەندامانی بنەماڵەوە، دەتوانن کولتووری ژینگەپاریزی پەرە پێبدەن. هەر وەهـا لـە بنەماڵـەدا، دایـکو ژنانی دیکەی بنەماڵە، بەهۆی ئەوەی سەروکاریان لـە گـەل کۆمەڵێک چـالاکی هەیـە (کەڵـکوەرگرتن لە سـەرچاوە سروشـتییەکان، مـاددە خۆراکییەکـانو بەرپرسـایەتـییان لەو بـوارەدا،) دەتـوانن زیـاتر لە پیـاوان نەخشـیان لە پاراستنو خاوێنڕاگرتنی ژینگەدا هەبێ. بەمەرجێک ئاگایی پێویستیان لەو بوارەدا هەبێ. هێنـدێک لە خاوەنڕایـان لە سەر ئەو بڕوایەن کە ژنان سەرەڕای ئەو رۆڵەی هەیانە، خاوەنی هێزێکن کە تا ئێستا ناڕوونو نەناسراوە، لەم رووەوەیە کە پێویستە بەرنامەڕێژانی هەر وڵاتێک بواری گونجاو بۆ پشکووانی هێزێکی لەم چەشنە بخوڵقێنن.

بەهەر حاڵ ئەوە ڕوونە کە لە دنیادا بە درێژایی مێژوو ڕۆڵی ژنان، نیازو هێزی ژنان بەو جۆرەی هەیە چاوی لێنەکراوە یان نەناسراوە. هەر بۆیە دەبینین کە نیوەی دانیشتووانی جیهان کە زیاتر لە نیوەکەی دیکە لە سروشت نزیکنو پێوەندی‌یان بە سروشتەوە هەیە، بە هۆی کێشەکانی وەک هەژاری، ناوشیاریو نەبوونی فێرکردنو بارهێنانی دروست لەو بوارەدا، بەوجۆرەی پێویستە نەیانتوانیوە ڕۆڵی خۆیان لەو بوارەدا بگێڕن.

ژن ئەگەر نیشتمانو وڵاتی خۆی خۆشبوێ، ئەگەر بیر لە ژیانی نەوەکانی داهاتوو بکاتەوە، ئەگەر لە کێشەو گیروگرفتە ژینگەیی‌یەکانو شێوەی بەربەرەکانی لەگەڵیان ئاگا بێو بە گشتی وشیاریی لەسەر ژینگە هەبێ، دەتوانێ ڕێگەی زۆر لەو ڕەفتارە پڕلەمەترسی‌یانە کە لە سەر ژینگە هەن بگرێ. بە هۆی ئەوەی ژن وەک دایک ڕۆڵی گرنگی لە بەرپرسایەتیی منداڵو نێو ماڵدا هەیە، دەتوانێ لە پاراستنی ژینگەی نێو ماڵو دەوروبەری ماڵدا نەخشی گرنگ بگێڕێو بە ئاسانی دەتوانێ کاریگەریی لەسەر منداڵ، ئەندامانی بنەماڵە و دەوروبەرەکانی بێو فەرهەنگی ژینگەپارێزی لەنێویاندا بەهێز بکا. هەروەها ژن هۆکارێکی سەرەکی‌یە بۆ گواستنەوەی کەلتووری ژینگەپارێزی بۆ نەوەکانی داهاتوو. چونکە منداڵ لە پێش هەر جێگەو ناوەندێکی فێرکاری لە لای دایکی فێری وانەکانی ژیان دەبێ. بۆیە دایکێک ئەگەر ئاگایی‌و تێگەیشتنی لەسەر ژینگە هەبێ، جگە لەوەی لە ماڵەکەی خۆیدا ئەم کەلتوورە پیادە دەکا، زۆر بە ئاسانیش کەلتووری ژینگە پارێزی دەباتە نێو کۆمەڵگەکەوە.

ڕێوشوێنو ڕێساکانی پاراستنی ژینگەو ئۆگریو خۆشەویستیی سروشت، ئەگەر لە منداڵی‌یەوە لە بیروزەینی مرۆڤدا نەچەسپێو نەبێتە کولتوور، لە گەورەییشدا ئەو مرۆڤە، بەرانبەر بە پاراستنی ژینگەو سروشت ئەرکدار نابێ. بۆیە ئەرکی هەر دایکێکە منداڵەکەی وا پەروەردە بکاو رای بێنێ کە سروشت بە هەموو لایەنەکانیەوە لەلای خۆشەویست بێ و ڕێزی لێ بگرێ.

بەو هیوایەی هەموومان بتوانین لە پارێزگاریی ژینگەدا ڕۆڵمان هەبێو داهاتوویەکی پڕلە پاکیو جوانی بۆ نەوەکان دابین بکەین.

لە ژمارە ٦٠٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

٢٠ی مارچی ٢٠١٣

# شەهلا دەبباغی: ئێمە خوێندنەوەمان بۆ کێشەکانی خۆمان لاوازە

**دیمانە: کوێستان فتوحی**

**سەکینە محەممەدی ئاشتیانی لە ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی دا بە تاوانی پێوەندی «نامشروع» لە لایەن دەزگای قەزاییی کۆماری ئیسلامییەوە حوکمی بەردبارانی بەسەردا سەپاوە، هاوینی ئەمساڵ جارێکی دیکە دوای پێداچوونەوە بە حوکمەکەیدا دیسان لەلایەن دەزگای قەزاییەوە حوکمی سەنگسار بۆ ناوبراو تەئید کرایەوە.**

**حوکمی درندانەی سەنگسار لە دژی سەکینە و هۆکاری سەرنج و نارەزایەتی کۆمەڵگەی جیهانی و کۆڕ و کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ لە دژی ئەم حوکمە درندانەیە و کۆمەڵێک پرسیاری دیکە لە وتوێژێک لەگەڵ خاتوو شەهلا دەبباغی چالاکی سیاسیی دانیشتووی وڵاتی سوئێددا**

***کوێستان: هەروەک ئاگادارن حوکمی سەنگسار لەدژی سەکینەی محەممەدی ئاشتیانی دنیای دەرەوەی هەژاندوە. ئێوە چ هۆکارێک دەبینن کە دنیای دەرەوە بەم شێوەیەی ئێستا سەرنجی داوەتە مەسەلەی سەنگسار لە ئێران و ئەو حوکمەی بەسەر سەکینەدا سەپاوە، لە حاڵێکدا حوکمی دڕندانەی سەنگسار یەکەم جار نییەدەدرێ و تەنانەت لە ئێران لەماوەی دەسەڵاتدارەتی ئەو ڕێژیمەدا کەسانێکی زۆر بەردباران کراون؟***

***پێتان وایە ئەو کەمپەینەی کە بەدژی سەنگسار وەرێ خراوە، کاریگەری بووە لە ناساندنی ئەم جینایەتە لە دنیای دەرەوەدا؟***

***شەهلا:*** **ئەوە هەوەڵ جار نییە کە حوکمی سەنگسار دەدرێ و زۆر کەسیش بە داخەوە بەو حوکمە بەربەری و نائەخلاقییە گیانیان بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە لێ هەستێندراوە. بێ ئەخلاقی کۆماری ئیسلامی. یش تەنیا لە سەنگساردا نامێنێتەوە و شێوەکانی بەربڵاوی گیانهەستاندن وەک ئێعدام، تیرباران و لە ژێر ئەشکەنجەدا کوشتن، هەموو جۆریتری ترساندنی خەڵکن.**

ئەمەش ڕاستە کە وڵاتانی دەرەوە بەپێی بەرژەوەندی ئابووری خۆیان زۆر جار نایانهەوێ لە ژێرپێنانی مافی ئینسانەکان لەناو ئێران و کوردستان لە لایەن ڕژیمی ئیسلامییەوە ببینن. بەڵام هەر کات و ساتێک، هەر کەسێک لەم جیهانە پڕ لە زوڵمە، دەنگی خۆی بخاتە پاڵ دەنگی زوڵم لێکراون و زیندانیان و هەر ساتێک هەر دەوڵەت یان خەڵکی وڵاتێک دژ بە حوکمی وا ناشایست ڕاوەستن، ئەوە هەم ئەوان ئەرکی خۆیان وەک ئینسان بەجێ گەیاندووە و هەم دەنگی زوڵملێکراون و چالاکانی مافی ئینسان بە ڕادەیەکی زۆرتر دەگاتە خەڵکی دونیا. ئەم کەمپەینە توانی زۆر باش کاریگەری بکاتە سەر رای گشتی و هەڵوێستی دەوڵەتان. بۆ وێنە هێندێک ژورنالیست زۆر چالاک بوون. لێرە خانمێکی فۆتۆگراف ڕۆیشبوو بۆ ئێران و کە هاتەوە وتووێژی خۆی لەگەڵ کوری سەکینەخانم بڵاو کردەووە کە لە سوید کاردانەوەیەکی زۆر باشی بوو یان لە فەرانسە کۆشنێر زۆر باشی هەڵوێست گرت. وەکیل مستەفایی تا ئێستا زۆر کاری کردووە بۆ لابردنی ئەو حوکمە. ئەمانە هەموو کاری زۆر باشن و جیگای ڕێز.

هۆیەکی سەرەکی ئەو کەمپەینە خودی کێشەکە، حوکمەکە، خەڵکانی ناوەوەو دەرەوەی وڵاتن. چالاکی وەکیلەکان و ئەو گرووپانەکە بۆ مافی ئینسان کار دەکەن و توانیان لە ڕادەی جیهانیدا کار بکەن.

هۆیەکیتر، حەساسبوونی جیهانی دەرەوە بەهۆی گەیشتنی زۆرتری خەبەرەکان دوای ئەو جووڵانەوەیە کە بەناوی جووڵانەوەی سەوز ناسرا. من خۆم ئەو جووڵانەوەیە وەک جووڵانەوەیەک دەبینم کە تێدا چ لەناو و چ لە دەروە زۆر هێزی لایەنگری مافی ئینسان تێدا چالاکن و دەنگی خەڵک بە جیهان دەگەیەنن. دیارە پێشتریش چالاکانی مەدەنی و مافی مرۆڤ، بۆ گەیاندنی دەنگی خەلک هەوڵێیان زۆر داوە و هەمووی ئەوانە نەتیجەی کارێکی بەردەوامی چەندین ساڵەیە.

خاڵێکیتر ئەوەیە کە ئەگەر سەردەمانێک کۆماری ئیسلامی کوردستانی قەتڵ و عام دەکرد، ٥٩ نەفەری ئێعدام دەکرد، یان قارنا و قەلاتانی ژێنوساید دەکرد یان زیندانیانی لە ساڵی ٦٧ بەکۆمەڵ لەناو دەبرد ئەو کات نە ماسمێدیا بەو شێوەی ئێستا بەربڵاو لەبەر دەستدابوو و نەدەنگی خەڵک ئەوها زوو لە ڕێگای مۆبایل و نێت و ... دەگەیشتە دونیای دەرەوە. تێکنیک توانیوێتی ڕۆڵێکی زۆر ئەرێنی - پۆزێتیڤ هەبێ.

هەمووومان دەزانین کە زۆر جار بەپێی بەرژەوەندی، دەوڵەتان بێدەنگن لەڕاست جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی و ڕەخنەش لەدوبڵ مۆڕالی ئەو جۆرەسیاسەت کردنەی ڕۆژئاوا دەگرترێ، بەڵام کاتێک کە دەنگیان بەرز کردەوە نابێ

بلێین بۆ ئەوە ڕاست ئێستا دەنگییان بەرز کردۆتەوە. دیارە کە زۆر جار یان باشترە بلێیم هەمیشە بەرژەوەندییەکانی ئەوان بڕیاردەرە و ئێمە دەبێ بەردەوام کار بکەین و نەیەڵین کە بەهۆی بەرژەوەندی ئابووری وڵاتان، مافەکانی ئینسان و گەلانی ناو ئێران لەبیربچێتەوە.

***کوێستان: بەربەرەکانی لەگەڵ سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئەرکێکە کە هەموو ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم بە گرنگی دەزانن، بەڵام لەوەها کەمپەینێکدا دەبینین هێندێک لایەنی ئۆپۆزیسیۆن سەرنجێکی ئەوتۆی نادەنێ، واتە بە مەسەلەیەکی حقووقی و تایبەتی دەزانن و کەمتر لە ڕاگەیەنەکانیاندا باسی لێدەکەن لە حاڵێکدا ئەوە سیاسەتی ئەو ڕێژیمەیە و مەسەلەیەکی سیاسییە نابێ تەنیا وەک مەسەلەیەکی حقووقی و تایبەتی چاوی لێبکرێ. ئێوە وەک چالاکێکی مافەکانی ژنان لەو بارەیەوە چۆن بیر دەکەنەوە؟***

***شەهلا:*** من لە دەرەوەی وڵاتم و خەبەرم لەزۆر شت نییە بەڵام ئەوەندە کە من خەبەرەکان بخوێنمەوە زۆربەی ڕێکخراوەکان ئەو شێوەحوکمانە مەحکووم دەکەن و لە بەرامبەری دا ڕاوەستاوون. ئەگەر کەسانێک یان ڕێکخراوەیەک هەبێ و حوکمی سەنگساری بۆ گرینگ نەبێ ئەوە تووشی هەڵەیەکی ئینسانی و سیاسی دەبێ. مافی ئینسان جیهانشمولە و بەکات و شوێن نابێ ببەسترێتەوە. هەموو ڕێکخراوەیەک کە خۆی بە پێشکەوتوو دەزانێ دەبێ پاراستنی مافی ئینسان و حەقی ژیان خاڵی سەرەکی خەباتی بێ و لە هێچ کاتێک ئەوە قوربانی هێندیک شتیتری نەکا. ئەگەر وانەبێ ئەوە کۆمەڵێکە هۆی هەیە کە گرینگترینیان چەقبەستنی سیاسییەو تێروانینێکی دواکەوتوو بۆ مافی ئینسان. دیارە ئەگەر کەس یان ڕێکخرواێ وا هەبن ئەوە نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی مۆدێرن و ئینسانی خۆیان گەلاڵەبکەنەوە و ئەمەش جێگای ڕەخنەیەکی زۆرە.

ئێمە دەبێ بەردەوام کار بۆ ئەوە بکەین کە»پاراستنی مافی ئینسان و حەقی ژیان» ی تاکەکان، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە موخالیفی فکری ئەویتر و خۆمان بێ، ببێتە کولتوور و لە چوارچێوەی حیزب و ئیدئۆلۆژی بێتە دەر و پاراستنی ئەو مافە، بە ئەرکی خۆمان بزانین.

***کوێستان: ئەوە بۆ هێندێک لایەن بۆتە پرسیار کە بۆچی دنیای دەرەوە بۆ حوکمی سەنگسار دژی سەکینە محەممەدی ئاشتیانی دژکردەوەیەکی زۆری نیشان داوە، بەڵام بۆ نموونە بۆ ئێعدامی ٥ تێکۆشەری سیاسی کورد، یان کوشتاری خەڵکی زەحمەتکێشی کورد لەسەر مەرزەکان، هەڵوێستێکی لەم شێوەی نەبوو؟ هۆکارەکەی چیە پێتان وانیە کورد***

***بۆخۆی لەمبارەیەوە کەمتەرخەمە لە ئاست ناساندنی کێشەی خۆیدا؟ یان خەڵکی جیهان ئێستا دەرکی بەوە کردوە کەکێشەکان لەگەڵ ئێران تەنیا مەسەلەی پرسی ناوکی نیە، بەڵکوو کۆتایی هێنانە بە هەموو ئەو کارەساتانە کە لەلایەن ئەو رێژیمەوەبەسەر خەڵکی ئێراندا دێ؟***

*شەهلا:* بەداخەوە تا ئێستاش کێشەی کورد وەک کێشەی بۆ وێنە فەلەستینیەکان نییە. هەر بۆ وێنە لە سوید ڕۆژێک دوای کێشەی تورکیە و ئیسرائیل و کوشتنی چەند کەس لە ناو ئەو کەشتیە کە بەرەو فەلەستین دەچوو، تەواوی خەڵکی سوید هەڵوێستی گرت و خەڵکێکی زۆر هاتە ناو مەیدانی مەرکەزی ستۆکۆڵم. تا ئێستاش کە من نزیک بە بیست ساڵە لێرەم هەڵوێستی خەڵکم بەو فراوانییە بۆ گرفتەکانیتر نەدیووە ڕەنگە حیزب یان دەوڵەتان هەڵوێست بگرن بەڵام من باسی ڕای گشتی دەکەم. تەنانەت نە دوای جووڵانەوەی سەوز و نە بۆ کێشەکانی کورد ڕای گشتی خۆی بەشێوەیەکی ئاوا ئاشکرا نیشان نەداوە.

ئێستا ئێرانییەکان زۆر چالاکن و هێندێک ماس مێدیاش هەیە کە دەتوانن دەنگی خۆیان بگەیننە دەرەوە، بەڵام ئێمەی کورد تا هەنووکە زۆر گرفتمان هەیە. ئێمە هاودەنگ نین، چ وەک تاک و چ وەک ڕێکخراو و حیزبەکان. تا ئێستاش نەمانتوانیوە هاودەنگی لەناو خۆماندا پێک بێنین. ئەمە لایەکی گرفتەکەیە. لای دیکەی کێشەکە وڵاتانی دەورەوەن کە ئەوانیش بە پێ بەرژەوەندی خۆیان کار دەکەن. بەڵام بۆ ئەوە ئێمە بتوانین زۆرترین کاریگەریمان هەبێ دەبێ لەناو خۆمان یەک دەنگ بین و بەشێوەی تۆڕێکی سەراسەری کار بکەین. جیهان تا ئێستاش زۆر حەساسیەتی لەسەر ئێمە نییەو دەبێ کاری بۆ بکەین و کێشەی کورد بکەینە کێشەیەکی جیهانی و ڕووی ئینسانی و جوانی گەلەکەمان و ئەو زوڵمە کەلە نەتەوەکەمان دەچێ، نیشان بدەین.

مەسەلەی بێدەنگی دنیای دەرەوە لە ئاست ئێعدام و کوشتاری تێکۆشەرانی سیاسیی کورد لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە باسێکی دیکەیە، بەڵام خەمساری کورد تەنانەت ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردیش لە ئاست مەسەلەی حوکمی سەنگسار، ئەم کردەوە وەحشیگەرییە، باسێکی دیکەیە حەز دەکەم بیرکردنەوەی ئێوە لەم بارەیەوە بزانم.

کەم چالاکی بۆ کێشەی ژنان چەندین هۆی هەیە چ لە ناو وڵات و چ لە دەرەوە. گەورەترین گرفت نەبوونی خوێندنەوەیەکی ڕادیکاڵ و ئەساسی بۆ کێشەکە و نەبوونی ئێلیتێکی چالاکی ژنانە کە بتوانێ لە ناو و دەرەوە، چ بە نووسین و چ بە بەشداری لە کۆڕوکۆمەڵەکان لە ڕادەی جیهانیدا کێشەی ژنانی کورد بناسێنێ.

ئەو ژنانە کە چالاکن یان دوای ماوەیەک ژیانی ئاسایی و گرفتەکانی ژیان دەیانتۆنێتەوە یان حیزبەکان و ڕێکخراوەکان پشتی ئەو ژنانە ناگرن و تەریک دەکەون و یان جۆرێک لە کێشەی «کێبەرکێ و دەسەڵاتداری» لەناو خودی ڕێکخراوەکانی ژنان ڕوودەدا و لەو ناوە ئەوانە کە ئەهلی هێندێک شت نین خۆدەکشێنەوە و ناچنە ناو ڕێکخراوەکان و وەک تاک دەمێنەوە. زۆر جارئەوانەی کە لەناو ڕێکخراوەکان دەمێنەوە یان بۆ وێنە لە باشوور لە شوێنی کلیدی دا کاردەکەن، توانایی فکری و ئەزموونییان نیە یان کەڵک لە ئەزموونەکان وەرناگرن و یان پێشیان پێدەگیرێ. زۆر جار ڕۆڵی حیزبەکان و پیاوەکانیش ڕۆڵێکی زۆر نەرینی - نێگاتیڤە و کێشەکانی حیزبەکان ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر کێشەکانی ژنان هەیە.

ئەگەر بێنە سەر باسی ناوەوە: نەبوونی فازایەکی ئازاد کە هەر چالاکی‌یەک خەفە دەکا و کە دەگاتە ڕێکخراوەکانی ژنانی کورد، زەختەکە چاند قات دەبێ و زیندان و گرفت دێتە سەر ڕێگای چالاکان. بەشێکی‌تر ئەوەیە کە ڕێکخراوەکانی ژنان زۆربەیان لە ناو ئێران و کوردستان نین و ڕێکخراوەکانی ژنان زۆرتر سەر بە حیزبەکانن و وەک ژێرمجموعەی ئەوان دەبێندرێن. یان لە باشوور هێندێک خاڵی‌تر هەن کە گرینگی زیاتری پێدەدرێ. گەرچی هەموو گرفتەکانی ژنان گرینگن و دەبێ کاریان بۆ بکرێت.

لە دەرەوەی وڵات چەندین گرفت هەن کە پێش بە چالاک بوونی فراوانی ژنان دەگرێ: یەکەم ئەوە کە ژنان ئەگەر خاوەنی مێرد و منداڵ بن نیوەی ئەرکی ئابووری ماڵیان جگە لە کارەکانی‌تر لە سەر شانە و ئەگەر بە تەنیا بژین هەموویان لە سەر شانە. ئەوە واتە خۆبەخێوکردن کات و هێزێکی زۆری ژنان دەگرێ و کات بۆ چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆر کەم دەمێنێتەوە.

گرفتێکی‌تر ئەوەیە کە بە گشتی هەموو ژنانی دەرەوە بە هۆی دووربوون لە وڵات هەمیشە هەموو خەبەرەکان نابیسین گەرچی ئینتێرنێت و تی‌ڤی‌کان هەن بەڵام شەرت نییە هەموو کەسێک هەموو ڕۆژێک بەداوی خەبەرەکاندا بڕوا. ڕووبەرێکی‌تری کێشەکە ئەوەیە کە هەستیاری ئینسانەکان کە خۆیان لە کێشەکان دوورن کەمتر دەبێ و ئەمەش بەشێکە لە سرشتی تاراوگە.

هەروەها چالاکانی ڕێکخراوەکان هەموویان ناتوانن وەک ئەکتیویستێکی زۆر چالاک کاربکەن مەگەر ئەوە کە هێندێک ڕێکخراو هەبن کە لەو ڕێگاوە خۆشیان بەخێوبکەن و لە دەوڵەتەکان یان حیزبەکانی خۆیان یارمەتی

وەرگرن. ئەوانەش زۆر کەمن.

گرفتێکیتر ئەوەیە کە بۆ وێنە ڕێکخراویەکی بەشێکی کوردستان هەستیاری بۆ بەشەکانیتری کوردستان کەمترە. کە بەداخەوە ئێستاش ئێمە ئەو جۆرە کە لازمە پشتی یەکتر لە چوارپارچەی کوردستان ناگرین.

هەروەها کێشەی ژنان وەک زۆر شتیتر، بۆ زۆر کەس دەبێتە بازار و وەک هەموو شتێک کە ماوەیەک هێندێک کەس باسی دەکەن و دواتر یان لەبیریدەکەن یان بۆیان گرینگ نامێنێ، ئەوە لە حالێکدایە کە کێشەی ژنان تەنانەت بە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردیش دوایی نایە و دەبێ بەردەوام کاری بۆ بکرێت.

سەرجەم دەکرێ بڵێین کە هێندیک ڕێکخراو و تاک چالاکن بەڵام ئەو جۆرە کە دەبێ بی نییە، هەم ئیمکانت کەمە و هەم خودی ژنان و پیاوان کەمترخەمن. دیارە ئەوە تەنیا کێشەی ژنان ناگرێتەوە و بە گشتی هەموو کێشەکان دەگرێتەوە و ئێمە ئەو جۆرە کە پێویستە چالاک نین.

ئێمە خوێندنەوەمان بۆ کێشەکانی خۆمان لاوازە و لە دۆزینەوەی مێتود و شێوەی کاری تازە بەرپرچی خۆمان و یەکتر دەدەینەوە. بریا بە جێگای ئەوە ڕیگامان بۆ یەکتر خۆش کردبا، پشتیوانی یەکتر باین و یەکترمان هاندابا کە کاربکەین، چونکە هێندە کێشەکان زۆرن جێگای هەموو کەس بۆ کارکردن دەبێتەوە. با هەموو هەبن، ڕێکخراوی سەربەخۆ، ڕێکخراویتر و تاکەکان. با هەموو پێکەوە یەکتر کامڵبکەین و لە بەرامبەر ئەو گرفتانە ڕاوەستین بەڵکو گۆشەیەک لە دەردی خەڵک چارەسەر بکرێت.

دەبێ بیرمان بێ کە کاتێک ئینسانێک سەنگسار دەکرێ یان کەسێک لە ژێر ئەشکەنجە شەهید دەکرێ چەند ئاسەواری نێگاتیڤی لە سەر کۆمەڵگا، بنەماڵە و تاکەکان دەبێ و ئەوەمان لەبیرنەچێ کە هەر کەسێک دەتوانێ ببێتە قوربانی ئەو بەربەرییەتە. ئێمە لە شوێنکی پر لە گرفتی ئەم جیهانەدا دەژین (تەنانەت ئەگەر لە دەرەوەی وڵات بین ڕووحمان هەر لە کوردستانە) و گەلی ئێمە لە ژێر زوڵمی ڕژێمێکی دڕندە دا دەژیت. ئێمە دەبێ خۆمان بەو بیرە پەروەردە بکەین کە مافی ژیان مافی هەموو کەسە و دەبێ بیپارێزین.

١٥ی ئەپریلی ٢٠١٣

## پێشێلکردنی مافەکانی منداڵان لە ئێراندا

یەکی مانگی ژوئەنی هەموو ساڵێک رۆژی جیهانیی منداڵان ناودێر کراوە. ساڵی ١٩٤٩ بە پێشنیاری کۆمەڵەی جیهانیی فیدراسیۆنی ژنانی دیموکرات ئەو رۆژە بە ناوی رۆژی جیهانی منداڵان ناودێر کرا. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش جگە لە پشتگری لەو پێشنیارە، پشگری لە ماف، ژیان و سڵامەتیی منداڵانی کردە یەکێک لە ئەولەویەتەکانی تێکۆشانی خۆی.شک لەوەدا نیە لە دوای ساڵی ١٩٤٩وە ئاڵۆگۆڕ و پێشکەوتنی زۆر لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی لە ئاستی جیهاندا روویان داوەو لە بیستی نوامبری ١٩٨٩ کۆڕی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەساسنامەی مافی منداڵانی پەسەند کرد کە بە پێی ئەو ئەساسنامەیە منداڵانی هەموو جیهان مافەکانیان دەبێ پارێزراو بێ. بەڵام بە داخەوە سەرەڕای هەموو پێشکەوتنەکان و هەوڵ و تێکۆشانی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ دەستەبەر بوونی مافی مرۆڤەکان، منداڵان یەکێکن لە بێبەشترین و بێمافترین تویژی کۆمەڵگەکان. هەلومەرجی نالەبار و مامەڵە کردنی خراپ لەگەڵ منداڵاندا دیاردەیەکی جیهانییە و لە زۆر لە کۆمەڵگەکاندا دەبینرێ. لە ئاکامی هەژاری، شەڕ، پیسبوونی ژینگە و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە جۆراوجۆرە واگیرەکاندا ساڵانە بە میلیۆنان منداڵ لە جیهاندا گیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە، یان گیانیان لەدەست دەدەن.

یەکێک لەو وڵاتانەی کە لەوێدا ژیانی بەشێکی زۆر لە منداڵان لەوپەڕی خراپی دایە وڵاتی ئێرانە. بە پێی ئامارەکان ٨٠ لەسەدی منداڵانی سەرشەقام، ئەو منداڵانەن کە کار دەکەن و بە هۆی هەژاری ونەداریی بنەماڵەکانیان ناچار بوون بۆ کار روو لە شەقامەکان بکەن و بۆ تێر کردنی سکی برسیی ئەندامانی بنەماڵەکانیان لەنێو تەپو تۆز و رەنگ و رۆن و دووکەڵ، لە گەرمای هاوین و سەرمای زستاندا، ژیان بەسەر بەرن . ئەوان رۆژانە دەکەونە بەر ئازار و ئەزیەت و دەستدرێژیی گەورەکان. زۆرترینی منداڵانی کار هی پارێزگاکانی خوراسان، تاران، لوڕستان و کوردستانن. ئەوان بە دەست هەژاری و بێدەرەتانی و جیاوازیدانانەکانەوە ئازار دەچێژن و بە دوور لە دنیای منداڵی، شەو و رۆژ دەکەنەوە. بە هەزاران منداڵ و مێرمنداڵ بە ئارەزووی ئەوەوەن لە قوتابخانە فێری خوێندن و نووسین بن، بەڵام قوتابخانە بۆ ئەوان تەنیا ئارەزوویەکی منداڵانەیەەو بەس..

کاتیک باس لە منداڵ دەکرێ، دەبێ وەک ئینسانێک چاوی لێ بکرێ، ئینسانێک کە پێویستی بە پێڕاگەیشتنی زۆرتر و چاوەدێریی زیاتر هەیە. بەڵام لەوڵاتێکی وەک ئێران دا کێشەکە لەوە دایە منداڵ وەک ئینسانێک

نـابینرێ. عـورف و عـادەتی کۆمەڵایەتیی بەردەوام ڕێـژیەک لە تونـدوتیژی بەرامبەر بە منـداڵانی قبـووڵ کـردوە. منداڵ بەهۆی ئەوەی لە باری جەستەیی و دەرک و شعوورەوە هێشتا کامڵ نەبووە، ناتوانێ دیفاع لە خۆی بکـا. هەر بـۆیە زۆرجـار لەلایەن بـاوک، دایـک، گەورەکـانی بنەمـاڵە، مامۆسـتا و.. دەکەوێـتە بەر ئـازار و تونـدوتیژی. قانوونێکی ئەوتۆش نیە کە پشتگری لە مافی منداڵ بکا.

ئاوڕدانەوە و پشتیوانی و ڕێز گرتن لە مافی منداڵان، یەکێکە لە ئەسڵەکانی پارستنی مـافی مرۆڤ. ئەوە ئەرک و بەرپرسایەتییەکی گرنگە لە سەر شانی دەوڵەتەکان، نیهادە قانووندانەرەکان و بەرێوەبەرییەکان کە سەرنج بدەنە مافەکـانی منـداڵان و نەهێڵن داهـاتوو و چارەنووسیان بخرێتە ژێـر کـاریگەریی دابونەریت و عـورفی کـۆمەڵایەتیی دواکەوتـووانە. سـەرنجنەدان و پشتگویخسـتنی ئەم تـوێژە حەسـاس و گەورەی کـۆمەڵگە دەتـوانێ زیـان و زەرەرێکـی قەرەبوو نەکراو بە کۆمەڵگە و بە داهاتووی وڵات بگەیەنێ.

## کۆماری ئیسلامی و پەیوەست بوونی بە کونوانسیۆنی جیهانیی مافی منداڵانەوە

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێکەوتی ١٤ی خەزەڵوەری ١٣٧٠، پەیماننامەی جیهانیی مافی منداڵانی ئیمزا کرد و بە کونوانسیۆنی مافی منداڵ پەیوەست بووە. بەڵام پەیوەست بـوونی ئێران بەو کونوانسیۆنە بەو مەرجەیە کە لە هەر کـات و مەوریدێکـدا مـاددەیەکی ئەو پەیماننـامەیە لەگەڵ ڕێوشـوێنە ئیسلامییەکاندا نەهـاتەوە، کۆمـاری ئیسـلامی پێیانەوە پابەند نەبێ. هەر لەم پێوەندییەشدا شووڕای نیگابـان لە نامەیەکـدا کە لە ڕێکەوتـی ١٤ - ١١ - ١٣٧٢ هێندێک لە ماددەکانی ئەو کۆنوانسیۆنەی بە خیلافی شەرع زانی و خستیە بەردەمی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی.

ئەو مەورید و مادانە بریتی بوون لە: بەندی ی١ لە مـاددەی ١٢، بەنـدی ١ و ٢ لە مـاددەی ١٣، بەنـدی ١ و ٣ لە ماددەی ١٤، بەندی ٢ لە ماددەی ١٥ی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵان.

پەیوەست بـوونی ئێـران بە کونوانسیۆنی مـافی منـداڵانەوە هەنگـاوێکی گرنـگ بـوو بـۆ دەستەبەرکردن و پاراسـتنی مافەکانی منداڵان، بەڵام مەرجدارکردنی بەشێک لە ماددە و بەندەکانی ئەو کونوانسیۆنە لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێـرانەوە بە بیـانووی پاراسـتنی ریوشـوینی ئیسلامییەوە و پێـوە لکانـدنی هێنـدێک تەبسـەرەو تێبینیـی دیکە لە پێوەنـدی لە گەڵ پێناسـەی منـداڵ، نەبـوونی فەرق و جیـاوازی لەنێـوان منـداڵان، پاراسـتنی قازانجەکـانی منـداڵ،

مافی وەدەستهێنانی ناسنامە، مافی ژیان لەگەڵ بنەماڵە (دایک وباب)، مافی هاتن یان چوونەدەر لە وڵات بە مەبەستی چوونەلای دایک و باب، ڕەفتار و هەڵسوکەوتی توند و تیژ لەگەڵ منداڵان، یارمەتی بە منداڵانی کەم ئەندام، مافی منداڵانی پەنابەر، حەقی ژیانێکی باش و ستاندارد، حەقی خوێندن و فێرکردن، و... بەکردەوە بەرێوەبردنی کۆنوانسیۆنی مافی منداڵی لە ئێراندا لەگەڵ گیرو گرفت بەرەو روو کرد و بووە بە هۆی پێشێلکرانی بەردەوامی مافی منداڵان و هێنانەوەی پاساو بۆ کەموکوورییە قانوونییەکان لە بارەی مافەکانی منداڵانەوە. هەرچەند پێشێلکردنی مافی منداڵان لە ئێراندا زۆر بەربڵاو و لەوە زیاترە کە تەنیا بڵێین لەوبەندە قانوونیانەدا خۆیان دەبیننەوە. بەڵام نەبوون و بەرێوەنەچوونی قانوونێک کە پشتگری لە مافی منداڵان بکا، ڕێخۆشکەرە بۆ پەرەسەندنی پێشێل کردنی مافی منداڵان لە زۆر لایەنەوە. هەر بۆیە کار کردن لە پێناوی پابەند کردنی کۆماری ئیسلامی بە نێوەرۆکی پەیماننامەی جیهانیی مافەکانی منداڵان و گۆڕینی ڕوانین و فەرهەنگی دەسەڵات و کۆمەڵ لە بارەی منداڵان و مافەکانیانەوە، لەو ئەرکە پێویستانەیە کە چالاکانی بواری مافی مرۆڤ و لایەنە بەرپرس و پێوەندیدارەکان، دەبێ شێلگیرانە کاری بۆ بکەن.

۱۵ی ئەپریلی ۲۰۱۳

---

## شەهلا دەباغی چەند پرسیارێک ڕووبەڕووی کوێستان فتووحی دەکاتەوە

***شەهلا دەباغی:** وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی چ گرفتێک لە ڕێگای ژنان لە ناو حیزبەکان بە تایبەت لەڕادەی ڕێبەری دا دێتە سەر ڕێگاتان و دەیبینی؟*

***کوێستان فتوحی:*** لەو کۆمەڵگایەی ئێمەدا ژن لە هەر پۆست و مەقامێکدا بێ و هەر کارێک بکا، بەبێ شک گیرو گرفت لەسەر ڕێیەتی. کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکە پیاوسالارە، حیزبەکانی ئێمەش هەڵقولاوی ئەو کۆمەڵگایەن. تاکەکانی نێو ئەو حیزبانە هەڵگری کۆمەڵێک نۆرم بەهای کۆمەڵایەتین کە زەحمەتە بە ئاسانی وازی لێ بێنن. ئەمە ڕاسییەکە و کەس ناتوانێ حاشای لێ بکا کە فەرهەنگی پیاوسالاری ناتوانێ ڕوانینێکی موسبەتی هەبێ بۆ ڕۆڵی ژنان لە هەر کارێک و بوارێک دا. ئەگەر بە ڕاشکاوانە وڵام بدەمەوە، دەبێ بڵێم لە نێو حیزبەکانی

کوردستاندا دیارە بە هێندێک جیاوازییانەوە، نەتوانراوە کێشەی ژن چارەسەر بکرێ. ژن هەمیشە وەک پاشکۆیەک سەیری کراوە. خەڵک دروشم و وشە و ڕستەی جوانی لەسەر ژن لە حیزبەکان بیستوە. بەڵام کە دێیە نێو حیزبەکەوە، سەیردەکەی لەگەڵ واقعییەتێکی دیکە بەرەوروو دەبی. ئەویش لەپەراوێز خستن، گوێ لێ نەگرتن و بەهێندنەگرتن و....

دیارە گرفتەکە لە خودی ئەو ڕوانین و بۆچوونەدایە کە بەشێکێ زۆر لە ڕێبەریی حیزبەکان سیاسەت و خەباتیان هەر لە چوارچێوەی ڕێژیمە داگیرکەر و ماف پێشێلکەرەکانی کوردستاندا دەبینن و لە چوارچێوەی پرسی نەیەوەییدا خەباتی لێبڕاوانە دەکەن. لە حاڵێکدا هەوڵدان بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی و ئازادیی تاکەکان بەشێکی گرنگە لە خەبات کە حیزبەکان تارادەیەک پشت گوێیان خستوە.

حیزبە نەتەوەییەکانی کوردستان ئەگەر نەڵێم هەموویان، زۆربەیان دەبینین ساڵەهایە باسی ڕۆڵی ژنان لە خەباتی نەتەوەییدا دەکەن، بە شانو باڵی ژنان دا هەڵدەڵێنو بانگەشەی یەکسانیخوازی دەکەن. لەهەمان کاتیشدا ئەگەر چاو لە موناسباتی نێوخۆییان دەکەی ئەوندەیان گوێ بە ڕۆڵی ژن نەداوە وەکی لە قسەو دروشمەکانیاندا هەیە. زۆر بە کەمی ژنانیان لە بڕیاردانەکان دا شەریک کردوە، کەمترین بەرپرسایەتییان پێ سپێردراوە. لە ڕاگەیەندنو هەڵوێستەکانیاندا بەرامبەر بە کێشەکانی ژنان زۆر بێتەفاوەت بوون.

لە نێو ڕیزی حیزبەکاندا بەهۆی ئەوەی تا ئێستاش ڕێژەی ژن کەمترە لە پیاو، ڕوانگەی پیاوان زاڵترە بەسەر ژنان دا. ئەم هێزە زاڵە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ بە چاویلکەی ڕەگەزی دەڕواننە ئەرکەکانی ژن. ئەو چاویلکەیە هەمیشە وێنەی لاواز لە ژن دەبینێ و وێنەی بەهێز لە پیاو. تەنانەت پیاوە بێ توانا و بێ ئەزموونەکانیش لە ژنانی بەتوانا و بەئەزموون، سەنگیان زیاترە. زۆر لە پیاوەکان وەک باوڕ قەبووڵیان نەکردوە، کە ژنیش هەیە توانای ئەرک و بەرپرسایەتیی حیزبیی هەبێ. پێیان وایە ئەوەندە ژنە کە - لە هێندێک حیزبدا ئەویش ڕێژەیان بۆ دیاری کراوە - ڕێیان کەوتۆتە پۆستی ڕێبەری، جێگەی پیاوانیان گرتوە و وەک غەدرێک لەوان کرابێ دەیبینن. بێشک ئەم ڕوانینە هەڵە و نادروستە، ئەرکی ئێمەیان قورستر کردوە. کەمترین ئیراد لەکاری ژنێکدا هەبێ بە چەندقات گەورەی دەکەنەوە. جگە لە کار و بەرپرسایەتی ئۆرگان و بەشەجۆراوجۆرەکان لە حیزبدا، دەبێ بەردەوامیش شەڕی کەلتوور بکەین. لەم وڵاتانەی ئێمە ژن لە هەر کوێ و لە هەر جێیەک کارێک بکا گیروگرفتی تایبەت بە خۆی هەیە، بەتایبەتی کاری سیاسی ئەویش لەنێو ئەم کەلتوورەدا بەڕاستی گیان و جەرگی سەختی

دەویٚ. هەوڵدان بۆ ئەوەی پرسی یەکسانی لە قالبی دروشم بێتەدەرێ و ببێتە باوڕ لە بیرو ناخی تاکەکاندا، کارێکی ئاسان نیە.

لە کوردستان کەس ناتوانێ ئەو ئیددیعایە بکا و بڵێ لە حیزبەکەی مندا موناسباتی پیاوسالاری سڕدراوەتەوە و ئێمە بێ گیر و گرفتین. ئەگەر کەسێکیش هەبێ وا بڵێ، ئەوە راستی نەوتوە. بەداخەوە هێندێک ژنیش کە لە رێبەریی حیزبەکاندا حزووریان هەبووە، لە جیاتی ئەوەی فەرهەنگی هاوسەنگی و یەکسانی دروست بکەن، بۆخۆشیرین کردن بووە لای پیاوان یان بۆ ئەوەی پۆستی رێبەری بەلایانەوە شیرین بووە، هەروەک پیاو بیریان کردۆتەوە و سێبەری ئەوان بوون. زۆر خۆیان لە قەرەی کێشەکانی ژنان نەداوە. ژن بۆخۆی حوزووری کەمە لە رێبەریی حیزبەکاندا، کە ژنی ئاواشی لێ هەڵکەوت، هەلەکان بەهەدەرچوون و گرفتەکان ماونەتەوە. چونکە زۆر لە پیاوان ئەو ژنانەیان قەبووڵە - هەڵبەت ئەگەر قەبووڵیان بێ.

***شەهلا دەباغی: گرفتی سەرەکی ئێستای ژنانی کورد چییە و لە کام بواردا دەبێ چالاکییەکان کۆکرێنەوە؟***

***کوێستان فتوحی:*** ئەگەر باسی گرفت بکەین، دەبێ باسی دۆخی ژنی کورد لە کوردستان بکەین. با خۆمان هەڵنەفریوێنین و لەگەڵ خۆمان راستگۆ بین. ژنی کورد یەکجار زۆر گرفتی هەیە. رۆژ نیە ئێمە شاهیدی خۆکوژی و کوشتنی ژنی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان نەبین، شاهیدی ئازار و ئەزیەتی ژنان لە لایەن پیاوانەوە نەبین. یەکێک لە تراژیدییەکان ئەوەیە رووناکبیری کورد بەم دۆخەی ژنان لە کوردستان راناچڵەکێ. کەس دەمی ناکاتەوە قسەیەک بکا بیرێک بۆ ئەم دۆخە نالەبارە بکاتەوە. ئەم هەموو گۆڤار و رۆژنامە و بڵاوکراوەیە دەردەچێ، بابەتێکیان لە سەر دۆخی نالەباری ژنی کورد تێدا نیە، خوێنەر تووشی راچڵەکان و سەرسامی بکا. ئەم هەموو کوژرانی "نامووسی"یە دەبیسرێ و دەدیترێ هەموومان وەک فیلمێک سەیری دەکەین و ئاسان بەلایدا تێدەپەڕین. کەس بەبەرپرسیارەییەوە لەم کارەساتەی بەسەر ژنان لە کوردستان دێ، ناڕوانێ و لە هۆکارەکان ناپرسێتەوە. ئاستی کولتووری و روشنبیری خەڵک لەسەر پرسی یەکسانی زۆر لەخوارێیە. لە باشووری کوردستان ئازادییەک هەیە ئەگەر کەڵکی لێ وەر بگیرێ دەبێتە نموونە بۆ بەشەکانی دیکەش. توێژەرێک، خوێندکارێک نایەت لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەک لەسەر خۆکوژی و کوشتنی ژنان، لەسەر بەزۆر بەشوودان، لەسەر خەتەنە و زۆر دیاردەی دژ بە ژنان بکا. لە سەر شەقام پیاو بەشەڕ دێن، دایک و خوشک و هاوسەری یەکتر وەبەر هێرشی جوێن و قسە سووکەکانیان دەدەن. بەڵام بەردەوامێش لە راگەیەنە کوردییەکانەوە وشەی جوان لەسەر ژن دەبیسین و

باس لە کەلتوور و دابونەریتی جوانی کوردەواری دەکەن! کە سەردانی ڕێکخراوێکی ژنان دەکەی و باس لە کارو چالاکییەکانی خۆیانت بۆ دەکەن، دەڵێی کوردستان لە سایەی کارەکانی ئەوانەوە چ بەهەشتێکە بۆ ژنان! کەچی لە ڕۆژێکدا ٢ ژن لە ناوچەیەک دەکوژرێن، کەس نەهاتە شەقام، ڕێکخراوێکی ژنان هەڵوێستێکی جیددی نەگرت. پارلمانتارێکی ژن دەنگی هەڵنەبڕی. ئەو یاسایانەی کە توسقاڵێک مافی ژنی پاراستوە لەلایەن دابونەریت و کەلتوورەوە خەریکە هەڕەشەیان لێدەکرێ. دەسەڵاتی کورد لە بەشە ئازادکراوەکەی کوردستان هەر لەبیری دروستکردنی ویلا و شاری خەونەکان دایە، بەڵام بیر لە گۆڕینی ئەو کەلتوورە ناکەنەوە  کە هەموو ڕۆژێ لاشەی بێ گیانی ژنێکمان بۆ فڕێدەداتە نێو قەبرستانەوە. پێم وایە بچووککردنەوەی ئەم کێشانە ئاکامی ترسناکتری لێدەکەوێتەوە کە بە زیانی تەواوی کۆمەڵگەی کوردە دەبێ. ئەم واقعە تاڵە دەبێ قەبووڵ بکەین کە کە وەزعی ژنی کورد زۆر جێگای ڕەزامەندی نیە. سیاسەت و حیزب و دەسەڵاتی کوردییش لە ئاست کێشە کەلتوورییەکاندا کەمتەرخەمن. حیزبەکان کێبەرکێیانە لەسەر کێ نەتەوەیی ترە و کێ دڵسۆزترە بۆ کورد، کەچی ساڵانە بە دەیان و سەدان ژن دەکوژرێن و خۆدەکوژن خۆیان ناکەن بەخاوەنی ئەم کێشەیە.

ڕەنگە بڵێن قسەکانم ئێغراقیان تێداتە، بەڵام من نگەرانم لە وەزعی ژنان لە کوردستان. چونکە هێزێکی تەبلیغی بەربڵاو نەتەنیا لەلایەن ئیسلامییەکانەوە لە دژی چالاکانی ژنان دەبینم، مەبەستم ئەو چالاکانەیە کە بەڕاستی ناترسن و ڕاستگۆیانە کاردەکەن بۆ مافەکانی ژنان، نەک هێندێک لەو ژنانەی لە ڕێکخراوەکاندا کە هەر بەناو چالاکی ژنانن بەڵام ئامادە نین تەنانەت لە نێو بنەماڵەکەی خۆیاندا بەهاکانی یەکسانی بپارێزن. بەشێک لە مەلاکانی کوردستان لە مینبەری مزگەوتەکانەوە دەستیان کردوە بە تەبلیغاتی ڕەش دژی بەرابەری ژن و پیاو. هەر ژنێک بە کەمترین ئاگاییەوە گوێ لە قسەکانیان بگرێ، مەحاڵە هەستی برینداری نەبێ. بەهۆی ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی کوردستان کە زۆربەی خەڵکەکەی موسڵمانن، تەبلیغاتی مەلائاینییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە بیناکردنی کەسایەتیی مێرمنداڵان و گەنجەکان، بەتایبەتییش دەبینین ئێستا ئەو توێژانە چۆن ڕوویان لە مزگەوتەکان کردوە. دەسەڵات بێدەنگە لە ئاست تەبلیغاتی ئەو مەلایانەدا، کوردستانی باشوور دەبوو ببوایەتە نموونەیەکی جوان بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان، کەچی بەداخەوە ئێمە پێچەوانەکەی دەبینین. جوانکردنی ڕوخساری شەقام و شارەکان چ نرخێکی هەیە کە کەلتوورەکەمان پاک نەکەینەوە لە دیاردە ناحەزەکان.

***شەهلا دەباغی: ئایا ئیمکانی هاوکاری بەرین لە ناو ژنان بە بیری جیاواز، هەیە و ئەگەر نا، گرفتەکانی سەر ڕێگا چین؟ ئەگەر خۆشت بابەتێک بە گرینگ دەزانی کە پێتوایە دەکرێ باسی بکەی، بینوسە؟***

*کوێستان فتوحی:* بەڵام لە کام بواردا چالاکییەکانمان کۆبکەینەوە؟ ژن دەبێ بیری کۆمەڵگە بورووژێنێ. ژن دەبێ بە ئامانجی ئازاد بوون و رزگاربوون لەو دۆخەی تێیدایە خەبات بکا و لە هەموو بوارێکدا چالاک بێ. لە سیاسەت، کار لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، نووسین، لە هەر بوارێک دا دەبێ بە ئامانجەوە هەنگاو هەڵێنێتەوە. ژن دەبێ لە سیاسەت و دەسەلات دا بەشدار بێ، هێز بێ بۆ ئەوەی لە دارشتنی بڕیار و قانووندا شەریک بێ. ئێمە نابێ دڵمان خۆش بێ بە دانانی رێژە بۆ ژنان لە دەسەلات و رێبەریی حیزبەکان دا، بەڵکوو دەبێ دڵمان بە ژنی ئاگا و نەترس خۆش بێ کە رێیان دەکەوێتە پۆستە بەرزەکان. با هەر نەڵێن ژن بێ و بەس. هەوڵ بدەین ژنانێک رێیان بکەوێتە ئەو شوێنانە کە دەنگی راستەقینەی خۆمان بن هەڵبەت لێرەدا باسی مەسەلەی ژنە، ئەگینا لە مافدا ژن و پیاو جیا ناکرێنەوە.

هەروەها پێم وایە بواری کەلتوورییش زۆر گرنگە. ئاستی رۆشنبیری و کەلتووریمان بەداخەوە لە سەر مافەکانی ژن، منداڵ و لاو سەقەتە. بۆ ئەوەی ئەم کێشانە قسەیان لەسەر بکرێ. ژنانی چالاک و ئازا بەتایبەتی لەم بەشە ئازادکراوەی کوردستان دەبێ کارێک بکەن ببنە هێزی فشار بۆ سەر دەسەلاتداران، حیزبەکان، راگەیەنەکان، رووناکبیران وهەموو ئەوانەی خۆیان بە خەمخۆری مافەکانی مرۆڤ دەزانن. ئەرکی ژنی ئازا و رووناکبیر ئەوەیە تابۆ و شتە چەقبەستووەکان بخاتە بەردەم رەخنە. بە ئاگایی ئازایەتیی و وریاییەوە دەبێ بەرپەرچی تەبلیغاتی نێو مینبەری مزگەوتەکان کە دەبنە هۆی سووکایەتی بەژن بدەنەوە. ژنان و رێکخراوەکانییان پێویستە یەکگرتوو بن لە ئاست کۆنەپارێزاندا و نەیەڵن منداڵان و لاوەکان بەقسەی کەسانێک هەڵفریوێن کە بۆ ئەم دنیایە ناژین. ژنان یەکسانیی و دادپەروەرییان بۆ ئینسانەکان دەوێ. با ئەو یەکسانییە و داد پەروەرییە لە بنەماڵەی خۆمانەوە دەست پێ بکەن. لە شەقام، ماڵ، شوێنی کار و هەر شوێنێک ئەگەر ناهەقییەکمان لەگەڵ کرا بێدەنگ نەبین. لە هەر شار و شارۆچکە و گوندێک ژنێک کوژرا، دەبێ رێکخراوەکان هەڵوێستی جیددی بگرن. رێکخراوی ژنان دەبێ کێشەکان بێنێتەبەرباس. بە یەکگرتوویی و جیدییەتی هەموولایەکە دەتوانرێ داهاتوویەکی باشتر بۆ ژنان لە کوردستان دابین بکرێ.

١٦ی ئەپریلی ٢٠١٣

## دنیای سەرمایەداری سیاسەتمەدارێکی کارامەی لەدەستدا!

بە دوای مردنی مارگارێت تاچێر، سەرۆکوەزیری پێشووی بریتانیاو بڵاوبوونەوەی هەواڵی مردنەکەی، زۆر لە کەسایەتیو رێبەرانو سیاسەتمەدارانی دنیا بەم بۆنەیەوە باسیان لە کەسایەتیو تایبەتمەندییەکانی ئەو ژنە سیاسەتمەدارە کۆچکردووەی بریتانیا کردو جارێکی دیکە باسو هەڵسەنگاندنیان لە سێ دەورە دەسەڵاتو سیاسەتەکانی ناوبراو کردەوە.

رۆژی دووشەممە ١٨ی خاکەلێوە مارگرێت تاچێر یەکەمو تەنیا سەرۆکوەزیری ژن لە بریتانیا لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. ناوبراو رێبەری پێشووی حیزبی موحافیزەکارانی بریتانیا بوو. ئەو حیزبە یەکێکە لە حیزبە سیاسییە گرنگەکانی بریتانیا کە لە سەدەی ١٩وە لە وڵاتی ئینگلستان تێکۆشانی سیاسیی هەیە. حیزبی موحافیزەکار زۆرتر لە گەڵ حیزبی کرێکار لە بریتانیا لە ململانێدایە.

سیاسەتەکانی خانمی تاچێر لە دەیەی هەشتادا، وەک بەرتەسککردنەوەی سەندیکا کرێکارییەکان لە بریتانیا، قەبووڵنەکردنی ناوی زیندانیی سیاسی بۆ موخالیفانی خۆی لە زیندان، رەفتاری نادادپەروەرانەی ناوبراو لەگەڵ مەعدەنچییەکان لە دەیەی ١٩٨٠دا، لابردنی ژەمەشیری قوتابییان لە قوتابخانەکان، هەڵوێستی لە ئاست کارەساتی یاریگای «هیلزبورو» لە ساڵی ١٩٨٩دا کە لە کاتی تەماشای فووتباڵ لە رووداوێکدا ٩٦ کەس گیانیان لەدەست دا، کە ئەم کارانە هەموو لە دەورەی یەکەمی سەرۆکوەزیریی مارگارێت تاچێردا دەستیان پێکردو بوون بەهۆی ئەوە بەشێکی گەورەو گرنگی کۆمەڵەو توێژە کرێکارییەکان لە بریتانیا، ژنانی فیمینیستو زیندانییانی سیاسیی دەیەی ٨٠، لە ناوبراو بێزار بنو ناخۆشیان بوێ. هەربۆیە توێژی کرێکارو کۆمۆنیستەکان بە مردنی ناوبراو نەک بەپەرۆش نەبوون بەڵکوو تا رادەیەکیش خۆشحاڵیی خۆیان لە مردنی ناوبراو دەربڕی.

- لە کارەساتی یاریگای «هیلزبورو» لە ١٩٨٩دا ئەو کاتە سەرپۆش بەسەر راستییەکاندا دراو نەگوترا پۆلیس بەدرەنگەوە بۆ رزگارکردنی گیانی قوربانییان دەستبەکار بووەو بۆیە ئەم هەموو قوربانییەی لێکەوتەوە. تەنانەت ئەو کاتە قوربانییەکان بە تاوانباری رووداوەکە ناسێندرانو وەک ئاژاوەگێڕ ناویان لێنرا. هێندێک لە کەسایەتییە سیاسییەکانی بریتانیا ئەو رووداوە بە کارەساتێکی گەورەو هەرلەوکاتەشدا بێزهەستێن بۆ مێژووی

دادوەریی بریتانیا لەقەڵەم دەدەن. دێڤید کامیرۆن، سەرۆکوەزیری ئێستای بریتانیا لەم ساڵانەی دواییدا داوای لێبووردنی لە بنەماڵەی قوربانییەکان کرد. ئەوە لە کاتێکدایە کە مارگارێت تاچێر سەرۆکوەزیری ئەوکاتی بریتانیا ئەو کاتە لە چۆنیەتیی لێپرسینەوەکانی ئەو رووداوە ئاگادار بووەو لێی روون بووە کە کوژراوەکانی ئەو رووداوە نە رەفتارێکی توندوتیژیان لەخۆیان نیشان دابوو نە رەفتاریان نائاساییی بوو، بەڵکوو تەنیا قوربانیی هەڵەو کەمتەرخەمییەکانی پۆلیس بوون کە نەیانتوانیبوو کۆنترۆڵی چوونی خەڵک بۆ نێو یاریگاکە بکەنو زیاتر لە رێژەی خۆی خەڵک بۆ تەماشا چووبوونو دواتر ئەم رووداوەی لێکەوتەوە.

## تاچێر بۆچی بە «خاتوونی ئاسنین» ناوبانگی دەرکرد؟

ئەمن نامەوێ لەم کورتە وتارەدا باسی کەسایەتیی مارگارێت تاچێرو هەموو تایبەتمەندییەکانی بکەم، یان رەتی بکەمەوە کە سیاسەتمەدارێکی سەرکەوتوو بووە، بەڵکوو دەمەوێ تەنیا ئەوە بڵێم کە سەرکەوتنو ناوبانگی ئەو خانمە لە بەر ئەوە نەبووە شەڕی دادپەروەری بۆ جیهان بکا. بەڵکوو ئەو نمادی دەسەڵاتو سیستمی سەرمایەداری لە سەدەی بیستەمدا بووە. مارگارێت تاچێر لە مەیدانی سیاسەتو دەسەڵاتدا ناکرێ وەک ژنێکی سەرکەوتوو ناوی نەهێنرێ، بەڵام دەبێ بڵێین سەرکەوتوو لە چبوارێکداو بە چنرخیک؟ لە بواری سووربوونو ڕاوەستان لەسەر سیاسەتی بەرژەوەندیخوازانەی وڵاتەکەیو بە نرخی قوربانی کردنی مافو بەرژەوەندیی خەباتکارانو ئازادیخوازانی وڵاتانی دیکە لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی خۆی. بەڕاستی لەو مەیدانەدا قورسو قایم وەک پۆڵا ڕاوەستاو سیاسەتی خۆی بردە پێشەوە. تەنانەت لە وڵاتەکەی خۆشیدا، دادپەروەرانە سیاسەتی نەکرد. دیارە بواری سیاسەت پێوەندیی بە ژن بوونو پیاو بوونەوە نیە، بەڵکوو ئەوە باوەڕ بەخۆبوونو شێلگیربوون لە سەر سیاسەتەکانی خۆی بوو کە خانمی تاچێری کردبووە «خاتوونی ئاسنین».

تاچێر وەک ژن، شەڕی دەسەڵاتو بەرژەوەندیخوازیی نەکردوە، بەڵکوو وەک سیاسەتمەدارێک لە مەیدانی سیاسەتدا، کە هەمووکات مەیدانێکی پیاوانە بووە، ئەوشەڕەی بردۆتەوە. ئاشکرایە ئەگەر ژنانێکیش تاکو تەرا هەڵکەوتبن لەو مەیدانەدا سەرکەوتوو بووبن، بەهۆی ئەو باوەڕ بەخۆبوونە بووە کە لەو بوارەدا بوویانەو سیاسەتیان کردوە. خانمی تاچێریش یەکێک بووە لەو سیاسەتمەدارە گەورانەی کە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی حیزبەکەی مافی هەزاران ئینسانی لە وڵاتەکەی خۆیدا پێشێل کردوە. ئینسانێک بووە بە چاوێکی دادپەروەرانە نەیڕوانیوەتە ماف، ژیان و ئازادییەکانی ئینسانەکان، بەڵکوو بەرژەوەندیو پاراستنی دەسەڵاتەکەی لە هەموو

شتێک بەلاوە گرنگتر بووە.

لە دەورانی دەسەڵاتی مارگارێت تاچێردا لە زۆر وڵاتان ژنان لە هەلومەرجێکی نالەباری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بوون، بەڵام ئەو کە دەسەڵاتی وڵاتێکی زلهێزی وەک بریتانیای بەدەستەوە بوو، قەت نارەزایەتیی بەرامبەر ئەو وڵاتانە دەرنەبڕی کە لەواندا ژنانو توێژە هەژارو زەحمەتکێشەکان لە بێبەشیدا بوون.

تاچێر ژنێکی سەرکەوتوو و وەک ئاسن قایمو بەهێز بووە، لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی سیستمی سەرمایەداریو سیستمی پیاوسالاری لە جیهاندا. سیستمێک کە بناغەکەی لەسەر ناعەدالەتی دامەزراوە. بۆیە زۆربەی فیمینیستەکانی بریتانیا لێی بێزار بوون. بەتایبەتی ژنانی شارۆچکە کرێکارییەکانو مەعدەنچییەکانی ئینگلستان کە لە گەورەترین نارەزایەتییە کرێکارییەکانی ئەو وڵاتەدا ساڵی ١٩٨٤ لە پێشەوەی خۆپیشاندانەکاندا بوون.

تاچێر سەلماندی سیاسەتمەدارێکی ژن ئەگەر بیهەوێ لە دنیای سیاسەتو دەسەڵاتو لە کایەی سیاسەتو سیاستبازیدا شان لە شانی پیاوانی سیاسەتمەدارو دەسەڵاتدار بداو وەک ژنێکی بەهێزو سەرکەوتوو بناسرێ، دەبێ جێی متمانەی جیهانی سەرمایەداریو پیاوسالار بێو نە بەرژەوەندیی ژنانو توێژی زەحمەتکێشی بەلاوە گرنگ بێ نە پاراستنی دادپەروەری.

## کورتەیەک لە ژیانی مارگرێت تاچێر

لە ساڵی ١٩٢٥ لە گرانتهام لە نزیک شاری لەندەنی ئینگلستان لەدایک بوو. لیسانسی هونەری لە دانشگای ئاکسفۆرد وەرگرتو دواتر لە دوو ڕشتەی شیمیو حوقووقدا درێژەی بە خوێندن داو لە هەر دوو ڕشتەکەدا لیسانسی وەرگرت. پاشان بە سەرپەرستیی گرووپی خوێندکارانی ئەندامی حیزبی موحافیزەکار لە دانشگای ئاکسفۆرد هەڵبژێردرا.

تاچێر لە ساڵی ١٩٧٢دا لەگەڵ دێنیس تاچێر یەکێک لە بەرپرسانی سەرمایەداریی سەنعەتی نەوت، ژیانی هاوبەشی پێک هێناو بوون بە خاوەنی کچێکو دوو کوڕ. تاچێر ماوەیەک لە دادگا کاری وەکالەتی دەکرد.

لە ١٩٥٩دا بە نوێنەری مەجلیسی عەوامی ئینگلیس هەڵبژێردراو لە دەوڵەتی حیزبی موحافیزەکار لە ساڵی ١٩٧٠دا بەرپرسایەتیی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنی بەئەستۆوە بوو.

ساڵی ١٩٧٥ بە ڕێبەری حیزبی موحافیزەکار هەڵبژێردرا. ئەوە یەکەمین جار بوو لە مێژووی ئینگلستاندا ژنێک دەبووە ڕێبەری حیزبێکی سیاسیی گەورەی ئەو وڵاتە.

لە سێیەمی مانگی مای ١٩٧٩ کە موحافیزەکارەکان لە هەڵبژاردنی پارلمانیدا سەرکەوتن، تاچێر بە سەرۆکوەزیری ئینگلستان هەڵبژێردرا.

تاچێر بۆ جاری دووهەم لە ٩ی ژوئەنی ١٩٨٣و بۆ جاری سێهەم لە ١١ی ژوئەنی ١٩٨٧ لە پۆستی سەرۆک وەزیریدا مایەوە.

تاچێر هەمووکات هاوپەیمانو پشتیوانی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ئورووپا بووە. هەر لە چوارچێوەی ئەم ڕوانینەیدا بووە، یەکیەتیی دراویی ئورووپا یان پەیماننامەی یەکەتیی ئورووپای بێسنوور، لەگەڵ سیاسەتو کارشکێنیی دەوڵەتی تاچێر بەرورووبۆتەوە.

ناوبراو پاش ١١ ساڵ سەرۆک وەزیری و ١٥ ساڵ ڕێبەریی حیزبی موحافیزەکار لە ٢٢ی نوامبری ١٩٩٠ دا لە پۆستی سەرۆکوەزیری کشایەوە، بەڵام چەند ساڵێک وەک نوێنەری حیزبی موحافیزەکار لە پارلماندا درێژەی بە تێکۆشانی سیاسیی خۆی دا.

تاچێر ئاوریلی، ٢٠١٣ بە هۆی پیریو نەخۆشی مالاوایی لە ژیان کرد.

تێبینی:

ئەم وتارانەی لە لینکی" بیروڕای ئازاد" دا بڵاو دەبنەوە، تەعبیر لە راو بۆچوونی نووسەرەکانیان دەکەن و "کوردستانوکورد" وەک ڕێز دانان بۆ بیرورای ئازاد دەیانخاتە بەر نەزەریخوێنەران.

له ژماره ٦٠٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٣

# پیویسته ئەم هاوپێوەندی و یەکدەنگییەمان بپارێزین و بیکەین بە دەسمایە بۆ حەرەکەتەکانی داهاتوومان

ئەو ڕووداوەی له مەریـوان ڕوویـدا، هیچ حاشـای لێنـاکرێ سـووکایەتییەکی ئاشکرای دەسـەڵات و سیسـتمی قەزایـی کۆماری ئیسلامی بوو بە ژن. لەبیرمان بێ ئەو حوکمەی دەزگای قەزایـی کۆمـاری ئیسلامی له مەریـوان درا و بەڕێوە برا. له ڕووی بیرو باوەڕەوە بوو. له باوەڕی کاربەدەستان و بڕیاردەرانی ئەو سیستمەدا ژن مرۆڤێکی سووکه بـۆیه دێن لیباسی ژن دەکەنه بەر پیاویکی تـاوانبار بۆ تەمبێ کردنی!

به دوای ئـەم سووکایەتییه دا، حەرەکەتێکی نارەزایەتیدەربڕین لـه شـاری مەریوان وەڕێ خـرا کـه پێشـەنگەکەی، ژنــان بــوون. پاشـانیش کەمپـەینێک لـه ژێـر نـاوی " ژنبـوون کەرەسـەیەک نـیه بـۆ سـووکایەتی و سـزادانی هـیچ کەسێک"بـەڕێوه چوو، دەتـوانم بڵێم پیـاوانی یەکسـانیخواز و دیموکرات و بـوێر لـەم کەمپەینـه دا ڕۆڵـی سـەرەکیان هەبوو.

پێش هەموو شتێک ئەو حەرەکەته دەبێ وەک چالاکییەکی مەدەنیی شوێندانەر چاوی لێبکەین، چـالاکییەک کـه هـەم له کورتخایەن دا، دەسکەوتی هەبوو، هەم کاریگەری دەبێ له سـەر حەرەکەتەکـانی داهـاتووی ژنـان له کوردسـتان. ڕاسته چەخماخەی ئەم حەرەکەته ژنانی مەریوان لێیان دا، بەڵام به پشتیوانیی ژنان و پیـاوانی بـوێر و ڕچەشکێن له کوردستان و دەرەوەی وڵات، توانی بگاته ئەو جێگایه.

با هەڵوێستەیەک له سەر چەند لایەنێکی ئەم حەرەکەته بکەین. له پێشدا با له سەر پاڵنەر و زەمینەکانی

وەڕێکەوتنی ئەو کەمپەینە بوەستین کە دوای حەرەکەتی وشیارانەی ژنانی مەریوان دەستی پێکرد.
کاتێک دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە شاری مەریوان دێن لەبەرکردنی جلوبەرگی ژنانی وەک سزایەک بۆ پیاوێکی تاوانبار دیاری دەکەن و بەناو شاردا دەیگێڕن، دەبوو نەک هەر لە مەریوان بەڵکوو لە هەمووکوردستان و ئێران بەم حوکمە ئێعتراز بکەن، بەڵام بەداخەوە ئەوە نەدیترا.

ئەوەندەی پێوەندیی بە پیاوانەوە هەیە: سووکایەتی کردن بە ژن، سووکایەتی کردنە بە مرۆڤایەتی، هەر پیاوێک باوەڕی بە مرۆڤبوونی ژن و یەکسانیی ژن و پیاوەوە هەبێ، ناتوانی لە ئاست سووکایەتیی بە ژن، بێدەنگ و بێهەڵوێست بێ.

ئەوەی کە کۆمەڵێک پیاو بە نیشانەی پشتیوانی لە نارەزایەتی چالاکانی ژن لە مەریوان و ئێعتراز بەم حوکمە پڕلەسووکایەتییە هاتن جلوبەرگی ژنانیان لەبەر کرد بۆ ئەوە بوو بە کۆماری ئیسلامی بڵێن:

ئەگەر تۆ ژنبوون تەحقیر دەکەی و دەتەوێ بە لەبەرکردنی جلوبەرگی ژنانە سووکایەتی بە کەسێک لە ڕەگەزی نێرینە بکەی، ئێمەی پیاو، دژی ئەم ڕوانینە دواکەوتووانەیەت دەوەستینەوە و بۆ نیشاندان و سەلماندنی باوەڕمان بە شەئن و ئینسانبوونی ژن، ئامادەین جلوبەرگی ئەوان لە بەر بکەین! هەربۆیە ئەم حەرەکەتەی پیاوان بەرپەرچدانەوەی ئەو جۆرە ڕوانین و بیرکردنەوە پڕ شوورەییەی ی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بوو.

ئەم هەنگاوە لەگەڵ ئەوەی حەرەکەتێکی سەمبولیک بوو لەهەمان کاتیشدا بوو بە هۆی ئەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینترنێت و سایت و کاناڵەکانی ڕاگەیەنداندا، دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبێ، و ببیتە هۆی وەڕیکەوتنی پشتیوانییەکی باش بۆ نارەزایەتیی ژنانی چالاک لە مەریوان.

**بەڵام با کەموکووڕییەکانیش نەشارینەوە.**

لە مەریوان کاتێک ئەم سووکایەتیکردنە ڕووی دا، خەڵک زۆر ئاسایی چاویان لە قەتاری ماشێنی هێزە ئینتیزامییەکان دەکرد! بەبێ ئەوەی داچڵەکینێک ڕوو بدا. ڕۆژی دواتر کە دژی ئەم سووکایەتییە دەنگی نارەزایەتیی بەرز کرایەوە و هاتنە سەرشەقام ئەو حەرەکەتەیان وەڕێ خست، ژمارەیەکی کەم لە چالاکانی مەدەنی بوون. فیلم

و وێنەکان ئەوەمان پێ نیشان دەدەن....

بەڵام گەورە بوونەوەکەی: چەند چالاکێکی ژن لە فەیسبووک دا روویان لە پیاوان کرد و پێیان وتن "ئەگەر دەتانەوێ پشتیوانی ئەم حەرەکەتە بن بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت بە سووک سەیرکردنی ژنان، لیباسی ژنان لەبەر بکەن". بە خۆشییەوە ئەو کارە لە لایەن کۆمەڵێک لە پیاوانەوە دەستی پێکرد و لە لاپەڕەی فیسبووک و راگەیەنەکاندا دەنگدانەوە و رەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو. رەنگە ئەگەر پیاوان ئەو حەرەکەتەیان نەکردایە، بەو جۆرەی ئێستا ئەو دەنگدانەوەیەی نەبوایە.

بەڵام با ئەوەش نەشارینەوە لە نێو بەشێک لەو پیاوانەدا خەریکە ئەسڵی مەسەلەکە کە سووکایەتییە بە ژنان، دەخرێتە پەراوێزەوە. چونکە ئەوەی بە لایانەوە گرنگە، کوردی بوونی جلوبەرگێکە کە لەبەر پیاوە تاوانبارەکە کراوە نەک ژنانەبوونی جلوبەرگەکە!! هەر بۆیە لە جیاتی سەیرکردنی کردەوەکە وەک سووکایەتی بە ژن، وەک تەوهین بە کورد و کوردایەتیی باسی دەکەن.

هاورێیان! حاشا لەوە ناکرێ کە دوژمنانی نەتەوەی کورد لەمێژە بە شێوەهای جۆراوجۆر سووکایەتی بەم نەتەوەیە دەکەن. بەڵام لەوەی مەریواندا کێشەکە شتێکی دیکە بوو. سووکایەتیی راستەوخۆبوو بە مرۆڤی ژن. بەبڕوای من لەو مەسەلەیەشدا خەریکە کێشە ئەسڵییەکە دەخرێتە پەراوێز.

جێی خۆیەتی لێرەدا ئەوش بڵێین، لەنێو هەربزووتنەوەیەکی کوردا، پرسی یەکسانیخوازی و کێشەکانی ژنان، کەوتۆتە پەراوێز! بەڵام ئەوحەرەکەتەی پیاوان بە دوای ئەم سووکایەتییە دا، دستیان پێکردوە گوتار و پەیامی ئینسانی و یەکسانیخوازانەی هەیە. با نەهێڵین ئەم لایەنە درەوشاوەی حەرەکەتەکە بە ناوی داکۆکی لە کوردایەتی و نەتەوەپەروەری، کەمرەنگ بکرێتەوە.

***

## رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆچی لە کوردستان ئەو کارە دەکا؟

خۆمان باش دەناسین، ئایا کۆماری ئیسلامی لە دابونەریتی کوردستان ڕادەبینێ بۆیە دەوێرێ کارێکی لەم شێوە

بکا؟ دابونەریتی کوردستان تا ئەمڕۆش بیرکردنەوەی بەسووک چاولەژن کردنی بەسەردا زاڵە. کێتان ئەم وشانە بە گوێتان ئاشنا نیە: پیاو نەبم کە تۆڵە نەستێنم! دەرپێی ژنانم لەبەر بێ کە فڵان کارەی نەکەم!

**بەڵام لەهەرحاڵدا ئەوحەرەکەتە پاشەکشەیەکی بە کۆماری ئیسلامی کرد.**

ڕێـژیم ترسی لـێ نیشت کە مەسـەلەکە گەورە بێتەوە و شـارەکانی دیـکەی کوردسـتانیش بگـرێتەوە، لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی دیفاع لەوکارە شەرماوییەی دەمڕاست و کاربەدەستانی خۆی بکا، چونکە نە لە قانوون دا هەیە و نە لە ئایینی ئیسلام دا ڕێگە دراوە بەم شێوەیە ئینسانێکی خەتاکار سزا بدری.

ناوەنـدی کاروبـاری ژنـان و بنەمـاڵە کە ناوەنـدێکی سـەر بە دەزگـای سـەرکۆماریی ڕژێمـی ئیسـلامیی ئێـرانە، لە ڕاگەیەندراوێکـدا ڕایگەیانـد کە گێڕانـی پیاوێـک بە لیباسـی ژنـانەوە لە مەریـوان، کـارێکی ناشایسـتە و ئەوان مەحکوومی دەکەن و داوایان لە پۆلیس کردوە بەهۆی ئەو کارەیان ڕوونکردنەوە بدەن.

**ئەم کارەی پۆلیسی مەریوان هەروەها لە لایەن ١٧ نوێنەری مەجلیسی شوڕای ئیسلامییەوە مەحکووم کرا.**

ئەو ناوەندە لە ڕاگەیەندراوەکەیدا دەڵێ: ئەو کارەی هێـزی ئینتیزامـی مەریـوان نیشـانەیەکی ڕوونە لە تێگەیشـتنی هەڵە لە جینسی ژن و نەناسینی ژنـان. لە درێـژەی ڕاگەیەنـدراوەکەدا هـاتووە: ویـژدانە نەنووسـتووەکان دەزانـن کە ئەو جۆرە کردارە گەوجانەیە، بەرهەمی ڕوانگە و سەلیقەی تاقە کەسییە و لە ڕوانگەی ' نیزامی کۆماری ئیسلامیی' دوورە.

ئـەو جـۆرە لێـدوان و ڕوونکردنەوانـە، چ بـۆ هێورکردنـەوەی وەزعەکـە بـن و چ بـۆ پێشـگیری لـە دووپاتبوونـەوەی کردەوەی لەم چەشنە، یەک ڕاستی دەگەیەنن کە حەرەکەتی ئەم دوایانە، کاریگەریی خۆی هەبووە.

**قسەی کۆتایی:**

لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی پاشەکشەیەکی کردوە، بەڵام ئێمە هیچ چاوڕوانییەکمان لەو دەسەڵات و سیستمە لە ئێراندا نیە، ڕوانینی بەرانبەر بە ژن بگۆڕێ.

بەڵام ئایا لەبەر کردنی جلوبەرگی ژنان لە لایەن پیاوانەوە دەکرێ ئاڵوگۆڕێکی فکری لە ڕوانینی خەڵکی کوردستان بە نیسبەت ژنانەوە پێک بێنێ؟ بەدڵنیاییەوە کۆمەڵگەی کوردستان لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارە و پیاوسالاری لەنێو هەست و نەستی هەرتاکی ئەو کۆمەلگەیەدا بە ژن و پیاوەوە هەیە، بەڵام دیسانیش ئەو جۆرە حەرەکەتانە نیشانەی ئەوەیە ئاڵوگۆڕێک لە ڕوانینەکاندا پێک هاتوە و نیشانەی ئەوەیە ریشەکانی پیاوسالاری خەریکە کەمکەم جێگەی خۆی دەدا بە یەکسانیخوازی و مرۆڤتەوەری.

با لێرەوە داوا لە هەموو ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز لە کوردستان بکەین کە پێویستە ئەم هاوپێوەندی و یەکدەنگییەمان بپارێزین و بیکەین بە دەسمایە بۆ حەرەکەتەکانی داهاتوومان.

کوردستان و کورد

٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٣

---

## کێشەی ژنانی کرێکار لە ژێر سێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا

لە مادده ی ٢٣ی بەیاننامەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوە:

«هەر ئینسانێک مافی هەیە کە کاری هەبێ و بە دڵخوازی خۆی هەلومەرجی کاریی بۆخۆی هەڵبژێرێ و دەوڵەت دەبێ بەرامبەر بە بێکاری پشتگیریی بکا.

هەر ئینسانێک مافی خۆیەتی بەبێ هیچ هەڵاواردنێک بۆ کاری وەک یەک مووچەی وەک یەک وەربگرێ».

لە مادده ٢٤ دا هاتووە:

«هەرئینسانێک پێویستیی بە حەسانەوەو کاتی دەستبەتاڵی هەیە، کاتی دیاریکراو بۆ کارو، مەرەخەسیە

دەورەیی‌یەکان دەبێ بە حوقووقەوە بێ.»

ئاوڕدانەوە لە هەلومەرجی کارو ژیانی کرێکاران لە وڵاتی ئێراندا پێویستی بە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەیەکی جیددیو ورد هەیە. لێرەدا تەنیا دەتوانم پێ لەسەر ئەو ڕاستی‌یە حاشاهەڵنەگرە دابگرم کە هەلومەرجی کارو ژیانی کرێکاران بە گشتی لە ئێراندا بەڕادەیەک دڵتەزێنو ئازاردەرە کە وشە ناتوانێ تەعبیر لە ژیانی جەهەننەمیی ئەوان بکا. لەم بابەتەدا ئاوڕێکی کورت لە هەلومەرجی ژنانی کرێکار لە ئێران دەدەینەوە.

ڕۆژی کرێکاران لە جیهاندا هەلێکە بۆ هێنانەبەرباسی کێشەو گیروگرفتەکانی کرێکارانو فشارهێنان بۆ سەر دەوڵەتەکان بۆ پێڕاگەیشتنیان. بەڵام لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی ئاخوندەکاندا کرێکاران تەنانەت لەو ڕۆژەشدا کە کراوەتە ڕۆژی کرێکار، لەگەڵ سەرکوتو ئازاردانی حاکمییەتی ئێران بەرەوڕوون.

ژنانی کرێکار بەهۆی ڕوانینی کۆنەپەرستانەی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهی، بۆ ژنان کە ڕوانینێکی نائینسانی‌یە، لەژێر فشارێکی چەندقاتدانو بەردەوام مافەکانیان لە لایەن کۆمەڵگەو دەسەڵاتو خاوەنکارەوە، پێشێل دەکرێن. ژنانی کرێکار لە ئێران، زۆر زیاتر لە زۆربەی وڵاتانی دیکەی جیهان، لە ژێر فشارو سەرکوتدان. ئاخر لە وڵاتێکدا کە ژن لە سەرەتایی‌ترین مافە ئینسانی‌یەکانی بێبەشەو هیچ بنیاتو قانوونێک نیە پشتیوانیی لێبکا دەبێ کرێکاری ژن لە چ هەلومەرجێکدا بێ؟

کرێکار لە ئێران چەوساوەترین توێژی کۆمەڵگەیە. کرێکاری ژن جگە لەوەی وەک هەر کرێکارێکی دیکە دەچەوسێتەوە، بە هۆی ژنبوونیشیەوە، چەندقات دەچەوسێتەوە. لە هەڵبژاردنی کاردا بەناڕەوا دەکەوێتە بەر هەڵاواردن، حوقووقی ئەو بە نیسبەت پیاوی کرێکار هەمیشە کەمترەو زۆر جاریش لە کاتی قەیرانو بێکاربوونی کرێکاراندا ژنانی کرێکار لە پێش پیاوانی کرێکاردا لەسەر کارەکانیان وەلادەنرێن. واتە ریسکی لەدەستدانی کار بۆ کرێکاری ژن لە چاو کرێکاری پیاو زۆر زیاترە.

کرێکاری ژن لە ئێران دوای چەندین سەعات کارو ماندووبوون تازە کە گەڕاشەوە ماڵەوە کاری دووهەمی دەست پێدەکا، کارەکانی ماڵێش لە چێشتلێنان، جلشۆردنو ڕاگەیشتن بە منداڵەوە بگرە تا دەگاتە خزمەت بە پیاوانی بنەماڵە! هێزو تواناو کاتێکی زۆری ئەم مرۆڤە بۆخۆی تەرخان دەکا. ئەوە لەحاڵێکدایە کە ئەو کارانە حیسابی

کاریان بۆ ناکرێ. چونکە بە پێی دابونەریتی پیاوسالاری، کاری ماڵ، ئەرکی سەرەکیو پیرۆزی ژنە. دیارە کەم پیاویش هەیە دوای کاری دەرەوە لە کارەکانی ماڵدا هاوکاریی شەریکی ژیانەکەی بکا. بۆیە ژنانی کرێکار دەبێ هەم لە بازاڕی کاردا خۆیان ماندووتر بکەن بۆئەوەی لێیان ڕازی بن، هەم لەماڵەوە ناچارن لە جیاتی حەسانەوە، ئەوەندەی دیکە ماندوو بن. لە ئاکامدا ئەو ئینسانە ئەگەر زۆریش بەهێز بێ بڕستی لێدەبڕێو زۆر جار تووشی نەخۆشیی جۆراوجۆر دەبێو بەناچار واز لە کاری دەرەوە دێنێ. لە هەمووشی ناخۆشتر ئەوەیە بزووتنەوە کرێکارییەکان لە ئاست ئەو هەموو زوڵمەی بەرانبەر بە ژنانی کرێکار دەکرێ، بێتەفاوەتنو لای ئەوانیش هەر وابزانە کرێکار یانی پیاو! نانهێنەری بنەماڵە یانی پیاو!

## بێکاری لەنێو ژناندا

سەرەڕای ئەو هەموو هەڵاواردنو ناعەدالەتییە کۆمەڵایەتییەی لە دژی ژنان لە کۆمەڵگەدا هەیە، دیسانیش توانیویانە لە زانکۆو خوێندنگەکان، ئەگەر ڕێژەیان لە پیاوان زیاتر نەبێ کەمتر نەبێ. هەر بەپێی ئامارەکانی دەوڵەت ٦٣ لەسەدی خوێندکاران لە زانکۆکان کچان پێکی دێنن. بەشێکی زۆر لە ژنان بە سەرنجدان بە توانایی زانستی، فێربوونو شارەزاییەک کە هەیانە، و هەروەها بە سەرنجدان بە هەلومەرجی ئابووریو ژیانی ئەمڕۆیی، بەدوای کاردا دەگەڕێن، بەڵام دیسانیش شانسێکی ئەوتۆیان لە وەرگیران لە بازاڕی کاری ئێراندا نیە. ئامارەکان ئەوە نیشان دەدەن کە بێکاری لە نێو ژنانێک کە بەدوای کاردا دەگەڕێن دوو بەرابەری پیاوانە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی لە دەورانی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەحمەدینەژاد دا، بە شێوەیەکی ئامانجدارو سیستماتیک سیاسەتی دوورخستنەی ژنانی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتیو سیاسیدا بردۆتە پێش، کە ئەمەش وردەوردە دوورکەوتنەوەی ژنان لە بازاڕی کاریشی لێکەوتۆتەوە. لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەی دەسەڵاتدارانی ئێراندا، دەتوانین ئیشارە بە بەڕێوەبردنی گەڵاڵەیەک بکەین کە قەرار بوو بە شێوەیەکی خۆویستانە لە بارەی کارمەندانی ژن لە ئیدارەکان دا بەڕێوە بچێ، کەچی ئەم بڕیارە بوو بە قانوون وئیجباری کرا. لە درێژەی سیاسەتی خانەنشینکردنی ژنان بە ناوی ڕاگەیشتن بە ئەرکی هاوسەریو دایکایەتی، مریەم موجتەهیدزادە، ڕاوێژکاری ئەحمەدینەژادو بەرپرسی ناوەندی کاروباری خانمان، گەڵاڵەیەکی بۆ هەیئەتی دەوڵەت ئامادە کردبوو کە لەوێشدا بە پێی ئەو گەڵاڵەیە مەرەخەسیی منداڵبوون لە ٦ مانگەوە کرابووە ٩ مانگو سەعاتی شیردان لە یەک سەعاتەوە بۆ دوو سەعات، هەروەها لەو گەڵاڵەیەدا هاتبوو کە ژنان دەتوانن دوای مەرەخەسی منداڵبوونیش ٣ ساڵی دیکە

لە مەرەخەسی بێحوقـووق کەڵـک وەرگـرن. بە سـەرنجدان بەم تەرحو بەرنامـانەی دەوڵەت، جگە لەوەی بنەمـاڵە هاندەدرێ بۆ منداڵ زۆر کردنو دوورکەوتـنەوەی ژنـان لە بـازاڕی کـار، ئیدارەو کارفەرماکـانیش بەمشێوەیە مەیلی ئەوەیان نابێ کە ژن دامەزرێنن.

مەسـەلەیەک کە نـابێ چاوپۆشیی لێبکـرێ ئەوەیە کـە کەلتـووری زاڵ بە سـەر کـۆمەڵگەی ئێـراندا کەلتـووریکی پیاوسالارانەیە. هەربـۆیە لەو کەلتـوورەدا ژنـان نـاتوانن بە ئاسـانی لە بـازاڕی کـاردا، دەرکەونو هەلەکـانی کـار بقۆزنەوە. ئێستاش زۆربەی ئەو ئیمتیازانەی تایبـەتن بـە کەسێکی کە خوازیـاری کـارە، وەبەر پیـاو دەکەون. یـانی ئەگەر ژنێکو پیاوێک بە تـایبەتمەندیی وەک یەکەوە بچن لە شیرکەتێک یان کارخـانەیەک داوای کـار بکەن، ئەوە پیاوەکەیە لە پێشدا شانسی وەرگیرانی هەیە. یان کاتێک ژنێک لە شیرکەتێک یـان ئیدارەیەک کـار دەکـاو لەگەڵ پیاوێـک کە هەر وەک ئەو لەو شـوێنە کاردەکـاو هەلومەرجەکەیـان وەک یەکە، بـۆ نمـوونە هەردووکیـان سـەعاتی کارەکەیـانو بەرپرسـایەتییەکەیان وەک یەکە، ئەو دوو ئینسـانە وەک یەک حیسـابیان بـۆ نـاکرێو حوقـووقی وەک یەکیان نیە. دیارە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕوانگەیەی لە کۆمەڵگەدا زاڵە، ڕوانگەی بەلاواززانینی ژن. هەروەهـا دەوڵەتیش ئەو نابەرابەرییەی بە ماددە قانوونییەکانی پەرەپێداوە.

لە پێوەندی لەگەڵ حوقـووقی کرێکـاری ژنو کرێکـاری پیـاودا، هەڵاواردن دیـاردەیەکی جیهـانییەو تـایبەت نیە بە وڵاتێک یان چەند وڵاتەوە. تەنانەت لە وڵاتـانی پێشکەوتووشدا حوقووقی ژنێکی کرێکار، ٧٠ لە سەدی حوقووقی پیـاوێکی کرێکـارە. بەڵام لە وڵاتـانی دواکەوتـوودا ئەم مەسـەلەیە زۆر خراپتـرەو جگە لەوەی کرێکـارێکی ژن لە بەرابەر کـاری وەک یەکدا نیوەی حقوقـووقی کرێکـارێکی پیـاو وەردەگـرێ، زۆر زیـاتر لەوەش بەهـۆی ئەو ڕوانیـنە پیاوسالارانەیەوە کە زاڵە، مافەکانی پێشێل دەکرێن.

یەکێکی دیکە لە کێشەکان ئەوەیە کرێکارانی ژن لە ئێران زۆرتـر لەو کارگایـانەدا خەریکی کـارن، کە جگە لەوەی مەرجەکـانی تەندروستییان بـۆ کرێکـار تێدا نیە، هیچ چاوەدێرییەکی قانوونییشیان بەسـەرەوە نیە. بـۆیە لەو شوێنانە هەمیشە سەرەتاییترین مافی کرێکارێک پێشێل دەکرێ، کە سەعاتی کارو حەقدەستی دیـاریکراوە، بیمەی دەرمــانیو پەککەوتەیــی، بەتــایبەتی کرێکــاری ژن لە مەرخەســیی منــداڵبوون، لە شــوێنێک بــۆ حەوانەوەی منداڵەکانیان (مهد کودک) بێبەشن و زۆر جـار ١٠ تـا ١٢ سـەعاتیش کـاردەکەنو سەرەڕای هەمـوو ئەوانە زۆر جـار لەلایەن خاوەنکارەوە دەکەونە بەر ڕەفتاری توندوتیژو پڕ لە سووکایەتی بەبێ ئەوەی یاسایەک هەبێ بۆ

پشتیوانیلێکردنیان.

هەر لایەنێکی ژیانی ژن لە ئێران چاو لێبکەین، پڕە لە ناعەدالەتیو لە پێشێلکردنی مافە ئینسانییەکانی. لە ژێر سایەی حاکمییەتی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامیدا، هیچ هیوایەک بە باشبوونی هەلومەرجی ژیانی توێژە چەوساوەکان بە تایبەتی ژنان نیە. هەر بۆیە تەنیا بەخەباتی بەرینی هەموو چینو توێژە چەوساوەو ستەم لێکراوەکان و بە هێنانەسەرکاری سیستەمێکی سیاسیی دیموکرات، دادپەروەرو ولامدەر، دەتوانین دوارۆژێکی باشتر بۆ ژنانو توێژە چەوساوەکانی دیکە دابین بکەین.

لە ژمارە ٦٠٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بلاو بۆتەوە.

٧ی مای ٢٠١٣

## ئێعتیاد لە نیو ژنانی ئێراندا

کارناسانی بواری کۆمەلایەتی دەلێن، ئێعتیاد نەخۆشییە. تووشبوون بە هەر نەخۆشییەکیش هۆکارو دەرمانی خۆی هەیە. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی تووشبوون بە مادە هۆشبەرەکان، بێکارییە. بێکاری سەرچاوەی زۆر لە کێشە کۆمەلایەتییەکانە. کەسی بێکار لەلایەن دەوروبەرەوە دەکەوێتە ژێر فشار، ئەمەش ئارامیی دەروونیی کەسەکە تێک دەداو بۆ خۆدەربازکردن لەو دۆخەی تێی کەوتوە، پەنا دەباتە بەر مادە هۆشبەرەکانو لە کۆتاییدا دەکەوێتە داوی بەلایەکی مالوێرانکەری وەک ئێعتیاد.

«لە هەر سەعاتێکدا ٣٠ موعتادو فرۆشیاری مەوادی موخەدیر لە ئێران دەستبەسەر دەکرێن». ئەوە سەردێڕی هەوالێکە کە رۆژی ١٢ی خاکەلێوە لە زمان بەرپرسی ستادی بەربەرەکانی لەگەل مادە هۆشبەرەکان لە راگەیەنەکانی ئێراندا بلاو کرایەوە. هەر ئەو هەوالە باسی لەوە کردوە کە ستادی بەربەرەکانی لەگەل مادە هۆشبەرەکان، سالی ڕابردوو دەستی بە سەر ٥٠٠ تۆن مادەی هۆشبەردا گرتوە.

ئەگەرچی ئاماری گیراوانی پێوەندیدار بە مادە هۆشبەرەکانو ئەو مەوادانەی دەستیان بەسەردا گیراوە، نیشان دەدا کە مەسەلەی مادە هۆشبەرەکان لە ئێران بۆتە مەسەلەیەکی مەترسیدارو کارەساتبار، بەڵام ئامارەکان لەلایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە لەو پێوەندی‌یەدا، هیچکات وەک هەن بڵاو ناکرێنەوە.

## ئامارەکان ناتەبایی‌یان هەیە

چەند ساڵێک بوو بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی رێژەی موعتادانیان لە ئێراندا یەک میلیۆن و ۲۰۰ هەزار کەسو ئەوانەی کە بە قەولی ئەوان بۆ رابواردن (تفنن) بەکاری دێنن، ۸۰۰ هەزار کەس ڕادەگەیاند. بەڵام دوایین ئامار کە لەلایەن ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ مادە هۆشبەرەکان بڵاو بۆتەوە، ژمارەی موعتادانی زیاتر لە ۲ میلیۆن ڕاگەیاندوە. هەر لەو پێوەندی‌یەدا رۆژنامەی «آرمان» لە دوایین ژمارەی ساڵی ۱۳۹۱ی خۆیدا لە زمان سەعید سەفائیان بەرپرسی پێشووی چارەسەری ئێعتیاد لە ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ مادە هۆشبەرەکان، نووسیویەتی: «ئاماری ڕاستەقینەی تووشبوان بە مادە هۆشبەرەکان لە ئێراندا گەیشتتە ۳ میلیۆن و ۶۰۰ هەزار کەس».

ئامارەکان لە زمان بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە هەرجارە قسە لە ڕێژەیەک دەکەن. ڕوون نیە چەند لەسەدی تووشبوان بە مادە هۆشبەرەکان یان ئەوانەی لەم پێوەندی‌یەدا دەستبەسەر دەکرێن، ژنانن. رۆژنامەی «قانون» لە مانگی ڕەشەمەی ۱۳۹۱دا نووسیویەتی ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ مادە هۆشبەرەکان، ئاشکرای کردوە کە ۲۷۰ هەزار ژنی تووشبوو بە مەوادی موخەدیر لەئێراندا هەن. ماوەیەک لەمەوپێش بەرپرسی رێکخراوی زیندانەکان ڕایگەیاند کە نیوەی ژنانی زیندانی، لە پێوەندیی لەگەڵ مادە هۆشبەرەکان دا کەوتوونەتە زیندانەوە. سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی بەربەرەکانی لەگەڵ مادە هۆشبەرەکان دەڵێ: «لە سەدا ۲۰ی تووشبووان بە مادە هۆشبەرەکان، ژنانن». هەرلەوکاتەدا یەکێکی دیکە لە بەرپرسانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی رایگەیاندوە کە ۳۵ لە سەدی تووشبوان بە مادە هۆشبەرەکان لە ئێران، ژنانن.

رۆژنامەی «قانون» نووسیویەتی، بەدواداچوونە قانوونی‌یەکان بە پێی ئەسنادو ڕاپۆرتەکانی ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ مادە هۆشبەرەکان، نیشانی داوە لە ۱میلیۆن و ۳۲۵ هەزار موعتادی ڕەسمیو راگەیەندراو لە ئێران، نزیک بە ۲۷۰ هەزار کەسیان ژنن، ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئامارە نارەسمی‌یەکان زیاتر لەو رێژەیان بەراورد کردوە.

## ڕوانینەکان بەرانبەر بە ژنی موعتاد

زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوەو سەرچاوانەی لە پێوەندی لەگەڵ ئێعتیادی ژناندا بڵاو بوونەوە، لە یەک خاڵدا هاوبەشن، ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی ئەو ژنانەی تووشی ئێعتیاد بوون، هاوسەری موعتادیان هەیەو ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هاوسەرەکانیان تووشیان کردوون.

لێکۆڵینەوەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ئێعتیادی ژنان لە کۆمەڵگەدا تا ڕادەیەک بە شاراوەیی ماوەتەوەو هیچکات ئامارەکان لە پێوەندیی لەگەڵ ژناندا روون نین. ئەمەش بە هۆی ڕوانینی کۆمەڵگەوەیە کە بە چاوێکی یەکجار پڕ لەسووکایەتی چاو لە ژنێک دەکرێ کە گیرۆدەی مادە هۆشبەرەکان بووە. یانی لە دیدی کۆمەڵگەوە ژنی موعتاد وەک لەشفرۆشێک وایە. بنەماڵەش لەترسی ئابڕووچوونو ڕیسوابوون لە کۆمەڵگەدا، جگە لەوەی مامەڵەیەکی خراپ لەگەڵ ئەو ئەندامەی خۆی دەکا، هەوڵ دەدا بەشاراوەیی بمێنێتەوە. ئەمەش ژنی موعتاد هێندەی دیکە دەخاتە نێو دۆخێکی مەترسیدارەوە. واتە زۆر جار ئەو ئیمکاناتەی بۆ تەرکی ئێعتیاد کەڵکی لێوەرگیراوە، وەک ناوەندەکانی تەرکی ئێعتیاد، ژنان لێی بێبەش بوون. ئەمەش هێندەی دیکە ئاکامی خراپی بۆ ژنی موعتاد لێکەوتۆتەوە. یان ئەوانەی دەبرێنە ناوەندەکانی تەرکی ئێعتیادو تەرکی دەکەن، بە هیوای دەستپێکردنی ژیانێکی ئاسایی ڕۆژێک لەو ناوەندانە دێنە دەرەوە، بەڵام دوای ئەوەش، بنەماڵەکانیان پشتیوانییان لێناکەنو زۆر جار خۆیان تێ ناگەیەنن. زۆر لەوانە بەهۆی تەنیاییو بێکەسی دیسان ڕوو دەکەنەوە ئەم بەڵا ماڵوێرانکەرەو ژیانیان دەکەوێتەوە مەترسی.

گۆڤاری پزیشکیی دەروونناسیی ئێران لە توێی لێکۆڵینەوەیەکدا کە هاوینی ساڵی ١٣٩٠ بڵاوی کردۆتەوە ، بەشێک لەو گیروگرفتو مەسەلانەی ژنانی موعتادی هێناوەتە بەرباس. لێکۆڵینەوەکە لە لایەن ٤ دوکتوری دەروونناسەوە لە سەر ٦٢ ژنی تووشبوو بە مادە هۆشبەرەکان لە دوو ناوەندی دەرمانیی تەرکی ئێعتیاد کراوە. وتووێژەکان لەگەڵ ژنانی ١٦ تا ٥٧ ساڵە کراون کە زۆرتریان تەمەنیان لە نیوان ٢٥ تا ٣٠ ساڵدا بووە. لە لێکۆڵینەوەکەدا هاتوە کە ئەوانەی لێکۆڵینەوەکەیان لەگەڵ کراوە لە توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە (لە باری ئابووریو کۆمەڵایەتییەوە) بوون. سەرەڕای ئەوەش لێکۆڵینەوەکە پڕە لە زانیاریی گرنگ کە لانی کەم وەزعییەتی بەشێکی زۆر لە ژنانی موعتاد نیشان دەدا.

### دەرکەوتەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەوانەن:

ئەو ژنانەی لێکۆڵینەوەکەیان لەسەر کراوە لە خوێندەواری سەرەتاییەوە تا خوێندەواری پلە بەرزیان تێدایە، ٩٠ لە سەدی ئەوانە بێکارو ٣٠ لەسەدیان بێماڵوحاڵ بوون. ٦٠ لەسەدیان ڕابردووی لەشفرۆشیان هەبووەو زیاتر لە ٩٠ لەسەدیان بۆ پەیداکردنی مادە هۆشبەرەکان ڕوویان لە کاری خیلاف کردوە. زیاتر لە نیوەیان لە ڕێی کڕینو فرۆشتنی مادە هۆشبەرەکان، لەشفرۆشیو دزیکردنەوە، ژیانی خۆیان بەڕێوە بردوە. نزیک بە نیوەیان ژنو مێرد هەردوویان کاریان هەبووە (شاغل) بوونو، نیوەیان ژنی بەمێرد بوونو لەدەست توندوتیژی جەستەییو دەروونیی هاوسەرەکانیان شکایەتیان هەبووە. زۆرتریشیان ژنانی سەڵت، بێماڵو بێجێوڕێ بوون. بەگشتی زیاتر لە نیوەی ژنانی موعتاد لە گەڵ توندوتیژیی جەستەییو جینسیو دەروونی بەرەوڕوو بوون. هەموو ئەو ژنە موعتادانە کە لە پشتیوانیی ماڵی بێبەش بوون، بۆ بەدەستهێنانی مەواد ڕوویان لە لەشفرۆشی، قەرزکردن، دزیو هەڵخەڵەتاندنی کچانی کەمتەمەنو.... کردوە.

ئەو ژنانە، سووکایەتیپێکران، وەلانران لە لایەن بنەماڵەو کۆمەڵگەوەو هەژارییان بە یەکێک لە سەرەکیترین کێشەکانی خۆیان ناو بردوە. بەتایبەتی دەرکردن و تۆمەتلێدان لەلایەن بنەماڵەوە یەکێک لە گرفتە هەرە سەرەکییەکانی ئەو ژنانە بووە.

بەسەرنجدان بەم مەسەلەیە، دەکرێ بڵێین سەرنجنەدان بە ئێعتیادی ژنانو شاردنەوەی ئێعتیادی ژنان لە لایەن بنەماڵەوە، لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا ئاکامێکی یەکجار خراپی بۆ کۆمەڵگە بە دواوە دەبێ. لە کەس شاراوە نیە کە بنەماڵە وەک چۆن دەتوانێ لە پاراستنی سڵامەتیی دەروونیی ئەندامەکانیدا کاریگەر بێ، دەتوانێ لە زەمینەخۆشکردن بۆ بەلاڕێدابردنیش دا ئەو کاریگەرییەی هەبێ.

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەی پسپۆرانو کارناسانی بواری کۆمەڵایەتی، مەترسیی ئێعتیادی ژنان لەسەر کۆمەڵگە لە هی پیاوان پترە. بۆ نموونە مەودای زەمانیی یەکەم مەسرەفکردن، تاکوو تەزریقی مەواد لە ژناندا ٢ ساڵە، بەڵام لە پیاواندا نزیک ٨ ساڵە. بەم شێوەیە ژنان ٦ ساڵ زووتر لە پیاوان، ئۆگری مەواد دەبن کە ئەمەش ڕوونە چارەسەرەکەشی دژوارتر دەبێ. هەروەها مردن بە هۆی مادە هۆشبەرەکانەوە لە ژناندا زووتر دەبێ، بەتایبەتی ئەوانەی زۆر مەسرەف دەکەن.

هەربۆیە ئەمڕۆ لە دنیادا بۆ پێشگیری لە ئێعتیادو تەرکی ئێعتیادی ژنان، سەرنجێکی تایبەتی دەدرێتە ئەم بوارە.

بەڵام لە ئێران کە یەکێکە لەو وڵاتانەی زۆرترین ئاماری ئێعتیادی هەیە ئەم سەرنجدانە نیەو بەداخەوە ژنان وەک هەموو لایەنو بوارەکانی دیکە پشتگوێ دەخرێن.

سەرچاوەکان:

ماڵپەڕی «خانه وکلا»
گۆڤاری ئینترنێتیی «برترینها»
ماڵپەڕی هەواڵدەریی «مهر»

لە ژمارە ٦٠٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

٢٢ی مای ٢٠١٣

## ژنانو هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران!

ژنان یەکەمین قوربانییانی شۆرشێکی جەماوەری لە ئێران بوون کە ئیسلامییەکان بە تەنیا خۆیان کردە خاوەنی. بە هاتنەسەرکاری رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر گرووپو لایەنو نەتەوەی ئێران بوون بە قوربانیی سیاسەتی سەرکوتو هەڵاواردن. بەڵام بەبێشک ژنان گەورەترین قوربانییانی ئەو شۆڕشە بە فیرۆچووە بوون کە ساڵی ١٣٥٧ لە دژی رێژیمی پاشایەتی کرا. چیرۆکی چەوساندنەوەو سووکایەتیکردن بە ژنان لە ئێرانی ژێر سایەی حاکمییەتی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی زیاتر لە سێدەیە دەسەڵاتداریدا، یەکێک لە لاپەڕە هەرە تاریکەکانی کارنامەی ئەو رێژیمەیە.

لە وڵاتانی دواکەوتوودا بەپێی رەسمو رێسای لەمێژینە، هێزو توانا وەک تایبەتمەندییەکی پیاوانە چاو لێدەکرێ، بۆیە بواری سیاسەتیش بە بەژنوبالای پیاو براوە! ژنان یان هەر رێگەیان پێنادرێ خۆ لە قەرەی

سیاسەت بدەن، یان زۆر بەکەمی دەرفەتیان پێدەدرێ. لەم وڵاتانەدا ژنێک کە ویستبێتی یان لەخۆیڕا دیبێ خۆ لەوبوارە بدا، لەگەڵ کێشەو گیروگرفتی زۆر بەرەوڕوو بۆتەوە. هەڵبەت زۆرن ئەو ژنانە کە بە بڕوایەکی پتەووەو بە دانی نرخی زۆر، خۆیان لەو بوارە داوە، بەڵام کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر ژیانی سیاسیی وڵاتەکەیان نەبووە. یەکێک لەو وڵاتانە ئێرانە کە جگە لەوەی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارە، دەسەڵاتێکی کۆنەپارێز، دژە ژن، دژە ئازادیو هەرچی بەها مرۆیییەکانە، خۆی بەسەر خەڵکانی ئێراندا سەپاندوە.

## هەڵبژاردن و ژنان!

یەکێک لە کێشەو گیروگرفتەکانی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی، ئەسڵی ۱۱۵ی ئەو قانوونەو مەسەلەی ڕێنەدان بە کاندیدبوونی ژن بۆ پۆستی سەرکۆمارییە.

### ئەسڵی ۱۱۵ی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی دەڵێ:

سەرکۆمار دەبێ لەنێو «رجال» سیاسیو مەزهەبیدا هەڵبژێردرێ کە ئەو مەرجانەی تێدا بێ: بەئەسڵ ئێرانی، مودیرو لێوەشاوە، خاوەنی ڕابردووی ئەمانەتداریو «تقوی»، بڕوامەند بە بنەماکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو مەزهەبی رەسمیی وڵات بێ.

زیاتر لە سێ دەیە لە پەسندکرانی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی ڕادەبرێو بەردەوام تا ئەمڕۆ ئەو پرسیارە دێو دەچێ کە ئایا وشەی «رجل» بە مانای پیاو دێ یان بە مانای کەسایەتی؟! ئەو باسو پرسیارە زیاتر لە کاتی هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا دێتەوە سەرئانتێنو لەلایەن چاوەدێرانی سیاسیو راگەیەنەکانەوە لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێ.
حاکمییەتی ئێرانیش تا ئێستا بەبێ ئەوەی بە ڕەسمی تەفسیرێکی ڕوونو ئاشکرای بۆ کردبێ، بەکردەوە دەریخستوە کە ڕێگە بە کاندیدبوونی ژنان بۆ پۆستی سەرکۆماری نادا. کێشەیەک کە بەردەوام بۆتە خەمی چالاکانی مافەکانی ژنان لە ئێراندا، بەڵام تاکوو ئێستا هەروەک خۆی ماوەتەوە.

چاوەدێرانی سیاسی لەسەر ئەو باوەڕەن کە قانوونی بنەڕەتیی ئێران لە بارەی بەشداریی ژنان لە هەڵبژاردنی

سەرکۆماریدا ناڕوونیی پێوە دیارە. دیارە دوو جۆر بۆچوون هەن، دەستەیەک لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەو وشەیە مانای ڕەگەزی ناگەیەنێ. یانی بەم پێیە رجالی سیاسیو مەزهەبی دەتوانن ببنە سەرکۆمار! واتە کەسێک دەتوانێ ببێتە سەرکۆمار کە بەپێی قانوون بەئەسڵ ئێرانی، پابەند بە بنەماکانی کۆماری ئیسلامیو مەزهەبی شیعە بێ، لێوەشاوەیی ئەو پۆستەی هەبێ، واتە  تواناو لیاقەتی ئەو بەرپرسایەتی‌یەی هەبێ. ئیتر گرنگ نیە ئەو کەسە پیاوە یان ژن. دەستەیەکی دیکەش دەڵێن «رجل» یانی «پیاو»و ئیدی ئەوە تەفسیر هەڵناگرێ. دیارە کەسانێکیش هەن دەڵێن «رجل سیاسی» پێویستی بە تەفسیرو لێکدانەوە نیە، بەڵکوو لە نیهایەتدا دەبێ ئەو مەسەلەیە بە عورفو ڕێسای کۆمەڵگە بسپێردرێ! ئەوە کۆمەڵگەیە هەڵدەسەنگێنێ کە ئەو کەسە بۆ ئەو پۆستە دەبێ یان نا! کۆمەڵگەی ئێمەش کۆمەڵگەیەکی سوننەتیو پیاوسالارە! واتە ڕوونە بەپێی ڕوانگەو عورفو ڕێسای کۆمەڵگەی ئێرانیش ژن ئەو توانایەی نیە ببێتە سەرکۆمار! ئەم ڕوانگەیە زۆرتر ئەوکەسانە دەگرێتەوە کە لەنێو حاکمییەتدا دەسەڵاتیان هەیە.

دیارە ڕێگەنەدان بە ژنان بۆ خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرکۆماری، ناتەبایی لەگەڵ هێندێک لە مادەکانی قانوونی بنەڕەتیی ئێران هەیە. ئەو قانوونە دەڵێ هەموو هاونیشتمانان لە بەرابەر قانووندا یەکسانن. کەوایە ئەم هەڵاواردنە پێشێلکردنی قانوونی بنەڕەتیی ئێرانیشە. جگە لەمەش پێشێلکردنی ئاشکرای پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤیشە کە ئێران بۆخۆی یەکێک لە واژۆکەرانی ئەو پەیماننامانەیە.

بەڵام جیا لە هەر قانوونو مادەیەکی قانوونی، دەکرێ بڵێین کۆماری ئیسلامی بە هیچ جۆر باوەڕی بە تواناو لێوەشاوەییو عەقڵو درکو درایەتی ژن نیە. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی تا ئەمڕۆ بە ناڕوونی لەگەڵ قانوونو پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکاندا هاتووە بۆ بەشداریی ژنان لە کایە سیاسی‌یەکانی وڵاتدا قسەی ڕێبەرانو کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە  پڕ بووە لە هەڵوێستی ناڕوونو ناتەبا، بەڵام بەکردووە زۆر بە ئاشکراو ڕوونی دەبینرێ ڕێگە لە بەشداریی ژنان لە سیاسەتو پۆستە کلیدی‌یەکانی وڵاتدا گیراوەو بەردەوام لە بواری جۆراوجۆردا کۆسپ خراوەتە سەر ڕێیان.

ساڵی ١٣٥٨ کە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی نووسراوە، زۆر لە سەرانی کۆماری ئیسلامی پێیان وابووە کە دەبێ «پیاو» لە پەنا وشەی «رجل»دا بنووسرێ، سەرکۆمار بەرپرسایەتی‌یەکی گەورەیەو نابێ لەوەی نیگەران بین کە دەڵێین ژن ناتوانێ ئەو بەرپرسایەتی‌یە بەئەستۆوە بگرێ! بۆیە لەسەرەتادا ئەم ناڕوونی‌یە نەبووە، بەڵام

دواتر پاش ئەوەی مەشوەرەت لەگەڵ خومەینیو هێندێک دەسەڵاتداری دیکەی نیزام کە روانگەی مەنفیـیان لەسەر بەشداریی ژنان لە کایە سیاسیی‌یەکاندا هەبووە، دەکرێو تێبینیی زیانەکانیان بۆ روون دەکرێتەوە، وشەی پیاو لەو بەندە لادەچێو بەمشێوەیەی ئێستا بە ناڕوونی دەیهێڵنەوە کە تا ئەمڕۆش هەر جێگەی مشتومڕی تەنانەت دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییشە.

٣٥ ساڵە لە لایەن رێبەرانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە هیچ وڵامێکی روون بەم پرسیارە لە پێوەندی لەگەڵ ژنو سەرکۆماری‌دا نەدراوەتەوە کە ئایا مەبەست لە «رجال» چیە؟! بەڵام ئەمساڵ ئایەتوڵڵا محەممەد یەزدی کە یەکێک لە ئەندامانی شوورای نیگابانە، زۆر بە ئاشکراو سەریحی رایگەیاند سەرکۆماری داهاتووی ئێران ناتوانێ ژن بێ! قسە لەمە روونتر دەبێ چبێ؟! بێگومان ئەوە قسەی تەنیا دەسەڵاتدارێکی ئەو نیزامە نیە، بەڵکوو ئەوە ڕوانگەی تەواوی ئەو نیزامە دیکتاتۆرەیە، کە بە داخەوە ژنانێکی زۆریشیان لەگەڵ خۆیان هاوڕا کردوە!

ئەوە کە هێندێک لە سەر ئەو باوەڕەن کە وشەی «رجل» لە مادەی ١١٥ی قانوونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی‌دا بەواتای کەسایەتی‌یەو لایەنی ڕەگەزیی نیەو هێندێکیش بە پێچەوانەوە بیر دەکەنەوە، هیچیەک لەوانە چارەنووسی ژنانیان لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا نەگۆڕیوە. ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کۆماری ئیسلامی نەی‌ویستوەو نایەوێ ژنان لە سەحنەی سیاسیی وڵاتدا رۆڵیان هەبێ. ئەو رێژیمە بە هەموو پێوەرو قانوونەکانی‌ڕا دیارەو پێی وایە ژن بەو ئاستە لە دەرکو شعوور نەگەیشتوە کە پیاو هەیەتی. ئەوە یەکێک لە تایبەتمەندی‌یە سەرەکی‌یەکانی ئەو رێژیمەو ئەو سیستەمە ئیستبدادی‌یەیە کە ژنی لە باری عەقڵەوە پێ ئینسانێکی (تەواو) نیە. ئەوە بە روونی لە هەموو قانوونو عورفو رێسایەکی ئەو رێژیمەدا رەنگی داوەتەوەو، بە ناوی ئیسلامی‌بوون ڕەسمەن ڕێگەی بەرابەریی ژنو پیاوی گرتوە. کەوایە ژنان دەبێ ئەم ڕاستی‌یە قەبووڵ بکەن کە دەسەڵاتدارە پایەبەرزەکانی کۆماری ئیسلامی ئەوە بیرکردنەوەیانە. ئەگەر رۆژێک ئەو بیرکردنەوەیە گۆڕاو هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە ژنو پیاو یەکسانن‌و حەق‌و حوقووقی یەکسانیان هەیە، ئەوە بە دڵنیایی‌یەوە رێژیمی کۆماری ئیسلامی کۆتایی بە تەمەنی هاتووە.

## مەیدانداریی ژنان بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی

ژنانی ئێران نەک ئێستا بەڵکوو لەیەکەم ڕۆژی هاتنەسەرکاری ئەو رێژیمەوە وڵامی خۆیان لەو دەسەڵاتە وەرگرت

کە ئەولەوییەتی کاری ژنو مەیدانی کاری ژن، ماڵەوەیەو خزمەت بەماڵو منداڵو مێردە! بەڵام ئەوەش بڵێین کە ژنان لە ماوەی ئەو ٣٥ ساڵەدا بەڕاستی کۆماری ئیسلامی‌یان وەزاڵە هێناوە. هەر ئەوە کە ڕێژیم بەردەوام دەکەوێتە بەر ڕەخنەو نارەزایەتیی کۆمەڵگەی جیهانیو لە سەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ مەحکووم دەکرێ، بەشێکی هەرە ئەساسیی دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی ژنانو هەوڵەکانیان لە پێناوی مافەکانیاندا. ژنانی ئێران بە هۆی خەباتێکی دوورو درێژی مافخوازیو راوەستانو بەربەرەکانی لەگەڵ کۆنەپەرستانی دەسەڵاتدار، دەسکەوتی بەنرخیان وەسەر یەک ناوەوقانوونو کولتووری پیاوسالارو ئەو هەموو هەڵاواردنانە، نەیانتوانیوە ئەوان لە ڕەوتی بەرەوپێشچوون دوا بخەن. کۆماری ئیسلامی تا ئەمڕۆش بە ئاسوودەیی نەی‌توانیوە ژنان لە سەحنەی سیاسیی وڵات حەزف بکا!

لە ژمارە ٦٠٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

٦ی جوونی ٢٠١٣

---

## با نەهێڵین مێژوویەکی شەرماوی بۆ نەتەوەکەمان تۆمار بکرێ!

قەتڵی «نامووسی» مێژوویەکی بە درێژایی تەمەنی سیستمی پیاوسالاری لە جیهاندا هەیە، بەڵام لە هەموو جیهان و لە نێو هەموو میللەتاندا وەک یەک نەبووە و نیە.

قەتڵی «نامووسی» یان جینایەتی «نامووسی» بەو قەتڵە بنەماڵەیی‌یانە دەگوترێ کە زۆرتر قوربانی‌یەکانی ژنان و کچانن و بە دەستی پیاوانی بنەماڵە دەکوژرێن. کوشتنەکە بەناوی ئەوەی ئەو ژنە یان ئەو کچە «شەرەف»، یان «نامووس»ی بنەماڵەکەی کە دەبێتە ئابڕووی بنەماڵە لەکەدار کردوە، ڕوو دەدا.

### ژن، نامووس، پیاو!

«نامووس» چیە کەوا هەر لە لایەن ژنانەوە دەکەوێتە مەترسییەوە و پیاوان دەبێ ژنانی لەسەر سزا بدەن؟ لە پێناسەی کۆمەڵگەی کورددا، مێیینەکانی بنەماڵە نامووسی پیاوانی بنەماڵەن. «نامووس» ئەو چەمکەی ژنی کردۆتە کالایەک و بۆتە هۆی چەوسانەوە و ئازاردانی ژن لە لایەن پیاوەوە.

## زۆربوونی قەتڵە

«نامووسی‌یەکان» لە نێو کورددا لەم ڕۆژانەدا وای کرد کە بە نووسینی چەند دێڕێک لەسەر ئەم حاڵەتە کە بەداخەوە خەریکە لە کۆمەڵگەی کورددا دەبێتە دیاردە، جارێکی دیکە بێزاریی خۆم لەم کردەوە شەرماوی‌یە دەرببڕم.

کۆمەڵگای کورد، کۆمەڵگایەکی ئایینیو سوننەتی‌یە. لە قانوون، عورفو کەلتووری کۆمەڵگای ئایینی و سووننەتییش‌دا، ژن وەک کالایەکی جینسی چاوی لێکراوە، ئەو کالایەش ساحەبی هەیە کە پیاوە واتە (باوک، براو مێرد) دەتوانن ساحەبی بن. ژن موڵکی ئەوانەو ئەوان چۆنیان پێخۆشە ئاوا ڕەفتاری لەگەڵ دەکەن. بۆیە ژنیش دەبێ بە دڵی ئەوان هەڵسوکەوت بکا و هەموو خواستو ئارەزوو و مافەکانی دەبێ وەک کەرەسەیەکی بەنرخ بۆ پیاو هەڵبگرێ! ئەم کەرەسەیە ناوی «نامووس»ە، و دەبێ زۆر بەئەمانەتەوە بۆی بپارێزێ! بە پێچەوانەی ئەوە، لەلایەن ئەوانەوە تووشی خراپترین سزا دەبێتەوە. لە کەلتووری کۆمەڵگای کوردستان‌دا ڕەوشی بنەماڵەو کۆمەڵگە لە جەستەی ژن‌دا پێناسە کراوە، هەر بۆیە ژن بۆخۆی خاوەنی جەستەی خۆی نیە. واتە جەستەی ژن لە ئیختیارو کۆنترۆڵی پیاوانی بنەماڵەدایە. بۆیە هەر لادانێک لە خەتی سووری ئەوان وەک سووکایەتی بە پیاوان و ئابڕووی بنەماڵە چاو لێدەکرێ و سزاکەشی هەر پیاوان دیاریی دەکەن.

خانمی مێهرئەنگیزی کار مافناس و چالاکی مافی مرۆڤ، لە سەر ئەو بڕوایەیە کە قەتڵە نامووسی‌یەکان زۆرتر لەو کۆمەڵگایانەدا ڕوو دەدەن کە بە زۆری موسوڵمانن. لەو کۆمەڵگایانەدا قانوون و ڕێوشوێنەکان، زۆرتر پشتگری لە قاتڵەکە دەکەن و بە دژی قوربانی‌یەکەن. قانوونی وڵاتانی موسوڵمان وەرگیراو لە شەریعەتی ئیسلامە. ئیسلامیش سنووربەندی‌یەکی تایبەتیی لە نێوان ڕەگەزی ژن و پیاودا کردووە. لە وڵاتانی ئیسلامی‌دا ڕەگەزی پیاو بەبیانووی پارێزگاری لە «شەرەف» زۆرجار بە عەمد هاوسەری، خوشکی، تەنانەت دایکی خۆی دەکوژێ، بەڵام لە قانوون‌دا سزای بۆ لەبەرچاو نەگیراوە یان ئەگەریش گیرابێ، بە پاساوی جۆراوجۆر تاوانبار لە سزا ڕزگار دەکرێ. هەربۆیە

لەو کۆمەڵگایانەدا ژنکوژی لە پەنا قانووندا کراوە بە کردەوەیەکی ڕێگەپێدراو و مەشرووع.

لە کۆمەڵگە نەریتی و دواکەوتووەکاندا ژن لەگەڵ دۆخێکی پڕ لە توندوتیژی و نادادپەروەرانە ڕووبەڕوویە. ئەمە جگە لە قانوونی وڵاتەکە کەلتوور و نەریتیش بوونەتە هۆی پێشێلکردنی مافەئینسانییەکانی ژن. هەموو جۆرە هەڵسوکەوتێکی ژن بە شک و گومانەوە سەیری دەکرێ. تەنانەت قسەکردن، پێکەنین و هەرجۆرە پێوەندییەکی ژن لەگەڵ پیاو دەیانجۆر تەفسیری بۆ دەکرێ و زۆر جار قسەکردنێکی ئاسایی کچێک لە گەڵ کوڕێک، ئەو تەفسیرەی بۆ دەکرێ کە ئەمە ڕێوشوێن و بایەخە ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگە یان بنەماڵەی لەژێر پێ ناوە. بۆیە هەمیشە ژن مرۆڤێکی مەحکووم کراوە و سزاکەشی لە لایەن پیاوانی بنەماڵەوە دیاری دەکرێ، کە بەداخەوە زۆرجار بە قەتڵ کۆتایی هاتوە.

شەیدای تەمەن ١٦ ساڵ و دایکی منداڵێکی ٢ ساڵانە ساڵی ١٣٨٨ لە لایەن براکەیەوە بە چەقۆ گیانی لێسەندرا. ئەو لە کاتێکدا کوژرا کە لە سەر شەقامێک لەگەڵ پیاوێک خەریکی قسەکردن بوو.

پیاوێک پاش ٢٩ ساڵ ژیانی هاوبەش بە هۆی گومانێکەوە بەبەر چاوی منداڵەکانیەوە هاوسەرەکەی خۆی کوشت.

لە دێیەکی مەریوان، دڵبەر خوسرەوی بەهۆی ئەوەی دەیەویست لە مێردەکەی کە بە زۆر پێی درابوو جیا بێتەوە، لە لایەن باوکیەوە سەری بڕرا.

لە سەقز، «شنۆ فەرهادی» بە هۆی ڕازینەبوون بە شووکردنی زۆرەملی، بە دەستی براکەی کوژرا.

لە دێیەکی مەریوان «فرشتە نەجاتی» کە ١٨ ساڵ لە مێردەکەی چووکتر بوو بە نیازی لێجیابوونەوەی، گەڕابۆوە ماڵی باوکی. بە تاوانێکی ئیسباتنەبوو کە گۆیا لەگەڵ پیاوێکی دیکە پێوەندیی هەبووە لە لایەن باوکیەوە سەری بڕرا.

تازەترین قوربانی هەڵاڵە خزرییە کە ١٠ ساڵ بوو لە وڵاتی نۆرویژ دەژیا، گۆیا بە هۆی «کێشەی کۆمەڵایەتی»! چەند حەوتوو لەوە پێش بە دەستی مێردەکەی کوژرا! هەروەها دنیا میری لە کرماشان بە دەستی باوکی کوژرا.

ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەکی زۆر کەم بوون لە جینایەتی بە ناو «ناموس‌پارێزی» لە نێو کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم چەند ساڵەی دواییدا. لیستە دوور و درێژەکەی باشووری کوردستانیش لێرەدا جێگای نابێتەوە!

## قەتڵی «ناموسی» لە هەر فەرهەنگ و کۆمەڵگەیەکدا بێ جینایەتێکی دژی ئینسانییە

ئایا کوشتن بە ناوی «شەرەف‌پارێزی» لە کۆمەڵگەی کوردستان بە - هەموو بەشەکانیەوە - ڕوو لە زیاد بوونە؟ لەوبارەیەوە ناتوانین بەشێوەیەکی قەتعی هیچ بڵێین، چونکە ئامارێکی ڕەسمی و دروست لەلایەن هیچ دامودەزگایەکی دەوڵەتەکانی ئەم بەشانەوە بڵاو نابێتەوە و تەنانەت زۆرجار ئەم قەتڵاتە لەنێو بنەماڵەکاندا بەشاراوەیی دەمێننەوە. بەڵام بە ڕوانینێک لە لاپەڕەی میدیاو ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکاندا، دەتوانین تا ڕادەیەک قووڵایی ئەو کارەساتەمان لە کۆمەڵگەی کوردستان بە تایبەت باشووری کوردستان بۆ دەرکەوێ و بڵێین بەداخەوە ئەم جینایەتە لە حاڵی پەرەسەندندایە. نە ئەو هەموو ڕێکخراوەی ژنان و قسەو نووسراوانەی چالاکانی مافەکانی ژنان کاریگەرییان هەیە، نە قانوونەکانیش لەوبارەیەوە ڕاستەوخۆ ڕێگری لەم جینایەتە مرۆییە دەکەن. بە واتایەکی دیکە نووسینی قانوون بەس نیە، گرنگ چاوەدێری و بەڕێوەبردنی قانوونە.

لە ئێران سیستەم و قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە ژنانن و دەتوانین بڵێین لە پەرەسەندنی کەلتووری «شەرەف‌پارێزی» دا کاریگەریی زۆری هەبووە. بە هەموو پێوەرەکان ئەو ڕێژیمە بوون و نەبوونی ژنی بەلاوە گرنگ نەبووە و نیە. ئەسڵەن کێشەکۆمەڵایەتییەکان لە لایەن ئەو دەسەڵاتەوە جێگەی بایەخ نەبووە. لە لایەکی دیکەوە ڕێکخراو و چالاکانی مافەکانی ژنان بە هۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کە دژایەتیی لەگەڵ هەر چالاکییەکی مەدەنی و ئازادیخوازی هەیە بەو شێوەیە نەیانتوانیوە لە پێوەندی لەگەڵ کێشەکانی کۆمەڵگە و ئاگاییبەخشین بە خەڵکدا، چالاکیی بەرچاویان هەبێ.

دیارە کارکردن لەسەر دابونەریت و کەلتوور بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی دەسەڵاتدایە. چونکە دامودەزگا فێرکاری و پەروەردەییەکان بە دەست دەسەڵاتەوەن. دەسەڵات دەتوانێ لە ڕێی پەروەردەوە ڕوانینەکان بەرانبەر بە هەر شتێک بگۆڕێ یان بچەسپێنێ. لە کۆمەڵگەی ئێراندا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەشێکە لەو، پەروەردەیەکی هەتا بڵێی پڕ لە نادادپەروەری و دژایەتی لەگەڵ ژنان لەئارادایە. هەر ئەوەشە وای کردوە کەلتووری «ناموس‌پارێزی» و

ژنکوژی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیيەوە ڕوو لە زیاد بوون بکا.

دیارە لە دەورانی ڕێژیمی شادا قانوونی سزادانی گشتی لە زۆر بارەوە مۆدێرن و هەماهەنگ لەگەڵ واقعییەتەکانی کۆمەڵگەی ئەوکات بوو، بەڵام کە دەگەیشتە سەر قەتڵی ناموسی هەر بەوجۆرە بوو کە ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی بەڕێوەی دەبا.

## بێدەنگی بۆ؟

ڕۆژ نیە ئێمە شاهیدی هەواڵێکی دڵتەزێنی کوشتن بە تاوانی «ناموسی» یان خۆکوژی ژنێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبین. کەچی ڕووناکبیرانی کورد دانەچڵەکین و هەڵوێستێکی جیدییان لێ نابینرێ. یەکێک لە تراژیدیيەکان ئەوەیە کە ڕووناکبیران و نوخبەکانی وڵات لە ئاست کێشەیەکی ئاوادا متەقیان لێوە نایە. ئەم هەموو میدیا و کاناڵە مەجازیيە هەیە، گۆڤارو ڕۆژنامە و بڵاوکراوە هەیە، بەڵام قسەیەکی جیددی لە ڕووناکبیران و نوخبەکانی ئەم کۆمەڵگەیە بە دژی ژنکوژی بەدی ناکەین. کارێکی ڕەوشەنگەرانە، و هەڵمەتێکی گشتی و سەرانسەری کە کەسایەتی و تاکە شوێندانەرەکانی ئەم کۆمەڵگەیە تێیدا بەشدار بن، نابینین. ئەم هەموو خۆکوژی و کوژرانی «ناموسی»یە دەبیسرێ و دەبینرێ کەس بەرپرسیارانە لێی ناڕوانێ و لە هۆکارەکانیان ناپرسێتەوە.

لە باشووری کوردستان ئەو هەمووە زانکۆو ناوەندە زانستیيە هەیە، بە دەگمەن لێکۆڵەرێک، خوێندکارێک، خاوەن بڕوانامەیەک دەبینین کە توێژینەوەیەک لەسەر دۆخی نالەباری ژنانی کورد بکا. ڕێکخراوێکی ژنان جارێک لەسەر ئەو کوشت وکوشتارە شەقامی نەهەژاندو هەڵوێستێکی جیدیی نەگرت. پارلمانتارێکی ژن و پیاو وەها دەنگی هەڵنەبڕی کە کۆمەڵگە لە گەڵ خۆیدا بهەژێنێ. یەکێک لە هۆکارەکانی بەردەوامیی ئەو دۆخەی ژنان لە باشووری کوردستان، نەبوونی هێزێکی کاراو چاوەدێرە کە وەڵام و ڕوونکردنەوە لە هەر مەقام و ناوەندو دامەزراوێک بخوازێ.

ئاستی کەلتوری و ڕۆشنبیریی خەڵک لەپێوەندی لە گەڵ پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا لەخوارێیە. لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا لە سەر شەقام پیاوان پێکەوە بەشەڕ دێن، دایک و خوشک و هاوسەری یەکتر وەبەر هێرشی جوێن و قسە سووکەکانیان دەدەن.

## ئەم جینایەتە کۆتایی پێنەیە کورد مێژوویەکی ڕەش بۆخۆی تۆمار دەکا!

ئەوەی ئەمڕۆ ڕوو دەدا دەبێتە مێژووی سبەینێمان. کوردستان بەگشتی هەموو پارچەکانی بۆ زۆر مەسەلە چاوی هیوایان بڕیوەتە ئەوبەشە ئازادکراوەی کوردستان. بەڵام دەبێ بڵێم بەداخەوە باشووری کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی مافەکانی ژناندا نموونەیەکی باش نەبووە بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان.

کۆمەڵگە هەر بە دروستکردنی ویلاو شاری خەونەکان پێش ناکەوێ. کاربەدەستان و بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژ نیە بەردی بناغەی بازاڕێک، کۆشک و تەلارێک دانەنێن، بێئەوەی خەمێکیش لە ناخ و دەروونی ئەو هەموو منداڵانە بکەنەوە کە ڕۆژانە شاهیدی لێدان و ئازاردان و تەنانەت کوشتنی دایک و خوشکەکانیانن. جوانکردنی ڕوخساری شەقام و شارەکان چ نرخێکی هەیە کە کەلتوورەکەمان لە دیاردە ناحەزەکان پاک نەکەینەوە؟ بۆ دەبێ بەرەوژووربردنی وشیاریی کۆمەڵگە بکەوێتە پەراوێزی هەموو پرۆژەکانی دیکەوە؟!

کورد بە نەتەوەیەکی خەباتکاری ڕێگای ئازادی و ئازادیخوازی خۆی پێناسە دەکا. بە شانازییەکانمان دەنازین کە لە پێناویاندا دەیان ساڵە خەبات دەکەین و قوربانییان بۆ دەدەین. بەڵام قەتڵی «نامووسی» خەریکە لە دنیای دەرەوە ڕوخساری کورد ناشیرین و بێزهەستێن دەکا. ژنکوژی بە پاساوی «شەرەفپارێزی»جینایەتێکی ئاشکراو دژی ئینسانییە و بە هیچ جۆر نابێ چاوپۆشیی لێبکرێ. لەنێو هەر کۆمەڵگەو نەتەوەیەکدا ڕوو بدا، جینایەتێکی ئینسانییە. لە نێو کورددا ئەگەر مێژوویەکی هەیە، لە کەلتووری چ وڵاتێک وەرگیرابێ گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە ئەمڕۆ جینایەتەکە لە نێو نەتەوەکەی ئێمەدا ڕوو دەدا.
کورد ئەمڕۆ قسە لە ئازادی، دێموکراسی و مافی مرۆڤ دەکا، کەچی نوقمی کۆمەڵێک دیاردەو سوننەتین کە نەک ناتەباییان لەگەڵ ئەم چەمکانە هەیە، بەڵکوو ڕێگرێکی سەرسەختی گەیشتن بە ئازادی، دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤن.

بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئەم دیاردە شوومە، دەبێ لە لایەکەوە، ڕێگە لەوە بگیرێ کە کەسوکار (مێرد، برا و باوک و مام و خاڵ و...) هەر سزایەک بۆخۆیان پێیان خۆشە بە سەر ژن (هاوسەر، خوشک، کچ، برازا، خوشکەزا و...)ی خۆیانیدا بسەپێنن. هەر کردەوە و هەڵوێست و ڕەفتارێکی ژن یان کچ کە بە دڵی کەسوکارەکەی نەبوو،

مەرج نیە تاوان و لادان بێ. ئەگەر ئەو کردەوە و هەلسوکەوتانە- بە پێی هەر پێناسە و لێکدانەوەیەک - لادان و تاوانیش بن، کەسوکار، ئەو سەلاحییەتە قانوونی و قەزاییەیان نیە بڕیاری کوشتنی کەسێک بدەن. لە لایەکی دیکەوە، دەبێ هەم لە ئاستی کەلتووری و هەم لە ئاستی قانوونیدا، هەوڵێکی زۆر بدرێ بۆ ئەوەی ڕوانینی تاکەکانی کۆمەڵگە و ڕوانینی ناوەندەکانی یاسادانان و .. بەرامبەر مافەکانی ژنان و ئازادیی ئەوان لە هەڵبژاردنی هاوژیان و جیابوونەوە و. بگۆڕدرێ. دیارە ئەمەش پێویستی بە کارێکی زۆری فەرهەنگی لە هەموو بوارەکان و پێکهاتنی هەلومەرجێکی ئەمن و ئازاد لە لایەن دەسەڵاتەوە هەیە بۆ ئەوەی چالاکانی مافەکانی ژنان و داکۆکیکەرانی ئەو مافانە بتوانن بۆ ئامانجەکانیان تێبکۆشن. هەروەها ئیسلاحی قانوون بۆ پێشگیری لە هەرجۆرە توندوتیژییەک دژ بە ژنان و دروستکردن و پاراستنی ماڵی ئەمن بۆ ژنانێک کە ڕووبەرووی توندوتیژی دەبنەوە، تا بەدیهاتنی ئەم هەلومەرجەش، ڕێگایەکی درێژ لە پێشە. کە بەداخەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمە ئیمکانی کەمە. بۆیە باشووری کوردستان دەتوانێ هێندێک کار بکا کە کاریگەریی لەسەر بەشەکانی دیکەش هەبێ. لە باشوور کار و چالاکیی فەرهەنگی ئەو ڕێگری و بەربەستانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە نیە، بەڵام لەبواری کۆمەڵایەتی و کەلتووریدا دەتوانێ کاریگەری لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشەکانی دیکەش دابنێ کە بەداخەوە لە پێوەندی لەگەڵ پرسی «شەرف پارێزی»دا کاریگەریی خراپیان لەسەر بەشەکانی دیکەش داناوە.

جگە لەمانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر لەو لایەنەوە چالاکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بە هۆی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەستیان کورتە و ناتوانن بەوجۆرەی پێویستە چالاکییان هەبێ، بەڵام ڕێگەی دیکە هەیە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کەلتووری «ژنکوژی». حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ و ئەرکە لەسەر شانیان لە پێناو پێشگیری لەم جینایەتە لە کوردستان، هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە و بەشێکی زۆر لە ئەرکەکانیان تەرخان بکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جینایەتی «ناموسی». پێویستە لە ڕێگەی میدیاکانەوە تەفسیر و هەڵوێستی خۆیان ڕوون بکەنەوە و پێناسەیەکی دیکە بۆ چەمکی «شەرەف» و «نامووس» بکەن و ئاراستەی بیرکردنەوەی خەڵک لە سەر ئەم چەمکە بگۆڕن. بۆ ئەوەی چی دیکە شاهیدی ئەو کوشتوکوشتارەی ژنان لە ژێر ناوی «نامووس پارێزی»دا نەبین و روخساری نەتەوەکەمان لەنێو کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکاندا ناشیرین و بێزراو نەبێ.

لە ژمارە ٦١١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

٧ی جووڵای ٢٠١٣

# ئێعدام لە کۆماری ئیسلامیدا

مانگی پووشپەڕی ئەمساڵ تەنیا لە ماوەی دوو حەوتوودا زیاتر لە ٦٠ کەس بە تاوانی قاچاغی مەوادی موخەدیر لە ئێران ئێعدام کران.

ئێعدام هەروەک ناوەکەی نێوەڕۆکەکەشی قورس و ڕەزاگرانە. ئێعدام جینایەتێکی لەپێشداداڕێژراوە کە حکوومەت و دەسەڵات بە ناوی سزا دژی موخالیفانی خۆی بەڕێوەی دەبا. دەکرێ بڵێین ئەو حکوومەتانەی سزای ئێعدام بۆ موخالیفانی خۆیان بەڕێوە دەبەن، جینایەتکارترین حکوومەتەکانن کە هیچ حورمەتێک بۆ بوونی مرۆڤ دانانێن. ئێعدام تەنیا پێوەندیی بەو تاکەوە نیە کە ژیانی لێدەسەندرێتەوە، بەڵکوو سووکایەتی بە هەموو مرۆڤایەتییە.

وڵاتی ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زۆرترین سزای ئێعدامیان لێبەڕێوە دەچێ. خەڵکی ئێران گوێیان پڕ بووە لە وشەی ئێعدام، تەنانەت زۆر لە مرۆڤەکانی ئەو وڵاتە عادەتیان بە دیتنی دیمەنی ئێعدام و گیانلێسەندنی مرۆڤەکانی دیکە گرتووە چاو و گوێیان پڕ بووە.

بۆچی هەر ئێرانییەک هەر لە تەمەنێکی کەمەوە لەگەڵ ئەم ناوە شووم و ترسناکە ئاشنا دەبێ؟ دوگمەی هەر تەلەڤیزیۆنێک دادەگری،لاپەڕی هەر ڕۆژنامەیەک هەڵدەدەیەوە، هەر ماڵپەڕێکی ئینترنێتی دەکەیەوە، هەر گوێت لە وشەی ئێعدام دەبێ و چاوت بە ڕووداوی ترسناکی ئێعدام دەکەوێ. هەرکەس ڕۆژانە سەروکاری لەگەڵ خوێندنەوە لەسەر ماڵپەڕە ئینترنێتییەکان هەبێ، کەمتر بەسەر بابەتێکی هیوابەخشدا دەکەوێ کە پێوەندیی بە وڵاتی ئێرانەوە هەبێ. ئێعدام ئێعدام..... چ وشەیەکی قورس و ترسناکە! هەموو ئینسانێک لەم وڵاتەدا هەر لە تەمەنێکی کەمەوە لە جیاتی ڕووحی بە هیواو شیرینی ژیان ئاشنا بێ، ترس و خۆف و دڵەڕاوکێ لە دڵیدا هێلانە دەکا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بە دروشمی دادپەروەریی ئیسلامییەوە! خۆی بەسەر خەڵکی ئێراندا سەپاند، سزای ئێعدام، زیندان، تەبعید و....ی بۆ خەڵکانی ئێران بەدیاری هێنا. بە هەزاران مرۆڤی بێتاوان لەلایەن دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئێرانەوە وەک تاوانبار گیانیان لێسەندرا و لە ژیان بێبەش کران.

کۆماری ئیسلامیی ئێران، سەرەڕای لەژێر فشاردابوونی هەم لەلایەن ڕێکخراوە جیهانییەکان و هەم لە لایەن ڕێکخراوە نێوخۆییەکانی مافی مرۆڤەوە، بۆ هەڵوەشانەوە یان کەمکردنەوە سزای ئێعدام لە قانووندا، کەچی بەبێ گوێدان بەم فشارانە، ٣٤ ساڵە بەوپەڕی دڵڕەقییەوە ئەم سزایە بەڕێوە دەبا و ڕۆژ و مانگ نیە گیانی ژمارەیەک ئینسانی بێتاوان نەستێنێ. بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ هەر لە ساڵی ٢٠١١ دا لانی کەم ٦٧٦ کەس و لە ساڵی ٢٠١٢ ش دا ٣١٤ کەس لە ئێران ئێعدام کراون. ئەمە تەنیا ئەو ئامارانەن کە ناوەندە ڕەسمییەکان بڵاویان کردوونەوە. ئێعدامەکان لەدوای ناڕەزایەتییەکانی پاش هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٨٨ شەپۆلێکی توندتری بەخۆیەوە گرتوە کە ئێستاش ئەم شەپۆلە هەر بەردەوامە و ساڵانە لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران ژمارەیەکی زۆر لە ژێر ناوی خەبات دژی مادده هۆشبەرەکاندا لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ئێعدام دەکرێن.

لە نێو لیستی دوور و درێژی ئێعدامکراوەکاندا ناوی ئەو دایکانەش دەبینرێ کە تاقە سەرپەرستی منداڵەکانیان بوون. تەنانەت کەسانێکیان تێدا بووە کە بنەماڵەکانیان نەیانتوانیوە خەرجی کفن و دفنی ئێعدامییەکەشیان بدەن و وازیان لە وەرگرتنەوەی جەنازەکەش هێناوە! بەڕاستی کۆماری ئیسلامی بەم عەقڵییەتەوە دەیەوێ تاوان و جینایەت لە وڵاتدا کەم بکاتەوە؟ منداڵێک کە تەنیا سەرپەرست و نانهێنەری بنەماڵەکەی لێدەسەنرێ، ئایا چاوەڕوانی لێدەکرێ لە کۆمەڵگەدا کەسێکی موسبەتی لێ دەربچێ؟

گومان لەوەدا نیە کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی وەک ئامرازێکی سیاسی کەڵکیان لە سزای مردن وەرگرتوە. پەرەسەندنی ئێعدامەکان ئەوە نیشان دەدا کە حکوومەتی ئێران جارلەگەڵ جار زیاتر دەیەوێ بە ترس و تۆقاندنی خەڵک نارازییان بێدەنگ بکا و بەمجۆرە تەمەنی خۆی درێژتر بکاتەوە.

## ئێعدام بەبەر چاوی خەڵکەوە ماهیەتی ڕاستەقینەی ڕێژیم نیشان دەدا

ئەو ڕێژیمە بناغەی دەسەڵاتەکەی لەسەر ترس و تۆقاندن دامەزراندوە، هەربۆیە ئەمە یەکێکە لە سیاسەتەکانی کە دەیەوێ بە ئێعدامی مرۆڤەکان بەبەر چاوی خەڵکەوە، بە خەیاڵی خۆی خەڵکی بترسێنێ. تەنانەت پابەند بە قانوونەکانەکانی شەریعەتی ئیسلامییش نیە. سزای ئێعدام لە پێوەندی لەگەڵ تاوانی لادانە جنسییەکاندا وەک ڕەجمکردن، بە ئاشکرا نیە، یانی سزای ئەو کەسانەی سزای بەردبارانیان بەسەردا دەدرێ بە جۆرێک لە بازنەیەکی شاراوەدا دەبێ بەڕێوە بچێ، بەڵام کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتداریی خۆیدا ئەم سزایەی بەبەر چاوی

خەڵکەوە ئەنجام داوە. دەیەوێ بە سزای ئێعدام بە گشتی و ئێعدامەکان لەبەر چاوی خەڵک بەتایبەتی لە کۆمەڵگەدا هەمیشە تۆوی ترس و تۆقاندن بچێنێ. ئەمە سیاسەتی دەسەڵاتە ئیستبدادیەکانە.

ئێعدام ڕەنگە لە کورتماوەدا، مخالفانی دەسەڵات بترسێنێ یان خیلافکاران ناچار بە پەژیوانی لە کردەوەکانیان بکا، بەڵام لە درێژماوەدا ئاکامێکی زۆر خراپی لەسەر کۆمەڵگە دەبێ و جەووی توندوتیژی و تاوانکاری لە کۆمەڵگەدا پەرە دەستێنێ. ئێران باشترین نموونەی ئەم ئیدیعایەیە. ٣٤ ساڵە بەردەوام خەڵک ئێعدام دەکرێ، کەچی تاوان و جینایەت نەک کەم نەبۆتەوە بەڵکوو ڕۆژلەگەڵ ڕۆژ زیادی کردوە. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەش مخالفانی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لەسەر داوا ڕەواکانیان سوورن و ئێعدام لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە نەیتوانیوە، دەستیان پێ لە ئامانجەکانیان هەڵبگرێ. نموونەی هەرە دیار لە کۆماری ئیسلامیدا، ئێعدامی بەکۆمەڵی زیندانییانی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧دا لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بوو. هاوینی ساڵی ١٣٦٧ بە هەزاران زیندانیی جیابیر لە زیندانەکاندا بەبێ دادگاییکردنێکی عادڵانە قەتڵوعام کران. ئەو کەسانەی ئێعدام کران نەدەستیان بەخوێنی کەس سوور ببوو و نە تاوانیان بەرانبەر وڵاتەکەیان ئەنجام دابوو، بەڵکوو تەنیا بە هۆی بیروباوەڕی سیاسییەوە ئەم سزا گەورەیان بەسەردا سەپا و گیانیان لێسەندرا. ئەو ڕێژیمە درندەیە پێی وابوو بەم جینایەتەی دەتوانێ ناڕازیان و مخالفانی خۆی بۆ هەمیشە سەرکوت بکاو بسڕێتەوە. بەڵام نەک ئەوە ڕووی نەدا بەڵکوو خەڵک زۆر زیاتر لەم ڕێژیمە بێزار بوون.

(لە قانوونەکانی ئێراندا زۆرن ئەو «تاوانانە کە سزای ئێعدامیان لەسەرە، بۆ نموونە جگە لە موخالەفەت لەگەڵ نیزامی ویلایەتی فەقیھ، لادانە جنسییەکان یەکێکە لەو تاوانانەی سزای ئێعدامیان لەسەرە.)

## ڕێژیمی ئێران تا کەی دەتوانێ درێژە بەم کردەوە جینایەتکارانەیەی بدا؟

ئەمڕۆ خواستی گرنگی خەڵکانی ئێران، ئازادیی هەموو زیندانییانی سیاسی و نەمانی هەرچەشنە شکەنجەیەکی ڕووحی و جسمی و سەنگسار و ئێعدامە. کۆماری ئیسلامی دەبێ ئەو پەیامەی باش وەرگرتبێ کە ئێعدام ناتوانێ چارەسەری ئەو هەموو کێشەو گیروگرفتانە بێ کە ڕووبەڕووی دەسەڵاتەکەی بوونەوە. زوڵم و زۆر ناتوانێ تاسەر بەردەوام بێ و ناشتوانێ دەسەڵات لای خەڵک خۆشەویست بکا.

لە ژمارە ٦١٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

٢٥ی جووڵای ٢٠١٣

## کامەیە عەدالەتخوازیی سەرکۆماری نوێ؟

ژنانی ئێران خوازیاری ژیانێکی ئینسانی لە کۆمەڵگەدان، بۆیە بەشداری و هاوبەشی لە ئۆرگانەکانی دەسەڵاتدا بە پێویست دەزانن. ئەوان خوازیاری پشک هەبوون لە سەر ئەساسی ڕەگەز لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، وەزارەتەکان، شووراکان و زۆر لە دەزگا و دامەزراوە بەرپرسیارەکانی کۆمەڵگەدان. بۆیە ئەمجارەش ئاگایانە هاتنەوە مەیدانو بە مەبەستی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە سیستمدا لە هەڵبژاردندا بەشدار بوون.

ئایا ڕووحانی دەتوانێ نمادی ئاڵوگۆڕو سڕینەوەی هەڵاواردن بەدژی ژنان لە ئێران بێ؟

ڕۆژی یەکشەممە ١٢ی گەلاوێژ ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرکۆماریی ئاغای حەسەنی ڕووحانی لە تاران بەڕێوە چوو. لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە حوزووری دەیان سەرکۆمار و سەرۆکوەزیروکاربەدەستانی دیکەی وڵاتان و چەندین کەسایەتیی بیانی و ئێرانی بەڕێوە چوو، ئاغای ڕووحانی دوای وتارە "مێژوویی"یەکەی، لیستی پێشنیاریی ئەندامانی کابینەی خۆی تەحویلی سەرۆکی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی ئێران دا تاکوو ئەندامانی مەجلیس لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەن و لە دانیشتنی خۆیاندا دەنگی متمانەیان پێبدەن. لێرەدا نە پێویستەو نە مەبەستیش ئەوەیە باسی ئەو کەسانە بکرێ کە ناویان لە لیستەکەی ڕووحانیدا هاتوە. چونکە زۆربەیان کەمو زۆر هەم تواناییو پسپۆرییەکانیان دیارنوهەم ڕوانگەکانیان بەرانبەر مەسەلە جۆراوجۆرەکان ڕوونن. بەڵام ئەوەی گرنگە باسی بکەین ئەوەیە کە بزانین ڕووحانی کە پێش هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە کۆڕو کۆبوونەوە تەبلیغاتییەکانیدا ئەو هەمووە باسی عەداڵەت و گۆڕانخوازی و...ی دەکرد، تاچەند ئەم ئاڵوگۆڕانەی باسی دەکردن جێبەجێ دەکا. ناوبراو لە یەکێک لە وتارەکانیدا گوتی: بۆ ژنان بەرنامەی حەوت مەرحەلەییمان هەیە! کەچی لە یەکەم هەنگاودا دیتمان عەداڵەتو گۆڕانخوازییەکەی پشتگوێ خست! لە لیستە ٢٠ کەسییەکەی وەزیرانی پێشنیاریدا، بە

ڕەوای نەزانیبوو بۆ نموونە ناوی تەنیا یەک ژنیش بگونجێنێ. ئایا دەکرێ ئەم یەکەمهەنگاوە بکەینە پێوەری ڕوانگەی ڕاستەقینەی ئاغای ڕووحانی یان دەبێ چاوەڕوان بینو بزانین کەی بەرگی کردەوە لە بەر دروشمەکانی دەکا. پێش ئەوەی لە چاوەڕوانیی داهاتوودا بوەستین دەبێ ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی ئەو سەرکۆمارە بکرێتەوە کە ئایا ئەمەیە ڕوانگەی ڕاستەقینەی بەرانبەر بە ژنان، یان بەڕاستی لە ئێراندا ژنێک نەبوو کە لێوەشاوەیی بوون بە وەزیر لە کابینەکەی ئەودا هەبێ؟! ڕووحانی بەم کارەی، متمانەی دەرسەدێکی زۆر لەو ژنانەی ئێرانی کە کەموزۆر باوەڕیان پێکردبوو لەدەست دا. ئەتۆ بڵێی ئەو ژنانەی بە هیوای گۆڕان لەو سیستمەدا بەرەو سندووقەکانی دەنگدان چووبوون، جارێکی دیکە لەو سیستم و دەسەڵاتەدا ئەوە دووبارە بکەنەوە.

چەند دەورەیەکە بۆ ڕاکێشانی سەرنج و دەنگی نیوەی کۆمەڵگەی ئێران، مەسەلەی ژنان -ئەگەر سەرەکیترینیشیان نەبێ- بۆتە یەکێک لە بەرنامە ئینتخاباتییەکانی سەرکۆماری لە ئێران. بەڵام هەرکە هەڵبژاردن کۆتایی دێ، مەسەلەی "ژنان" دەخرێتەوە پشتگوێ و دەکەوێتەوە پەراوێزی هەموو مەسەلەکانی دیکەی وەک: ژیان و مەعیشەت، ئابووری، سیاسەتی نێوخۆییو دەرەکی و...

حەسەن ڕووحانی پێش هەڵبژاردن لە کۆڕ و کۆبوونەوە تەبلیغاتییەکانیدا باسی لە لابردنی هەڵاواردنی ڕەگەزی دەکرد و ئەم گەلاڵەو بەرنامانەی کە هەڵاواردنی ڕەگەزییان تێدا بوو بە دروست نەدەزانی و بەڵێنی بەهێزکردنی ژنان و ڕوانینی یەکسانیخوازانەی بە ژنان دەدا. لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی لەگەڵ ژنان لە تالاری "آدینە"ی تاراندا لە بارەی داخوازەکانی ژنانەوە قسەی دەکرد، کە قسەکانی خۆشبینییەکی زۆریان بۆ ژنانی ئێران دروست کرد. ئەو قسەی لە سڕینەوەی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە هەموو بوارەکانی ئابووری، زانستی، کۆمەڵایەتیو کاردا هێنایە گۆڕێ و تەنانەت باسی دروستکردنی وەزارەتێک بە ناوی وەزارەتی ژنانی کرد و گوتی: "هەڵاوردن بە دژی ژنان قەبووڵ ناکرێ و ڕەگەز ناتوانێ میعیارێکی دروست بۆ وەرگرتنی بەرپرسایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا بێ." بەڵام دیتمان لە یەکەم هەنگاوی کاری خۆیدا ئەویش هەر وەک ئەوانی دیکە دروشمەکانی خۆی ژێر پێ خست.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە زۆر کەس و لایەن دڵیان بە دروشمەکانی ڕووحانی لە پێش هەڵبژاردندا خۆش کردبوو. تەنانەت زۆر لە ژنانی ئێرانیش بەچاوێکی جیا لە مۆرەکانی سەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چاویان لەم کاندیدایەی پۆستی سەرکۆماری دەکرد. هەربۆیەش ١٩ میلیۆن دەنگی هێنایەوە. بەدڵنیاییەوە نیوەی ئەو ١٩ میلیون دەنگە، دەنگی ژنانی ئەم وڵاتەن کە بە سیستمی کۆماری ئیسلامییش نەدراون، بەڵکوو ئەمجارەش دراون بە

کەسێک کە باسی لە دادپەروەری و سڕینەوەی هەڵاواردنەکان دەکرد. بەڵام ئەم تەمابەستن وچاوەڕوانییە، سەرەتایەکی باشی بۆ ژنان تیدا نەبوو. دڵنیاین ئەگەر ژنان وەدەنگ نەیەن و ناوبراو بۆ جێبەجێکردنی وادە و بەڵێنەکانی نەخەنە ژێر گوشار، لەوانەیە داهاتوو و کۆتایی ماوەی سەرکۆمارییەکەشی شتێکی وای بۆ ژنان تیدا نەبێ!

١٤ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## ٢٨ی گەلاوێژ،ساڵڕۆژی حوکمی «جیهاد»ی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستان

٢٨ی گەلاوێژ، بیرهێنەرەوەی هێرشی نیزامیی رێژیمی تازە بە دەسەلات گەیشتووی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستانە. لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨خومەینی رێبەرو دامەزرینەری رێژیمی تازەی ئێران، شەڕی لە دژی خەڵکی مافویستی کوردستان راگەیاند. خومەینی بە راگەیاندنی شەڕ لە دژی گەلی کوردو ڕەوانە کردنی لەشکری نیزامیو «حاکمی شەرع»خەڵخاڵیی جەللاد بۆ کوردستان، جینایەتو تاوان لە دژی خەڵکی بێدیفاعی شارو گوندەکانی کوردستانی دەست پێکرد. کوشتارو تاوانخولقێنییەک کە تا ئەمڕۆش بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوامە.

پاش فەرمانی خومەینی، لافاوی هێزی چەکداری گوێ لە مستو دەمارگرژ شانبەشانی ئەرتەشو پاسداران بەرەو کوردستان هێرشیان کرد. لە زەویو ئاسمانەوە ئاگریان بەسەر خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستاندا باراندو لە هیچ جینایەتێک دەستیان نەگێڕایەوە. پۆل پۆل لاوانی کوردستانیان وەبەر گوللە داو ئێعدام کرد. خەڵکی گوندەکان قەلاچۆ کرانو ماڵیان بە تالان برا. لە زۆربەی شارەکان کۆمەڵێک مرۆڤی بێتاوان بەبێ دادگایی یان لە بێدادگای چەند چرکەییدا بە فەرمانی حاکمی شەرع خەڵخاڵی تەنیا بە تاوانی داواکردنی مافەکانی خەڵک درانە بەر گوللەو گیانیان لێسەندرا. فەرمانەکەی خومەینی، جۆرێک ڕاگەیاندنی جیهاد لە دژی خەڵکی کوردستانو بەسیج کردنی هەموو تواناکانی رێژیم بۆ هێرشبردن بۆ سەر خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان بوو. لە روانگەی ناوبراوەوە حیزبی دیموکرات، بەو هۆیەوە کە لە بەرامبەر هەوڵوپیلانەکانی ڕێژیمی تازە بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنەوەی

کوردستان راوەستابوو، حیزبێکی شەیتانی بوو. هەر بۆیە خومەینی ئەم حیزبەی هەڵوەشاوە راگەیاند. هێرشکەران کە بریتی بوون لە ئەرتەش و لایەنگرانی دەمارگرژ و چەک بە دەستی رێژیمی تازە، لە هیچ جینایەتێک دەستیان نەدەپاراست. هەر چەند رۆژ دوای فەرمانەکە خەڵکی ئاوایی قارنێیان قەلاچۆ کرد، لە مەلای ئاوەدانی کە بەقورئانێکەوە چووبووە پێشوازییان تا خەڵکەکە نەکوژن، هەتا منداڵی سەر بێشکە، رەحمیان بە کەسدا نەهاتەوەو هەر کەسیان دەست کەوت، بەگوللەو تەور گیایان لێئەستاند. جینایەتێک کە دواتر لە دەیان گوندی کوردستان دووپات بوونەوە.

هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان بە فەرمانی خومەینی، هەوڵێک بوو بۆ بێدەنگ کردنی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان کە داوای مافی نەتەوەیی خۆیانیان دەکردو لەلایەکی دیکەشەوە تۆڵە کردنەوە بوو لە خەڵکی کوردستان. چونکە خەڵکی کوردستان هەر لەسەرەتاوە لە بارەی ئەو رێژیمەوە بە هەڵە نەچوونو فریویان نەخوارد. هەر بۆیە کاتێک لە خاکەلێوەی ١٣٥٨رێفراندۆمی گشتی بۆ دیاریکردنی جۆری نیزامی داهاتووی ئێران بەرێوە چوو، بەو هۆیەوە کە نەیاندەزانی ئەو «کۆماری ئیسلامی»یەی خومەینی دەیەوێ دەنگی خەڵکی بۆ وەربگرێ چ جۆرە ناوەرۆکێکی هەیەو چ مافێکی بۆ خەڵکی کوردستانو نەتەوەکانی دیکەی ئێران پییە، بەشدارییان تێدا نەکرد. ئەمەش شتێک نەبوو خومەینی چاوپۆشیی لێبکا. هەربۆیە شەڕێکی خوێناویی لەژێر ناوی دین لە گەڵ ئەم نەتەوەیە دەست پێکرد.

فەرمانی ٢٨ی گەلاوێژی خومەینی بوو بە سەرەتای شەڕێکی نابەرامبەر دژی هێزە سیاسییەکانو خەڵکی کوردستان. ئەو خەڵکەو هیزە سیاسییەکان، یا دەبا تەسلیمی کۆماری ئیسلامی ببانو ملیان بۆ ستەمو دەسەلاتی جەهەننەمیی ئەو رێژیمە شۆڕ کردباو بەردێکیان لە سەر داخوازە نەتەوەییەکانیان دانابا، یا لە بەرابەر ئەم وەحشیگەرییەی ڕێژیمی تازەبەدەسەڵات گەیشتووی ئێران، ڕاوەستابانو سەربەرزانە داکۆکییان لە ئازادیی خۆیان کردبا. خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانو لە پێشەوەی ئەوان هێزە سیاسییەکان، ئازایانە دیفاعیان لە دەسکەوتەکانیان کردو لە بەرامبەر زۆرو زۆرداری دا ڕاوەستان.

خومەینیو دارودەستەکەی بە تەواوی توانایانەوە هێرشیان کردە سەر کوردستانو بە هەزاران مرۆڤی ئازادیخوازیان لەخوێن گەوزاند، دەیان کارەساتی وەک قارنێو قەلاتانیان خوڵقاند، خەڵکیان ئاوارەو دەربەدەر کردو ماڵو حاڵی خەڵکیان بەتۆپ و بۆمبو کاتیوشا وێران کرد، ئەگەر شۆڕشگێرانیان پۆل پۆڵ بەرەو مەیدانەکانی ئێعدام بردو گیانیان لێسەندن، هەر بۆ ئەوە بوو کە بتوانن دەنگی ئازادیخوازیو مافخوازیی خەڵکی کوردستان کپ بکەنو ئەو

خەڵکە بۆ هەمیشە واز لە مافەکانیان بێنن. بەڵام لەوە غافڵ بوون کە کوردستان،ئەم سەنگەرەی ئازادیخوازی بەم کردەوانەی ئەوان خۆڕاگرتر دەبێ و خەڵکە مافخوازەکەی لە سەر داواکانیان سوورتر دەبن. شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵکی کوردستانو بەربەرەکانیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە گەڵ ستەم و زۆردارییەکانی ئەو ڕێژیمە، سەرەڕای تێپەڕین بە قۆناغی جۆراوجۆر دا هەر وا بەردەوامەو بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەی هەیە.

لە پێوەندی لە گەڵ شەڕێک دا کە کۆماری ئیسلامی بە فتوای خومەینی بە سەر کوردستانیدا سەپاند، زۆر جار لێر و لەوێ، هێندیک رەخنەگر، گەلی کوردو هێزە سیاسییەکانی بە پەلە کردن لە ڕاوەستان بەرامبەر بەو ڕێژیمەو زوو دەستبردن بۆ چەک، تاوانبار دەکەنو وەباڵی ئەو هەمووە خوینڕژانو ماڵوێرانییە، دەدەنە پاڵ ملی هێزە سیاسییەکانی کوردستان. ئەوان بە پێویستیشی نازانن ولامی ئەو پرسیارە بدەنەوە لە شوێنەکانی دیکەی ئێران، ئەو نەتەوەو هێزە سیاسییانەی کە کە لە ریفراندۆم بەشدار بوونو دەنگیان بەو ڕیژیمەدا هیچ کاتیش دەستیان بۆ بەرگریی چەکدارانە نەبرد، کۆماری ئیسلامی چ داوایەکی لێقبوول کردنو چ مافێکی پێدان؟ بۆ چی هەر کە ئەوڕێژیمە دەرفەتی بۆ هەڵ کەوت، کەوتە گیانی ئەوانیشو لە کوشتنی رۆڵەکانیانو تیکۆشەرانیان دریغی نەکرد؟ پاشان ئەگەر کورد بە چەک بەرەورووی هێرشی نیزامیی کۆماری ئیسلامی نەبایەوە، ئایا ڕێگایەکی دیکە بۆ هێنانە گۆڕی داخوازەکانو داکۆکیلێکردنیان هەبوو؟ دەرەتانی پێکهینانی حیزبو ڕێکخراوی سیاسیو ئیمکانی هەڵبژاردنی ئازادو ناردنی نوینەری راستەقینەی خەڵک بۆ پارلمان و خەباتی پارلمانی هەبوو؟ میدیای ئازاد هەبوو؟ ئازادیی تیکۆشانی سیاسی هەبوو؟

گەلی کورد، ئەگەرچی لە سۆنگەی بە سەرداسەپانی شەڕێکی نابەرامبەر لە گەڵ کۆماری ئیسلامی تووشی زیانو خەساری گیانیو ماڵیی گەورە بوو، بەڵام سەلماندی کە بندەستیو بێمافی قبووڵ ناکا و ئامادەیە نرخی ئازادی بدا. بە هۆی ئەم خۆڕاگریو قوربانیدانو بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیەش کە لە کوردستان هەیە، پلەی ئاگاییو وەخۆهاتنەوەی سیاسیو نەتەوەیی بەرەوژوور چووەو وزەو پوتانسیەلو توانایەکی بە هێز بۆ بەردەوامیی خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازانەو ڕزگاریدەرانە، بەرهەم هاتوە.

خاڵێکی دیکەش کە لە ٣٤ ساڵەی داسەپانی شەڕ بە سەر خەڵکی کوردستان دا جێگای وەبیرهێنانەوەیە، رۆڵو نەخشی ئەو هێزانەیە کە بەردەوامیی چەندین ساڵ خۆراگریی کوردستان، بەرهەمی خەباتو خۆ بەختکردنی ڕیبەران، تێکۆشەران، کادرەکان، پێشمەرگەکانو ئەندامانو لایەنگرانی ئەوان بووە، بە تایبەتیی حیزبی

دیموکراتی کوردستان کە نزیکەی ٥٠٠٠ کەس لە باشترینو بەوەجترین رۆڵەکانی لە خەبات لە گەڵ ئەو رێژیمەدا لە دەست داوە. ئەم رۆڵە جێی شانازییە، رەگو ریشەی ئەم حیزبەی بردۆتە نێو ناخی دڵی نەتەوەی کورد و بە پانایی کوردستاندا بڵاوی کردۆتەوە.

ئەگەر کوردستان، ساڵانێک تەنیا بە خۆڕاگریی چەکدارانە داکۆکی لەمانو مەوجوودییەتی خۆی کردوە، هی ئەو راستییە بووە کە رێگایەکی دیکەی لە بەر دەم دا نەبووە. بێگومان ئەگەر بەستێنسازی بۆ دروستبوونی شێوەکانی دیکەی خەبات بە تایبەتی خەباتی مەدەنیو خەباتی جەماوەری بکرێ، دەکرێ بۆشایی نەبوونی خەباتی چەکداری لە کوردستان بەو شێوە خەباتانە پڕ بکرێتەوە. ئەم بەستێنسازییەش ئەگەر لە لایەکەوە پێوەندیی بە کەشوهەوای سیاسیی وڵاتەوە هەیە کە هەر وەک رابردوو داخراوە، لە لایەکی دیکەوە بەستراوەتەوە بە بایەخپێدانی هێزو لایەنەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی کوردستانو بە تایبەتی کەسانێک لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لە لە خەباتو تیکۆشانی هێمنانەدا بەشدارنو هەوڵ دەدەن لەو رێگایانەوە داخوازەکانی خەڵک بەرنە پێش.

ئاکام:

نەتەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان نابێ فەرمانی ٢٨ی گەلاوێژی خومەینی لە دژی خۆی لەبیر بکا. پێویستە بەڵگەو دۆکیۆمێنتەکانی چەندین ساڵ شەڕی نابەرامبەری کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد کۆ بکرێنەوە. پێویستە ئەو هێزانەو ئەو کەسانەو ئەو خەڵکەی رۆڵیان لەو خۆراگرییە پڕ لە قوربانیدانەدا هەبووە، بە تایبەتی ئەو بنەماڵانەی عەزیزانیان لە شەرو بەرگری لە گەڵ هێرشکەرانی کۆماری ئیسلامیدا لە دەست داوە یا تووشی کەم ئەندامی بوون، رێزیان لێبگیرێ. دەبێ زیاتر تیشک بخرێتە سەر ئەو راستییەش کە ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو شەڕی بە خەڵکی کوردستان فرۆشت بۆ ئەوەی بە ناحەق، کەسانێک کە بەرگریی رەوای نەتەوەی کورد نەبەنە ژێر پرسیار. لە گەڵ هەمووی ئەوانەشدا دەبێ هەوڵ بدرێ رێگاو شێوازی نوێتر و هەر لەوکاتەدا کەم هەزینەتر بۆ بەربەرکانی لە گەڵ ستەمو زۆرداریی کۆماری ئیسلامیو بەدەستهینانی مافە نەتەوەییەکان، بدۆزرێتەوە.

لە ژمارە ٦١٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٣

# لە ئەزموونی ژنانی پێشمەرگەی کوردستانەوە

## ژنانی پێشمەرگەو خەباتی نەتەوەیی‌و یەکسانیخوازانە

ئاماژە:

پارێزگای وێست ئاگدەری نۆروێژ بە هاوکاریی سەنتەرو ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی ئەم پارێزگایە، بە بۆنەی ١٠٠ ساڵەی دابین‌بوونی مافی دەنگدان بۆ ژنانی نۆروێژ، زنجیرەیەک کۆنفرانس‌و چالاکیی کەلتووریی لە سەرەتای سێپتامبری ئەمساڵدا بەڕێوە برد.

کوێستان فتوحی، لە سەر پێشنیاری کۆمەڵێک لە ژنانی چالاکی کورد لە نۆروێژو ئورووپا بۆ بەشداری لەم کۆنفرانسەو چەندین بەرنامەو چالاکیی دیکەدا بانگهێشت کردبوو. بەڵام بەو هۆیەوە کە نەیتوانی ڕاستەوخۆ لەو کۆنفرانسەو بەرنامەکانی دیکەدا بەشدار بێ، لە ڕێگای وتارێکی ڤیدئۆیی‌یەوە، باسێکی لە بارەی خەباتو تێکۆشانی ژنانی پێشمەرگەی کوردستان، پێشکەشی بەشدارنی ئەم کۆنفرانسە کرد. ڕێکخەرانی کۆنفرانسەکە، وێڕای بەداخبوون لە نەهاتنی ئەم میوانەیان لە کوردستانەوە، ئاماژە بە خەباتو تێکۆسانی چەندین ساڵەی ئەم ژنە پێشمەرگەیە لە مەیدانی خەباتی یەکسانیخوازانەدا، وێڕای بڵاوکردنەوەی کورتەیەک لە دەقی کوردیی وتارەویدئۆییەکە بە دەنگی کوێستان فتوحی، وەرگێڕدراوی نۆروێژی وتارەکەی ناوبراویان بەهۆی خاتوو خونچە محەممەدی، پێشکەشی ئامادەبووان کرد. ئەمەی خوارەوە دەقی وتارەکەیە:

**بەڕێزان سڵاو!**

لە کوردستانەوە لە گەڵتان دەدوێم و ژنێکی کوردم. کوردستان، وڵاتێکی پارچەپارچەکراوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەو کورد نەتەوەیەکی ٤٠ میلیۆنی‌یە کە وڵاتانی تورکیە، ئێران، عێراقو سووریە بە سەر خۆیاندا دابەشیان کردوە. دەتوانم بڵێم گەورەترین نەتەوەی بێ‌دەوڵەتی ئەم ڕۆژگارەین. ئەم وڵاتدابەشکراوو بندەستی‌یە نەتەوەیی‌یە، ستەمێکی دیکەشی خستۆتە سەر ئەو ستەمو هەڵاواردنانەی ژنان لە کۆمەڵگە پیاوسالارو دواکەوتووەکاندا لە گەڵی

بەرەوڕوون، ئـەویش سـتەمی نەتـەوەیـیـیە. دەمەوێ هەر لەم دەلاقەیـەوە خۆتـان پێبناسـێنم‌و بـاس لە مەینەتـی‌و بێبەشی‌یەکان‌و هەر لەو کاتەدا باس لە خەبات‌و تێکۆشانی ژنانی کوردستان بکەم.

ئەمن کوێستان فتووحیم‌و خەڵکی رۆژهەڵاتـی کوردستانم، ئەو پـارچەیەی کوردستان، کە زۆر جـار بە کوردستـانی ئێران ناو دەبرێ. لە کوردستان حیزب‌و رێکخراوی سیاسیی جۆراوجۆر هەن. ژمارەیەک لەوان شانبەشانی خەبات بـۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی‌یەکـان، گرنگی بە پرسە کۆمەڵایەتی‌یەکـان‌و یەک لەوان پرسی ژنـان دەدەن. حیزبـی دیموکراتی کوردستان یەک لەو حیزبانەیە. ئەمن‌و خوشکێکم کە لە خۆم گەورەتـرە، لە سەرەتادا بە شێوەی نهێنـی لە رۆژهەڵاتـی کوردسـتان کـاری خەباتگێڕانەمـان دەکـرد، بەڵام کاتێـک هەسـتمان کـرد لە ژێـر چـاوەدێری‌داین‌و مەترسـیی گیرانمـان لە لایەن دامودەزگـای جاسووسـی‌و سـەرکوتی رێژیمـی ئێـرانەوە لە سـەرە، چـووینە ریـزی پێشمەرگەکان. لە ساڵی ١٩٨٦ەوە کە تەمەنم ١٨ ساڵ بـوو، هەتـا ئێستا واتە ماوەی ٢٧سـاڵە، پێشمەرگایەتیم وەک رێگایەک بۆ خەبات‌و بەربەرەکانی لە گەڵ هەر دوو ستەمی نەتەوەیی‌و جینسی هەڵ بژاردووە.

حەز دەکەم واتـای «پێشمەرگە» بۆ ئێوە باس بکەم. لە نێو نەتەوەی کورددا، ئەو کەسانەی ئامادەن ژیـان‌و گیـانی خۆیان فیدای ئازادی‌و بەختیاریی مرۆڤەکانی دیکە بکەن، پێیان دەگوترێ پێشمەرگە. ئەو ژنـانەی لە بزووتنەوەی رزگـاری‌خوازانەی کوردسـتاندا بـوون بە پێشـمەرگەو لە بـاری هاتنەنێوکـاری سیاسـی‌و خەبـاتگێڕانەو چـالاکیی کۆمەڵایەتی‌و مرۆڤدۆستانەوە، پێشەنگن، بە مانای واقیعی پێشمەرگەن. چونکە مەسەلەکە بـۆ ئەوان، هەر تەنیـا، ڕووبەرووبـوون لە گەڵ مەترسیی شەڕو گیانلەدەستدان بە هـۆی هێـزە چەکدارەکانی رێژیمەکـانی ئێـران، عێـراق، تورکیە و سووریە نیە، ڕووبەڕووبـوون لە گەڵ بیرکـردنەوەو ڕوانینـی دواکەوتـووانەی کۆمەڵگـایەکی پیاوسالاریشـە. ئەمنیش وەک ژنانی پێشمەرگەی دیکە، لە لایەکەوە دەبوا ئەرکی رۆتینی پێشمەرگانەی خۆم کە داکۆکی لە خەڵکی کوردستان‌و بەرگری لە خۆم‌و هاوڕێیانم لە کاتی هێرشی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێـراندا بـوو بەڕێـوە ببەم، لە لایەکی دیکە لە ئەرکی پێشەنگانەی خۆم وەک ژنێک‌و وەک داواکارێکی یەکسانیی ژن‌و پیاو غافڵ نەبم.

ئەو کات کە بووم بە پێشمەرگە، شـارەکان لە لایەن هێـزە نیزامی‌یـەکانی کۆمـاری ئیسلامی‌یەوە، کۆنتڕۆڵ دەکران. هەر بۆیە هەڵسووڕان‌و چالاکیی هێزەکانی پێشمەرگە، بە زۆری لە دەرەوەی شـارەکان‌و لە نێـو خەڵکی گوندنشین‌دا بوو. ئێمە ژنانی پێشمەرگە لە نێو ژنانی لادێ‌دا، زۆر ئەرک هەبوو کە دەبووا جێبەجێیـان بکەیـن. بەو هۆیەوە کە کوردسـتان، لە لایەن ڕێـژیمە زۆردارەکـانەوە، بە ئەنقەسـت لە دواکەوتـوویی ئـابووری‌و کولتـووری‌و کـۆمەڵایەتی‌دا

ڕاگیراوە، بە داخەوە ژنانو کچان بە تایبەتی لە گوندەکان هەتا ئێستاش لە هەلومەرجێکی زۆر خراپدا دەژین. هەر بۆیە ئێمە لە چەند بواردا دەبووا کار بکەین. لە باری لەشساغیو دەرمانییەوە، پێویست بوو بەو ئیمکاناتە کەمەی هەمانە، ڕێنوێنیو هاوکاریی ژنان بکەین. فێریان بکەین لە کاتی سووڕی مانگانەو لە کاتی دووگیانیدا، چۆن تەندروستیی خۆیان بپارێزن. بە داخەوە هەتا ئێستاش زۆر لە گوندەکانی کوردستان، بنکەو ناوەندی دەرمانیو لەشساغییان لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ دابین نەکراوە. ژنان هەروا لە ئیمکاناتی وەک پێشگیری لە منداڵبوون بێبەشن. ٢٠ - ٣٠ ساڵ لەمەوبەر بارودۆخەکە زۆر خراپتریش بوو. ئێمە پێشتر لە بنکە دەرمانییەکان و نەخۆشخانەکانی شۆڕشدا، بۆ ئەم جۆرە هاوکاریو ڕێنوێنییانە، هێندێک ئاموزش درابووین. بەڵام ئەوەندە هاوکاریو ڕێنوێنییەی لە دەست ئێمە دەهات، زۆر کەم بوو و تەنیا ئەو گوندانەی دەگرتەوە کە هێزی پێشمەرگە هاتوچۆی دەکردن.

لە بواری کۆمەڵایەتیو کولتوورییشدا، پێویست بوو لە نێو ژنانو لە نێو بنەماڵەکاندا کار بکەین. ئەو کاتە زۆر دابو نەریت لە نیو خەڵکدا هەبوون کە بە زیانی ژنان بوون. دیارە ئێستاش، ئەگەرچی کەمتر بوون، بەداخەوە لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا هەر ماون. خەتەنەکردنی کچان، ئەویش بە شێوەیەکی زۆر بێبەزەییانەو بە ناتەندروستترین کەلوپەلو تیکنیکەکان، بەزۆربەشوودان، هەڵاواردن بە دژی کچانو ژنان بە تایبەتی لە بواری خوێندندا، لەو دیاردانە بوون. ئێمە هاندەری دایکەکان بووین کە کچەکانیان خەتەنە نەکەنو لە مەترسییەکانی ئەو کردەوەیە ئاگادارمان دەکردنەوە. داوامان لە دایکو بابەکان دەکرد کە کچەکانیشیان بنێنە بەر خوێندن. لە بەشێک لە گوندەکاندا کە ئازاد بوونو هێزی پێشمەرگە دەیپاراستن، هێزە سیاسییەکانی کوردستان، قوتابخانەیان کردبۆوەو کتێبی خوێندنو مامۆستایان بۆ منداڵانو تەنانەت گەورە ساڵان دابین کردبوو. ژمارەکی زۆر لە ژنانی پێشمەرگە، وەک مامۆستا لەو قوتابخانانەدا، دەرسیان دەگوتەوە. ئێمە ژنانی پێشمەرگە، هەروەها لەبارەی خراپییەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە کچانو ژنان، لە گوندەکاندا کۆڕو کۆبوونەوەمان پێک دێنا.

تەنانەت بەدواداچوونمان دەکردو ئەو کەسانەی تاوان یان کردەوەی زۆر توندوتیژ بەرامبەر بە هاوسەرو کچی خۆیان ئەنجام دەدا بە هێزی پێشمەرگەمان دەناساندن بۆ ئەوەی لە لایەن دامەزراوەکانی بزووتنەوەی کوردستانەوە، لێکۆڵینەوەیان لە گەڵ بکرێ. باسی ئاکامە خراپەکانی بە زۆربەشوودانی کچانمان بۆ خەڵک دەکرد. بەشێک لە کاتی خۆمان تەرخان کردبوو بۆ سکاڵای ئەو کچ و ژنانەی لە بنەماڵەدا لە گەڵ ستەمو بەدڕەفتاری بەڕەوڕوو دەبوونو ڕێنوێنیمان دەکردن. لە ڕاستیدا ژنانو کچانی گوندەکان، کە هێزی پێشمەرگەو بە تایبەتی

ژنـانی پێشمەرگەیان دەدیت دەگەشـانەوە. چونکە ئەوانیـان بە پشـتیوانی خۆیـان دەزانـی کە لە بەرامبەر ستەمو هەڵاواردندا داکۆکیـیان لێدەکەن.

لە پەنا ئەو کارانەشدا، پێویست بوو ژنان بە مافەکانی خۆیان ئاشنا بکەینو باس لە پێویستیی یەکسانیی ژنو پیاو لە خیزانو کۆمەڵگەیاندا بۆ بکەین. ئەگەر ئێمەی ژنانی پێشمەرگە لەو پرسە غافڵ بوایەینو گرنگیمان بە کێشەو گرفتەکـانی ژنـان لە کـۆمەڵگەدا نەدابـایە، هیـچ جیاوازیـیەکمـان لە گەڵ پیـاوێکی پێشمەرگە نەدەبـوو. لە ڕاستیدا بزووتنەوەیەکی نەتەوەییو ڕزگاریخوازانە، ئەگەر پرسی ژنانو ماف و ئازادییەکانی ئەوان پشتگوێ بخاو تەنیا، لابردنی ستەمو زۆرداریی سیاسی لە سەر نەتەوەکەی خۆی، بکا بە ئامانج، تووشی کەموکوڕیو لاوازییەکی گەورە دەبـێ. حیـزبە سیاسـییەکانی کوردسـتان، تـا ڕادەیەک ئەم ڕاسـتییە تێگەیشـتوونو لە بەرنـامەی خۆیـاندا بایەخیان بە مەسەلەی ژنان داوە. بەڵام هەر گرنگیدان بە ژنان لە بەرنـامەو پەسەندکراوەکاندا بـۆ ئەوەی، ژنـان ڕۆڵـی چالاکانەیـان لە خەبـاتی نەتەوەکەیـاندا هەبـێ بەس نـیە. دەبـێ کـاری عەمەلـیو ڕەوشـەنگەرانە لە نێـو کۆمەڵگە بەگشتیو بە تایبەتی لەنێو ژناندا بکرێ.

لە کوردستان ئەگەر لەو بارەیەوە، واتە کار لە نیو ژناندا، تا ڕادەیەک پێشکەوتنو بەرەوپێشچوون هەبووە،

دەبێ سوپاسی دوو دەستە لە مرۆڤەکان بکەین. یەکەمیان پیاوانی سیاسیی دیموکراتو ڕووناکبیر لەنێو بزووتنەوەی کورددا، کە بـۆ خۆیـان پێشـەنگ بـوونو بـوون بە ئۆلگـوو بـۆ تێکۆشـەرانی نەتەوەکەیـان. پێشـەوا قـازی محەممەد، سەرکۆماری کوردسـتان لە دا ١٩٤٦ یەک لەو کەسایەتـییانە بـوو کە پـێش هەمـوو کەس هاوسـەرەکەی خـۆی (مینـا خانم)ی هاندا بێتە نێو چالاکیی سیاسیو کۆمەڵایەتی. هەروەها، وەک سەرکۆمارێک پێشنیاری دامەزرانی ڕێکخراوی بۆ ژنانی کوردستان کرد. کەسایەتـییەکی دیکە کە لەم بارەیەوە کاریگەریی زۆری لە سەر خەباتکـارانی نەتەوەکەی هەبوو، د.عەبدولڕەحمانی قاسملوو بوو کە لە دەیەکانی ٧٠ و هەشتای زایینیدا، بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانی ڕیبەرایەتـی دەکـرد. د.قـاسملوو، بـایەخی زۆری بە پێویسـتیی بەشداریی ژنـان لە تێکۆشـانی سیاسـی و کۆمەڵایەتیدا دەدا.

دەستەی دووهەم لە مرۆڤەکان کە لەم بارەوەیە کاریگەرییان هەبووە، ئەو ژنانە بوون کە لە ڕیزی پێشمەرگەو لە نێـو ڕێکخـراوە سیاسـییەکانی کوردسـتاندا تێکۆشـانیان هەیە. ئەوان لە نێـو حیـزب و ڕێکخـراوە سیاسـییەکاندا، هەمیشە وەک ڕەخنەگرو وەک هێزێکی گوشار، لە دژی کەمتەرخەمی بەرامبەر بە پرسی ژنان لە کۆمەڵگەو تەنانەت

لە نیو حیزبەکانیاندا، دەنگی ڕەخنەو نارەزاەتیيان بەرز کردوەتەوە. کاریگەریی ئەم دوو دەستەیە لە مرۆڤەکانو لە لایەکی دیکەوە، بەرزبوونەوەی وشیاریی ژنان لە نێو کۆمەڵگە و پێداگرییان لە سەر مافەکانیان، بووە بە هۆی ئەوە ئێستا لە ڕێبەریی ژمارەیەک لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا، ڕێژەیەک لە ژنان دەبینرێن. ئەم ڕێژەیە ئەگەر چی زۆر کەمە، بەڵام بە بەراورد لە گەڵ رابردوو، دەبێ وەک دەسکەوتێک سەیری بکرێ. ئەمنو کۆمەڵێک ژنی دیکە زیاتر لە پێنج ساڵە لە ڕێبەریی حیزبێکی سیاسیی گەورەی کوردستاندایین. جگە لەوەش بە هاوکاریو پشتیوانیی پیاوانی یەکسانیخواز، توانیومانە کۆمەڵێک پرەنسیپ بە قازانجی ژنان لە بەرنامەو تێکۆشانی حیزبەکەی خۆماندا جێگیر بکەین.

### بەڕێزانی بەشدار لەم کۆنفرانسەدا!

دەمەوێ باسی بوارێکی دیکەی تێکۆشانی خۆمو ژنانی پێشمەرگەی وەک خۆمتان بۆ بکەم، بواری ڕاگەیاندن. ئەو ژنانەی لە ڕیزەکانی پێشەوەی بزووتنەوەی نەتەوەییو ئازادیخوازانەی کوردستاندا، وەک پێشمەرگە بەشدارن، لە ڕاگەیاندنی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا، نەخشیان هەیە. ئەوان هەوڵیان داوە ئەم بوارە هەر تەنیا بۆ گرنگیدان بە پرسی سیاسیو نەتەوەیی بە کار نەهێنرێو بۆ داکۆکیکردن لە مافو ئازادییەکانی ژنانو بردنە پێشی ئەو پرسە ڕەوایەش بە کار بهێنرێ. ئەمنو ژنانی هاوکارو هاوخەباتم توانیومانە بە وەڕێخستنی گۆڤارو بڵاوکراوەی تایبەت بە ژنان، بە پێکهێنانی بەرنامەی رادیۆییو تەلەڤیزیۆنی، بە دامەزراندنی ویبلۆگو ماڵپەڕی ژنان، ئیمکاناتی ڕاگەیاندنی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانو بزووتنەوەی کوردستان، بۆ داکۆکی لە ژنان بە کار بێنین. ئەمن لەو بڕوایەدام، لە هەر کۆمەڵگەو وڵاتێک کە خەباتێکی ڕەواو بزووتنەوەیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتی لە گۆڕێدایەو ژنانیش تێیدا بەشدارن، ژنان دەبێ هەم لە ناوەندەکانی بڕیاردانو هەم لە ڕاگەیاندنو تریبوونەکانی ئەو خەباتو بزووتنەوانەدا، پشکو ڕۆڵی دیاریان هەبێ بۆ ئەوەی لەو شوێنە گرنگانە، ژنان پشتگوێ نەخرێن. بە سەرنجدان بەو ڕاستییەشە کە بۆ خۆم وێڕای بەشداریی چالاکانە لە کۆمەڵێک ڕاگەیاندندا، ماوەی چەند ساڵە سەرنووسەریی، ڕۆژنامەی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانم گرتۆتە ئەستۆ، بۆ ئەوەی لەو سەنگەرەوە داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ بە گشتیو مافی ژنانی کوردستان بە تایبەتی بکەم.

دیارە لە کوردستان چەندین کۆمەڵەو ڕێکخراو و ناوەندی تایبەت بە ژنان هەن کە هێندێکیان سەربەخۆو هێندێکیان سەر بە حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانن. دەبێ پێتان بڵێم کە چەند ساڵێکە ژنانی پێشەنگو پیاوانی

یەکسانیخواز لە کوردستان، سەرەڕای جیاوازیی ڕێکخراوەیی‌و بیرو بۆچوونی سیاسی، لە گەڵ یەکتر لە پێوەندیدان، کۆڕوکۆبوونەوەو کەمپەین‌و کۆنفرانسی تایبەت بە ژنان بەڕێوە دەبەن. بە هاودەنگی، ڕەخنەو نارەزایەتی‌یەکانیان دژی ستەمو هەلاواردن‌و توندوتیژی دژی ژنان رادەگەیەنن. بە باوەڕی من، لە هەر کۆمەڵگایەکو تەنانەت لە ئاستی ناوچەیی‌و جیهانی‌دا، ژنان سەرەڕای جیاوازیی نەتەوەو وڵاتو زمان‌و ئایین‌و رەنگی پێست، پێویستە بۆ پرس و ئامانجە هاوبەشەکانیان، هاوخەبات و هاوکاری یەکتر بن. پێویستە ئەزموونەکانیان لە گەڵ یەکتر بگۆڕنەوەو کێشەی ژنانی کۆمەڵگەو وڵاتێکی دیکەو شکان‌و سەرکەوتنی ئەوان بە هی خۆیان بزانن.

## بەڕێزان!

تا ئێرە باسی ئەو ژنانەم بۆ کردن کە لە چیاکانی کوردستان‌و لە ریزی حیزبو ڕێکخراوە سیاسی‌یە خەباتکارەکانی کوردستاندا وەک پێشمەرگە تێکۆشانیان هەیە. دەمەوێ ئەگەر بە کورتییش بووە، باسی ژنانێکی دیکەتان بۆ بکەم کە لە نیوخۆی کوردستان، لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆر و دژەژنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا چالاکی دەکەن. ژنانێک کە خەباتی مەدەنی دەکەن بۆ ئەوەی دەنگی ناڕەزایەتی دژی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامیی ئیران کە پڕن لە هەڵاواردن بەرامبەر ژنان، بەرز بکەنەوە. ئەوان لە ڕێگای خەباتی هێمنانەوە، داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن، تیشک دەخەنە سەر هۆیەکان‌و چەندو چۆنی توندوتیژی دژی ژنان، پارێزگاری لە ژینگە دەکەن، یان یارمەتیی ئەو ژنانە دەدەن کە تووشی مادده سڕکەرەکان بوون. ژنانێکیش هەن لە سەر دیاردەکانی وەک خۆکوشتنی ژنان، ڕاکردنی کچان‌و ژنان لە ماڵەوە، لەشفرۆشی، نەخۆشیی ئایدز، کار دەکەن. بە داخەوە ژمارەیەک لەو ژنانە، لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە سەر کارەکانیان وەلانراون، یان تووشی بەندیخانەو ئازارو ئەشکەنجە بوون. ئەمن پێم‌خۆشە ئەو جۆرە ژنانەش هەر وەک پێشمەرگە ناو بەرم. چونکە ئەوانیش ئامادە بوون، لە پێناوی ئازادی و بەختیاریی مرۆڤەکانی دیکەو لە پێناوی دادپەروەری، دیمۆکراسی‌و مافی مرۆڤدا قوربانی بدەن.

## ژنانی نورویژی‌و ژنانی میوان لە نەتەوەو وڵاتانی جۆراوجۆرەوە!

پیرۆزبایی ئەم کۆبوونەوە گەورەیەتان لێدەکەم کە بە بۆنەی ١٠٠ساڵەی بە دەستهێنانی مافی دەنگدان بۆ ژنانی نۆرویژ پێک هاتوە. سپاسی شارەوانیی پارێزگەی ئوستئاگدەرو سەنتەری یەکسانی‌خوازو ڕێکخراوی یوئێن دەکەم بۆ

پێکهێنانی دەرفەتی کۆبوونەوەو پێکئاشنابوونی ژنانی چالاکو پێشەنگی نۆروێژو نەتەوەو وڵاتانی جیاواز. هەروەها سوپاسو پێزانینی زۆر بۆ هەموو ئەوانەی زەحمەتی زۆریان کێشا ئەمن لەو یادە خۆشو گرنگەدا بەشدار بم. هەرچەند بەداخەوە نەمتوانی لەنزیکەوە بەشداری بکەم.

هیوادارم وڵاتی نۆروێژ هەر وەک لە دابینکردنی مافەکانی ژناندا پێشەنگ بووە، لە بواری پشتیوانی لە خەباتی ژنان لە وڵاتانی دیکەشدا پێشەنگو بەردەوام بێ.

ئاواتم هاوپێوەندیی زیاتری ژنانی جیهانو بەرەوپێشچوونی خەباتی یەکسانیخوازانەی ئەوانە.

کوێستان فتووحی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە

لە ژمارە ٦١٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٣

---

## گەڵاڵەیەکی دزێو لە چاوەڕوانی پەسند کردندا!

هەواڵو لێکدانەوەکان لەسەر دیپلۆماسیی ئێران لە دوای هاتنەسەرکاری رووحانی، باسوخواسی گەرمی چەند رۆژی ڕابردووی راگەیەنەکانە جیهانیو ناوخۆییەکان بوون، بەتایبەتی سەفەری رووحانی بۆ نیۆیۆرکو رووداوەکانی دوای تەلەفۆنە مێژووییەکە! وای کرد لەم چەند رۆژەدا مەسەلە نێوخۆییەکانی ئێران زۆر بەبێبایەخییەوە یان زۆر کەم ئاوڕیان لێبدرێتەوە.

یەکێک لەو مەسەلە گرنگو جێی سەرنجانەی کە لەم رۆژانەدا کەوتە پەراوێزی ئەو باسانەوە، مەسەلەی قانوونی کردنی زەماوەندی سەرپەرست لەگەڵ منداڵی قەبووڵکراو «فرزندخوانده» بوو، بەڵام لەهەمان کاتیشدا چالاکان و پشتیوانانی مافەکانی منداڵان لە ئێران، نەیانهێشت ئەو مەسەلەیە بەبێدەنگی تێپەڕێ.

مجلیسی شوورای ئیسلامی ئێران رۆژی یەکشەممە ۳۱ی خەرمانان گەلالەیەکی لە ژێر ناوی «پشتگری لە منداڵانو مێرمنداڵانی بێسەرپەرست و خراپسەرپەرست» بۆ پەسند کردن نارده شورای نیگابان. هێندێک لە ماددەکانی ئەو گەلاڵەیە لەلایەن چالاکانی مافەکانی ژنان و منداڵان کەوتە بەر رەخنەی توندو بە دژە ئینسانی، دژە ئەخلاقی، دژە بەهاکان و رێخۆشکەری توندوتیژی جنسیی پیاوان دژی ژنان و منداڵان ناوی لێنرا.

ئەو مادانەی نارەزایەتیی داکۆکیکارانی مافەکانی منداڵانی لێکەوتۆتەوە، مادەی ۲۲ و ۲۷ی ئەو گەلاڵەیەن کە بەناوی « پشتگری لە منداڵانو مێرمنداڵانی بێسەرپەرست» ناردراوەتە شورای نیگابان. بە پێی مادەی ۲۲ی ئەو گەلاڵەیە »منداڵی وەرگیراو «فرزندخواندەگی» دەبێ لە شناسنامەی ئەو کەسەدا کە منداڵەکە هەڵدەگرێتەوە، سەپت بکرێ، واتە بنووسرێ ئەو منداڵە لە بێهزیستی وەرگیراوە. مادەی ۲۷یش کە زۆرترین نارەزایەتی لێکەوتۆتەوە، ئەوەیە؛ پێی حوکمی دادگاو لەسەرخواستی رێکخراوی بێهزیستی ئەوکەسانەی لە بێهزیستی منداڵ وەردەگرنو دەیکەنە منداڵی خۆیان، قانوون دەبێ رێگەیان پێ بدا کە منداڵەکە باڵغ بوو، سەرپەرست دەتوانێ بیکاتە هاوسەری خۆی!

یەکەم جار گەلاڵەی پشتیوانی لە منداڵانو مێرمنداڵانی بێسەرپەرست لەلایەن رێکخراوی بێهزیستییەوە ئامادە کرابوو و ساڵی ۱۳۸۸ لە لایەن مەجلیسی شورای ئیسلامییەوە پەسند کرابوو. لە پەسەندکراوەکەدا زەماوەند لەگەڵ منالی قەبووڵکراو «فرزندخواندە» قەدەغە کرابوو. ئەو گەلاڵەیە پاش پەسەند کردنی ناردرایە شوورای نیگابان، بەڵام شورای نیگابان بە ناوی ئەوەی کە کێشەی شەرعی هەیە، ناردیەوە بۆ مەجلیسی شورای ئیسلامی.

لە ڕاستیدا مەبەستی کێشەشەرعییەکەی شورای نیگابان هەمان ئەو غەدەغەکرانی ئیزدواجی سەرپەرست لەگەڵ منداڵی قەبووڵکراو «فرزندخواندە» بوو، کە شورای نیگابان ئەو خاڵەی بە خیلافی شەرع زانیوەو دەسکاری کردوەو رێگە(حەلاڵ) کراوە منداڵی قەبووڵکراو لەلایەن بنەماڵەوە.

دەکرێ بڵێین ئەگەر ئەو گەلالەیە پەسند بکرێ و بەو ئیسلاحاتەوە کە شوورای نیگابان کردوویەتی ئەوە یەکێکە لە کارەساتەکانی قانوون نەک هەر لە بواری پێشێلکردنی مافەکانی ژنان، بەڵکوو دەبێتە هۆی پێشێل کردنی ئاشکرای مافی منداڵانیش.

## منداڵانی بێسەرپەرست هێندەی دیکە بێپەنا دەبن

کاتێک بنەماڵەیەک منداڵێک هەڵدەگرنەوە، بەو هەوست و نیازەوە قەبووڵی دەکەن کە بیکەنە منداڵی خۆیان و دایک و باوکایەتی بۆ بکەن، قانوونیش تائێستا هەر بەو ئامانجەوە ئەو منداڵانەی بەبنەماڵەکان سپاردوە، بەڵام ئەو قانوونە دێ ئەو پیرۆزییە دەشێوێنێ کە لە نێوان دایک و باوک و ئەو منداڵەدا هەیە. چۆن دەکرێ کەسێک لە قانووندا هەم دایکو باوک بێ هەمیش لە داهاتوودا هاوسەر؟! چ عەقل و تێگەیشتنێک ئەوە قەبووڵ دەکا کە پیاوێک، ژنێک کە قەرارە بۆ منداڵێکی بێپەنا باوکایەتی، دایکایەتی بکا، بەڵام قانوون ئەو مەجالەی بۆ پێک بێنێ دواتر زەماوەندی لەگەڵ بکاو پێوەندیی جینسی لەگەڵی هەبێ؟ ئەوە چ قانوونێکە هەردووی ئەوانەی تێدا جێگیر دەکرێ؟! واتە لە قانوونێکدا بیهێنیەبەرچاو هەم دایک و باوک بی هەمیش لە داهاتوودا هاوسەر!

(ڕێگەپێدراویی زەماوەندی منداڵە قەبووڵکراوەکە لەگەڵ باوک یان دایک) ئەگەر لە قانووندا پەسند بکرێ، تەنانەت ئەگەر ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەش جێگیر نەبێ، بەڵام بەداخەوە دزێوی ئەو کردوەیە وردە وردە لە بیرو زەینی کۆمەڵگەدا دەسڕدرێتەوەو ڕەنگە لەداهاتوودا جێ بگرێ، کە دواتر ئەوە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی دەستدرێژی جنسی بۆ سەر منداڵان. پاشان ئەو ئێعتمادو ئەمنییەتە دەروونییەو ئەو هەستەی کە لەو منداڵەدا دەبێ دروست بکرێ، کە ئەو یەکێکە لە ئەندامانی بنەماڵە واتە جگەرگۆشەی ئەو دایکو باوکەیە، تا گەورەتر دەبێ کەمڕەنگتر دەبێتەوە. پاشان زۆر لەو ژنانەی تا ئەمڕۆ وەک دایک هەستیان دەکرد ئەو منداڵەی وەریان گرتوە هەستی دایکایەتییان بۆی هەبوو، لەپەنایدا هەستێکی دیکە لە ناخیاندا جێ دەگرێ، ئەویش ئەوەیە ئەو کچەمنداڵەی ئەمڕۆ دەیبەنەوە نێو بنەماڵە، چۆن بزانێ لە داهاتوودا نابێتە هەوێی ئەو! هەربۆیە ئەمەش دەتوانێ ببێتە هۆی زۆرتر بوونی توندوتیژیی ئەو ژنانەی بە دژی ئەو منداڵانەی بە منداڵیخۆ قەبووڵیان کردوە. پاشان زۆر ژن و پیاو کە منداڵیان نابێ، ئەو شانسە لەخۆیان دەستێننەوە و مەیلی ئەوەیان نابێ کە منداڵ هەڵگرنەوە، هەم بۆخۆیان هەست بە دایکو باوکایەتی بکەن، هەمیش منداڵێکی بێپەنا پەناگەیەکی ئارامی دەست کەوێ.

## مادەی ٢٢ مۆرێک بە ناوچاوانی منداڵانی قەبووڵکراو «فرزندخوانده»

لە ئیسلاحکراوەکەی گەڵاڵەکە لە مادەی ٢٢دا هاتوە: «لە شناسنامە (پێناس)ی ئەو ژن و پیاوەی سەرپەرستی منداڵەکە وەعۆدە دەگرن دەبێ ناو و شۆرەتی منداڵە قوبووڵکراوەکە »فرزەندخواندە« بنووسرێ. کە نووسینی ئەم

بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەی هەڵگیرانەوەی ئەو منداڵە لەلای منداڵەکە ئاشکرا بێ. پاسان ئەو منداڵانەی دایک و باوکیان هەیە و بە هۆکاریک دراونەتە ناوەندی بێهزیستی، دەبێ هەم ناوی دایکو باوکی ئەسڵییان بنووسرێ هەم ئەوانەی سەرپەرستی منداڵەکە قەبووڵ دەکەن، کە ئەمەش هەمووکات وەک نیشانەیەک بە ناوچاوانی ئەو منداڵەوە دەبێ. ئەو منداڵە بەردەوام هەست بە نیگەرانی و بیرکردنەوە و دڵەڕاوکێ دەبێ، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی ئێران کە ئێستاش بەچاوێکی ئەگەر نەڵێین سووک، بە بەزەیی چاو لەومنداڵانە دەکرێ، کە دواتر و لە دەورانەکانی تەمەنی ئەو منداڵەدا کۆمەڵێک کێشەی دەروونی بۆ دروست دەبێ. دیارە رێگای جۆراوجۆر هەیە بۆ پاراستن و سەپتی ئەو زانیاریانە لەهەمان کاتیشدا شاراوە هێشتنەوەیان، بۆ ئەوەی لە کاتێکی گونجاودا بەو کەسە رابگەیەندرێ. دیارە لەباری کاریگەرییەکانی ئەو مەسەلەیە دەروونناسان باشتر دەتوانن لایەنە خراپەکانی شیبکەنەوەو باسێکی زۆریش هەڵدەگرێ.

بەو هیوایە نوێنەرانی مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێران توسقاڵێک ویژدانیان بکەنە قازیو ئەو کچە منداڵانەی لە چاوڕوانی ئامێزی گەرمی دایکو باوکێکن، نەکەنە سووژەی جینسیو، بەهاجوانە ئینسانییەکان بە پەسندکردنی ئەو جۆرە قانوونانە نەخەنە ژێرپێ. هەروەها پارێزەرانی مافەکانی منداڵان، ژنانو هەموو ئەوانەی لەخەمی ئارامی و ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئێران دان، دەنگیان یەک بخەن بۆ دژایەتی لەگەڵ ئەم گەلاڵەیەو نەیەڵن ئەو قانوونە پەسند بکرێ.

لە ژمارە ٦١٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

# چەند قسەیەک لە بارەی تەقینەوەکەی هەولێر!

## تیرۆر و تەقینەوە لە هەر وڵاتێک، کردەوەیەکی دژی ئاسایش وئاشتییە.

یەکێک لە شانازییەکانی هەرێمی کوردستان، کە هەرکوردێک دەتوانێ پێی سەربەرز و شاد بێ، باری ئەمنو ئاسایشەکەی بووە، بەتایبەتی کە کوردستان لە ناوچەیەکی پڕ لە کێشەو شەڕ و ئاژاوەشدا هەڵکەوتوە. کوردستان کە رابردوویەکی دوور و درێژی لە بەربەرەکانی لەگەڵ شەڕ و ئاژاوە و سەرکوتدا هەبووە، ئەمڕۆ لە سایەی ئازادی و نیمچەسەربەخۆییەک کە هەیەتی، لە چاو هەرێمەکانی دیکەی عێراق لە ئەمنییەت و ئاساییش دا بە خۆشییەوە یەکەمە. دنیا شاهیدە لە وڵاتی عێراق رۆژانە بە هۆی کردەوەی تیرۆریستییەوە بە دەیان کەس دەکوژرێن و بریندار دەبن، بەڵام بە خۆشییەوە هەرێمی کوردستان چەند ساڵێکە لەم بەڵایە بەدوور بووە. ئەمەش بە دڵنیاییەوە ئی وشیاری و پاراستنی لەلایەن هێزەکانی پارێزگاری لە کوردستانەوەیە نەک ئەوەی هەرێمی کوردستان دوژمنی نەبێ .

تەقینەوە تیرۆریستییەکەی شاری هەولێر لە ٢٩ی سێپتامبری ٢٠١٣ دەبێ ئەم راستییەی بۆ خەڵکی کوردستانو بەتایبەت بۆ بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان روون و ئاشکرا کردبێتەوە کە دوژمنە رەنگاورەنگەکانی کورد چاویان بە پێشکەوتنەکانی کوردستان هەڵنایە، بۆیە پیلان لە دژی دادەرێژن و لە کاتێکی زۆر حەساسدا دەیانەوێ ئاژاوەو ترسو تۆقاندن دروست بکەن. بە تایبەتی ئەم کردەوە قیزەونەی لە لایەن تیرۆریستانەوە لە کاتێکدا رووی دا کە چەند رۆژ پێشتر هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراتیک بەڕێوە چووبوو، هەڵبژاردنێک لانیکەم لە چاو وڵاتانی دەوروبەر کە مێژوویەکیان لە حکوومەتداریو دەسەڵاتدا هەیە لە فەزایەکی ئەمن و ئارامدا بەڕێوە چوو. ئەوە ئەو راستییەمان بۆ دەسەلمێنێ کە نەیارانو دوژمنانی کوردستان چاویان بەم پێشکەوتنانە هەڵنایە.

## تەقینەوەکەی هەولێر و وەخۆهاتنەوەیەک

ئەو تەقینەوەیە ئەوەندەی پێوەندیی بە کەمتەرخەمیی بەرپرسانی حکوومەت و پارێزەرانی ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، زۆر زیاتر پێوەندی بە دڵڕەشیی نەیاران و دەرودراوسێی نادۆستی حکوومەتی هەرێمی

کوردستانەوە هەیە.

یەکێک لەو دراوسێیانەی کە خۆی وەک دۆستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نیشان دەدا، کۆماری ئیسلامییە. لە دوای تەقینەوەکەی هەولێر، ئەم کردووەیە مەحکووم دەکا و دەڵێ تیرۆریستان ئامانجیان تێکدانی یەکپارچەیی عێراقە! لێرەدا دەردەکەوێ رێژیمی ئێران پێش ئەوەی دڵسۆزی ئاشتی و ئاسایشی هەریمی کوردستانو گیانی هاووڵاتیانی کورد بێ، دڵسۆزی یەکپارچەیی خاکی عێراقەو پێی وایە ئەو تەقینەوەیە دەبێتە هۆی پارچەپارچە بوونی عێراق! رێژیمی ئێران هەمیشە نیگەرانی ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان رۆژێک سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێ. بەڵام دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەداخەوە زۆر جار لە لێدوانەکانیاندا رێژیمی ئێران وەک دۆستی خەڵکی هەرێم ناو دەبن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ڕێژیمی ئێران یەکێک لە سەرچاوەکانی تەقینەوە و نائەمنی لە عێراقە. ئەم ڕاستییە بۆ هێزەکانی ئەمریکا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە سەربازەکانیان لە عێراق لە ساڵانی ڕابردوودا بە هۆی تەقینەوە تیرۆریستیەکان کوژران، بە بەڵگەوە سەلماوە. ئەوان هەر لەو پێوەندییەش دا بوو کە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٦ هەڵیان کوتایە سەر تاقمێک لە فەرماندەرانی سوپای قودس لە هەولێر. ئەگەرچی توانیان ژمارەیەک لەوان قۆڵبەست بکەن بەڵام مۆرە هەرە گرنگەکەیان کە دەگوترێ قاسم سولەیمانی، فەرماندەری سوپای قودس بوو،توانی خۆی دەرباز بکا.

لەم دوایانە دا، لێکۆڵەرێکی ڕۆژاوایی کە سەردانی عێراقی کردوە و لە نزیکەوە لە نفووز و دەستتێدا هەبوونی دەوڵەتانی ناوچەی کۆڵیوەتەوە، زانیاریی زۆر سەرنجڕاکێشی لە بارەی ڕۆڵی سوپای قودس و قاسم سولەیمانی فەرماندەری ئەو سوپایە لە بردنە پێشی نیەتو سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە عێراق دا، بڵاو کردەوە. تەنانەت لە زمانی چەند گەورە کاربەدەستێکی هەرێمی کوردستانەوە نووسیبووی، ڕەتکردنەوە و وەستانەوە بەرامبەر داواکانی قاسم سولەیمانی، نرخێکی گرانی هەیە. هەر بەرپرس و کاربەدەستێک، داوای ناوبراو جێبەجێ نەکا، بە تەقینەوە و پیلانداڕشتن بۆ لە نێوبردنی بەرەورووی دەبێتەوە. هەر بۆیە بە دەگمەن ئەو کاربەدەستانە پەیدا دەبن کە بوێرن داواکانی ناوبراو ڕەت بکەنەوە. لە خۆڕا نەبوو کە بە دوای ئەو تەقینەوەیە دا،هێندێک لە چاوەدێرانی سیاسی، پێیان وابوو هەرێمی کوردستان، بە هۆی ئەم تەقینەوەیە، تۆڵەی ڕەتکردنەوەی داوای سوپای قودسی لێکراوەتەوە کە ئامادە نەبووە ڕێگا بدا، چەک و تەقەمەنیی ئەو ڕێژیمە لە ڕێگای هەرێمی کوردستانەوە بە ڕێژیمی بەشار ئەسەد بگا.

هەرێمی کوردستان، هیوایەکە بۆ نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان. هەر لەو کاتە دا جێگای دڵخۆشیی هۆگرانی دیموکراسی لە ناوچەکە دایە. هەر بۆیە ئاشتی و ئاسایێشی دانیشتوانی ئەو هەرێمە،گرنگییەکی تایبەتی هەیە. لە سەر هەر هێزێک و هەر تاکێکی دلسۆزی دەسکەوتەکانی نەتەوەی کورد لەم بەشەی کوردستانە کە پارێزەری ئەو ئاشتی و ئاسایێشە بێت کە لەو هەرێمە هەیە.

لە ژمارە ٦١٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

---

## منداڵانی وڵاتی ئێمە، کەرەسەی یارییان مین و پەتی سێدارەیە!

چ کارەساتە مناڵان یاری بە کەرەسەکانی مەرگ دەکەن، ئەگەر لە ئەمریکا و ئورووپا و تەنانەت گوندێکی جوانڕۆ و مەریوانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش بێ! چ کارەساتە گەورە دەسەڵاتدارەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بیر لە دوارۆژی ئەوان ناکەنەوە و بە ناوی دوور خستنەوە لە تاوان، بەناوی پاراستنی ئەمنو ئاسایشی وڵات مێژوویەکی پڕ لە تاوان و توندوتیژی بۆ وڵات تۆمار دەکەن!

ئەمڕۆ لەم دنیای بە ناو مۆدێڕنەدا هەموومان شاهیدی رووبەڕووبوونەوەی مناڵانین لەگەڵ بیرکردنەوەی شەڕ، کوشتار، ئێعدام و... کەرەسەکانی یاریی منداڵان وەک فیلم وسیدی و... بەشێوەی جۆراوجۆر لەبەر دەستی منداڵاندان. ئەزموون نیشانی داوە فیلمی شەڕ پێش هەموو شتێ کاریگەری مەنفیی لەسەر کاسایەتی منداڵ دادەنێ. بەرهەمهێنەرانی کەرەسەکانی یاریی و فیلمە جەنگییەکان، رەنگە تەنیا بیر لە سوودی ماددی خۆیان بکەنەوە، رەنگە بیر لەوە نەکەنەوە کە منداڵ رق و کینە و تۆڵەسەندنەوە و جۆرەها رەفتاری توندوتیژی لێفێر دەبێ.

### ئێعدام بەبەرچاوی خەڵک و ئاکامەکانی

لە ماوەی ٣ مانگدا لە سەرەتای هاتنەسەرکاری رووحانییەوە، زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە ئێران ئێعدام کراون کە بەشێکیان بەبەرچاوی خەڵکەوە حوکمەکەیان بەڕێوەچووە. ئەوە زەنگێکی مەترسیدارە بۆ کۆمەڵگەی ئێران.

ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە ئێران دەیکا وەک ئێعدام بەبەرچاوی خەڵکەوە، زۆر ئامانجدارانەیە. بەرواڵەت وا نیشان دەدا کە ئێعدامی تاوانکارێک بەبەرچاوی خەڵکەوە وەک تەمبێ و سزایە بۆ هەموو ئەو کەسانەی رێگای چەوت هەڵدەبژێرن. بەڵام رێژیمی ئیسلامیی ئێران دەیەوێ لە رێگای جۆراوجۆرەوە کۆمەڵگەیەکی ترسنۆک و خەساو باربێنێ. ترس و تۆقاندن و هەڕەشە، هەمیشە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو رێژیمە بووە.

## بەڕێوەبردنی «عەدالەتی ئیسلامی!»

رێژیمی کۆماری ئیسلامی ساڵانێکی زۆرە بەبەرچاوی خەڵکەوە حوکمی ئێعدامی تاوانباران بەڕێوە دەبا، بە ئێعدامکردنی «تاوانبار» بەبەرچاوی خەڵکەوە بە رواڵەت بەو مەبەستە ئەنجامی دەدا کە خەڵک دەرسو عیبرەت لە ژیان و مەرگی ئەو ئینسانانە وەر بگرن و نەچن بەلای خراپەکارییەوە. بەڵام ئایا ئەم کردوویە چەندە بۆتە هۆی کەمبوونەوەی تاوان لە کۆمەڵگەدا؟!

بەم پێیە دەبوو ساڵ لە دوای ساڵ تاوانە کۆمەڵایەتییەکان کەم بنەوە، بەڵام دەبینین نەک تەنیا نەبۆتە هۆی کەمکردنەوەی تاوان لە ئێران، بەڵکوو کاریگەریی زۆر خراپیشی لەسەر رەفتار و کرداری مرۆڤەکان داناوە. کۆمەڵگەیەکی تووڕە، بێهیوا پڕ لە توندوتیژیو تاوانی بەرهەم هێناوە.

گیان لێسەندن و شکاندنی کەرامەتی ئینسانەکان بە ناوی سزا (بەبەرچاوی خەڵکەوە)، بە (تاوانبار و بێتاوانەوە) نەک ئاسایی نیە، بەڵکوو جۆرێکی دیکەیە لە تاوان دژی مرۆڤایەتی. هەر ئەوەی راپۆرت و هەواڵەکان لە سەر ئێعدامی بە کۆمەڵی لاوان لە ئێران پێمان دەڵێن کە تاوان و توندوتیژی لە کۆمەڵگەی ئێراندا رۆژ بەرۆژ لە زیاد بوون دایە. رۆژانە هەموو شاهیدن پۆل پۆل لاوان بە تاوانی جۆراوجۆر لە شارەکانی ئێران بەبەرچاوی خەڵکەوە ئێعدام دەکرێن.

**پێویستە بگوترێ (ئێعدامە سیاسییەکان جیاوازن لەوانە).**

## لە ئێران منداڵان یەکتر ئێعدام دەکەن!

لەم وەرزی پاییزەدا لەماوەیەکی زەمەنی کەمدا دوو رووداوی دڵتەزێن لە ئێران روویان دا. ئەوەیش مردنی دوو منداڵ بەهۆی لاسایی کردنەوەی سەحنەی ئێعدام بووە.

مێهرانی یوسفی تەمەن ٨ ساڵە لە جوانرۆ دوای ئەوەی ئێعدامی هاوولاتییەکی کورد بە ناوی رەئوف مستەفایی دەبینێ، رۆژی ١٧ی خەزەڵوەر لە ئاوایی «کلاش لولم»ی سەر بە شاری جوانرۆ لە کاتی یاریی کردن، بە پەت(تەناف)ەوە خۆی هەڵدەواسێ و دووبارەکردنەوەی ئەو سەحنەیەی دیتوویەتی، بەبەرچاوی هاورێکانییەوە گیانی لەدەست دەدا. زۆر لەم رووداوە دڵتەزێنە تێناپەڕێ کە منداڵێکی دیکەی ٧ ساڵە بە ناوی محەممەد ئاشووبی لە ئاوایی فیشوور لە پارێزگای فارس لە کاتێکدا ماشێنی یارییەکەی دەکاتە کورسی و پەتێک هەڵدەواسێ و دەیکاتە ملی خۆی و دەچێتە سەر ماشێنە منداڵانەکەی و ماشێنەکە لەبن لاقی دەخزێ و ئەویش بە هەمانشێوە گیان لەدەست دەدا. محەممەدییش پێشتر بۆ بینینی ئێعدامی دەوڵەتی، لەگەڵ بنەماڵەکەی بەشداریی کردبوو.

بێگومان لە بەرێوەچوونی حوکمی هەر ئێعدامێک بەبەرچاوی خەڵکەوە، کەسانێک لەتەمەنی خوار ١٨ ساڵ حوزووریان هەیە و چاو لە گیان لێسەندنی ئەو ئینسانانە دەکەن کە بەقسەی بەرێوەبەرانی سزادەر تاوانبارن. گەورەکانی بنەماڵە ئەوانەی حەزیان لە دیتنی گیانسەندنی ئەو ئینسانانەیە کە گۆیا تاوانبارن، رەنگە زۆریش ئاگایانە و باوەڕمەندانە، منداڵاکانیان بەرن بۆ دیتنی ئەو سەحنە ترسناکانە! ئەوان بۆئەوە مندالەکانیان دەبەن تاکوو لە ئێستاوە دەرس لەژیانی ئەوانە وەرگرن و هەرگیز بەلای کاری خیلاف و تاوانکارییەوە نەچن و چارەنووسی ئەوانە نەبێ بەنسیبیان! بێئاگا لەوەی دیتنی ئەو سەحنانە چ کاریگەرییەکی مەنفی لە سەر بیر و زینی ئەو منداڵانەدا دەبێ و دەمێنێتەوە. ئەوان پیش هەموو شتێ گیانسەندنی ئینسانەکان بەلایانەوە ئاسایی دەبێ کە ئەمە بۆخۆی لەباری زانستی کۆمەڵناسییەوە کارەساتە بۆ کۆمەڵگەیەک کە گیانسەندنی ئینسانی بەلاوە ئاسایی بێ، کوشتنی هەر مرۆڤێک تەنانەت ئەگەر تاوانباریش بێت، لێسەندنەوەی ژیانە لە ئینسانێک، ئەمەش جۆرێکە لە تاوان. پاشان هەستی سزا و تۆڵەسەندنەوە لە ناخی ئەو منداڵەدا ریشە دادەکوتێ و پێی وایە هەرکەس کارێکی کرد و بە دڵی ئەو نەبوو دەبێ سزا بدرێ. بە دیتنی سەحنەی ترسناک و توندوتیژئامێز لەسەر مرۆڤێک

کە کەسایەتیی نەک هەر لەباری جیسمییەوە بەڵکوو لەباری رووحییشەوە، لەحاڵی دارِشتن و پێگەیشتووی دایە، مەترسیدارە و ئەو کەسە لە داهاتوودا دەکاتە مرۆڤێکی ترسنۆک، توورە و توندوتیژ.

راستە بە رواڵەت کەسێکی تاوانکار لە کۆمەڵگەدا دەسڕدرێتەوە، بەڵام هەموو ئەوانەی کە بۆ دیتنی ئەو دیمەنانە دەچن لە داهاتوودا زۆریان دەبنە تاوانکارێکی دیکەی کۆمەڵگە. چونکە ئەوانە هەر ئەوە لە بیرو زەینیاندا دەمێنێتەوە کە دەیبینن و دواتر بە شێوەیەکی دیکە بەرهەمی دێننەوە. بەتایبەتی منداڵان کە بیروزەینیان زۆر ئامادەترە بۆ وەرگرتنی هەر رووداو و رەسمێک. ئەوان لە داهاتوودا ئەوانە بەرهەمدێننەوە کە کەسایەتییان لەسەری شکڵی گرتوە و بینیویانە و فێربوون.

هێندێک کەس کە بەردەوام بۆ دیتنی ئەو جۆرە سەحنەنانە دەچن، پاش ماوەیەک ئەوندە بەلایاوە ئاسایی دەبێ، کە چێژ لە ئێعدامی ئینسانەکان وەردەگرن. دووبارەبوونەوەی ئەو دیمانانە یارمەتی ئەو ئینسانانە دەدا کە رەفتارە توندوتیژئامێزەکانیان دەرخەن، ئەمەش بوار بۆ جینایەت و تاوان زیاتر خۆش دەبێ.

سەرەڕای ئەو هەموو ئاگادار کردنەوانە لە مەترسییەکانی ئێعدام بەبەرچاوی خەڵکەوە، ئەو رێژیمە بە سەلیقەی قازییەک کە هەرگیز مانای حورمەت و کەرامەتی ئینسانیی نازانێ، بەردەوام ئەم کردەوەیە دووبارە دەکاتەوە. بەداخەوە خەڵکانێک کە کەمیش نین بە خواستی خۆیان بۆ دیتنی رووداوەکە دەچن و هێندێکیان وەک دەبینین منداڵانیش لەگەڵ خۆیان دەبەن. منداڵ نەگەیشتۆتە دەورانی پێگەیشتوویی فکری، کە جیاوازی راستییەکان و خەون خەیاڵ جیا بکاتەوە. رووداوی گیان لە دەست دانی ئەو دوومنداڵە دروست ئەوە دەردەخەن کە مەترسیدارترین رووداوی راستەقینەیان وەک یارییەکی منداڵانە هەڵبژاردوە.
کۆماری ئیسلامیی ئێران بە بەرێوەبردنی سزا نامرۆڤانەکانی وەک ئێعدام و قامچیکاری و بڕینەوەی پەنجە و.... بەناوی بەرێوەبردنی «عەداڵەتی ئیسلامی!» بەبەرچاوی خەڵکەوە، راستەوخۆ فەرهەنگی توندوتیژی و زیادبوونی رق و کینە و تاوان لە نێو کۆمەڵگەی ئێرانیدا پەرە پێداوە. بە یاسا و رێسا و کردەوە نامرۆڤانەکانی زۆر زیاتر توندوتیژی و سووکایەتی بە گیان و کەرامەتی ئینسانی لە کۆمەڵگەدا نەهادینە کردوە. هەر ئەوەی خەڵک راتیک و روونی بەتانی دەستە دەستە دەچن بۆ سەیر کردنی گیان لێسەندنی ئینسانەکان و کەسانێکیش چێژ لەم دیمەنانە دەبینن، ئەوە ئەو کەلتوورەیە کە کۆماری ئیسلامی زیاتر لە سێ دەیەیە کاری بۆ دەکا و هەوڵی جێگیر کردنی دەدا کە بەداخەوە تێشیدا سەرکەوتوو بووە.

پێویستە دەروونناسان، چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەو کەس و لایەنانەی کاری فەرهەنگی و زانستی و لێکۆڵینەوە دەکەن و وشیارکردنەوەی کۆمەڵ بە ئەرکی خۆیان دەزانن، لانی کەم بە دژی پەرەپێدانی ئەو فەرهەنگە نائینسانییە بوەستنەوە و لە وشیار کردنەوەی کۆمەڵگە بەرانبەر بە کاریگەرییە مەنفییەکانی ئێعدام و توندوتیژییە سیستماتیکییەکانی رێژیم، غافڵ نەبن. بەتایبەتی مەترسیداربوونی دیتنی ئەو سەحنانە بۆ منداڵ، بۆ خەڵک شی بکەنەوە.

مردنی ئەو دوو منداڵە نەک تەنیا بۆ ئەو دایک و باوکانەی منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆ دیتنی ئەو سەحنە ترسناکانە، بەڵکوو بۆ هەموو کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی زەنگێکی مەترسیدارە. ئەوانەی بۆ دیتنی ئێعدامەکان دەچن پێویستە بە خۆیاندا بێنەوە و چی دیکە فریوی سیاسەتەکانی رێژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی کە بە هەڕەشەو کوشت و کوشتار و ئێعدام و جینایەت، خۆی بەسەر خەڵکانی ئێراندا سەپاندوە، نەخۆن. پێویستە لە نێوان ئامانجی بنەماڵەو مەترسیدابوونی دیتنی ئەو جۆرە سەحنانە سنوورێک دابنرێ. راستە بنەماڵە ئەرکیەتی رێگای چەوت بۆ منداڵ شی بکاتەوە و رێگای دروستی پێ نیشان بدا، نەک بە ترسو تۆقاندن و بەوشێوەیەی کە رێژیمی ئیسلامیی ئێران کە هەرگیز رێزی مرۆڤایەتی نازانێ دەیەوێ.

لە ژمارە ٦٢٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

---

## بۆ سڕینەوەی توندوتیژی خەباتێکی بەرین و هەمەلایەنە پێویستە

### بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر رۆژی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان

توندوتیژی دژی ژنان دیاردەیەکی جیهانییە کە بە پێی تایبەتمەندیی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئێتنیکی لە هەر کات و شوێنێک دەتوانێ بە شێوەی جۆراوجۆر دەرکەوێت. توندوتیژی دژی ژنان نە ئاساییە و نە پەسندکراویشە،

بەڵکوو پێشێلکردنی ئاشکرای مافی مرۆڤە. هەربۆیە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گرنگییەکی جیددی بەم مەسەلەیە داوە و دەوڵەتەکانی ئەرکدار کردوە لە ژێر یاسا نێونەتەوەییەکاندا بەرپرسی پاراستنی مافەکانی ژنان بن. لە ماددەی ٤ی بەیاننامەی پێشگیری لە توندوتیژی دژی ژناندا هاتوە: "دەوڵەتان دەبێ توندوتیژی دژی ژنان مەحکووم بکەنو، نابێ هیچ دابونەریت یان تێبینیی ئایینی، بکەنە بیانوو بۆ ئەنجام نەدانی ئەرکەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ نەهێشتنی توندوتیژیدا. دەوڵەتان دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوە گونجاوەکانو بێ‌راوەستان، سیاسەتی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان هەتا سەر ئەنجامەکەی درێژە پێ بدەن.

## هۆکارەکانی توندوتیژی دژی ژنان

توندوتیژی ژنان دەکرێ لەو نایەکسانیانەدا ببینرێن کە ڕێگری لە یەکسانیی ژن و پیاو لە ژیان دا دەکەن. توندوتیژی هەم ریشەی لە نایەکسانی دایە و هەمیش پەرەی پێ دەدا.

نایەکسانی و هەڵاواردن نکۆلی کردنە لە وەک یەک بوونی ئینسانەکان لە باری مافەکانیانەوە. هەڵاواردنی رەگەزییە ڕێگە لە ژنان دەگرێ کە نەتوانن باس لە مافو ئازادییەکانیان بکەن. بەتایبەتی ئەو هەڵاواردنانەی لە لایەن قانوون و دەسەڵاتی وڵاتەوە دەسە پێن.

هەروەها شەڕ، کەلتوور، هەژاری فەرهەنگی و ئابووری، ئاینیەکان، و... ئەمانە هەموویان دەتوانن سەرچاوەی توندوتیژی دژی ژنان بن. حاشای لێناکرێ ئەوەی ئەمڕۆ بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گرنگە، ئەمن و ئاسایش و باشبوونی باری ئابوورییە. ئەمانە دەتوانن زۆر کێشەی دیکەش کە یەک لەوان توندوتیژیی دژی ژنان چارەسەر بکەن یان کەم بکەنەوە. بەڵام خۆ ئەگەر کۆمەڵگەی بێ کێشە مەحاڵ بێ کە هیچ شتێک مەحاڵ نیە! دیسان دەکرێ ڕێگە لە پەرەسەندنی توندوتیژی دژی ژنان بگیردرێ کە بۆتە هۆی زۆر ڕۆژرەشی و بەدبەختییەکانی کۆمەڵگەی بەشەری.

مافەکانی مرۆڤ جیهانیین. توندوتیژی دژی ژنانیش پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤن لە هەر کۆمەڵگەیەکدا. ژنانی هەر وڵاتێک، هەر کۆمەڵگەیەک خوێندەوار و نەخوێندەوار، دارا و نەدار، دیندار و بێ‌دین و.... هەر هەموویان هەڕەشەیەکی هاوبەشیان لێ‌دەکرێ. ئەویش توندویژییە. لە زۆر وڵات دا توندوتیژی لە لایەن دەوڵەتەوەیە کە بە

قانوون بەڕێوەی دەبا، یان لەلایەن گرووپەچەکدارەکانەوەیە، یان لە هەمووی بەربڵاوتر لەلایەن کۆمەڵگە و بنەماڵەوەیە.

بەگشتی حکوومەتەکان بەرپرسیارن لە ئاست هەر توندوتیژییەک دژ بە ژناندا. لە کۆمەڵگە کۆمەڵگە نەریتی و ئایینییەکان، ئایین کراوەتە کەرەسەیەک بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکانی ژن. بۆنموونە داسەپاندنی حیجابی زۆرەملی بەسەر ژناندا جۆرێکە لە توندوتیژی دژی ژنان. ژنان بەپۆشینی جلوبەرگی دڵخوازی خۆیان لەلایەن دەسەڵات و کۆمەڵگەوە تووشی سزاو سووکایەتی دەبنەوە. هەروەها لە کۆمەڵگا نەریتییەکانی دنیادا بۆ نموونە کوردستان، ئەفغانستان، عێراق و... کە نەریتەکانی ژیانی دەرەبەگایەتی و عەشیرەیی زۆر ریشەدارە، ژن وەک موڵک و ماڵ چاوی لێدەکرێ و دەستدرێژی کردنە سەر مافەکانیان بە بێ سزا دەمێنێتەوە. ئەمانەش لە مانەوە و درێژەدان بە رەفتاری توندوتیژئامێزدا کاریگەری زۆری هەیە.

بۆ نموونە فرەژنی کە لە کوردستاندا بوونی هەیە، دەتوانێ پەرە بە توندوتیژی بدا. چونکە تەنانەت بە پێچەوانەی ڕێوشوێنە ئیسلامییەکان کە دەگوترێ دەبێ بۆ هێنانی هاوسەری دووهەم ئیزن لە هاوسەری یەکەم وەرگرن، پیاوان بە شێوەیەکی گشتی ئیزن لە هاوسەری یەکەم وەرناگرن، بۆیە دەمەقاڵە لەوبارەوە لە زۆر کات دا دەگاتە توندوتیژی و بێگومان لەو نێوەدا ژنە لە هەمووئەندامەکانی دیکەی بنەماڵە زیاتر دەکەوێتە بەر رەفتاری توندوتیژ. یان ئەگەر کچێک پێوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ کورێک ببەستێ، لەلایەن بنەماڵەکەیەوە دەکەوێتەبەر ئازار و ئەزیەت و هەڕەشە لێکردن یان لەلایەن کۆمەڵگەوە ناوی دەزڕێ و...! کۆنترۆڵکردنی رەفتاری ژن و کچ لەلایەن پیاوانی بنەماڵەوە توندوتیژییە، بەڵام بە بەهانەی ئەوە ئەو رەفتارانە بەشێکن لە کولتووری کۆمەڵگە بە ناوی پاراستنی کەلتوور و نەریت زۆربەی ژنان ئیعتراز ناکەن، ئەمەش لە مانەوە و پەرەدان بە توندوتیژیدا کاریگەرن. هەر ئەوەی لە زۆر لە وڵاتاندا زۆربەی کچان و ژنان لە ترسی سزا خێزانییەکان ئامادە نین توندوتیژی خێزانی بە پۆلیس رابگەیەنن یا هێزێکی دادوەری لە هێندێک لە وڵاتاندا پێداچوونەوەیەک لەوبارەوە ناکا و بە مەسەلەیەکی تایبەتیی دادەنێ، بەو هۆیەوە ئاماری توندوتیژییەکانی نێو ماڵ راست و دەرخەری راستییەکان نین. بەو حاڵەش ئامارە کۆکراوەکانی رێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ ساڵانە هەروا راچڵەکێنەرن.

## شەڕ پێوەندی راستەوخۆی لەگەڵ توندوتیژی هەیە

شەڕ ئینسانەکان لە ناو دەبا چ ژن چ پیاو. بەڵام بەرئەنجامەکانی شەڕ هەمیشە ژن زۆر زیاتر لە پیاو زیانی لێ بینیوە. دەستدرێژی کردنەسەر ژنان و کچان کردەوەیەکی هاوبەشی سەردەمی شەڕە هەم لەلایەن هێزی دەوڵەتییەوە، هەم لەلایەن گرووپەچەکدارەکانەوە. لە نێو دۆخی شەڕدا هەمیشە مرۆڤە بێدەسەڵاتەکان دەکەونەبەر هێرش و سووکایەتی و ئازار. بۆ نموونە لە کوردستان ژنان زۆر جار بە هۆی پێشمەرگەبوونی هاوسەر یان برایان کەتوونەتەبەر ئازار و ئەزیەتی هێزە حکوومەتییەکان و لە زیندانەکاندا دەستدرێژییان کراوەتەسەر. دیارە ئەوە نەبەستراوەتەوە تەنیا بە سیستمێکی سیاسی وەک ڕێژیمی ئێران یان ڕێژیمی رووخاوی بەعسی عێراق، لە هەموو جیهاندا ئەم رەفتارانە لە کاتی شەڕدا هەبوون و هەن. دواتر شەڕ کۆتایی دێ، بەڵام ئاکامەکانی شەڕ لەسەر ژنان زۆر درێژخایەنتر و زیانبارترە و دەتوانێ لەسەر ژیانی هەموو کۆمەڵگە کاریگەری خراپی هەبێ.

## توندوتیژی جەستەیی و توندوتیژی دەروونی سەرەکیترین جۆرەکانی توندوتیژی دژ بە ژنانن لە کۆمەڵگەدا

جۆرەکانی ئازار و ئەزیەتی جەستەیی، لێدان و کوتان، کێشانی قژ، سوتاندن و تووڕهەڵدان، دەستدرێژی جەستەیی دەگرێتەوە کە ئەو جۆرە توندوتیژییانە رەنگە بۆ هەموو ژنان بە بێ سەرنجدان بە خوێندەواری، نژاد و باری بنەماڵەیی رووبدا.

## توندوتیژیی دەروونی:

بەکارهێنانی قسەی رەق و جنێو، بیانوپێگرتنی پەیتا پەیتا، هاتوهاوار و هەڵسوکەوتی خراپ، سووکایەتی، هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارنە و حوکم کردن و دەستووردانی پەیتا پەیتا، دەنگ داگۆڕین، هەڕەشەی ئازار و کوشتنی خۆی یا ئەندامانی بنەماڵەکەی، ڕێگرتن لە دیتنی دۆستان و ئاشنایان و زیندانی کردن، لەماڵەوە بە توندوتیژی لە دژی ژنان لەقەڵەم دەدرێن. ئەو جۆرە توندوتیژییە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گیانی هەست کردن بە پووچی، یان خۆ لەنێوبردن، راکردن لە تێکەڵاو بوونی کۆمەڵایەتی و دڵەراوکە لە ژنان دا. ئەو توندوتیژییە لە ڕاستیدا ژن دەکاتە بوونەوەرێکی بێئیرادەو ناچالاک.

بە وتەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، توندوتیژی لە بنەماڵەدا لە نەخۆشیی شێرپەنجە و ڕووداوی هاتوچۆ زیاتر بۆتە هۆکاری مردنی ژنان.

## چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان

توندوتیژی دیاردەیەکی چەند لایەنییە و بەربەرەکانیش لەگەڵیدا پێویستی بە خەباتێکی بەرین و هەمەلایەنە هەیە. هەتا تاوانبارانی توندوتیژی دژی ژنان بتوانن بەبێ ترس لە سزادان و دادگایی کردنێکی عادڵانە تاوانەکانیان ئەنجام بدەن، لە وڵاتێکدا کە قانوونەکان پڕن لە هەڵاواردنی ڕەگەزی، دژوارە بڵێین سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان کارێکی ئاسانە.

بەڵام زۆر ڕێگا هەیە بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە. دەسەڵات و قانوون، دروست کردنی ماڵی ئارام بۆ حەوانەوەی ژنانی بێ پەنا، پشتیوانیی یاسایی لەو ژنانەی بەرەورووی توندوتیژی دەبنەوە، بەشداری کردن لە کۆرسە فێرکارییەکان و ڕاوێژ کردن لەگەڵ پسپۆران پێش پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش، زیادکردنی ئاگایی پیاوان و ژنان لە کۆبوونەوە فێرکارییەکان و... هەموو ئەوانە لە ڕێگای دەسەڵاتەوە ئاسانن و دەکرێ و دەتوانن لە سڕینەوە و کەمبوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان کاریگەری ئەرێنییان هەبێ. بەڵام ئەگەر لە وڵاتێکدا بۆ نموونە وەک ئێران کە قانوون و دەسەڵات خۆیان سەرچاوەی توندوتیژی بن دژی ژنان ئەو کات دەبێ دەبێ چ بکرێ؟

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک ڕێکخراوەکانی ژنان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ‌و چالاکەکانیان و..... هەروەها ڕووناکبیرانی نێو کۆمەڵگە، وەک نووسەران، شاعیران، مامۆستایانی قوتابخانەکان و... دەتوانن لەڕێگەی وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بە ژن و پیاوەوە لە کەمکردنەوەی ئەم تاوانە کە ناوی توندوتیژییە دژی ژنان ڕۆڵیان هەبێ. ئەوان دەتوانن تێڕوانینەکان بۆ توندوتیژی دژی ژنان بگۆڕن، ئیدی نابێ بە مەسەلەیەکی شەخسی و تایبەتی و کەلتووری چاوی لێبکرێ و بەم بیانوویە چاوپۆشی لێبکرێ. ئەوە تاوانە دژی مرۆڤایەتی و دەبێ کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی لێئاگادار بکرێتەوە. هەروەها لە دژی توندوتیژی دژی ژنان نارەزایەتی دەرببڕن و دەنگەناڕازییەکان ڕێک بخەن بۆ بەگژداچوونەوەی تاوانباران. هەوڵ بدەن لە نێو خەڵکی ئاسایی هەڵمەتی وشیارکردنەوە و تۆڕی دژی توندوتیژی ڕێک بخەن.

ژنانی وشیار و ئازا، ژنانێک کە ئاشنان بە مافەکانیان، ژنانێک کە لەبواری ئابوورییەوە سەربەخۆن، ئاسان دەتوانن بەرەنگاری توندوتیژیی خێزانی ببنەوە. هەروەها پیاوان دەبێهاوبەشی ئەو خەباتە بکرێن چونکە تەنیا ئەوان تاوانباری سەرەکی نین، دەبێ تێبگەیەنرێن کە توندوتیژی دژی ژنان کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر خۆیان و هەموو ئەندامانی بنەماڵە بەگشتی کۆمەڵگە هەیە. بواری رۆشنبیری و ئاگایی کۆمەڵگە لە سەر ماف و ئەرکەکان، دەتوانێ ببێتە فشارێک بۆ سەر ئەو دەسەڵاتەی کە هەڵاواردن دژی ژنان لە قانووندا دەچەسپێنن. هەروا چۆن قانوون کاریگەری لەسەر گۆڕینی کەلتوور هەیە بەهەمان شێوەش کەلتوور کاریگەری لەسەر گۆڕینی قانوون هەیە. بۆیە ئەرکی هەر ئینسانێکی مافخوازە بۆ گۆڕینی تێڕوانین و کاڵبوونەوەی دابونەریتە دواکەوتووەکان کە بوونەتە هۆی پەرەسەندنی توندوتیژی دژی ژنان تێبکۆشێ.

کوردستان و کورد

٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

---

## ژیان هێندەش دژوار نیە ئەگەر لەیەکتر گەڕێین!

ژیان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا سادەو ساکارە، ئەگەر گەمەی دەخالەت کردن لە ژیانی یەکتر لێگەڕێ. دەخالەت کردن لە ژیانی یەکتردا کەلتوورێکی هەتا بڵێی ناحەز و دوورە لە بەها ئەخلاقییە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم دیاردەیە، واتە هەڵکۆڵینی ژیانی تایبەتیی خەڵکیتر بەناوی نەسیحەت و دڵسۆزی کردن، یان لەرووی کینەو ئێرەییەوە، بێمتمانەیییەکی زۆری لە کۆمەڵگەدا دروست کردوە و وا هەبووە ژیانی خەڵکانێکی لێکهەڵوەشاندوە.

### چ دەبێ ئەگەر نەچینە نێو ژیانی تایبەتی خەڵکەوە!

کۆماری ئیسلامی بۆ رەوایی دان بە کارە ناڕەواکانی خۆی لەسەر ژیانی تاکەکان دەڵێ: «دەبێ لە ژیانی تاکەکاندا دەخالەت بکەین، چونکە کۆمەڵگە هەمووی پێوەندیی بەیەکترەوە هەیە». ئەم بیرکردنەوەیە! بەداخەوە بەجۆرێک

ڕۆچۆتە نێو بیروزەینی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیو بەناوی ئەخلاق، سەرەتاییترینو سروشتیترین ئازادییەکان لە تاکەکان زەوت کراوە. ڕاستە خۆشی و ناخۆشییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک گرێدراوە بە هەموو تاکەکانەوە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە، ڕەوایە دەخالەت لە تایبەتیترین مەسەلەکانی ژیانی یەکتردا بکەین.

خۆزگە ئەوندەی خۆخەریک بە ژیانی تایبەتیی خەڵکانی دیکەوە دەکەینو، لە لای خۆمان سنووریان بۆ دیاری دەکەین، چ بکا و چ نەکا، ئەوندە بیر لە ژیانی خۆمان بکەینەوە و ڕێگا بۆ ژیانێکی ئاسوودە بۆ خۆمان هەموار بکەین. چوونەنێو ژیانی تایبەتی یەکترەوە، نە زیرەکییە و نە دڵسۆزی، بەڵکوو ڕەفتارێکی زۆر دواکەوتوانەو ناشارستانییانەیە.

ژیانی کۆمەڵایەتی لەم وڵاتەی ئێمە(کوردستان) گەلێک دژوارەو، ژیان بەدوور لە قسەو باسە بێبنەماکان ڕەنگە وەک خەونێک وابێ. هیچمان بۆ خۆمان ناژین. لەهەڵبژاردنەکانماندا ئازاد نین، ڕاستە ئازادییەکانمان لەلایەن قانوونەکان و ڕێوشوێنە ئاینییو عورفییەکانەوە بەرتەسک بۆتەوە، بەڵام هێندەی دیکە بۆخۆمان ئازادییەکانمان لەخۆمان و دەوروبەرمان زەوت کردوە و ژیانمان لەیەکتر کردۆتە دۆزەخ! لەترسی حەشامەتێکی بەقسەو باسی نێو کۆمەڵگە! هیچمان چێژ تەنانەت لە ئازادییە سروشتییەکانیش نابینین. فایلی هەمووومان پڕە لەو باسوخواسانە کە هیچ پێوەندیی بە خۆمانەوە نیە.

هێندێک کەس لە سەنگەری ئەخلاقەوە دەچنە نێو ژیانەکانەوە و خۆیان وەک ڕێبەر و قارەمانی ئەخلاق نیشان دەدەن! تاک هەمیشە لەژێر چاوەدێریی ئەو بەناو مامۆستای ئەخلاق و پارێزەر، ڕێبەرو قارەمانانە دایە. لەم چیرۆکەشدا بەداخەوە زۆرتر هەر ژنانن کە لەلایەن ژنانەوە پێکراون.

ئارایش و مۆدێلی جلوبەرگی فڵان کەس، چ پێوەندییەکی بە ئێمەوە هەیە دەیخەینەبەر لێکۆڵینەوەی خۆمان؟! فڵان ژن لە هاوسەرەکەی جیابۆوە، ئێمە کە ئاگامان لە کێشەکەیان نیە، بۆ دەبێ ڕێگە بەخۆمان بدەین لەنێو کۆڕو مەجلیسەکاندا دادگای ئەخلاقیان بۆ پێک بێنین؟

**تابلۆی یەکسانیمان بەدەستەوەیە کەچی تەرازووەی دادپەروەریمان هەمیشە لاسەنگە!**

ئـەمڕۆ ئـەو دەخالـەتو قسـەو قسـەڵۆکانە، سـەریان لـە ماڵـە هەرەپێشـکەوتووەکانیش دەرهێنـاوە. تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینترنێت؛ کە هەمووەمان دەزانین کەرەسەیەکی پێشکەوتووی دنیای مۆدێرنی ئەمڕۆیە، کەچی لای ئێمە بۆتە مەیدانی دادگایی کردنی یەکتر. ڕێگە بەخۆمان دەدەین ژیانی تایبەتی یەکتر هەڵسەنگێنین و تەنانەت بڕیاریشیان لەسەر بدەین. لەوێشدا بەردەوام خەریکین یەکتر ئازار دەدەین و بریندار دەکەین. تەشەر و توانج لەیەکتر دەگرین، یاری بە یەکتر دەکەین، گومان دروست دەکەینو پێوەر و یاسا بۆ یەکتر دادەنێین، یەکتر هەراسان دەکەین، پێشداوەری دەکەین و.... بەناوی ئەوەی پێوەرە هەڵەکان ڕاست دەکەینەوە، کەچی نەک هیچ ڕاست ناکەینەوە، دنیایەک گومان و دڕدۆنگی بڵاو دەکەینەوە.

بەهۆی دەخالەت کردن و چوونە نێو ژیانی تایبەتیی کەسەکانەوە کە هیچ پێوەندییەکیان بە ئێمەوە نیە، سەدان چیرۆکی تاڵ و دڵتەزێن هەن. چ دەبێ ئەگەر سادقانە ژیان بکەین و نەیەڵێن زمانمان شتێک بڵێ کە سوور دەزانین ئەوەی دەیڵێین ڕاست نیە.

له ژماره ٦٢١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٧ی دێسەمبەری ٢٠١٣

---

## ئای کە نامۆم ... ئای کە تووڕەم

سەردەمی منداڵیم پڕبوو لە شادی و هەڵبەز دابەز. ئەم دەورانە هێندەی نەبرد کۆتایی هات. بە هۆی کچ بوون هەر زوو جووڵەکانم مۆری "نا" یان لەسەر درا. نەکەی، نەچی، نابێ، و.... تۆ کچی... بەڵام منی یاغی! خوازیاری ئازادی، عەشق و ژیان بووم. خوازیاری ئەوانە کە لێم زەوت دەکران. ئەوانە لە ناخمدا وەک گڕکانێک لەناوخۆیدا دەکوڵان. ئەم گڕکانە ئەو توانایییەیان لە ناخمدا دروست کرد کە دەبێ بۆ ئەوانە شەڕ بکەم. شەڕ بۆ ئازادی، بۆ عەشق، بۆ ژیانێکی ئینسانی... حەزم دەکرد ڕاکەم، هەڵپەڕم، داپەڕم و بەدەنگی بەرز گۆرانی عەشق بڵێم و کەسیش بەبێ ئابرووم ناو نەبا

ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی (١٩٨٦ی زایینی) ئەم گرکانە لە ناخما تەقییەوە و شەقم لەو کولتوورە هەڵدا کە منی کچی کردبووە زیندانیی نەریت. بوومە پێشمەرگەی ئازادی. ئاسان نەبوو ... کەوتمە بەرتانەو تەشەری کۆمەڵ و ساڵانێکی زۆریش دایکم لێمان زیز بوو. خەڵک هێندەیان لۆمە کرد تا بەڕواڵەت ماوەیەکی حاشا لە دایکایەتی من و خوشکەکەم کە ئەویش لەگەڵ من بووبە پێشمەرگە، کرد. دەیوت "کچی من نین"! لەبەر ئەوەی لە یاسای نەریت لامان دابوو. دایکم دەیوت کارێکتان کرد پاش بوونی ١٠ منداڵ و گەورەکردنیان خەڵک ناسناوی "دایکێکی بێموبالاتیان" پێدام....

ئای کە ئەم قسانەش بۆ دایکم دەبێ چەند تاڵ بووبن؟! ئەویش لە ناخی خۆیدا تووڕە بوو. تووڕە لەو ڕێسایەی ئێمەی ژنیان کردۆتە مرۆڤێک بەتاڵ لە خۆمان.

منیش تووڕە بووم .... قسە و قسەلۆکی خەڵک بەرامبەر بە خۆمان و دایکمان ئەوندەیتر دەبوونە هەوێنی تووڕە بوونی من لەو کولتوورە. "نا" گوتن بەو کولتوورەی ئێمەی کردۆتە ڕەگەزی دووهەم، ڕەنگە هەر وا ئاسان نەبێ. بەهاکانی "ژن" بوونمانی لە نێو حاکمییەت و ئوتوریتەی "پیاوانە"دا خستبوە ژێر پرسیارەوە. بێدەنگ بوون لە ئاست ئەو پێوەر و دابونەریتانەی بۆ ئێمەی ژن دیاری کراون، خسڵەتی ژنی خەباتکاری ڕێگەی ئازادی نیە. ئازادی و یەکسانی نرخی دەوێ. ئەم نرخەش دەبێ بیدەین.
ئێستا پاش نزیک بە سێ دەیە ژیانی خەباتکارانە هەر تووڕەم! تووڕەم لە خۆم کە نەمتوانیوە خۆم ببینمەوە، نەمتوانیوە بەتەواوی دەرباز بم لە بازنەی نەریتەکانی دایکم! نا نەمتوانیوە!

## ئەی کە بارانم خۆش دەوێ!

دوای ئەوەی بۆ هەمیشە ڕۆیشت، ژیان بە لامەوە وەک کابووسێکی لێهاتبوو. ناسیاویی ئەو بۆ من پڕ بوو لە دەرسو پەیامی جوان. یەکەمجار مانای خەباتو راسانم لەو بیست. ئەویش ئەوکاتەبوو دایکم لەدەست ئەجوولییەکانی منی تازەپێگەیشتوو وەزاڵە هاتبوو. بە دایکمی وت لێیگەڕێ، ئەمە دەبێ بۆ خەباتو راسان پەروەردە بکرێ.

لەبیرمە پێی وتم .... ڕووناکیو ژیانەوە لە چاوەکانتا دەبینم! بۆیە ناوت دەنێم "هەتاو"! وتم: نا نا، من ڕەشم هەتاوم لێنایە! پێکەنییو وتی: کچەکە تۆ بیرکردنەوەکانت ڕووناکن! پاشان ئەمە ناوێکی نهێنییە، هەر منو تۆ دەبێ بیزانین کە بۆ چ کاتێک بەکاری بێنین. وتی باشە ناوێکی دیکەت بۆ دادەنێم بەڵام لەمەیانا مەلێ نابێ! ...."باران". وتم: "ئاخ... چ خۆشە باران!

بەڵام بۆ باران؟!" وتی لەبەر ئەوەی هەر لە تنۆکی باران دەچی، بەڵام بارانێکی بەخوڕو تووڕە! ئەو ڕۆژەش باران دەباری. هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: "ئەی کە  بارانم خۆش دەوێ".... !

ئەم دێڕە، خۆشەویستییەکی پاکی تێکەڵاوی کارە نهێنییەکانم کرد. لە دوای بەخشینی ئەو ناوە بە من، تەنیا یەک دوو جارم دیتەوە، ئەو پەیامانەی کە دەبوو بە ناوی "باران"ەوە بۆ من هاتبان، قەتم نەدیتنو گوێ لێنەبوو، چونکە بارانی لەگەڵ خۆی بردە بن گڵەوە.

ماوەیەکی دوورو درێژ باران لە ژیانی مندا بە پێچەوانەی ئێستام خەمەکانمی دەگەیاندە لووتکە. تا لە ماڵەوە بووم هەرکات باران دەباری، دەچوومە ژوورێکەوەو چاوم لە شووشەی پەنجەرەی ژوورەکە دەبڕیو لەگەڵ نمە نمەبیارانەکە کە بە پەنجەرەکەدا دەهاتەخوارو، لەگەڵ هەڵدانەوەی لاپەڕەی بیرەوەرییەکانم تنۆک تنۆک فرمێسکم دەباراند. بارانو شووشەی پەنجەرەکە نەبێ کەس فرمێسکەکانمی نەدەدیت، بەڵام دایکم هەستی بە دڵتەنگی من دەکرد. دەیزانی خەمێکی قووڵ لە ناخمایە، بەڵام قەت فرمێسکەکانمی نەدیت.

خۆ ئەگەر پەیامە بەجێماوەکانی ئەو نەبووایە، خەمی ئەو کۆچەی زوو لە ڕیشەوە هەڵی دەکێشام.

ئێستاکەش بارانێکی بەخوڕو موچورکەی ژانێک هەر لە ناخمایەو تا ئێستاش ئارامم نەگرتوە! کە باران دەباری حەز دەکەم لەناویا بتوێمەوەو ئارام بگرمو تێر بۆنی خۆڵی تەڕ بکەم، ئاخر هەست دەکەم بۆنی ڕۆحی ئەوی لێ دێ. " ئەی خوا چەندم باران خۆشدەوێ" ئێستاش خۆشەویستیی ئەو لە تنۆکی باراندا بەدی دەکەم. ئاخر باران پەیامەکانی ئەوم بیر دێنێتەوە، کە دەیوت لە کاتی هەرە ناخۆشییا خۆت ون مەکەو بیر لە مردن مەکەرەوە، ژیانت خۆش بوێ, قانع مەبە، بۆ ئەوەی هەمیشە هەوڵ بۆ ژیانێکی باشتر بدەی. دەیوت یاخی بە لەو دابونەریتەی بەبێ بایەخی چاو تۆ دەکا. مەترسە ملکەچی یاساکانی باوکو براکانت مەبە، ژیانت لە پێناوی ئازادی دابنێی باشترە،

نەک ستەم لە نێوت بەرێ.

لەبیرمە شەوێک لەگەڵ شاهینی هاورێی هاتنو بە پەلەش بوون بۆ رۆیشتن، بارانیش دەباری. لە کاتی رۆیشتنا چەترێکو چرا قووە (لایت)ێکم بۆ هێنا، وتی چەترەکەت لێوەرناگرم، حەز ناکەم چەتر هەڵدەم، پێم خۆشە باران تەڕ تەرم کا. چراقووەکەش پێویست ناکا، بەڵام ئەمیانت لێ وەردەگرم. بە شۆخی وتی مەترسە چاوو دڵی ئێمە تێشکێکی تیایە لە تاریکەشەویشا رێگەی خۆمان ون ناکەین! زۆر بیرم لە مانای ئەم وشانە نەدەکردەوە. پاش چەندساڵێکو هەڵدانەوەی دەفتەری بیرەوەرییەکانم، بە دەرکێکی کراوەتر بیرم لە قسەکانی دەکردەوەو، دەموت ئەو راستی دەکرد چونکە لە پەیامەکانیا ئەو تیشکەم بەدی کرد و بوو بە رووناکیدەری رێگای منیش.

تازە ئاشنا ببووم لەگەڵی، جارێکیان لە کاتی مالاوایی‌دا، پێی وتم تۆ کچێکی زیرەکو ئازای، بۆیە زۆرم شایی پێتە، ئاگات لەخۆت بێ! چەند دڵم خۆش بوو بەو قسەیەی. دوای ئەویش زۆر کەسی‌تر وایان پێوتووم، بەڵام بەقسەی کەس ئەوندە دڵخۆش نەبووم هێندەی ئەو! ئاخر یەکەم پەیامی راسانو خۆشەویستییم لەو وەرگرت. ئەو پەیامەو ئەو خۆشەویستییە ئێستاش لە دەمارەکانما دێنو دەچن، بۆیە هەنگاوەکانم بەردەوامن بۆ برینی ئەو رێگەیەی یەکەم جار ئەو نیشانی دام. رێگەیەکی سەختو پڕ لە ژان، ئەو پێی وتم سەختە بەڵام کۆڵ نەدەی هەر دەگەی بە ئامانج.

ئای !....

تۆ وتت پاکیی‌و جوانیی سروشت لە بوونی باران دایە، باران رۆحی سروشت پاک دەکاتەوەو دەیژێنێتەوە. " ئێمەش بۆ کۆمەڵگەی خۆمان وەک باران واین ". بەڵێ دەبێ ببینە باران ، ئەو بارانەی ئەو دەیوت.

دەی گوت بە هاورەگەزەکانت بڵێ مەبنە سایەی ئەو پیاوانەی رێزێک بۆ هەستەکانتان دانانێن، بڵێ بەها جوانەکانی ژیان مەخەنە ژێر پێی عەقڵی پیاوە دڵ رەقەکان، بڵێ مەیەڵن وشیاریتان سنووردار‌بکەن، بە رووناکیی ناختان دڕ بە تاریکیی رێگای ژیان بدەن. لە سواڵ کردن شەرم مەکەن، سواڵی زانین دەڵێم! ئەو سواڵە هەمیشە پێویستە بۆ گەیشتن بە دنیایەکی پڕ لە ئاسوودەیی. تێگەیشتنو زانینە مرۆڤەکان دەگەیەنێتە دنیایەکی جوانو ئارام.

ئێستاش یادەکانی ئەو لە خەیاڵو رۆحما دێنو دەچن. هەر ئەوەیە وام لێدەکا تا پەیامەکانی ئەو، کە لە پێناویدا سەری نایەوە، وەدی نەهێنم، واز لەم رێگایە ناهێنم. هەرچەند ئێستاش کەمێ بەترسەوە هەنگاو هەڵدێنمەوە. لەبیرمە دەی وت ئەم ترسەیە بۆتە گرێیەک لە دڵی منا، دە واز لەم ترسە بێنە، تۆ بەتەنیا نیت. ئەم کچانەت دیوە؟ ئەوانە دیوارو بەربەستەکانی ژیانیان رووخاندووەو دەیانەوێ بناغەیەکی جواتر بۆ ژیان دابنێن. راستی دەکرد، هەر ئەمەش بوو وای کرد منیش چاو لەوان بکەم. بەڵام بە تێپەرینی ئەم هەموو رۆژگارە ترسێک هەر هەیە لە رۆحی مندا، ئێستاش لە دەوروبەرم کەسانێک هەن کە قسەکانیان لە ژەهر تاڵترە.

....

ئاخ منیش چەندەم شایی بەو بوو، ساڵێک نەبوو هاتوچۆی ماڵە ئێمەی دەکرد، زۆر شتی لە ماڵی ئێمەدا گۆری. جارێکیان باوکمو دایکم دەمەقاڵەیان بوو، گوێم لێبوو دایکم زۆر ئازایانە بە باوکمی دەوت هیچ فەرقمان نیە، وەک یەکین، هەردووکمان ئینسانین! منیشی فێری یاخی بوون کرد، یاخی لەو دابونەریتەی منیان دەکردە کۆیلە. ئەو فێری کردم قەت گورەوییەکانی کاکم نەشۆم. براکانمیشی فێر کرد کە بە یاخی بوونی من ئەونە هەست بە شەرمەزاری نەکەن. هەرچەند ماوەیەکی دوورو درێژ ئەوان لێم دڵگیر بوون. دڵنیام ئەو مابایە نەیدەهێشت ئەو ماوە ئەونە بکێشێ. دەچووە هەر ماڵێک پەیامێکی پێ بوو بۆ هەموو ئەندامانی ئەو بنەماڵە. هیچ پیاوێکم نەدیبوو ئاوا دەرک بە ئازارەکانی ئێمە بکا. خۆزگە هەموو تێکۆشەرانی رێگای ئازادی وەک ئەو لە مانای یەکسانی گەیشتبان....

نەمدەویست ئەم رازە قەت بدرکێنم، چونکە "باران" پەیامێک بوو تەنیا بۆ من. بەڵام پاش ساڵانێکی زۆر، شەوێک خەونێکم بینی، ... بێدەنگ چاوی لێدەکردم، پێم وابوو لێم توورەیە، سەرم داخست، وتی: "سەردامەخە با چاو لە چاوەکانت بکەم، رێی خۆت ون نەکردوە، نەموت زۆرم شایی پێتە! "خەبات لە رێی ئامانجێکی ئینسانی"! منیش هەر ئەوەم دەویست. دەی ئەم جار ئەو نهێنییە بدرکێنە، پاش ئەو هەموو ساڵە ئەو ئازایەتییەت نیە؟ بڵێ کێ ناوی لێنای باران!" فریا نەکەوتم وڵامی بدەمەوە بە دەنگی بارانێکی بەخورو توورە وەخەبەر هاتم

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٢

------------------------------------------------------------------

## ژنانە و پیاوانە کردنی بوارە جۆراوجۆرەکان مەلەکردن بە پێچەوانەی رەوتی ئاو

هەموو پەسندکراوە نێونەتەوەییە گرنگەکان لە بوارەکانی فێرکردن، مافی مرۆڤ و لاواندا، لە سەر یەکسانیی ژن و پیاو لە فێرکردندا لەقۆناغی سەرەتایی ڕا تا کۆتایی قۆناغی خوێندنی بەرز پێیان داگرتوە. بەڵام لە ئێران بە پێچەوانەوەیە و ساڵ بە ساڵ بیروبۆچوونی تازەتر بۆ چەسپاندنی هەڵاواردنە جینسییەکان لە لایەن بەرپرسانەوە دەخرێنە روو.

«هەڵاواردن و جیاکردنەوەی جینسییەتی» لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، دەستەواژەیەکی نوێ نییە کە ئەمڕۆ باسی لێوە بکرێ. هەمووان لەمێژە بەم دەستەواژەیە ئاشنایین. «ژنانە و پیاوانە» کردنی قوتابخانە و زانکۆکان، ژنانە و پیاوانە کردنی ئوتوبووس و تاکسی و پارکەکان، ئیدارە و نەخۆشخانە، شوێنە وەرزشییەکان و...، داستانی ئەمڕۆ نین کە لە زمان دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە دەیبیسین. ئەمە سێ دەیەیە دەسەڵاتدارانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵ دەدەن لە ریزی پێشەوەی بەرنامەکانیاندا دایبنێن و هەر جارەی بەرنامەیەک و گەڵاڵەیەکی نوێیان لە بواری پەرەدان بە سیاسەتی هەڵاواردنی رەگەزیدا هێناوەتە گۆڕێ. حەمید رەزا حاجی بابایی وەزیری پەروەردە و فێرکردن لە مانگی بەفرانباری ئەمساڵ (١٣٩٠) دا گوتی: « دەبێ قوتابخانەکان وا لێبکەین کە کچان و کوڕان، تێیدا هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی بکەن». ئاغای وەزیر دەیەوێ دیسان دیوارەکان بەرزتر بکاتەوە؟! ساڵی ١٣٧٨ وەزیری پەروەردە و فێرکردنی ئەوکات، گەڵاڵەی «شاداب سازی فضای مدرسە دخترانە» (گەشاندنەوەی کەشوهەوای قوتابخانەی کچانە)ی هێنایە گۆڕێ. ئەم گەڵاڵەیە ئەوە بوو کە دیواری مەدرەسەی کچانیان بەرزتر دەکردەوە تاکوو بە قسەی ئەو جەنابە و هاوبیرانی! نێو قوتابخانەکە لە دەرەوەڕا دیار نەبێ و کچانی قوتابی بتوانن لە ناوەوە، دەرسی ماڵداری فێر بن. کتێبی «حرفە و فن» ی کچانە کە بە بڕوای زۆر لە کچانی قوتابیی قۆناغی ناوەندیی قوتابخانەکانی ئێران، یەکێکە لە ماددە دەرسییە بێزراوەکان، نموونەیەکە لەم

فێرکردنانە کە بەرپرسانی ئاموزشیی قوتابخانەکان زۆر پێ لە سەر فێربوونیان لە لایەن کچانەوە دادەگرن. بە پێی ئەو ماددە دەرسییە کچان فێری چنینی دەسکێ، کڵاو، بلووز، گوڵدۆزی و.... هەر ئەو کارانە دەبن کە دایکەکانمان لە رابردوودا دەیانکردن.

فێرکردن دەبێ بە پێی گرنگترین نیازەکانی مرۆڤ بێ بۆ ئەوەی تاک لە داهاتوودا لە بواری کۆمەڵایەتیدا توانامەند و سەربەخۆ بێ. کەچی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دەرفەتەکان نایەکسانن و رێگری لە فێرکردنی کچان لە هێندێک بواردا دەکرێ، کە ئەمەش بۆ ژنان هەمووکات گیروگرفتی دروست کردوە. بۆ نموونە لە بواری مکانیکیدا ژنان زۆر جار کەمیان هێناوە و دەبێ دەستوداوێنی پیاوان بن! چونکە هەر لە دەورانی سەرەتاییەوە لە قوتابخانە، کار و پیشەی مکانیکی بە کارێکی کوڕانە دانراوە.

هەر لە جێدا ژن و پیاو لە نێو گوتار وکتێبە دەرسییەکاندا وەک یەک نین. بەڵام بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدن رەوایی بەو نابەرابەرییە بدەن و ئەم روانینە لە نێو گوتارە مەزهەبییەکانیشیاندا رەنگ بداتەوە. ئەوان هیچکات روانگەکانی خۆیان بەرانبەر بە ژنان نەشاردۆتەوە، بەتایبەتی لە بواری خوێندندا. ئەحمەدی جەننەتی کە یەکێکە لە کەسایەتییە گرنگەکانی! نێو ئەو نیزامە کۆنەپەرستە، لە یەکێک لە خوتبەکانی نوێژی هەینیدا، کە شوێنی راگەیاندنی سیاسەتە رەسمییەکانی رێژیمەکەیەتی، بە ئاشکرا نارەزایەتیی خۆی لە پەرەگرتوویی حوزووری کچان لە زانستگەکاندا بەم جۆرە دەربڕی: «بەدبەختییەکە ئەوەیە کە یەکێک لە گیروگرفتەکانی زانستگە، خوێندکار بوونی خانمان، بۆ ئێمەیان دروست کردوە، ئەویش ئەوەیە کە کاتێک کەسێک دەچێ بۆ خوازبێنی، یەکەم پرسیار کە دەکرێ ئەوەیە کە چەندەی دەرس خوێندوە. بەڕاستی ئینسان سەری سوڕ دەمێنێ. یانی خوێندن چەند لەسەد لە سڵامەتی و ئاسوودەیی ژیاندا نەخشی هەیە؟ ئەوەی نەخشی هەیە ئەخلاق، دین، سەبووری و پێکەوە هەڵکردنە. ئەو مەسەلەیە لە پلەی دووهەمدایە. یان بۆ نموونە ئەگەر خانمەکە دوکتور بێ و پیاوەکە بۆ نموونە لیسانس، ئیمکانی نییە خانم رازی بێ. بۆیە مەسەلەی مانەوە و قەیرەیی سەری هەڵداوە ئەمەش گیرو گرفتی بۆ وڵات دروست کردوە..... »

بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی ئێران لە دوو ساڵی رابردوودا بە تایبەتی دوای رووداوەکانی دەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماری، بە شێوەیەکی کەموێنە روانگەو هێژمۆنیی کۆنەپەرستانەی خۆیان بەسەر ناوەندە فێرکارییەکان دا سەپاندوە، بەرپرسانی رێژیم، یەک لەوان عەلی خامەنەیی رێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران،

ناوەندە فێرکارییەکان بە شوێنێک دەزانن کە لەواندا «بیروبۆچوونی رۆژئاوایی» و «موخالیفەت لە گەڵ ئیسلام» بڵاودەکرێنەوە و پەرەیان پێدەدرێ. ئەوان پێیان وایە قوتابخانەکانیش هەر بەم جۆرەن. هەر بۆیە بە خەیاڵی خۆیان بەجیاکردنەوەی کچان لە کوڕان، پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە کتێبە دەرسییەکاندا و جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی لقەکانی زانست لەسەر ئەساسی جینسییەت، خەبات دژی بیرو بۆچوونی رۆژئاوایی دەکەن! دەسەڵاتدارنی کۆماری ئیسلامی وەک کەرەسەیەک کەڵک لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن بۆ بردنە پێشی مەبەستەکانی خۆیان،

وەردەگرن و لەم رێگەیەوە ئیرادەی خۆیان بەسەر نەسڵەکانی ئێستا و بنیاتنەرانی داهاتوودا دەسەپێنن.

سیستمی پەروەردە و فێرکردنی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە لە سەر بنەمای جنسییەت بووە. نێوەرۆکی کتێبە دەرسییەکان نەخشی دووهەم و لاوەکیی بۆ ژنان دیاری کردوە و جێگە و پێگەی ئەوانی لە پلەی دووهەمدا داناوە. ئەو هەڵاواردن و نابەرابەرییانە لە کتێبە دەرسییەکاندا بەردەوام زوڵمێک بووە لە ژنانی ئەم وڵاتە کراوە. چونکە راستەخۆ و ناڕاستەوخۆ نەسڵەکان فێر کراون کە ژن مرۆڤێکی پلە دوویە و دەبێ پلە دوو بمێنێتەوە! ئەوەش لە خزمەتی سیستەمی پیاو سالاریدایە و کۆماری ئیسلامییش پارێزەری ئەم سیستەمەیە. ئەمە سیاسەتی بەردەوام و هەمیشەیی رێژیم بووە لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیە دەسەڵاتدارەتیدا. بەڵام لە هێندێک هەلومەرجدا هەوڵەکانی بۆ زاڵکردنی هەر چی زیاتری ئەم هەڵاواردنە لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردندا.چڕتر کردوە کە دیارە ئەم کارە ئامانجی دیکەی لە پشت بووە. دیارە ستەم و هەڵاواردن دژی ژنان لە ئێراندا تەنیا بە بواری فێرکردنەوە نابەسرێتەوە و بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتییش دەگرێتەوە، بەڵام لەسەرێک سیستمی فێرکردن لە ئێراندا پڕیەتی لە هەڵاواردنی نارەوا و ئاشکرا بە دژی ژنان.

***

روانگەی هێندێک لە ئایەتوڵلاکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی، لە بارەی جیاکردنەوەی جنسییەتی لە زانکۆکاندا:

عەلەوی گورگانی: « تێکەڵ بوونی کچان و کوڕان لە ناوەندە فێرکارییەکاندا کارێکی زۆر نەشیاوە، بۆیە بەرپرسانی پێوەندیدار لەسەریانە ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن و ئەم تێکەڵاوییە نەهێڵن. ئەمە لەگەڵ رۆحی دینی نایەتەوە. »

**جەعفەر سوبحانی:** «تێکەڵاویی دوو ڕەگەز ئەویش لەوپەڕی تەمەنی لاوەتیدا لە گەڵ زانست و ئەخلاق نایەتەوە، ئەزموون نیشانی داوە شوێنە تەک جنسییەتییەکان بۆ فێربوون زۆر لە شوێنە تێکەڵاوەکان لەبارترن. »

**مکارمی شیرازی:** « شک لەوەدا نییە کە کلاسە تێکەڵاوەکان ئەویش لە تەمەنی لاویدا و بە سەرنجدان بەهۆکارەکانی فەساد، دەبێتە هۆی گیرو گرفتی زۆر، ئەگەر بتوانن کە دەشتوانن، پێویستە کلاسە تێکەڵاوەکان لێک جیا بکەنەوە. »

**نووری هەمەدانی:** « لێک جیاکردنەوەیان کارێکی زۆر باش و بەکەڵکە »

**سافی گوڵپایەگانی:** « تێکەڵبوونی کچ و کوڕ لە زانکۆکان، ڕێگری پێشکەوتنی زانستە و دەبێتە هۆی فەسادی زۆر. نرخی ماددیی بەڕێوە بردنی گەڵاڵەی جیاکردنەوەی جنسییەتی هەرچەند زۆریش بێ، گرنگ نیە، پێکەوە بوون جایز نیە. نیزامی کۆماری ئیسلامی دەبێ لەو بارەیەوە پێشڕەو و نموونە بێ. »

**جەوادیی ئامولی:** «کەسێک کە نارازییە لە گەڵاڵەی جیاکردنەوەی جنسییەتی، لەگەڵ دین موخالفە و نەزەراتی مەراجعی تەقلیدییشی بەلاوە گرنگ نیە. »

***

ئامانج لە دانانی گەڵاڵەی جیاکردنەوەی کتێبە دەرسییەکان و جیاکردنەوەی کچان و کوڕان لە شوێنە فێرکارییەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە، هاندانی ژنانە بۆ چوونەوە نێوماڵ و ڕوو کردن لە کار و باری ماڵداری، ئاشپەزی، خەیاتی، گوڵدوزی و.... هەروەها کێشانەوەیان لە چالاکییە کۆمەڵایەتی. سیاسی، زانستی، ئابوورییەکان و ئەو بوارانەی کە ژنان زیاتر ئازاد و سەربەخۆ دەکەن. بەڵام وەک دیتوومانە سەرەڕای ئەو هەوڵانە، ژنان و پیاوانی بیرکراوە و پێشکەوتنخوازی ئێران، تەسلیمی ئەو نیازەی کۆماری ئیسلامی نەبوون و بە شێوەی جۆراوجۆر، دژی ئەم نیازە کۆنەپەرستانەیە وەستاونەتەوە. لە ڕاستیدا دەسەڵاتدارانی ئێران لە خۆڕا سەری خۆیان دێشێنن و پەنا بۆ ئەم جۆرە هەڵاواردنانە دەبەن. چونکە ژنانە و پیاوانە کردنی بوارە جۆراوجۆرەکان لە گەڵ نیاز و پێداویستییەکانی ئەم سەردەمە ناگونجێ و هەتا دێ پتر لەگەڵ دژایەتی کۆمەڵ بەرەوڕوو دەبێ.

**سەرچاوە: «خبرگزاری مهر»**

**لە ژمارە ٥٧٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.**

**٤ی فێبریویری ٢٠١٢**

# دووره ئەم رێگایە سەد ساڵە دەرۆم نابڕێتەوە

ئایا بزووتنەوەیەک بە ناوی بزووتنەوەی ژنان ئێستا لە ئێراندا هەیە؟ ئەم پرسیارە زۆر جار لە بیر و زەینی کەسانێک دا دێت و دەچێ، کە دەبێ بزووتنەوەیەک بە ناوی بزووتنەوەی ژنان لە ئێران هەبێ، یان ئەوەی ئێستا لەئێراندا هەیە دەبێ وەک بزووتنەوەیەکی ژنان حیسابی بۆ بکرێ؟

ئەگەر بە پێی زاراوەی نوێی زانستی کۆمەڵناسی لێی بڕوانین کە دەگوترێ: «هەرجۆرە هەوڵدانێکی بە کۆمەڵ بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجێکی هاوبەش لە دەرەوەی بنیاد و نیهادە رەسمییەکانی دەسەلات، بزوتنەوەیە». بە پێی ئەو پێناسەیە، دەکری ئەم گومانە بڕەوێتەوە کە ئەو چالاکی و هەوڵە مافخوازانە ئەمرۆ لە ئێران دا لە لایەن ژنانەوە هەیە، وەک بزووتنەوەیەک تەماشای بکرێ. دیارە کۆمەڵناسانیش لە سەر پێناسەیەکی دیاریکراو لە بارەی چەمکی بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان کۆک نین. هێندێک پێیان وایە ئەمە کامڵ نیە، چونکە بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی دەبێ ئەم تایبەتمەندییانەی تێدا بێ: خاوەنی ئامانج، تەشکیلات و رێکخراوێکی پتەو و سازماندراوو خاوەن رێبەرییەکی دیاریکراو بێ.

ئەگەر هەلومەرجی ئێرانیش بێنینە بەرچاو و سەرنج بدەینە ئەو جەوە پڕ لە سەرکوت وخەفەقانەی لە ئێران دا هەیە، دەبینین هەر حەرەکەتێکی سازماندراوی هەموو ئەنجومەنە کۆمەلایەتی و نیهادە سینفی و رێکخراوە نا دەوڵەتییەکان لەژێر فشار و سەرکوتدا تەنانەت زۆرجارحوکمی نەمانییان بۆ دراوە، یان کەسانێک کە بەهۆی هەوڵ و تێکۆشانی زیاتر خەریک بوون ببنە سیمایەکی دیاری ئەو رێکخراو و ئەنجومەن و نیهادە کۆمەلایەتییانە، خێرا لە لایەن دەسەلاتی دیکتاتۆر و دژ بە گۆڕانەوە، هەڕەشەیان لێکراوە و خراونەتە زیندان، یان وایان لێکراوە ناچار بن دەست لە تێکۆشان هەڵگرن. لەم چەند ساڵەی دواییدا هەموولایەک شاهیدن کە زۆر لە چالاکانی ژنان، ئەوانەی دیار بوون و دەنگیان بەرز بوو، بەرادیەک لەژێر فشاردا بوون کە ناچار بوون ئێران بەجێ بێڵن، یان خراونەتە زیندان و فشارێکی زۆر بۆ بنەماڵەکانیان هاتوە.

لە راستیدا لە نێو ولاتێکدا کە حاکمییەتەکەی دەیەوێ ئەو ولاتە بەرێتەوە بۆ ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر و کەمترین جموجۆڵی ئازادیخوازی ومافخوازیی ژنان بە تاوان حیساب دەکرێ و دەکەوێتە بەرشاڵاوی قەهری دەسەلات، ئەو

چاوەڕوانییە کە بزووتنەوەی ژنان لە ئێران دەبێ هەموو تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەیەکی تێدا بێ، چاوەڕوانییەکی زۆرە و رەنگە لە جێی خۆیدا نەبێ.

ئەم بزووتنەوەیە، ئەگەرچی سازماندراوو خاوەنی رێبەرییەکی دیار و بەهێز نیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە چەند تایبەتمەندیی دیاری تێدایە. ئەوە کە دەچێتە نێو خانەی بزووتنەوە یان نا ئەو لایەنەی زۆر گرنگ نیە. گرینگ ئەوەیە: خاوەنی وشیارییەکی ژنانەیە - ئامانجدارە، واتە خوازیاری بەرابەریی و سڕینەوەی هەڵاواردن دژی ژنانە لە قانووندا، خوازیاری سڕینەوەی کەلتوور و دابونەریتی دواکەوتوانەی دژی ژنە لە کۆمەڵگەدا، خوازیاری کۆمەڵگەیەکی دێموکرات و بەشداریی ژنە لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵاتدا. ئەگەر تەشکیلات و رێبەرییەکی دیاری کراویشی نیە، بەڵام لە نێو هەموو لایەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا حوزووری هەست پێ دەکرێ. بۆ نموونە لەنێو فەرهەنگ و هونەر و ئەدەبیات و سینەما، لە نێو خوێندنگەو زانستگەکان، لە شەقام، لە بازاڕی کار و بەگشتی لە نێو هەر بوارێکدا چاو لێبکەین حوزووری ژنان بە ئامانجەوە، واتە بۆ مافەکانیان، بۆ سەلماندنی تواناییەکانی خۆیان ئەو حوزوورە هەست پێ دەکرێ. بۆنموونە رێژەی بەرزتری کچان لە چاو کوڕان لە زانستگەکانی ئێراندا چ دەگەیەنێ؟ ئەگەر ئەمانە نەچنە چوارچێوەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و مەدەنی، دەچنە چ چوارچێوەیەکەوە. چاوپۆشی لەمانە حاشا کردن نیە لە هەموو ئەو هەوڵانەی ژنانی ئێران لە ماوەی ئەم ٣٣ ساڵە و پێشتریشدا داویانە؟!

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ئەو ٣٣ ساڵ دەسەڵاتە پڕ لە سەرکوت و خەفەقانەیدا تەنیا شوێنێک کە بە شایانی ژنانی زانیوە، نێو ماڵەکانە و هەموو هەوڵەکەی ئەوە بووە ژنێکی گوێڕایەڵ و بێدەنگ لە ئاست پیاواندا دروست بکا، کە کۆمەڵگەی پیاوسالاریش بە گشتی هەر ئەمەی ویستوە لە ژنان. بەڵام ژنانی ئاگا و وشیار ملیان بۆ ئەو داوایە نەداوە. بە هەوڵ و خەبات و حوزووری بێوچانی خۆیان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا ئەوەیان سەلماندوە.

لە دوای ئاکامی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە ساڵی ١٣٨٨ کە خەڵک رژانە سەر شەقامەکان و ناڕەزایەتییان دەربڕی، ژنان نەک رۆڵی بەرچاویان لەو ناڕەزایەتییانەدا هەبوو، بەڵکوو دەتوانین بڵێین کاریگەریی بزووتنەوەی ژنایشی بەسەرەوە بوو. بۆ یەکەم جار لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا ژنان بوون نافەرمانیی مەدەنییان وەڕێ خست و بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین رژانە سەر شەقامەکان، ئەویش ساڵی ١٣٧٥ بوو کە خومەینی رێبەری رێژیم فەرمانی دابوو

ژنانی کارمەند دەبێ بەحیجابەوە بچنە شوێنی کارەکەیان. ژنان بە دژی ئەو فەرمانە ڕێپێوانیان وەڕێ خست و بە هەزاران کەس هاتنەسەرشەقامەکان و دروشمیان دا. ئەوەی لە ساڵی ١٣٨٨دا خەڵک کردیان ژنان پێش ئەوە کردوویانە. زۆر کەس ڕۆڵی ژنان لە نارەزایەتییەکانی دوای ئاکامی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ساڵی ١٣٨٨ دا دەخەنە پەراوێزەوە و دەڵێن ژنانیش بەشدار بوون! ئەوی لەو ساڵەدا ڕوویدا و ئێستاش بە جۆرێک بەردەوامە بەرهەمی خەباتێکی دوورو درێژی چەندین ساڵەی هەموو چین و توێژەکان بەتایبەتی ژنانە. ژنان یەکێک لە توێژە هەرە چالاکەکانی کۆمەڵگە بوون کە بەردەوام لە نێوخۆی ئێراندا لە گەڵ ئەو ڕێژیمە لە ململانێدا بوون. دەنگی ژنان لە چاو زۆر دەنگی توێژەکانی دیکە روونتر و رەساتر بووە. لە نێو زینندانیانی سیاسی، لەنێو ئێعدامکراوان و قوربانیانی شکەنجە و دەستدرێژیی جنسی و... ژنان کەمیان بەش پێنەبڕاوە. ئەمانە هەمووی ئەگەر دەلالەت لە بزووتنەوەیەکی ژنان نەکا، دەلالەت لە چێ دەکا؟

سەیر ئەوەیە تەنیا چالاکییەکانی ژنانە بەوشێوەیە کەوتۆتە بەر سەرنجی سیاسییە کۆمەڵناسەکان و ئەم پرسیارە هەمێشە دووبارە دەکەنەوە کە ئایا ئەوەی لەئێران دا هەیە بزووتنەوەیە یان نا؟. زۆر کەمتر دیتراوە ئەم هەڵسەنگاندنە بۆ نموونە بۆ بزووتنەوەکانی خوێندکاری، کرێکاری و.. بکرێ. بۆیە ئەگەر ئەو هەڵسەنگاندنەی لێ بکرێ کە هەوڵەکانی ژنان کەم بایەخ و بەجیدی ناگیرێن، لەجێی خۆیدایە. بەم هیوایە ئەو روانینە پیاوسالارە کە بوونی ژنان لە هەموو بوارەکاندا ئینکار دەکا، وا نەبێ لەو مەیدانەشدا نەیەوێ دان بە بزووتنەوەیەکی ژناندا بنێ.

(١) دێرێک لە شێعری مریەم قازی

١٠ی مارچی ٢٠١٢

# کێ بەرپرسە لە کوشتنی ژنان لە کوردستان دا؟

بە گوێرەی هەواڵەکان بەداخەوە کوشتنی ژنان لە هەرێمی کوردستان هەر بەردەوامە. لە ماوەی کەمتر لە یەک حەوتوودا ٢ ژن تەنیا لە یەک ناوچە بە دەستی پیاوانی بنەماڵەکانیان کوژران.

بە پێی هەواڵێک کە ماڵپەڕی پەیامنێر بلاوی کردووەتەوە ڕۆژی شەممە ١١ی ڕێبەندان لە ڕانیە پیاوێکی تەمەن ٢٣ ساڵان بە گوللە ژنە٢١ ساڵانەکەی خۆی کوشتوە. ئەوە دووهەمین ڕووداوی لەو چەشنەیە کە لە ماوەی ٣ ڕۆژدا ڕوو دەدەا. پێشتریش باوکێک هەر لەو دەڤەرە، کچەکەی خۆی کە مامۆستای قوتابخانە بووە، بە تاوانی خۆشویستنی کوڕێک کوشتوە. لە ماوەی ٣ ڕۆژدا دوو کەس کە بە ڕێکەوت هاوناویش بوون دەبنە قوربانیی دڵڕەقی و نەزانیی پیاوانی بنەماڵە.

ئەو هەواڵە دڵتەزێنانە وایان لێکردم دیسان بە نووسینێک نارەزایەتیی خۆم بەرانبەر بەژنکوژی لەم هەرێمە، دەرببڕم.

کۆمەڵگەی کوردستان زۆری کارەساتی ناخۆشی دانیشتوانی بەخۆیەوە دیوە. ماڵوێرانی، دەربەدەری، ئەنفال، زیندان، ئەشکەنجە، ئێعدام و.... بەلام باشووری کوردستان زیاتر لە ٢٠ ساڵە لە شەڕ وتوندوتیژییەکانی دەسەلاتی ڕێژیمی جینایەتکاری بەعسی عێراق، ئەو ڕێژیمەی لە ڕۆژێکدا گیانی ٥ هەزار مرۆڤی کوردی دەستاند، ڕزگاری بووە. هەر کوردێک لە هەر بەشێکی کوردستان بەم ڕزگارییە دڵخۆش بوو شایی لە دڵدا دەگەڕا. ئێمەمانانیش وەک کوردێکی ڕۆژهەلاتیی پەرپوە ودانیشتووی ئەم بەشەی کوردستان، تێکەلاوی خۆشی و ناخۆشییەکانی هاونەتەوەکانانمان لەم بەشە ئازادکراوە بووین و هەلومەرجە سیاسی و کۆمەلایەتییەکەی، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەرمان هەبووە و نەمانتوانیوە و ناتوانین بەرانبەر بە سەرکەوتن و شکستەکانی بێخەم و بێلایەن بین.

ئارەزوو دەکەین ئەم بەشە لە نیشتمان لە هەموو بوارەکاندا ببێتە نموونە بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان. بەلام ئێستا و لەم کاتەدا هەرگیز حەز ناکەم ڕۆژهەلاتی کوردستان باشووری کوردستان بکاتە نموونە. چونکە بەداخەوە

لە هێندێک بواردا، نموونەیەکی باش نابێ.

## هەلومەرجی ژنان:

کە چاو بەئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی دژ بە توندوتیژیی دژی ژناندا دەخشێنین، مرۆڤ تووشی شۆک دەبێ. لە ساڵێکدا ئەویش نەک ساڵەکانی سەرەتای رزگار بوونی کوردستان لە دەست رێژیم، - کە زۆرجار پاساوی ئەوە دەهاتەوە کە کەلتووری بەعسە و کۆتایی نەهاتوە - «ساڵی رابردوو، لە سێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆک و سنووری گەرمیان، ٣٤٩ ژن بە هۆی کوشتنی بەئەنقەست ( قتل عمد)، خۆکوشتن، سووتان و خۆسووتاندن یان سووتان بە قەزا و قەدەر و خنکان و خۆخنکاندن گیانیان لەدەست داوە. ١٧١ ژن بریندار بوون و ١٣٤ حاڵەتی دەستدرێژی تۆمار کراوە». (ئاماری بەڕێوەبەرایەتی ئاماژە پێکراو). ئەوەی ئەمڕۆ بە نیسبەت ژنان لە کوردستان روودەدا، کەم مەترسیتر نییە لەهێندیک لەو نەهامەتییانەی رێژیمی سەددام حوسێن بەسەر نەتەوەی کوردی دێنان.

ژنان دەکوژرێن، خۆدەکوژن، ئازار دەدرێن، سووکایەتییان پێدەکرێ. بەڵام دام ودەزگا بەرپرس و پیوەندیدارەکان لە ئاستیدا بێدەنگ و دەستەوەستانن. کاتێک کەسی تاوانبار رێوشوێنی یاسایی بۆ سزاکەی بەکار ناهێنرێ یان بە پووڵ کێشەکان چارەسەر دەکرێن، یان زۆر جار هەوڵ دراوە کێشەکان بە بچووککراوەیی نیشان بدرێن، هەموو ئەوانە دەبنە هۆی دووبارە بوونەوە و هاندانی کەسانی تاوانبار بۆ ئەوەی لە تاوان نەسڵەمێنەوە.

## کێ بەرپرسی یەکەمە لە کۆتایی هێنان بەم وەزعە

ئازاردانی ژنان لە لایەن پیاوانەوە، هۆکاری پەروەردەی کۆمەڵایەتی و دەروونیی تاکەکانیان لەپشتە. حاشا لەوە ناکرێ کە رێژیمی بەعسی عێراق، کەلتوورێکی پڕ لە توندوتیژی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا چاند و دوای نەمانی، کاتی دەویست تا کۆمەڵگە هێندێک ئاسایی بێتەوە. راستە بە هۆی شەڕ و ململانێی حیزبی، زۆر هەل و دەرفەت بۆ ئاسایی کردنەوەی دۆخەکە لەدەست چوون، بەڵام حاشا لەوەش ناکرێ کە لە لایەن دەسەڵاتەوە بە نیسبەت گۆڕینی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و کەلتووریی کومەڵگە، کەمتەرخەمی کراوە.

٢٠ ساڵ بۆ دارشتنی بناغەی کەسایەتیی منداڵان، مێرمنداڵان، گەنجان و بۆ پێگەیاندنی نەوەیەک و ئارام

کردنـەوەی دەروونیـی نەوەیـەکی دیکـە کـەم نییـە. لـە هـەموو ئـەو ٢٠ سـاڵەدا پـەراوێز خراوتـرین بـوار، بـواری کۆمەڵایەتی و کەلتووری و دەروونیی تاک بووە لە کوردستان. ئەمە ئیدیعایەکی بێ بنـەما نییـە. ڕەفتـار و کرداری تاکەکان، لە نێو بنەماڵە، لە شەقام، ئیدارە و بنکە و بارەگا حیزبی و حکوومەتییەکان بـە تایبـەت بـە نیسبەت ژنانەوە، ئەو ئیددیعایەمان بۆ دەسەلمێنێ.

لە کوردستان لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا ڕۆژ و حەوتوو نەبووە ژنێکی کورد خـۆی نـەکوژێ یـا نـەکوژرێ. هەرکـەس توسقاڵێک دەرکی ئینسانیی هەبێ دەبێنێ، دەزانێ ئازار و ئەزیەتی ژنان لە لایەن پیاوانەوە سنووری نەبووە. ئایـا تـاوانبـار تـەنیا ئـەو پیاوانـەن کە ژنـان دەکـوژن یـا ئازاریـان دەدەن یـا ئـەو سیستەمە پەروەردەییـە، کـە مرۆڤـی توندوتیژ دروست دەکا؟ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەم بارەیەوە بەرنامە و پلانێکی جیـددیی بـۆ کـار کـردن لـە سەر پەروەردە و بـاری دەروونیـی تـاکی کـورد نـەبووە یـان ئەگـەر هەشبووە بـە ناتـەواوی و کەموکووڕییـەوە بـەڕێوە چوون. ئاکامەکەی ئەوەیە کە ئـەمڕۆ دەبینین هـەر ڕۆژەی لـە شـوێنێک ژنێـک بـە هـۆی گومـان و دڵپیسیی پیـاوانی بنەماڵە دەدرێتە بەر چەقۆ و گوللە و گیـانی لێدەستێندرێ یـان ژیانیـان وا لـێ تـاڵ دەکـەن کە بۆخۆیـان خۆیـان لەناوبەرن.

## هێزێک نەبوو ببێتە هۆی فشار بۆ سەر دەسەڵات

لـە دوای ڕاپەڕینـەوە هـەزاران ژن یـان خۆیـان کوشـت، یـا بـە تـاوانی «نامووسـی» کـوژران. ڕووناکبیرانی کـورد دانەچڵەکین و هەڵوێستێکی جیدییمان لـێ نـەدیتن. یـەکێک لـە تراژیدییـەکـان ئەوەیـە کـە ڕووناکبیران لـە ئاست کێشەکاندا متەقیان لێوە نایە. ئەم هەموو گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەیە دەردەچن، ئەم هەموو میدیا و ئیمکاناتە هەیە بەڵام کەمپـەینێک، حەرەکـەتیکی جیـددی بـە بەشـداریی ڕووناکبیران و نوخبـەکانی ئـەم کۆمەڵگەیـە بـە دژی ژنکـوژی بـەدی ناکـەین. کـارێکی ڕەوشـەنگەرانە، و هەڵمـەتێکی گشـتی و سەرانسـەری کـە کەسـایەتی و تاکـە شـوێندانەرەکانی ئـەم کۆمەڵگەیـە تێیدا بەشـدار بـن، نـابینین. ئـەم هـەموو خۆکـوژی و کـوژرانی «نامووسی»یـە دەبیسـرێ و دەدیتـرێ کـەس بەرپرسیارانە لێـی نـاڕوانێ و لـە هۆکارەکانیـان ناپرسـێتەوە. ئـەو هـەمووە زانکـۆ و ناوەندە زانستییە هەیە، بە دەگمـەن لێکۆڵـەرێک، خوێنـدکارێک، خـاوەن بڕوانامەیـەک دەبینین کە توێژینەوەیـەک لەسەر دۆخی نالـەباری ژنـان بکـا. ڕێکخراوێکـی ژنـان جارێـک لەسـەر ئـەو کوشت وکوشـتارە شـەقامی نەهەژانـد و هەڵوێستێکی جیددی نەگرت. پارلمانتارێکی ژن وەها دەنگی هەڵنەبڕی کە کۆمەڵ لە گەڵ خۆیدا بهـەژێنێ. یـەکێک

لە هۆکارەکانی بەردەوامیی ئەو دۆخەی ژنان لە کوردستان، نەبوونی هێزێکی کارا و چاوەدێرە کە وڵام و روونکردنەوە لە هەر مەقام و ناوەند و دامەزراوێک بخوازێ.

## گەشەکردنەکان پێ بە پێی یەک نین

ئاستی کولتووری و روشنبیریی خەڵک لەپێوەندی لە گەڵ پرسی یەکسانی و مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا لەخوارێیە. لە سەر شەقام پیاوان بەشەڕ دێن، دایک و خوشک و هاوسەری یەکتر وەبەر هێرشی جوێن و قسە سووکەکانیان دەدەن. کۆمەڵگە هەر بە دروستکردنی ویلا و شاری خەونەکان پێش ناکەوێ. کاربەدەستان و بەرپرسانی حکوومەتی رۆژ نییە بەردی بناغەی بازاڕێک، کۆشک و تەلارێک دانەنێن، بێئەوەی خەمێکیش لە ناخ و دەروونی ئەو هەموو منداڵانەبکەنەوە کە رۆژانە شاهیدی لێدان و ئازاردان و تەنانەت کوشتنی دایک و خوشکەکانیانن. جوانکردنی روخساری شەقام و شارەکان چ نرخێکی هەیە کە کەلتوورەکەمان لە دیاردە ناحەزەکان پاک نەکەینەوە. بەداخەوە بەرەوژوور بردنی وشیاریی کۆمەڵگە کەوتۆتە پەراوێزی هەموو پرۆژەکانی دیکەوە.

مرۆڤ کە گوێ لە هێندیک لە راگەیەنەکان دەگرێ بەردەوام گوێی لە وشەی سەرکەوتن و پێشکەوتن لە بواری جۆراوجۆردا دەبێ! کە سەردانی رێکخراوێکی ژنان دەکەی و باس لە کارو چالاکییەکانی خۆیانت بۆ دەکەن، دەڵێی کوردستان لە سایەی کارەکانی ئەوانەوە بووە بە بەهەشتێک بۆ ژنان! بەڵام دەبینین رۆژ نییە لە کەلێن و قوژبنی ئەم وڵاتەدا ژنێک ئاگر لەجەستەی خۆی بەرنەدا یان بە ناوی «نامووسپارێزی»یەوە نەیکوژن، کەچی هەڵوێستێکیان نەگرت دەسەڵات و کۆمەڵ وەخۆبێنێتەوە. هەر دەڵێی ئەو کوشتنانە بەلای ئەوانیشەوە بوون بە شتێکی ئاسایی. ئەو یاسایانەی کەمتاکورتێک مافی ژنییان پاراستوە، لەلایەن دابونەریت و کەلتوور و جاری واشە بە ناوی ئایینەوە هەڕەشەیان لێدەکرێ. تەنانەت لە پرسە و سەرەخۆشییەکانیش بۆ پرۆپاگەندەی کۆنەپەرستانە و دژایەتی لەگەڵ ئازادیی تاکەکان و بەتایبەتی ژنان کەلک وەردەگیرێ، بەڵام کەس نیە پێشیان پێبگرێ و بەرپەرچی تەبلیغاتەکانیان بداتەوە.

دەسەڵاتی کوردی، حیزبی کوردی، رووناکبیری کورد،ریکخراوەکانی ژنان وهتد دەبێ ئەم راستییە قەبووڵ بکەن کە لە ئاست کێشە کەلتوورییەکان و پرسە کۆمەڵایەتییەکان دا کەمتەرخەم بوون و وەک پێویست کاریان بۆ شوێندانان لە سەر ئەو بوارە نەکردوە. بۆیە ئەمڕۆ فیشەکە ژەنگاوییەکان هەر کاریان پێدەکرێ.

ژنکوژی و خۆکوشتنی ژنان لە ئاکامی بێزاری لە ستەم و هەلاواردن و سووکایەتی پێکران، پەڵەیەکە بە نێوچاوانی ئەم کۆمەڵگەیەوە. ئەم کوردستانە ئازاد و ئاوەدانە، هەتا ئەم پەڵەیە لە نێوچاوان و لە داوینی خۆی نەسڕێتەوە، ناتوانێ بەم ئازادی و ئاوەدانییە بنازێ، چونکە ئازادی و ئاوەدانییەک، کە ئەمنییەت و یەکسانی و حورمەت بۆ نیوەی ئەندامانی کۆمەڵ لە گەڵ خۆیدا نەهینێ و ژیانی ئەوان و مافی ئەوان نەپارێزێ، شتێکی رواڵەتییە.

لە ژمارە ٥٧٧ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٢٣ی مارچی ٢٠١٢

---

## ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە میدیا دا

بەشدارانی بەڕێزی دووهەم کۆنفرانسی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان!

خۆشحاڵم کە لە کۆڕی ئێوەی بەڕێز دا لە ستۆکهۆڵم خۆم دەبینمەوە و دەتوانم لە نزیکەوە سوود لە باس و بابەتەکانی ئەم کۆنفرانسە و ئەزموون و بۆچوونەکانی ئێوە وەربگرم.

راستییەکەی بڕوام نەدەکرد فریا بکەوم لەم کۆنفرانسە دا بەشدار بم. هەر بۆیە بە درەنگەوە و بە دوودڵی بۆ ئامادەکردنی بابەتێک بۆ ئەم کۆنفرانسە وەخۆ کەوتم. بەو حاڵەش بابەتیکم پی پێشنیار کرا ئامادەی بکەم کە نەک هەر لەو ماوەکەمەدا کە من بەدەستمەوە بوو، بەڵکوو ئەگەر ماوەی زۆریشم بە دەستەوە بوایە، ئامادە کردنی هەر بە زەحمەت بوو.

ئەوبابەتەی من دەمەوی سووکە ئاوڕێکی لێ بدەمەوە، ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە میدیا دایە. پرژانە سەر ئەم بابەتە زۆر زەحمەتە. چونکە دەسبەجێ کۆمەڵێک پرسیار لە بەر دەم هەر کەسێک دا قوت دەبنەوە کە بیهەوێ لەم بارەوە بدوێ و بنووسێ یا لێکۆڵینەوە بکا. هەر بۆ نموونە: مەبەستمان حوزووری ژنی رۆژهەلاتی کوردستان لە چ

جۆرە میدیایەک دایە: میدیای حیزبی؟ میدیای کوردی؟ میدیای فارسی؟ میدیای بێگانە؟ یا مەبەستمان چ سەردەمیکە؟ئێستا؟ رابردوو؟داهاتوو؟

هەر وەها دەکری ئەم پرسیارە بکەین مەبەستمان دەنگدانەوەی چالاکیی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە میدیا دایە یا کارکردنی ژنانی رۆژهەلات لە میدیا دا؟ چۆن دەتوانین قۆناغبەندیی بەشداریی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە میدیا دا بکەین؟ لە سەر کام بناغە و کام پێوەر؟ جگە لەمەش بەربەست و گرفتی دیکە لە سەر رێی باس و لیکۆڵینەوە لەو بوارەدا هەن. با دیسان کۆمەڵێک پرسیاری دیکە بخەمەڕوو بۆ ئەوەی بزانن کارەکە چەند بە زەحمەتە؟ چۆن بزانین چ رێژەیەک لە کار و ئەرکی میدیای کوردی و فارسی لە سەر شانی ژنانی رۆژهەلاتی کوردستانە؟ چ سەرچاوەیەک هەیە یارمەتیمان بدا تا بزانین ژنانی میدیاکاری رۆژهەلاتی کوردستان، چ دەور و رۆڵێکیان هەیە لە بەڕیوەبەریی میدیاکان دا؟ پرسیاری لەمانەش سەرنجراکێشتر ئەوەیە کە میدیای ئەلەکترۆنی و تۆڕە کۆمەلایەتییەکان (فەیسبووک و یوتوب و تویتێر وهی دیکە)، لە رۆژگاری ئەمڕۆ دا جێگای تایبەت بە خۆیان لە دنیای راگەیاندن دا هەیە. ئایا ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان توانیویانە لە میدیای ئەلێکترۆنی و تۆڕە کۆمەلایەتییەکانیش دا دیار بن؟ لەو نیوە دا ئەو پرسیارەش قوت دەبێتەوە کە ئایا مەبەستمان هەر کار کردنێکی ژنان لە میدیا دایە ؟ یا ئەو کار و چالاکییانەی پێوەندییان بە ویست و داخوازەکانی ژنان وخەبات و تێکۆشانی ئەوانەوە هەیە، مەبەستمانە؟ بەم پێشەکییەوە دەچمە نیو ئەم باسەوە، بۆ ئەوەی لە ئیستاوە بۆ خۆم دانم بە گرفت و کەم و کوڕییەکانی باسەکەمدا نابی.

## ئەوەی من لەم باسە دا مەبەستمە!

لە کوردستان بە بوونی هێز و ریکخراوی سیاسیی پێشکەوتنخوازەوە، دەرفەت بۆ هاتنە مەیدانی ژنان لە هێندیک بوار دا خولقا کە دیارە دەتوانم بواری سیاسی و فەرهەنگی و کاری حیزبی و پێشمەرگایەتی وکار لە رێکخراوەکانی ژناندا بە نموونە بێنمەوە

راستییەکەی من پیم باشە هەم کار کردنی ژنانی رۆژهەلات لە راگەیەنەکان دا بخەمە بەر سەرنج، هەم رەنگدانەوە و دەنگدانەوەی ویستەکانی ژنان و خەبات و تێکۆشانی ئەوان لە راگەیەنەکاندا. ناشتوانم لە باری زەمانییەوە لە کۆنەوە تا ئیستا باس بکەم. دەزانم نە ئەوەندەم کات پی دەدرێ، نە ئەوەندەم بەڵگە و داتا بە دەستەوەیە تا

باسی هەموو سەردەم و قۆناغەکان بکەم. زیاتر ئەمڕۆم مەبەستە تا رابردوو. بەڵام شتێک لە بارەی رابردووە هەر دەڵێم. ئەویش ئەوەیە کە بواری راگەیاندنیش وەک بواری سیاسەت و حیزبایەتی و پێشمەرگایەتی، لە سەرەتاوە پیاو سالار بووە و بە دەگمەن نەبێ ژنانی تێدا نەبینراوە. دیارە بە بەراوەرد لە گەڵ هێندێک بوار و مەیدان دا، (وەک بەڕیوەبردنی حیزب و رێکخراوی سیاسی، یا شەڕی چەکداری)لەم بوارە دا، ژنان دیارتر بوون.چونکە لەباری جەستەییەوە بۆ ژنان گونجاوتر بوون و وەک کاری شەڕ و خەباتی چەکداری قورس نەبوون. ئەوەندەش کە بیستوومە و خوێندوومەوە نەک هەر لە راگەیەنەکانی شۆڕشدا، تەنانەت لە راگەیەنە حکوومەتییەکانیشدا، ژنان، کەمتر کاری بەڕیوەبەری و بەرنامەدارِشتنیان لە راگەیەنەکان دا لە ئەستۆ بووە یا پێیان سپیردراوە، بەڵکوو زیاتر کاری بێژەری(گوێندگی)، کاری پیتچنین(تایپ)، وێنەگری (عکاسی و فیلمبەرداری ) و بەڕێوەبردنی ئارشیو و ئامادە کردنی هەواڵ و راپۆرت، کاروباری هونەری و تەکنیکییان لە ئەستۆ بووە. لە راستیدا بەرەبەرە ژنان روویان کردۆتە کاری نووسین و وەرگێران و بەرهەمهێنانی بەرنامە(بەرنامەسازی) لە راگەیەنە حیزبییەکان و راگەیەنە دەوڵەتییەکاندا. بەڵام ئەو جۆرە قەڵەمانە یا زۆر دەگمەن بوون یا زۆر گومناون. ئەو راستییەش لەمەوە سەرچاوە دەگرێ کە هەر لە جێدا، ژمارەی ژنان لەو دام و دەزگایانە دا کەم بووە و لە کەمیش، کەم هەڵ دەکەوێ.

ئەگەر رۆژێک کەس یا کەسانێک بیانهەوێ لەم بارەوە تۆژینەوە بکەن، دەبێ سەردانی ئەرشیڤی رادیۆکانی مەهاباد، ورمێ، سنە، مەریوان، کرماشان و بەشی کوردیی رادیۆی تاران، هەر وەها بنکەی تەلەڤیزیۆنی دەولەتیی ئێران لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بکەن. لە لایەکی دیکە رادیۆ و چاپەمەنیی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستانیش، شوێنێکی دیکە بوون کە ژنانی رۆژهەڵات کاریان تێدا کردوون. حاشا لەوەش ناکرێ کە چاپەمەنیی ئێرانیش لە نێو ژنانی رۆژهەڵات دا، کارمەند و هاوکاریان هەبووە، بەڵام چەند و چۆنی کاری ژنان لە هەموو ئەو بوار و دەزگایانە دا، بە بێ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی مەیدانی، دەرناخرێ.

### کاری میدیایی ژنانی رۆژهەڵات لە دوو دەیەی رابردوو دا بۆ چی دوو دەیەی رابردوو؟

دوای رووخانی ریژیمی پاشایەتی، لە کوردستان بە بوونی هێز و ریکخراوی سیاسیی پێشکەوتنخوازەوە، دەرفەت بۆ هاتنە مەیدانی ژنان لە هێندیک بوار دا خولقا کە دیارە دەتوانم بواری سیاسی و فەرهەنگی و کاری حیزبی و پێشمەرگایەتی وکار لە رێکخراوەکانی ژناندا بە نموونە بێنمەوە. وەک پێشتریش وتم بەشێک لە کچان و ژنان لە راگەیاندنی حیزبەکان دا دەست بە کار بوون. بەلام شەڕ و لە شکرکێشیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و

زاڵبوونەوەی دەسەلاتی دواکەوتووانە و دژەژنی ئەو ریژیمە بە سەر کوردستاندا، مەجالی دەرکەوتنی ژنان لە راگەیەنەکانی دا نەهێشت. بە تایبەتییش کە بێجگە لە راگەیەنی دەوڵەتی و حکوومەتی راگەیەنێکی ئەوتۆ نەبوو. نە رێژیم ئامادە بوو، بیجگە لە دەست وپێوەندی خۆی مەیدان بە خەڵکی دیکە بدا لەراگەیەنەکانیدا دا کار بکەن، نە خەڵک ئامادە بوون خۆ لەو جۆرە راگەیەنانە نزیک بکەنەوە. دیارە بێگومان کەسانی وا هەبوون کە لە رادیۆ و تەلەڤیزیۆن و چاپەمەنییەکانی سەر بە رێژیم دا کاریان دەکرد کە ئینسانی باش بوون و لە گەڵ ریژیم دا نەبوون.

بەلام لە دەیەکانی دووهەم و سێهەمی دەسەلاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا، ئیران و کوردستان هێندێک ئالوگۆڕیان بە خۆیانەوە دیت کە زەمینەساز بوون بۆدەرکەوتنی زیاتری ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان لە میدیاکان دا، یا بە وتنێکی دیکە ژنان لە جاران زیاتر روویان لە کاری میدیایی کرد. بۆ وینە:

- ژمارەی ئەو کچە کوردانەی چووبوونە زانستگەکانی ئێران، زیادیان کردبوو و ریژەی ئەو کەسانەی دەیانتوانی بەشدارییان لە کاری میدیایی دا هەبێ چووە سەر.
- گەشەکردنی هەست و بیری نەتەوەیی هەم لە ئاکامی بەردەوامیی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازانە لە رۆژهەلاتی کوردستان، هەم لە درێژەی پێکهاتنی ئالوگۆر بە قازانجی کورد لە عێراقدا( پێکهاتنی هەرێمی کوردستان و پارلمان و حکوومەتی کوردی وەی دیکە)
- بزووتنەوەی ریفۆرمخوازی لە دەیەمی دووهەمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی دا گەشەی کرد و کۆمەڵێک گۆڕانی لێکەوتەوە، وەک: گەشەکردنی چاپەمەنییەکان ، گەشەکردنی بزووتنەوەی خوێندکاری و سەرهەڵدانی بڵاوکراوەی خوێندکاری و حەوتوونامە و مانگنامەی سەر بە کوردەکان لە ئێراندا.
- دامەزرانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییە کان و راکێشرانی سەرنجی خەڵک و لەو نیوەدا ژنان بۆ هاوکاری لە گەڵ ئەو تەلەڤیزیۆنانە لە بواری جۆراوجۆر دا.
- گەیشتنی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و خێرای پیوەندییەکان بە کوردستان وەک موبایل، ئەنترنیت وسەرهەلدانی بەرەبەرەی میدیای ئەلەکترۆنی لە نیو کورددا، سەرەڕای هەموو بەربەست و کۆسپەکانی سەررێگایان بە تایبەتی لە نیوخۆی ئێراندا.
- پەرەگرتنی خەباتی مەدەنی لە نێوخۆی رۆژهەلاتی کوردستان کە ئەم شێوە خەباتەش بۆ ژیان و بەردەوامیی خۆی پێویستیی بە دەستراگەیشتن بە میدیا هەیە.

- من ناتوانم بە ئامار و ئەرقام بیسەلمێنم کە لەم دوو دەیەی دواییدا، کاری میدیایی لە نیو ژناندا و بایەخدانی میدیاکان بە ژنی کورد گەشەی کردوە. چونکە وەک وتم کاتێکی ئەوەندەم بە دەستەوە نەبوو بۆ ئامادەکردنی ئەو باسە. بەڵام دەتوانم بە ئاماژە بە نیشانە و دیاردەکان داکۆکی لە راستیی ئەو قسەیەم بکەم.

## ئەو نیشانە و بەلگانەی دەتوانم پشتیان پێببەستم:

١- لە دایکبوونی کۆمەلێک گۆڤار و بلاوکراوەی کوردی، بۆ نموونە گۆڤاری"ژنان"ی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان (لە دەرەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان) ولە دایکبوونی بلاوکراوەی "راسان" لە نیوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان. ببوورن کە لەم دەم و دەستە دا نموونەی زۆرم بە دەستەوە نییە.

٢- کاری نووسین و وەرگێرانی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بڵاوکراوە خوێندکارییەکان و چاپەمەنیی کوردەکان لە نیوخۆی ئێراندا کە دیارە بەشداریی کچانی خویندکار و ژنان لەو جۆرە هەولانە دا لە هی کورانی خویندکار و پیاوان کەمتر بووە.

٣- هێندێک لە رادیۆ کوردییەکان،تەنانەت رادیۆی هیزە خەباتکارەکانی رۆژهەلاتی کوردستانیش، لەم دوو دەیەی دواییدا، بەرنامەی تایبەت بە ژنانیان لە بەرنامەکانی خۆیان زیاد کرد و لەم ریگایەوە کۆمەلێک ژن هاتنە نیو کاری راگەیاندن.

٤- کوردی رۆژهەڵاتیش لە رێگای حیزبە سیاسییەکانییەوە بوو بە خاوەنی کانالّی تەلەڤیزیۆنی. هەم ئەو تەلەڤیزیۆنانە و هەم تەلەڤیزیۆنی کوردیی بەشەکانی دیکەی کوردستان کەم یا زۆر کات و بەرنامەیان بۆ پرسی ژنان تەرخان کرد. ئەم خۆ تەرخانکردنەش بۆ پرسی ژنان بوو بە زەمینە کە هێندیک لە ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان - لە نیوخۆ کەمتر و لە دەرەوەی رۆژهەلاتی کوردستان زیاتر- روو لە کاری میدیایی بکەن. وەک بێژەر، پەیامنێر، وتوویژکار،نووسەر، وەرگێڕ، بەرنامەساز لە میدیای کوردی دا دەربکەون.

٥- دوو بزاڤ بە تایبەت لەم ١٠ ساڵەی دوایی دا سەرەڕای هەموو دژایەتییکرانێک لە لایەن دەسەڵاتەوە، لە نێوخۆی رۆژهەلاتی کوردستان و لە نیو چالاکانی کورد لە ئێران لە مەیدان دابووە. بزاڤی یەکسانیخوازیی ژنان، بزاڤی داکۆکی لە مافی مرۆڤ.هەر دووی ئەم بزاڤانە بۆ گەیاندنی دەنگی خۆیان بە خەڵک و بۆ داکۆکی لە خۆیان،

پێویستییان بە راگەیەنی خۆیان لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە حوزوور لە نیو میدیا کوردی و ئێرانی و بیانییەکان دا هەبووە.ئەمەش وەڕێخستنی کۆمەڵێک وێبسایت و وێبلاگ بە بەشداریی چالاکانەی ژنان و پێوەندی کردن بە رادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکانی دەرەوەیان لێکەوتۆتەوە. (لە خۆڕا نییە زۆربەی ئەو ژنە چالاکانەی کورد کە ئێستا لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدان، بە تەبلیغ دژی کۆماری ئیسلامی تاوانبارن!).

ژمارەی ئەو وێبلاگانەی کە هی ژنانی رۆژهەلاتی کوردستانن، روو لە زیاد بوونن.دیارە وێبلاگەکانی نێوخۆی وڵات، جگە لەوەی زوو زوودەبەسترێن (مەسدوود دەکرێن)، بوون بە دەردەسەرێکیش بۆ خاوەنەکانیان! چونکە لە گرتووخانە و بێدادگاکانی کۆماری ئیسلامیدا وەک بەڵگەی جورم بۆ ئەو ژنانە بە کار دەهێنرێن کە کاری میدیایی و خەباتی مرۆڤدۆستانە و یەکسانیخوازانە دەکەن.بەڵام لە هەر حال دا رۆژ بە رۆژ ژمارەی ژنانی وێبنووس و وێبلاگی ژنان زیاد دەبن.

٦- بە داخەوە هەتا دێ ژمارەیەکی زیاتر لە ژنانی چالاک و میدیاکار، لە ژێر گوشار و هەرەشەی کۆماری ئیسلامیدا،رۆژهەڵاتی کوردستان بە جێ دێڵن کە ئەوە لە سەردابەزینی چالاکیی ژنان لە نیوخۆ کاریگەریی بەرچاوی هەیە.ئەوان یا لە هەرێمی کوردستان دەگیرسێنەوە یا روو دەکەنە ولاتانی رۆژئاوا. بەڵام بە خۆشییەوە لە دەرەوەی ئێران، دەرفەت و شانسێکی باشتر بۆ کاری میدیاییان بۆ پێک دێ. دەتوانم بڵێم راگەیەنی حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، راگەیەنەکانی هەرێمی کوردستان و رادیۆ و تەلەڤیزیۆنە کوردی و فارسییەکان، تا رادەیەک سوودیان لە توانا و ئەزموون وبەهرەکانی ئەو ژنانە وەرگرتوە. ئەوانیش لەم تریبوونانە بۆ گەیاندنی دەنگی ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان و چالاکانی مەدەنیی نیوخۆی کوردستان و ئیران، کەلکیان وەر گرتوە.هەر ئیستا لە هەریمی کوردستان چەندین ژنی رۆژهەلاتی کوردستان لە میدیاکانی ئەو هەرێمە دا کاری جۆراوجۆر دەکەن کە بەشێکیان لە پرسی ژن لەرۆژهەلاتی کوردستان غافڵ نین و لەم بارەوە نووسین و راپۆرت و بابەتیان هەیە.

٧- لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش دا حوزووری ژنانی رۆژهەڵات لە زیاد بوون دایە. لە ریزی دۆستانی هەر ژنێکی چالاک لە فەیسبووکدا، دەتوانین ناو و وێنەی دەیان و تەنانەت سەدان ژنی خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان ببینین. ژمارەیەک لەوان لە پەیجەکانی خۆیاندا نووسین و بیر و بۆچوونی خۆیان لە سەر پرسی یەکسانیخوازی، بلاو دەکەنەوە. بایەخ بە چالاکییەکانی ژنان و داوا و کێشەکانی ژنان دەدەن و بابەتی بە سوود دەوروژێنن.

لە سەر یەک ئەم جۆرە هەوڵانە بەڵگە و نیشانەی دیاربوونی ژنانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە میدیا دان و دەتوانم بڵێم ئەگەر کەمتاکورتێک بایەخدانی میدیا حیزبی، کوردی و فارسییەکان بە ژنان دەبینین، دەبێ بەر لە هەموو شتێک مەمنوونی ئەو ژنانەی ڕۆژهەلاتی کوردستان بین کە لە دەرەوە و ژوورەوەی ولات لە کار و تێکۆشانی میدیایی دا پێشەنگ و ڕچەشکێن بوون.

## جۆری پرس و بابەتەکان کە لە میدیاکاندا

بە پێویستی دەزانم شتێکی دیکە لەم باسە زیاد بکەم. ئەویش جۆری ئەو پرس و بابەتانەیە کە لە پیوەندی لە گەڵ ژنانی ڕۆژهەڵاتدا یا بە هۆی ژنانی چالاک یا ژنانی میدیاکارەوە لە ڕاگەیەنەکاندا باسیان لێکراوە.ئەو پرس و بابەت و کێشانەی پێوەندییان بە ژنانی ڕۆژهەڵاتەوە هەبووە ولە میدیاکان داهاتوونە بەر باس، دوو بەشن. بەشێکیان هەر ئەوانەن کە کێشە و مەسەلەی ژنانی ئێران بە گشتین. بۆ نموونە ئەو ستەم و هەڵاواردنانەی کە قانوون و دام و دەزگا فەرمییەکان، بە ڕەسمییان ناسیون. هەلاواردنی قانوونی بە دژی ژنان لە نیو بنەماڵە، لە کار و دامەزران لە ئیدارەی دەولەتی و دام و دەزگاکاندا، لە خوێندن و مافی سەفەر و وەرگرتنی میرات و هی دیکە. بەشێکیشیان ڕەنگ و بۆنی تایبەت بە ژنانی کورد یا ژنانی ڕۆژهەلاتی کوردستانیان هەبووە. وەک نموونە دەتوانم باس لە زۆریی دیاردەی خۆسووتاندن لە هێندێک لە پارێزگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەم. نموونەیەکی دیکە ڕۆڵی ژنان لە کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ستەم و هەلاواردنی نەتەوەیی و دیاردەکانی وەک پەرەپێدانی بە ئەنقەستی ئیعتیاد بەمادە سڕکەرەکان، لە نێوبردنی ژینگە،کێشە و گرفتی ئەو ژنانەی ڕۆڵەکانیان بە تاوانی ئازادیخوازی کەوتوونە بەندیخانە و لە گەڵ سزای قورس بەرەوروو بوون. هەر وەها جێگە وپیگەی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی و لە حەرەکەتە مەدەنییەکاندا. خودی چەند و چۆنی بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکیکی دیکە لەو بابەتانە بووە کە لە میدیاکان دا کەم و زۆر هاتوونە بەر باس.

## چەند خاڵێک لە ئاکامی ئەو باسەدا:

١- لە نیوخۆی ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستان، کۆسپ و بەربەست و هەر وەها مەترسیی زۆر لە سەر ڕێی کاری میدیایی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە.

٢- کاری میدیایی ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان، و دیار بوون و دەرکەوتنیان لە راگەیەنی جۆراوجۆردا،روو لە زیادبوونە و ئەم مەسەلەیە لە سەر بایەخدانی میدیاکان بە تایبەتی میدیای کوردی و فارسیی دەرەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، کاریگەریی هەبووە.

٣- هەوڵە میدیاییەکانی ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان جیا جیا و پچر پچڕن. پیوەندیی نیوان رێکخەران وئەنجامدەرانی ئەو هەوڵانە و ئاڵوگۆڕی ئەزموونەکانی  نیوخۆ و دەرەوە لاوازن.

٤- رێکخراو و کۆمەڵە و ناوەندەکانی ژنان و ئەم جۆرە کۆنفرانسانە، دەبێ هاندەری چەند هەوڵێک لە نیو ژنان دابن. بۆ نموونە:

- وەرێ خستنی پەیج و ماڵپەڕی ئەوتۆ کە لینک و ئادرەسی زۆربەی پەیج و ماڵپەر و ویبلاگەکانی ژنانیان تیدا بێت،

- پێکهێنانی سمینار و وۆرک شاپ و دەورەی فێرکردن بۆ هەڵسەنگاندنی کاری میدیایی ژنان بۆ ئەوەی ژنان سەرکەوتووانە تر لە ئیستا کەلک لە میدیا وەربگرن.

- دروست کردنی چەترێک بۆ لێک کۆ کردنەوەی ژنانی میدیاکاری رۆژهەلاتی کوردستان، تا وێڕای ئالوگۆڕکردنی ئەزموونی خۆیان و پشتگریی کاری و پیشەیی یەکتر، ئەو پرس و بابەتانەش کە دەبێ ژنان، سەرنجی میدیاکانیان بۆ رابکێشن،بە هاوفکری و هاوکاریی یەکتر، دەستنیشان بکەن.

سوپاستان دەکەم کە گوێتان لە باسەکەم راگرت

هیوادارم بە تێبینی و پێشنیار و رەخنە و سەرەنجەکانی خۆتان ئەم باسە دەوڵەمەند بکەن.

ئەم باسە لە دووهەم کۆنفرانسی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان(ستۆکهۆڵم ٢٦ - ٢٧ی مای ٢٠١٢) دا پێشکەش کراو.

کوردستان و کورد

٢٩ی مای ٢٠١٢

# ڕۆڵی ژنان لە پاراستنی ژینگەدا

## ژنان لە پاراستنی ژینگەدا دەتوانن چ ڕۆڵێکیان هەبێ؟

قسەکردن لەسەر ژینگەو ژینگەپارێزی، کاری پسپۆڕان و شارەزایانی بواری ژینگەیە، بەڵام ئەوەی منی هاندا لەوبارەیەوە چەند دێڕێک لەسەر کلتووری ژینگەپارێزی بنووسم، ڕۆڵ و ئەرکی ژنانە لە دروست کردنی ئەو کلتوورەدا. ئەمڕۆکە پاراستنی ژینگە وەک یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی گەشەسەندنی جیهانی، پێویستیی بە بەشداریی ڕاستەقینە و ئاگایی کۆمەڵگە هەیە. ژنان بە هۆی ئەوەی نەخش و ڕۆڵی گرنگیان لە ئیدارەی بنەماڵە و پەروەردە و فێرکردنی منداڵدا هەیە، دەتوانن وەک هێزێکی کاریگەر، هەر وەک چۆن دەتوانن نیگابان و پارێزەری منداڵەکانیان بن، هەر ئاواش دەتوانن نیگابان و پارێزەری ژینگە بن.

## ژینگە

کۆمەڵێک هەلومەرجی دەرەکییە کە بە درێژایی تەمەن و ژیانی بوونەوەرێکی زیندووی وەک مرۆڤ، کاریگەرییان لەسەری دەبێ. وەک تیشکی خۆر، ئاو، هەوا، ڕووەک و شیناوەرد، گیانلەبەران و هەموو بوونەوەرێکی گیاندار و بێگیان کە لەسەر گۆی زەویی هەن، لەگەڵ یەکتردا لەپێوەندییدان و ژینگە پێک دێنن. لەم ساڵانەی دواییدا زۆربوونی ڕێژەی مرۆڤ و پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی و کەڵکوەرگرتنی زیدەڕۆیانە و نادروست لە سەرچاوە و سامانەکانی گۆی زەوی، کارتێکەرییان لەسەر پیسبوون و وێرانیی ژینگە داناوە. ئەگەر لە دنیای مۆدێرنی ئەمڕۆدا، بەهۆی مرۆڤەوە، سروشت و ژینگە بەشێوەیەکی بەربڵاو و سەرسووڕهێنەر خەریکە زیانی پێ دەگات و وێران دەبێ، هەر مرۆڤیش دەتوانێ پێش بە وێرانیی ژینگە و زۆر لە کارەساتە پێوندیدارەکان بگرێ.

ژنان نیوەی کۆمەڵگەی جیهان پێک دێنن، کەواتە ڕۆڵیان لە پەرەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگەکاندا لانیکەم دەتوانێ بە ڕادەی نیوەکەی دیکە بێ. بەڵام لە بواری ژینگەپارێزیدا دەتوانین بڵێین ژنان زۆر زیاتر لە نیوەی مرۆڤایەتی دەکرێ ڕۆڵیان لە پاراستن و ڕێزگرتن لە ژینگەو سروشت و جوانییەکانیدا هەبێ .دیارە مێژووی

مرۆڤایەتی پڕە لە خەبات و هەوڵدانی ژنان بۆ ئاشتی، دادپەروەری، یارمەتیدان بە لێقەوماوانی شەڕ و بەڵا سروشتییەکان، پارێزگاری لە ژینگە و مافی گیانلەبەران.

## ژنان دەتوانن پاسەوان و پارێزەری ژینگە بن

ئەوە راستە پاراستنی ژینگە بە بەرنامە و پرۆژەکانی دەسەڵاتی هەر وڵاتێکەوە بەستراوەتەوە، واتە ئەوە حکوومەتە کە دەبێ خەڵک لە دروستکردنی ژینگەیەکی خاوێن و پاراستنی سروشت و گیانلەبەراندا بەشدار بکا. دیارە پێش هەموو شتێک ئەمە پێویستی بە ئاگاییدان و رۆشنگەری لەم بارەیەوە هەیە .هەرچەند لە ئاستی جیهانیدا بۆ پاراستنی ژینگە، لەلایەن دەوڵەتان، ئەنجومەنەکان و تێکۆشەرانی بواری ژینگەپارێزییەوە لە پێوەندیی لەگەڵ پاراستنی ژینگەدا، زۆر رێنوێنی و رێگەی جۆراوجۆر پێشنیار کراون و برەویان پێدراوە، بەڵام بەداخەوە کلتووری سروشتدۆستی و ژینگەپارێزی لە نێو زۆربەی خەڵکی کۆمەڵگەکاندا هێشتا زۆر لەخوارێیە. هیچ قانوونێکی ژینگەپارێزی لەجیهاندا بە تەواوی نەیتوانیوە مرۆڤەکان پابەند بکا بە پاراستنی ژینگە و خۆشەویستیی سروشت. مەگەر ئەوەی مرۆڤ لە منداڵییەوە فێری رێوشوێن و رێساکانی بکرێ. هەر پەروەردە و فێرکردنیشە دەتوانێ مرۆڤەکان پابەند بە قانوونەوە بکا .رێز گرتن لە ژینگە و سروشت رەوشتێکە کە دەبێ منداڵ هەر لە سەرەتاکانی ژیانییەوە فێری بکرێ تا ببێ بە باوەڕ لە بیرو زەینیدا.

رێوشوێن و رێساکانی پاراستنی ژینگە و ئۆگری و خۆشەویستیی سروشت، ئەگەر لە منداڵییەوە لە بیر و زەینی مرۆڤدا نەچەسپێ و نەبێتە کلتوور، لە گەورەییشدا ئەو مرۆڤە، بەرانبەر بە پارستنی ژینگە و سروشت ئەرکدار نابێ. منداڵان خۆیان زۆرترین قوربانیانی ژینگەی پیسن، هەر منداڵانیشن باشترین و کاریگەرترین توێژی نێو کۆمەڵگەن بۆ ئەوەی لە رێگای پەروەردە و فێرکردنیان خزمەتی سروشت و ژینگە بکەن.

لێرە دایە گرنگیی نەخشی ژنان لەو بوارەدا دەردەکەوێ. ژنان هۆکاری سەرەکیی راگواستنی کەلتوورەکانن و زۆرترین کاریگەرییان لەسەر نەوەکانی داهاتوو هەیە. ژن بە هۆی ئەوەی دایکە و بناغەی پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵ لە لای ئەوەوە دەست پێدەکا، رۆڵێکی گرنگی لە فێرکردن و دروستکردنی کلتووری ژینگەپارێزی و خۆشەویستیی سروشت، لەلای منداڵدا هەیە. بەڵام بە مەرجێک لە زیان و کێشەکانی ژینگە و شێوەی بەربەرەکانی لەگەڵ مەترسییەکانی سەر ژینگە ئاگا بی، لەم حاڵەدا دەتوانێ بە هۆی فێرکردنی منداڵەکانی، پێشی زۆر لەو رەفتارانە

بگرێ کە دەبنە هۆی مەترسی بۆ سەر ژینگە و سروشت.

هەر منداڵێک لە سەرەتاکانی ژیانییەوە بۆ نموونە دەبێ فێر بکرێ کە زبڵ و زاڵ نابێ بکرێتە نێوکانیاو و ئاوی بەنداو و رووبارەکانەوە، یان بۆ نموونە هەر منداڵیک دەبێ رابهێنرێ و فێر بکرێ کە ئەگەر بیسکویت یان بەستەنییەکەی خوارد، کاغەز یان نایلۆنی خواردنەکەی لەجیاتی ئەوەی فرێی بداتە سەر زەوی، بیخاتە نێو سەتڵی زبڵەوە. ئەمە سەرەتاییترین وانەی ژینگەپارێزییە. ئەوەی ئەمڕۆ هەموومان لە سەیرانگەکان و شەقام و کۆڵانەکان دەیبینین،نیشانەی ئەوەیە ئەو وانەیە لە رابردوودا بەباشی فێری منداڵان نەکراوە. زۆربەی ئەو کارەسات و بەڵایانەی لە لایەن مرۆڤەوە بەسەر سروشت و ژینگە دێن، دەگەرێتەوە بۆ نائاگایی، کەم ئاگایی و تێنەگەیشتن لە گرنگایەتیی ژینگە بە هەموو فاکتەرەکانییەوە وەک: ئاو، هەوا، خاک و...

باری شارستانی و پێشکەوتوویی هەر وڵاتێک، شارێک، بنەماڵەیەک. تاکێک، بە کۆمەڵێک تایبەتمەندییەوە بەستراوەتەوە، کە یەکێکیان پاراستن و ڕێزگرتنی ژینگە و سروشتە.

ئەوانەی ڕێزی سروشت و جوانییەکانی ناگرن، داری دارستانەکان بۆ قازانجی خۆیان دەبڕنەوە، گیانلەبەرانی کێوی راودەکەن، لە کاتی سەیران و سەفەردا زبڵ و پاشماوەکانیان فرێ دەدەن، یان ئاوەکان پیس دەکەن و.... نە لە خۆشەویستیی نیشتمان گەیشتوون، نە دەتوانن چێژ لە خۆشی و جوانییەکانی سروشت وەرگرن.

ئەگەر بمانەوێ منداڵەکانمان وڵاتەکەیان خۆش بوێ، دەبێ ئەو دەرسەیان بەباشی فێر بکەین کە پاراستنی ژینگە یەکێکە لە ئەرکە مرۆیی و نەتەوەییەکانیان.

لە ژمارە ٥٨١ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

١٩ی ئەپریلی ٢٠١٢

# پەرەسەندنی خەسار و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران دا

یەکێک لەو دیاردانەی لە تەواوی کۆمەڵگەکاندا و لە هەموو سەردەمێکدا هەبووە، خەسارە کۆمەڵایەتییەکانە، کە شێوەی بەرەوڕووبوونەوەش لەگەڵیان لە کۆمەڵگەکان و وڵاتاندا جیاواز بووە.

ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا تووشی زۆرترین کێشە و خەساری کۆمەڵایەتی بووە. هێندێک لەو کێشە و خەسارانە بریتیین لە:

- دەستراگەیشتن و پەرەسەندنی ماددە هۆشبەرەکان لە نێو لاواندا،
- زۆربوونی هەژاری و بێکاری،
- زۆر بوونی منداڵانی سەرشەقام و بەکارهێنانیان لەلایەن باندە تاوانبارەکانەوە بۆ مەبەستی خراپ،
- هەڵاواردنی ڕەگەزی و توندوتیژیی دژی ژنان لە نێو بنەماڵە، شوێنی کار و کۆمەڵگە،
- پۆشینی جلوبەرگ و حیجابی ئیجباری و ڕەفتاری توندوتیژ و پڕ لە سووکایەتیی هێزە ئینتیزامییەکان بە دژی ژنان لە بەرچاوی خەڵک،
- سزای ئێعدام بۆ منداڵان و گەورەکان و ئێعدام کردن لەبەرچاوی خەڵک،
- هەژاری و نائەمنیی ژیانی ژنانی سەرپەرستی بنەماڵە،
- زەماوەندی پێشوەخت (منداڵانی تەمەن خوار ١٨ساڵ)،

بە پێی ئامارەکانی ئیدارەی سەبت و ئەحواڵ ڕێژەی زەماوەندی کچانی تەمەن خوار ١٥ساڵ لە ساڵی ١٣٨٥ بەرانبەر بە هەموو زەماوەندەکان ٣/٢ لەسەد بووە کە لە ساڵی ٨٩دا بووە بە ٤/٩ لەسەد. هەر بە پێی ئەو ئامارانە لە ساڵی ٨٥ دا، ٩٥٠ هەزار کەم تەمەنی زەماوەندکردوو هەبوون، کە نزیک بە ٩٠٠ هەزار کەسیان کچ بوون. ٧٠ هەزار کەس لەوان تەمەنیان لە نێوان ١٠ بۆ ١٤ ساڵ بووە. وا دێتە بەرچاو ئەم ڕێژەیە لەم ساڵانەی دواتردا زۆرتریش بووە.

- پەرەسەندنی لەشفرۆشی و قاچاخی ژنان بۆ نێو بازاڕەکانی سێکسی وڵاتانی دەوروبەر بە هۆی هەژاری و نەبوونی

فرسەتە کۆمەڵایەتییە یەکسانەکان،

- بێکاری و هەژاریی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری کرێکاران و مامۆستایان (بەتایبەتی بێکاری ژنانی خوێندەوار) و گرتنی ژمارەیەکی زۆر لە نارازییانی ئەو توێژانە لە لایەن دەسەڵاتەوە،

- سانسۆری بڵاوکراوە و سایت و تۆڕە ئینتێرنێتییەکان و داخستنیان لە لایەن دەسەڵاتەوە،

- پەرەسەندنی توندوتیژی، خۆکوژی و قەتڵ و تاوان لە کۆمەڵگەدا،

- زۆر بوونی خەمۆکی لەنێو چین وتوێژە جۆراوجۆرەکان و نەخۆشییە دەروونییەکان،

- سەرکوتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان، کرێکاران، خوێندکاران، مامۆستایان و..... زیندانی کردنی چالاکانیان و....

- کۆچی هەزاران کەس لە ئێرانییەکان ساڵانە بۆ دەرەوەی وڵات بە هۆی سەرکوت و زوڵم و ناعەدالەتیی دەسەڵاتداران.

### هۆکارەکانی پەرەسەندنی کێشەو خەسارەکان:

نەبوونی ئازادییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان، بوونی ناعەدالەتی و هەڵاواردن، قەیرانی پەروەردە و فێرکردن، مەسەلەی ئابووری، شەر، هەژاری و بێکاری، تەلاق و... لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەرەسەندنی خەسارە کۆمەڵایەتییەکانن.

دیارە بەشی زۆری ئەو کێشەو خەسارە کۆمەڵایەتییانەی کۆمەڵگەی ئێرانی گرتۆتەوە بەرهەمی سێ دەیە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی ئێرانن. نەبوونی ئازادی و هەبوونی سەرکوت و خەفەقان لە کۆمەڵگەی ئێراندا، پێوەندییەکی راستەوخۆی لە گەل سەرهەڵدانی قەیران و خەسارە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە.

بۆ وێنە شەڕی ٨ ساڵە لە گەڵ عێراق کە ئابووری وڵاتی ئێرانی بۆ ماوەی چەندین ساڵ دارووخاند، بووە هۆی هەژاری و بێکاریی خەڵک بەتایبەتی لاوان و لەدەستدانی هەلی کار بۆ لاوان، ژنان چین وتوێژە کەم داهاتەکان. هەژاری و بێکاری بۆخۆی دەتوانێ لە سەرهەڵدانی زۆر دیاردەی دیکەی وەک ئێعتیاد، تەلاق، منداڵانی سەرشەقام و... دا کاریگەریی راستەوخۆی هەبێ.

ئەگەر بۆ نموونە باس لە دیاردەی تەڵاق لە ئێراندا بکەین کە یەکێکە لە خەسارە کۆمەڵایەتییەکان، لەم یەک دوو دەیەی رابردوودا رێژەکەی زۆر بەرز بۆتەوە. بە بڕوای کۆمەڵناسان و خەسارناسان، زۆربەی دیاردە و خەسارە کۆمەڵایەتی، بنەماڵەیی، ئابووری، فەرهەنگی و.... یەکانی دیکە، ریشەیان لە مەسەلەی تەڵاق و هەڵوەشانی شیرازەی بنەماڵەدایە. واتە تەڵاق کۆمەڵێک کێشەی دیکە بەدوای خۆیدا دێنێ. دیارە تەڵاقیش بۆخۆی بەرهەمی کۆمەڵێک کێشەو و قەیرانی دیکەیە. ئەوە راستە کە بە پلەی یەکەم بەرهەمی زەماوندی ناسەرکەوتوویە. لە کۆمەڵگەی ئێراندا زەماوەندی زۆرەملی زۆرە، هەر بۆیەشە ئاسان تەڵاقی بەدوادا دێ، بەڵام ئەگەر لە ریشەو هۆکارەکانی بکۆڵرێتەوە، نەبوونی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان، کەلتووری کۆمەڵگە، سیستمی پەروەردە و فێرکردن، سیاسەتی هەڵاواردنی رەگەزی و... کۆمەڵێک مەسەلەی دیکە کە پێوەندیی راستەوخۆیان بە سیاسەت و سیستم و قانوونی وڵاتەوە هەیە، هەموو ئەوانە کاریگەرییان لەسەر پەرەسەندنی ئەم خەسارە کۆمەڵایەتییە هەیە.

دوکتور ئەمانوڵڵا قەرایی کارناسی کۆمەڵایەتی لە ئێران، دەڵێ: «تەڵاق یەکێکە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کە کاریگەریی زۆرخراپ و قەرەبووینەکراو لە دوای خۆی بەجێ دێڵێ و بە جۆرێک کە دەکرێ بە شەهامەتەوە بڵێین لە سەرهەڵدانی خەسارەکۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا کاریگەرترینیانە».

کۆماری ئیسلامی هەمیشە بە قسە، تەڵاقی بە خەسار بۆ بنەماڵە و کۆمەڵگە زانیوە، بەڵام هیچ کات هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و کەلتووریی وای بۆ قایمکردنی بناغەیەکی دروست و سالم بۆ ژیانی بنەماڵە نەخوڵقاندوە. کارکردن بۆ نەهێشتنی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان پێویستیی بە دروسکردنی زەمینە و هەلومەرجی لەبار هەیە. سڕینەوەی هەژاری و بێکاری لەسیمای کۆمەڵگە و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی سالم پێویستی بە دەسەڵاتداری دڵسۆز هەیە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەمیشە بەچاوی دوژمنایەتی لە خەڵکی ئێرانیان روانیوە. هەر بۆیەشە بۆخۆیان زەمینەخۆشکەری زۆر کێشە و قەیران بوون بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە.

ئێستاش سەرەڕۆییەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران و پابەند نەبوونیان بە پەسەندکراوە نێونەتەوەییەکان بە تایبەت هەوڵدانیان بۆ بەدەستهێنانی جەکی ئەتۆمی، بۆتە هۆی ئەوە ئێران لە زۆر بارەوە تەحریمی بخرێتەسەر، کە ئەو تەحریمانەش کاریگەریی راستەوخۆیان لەسەر ژیانی خەک داناوە و هێندەی دیکە لە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی دیاردە و کێشە و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان هەیە. دەکرێ بڵێین خەسارە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە هەموو شتێک بە هۆی سیاسەت و قانوونەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوەیە کە لە نێو چین و توێژەکانی

کۆمەڵگەی ئێران دا پەرەیان گرتوە.

ئەمرۆ لە کۆمەڵگەی ئێراندا بەداخەوە خۆکوژی بە رادەیەکی زۆر پەرەی گرتوە، بەتایبەتی لە پارێزگەکانی ئیلام، کوردستان و ناوچە سنوورییەکان کە سالانێکی زۆر مەیدانی شەڕی ئێران و عێراق بوون، خۆسووتاندنی ژنان بەرادەیەکە کە بۆ سەر کۆمەڵگە و بەتایبەتی بۆ ئەم ناوچانە جێگای مەترسییە. ئاوڕ نەدانەوە لە کێشە و خواستەکان لە لایەن دەسەلاتدارانەوە، ئەوندەی دیکە ژیانی لە خەڵک بەئازار کردوە و زۆر جار تاک بۆ رزگاربوون لە هەموو ئەو کێشەو قەیرانەی بۆی دروست دەبێ، خۆکوژی و خۆلەناوبردن بە ئاسانتر دەزانێ. بەتایبەتی کە ئەم ناوچانە لە باری کەلتوورییەوە داخراون و تاک، مەجالێک بۆ دەرباز بوون نابینێتەوە جگە لە خۆلەناوبردن. زۆر جار ئەو کەسانەی پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، خۆسووتاندن بۆ مردن هەڵدەبژێرن و وا هەیە کە نامرن، دوای ئەوە دەبێ بە کۆمەڵێک دەرد و ئازاری دیکەوە درێژە بە ژیان بدەن، بەلام هیچ نیهاد و لایەنێکیش نیە چ لە باری رووحییەوە و چ لە باری جیسمییەوە پشتیوانی و یارمەتیی ئەو مرۆڤانە بکا. ئەوانە جگە لە خۆیان بەهۆی ئەو بارەی تێی کەوتوون، دەوروبەرەکانیشیان تووشی خراپی باری دەروونی دەکەن.

### کۆتایی

بە سەرنجدان بە هەواڵ و رووداوەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێران لە بارەی دیاردە و خەسارە کۆمەلایەتییەکان لەم سالانەی دواییدا، دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی لە دوای کۆتایی شەڕی ٨ ساڵەوە نەک هەر هەنگاوێکی جیددیی بۆ دروستکردنەوەی کۆمەڵگەیەکی سالم و بەدوور لە بەلاو بەدبەختی، هەڵنەهێناوەتەوە، بەڵکوو هەلومەرجێکی پێک هێناوە کە ئەم نەخۆشییانە لە کۆمەڵگەدا پەرە بگرن و بە تایبەتی لاوان گرفتاری کێشەی جیددی ببن بۆ ئەوەی نەتوانن بیر لە سیاسەت و گۆڕینی سیستم بکەنەوە.

چارە چیە؟ ئەگەر سیستم و دەسەلات هیچ هەنگاوێک بۆ چارەسەر و سڕینەوەی دیاردە و خەسارە کۆمەلایەتییەکان هەڵنەهێننەوە، دەبێ چی بکرێ؟

ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەر شانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە تایبەتی کۆمەڵە و رێکخراوەکانی ژنان، خوێندکاران، مامۆستایان و هەموو خەباتکارانی رێگەی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ کە لانیکەم خەڵک لەسەر ئەو

مەسەلانەی زیانیان بۆ سەر ژیانی مرۆڤەکان هەیە وریا بکەنەوە و لەم پێناوەدا تێبکۆشن و خۆ ماندوو بکەن.

لە ژمارە ٥٨٣ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٢١ی مای ٢٠١٢

## ئێعتیادی ژنان و جیاوازییە جنسییەتییەکان

تەمەنی تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان لە ئێران لە ٢٣ ساڵەوە بۆتە ١٥ ساڵ. ٦٠%ی تاکی خێزاندار تووشی ئەم خەسارە کۆمەڵایەتییە بووە.

گیرۆدەبوون بە مادده هۆشبەرەکان لەنێو ژناندا لە ٥% لەسەدەوە بۆتە ٨% لەسەد.
ئامارە نارەسمییەکان دەڵێن چوار میلیۆن کەس لە ئێران موعتادن و هەزاران کەسیش هەر بۆ پێخۆشبوون ئەو ماددانە بە کار دێنن.

ئێعتیاد و گیرۆدەبوون بە مادده هۆشبەرەکان وەک خەسارێکی کۆمەڵایەتی، تێچووی زۆر قورسی بۆ کۆمەڵگە بەدواوەیە بەشێوەیەک کە تەواوی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی تاکەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیە، دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە.

گیرۆدەبوون بە مادده هۆشبەرەکان یەکێکە لە سەرەکیترین خەسارەکانی نێو هەر کۆمەڵگەیەک. پەرەسەندنی تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان لە دنیای ئەمڕۆدا بە جۆرێکە کە یەکێک لە شارەزایانی ژەهر ناسیی دنیا بە ناوی لودوینگ دەڵێ: «جگە لە خواردنی خۆراک، هیچ ماددەیەک لە سەر زەویی نیە بە ڕێژەی مەوادی موخەدیر ئەوندە ئاسان بێتە نێو ژیانی میللەتەکانەوە«.

## ئێعتیادی ژنان لە ئێران جێگای نیگەرانییە

ڕێژەی ژنانی موعتاد لە ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەدەستێنێ، ئەمەش بەو هۆیەوە کە ڕێژەی پیاوانی موعتاد زۆر دەبێ. بە پێی ئامارە رەسمی و ناڕەسمییەکان ئێعتیادی ژنان لە ئێران بە بەراورد لەگەڵ زۆر لە وڵاتانی جیهاندا شیاوی لێوردبوونەوەیە و ئامارەکە یەکجار زۆرلە سەرێیە و ناکرێ چاوپۆشیی لێبکرێ. ئەوەش لە کاتێک دایە کە لە لایەن دەسەڵاتی ئەو وڵاتەوە کەمکاریی زۆر هەیە لە پێوەندی لەگەڵ دەرمانی ژنانی گیرۆدەبوو. هەرچەند ئەو ئامارانە لەگەڵ ئاماری راست و دروست مەودایەکی زۆریان هەیە و بە هۆی ئەوەی زۆربەی ئەوانەی گیرۆدەی ماددە هۆشبەرەکان دەبن بە شاراوەیی ماونەتەوە و لە ئامارەکاندا نەگونجاون.

گیرۆدەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان ئەگەرچی پێناسەیەکی پیاوانەی هەبووە و تەنانەت سەرەڕای ئەوەی ڕێژەی ژنانی موعتاد لە ئێراندا روو لە زیاد بوونە، بەڵام دیسانیش لە بیر و زەینی خەڵکدا ئێستاش زۆرتر پێناسەیەکی پیاوانەی هەیە. دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە لە رابردوودا وا باو بووە و هەر پیاوان بۆ سەرگەرمی و رابواردنەکانیان بەلایدا چوون و گیرۆدەی ئەو ماددەیە بوون. لە کۆمەڵگەی نەریتیدا تەنانەت لە پیوەندی لە گەڵ سیگار کێشانی ژنانیشدا لەجیاتی ئەوەی باس لە زیانەکانی بۆ سلامەتیی ئەو بکرێ، لە لایەنی کلتوورییەوە بۆ ژنان بە شتێکی دزیو و نەگونجاو دەزانرێ. لە پێوەندی لەگەڵ ماددە هۆشبەرەکانیش دا هەر بەم شێوەیە چاوی لێکراوە. ئێستا کە هاوسەنگییەکە لە بارەی ئێعتیادی ژنان و پیاوان لە ئێراندا خەریکە دەگۆڕێ و بەداخەوە ژنانێکی زۆریش بەو دەردە گرفتار بوون، دیسانیش ئەو بیرکردنەوەیە لە کۆمەڵگەدا زاڵە. کە ئەمەش لە باری دەرمان و پێراگەیشتنی ژنانی تووشبوو بە زیان تەواو دەبێ. چونکە دەبینین هەر بۆ نموونە کەمپەکانی تەرکی ئێعتیاد زۆربەیان بۆ پیاوان تەرخان کراون. دیارە ئەمە لە شارە گەورەکانە ئەگەر هەبێ، ئەگینا لە شارە چووکەکان هیچ خەمێک لە لایەن دەسەڵاتەوەلەم خەسارە کۆمەڵایەتییە نەخوراوە. پاشان ژنانی تووشبوو بە هۆی ئەوەی پێیان نەزانن خۆیان بەو ناوەندە دەرمانییانە ناناسێنن. هەروەها لە لایەن بنەماڵەشەوە لە جیاتی هاوکاری و پشتیوانیکردن بۆ دوورکەوتنەوە لەو بەڵایە، لە کۆڵ خۆ دەکرینەوە وتەرد دەکرێن.

### هۆکارەکانی تووشبوون بە ماددە هۆشبەرەکان و پەرەسەندنی ئەم خەسارە لە نێو ژناندا

لەگیرۆدەبوونی هەر ژنێک بە ماددەی هۆشبەر بە دڵنیاییەوە شوێن پێی پیاوێک دیارە کە هاوسەرەکەیەتی یان برا

یا باوک. بە پێی ئامارە ڕەسمییەکان نیوەی ئەو ژنانەی گیرۆدەی مادده هۆشبەرەکان بوون مێردیان هەیە و لە لایەن مێردەکانیانەوە تووش بوون. لە لایەنێکی دیکەشەوە. هەموو کەس دەتوانێ زۆر بە ئاسانی لە ئێران دەستی بە مادده هۆشبەرەکان ڕا بگا. هۆکارێکی دیکەی تووشبوونی ژنان بەو ماددانەوە ئەوەیە کە لە نێو بنەماڵەکاندا کەس یان کەسانێک هەن کە مەواد مەسرەف دەکەن و کاتێکیش لە بنەماڵەیەک دا یەک یان چەند کەس مادە هۆشبەرەکان بە کار بێنن، بوار بۆ ئەندامەکانی دیکەش خۆش دەبێ و بەئاسانی وەدەستیان دەکەوێ.

ژنان و کچان هەم لەچوارچێوەی ماڵ و هەم لەدەرەوەی ماڵ زۆر بەئاسانی لەنێو مەجلیس و پارتییەکانیاندا بۆ سەرگەرمییش بێ کەڵکی لێوەردەگرن. کچانی خوێندکار کە لە زانکۆن و لە بنەماڵە دوورن، بۆ ڕابواردن و سەرگەرمییش بێ لەگەڵ هاوڕێ کوڕەکانیان جاروبار مەواد مەسرەف دەکەن کە بەداخەوە دواتر دەبێتە هۆی گیرۆدەبوونیان بەو ماددەهۆشبەرانەوە. یان بیستوومانە زۆرجار لەلایەن کەسانێکەوە پاساوی پزیشکی بۆ دێننەوە. لە نێو هێندێک لە ژناندا باوە کە بەشێک لەو مادده هۆشبەرانە بەناوی ئەوەی ئەو فڵانە ماددەیە چەوری لە بەین دەبا و بەناوی ئەوەی خۆیانی پێ لاواز دەکەن و هێنانەوەی پاساوی دیکە کەڵکی لێوەردەگرن کە دواتر دەکەونە داوی ئەو ئەم ماددانە و گیرۆدەی دەبن. بۆ نموونە لە ئێران ئێستاش تریاک مەسرەفێکی دەرمانی هەیە کە بە سەرنجدان بە هەلومەرجی ژیانی ژنان و تایبەتمەندییە جەستەییەکانیان و تووشبوونیان بە نەخۆشییە جۆراوجۆرەکان لە ماوەی ژیانیاندا تووشی مەسرەفی تریاک دەبن و ئەمەش یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەیە کە ژنانیان گیرۆدە کردوە.

کۆمەڵگەی ئێران بە هۆی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامییەوە ئەمڕۆ پڕیەتی لە کێشە و خەساری کۆمەڵایەتی. ئامارەکان باس لەوە دەکەن کێشە کۆمەڵایەتییەکان گەیشتوونە ئاستێکی بەرز و ترسناک. تەڵاق پەرەی سەندوە، بێکاری و سەرگەردانیی لاوان و نەبوونی ئیمکاناتی تەفریحیی سوودبەخش و... دەسەڵاتیش کە خۆی لە هەموو ئەو کێشانەی خەلک تووشیان بووە، بێساحەب کردوە. ئەمانە هەموو لە پەرەسەندنی ئێعتیاد لە نێو توێژە جۆراوجۆرەکاندا کاریگەرییان هەیە.

### ئاکامەکانی تووشبوونی ژنان بە مادده هۆشبەرەکان و جیاوازییە ڕەگەزییەکان:

ئێعتیاد بۆ هەر دوو ڕەگەز زیانی هەیە و دەکرێ زیانەکەش بە دوو دەستە دابەش بکەین: یەکەم ئەوە کە خودی

تاکەکە زیان دەبینی، دووهەم کەسی موعتاد کاریگەریی نەرێنیی لەسەر کۆمەڵگە و دەوروبەر دەبێ. ئەمە بۆ ژن و پیاو دەکرێ وەک یەک چاو لێ بکرێ. بەڵام بەهۆی کەلتووری کۆمەڵگەوە ژنان لەو نێوەدا زیاتر زیان دەبینن و لەم بارەیەوە زیانیش بە کۆمەڵگە دەگەیەنن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی رۆڵی ژنان لە بنەماڵەدا رۆڵێکی سەرەکی و هەستیارە و رەنگە بڵێم لە هی پیاو گرنگتریشە. بە هۆی ئەوەی نەخشی ژن وەک دایک لە کۆمەڵگەیەکی نەریتیدا هەمیشە بە پیرۆز پێناسە کراوە، ئەمەش نەگونجاوییەکی هەیە بە نیسبەت ژنێک کە بۆ وەدەست هێنانی مادەیەک کە مەسرەفی دەکا ئامادەیە مل بۆ هەر کارێکی ناشایستیش بدا.

دایکی موعتاد ناتوانێ منداڵی سالم تەحویلی کۆمەڵگە بدا. دایک بۆ منداڵ هەمیشە وەک ئولگوو چاو لێدەکرێ بە تایبەتی بۆ منداڵی کچ. بۆیە دایکێک کە موعتاد بوو، ئەندامانی ئەو بنەماڵە لە هەموو بارێکەوە سڵامەتییان دەکەوێتە مەترسییەوە.

دیارە ئەگەر هەموو لایەنەکانی زیانەکان باس بکرێ و شی بکرێنەوە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد هەیە کە ئەوەیان لە توانای ئەم وتارەدا نییە. بەڵام دەکرێ زۆر بە کورتی و وەک نموونە ئیشارە بە هێندێکیان بکەین. تەواوی ئەو ژنانەی بە مادده هۆشبەرەکان گیرۆدەن زۆر بە ئاسانی دەکەونەبەر ئازار و ئەزییەتی دەوروبەر و لەلایەن پیاوانەوە کەڵکی خراپیان لێوەردەگیرێ و دەکەونەبەر دەستدرێژی و سووکایەتی. تەنانەت زۆرجار بیستوومانە ژنی گیرۆدەبوو بە مەوادی موخەدیر، بۆ وەدەست هێنانی مەواد لەشی خۆی فرۆشتوە. کە ئەمەش جگە لە تووشبوونیان بە جۆرەها نەخۆشیی جەستەیی، ئایدز، حامیلەیی نەخوازراو و... کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتیی دیکەیان لێ دەبێتەوە کە نەک هەر بۆخۆیان زیانیان پێدەگا بۆ کۆمەڵگەش کاریگەریی خراپیان دەبێ. لە کۆمەڵگەی نەریتیدا ژنی تووشبوو لەلایەن بنەماڵە و کۆمەڵگەوە زیاتر لە پیاوێکی تووشبوو تەرد دەکرێ، ئەگەر رۆژێکیش بیهەوێ بگەڕێتەوە و سڵامەتیی خۆی بەدەست بێنێتەوە زۆر زەحمەتە بنەماڵە و دواتریش کۆمەڵگە وەک مرۆڤێکی شایستە وەخۆی بکەنەوە. کاتێک پیاوێکی موعتاد دەیهەوێ ئێعتیاد تەرک بکا لە پێش هەمووکەسدا لەلایەن هاوسەر و دایکیەوە پشتی دەگیرێ و هاوکاریی دەکرێ، بەڵام بۆ ژنان ئەو هەلە کەمە یان هەر نیە. لە ئاکامدا ئەو ژنە نەک ناتوانێ ببێتەوە کەسێکی سالم، بەڵکوو تووشی نەخۆشیی دەروونی و ئازاری رووحی دەبێتەوە و لەو کۆمەڵگەدا دەیان گیرو گرفتی دیکە چاوەڕوانیی دەکا.

## دوا سەرنج

سەرەڕای هەموو هەراو هوریاکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەناوی «خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان» کەچی دەبینین رۆژ لەگەڵ رۆژ ئەم بەڵاماڵوێرانکەرە پتر پەرەدەستێنێ. بۆیە چاوەڕوانیی باشتر بوون لەم دەسەڵاتە بێ سوودە. لێرە دایە کە بنەماڵەکان دەبێ زۆر زیاتر چاوەدێریی منداڵەکانیان و لاوەکانیان بکەن. بە تایبەتی ژنان لەم بوارەشەوە ئەرکێکی زۆر گرنگیان لەسەر شانە و لەم پێناوەدا دەبێ هەوڵەکانیان بۆ خەبات دژی ئەم خەسارە کۆمەڵایەتییە وەگەڕ بخەن. پێویستە دایک و باب لە نێو بنەماڵەدا هەلومەرجێکی وا بخوڵقێنن کە لاوەکانیان ئەگەر کێشەیەکیان بۆ دروست بوو، بتوانن کێشەکانیان بە ئاسانی لەگەڵ بنەماڵەکەیان باس بکەن. یان ئەگەر کەسێک لە ئەندامانی بنەماڵە کەوتە داوی مادده هۆشبەرەکانەوە هەرچی زووتر هاوکارییان بکەن تا نەکەونە نێو زەلکاوێکەوە کە دەربازبوونیان دژوار بێ.

پاشان زۆر پێویستە خەڵک هاوکاریی ئەو ئەنجومەن و رێکخراو و کەسانە بکەن و دڵگەرمیان بکەن کە لەم پێناوەدا کاردەکەن و خەمخۆری راستەقینەی کۆمەڵگەن. لاوان دەبێ وشیار بن و بزانن ئەو سەرگەرمی و رابواردنە کاتییانە، لە داهاتوویەکی نزیکدا تووشی چ بەڵایەکیان دەکا.

چاوەڕوانییەکان لە راگەیەنە حیزبی و سەربەخۆ فارسی و کوردییەکانی دەرەوەی وڵاتیش ئەوەیە کە باسکردن لە خەسارەکانی ئەم بەڵا ماڵوێرانکەرە بکەنە بابەتی بەرنامەکانیان و زانیاریی زۆرتر لەسەر ماددەهۆشبەرەکان بڵاو بکەنەوە و وشیاریی زیاتر بە خەڵک بدەن. سەرنجدان بەم مەسەلەیە و کار کردن لە پێناو کەمکردنەوەی ئەم خەسارە کۆمەڵایەتییە، ئەرکێکی گرنگی ئینسانی و نەتەوەییە.

**سەرچاوەی ئامارەکان:**

«وضع اعتیاد زنان در ایران» لە وتووێژ لەگەڵ دوکتور پوونە کیمیا قلم دەروونناس

سایتی «مهر خانه« راپۆرتی بیست و حەوتەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی خێرخوازانی کۆمەڵایەتیی ئێران

لە ژمارە ٥٨٦ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٨ی جووڵای ٢٠١٢

## ئەمانە شایانی رێز لێگرتنن نەک سزادان!

شووراى جيهانيی لەشساغی، خەڵاتی تایبەتیی ئەمساڵی خۆی پێشکەشی براکانی عەلایی کرد. ئەم خەڵاتە بە هۆی هەوڵە بەرچاو و بێوچانەکانی ئەم دووبرا کوردە بووە لە پێناوی پێشگیری و دەرمانی نەخۆشیی ئایدزدا.

خەڵاتی ئێلیزابێت تایلور بە ناوی ئەو ئەکتەرە ناسراوەی سینەما کراوە کە لە رابردوودا لە بواری ناساندنی نەخۆشیی ئایدزدا تێکۆشاوە. هەر بەم هۆیەوە لە دوای مردنی، بۆ رێزگرتن لە ئێلیزابێت تایلور، خەڵاتێکی بە ناو کراوە کە بە هاوبەشیی ئەنجومەنی جیهانیی ئایدز و بونیادی لێکۆڵینەوە لە ئایدز، ئەم خەڵاتە دەدرێ بەو کەسانەی لەم بوارەدا کار دەکەن کە ئەمساڵ وەبەر ئارەش و کامیار عەلایی کەوت.

ئارەش و کامیار عەلایی کە لە بواری دەرمان و بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشیی ئایدز لە ئەمریکا خوێندبوویان، بۆ کار لەم پێناوەدا گەڕابوونەوە ئێران. ئەوان لە ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی بونیاتێکی نادەوڵەتییان لە ئێران دامەزراند کە لە بواری لێکۆڵینەوە لە ویرووسی ئایدز و ئێعتیاد و نەخۆشیی هێپاتیت دا تێدەکۆشا. ئەو بونیاتە بە یارمەتییەمالییەکانی خەڵکی خێرخواز خۆی بەڕێوە دەبرد و کارە سەرەکییەکەشی یارمەتیدانی دانی بنەماڵەی زیندانیانی موعتاد بوو. هەروەها یارمەتیدان بە تەرکی ئێعتیادی ئەو زیندانیانە بوو کە لە زیندان دەهاتنە دەرەوە. ئەوان لە سەرەتاوە لە شوێنی لە دایک بوونیان، کرماشان دەستیان بە کار کرد. سەرەڕای هەموو کارە بەنرخەکانی دوکتور ئارەش و کامیار عەلایی لەم پێناوەدا، مانگی پووشپەڕی ١٣٨٧ لە لایەن مەئموورانی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامییەوە بە تۆمەتی ئاژاوە نانەوە و هەوڵدان بۆ رووخاندنی کۆماری ئیسلامی، ئارەش بە شەش ساڵ و کامیار بە سێ ساڵ زیندان مەحکووم کرا.

کامیار عەلایی دوای دوو ساڵ و نیو زیندانی بوون، ئازاد بوو. ئارەشیش لە خەرمانانی ١٣٩٠ دوای نارەزایەتییەکی زۆری کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان بە درێژەدانی زیندانیی بوونەکەی، ئازاد کرا.

ئارەش عەلایی لە رێورەسمی وەرگرتنی خەڵاتەکەیدا لە ئەمریکا، گوتی لە روانگەی ئەخلاقییەوە ئەم خەڵاتە بە تەنیا بە هی خۆمی نازانم بەڵکوو بە هی هەموو ئەو کەسانەی دەزانم کە لە پێناوی چارەسەری نەخۆشیی ئایدزدا

تێکۆشانیان هەیە. کامیاریش وتی: « کەسانێک کە تووشی نەخۆشیی ئایدز بوون، دەبێ ڕێز لە کەسایەتییان بگیرێ و دادپەروەرانە و بە حورمەتەوە دەرمان بکرێن». هەروەها روو بە ڕاگەیەنەکان وتی: «هەموو ئەوانەی نەخۆشیی ئایدزیان هەیە، بۆ ژیان مافی یەکسانیان هەیە.

## لە ئێران سەبارەت بە هەوڵەکانیان خرانە زیندانەوە

ئارەش و کامیار عەلایی، بەهۆی هەوڵ و خەبات لە پێناوی کۆمەڵگەیەکی سالم دا زیندانی کران! لە ئێران نەک ڕێز و حورمەت لە زەحمەتەکانیان لەبەر چاو نەگیرا، بەڵکوو لە پاداشی کارە مرۆییەکانیان لە لایەن دەسەڵاتدارانی خۆسەپێن بە سەر ئێراندا، ئازار دران و زیندانی کران.

خەڵاتی ئێلیزابێت تایلور ئەگەر بۆ ئارەش و کامیار عەلایی ئەمڕۆ مایەی شانازی و سەربەرزییە و ئەوانیش بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی مایەی شانازیین، بەدڵنیایەوە بۆ ڕێبەرانی مەزهەبیی و دواکەوتووی ئێران مایەی شەرمەزارییە! ئەوان پەیامبەرانی زانست و ئینسانییەت بوون، جگە لە مافی ژیانێکی سالم بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە لە ئێراندا هیچی دیکەتان نەدەویست، کەچی بە تاوانی تێکدانی ئەمنییەت! حوکمی زیندانیان بەسەردا سەپا. ئەمەش بۆ کەس جێی سەرسوڕمان نیە، و نابێ بۆ کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکانیش جێی سەرسوڕمان بێ کە کۆماری ئیسلامی بەم جۆرە پاداشی ئەو جۆرە کەسانە دەداتەوە. چونکە کۆماری ئیسلامی ٣٣ ساڵە هەر هەوڵێکی مرۆڤدۆستانە لە ئێراندا بە تێکدانی ئەمنییەت ناو دەباو سەرکوتی دەکا. ئەوە بە تەواوی ڕاستە هەوڵ و تێکۆشانی دوکتور عەلاییەکان، کەبوودوەندەکان، ستوودەکان، فەرزادەکان، نێرگسەکان و.... نەک ناتەبایی و تەناهیی کۆمەڵ بەڵکوو ئەمنییەتی دەسەڵاتی خۆسەپێنی ئاخوندەکان لە مەترسی دەخا. ئەو دەسەڵاتە شەڕی لەگەڵ ئاگایی، زانست، دادپەروەری و یەکسانییە، کۆمەڵگەی سالم هەموو کات بیر لەو بەهایانە دەکاتەوە، بەڵام کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەوە بیر دەکاتەوە، ماهییەتی ئەم ڕێژیمە لە سەر جەهالەت، ناعەداڵەتی و جیاوازیدانان دامەزراوە. بۆیە هەوڵ دەدا کۆمەڵگەیەکی نەخۆش و بێ ئیرادەی لەژێر چنگدا بێ تا بتوانێ بە ئاسانی و بە کەیفی خۆی کۆنترۆڵ و سەرکوتی بکا.

کۆماری ئیسلامی لە هاوینی ١٣٦٧دا سەدان و هەزاران زیندانیی سیاسی ئازادیخوازی بە کۆمەڵ لەناو برد، تا بتوانێ پەیکەرەی خۆی وەک ڕێژیمی جەهل و جینایەت لە مەترسیی لەنێوچوون ڕزگار بکا.

بەم جۆرە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، ئەو مرۆڤانەی ژیانی خۆیان بۆ خزمەتی ئامانجە بەرزەکان و ئازادی و بەختیاریی مرۆڤ تەرخان کردوە، بە ئەشکەنجە و کوشتن وڵامیان دەدرێتەوە. برایانی عەلایی وەکوو دوو پزیشکی مرۆڤدۆست و زۆر لەو تێکۆشەرانەی هەر ئێستا لە بەندیخانەدان، لە دەرەوەی ئێران و لە لایەن مرۆڤایەتیی دادپەروەر و پێشکەوتنخواز، ڕێزیان لێ دەنرێ و خەڵاتیان پێدەدرێ. بەڵام لەسەر زەویی نیشتمانی خۆیان و لە لایەن حکوومەت و دەسەڵاتی وڵاتی خۆیانەوە، هەوڵی سڕینەوە و لەنێوبردنیان دەدرێ!

لە ژمارە ٥٨٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٦ی ئاگۆستی ٢٠١٢

---

## کێ بەرپرسی ڕاستەوخۆی توندوتیژییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێرانە؟

توندوتیژیی کۆمەڵایەتی لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهاندا کەم و زۆر هەیە. دیارە لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا بەتایبەتی کۆمەڵگە پێشکەوتوو و دێموکراتەکاندا جگە لە حکوومەت، هێندێک نیهاد و ڕێکخراوی مەدەنییش بۆ کەمکردنەوە و سڕینەوەی توندوتیژی و فێرکردنی سەبر و ئارامی و یەکتر تەحەممولکردن هەن. بەڵام لە وڵاتێکی وەک ئێران جگە لە نەبوونی ئەو نیهاد و ڕێکخراوانە، دەسەڵاتیش لە پەرەپێدانی توندوتیژی لە نێو کۆمەڵگەدا نەخشی سەرەکیی هەیە.

«چاو لە بەرامبەر چاو»دا، تۆڵە سەندنەوە! ئا لەم وڵاتەدایە هیچ مرۆڤێک، نەمنداڵ، نە ژن و نە پیاو ئەمنییەتیان نیە. ئەگەر چاوێکی خێرا بە سەر هێندێک لەو هەواڵانەی لە ڕاگەیەنەکانی نێوخۆی ئێراندا بڵاو دەبنەوە بخشێنین، ڕاستیی ئەو ئیدیعایەمان بۆ دەردەکەوێ.

کوژرانی روحوڵلا داداشی، بە چەقۆ و ئێعدامی قاتڵە ١٧ ساڵەکەی لەبەر چاوی زیاتر لە ١٥ هەزار کەس.
بەرەبەیانی شەممە ٣٠ ڕەزبەری ١٣٩٠ منداڵێکی ١٥ ساڵە بە هۆی نەخۆشیی باوکیەوە ناچار بوو بچێ کار بکا،

لەلایەن ١١ کرێکاری دیکەوە رفێندرا، دەستدرێژی کرایەسەر و دواتر کوشتیان.

١٧ی رەزبەری ١٣٩٠ ژنێکی خوێندکار لە سەر کلاسی دەرس و لەلایەن هاوسەری پێشوویەوە بەبەر چاوی مامۆستاکەیەوە، بە چەقۆ هێرشی کرایەسەر و چەندین چەقۆی لێدرا و بەم هۆیەوە تووشی بێهوشی و قەتعی نوخاع بوو.

سێ لاوی بێکار، بەچەکەوە چەندین جار دزیی لە زێرِفرۆشییەکانی شاری مەشهەد دەکەن و دواتر زێرفرۆشێکیشیان کوشت. منداڵی ١٢ساڵەی زێر فرۆشەکە لە جەلەسەی دادگادا بە گریان و بە دەنگی بەرز داوای لە قازییەکە دەکرد قاتڵی باوکی لەبەر دەرکی دووکانەکەیان ئێعدام بکەن و گوللەکەش لەسەری بدەن، چونکە قاتڵەکە گوللەکەی لەسەری باوکی داوە.

ئاژن ئاژن کردنی جەستەی کچێکی خوێندکار بە چەقۆ لەسەر پردی مودیریەتی تاران بەبەرچاوی هاورِێ و هاوکلاسیەکیەوە لەلایەن ئەو کورەی خوازبێنیی لێ کردبوو و وڵامی «نا»ی لەو کچە بیستبوو و ئێعدامی قاتڵەکە هەر لەهەمان شوێن بەبەرچاوی خەڵکەوە.

دەستدرێژیی بەکۆمەڵ بۆ سەر کۆمەڵێک ژن لە مەجلیسێکی میوانیدا.
دەستدرێژیی بەکۆمەڵ بە ژنێکی لادێیی دەوروبەی کاشمەر.
دیسان دەستدرێژی بەکۆمەڵ بە دوکتۆرێکی ژنان لە دێیەکی دیکە و....
بەراستی ئەم هەموو توندوتیژی و جینایەتە سەرچاوەکەیان لەکوێوەیە؟
توندوتیژیی دەوڵەتی سەرەکیترین هۆکاری پەرەسەندنی توندوتیژییە لە کۆمەڵگەدا

ئەرکی دەسەڵاتی وڵات پێشگیریی لە هەرچەشنە رەفتارێکی توندوتیژ و تاوانکارانەیە. بۆ ئەمەش دەبێ بە شێوەی جۆراوجۆر واتە لەرێی قانوون و پەروەردەوە پێشی توندوتیژی لە هەر ئاستێکدا بگرێ.

لە ئێستا دا باشتر کردنی هەلومەرجی ئابووریی خەڵکی هەژار، پاشان سرِینەوەی ئەو قانوونانەی دەبنە ئولگوو لەسەر تاکەکان، دەتوانن کاریگەرییەکی باشیان لەسەر کەمکردنەوەی تاوان و توندوتیژی هەبێ.

کوشتنی مرۆڤەکان لە ژێر ناوی بەڕێوەبردنی قانوون و بەبەرچاوی خەڵکەوە، ئەو خەڵکەی کە منداڵی تەمەن خوار ١٥ ساڵەیان تێدا دەبینرێ، نەک رێ لە کەمکردنەوەی توندوتیژی و تاوان ناگرێ، بەڵکوو ئەوپەڕی ئاڵۆزی ونائەمنی لە کۆمەڵگەدا دروست دەکا. کوشتنی هەر مرۆڤێک تەنانەت ئەگەر تاوانباریش بێت، بۆخۆی جۆرێک پەرەپێدانی توند و تیژییە، بەتایبەتی ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێران بە بەرچاوی سەدان و هەزاران کەس، بەڕێوە دەچێ (ئێعدام و سەنگسار) تاوانێکە کە دەرحەق کۆمەڵگە دەکرێ. جگە لەوەی مافی ژیان لە مرۆڤێک دەستێندرێتەوە، تاوانێکیش دەرحەق ئەو سەدان و هەزاران کەسەدەکری کە هان دەدرێن بۆ دیتنی ئەو دیمەنە ترسناکە بێن. راستە بە رواڵەت کەسێکی تاوانبار لە کۆمەڵگەدا دەسڕدرێتەوە، بەڵام هەموو ئەوانەی کە بۆ دیتنی ئەو دیمەنە دەچن دەبنە تاوانبارێکی دیکەی کۆمەڵگە لە داهاتوودا. چونکە ئەوانە هەر ئەوە لە بیرو زەینیاندا دەمێنێتەوە کە دەیبینن و دواتر بە شێوەیەکی دیکە بەرهەمی دێننەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە بەڕێوەبردنی سزا نامرۆڤانەکانی وەک قامچی لێدان، بێحورمەتی و تێهەڵدان و سووکایەتیی کردن بە نارازییان و ئێعدام بەبەرچاوی خەڵکەوە، راستەوخۆ فەرهەنگی توندوتیژی و زیادبوونی رق و کینە لە نێو کۆمەڵگەی ئێرانیدا پەرە پێداوە.

شۆرشێک کە دەرئەنجامەکەی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بوو، بە هەڕەشە، کوشت و کوشتار و بە دروشمی «اعدام باید گردد»! سەرکەوتنی خۆی راگەیاند. دواتر بەرهەمەکەشی(کۆماری ئیسلامی) بە یاساو رێسا و کردەوەکانی لە ماوەی زیاتر لە سێدەیە دەسەڵاتدارەتیدا کەلتووری توندوتیژیی لە نێو کۆمەڵگەدا نەهادینە کردوە. هەر بۆیەشە کۆمەڵگەی ئێران، ئێعدام و سڕینەوەی فیزیکیی وەک سزا بۆ ئەو مرۆڤانەی بە تاوانباریان دەزانن قبووڵ کردوە. ئەمە ئەو کەلتوورەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لەسەرەتای تەمەنیەوە لە کۆمەڵگەدا هەوڵی جێگیر کردنی داوە و بەداخەوە تێشی دا سەرکەوتوە.

## پێوەندیی هەژاری و بێکاری لەسەر پەرەسەندنی توندوتیژی

بە بڕوای خەسارناسانی بواری کۆمەڵایەتی، هەژاری بەردی بناغەی هەموو ئەو توندوتیژییە کۆمەڵایەتییانەیە کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی ئێراندا هەن. ئەگەر چاوێک بە رۆژنامەکانی نێوخۆی ئێراندا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ ئەم دەساڵەی دوایی رێژەی تاوان و توندوتیژی لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا یەکجار زۆر پەرەی سەندوە.

ئەو توندوتیژییە ترسناکانەی ئەمڕۆ لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵگە لە ئێراندا روو دەدەن وەک کوژرانی مێرد بەدەستی ژن، ژن بە دەستی مێرد، منداڵ بە دەستی دایک، باوک و قەتڵ و تاوانی جۆراوجۆر، ئەو نموونانەن کە رۆژانە لە راگەیەنەکانی نێوخۆی ئێران دا بڵاو دەبنەوە، هۆکاری جۆراوجۆریان هەن. دوکتور ئەمانوڵڵا قەرایی کۆمەڵناس لە وتووێژێکدا دەڵێ: «هەژاری و بێکاری و زۆربوونی توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا سەدلەسەد پێوەندیی راستەوخۆیان پێکەوە هەیە».

کاتێک خەڵک لە ژێر باری گرانی و خەرج و تێچووی ژیان دا حاڵیان پەرێشان بێ و دەروونێکی ئاڵۆزیان هەبێ، هەمووکات شاهیدی رەفتار و هەڵسوکەوتی توندوتیژ لە نێو ئەندامانی بنەماڵە و لە شەقام و کووچەو کۆڵان لە گەڵ یەکتر دەبین. بنەماڵە یەکێکە لەو شوێنانەی کە توندوتیژی بەرهەم دێنێ. ئەو منداڵانەی لە نێو بنەماڵەیەکی هەژاردا گەورە دەبن و لە نێو بنەماڵەدا سەرنج نادرێتە خواستەکانیان، بە دڵنیاییەوە زۆرتر ئەوانەن تووڕەبوونەکانی خۆیان لە نێو بنەماڵەوە دەبەنە نێو کۆمەڵگە. هەژاری و بێکاری یەکێکە لە فاکتەرە گیروگرفتخوڵقێنەرەکان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا. بێکاری و هەژاری ئێستا لە ئێراندا هەر تەنیا کێشەیەکی ئابووری بۆ وڵات نیە، بەڵکوو بۆتە قەیرانێکی قووڵی کۆمەڵایەتییش. زۆربەی خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی وەک: ئێعتیاد، قەتڵ، خۆکوژی، خەمۆکی و نەخۆشییە دەروونییەکان، لەشفرۆشی و قاچاغی ژنان، لێکهەڵوەشانی شیرازەی بنەماڵە و هتد، بەشی زۆریان لە هەژاری و بێکارییەوە سەرچاوە دەگرن. جەوانێکی خوێندەوار کە لەژیاندا بێ کار و سەرگەردانە، هەست بە پووچی و بێکەڵک بوون دەکا. بۆیە زۆرجار ناتوانێ بەسەر خۆیدا زاڵ بێ. کاتێک کەسێک کە هەست بە پووچی و بێکەڵک بوون لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵگەدا دەکا، تەنانەت بۆی گرنگ نیە ئەگەر تاوانیش ئەنجام بدا. لەهەمووی ئەم حالەتانە دا بەداخەوە ژنان زۆر زیاتر بوونەتە قوربانیی خەسارەکانی نێو کۆمەڵگە. ئەمەش بە هۆی ئەو نابەرابەرییە حوقووقیانەوەیە کە بەرانبەر بە ژنان لە ئێراندا هەیە. یانی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی زۆر بە ئاشکراو روونی لە نێوان مرۆڤەکاندا نایەکسانییان دروست کردوە.

توندوتیژی لە کۆمەڵگەی ئێراندا بە رادەیەک پەرەی سەندوە کە کۆمەڵناسان ئێستا وەک قەیرانێک چاوی لێدەکەن. ئەو قەیرانە ئەگەر هەمووی سەرچاوەکەی لەلایەن دەسەڵاتەوە نەبێ دیسانیش هەر دەسەڵاتە دەبێ چارەی ئەو قەیرانە بکا. ئەو دەردە پێویستی بە چارەسەرێکی ریشەیی هەیە. ئەم چارەسەرەش بە هەموو دامودەزگا پەروەردەیی و یاساییەکانی دەسەڵات جێبەجێ دەکرێن و پێویستی بە زەمینەو هەلومەرجی لەبار هەیە کە بەداخەوە ئەم دەسەڵاتەی ئێستا نەک ئەو چاوەڕوانییەی لێ ناکرێ هەنگاوێکی موسبەت لەم پێناوەدا هەڵێنێتەوە، بەڵکوو

بۆخۆی سەرچاوەی ئەو بەڵاو بەدبەختییانەیە کە بەسەر خەڵکی ئێران هاتوون.

بەڵام ناکرێ دەست لە سەر دەست دابنرێ تا ئەو رێژیمە دەڕووخێ و سێبەری شوومی دەسەڵاتەکەی لە سەر خەڵک لادەچێ. پێویستە توێژەران، دەروونناسان، چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەو کەس و لایەنانەی کاری فەرهەنگی و زانستی دەکەن و وشیارکردنەوەی کۆمەڵ بە ئەرکی خۆیان دەزانن، لانی کەم وەستانەوە بە دژی پەرەپێدانی ئاگایانەی توندوتیژی لە لایەن دەسەڵاتەوە بوەستنەوە و هیچ کات لە وشیار کردنەوەی کۆمەڵگە بەرانبەر بە کاریگەرییەکانی کردەوە و سیاسەتە پڕ لە توندوتیژییەکانی رێژیم، غافڵ نەبن.

لە ژمارە ٥٨٩ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٢

---

## ژنانە و پیاوانە کردنی زانست سووکایەتییە بە زانست و زانستگە

کچانی ئێران مافی خوێندنیان لە ٧٧ رشتەی زانستگە دا نییە گەڵاڵەی جیاکردنەوەی جنسییەتی لە زانستگەکان و دەرهاویشتنی کچان لە هێندێک لە رشتەکانی زانستگە، پێشێلکردنی بێئەملاوئەولای مافەکانی ژنانە و یەکێکە لە سیاسەتە کۆنەپەرستانەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

سەرەڕای نارەزایەتییەکان لە دژی قانوونە پڕلە هەڵاواردنەکانی خوێندن و خوێندنگەکان، هەموو ساڵێ لە کاتی بڵاوکردنەوەی فۆرمی کۆنکۆر، ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ. ئەمساڵیش سەرەڕای سەهمییەبەندییە جنسییەتییەکان دیسانیش ژنان لە نەفەراتە سەرکەوتووەکانی کۆنکۆر بوون و زۆرترین پلە بەرزەکانیان بۆخۆیان تۆمار کرد. بەڵام زۆربەی زانستگەکانی وڵات لە وەرگرتنی کچانی خوێندکار لە بەشێکی زۆر لە رشتەکاندا خۆیان بوارد. بۆ نموونە لە زانستگەی تاران لە دەستەی تاقیکاری (آزمایشی)ی بەشی زانستی، لە رشتەی موهەندیسیی سەرچاوە سروشتییەکان و جەنگەڵداری تەنیا خوێندکاری کوڕیان وەرگرتوە. لە دەستەی تاقیکاریی زانستی بیرکاری و فەننی

لە رشتەی موهەندیسیی مەعدەن تەنیا پیاویان وەرگرتوە. لە زانستگەی باهونەری کرمان بە هەمان شێوە و لە زۆر لە زانستگەکانی دیکەش هەر وا...

لە کاتێکدا کە لە زیاتر لە ٧٧ رشتەی زانستگایی و لە ٦٠ زانستگەی وڵات لە کۆنکۆری ئەمساڵ دا (١٣٩١) رشتەکان کراون بە تەک جنسییەتی، بەرپرسان و کاربەدەستانی زانستگەکان لەم بارەیەوە بەم جۆرە پاساو دێننەوە: زانستگەی «محقق»ی ئەردەبیل یەکێکە لەو زانستگەیانەی کە زۆرترین ئاماری حەزفی کچانی بۆخۆی مسۆگەر کردوە. ئەو زانستگەیە لە ٢٤ رشتە دا کچانی بە تەواوی سڕیوەتەوە. بەڵام مەسعوودی گەنجی بەرپرسی ئەو زانستگەیە لە وتووێژێکدا دەڵێ کچان حەزف نەکراون، تەنیا دوو «ظرفیتی» کراون. یانی ئەگەر دەرسی دەروونناسیی گشتی، لە زانستگە دەگوترێتەوە، بۆ نموونە مانگی رەزبەر یەکێک لە دەرسە دەروونناسییەکان تەرخان دەکرێ بۆ کوڕان و لە مانگی رێبەنداندا بۆ کچان دەبێ. محەممەد رامێشت بەرپرسی زانستگەی ئێسفەهانیش وتوویە هۆی وەرنەگرتنی کچان لە هێندێک لە رشتەکاندا بەشداری نەکردنی خانمان یان کەم بەشداری کردنی خۆیان بووە لەو رشتانەدا. بە بڕوای ناوبراو بە هۆی ئەوەی ٩٨ لەسەدی ئەو کچانەی لە ڕشتەی مەعدەندا خوێندنیان تەواو کردوە دواتر بێکار ماونەوە، بۆیە لەمەو بەدوا هۆکارێک بۆ ئەوە شک نابەن تا هەزینە بۆ فێربوون لەو بوارەدا تەرخان بکەن. ئەوە لە حاڵێک دایە نەک هەر کچان بەڵکوو زۆر لە کورانیش کە خوێندنیان لە رشتەی مەعدەن دا تەواو کردوە بەبێکاری ماونەوە. هەر لەم پێوەندییەدا بەرپرسی زانستگەی لورستانیش لەو بڕوایە دایە کە هێندێک لە رشتەکان ماهییەتیان پیاوانەیە و بۆیە دەبێ پیاوانی خوازیار وەرگیرێن. غوڵامرەزا راشد بەرپرسی زانستگەی سەنعەتی نەوت پێویست نەبوونی کچانی لەو بەشە دا وەک هۆکاری وەرنەگرتنی کچانی لە کۆنکۆری ئەمساڵدا، ناو بردوە!

دەسەڵاتدارانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیاندا «ژنانە و پیاوانە« کردنی زۆر بوار، لە ریزی پێشەوەی بەرنامەکانیاندا بووە و هەر ساڵەی بەرنامەیەک و گەڵاڵەیەکی نوێیان لە بواری پەرەدان بە سیاسەتی هەڵاواردنی رەگەزیدا هێناوەتە گۆڕێ و بەڕێوەیان بردوە. لەبیرمانە ساڵی رابردووش وەزیری پەروەردە و فێرکردنی رێژیمی ئێران گوتی: «دەبێ قوتابخانەکان وا لێبکەین کە کچان تێیدا هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی بکەن». ئاغای وەزیر بۆ ساڵی ٩٠ گەڵاڵەی «شاداب سازی فضای مدرسه دخترانه« (گەشاندنەوەی کەشوهەوای قوتابخانەی کچانە)ی هێنایە گۆڕێ. گەڵاڵەکە باسی لە بەرزترکردنەوەی دیواری خوێندنگەکانی کچان دەکرد تا بەقسەی ناوبراو کچان لەنێو حەساری خوێندنگەکاندا ئەمنییەتیان! پارێزراو بێ و بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە بێن و

بچن! و بەدوور بن لە پلارپێدادانی کوڕان! ئەمساڵیش ئەوە دیتمان لە لایەن وەزارەتی عولوومەوە، چۆن کچانیان لە زۆر رشتەی دانشگایی بێبەش کرد

کچانە و کوڕانە کردنی زۆر لە رشتەکانی زانستگە، لەم سەردەمەدا لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی جەهالەت. ئەوەی ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە ژنان دەیکات شتێکە لە چەشنی ئەوەی لە سەردەمی جەهالەت و زیندەبەچاڵ کردنی کچاندا دەکرا. لەم سەردەمەدا کاتێک ڕێگە لە بوارەکانی فێربوونی زانست و ئاگایی لە ژنانی کۆمەڵگە دەگیرێ و ئەوان لە زانستی رۆژ بێبەش دەکرێن، لە راستیدا لێسەندنەوەی متمانە و باوەڕ و توانایییەکان لەوانە و ئەوەش وەک کوشتنی رووحی ئەو مرۆڤانە وایە.

هەڵاواردنی جنسییەتی لە هەموو بوارەکان بە تایبەتی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، هەمووکات بەشێک بووە لە سیاسەتی پڕلە هەڵاواردنی کۆماری ئیسلامی و ئەم سیاسەتە لە دەوڵەتی ئەحمەدینەژاد دا گەیشتۆتە چڵەپۆپە. ژنانی ئێران لەمێژە ماهییەتی دژەژنی ئەو رێژیمەیان ناسیوە و بە ئێسک و پێستەوە هەستیان بە ئازارەکانی ئەو هەڵاواردنانە کردوە. ئەوان باش دەزانن بە هۆی جێبەجێ بوونی گەڵاڵەی جنسییەتی کردنی زانستگەکان و حەزفی کچان لە رشتە زانستییەکاندا ئاستی ئاگایی زانستی لە هەموو ئێراندا دێتە خوار و بەگشتی وڵاتەکە زیان لەم گەڵاڵانە دەبینێ. چونکە بازاڕی کار لە توانایییە زانستییەکانی نیوەی ئەو کۆمەڵگەیە بێبەش دەبێ. بەتایبەتی ئێستا کە هەلومەرجی ئابووریی خەڵکی ئێران لە سایەی سیاسەتە ئاژاوەگێڕانەکانی رێژیم بەرەوخراپی چووە. لە وەها هەلومەرجێکدا بنەماڵە بۆ بژێوی ژیان و گوزەران، پێویستی بە کاری هەردوو رەگەزەکە هەیە. بۆیە ژنان وەک باسکێکی بەرابەر لەگەڵ پیاوان لەبازاڕی کاردا دەتوانن هاوسەنگی دروست بکەن. بەڵام لەو هەلومەرجەدا دێن ژنان لە زۆر رشتەی خوێندن بێبەش دەکەن و بەمەش دەرفەتە کارییەکانیان لەدەست دەچێ. لە ئاکامدا جگە لەوەی زیانێکی یەکجار زۆر بە بنەماڵە دەگا، بازاڕی کاری وڵاتەکەش ناهاوسەنگ دەبێ. کۆماری ئیسلامی بەم هەڵاودنە جنسییەتییانە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا دەیەوێ زیاتر هەڵاواردنە جنسییەتییەکان نەهادینە بکا و روانینی جنسییەتی بەرانبەر بە ژنان لەکۆمەڵگەدا پەرە پێ بدا.

لەهەرحاڵدا جیاکردنەوەی رشتە زانستگاییەکان (کچانە و کوڕانەکردن) و حەزفی کچان لە زۆربەی رشتەکاندا بە هەر ئامانجێک بێ، لەگەڵ هەلومەرجی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی ئێران نایەتەوە. ئەو پێشکەوتن و سەرکەوتنانەی ژنانی ئێران لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بەدەستیان هێناوە، هەرگیز لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەو رێژیمە ناگونجێ. ئەوە خۆی

نیشانەی بەربەرەکانیی ژنان لە گەڵ هەڵاواردن و بێبەشیی ژنان لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدایە. ژنانی ئێران بە هەوڵی خۆیان لە هەموو بوارەکاندا تەنانەت ئەو بوارانەی کە وەک عورفی کۆمەڵگە بەدەست پیاوانە بووە، بەخۆشییەوە چوونەتە پێش و زۆر لە بەربەست و دیوارەکانیان تێک شکاندوە. ئەوە نیشان دەدا ژنان جگە لەوەی ئوگری زانست و ئاگایی و گەیشتن بە پلە و پێگەی باشتر لە کۆمەڵگەدان، دەتوانن سیستمی پیاو سالارییش کە کۆماری ئیسلامی پشتیوان و پەرەپێدەری بووە، پاشەکشە پێبکەن.

سەرچاوە: سایتی اخبار روز، وتاری «تبعیض در آموزش به اوج رسید»

لە ژمارە ٥٩٠ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

---

## ژنانە و پیاوانە کردنی زانست سووکایەتییە بە زانست و زانستگە کچانی ئێران مافی خوێندنیان لە ٧٧ رشتەی زانستگە دا نییە

گەڵاڵەی جیاکردنەوەی جنسییەتی لە زانستگەکان و دەرهاویشتنی کچان لە هێندێک لە رشتەکانی زانستگە، پێشێلکردنی بێئەملاوئەولای مافەکانی ژنانە و یەکێکە لە سیاسەتە کۆنەپەرستانەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

سەرەرای نارەزایەتییەکان لە دژی قانوونە پرلە هەڵاواردنەکانی خوێندن و خوێندنگەکان، هەموو ساڵێ لە کاتی بڵاوکردنەوەی فۆرمی کۆنکوور، ئاڵوگۆری بەسەردا دێ. ئەمساڵیش سەرەرای سەهمییەبەندییە جنسییەتییەکان دیسانیش ژنان لە نەفەراتە سەرکەوتووەکانی کۆنکوور بوون و زۆرترین پلە بەرزەکانیان بۆخۆیان تۆمار کرد. بەڵام زۆربەی زانستگەکانی وڵات لە وەرگرتنی کچانی خوێندکار لە بەشێکی زۆر لە رشتەکاندا خۆیان بوارد. بۆ نموونە لە زانستگەی تاران لە دەستەی تاقیکاری (آزمایشی)ی بەشی زانستی، لە رشتەی موهەندیسیی سەرچاوە

سروشتییەکان و جەنگەڵداری تەنیا خوێندکاری کوڕیان وەرگرتوە. لە دەستەی تاقیکاریی زانستی بیرکاری و فەننی لە رشتەی موهەندیسیی مەعدەن تەنیا پیاویان وەرگرتوە. لە زانستگەی باهونەری کرمان بە هەمان شێوە و لە زۆر لە زانستگەکانی دیکەش هەر وا...

لە کاتێکدا کە لە زیاتر لە ٧٧ رشتەی زانستگایی و لە ٦٠ زانستگەی وڵات لە کۆنکۆری ئەمساڵ دا (١٣٩١) رشتەکان کراون بە تەک جنسییەتی، بەرپرسان و کاربەدەستانی زانستگەکان لەم بارەیەوە بەم جۆرە پاساو دێننەوە: زانستگەی «محقق»ی ئەردەبیل یەکێکە لەو زانستگەیانەی کە زۆرترین ئاماری حەزفی کچانی بۆخۆی مسۆگەر کردوە. ئەو زانستگەیە لە ٢٤ رشتە دا کچانی بە تەواوی سڕیوەتەوە. بەڵام مەسعوودی گەنجی بەرپرسی ئەو زانستگەیە لە وتووێژێکدا دەڵێ کچان حەزف نەکراون، تەنیا دوو «ظرفیتی» کراون. یانی ئەگەر دەرسی دەروونناسیی گشتی، لە زانستگە دەگوترێتەوە، بۆ نموونە مانگی رەزبەر یەکێک لە دەرسە دەروونناسییەکان تەرخان دەکرێ بۆ کوڕان و لە مانگی رێبەنداندا بۆ کچان دەبێ. محەممەد رامێشت بەرپرسی زانستگەی ئێسفەهانیش وتوویە هۆی وەرنەگرتنی کچان لە هێندێک لە رشتەکاندا بەشداری نەکردنی خانمان یان کەم بەشداری کردنی خۆیان بووە لەو رشتانەدا. بە بڕوای ناوبراو بە هۆی ئەوەی ٩٨ لەسەدی ئەو کچانەی لە ڕشتەی مەعدەندا خوێندنیان تەواو کردوە دواتر بێکار ماونەوە، بۆیە لەمەو بەدوا هۆکارێک بۆ ئەوە شک نابەن تا هەزینە بۆ فێربوون لەو بوارەدا تەرخان بکەن. ئەوە لە حاڵێک دایە نەک هەر کچان بەڵکوو زۆر لە کورانیش کە خوێندنیان لە رشتەی مەعدەن دا تەواو کردوە بەبێکاری ماونەوە. هەر لەم پێوەندییەدا بەرپرسی زانستگەی لورستانیش لەو بڕوایە دایە کە هێندێک لە رشتەکان ماهییەتیان پیاوانەیە و بۆیە دەبێ پیاوانی خوازیار وەرگیرێن. غوڵامرەزا راشد بەرپرسی زانستگەی سەنعەتی نەوت پێویست نەبوونی کچانی لەو بەشە دا وەک هۆکاری وەرنەگرتنی کچانی لە کۆنکۆری ئەمساڵدا، ناو بردوە!

دەسەڵاتدارانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیاندا «ژنانە و پیاوانە« کردنی زۆر بوار، لە ریزی پێشەوەی بەرنامەکانیاندا بووە و هەر ساڵەی بەرنامەیەک و گەڵاڵەیەکی نوێیان لە بواری پەرەدان بە سیاسەتی هەڵاواردنی رەگەزیدا هێناوەتە گۆڕێ و بەڕێوەیان بردوە. لەبیرمانە ساڵی رابردووش وەزیری پەروەردە و فێرکردنی رێژیمی ئێران گوتی: «دەبێ فوتابخانەکان وا لێبکەین کە کچان تێیدا هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی بکەن». ئاغای وەزیر بۆ ساڵی ٩٠ گەڵاڵەی «شاداب سازی فضای مدرسە دخترانە« (گەشاندنەوەی کەشوهەوای فوتابخانەی کچانە)ی هێنایە گۆڕێ. گەڵاڵەکە باسی لە بەرزترکردنەوەی دیواری خوێندنگەکانی کچان دەکرد تا

بەقسەی ناوبراو کچان لەنێو حەساری خوێندنگەکاندا ئەمنییەتیان! پارێزراو بێ و بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە بێن و بچن! و بەدوور بن لە پلارپێدادانی کوڕان! ئەمساڵیش ئەوە دیتمان لە لایەن وەزارەتی عولوومەوە، چۆن کچانیان لە زۆر رشتەی دانشگایی بێبەش کرد

کچانە و کوڕانە کردنی زۆر لە رشتەکانی زانستگە، لەم سەردەمەدا لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی جەهالەت. ئەوەی ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە ژنان دەیکات شتێکە لە چەشنی ئەوەی لە سەردەمی جەهالەت و زیندەبەچاڵ کردنی کچاندا دەکرا. لەم سەردەمەدا کاتێک رێگە لە بوارەکانی فێربوونی زانست و ئاگایی لە ژنانی کۆمەڵگە دەگیرێ و ئەوان لە زانستی رۆژ بێبەش دەکرێن، لە راستیدا لێسەندنەوەی متمانە و باوەڕ و تواناییەکان لەوانە و ئەوەش وەک کوشتنی رووحی ئەو مرۆڤانە وایە.

هەڵاواردنی جنسییەتی لە هەموو بوارەکان بە تایبەتی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، هەمووکات بەشێک بووە لە سیاسەتی پڕلە هەڵاواردنی کۆماری ئیسلامی و ئەم سیاسەتە لە دەوڵەتی ئەحمەدینەژاد دا گەیشتۆتە چڵەپۆپە. ژنانی ئێران لەمێژە ماهییەتی دژەژنی ئەو رێژیمەیان ناسیوە و بە ئێسک و پێستەوە هەستیان بە ئازارەکانی ئەو هەڵاواردنانە کردوە. ئەوان باش دەزانن بە هۆی جێبەجێ بوونی گەڵاڵەی جنسییەتی کردنی زانستگەکان و حەزفی کچان لە رشتە زانستییەکاندا ئاستی ئاگایی زانستی لە هەموو ئێراندا دێتە خوار و بەگشتی وڵاتەکە زیان لەم گەڵاڵانە دەبینێ. چونکە بازاڕی کار لە تواناییە زانستییەکانی نیوەی ئەو کۆمەڵگەیە بێبەش دەبێ. بەتایبەتی ئێستا کە هەلومەرجی ئابووریی خەڵکی ئێران لە سایەی سیاسەتە ئاژاوەگێڕانەکانی رێژیم بەرەوخراپی چووە. لە وەها هەلومەرجێکدا بنەماڵە بۆ بژێوی ژیان و گوزەران، پێویستی بە کاری هەردوو رەگەزەکە هەیە. بۆیە ژنان وەک باسکێکی بەرابەر لەگەڵ پیاوان لەبازاڕی کاردا دەتوانن هاوسەنگی دروست بکەن. بەڵام لەو هەلومەرجەدا دێن ژنان لە زۆر رشتەی خوێندن بێبەش دەکەن و بەمەش دەرفەتە کارییەکانیان لەدەست دەچێ. لە ئاکامدا جگە لەوەی زیانێکی یەکجار زۆر بە بنەماڵە دەگا، بازاڕی کاری وڵاتەکەش ناهاوسەنگ دەبێ. کۆماری ئیسلامی بەم هەڵاودنە جنسییەتییانە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا دەیەوێ زیاتر هەڵاواردنە جنسییەتییەکان نەهادینە بکا و روانینی جنسییەتی بەرانبەر بە ژنان لەکۆمەڵگەدا پەرە پێ بدا.

لەهەرحاڵدا جیاکردنەوەی رشتە زانستگاییەکان (کچانە و کوڕانەکردن) و حەزفی کچان لە زۆربەی رشتەکاندا بە

هەر ئامانجێک بێ، لەگەڵ هەلومەرجی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی ئێران نایەتەوە. ئەو پێشکەوتن و سەرکەوتنانەی ژنانی ئێران لە بوارەجۆراوجۆرەکاندا بەدەستیان هێناوە، هەرگیز لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەو رێژیمە ناگونجێ. ئەوە خۆی نیشانەی بەربەرەکانیی ژنان لە گەڵ هەلاواردن و بێبەشیی ژنان لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدایە. ژنانی ئێران بە هەوڵی خۆیان لە هەموو بوارەکاندا تەنانەت ئەو بوارانەی کە وەک عورفی کۆمەڵگە بەدەست پیاوانە بووە، بەخۆشییەوە چوونەتە پێش و زۆر لە بەربەست و دیوارەکانیان تێک شکاندوە. ئەوە نیشان دەدا ژنان جگە لەوەی ئوگری زانست و ئاگایی و گەیشتن بە پلە و پێگەی باشتر لە کۆمەڵگەدان، دەتوانن سیستمی پیاوسالارییش کە کۆماری ئیسلامی پشتیوان و پەرەپێدەری بووە، پاشەکشە پێبکەن.

سەرچاوە: سایتی اخبار روز، وتاری «تبعیض در آموزش به اوج رسید»

لە ژمارە ٥٩٠ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

---

## رۆڵی ژنان لە فیلم و سریالەکانی تەلەڤیزیۆنی کۆماری ئیسلامیدا!

کاناڵەکانی راگەیاندن، فیلم و بەرهەمە هونەرییەکان، لە هەر وڵاتێکدا، لەو بوار و کەرەسە گرنگانەن کە بناغەی بیر و باوەڕ و شێوەی روانین و بیرکردنەوە و چاوەڕوانییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە دادەڕێژن. ئەوەی لە سینەمای ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دەیبینین، نەک لەگەڵ واقعییەتەکانی ژیانی ئەمڕۆی ژنان لە کۆمەڵگەدا نایەتەوە، بەڵکوو بەپێچەوانەی رۆڵی کاریگەر و پڕمانای ژنە لە کۆمەڵگەدا.

فیلم و سریالە پەسند کراوەکان لە لایەن کاردبەدەستانی ئێرانەوە، لەگەڵ ئەوەی هەریەکەی هەڵگری سووژەی جۆراوجۆرن، بەڵام زۆربەیان لە یەک مەسەلەدا وەک یەکن، ئەویش نەخشی کلیشەیی ژن لەواندایە. نەخشێک کە لەگەڵ سەردەمی ئێستادا ناگونجێ. کەسایەتیی لاواز و بێدەسەڵات، رازی، بێدەنگ، بە تەحەممول لەبەرابەر زوڵم

و ئازارەکانی بنەماڵە و کۆمەڵگە دا، کەسایەتیی ژن لەو فیلمانە دا پێک دێنێ. یان بۆ وێنە زۆر لەو کچە خوێندەوار و خوێندکارانەی کە دەورانێک خوێندن و کار لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا ئامانجی سەرەکییان بووە، لە فیلمەکاندا ئەو کەسە نانوێنن کە ساڵانێک خوێندوویانە و ئامانجی گەورەیان هەبووە. دەرکەوتنی ئەو نەخشە کلیشەییانە، وەک ژنی گوێڕایەڵ و بێدەنگ و «سەنگی سەبوور» بۆ بنەماڵەکانیان، لە گەڵ ڕاستییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی ئێران نایەتەوە. ئەم تایبەتمەندییانە لە سریال و فیلمەکاندا بوونەتە بەشێک لە کەسایەتی ژنی ئێرانی. منالانی ئەو وڵاتە لە ئاکامی دیتنی ئەو فیلمانەدا وا بیر دەکەنەوە کە زانست و ئاگایی، بەرپرسایەتی و گەڕان بە دوای کار و بەرنامەو پرۆژەی گرنگ، کاری ژن نییە و تەنیا چێشتلێنان و شتن و ڕاگەیشتن بە کاروباری ماڵەوەی لە ئەستۆیە. ئەگەر هەڵکەوت لە فیلمێکدا ئەو سوننەتە شکا و ژن هەر چێشتلێنەر نەبوو، بەڵکوو بەرپرسێکی سەرکەوتووی ئیدارەیەک بوو یان پۆلیسێکی کارا و لێهاتوو بوو، دەبێ لە پەنای ئەوەدا بنەماڵەیەکی تێکشکاو و ناسەرکەوتووو لە ژیانی بنەماڵەیی ئەو نیشان بدرێ و هەمیشەش ژن بە خەتاباری سەرەکی دەزانرێ و تەنانەت پاساو بۆ کارە ناڕەواکانی پیاوان دەهێنرێتەوە.

بۆ نموونە ژنێک دایکی چەند منداڵە بە هۆی ئەوەی لەدەرەوە کار دەکا کاتی نییە نانی بەیانی بۆ مێردەکەی کە ساڵانێکی زۆرە ژن و مێردن، دروست بکاو پێی ڕابگا، بۆیە مێردەکەی خەیانەتی پێدەکاو دەچێ بە نهێنی ژنێکی گەنج سیغە دەکا. لەگەڵ ئەوەش دا ئەو ژنە گەنجە بەردەوام باجی ئەم بێدەنگی و شاردنەوەیە لەو پیاوە دەستێنێ. فیلمە پەسندکراوەکانی ئێران ئەوە نیشان دەدەن کە ژن دەڵێی هەر بۆ خزمەتی پیاو خوڵقاوە و، هۆکاری سەرەکی کارە ناڕەواکانی پیاوانیشن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە ٣٠ ساڵە لە تەلەڤیزیۆنەکانیدا لە پێوەندیی لەگەڵ گرنگیدان بە مەسەلەکانی ژنان و هێنانەدەری ئەوان لەو ڕۆڵە کلیشەییانەی کە کۆمەڵگەی سوننەتی بۆی دیاری کردوون، ئەوپەڕی بەربەرەکانی کردوە. هەمووشتێکی بۆ خزمەت بە ئامانجەکان و مانەوەی ئایدۆلۆژیای خۆی تەرخان کردوە. هونەری سینەما کە یەکێکە لە بوارە گرنگ و کاریگەرەکان لە سەر ڕوانینی خەڵک، خستوویەتە خزمەتی ئامانجە کۆنەپەرستانەکانی خۆیەوە. بە بڵاوکردنەوە فیلم و سریالی ئامانجدار هەوڵی ئەوەیەتی باوەڕ و بیرکردنەوەی نەسڵەکانی داهاتوو تەنیاو تەنیا لە خزمەت ئایدۆلۆژیا و ئامانجەکانی ڕێژیمەکەیدا بێ کە هەمیشە بە بێبایەخ چاوی لە ڕۆڵ و جێگە و پێگەی ژن کردوە. لە حاڵێکدا هونەریش دەبێ لە خزمەتی مرۆڤایەتی و دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا بێ.

ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی بە هەموو توانایەوە لەم ڕێیەوە خەریکی شتنەوەی مێشکی کۆمەڵگەیە، بەڵام بەخۆشییەوە ژنانێکی ئازا و بوێر لەو بوارەدا رچەشکێنییان کردوە و خەریکن لەگەڵ ئەم بیرکردنەوەی حاکمانی ئێران بەربەرەکانی دەکەن و هەوڵیانە بەرهەمەکانیان لە خزمەتی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دادپەروەردا بێ. بۆیە لە فیلم و بەرهەمەکانیاندا هەوڵیان داوە کەسایەتیی بەتوانا و باوەڕبەخۆ لە ژنان نیشان بدەن. ئەوان دەیانەوێ بڵێن ژن تەنیا بۆ زاو و زێ و خزمەتی پیاوان نەخولقاوە بەڵکوو ئەو دەتوانێ داهێنانی گەورە بکا، ژن دەگەڕێ بە دوای مافەکانیدا، ژن لەگەڵ ناعەداڵەتییەکان بەربەرەکانی دەکا، بۆیە ناچار نییە هەر فەرمانبەر و گوێڕایەڵی پیاو بێ. زۆر لەو ژنانەی کە دەستیان داوەتە ئەم ئەرکە، لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە جگە لەوەی کارەکانیان بێبایەخ دەکرێ، خۆشیان بەرچەسپی جۆراوجۆریان لێدەدرێ و ئازار دەدرێن.

ژنە فیلمساز و دەرهێنەری کرماشانی پووراني درەخشەندە دەڵێ: «من لە فیلمەکانمدا گەڕاوم بە دوای پێناسەی ئینسانیی ژن، ئەو ژنەی دەیەوێ کەسایەتیی خۆی بدۆزێتەوە و پێناسەی بکاتەوە، ئەو ژنەی دەگەڕێ بە داوی مافی لەدەستچووی، ئەو مافەی وەک ئینسانێک دەبێ هەیبێ، نەک ئەو ژنەی هەمیشە بە بوونی پیاوێکەوە خاوەنی بیرو ئاگاییە و، پیاوە دەتوانێ داهاتووی ئەو دابین بکا، بەڵام بەداخەوە بەرپرسانی سینەمای ئێران ئەو بیرو فکرەیان قەبووڵ نییە».

هەر لەم پێوەندییەدا تەهمینە میلانی دەرهێنەری ئێرانی لە وتووێژێکدا دەڵێ: «زۆربەی کارەکانم روانینێکی ژنانەی لە پشتە و مەسەلە و گرفتەکانی ژنان لە فیلمەکانمدا گرنگییەکی تایبەتییم پێداون، هەر بۆیە دوای چەندین کاری سەرکەوتووم لەو بارەیەوە، لە لایەن وەزارەتی ئیرشادەوە لە دروست کردنی ئەو جۆرە فیلمانە پێشگیریم لێکراوە و چەندین فیلمنامە کە تێیاندا ئەولەوییەتم بە مەسەلەکانی ژنان داوە، ناردۆتە وەزارەتی ئیرشاد و لەوێ لێم رەد کراوەتەوە«.

ئەو سریالانەی لە کاناڵەکانی سەربەکۆماری ئیسلامیدا بڵاو دەبنەوە زۆر بە ئاشکرا رێگە و روانینێکی تەواو پیاوسالاریان پێوە دیارە. کەم بەرهەم هەیە کە لەودا ژن کەسایەتییەکی پلە دووی نەبێ. ئەگەر هەڵکەوێ لە فیلمێکدا ژنێکیش مودیرێکی سەرکەوتووبێ ئەوە دیسانیش لەنێو بنەماڵەدا ئەوە ئەو نییە خاوەنی بڕیار و بیرکردنەوە بۆ داهاتووی خۆی و بنەماڵەکەیەتی. نابەرابەری و ناعەداڵەتی لە دژی ژن بە سەرتاپای بەرهەمەکەوە دیارە.

فەرەجوڵڵا سەلەحشوور یەکێکە لە سینەماکارانی سەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لە بارەی پێوەندیی ژن و پیاو و کچ و کوڕەوە لە یەکێک لە وتارەکانیدا بەمشێوە روانینی خۆی دەردەبرێ: «بۆچی پێوەندیی کچ و کوڕ ئاسایی بووە؟ کاتێک ژن و پیاو لە شوێنی کار یا دانشگا لەگەڵ یەکدا هەڵسوکەوتیان هەبوو، وردەوردە پێوەندییان ئاسایی دەبێ و ئەو پێوەندییە چ خراپییەکی هەیە با بمێنێ! لەم ئاسایی بوونەی ئەو پێوەندییەدا بۆ نموونە کارمەندێکی پیاو، ئەگەر هاوکارە ژنەکەی تایبەتمەندیی باشتری لە هاوسەرەکەی خۆی هەبوو، زۆر ئاساییە کە کەمتر سرنج بداتە هاوسەرەکەی خۆی. ئەمە پێچەوانەکەشی هەر وایە».

ئاخەر کێ هەیە گاڵتەی بەم شێوە روانینە نەیە؟ بەداخەوە ئەو جۆرە کەسانە وەک کارگەردانی باشیش!! بەخەڵک دەناسێندرێن و بەسەر بەرهەمە سینەماییەکانی دەرهێنەر و سینەماکارە بەتواناکانی ئێراندا دەچنەوە و ئەو جۆرە کەسانەن بڕیاریان لەسەر دەدەن بۆ بڵاو کردنەوە.

نەسڵی ئەمڕۆی ئێران لەم جۆرە بیرکردنەوەیە و دیتنی ئەم جۆرە مەسەلانە و ئەو رۆڵە سوننەتییانە بۆ ژنان بێزارە، بەتایبەتی ئەوانەی روانینێکی ئینسانی و یەکسانیخوازانەیان لە سەر مەسەلەکان هەیە. لە بە هەدەردانی سامانی ئەو وڵاتە بۆ بەرهەمهێنانی هونەری سینەما کە ئەمڕۆ لە پێناو ئامانجەکانی کۆمەڵێک کەسی وەک ئاغای سەلەحشوور دایە، نیگەرانن و هەست دەکەن سووکایەتیی بە کەسایەتیی و شعووری هەموو خەڵک دەکرێ.

لە ژمارە ٥٩٥ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

## بە بۆنەی ڕۆژی نەهێشتنی توندوتیژی یەوە

**چاو لە بەرابەر چاودا، دنیا کوێر دەکا»**

**مهاتما گاندی**

**ساڵی ٢٠٠٧ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ڕێزنان لە کەلتووری ئاشتی، وێکهەڵکردن و لێک تێگەیشتن، دووی ئۆکتۆبر (١٠ی ڕەزبەر)، ڕۆژی لە دایکبوونی مهاتما گاندی ڕێبەری ئاشتیخوازی هیندی بە ڕۆژی «نەهێشتنی توندوتیژی» ناودیر کرد.**

**مهاتما گاندی داهێنەری خەباتی مەنفی بۆ ئامانجی سیاسی بوو. ئەو بە شێوەیەکی ئاشتییانە و بە نافەرمانیی مەدەنی، سەرئەنجام توانی دەسەڵاتی بریتانیا لە ساڵی ١٩٤٧ لە هیند وەدەرنێ. مهاتما گاندی ساڵی ١٨٦٩ لە دایک بوو و ٧٨ ساڵ ژیا و ساڵی ١٩٤٨ گیانی خۆی لە پێناوی هێمنی و ئاسوودەیی وڵاتەکەیدا دانا. ساڵێک دوای سەربەخۆبوونی وڵاتەکەی لە دەست ئێستعماری بریتانیا، لە لایەن هیندییەکی توندڕەوەوە تیرۆر کرا.**

**لەلای گاندی «تەحەممول نەکردنی بەرانبەر یەکێکە لە خراپترین جۆرەکانی توندوتیژی و، وێکهەڵکردن،**

**ئامانجی خەباتە و کەرەسەیە بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن.**

**ئێستا زۆرن ئەو ڕووناکبیر و نووسەرانەی گاندی وەک مامۆستای ئەخلاق لە خەباتی سیاسی دا ناو دەبەن بەڵام کەمترین دەرسیان لەو ئینسانە گەورەیە وەرگرتوە. زۆرن ئەوانەی باسی وێکهەڵکردن و یەکتر تەحەمول کردن دەکەن و دروشمی ئاشتیخوازانە بەرز دەکەنەوە، بەڵام کە دەڕوانیە ئەدەبیاتەکەیان پڕە لە وشەی زبر و ڕەق و ئێشێنەر بەرانبەر بەرانبەرەکەیان.**

**نێلسۆن ماندیلا قسەیەکی هەیە دەڵێ لە ناخی هەر مرۆڤێکدا ڕوحم و بەزەیی هەیە.... هەر وا کە دەتوانرێ نەفرەت فێری خەڵک بکرێ، دەشتوانرێ خۆشەویستیی فێریان بکرێ، چونکە خۆشەویستی زۆر سروشتیتر ڕێگا بۆ**

نێو دڵ دەبینێتەوە.

ئەم قسەیەی ماندیلا زۆر پڕمانا و گەورەیە. بۆ ئەوە دەبێ هەموو مرۆڤێک دەرسی لێوەربگرێ و بیکاتە سەرمەشقی کار و ژیان و خەبات لە پێوەندییەکانیدا. کێ هەیە بێزار نەبێ لە توندوتیژی، کەچی زۆر ئاسان جاری وایە بە وشەیەک پێوەندییەکانمان لەگەڵ هاورێکانمان تێک دەدەین. قسەیەک هەیە دەگوترێ: وشە ئازادە لە زاری هەر کەس بێتە دەر، بەڵام ئازاد نیە چۆنت پێخۆش بێ بەرەورووی بەرانبەرەکەتی بکەیەوە.

لە رۆژی جیهانیی نەهێشتنی توندوتیژیدا کەوتمە بیر کردنەوە بابەتێک بنووسم، بەڵام پێش ئەوەی دەست پێ بکەم سەردانی لاپەڕەی فەیسبووکی هاورێ مەجازییەکانم لە فەیسبووکدا کرد و ئەو وشەو کومێنتانەم هەڵدەسەنگاند کە هێندێک کەس بەرەورووی یەکتریان کردبووەوە. بیرم لەوە کردەوە ئینسانەکان بەرانبەر بە یەکتر بۆ چی وان ؟ بۆ وا بەو وشانە یەکتر بریندار دەکەن؟ خۆ دەکرێ بە وشەی نەرم ونیان رەخنەکانی خۆت بخەیە روو. ئایا ئەم وشە رەق و زبرانە ناچنە خانەی توندوتیژییەوە؟ زۆرتری ئەو کەسانە کە قسەکانیان بۆنی توندوتیژی لێدەهات ئەندامی حیزبەکان بوون. ئەو حیزبانەی سالانێکی زۆر جەستەی ئەندامەکانیان کراوەتە نیشانەی گوللەی دوژمنەکانیان، بەڵام ئەمڕۆ لە نێو دنیا پێشکەوتووەکەی مەجازیدا کە نە لەشکری پاسداران و نە تانگ و تۆپی دوژمن وجوودی هەیە، تەنیا لەشکری  وشە و کومێنتەکانە رووبەرووی یەکتر دەبنەوە و یەکتر بریندار دەکەن.

### هێندێک لەم کومێنتانە بۆنموونە دێنمەوە و خوێنەر خۆی قەزاوەت بکا

کەسێک لە کۆمێنتێکدا لە بارەی بەشداریی ژنان لە کۆنگرەی حیزبیکدا دەنووسێ: من ئەو کۆنگرەیەم بۆیە پێ باشە ژنی کەم تێدایە!! ئەم کومێنت نووسە بڵێی لەوە تێنەگا ئەم قسەیە چەند کەس بریندار دەکا؟! یان راست مەبەستی ئەوەیە خەڵکانێکی پێ بریندار بکا!

لە کۆمێنتێکی دیکەدا هەر لەو بارەیەوە بەناو رووناکبیرێک تەنیا کونجی ئاشپەزخانە بە شایانی ژن دەزانێ!

..... کۆمێنتی خانمێکیش لەسەر بابەتێکی دیکە ئابەم شێوەیە: «چی دیکە جوابت نادەمەوە... چون تۆ لە شانی

خۆمدا نابینم و خۆم بۆ قسە کردن لە گەڵ تۆ بچووک ناکەمەوە. بێ سەواد بوونی من و تۆش با خەڵکی قەزاوەتی لە سەر بکا»! ئەمانە چەند نموونەیەکی بچووک لەو دیالۆگانەن کە لە فەیسبووکدا رۆژانە زۆر کەس لەگەڵیان رووبەڕوو دەبێتەوە و چاومان پێیان دەکەوێ و ژیانی زۆر کەسی خستۆتە ژێر کاریگەرییەوە، چونکە لە دنیای واقعییشدا ئەو شێوە دیالۆگە گومان و بێباوەڕی بە یەکتر دروست دەکا.

هەر بۆ ئەم مەبەستە سەردانی لاپەڕی هێندێک کەس دەکەم کە خۆیان بە رووناکبیر، خەباتکاری ڕێگەی ئاشتی و ئازادی دەزانن، دەبینم پڕن لە دروشم و قسەی جوان جوانی گەورە مرۆڤەکانی وەک: گاندی، ماندێلا، ژان پۆل سارتێر، ئەلیزابێت تایلور، برتولت برێشت، ماکسیم گورکی، سادق هیدایەت و.... بەڵام کە لە دیالۆگ و قسە و باسەکانیان دەڕوانم کە لە نێوان خۆیان و هاوڕێکانیاندا هەیە، هەرگیز لەگەڵ بیر و مەکتەبی ئەوبیرمەندانە نایەنەوە.

کە باس لە توند و تیژی دەکرێ، لە بەرامبەری دا هەمیشە بەدیلەکەی وەبیر دەهێنرێتەوە. بە دیلی توندوتیژی، وێکهەڵکردن یا مودارایە. ئەو نێعمەتەی کە بە داخەوە لە نێو هەر نەتەوە و هەر کۆمەڵگەیەک دا کە سەردەمانێکی دوور و درێژ لە گەڵ سەرکوت و سەرەرۆیی بەرەوروو بووە، بە کەمی دەبینرێ. مەبەست لە وێکهەڵکردن هەر وا کە لە ناوەکەی را دیارە، پێکەوە حەوانەوەیە. دیارە لە باسی پێکەوە حەوانەوەش دا گرنگ پێکەوەحەوانەوەی جۆراوجۆرییەکانە. ئەگینا وێکهەڵکردنی دوو شتی وەک یەک نە هونەرە و نە شتێکی زۆر دژوار. بۆ وینە دوو کەس کە هاوباوەڕن و وەک یەک بیر دەکەنەوە، بۆ چی دەبێ وێک هەڵ نەکەن؟ یا دوو کەس، دوو لایەن، دوو کۆمەڵە خەڵک، کە زمانی وەک یەک، یا ئایینی وەک یەک، یا میللییەتی وەک یەکیان هەیە، بۆ چی دەبێ وێک هەڵ نەکەن؟ گرنگ ئەوەیە کەسێک، یا کۆمەڵە خەڵکێک، لە گەڵ کەس یا کۆمەڵە خەڵکێک، کە جیاوازیی لە گەڵ ئەوان هەیە، بگونجێن و تەحەمولیان بکەن. ئەمەش نایەتە دی کە ریز لە جیاوازییەکان نەگرین. جا ئەم جیاوازییە لایەنی فکری و سیاسی هەبێ یا رەگەزی یا دینی و ئایینی یا زمانی، کۆمەڵایەتی و هتد، دەبێ دان بە بوونیان دابنێین، مافی بوون و خۆ دەرخستنیان پێ بدەین و گوێیان لێبگرین. تەحەممولی بەرامبەرەکەشت، پێویستی بە زاڵبوون بە سەر خۆدا و سنووردانان بۆ ویست و ئارەزوو و بەرژەوەندەکانی خۆمان هەیە.

با لەم یادە دا هەر کامێکمان بەرعۆدە بین بە نۆرەی خۆمان یارمەتیدەر بین بۆ کەمکردنەوەی توند و تیژی. ئەگەر ئاگری شەڕە گەورەکانی دوور و نزیکیشمان پێناکوژێتەوە، با لانیکەم لە دەروونی خۆماندا، حەزی توند و تیژیی

سەرکوت کەین.

له ژماره ٥٩٣ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢

## مانگرتنی ٨ زیندانیی سیاسیی ژن له زیندانی ئێویندا

٩ی خەزەڵوەری ١٣٩١ هێزەکانی پارێزگاری له زیندانی ئێوین بەهۆی ئەوەی گومانیان دەکرد کە زیندانیانی سیاسیی ژن له بەندی ٣٥٠ دا موبیلیان پێیه و بۆ ناردنه دەرەوەی هەواڵەکانی نێو زیندان کەڵکی لێوەردەگرن، به ناوی گەڕان بۆ دیتنەوەی موبیل هێرشیان کرده سەر ژنانی زیندانی و به شێوەیەکی دوور له ئەخلاق و پرەنسیپی مرۆڤانه دەستیان کرد به پشکنینی ژوور و کەلوپەلە تایبەتییەکانیان. هەرچەند ئەم کاره ماوەماوه لەلایەن هێزەکانی پارێزگاری لە زیندانەوە روو دەدا، بەڵام ئەمجارەیان شێوەی گەڕان و پشکنینەکەیان بەتایبەتی پشکنینی جەستەی زیندانییەکان به جۆرێک بوو که پڕ بوو له سووکایەتی و بێرێزی بەو ژنه زیندانیانه. تەنانەت لیباسی ژێرەوەشیان لەبەر داکەندن و بەمەش نەوەستان کەوتنه پشکنینی جەستەیان. ژنانی زیندانی نارەزایەتی لەم کردەوە پڕسووکایەتییەی هێزەکانی زیندان، دەردەبڕن و داوا دەکەن بەرپرسانی زیندان داوای لێبووردن لەو زیندانیانه و بنەماڵەکانیان بکەن و جارێکی دیکه کردەوەی لەم جۆره دووپات نەبێتەوە. بەڵام بەرپرسانی زیندان سەرەتا گوێیان بەم داوایه نەدا. بۆیه ٩ کەس له ژنانی تێکۆشەر و ئازادیخواز کە هەر بەهۆی چالاکییەکانیان له پێناوی دادپەروەری و ئازادیدا لە زیندانن، بە نیشانەی شێلگیربوون لە سەر داخوازەکانیان و ئێعتراز بە پێشێلکرانی مافەکانیان له لایەن بەرپرسانی زیندانەوە، مانیان له خواردن گرت. به پێی هەواڵی راگەیەنەکانی سەر بە چالاکانی بزووتنەوەی ژنان له ئێران، ناوی ئەو ژنانەی مانیان له خواردن گرتبوو بریتی بوون لە: شیوا نەزەرئاهاری چالاکی مافی مرۆڤ، بەهاره هیدایەت چالاکی خوێندکاری، ژیلا بەنی یەعقووب رۆژنامەنووس، نازەنین دەیهیمی وەرگێر له بواری ئەدەبیاتی منداڵان، نەسیم سوڵتان بەیگی چالاکی خوێندکاری، حەکیمه شەکەریئەندامی گرووپی دایکانی تازیەبار، مەهسا ئەمرئابادی رۆژنامەنووس، ژیلا کەرەم زاده مەکوەندی ئەندامی گرووپی دایکانی تازیەبار، و هەروەها نەسرین ستووده وەکیل و تێکۆشەری مافی مرۆڤ کە زۆر لەوە پێشتر بەهۆی

ئەو ناعەداڵەتیانەی لەزینداندا لەگەڵی دەکرێ وەک ئەوەی دیدار لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی لێ قەدەغەکراوە، مانیان لە خواردن گرت.

ئەو ژنانە هەموویان بەتاوانی دژایەتی لە گەڵ نیزام و هەوڵدان بۆ تێکدانی ئەمنییەتی وڵات زیندانی کراون.

بەدوای مانگرتنی ئەو چەند کەسە زیاتر لە ٣٠ زیندانیی سیاسیی ژن لە زیندانی ئێوین بە نووسینی نامەیەک بۆ بەرپرسی زیندانی ئێوین رایانگەیاند ئێمە پشتوانیی خۆمان لە مانگرتنی ئەو هاوبەندییانەمان رادەگەیەنین و خوازیاری لێپرسینەوەی ئەم کردەوە شەرماوییەی ئەو هێزانەین. لە بەشێک لە نامەکەدا هاتبوو کە رەفتاری وەحشیانەی هێندێک لە هێزەکانی پاراستنی زیندان کە پێنووس لە دەربڕینیان شەرم دەکا، هەرگیز بۆ لێخۆشبوون نابێ و ژنانی زیندانی ئەمە قەبووڵ ناکەن و لەمەو بەدوا رێگە نادەن بەمجۆرە پشکنینی جەستەو کەلوپەلەکانیان بکەن و زۆر بە جیددی داوا دەکەین لەلایەن بەرپرسانەوە داوای لێبوردن بکرێ و بڕیاریش بدرێ چی دیکە رەفتاری لەم شێوەیە نابێ دووبارە بکرێتەوە.

دیارە بە پێی ئەو هەواڵانەی لە لایەن بنەماڵەی ئەو زیندانیانەوە بڵاو بۆوە، پاش حەوتوویەک ئەو ژنانە جگە لە نەسرین ستوودە، کۆتاییان بە مانگرتنەکەیان هێنا کە ئەمەش بە هۆی ئەوەی بەرپرسانی زیندان لە ئاست داوای ژنانی زیندانی دا پاشەکشەیان کرد و پەیمانیان دا کە چی دیکە رێگە نەدەن رەفتاری لەم شێوە دووبارە بکرێتەوە و لێپرسینەوە لەم مەسەلەیەش بکرێ.

## مانگرتنی ژنانی زیندانیی سیاسی و پەیامی ئەو مانگرتنە

مانگرتن لە خواردن و نارەزایەتیی ژنانی زیندانیی سیاسی لە نێو زیندانەکان لەگەڵ ئەوەی خۆڕاگری و راوەستانە لە بەرابەر پێشێلکردنی مافەکانیان لە لایەن مەئمووورانی زیندانەوە، پەیامێکیشە بۆ هەموو ژنانی ئازادیخوازی ئێران، بۆ بەردەوامیی خەبات لە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆر و سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامیی ئێران کە هەر لەسەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنیەوە ئاڵای دژایەتیی لەگەڵ ژنانی ئێرانی هەڵگرت. دەسەڵاتێک کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە بە ناوی ئیسلام و پابەندبوون بە رێوشوێنە ئیسلامییەکان ژنان دەچەوسێنێتەوە و سووکایەتی بە جەستەو رووح و فکریان دەکا.

ئەو حەرەکەتەی ژنانی تێکۆشەر لە نێو زینداندا، ئەوە دەردەخا کە داکۆکی لە مافەکان وپاریزگاری لە حورمەتی ئینسانی، دەبێ لە هەر هەلومەرجێک دا بەڕیوە بچێ و خەبات لە پیناوی چەسپاندنی قانوونێکی دادپەروەرانە لە هەر شوێنێک و بارودۆخێک دا درێژەی پێ بدرێ. ئاکامی ئەم حەرەکەتە بوێرانە وحەقخوازانەیە پێمان دەڵێ دەکرێ لە دەروونی بەندیخانە و لە نیو هەناوی ئەشکەنجەگەراندا پاشەکشە بە دەسەڵات و سیستمی دیکتاتۆر بکرێ. لە هەمان کاتیشدا مانگرتنیان لە زینداندا نیشانەی ئەوەیە کە زیندانی کرانیان نەک هەر نایانبەزێنێ و لە داخوازەکانیان پاشگەزیان ناکاتەوە، بەڵکوو لەسەر داواکانیان خواستانەی شێلگیرتریان دەکا.

## نموونەی ئیرادەی بەهێز و خۆڕاگری

بزووتنەوەی ژنان لە ئێران ئەمڕۆ زۆری پێویست بە کەسانێکی وەک نەسرین ستوودە و شیوا نەزەرئاهاری و زۆر لەو ژنە تێکۆشەرانەی دیکە هەیە کە ئێستا لە زیندان دان. ئەوە راستییەکی تاڵە کە خرانە زیندانی ئەو تێکەشەرانە زیانی هەیە بۆ خەباتی دادپەروەرانەی ژنان و رەنگە رەوتی خەباتەکە تا رادەیەک سست بکا، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ بوونی ئەوان بەو ئیرادە بەهێز و بەرزەوە لە نێو زیندانەکانیشدا دڵگەرمییە بۆ بزووتنەوەی ژنان لە ئێران دا. ئەوەی ئەمڕۆ نەسرین ستوودە و هاوەڵەکانی لە سەری بەند کراون نەک هەر ژنان بەڵکوو هەموو ئەوانەی تامەزرۆی ئازادیی و دادپەروەریین شانازییان پێوەدەکەن و دڵنیان ئازارو زیندان و مەینەتییەکانی زیندان، ناتوانێ پێشی رەوتی ئەو خەباتە بگرێ و ئەو بزووتنەوەیە بگرێ کە ئەوان لە ریزیدان.

نەسرین ستوودە و هاوەڵەکانی جگە لەوەی هاووڵاتییەکی بەرپرس لە ئاست مافەکانی مرۆڤ دان، چ تاوانێکی دیکەیان هەیە وا ئەمڕۆ کەوتۆتەبەر توندترین سزا لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە؟ رێژیمی ئیسلامیی ئێران هەمیشە پێی وا بووە لە رێگای سەرکوتی ئازادیخوازانەوە دەتوانێ بەسەر قەیران و کێشە نێوخۆییەکاندا زاڵ بێ. بەڵام ئەو کردەوانەی بەرانبەر ئەو مرۆڤە شایستانە دەیکا جگە لە ریسوایی زیاتری لە نێو کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکاندا هیچ بەرهەمێکی دیکەی بۆی نابێ.

لە ژمارە ٥٩٦ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

# جینسییەتی بوونی سیستمی پەروەردەو فێرکردن لە ئێراندا

سیستمی پەروەردەو فێرکردنی وڵاتی ئێران هەر لە قۆناغەکانی سەرەتاییەوە، فێرکردن لە سەر بنەمای جنسییەت داڕێژراوە. هەڵاواردنی جنسییەتی هەمووکات بەشێک بووە لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران. بۆ ئەم مەبەستەش دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە بۆ نەهادینە کردنی ئەم سیاسەتەیان لە سیستمی پەروەردە و فێرکردنەوە دەستیان پێکردوە.

لە کتێبە دەرسییەکانی ئێراندا ژن نە وەک کەسایەتیی کاریگەر لە دەورانە جۆراوجۆرەکانی مێژووی ئێراندا دیارە، نە ڕۆڵی لە سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانی وڵاتەکەیدا، نە بەشی لە ئابووری وڵاتەکەی و زۆر بواری دیکە دا بووە. هەر لەبنەڕەتدا، جێگە و پێگەی ژن لە زۆر بواری دیار و کاریگەر دا، لە کتێبە دەرسییەکاندا نە دیارە و نە گرنگی پێدراوە. تاکێکی پلە دوو، پشتگوێ و لە پەراوێز خراو و لە باشترین حاڵەتدا وەک کەسایەتییەکی عاتیفی، لاواز و خزمەتکاری بنەماڵە ناسێندراوە و پیاویش وەک کەسایەتیی بەهێز کە ڕۆڵی کارای لە دەرەوەی ماڵدا هەیە، ناسێندراوە و تەنانەت ڕۆڵی لە نێو ماڵیشدا وەک سەرپەرست و بەرپرس و بڕیاردەری بنەماڵە ناسێندراوە.

یەکێک لە پەیامە هەرە مەنفییەکانی نێو کتێبە دەرسییەکانی ئێران ژێردەستەیی ژنە لە ئاست کەسایەتیی پیاودا. پیاو بە ئاشکرا ڕەگەزی "پلەبەرزتر" و ژن "ڕەگەزی دووهەم" و هاووڵاتی پلە چەندەمە. بە شێوەی جۆراوجۆر لە وێنە و بابەتەکاندا ئەم ڕوانین و پەیامە بە ڕوونی دەبینرێ. لە زۆر بابەتی نێو دەرسەکاندا ئەگەر باس لە ژن کرابێ تەنیا وەک دایک، خوشک، کچ، هاوسەری فڵان کەسایەتی پیاوی سیاسی و فەرهەنگی و... باسیکراوە. کەمتر دەبینرێ باس لە ژن وەک خۆی بکرێ. یان ژن لە حوزووری پیاودا بڕیاردەر بێ، مەگەر لە چوارچێوەی ماڵ و پێوەندیی بە کاری نێو ماڵەوە مەشوەرەتی لەگەڵ بکرێ، دەنا بڕیاری کۆتایی و قسەی ئاخر هەر پیاوە دەیدا. یان ئەرکی ژن لە دەرەوەی ماڵ وەک ئەرکێکی لاوەکی و بە هەڵکەوت نیشان دراوە، ئەگەریش هەبێ، ئەوە ژنێکە بە هەر هۆیەک هاوسەرەکەی لەدەست داوە سەرپەرستی بنەماڵەیە، لە شوێنی کاریش نەک وەک بەرپرس بەڵکوو لە ژێر ئەمر و فەرمانی پیاو دایە.

هەڵاواردنی جنسییەتی لە سیستمی فێرکردنی ئێراندا مەسەلەیەکی شاراوە نیە و لە زۆربەی کتێبە دەرسییەکاندا زۆر بە روونی و زەقی لە بابەت و تەنانەت وێنەکاندا دەبینرێ. بۆ نموونە بوونی ژن لە وێنەکانی پێوەندیدار بە کارەوە بە بەراورد لەگەڵ پیاو حوزوورێکی زۆر کەمڕەنگی هەیە. بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە ناوەندێکی زانستیی ئەمریکایی لە سەر هێندێک لە کتێبەدەرسییەکانی ئێرانی کردوە، لەسەر یەک نزیک نیوەی ئەو ١١٤٧ وێنەی کە لەواندا ژن حوزووری هەیە، پێوەندی بە دوو بەشی فێرکردن و بنەماڵەوە هەیە و، کەمتر لە ٧ لەسەدی وێنەکان لە شوێنەکانی کار (دەرەوەی ماڵ) پێوەندییان بە ژنەوە هەیە. واتە لە نێو بابەتی کتێبە دەرسییەکاندا ژن و پیاو لە هیچ بارێکەوە تاکی یەکسان نین. بەردەوامیش لە لایەن بەرپرسان و کاربەدەستانی ئاموزشییەوە بۆ مەشرووعییت دان بەو هەڵاواردنانە پاساو دەهێنرێتەوە و جیاوازیی ژن و پیاو بە ئەمرێکی سروشتی و خودایی دەزانن.

ئەو لێکۆڵینەوەیە کە لە ساڵەکانی ٨٥ و ٨٦ دا لە سەر نێوەرۆکی بەشێک لە کتێبە دەرسییەکانی ئێران کراوە، ئاکامەکەی ئەوەی نیشان داوە کە نێوەڕۆکی کتێبەکان بەرانبەر بە ژنان و کەمایەتییە نەتەوەیی و ئاینییەکان لە ئێراندا هەڵاواردنی زۆری تێدایە و بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیە، فێرکردنی قوتابیان و خوێندکاران بنەماکەی لە سەر هەڵاواردنی جنسییەتی و بەهێز کردنی ئیدئولۆژی مەزهەبی شیعە دارێژراوە.

دوکتور سەعید پەیوەندی مامۆستای کۆمەڵناس لە دانشگای پاریس کە سەرپەرستی دەستەی لێکۆڵینەوەکەی کردوە و پێشتریش کتێبێکی لە بارەی ئیسلامیی کردنی سیستمی پەروەردە و فێرکردن لە ئێراندا لە فەڕانسە چاپ کردوە، وتوویەتی، لە کتێبەکانی دەورانی سەرەتایی، ناوندی و دواناوندیدا کە لێکۆڵینەوەکە زۆرتر لە سەر کتێبەکانی ئەو قۆناغانە کراوە، بە شێوەیەکی بەربڵاو هەڵاوادرن بە دژی ژنان تێیاندا دەبینرێ. لەواندا ژن وەک هاووڵاتیی پلە دوو ناسێندراوە. هەروەها ئەوەی نیشانداوە کە رۆڵی ژن لەو کتێبانەدا پێش ئەوەی مرۆڤی سەربەخۆی کۆمەڵایەتیی بێ، دایک، خوشک، هاوسەر و کچی ئەم پیاو ئەو پیاوە. لە زۆر لە بابەتەکانی نێو کتێبەکاندا بۆ نموونە کچ لە داهاتوودا زۆرتر دەبێتە دایکێی باش و پشتیوان و خزمەتکارێکی رازیی پیاوانی بنەماڵە. هەروەها هەوڵ دراوە نەخشی ژن لە کاروباری ئابوورییێدا وەک ئەرکێکی لاوەکی نیشان بدرێ و بە شێوەیەکی گشتی رۆڵی ئەو لە چواردیواری ماڵدا خولاسە کراوەتەوە و لە دەرەوەش هەمووکات لە کاروبارەکاندا رۆڵی نزمتری لەچاو رۆڵی پیاودا هەیە. لەسەر یەک نەخشی سەرەکی ژن لە کتێبە دەرسییەکانی ئێراندا: تەنیا ئاشپەزێکی باش و بە سەلیقە و ژنێکی میهرەبان و دڵسۆز بۆ بنەماڵە. پیاویش جگە لەوەی نانهێنەر و سەرپەرست و بەرپرسی

بنەماڵەیە، رۆڵی کاریگەریش لە کۆمەڵگە دا دەگێرێ، واتە چەرخی ئابووری وڵات ئەو دەیگێرێ. بە گشتی کتێبەکان کۆمەڵگەیەکیان پیشان داوە کە دوو نیوەیە، نیوەیەک ژێردەست و لە ژێر فەرمانی نیوەکەی دیکەدایە. کارە گرنگەکانی وەک بواری سیاسەت و حکوومەتداری و بەڕێوەبردنی وڵات و هتد، لە ئەستۆی نیوەکەی دیکە دایە. بە گشتی سیستەمەکە ئەوە فێری نەوەکان دەکا کە پیاو بەهێزترە، عاقڵترە و، کەواتە پیاو بڕیاردەر و دروستکەری ژیانە! بۆیە دەبێ نیوەکەی دیکە لە ژێر ئەمر و فەرمانی ئەودا بێ!

دوێنێ جنسییەتی کردنی پەروەردە و فێرکردن و ئەمڕۆ جیاکردنەوەی رشتە زانستگاییەکان کۆماری ئیسلامی بەم هەڵاواردنە جنسییەتییانە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، هەڵاواردنی جنسییەتیی پەرە پێداوە و ویستوویەتی روانینی جنسییەتی لە کۆمەڵگەدا نەهادینە بکا. یەکێک لە فاکتەرە هەرە کاریگەرەکان بۆ نەهادینە کردنی هەر یاسا و کەلتوورێک، سیستمی پەروەردە و فێرکردنە دەتوانێ ئەم ئامانجە وەدیی بێنێ. هەرچەند دەکرێ بڵێین بە داخەوە تا رادەیەک ئەم سیاسەتە زیانی بە کۆمەڵگەی ئێران گەیاندوە و بمانەوێ و نەمانەوێ ئەمە کاریگەریی لە سەر ژیانی بەشێکی زۆر لە مرۆڤەکانی ئەم وڵاتە داناوە، چونکە منداڵ لە سەرەتاکانی قۆناغی فێرکردنەوە لە قوتابخانە ئەم کەلتوورە لە بیر و زەینیدا بچەسپێ، لە داهاتووشدا هەر بەم شێوەیە دەڕوانێتە دنیای دەوروبەری.

بەڵام ئایا کۆماری ئیسلامی بەتەواوی بە مەبەستەکانی خۆی گەیشتوە؟ خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە لەم سیستەمەدا کە ئەم هەموو رێگرتن و بەربەست دروست کردنە لەسەر رێی نیوەی کۆمەڵگەدا هەیە، دیسانیش دەبینرێ کچان ئەگەر نەڵێین زۆرتر، بە رێژەیەکی یەکسان لە گەڵ کوڕان پلەکانی خوێندن دەبڕن و خۆیان ئامادە دەکەن بۆ بازاڕی کار و سیاسەت و....

پێشکەوتن و سەرکەوتنەکانی رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتری ژنانی ئێران لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، شاهیدی بۆ ئەوە دەدەن کە کۆماری ئیسلامی لەو سیاسەتەیدا سەرکەوتوو نەبووە. هەرچەند سیستمی پەروەردە لە گۆڕانکاری و پیشکەوتنەکاندا و لە جێگیر بوونی کەلتوور و فەرهەنگدا نەخشی زۆر ئەساسیی هەیە، بەڵام پێشکەوتنەکانی دنیای هاوچەرخ، بە جیهانی بوون و کەڵکوەرگرتن لە تێکنۆلۆژی و پێشکەوتنەکانی جیهان و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەی ئێران، رێگە بە کۆماری ئیسلامی نادا ئەم سیاسەتەی بە کەیفی خۆی بەرێتە پێش و چۆنی پێخۆش بێ بیکا.

لەم چەند ساڵەی رابردوودا کچان لە ئێراندا لە بوارە پەروەردەیی و فێرکارییەکاندا سەرەڕای ئەو هەموو هەڵاواردن و ڕێگرو بەربەستانەی ئەو رێژیمە بۆی دروست کردوون، سەرکەوتن دەروشانەوەی زۆریان بەخۆیانەوە دیوە، ئەمە راستییەکە و حاشای لێناکرێ رێژەی دەرچوانی کچان لە زانستگاکاندا، بەبەراورد لە گەڵ کوڕان زۆر زیاتر بووە، ئەمەش هەرگیز لەگەڵ نییەت و ماهییەتی کۆماری ئیسلامی نەهاتۆتەوە و نایەتەوە.

لە راستیدا ئەگەر کۆماری ئیسلامی بە هەموو هەڵاواردن و توندوتیژییەکانیەوە، بە هەموو دژایەتییەکی لەگەڵ ژنان هەیبووە، تا ئێستاش نەیتوانیوە وڵات بەرەو ئەو جەهەنەما بەرێ کە خۆی دەیهەوێ. ئەمە بۆ دوو هۆکاری گرنگ دەگەڕێتەوە، یەکیان سەردەمەکەیە، کە مافی مرۆڤ و یەکسانی و دادپەروەری بایەخی هەیە. ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم بوارەش دا دەیکا پێشێلکردنی بێئەملاوئەولای ئەو بایەخانەن و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ناکرێ چاوپۆشی لێبکا، دووهەم خودی کۆمەڵگەی ئێرانە کە نایانهەوێ لە دنیای مۆدێرن و پێشکەوتنەکانی دادبڕێن و ژنانیش هیچکات ملیان بۆ کۆنەپەرستان دانەنەواندوە و رێگە نادەن لە لایەن کۆمەڵێک ئاخوندی کۆنەپەرست و دواکەوتوو، ئەوان بۆ سەدەکانی جاهیلییەت بەگەڕێننەوە.

لە گۆڤاری ژنان ژمارە ٣٥دا بڵاو بۆتەوە

١٠ی دێسەمبەری ٢٠١٢

---

## واژۆی پەیمانێک گرنگە، بەڵام گرنگتر لە واژۆکە پابەند بوونە بە پەیمانەکە لە پەراوێزی ئیمزاکردنی دوو پرۆتوکولی جیهانی لە لایەن ٥ حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە

ڕێکخراوی ژنێڤاکال (بانگەوازی ژنێڤ) بە مەبەستی پابەند بوونی بزووتنەوە چەکدارییەکانی جیهان لە پێوەندی لە گەڵ قانوونە مرۆڤدۆستانەکاندا، و لەسەر بانگهێشتنی سەرۆکایەتیی ئەو ڕێکخراوەیە، نوێنەرانی پێنج حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستان: حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی

کومونیستی ئێرانی، لە شاری ژنێڤ کۆ کردەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا لەلایەن ئەو حیزبانەوە دوو پرۆتوکولی گرنگ لەبواری مافەکانی ژنان و منداڵاندا واژۆ کران.

دیارە ئەوەندی من ئاگادار بم لە سالانی رابردووش دا،لانیکەم حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە پیوەندی لە گەڵ بەکارنەهێنانی مین، ڕێککەوتننامەیەکی لە گەڵ ڕێکخراوی ژنێڤاکاڵ، مۆر کردوە. بە شێوەیەکی گشتی، نێوەڕۆکی پەیماننامە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ، بە تایبەتی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە بەرنامە و پەسند کراوەکانی زۆربەی ئەو حیزبانە دا رەنگی داوەتەوە، بەڵام بە واژۆکردنی ئەم دوو پرۆتۆکۆلە زۆر زیاتر لە پێشوو بەرپرسایەتی و ئەرک بەرانبەر بە نێوەرۆکی پەیماننامە جیهانییەکان بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ منداڵان و ژناندا دەکەوێتە سەر شانیان.

## فێرکردن یەکێکە لە پایەکانی نەهادینەبوونی مافی مرۆڤ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا

لە پێوەندیی لەگەڵ واژۆی دوو پرۆتۆکولی ڕێکخراوی ژنێڤاکال لەلایەن ٥ حیزبی رۆژهەلاتی کوردستانەوە، بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوە هەر وەک واژۆی سەر کاغەز نەمێنێتەوە، پێویستە وەک پرۆژەیەکی ژیانی حیزبی چاوی لێ بکەن و لە ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردنی خۆیاندا ماددەکانی ئەم پەیماننامانە و ئەرک و بەرپرسایەتییەکانیان وەک وانە بە تێکۆشەران و ئەندامان و لایەنگرانیان بڵێنەوە. تاکەکانی نێو ئەم ڕێکخراوانە دەبێ وەک ئوسوولی حیزبەکەیان چاو لە خاڵ بە خاڵی ئەم پەیماننامانە بکەن و ڕێز لە جەوهەری واژۆی حیزبەکانیان بگرن.

فێرکردنی مافەکانی مرۆڤ و پەرەپێدان و ڕێزگرتنی ماف و ئازادییە ئینسانییەکان لەو مەسەلە گرنگانەن کە لە ئەم حیزبانەوە دەبێ لە نێو قەوارەی تەشکیلاتییاندا بەردەوام پێی لەسەر دابگرن و بیکەنە وانەی تەشکیلاتی. واتە پیویستە کەسەکانی خۆیان بە گیانی ریزگرتن لەو مافانە وباوەر بەوان، پەروەردە بکەن. پێویستە لەو هەنگاوە سەمبولیکانە، بەولاوەتر بڕۆن و بەرنامە و ڕێوشوێن بۆ بەرەسمی ناسین و بەرێوەبردنی ئەو مافانەی لەم پەیماننامە جیهانییانەدا هاتوون، دابنێن و چ لە نێو تاکەکانی نیو ڕێکخراوەکانیان دا و چ لە هەلسوکەوت لە گەڵ خەڵک دا بەرێوەیان بەرن. گومانی تیدا نییە کە فێرکردنی مافی مرۆڤ لە دروستکردنی کلتووری پاراستن و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و پەرەسەندن و جێگیربوونی ئەو مافانە لە کۆمەڵگەدا، نەخشێکی سەرەکی و بنیاتنەری

دەبێ.

ئەگەر تا دوێنێ بۆ پاراستنی ئوسوول و پرنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ، هەر خۆمان بەسەر حیزبەکانی خۆماندا چاوەدێر بووین، لەمەوبەدوا رێکخراوە جیهانییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ وەک رێکخراوی ژنێڤاکال، چاودێریی بەڕێوەچوونی ئەو پرنسیپانە لە نێو ئەو حیزبەکانمان دا دەکەن. دیارە واژۆکەرانی ئەم پرۆتۆکۆلانە دەبێ حیسابی ئەوەیان کردبی کە لەمەودوا ئەرک و بەرپرسیارەتییەکانیان لە ئاست مافەکانی ژنان و منداڵان زیاتر دەبێت. وەدیارکەوتن لە ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵی نیونەتەوەیی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و واژۆکردنی پەیماننامە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ، دەتوانێ ببێتە هەوێنی تەبلیغاتی بۆ هەر کام لەو لایەنانە. بەڵام ئێعتبار و جێگە و پێگەی ئەوان لەم واژۆیەدا ئەو کاتە بەرجەستە دەبێ کە بە جیددی بیکەنە پرۆژەی تێکۆشان و تێهەڵکێشی ژیان و کەلتووری حیزبەکانیانی بکەن. جێگیر کردنی یەکسانیی ژن و پیاو و پاراستنی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ لە هەر حیزب و رێکخراو و کۆمەڵگەیەکدا پێویستیی بە بەرنامە و پرۆژە و کار و تیکۆشان لە بوار و ئاستی جۆراوجۆر دا هەیە. بۆیە ئەو ٥ حیزبە بەم واژۆ کردنە ئەرکدار کراون لەمەودوا پرۆژەی مافی مرۆڤ (ژنان ومنداڵان) لە ریزەکانی خۆیان و لە نیو نەتەوەکەی خۆیان دا بەرەوپێش بەرن و وەک چۆن لەئاست ئەرکە نەتەوەییەکانیان، هەست بە بپرسایەتی دەکەن، هەر ئاواش لەئاست مافەکانی ژنان و منداڵاندا دەبێ خۆبەبەرپرس بزانن. ئەو واژۆکردنە ئەوکاتە بایەخ پەیدا دەکا کە بە شێوەیەکی بنچینەیی فێرکردنی مافی مرۆڤ لە پرۆگرامی ناوەندە فێرکارییەکانیاندا رەنگ بداتەوە،تێکەڵ بە ریوشوینە تەشکیلاتییەکانیان ببێ و لە ناوەندە جۆراوجۆرەکان و دامودەزگاکانی راگەیاندنیان دا، رێنوینی و ئیلهامیان لیوەربگیریت.

فێرکردن دەبێتە هۆی بەرەوژووربردنی ئاستی زانیاری و تێگەیشتن لە ماف و ئازادییەکان و ئەمەش گرنگترین ئامرازی پەرپێدانی کەلتووری پاراستنی مافی مرۆڤە. پاراستنی مافی مرۆڤ مەرجی پێویستی جیگیربوونی دێموکراسی، ئاشتی و هەماهەنگیی کۆمەڵایەتییە.

حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بواری فکری و سیاسی و راگەیاندن دا، هەر کامێکیان بە گوێرەی نفووز و توانا و باوەرەکانیان،کەم تا زۆر بە قازانجی جێکەوتنی باوەر بە مافە مرۆییەکان، هەوڵیان داوە. بەڵام واژۆکردنی ئەم پەیماننامانە، ئەرکی ئەوانی لە پیوەندی لە گەڵ کارو تێکۆشان لە بواری مافی مرۆڤ دا قورستر کردوە. بە تایبەتی پێویستە لە هەموو کات و ساتێکدا بوێرانە داکۆکی لە مافەکانی منداڵان و ژنان بکەن، ئەو

مافانە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بناسێنن و مرۆڤی کورد رابێنن پابەند بن بە پاراستنی مافەکانی ژنان و منداڵان. ئەمە دەتوانێ روخسارێکی مرۆڤدۆستانە و ئینسانی بە خەباتی نەتەوەیی،دادپەروەرانە و دێموکراسیخوازی ئەوان بدا. لەم روانگەیەوە، مۆرکردنی پەیماننامەکانی ژنێڤاکاڵ لە لایەن حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، بە هەنگاوێکی گرنگ دەزانم.

لە ژمارە ٥٩٨ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٢

# بابەتەکانی ساڵی ٢٠١١

--------------------------------------------------------------------

## وێناکردنی «پێشمەرگە» لە هەیبەتی «پیاو»دا!!

پێشمەرگە ئەو رۆڵە خەباتکار و شۆڕشگێڕەیە کە لەپێناوی رزگاریی نیشتمان و نەتەوەکەیدا ئامادەیە رێگای سەخت و دژواری خەبات ببڕێ و تەنانەت خۆی بکاتە قوربانی. بە هەزاران کچ و کوڕ و ژن و پیاوی کورد، بوونەتە پێشمەرگە، فیداکارییان کردوە و نرخی گەورەیان لەپێناوی ئامانجەکانیاندا داوە. بەڵام ئێستاش هەرکە ناوی پێشمەرگە دێ، زۆر کەس سیما و قەڵافەتی ئەو شۆڕشگێڕە لە هەیبەتی پیاوێک بە چەک و رەخت و جامانەدا وێنا دەکەن. چاو لە مێژووی نووسراو و ئەدەبیاتی زۆر لە حیزبەکانی کوردستان دەکەی، یا کاتێک گوێ بۆ رادیۆ و تەلەڤیزیۆنیان دەگری پڕن لە دەستەواژەی وەک « کوڕە ئازاکانی گەل»! «کوڕانی مەیدانی نەبەردی و خۆڕاگری»! «رۆڵە جوامێرەکانی...» و بەم جۆرە تەعبیر لە پێشمەرگەکانی کوردستان دەکەن. هەر وا بزانە لە نێو ئەم نەتەوەیە و لە ریزی خەباتی چەکدارانەدا تەنیا کوڕان و پیاوان فیداکارییان نواندوە و ئەوان ئەم خەباتە سەختەیان بە بێ بەشداریی کچان و ژنان بەڕێوە بردوە.

ئەم ئەدەبیاتە کە لە کولتوور و روانگەیەکی پیاوسالارەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوندە دووبارە بۆتەوە کە لە بیر و زەینی تاکەکانی کۆمەڵگەشدا چەسپاوە کە پێشمەرگە پیاوە و پیاو پێشمەرگەیە! ئەگەر چاو لە مێژووی سێ دەیە خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بکەین، بە ئاشکرا دەبینین تێکۆشانی ژنان لەو خەباتەدا تا رادەیەک شاردراوەتەوە، یان هەر دەڵێی لەو خەباتەدا حوزووریان نەبووە. ئەمە لە ئەدەبیات و مێژووی بەشێک لە حیزبەکاندا بە روونی دیار و بەرچاوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ژنان رۆڵ و نەخشی گرنگیان لە خەباتی نەتەوەیی و پێشمەرگایەتی دا گێڕاوە، فیداکارییان کردوە و تەنانەت گیانیشیان بەخشیوە. راستە کە ژنان بە هۆی کەلتووری و کۆمەڵایەتییەوە، لە ریزی هێزی پێشمەرگەدا لە چاو پیاوان رێژەیان زۆر کەمتر بووە،

بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە ئاوا بە ئاشکرا تێکۆشانی ئەو ڕێژە کەمەش لە ژنان لە مێژووی خەباتی پێشمەرگایەتیدا بشاردیتەوە.

هەرکەسێک گومانی لەم ئیددیعایە هەیە، دەتوانێ چاوێک لە ئارشیوی هەواڵەکان، ڕاگەیەندراوەکان، وتارەکان، پەیامەکان، نامیلکەکان، دروشم وپۆستێرە تەبلیغاتییەکانی پێوەندیدار بە خەباتی چەکداریی زۆربەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکا تا بۆی دەرکەوێ کە ئەم قسەیە ڕاستە یان ناڕاست.

زۆر بوون ئەو ژن و کچانەی ئازایانە و بە هەست و گیانی بەرەنگاربوونەوە ڕوویان دەکردە بنکەکانی پێشمەرگە، بەڵام بەهۆی زاڵبوونی ئەم عەقڵییەتە کە ژن لە باری جەستەییەوە توانای پیاوی نییە، وەک پێشمەرگەی هێز و پەلەکان سازمان نەدەدران، بەڵکوو بە ناوی دڵسۆزی و لەپەنا ئەوەشدا نەتوانین! لە هێندێک ئۆرگان و بنکەی سابیت دا دەهێڵرانەوە. هەربۆیە لەجیاتی پاراستی ئەو کەسایەتییە ئازا و بەهێزەیان، بەشێکیان ڕووحی سەرکێشیو شوورو شەوقی خەباتی پێشمەرگایەتییان تێدا دەمرد و دووبارە دەچوونەوە ژێر باری کولتوور و کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا کە لێی یاخی ببوون. تەنانەت هان دراون بخزێنەوە ماڵو واز لە چالاکیی پێشمەرگایەتی بێنن.

حیزبە کوردییەکان بە گشتی بناغەیەکی پیاوسالارییان هەبووە و کەلتووریکی پیاوسالاریان بە سەر دا زاڵ بووە. خۆ ئەگەر بڵێین هەتا ئێستاش، زۆربەی ئەو حیزبانە هەر وەک خۆیان ماونەوە و لە ژێر کاریگەریی ئەو کەلتوورە پیاوسالارە دان، نابێتە بوختان. پێشمەرگە، بە کردەوە ڕەمزی ئازایەتی و بوێری و گیانبەختشین بووە، لەنێو کەلتووری پیاوسالاریشدا ژن زەعیفەیە و ناتوانی ڕەمز یا نمادی کەسێکی ئازا و بەغیرەت بێ! هەر بۆیە ئەو ژنانەی بوونە پێشمەرگە بە هۆی زاڵبوونی ئەم ڕوانینە نادروستە کە پیاو ڕەمزی ئازایەتی و خۆبەختکردنە لە ژێر سێبەری پیاوی پێشمەرگەدا شاردراونەوە. ژنانی پێشمەرگە بۆخۆشیان زۆر جار لە ئاست ئەو ڕوانینەدا بێدەنگ بوون و تەنانەت هێندێکیان بۆخۆیان بەوە ڕازی بوون کە نەچنە نێو هێز و دەستە و پەلە ڕەزمییەکان و لە چوونەوە بۆ ناوچە و بەشداری لە عەمەلیاتەکاندا خۆیان بواردوە. یان ئەگەر لە نێو کچان و ژنانی پێشمەرگەدا، کەسانێکیش هەڵدەکەوتن بۆ ئەوەی لە نێو هێزەکانی پێشمەرگە و لە قووڵایی ناوچەکانی کوردستاندا، ئەرکی پێشمەرگانە بەڕێوە بەرن، دەبوو وەک پیاوێک خۆیان نیشان بدەن، هەڵسوکەوتی ژنانە لە خۆیاندا بمرێنن بۆ ئەوەی لەو مەیدانەدا وەربگیرێن و قەبووڵ بکرێن. هەر بۆیە ئەمڕۆ دەبینین ئەو مێژووە و ئەو ئەدەبیاتەی ڕابردوو

پڕە لە کۆڕانی ئازا! کوڕانی گەڵ، کوڕانی پێشمەرگە و کاکی پێشمەرگە!

لە کۆمەڵگەی کوردستاندا مرۆڤی نێرینە، هەر لە منداڵییەوە بەردەوام بە گوێیدا دەخوێندرێ کە ئەو پیاوە، هەربۆیە دەبێ ئازا، نەترس، بەهێز وخۆڕاگر بی. ژنیش بەپێچەوانەوە پەیتا پەیتا پێی دەگوترێ «زەعیفە»و وەک مرۆڤێکی لاواز سەیری دەکرێ، لە ئاکامدا «پیاو» وەک رەمزی هێز و ئازایەتی و، «ژن» وەک رەمزی لاوازی و ترس لە عەقڵی تاکەکانی کۆمەڵدا دەچەسپێ، بەلام سەرسوڕهێنەر ئەوەیە ئەم جۆرە روانین و بیرکردنەوانە، یا خلتەی ئەم جۆرە عەقڵیەتەی نیو کۆمەڵگە، لە ئەدەبیاتی حیزبەکاندا، و لە بریار و هەلسوکەوتی ئەوان لە گەڵ کچان و ژنانی پێشمەرگەدا، خۆی دەردەخاتەوە. ئەویش ئەو حیزبانەی کە بۆ خۆیان پێشڕەو و خەباتکاری رێگەی دادپەروەری و نەهێشتنی ستەم و نابەرابەرین!. تەنانەت خودی ژنانی نێو ریزەکانی پێشمەرگەش جاروبار خۆیان تەسلیمی ئەم ئەدەبیاتە کردوە و لە دەربڕینی مەبەستەکانیان و لە ئاخافتنەکانیاندا بەو ئەدەبیاتە پیاوسالارە دواون. ملدان بۆ ئەم ئەدەبیاتەش جۆرێکە لە قبوولکردنی هەلاواردن لە دژی ژنان و زوڵمێکە کە لە ژنانی پێشمەرگە دەکرێ.

بە خۆشییەوە ئەمڕۆ ژنان و کچانی ئەوتۆ لە ریزی حیزبەکاندا هەن کە ئامادە نین مل بۆ ئەو ئەدەبیاتە پیاوسالارە بدەن و وەک مرۆڤێکی ئاگا، ئازاد و یەکسانیخواز هیچ هۆیەک نابینن کە کەسایەتیی خۆیان بە لاوازی ببینن یان بۆ ئەوەی وەک پێشمەرگە قبوول بکرێن، پێویست بێ پیاوانە خۆ نیشان بدەن و پیاوانە هەڵسوکەوت بکەن! ئێستا ئیدی کاتی ئەوەیە کە تێڕوانینەکان بەرانبەر بە پێشمەرگە بگۆڕێن و چی دیکە »پێشمەرگە« ئەو رەمزەی خەبات و تێکۆشان، بە تەنیا لە هەیبەتی پیاو دا وێنا نەکرێ و پێشان نەدرێ.

٧ی دێسەمبەری ٢٠١١

# توندوتیژی دژی ژنان، سووکایەتیی بە مرۆڤایەتی بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر ڕۆژی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان

## پێناسەیەک بۆ توند و تیژی دژی ژنان

توندوتیژی دژی ژنان، بەو جۆرەی لە بیر و فکری گشتیی زۆربەی خەڵکدا هەیە، تەنیا لێدان و ئازاری جیسمی نیە. لەلای زۆربەی خەڵک تەنیا لێدان و ئازاردانی جیسمیی ژن وەک توندوتیژی دەبینرێ، لە حاڵێکدا توندوتیژی زۆر لایەنی رەفتاریی ئینسان دەگرێتەوە، وەک: هەڵاواردن لە سەر بناغەی جنسییەت، هەڕەشە و ترساندن و قسەی توند و ناخۆش، تانە و تەشەر لێدان، رەفتاری دەسەڵاتخوازانەی پیاو، دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن مێردەوە، چەند هاوسەری، سەرکوتی هەستەکانی ژن، خەتەنەکردنی کچان، بەزۆر بەشوودان و ڕێگرتن لە خوێندن و کارکردن لە دەرەوەی ماڵ و.... دەچنە نێو بازنەی توندوتیژییەوە.

توندوتیژی دیاردەیەکی نوێ نییە و پێشینەیەکی مێژوویی دوور ودرێژی لە نێو کۆمەڵگەی مرۆییدا هەیە. بەڵام دەکرێ بڵێین سەرنجدان بەم مەسەلەیە لە جیهاندا بابەتێکی تازەیە. کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ١٧ دیسامبری ١٩٩٩ لە هەشتاوسێهەمین کۆبوونەوەی گشتیی خۆیدا ڕۆژی ٢٥ی نوامبری بە ڕۆژی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان دیاری کرد. ئەم ڕێکخراوە بۆ ئەم مەبەستە جاڕنامەیەکی بە ناوی «جاڕنامەی پێشگیری لە توندوتیژی دژی ژنان» دەرکرد و ئەرکی دەوڵەتان و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەم پێوەندییەدا روون کردۆتەوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، لە پێناو کەمکردنەوە و سڕینەوەی ئەم دیاردە دژی ئینسانییەدا، بڕیارنامە و جارنامەیان دەرکردوە و، هەنگاوی بەکردەوەیان هەڵێناوەتەوە، بەداخەوە ئێستاش لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە پان و بەرینەدا هەر بەردەوامە. بەتایبەتی لە نێو کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا ژنان لە ژیانیان لە نێو ماڵ و دەرەوەی ماڵدا دەکەونەبەر ئازار و ئەزیەت وبەم هۆیەوە زیانی جیسمی، دەروونی، ماڵی، سیاسی و کۆمەڵایەتییان لێدەکەوێ.

## پەروەردەو فێرکردنی بنەماڵە کاریگەری هەیە لە بارهێنانی مرۆڤی توندوتیژ

توندوتیژیی دژی ژنان پێناسەیەکی تایبەتی هەیە کە لە جاڕنامەی جیهانی «توندوتیژی دژی ژنان» دا هاتوە: «مەبەست لە دەستەواژەی «توندوتیژی دژی ژنان» هەر کردەوەیەکی توندوتیژ لەسەر بناغەی جنسیەتە کە ببێتە هۆی ئازاردانو زیان پێگەیاندنی جەستەیی، جینسی یا دەروونیی ژنان، یا لەوانەیە ببێتە هۆی ئەم جۆرە ئازارو زیانانە. هەڕەشە یا کردەوەی هاوشێوە، زۆری کردن لە ژنان، بێبەشکردنی زۆردارانەی ئەوان لە ئازادی کە لەبەرچاوی خەڵک یا لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتیدا روو دەدەن، لە ریزی رەفتارو کردەوەی توندوتیژ دان. »

لە پێوەندی لەگەڵ توندوتیژیی بنەماڵەییشدا دەکرێ بڵێین بنەماڵە و ماڵ لەوشوێنانەن کە تاک لەواندا دێتە سەر دنیا و کەسایەتییەکەی وبیرکردنەوە و بۆچوونەکانی تارادەیەکی زۆر لەواندا شکڵ دەگرێ. لە دەورانی سەرەتای ژیان ئەو کاتەی منداڵ تازە دەیەوێ پێ هەڵگرێ و قسە فێر بێ، لاسایی هەموو جووڵە و کردەوەیەکی دەوروبەرەکانی دەکاتەوە. رەفتار و کردەوەی گەورەکان لە مێشکی ئەو منداڵەدا شکڵ دەگرێ و دەچەسپێ و گەورەکان دەبنە نموونە بۆ منداڵەکان. واتە کوڕ باوک دەکاتە نموونە بۆ خۆی و کچیش، دایک. ئارامی، ئەمنییەت، خۆشەویستی و پاراستن و رێزگرتنی مافی یەکتر لە نێو بنەماڵەدا فاکتەرێکی گرینگ و بەنرخن لە دروست بوونی کەسایەتیی منداڵ دا. بناغەکانی هەستی مرۆڤدۆستی و رێزگرتن لە بەرانبەر لە دەورانی منداڵییەوە دادەڕێژرێ. زۆر جار لە نێو کۆڕی بنەماڵەدا ژنێک کە دایکە، خوشکە، و.... لە بەرچاوی منداڵان و مێرمنداڵان دەکەوێتە بەر رەفتاری توندوتیژی پیاو و کەسایەتی دەشکێندرێ. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ژن لە چوارچێوەی بنەماڵەدا کە دەبێ بۆ هەموو ئەندامێکی بنەماڵە ئەمن و ئارام بێ، ئارمی رووحی و دەروونی لەدەست بدا کە دیسان ئەمەش کاریگەریی خراپی لەسەر هەموو تاکەکانی دیکەی نێو بنەماڵە بە تایبەتی منداڵان دەبێ. ئەوپیاوانەی لە تەمەنی پێگەیشتوویی دا بەرانبەر بە هاوسەر، خوشک و دایک توندوتیژی دەنوێنن، ئەم رەفتارەیان پێوەندییەکی راستەوخۆی بە منداڵیی ئەوان و پەروەردەی نێو بنەماڵەکەیانەوە هەیە. لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا پیاو بەگشتی هەستێکی دەسەڵاتخوازی و زۆردارانەی بەرانبەر بە ژن هەیە، ژنیش هەستی ژێردەستەیی و قەبووڵکردنی ناحەقییەکان کە بەرانبەری دەکرێن. پێش هەموو جێیەک لە نێو بنەماڵەدا ئینسانەکان فێری حەقکوژی و پێشێلکردنی مافی یەکتر بوون. بە داخەوە چوارچێوەی بنەماڵە بۆ زۆرلە ژنان شتێک نیە جگە لە ترسان، ترس لە جنێو، سووکایەتی، لێدان و هەڕەشە. تەنانەت ئەو شێوە رەفتارانە لەنێو بنەماڵەدا بەجۆرێک ئاسایی بوون کە لە نێو ئامارە رەسمییەکاندا هیچکات لەبەرچاو نەگیراون. بنەماڵەکان بە گشتی لەهەر وڵاتێکدا ناکەونە نێو گرووپێکی دیاریکراو، واتە هەموو بنەماڵەیەک لە باری کەلتوور و وشیارییەوە وەک یەک نین. بەڵام بە گشتی کولتووری پیاوسالاری کە عەقڵییەتێکی تایبەت بە خۆی لە پشتە و ژن ئازاری، سیما و پێناسەی هەرە دیاری ئەم

کەلتوورەیە، بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵە.

بێگومان پیاوێک کە لە نێو بنەماڵەیەکی ئارام و بە دوور لە توندوتیژیدا گەورە بووبێ، پیاوێک کە هەر لە منداڵییەوە بە گوێیدا نەچپێنن ژن ملکی تۆیە و دەبێ گوێڕایەڵی تۆ بێ، ئەو مافە بە خۆی نادا دەسەڵاتێکی زاڵمانە بە سەر هاوسەرەکەی، خوشکەکەی، دایکی و... دا بسەپێنێ. دیارە ئەم دیاردەیە ریشە و هۆکارەکەی تەنیا لە نێو بنەماڵەدا نیە، بەڵکوو کۆمەڵە هۆکارێک هەن کە کولتووری توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا پەرەپێدەدەن. گەڕان بە دوای ریشەی توندو تیژی دژی ژنان پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و کۆمەڵناسانە هەیە، بەڵام لێرەدا ئەگەر ئاوڕێکی سەرپێیش لە رەفتاری توندوتیژی پیاوان بەرامبەر بە رەگەزی مێینە بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێ جگە لە پەروەردەی بنەماڵەیی، قانوونی پەروەردەیی وڵات و قانوون و رێسا و رێوشوێنە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش لە پەرەپێدان و هێشتنەوەی کەلتووری توندوتیژی دژی ژنان کاریگەرییان هەیە.

ئەگەر قانوون بۆ خۆی هەڵگر و پشتیوانی هەڵاواردن بێت، دەبێتە هاندەر و پەرەپێدەری کولتووری ژن ئازاردان لە کۆمەڵگەدا. ئەمە حاشای لێناکرێ لە زۆر وڵات دا بۆ نموونە وڵاتی ئێران سەرەڕای بەرەوپێشچوون و گەشەی ژنان لە زۆر بواری جۆراوجۆردا، توندوتیژی و ژن ئازاردان لە بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا بە بە ئاشکراو زەقی هەیە و نەک قانوونێکی عادڵانە بۆ پێشگیری لەم دیاردە کۆمەڵاتەتییانە نیە، بەڵکوو قانوونەکانی ئەو وڵاتە خۆیان هۆکاری بەشێک لە توندوتیژییەکانن.

قانوون و رێوشوێنەیاساییەکان دەتوانن رێگە بۆ ئاڵوگۆری فەرهەنگی و روانینی کۆمەڵگە و بنەماڵە بەرامبەر بە هەر مەسەلەیەک بگۆڕن یان ببنە هۆی پاراستنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکان.

## نەخشی ژنان لە بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی دژی ژنان

لەو کۆمەڵگایانەدا کە کولتووری پیاوسالاری زاڵە، هەموو تێڕوانینەکان پیاوانەن، واتە ژنیش خاوەنی ئەو تێڕوانینە پیاوانەیە کە ژن بە مرۆڤێکی پلە دوو دەزانێ، گوێڕایەڵی فەرمانی پیاوە، کەسایەتیی خۆی بە لاواز دەبینێ و مافی یەکسان لەگەڵ پیاو بۆخۆی بەرەوا نابینێ. کە رەفتاری نارەوا وتوندوتیژییشی لەگەڵ کرا هەر خۆی لۆمە دەکا کە هەڵبەت هەڵەیەکی کردوە بۆیە سزاواری ئەو رەفتارەیە! ئەمانە لە بەردەوامی و مانەوەی

توندوتیژی دژی ژناندا کاریگەرییان هەیە.

بەڵام لەم کۆمەڵگایانەشدا ژنی ئاگا و تێگەیشتوو هەن لە ئاست سیستمی حاکم بەسەر کۆمەڵگەدا و لەئاست ئەو تێڕوانینە هەڵانەدا، رادەوەستن و گوێ بەو فەرمان و یاسایانە نادەن کە ژن بە کەسایەتییەکی لاواز دەبینن یان لە چاو پیاوان مافی کەمتریان بۆ لەبارچاو دەگرن. ئەوان کچی خۆیان وا بار ناهێنن کە گوێڕایەڵ و فەرمانبەری پیاوان بن، هەر لە منداڵییەوە بە گوێی کوڕەکانیاندا ناخوێنن کە خوشکەکانتان بەر ئەمری ئێوەن وبۆیان نییە لە قسەتان دەرچن. بە کچەکەیان ناڵێن تۆ خۆت ناتوانی پارێزگاری لەخۆت بکەی کە وایە براکەت دەبێ پارێزگاریت لێ بکا! ئەوان، مناڵەکانیان بە رووحێکی یەکسانیخوازانە و ئاشتیخوازانە پەروەردە دەکەن بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا هیچیان مافی یەکتر پێشیل نەکەن. ئەمانە بەشێکن لەو هەوڵانەی کە لە کەمکردنەوەی توندوتیژیدا.

**کاریگەرن.**

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمڕۆ توندوتیژی دژی ژنان بە گەورەترین سووکایەتی بە مرۆڤایەتی دەزانێ و لەسەر ئەو بڕوایەیە ئەم نەخۆشییە جیهانگیرە پێشی پێ دەگیرێ، بە مەرجێک دەوڵەتان قانوونەکانیان ئیسلاح بکەن و ئاستی وشیار کردنەوەی ژنان و پیاوانی کۆمەڵگە بەرز بکەنەوە و کۆتایی بە شەڕەکان بێنن.

٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١١

---

## رێگەی سەختی بەردەم کچانی پێشمەرگە.

**(بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگە)**

بیرم لە پچڕاندنی ئەو زنجیرە دەکردوە کە هەر لە منداڵییەوە وەکوو کچ لە دەست و لاقم ئاڵابوو. خەونی گەورەم ئازایەتی و سڕینەوەی ئەو ترسە بوو کە دایکم هەر لە منداڵییەوە فێری کردبووم.

دەمکوت پێشمەرگایەتی یانی بێترس هەنگاو هەڵێنانەوە. ترس لە شەڕو تۆپ و کاتیۆشاو بۆمباران! نا، بەڵکوو ترس لە هەموو ئەو کۆت و بەندانە کە من و هەزاران و ملیۆنان کچی وەک من لە ماڵ و لەنێو کۆمەڵگەدا لە گەڵی گەورە ببووین.نەمدەزانی دیسان جارێکی تر لە گەڵ پاشماوە و شوێنەواری ئەو کولتوورە رووبەروو دەبمەوە.

بۆ من سەخت نەبوو کە دایکم یان براکەم دەیگوت کچ بۆ پێشمەرگایەتی نابێ! بەڵام بۆ من زۆر سەیر بوو کە هاورێ پێشمەرگە پیاوەکەم یان هاوسەری ئەو پێشمەرگانەی لە بنکە سابیتەکان دا شەوانی زستان من وپێشمەرگە کچەکانی هاورێم دەبووینە میوانیان! هەر ئەمجۆرە قسانەیان دووپات دەکردەوە. ئەو کولتوور و بیرکردنەوە دواکەوتووانەیە لە شار و دێ باڵادەست بوون و من و کچانی هاوتەمەنم بەدەستییەوە دەمانناڵاند، جارێکی دیکە لە نێو خەبات و ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەرەوروومان دەبووەوە. ناهاوسەنگییەکان بە جۆرێکی دیکە خۆیان نیشان دەدام. لە دەروونم دا لەگەڵ کێشەیەکی زۆر رووبەروو دەبوومەوە.

ئەمە راستییەکی حاشا لێ نەکراوە خەباتی شاخ و پێشمەرگایەتی بۆ کچ و کوڕ سەخت و ناخۆشە. ئەو دۆخەی کچانی پێشمەرگەی تێیدا بوون زۆر سەختتر بوو لە هی کوڕەکان. بە تایبەتی لە دەیەکانی ٧٠ - ٦٠ی هەتاوی دا، جگە لە بڕینی رێگا سەختەکانی شاخ و برسییەتی و بێئاوی و نەبوونی ئیمکاناتی سادەی ژیان، پاشماوەی ئەو کلتوورە دواکەوتووەیەش کە لە نێو بنکە و هێز و کەمپ و دەوروبەرمان هەبوو چەند بەرابەر رێگاکەی لە کچان سەخت دەکردەوە. ئەو کاتە ئەو ئامادەییە لە حیزبیشدا نەبوو کچانی پێشمەرگە بە ئاسانی وەربگیرێن. بەڵام ئەوە باوەڕ و هیممەتی ئەو کچانە بوو کە نەیدەهێشت هەموو ئەو سەختییانە پێشی هەنگاوەکانیان بگرن. هەرچەند بەداخەوە ئێستاش کەم کەس ئەو دەرکەی لە ژیانی کچانی پێشمەرگە هەیە کە لەگەڵ چ کەند و کۆسپێک بەرەورووبوونەتەوە. ئینسان دەبێ چەند بەهێز بێ کە ئەو کەندوکۆسپانە نەتوانن پێشی تێکۆشانی پێشمەرگایەتیی پێبگرن؟ بەڵام کێ بڕوا بەم تواناو هێزە دەکا کە کچانی پێشمەرگە لە رەوتی ژیانی پێشمەرگایەتیدا لەخۆیان نیشانیان داوە و گەیشتوونەتە ئەمڕۆ. ئەمڕۆیەک کە ئەو حیزبەی زووتر گرنگیی داوە بە رۆڵی ژنان لە خەباتی پێشمەرگایەتیدا، بە یەکێک لە شانازییەکانی دەژمێردرێ. ئەو حیزبەش گرنگیی پێنەداوە یان لەم بارەیەوە درەنگ وەخۆکەوتوە بە یەکێک لە کەموکوورییە گەورەکانی ژیانی سیاسیی ئەو بەحیساب دێ.

ئێستا بۆ کۆمەڵگەی کوردستان کەمتاکورتێک مەسەلەی پێشمەرگایەتیی کچان ئاساییە. رچەشکێنیی کۆمەڵە و یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان و دواتریش حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ پێشمەرگایەتیی کچان لە شارو

دێو ناوچەکانی کوردستان ئەم ڕێگایەی ئاوەڵا کرد. وردە وردە کچان روویان لە ریزەکانی حیزبی ئێمەش (حیزبی دیموکرات) کرد. کەم نەبوون ئەو کچانەی بە عیشقی پێشمەرگایەتییەوە روویان لە ریزەکانی حیزب کرد. بەڵام هەرکات کە ئاور لە ڕێژەی ژنانی پێشمەرگە لە نێو حیزبی دیموکراتدا دەدەینەوە، ڕێژە و ژمارەی کەمی ئەوانمان دێتە بەرچاو. هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم راستییە کە خودی ژنانی پێشمەرگە ئامادە نەبوون زۆرتر هەوڵ بدەن بمێننەوە و رچەشکێنی ئاڵوگۆڕە نوێیەکان بن و هەنگاوی بوێرانەتر و ریشەییتر هەڵێننەوە. لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی هەلومەرجێکی تایبەتی و کولتووری نێو ریزەکانی حیزب، زۆریان خێرا ژیانی هاوبەشیان پێک دەهێنا و ئەمەش یەکێک بووە لە گرفتە سەرەکییەکانی بەردەمی هەڵدان و سەرکەوتن و مانەوەیان لە بەرگی پێشمەرگایەتیدا. پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش، کچانی لەجێبەجێکردنی ئەرکی پێشمەرگانە سست دەکردەوە. ژیانی هاوبەش کۆمەڵێک ئەرک و بەرپرسایەتیی تێدایە و ئەگەر نەڵێم هەمووی، بەشی زۆری ئەو ئەرک و بەرپرسایەتییانە لە ریزەکانی پێشمەرگەدا کەوتۆونە سەر شانی ژن. ئەمەش وای کردوە پێشمەرگەی ژن نەتوانێ ئەرکی سیاسی و پێشمەرگایەتی بەو جۆرەی کە دەبێ، بەڕێوە بەرێ. لەگەڵ ئەمەش دا کەسانێک هەبوون بە هەوڵ و ماندوو بوونی زیاتری خۆیان دەرفەتەکانیان لەدەست نەداوە و نەیانهێشتوە لەنێو تەمومژی پیاوسالاریدا ون بن. بەڵام هەر لەلایەن ئەم کلتووورە زاڵەوە هێز و ئیرادە و کەسایەتییان کەوتۆتە ژێر سێبەری پیاوێک بە ناوی هاوسەر یان باوک.

بێگومان بەشێکی زۆر لە ژنانی پێشمەرگە بۆخۆیان هەڵگری بەشێک لەم کولتووورە بوون و بەرپرسیار بوون بەرامبەر بەو دۆخەی تێی کەوتبوون. چونکە ئەوان تەسلیمی ئەو رۆڵ و نەخشانە بوون کە بۆیان دانرابوو. بەڵام با هەموو تاوانەکەش نەخەینە سەرشانی خودی ژنان!

---

## قاتڵی جاڵجاڵووکەیی لە ئێراندا ماوە؟!

کۆمەڵگەی پیاو سالار لە وڵامی هەر کردەوەیەکی ناپەسەندی پیاویشدا هەر ژن بە تاوانبار دەزانێ. ئەم بیرکردنەوەیە ئەگەر هی هەر ئایین و کولتوور و یاسایەک بێ، پێویستە لە لایەن کەسانی وەک مازیارەکانەوە قامکی لەسەر دانرێ و بوێرن بڵێن ئەمە هەڵەیە! کاری هونەری فیلم و سینەما کاریگەریی زۆری بەسەر روانینی

خەڵکەوە هەیە. ئەوانەی لەم بوارەدا توانایان هەیە، پێویستە تواناییەکانیان لە پێناوی سڕینەوەی تاوان و توندوتیژیدا بەکار بێنن.

ساڵی ١٣٧٩ زنجیرەیەک قەتڵی ترسناک لە شاری مەشهەدی ئێران روویان دا کە بۆ ماوەیەک حاڵ و هەوای ئەوکاتی کۆمەڵگەی ئێرانیان خستە ژێرکاریگەریی خۆیانەوە. «هێزە ئینتیزامییەکان» بە دوای قاتڵ یان قاتڵەکاندا دەگەڕان. سەرەنجام دوای ساڵێک و ١٦ قەتڵ، قاتڵ دۆزرایەوە و درایە دادگا.

»ناوم سەعیدە و شۆرەتم حەنایی، بەننای خانووم، خێزانـدارم. لە ٧ی گەلاوێژی ساڵی رابردووە (١٣٧٩) تا ئێستا ١٦ ژنم کوشتوون، پەشیمانیش نیم لەو کارەی کردوومە. ئەگەر نەگیرابام دەمویست ژمارەی ئەو ژنانە بگاتە ١٥٠ کەس.«

ئەوە بەشێک لە قسەکانی سەعید حەنایی بوون کە لە رۆژی ٣١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٨٠ لە کاتی دادگایی کردنی دا کردوونی. سەعید حەنایی بڕیاری دابوو فەرمانی خودا لە سەر عەرز و لە مەملەکەتی ئیسلامی دا جێبەجێ بکا. بە قسەی ناوبراو ئەو ژنانەی ئەو کوشتوونی ناپاک و گوناهکار بوون بۆیە پێویست بوو وڵاتەکەی لەوان پاک بکاتەوە. هەر ئەو کاتیش کە ناوبراو دادگایی دەکرا، زۆر کەسی نێو دەسەڵاتی ئێران نارازی بوون لەم موحاکەمەیە. رۆژنامەیەکی سەر بە محافزەکارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران نووسیبووی چ کەسێک دەبێ محاکەمە بکرێ، گوناهکاران یان بێگوناهان؟!

سەرەنجام سەعید حەنایی لە بەهاری ساڵی ١٣٨١دا ئێعدام کرا. بەڵام ئایا بیر و فکری سەعید حەنایی بە لەناوچوونی ناوبراو کۆتایی هاتوە؟

رۆژی ١١- ٨ - ١٣٩٠ لە بەرنامەی «ئاپارات»ی b.b.c ی فارسیدا فیلمێک لە دەرهێنانی مازیار بەهاری فیلمسازی ئێرانی بە ناوی»عنکبوت آمد« (جاڵجاڵۆوکە هات) بڵاو کرایەوە، منیش یەکێک لەو کەسانەی کە ئۆگریم بە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵگەی ئێرانەوە هەیە، بەسەرنجەوە روانیمە فیلمەکە و هەست و بیرکردنەوەی منی بە خۆیەوە مەشغووڵ کرد.

بینینی فیلمەکە منی بردە نێو قووڵایی کارەساتێکی ترسناک لە کۆمەڵگەی ئێراندا. کاتێک وتووێژی لایەنەکانی ڕووداوەکەم لە فیلمەکەدا دیت، (وەک: کەسوکاری قاتڵ دایک، برا، هاوسەر، کوڕ و تەنانەت هێندێک لە دۆست و ناسیاوانی و بەشێک لە قسەکانی قاتڵ)، هەستم کرد کە کارەساتەکە لەوە گەورەترە کە بە لەناوچوونی قاتڵێک کۆتایی بە تاوانی لەم جۆرە بێ. کەسوکاری جینایەتکارەکە بە سەراحەت و ئاشکرا و بە هەستکردن بە شانازییەوە باس لە سەعیدیان دەکەن ودیفاعی لێ دەکەن و دەڵێن ئەو کارێکی خراپی نەکردوە جگە لەوەی کۆمەڵگەی لەو ژنە ناپاکانە پاک کردۆتەوە و وەزیفەی ئیسلامیی بەجێ گەیاندوە!

بزانن کێ بڕیار لەسەر چارەنووسی کۆمەڵێک ئینسانی بێدەرەتان و چارەڕەش دەدەن؟ دایکی سەعید دەڵێ: شەوێک خەونم دیت کەسێک هات و بەبێ ئەوەی سیمای ببینم پێی وتم نارەحەت مەبە سەعید بە پێی بڕیاری ئیسلام جووڵاوەتەوە و کارێکی خراپی نەکردوە! هاوسەرەکەی سەعید کە زۆر بە سۆزەوە باس لە مێردەکەی دەکا و لە جێیەکدا دەڵێ: « من کارێکی خلافم لەو ئینسانە نەدیوە بۆچی دەبێ سزا بدرێ؟! ژنێک کە بەپێی خۆی بچێ و لەگەڵ پیاوی بێگانە دەست تێکەڵ بکا، سزاکەی هەر ئەوە بێ باشە. ئەگەر کوشتنی ئەوانە خراپە، داوای بەخشینی لەلای خودا بۆ دەکەین»! کورەکەی بە جۆرێک باسی باوکی دەکرد کە دەتگوت باس لە کەسایەتییەکی پیرۆز دەکا. کۆرێکی ١٢ ساڵە - کە ئێستا رەنگە ٢٣ یان ٢٤ ساڵ بێ - زۆر بە شانازییەوە سەحنەی جینایەتەکەی باوکی دروست دەکاتەوە و پشتییەک (باڵنج)ێک دادەنێ و دەڵێ «ئاوا بەم شێوەیە خەفەی کردوون»! پاشان دەڵێ «کە باوکم ئێعدام کرا نارەحەت بووم گوتم رەنگە کارێکی خراپی کردبێ وا بەم شێوەیە سزا درا، بەڵام کە چوومە دەرەوە و خەڵک پێیان دەگوتم باوکت کارێکی باشی کردوە، سەرت بەرز راگرە و تۆ دەبێ درێژەی ئەو کارەی باوکت بدەی» ناپاکان دەبێ لەسەر زەوی پاک بنەوە! بە پێکەنینەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێ منیش دەمگوت با بزانم چۆ دەبێ»! گوتم نا، وادیارە باوکم کارێکی باشی کردوە.

قسە و بیرکردنەوەی ئەوانە منی تاساند. بیر لەوە دەکەمەوە و دەڵێم کۆمەڵگەی ئێران چی بەسەری هاتوە! ئەمە چ کەلتوورێکە ئەو خەڵکەی بەم شێوەیە بار هێناوە؟! چ شتێک دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو ئینسانانە ئاوا بیر بکەنەوە؟! لە کوێدا دەبێ بۆ هۆکارەکەی بگەڕێین؟ ئەگەر تەنیا کەس و کارەکەی و دەوروداوسێکانی بەم شێوەیە بیربکەنەوە کە دەرهێنەری ئەو فیلمە (مازیار بەهاری) بە بینەری نیشان داوە، دەبێ بڵێن سەعید حەنایی هەر ماوە. کە بەدەڵنیاییەوە دەبێ بڵێین زۆرن ئەوانەی کە وەک ئەوان بیر دەکەنەوە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کۆمەڵگەی ئێران تووشی چ کارەساتێک بووە کە کەسانی وەک سەعید حەنایی لێ هەڵدەکەوێ؟ قاتڵی ١٦ ئینسان بی بەبێ

ئەوەی تۆسقاڵێک هەست بە شەرمەزاری بکەی!

بە دڵنیاییەوە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە پەرەسەندنی ئەم بیرکردنەوەکارەساتبارەدا نەخشی سەرەکییان هەیە. سەعید حەنایی نموونەیەکی ئاشکرای سەربازان و موریدەکانی خامنەیی و خومەینیی جینایەتکار بوو. حەنایی بە قسەی خۆی و زۆر کەسی دیکە لە رووی وەزیفەی شەرعییەوە قەتڵی ئەنجام داوە و پێی وایە وەزیفەیەک کە لە شەڕی ئێران و عێراق دا ئەنجامی داوە، ئێستاش هەر درێژەی ئەو ئەرکەیەتی بەڵام بەم شێوەیە. بۆیە ئاوا بە شانازی و بڕوابەخۆبوونەوە باس لە ئەرکە شەرعییەکەی! خۆی دەکا. لێرەدا بە روونی دەردەکەوێ ئیمام و رێبەرەکانی باشیان پەروەردە کردوە، ئەویش دەرسەکەی باش وەرگرتوە.!

شەڕ، سەرچاوەی زۆر رۆژرەشی و بەدبەختییە. ٨ ساڵ شەڕی بێئاکامی ئێران و عێراق ئەم وڵاتەی لە هەموو لایەنێکەوە وێران کرد. دەبێ پرسیار لە دەسەڵاتداران و ئەوانەی بەم دەسەڵاتە وەفادارن بکرێ کە چ شتێک بۆتە هۆکاری رۆژرەشی و بێچارەیی ئەم ئینسانانە کە سەعید حەنایی و حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی بە گوناهکار و تاوانباریان دەزانن؟

تا نیزامێکی وەکوو کۆماری ئیسلامی لەسەر کار بێ گیانی مرۆڤە بێدەرەتانەکان لەئاست ئەو بیرکردنەوە ترسناکە (وەزیفەی شەرعی و ئیسلامی)ی حەناییەکاندا، هەروا بێ نرخ دەبێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە ٣٠ ساڵە ئەم باوەڕە لە نێو کۆمەڵگەدا بڵاو دەکاتەوە هەر بۆیە مرۆڤ نرخی نەماوە و بەلای زۆر کەسەوە کوشتنی ئاسان و ئاسایی بووە. دیارە بەشێک لەم بیرکردنەوانە بە هۆی ساختاری سوننەتیی کۆمەڵگەی ئێران هەر هەبووە، بۆ نموونە کوشتنی نامووسی پێش کۆماری ئیسلامییش لە کۆمەڵگەی ئێراندا هەبووە، بەڵام قانوون و رێساکانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ ژناندا ئەم بیرکردنەوەیەی بەهێزتر کردوە.

ئەم رێژیمە بە ناوی «امر بە معروف و نهی از منکر» جگە لەوەی بۆخۆی خەڵک دەگرێ و دەکوژێ و ئێعدام دەکا تاکەکانیش رادەسپێرێ بە ناوی جێبەجێکردنی راسپاردەی ئایینی، بەرەورووی تاکەکانی دیکە ببنەوە و سزایان بدەن و ناپاکییەکان لەنێو بەرن. بەڵام ئەمانە نەک کەمترین چارەسەر نەبوون بۆ کێشە کۆمەڵایەتییە و سیاسییەکان، بەڵکوو پاڵنەری توندوتیژی و ئینسان کوشتن بە ناوی پاراستنی نامووس لە کۆمەڵگەدا بەداخەوە پەرەی سەندوە.

**بەڵام بۆ پێشگرتن لەم کارەساتانە چ بکرێ؟ مازیار بەهاری کارێکی بە نرخی کردوە و دەستی لەسەر برینێک داناوە و پرسیاری دروست کردوە. شارەزایانی بواری فیلمسازیی بە کارەکانیان دەتوانن کاریگەرییان هەبێ لەسەر روانینی خەڵک. بەتایبەتی ئەم بوارە (فیلم و سینەما) ئینسانە نەخوێندەوارەکانیش دەتوانن سوودی خۆیانی لێ ببینن و لەم رێیەوە ئەم شێوە روانینە دژە مرۆیی و شەرماوییە بسڕنەوە.**

**کوشتنی نامووسی لە وڵاتانێکدا روودەدا کە پێوەندیی دوو لایەنە هەیە لە نێوان سوننەت وکولتوور و قانوونی وڵاتەکە دا. رەوایی دان بە قەتڵی نامووسی بە ناوی پاراستنی ئابروو و سڕینەوەی بێئەخلاقی لەلایەن کەسانێکەوە، ئەگەر پشتوانەی ئایینی و قانوونییش هەبێ، پێشێلکاری ئاشکرای مافەکانی مرۆڤە.**

**لە وڵاتی ئێران زۆرن ئەو کەسانەی وەک حەناییەکان بیردەکەنەوە بەڵام خەڵکانێکیش هەن کە دەتوانن پێش بەو بیرکردنەوەیە بگرن و خەڵکی لەو تاوانە دڵتەزێنانە ئاگادار بکەنەوە، ئەگەر کردەوەکەی سەعید حەنایی لەلایەن خەڵکەوە ریسوا و شەرمەزار بکرێ، کور و بنەماڵەکەی سەعید حەنایی ناتوانن ئاوا بە شانازییەوە باس لە کارە چەپەلەکەی ناوبراو بکەن و دیفاعی لێ بکەن.**

**تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە ٥٧٠ی رۆژنامەی کوردستان،**

**٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١١**

## ئاشتیخوازیی ژنان، لاپەڕێکی زێڕینی مێژووی مرۆڤایەتی

**کومیتەی نۆبێل ئەمساڵ لە کاتی راگەیاندنی ئاکامی خەڵاتی ئاشیتدا رایگەیاند: «ئێمە ناتوانین بە دێموکراسی و ئاشتیی یەکجاری لە جیهاندابگەین، مەگەر ئەوەی کە ژنان مەجالی بەرابەر لەگەڵ پیاوان وەدەست بێنن و بتوانن کاریگەرییان سەر پێشکەوتن و پەرەسەندنەکان لە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵایەتییەوە هەبێ. هەواڵی بەخشینی خەڵاتی نۆبێلی ٢٠١١ بە سێ ژن بە هۆی رۆڵ و نەخشیان لە پێناوی کار بۆ وەدیهاتنی ئاشتی، دێمۆکراسی و**

یەكسانیی رەگەزی، جارێكی دیكە سرنجی جیهانیانی بۆلای خۆی راكێشا.

ئەو سێ ژنە خەباتكارەكە بە هاوبەشی خەڵاتی ئاشیی نۆبێلی ۲۰۱۱یان بردەوە، بریتین لە: ئالێن جانسۆن سیرلیف یەكەمین سەركۆماری ژن لە سەردەمی دوای سەربەخۆیی ئەفریقایە. لیما گوبوی لە وڵاتی لیبریا. هۆكاری هەڵبژاردنی ئەو دوو ژنە لە لایەن كومیتەی ئاشتیی نۆبێلەوە بۆ ئەم خەڵاتە، نەخشی گرنگی ئەوان بووە لە پێناو كۆتایی هێنان بە شەڕی خوێناویی ناوخۆیی ۱۳ساڵەی لیبریا و تێكۆشانیان لە پێناوی ئاشتی و پشتیوانی لە مافەكانی ژنان بووە. تەوەكول كرمان، خەڵكی یەمەن هۆكاری هەڵبژاردنی ناوبراویش هەوڵەكانی بووە لە پێناوی وەدیهاتنی مافەكانی ژنان، دیمۆكراسی و ئازادی بووە. كرمان یەكێكە لە سیما ناسراوەكانی خۆپیشاندانە جەماوەرییەكانی خەڵكی یەمەنە، ناوبراو لە مانگەكانی رابردوودا لە زۆربەی حەرەكەتە نارەزایەتییەكانی شاری سەنعادا لە نێو ریزی نارازیاندا و زۆرجار لە ریزی پێشەوە حوزووری هەبووە و ژنانی هان داوە بۆ هاتنە مەیدان لە دژی دەسەڵاتی دیكتاتۆریی عەلی عەبدوڵلا ساڵح.

بڕیاری كومیتەی ئاشتیی نۆبێل، بۆ هەڵبژاردنی ئەو ژنانە، نیشانەی بایەخدانە بە خەباتی ئاشتیخوازانەی ژنان لە جیهاندا و هەروەها گرنگیدانە بە رۆڵ و نەخشی ژنان لە پێناو ئاشتی، دیمۆكراسی یەكسانیی رەگەزییە لە كۆمەڵگە پیاوسالارییەكان و ئەو كۆمەڵگایانەی ئازاریان دیوە لە دەست شەڕ و توندوتیژی. لەهەمان كاتیش دا رۆڵ و نەخشی ژنان لە پێناوی ئاشتی و چەسپاندنی مافەكانی مرۆڤ لەو وڵاتانە نیشان دەدا.

## ژنانی براوەی خەڵاتی نۆبێل

ساڵی ۱۹۰۱ كە یەكەم خەڵاتی ئاشیی نۆبێل دراوە، تائێستا ۱۱۰ كەس ئەم خەڵاتەیەن وەرگرتوە. لە نێو ئەو ۱۱۰ كەسەدا ناوی ۱۱ ژن دەبینرێ. ژنانێك كە تائێستا توانیویانە ئەم خەڵاتە بەناوبانگ و جیهانییە وەربگرن بریتیین لە:

* **بارون بێرتافون زونتر** لە ساڵێ ۱۹۰۵ بە هۆی هەوڵدان لە پێناوی سەركەوتنی بزووتنەوە ئاشتیخوازانەكان، * **جێین ئادامز** ساڵی ۱۹۳۱ بە هۆی هەوڵدان لە پێناوی راوەستاندنی شەڕی یەكەمی جیهانی،
* **ئیمەیلی گرین بالچ** ساڵی ۱۹٤٦ بە هۆی دانی گەلاڵە داهێنەرانەكانی بو دامەزراندنی ئاشتی لە جیهاندا، *

* بتی ویلیامز، مرید کاریگان ساڵی ١٩٧٦ بە هۆی کارە ئازایانەکانەکانیان لە پێناوراگرتنی توندوتیژی لە ئیرلەند،

* دایە ترێزا ساڵی ١٩٧٩ بە هۆی ڕێز گرتن لە گەورەیی رووحی بەرزی مرۆڤ،

* ئالوا میردال ساڵی ١٩٨٢ بە هۆی هەوڵەکانی لە پێناو چەک داماڵین،

* ئانگ سان سووکی ساڵی ١٩٩١ بە هۆی خەبات لە پێناوی ئاشتی و ئاشتیخوازی،

* ریگوبێرتامنچۆ ساڵێ ١٩٩٢ بە هۆی خەبات لە پێناوی پاراستنی مافی مرۆڤ، بەتایبەتی مافی «بومی»یەکان،

* جودی ویلیامز ساڵی ١٩٩٧ بە هۆی خەبات لە پێناوی قەدەغەکردنی مین،

* شیرین عیبادی ساڵی ٢٠٠٣ بە هۆی هەوڵ و تێکۆشانە مرۆییەکانی،

* وانگاری ماتایی ساڵی ٢٠٠٤ وەک نموونەیهاوپێوەندی لێک گرێدراوی ئاشتیی جیهانی و ژینگەپارێزی. ئەمساڵیش ئەم خەڵاتە بەناوبانگە هەروەک لەسەرەوە باس کرا، بە هاوبەشی دراوە بە ئالێن جانسۆن سیرلیف، لیما گوبوی لە وڵاتی لیبریا. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو ژنانە لە لایەن کومیتەی ئاشتیی نۆبێلەوە بۆ ئەم خەڵاتە، نەخشی گرنگی ئەوان بووە لە پێناو کۆتایی هێنان بە شەڕ، سەرخستنی ئاشتی و پشتیوانی لە مافەکانی ژنان.

هەرکام لەو ١١ ژنە، ڕێگای پڕ لە هەوراز و نشێویان بڕیوە بۆ وەدیهاتنی ئاشتی و دادپەروەری لە جیهاندا. ئەو ١١ ژنە راستە هەر یەکەیان لە توێژ و نەتەوە و ئایین و سەردەمی جۆراوجور بوون، بەڵام هەموویان ئامانجێکی هاوبەشیان هەبووە، ئەویش وەدیهێنانی ئاشتی، دیمۆکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ بووە لە وڵاتەکانیاندا. ئەم ئامانجە هاوبەشەیە، ژنان لە هەموو شوێنێکی جیهان دڵخۆش دەکا کە،ژنێک لە ئەفریقا، ئاسیا و... خەڵاتی بەناوبانگی ئاشتیی نۆبێلی بە نسیب دەبێ.

هەوڵ و تێکۆشانی ژنان بۆ چەسپاندنی ئاشتیی لە جیهاندا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستی پێکردوە و لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا پەرەی سەندوە. بۆیە ئەمرۆ دەبینین دەیان ژن لە گەڵ ئەوەی خەڵاتەکانی دیکەی ئەدەبی و زانستی و... وەردەگرن، خەڵاتی بەناوبانگی ئاشییشیان بە نەسیب دەبێ.

طدایە ترێزا کەسێکە لە ماوەی تێکۆشانی ئاشتیخوازانەیدا سێسەد و حەفتا ناوەندی بۆ وەرگرتن و پەنادانی هەژاران و بێ سەرپەرستان دامەزراند.

ئالوا میردال لە ساڵەکانی ١٩٦٦ تا ١٩٧٣ وەزیری داماڵینی چەک بوو لە دەوڵەتی سوئێد و چەندساڵێکیش لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرپرسایەتی کۆمیسیۆنی چەک داماڵینی لەسەر شان بوو و بۆ یارمەتی بە وڵاتانی جیهانی سێهەم زۆر کاری بەنرخی کرد. هێلن کلێر هەم نابینا بوو هەمیش کەڕ و لاڵ، مامۆستا و بەخێوکەرەکەی ژنێک بوو بە ناوی سالیون، ئەو کچە لەلایەن ئەو ژنەوە خوێندن و نووسین فێر بوو، تەنانەت قسەکردنیشی فێرکرد. سالیون تا کاتی مردنی (١٩٦٨) ژیانی تەرخان کرد بۆ پێڕاگەیشتن بە کەمئەندامان. هێلێن کلێریش بە نووسینەکانی خۆی تیشکی هیوای خستە دڵی هەموو ئەوانەی کەمئەندامن و لەباری جیسمییەوە تەواو نین.

جێین ئادامز ساڵی ١٣٣٠ ڕاگەیاندراوێکی لەلایەن ژنانەوە بە دیفاع لە ئاشتی بۆ دەسەڵاتدارانی هەموو جیهان نارد.

بتی ویلیامز و مێرید کوریگان دوو ژنی ئیرلەندی بوون سی هەزار ژنی کاتۆلیک و پرۆتستانیان بۆ خۆپیشاندانی ئاشتیخوازانە هێنایە سەرشەقام. ئەمانە نموونەیەکی کەمن لە خۆبەخشی و تێکۆشانە ئاشتیخوازانە و مرۆییەکان لە لایەن ژنانەوە.

نیوەی هەر کۆمەڵگەیەک ژن پێکی دێنێ، بێگومان پشتگوێ خستنی نیوەی کۆمەڵگە، پشتگوێ خستنی نیوەی هێزو تواناکانی کۆمەڵگەیە. نەخشی ژنان لە بەرەوپێشبردنی ئاشتی دیموکراسی لە هەر وڵاتێکدا ناکرێ بە هێند وەرنەگیرێ. تەنانەت دەتوانین بڵێین لەو بارەیەوە زۆر لە هی پیاوان گرنگترە. بەهۆی ئەوەی ژن لە پەروەردە کردنی نەوەی داهاتوودا زۆرترین ڕۆڵی هەیە، دەتوانێ لە سەر پیاویش کاریگەری هەبێ. دایکان کە منداڵەکەیان بە ڕۆحێکی ئاشتیخوازی و یەکسانیخوازی پەروەردە بکەن، بە دڵنیاییەوە کۆمەڵگە دوور دەبێ لە توندوتیژی و نادادپەروەری. هیچ دایکێک حەز بە شەڕ ناکات، چونکە دەزانێ پریشکی ئاگری شەڕ بەر منداڵەکەی ئەویش دەکەوێ.لە مێژووی پڕ لە شەڕ و کێشەی مرۆڤدا هەمیشە ژنان زۆرترین زیانیان دیوە.بۆیە ئەوان بێزارن لە توندوتیژیی و خوێنڕێژی و ئینسانکوشتن، بەڵام چونکە ژن لە ناوندی دەسەڵاتدا حوزووری کەم بووە، نەیانتوانیوە ئامانجەکەیان وەدیبێنن، بۆیە دەبینین ئاگری شەڕ تائەمڕۆش بەداخەوە لەهێندێک وڵاتدا هەربڵێسەی دێ.

ئاشتیی و دیموکراسی لە هەر وڵاتێکدا کاتێک وەدی دێت، کە ژن و پیاو مافی وەکیەکیان هەبێ و ژن وەک

هاووڵاتی پلە دوو چاوی لێنەکرێ، ئاشتی و دیمۆکراسی کاتێک وەدی دێن کە تاکەکانی کۆمەڵگە رووبەرووی توندوتیژی نەبنەوەو ژنانیش لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا نەخشی کاریگەریان هەبێ. درانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل هاوکات بە سێ ژن لە وڵاتانی ئەفریقا و ئاسیا، نیشانەی درەوشاوەیی خەباتی ژنانە لە پێناو ئاشتی و دادپەروەری لەم وڵاتانەدا و پەرەسەندنی سرنجی جیهانیانە بۆ لای خەباتی ئاشتیخوازانەی ژنان.

بەو هیوایە هەوڵەکانی ژنان لە پێناوی ئاشتی و دادپەروەریدا ببێتە مایەی ئارامی و سڕینەوەی هەرچەشنە توندوتیژیی و شەڕ و ئاژاوەیەک لە جیهاندا

٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١١

---

## بەهاری عەرەب، پاییزی ژنان؟!

### وەرگێڕان لە فارسییەوە

بەشداری چالاکانەی ژنانی میسری لە مەیدانی «تحریر»ی قاهیرە هیوای زۆری بۆ بەشداری زیاتری ئەوان لە دەسەڵاتی تازەدا دروست کردبوو کە ئێستا خەریکە بەفیڕۆ دەڕوا. میسر لەجیاتی دەسەڵاتی دێموکرات، دەسەڵاتی ئیلاهی ئەزموون دەکا.

ئەوکاتە شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی میسر دەستی پێکرد، ژنان بەشدارییەکی چالاکانەیان تێیدا هەبوو. سەرهەڵدانی شۆڕش لە مەیدانی تەحریر، ئاکامی تەبلیغاتی ژنێک بوو.

راستییەکەی هەروا بوو. ئاسما مەحفووز، ٢٦ ساڵە، لە ١٨ی ژانویەی ٢٠١١ لە ژوورەکەی خۆیەوە لەپێش دووربینێک دادەنیشێ و داواکاری خۆی لە ٤ دەقیقەدا لە رێگەی ئینتێرنێتەوە بەگوێی هەمووان دەگەیەنێ:

»داوا لە هەموو میسرییەکان دەکەم کە لە ڕۆژی ٢٥ی ژانویەدا لە مەیدانی تەحریر کۆببنەوە و دۆست و ناسیاوانی خۆشیان لەگەڵ خۆیان بێنن. ئەگەر باوەڕتان وایە ژن نابێ لەو جۆرە خۆپیشاندانانەدا بەشداری بکا،چونکە لێی دەدرێ، بۆیە حەتمەن وەرن و ئاگاتان لەمن بێ.«

هەموو هاتن. لە ماوەی چەند حەوتوودا مەیدانی تەحریر بوو بە شارێکی چادرنشین کە لەوێ دا هەموو پێداویستییەکانی خەڵک دابین دەبوون. لەرێگەی چوونە ژوورەوەی گۆڕەپانەکە، چاوەدێری ئەوە دەکرا تاکوو رێگە لە موزاحیمەکان بگرێ و نەچنە ژوورەوە. خواردن و خواردنەوە، دوکتور و دەرمان و هەموو جۆرە پێداویستییەکانی دیکە لەوێدا دابین دەبوون. دایکەکان شیریان بە منداڵەکانیان دەدا. ژنان بۆ یەکەمجار هاواری گۆڕانیان بەرز کردەوە و لە پەنا پیاوانی نەناسیاو لە سەر زەوی دەخەوتن. خواستی گۆڕان لە سەرووی هەموو شتێکەوە بوو. ئەوان لە وڵاتێک دا کە باوک سالاری حاکم بوو داوای مافی بەرابەریان دەکرد. ئەو جۆرە داوایە لە میسر بە پێچەوانەی توونس و تەنانەت یەمەنیش، کە بەشداری ژنان لە (خۆپیشاندان) داواکانیان سەرسووڕهێنەر نیە، ڕووداوێکی دەگمەن بوو.

بە پێی ڕاپۆرتی ئەمنێستی، ٤٠ لەسەدی ژنانی میسر نەخوێندەوارن. سەرەڕای ئەوەش زۆر ژن هاوکات لەگەڵ کاری ماڵەوە، دەگەڕێن بەدوای کاردا، بەڵام کاتێک کە دەستیشیان دەکەوێ نزم و بە داهاتێکی زۆر کەم. بۆ نموونە: دەست فرۆشی لە شەقامەکان.

بەشداری ژنان لە بواری سیاسی دا زۆر کەمە. لە پارلمانی میسر لە ٥١٨ نوێنەر تەنیا ٦٤ کەسیان ژنن. واتە ١٢%. تەنیا یەک ژن لە هەیئەتی وەزیرانی ٢٧ کەسی دایە و فەرمانداراەکانیش هەموویان هەر پیاون. تەنانەت لە کومیتەیەک دا کە دوای ڕێژیمی موبارەک درووست بووە تاکوو قانوونی بنەڕەتی دارێژن، هیچ ژنێکی تێدا نیە.

دوای ئەو باسانەی کە ١٠ ساڵ لەمەوپێش لە مەجلیسی میسر دا لەبارەی ئاڵوگۆڕ لە گەلاڵەی بنەماڵەدا کران، دەرکەوت کە هیچ ئاڵوگۆڕێک بۆ باشتر بوونی هەلومەرج و مافی ژیان لە میسر نیە. گەلاڵەیەک کە بە پێی نەریت، ژنی بە »محجور« دەزانی- کەسێکی کە بەهۆی شێتی و کەم عەقڵی بێ بەش دەکرێ لە ماڵ و موڵکی خۆی-، تەنیا گۆڕانێکی کە تێی دا کرا ئەوە بوو کە لە کاتی لێک جیابوونەوە (تەلاق) هەلومەرجەکە بۆ ژنان ئاسانتر بێ لە رابردوو. ژنان ئیدی ناچار نەبوون بیسەلمێنن کە مێردەکانیان ڕەفتاری خراپیان لەگەڵ کردوون.

هەروەها بۆ ئەوەی ئەم گەلاڵەیە هەستی بەشێک لە محافزەکار و بناژۆخوازەکان لە وڵات دا بریندار نەکا، نەریتێکی ئیسلامی بە ناوی «ال- خەلا»یان لەو گەلاڵەیە دا گونجاند کە بە پێی ئەو نەریتە هەرکات ژن ویستی لە مێردەکەی جیا بێتەوە، دەتوانێ خۆی بکڕێتەوە و بەم شێوەیە خۆی رزگار بکا. لە راستی دا ئەو مەبلەغە پووڵەی کە پیاو کاتی زەماوەند وەک شیربایی بە بنەماڵەی ژنەکەی داوە لە کاتی تەڵاق دا ژن دەبێ بیداتەوە بە پیاوەکە. هەروەها کاتێک منداڵ دەدرێ بە پیاو، ژن لە لایەن مێردەوە هیچ یارمەتییەکی ماڵی پێناکرێ. کارێک کە لە میسر زۆر روودەدا.

میسر وڵاتێکە کە لەوێدا خەتەنەی کچان کە ٩٠ لەسەدی کچان و ژنان لە تەمەنی ١٥ تا ٤٩ ساڵە »خەتەنە« دەکرێن. ئەمە لە کاتێک دایە کە ئەم کردەوەیە لە ساڵی ٢٠٠٧ دا قەدەغە بوو.

سەرسووڕهێنەر ئەوەیە لە کۆمەڵگەی میسردا، نەتەنیا پیاوان، بەڵکوو زۆربەی ژنانیش پەیڕەوی لەم نەریتە دەکەن. ئەم نەریتە تەنیا سووکایەتییەک نیە لە میسر بە ژنان دەکرێ، بەڵکوو ئازار و ئەزیەت و زۆر سوئیستفادەی جینسی دیکە بە دژی ژنان بەڕێوەدەچێ.

لە لێکۆڵینەوەیەک دا کە ساڵی ٢٠٠٨ کراوە، دەرکەوتوە لەو ٢٨٠٠ ژنەی پرسیاریان لێکراوە، نیوەیان رۆژانە چ لە شەقام و هاتوچۆکان و چ لە شوێنی کار لەگەڵ ئازار و سوئیستفادەی جینسی رووبەڕو بوونەتەوە. لەسەر نەخشەیەکی شاری قاهیرە بە خاڵی چووک و گەورەی سوور دیاری کراون کە چ شەقام و کۆڵانێک بۆ ژنان ترسناکن.

ئەو هەلومەرجەی کە لە رۆژەکانی شۆڕش و سەرهەڵدان لە گۆڕەپانی تەحریر هاتە پێش، بەلای ژنانەوە سەرسووڕهێنەر بوو کە چۆن شان بە شانی پیاوان بەڕێ دا دەڕۆن، دیسانیش لە راپۆرتەکان دا هاتبوو کە رۆژی ١١ی فێوریە کە موبارەک بۆ «شەرم الشیخ» پاشەکشەی کرد، هەواڵنێرێکی ژنی ئەمریکایی- لە کەناڵی «سی ان ان»، لە لایەن چەند پیاوەوە دەسڕێژی کرایەسەر.

هەروەها ئەمنستی لە راپۆرتێک دا رایگەیاند کە لە رێکەوتی ٩ی مارس زۆربەی ژنانی میسری کە پێوەندی بنەماڵەییان بە ئەرتەشی میسرەوە هەبوو، دەستگیر کراون و لە زیندان تاقیکاری کچێنی (باکرە) یی یان بۆ راوە،

هەڕەشەیان لێکراوە وەک لەشفرۆش سزا درێن.

## یەکیەتیی ژنانی میسر

نەوال سەعداوی کە ئێستا تەمەنی ٦٠ ساڵە و بە پێشڕەوی جووڵانەوەی ژنانی میسری دەناسرێ، رێکخستنی یەکیەتیی ژنانی میسری کە پێشتر قەدەغە بوو، دامەزراند. ناوبراو خوازیاری سڕینەوەی هەڵاواردنی جینسی یە لە سەر ژنان و نارەزایەتی خۆی لە بەندی ٢ی قانوونی بنەڕەتی دەربڕیوە کە بە پێی ئەو بەندە ئیسلام مەزهەبی رەسمی وڵات بە حیساب دێ و یاساکانی شەریعەت مافەکانی میسرییەکان دیاری دەکا. بەڵام کومیتەیەک کە قانوونی بنەڕەتییان نووسیوە، سەرنجیان نەداوەتە ئەو نارەزایەتییە و بەندی ٢ی قانوونی بنەڕەتی جگە لە دوژمنایەتی لەگەڵ ژنان هیچی تر نیە، دوای رێفراندۆمی مارسی ٢٠١١ هەروەها لەجێگەی خۆی دا ماوەتەوە. جگە لە نەوال، ژمارەیەکی کەم لە ژنان نارەزایەتی خۆیان لەم بەندە دەربڕیوە. مەسەلە ئەوەیە بە سەرنجدان بەوەی لەنێو کۆمەڵگەدا لەو بارەیەوە باسێک لە گۆڕێ دا نیە، چۆن هەلومەرجی ژنانی میسری لە داهاتوودا باش دەبێ؟

هەروەها هەماهەنگی لەنێو ژنانی چالاکی میسری دا زۆر لاوازە. هێندێک لەسەر ئەو بڕوایەن، ئەگەر خەبات بۆ مافی ژنان بکەن، هەستی کۆمەڵگە بریندار دەکرێ و جێ بۆ توندڕەوەکانی لایەنی بەرامبەر دەکرێتەوە.

هەندێکی دیکە لەسەر ئەو باوەڕەن کە وەزعییەتی ژنان خود بە خود لەگەڵ باش بوونی وەزعی ئابووری باشتر دەبێ. بە شێوەیەکی دیکە تا ئێستاش ئیرادەیەکی بەهێز بۆ خەبات لەپێناوی دەستەبەر کردنی مافەکانی ژنان لە میسر بەرچاو ناکەوێ. کەسێک کە لە رەوتی خەباتی ژنان بۆ بە دەستهێنانی مافەکانیان لە دنیای عەرەب دەکۆڵێتەوە، حەق وابوو نیگەرانی هەنگاوی پیاوانەی ژنان لە میسر بە مەبەستی سڕینەوەی هەڵاواردنی جینسی بێ.

٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١١

## بە راوردێک لە رۆڵی ژنان لە دوو کۆنگرەی جیاواز دا

لە ٢١ تا ٢٣ی مانگی جولای ئەمساڵ دا، سێهەمین کۆنگرەی گشتیی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو. ئەم کۆنگرەیە مانگ و نیوێک دوای کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هات کە لە ٢ تا ٩ی جۆزەردانی ئەمساڵ دا بەڕێوە چوو.

ئەگەرچی ئەم دوو کۆنگرەیە دوو کۆنگرەی جیاواز بوون و لە دوو هەلومەرجی جیاوازدا و بە دوو پێکهاتەی جیاوازەوە پێک هاتبوون، بەڵام من لە روانگەیەکەوە، بە پێویستم زانی بەراوردێک لە نێوانیاندا بکەم.

کۆنگرەی گشتیی سەندیکای رۆژنامەنووسان وەک لە ناوەکەی ڕا دیارە، کۆنگرەی رۆژنامەنووسانی کوردستانە. ئەویش رۆژنامەنووسانی پارچەیەک لە کوردستان کە ئازادە و خاوەنی پارلمان و حکوومەتی خۆیەتی. رۆژنامەنووسان، بە هۆی سروشتی پیشەکەیان و پێویستیی ئەم پیشەیە، بە زۆری لەو کەسانە پێک دێن کە رۆشنبیرن و بڕوایان بە ماف و ئازادییە بنچینەییەکانی مرۆڤ هەیە. بۆیە سروشتییە چاوەڕوان بین لە کۆنگرەی رۆژنامەنووسانی هەرێمێکی ئازاددا، زۆر پرسی گرنگی کۆمەڵ کە ناوەڕۆکێکی دێمۆکراتییانە و پێشکەوتنخوازانەیان هەیە و ئەم توێژە رۆشنبیر و رەخنەگرەی کۆمەڵ، رۆژانە بە شێوەی جۆراوجۆر لە گەڵی بەرەوروون، ئاوڕیان لێ بدرێتەوە. بایەخدان بە ژنان و مەیداندان بەوان لە بەڕێوەبەرێتیی کۆنگرە و کاروباری سەندیکادا، یەک لەو پرسانەیە.

کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە پێش لە کۆنگرەی سەندیکا پێک هات و من شانسی ئەندامەتی و بەشداری لە هەر دوویانم دا هەبوو، کۆنگرەی حیزبێکی سیاسیی دوورە وڵات بوو. حیزبێک کە لە هەلومەرجێکی نائاسایی، دوور لە خەڵکی وڵاتەکەی لە حاڵی خەبات دایە. بەشدارانی کۆنگرەکەشی نوێنەرانی ریزە جۆراوجۆرەکانی حیزب بوون کە ئەگەرچی هەموویان بە مرۆڤی خەباتکار و ئازادیخواز دێنە ئەژمار، بەڵام هەر هەموویان رۆشنبیر و رەخنەگر نەبوون. جگە لەمەش ئەم بەشەی کوردستان و ئەو خەڵکەی ئەم حیزبە خەباتی بۆ دەکا، هەروا لە ژێردەستی دان. بەم پێ یە بە هەموو حیسێبێک، حەق وایە بایەخدان بە پرسی ژن و رۆڵی ژنان، لە کۆنگرەی سەندیکای رۆژنامەنووساندا، لە کۆنگرەی حیزبێکی سیاسیی دوورەوڵاتی لە حاڵی خەباتدا، بەرچاوتر بێ.

من وا راهاتووم لە پێشدا رەخنە لە کەموکوورییەکانی حیزبەکەی خۆم بگرم، بە تایبەتی لە پێوەندی لە گەڵ ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی بەرانبەر بە ژنان و لە مێژە لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان و جاری وابووە لە دەرەوەی حیزبیش، کەمتەرخەمی و کەم و کوورییەکانی نێوخۆی حیزبەکەی خۆم بەرانبەر بە ژنانم داوەتەبەر رەخنە. بەڵام کە بەراوردی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆنگرەی سێهەمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە باری رۆڵ و بەشداریی ژنان لە کار و باری کۆنگرەدا دەکەم، دەبێ بڵێم ئەم دوو کۆنگرەیە جیاوازییەکی یەکجار زۆریان هەبوو. لە کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان جگە لەوەی لە راپۆرتی سیاسی و بەرنامەو پێرەوی نێوخۆ و بڕیارەکانی کۆنگرەدا، پرسی ژن جێگای تایبەت بە خۆی هەبوو، لە بەڕێوەبردنی کۆنگرەشدا، ژنان سەرەڕای رێژەی کەمیان (لەچاو سەرجەم بەشدارانی کۆنگرە) رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو. لە ماوەی ٨ رۆژ کاری کۆنگرە و چەندین دانیشتن دا، بەردەوام لە دەستەی بەڕێوەبردنی کۆنگرەدا، ژن وەک ئەندام هەبوو. لە نێو زۆربەی کۆمیسیۆنە کارییەکانی کۆنگرەشدا، ژنان وەک ئەندام بەشدار بوون. ئەمە لە کاتێک دا بوو کە ژنانی ئەندامی کۆنگرە لە زۆربەی باس و بابەتەکاندا، چالاکانە بەشدار بوون و بیروڕاو پێشنیار و بۆچوونی خۆیان دەردەبڕی و هەوڵیان دەدا کاریگەرییان لە سەر بڕیار و پەسندکراوەکانی کۆنگرە هەبێ. رێبەرایەتییەکیش کە ئەم کۆنگرەیە بۆ حیزبی دێمۆکراتی هەڵبژارد، ٥ کەسی لە ژنان پێک هاتوون. تەنانەت لە لە هەڵبژاردنی کۆمیسیۆنێک کە کۆنگرەی پازدە بۆ پارێزگاری لە پێرەوی نێوخۆی هەڵبژارد، ژنان لەبیر نەکران. بەڵام لە کۆنگرەی سێهەمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستاندا، ژنان کەمترین رۆڵ و دەوریان هەبوو. نەک هەر بۆ ئەندامەتیی ئەنجومەنی سەندیکا هیچ ژنێک هەڵ نەبژێردرا، تەنانەت هیچ ژنێک کاندیدا نەکرا. لە سەرۆکایەتی و بەڕێوەبردنی کۆنگرەشدا هەر وابزانە ژنان بۆیان نیە بەشداری بکەن. لەمەش سەرنجڕاکێشتر نە ژنانی رۆژنامەنووسی بەشداری کۆنگرە کە ١٠ لەسەدی کۆنگرەیان پێک دێنا، بەشدارییەکی چالاکانەیان لە باسەکاندا هەبوو، نە باسێکی تایبەتی بۆ پرسی ژن، هەر نەبێ ژنانی رۆژنامەنووس تەرخان کرابوو.

من نامەوێ لەم کورتە وتارەدا هۆیەکانی ئەو وەزعە باس بکەم. هەروەک نەمدەویست بچمە نێو کەم و کوورییەکانی دیکەی ئەم دوو کۆنگرەیە. بەڵام بە پێویستم زانی ئەم بەراوردە بخەمە روو بۆ ئەوەی بڵێم بایەخدان بە رۆڵی ژن لە کاروباری رێکخراوەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتی دا، پێویستی بە کولتوورسازی و دابینکردنی بەستێن و میکانیزمی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەمە لە لایەکەوە بە دەروەستی و ئەرکی ئەو دەسەڵات و دامەزراوە دابین دەبێ کە ژنان کاریان تێدا دەکەن، لە لایەکی دیکەشەوە بەستراوەتەوە بە لەمەیداندا بوون و مکور بوونی خودی ژنان. ئەگەر ئێمەی ژن بۆخۆمان شەڕی مافەکانی خۆمان نەکەین و لە رێکخراو و کۆبوونەوەیەکدا بوونی خۆمان

ئەسەلمێنین، بەدڵنیاییەوە لەپەراوێز دەخرێین و بایەخی پێویستمان پێ نادرێ.

٧ی ئاگۆستی ٢٠١١

## *هاوین، وەرزی گەرما و «بێ حیجابی»ی ژنان!*

**روانینی جنسییەتی بەرانبەر بە ژنان ئەوپەڕی سووکایەتییە کە بە کەسایەتیی مرۆڤی ژن دەکرێ.**

**وەرزی فشار و ئازار و هێرش و گرتن و راوکردنی ژنان لە شەقامەکانی شارەکانی ئێران دەستی پێکردەوە. ئەو شەڕەی سی و دوو ساڵە دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرستی ئێران لەگەڵ ژنانی ئەم وڵاتەیان دەست پێکردوە، هەر دێ و بەردەوام دەبێ. بەڵام لە سی و دوو ساڵی رابردوودا هیچکات بەقەت ئێستا هەلومەرج و ژیانی خەڵک لەم وڵاتەدا ئاوا ناخۆش و ئازار هێنەر نەبووە. هەژاری و کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە لایەکەوە و، سەرکوت و سانسۆر و زیندان و ئێعدام لە لایەکی دیکەوە ژیانی خەڵکیان تاڵ و ئازاراوی کردوە. ژنانی ئەم وڵاتە سەرباری هەموو ئەو مەسەلەو گرفتانەی کە بەسەر شانیانەوە قورسایی دەکا و لەهەمواندا بەشی زۆریان پێبڕاوە، بە دەست قانوون و یاسا پڕ لە هەڵاواردنەکانیشەوە دەناڵێنن. ئەگەر چاو لە وێنە هەواڵەکانی ئەم رۆژانە بکەین، شەڕی «حیجاب» لە لایەن مەئمووره چارشێو و شەپکەبەسەرەکانی رێژیم لە دژی ژنانی ئێرانمان زیاتر بۆ دەردەکەوێ و دەگەینە ئەو ئاکامە کە بەڕاستی ژیان لەژێر دەسەڵاتی ئەم هێزە تاڵەبانییەدا بۆ ژنان دژوارە.**

**بەرپرسانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران، حیجابی ژنان بە یەکێک لە پایە هەرە سەرەکییەکانی سەقامگرتوویی و بەهێزبوونی نیزامەکەیان دەزانن. ژنانی «بەدحیجاب» یش بە هۆکاری بێبەندو باریی کۆمەڵگە و لاوازیی حکوومەتەکەیان دەزانن و بەم بیانوویە رۆژانە لە شەقام و بازاڕ و شوێنە گشتییەکان هێرش دەکەنە سەر ژنان و هەرچی سووکایەتییە پێیان دەکەن. رۆژ و مانگ و ساڵ نیە گەڵاڵەو بڕیارێکی نارەوا دژی ژنان دەر نەکرێ. بوونی کچانی خوێندکار لە پەنا هاوکلاسییە کوڕەکانیاندا بە هۆکاری تێکدانی «ئارامیی دەروونی» خۆیان و بنەماڵەکانیان و حزووری ژنان لە قاوەخانەکان و چایخانەکان بە هۆکاری بڵاو بوونەوەی فەساد و بێئەخلاقی**

دەزانن. ئەوان، ژنان پێش ئەوەی وەک ئینسان ببینن وەک کەرەسەیەکی جینسی بۆ پیاوان، چاویان لێدەکەن.

بە سەرنجدان بە کەلتووری پیاوسالاری و گەرمبوونی بازاڕی شەرع و سوننەت و پشتیوانیی یاسا کۆنەپەرستانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، دەبێ ژنان لەم وڵاتە چ بچێژن؟! خانمێکی ناسیاوم بۆ سەفەرێک چووبوو بۆ دەرەوەی ئێران، باسی لە کاریگەریی حیجاب و قانوونەکانی ئێران لەسەر ژن بۆ کردم و دەیگوت: «ئێمە لە باری ڕووحییەوە لە سەفەریشدا ئارام نین. کاتێک بە بێ رووسەری لە دەرەوەی ئێران بەشەقامدا دەڕۆیشتم - لەگەڵ ئەوەی قانوون ئەو حەقەم پێدەدا لە دەرەوەی ئێران قانوونی وڵاتەکەی خۆم بەڕێوە نەبەم - بەڵام بە ترس و دڵەراوکێوە هەنگاوەکانم هەڵدێنایەوە، لەوێ هیچ کەس لەبەر بێحیجابی لۆمەی نەدەکردم، هێرشیان نەدەکردەسەرم و قسەی سووکیان پێ نەدەگوتم، بەڵام قورسایی چاوی پیاوانی وڵاتەکەی خۆم لەوێش هەست پێدەکرد .«

تەبلیغاتی هەمەلایەنەی ڕاگەیەنەگشتییەکانی دەوڵەتی لەسەر حیجاب بەداخەوە کاریگەریی کردۆتە سەر بیرکردنەوەی خەڵکێکی زۆر لەو وڵاتە. بۆ نموونە ئەگەر ژنێک پابەند نەبێ بە هەموو ئوسوولەکانی پۆشێنی حیجاب، لە شەقام نەک تەنیا لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانەوە کێشەی بۆ دروست دەبێ، بەڵکوو لەلایەن خەڵکانێکیشەوە دەکەوێتەبەر تانەو تەشەر. بە قەولی ئێرانییەکان بارانی مەتەڵەک هاوێشتن بەسەریدا دەبارێ. ئەم هاودەنگییە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی زۆر بە زیانی ژنان تەواو بووە و بەداخەوە بۆتەهۆی خوڵقاندنی کۆمەڵێک کێشەی دەروونی بۆژنان. ژن نە لە ماڵ، نە لە شەقام، نە لەخوێندنگە، نە لەبازاڕ و ... ئارامی و ئەمنییەتی نیە.

راستە حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی بەو هەموو دامودەزگا تەبلیغاتییەوە کاریگەری زۆری لە سەر سەپاندن و روانینی کۆمەڵگە لەوبارەوە هەبووە، بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێ کە حیجاب و داپۆشراویی ژن ریشەیەکی قووڵی لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا هەیە کە کۆمەڵگەیەکی موسڵمانە.

ڕێژیمی ئێستای ئێران بۆ مەبەستە چەپەڵەکانی خۆی کەڵکی لە باوەڕە مەزهەبییەکانی خەڵک وەرگرتوە و بەم شێوەیە دەیەوێ بە ناوی پاراستنی حەیا و ئەمنییەتی کۆمەڵگە بەخەڵک بڵێ ناچارم ئەو تەرح و گەڵاڵانە بێنم و، بۆ دڵسۆزی بۆ بنەماڵەکان ئەم دیوارانە پێویستن!

چ سووکایەتییەکی گەورەیە بە ژن دەکرێ! دایکێک بە هەزار و یەک دەردو گرفتارییەوە بە شەقامێکدا دەڕوا، لەپڕ مەئموورێک دێت و پێشێ پێ دەگرێ و دەڵێ  قۆڵی کراسەکەت دادەوە، رووسەرییەکەت...

هاوینان لەهەموو کات زیاتر ئەم هێرش و سووکایەتییانە بۆ سەر ژنان پەرە دەستێنن، هۆیەکەشی ئەوەیە هاوین فەسڵی گەرمایە و تەحەمولی ژنان چارشێو و عەبای ڕەش ناکەن، بەڵام کێ هەیە لەئێران دەرک بەم ئازار و سووکایەتییە  بە ژنان بکا، جگە لە ژنانی ئاگا و وشیار؟ مەسەلەی حیجاب مەسەلەیەکی سیاسییەو ڕێژیمی ئێران زۆر ئامانجدار ژنانی کردۆتە نێچیری ئامانجە سیاسییەکانی. بەڵام لەلایەن رووناکبیران و هێزە دێموکراسیخوازەکانیشەوە کەمتر ئاوڕ لەم کێشەیە دەدرێتەوە،  وەک ئەوەی ئەم پرسە تەنیا کێشەی ژنان بێ. بەلام لێرەدا تەنیا یەک نموونە بەسە کە بڵێین ئەوە کێشەی وڵاتێکە: ئەوەتا حاشای لێناکرێ فووتباڵی ژنانی ئێران بۆتە ئەسیری حیجاب. تیمی فووتباڵی ژنانی ئێران لە بەهاری رابردوودا قەرار بوو بچێتە ئۆردۆن بۆ یاری لەگەڵ تیمی ژنانی ئەو وڵاتە، بەڵام بەپێی قانوونی فیفا لە یارییە رەسمییەکاندا ژنان بە حیجابەوە رێگەیان پێنادرێ یاری بکەن، بەرپرسانی ئێرانیش ئەمەیان قەبووڵ نەکرد و، هەر بۆیە تیمی ژنای ئێران لە یارییەکانی ئۆلەمپیکی لەندەن حەزف بوون.

سی و دوو ساڵە ئەو ڕێژیمە گەلاڵەی جوراوجۆر بۆ باشتر بەڕێوەبردنی قانوونی حیجابی زۆرەملی دێنێ، جیاکردنەوەی ژن و پیاو لە شوێنە ئاموزشییەکان، سڕینەوەی بەشێکی زۆری ماددە دەرسییە زانستییە ئەمڕۆیی و جیهانییەکان و لە جیاتی ئەوان دانانی ماددەی دەرسیی تایبەت و دەیان و سەدان گەلاڵەی کۆنەپەرستانە بەشێک لەو هەوڵانە بوون. بەڵام ئایا توانیویەتی خواستی ئازادیخوازی لە بیر و فکری خەڵکی رووناکبیر و بەتایبەتی ژنانی ئازادیخوازی ئەو وڵاتە بسڕێتەوە؟ راستە مەقنەعە و چارشێو جەستە دادەپۆشێ و دەست و پێی ژنانی گرتوە، بەڵام نەیتوانیوە پێشی روانینی ئینسانەکان بۆ دنیای دەوروبەر بگرێ. هەر بۆیە ژنانی ئێران تەسلیمی ئەو رێوشوێنە داسەپاوانە نەبوون و دەنگی ئازادیخوازییان بەرز کردۆتەوە.

٢١ی جووڵای ٢٠١١

# بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستان و پێگەی ژنی کورد* (لە نیوەی دووهەمی سەدەی ٢٠ دا)

## پێشەکی

کە باس لە ناسیونالیزم و بزووتنەوەی نەتەوەیی کود دەکەین، چەندین پرسیار بەرەورووما‌ن دەبێتەوە. پێناسەی ناسیونالیزم وبزووتنەوەی نەتەوەیی، مێژوو و دەسپێکی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و بزووتنەوەی نەتەوەیی هەموویان دەتوانن جێگای پرسیار و باس بن و بێگومان بیروڕای جیاوازییش لە بارەی هەرکامێکیانەوە هەیە.

کاتێکیش دێینە سەر پێوەندیی نێوان ناسیۆنالیزم و پرسی ژن، کۆمەڵێک پرسیاری دیکە قوت دەبنەوە. مەبەستمان چیە؟ ڕەنگدانەوەی ویست و داخوازەکانی ژنان لە ئەدەبیاتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا؟ بایەخدانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لە باری فکری و تیۆرییەوە بە پرسی ژن، یان مەبەستمان لە ڕۆڵ و بەشداریی ژن لە بزووتنەوەکە دایە؟

لە بەرایی باسەکەمدا دەبێ ڕوونی بکەمەوە کە لەم باسەدا مەبەستم لە ناسیۆنالیزمی کورد شکڵ گرتنی ئەو تێگەیشتن و عەقڵییەتە شوناسخوازانەیە کە دەیەوێ کورد وەک نەتەوەیەک خاوەنی مافە نەتەوەییەکانی خۆی بێ و دەسەڵات و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەبێ. چەمکی بزووتنەوەی نەتەوەییشم بۆ هەموو ئەو بزووتنەوانە بەکار هێناوە کە ویستی نەتەوەیی لە سەرووی ویستەکانی دیکەی بووە یا تێکەڵ بە ویستەکانی دیکەی بووە. لەم جۆرە بزووتنەوانەدا لە سەدەی بیستەم لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا هەبوون و هەر ئێستاش لە هەموو بەشەکانی کوردستان بزووتنەوەی نەتەوەیی هەیە.

هەروەها دەبێ بڵێم کە باس لە پێوەندی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ژنی کورد دەکرێ، پێویستە هەر دوو لای مەسەلەکە هەم بایەخدانی فکری و نەزەریی بزووتنەوە بە پرسی ژنان، هەم ڕۆڵ و بەشداریی ژن لە نێو بزووتنەوەکەدا دەبێ بخرێتە بەر سەرنج. هەروەها بایەخدان بە ژن لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد، پێویستە لە توێی ئەم باسەدا ئاوڕی لێ بدرێتەوە. بەڵام چونکە ماوەکەم بۆ دەربڕینی ئەم باسە، کەمە بە ناچار

باسێک لە بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان و پرسی ژن لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم دا دەکەم.

## بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و پرسی ژنان لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم دا

لە نیوەی دووهەمی سەدەی ٢٠ەوە، واتە لە دوای رووخانی کۆماری کوردستانەوە هەتا کۆتایی سەدەی ٢٠، نەتەوەی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی نیشتمانەکەیدا کۆمەڵێک بزووتنەوەی نەتەوەیی بە خۆیەوە دیتوون، وەک شۆرشی ئەیلوول و شۆرشی نوێ لە باشووری کوردستان، وەک بزووتنەوەی نەتەوەیی و دیمۆکراتیک لە دوای رووخانی رێژیمی شایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێستاش بەردەوامە، هەروەها ئەو راپەرین و بەرخۆدانەی کە لە باکووری کوردستان لە هەشتاکانی سەدەی ٢٠ ەوە دەستی پێکرد و ئێستاش بەردەوامە.

هەرکام لەو بزووتنەوە و حەرەکەتە نەتەوەییانە تایبەتمەندیی خۆیان و جیاوازیی خۆیان هەبووە. بۆ وێنە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دوای رووخانی رێژیمی شایەتی، ئەگەرچی دەسەڵاتێکی کوردی لە شێوەی دەوڵەت و حکوومەت دا پێک نەهات. بەڵام هێزەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیە، بۆ ماوەی چەند ساڵێک ناوچەیەکی بەرینیان بە دەوستەوە بوو. هەروەها لە باشووری کوردستانیش، بەر لەوەی راپەڕین لە سەرەتای دەیەی ٩٠دا دەست پێ بکا، بۆ ماوەیەک هێزە کوردییەکان ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان هەبوو. لە دەیەی ٦٠ و ٧٠ی زایینییشدا ئەو کاتەی شۆڕشی ئەیلوول لە ئارادا بوو، بەشێکی گەورە لە باشووری کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد دا بوو. ئەمە لەو بارەوە گرنگە کە هێزە نەتەوەییەکانی کورد، لە مەیدانی کردەوەشدا تەعامول و روانینی خۆیان بەرامبەر بە ژنان دەرخستوە. بێجگە لە ناوچەی ژێر دەسەڵات، مەحەکێکی دیکە هەیە بۆ ناسینی روانگە و هەڵوێست و کردەوەی هێزەکانی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی بەرامبەر بە ژنان. ئەویش بەشداری و رۆڵ و دەوری ژن لە نێو پێکهاتەی ئەو حیزب و رێکخراوانەدایە.

### من هەوڵ دەدەم بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەیەک بە 3 بوار بکەم:

١- بواری فکری و تیۆری ( واتە ژن لە بەرنامە و پەسندکراوەکانی ئەم هێزانەو ئەدەبیاتیاندا)
٢- بەرنامەو هەنگاوی تایبەت بە ژنان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکاندا
٣- ژن لە ستراکتۆری ئەو هێزانەدا.

## رەهەندی یەکەم:

## ژن لە بەرنامە و پەسندکراوەکانی هێزە کوردییەکاندا:

ئەگەرچی ئەم بەستێنە لێکۆڵینەوەی وردتری پێویستە، بەڵام دەتوانم بڵێم زۆربەی هێزەکانی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە بەرنامە و پەسندکراو و دروشمەکانیانداو هەروەها لە بڵاوکراوە و راگەیەنەکانیاندا، گرنگییان بە پرسی ژن داوە، باسی ستەم و هەڵاواردن لە دژی ژنانیان کردوە. دیارە جیاوازی هەیە لە بەینی ئەم حیزب و فلان رێکخراو، یەک کەمتر یەک زیاتری کردوە. بەڵام هەڵاواردنی رەگەزی یا جنسی و ئەو نابەرابەری و چەوسانەوەیەی لە کۆمەڵدا بەرامبەر بە ژنان هەیە، لە پەسندکراو و ئەدەبیاتی حیزب و رێکخراوە کوردییەکاندا رەنگدانەوەی هەیە و هەوڵدان بۆ لەنێوبردنیان بە ئەرکی ئەو حیزبانە و بزووتنەوەی کورد دانراوە. دیارە ئەو حیزب و رێکخراوانەی بیر وباوەڕی سوسیالیستی و چەپ و پێشکەوتنخوازانەیان هەبووە، زیاتر باسی پرسی ژنانیان کردوە، بەم جۆرە لە بزووتنەوەکانی کورد لە نیوەی دووهەمی سەدەی ٢٠ دا دان بە پرسی ژندا نراوە. بەڵام ئەم دەنگە نابیسین کە نابێ رزگاریی ژن بە رزگاریی نەتەوە ببەستینەوە. بە پێچەوانەوە، ئەو باوەڕە زاڵە کە دەبێ رزگاریی ژن هەڵ بگیرێ بۆ دوای رزگاریی گەل و نەتەوە.

دەبێ ئەوەش بڵێم کە لە گەڵ تێپەڕینی زەمان، پرسی ژن لە پەسندکراو و ئەدەبیاتی ئەو حیزبانەدا، پڕرەنگتر دەبێ. ساڵ بە ساڵ و کۆنگرە بە کۆنگرەو بە پێی گرنگیدان بە پرسی ژن لە ئاستی جیهاندا، ئەم پرسە لە ئەدەبیات و گوتاری هێزەکانی نێو بزووتنەوەی کورد دا تۆختر و دیارتر دەبێ و تەنانەت هێندێک حیزب، باس لە پەیماننامە جیهانییەکانی تایبەت بە ژنان دەکەن کە دەبێ ژنانی کوردیش لێیان بەهرەمەند بن.

ئەم ئاوڕدانەوەیە لە پرسی ژنان، هەروەها پێکهێنانی رێکخراو و یەکیەتی و کۆمەڵەی تایبەت بە ژنان کە زۆربەی هێزە کوردییەکان کردوویانە، بەر لەوەی لە خزمەت بەرەوپێشبردنی پرسی ژنان و ئازادیی ژناندا بووبێ، بە مەبەستی راکێشانی پشتیوانیی ژنان بۆ لای ئەو هێزانە و بزووتنەوەی نەتەوەیی بووە.

**ڕەهەندی دووهەم:**

**بەرنامەی تایبەت بە ژنان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هێزی کوردیدا:**

لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا لە دەیەی ٦٠ ەوە تا ١٩٧٥ لە باشووری کوردستان، شۆڕش و بزووتنەوەی کورد، ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی هەبووە.( مەبەستم شۆڕشی ئەیلوولە کە لە چاو شۆڕشی نوێ ناوچەکەی بەرفرەوانتر بوو). چ بە هۆی ئەو بارودۆخەی شۆڕشەکەی تێدا بووە (شەڕ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی)، هەروەها بە سەرنجدان بە دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و زاڵبوونی پێوەندیی عەشیرەتی و بەگشتی سوننەتی بوونی کۆمەڵگە، لە باری یاساییەوە هەنگاوێکی جیددی یا بڕیارێکی گرنگ لە بەرژەوەندی ژنان لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد، بەدی ناکرێ. واتە شۆڕشی کورد، گرنگیی بەو ستەم و هەڵاواردن و نایەکسانییە نەداوە کە لە بن دەستی خۆی بەرامبەر بە ژنان هەیە. جا هۆیەکەی یا بیانووەکەی هەر شتێک بووبێ. هەر بۆیە گەورە بە بچووک، کچ بە زۆر بەشوودان، ژن بەرخوێندان، ژن بە ژنە و جۆرەکانی دیکەی ستەم و چەوسانەوەی ژنان، هەڵنەوەشێندرانەوە و دژایەتیی جیددیان لەگەڵ نەکراوە.

بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەم بارەیەوە بزووتنەوەی کورد باشتر جووڵاوەتەوە. هۆیەکەی دەکرێ چوونە پێشیزەمان بێت، چونکە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، بە چەند ساڵ دوای شۆڕشی ئەیلوول هاتوە و لەوانەشە، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاستی تێگەیشتنی گشتی لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باشتر بووبێ، جگە لەمەش دەکرێ جیاوازیی ئەو هێزانەی ئەو بزووتنەوەیان بەڕێوە بردوە، بووبێتە هۆی ئەوە هەڵوێست و ڕوانین و هەڵسوکەوت بەرانبەر بە ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان باشتر بووبێ. ئەو خەڵکەی لە دوای شۆڕشی ئێران، لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات (دێمۆکرات و کۆمەڵە) کۆبوونەوە و چوونە ڕیزی ڕێبەریی ئەم حیزبانە، لاو بوون. لە ڕێبەریی ئەو حیزبانەدا مامۆستای زانکۆ ومامۆستای قوتابخانە و کەسانی سەر بە چینی نێوەڕاست هەبوون. هەر بۆیە لە مەیدانی کردەوەدا دەبینین کە لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، دیاردەکان و دابونەریتی دژ بە ژنان، لە لایەن ئەو حیزبانەوە، تا ڕادەیەک دژایەتییان کرا. کۆمەڵێک بڕیار و یاسا دژ بە ژنبەژنە و گەورە بە بچووک، کچ مارە کردن لەسەر پشتی لانکە و بەشوودانی زۆرەملی هەبووە و کادیران و تێکۆشەرانی حیزبەکان، ئەم یاسا و بڕیارانەیان بەڕێوە بردوە.

بنکە و بارەگای ئەو حیزبانە و بەرپرسان و کاربەدەستانی هێزەکانی نێو بزووتنەوە، زۆرجار لە لایەن کچان و ژنانەوە بە خەمخۆر و پشتیوان سەیریان کراوە و لە بەرامبەر ستەمی کۆمەڵگەی پیاوسالار بە تایبەتی ستەم و نابەرابەریی نێو بنەماڵەدا، پەنایان بۆ بردوون.

دیارە بە هیچ جۆر مەبەستم ئەوە نیە بڵێم ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد «شامی شەریف» بووە و ئیدی ژن لە سایەی دەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد لە هەموو ستەم و چەوسانەوە و نابەرابەرییەک رزگاری بووە. دەمەوێ بڵێم ئەو هەوڵانە هەبوون و بەکردەوەش بەرێوە چوون، بەڵام:

**یەکەم:** لەهەموو ناوچەیەک وەک یەک بەرێوە نەچوون،
**دووهەم:** زۆر جار سەبارەت بە هێندێک بەرژەوەندیی رێکخراوەیی، بە هاسانی چاوپۆشی لەو گوشار و ستەم و چەوسانەوەیە کراوە کە بە دژی ژنان هەبووە.
**سێهەم:** هێزەکانی نێو بزووتنەوە لە حاڵی شەڕ وبەربەرەکانێ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی دا بوون و دەسەڵاتێکی سەقامگیریان نەبووە.
**چوارەم:** نەریت و رێوشوێنە کۆمەڵایەتییەکان هەر بە بریار و یاسا، لە نێو ناچن بەڵکوو کاری درێژخایەنی فەرهەنگی و گۆرینی هەلومەرجی ئابووریشی دەوێ،

## رەهەندی سێهەم:

## جێگەی ژن لە پێکهاتەی هێزەکانی نێو بزووتنەوەی کورددا

یەکەم خاڵ کە دەبێ لەم پێوەندییەدا ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە هێزەکانی رێکخەر و بەرێوەبەری بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، زۆر بەکەمی لە شارەکاندا ماونەوە و بە هۆی شەڕ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی، ناچار بوون رووبکەنە گوندەکان و ناوچەی شاخاوی. ئەم راستییە لە دوو بارەوە لە سەر پێکهاتەی حیزبەکان و تەرکیبی هێزی ئینسانیی ئەوان کاریگەر بووە:

* سەختی خەباتەکەیان و توندوتیژ بوونی خەباتەکەیان، مەیدانی لە ژنان تەنگ کردۆتەوە و ئەکتەری سەرەکی

و هەرە دیار پیاو بووە.

* چونکە ژینگەی بزووتنەوەکە، لادێ و ناوچەی شاخاوی بووە و، لادێش سوننەتی و داخراو و پیاوسالارترە لە شارەکان، بۆیە کۆسپی جۆراوجۆر لەبەردەم بزووتنەوە هەبووە بۆ دۆزینەوە و دروستکردنی کادری ژن و سەرکردەی ژن. بەو حاڵەش ژنی کورد بە شێوەی جۆراوجۆر بەشداریی هەبووە لە بزووتنەوە بە گشتی و لە کاروباری هێزەکانی نێو بزووتنەوەدا. با ئاماژە بە هێندێک بوار و ئاست بکەین کە ژنان تێیاندا بەشدار بوون:

## بەشداری لە هێزی پێشمەرگەدا

لە باشووری کوردستان هەم لە شۆڕشی ئەیلوول دا، هەم لە شۆڕشی نوێدا، ژن وەک پێشمەرگە زۆر دەگمەن بووە، ژمارەیان زۆر کەم بووە، دەکرێ بڵێین بە ژمارەی پەنجەکانی دەست بوون. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕێژەی کچان و ژنان لە ریزی پێشمەرگەدا، لە چاو پیاوان کەم بووە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی ژنانی پێشمەرگە لە باشووری کوردستان، جیاوازییەکی زۆر گەورە هەبووە. دەتوانین بڵێین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەدان پێشمەرگەی ژن هەبوون کە شانبەشانی پیاوانی پێشمەرگە لە هەموو چالاکییەکانی پێشمەرگایەتی دا بەشدار بوون.

لە باکووری کوردستانیش لە نێو پارتی کرێکارانی کوردستاندا، زۆریی ودیاریی کچانی پێشمەرگە(گریلا) ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە. لەم بارەیەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو ریزی کۆمەڵە و حیزبی دێموکراتیشدا ژمارەی بەرچاو پێشمەرگە هەبوون، بەڵام کچانی پێشمەرگە لە ریزی کۆمەڵەدا، زۆر زیاتر بوون و پلە و بەرپرسایەتیی نیزامیشیان پێدراوە. لە نێو هەموو ئەو هێزانەدا، ژنانی پێشمەرگە نەک هەر لە کاری پشتی جبهە، لە مەیدانی شەڕ و تێکهەڵچوونی چەکداری دا حوزووریان هەبووە و لێیان شەهید بووە.

## بەشداریی لە ڕێکخستنەکاندا

لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ژنان بە هۆی ستەمی چەندقات کە لێیان دەکرێ(ستەمی نەتەوەیی، چینایەتی و ڕەگەزی) پشتیوان و دڵسۆزی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە و ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەیان بوون. بەو هۆیەشەوە کە کاری ڕێکخستن بۆ ئەوان گونجاوتر بووە لە کاری پێشمەرگایەتی، لە ڕێکخست نە نهێنییەکاندا بەشدار بوون. لە

لایەکی دیکەوە، بۆ هێندێک کار و ئەرک لە ژێر دەسەڵاتی دوژمندا، لە پیاوان گونجاوتر بوون، بۆیە هێزە سیاسییەکانیش، ئەم لایەنەیان لەبەرچاو بووە. هیچ بەشێکی کوردستان نیە کە بە سەدان کچ و ژن نەچووبنە بەندیخانە و ئەشکەنجە نەکرابن، لە هێندێک بەشی کوردستانیش بە دەیان کەس لەو کچانە گوللەباران و لە سێدارە دراون. هۆی ئەم چوونە بەندیخانە و ئێعدامانە، کار لە چوارچێوەی رێکخستنی هێزە سیاسییەکان و هاوکاریی بزووتنەوەی کورد بووە.

## کارو تێکۆشان لە چوارچێوەی دامەزراو و دەزگاکانی هێزەکانی نێو بزووتنەوەی کورد دا

ئەگەر هەڵسووڕان لە چوارچێوەی نێو هێزی شەڕکەر و لە هەلومەرجی خەباتی پارتیزانی دا بۆ ژنان بەزەحمەت بووە، ژنان بە تێکۆشان لە دامەزراوە ودەزگاکانی دیکەی هێزەکانی نێو بزووتنەوەی کورد قەرەبووی ئەو غەیبەتە نەخوازراوەیان کردۆتەوە. ئەوان لە نەخۆشخانەکان و قوتابخانەکانی شۆڕش، لە دامەزراوە فەرهەنگی و فێرکارییەکان و لە راگەیەنەکانی حیزب و رێکخراوەکانی کوردستاندا، هەم بە ژمارە و هەم بەو کار وئەرکانەی لە ئەستۆیان گرتوە، بەشداری و رۆڵێکی دیاریان هەبووە.

## حزووری ژن لە رێبەری و ئاستی بڕیاردانا

لە نیوەی یەکەمی سەدەی ٢٠دا، نموونەکانی بەشداری و حزووری ژنان لە رێبەریی حیزبەکاندا زۆر کەم بووە. دەتوانین بڵێین ئەگەر یەک دوو ژنیش رێگایان کەوتبێتە نێو رێبەرایەتیی پارت یا رێکخراوێک، لایەنی سەمبولیک و رەمزیی هەبووە و، ئەم بەشدارییە هیچ گۆڕانێکی لە روانین و بڕیاری رێبەریی پیاوسالاری ئەو حیزب و رێکخراوانەدا پێک نەهێناوە. لە راستیدا گرنگیدان بە حوزووری ژنان لە نێو سەرکردایەتیی حیزبە کوردییەکاندا، هی ئەم ساڵانەی دواییە، نەک هی سەدەی ٢٠. ئەگەرچی حوزووری ژنان لە رێبەریی حیزبەکاندا، ئێستاش هەر زۆر کەمە، بەڵام دەتوانین بڵێین لە جارن باشترە.

## سەرپەرستیی بنەماڵە لە غیابی مێرد دا:

گرنگترین و هەر لەو کاتە دا دژوارترین جۆری بەشداریی ژنی کورد لە خەباتی نەتەوەیی و رزگاریخوازانەی

نەتەوەکەی دا، سەرپەرەستیی بنەماڵە لە غەیابی مێرد دایە. ژن چ ئەو کاتەی مێردەکەی بۆتە پێشمەرگە و خەباتکار و چۆتە شاخ، یا پەڕیوەی وڵاتان بووە، یا کەوتۆتە زیندان، یا لە رەوتی خەبات دا گیانی لە دەست داوە، ئەرکی سەرپەرستیی بنەماڵە و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی منداڵەکانی کەوتۆتە ئەستۆ. ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە دەسەڵات و دەست و پێوەندەکانی، زۆرترین کۆسپ و گرفتیان بۆ دروست کردووە. لە راستی دا پیاوانی خەباتکاری کورد و بزووتنەوەی نەتەوەیی، لەم لایەنەوە زۆر قەرزداری ژنانن. بە بێ ئەو ئەرکە قورسەی ژنان لەم پێوەندییە دا گرتوویانەتە ئەستۆ، پیاوان نەیاندەتوانی بە خەیاڵی ئاسوودەوە، خەبات بکەن وتەنانەت بە خەیاڵی ئاسوودەوە بەرەومەرگ بچن.

**ئەنجام:**

بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیست دا، لە باری تیئۆری و فکرییەوەو، هەروەها لە پەسەندکراو وئەدەبیاتی خۆیدا، بایەخی بە ژن داوە و دانی بە پرسی ژندا ناوە، رێکخراوی تایبەت بە ژنانیشی پێک هێناوە. بەڵام بەهۆی جۆراوجۆر بەکردەوە، کاری گەورە و گرنگی بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ستەم و چەوسانەوەی ژنان، لە دەست نەهاتوە. بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، زیاتر لە هەوڵی راکێشانی پشتیوانیی ژنان بۆ لای خۆی و بەشدارکردنیان لە خەباتی نەتەوەیی دا بووە.

ژنان جگە لەوەی بە کردەوە لە خەبات و تێکۆشانی هێزە کوردییەکاندا، سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپەکان بەشدار بوون، وەکوو بەشێکیش لە خەڵک، لە هاوکاریی جۆراوجۆر لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و تێکۆشەرانی سیاسی کورد درێغیان نەکردوە و لە حەرەکەتە جەماوەرییەکانیشدا، دژی داگیرکەران، شانبەشانی پیاوان بەشدار بوون. بەڵام لە ئاستی رێبەریی و بڕیاردانی هێزەکوردییەکاندا، کەمترین جێگایان هەبووە،

کاتی ئەوە هاتوە ژنان لە هەوڵی بەدەستهێنانی جێگەو پێگەی باشتر بۆخۆیان لە نێو بزووتنەوەی کورد دا بن لە هەموو بوار و ئاستەکاندا. بەڵام نابێ هەموو توانای خۆیان تەنیا بۆ خەباتی نەتەوەیی، ئەویش لە چوارچێوەی حیزبەکاندا سنووردار بکەن، بەڵکوو پێویستە سنوورە حیزبی و رێکخراوەییەکان ببەزێنن و بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەستراوەیی سیاسی و رێکخراوەیی، وەکوو ژن بۆ بەرەوپێش بردنی پرسی ژن لە کۆمەڵگەدا، هاوکاری یەکتر بکەن.

ئەوەندەش کە دەگەڕێتەوە سەر بزووتنەوەی نەتەوەیی و هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان، دەبێ دەرکی ئەو راستییە بکەن کە ئەگەر بەرامبەر بە پرسی ژنان و ویست و مافەکانیان کەمترخەم بن، گەورەترین زیان بە خۆیان دەگەیەنن. چونکە خۆیان لە پشتیوانیی هێزێکی کۆمەڵایەتی گەورە بێبەش دەکەن. دەبێ نەک هەر دان بە پرسی ژن و رەوایی ماف و ئازادییەکانیان دا بنێن، بەڵکوو پێویستە هێزی ژنان و پرسی ژنان و داواکانی ژنان لە مەسەلەکانی خۆیان هەڵناوێرن و نەیانخەنە پەراوێزی هیچ پرسێکی دیکە.

* ئەم بابەتە لە یەکەم کۆنفرانسی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە رۆژەکانی ٢١ و ٢٢ی ئاوریل لە سلێمانی پێشکەش کراوە

٢٢ی مای ٢٠١١

## جینایەت بە پاساوی نامووسپارێزی

ناموس» - بەو مانا و پێناسەی کەلتووری کۆمەڵگەی ئێمە - چەندان جینایەتی لێدەکەوێتەوە. یەکەم جار کە نەفرەتم لەم وشەیە لە لا دروست بوو ئەو کاتە بوو کە شاهیدی دیتنی رووداوێکی غەماوی بووم. پیاوێک بە هەموو هێز و توانایەوە لە هاوسەرە جەوانەکەی دەدا، ژنەکە هەموو جەستەی شین و رەش هەڵ گەڕابوو و دەم و لووتی خوێنی لێ دەهات. ئەو پیاوە دڵڕەقە بە هەموو ئەو کەسانەی لە دەوروبەری بوون دانەدەکەوت، لەگەڵ لێدان ئەم وشانەشی لەدەم دەهاتە دەر: » بۆ شەرەف و نامووسم دەبەی؟! نایەڵم زیندوو بمێنی دەتەوێ بێنامووسم بکەی؟! بە دەستی خۆم دەتخنکێنم «

ئەم رووداوە دەرگای دنیایەکی دیکەی بە رووودا کردمەوە، لەگەڵ ئەوەی منداڵ بووم بەڵام دنیایەک پرسیاریان لەلا دروست کردم و دایکم پرسیارباران دەکرد. بۆم دەرکەوت پێش ئەوەی ئەوپیاوە لەگەڵ ئەو ژنە ژیانی هاوبەش پێک بێنێ، کوڕێکی دیکە داوای ئەو ژنەی کردوە بەڵام بابی نەیداوەتێ. رۆژێک بە رێکەوت ئەو کوڕە بە بەردەرکی ماڵی ئەواندا دەڕوا و ژنەکەش لە حەوشە دەبێ، مێردەکەی پێی وایە ئەوە بۆ سووکایەتی کردن بەو بەوێدا دەڕوا. ژنەکە

ئێعتراز بەم گومانە بێ جێیەی مێردەکەی دەکا و ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە بەربێتە گیانی ئەو ژنە بێتاوانە. پاش تەمەنێک و ساڵانێکی زۆر کە ئەم جۆرەهەواڵانە دەخوێنمەوە، موچورکەی ئازارێک بەلەشمدا دێت وئازارەکانم دەکەم بە بیرکردنەوە و سوورتر دەبم لەسەر خەباتەکەم.

شەیدای تەمەن ١٦ ساڵ و دایکی منداڵێکی ٢ ساڵانە رۆژی ١١- ٧ - ١٣٨٨ لە لایەن براکەیەوە بە چەقۆ گیانی لێ سەندرا. ئەو لە کاتێکدا کوژرا کە لە سەر شەقامێک لەگەڵ پیاوێک خەریکی قسەکردن بوو.

پیاوێک پاش ٢٩ ساڵ ژیانی هاوبەش بە هۆی گومانێکەوە بەبەرچاوی منداڵەکانی هاوسەرەکەی خۆی کوشت.

پاییزی ساڵی ٨١، لە خووزستان کچێک لە لایەن مامیەوە کوژرا و بنەماڵەکەی بکوژەکەیان بەخشی، هۆکاری کوژرانی ئەو کچە ئەوە بوو کە بنەماڵەکەی لە جانتای کچەکایەندا کارتێکی پیرۆزبایی بەبێ ئیمزایان دیتبۆوە.
لە بەلووچستان کچێک بە ناوی سەعیدە تەمەن ١٤ ساڵ بە هۆی گومانی باوکییەوە، لەلایەن باوک و براو هاورێکانی براکەیەوە بەردباران کراو گیانی لێ سەندرا.

لە دێیەکی مەریوان، دڵبەر خوسرەوی بەهۆی ئەوەی دەیویست لە مێردەکەی کە بە زۆر پێیدرابوو جیا بێتەوە، لە لایەن باوکیەوە سەری بڕدرا.

پیاوێکی ٤٦ ساڵە هاوسەرە سیغەییەکەی کە تەمەنی ١٥ ساڵ زیاتر نەبوو بە هۆی ئەوەی گۆمان و دڵپیسیی لێدەکرد وەبەر چەقۆدا و برینداری کرد. ئەو پیاوەشی بە زەبری چەقۆ کوشت کە لە گەڵ ژنەکەی قسەی دەکرد.

لە لوڕستان لەیلا بە هۆی ئەوەی نەیدەویست شوو بە کوڕە مامەکەی بکا، لەگەڵ ئەو کوڕە کە خۆشی دەویست رای کرد. براکانی و کوڕە مامەکەی ناوبراویان دیتەوە و بە دارێکیانەوە بەست و ئاگریان لە جەستەی بەردا.

لە دزفول جاسم کە خۆی ٣ ژنی هەبوو، کچە ١٥ ساڵەکەی بە هۆی ئەوەی گومانی دەکرد کە مامی کچەکە دەستدرێژیی کردبێتەسەر، سەر بڕی.

دیسان لە دزفول پیاوێک گومان و دڵپیسیی لە هاوسەری دووهەمی هەبوو کە گۆیا کوڕەکەی لەو نیە، سەری ژنەکەو منداڵە ٧ ساڵانەکەی بڕی.

لە توربەتی جام، پیاوێک بە هاودەستیی برا و کوڕەمامەکەی، خوشکە جەوانەکەی کوشت و لەبیرێکیان هاویشت. دوای یەک مانگ ئەو پیاوە خۆی بە پۆلیس ناساند و هۆکاری کوشتنی خوشکەکەی ئابڕووبردنی بنەماڵە بە هۆی ئەوەوە راگەیاند.

لە سەقز، «شنۆ فەرهادی» بە هۆی رازی نەبوون بە شووکردنی زۆرەملی، بە دەستی براکەی کوژرا.

(لە دێیەکی مەریوان) «فرشتە نەجاتی» کە ١٨ ساڵ لە مێردەکەی چووکتر بوو بە نیازی جیابوونەوە لێی، گەڕابۆوە ماڵی باوکی. بە تاوانێکی ئیسبات نەبوو کە گۆیا لەگەڵ پیاوێکی دیکە پێوەندیی هەبووە لە لایەن باوکیەوە سەری بڕدرا.

لە ساڵی ١٣٨٧ ژمارەیەک لە ئەنجومەن و نیهادە مەدەنییەکان ولایەنگری مافی مرۆڤ لە گەل ژمارەیەک لە ژنانی مەریوان وێڕای مەحکووم کردنی کوشتنی شەهێن نەسروڵلاهی کە لە لایەن براکەیەوە لە ئاوایی دزڵی کوژرابوو، رێپێوانیان کرد.

زوهرا لەگەڵ دایکی چوو بوو بۆ ماڵی باپیری، دوای گەڕانەوەی بۆ ماڵی باوکی زوهرا گومانی ئەوە لە کچەکەی دەکا کە لە لایەن خاڵیەوە دەسدرێژی سێکسی کراوەتە سەری، بەم هۆیەوە زۆهرەی تەمەن ٧ ساڵ لە لایەن باوکیەوە دەکوژرێ.

خەرمانانی ١٣٨٧ خەدیجە ژنێکی لاوی ئابادانی بە نیاز بوو لە هاوسەرە موعتادەکەی جیا بێتەوە، مێردەکەی هەرکە ئەم بڕیارە لە ژنەکەی دەبیستێ خێرا لەگەڵ ٢ مامی خەدیجە پێوەندی دەگرێ و تۆمەتی ئەوەی لێ دەدا کە خەدیجە پێوەندی لەگەڵ پیاوێکی دیکە هەیە. رۆژێک خەدیجە لەگەڵ خوشکی دەچنە دەرەوە، مامەکانی دەگەنە سەری و بە زۆر سوار ماشینی دەکەن و دەیبەنە دەرەوەی شار. دوایە یەکێک لە مامەکانی دەیگرێ و ئەوی دیکەیان بە چەقۆ دەست دەکا بە بڕینەوەی ملی. بەڵام خەدیجە لەو جینایەتە گیانی بە سلامەت دەردەچێ. ناوبراو دەگێڕێتەوە دەڵێ هەرچی لێیاین دەپاڕامەوە، زیاتر بەسەرما دەیانگوڕاند و دەیان گوت بڵێ بزانم لەگەڵ کێ دا

پێوەندیت هەیە؟ من دەم گوت درۆیە من پێوەندیم لەگەڵ کەس نیە من هەمیشە گوێڕایەڵی مێردەکەم بووم. بەڵام ئەوان قبووڵیان نەدەکرد و یەکیان بە چەقۆی میوەخۆری دەستی کرد بە بڕینەوەی ملم. تەنانەت حینجەرە و تاری دەنگم بڕدرابوون، هەستم کرد سەبر سەبر روحم لە جەستەم جیا دەبێتەوە. خوێنێکی زۆرم لەبەر رژابوو، ئەوان کاتێک هەستیان کرد کە ئیدی کارم تەواو بووە و لێم دووركەوتنەوە و ئێستاش من زیندووم.

لە فەراشبەندی پارێزگای فارس، سووسەن ۱۷ ساڵە لە کاتێکدا کورێکی دیکەی خۆش ویستوە، بەڵام ناچار کراوە ببێتە نامزەدی کوڕەمامەکەی. ناوبراو نارەزایەتی لەم نامزەدییە دەربڕیوە. هەر بەم هۆیەوە باوک و مامی بە چارشێوی خۆی خنکاندیان.

لە گورگان پیاوێک بە هۆی گومان لە هاوسەرە ۲۸ ساڵەکەی لەبەر چاوی منداڵەکەی ئەسیدی بە سەروچاوی هاوسەرەکەیدا کرد و گیانی لێ سەند.

ئەم نموونانە بەشێک بوون لە جینایەتی بە ناو نامووسپارێزی لە کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان کە لە پێشەکیی کتێبی «فاجعە خاموش» بە قەڵەمی خانمی پەروین بەختیار نەژاد رۆژنامەنووس و لێکۆڵەری بزووتنەوەی ژنان لە ئێران دا کۆکراوەتەوە و نووسراوە.

کتێبی «فاجعە خاموش» لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و بەنرخ و لەهەمان کاتیشدا راچڵەکێنەر و تاڵە، کە پەروین زۆر ئازایانە بەدوایدا گەڕاوە و باسی لە جینایەتێکی شەرماوی لە کۆمەڵگەی ئێران و کورستاندا کردوە »کوشتن لەسەر مەسەلەی بەناو نامووس پارێزی». ناوبراو بۆ لێکۆڵینەوەکەی زۆر کەسی دواندوە تەنانەت ئەوانەی پێوەندییەکیان بە قوربانییەکانەوە هەبووە.

ئەو نموونانە و بۆچوونی بنەماڵەی قوربانییەکان بە روونی ئەوە نیشان دەدەن کە پێناسەی شەرەف و نامووس و غیرەتی پیاوان لەم وڵاتەدا خۆی لە داوێنی مێینەکانی بنەماڵەدا دەبینێتەوە و نامووس وەک کەرەسەیەک بۆ کۆیلەکردنی ژن کەڵکی لێوەرگیراوە.

بۆ دەبێ داوای جیابوونەوە لە مێرد، باوکێک بێنامووس بکا؟ یان خۆشەویستیی کچێک لە گەڵ کۆڕێک، - لەگەڵ پاراستنی هەموو رێوشوێن و نەریتەباوەکانی کۆمەڵگە - غیرەتی برایەک بریندار بکا؟! یان بە هۆی ملنەدانی کچ

بۆ شووکردنی زۆرەملی، پیاوانی بنەماڵە هەست بکەن بێ ڕێزی بە ناموسیان کراوە. ئەمانە بۆچی دەبێ جینایەتی دژی ئینسانییان لێ بکەوێتەوە؟! ئەوە چ پەیامێک دەدا بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کە لە ٧ مانگدا ٥٠ قەتڵی ناموسی تەنیا لە خوزستان ڕوویداوە؟!

بەختیار نەژاد لە کتێبەکەیدا دەنووسێ: لە سەرەتاوە کە دەستم بە کارەکە کرد پێم وابوو جینایەتی ناموسپارێزی بە زۆری لە ٢ یا ٣ پارێزگای وڵاتدا هەیە، بەڵام هەتا زیاتر وەدوای لێکۆڵینەوەکە کەوتم بۆم دەرکەوت لە زۆر پارێزگای دیکەشدا ئەم دیاردە شوومە هەیە.

پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ئەردەبیل، کوردستان، ئیلام، کرماشان، خوزستان، سیستان و بەلووچستان، لورستان، هەمەدان، فارس و خوراسان لەو پارێزگایانەن کە خەڵکەکەیان لەگەڵ قەتڵی ناموسی ئاشنان و زۆر جار شاهیدی توندوتیژیی ناموسین.

لە بارەی قەتڵی ناموسیەوە قەت ئامارێکی دروست دەست ناکەوێ، چونکە هەر وەک بەختیارنەژاد لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی، ئیمکانی دەستڕاگەیشتن بەو بنەماڵانە کە قەتڵیان تێدا ڕوویداوە مەحاڵە. بۆیە ناکرێ بڵێین چ پارێزگایەک لەو بارەیەوە یەکەم و دوویەم و.. ە.

بەڵام وریاکردنەوە بەردەوامەکان لە سەر هێندێک پارێزگا، نیشان دەدا کە ئەو جۆرە قەتڵانە لەواندا زیاترن. بۆ نموونە پارێزگای خوزستان کە بەرپرسانی قەزایی بەردەوام لەوبارەیەوە باسی دەکەن یەکەمە و، دوویەم پارێزگای کوردستانە کە چالاکانی بواری مافەکانی ژنان بە تایبەتی خانمی پەروین زەبیحی و پەروین ئەردەڵان چالاکانی مافەکانی ژنان لەو بارەیەوە نیگەرانییان دەربڕیوە و داوایان لە بەرپرسان کردوە پێویستە هەوڵەکان بۆ پێشگرتن لەم جینایەتە دژی ئینسانییانە چڕ بکرێنەوە. زۆر جار ڕووناکبیران و نووسەران کە ئاوڕ لە مەسەلەی شەرەف و ناموس دەدەنەوە، بە فکر و بۆچوون ودابونەریتی عەشیرەیی و یان بە عەقڵیەتی نەسڵەکانی ڕابردووی دەبەستنەوە، لە حاڵێکدا تەنانەت حەساسییەت بە مەسەلەی ناموس لە نێو نەسڵی لاویشدا بە زەقی دەبینرێ. ئەوەتا هەر لە کتێبەکەی بەختیار نەژاددا چەندین کچی لاو کە ئەو خانمە لەم پێوەندییەدا دواندوونی، باس لە دەمارگرژیی براکانیان بە نیسبەت خۆیانەوە دەکەن و، لە قسەکانیاندا دەردەکەوێ براکانیان لەچاو باوکیان بە نیسبەت خوشکیانەوە زۆر توندوتیژترن؛؛؛

ئەم دیاردە زیانبارە کۆمەڵایەتییە دەبێ کۆتایی پێ بێ
ژنکوژی بە پاساوی شەرەفپارێزی جینایەتێکی ئاشکراو دژی ئینسانییە و نابێ چاوپۆشیی لێبکرێ. بۆ کەمکردنەوە و نەمانی ئەم دیاردە شوومە، دەبێ لە لایەکەوە، رێگە لەوە بگیرێ کە کەسوکار (مێرد، برا و باوک و مام و خاڵ و...) هەر سزایەک بۆخۆیان پێیان خۆشە بە سەر ژن (هاوسەر، خوشک، کچ، برازا، خوشکەزا و...)ی خۆیانی دا بسەپێنن. هەر کردەوە و هەڵوێست و رەفتارێکی ژن یا کچ کە بە دڵی کەسوکارەکەی نەبوو، مەرج نییە تاوان و لادان بێت. ئەگەر ئەو کردەوە و هەلسوکەوتانە - بە پێی هەر پیناسە و لێکدانەوەیەک - لادان و تاوانیش بن، کەس و کار، ئەو سەلاحییەتە قانوونی و قەزاییەیان نییە بریاری کوشتنی کەسێک بدەن. لە لایەکی دیکەوە، دەبێ هەم لە ئاستی کولتووری و هەم لە ئاستی قانوونی دا، هەوڵێکی زۆر بدرێت بۆ ئەوەی روانینی تاکەکانی کۆمەڵگە و روانینی ناوەندەکانی یاسادانان و. بەرامبەر مافەکانی ژنان و ئازادیی ئەوان لە هەڵبژاردنی هاوژیان وجیابوونەوە و. بگۆردرێ. دیارە ئەمەش پێویستی بە کارێکی زۆری فەرهەنگی لە هەموو بوارەکان و پێکهاتنی هەلومەرجێکی ئەمن و ئازاد لە لایەن دەسەڵاتەوە هەیە بۆ ئەوەی چالاکانی مافەکانی ژنان و داکۆکیکەرانی ئەو مافانە بتوانن بۆ ئامانجەکانیان تێ بکۆشن. هەروەها ئیسلاحی قانوون بۆ پێشگیری لە هەرجۆرە توندوتیژییەک دژ بە ژنان و دروستکردن و پاراستنی ماڵی ئەمن بۆ ژنانێک کە رووبەرووی توندوتیژی دەبنەوە، تا بەدیهاتنی ئەم هەلومەرجەش، رێگایەکی درێژ لە پێشە. بەڵام چالاکانی مافی ژنان نابێ ناهومێد بن، ئەگەرچی هەوڵەکانیان هەزینەو قوربانیی زۆری دەوێ.

٢٥ی جانێوێری ٢٠١١

## کارەساتی کەمپی ئەشرەف، لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ

بەرەبەیانی رۆژی ١٩ی خاکەلێوە چەکدارەکانی ئەرتەشی عێراق بە تانک و زرێپۆش و چەکی جۆراوجۆر هێرشێکی درِندانە و نامرۆڤانەیان کردە سەر کەمپی ئەشرەف، شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەندامانی رێکخراوی موجاهیدینی

خەڵکی ئێران و دانیشتوانی ئەو کەمپەیان وەبەر ئاوری چەکەکانیان دا، کە لە ئاکامدا ٣٤ کەس بە داخەوە کوژران وبە گوتەی ئەو رێکخراوە زیاتر لە ٣٠٠ لە ئەندامانی، بریندار بوون.

کەمپی ئەشرەف لە ١٠٠ کیلۆمیتریی شاری بەغدا، سەر بە پارێزگەی دیالە هەڵکەوتوە و لە ٨٠ کیلومیتریی سنووری ئێرانە. شوێنی نیشتەجێ بوونی زیاتر لە ٣ هەزار کەس لە ئەندامانی رێکخراوی موجاهدینی خەڵکی ئێرانە. لە دوای رووخانی رێژیمی سەددام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣ دا، ئەرتەشی ئەمریکا بەرپرسایەتیی پاراستی ئەو کەمپەی بەئەستۆوە گرت. هەر لەو کاتەوە موجاهیدین ناچار کرا هەر چەشنە چەکوچۆڵ و کەرەسەیەکی نیزامی تەحویلی ئەرتەشی ئەمریکا بدات و بەرپرسایەتیی پاراستنیشیان لە ئەستۆی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بێ و وەک پەنابەرانی سیاسی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ.

ساڵی ٢٠٠٩ ئەرتەشی ئەمریکا بە پێی رێککەوتنێک لەگەڵ دەوڵەتی تازەدامەزراوی عێراق، بەرپرسایەتیی ئەو کەمپەی بە حکوومەتی عێراق سپارد. بە پێی ئەو رێککەوتنە دەبوو حکوومەتی عێراق مافی ئەندامانی ئەو کەمپە وەک پەنابەر بپارێزێ، بەڵام هەر زوو ئەو پەیمانەی شکاند و ئازار و فشار و هێرش بۆ سەر ئەندامانی موجاهیدین لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتی عێراقەوە دەستی پێ کرد و خوازیاری دەرکردنیان بوون لە خاکی عێراقدا. بەڵام موجاهیدین سوور بوو لە سەر ئەوەی ئەو کەمپە هەرگیز چۆڵ ناکات، چونکەلە لایەک نەیدەویست لە مەرزەکانی ئێران دوورتر بکەونەوە و ئەو هیزەی لێک بڵاو ببێ، لە لایەکی دیکە شوێنێکی شک نەدەبرد ئەو هێزەی بۆ رابگوێزێت. بۆیە کێشەو ململانێیەکان لەنێوانیاندا دەستی پێکرد. ئەم دوو لایەنە لە جیاتی رێککەوتن و چارەسەرێکی گونجاو، لەبەرابەر یەکدا راوەستان. دەوڵەتی عێراق چەندین جار لە رێی فشار و زۆرەوە هەوڵی داوە بچێتە نێو کەمپەکەوە و سووکایەتی بە دانیشتوانیان بکا. بەڵام موجاهیدین لە بەرابەر چەکدارە هاندراوەکانی ئەرتەشی عێراقدا بە دەستی خاڵی راوەستاوە و هەوڵی داوە نەیەڵێ هێزەکانی حکوومەتی بچنە ناو کەمپەکەوە و بە هەر شێوەیەک بێ مانەوەی خۆی لەوێدا مسۆگەر بکا.

ئەو کوشتارە بێبەزەییانەی رۆژی ١٩ی خاکەلێوە لە موجاهیدین کە لە لایەن چەکدارەکانی ئەرتەشی عێراقەوە روویدا، درێژەی ئەو کێشمە کێشەیە کە بە تایبەتی لە ساڵی ٢٠٠٩وە لە بەینی حکوومەتی عێراق و رێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێراندا درێژەی هەیە.

**پێوەندیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە کوشتارەکەی موجاهیدین لە ١٩ی خاکەلێوەدا**

ئەمڕۆ کەمپی ئەشرەف بۆ ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهیدین بۆتە کوشتارگە و زیندانێکی گەورە. هەڵسوکەوتی دەوڵەتی عێراق لەگەڵ موجاهیدین، بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندیی نزیکی حکوومەتی عێراق لە گەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران. کۆماری ئیسلامی هەموو کات لە هەوڵی داڕشتنی پیلان لە دژی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە هەر شوێن و وڵاتێک دایە. وڵاتی عێراقیش بۆ حکوومەتی ئێران یەکێکە لەو وڵاتانە کە زۆر بە ئاسانی دەتوانێ پیلان و گەلاڵە چەپەڵەکانی خۆی لە سەر ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی تێیاندا جێبەجێ بکا.

**ئەمەش بە هۆی دوو فاکتەری سەرەکییەوەیە:**

**یەکەم:** بە هۆی پێوەندیی نزیکی حکوومەتی عێراق لە گەڵ کۆماری ئیسلامی و نفووزی ئەو ڕێژیمە لە سەرهێندێک لایەنی نێو دەوڵەت و دەسەڵاتی عێراق.
**دووهەم:** سنووری هاوبەشی ئەم دوو وڵاتە پێکەوە.

ئەو جینایەتە سامناکەی ڕۆژی ١٩ی خاکەلێوە لە لایەن چەکدارەکانی ئەرتەشی عێراقەوە، لەکەمپێ ئەشرەف ڕوویدا، بە دڵنیاییەوە ڕێژیمی ئێران لە ڕێی مۆرەکانییەوە لە وڵاتی عێراق، دەستی تێدا هەبووە. ئاژاوەگێڕیی ڕێژیمی ئێران لە ناوچەدا و دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی عێراق لە چاوی کەس شاراوە نیە و بە هەزاران بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم ئیددیعایە هەیە.

با گیانی ئینسانەکان لە سەرووی هەمووشتێکەوە بێ ئەوە یەکەم جار نیە موجاهیدین لە لایەن هێزەکانی حکوومەتی عێراقەوە هێرشیان دەکرێتە سەر و لێیان دەکوژرێ. سیاسەتی ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵکی ئێران و کارنامەی ئەو ڕێکخراوە بۆ کەسانێک کە گیانی مرۆڤەکان لە سەرووی ڕوانگە و بۆچوونە سیاسییەکانیانەوەیە، لەم هەلومەرجەدا گرنگ نیە، گرنگتر لە هەموو شتێ گیانی ئەو ئینسانانەیە کە لە کەمپی ئەشرەف بە بێ هیچ کەرەسەیەکی دیفاعی گیریان کردوە و وەک زیندانییەک لە بەر دەستی هێزەکانی دەوڵەتی عێراق و لایەنەکانی سەر بەڕێژیمی ئێراندان.

بە دوای ئەو کوشتارە دڕندانەیە کە لە موجاهیدین کرا، زۆرمان هاودەردی و هاوخەمی لەگەڵ ئەو رێکخراوە و ئەو کەسانەی لە ئەشرەف نیشتەجێن دیت. بەڵام لەپەنا ئەوەشدا تاک و تەرا کەسانێک هەبوون باسیان لە سیاسەت و کردەوەکانی موجاهیدین دەهێنایە گۆڕێ، کە بە بڕوای من ئەوانە لە گەورەیی ئەو جینایەتە ئینسانییە و شەرماویبوونی ئەو کردەوەیەی ئەرتەشی عێراق تۆسقاڵێک کەم ناکاتەوە. سیاسەت و کارنامەی موجاهیدین هەر جۆرێک بووبێت ناتوانێ دەلیلێک بێت بۆ ئەوەی کەسانی سەر بەو رێکخراوە کە ئێستا وەک پەنابەر لەو وڵاتە دەژین، بەو شێوە دژی ئینسانییە رەفتاریان لەگەڵ بکرێ. هەموومان لەرێگای تەلەڤیزیۆنەکانەوە دیتمان هێزە چەکدارەکانی سەر بە دەوڵەتی عێراق، چۆن جەستەی ئەو ئینسانە بێدیفاعانەیان بە گوللە دابێژدابێژ دەکرد و بە تەگەری زرێپۆشەکانیان دەیانپلیشاندنەوە و قەڵاچۆیان دەکردن.

ئەو ژن و پیاوانەی لە کەمپی ئەشرەف دەدرێنە بەر گوللە و لەبن تەگەری زرێپۆشەکاندا لەت و پەت دەکرێن، کەسانێکن باشترین ساڵانی تەمەنیان بۆ خەبات لە دژی دیکتاتۆریی ئاخوندی و بەدەستهێنانی ئازادی بۆ وڵاتەکەیان تەرخان کردوە وبە ناچاری رێیان کەوتۆتە وڵاتی عێراق و لەم کەمپەدا ژیانێکی بەئازار بەسەر دەبەن.

حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان وئێران و رێکخراوە ناوچەیی و جیهانییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و کۆمەڵێک لە دەوڵەتان و ناوەندە سیاسییەکان هێرش بۆ سەر دانیشتوانی کەمپی ئەشرەف و کوشتنی ئەوانیان مەحکووم کرد. تەنانەت ناردراوی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نزیکەوە سەردانی ئەو کەمپەی کرد و ئەو رێکخراوە تەئییدی کرد کە لە هێرشی رۆژی هەینی ١٩ی خاکەلێوە دا بۆ سەر کەمپی ئەشرەف ٣٤ کەس کوژراون. بەڵام تەنیا مەحکووم کردنی ئەو تاوانە بەس نیە، بە تایبەتی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و رێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی جیهان دەبێ گوشار بخەنە سەر لایەنە پێوەندیدارەکان (دەوڵەتی ئەمریکا، دەوڵەتی عێراق و...) رێگاچارەیەکی دادپەروەرانە و ئینسانی بۆ دانیشتوانی کەمپی ئەشرەف بدۆزنەوە و گیانی ئەو مرۆڤانە لە پەلامار و هێرشی ئەرتەشی عێراق وپیلانگێڕیی پەیتاپەیتای مۆرەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی رزگار بکەن. ئەوەی رۆژی ١٩ی خاکە لێوە لە عێراق و لە پەنا دەستی ئەرتەشی ئەمریکادا روویدا نەک هەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، بەڵکوو تاوانێکە دژی مرۆڤایەتی. نابێ چی دیکە ئیزن بدرێ ئەو ئینسانە بێدیفاعانە بەم شێوەیە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ.

٢٠ی ئەپریلی ٢٠١١

## کوێستان فتوحی باس لە داخوازیەکانی کۆنفرانسی ژنانی رۆژهەڵات بۆ حیزبەکان دەکا

رۆژهەڵات تایمز - دیمانە: لە رۆژانی ٢١ و ٢٢ی ئابریلی ٢٠١١، ژنانی رۆژهەڵات وێڕای کۆمەڵێک لە پیاوانی یەکسانیخواز، کۆنفرانسێکی دوو رۆژەیان لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان بەڕێوە برد. لەو کۆنفرانسەدا کە نوێنەرانی بەشی زۆری حیزبەکانی رۆژهەڵات و رێکخراوەکانی ژنانی سەر بەو حیزبانە وێڕای کۆمەڵێک لە چالاکانی سەربەخۆ بەشدار بوون، کۆمەڵێک پرسی هەنووکەیی بەرەوڕووی حیزبەکانی رۆژهەڵات کرایەوە.

کوێستان فتووحی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها چالاک لە بواری مافەکانی ژنان یەکێک لە بەشدارانی کۆنفڕانسی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو. ئەو لە پانێلی ژن و سیاسەت دا باسێکی لە سەر بزووتنەوەی نەتەوەیی و رۆڵی ژن پێشکێشی بەشداران کرد.

بۆ زیاتر تیشک خستە سەر باسەکانی کۆنفرانس و دەرەنجامەکانی، رۆژهەڵات تایمز کۆمەڵێک پرسیاری بەرەورووی کوێستان فتوحی کردەوە:

***ئامانجەکانی گرتنی ئەو کۆنفڕانسە چ بوون؟ جەنابتان وەک چالاکێکی مافی ژنان کە هاوکات چالاکێکی سیاسیی کوردستانیشی، چۆن باس لە گرینگی و بایەخی ئەو کۆنفڕانسە دەکەی؟***

***کوێستان:*** بە بڕوای من ئەو کۆنفرانسە، بۆ یەکخستنی وزە و هێز و دەنگی چالاکانی ژنی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو لە تاراوگە، لە پێناو گۆڕینی ئەو دۆخە نالەبارەی ژنی کوردی تێدایە. پرسی کسانیخوازی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا پێویستی بە دەنگ و هێز و وزەی یەکگرتووی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز هەیە. ئەو کۆنفرانسە هەنگاوێک بوو بۆ کۆکردنەوەی ئەو هێزە، ئەگەرچی بیروباوەڕی جیاوازەوە، بەڵام بۆپرسێکی هاوبەش، ئەویش پرسی یەکسانیخوازییە.

بـایەخ و گرنگییەکەشی هەر لەوەدا بـوو ئەوانەی ئەو کۆنفرانسـەیان بەڕێوە بـرد یـان بەشداری کـۆنفرانس بـوون لەبـاری بیروبۆچـوون و ئـایـدۆلۆژیاوە جیـاواز بـوون، هەر یەک سـەر بە ڕێکخـراو و گرووپـی جیـاواز و کەسـایەتی سەربەخۆ، پێکەوە کۆبوونەوە باسیان لەپرسێک دەکرد کە خەمی هەموویان بوو.

***پرسیار: ڕەوتی کاری کۆنفرانسەکە چۆن بوو؟ ئایا لەو ئامانجانە نیزیک بوونەوە کە باستان کرد؟***

***کوێستان:*** **ئەو کۆنفرانسـە زۆر لایەنـی پرسـی ژنـانی تێدا بـاس کـرا، بـۆ نمـوونە ڕۆڵـی ژنـان لە نێـو حیزبەکـانی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان دا، حیزبەکــان و پرســی یەکســانیخوازی، ئەزمــوونی خەبــاتی پێشــمەرگایەتی ژنــان، کەمتەرخەمییەکـانی ژنـان لە ئاست کێشـەکانی خۆیـان دا و باسـی فیمینیسـتی و... یـەکێک لـە ئامانجەکـانی ئەو کۆنفرانسـە ئـەوە بـوو کـە ژنـانی خـەباتکار پێکەوە ڕێکخراوتـر و بـە بەرنامـەتر خەباتەکـەیان بـەرەوپێش بـەرن. ئیدئولۆژیی ڕێگەیان لێ نەگرێ کەپێکەوە بوونیـان یـان سنووری حیزبـایەتی وتەشکیلاتی وایـان لـێ نەکـا پێکەوە نـەتوانن کـار بـۆ پرسـی ژنـان بکـەن. ئـەو کۆنفرانسـە پێـی لەسـەر ئـەوە داگـرت کـە پێویسـتە ژنـان بە جیاوازییەکانیـانەوە لەسـەر نەهێشـتنی کێشـەکانی ژنـان لـە کوردسـتان و دروسـتکردنی کۆمەڵگەیـەکی دادپـەروەر، هاوکاری یەکتر بکەین.**

***پرسیار: بەشدارانی ئەو کۆنفرانسە ژنانی نێو ریزەکـانی حیزبـەکانی ڕۆژهـەڵاتی کوردستان بـە حیزبـی دێموکراتـی کوردستان، کۆمەڵـە و ژنـان و کـەسایەتییە سەربەخۆکان بـوون. ئـەو کۆنفرانسـە چەنـدە تـوانی هەڵوێستی ژنـان، بۆچوونی ژنـان لـە یەکتر نیزیک بکاتـەوە؟ یـان بـە ڕوویـەکی دیکـەدا ئـەو کۆنفرانسە کارەکـانی تـەواو بـووە یـان دەیەوێ گوفتومانێکی نوێ لە داخوازیی ژنانی ڕۆژهەڵات لە تاراوگە بێنێتە گۆڕێ؟***

***کوێستان:*** **بە بڕوای من زەمینـەکە هەیە بـۆ لێک نزیـک بـوونەوەی ژنـانی سـەر بە حیـزب و لایەنە جۆراوجۆرەکـان. ئـێمەی ژنـان هەمووپـان دەرد و کێشـەی هاوبەشـمان هەیە، دەرک بەوە کـراوە کە دەبـێ بۆچارەسـەری کێشـەکانمان هەمـوو پـێکەوە ئەو خەبـاتە بەرەو پـێش بەریـن. هەر ئەوەشـە بـۆتە هـۆی ئەوە بە هەمـوو جیاوازییەکانمـانەوە کۆبینەوە بۆ ئەوەی قسە لەپرسێک بکەین کە خەمی هەمووانە هەمووپانە.**

**من لەو کۆنفرانسەدا بۆم دەرکەوت منی ژنە دێموکرات لەسەر کێشەکانی ژنان لە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا قسەی**

دڵی ژنە کۆمەڵەییەک دەکەم، یان بە پێچەوانەکەی. ئەوە زۆر گرنگ بوو. ئێمە خەباتەکەمان بۆ وەدیهاتنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستانە، هیچ ماف ئازادییەکیش تەکمیل نابێ ئەگەر ژنان لە مافەئینسانییەکانیان بێبەش بکرێن. ئەزموونی باشووری کوردستانیش ئەوەمان پێ دەڵێ کە بە تەنیا خەباتی نەتەوەیی ناتوانێ چارەسەری هەموو کێشەکان بکا.

لە سەر کارەکانی کۆنفرانسیش دەبێ بڵێم کاری ئەو کۆنفرانسە تەواو نەبووە، تازە هەنگاوی یەکەممان دەست پێ کردوە. زۆر کەس روومان تێدەکا و دەڵێ ئەو کۆنفرانسە چی حەل کرد؟ دەڵێم نەک لە کۆنفرانسێک بە دەیان کۆنفرانسی دیکەش کێشەی ژنان حەل نابێ، بەڵکوو ئێمە دەبێ لە کۆنفرانسەکانی داهاتووش دا باس لەچۆنیەتی خەباتەکەمان بکەین، کێشەکان ببینینەوە و بۆچارەسەریان بەرنامە پرۆژەمان هەبێ.

***پرسیار: کاریگەریی ئەو کۆنفرانسە و کۆنفرانسەکانی دیکەی لەو چەشنە لە سەر خەباتی ژنان لە نێوخۆی وڵات چۆن دەستنیشان دەکەن؟***

***کوێستان:*** لە هەر کوێیەک جموجۆڵێک هەبێ لەسەر ماف و ئازادییەکانی ژن، لەسەر خەباتی ژنان لە نێوخۆ بێ تەئسیر نابێ. راستە ئەو کۆنفرانسە نوێنەرایەتی هەموو ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستانی نەکردوە، بەڵام پەیامەکانی ئەو کۆنفرانسە دەکرێ لە رێگەی راگەیەنەگشتییەکانەوە بەگوێی ژنان لە نێوخۆ بگات. بەتایبەتی ئەو کۆنفرانسە زۆری گرنگی بە خەباتی ژنان لە نێوخۆی وڵات دا. فیلمی دیکومێنتی و وێنەیی لەسەر خەباتی ئەوان نیشان درا و بە بایەخەوە روانییە ئەو خەباتەی ئەمڕۆ ژنان لە نێخۆی وڵات بە مافەکانیان بەرێوەی دەبەن. ئەو جۆرە کۆنفرانسانە دەتوانێ لانی کەم لەسەر ئێعتماد بە نەفسی ژنان لە نێوخۆ تەئسیری هەبێ و ئەو بڕوا بە خۆییە بۆ خەبات و بەربەرەکانێ لەگەڵ نابەرابەرییەکان زیاد بکا. بەتایبەتی ئەو ژنانەی لە کۆنفرانس دا بەشدارییان کرد و باسیان پێشکەش کرد ئەزموونێکی زۆریان لە ریزی خەبات دا هەیە و نەسڵی ئەمڕۆی کچان و ژنان لە نێوخۆ دەتوانن کەڵک لەم ئەزموونانە وەرگرن.

***پرسیار: وادیارە ئەو کۆنفرانسە کۆمەڵە پێشنیارێکیش بۆ حیزبە سیاسییەکان بووە. وەک دوا پرسیار ئەو پێشنیارانە چی بوون و پێتان وایە وەڵامی حیزبی دێموکرات بەو پێشنیارانە چی دەبێ، یان چۆن بووە؟***

***کوێستان:*** **بەڵێ مەسەلەی ژنان لە نێو حیزبەکانیشدا مەوزوع بوو. بۆیە روو بە ئەوانیش هێندێک خاڵ و پێشنیار هاتنەگۆڕێ:**

**بۆ نموونە:**

**- حیزبەکان چی دیکە نابێ پرسی یەکسانیخوازی بخەنە پەراوێزی خەباتی نەتەوەیی چونکە هیچ ئازادی و دیموکراسییەک کامڵ نابێ مادام ژنان بەشدار نەبن لە دەسەڵات دا، مادام ژنان مافیان پێشێل بکرێ.**

**- پێویستە حیزبەکان بە کەلتوور و ئەدەبیاتی خۆیان دا بچنەوە و کەلتوور و ئەدەبیاتێکی یەکسانیخوازی لە جێی ئەو کولتوور و ئەدەبیاتە پیاو سالارانەی خۆیان دا بچەسپێنن.**

**- لە دژی دابونەریتە کۆنە پەرەستانەو سوننەتییەکانی دژ بەژنان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بە جیددییەتەوە راوەستین.**

**- حیزبەکان پێویستە پرنسیپی یەکسانیخوازی بکەنە سەرلوحەی کارو تێکۆشانیان و بەچاوێکی رەخنەگرانەوە بڕوانە رابردووی خۆیان لەسەر گرنگی نەدان بە رۆڵی ژنان لە ریزەکانی خۆیان دا.**

**- پێویستە بە کردەوەپشتیوانی لە خەباتی یەکسانیخوازی بکەن و....**

***پرسیار: حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێک کە بۆخۆت تێیدا چالاکی، وڵامی بەم پێشنیارانە چی بووە؟***

***کوێستان:*** **من پێم وایە حیزبی دێموکرات وڵامی موسبەتی بۆ ئەو پێشنیارانە پێ دەبێ. ئێستا خەڵک دروشم و قسەی بێ کردەوەیان ناوێ .**

**دوو فاکتەری گرنگ هەیە کە حیزبەکان ناچارن لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ژنان دا بگۆردرێن.**

**١- کرانەوە بە رووی دنیای دەرەوە دا.**

**٢- خەباتی ژنان خۆیان.**

حیزبی دێمۆکرات حوزووری هەیە لەنێو کۆرو کۆمەڵە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ. ئەگەر بیهەوێ لەوێدا قسەی بڕوا و وەک حیزبێکی پارێزەری ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، بناسرێ، پێویستە لە هەموو روویەکەوە لەگەڵ ئەو کۆڕو کۆمەڵانە هاوئاهانگ بێ. لە پێوەندی لەگەڵ خاڵی دووهەمیشدا هەم ژنانی نێوخۆ و هەم ژنانی نێو ریزی حیزبەکان وشیارتر بوونەتەوە، لە رابردوودا ژن دەبوو پیاوانە دەرکەوێ و خەباتەکەشی هەر پیاوانە بکا بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی پیاوسالار قبووڵی بکا. ئەمڕۆ ئیتر ئەو دەورانە بەسەر چووە. ژنانێکی ئاگا و خوێندەوار و بڕوا بەخۆ لە مەیدانی خەباتدان و حیزبی دیموکراتیش ئەو راستییە دەزانێ. بۆیە پێم وایە نەک هەر پشتیوانی دەکا لە داخوازییەکانی ژنان، پرسی یەکسانییش یەکێک دەبێ لە ئەولەوییەتەکانی کار و تێکۆشانی لە داهاتوودا.

٣٠ی ئاوریلی ٢٠١١

---

## کوردستان نیشتمانی بووکە چاو بە فرمێسکەکان

ماوەیەک بەر لە ئێستا هاورێیەکم سیدی(CD) یەکی بۆ هێنام وتی: «ئەمە فیلمێکی سەرنجراکێشی تێدایە، بیبینە!"

زەماوەندێکی تایبەتی بوو. ئەگەر بمەوێ چیرۆکی فیلمەکە باس بکەم، بەداخەوە هیچی لێ نازانم، چونکە فیلمەکە هیچ شەرح و قسەیەکی روونی تێدا نەبوو. بەڵام بە چاوە پڕ لە فرمێسکەکانی بووکەکە، ئەوەم لێ هەڵێنجا کە ئەم زەماوەندە دەبێ چیرۆکێکی تاڵی هەبێ. بە بینینی دیمەنەکان هەستێکی ناخۆش ناخمی داگرت و کەوتمە بیرکردنەوە لە واقعی تاڵی ژیانی کچانی کۆمەڵگەی کوردستان و وەک هەمیشە شەریکی ئازارەکانیان بوومەوە. بۆ کەسێکی مافخواز کە تێدەکۆشێ لە پێناوی ئەوەی ئینسانەکان مافەکانیان پێشێل نەکرێ، ئەو فیلمە زۆر غەمهێنەر و ئازاراوییە. فیلمەکە زۆر کۆن نیە بۆیە بۆ ئەوە نابێ پاساوی ئەوە بێنینەوە کە لە کۆندا ئەمە رووی داوە وئێستا دابی ئەوانە نەماوە.

ئەمەیە واقعی کولتووری کۆمەڵگەی کوردستان! وڵاتی بەڵاو موسیبەت بۆ ژنان؟!

زەماوەنـدە، هەڵپەڕکێیـە.... بـەزەییم بـە بـووک دا دێتـەوە، بووکێـک کـە رووی نایـە سـەری بـەرز کاتـەوە و بڵـێ خەڵکینە بۆ ئەو فرمێسکانەم نابینن؟! بەزەییم بەو کۆرەگەنجەی بە جلوبەرگی ژاکاو و ریشی نەتاشراوەوە دەستی بووکە چاو بە فرمێسکەکە دەگرێ و بەرەوماڵی بەخت! بەڕێی دەکا. بەو ژنانەی بە جلوبەرگی رەنگاورەنگ و لەچکە بەسـەر و بـە رووخسـارێکی شـەرمنەوە دێـن و دەچـن و هێندێکیشـیان بـە دوو دەسـرە سـەما دەکـەن، بـەو پیـاوە بەساڵداچووەی ناوچاوانی بووک ماچ دەکاو بە پەڕۆیەک فرمێسکەکانی دەسڕێ. دەگری... چ گریانێکی غەماوی...

هەروەک وتم فیلمەکە هیچ شەرح و قسەیەکی تێدا نیە تـەنیا گۆرانیی کوردی لەگەڵ مونتـاژ کراوە، بـەڵام بـە بینینی سروشت و شێوەی جلوبەرگ و هەڵپەڕکێکەیان لەوەدەچێ ناوچەی موکریان بێ لـە رۆژهـەڵاتی کوردستان. بـە هۆی ئاشنایەتیم لە گەڵ ناوچەی بۆکان، تەنانەت دەتوانم بڵێم ئەم زەماوەندە پیرۆزە! لە یەکێک لە دێهاتـەکانی ئەو شارە رووی داوە. لێرەدا مەبەستم لۆمە کردنی ناوچەیەکی تایبەتی نیـە. چونکە ئـەو دەردەی من باسـی دەکـەم تایبەت نیە بە ناوچەیەک یان شارێک. مەبەستم ئەوەیە لە گۆشەی ئەم زەماوەندەوە بڕۆمەوە بـۆ لای ئـەو ژنانـەی بێ دەسەڵات و مەزڵووم زوڵم قەبووڵ دەکەن و رازیین بەم بەشەی بۆیان هەڵ دەبژێرن. بەڵام پـێش هەمووشـتێ بـا کەمێ باسی فیلمەکە بکەم: سەرەتـای فیلمەکە ماشێنێکی جیپ رازاوە بـە گـوڵ و تـارای سـوورەوە بـەرەو حەوشـەیەکی گەورە دەڕوا و لە حەوشەکەدا رادەوەستێ و لە چاوەڕوانی بووکێکدایە. بووک بـە جلوبـەرگی سپی و تـارای سـوورەوە لە ژوورێـک دێتـەدەر چەنـد ژنێـک راوەسـتاون بـۆ بـەڕێ کردنـی. کورێکی لاوی مـاتو مـەلوول، دێـت و دەسـتی بـووک دەگرێ و بەرەو ماشێنەکەی دەبا. بووکەکە چاوەکانی پڕن لە فرمێسک و خێرا خێـرا بەدەسـتی چاوەکـانی دەسڕێ و بە روخسارێکی شەرمنانە کە زۆر بەزەحمەت جار جـار سـەری بـەرز دەکاتـەوە سـواری ماشێنەکە دەبـێ و بـەرەوماڵی بەخت! بەڕێ دەکەوێ. بەڵام چ بەختێک! سپی وەک کراسـەکەی بـەری خـۆی، یـان رەش وەک پێچـە خـاڵ خاڵـەکەی سەری زاوا؟! ئەی خودایە نـەکا ئەمە زاوا بـێ؟! دوور نیە چونکە شتی وا لـە کوردستان زۆر رووی داوە. بووکەکە هەر ١٨ ساڵ دیارە بەڵام ئەو پیاوە ٥٠ ساڵ دەبێ. ئـەم بووکـە بۆیـە وا دەگـری؟ نـا هیـوادارم من هەڵـەم کردبـێ. ئەگەر وایە ئەم ژنانە بۆ وا سەما دەکەن، دەیانەوێ لە شادی کاکی زاوادا بەشدار بن، یان دەیانەوێ بەم کارەیـان دڵی بووکە غەمبارەکە کەمێک شاد کەن و نەیەڵن بیر لەم چارەنووسەی بکاتەوە! ئەی خوایە بـۆ کەسـێک نیـە ئـەم فرمێسکانە ببینێ!

پرسیاران رووبەرووی خۆم دەکەمەوە: ئەگەر من بوومایە لە جێگای ئەو چیم دەکرد؟ هـەرگیز... ئەگـەر من لـەوێ بوومایە و لە جێی ئەو ژنانە بوومایە چیم لەدەست دەهات؟ چیم بەو زاوایە دەگوت؟! چیم بـە بـراو بـاوک و دایکـی

ئەو بووکە دەگوت؟ جار جار دڵخۆشی خۆم دەدەمەوە و دەڵێم رەنگە خۆی ئەمەی هەڵبژاردبێ. نا بڕوا ناکەم.... ئەگەر بەزۆر نەبێ چۆن کچێکی ۱۸ ساڵە یان ۲۰ ساڵە شوودەکات بە کابرایەکی ۵۰ ساڵە؟ !زوڵمێکی گەورەیە. تاکەی کۆتایی بەم دیاردە نارەوایە نایە ؟ کێ هەست بە ئازاری ئەم کچە داماوانە دەکا؟ هەست کردن چ دەردێک دەوا دەکا؟ مەگەر هەر ئەو کچانە بۆخۆیان شەڕ بکەن. شەر بە چی دەکرێ بە تێگەیشتن و ئازایەتی....

خەڵکی کوردستان ئاگان دەزانن کێشەکانیان چیە مافیان چیە، حیزبەکان کێن، لە زۆر بارەوە گۆڕاوە، ئەم هەموو خوێندەوارەمان لە دێهاتەکانیش هەن، ئەنجومەنی ئەدەبی و فەرهەنگیمان هەن، ژنانی ئازاو خوێندەوارمان هەن، هەموو کەلێن و قوژبنێکی نیشتمانی ئێمەش دەرگای بە رووی جیهاندا کراوەتەوە، خەڵکی ئێمەش پێشکەوتنەکانی جیهان دەبینن، کەلتوور و فەرهەنگی وڵاتانی پێشکەوتوو دەبینن، ئەمانە قسەی زۆرانمانن.... ئەی کەواتە تاکەی، ئێمە شاهیدی ئەو نەهامەتییانە دەبین. فێر بووین کە دەگەینە سەر هەر کێشەیەک خەتای دوژمنان دەگرین، تاکەی ئەم پاساوە دێنینەوە؟ ئەرێ بۆخۆشمان لە زۆر بەدبەختی و چارەڕەشی خۆماندا دەستمان نیە؟ لە لایەن رووناکبیران و نوخبەکانی کۆمەڵگەوە ئەم هەمووە باسی نەتەوە و نەتەوەپەرستی و نیشتمان خۆشەویستی دەکرێ، بەڵام کەمترین ئاوڕ لە کێشە کۆمەڵایەتییانە دەدرێتەوە کە کۆمەڵگەی کوردستانی تووشی دەرد و نەخۆشییەک کردوە کە خۆشمان هۆکارین. یەکێک لەو کێشانە دیاردەی بە زۆر بەشوودانە و ئەمەش هەموو دەزانن کە بە زۆر بەشوودان دەیان کێشەی دیکەی لێ دەکەوێتەوە. کێشەو لێک هەڵوەشانی بنەماڵە و بەدبەختییەکانی منداڵ، خۆکوژیی ژنان، خیانەتی هاوسەری و... بەدڵنیاییەوە بەشێکی زۆری بەهۆی بەزۆر بەشوودانەوەیە. دە کەواتە بەس نیە؟

شتێکی دیکەی کە لەو زەماوەندەدا خەمم پێوە خوارد و هەمیشەش بە چاوی سووک و شەرماوییەوە لێی دەڕوانم، ئەویش پووڵ هەڵواسین بە جەستەی بووک دایە. بەڕاستی نازانم ئەمە کەی هاتۆتە نێو کەلتووری ئێمەوە؟ بۆ دەبێ ئێمە شتە ناحەزەکانی خەڵکی وڵاتانی دیکە وەرگرین. ئەگەر ئامانج یارمەتی ئەو بووک زاوایەیە کە تازە ماڵ دادەنێن، کارێکی پیرۆزە، بەڵام دەکرێ بە شێوەیەکی دیکە بێ بۆ بەم شێوەیە؟! ناکرێ ئەم پووڵ وپارەیە لە زەرف (پاکەت)ێک بخەن و با ناوی خۆشیانی لەسەر بنووسن و بۆیان بنێرن؟ ئەو شێوە یارمەتی دانە بە بووک و زاوا (بە دەرزیلە پووڵ پیاهەڵواسین) بە جلوبەرگی بووکدا ئەوپەڕی دواکەوتووی و هەژاریی ئەقڵ دەگەیەنێ. خۆزگە بووکەکانمان ئەو ئیزنەیان نەدایە پووڵ و پارەیان پیاهەڵواسن، چونکە زۆر دیاردەیەکی ناشیرینەو جگە لەوەی ئەوپەڕی سووکایەتییە بە خۆیان، سووکایەتیشە بەوکەسانەی دەستیان ناڕوا ئەو یارمەتییە بکەن، ئەگەر

نەشیکەن بەچاوێکی سووک چاویان لێ دەکرێ، لەم دابورەسمەدا قورسایی ئینسانەکان بەو وەرەقە پووڵانەیە کە دەنک دەنک بە بووکەکەیدا دەکەن یان لە قاپەکەی بەردەمیانی دەخەن کە هەر بۆ ئەو مەبەستە دانراوە، هەرکەس توانی زیاتر دانێ ئەوە لەبەرچاوی خەڵک قورسایی زیاتر دەبێ و هەست بە غورروور و سەربەرزی دەکا. بەڵام زۆر کەس هەیە شایی و زەماوەندی لێ بۆتە ژان و ئازار لەبەر ئەوەی نەی بووە ئەم پووڵە بەبووکەکەدا هەڵواسێ، هەستی بە کەمبوون کردوە یان ناچار بووە قەرز بکا و دواتریش بەهەزار بەدبەختی جێگەی پڕدەکاتەوە.

بەو هیوایەی هەرکەس لە ئاست خۆیەوە تێبکۆشی بۆ سڕینەوەی ئەم دیاردە ناحەزانەی کۆمەڵگەی کوردستان و چی دیکە شاهیدی ئاخ و حەسرەت وفرمێسکی تازەبووکەکان نەبین و نرخی ئینسانەکانیش بە پووڵ و پارە هەڵ نەسەنگێندرێ.

١٤ی جووڵای ٢٠١١

## ئەمجارە تۆ لەگەڵ کەوە خۆشەویست!

نووسینی ندا شهبازی. وەرگێرانی لە فارسییەوە کوێستان فتوحی

بەدوای بڵاوبوونەوەی نامەیەک لە لایەن بنەماڵەی محەممەد سەدیق کەبوودوەند دامەزرێنەری بەندکراوی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە دیسامبری ٢٠١٠ دا و بڵاوبوونەوەی پێشنیاری ناساندنی کەبوودوەند وەک کاندیدای خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل، گرووپێک لە چالاکانی مەدەنی و سیاسیی کورد لە دەرەوەی وڵات، بە وەڕێخستنی کەمپەینێک، ئەو پێشنیارەو ئەو هەلەی هاتۆتە پێشیان بە دەرفەت زانی و بواریان بۆ وەڕێخستنی چالاکییەکی مەدەنی بە کۆمەڵی جوان پێک هێنا. کەمپەین هەر لە یەکەم رۆژی دامەزرانییەوە لەگەڵ زۆر هەورازو نشێو بەرەوڕوو بۆوە. ئاماژەی ئەرێنی و نەرێنی جۆراوجۆر ناردرا. لە رۆژی یەکەمەوە هێندێک کەس لەخۆبردوانە یارمەتیی ئەو کەمپەینەیان دا. هێندێکی دیکە هەرچەند لە سەرەتاوە بە گومانەوە سەیریان دەکرد، بەڵام لە درێژەی رێ دا بوونە یارمەتیدەری کەمپەینەکە.

لە کۆتاییدا محەممەد سەدیق کەبوودوەند، دامەزرێنەری بەندکراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە ماوەی ٥ ساڵە میوانی ئێوینی تارانە و تەنیا بە تاوانی چالاکییە مرۆڤدۆستانەکانی، ماوەی مەحکوومییەتی ١١ ساڵەی خۆی لە زیندان تێپەڕ دەکا، لە لایەن حیزبی سۆسیالیستی چەپی پارلەمانی نۆرویژ وەک یەکێک لە بەربژێرەکانی خەڵاتی نۆبێلی ٢٠١١ ناسێندرا .

بۆ ئاشنایی زیاتر لەگەڵ کۆمەڵە چالاکییەکانی، و ئەو خەڵاتانەی وەری گرتوون، مەحکوومییەت و ئەو نەخۆشییانەی بەڕێز کەبوودوەند کە لە زیندان تووشیان بووە، دەتوانن سەردانی سایتەکەی بکەین. ئەوەی لێرەدا دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم، بێ لوتفییەکە کە لە لایەن راگەیەنە ئێرانییە غەیرە کوردییەکانەوە لە بارەی کەبوودوەندەوە بەڕێوە دەچێ.

ئەگەر لە بارەی چالاکییەکانی کەبوودوەند بخوێنینەوە و کەمێک بە ویژدانەوە دادوەری بکەین، بێ گومان قبووڵ دەکەین کە ئەو تێکۆشەرە کوردەی مافی مرۆڤ کە لە لایەن زۆر لە کوردەکانی ئێرانەوە وەک باوکی مافی مرۆڤی کوردستان ناسراوە، شیاوی سەرنج و گرینگی پێدانی زیاتری راگەیەنەکانە. بەڵام بەداخەوە نەک لە ماوەی دەورانی زیندانیبوونی دا، بەڵکوو تەنانەت دوای کاندیدکرانی بەڕێز کەبوودوەندیش بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل، کەمتر راگەیەنێکی غەیرە کورد ئەو هەواڵە گرنگەیان بڵاوکردۆتەوە.

مەبەستم گلەیی کردن نیە، بەڵام بە راستی ئەگەر کەسێکی دیکە لەجێی ئەو کوردە بوایە، دیسانیش کاردانەوەکە هەر بەو شێوەیە کەمڕەنگ دەبوو؟

بۆ چی کەبوودوەند خاوەنی پێناسەی ئێرانی نییە؟ هەوڵە هەمەلایەنەکانی ئێمە بۆ ناساندنی ئەو بە جیهانیان و بردنەسەری شانسی ئەو بۆ وەرگرتنی موعتەبەرترین خەڵاتی ئاشتیی جیهانی، مەگەر باشترین رێگە نییە بۆ هاوارکردنی ستەمێک کە لە ئێراندا حاکمە؟ حکوومەتی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ هەوڵەکانی کەمپەینی کەبوودوەنددا بە شێوەیەک ترسی لێ نیشتوە کە نە پێش هەڵبژێرانی بۆ کاندیداتۆری ئەو خەڵاتە لە لایەن هەیئەتی نۆبێلەوە، نەدوای بەربژێریی ئەو، نەیتوانی ئەو ترسە بشارێتەوە. بەتایبەتی کە هەلومەرج و تایبەتمەندییەکانی کەبوودوەند زۆر لە تایبەتمەندییەکانی براوەی نۆبێلی ئاشتیی ساڵی رابردوو دەچن .

ئەوەندەی لەبیرم بێ، تێکۆشەرانی سیاسیی کورد، چ حەرەکەتی نیزامییان هەبووبێ، چ غەیرە نیزامی، هەمیشە لە لایەن هێندێک رووناکبیری ئێرانی هەڵگری فکرییەتی پان ئیرانیزمەوە بە جیاییخوازی مەحکووم کراون. هەر کاتێک باس لە مافی دابین کردنی چارەنووس و مافی نەتەوە بندەستەکانی ئێران دێتە گۆڕێ، هێندێک ئەمە وەک پیلانی دوژمنانی ئێران زەمین و تەواویەتی خاکی ئێران ناودەبەن. هەرچەند ئەو شێوە بیرکردنەوەیە بە تەواوی بە هەڵە دەزانم، بەڵام وای دادەنێین ترس لە دابەشبوونی ئێران لە جێی خۆی دایە ئەو جار چی؟؟ ئەگەر بە سەرنجەوە چاو لە ریزی چالاکییەکان و ئامانجەکانی کەبوودوەند بکەن، دەبینن کە هەموویانی بە شێوەی مەدەنی و تەنانەت بە دوور لە لایەنگریی حیزبی بووە. هەوڵەکانی نەتەنیا لە خزمەت وەدیهاتنی مافەکانی کوردەکان، بەڵکوو بەگشتی، بە ئامانجی وەدیهاتنی یەکسانی بەڕێوەچوون.

بۆیە ئێوە کە پێتان سەیرە کە بۆچی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی خەڵکی ئێران لە تاران و چەند شاری گەورەی دیکە تێ ناپەڕێ ، بانگەوازتان کردووە رەگەڵ کەون خۆشەویستان! بەڵام وڵامێکی دڵخوازتان وەرنەگرتۆتەوە، دڵنیا بن هۆی ئەو لەگەڵ نەکەوتنە، لەو بێ بڕواییەوە سەرچاوە دەگرێ کە رەگ و ریشەی لەنێو نەتەوەکانی ئێران دایە. بێ بڕوایی نەتەنیا بە دەسەڵات، بەڵکوو بە گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن و رووناکبیرانیشە. رەنگە پشتیوانی لە بەربژێریی چالاکێکی مافی مرۆڤ کە سالانێکی زۆر لە تەمەنی لە خەبات لە پێناوی گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی یەکسان تەرخان کردوە و بۆخۆشی یەکێک لە ئەندامی یەکێک لە نەتەوەکان یا بە قەولی ئێوە ئەقوامی ژێردەستی ئێرانییە، هەلێک بێ بۆ گەڕاندنەوەی ئەو متمانەیە. دەڵێین ژێردەست و ناڵێین کەمایەتی، چونکە بە قەولی دۆستێک (مهشید راستی): «نازانم بەپێی چ ئامارێک زۆرایەتی و کەمایەتی دیاری کراوە؟!

بەهەر حاڵ ئەگەر بەڕاستی لەسەر ئەو بڕوایەن جیاییخوازی تاوانە، هەوڵ بدەن بۆخۆتان تووشی ئەو تاوانە نەبن. بە جۆرێک پشتیوانی لە کەبوودوەند بکەن کە شایستەی ئەوە. چونکە بە بڕوای من جیاییخوازی ئەوەیە کە کاتێک کەبوودوەندی کورد بە پێناسەی ئێرانییەوە لە لایەن هەیئەتی نۆبێل وەک کاندیدای خەڵاتی ئاشتی نۆبێل دیاری دەکرێ کەمتر سایتێکی ئێرانیی غەیرە کورد ئەو هەواڵە گرینگە بڵاودەکاتەوە و کەمتر غەیرە کوردێک شانازی پێوە دەکا. جیاییخوازی ئەوەیە کە فڵانە شاعیرو رووناکبیری ئێرانی بە هۆی دژایەتیی ئیسلام، سووکایەتی بە عەرەبەکان دەکەن، هەروا بزانە نازانن کە چەند میلیۆن عەرەب بە ناسنامەی ئێرانییەوە بە قەرا ئەو خاوەنی ئەو خاکەن.

بۆیە ئەمجارە تۆ لەگەڵ کەوە خۆشەویست! تۆ لەگەڵ خەڵکێک کەوە کە دەیانەوێ بە بەشداریی هەرچەند ناحزووریی نوێنەری راستەقینەیان محەممەد سەدیق کەبوودوەند لە ئۆسلۆ، بەحەقبوونی خۆیان یا ستەمی حاکمییەت هاوار بکەن. ئەمجارە تۆ هاوڕێ بە خۆشەویست! هاوڕێ بە لەگەڵ خەڵکێک کە هێشتا ماتەمباری خوێنی رژاوی رۆڵەکانیان، سانع و کیانووش لەسەر شەقامەکانی تارانن و هەروا لە گۆڕستانە بێ ناونیشانەکانی تاران، بۆ تەرمی پاکی فەرزاد و فەرهاد و شیرین و عەلی یەکانیان دەگەڕێن.

٢٠١١

## ٨ی مارس رۆژی هاوپێوەندی و بیرهێنەرەوەی خەبات و خۆڕاگریی ژنان

٨ی مارس رۆژی نێونەتەوەیی ژنان، بیرهێنەرەوەی خەباتی مافخوازانەی ژنانی جیهانە بۆ گۆڕینی هەلومەرجی نادادپەروەرانەی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی. ٨ی مارس رۆژێکە کە ژنان بە دەسەڵات و سیستمی سیاسیی وڵاتەکانیان رادەگەیەنن پێوانەی ئازادیی کۆمەڵگە، ئازادیی ژنانە. بە سیستمی پیاوسالاری کۆمەڵگەی رادەگەیەنن هەتا خواستەکانمان کە دابین بوونی ئازادی و یەکسانییە، نەیەتەدی، دەست لە خەبات و تێکۆشان هەڵناگرین.

ئەمساڵیش لە کاتێکدا رێز لە خەبات و خۆراگریی ژنانی جیهان بۆ مافەکانیان دەگیرێ، کە تائێستاش لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا یەکسانیی ژن و پیاو نەهاتۆتەدی. لە زۆربەی وڵاتاندا سێبەری قانوونە پڕ لە هەڵاواردنەکان بەسەر ژنانەوە قورسایی دەکا. هەژاری، نەخوێندەواری، دەسترانەگەیشتن بە ئیمکاناتی لەشساغی و چەوسانەوەی جینسییەتی، ژیانی میلیۆنان ژنی تاریک و تاڵ کردوە.

٨ی مارسی ئەمساڵ حاڵ و هەوایەکی تایبەتی هەیە. لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زنجیرەیەک شۆرشی دژی دیکتاتۆری دەستی پێ کردوە و خەڵک لە دژی ستەم وناعەدالەتی خرۆشاون و دەیانەوێ سێبەری دیکتاتۆری لەسەر خۆیان راماڵن. هەموو دنیا شاهیدی راپەڕینی توونێس و میسر بوو کە چۆن کۆشکی دیکتاتۆرانیان رووخاند و لەرزەیان خستە دڵی دەسەڵاتدارانی لە چەشنی ئەوان لە وڵاتانی دیکە.

هەواڵی ئازاد بوونی هەر وڵات و مرۆڤێک لە دەست دیکتاتۆر و زاڵم بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە ئازادی و بەختەوەری مرۆڤ هەیە، جێیَ دڵخۆشی و شانازییە و بێگومان بۆ هەر دیکتاتۆر و زاڵمێکیش، ئەم جۆرە هەواڵانە،وەک کابووسێک وان و خەوی ئارامیان لێ تێک دەدا.

منیش وەک زۆربەی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز دڵخۆش و هیوادار بووم بە شادی و رزگاریی ئەو خەڵکانە و رووخانی ئەو دیکتاتۆرانە. بەڵام پرسیارێک لە ناخمدا دێت و ودەچێ و ئازارم دەدا. ئەویش ئەوەیە ژنانی ئەم وڵاتانە کە ئاوا ئازایانە لە ریزی رووخێنەرای کۆشکی دیکتاتۆراندا بوون و هەن، چارەنووسیان چی بەسەردێ؟ بەتایبەتی کە مەزهەبییە توندئاژۆکان لەم وڵاتانە نفووز و کاریگەرییان هەیە و دەیانەوێ هەلەکان بە قازانجی خۆیان بقۆزنەوە. بڵێی ژنانی ئەو وڵاتانە هەرئەو بەرهەمە نەچننەوە کە ژنانی ئێران لە شۆڕشی ١٣٥٧ چنیانەوە؟ بەڵام شتێکی کە لە نیگەرانییەکەم کەم دەکاتەوە، ئەوەیە خەڵکی ئەو وڵاتانە ئەزموونی خەڵکی ئێرانیان لە ساڵی ٥٧دا لەبەرچاوە و تووشی ئەو هەڵەیە نابن کە بە هیوای ئازادی و بەبێ هیچ ناسینێک، دەنگ بە حکوومەتێک بدەن کە بە ناوی ئیسلام و لە ژێر بانگەشەی دادپەروەری و ...دا هەستی ئایینیی خەڵک بە قازنجی خۆی دەقۆزێتەوە بەڵام دواتردەبێتە دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و ستەمکار و مافە رەواو ئینسانییەکانیان دەخاتە ژێر پێ.

ئەزموونی ئێران دەتوانێ وشیار کردنەوە بێ بۆ خەڵکی ئەو وڵاتانە و بە تایبەتی بۆ ژنان کە نا بە هەر جۆرە دەسەڵاتێکی مەزهەبی بڵێن. خەڵکی ئاگا و وشیاری ئەو وڵاتانە بە تایبەتی ژنان لەوە تێگەیشتوون کە ئازادی و بەرابەریی مافەکانیان بە پێوانە و ستانداردە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ، لە ژێر سایەی حکوومەتێکی مەزهەبییدا هەرگیز وەدی نایە. ئەگەر ژنێک بەپێچەوانە بیر بکاتەوە ئەوە بە دڵنیاییەوە دەبێ چاوپۆشی لە مافی یەکسان لەگەڵ پیاواندا بکا.

## هەلومەرجی ژنان لە ئێران

ئەمرۆ یەکیک لەو وڵاتانەی کە ژنانیان لە هەلومەرجێکی نالەباری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری دا دەژین، وڵاتی ئێرانە. لە رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ژنان بە شێوەیەکی سیستماتیک و بەردەوام مافەکانیان پێشێل دەکرێ و بە شێوەیەکی نامرۆڤانە رووبەرووی توندوتیژی و سووکایەتی و ستەم و ناعەدالەتی دەبنەوە. ئازادیخوازان و

چالاکانی ژن تەنیا بە تاوانی هەوڵدان بۆ وەدیهاتنی دنیایەکی ئازاد و دادپەروەر، دەخرێنە قەفەزی زیندانەکانەوە وحوکمی ناڕەوا و نامرۆڤانەیان بەسەردا دەسەپێ.

بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ژنانی ئێران بە هۆی خەباتیکی دوور و درێژی مافخوازی و راوەستان و بەربەرەکانی لەگەڵ کۆنەپەرستانی دەسەڵاتدار، دەسکەوتی بەنرخیان وەسەریەک ناوە و یاسا و کولتووری پیاوسالار نەیان توانیوە ئەوان لە رەوتی بەرەوپێشچوون دوا بخەن.

٣٢ساڵە بەردەوام ژنان لە شەقامەکان، لە شوێنە گشتییەکان، لە خوێندنگە و شوێنی کار و... ریزیان لە ریزی پیاوان جیا دەکرێتەوە و سووکایەتییان پێدەکرێ. ٣٢ ساڵە کۆماری ئیسلامی بۆ قایم کردنی بناغەی نیزامەکەی، بە سەدان شێوەی فێڵاوی خەریکی دروستکردنی دیوار و کۆت و بەندی جینسییەتییە، بەڵام ژنانی ئێران نەچوونەتە ژێر بار و لەگەڵ ئەم رێژیمە کۆنەپەرست و ناحاڵییەدا کەوتوونە ململانێ وورووبەرووبوونەوە، هەڵبەت ئەم ململانێیە هەر لە سبەینێی بە دەسەڵات گەیشتنی ئەو رێژیمەوە کە بە نافەرمانی لە دژی دەستووری حیجابی زۆرەملیی خومەینییەوە دەستی پێ کرد،

ئێستاش بە شێوەیەکی ئاگایانە درێژەی هەیە. ئەمرۆ دەبینین ژنان بە ئەزموونێکی زۆری خەباتەوە لە ریزی پێشەوەی حەرەکەتە ئێعترازییەکاندان. دیارە زۆر پێشتر لەوەڕێکەوتنی بزووتنەوەیەک کە بە ناوی بزووتنەوەی سەوز ناوی دەر کردوە، بزووتنەوەی ژنان وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی هەراو لە ئارا دا بووە و ئێستاش، بەشێکی سەرەکییە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئێران. بە هیچ جۆر ناکرێ حاشا لە نەخشی بەرچاوی ژنان لەو خۆپێشاندان و حەرەکەتە ئێعترازییانە دا بکرێ کە لە دژی رێژیم لە گۆڕێدان. حزووری بەرچاو و ئازایانەی ژنان لە حەرەکەتە ئێعترازییەکاندا نیشانەی ئەوەیە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئەو ئامانجەی ٣٢ساڵە بەزەبر و زەنگ دەیەوێ بیچەسپێنێ - جیاکردنەوەی ژن وپیاو - پێی نەگەیشتوە. ئەمرۆ دەبینین بەبێ سەرنجدان بەو دیوارانەی ئەو نیزامە بۆی دیاری کردوون، ژنان و پیاوان دەست لە نێو دەستی یەک، بۆ نەمانی دیکتاتۆرییەت و وەدیهاتنی ئازادی و دیموکراسی لە شەقامەکان بەدەنگی بەرز دروشمی مردن بۆ دیکتاتۆرییەت دەڵێنەوە. ئەو دیوارەی هەڵاواردن کە نیزامی کۆماری ئیسلامی ویستوویەتی بیکاتە کولتوورێکی جێگرتوو لە کۆمەڵگەدا، رووخاوە. ئەگەر ئەمرۆ زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران شانازی بە بوونی ژنان لە ریزی خۆپیشاندانەکاندا دەکەن، ئەگەر خوێنی ژنێک دەکەنە نمادو سەمبولی خەباتی ئازادیخوازی، بەرهەمی خەباتی مەدەنیی دەیان ساڵەی ژنان

لە دژی نایەکسانی لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندایە. ژنان بە ئەزموونێکی زۆری خەباتی مافخوازییەوە لەو حەرەکەتانە دا بەشدارن. بێگومان ئەوبەشدارییە دەبێتە دەستەبەرێک بۆ دابینبوونی مافەکانی ژنان لە ئێرانی داهاتوو دا. چاوەڕوانییش لە چالاکانی ژن دەکرێ لە درێژەی خەباتی مافخوازانەی ژناندا بەبەرنامەیەکی روونەوە لە حەرەکەتە مەدەنییەکاندا بەشداری بکەن.

ئامادەبوون و بەشداریی ئازایانەی ژنان لەو حەرەکەتانەدا و ئەزموونی دوور و درێژی خەباتی مەدەنی دژی دیکتاتۆری و پیاوسالاری و دانی ئەو هەمووە نرخە لە لایەن ژنانەوە، هەر لە ئێستاوە مزگێنیی لەرزین و درزتێکەوتنی دیواری پیاوسالاری لە ئێرانی داهاتووماندا دەداتێ و بە کردەوە هێز و توانا دەبەخشێ بەو بزووتنەوەیەی کە ئێستا لە ئێراندا هەیە.

ئەمسال،لە ٨ی مارسدا، زایەڵەی پەیامی یەکسانیخوازانەی ژنانی ئێران، تێکەڵ لە گەڵ دروشم و هاواری بزووتنەوەی سەراسەریی هاونیشتمانان دژ بە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی، بە گوڕتر لە هەمیشە دێتە گوێ. ئێستا ٣٢ ساڵ دوای هاتنە سەرکاری ئەو رێژیمە، هەمووان بەو رێگایە دا دەڕۆن کە پێش هەر چین و توێژێکی خەڵکی وڵات، ژنان گرتیانە بەر، ئەویش رێگای نەویستن و رەتکردنەوەی دیکتاتۆریی مەزهەبی و پیاوسالاری کۆماری ئیسلامی.

٨ی مارچی ٢٠١١

---

## هەڵاواردنی پۆزێتیڤ زۆڵمێکی دیکەیە کە لە مۆدێلێکی دیکەدا لە ژنان دەکرێ

### تاهیر قاسمی ئەو دیمانەیەی ئامادە کردووە

رۆژهەڵات تایمز - دیمانە: لە چوارچێوەی ئەو دروشمانەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەر لە کۆنگرەی چواردەی خۆی بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری لە ناو حیزبەکەدا بەرزی کردبۆوە، بڕیاری دا تا لە رێگای میکانیزیمی

هەڵاواردنی پۆزەتیڤ، ڕێگا بۆ بەشداریی زیاتری ژنان لە بەڕێوەبەریی حیزبەکە دا خۆش بکا. ئەو میکانیزمەش کە بۆ یەکەم جار بوو لە ناو حیزبێکی کوردی دا سەبارەت بە ژنان هاتە ئاراوە، بوو بە هۆی ئەوە کە ژنان ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی کۆنگرەی چواردەی حیزبەکە پێک بێنن و دواتر هەر لە ڕێگای ئەو میکانیزمەوە ژمارەیەکی زیاتر لە ژنان بۆ ڕێبەرایەتیی حیزبەکە هەڵبژێردران.

بە مەبەستی تاتوێ کردنی ئاکامەکانی ئەو میکانیزمە و چاوخشاندن بە سەر کارنامەی تێکۆشانی ژنانی ناو ڕێبەریی حدک لە مەودای نێوان کۆنگرەی چواردەوە تا ئێستا، ڕۆژهەڵات تایمز کۆمەڵێک پرسیاری بەرەوڕووی ئەو ئەندامانەی ڕێبەریی کردەوە. ئەوەی خوارەوە دیمانە لە گەڵ کوێستان فتووحی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و سەرنووسەری "کوردستان" ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان:

***پرسیار: لە کۆنگرەی چواردە دا لە ڕێگای پەیرەوکردنی ئیمتیازی هەڵاواردنی پۆزەتیڤ، ئێوە گرووپێک لە ژنانی ناو حیزب توانیتان بچنە ناو کۆنگرەوە. ئێستا دوای تێپەڕبوونی نیزیک بە سێ ساڵ بەرهەمی ئەو ئیمتیازە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟***

*وەڵام:* **حەز دەکەم لە پێشدا لەسەر هەڵاواردنی پۆزێتیڤ بۆ ژنان کە حیزبی ئێمە لە کۆنگرەی ١٤ پەیرەوی کرد، هێندێک قسە بکەم ئینجا هەڵسەنگاندنی خۆم لەو بارەیەوە ڕوون بکەمەوە.**

هەموومان دەزانین هەڵاواردنی پۆزێتیڤ بۆچی هاتۆتە نێو ژیانی ئەحزاب و دەسەڵاتدارانی سیاسییەوە. تەنانەت لەو کۆمەڵگایانەی تا ڕادەیەک هاوسەنگییەکە لێک نزیکە، ئەم ئەسڵە پەیرەو دەکرێ. ئەمە ڕاستییەکی حاشا لێنەکراوە کە مێژوو دەڵێ ژن لە زۆر بواری گرنگ دا لە پەراوێز خراوە و دەرفەتی بۆ نەرەخساوە و هان نەدراوە توواناکانی خۆی بخاتە خزمەت کۆمەڵگەوە. دیارە بواری سیاسەتیش یەکێکە لە بوارە گرنگەکان. بۆیە ئەمڕۆ دەبینین لاسەنگییەک هەیە لە دەسەڵات و ژیانی سیاسیی زۆر حیزب و حکوومەتدا. بۆ قەرەبووی ئەو پەراوێز خستنە و، بۆ ئەوەی هاوسەنگییەک لە کۆمەڵگەدا دروست بێتەوە و کەڵک لە هێز و توانای ژن وەربگیرێ، زۆر حیزب و لایەن و دەسەڵات، کە دەرک وهەستیان بەوە کردوە کە نەبوونی ژن لە بواری سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیارداندا زیانی گەیاندوە بە خەباتەکەیان، هاتوون مکانیزم و بەرنامەیەکی کاریگەر و بە پەلەیان دیوەتەوە بۆ ئەوەی ئەم کەلێنە کەمتاکورتێک پڕ بکرێتەوە. حیزبی ئێمەش پێش کۆنگرەی ١٤ لە هێڵە گشتییەکاندا هەڵاواردنی

پۆزێتیڤی بۆ ژنان هێنایە ناو ئەدەبیاتییەوە و لە کۆنفرانسەکان بۆ کۆنگرە و لە کۆنگرەی ١٤شدا پەیڕەوی لێ کرد.

***پرسیار: بەڵام ئایا بەراستی ئەوە لە حیزبی ئێمەدا بۆ دروست بوونی هاوسەنگییەکە و بۆ ئەوە بوو لە تواناکانی ژنان کەڵک وەربگیرێ بۆ خزمەت بە جوڵانەوە و میکانیزمێکیش بێ بۆ چالاکتر بوون و چوونەسەری ڕێژەی ژنان لە لە ئۆرگانەکانی حیزبدا، یان تەنیا بۆ گۆڕانی رواڵەتی مەسەلەکە بوو؟ من ناڵێم هەر بۆ ئاڵوگۆڕێکی رواڵەتی بووە، بەڵام دەڵێم هێندێک بە رووکەشی و کەمتەرخەمییەوە ئەم ئەسڵە پەیرەو کراوە. بۆ؟***

***وەڵام:*** من ناڵێم هەر بۆ ئاڵوگۆڕێکی رواڵەتی بووە، بەڵام دەڵێم هێندێک بە رووکەشی و کەمتەرخەمییەوە ئەم ئەسڵە پەیرەو کراوە. بۆ؟ چونکە لە نێو ریزی ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکاندا ئەو ئامادەگییە پێک نەهات کە بۆچی دەمانەوێ لە ئەسڵی هەڵاواردنی پۆزێتیڤ کەڵک وەرگرین و زەروورەتی چییە؟ پەیرەوکردنی مەسەلەیەکی ئاوا گرنگ و حەساس دەبوو دوای کۆنگرەش لە نێو حیزبدا باس وموناقشەی لەسەر بکرایە. ئەم پرسە لە چالاکییەکانی رۆژانەی حیزبدا غایب بووە یان کەمترین باسی لێوە کراوە، بۆیە ئێستا لە بەرەبەری کۆنگرەی ١٥دا و دوای ٣ ساڵ تێپەڕین بەسەریدا، لەجیاتی پێشوازی، هێرش و تەبلیغاتێکی زۆر بە دژی ئەم میکانیزمە لە لایەن زۆر لە کادر و پێشمەرگەکانەوە لە گۆڕێدایە و ئەمە بە ناتەبا لە گەڵ یەکسانی دەزانن. لەراستیدا ئەو قسەیە راستە. بەڵام ئایا روانگە و تێگەیشتنی زۆرینەی پیاوانی حیزب بەو ئاستە گەیشتووە ئەگەر میکانیزمێک بۆ هەڵبژارنی ژنان دانەنرێ دەنگ بە ژنان (تەنانەت شایستەش) بدەن؟

لێرەدا منیش بە فرسەتی دەزانم موخالفەتی خۆم لەگەل هەڵاواردنی پۆزێتیڤ دەرببڕم، بەهۆی ئەوەی هەست دەکەم تواناییەکانی ژنان بەهۆی ئەم ئەسڵەوە شاردراونەتەوە. راستە ئێمە بە هەڵاواردنی پۆزێتیڤ رێگەمان کەوتۆتە ئەو ئورگانە بەرزەوە، بەڵام باگراوەند و مێژوویەکی سیاسی و خەباتمان هەیە. ئەگەر ئەوە نەبینرێ، ناحەقییە بەرامبەرمان دەکرێ. منی ژن کە دەمەوێ خۆم کاندید بکەم بۆ ئەندامی رێبەریی حیزب، پشت ئەستوور بەو باگراوەندەیە، نەک هەڵاواردنی پۆزێتیڤ. بۆیە حەز ناکەم منەتی ئەوە هەڵگرم کە بە هەڵاواردنی پۆزێتیڤ دەنگم دەدرێتێ. بە داخەوە ئەم رێژەیەی بۆ ژنان دیاری کراوە و ناوی هەڵاواردنی پۆزێتیڤی لێنراوە، هەست دەکەم زۆڵمێکی دیکەیە لە مۆدێلێکی دیکەدا لە ژنان دەکرێ. ئێمە نامانەوێ توانا و لێوەشاوەییەکان لەپەنا ئەم هەڵاواردنەدا بشاردرێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کەمبوونی وجوودی ژن لە رێبەری دا بە کەموکوورییەکی گەورە بۆ ژیانی

سیاسیی حیزب دەزانم. پێویستە لە ڕێگای دیکەوە کاری بۆ بکەین.

***پرسیار: لەو ماوەیەدا ئێوە وەک ئەو گروپە لە ژنان تا چەند توانیتان کار بۆ چەسپاندنی زیاتری خواستەکانی ژنان لە ناو سەرکردایەتی حیزب دا بکەن؟***

*وەڵام:* مەسەلەکانی ژنان و چەسپاندنی کەلتووری یەکسانی لە نێو حیزب و لە سەرکردایەتیدا ئەرک و تێکەڵاوی ئەولەویەتی کارەکانمان بووە. میتۆدی خەباتەکەمان ئەوە هەڵدەگرێ کە خواست و مەسەلەکانی ژنان بەشێک بێ لە خەباتی سیاسیمان. ئەگەر هاوشانی خەباتی نەتەوایەتی وکاروباری ڕۆژانەی حیزبی بۆ چارەسەری کێشەکانی ژنانیش کار نەکەین، وەک هیچمان نەکردبێ وایە. ڕاستییەک کە ئەمڕۆ نابێ نادیدەی بگرین خواستەکانی ژنانە. ئەمەش تەنیا ئەرکی ژنەکان نیە، ئەوە دەبێ باوەڕی هەموومان بێ. ئێمە خەباتەکەمان خەباتێکی مافخوازییە، ماف و خواستی مرۆڤەکان هەموویان بەلامانەوە گرنگن. ئەگەر زیاترلە باسەکانماندا مەسەلەی ژنان زەق دەکەینەوە، چونکە ژن زۆرتر زوڵمی لێکراوە، زۆرتر لەپەراوێز خراوە. بۆ هاوسەنگ کردنەوەی دۆخەکە ناچارین دەبێ کار بکەین.

***پرسیار: تا چەند یەکگرتووییتان لە ناو دا بوو، ئایا وەک گروپ یان فراکسیۆنی ژنان لە کۆمیتەی ناوەندی دا کارتان کرد یان هەر یەک بە شێوەی تاک و سەربەخۆ؟***

*وەڵام:* ئێمە بە شێوەی تاک و سەربەخۆ نەک وەک فراکسیۆن کارمان کردوە. لە ڕابردوودا فەزای حاکم بەسەر کومیتەی ناوەندیدا فەزایەکی پیاوسالارانە بووە، ئێمە هەوڵمانداوە ئەو فەزایە بگۆڕین. جارو بار پێکەوە کۆبووینەتەوە و بیرو بۆچوون و نەزەراتمان لەسەر مەسەلەکانی پێوەندیدار بە ژنانەوە لەگەڵ یەکترا گۆڕیوەتەوە و لەوبارەیەوە کێشەمان نەبووە.

***پرسیار: ئەی تا چەند توانیتان تواناییەکانی ژنانی ناو حیزب پێشانی سەرکردایەتی و بەدەنە و بە گشتی خەڵک بدەن؟***

*وەڵام:* دیارە وڵامی ئەو پرسیارە وا باشتر بوو لە هاوڕێیانی پیاومان وەربگرییەوە، ئەگەر دانی پێدابنێن! چونکە

ئێستا ئەگەر شتێک بڵێم دەبێتە خۆتاریف کردن. بەڵام ئێستا ناچارم وڵامەکەت بەو جۆرەی هەیە بدەمەوە. بە بەراورد لەگەڵ زۆر لە هاورێ پیاوەکانمان ناڵێم هەمووماں، بەڵام بەشێکمان لە لەگەڵ هەموو گیر و گرفت و ناهەموارییەکانی سەر ڕێمان بە بڕوای من لە کارو باری ئورگانیی خۆماندا هەرچەند بە موتڵەقی ناڵێم، بەڵام سەرکەوتوو بووین.

سەرەڕای ئەوەی بڕوام بە کار و توانای خۆمان هەیە، پێم وایە کاتێ ئێمە بە تەواوی سەرکەوتوو دەبین کە وەک ئینسانێک توانییەکانمان ببینرێن. من کاتێک هەست دەکەم سەرکەوتووین کە بیرکردنەوەی ئەندامان و پێشمەرگە و کادر و ڕێبەرایەتی بە گشتی لە بارەی ماف و ڕۆڵی ژنانەوە گۆڕابێ. گۆڕانی جەوهەر و بیرکردنەوەکان بۆ ئێمە گرنگن، نەک دروشم و قسەکان.

***پرسیار: ئایا بەرنامەیەکتان بە دەستەوەیە بۆ ئەوەی ڕێژەی ژنان لە ناو سەرکردایەتیی حیزبەکەتان لەوە زیاتر بکەن؟***

***وەڵام:*** دیارە بەشداریی سیاسی و ڕۆڵی ژن تەنیا لە هەڵبژاردن بۆ ڕێبەریدا چڕنابێتەوە، ڕاستە ناوەندی بڕیاردان شوێنێکی گرنگە، باشترە ژنانیش شەریک بن لە دانی بڕیاراتی سیاسیی حیزب. بەڵام ئەوە هەر تەنیا ئەرکی ئێمەی ژن نیە. ئەوە ئەرکی هەر تاکێکی ئەندامی حیزب بە ژن و پیاوەوەیە ئەگەر بیهەوێ حیزبەکەی بەرەو پێشەوە بچێ. دەبێ بڕوای بە بوونی هاوسەنگیی نەک لە ڕێبەریی حیزبدا، بەڵکوو لە هەموو ئورگان و بەشەکانی حیزبدا هەبێ. حیزب پێویستە کلتوور و ساختاری خۆی بە شێوەیەکی گونجاو کە لەگەڵ دنیای ئەمڕۆدا یەک بگرێتەوە ، بگۆڕێ. تۆ ناتوانی ئیددیعای ئەوە بکەی کە باوەڕت بە دێموکراسی هەیە، باوەڕت بە بەتوانای ژن هەیە، باوەڕت بە کلتووری یەکسانی هەیە، بەڵام چاو لە ناوەندی بڕیاردانەکەت دەکەی ژنان کەمترین حوزووریان هەبێ. ئەمە لەگەڵ واقعی دروشمەکانی حیزب و دنیای ئەمڕۆ یەک ناگرێتەوە. بۆیە لەو پێناوەدا ئەوە ئەرکی هەموومانە هەوڵ بدەین هاوسەنگی دروست بکەین. ئەوەش بەو مانایە نا کە هەر ژن لە ڕێبەریدا هەبێ. هیوادارم ئەوانەی دەنگ بە ژنان دەدەن هەرگیز ئەوە لەبەر چاو نەگرن کە ئەسڵی هەڵاواردن ناچاری کردوون دەنگ بە ژنان بدەن. پێویستە ژنی ئاگا و بە توانا و شایستە حزووریان لە ڕێبەریدا هەبێ بۆ ئەوەی کاریگەرییان لە سیاسەت و بارنامەکاندا هەبێ.

***پرسیار: جگە لە ناو سەرکردایەتی، لەو ماوەیەدا چیتان کرد بۆ ئەوەی ڕێژەی ژنانی ئەندام لە حیزبدا بەرز بێتەوە؟ تا چەند سەرکەوتوو بوون؟***

**وەڵام:** نەک هەر لەو ماوەیەدا بەڵکوو هەموو کات ژنان و پیاوانێک هەبوون هەوڵمان داوە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی ژنانی ئەندام لە حیزبدا. بەڵام تائێستاش ژنان بە بەراورد لەگەڵ پیاون لە ریزی حیزبدا زۆر کەمن. ئەمەش هۆکاری جۆراوجۆری هەیە، یەکێک لە هۆکارەکان کەلتووری زاڵی پیاو مەزنی کۆمەڵگەی ئێمەیە کە حیزبی ئێمە و ژنان خۆیان لێی بێبەری نین. هەوڵمان ئەوەیە لانی کەم ئەو کلتوورە لە حیزبدا بسڕینەوە و کەلتوورێکی بەرابەریخوازی بچەسپێنین و بروابەخۆبوون لە نێو ژناندا دروست بکەین. خەبات پێویستی بە بەشداری و ڕۆڵی چالاکانەی ژن و پیاو هەیە. ئەم پرسە پێویستی بە کارو تێکۆشانی هەموومان هەیە. ئێمە بۆ راگەیاندنی روانگەی خۆمان لەم بارەیەوە تەنیا بە دروشم و قسەی سەر کاغەز خۆمان نەبەستۆتەوە. ئەمە کاری بێوچان و پلان و پرۆگرامی گونجاوی دەوێ. بە تێکۆشانی بێوچان و داڕشتنی پلان و پرۆگرامی گونجاوەوە دەتوانین سەرکەوتووبین.

***پرسیار: وەک دوا پرسیار، بە سەرنجدان بە زاڵبوونی کولتوری پیاوسالاری لە ناو کۆمەڵگا و هەروەها لە ناو حیزبە کوردیەکان دا بە گشتی، سەرکردایەتی و بەدەنەی حیزبی ئێوە تا چەند ئێوەی وەرگرت و بۆ سەرکەوتن هاوکارتان بوون؟***

**وەڵام:** دەکرێ بڵێم تاکەکان لە حیزبدا بە نیسبەت مەسەلەی ژنەوە، یان بە نیسبەت حوزووری ژنەوە ئێستاش وەک یەک بیر ناکەنەوە. کەسانێک هەن رووناکبیرن، دەزانن ئێمە هەمووومان بە یەکەوە (ژن و پیاو) بە هاوکاری یەکترە دەتوانین لە ئەرکەکانماندا سەرکەوتوو بین. کەسانێکیش هەن هەر بە عەقڵیەتێکی پیاوسالارییەوە کە ژن بە مرۆڤێکی زەعیف دەبینێ، دەمانبینن و ئەوانە بۆیان زەحمەت بووە قبووڵمان بکەن. بەڵام ئێمەش لەو بارەوە هەوڵمانداوە بەکار و تێکۆشان و بە دەرخستنی توانایی و هەستکردن بە بەرپرسیارەتی لە ئاست حیزب و خەڵکەکەماندا، ئەو بیرکردنەوەیە کەمڕەنگ بکەینەوە. بە کورتی، هاسانە لە کۆنگرە و لە ریبەریی حیزبێک دا بە قازانجی ژنان بریار، تەنانەت لە بارەی هەلاواردنی پۆزەتیڤ بدرێت، بەڵام گۆڕینی روانین لە بارەی بەشداریی ژنان لە ناوەندی بریاردان و لە بەڕێوەبەرێتیی حیزبدا، پێویستی بە کاری زۆر هەیە.

١٧ی ژانوییەی ٢٠١١

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٠

---

## توندوتیژیی دژی ژنان بناغەیەکە بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ

### بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر رۆژی سڕینەوەی توندوتیژی لەسەر ژنان

سادەترین پەندی ژیان ئەوەیە: هەرگیز کەس ئازار مەدە

ژان ژاک رۆسۆ

خسڵەتی توندوتیژی، سیمای راستەقینەی کۆمەڵگە دواکەوتووو شەڕلێدراوەکانە، لەو کۆمەڵگایانەشدا هەردوو رەگەز دەبنە قوربانیی توندوتیژی. بەڵام هیزی ژێردەستی کۆمەڵگە کە ژنانن زۆر زیاتر دەکەونە بەر رەفتاری توندوتیژی هێزی باڵادەست کە پیاوانن.

توندو تیژی دژی ژنان دیاردەیەکی جیهانییە و لە هەموو وڵات و فەرهەنگ و نەتەوەیەکدا کەم و زۆر هەیە بەڵام زۆرتر لە نێو ئەو وڵاتانەدا بە زەقی خۆی نیشان دەدا کە قانوون و رێوشوێنێکی گونجاوو دادپەروەرانە حوکم بە سەر کۆمەڵگەدا ناکەن.

لە ئێران و کوردستاندا کە کەلتوورێکی پیاوەمەزنی بە سەر کۆمەڵگادا زاڵە، ژنان بەردەوام دەکەونە بەر رەفتاری توندوتیژ و زاڵمانەی پیاوان. هەڵبەتە هەموو پیاوێک توندوتیژی نانوێنێ و هەموو پیاوێکیش ژن ئازار نادا. کێن ئەو پیاوانەی ژنان ئازار دەدەن؟ بۆ ئەو ئیزنە بە خۆیان دەدەن لە نێو ماڵ، شەقام، خوێندنگە، شوێنی کار، ناو ماشێن و هەر جێگەیەکی بۆیان هەڵکەوێ بە رەفتار وهەڵسوکەوت و قسەکانیان ئازاری ژنان و کچان دەدەن کە بە داخەوە ئەو پیاونە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ژمارەیان کەم نین.

بێگومان پیاوی تێگەیشوو لە حەق و حقووقی ئینسانی، پیاوێک کە لە نێو بنەماڵەیەکی ئارام و بە دوور لە توندوتیژیدا گەورە بووبێ، پیاوێک کە هەر لە منداڵییەوە بە گوێیدا نەچپێنن ژن نامووسی تۆیە،رەفتار و کردەوەی توندوتیژ لەخۆی نیشان نادا بەرامبەر بە هاوسەرەکەی، خوشکەکەی، دایکی و... کۆمەڵە هۆکارێک هەن کە کلتووری توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا پەرەپێدەدەن.

## ریشەی ئەم توندو تیژی و ئازادانانەی ژنان لە کوێدا دەبێ بۆیان بگەڕێین؟

ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ و بەربڵاو و کۆمەڵناسانە هەیە، بەڵام لێرەدا ئەگەر نەچینە قووڵایی مەسەلەکەشەوە و ئاوڕێکی سەرپێی لە رەفتاری توندوتیژی پیاوان بەرامبەر بە رەگەزی مێینە بدەینەوە بۆماندەردەکەوێ تەنیا پیاو تاوانبار نیە. بەڵکوو قانوونی وڵات و رێوشوێنە کۆمەڵایەتییەکان و شێوەی پەروەردە وفێرکردنی بنەماڵەییە زاڵم و مەزلووم باردێنێ.

سیاسەتی هەڵاواردن لە قانووندا، کاریگەری زۆری هەیە لەسەر پەرەپێدانی کلتووری ژن ئازاری لە کۆمەڵگەدا. ئەمە حاشای لێناکرێ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا کە سەرەڕای بەرەوپێشچوون و گەشەی ژنان لە زۆر بواری جۆراوجۆردا، توندوتیژی و ژن ئازاری لە بوارەجۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەدا بە زەقی هەیە و نەک قانوونێکی عادڵانە بۆ پێشگیری لەم دیاردە کۆمەڵاتەتییانە نیە، بەڵکوو قانوون خۆی هۆکاری بەشێک لە توندوتیژییەکانن.

قانوون و رێوشوێنەیاساییەکان دەتوانن رێگە بۆ ئاڵوگۆری فەرهەنگی و روانینی کۆمەڵگە بەرامبەر بە هەر مەسەلەیەک بگۆڕن یان ببنە هۆی پاراستنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکان.

ئەو کلتوورەی ئەمڕۆ لە ئێراندا بەرامبەر بە رەگەزی مێینە هەیە بێگومان لایەنێکی هەرە ئەساسی دەگەڕێتەوە بۆ یاساکان و سیستم و ساختاری دەسەڵات و دادگاو پۆلیس و... کە سێ دەیەیە بە توندوتیژی وڵات بەرێوە دەبن.

بۆ نموونە ئەگەر دیاردەی چەند هاوسەری کە یەکێکە لە سەرچاوەکانی پەرەسەندنی توندوتیژیی لە دژی ژنان بە نموونە بێنینەوە، لە قانووندا هەیە و کەواتە مەشروعییەتی پێدراوە. یان بۆ نموونە لە مەسەلەی تەڵاق و میرات

دا ئەوە قانوونە ڕێگەی بە پیاو داوە مافی ژن پێشێل بکرێ. بێگومان قانوون لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە کاریگەری لەسەر کلتووری کۆمەڵگە هەیە. دیارە پێچەوانەکەشی هەر بەم شێوەیە. واتە فەرهەنگی کۆمەڵایەتی خەڵک دەتوانێ قانوون دروست بکا.

کۆمەڵگەی ئێران بۆخۆی کۆمەڵگەیەکی نەریتییە. ئێستاش قانوون و ڕێوشوێنە یاساییەکان تەواو بەو ئاقارەدا دەڕۆن، واتە قانوونی هەڵاواردنی ڕەگەزی پاڵپشتێکی بەهێزی ئەو نەریت و سوننەتانەیە کە ژن وەک مرۆڤێکی لاوازو پلە دوو چاو لێ دەکا.

کاتێک بنەماڵە بەردەوام باس لە غیرەت و ئازایەتی کوڕەکەی دەکا و بە پارێزەری نامووسی بنەماڵەی دادەنێ، چ کلتوورێک لە کۆمەڵگە دا بڵاو دەبێتەوە؟ بنەماڵەیەک کە هەمیشە عەیبە و مەکە و... بە گوێی کچەکەی دا دەدا، ئەم کچە چ لەگەڵ خۆی دەباتە نێو کۆمەڵگە؟ هەمیشە ترس و نیگەرانی و بڕوا بەخۆنەبوون و، بەرهەم هێنانەوەی هەمان کلتوور. بنەماڵەیەک کە بە چاوی ڕەگەزی بەهێزتر و کچەکەش لاوازترە دەبینێ، ئەو دوو ڕەگەزە چی بەرهەم دێننەوە؟ بنەماڵە هەستەی یەکەمی کۆمەڵگەیە. یەکەم وشەکان لەوێوە فێری ئینسانەکان دەکرێن و یەکەم هەنگاو لەوێوە هەڵدێنرێتەوە. نایەکسانی و هەڵاواردن هەرئەوە بەرهەم دێنێتەوە و توندوتیژییش بەهەمان شێوە توندوتیژی بەرهەم دێنێتەوە.

دیارە ئەوەی ئەمڕۆ لە فەرهەنگی کۆمەڵگەی ئێراندا بەرامبەر بە ژنان دەبینرێ بەشێکی هەرە ئەساسی بەرهەمی سیاسەتی ئەو دەسەڵاتەیە کە لە ئێراندا حاکمە. تەواوی دنیا شاهیدی سیاسەتی هەڵاواردنی جینسی و شاهیدی توندوتیژی بەرامبەر مرۆڤەکانن لەم وڵاتەدا.

کاتێک دەسەڵاتداران بەبەر چاوی خەڵکەوە کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵک هەڵدەواسن و دەیانخنکێنن، ئەم وەحشیگەرییە چ کاریگەرییەک لەسەر ئەو ئینسانانە دادەنێ کە چاو لەو دیمەنە ترسناکانە دەکەن؟

کاتێک بەبەرچاوی خەڵکەوە بە ناوی سزا، پەنچەی دەستی ئینسانێک دەبڕنەوە، کاتێک ئینسانێک بە زیندوویی بەردباران دەکرێ و گیانی لێدەسەندرێ، ئەو خەڵکە چ لە بیر و مێشکیاندا دەچەسپێ؟ هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیە، بیهەوێ و نەیهەوێ ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەبێتە هاودەستی هێزی سەرکوتکەر، چونکە ئەو

ڕەفتارانە بەرهەم دێننەوە کە ئەو دەسەڵاتە بەرنامەڕێژی بۆ کردوە.

کاریگەری و دواهاتە دەروونی و ئەخلاقییەکانی قانوونەکانی سزای ئیسلامی بۆ کۆمەڵگەی ئێران پێویستی بە لێکۆڵینەوەی کارناس و لێکۆڵەرەوان هەیە کە لایەنە کارەساتبارەکانی روون بکەنەوە. لێرەدا تەنیا مەبەستی ئەم نووسینە ئەوەیە بڵێین قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی لە راستای بەرهەمهێنانی توندوتیژی و ترس و دروستکردنی مرۆڤی بێ ئیرادەدایە.

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی سێ دەیەیە مەیلی توندوتیژی لە مرۆڤەکاندا گەشە پێدەدەن و کۆمەڵگەی ئێرانیان تووشی نەخۆشییەکی کوشندە کردوە. هەژاری، بێکاری، ئێعتیاد، سەرکوتی ئازادیخوازان، شەڕ لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، ئەمانە هەمووی توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا بەرهەم دێنن و زۆرترین زیانیش ژنان دەیبینن.

لە کۆتاییدا دەڵێم بۆ نەهێشتن یان کەمکردنەوەی توندوتیژی لە دژی ژنان نابێ چاوەڕوانیمان لەو دەسەڵاتە هەبێ. تاکەکانی کۆمەڵگە بەتایبەتی ژنان، کە لە نێو بنەماڵەدا ئەرکێکی گرنگی وەک دایکایەتییان لەسەر شانە، زۆر باش دەتوانن رۆڵی موسبەتیان هەبێ لە گۆڕینی فەرهەنگی توندوتیژ ئامێز. دایک ئەگەر ئاگایی و تێگەیشتوویی هەبێ زۆر باش دەتوانێ ئەو سوننەتانە بسڕێتەوە کە دەبنە هۆی ئازاردانی ژنان. دایکی ئاگاو تێگەیشتوو دەتوانێ کۆرو کچەکەی بە شێوەیەک پەروەردە بکا کە بتوانن لە کۆمەڵگەدا وەک دوو ئینسانی بەرابەر یەکتر وەرگرن نەک وەک ڕەگەزی لاواز و ڕەگەزی بەهێز.

تێکۆشەرانی مافەکانی مرۆڤ پێویستە زۆر زیاتر گرنگی بە ئاگایی و پەروەردەی تاکەکان و سڕینەوەی ئەو کەلتووره نارەوایانەی کە دەبنە هۆی ئازاردانی ئینسانەکان بدەن. پێویستە پیاو تێبگەیەنرێ کە ژن موڵکی شەخسی ئەو نیە، ئەو ئینسانە و حەقی ژیانێکی ئینسانی هەیە.

ئەرکی تاک تاکی ئێمەیە بە جیددییەتەوە بەرەنگاری ئەو روانینانە بینەوە کە بە شۆخی و گاڵتەوە کەلامەکانیان بەرامبەر بە ژن دەر دەبڕن و ژن پلە دوو دەناسێنن، یان بە روانینێکی جینسییانە لێی دەروانن. هەرگیز ئیجازە بە هیچ پیاو و ژنێک نەدەین ژن بە پلەیەکی نزمتر لە پیاو چاو لێ بکا. دیارە قانوون لە دروست کردنی فەرهەنگ و کلتووردا نەخشی ئەساسی هەیە، بەڵام پێچەوانەکەسی دەبێ لەبەر چاو بگرین، کەلتووریش قانوون دروست دەکا.

بەسەرنجدان بەوەی کە ژنان ئەمڕۆکە توانا و قابلییەتی زۆریان لە بوارەجۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، حقووقی، ئابووری و فەرهەنگیدا بە دەست هێناوە، داهاتوویەکی روون بۆ کۆمەڵگەش چاوەروان دەکرێ .

ژنێک کە ئاگایی و وشیاری هەبێ ژنێک کە لە باری ئابوورییەوە سەربەخۆیی هەبێ و لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، حقووقی، فەرهەنگیدا حزووری چالاکانەی هەبێ، بێگومان کاریگەریشی دەبێ لە گۆران بە قازانجی مافە ئینسانییەکانی خۆیدا.

٧ی دێسەمبەری ٢٠١٠

---

## حکوومەتە ئیسلامییەکان لە هەمووشتێ خۆش بن لە حیجابی ژنان خۆش نابن!

هەموو دنیا شاهیدە کە حیجاب لە ئێراندا زۆرە ملییە بەڵام کە چاو لە شێوەی پۆشینی حیجابی ژنانی ئێران دەکرێ، ئەو بەهایە بەدی ناکرێ کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ٣١ ساڵە نرخی بۆداوە. لە ئێران لە دوای هاتنە سەرکاری حکوومەتی ئیسلامی ئەوندەی تەبلیغ بۆ حیجاب کراوە و حەساسیەت بەرامبەر بە حیجاب هەیە لە لایەن دەسەڵاتەوە، بۆ هیچ قانوون و رێوشوێنێک ئەوندە تەبلیغ نەکراوە. لە نێو ئەو هەموو کێشەو و دیاردە و مەسەلە کۆمەڵایەتییانەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵیان بەرەو روویە هیچیان بە قەد حیجابی ژنان، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییان نەهێناوەتە ژێر پرسیارەوە و کێشە و گرفتی بۆ ئەم رێژیمە دروست نەکردوە. هەر ساڵە گەڵاڵەو بەرنامەیەکی تازە، لە لایەن کاربەدەستانەوە بە دژی «بەد حیجابی» دادەرێژرێ، گەڵاڵەی بە ناو «خەبات دژی بەدحیجابی» ساڵانە هێزێکی زۆری هێزە ئینتیزامییەکانی بەخۆیەوە خەریک کردوە و رۆژانە کار و پیشەیان بۆتە گەڕان بە شەقام و شوێنە گشتییەکاندا بۆ ئاگادارکردنەوە و گرتن و هەڕەشەو بێحورمەتی بە ژنانی بە ناو «بەد حیجاب». کۆماری ئیسلامیی ئێران وا دەنوێنێ کە ئەو ژنانە کەمن و تەنانەت زۆر جار وەک ژنانێکی بێئەخلاق ناویان دەبا و وادەنوێنێ کە کۆمەڵگە دەبێ لەم «بێ ئەخلاقانە« پاک بکاتەوە. بەڵام ئەگەر رۆژانە بە هەر شەقام و کۆڵانێک لە شارەکانی ئێراندا چاو بگێردرێ بە دەیان و سەدان ژن دەبینرێن کە نەک ملیان بۆ هەرەشەو فشار و تۆمەتی ئەم هێزە سەرکوتکەرانە رانەکێشاوە، بەڵکوو بە ئاشکراو بە روونی هەست پێدەکرێ کە

ژنان لە دژی حیجابی زۆرەملی خەریکی خەباتێکی بەردەوام و بێ پسانەوەن. ئەمە لە رەفتار و شێوەی جلوبەرگ پۆشین و شێوەی سەرپۆش بەسەردادانیاندا بە روونی دەبینرێ. تەنانەت ئەو ژنانەی کە زۆر سوننەتی و پابەندن بە رێوشوێنە ئیسلامییەکان لە ریزی ئەو ژنانەدان کە ئەم رێژیمەیان بە شێوەی بەسەردانانی حیجابەکەیان وەزاڵە هێناوە. رێژەی ئەو ژنانەی کە دەسەڵاتدارانی کۆنەخواز بە »ژنانی بەد حیجاب« یان زۆر جار بە بێ ئەخلاق ناویان دەبەن ئەوندە زۆرن کە فەزای کۆمەڵگەی ئێرانیان داپۆشیوەو رێژیمییش نە بە هەرەشە و جەریمە و زیندان دەتوانێ واداریان بکا کە مل بەم فەرمانی دەسەڵات بدەن، نە دەشتوانێ وەک توێژێک لەبەرچاویان نەگرێ.

لە ئێران پێش لەو شۆرشەی کە ئاخوندەکان دەسکەوتەکانیان بۆخۆیان پاوان کرد، ژنانێک بوون پابەند بوون بە بیروبۆچوونە مەزهەبییەکانیان، نوێژ و رۆژوویان دەگرت، چارشێو و رووسەرییان بەسەردادەدا، بەڵام بۆ رازی بوونی خۆیان و خودای خۆیان بوو. پێش دەست پێکردنی شۆرش یاریی بە حیجابی ژنان وردەوردە دەستی پێکرد و حیجاب کەوتە نێو یارییە سیاسییەکەوە. هەر کە شۆرش هەنگاوەکانی بۆ پێشەوە دەچوو، یارییەکەش بە دەستی حیزب و دەستەو تاقمە ئیسلامگەراکانەوە گەرمتر دەبوو و ئاڵاکەشی حیجابە رەشەکەی ژنان بوو. بە بڕوای زۆر لە چاوەدێران و لێکۆڵەرانی سیاسی لە ئێران حیجابی ژنان بوو، مزگێنی سەرکەوتنی ئیسلامگەراکانی ئێرانیان بە گوێی دنیا دا دا. کە بەداخەوە لە سەرەتاوە خودی ژنانیش کەوتنە ئەو داوەوە و ئەم سەرکەوتنەیان بۆ خومەینی تۆمار کرد و نەیاندەزانی ئەم ئاڵا رەشە بەرەو چ چارەنووسێکی تاریکیان دەبا بەڵام حیجاب لە تورکیەی سیکۆلار: بڵێی مێژووی بەر لە ٣١ ساڵی ئێران لە تورکیە دووبارە بێتەوە؟! چ یارییەکی ناخۆش دەبینین. یارییەک کە تێیدا ژنان نایبەنەوە. ئەگەر ژنانی تورکیە ئەو بەڵایەی سیاسەتبازە ئیسلامییەکانی ئێران بە سەر ژنانی ئەو وڵاتەیان هێناوە لەبەرچاوی نەگرن، بە دڵنیاییەوە ئەم ئەزموونە تاڵە لەوێش دووبارە دەبێتەوە. دەبینین ئێستا تورکیە زۆر بە خێرایی بەرەو دەسەڵاتی مەزهەبی دەروا. دوای ریفراندۆمی ئیسلاحی قانوونی بنەرەتی تورکیە کە لە ١٢ی سێپتامبری ٢٠١٠ بەڕێوە چوو و هێز و نفووزی ئیسلامگەراکانی تورکیە بە سەروکایەتی رەجەب تەییب زیاتر چەسپا و هەر دوای ئەو ریفراندۆمەش بوو کە قانوونی نەهێشتنی حیجاب لە دانشگاکانی تورکیە هەڵوەشاوە راگەیەندرا. قانوونێک کە لە ساڵی ١٩٩٧ی زایینی لە لایەن دەوڵەتی سیکۆلاری ئەوکاتی تورکیەوە دانرابوو کە کچانی خوێندکار لە زانکۆ دەولەتییەکاندا ئیجازەیان پێنادرێ حیجابی ئیسلامی بپۆشن.

حیزبی دەسەڵاتداری تورکیە »عەدالەت و پەرەپێدان« لە تورکیەی سیکۆلار چەندین ساڵ بوو لە هەوڵی هەڵوەشانەوەی ئەو قانوونە دابوو و سەرکەوتوو نەدەبوو، بەڵام ئەمڕو دەبینیین بە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە

تورکیە یەکەم هەنگاویان بۆ چاکسازیی قانوون، مەسەلەی حیجابی ژنان دێننە گۆڕێ. هەرچەند خاوەن رایانی مەسەلەکانی تورکیە لەسەر ئەو بڕوایە نین کە حکوومەتێکی مەزهەبی باڵ بەسەر کۆمەڵگەی تورکیەدا بکێشێ، بەڵام سیکۆلارەکانی تورکیە لەو مەسەلە نیگەرانن و وەبیر کۆمەڵگەی ئەو وڵاتەی دێننەوە کە حیجابی ئیسلامی لە شوێنە پەروەردەیی و فێرکردنەکاندا جۆرێکە لە »تەبلیغی مەزهەبی» مەسەلەی حیجاب لە تورکیە چەندین ساڵە چارەسەر بووە، بەڵام دەسەڵاتدارانی تورکیە ئەمرۆ بۆ مەبەستی سیاسی کەڵکی لێ وەردەگرن کە ئەوە دەبێ پێشی پێ بگیرێ. بەڵام کێ پێشی پێبگرێ؟ ئایا ژنانی تورکیە لەم یارییەدا لە دوا رۆژدا چی بە نسیبیان دەبێ؟ !

٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠

---

## لە پێناوی تەندروستیی دەروونیی منداڵاندا

لە قوتابخانە و خوێندنگەکاندا، ئەوەی لە »فێرکردن» گرنگترە بۆ منداڵ «پەروەردە«یە. قوتابخانە ئەو ئەرکە گرنگ و پیرۆزەی لە سەر شانە کە مرۆڤی تەندروست لە بواری رۆحی و دەروونی و ئەخلاقییەوە پێشکەشی کۆمەڵگە بکا.

بە داخەوە، رەفتار و کردەوەی هێندێک لە مامۆستایانی قوتابخانە بەرامبەر بە قوتابی لەو بوارەدا موسبەت نیە. سەرەڕای ئەوەی «سەزای جەستەیی» لە روانگەی شارەزایانی زانستی دەروونناسییەوە بە دیاردەیەکی زۆر زیانبار بۆ کۆمەڵگە زانراوە، کەچی ئێستاش لە زۆر وڵاتی جۆراوجۆری دنیادا زۆر لە مامۆستایانی قوتابخانەکان رەفتاری توندوتیژ و سەزای جەستەیی بەرامبەر بە منداڵان بەکار د ەهێنن و پێیان وایە سەزادانی منداڵ لە قوتابخانە لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی خوێندن دا کاریگەریی دەبێ. بێ خەبەر لەوەی چ زیانێک بە داهاتووی ئەو منداڵانە و بە کۆمەڵگە دەگەیەنن.

سەزای جەستەیی و شکاندنەوەی منداڵ لە قوتابخانە و لەلایەن مامۆستاوە، زۆر زیاتر لە سەزا دان لە لایەن کەسوکارەوە کاریگەر یی نێگەتیڤ لە سەر مێشک و دەروونی منداڵ بەجێ دێڵێ. منداڵێک کە لە ماوەی ساڵەکانی

خوێندنی دا، چەندین جارلە بەرچاوی قوتابی و هاوپۆلەکانی خۆی کتێب و دەفتەرەکەی بەسەروچاودا دەدرێ و قسەی سووکی پێدەوترێ، لە لایەنی باوەڕبەخۆبوونەوە زۆر بە توندی تووشی گیر و گرفت دەبێتەوە و قەرەبووی ئەو خەسارە بە ئاسانی ناکرێتەوە.

سەرەڕای ئەوانە، هەم منداڵە تەمبێ کراوەکە و هەم ئەو منداڵانەی شاهیدی دیتنی ئەو رەفتارانەن، «توندوتیژی» فێر دەبن و بە رۆحیەیەکی توورە و تۆسنەوە باردێن، رۆحیەیەک کە ئەوان لە دەورانی پێگەیشتن و فێربوون دا لەگەڵی بەرەو روو بوون، تا کۆتایی تەمەنیان لەگەڵیاندا دەمێنێتەوە و هەر ئەوە بەرهەم دێننەوە، واتە لەگەڵ منداڵەکانی خۆشیاندا هەر بەم شێوەیە رەفتار دەکەن کە لە منداڵیدا لەگەڵیان کراوە.

لێدان و سزای توند ئەگەرچی لە کورت ماوەدا رەنگە منداڵ ناچار بکا کە ئەرک و تەکلیفەکانی قوتابخانەی باشتر بەڕێوە بەرێ، بەڵام لە درێژ ماوە و لە قۆناغەکانی داهاتووی خوێندندا دەبێتە هۆی بێزاری لە مامۆستا، دەرس ومەدرەسە و هەروەها زۆر جار دەبێتە هۆی دواکەوتن لە خوێندندا. چونکە هەمیشە ترسێک لە دەروونیدا دەژی وئەو ترسە هەستی بڕوابەخۆبوون و هیواداری لە دەروونیدا دەخنکێنێ.

زۆربەی ئەو منداڵانەی لە لایەن مامۆستاوە سەزا دەدرێن ئەو مەسەلەیەش لەگەڵ بنەماڵەیان باس ناکەن، چونکە ترسیان لەوە هەیە دیسان لەلایەن ئەوانیشەوە سەزا بدرێن و لۆمە بکرێن. بە هۆی ئەم شاردنەوەیەش، زۆربەی دایک و بابەکان ئاگاداری سەزادرانی منداڵەکانیان لە قوتابخانە نین. هێندێکیشیان کە پێشدەزانن، هیچ نارەزایەتییەک دەرنابڕن چونکە پێیان وایە لێدان و تەمبێ کردن لە لایەن مامۆستاوە منداڵەکەیان باشتر دەکا!

منداڵان سەرمایە و داهاتووسازانی کۆمەڵگەن سزای جەستەیی لە قوتابخانە، منداڵ، ئەو سەرمایە بەنرخەی کۆمەڵگە تووشی زیان و خەسار دەکا. قوتابییەک کە لە دەورانی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندیدا، بە هۆی سەزا جەستەییە بەردەوامەکان، هەمیشە بترسێ، تووڕەیی و کینەی بەرامبەر مامۆستا هەبێ، لە دەرس و قوتابخانە بێزار بێ و بە زۆر وناچار بچێتە مەدرەسە، هەمیشە ترس و دڵەراوکێی هەبێ، لە ئاکامی ئەوانەشدا تووشی چەندین نەخۆشیی دەروونیی دیکە بێ، چ داهاتوویەک بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵگەکەی دروست دەکا؟

قوتابخانە کە شوێنێکە بۆ پەروەردە و فێرکردن، پێویستە ئەم پەروەرد و فێرکردنەی تێکەڵ بە عاتیفە، سەمیمییەت و خۆشەویستی بێ، تاکوو منداڵ هەست بە ئەمنییەت و ئارامی بکا و هۆگریی بە فێربوونی تێدا بە

هێزتر ببێ. کاتێک سەفاو سەمیمییەت و خۆشەویستی بۆ منداڵانی قوتابخانە تێکەڵ بە فێرکردن بکرێ، بێگومان ئەنگیزە بۆ فێربوونێش لە لایەن ئەوانەوە زۆرتر دەبێ و بە خۆشحاڵی و ئۆگرییەکی تایبەتەوە بەرەو فێربوونی زانست دەڕۆن. خۆشویستن و سەبر و سەبووری لە ئاست منداڵ دا یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی هەر مامۆستایەک.

زەوت کردنی ساغی و سلامەتیی دەروونی لە ئینسانێک و وێران کردنی داهاتووی ئەو، ڕەنگە لە کوشتنی ئینسانێک کەمترنەبێ!

لە کۆتاییدا لەگەڵ ڕێز و ماندوو نەبوونی بۆ هەموو مامۆستایانی دڵسۆز، ماندوویی نەناس، سەبوور و خۆراگر، ئەم باسە بەم چەند دێرە لە کتێبی پەروەردەکردنی منداڵانی ئازاد و سەربەخۆ لە نووسینی ئالێکساندەر نیل لە بارەی تەمبێ کردنی منداڵان کۆتایی پێدێنم.

تەمبێ کردن هەمیشە بریتییە لە دەربڕینی ڕق و توڕەیی و، منداڵ بە تەواوی هەست بەم مەسەلەیە دەکا ئەو خۆشەویستی و پەشیوانییە کە منداڵان دوای تەمبێ کردن لە لای دایک و باب دەری دەبڕێ، ئەوین و خۆشەویستی ڕاستەقینە نیە. ئەو هەستە کە منداڵان بەدوای تەمبێ کردن تێی دا پێک دێ، ڕق و بێزارییە کە خۆی دەگۆڕێ و بە شێوەی لاواندنەوە و خۆشەویستی خۆی دەنوێنێ تا هەستی خۆ بە تاوانبار زانین داپۆشێ. تەمبێ کردن، منداڵ بەرەو جیهانی خەیاڵ و زیندە خەو پاڵ پێوە دەنێ و لەوێ دایە کە لە نێوچوونی ئەو کەسەی تەمبێی کردوە بە ئاوات دەخوازێ. بەلام ئەو خۆزگەیەش لە نێو دنیای تاوان و خۆ بە تاوانبار زانین دا نوقمی دەکا. لای خۆی وا بیر دەکاتەوە کە چونکە مەرگ و نەمانی باوکی بە ئاوات خواستوە، ئینسانێکی نارەسەن و تاوانبارە. ئەو پەشیمانی و هەست کردن بە تاوانبارییە وای لێ دەکا وەک منداڵێکی ژیر و باش لە کۆشی باوکی دا دادەنیشێ. بەلام ڕاستییەکەی ئەوەیە ڕق و بێزاری هێشتا بەری نەداوە و لە لای ئەو ماوەتەوە.

خراپتر لە هەمووی ئەوانە، تەمبێ دەبێتە جغزێک کە لێ دەرباز بوونی نامومکینە. منداڵ هەرچەند جارێ تەمبێ دەکرێ وا هەست دەکا کە لێی بێزارن بۆیە تەمبێی دەکەن و، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە کە ڕق و دوژمنایەتی لەودا پەل و پۆ دادەکوتێ. کاتێک ڕق و نفرەتەکەی زیاتر دەبێ، زۆرتر لە پێشو پەنا دەباتە بەر ئاکاری نابەجێ. لە ئاکامدا دیسان تەمبێ دەکرێتەوە. ئەوەش بە ڕق داکەوتنی زیاتر و ئەنجامدانی ئاکاری دزێوتر و سەرەنجام سەر لە نوێ تەمبێ کرانەوەی بەدواوەیە، لە ئاکامدا دەبێتە منداڵێکی ڤین لە زگ و نالەبارو، تەمبێ کردن هیچ

**کاریگەرییەکی باشی لەسەر دانانێ.**

**١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠**

## گەڵاڵەی پشتیوانی لە بنەماڵە» یان دژی بنەماڵە؟ !

**ساڵی ١٣٥٣ مەجلیسی ئێران بە گەڵاڵەی پشتیوانی لە بنەماڵە دا چۆوە کە پەسند کراوی ساڵی ١٣٤٦ بوو و لە کۆتاییدا بەندێکی بە قانوونی پشتیوانی لە بنەماڵەوە زیاد کرد. ئەو بەندە لە ٢٨ مادده پێک هاتبوو، کە بەشێک لە ماددەکان پێوەندییان بە هاوسەرگیریی دووبارەی پیاوانەوە هەبوو. لەو بەندەی قانوونەکەدا هاتبوو کە هەرپیاوێک بیهەوێ ژنی دووهەم بێنێ دەبێ بە ڕەزامەندیی دادگا بێ، دادگاش هەتا ڕەزامەندیی ژنی یەکەمی لەسەر نەبێ ڕێگە نادا پیاو ژنی دیکە بکاتە هاوسەر. کۆمەڵێک مەرجی دیکەش دانرابوون کە چەند هاوسەرییان لە پیاوان دژوار کردبووەوە و ژنانیش بەشێک لە مافەکانیان لەو گەڵاڵەیەدا پارێزراو بوو، کە ئەمە بۆ ئەو کات و سەردەمە دەسکەوتێکی بەنرخ بۆ بنەماڵە و بەتایبەتی بۆ ژنان بوون.**

**قانوونی ساڵی ١٣٤٦ پشتئەستوور بە قورئان، مەرجی دادپەروەریی بۆ چەندهاوسەری دانابوو. پێشتر، پیاوێک مافی ئەوەی هەبوو ٤ ژنی هەبێ. بەڵام دوای پێداچوونەوەی قانوونەکە لە ساڵی ٥٣دا کۆمەڵێک مەرج بۆ پیاو دانرا کە نەتوانێ بە ئاسانی ژنی دووهەم بێنێ.**

**لە دوای بەدەسەڵات گەیشتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ژنان بەشێکی زۆر لەو مافانەیان کە پێشتر بە دەستیان هێنابوون و بەرهەمی خەباتی خۆیان بوو، لێ زەوت کرایەوە. بۆ نموونە پیاو بۆ هاوسەرگیریی دووبارە پێویستی بە ئیجازەی دادگا و هاوسەری یەکەم نەما.**

**ئەوەی لەم ڕۆژانەدا هاتۆتەوە دەستووری کاری مەجلیسی شوورای ئیسلامی، هەر ئەو قانوونەیە کە لە ساڵی ١٣٥٣ دا پەسند کراوە، بەڵام ژنانی وشیاری ئێران ئەمڕۆ ناوەڕۆکی ئەو قانوونە زۆر لەوە بە کەمتر دەزانن کە**

خەباتیان بۆ کردوە و نرخیان بۆ داوە.

ساڵی ١٣٨٦ بە پێشنیاری دەسەڵاتی قەزایی کۆماری ئیسلامی، لە کۆبوونەوەیەکی هەیئەتی دەوڵەتی نۆیەمدا (گەڵاڵەی پشتیوانی لە بنەماڵە) جارێکی دیکە ناردرایە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی. ئەو گەڵاڵەیە لەلایەن دەسەڵاتی قەزاییەوە هێندێک دەسکاری کرا کە، پێشێلکردنی مافەکانی ژنانی بە ئاشکرا تێدا بەدی دەکرا. ئەو دەسکاری و ئاڵوگۆڕانە لە گەڵاڵەکەدا لە لایەن ئەو دەسەڵاتەوە، نارەزایەتییەکی بەرینی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران، بەتایبەتی لایەنگرانی مافەکانی ژنانی لێکەوتەوە. دوای نارەزایەتییەکی زۆر بەرامبەر بە ماددەی ٢٢ و ٢٣ و ٢٥ ئەو گەڵاڵەیە، ماددەکانی ٢٣ و ٢٥ی لێ لابرا، کە ئەم ماددانە بە ماددەیەکی پڕ لە زیان و مەترسی بۆ بنەماڵە دادەنران. بەڵام ماددەی ٢٢ (چەند هاوسەری) نەک لانەبرا بەڵکوو هێندێک خاڵی دیکەشی پێوە زیاد بوو کە پێوەندیی هەبوو بە هاوسەرگیریی کاتی (سیغە). واتە ئەندامانی کومیسیۆنی قەزایی مەجلیس ئەوەیان پێوە لکاند کە ئەگەر هاوسەرگیریی کاتی، منداڵی لێکەوتەوە، بە مەبەستی پاراستنی مافی منداڵەکە دەبێ هاوسەرگیرییە کاتییەکە بکرێتە رەسمی و سەبت بکرێ. هەربۆیە لە ژێر کاریگەری نارەزایەتیی چالاکانی ژنان و حوقووقناسانی بواری بنەماڵە تا ئەمرۆش مەجلیس نەیتوانیوە ئەم گەڵاڵەیە بە ئاسانی پەسند بکا و نزیک بە دوو ساڵ دەبێ بە ئەنجامێک نەگەیشتوون. لەم رۆژانەدا دیسان ئەم مەسەلەیە هاتۆتەوە مەیدان و بۆ بڕیاری کۆتایی ناردرایەوە ماجلیسی شووڕای ئیسلامی.

دیارە چالاکانی بواری مافەکانی ژنان هەر لە بنەڕەتدا خوازیاری ئەوە بوون کە ئەو گەڵاڵەیە لە دەستووری کاری مەجلیس بێتەدەر. ئەوە خواستی روونی ئەوان بوو. چونکە لە بنەڕەتڕا گەڵاڵەکە پڕە لە نایەکسانی و پێشیلکردنی مافەکانی ژنان بە تایبەتی فەسڵەکانی دوویەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم کە پێوەندییان هەیە بە زەماوەند، تەڵاق، سەرپەرستی و وەئەستۆگرتنی منداڵ دوای لێکجیابوونەوە. بەشی زۆری ماددەکانی ئەو فەسڵانە زۆر نادادپەروەرانەن بەرانبەر بە ژنان. بەتایبەتی کە بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی دادگاکان هەمیشە لە پیاوان بوون و بەرژەوەندی «پیاو» سەرەکیترین خاڵ بووە و هەمیشە کەمترین سەرنج دراوەتە ماف و خواستەکانی ژنان. بەمجۆرە پەسەندکرانی گەڵاڵەیەکی لەم چەشنە زیانێکی گەورە بۆ بنەماڵە و بە تایبەتی ژنان دەبێ.

ئەو ١٠ مەرجەی بۆ هاوسەرگیریی دووبارەی پیاوان لە گەڵاڵەکەدا هاتوون کە گۆیا پیاوان نەتوانن هەروا بەئاسانی ئەم ئەرکە شەرعی و ئیسلامییە!! بەرێوە بەرن. بریتیین لە:

١- رازی بوونی ژنی یەکەم بە هاوسەرگیریی دووبارەی مێردەکەی،

٢- ژنی یەکەم نەتوانێ ئەرکی هاوسەرێیەتی بەڕێوە بەرێ،

٣- پیاوەکە توانایی ئابووریی باشی هەبێ،

٤- پیاوەکە دادپەروەری لە نێوان هاوسەرەکانیدا رەچاو بکا،

٥- تووشبوونی ژن بە نەخۆشیی «جنون»، «شێتی» یان نەخۆشییەکی چارەسەرنەکراو

٦- ملکەچ نەبوونی ژن لە ئاست داواکانی مێرد

٧- مەحکوومبوونی ژن بە هۆی تاوانی عەمد بە سزای یەک ساڵ زیندان یان جەزای نەقدی کە نەتوانێ بیدا و بە هۆی ئەوەساڵێک بخرێتە زیندان.

٨- تووشبوون بە هەرجۆرە ئێعتیادێکی زیانبار کە بە پێی ناسینی دادگا زیان بە بناغەی بنەماڵە بگەیەنێ

٩- رەفتار و هەڵسوکەوتی دزێوی ژن بە رادەیەک کە درێژەدانی ژیان لە گەڵی بۆ پیاو تەحەممول نەکرێ

١٠- بەجێهێشتی ژیانی بنەماڵەیی بۆ ماوەی ٦ مانگ لە لایەن ژنەوە ٩- نەزۆکیی ژن.

١١-رۆیشتنی ژن لە لای مێرد بۆ ماوەی ساڵێک.

بە ڕاستی ئەگەر لەم مەرجانە ورد دەبینەوە بۆمان دەردەکەوێ زۆر لەم مەرجانە گاڵتەکردنێکن بە عەقڵی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێران و بەتایبەتی ژنانی ئازادیخوازی ئێران، کە هەر ئێستا لە سەدا٧٠ی کورسییەکانی دانشگاکانی کچان و ژنان لەسەریان دانیشتوون. ئەوانەی بە غەریزە و هەوەس بیردەکەنەوە، بەم شێوەیە بڕیار لەسەر چارەنووسی ژنانی ئێران دەدەن! زۆر لەو مەرجانە دەتوانن تەنیا پاساوێک بن بۆ دیاردەی دزێوی چەند هاوسەری. بەڕاستی هەر ئینسانێکی ئازادیخواز کە بڕوانێتە ئەم یاسا و مەرجانە هەست دەکا سەردەمیان بەسەرچووە و لەگەڵ سەردەمی ئێستای ئێران زۆرلە ناتەباییدان. ئەوانەی بەم شێوەیە بیر لە ژیانی هاوسەریەتی و ژیانی بنەماڵەیی دەکەنەوە، لە ژیانی هاوبەشدا زۆرتر غەریزە سێکسییەکانیان بەلاو گرنگە، کە ئەم بیرکردنەوەیەش سووکایەتییەکی گەورەیە بە بنەماڵە و کەسایەتیی ژن لە ئێراندا. کەسێک کە خۆشەویستی بکاتە قوربانیی مەیلە جینسییەکانی، چۆن دەتوانێ دادپەروەری لە نێوان مرۆڤەکاندا رەعایەت بکا؟

حاکمانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣١ ساڵ دەسەڵاتدارەتییاندا هیچکات روانگەیەکی موسبەتیان بەرانبەر بە ژنان و مافەکانیان نەبووە، ئێستاش چاویان لە ئاست نەوەیەکی ئاگای خاوەن فەرهەنگێکی پێشکەوتوو نوقاندوە و زۆر باش دەزانن نەوەی لاوی ئەمڕۆی ئێران تەحەممولی ئەو قانوونە دواکەوتووانانەیان نییە. دیارە

ئەمەش شەڕێکی بەردەوام لەگەڵ نەوەی نوێیە و نایانەوێ ئەم شەڕە لەگەڵ ئەو نەوەیە، کۆتایی پێبێنن. دیارە ئەم گەڵاڵەیە ئەگەر ئەمڕۆش لە لایەن بڕیاردەران و حاکمانی کۆنەپەرستەوە پەسندنەکرێ، چاوەڕوان‌دەکرێ لە کات و هەلێکی دیکەدا پەسند بکرێ. ئەمەش بۆ ژنانی ئێران زۆر تاڵ دەبێ، چونکە ئەمە سەرکەوتنێک دەبێ بە سەر بزووتنەوەیەکدا کە لە ماوەی سێ دەیە لە دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی ژنان نرخی زۆرگەورەی داوە.

پرسیارێک کە لیرەدا زەق دەبێتەوە ئەوەیە بۆچی ڕاست لەم کات و ساتەدا ئەم گەڵاڵەیە کە بە تەواوی دژایەتیی لەگەل مافەکانی ژناندا هەیە، بۆ تاوتوێکردن دێتەوە مەیدان؟ هەلومەرجی ئێستای ئێران هەلومەرجێکی تەواو سەرکوتکەرانەیە. دوای تەقینەوەی نارەزایەتییەکان دژی کودەتاکەی ساڵی رابردوو، سەرکوت و خەفەقان باڵی بە سەر کۆمەڵگەی ئێراندا کێشاوە، زۆرلە چالاکانی مافەکانی ژنان ومافەکانی مرۆڤ، بە هۆی فشاری لە رادەبەدەری حاکمییەت ناچار بوون ئێران بەجێ بێڵن، یان بەشێکیان لە زینداندا ژیان بەسەردەبەن و، چالاکییە مافخوازانەکان زۆر بەرتەسک کراونەتەوە. لە لایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییشەوە ئێستا زیاتر لە هەموو کاتێک سەرنج خراوەتە سەر مەسەلەی ئەتۆمی و سەرپێچییەکانی ڕێژیمی ئێران لەو بارەیە. حاکمییەتی کۆنەپەرەست کە هەمووکات هەوڵی گەڕاندنەوەی کۆمەڵگەی ئێران بۆ دواوی داوە، دەیەوێ ئەو هەلە بقۆزێتەوە و دڵی کۆنەپارێزان رازی بکا.

بەڵام ئەوەی گرنگە ئەمەیە کەکلتووری نەوەی نوێی ئێران فرەژنی بە دیاردەیەکی دزێو و پڕ لە زیان و مەترسی بۆ بنەماڵە دەزانێ. زیاتر لە ٥٠ ساڵیشە ژنانی ئاگاو تێگەیشتووی ئێران لە هەوڵی ئەوەدان سیستمی یەک هاوسەری لە کۆمەڵگەدا جێگیر بکەن. ئەم پەروەردەیە لەنێو زۆربەی بنەماڵە ئێرانییەکاندا دەبینرێ. ئەگەر هێندێک ژنیش ئامادەن ببنە هاوسەری دووهەمی پیاوێک، هۆکاری سەرەکی، مەسەلەی ئابوورییە. ئەگەر دەسەڵاتێک هەبێ و بە ئەرکی خۆی بزانێ مافی ژنانێک کە ناتوانن کار بکەن و لە باری ماڵییەوە ژیانیان دابین بکەن، هەرگیز ئەو ژنانە ئامادە نین مل بۆ ئەو سووکایەتییە راکێشن و ببنە هاوسەری دووهەمی پیاوێک و ژیان لە ژنێکی دیکە تێک بدەن.
لە کۆتایی دا دەبێ بڵێین ئەو قانوونە کۆنەپەرستانەیە ئەگەر ئەمڕۆ یا هەرکاتێکی دیکە پەسند بکرێ دەبێ دژایەتیی بکرێ و لەگەڵ سەرجەم قانوونە دژەژن و دژە مرۆییەکانی ئەو ڕێژیمەوە هەڵبدرێتە نێو زبڵدانی مێژووەوە.

٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٠

## من ئێستاش ئەستێرەیەکم خۆش دەوێ

کە چوومە ژوورەوە دەتگوت لەمێژە چاوەڕوانمە.... مژێکی لە سیگارەکەی داو هەناسەیەکی قووڵی هەڵ کێشاو وتی باش بوو هاتی....

سەماوەرەکەم پڕکردەوە لە ئاو.... هەستم کرد چاوی لەسەرم لانابا. بۆیە دەستم تێک دەئاڵاو سەماوەرەکە لەبەری رژا...

ویستم بڕۆمە دەرەوە... وتی دەتوانی چەند دەقەیەک نەڕۆی کارم پێتە! دڵەکوتە دایگرتم. یەکەم جاریش نەبوو کە دیبووم. هەتا دەهاتە ئەوێ سەرێکی لە ماڵی ئێمە هەڵدێنا. راوەستام و وتم فەرموو... وتی لەپێش دا پرسیارێک! ئەو ئەستێرانە کاری خۆتن؟(١) وتم بەڵێ. پێش ئەوەی درێژە بە پرسیارەکانی دیکەی بدا وتم ئەستێرم پێجوانە... بە دەنگێکی نزم وتی: کەواتە ئەوەی بیستوومە راستە!

... وتی ئەگەر هەبێ پێویستم بە یەک دوو لاپەڕ کاغەزی سپی یە. هەر لەو ژوورەدا گۆشەی فەرشەکەم هەڵداوە و دەفتەرێک کە هەر جارە لە جێیەک دەمشاردەوە، دەرهێنا و ٤ لاپەڕ کاغەزی سپیم بۆ لێکردوە و دامە دەستی. ویستی دەفتەرەکەی پێبدەم لە سەری بنووسێ... بەڵام... کتێبێکی مەم و زینی ئەحمەدی خانی ـ کە من لەو کتێبەوە فێری خوێندنەوەی کوردی بووم ـ دامەدەستی بۆ ئەوەی لەسەری بنووسێتەوە. بە پێکەنینەوە وتی نهێنییەکیشت ئاشکرا بوو. وتم گرنگ نیە شتی نهێنیی تیا نیە. وتی ئەوەنیە ئەستێرەیەکیش بە بەرگی دەفتەرەکەوەیە! .... وتم پێت، ئەستێرەم پێجوانە!

ئێوارە لە کاتی ماڵاوایی ئەو و هاوڕێکانی، کاغەزێکی پێچراوەی هەر لە لای دایکم دایە دەستم.
دایکم چاوێکی لێکرد و وتی وازی لێ ناهێنن، تا بەڵایەکی بە سەر دێ!
دواي رۆیشتنیان کاغەزە پێچراوەکەم کردوە....
لاپەڕێک پڕ لە وشەی جوان، بەڵام ئەو هەموو وشە جوانانە هەر نەیانتوانی خۆشەویستی و جوانیی ئەستێرە لەلام

کەمڕەنگ بکەنەوە.

(١) گۆشەی هەر قاپی عەکسێک ئەستێرەیەکم بە کاغەزی رەنگی بڕیبوو و خستبوومە نێو شووشەی قاپەکەوە.

٦ی جوونی ٢٠١٠

## ئەحمەدی نەژاد کەوتە داوی کریستییان ئەمانپوورەوە!

### سەکینە ئاشتیانی کەی حوکمی سەنگساری بەسەردا سەپاوە!!"

حوکمی سەنگسار لە دژی سەکینە محەممەدی ئاشتیانی نارەزایەتییەکی بەرینی کۆر و کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ و جیهانی دەرەوەی لێکەوتۆتەوە و سزای سەنگساریان بە کردەوەیەکی دڕندانە و نامرۆڤانە ناوبرد و داوای هەڵوەشانەوەی ئەو حوکمەیان کرد.

کاربەدەستە پایەبەرزەکانی کۆماری ئیسلامییش لە ئاست ئەو نارەزایەتییانەدا هەڵوێستیان گرت و بە توندی ئەو وڵاتانەی لە ئاست ئەم حوکمە نارەوایەدا نارەزایەتییان دەربڕیوە، داوەتە بەر هێرشی تەبلیغاتی و بە پیلانگێری و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتەکەیان تاوانباریان کردن.

بەڵام لە هەمووی گاڵتەجارانەتر وڵامەکەی ئەحمەدی نەژاد بە پرسیارەکەی خانمی کریستیان ئامان پوور، هەواڵنێری کاناڵی تەلەویزیۆنی"ئەی بی سی" ئەمریکا بوو کە ١٩ی سپتامبر لە بارەی حوکمی سەکینە محەممەدی ئاشتیانییەوە دایەوە و گوتی "من نوێنەری خەڵکی ئێرانم و چۆنە ئاگام لەو حوکمە نیە، ئەو خانمە بە هیچ شێوەیەک حوکمی سەنگساری بەسەردا نەسەپاوە". هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا لەو بارەیەوە گوتی: " کەسانێک بە بڵاو کردنەوەی هەواڵی درۆ لەو بارەیەوە ئەو هەڵلاو و هەنگامەیان ساز کردوە و رۆژئاواییەکانیش کردوویانەتە خۆراکی تەبلیغاتی لە دژی ئێران! ".

ئەحمەدی نەژاد بۆ حاشای لە حوکمی سەنگسار دژی سەکینە ئاشتیانی کرد ؟ خۆ پێشتر بەرپرسانی قەزایی رێژیم ئێعترافیان بە حوکمی سەنگسار لە دژی سەکینە کردبوو، بڵێی لە ترسی فشاری لەرادە بەدەری هەواڵنێران و دەزگاکانی راگەیەندنی "بێگانە" بوو بێ یان هەر وێستبێتی شۆخییەکی فارس گوتەنی بامەزەی کردبێ؟

چ پێکەنینییە ئەم سەرکۆمارە! تەنانەت لایەنگرەکانی خۆشی پێکەنینیان بەحێماقەت و بێمێشکی سەرکۆمارەکەیان دێ.

رۆژنامەی "رسالت" لە نووسینێکدا لە ژێر ناوی "ئەحمەدی نەژاد لە بەینی سەکینە و کریستیاندا" نووسیویەتی: "وتوێژەکەی دوکتور ئەحمەدی نەژاد سەرکۆمار لەگەڵ کریستیان ئەمانپوور لە بارەی هێندێک مەسەلەدا ئەوەی نیشان دا کە موشاویرانی سەرکۆمار و ئامادەکارانی سەفەرەکەی بە ئەرکی قانوونی خۆیان ئاگا نە بوون. سەرکۆمار دەیتوانی بە یەک دێر خۆی لەو مەسەلەیە بە دوور بگرتایە و پێوەندی داباوە بە دەزگای قەزاییەوە و نەچوبایەتە سەر مەسەلەیەک کە پێوەندی نیە بە دەوڵەتەوە، بەڵام ئەو چووە نێو باسی سەنگسارەوە و کەوتە ئەو داوەی کە پێشتر لە بارەی حیجاب و عیفافەوە تێی کەوتبوو!

بەڵام قسەی ئاخر یەوەیە سەکینەی محەممەدی ئاشتیانی تەنیا قوربانی سەنگسار نیە لە ئێراندا، کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیدا پڕە لە تاوان و جینایەت، ئێعدام و کوشتار لە دژی خەڵکی وڵاتەکەی و پڕە لە کارشکێنی و سەرەڕۆیی دژی پەیماننامە نێونەتەوەییەکان، رۆژئاواش ئەگەر خۆی لە بێخەبەری نەدا بەتەواوی ئەوە دەزانێ، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و سەرسوورمانە ئەوەیە بۆ دەبێ سەرانی رێژیمێکی لەو چەشنە ئێستاش رێگەیان بکەوێتە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وەک نوێنەری ئەو خەڵکە گوێ بۆ قسەکانیان بگیرێ؟ دنیای رۆژئاوا تا کەی درێژە بەم سیاسەتەی دەدا و تاکەی خوێ بە برینی ئەو خەڵکە برینداەی ئێراندا دەکا؟

٢٨ی جوونی ٢٠١٠

# شکەنجە، کردەوەیەکی ترسناک دژی مرۆڤایەتی

٢٦ی ژوئەن رۆژی جیهانیی پشتیوانی لە قوربانیانی ئەشکەنجەیە. دیسامبری ساڵی ١٩٨٤ لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەیمانی مەنعی شکەنجە پەسند کراوە و ١٤ ساڵ دواتر ئەم پەیمانە کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.

شکەنجە کردوەیەکە بۆ پەرەپێدانی ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگەدا، بۆ کپ کردنی دەنگی مۆخالیفان وئۆپۆزیسیۆن،کە لە لایەن ئەوانەبەکار دەهێنرێ کە دەیانەوێ هەر خۆیان لە دەسەلات دا بن و خەڵک ملکەچیان بێ. شکەنجە خراپترین شێوەی توندوتیژییە، چونکە قوربانییەکان ناتوانن دیفاع لە خۆیان بکەن.

سەرەڕای قەدەغە بوونی ئەم کردەوەیە لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە و پابەند بوونی زۆر لە وڵاتان بە پەیمانی دژی ئەشکەنجە، بەڵام تا ئێستاش لە لایەن زۆر لە دەسەلات و رژێمە جۆراوجۆرەکانەوەوە، تەنانەت ئەوانەی ئەو پەیمانەشیان واژۆ کردوە، ئەشکەنجە و ئازار و ئەزیەتی مرۆڤەکان هەر درێژەی هەیە. یەک لەو دەسەلات و نیزامانەی کە بە ئەشکەنجە و ئەشکەنجەگەری

بەناوبانگن، رژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. ئەم رژێمە تا ئەمڕۆش کۆنوانسیۆنی دژی ئەشکەنجەی بە رەسمی نەناسیوە و بەو پەڕی بێشەرمییەوە وەک بەشێک لە یاسای شەریعەت دەڕوانێتە ئەشکەنجە و بەڕێوەی دەبا. ساڵی ٢٠٠٢، گەڵاڵەیەک چوو بۆ مەجلیس، ئەو گەڵاڵەیە دەیتوانی رێگە بۆ پەسند کردنی کونوانسیۆنی دژی شکەنجەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لایەن مەجلیسەوە خۆش بکا، بەڵام شوورای نیگابانی کۆماری ئیسلامی ئەو گەڵاڵەیەی بە ناتەبا لەگەڵ رێوشوێنەکانی ئیسلام ناو برد و پێشی پەسند کردنی گرت.

هەر لە سەرەتای تەمەنی ئەو رژێمەوە، جیهانیان شاهیدی پێشێلکردنی بێبەزەییانەی مافی زیندانیان لە ئێراندا بوون، بە تایبەتی زۆر لەو زیندانییە سیاسییانەی دوای ئازادبوونیان هەلومەرجی نێوزیندانەکانی کۆماری ئیسلامییان هێناوەتە بەرباس و روونیان کردۆتەوە کە زیندانوانەکان بۆ ئێعترافوەرگرتن لە بەندییەکان بەوپەڕی بێبەزەییەوە ئەو مرۆڤە بەندییانەیان ئازار داوە و بە توندترین شێوە شکەنجەی رۆحی و جیسمییان داون. هەر

ئێستاش بە هەزاران ئینسانی بێتاوان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بە مەبەستی تێکشکاندن و رووخاندنیان بە توندترین شێوە ئازار و ئەشکەنجە دەدرێن. قەمچی لێدان و دەستدرێژیی جینسی، یەکێکن لە ئەشکەنجە باوەکان لە کۆماری ئیسلامیدا. بە سەدان و هەزاران لەو کەسانەی لە زیندانەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی رزگاریان بووە، هەتا کۆتایی تەمەنیان کاریگەریی ئازارەکانی نێو زیندان لەژیانیاندا ماوەتەوە و دەمێنێتەوە.

رێکخراوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ، بە سەدان جار سەبارەت بە ئازار و ئەشکەنجەدرانی زیندانیانی سیاسی لە نێو زیندانەکانی ئێراندا، رەخنەیان لە دەوڵەتی ئێران گرتوە، بەڵام رەخنە لێگرتن و مەحکوومکردنی ئەو رێژیمە و چاوەدێرییە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ هیچ کاریگەرییان لەسەر رەفتاری دڕندانەی رێژیمی ئێران دانەناوە و رەفتار و کردەوەکانی ئەو رێژیمە بە نیسبەت مافی مرۆڤەوە بەرەو باشی نەچووە. هەلومەرجی ئەو مرۆڤانەی کە بە تاوانی جیابیری لە زیندان دان نەک باشتر نەبووە بەڵکوو خراپتریش بووە. ئەو رێژیمە تا ئێستاش نەک هەر بە پەیماننامە جیهانییەکان پابەند نییە بەڵکوو کەمترین شەرم لە رەفتاری نامرۆڤانەی کاربەدەستان و دەست و پێوەندەکانی خۆی لە بەندیخانەکاندا ناکا و بگرە پاساویشیان بۆ دێنێتەوە. ئەگەر لە دەیەی سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا چاوەدێرانی مافی مرۆڤ دەیانتوانی سەردانی ئێران بکەن، ساڵانێکی زۆرە بە هۆی سەرەڕۆیی رێژیمی ئێرانەوە نەیانتوانیوە و رێگەیان پێنەدراوە سەردانی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی بکەن. ئەمەش هەلومەرجی زیندانییانی لە ئێران هێندەی دیکە بە ئازارتر کردوە.

بەداخەوە لە ئێراندا ئەشکەنجە و ئازار وا لەگەڵ ژیانی مرۆڤەکان ورۆحیاتی ئەوان تێکەڵاو بووە کە بە دەگمەن ئەو کەسانەی کەوتوونەتە بەر ئازار و ئەشکەنجە لە لایەن دەوروبەریانەوە دەرک دەکرێن و ئەو هەلومەرجەیان بۆ پێک دێ کە ئازارەکانیان سارێژ بێتەوە.

## چون برینەکان سارێژ دەبنەوە؟

بۆ دروستکردنی هەلومەرجێکی لەبار بۆ ئەو کەسانەی کە تووشی ئەشکەنجە بوون پێش هەموو شتێک دەبێ لە نێو خەڵک دا ئەشکەنجەگەرەکان ئاشکرا و ریسوا بکرێن، دوژمنی ئەوان، رای گشتیی خەڵکە، رای گشتیش بەمجۆرە دروست دەبێ کە لە راگەیەنەکاندا باس لە جۆرەکانی ئەشکەنجە بکرێ. وەک ئەو ئەشکەنجانەی کە قوربانییەکان تووشی ئازارێکی زۆر دەکەن، بەڵام جێگەی ئەشکەنجەکە بە لەشیانەوە دیار نییە، بۆ نموونە ئەشکەنجەی رۆحی.

هەروەها باس لە رەفتاری شکەنجەگەرەکان و ئەو پێشێلکارییانە بکرێ کە ئەوان بەرامبەر بەو مرۆڤە بێدەسەلاتانە دەیکەن.

لایەنێکی دیکەش کە لە پێوەندی لە گەڵ ئەشکەنجەدراواندا گرنگە بایەخی پێ بدرێت ئەوەیە باس لەوە بکرێ ئەوانەی لەباری رۆحییەوە ئەشکەنجە دراون کۆمەڵگە چۆنیان رەفتار لەگەڵ بکا. بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێراندا کەسانێک هەن کە لە زیندانەکاندا لە لایەن زیندانوانانەوە. دەستدرێژیی جنسییان کراوەتە سەر و سووکایەتی بە جەستەیان کراوە،. ئەو کەسانە بە تایبەتی ئەگەر ژن بن، کاتێک کە لە زیندان رزگار دەبن، زۆر جار بە هۆی ئەوەی دیسان جارێکی دیکە لە لایەن کۆمەڵگەوە سووکایەتییان پێنەکرێ و بە چاوی سووک چاویان لێنەکرێ، ناتوانن باس لە ئازارەکانیان بکەن، باس لەوە بکەن کە لە بەندیخانەدا چییان بەسەر هێناون. ئەم باس نەکردن و شاردنەوانە، دەبنە هۆی ئازاری دەروونی. بۆیە پێویستە هەلومەرجێک لە کۆمەڵگەدا دروست بکرێ کە ئازار چێشتووان، بتوانن بە ئارامی برینەکانیان سارێژ بێتەوە .

---

## ئەو ژنەی بێباکانە بەرەو پەتی سێدارە رۆیی

٥ کەس لە باشترین رۆڵە خەباتکار و تێکۆشەرەکانی رێگەی ئازادیی ئێران و کوردستان، ئێعدام دەکرێن. بە داخەوە هەواڵی ئێعدام و شکەنجە و زیندان و دەربەدەری وا لە گەڵ ژیانی رۆژانەماندا تێکەڵاو بووە کە ئەم هەواڵانەمان بۆ ئاسایی بووە و دەڵێی شتێکی وا نەقەوماوە. بەڵام کارەساتە! کارەساتە ئینسانەکان لە سەر ئازادی و بە ئازادی ژیان، گیانیان لێ دەسەندرێ، بەڵام لانی کەم بۆ ئێمە ئازادیخوازان ئەم هەواڵە تاڵانە نەک نابێ بێ هیوامان بکا بەڵکوو دەبێ سوورترمان بکا لەسەر خەبات و درێژەدانی رێگەی ئەوانەی کە لە رێی ئازادیی و بەختیاری ئینسانەکاندا گیانیان فیدا دەکەن .

١٩ی بانەمەڕی ١٣٨٩ یەکێکی دیکە لە رۆژە ماتەمبارەکانی کوردستان بوو. سەرلە بەیانی رۆژی یەکشەممە ١٩ی بانەمەڕ بڵاو بوونەوەی هەواڵی دڵتەزێنی ئێعدامی ٥ تێکۆشەری رێگای ئازادی و ئینسانییەت هەموو ئازادیخوازێکی ماتەمبار کرد. شەهیدەکان بریتی بوون لە: شیرین عەلەم هولی، فەرزاد کەمانگەر، فەرهاد وەکیلی، عەلی

حەیدەریان و مەهدی ئیسلامیان، کە چوار کەسی یەکەمیان لە رۆڵە خەباتکارەکانی کوردستان بوون. یەکێک لەو چوارکەسەش ژنێکی خەباتکار بوو کە لێرەدا جێی خۆیەتی ئاورێک لە ژیان و بەسەرهاتی بدەینەوە و شانازی بە پێگەیشتوویی و ئازایەتی ئەوەوە بکەین کە لە ئاست شکەنجەگەراندا چۆکی دانەدا و بێباکانەی بەرەو پەتی سێدارە رۆیی. بوونی ژنێک لە نێو ئەو ئێعدام کراوانەدا ئەوەندەی دیکە نفرەت و بێزاریی لە رێژیمێکی دژی ئازادیی و ئینسانییەت زیاد کردووە. ئاخەر تاوانی ئەو ژنە چی بوو جگە لەوە ژیانی خۆش دەویست و بۆ ژیانێکی بەختەوەرانە رێگەی خەباتی گرتە بەر؟

## با بزانین ئەو ژنە کێ بوو؟

### شیرین عەلەم هولی

بە وتەی خانمی جیلوە جەواهری کە هاوبەندیی شیرین بووە، دەڵێ "شیرین عاشقی ژیان بوو، زۆری عەلاقە بە خوێندنەوە و چیرۆک نووسین بوو، ئەو خەباتکارێکی رێگەی ئازادی و یەکسانی بوو، بە گیان و دڵ هەستی بە مەسەلەکان کردبوو". یەکێکی دیکە لە هاوبەندییەکانی شیرین دەڵێ: "کاتێک هاتن بیبەن لەسێدارەی دەن، ئەو لەوکاتەدا خەریکی خوێندن و خۆئامادەکردن بوو بۆ ئیمتیحانات کە دەیویست چەند رۆژێکی دیکە ئیمتحانی دەرسی بیرکاری پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بدات، ئاخەر ئەو قەولی بەخۆی دابوو بخوێنێ و بچێتە زانکۆ و لە داهاتوودا ببێتە پارێزەری رۆڵە بێمافەکانی ولاتەکەی".

#### مەلائیکە عەلەم هولی باس لە ژیانی شیرین دەکا:

شیرین عەلەم هولی لە سیانزەی جۆزەردانی ١٣٦٠ی هەتاوی لەگوندی دیم قشلاقی ماکۆ لەخێزانێکی فرە منداڵدا چاوەکانی بە ژیان هەڵێنا. منداڵی گەورەی ماڵ بوو. بەهۆی ئەوەوە کە دایکی نەخۆش بووەء منداڵی وردیشیان زۆر بووە، شیرین هەر لەمنداڵییەوە بەرپرسیاریەتی قورسی کەوتۆتە سەر شان و بووە بە هاوکاری دایکی و لە پەروەردە کردن و گەورەکردنی خوشک و براکانی دا شەریک بووە

بەشایەدیی ئەندامانی بنەماڵەکەی شیرین کەسایەتییەکی ئازا، چاونەترس و فیداکار بووە. ئەو ئەرک

بەرپرسیاریەتییەش بۆتە هۆی ئەوە کە بە داخەوە لەخوێندن بێبەش بێت، بەڵام کاتێک گەورە تر دەبێ و هەست بەم کەلێنە لە ژیانیدا دەکا، سەرباری هەموو ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکان، دەچێتە قوتابخانەی گەورەسالان و دوو ساڵ دەخوێنێ .

## لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە چۆن بوو شیرین ڕێگەی خەباتی هەڵبژارد؟

### خاتوو مەلائیکە پووری شیرین، دەڵێ:

ناوچەی دێم قشلاق کە دەکەوێتە سەر رووباری ئاراس هاوسنووره لەگەڵ ئازەربایجان و تورکیا، واتە ناوچەیەکە کە سێ سنوور بەیەک دەگەن و ناوچەکەیان بەشێکە لە سنووری باکوور و رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو کاتە گەریلاکانی پەکەکە لەو ناوچانەدا زۆر لەهاتوو چۆدا بوون و زۆریش تێکەڵ بەخەڵکی ناوچەکە ببوون، خەباتی ئەوان و تێکەڵاوییان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە و بە تایبەتی بوونی کچانی تێکۆشەر لە ریزەکانی ئەواندا، ئەو هۆکارانەن بوون کە شیرین هەستی خەباتکاری تێدا بەهێز ببێ. لەلایەکی دیکەوە بەهۆی کولتووری زاڵی خێڵەکی لەناوچەکەیاندا کە ژن بارێکی قورسی لەسەر شانە و بواری چەوساندنەوەی ژن زۆر لەبار بووە، تەنانەت زۆر جار ژنان بەهۆی ئەو گوشارانەوە پەنایان بردووەتە بەرخۆسوتاندن و خۆ کوشتن، شیرین وەک کچێکی وریای پێگەیشتوو کاتێک پێشتر ئاشنای شۆڕشی کوردستان دەبێتء ناشخوازێت ژیانی وەک زۆربەی ژنەکانی دیکە لەژێر گوشار و چەوساندنەوەدا بەسەر ببات، بڕیار دەدات رێگایەکی جیاواز تر بگرێتە بەر، چونکە شیرین لەو بڕوایەدا بووە ژنیش دەتوانێت شانبەشانی پیاو شۆڕش بکات، بۆیە ساڵی ١٣٨٥ دەچێتە نێو ریزەکانی پارتی ژیانی ئازاد (پەژاک.)

شیرین لە ریزی خەباتیش دا خولیای زۆری بۆ خۆی دروستکردووە و بەشایەدیی هاورێکانی هەمیشە بەدوای کار و خۆپێگەیاندندا بووە. پاش ماوەیەک شیرین بۆ کارێکی پێویست دەچێتە تاران کە بەداخەوە پێش ئەوەی بگەرێتەوە نێو هەڤاڵانی لە جۆزەردانی ١٣٨٧دا لە لایەن ئیتلاعاتییەکانەوە دەستگیر دەکرێ. بۆ ماوەی ٢٥ رۆژ لەبارەگای ناوەندیی ئیتلاعاتی سپای پاسدارن لەتاران لە ژێر ئەشکەنجەی قورسی جەستەییء دەروونیدا بەسەر بردوە، لەو ماوەیەدا سەرباری ئەشکەنجەی قورس و گوشاری لەرادەبەدەر ٢٢ رۆژ مانی لە خواردن گرتووە، ئەشکەنجەکەرەکان چەندین جار هەوڵیاندابوو مانگرتنەکەی پێ بشکێنن و بەزۆر خواردنی پێ بدەن، بەڵام لەوەشدا سەرکەوتوو

نەبوون، چونکە هەر کاتێک بەزۆر سورومیان کردووە بە قوڕگیا تاکو خواردنی پێبدەن سوورومەکەی لەقوڕگی ڕاکێشاوەتە دەرەوە و ڕێگای نەداوە مانگرتنەکەی پێ بشکێنن، پاش ئەو ماوەیە دەدرێتە بەندی ٢٠٩ی زیندانی ئێوین، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوە بەڕێوە دەبرێت، سەرەتا بەهۆی ئەوەی کە جەستەی نیوەگیانە، بەڕێوەبەرانی زیندانی ئێوین ئامادە نابن وەریبگرن، بەڵام ڕۆژێک دواتر لەسەودایەکی شاراوەدا بڕیاری وەرگرتنی لەلایەن بەڕێوەبەرانی زیندانی ئێوینەوە دەدرێت.

پاش شەش مانگیش مانەوە و لێکۆڵینەوەی بەردەوام لەبەندی ٢٠٩ و چەندین جار هەڕەشەی مەرگ و کوشتنی لێدەکەن و چەندین شێوازی ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونیی لەدژ بەکار دەهێنن، ئەوەی کە جێگای سەرنجە بۆ ماوەی شەش مانگ بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی دەزگا زەبەلاحەکەی ئیتلاعات نەیزانیوە ناوی ڕاستەقینەی شەهید شیرین چیە، چونکە شیرین خۆی بە (فریشتە ئەمیری) دەناسێنێت و ئەوەش شەش مانگی پێدەچێت تاکوو بەرپرسانی ئیتلاعات بزانن کە ناوی ڕاستەقینەی خۆی چییە. کاتێکیش دەگوێزرێتەوە بۆ بەشی ژنانی زیندانی ئێوین هەر بەناوی فریشتە ئەمیری دەناسرێت و بۆ ماوەی ساڵێکیش هەر بەو ناوەوە لەناو هاو زیندانیەکانیدا بانگی دەکەن.

لەبەرواری ٢٨ی سەرماوەزی ١٣٨٨دا لە لقی ١٥ی دادگای شۆڕشی تاران، کە لە لایەن دادوەر (سەڵەواتی)یەوە بەڕێوە چووە، بە تۆمەتی بەزاندنی سنوور دوو ساڵ سزای بۆ بڕدرایەوە و بە تۆمەتی موحاربە (دژایەتیکردنی خوا) لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ (پەژاک)دا بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەردەکرێ.

بڕیارەکە لە ١٣ بەفرانباری (١٣٨٨)دا بە پارێزەرەکەی ڕاگەیەندراوە، چونکە ڕەوتی لێکۆڵینەوەی دۆسیەکە لەدادگای سەرەتایدا لەدەرەوەی بنەما یاساییەکان بووە، پارێزەرەکەی شیرین داوای سەرلەنوێ پیاچوونەوە بە بڕیارەکەدا پێشکەشی دادگا کردبوو، بەڵام تاکوو ئێستاش کە شیرین لەسێدارە دراوە هیچ وەڵامێک بەو داوایە نەدراوەتەوەء هیچ بڕیارێکیش تاکوو ئێستا لەدیوانی باڵای دادوەریی ئێرانەوە سەبارەت بەو دۆسیەیە بە پارێزەر بنەماڵەکەی ڕانەگەیەندراوە.

لە ٢٩ی بەفرانباری ١٣٨٨دا پاش دەرکردنی بڕیاری لەسێدارەدانی ئەو کچە تێکۆشەرە، لە دادگای شۆڕشی تاران، کەمپینی تا هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری لەسێدراەدانی شیرین عەلەم هولی لەلایەن کۆمەڵێک چالاکوانی مافی

مرۆڤەوە دامەزرا. ئەو کەمپینە بە کۆکردنەوەی واژۆ هەرچەند نەیتوانی پێشی ئێعدامی شیرین بگرێ بەڵام توانی دەنگی شیرین بگەیەنێتە رای گشتیی جیهان.

پاش ئەوەی کە کەمپەینەکە بەشێوەیەکی بەرفراوان دەنگی ناو بەندیخانەی ئەوینی تارانی دەگواستەوە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەوەیان پێ قبوڵ نەکرا و وێبلاگی کەمپەینەکەیان فیلتەر کرد و لەناوەوەی ئێران وێبلاگەکەی شەهید شیرینیش نەدەکرایەوە، بەڵام سەرباری ئەوەش ئەو کەمپنە لە پێناو ئازادیی شەهید شیریندا دەستبەرداری ئەرک و چالاکییەکانی نەبوو.

لەماوەی زیندانیدا شیرین توانیی دوو نامە بۆ رای گشتی جیهان بنووسێت و لەو دوو نامەیەدا زۆر وردەکاریی ئەشکەنجەء زوڵمی لێکۆڵەرەوەکان و کرداری دژە مرۆییانەی کارەبەدەستانی ئاشکرا کرد.

دەربارەی چۆنیەتی باسکردنی شەهید شیرین لەناو خەڵک و ناسراوەکانیدا، جێگەی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە تاکوو ئەو چرکە ساتە هەموو کەس و دۆست و خزم و ناسراوەکان وەک کچێکی تێکۆشەری رێگای رزگاریی گەلی کورد باسیان کردووە، چونکە بۆ هەموو لایەک روون بوو کە شیرین لە پێناوی چ ئامانجێکدا چووەتە سەر شاخەکانی کوردستان و لە پێناوی ئەو ئامانجەدا ژیانی خۆی کردە دیاریەک بۆ کوردستان.

لەبەرەبەیانی نۆزدەی گوڵانی ١٣٨٩ لەزیندانی ئێوینی تاران لەگەڵ چوار تێکۆشەری دیکە (فەرزاد کەمانگەر، عەلی حەیدەریان، فەرهاد وەکیلی، مەهدی ئیسلامیان) کە سێیانیان کورد و یەکێکی دیکەیان فارس بوو لەسێدارە دران. ئەو رۆڵە تێکۆشەرانەی کوردستان بەدەم خوێندنەوەی سروودی ئەی رەقیب گیانیان پێشکەشی رێگای ئازادی کوردستان کرد.

١ی جووڵای ٢٠١٠

# منداڵەکان بەیانیتان باش!

## بەیانیی ئەم یەکشەممەیەتان باش!

ببوورن، یەکێک لە مامۆستای چیرۆکە شیرینەکان، ئەم بەیانییە ناتوانێ بێتەوە پۆل.. ئەو بۆ هەمیشە رۆیشت بۆ سەفەرێکی دوور... دەزانم دڵتان بۆی تەنگ دەبێ! نا نیگەران مەبن، ئەو بۆ سەفەرێک رۆیشت تا هەمیشە ناوی لە دڵتاندا بمێنێتەوە....

نا نا نیگەران مەبن. ئەو لە نەقتاشییەکانتان، لە نێو تنۆکی باران، لە شێعری شاعیران، لە گۆرانییە خۆشەکان، لە رووحی عەشق، لە پاکی و جوانیی ئەم نیشتمانەدایە. ئەو رۆیی، بوو بە میوانی ئاسمان و باران و مانگ و ئەستێرەو هەتاو...

لەبیرتان نەچێ فێری کردن هەمیشە بە رووی ژیاندا پێبکەنن، تاکوو ژیان بەرووتانا پێبکەنێ.

ئەو راهێنانێکیشی لە دەفتەرەکانتاندا نووسیوەتەوە، راهێنانێک کە تا ئەو رۆژەی خۆێن لە دەمارەکانتاندا بێ لە یادی ناکەن و ئەینووسنەوە... نیگەران مەبن ئەو بە سەری بەرزەوە رۆیی... سەری بەرز.

دەزانن چی لەگەڵ خۆیدا برد؟ مەشق و تەکلیفەکانتان و... ئا ئا بیرم هاتەوە ئەو دیارییەی لە رۆژی مامۆستادا پێشکەشتان کرد (بزەی سەر لێو) ی ئێوەی لەگەڵ خۆیدا برد، ئاخر ئەو ئێوەی زۆر خۆش دەویست. بۆیەش بوو بە مامۆستا بۆ ئەوەی لە دنیاکەی ئێوە جیا نەبێتەوە. شتێکی دیکەش! ئەو ملوانکە میخەکەکەی دایەشی لەگەڵ خۆی برد بۆ ئەوەی بە یادی هەموو دایکە ئازار چێشتووەکانی نیشتمانەکەی، هەموو بەیانییەک بۆنی پێوەکات. ئەو هەموو دایکێکی خۆش دەویست، چونکە هەموو منداڵێک یەکەم وانەی خۆشەویستی لە دایکییەوە گوێ لێ دەبێ.

ئێوەشی بە هەتاو و ئاسمان و باران سپاردوە. دەی ئێوەش بڵێن ماڵاوا مامۆستا گیان، سەفەرت خۆش! سەفەر خۆش ....

منداڵە ئازیزەکان! دەزانم ئێستا دەزانن کام مامۆستاتان دەڵێم، بەڵێ مامۆستا فەرزاد کەمانگەر ئەوەی کە ١٣ساڵ بوو مامۆستاتان بوو. مامۆستا فەرزاد ٤ ساڵ بوو لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ژێر ئازار و شکەنجەدا دەژیا. لەوێشەوە هەر نامەی بۆ ئێوە دەنارد و لە خەمی ئێوە دابوو. بەداخەوە رۆژی یەکشەممە ١٩ی گوڵانی ١٣٨٩ بەرامبەر بە ٩ - ٥ - ٢٠١٠ رژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ ٤ هاورێی دیکەی لە سێدارەی دا. دەزانن لەسەرچی لە سێدارە درا؟ چونکە ئەو کوردستانی خۆش دەویست. چونکە دەیویست بە زمانی کوردی دەرس بە منداڵەکانی کوردستان بڵێتەوە، چونکە شێعر و گۆرانیی کوردیی فێری منداڵانی ئەم نیشتمانە دەکرد. چونکە دەیگوت کچ و کوڕ جیاوازییان نیە، ریزەکانمان نابێ لێک جیابکەینەوە، با هەموومان پێکەوە گۆرانی بڵێین، پێکەوە هەڵپەڕین. ئەو زۆر شتی جوانی دەکوت کە هەمووتان بەدڵتان بوو، تەنیا ئەوانەی دڵیان رەش بوو و حەزیان لە تاریکی و ترس و خۆف بوو، حەزیان لە قسەکانی مامۆستا فەرزاد نەبوو. با لەوە زیاتر سەرتان نەیەشێنم، کە گەورتر بوون باشتر ئەم مامۆستایەتان دەناسن و باشتر ئەو رێژیمەی ئەوی لەسێدارەداوە دەناسن. ئەو ئێوەی پڕ دەکرد لە هۆمێد و خەونی جوان....

١٠ی مای ٢٠١٠

---

## بێدەنگی ئارامی لێ هەڵگرتووم....!

بە راکشانەوە چاوم لە تلەویزیۆن دەکرد. کۆنترۆڵەکەم بە دەستەوە بوو هەر جارێ دەمبردە سەر کاناڵێک، ٨ی مارسە... دەمویست بزانم کاناڵەکانمان بەم بۆنەیەوە چییان هەیە! لەپڕ کەوتم بەسەر کاناڵێک دا ژنێک بە دوو دەسرە سەمای دەکرد. وەم زانی بە بۆنەی ٨ی ماسەوەیە، لە بەرخۆمەوە وتم سەما بۆچی! وەزعی ژنان لەم وڵاتەی ئێمە زۆر باشە سەمای بۆ دەکەن؟ بیر کردنەوەکەم هەڵە بوو، ئەم ژنە لە خۆشی سەرکەوتن و بەرێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازادانە دا سەمای دەکرد!

.....

دەتوت ئەم شادییە هەر هی ئەوانە، ئاخر وەبیر قسەی دوێنێی یەکێک لە چاوەدێرەکانی سەر سندووقەکە کەوتمەوە، بە زمانێکی زبر و رەق وتی من هەر ئەمزانی ئاوەکانی ئێوە موشکیلە دروست دەکەن! وتم بەرێز گیان

هەر خۆمان موشکیلە نەبین....! ٨ی مارسم لەبیر چۆوە. کەوتمە خەیاڵ بیر کردنەوە لە دوێنێی هەڵبژاردنی ئەو وڵاتەی ئێمە بووینە میوانێکی نەخوازراو و بیر لەچارەنووسی خۆمان و دابڕاوبوونمان لە جێگەو مەکانی ئەسڵیی خۆمان.... خەو چاوەکانمیان قورس کرد. چوومە دنیایەکی ئارامتر کەچی....

.... لە ناو ئاپۆرای خەڵکێکدا لە دوورەوە کەسێک سەرنجی راکێشام دەتگوت دەمناسێ و لە چاوەڕوانیی من دایە. راوەستام سەیری شادی و خۆشی خەڵکێکم دەکرد کە لەهەموو جۆر رەنگێکیان لەبەردا بوو. بەخۆم نەبوو فرمێسکەکانم هاتنە خوار... نا، نارەحەت نەبووم لەوەی ئەوان شادی دەگێڕن، تەنیا هەستم بە غەریبی دەکرد لەناویانا. لە ناکاو کەسێک دەستی لەسەر شانم دانا و وتی بۆ وا مات و بێدەنگی ....؟!

وتم بێدەنگ! نازانی چ دەریایەکی خرۆشان لە ناخمایە، خەریکە لە ناو شەپۆلەکانی دا غەرق دەبم. نازانم کەی ئارام دەبێتەوە. پێکەنی و وتی چیە خەریکە ئەبیتە شاعیر!
فرمێسکەکانم سڕی و بزەیەکی غەماویم دەربڕی.... شاعیر؟!
وتی لەوە ئەچێ دڵتەنگ بیت!
وتم چۆنت زانی؟
وتی چۆن نازانم بە لیوە وشک و چاوەتەڕەکانت دا دیارە. دیسانیش تۆ پارچەیەکی لە رۆحم! بەقەت خۆم خۆشمدەوێی چون نازانم کە دڵتەنگی؟
پارچەیەکی لە رۆحم؟! بەم قسەیەی قاقا پێکەنیم. چ قاقایەک! هەموو خەڵکەکە بە دەنگی ئەم قاقایەی من ئاوڕیان دایەوە، نازانم لە شەرمان بوو یان بە قاقای پێکەنینەکەی خۆم وەخەبەر هاتم.

* * * *

لە بەر ئاوێنەکە راوەستام. بیرم لەوخەونە دەکردەوە، چەند ساتێک لە دنیای سیاسەت و گێژەلووکەی ژیانی ئێستام دوور کەوتمەوە و، دەست لەملانی بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی و لاویم بوومەوە، ئەو کاتەی پڕ بە گەروو پێئەکەنیم، بەڵام دایکم هەمیشە دەنگی ئەدام ئەیوت کچێ عەیبە حەیامان ئەچێ! ئەمگوت کچێ دایە! تۆ پێم بڵێ حەیا چیە وا بە قاقای پێکەنین ئەچێ؟! من حەز ئەکەم پێبکەنم، بە دەنگی بەرزیش بۆ ئەوەی هەموو کەس گوێی لە پێکەنینم بێ، تۆ ئەزانی پێکەنین چەند خۆشە؟!. ئەیوت رۆڵە نەکەی تۆ کچی دەخیلت بم کچی بێدەنگ سەنگیە!

ئەونـەیان وا پـێ وتـووم کچـی بێـدەنگ سـەنگیەنە، ئێسـتاش بـە زۆری پێکـەنینم نایەتـەدەر. پـێم سـەیر بـوو لەوخەونەیشا گوێم لە قاقای پێکەنینی خۆم بوو! یان ئازاری دوای پێکەنینەکە وەئاگای هێنام...

لە سەرەتای بەهاری تەمەندا بووم کە ئەچووینە "بەردەزەرد" و "قەڵای کچان" (دوو کێـوە لای مەزراکـەی خۆمـان) ـ ئێمە هەمیشە پێمان ئەوت "کێوی خۆمان" ـ کردبوومانە حەشارگەی قاو وقیژ و پێکەنین و هەڵبەزدابـەزی کچانـەی خۆمان. لەوێ کە پڕ بە گەروو هاوارمان ئەکرد، دەنگەکانمان لـە نێـو ئەشکەوتا دەنگی ئەدایەوە بەمەش قاقـا پێئەکەنین. دایکم لە خوارێ لە ناو باغە سێوو هەلووژەکانی خۆمان لە داوێنی بەردەزەدەوە گـوێی لـە پێکـەنینمان ئـەبوو، کـە ئەهاتینـەوە خـوارەوە، ئـەیوت کچـێ ئێـوە عەیبـە نـازانن! بـۆ واتـان ئـەکرد؟ ئـەو هـات و هـاوار و پێکەنینەتان لەچی بوو؟ ئێوە تازە گەورە بوون!

ـ ئاخ دایە! لە ئەشکەوت و چۆڵەوانیشا نایەڵن بەدڵی خۆمان قاقا لێدەین؟!
ـ چۆڵەوانی چی کچێ! کێو و مەزرا پڕە لە پیاو!
ـ پیاو پیاو، خۆ پیاو نامانخوا؟! پیاو چاوی...
دایکم ئەیوت بەخوا بێ حەیای!

***

"حەیا" و "عەیبە" ژیانی من و میلیۆنان کچی ئەم وڵاتەی بێ چێژ کردوە. لەم وڵاتەی ئێمە لەبەر "عەیبە" هەرگیز تامی راستەقینەی ژیانمان نەچێشت. کە لە دەست ئەوانەش رائەکەین، کەچی وەک بـاڵندەیەکی زینـدانیی درێژ ماوە چۆن هەڵفرین لەبیر دەکا، هەر نـاتوانین لەشـەقەی بـاڵدەین و هـەرچی کـۆت و بەنـدی دیلییـە فڕیـی دەیـن. کـەی دەتوانین نبگەین بە مەملەکەتی ئازادیی رۆح؟

ئاخۆ کەی دێت لەگەڵ ئازادیدا شەوی ئـارام بکەمە حەشـارگەی رۆحمو بـە قاقـای پێکـەنین بەیـانییـەکی روونـاکی ببینم. ئەو کات ئیتر شـەرم لەکـەس ناکـەم و پـڕ بـە دڵـی خـۆم قاقـا پێئەکـەنم و رەنگـە دوو دەسـرەش هـەڵگرم سەمای پێ بکەم.

٨ی ئەپریلی ٢٠١٠

## من ئەو نیشتمانەم خۆش...

**سەربەزر نیم بە نیشتمانێک بە لە دایک بوونی من دایکم ماتەم دای بگرێ.**
**ئەو خاکەم هەرگیز خۆش ناوێ کچانی عاشقی تێدا زیندەبەچاڵ بکرێن (١).**

**بۆ وا دەکەن؟**

**بۆچی رابردوویەکی شەرماوی بۆ ئەم نیشتمانە دروست دەکەن؟ بەسە تا کەی گوڵ و جوانی و هەتاوی ئەم نیشتمانە دەمرێنن؟ئەم وڵاتەتان بۆ کردۆتە دۆزەخ، بۆ ؟!**

**بەرد و دارەکانی ئەو نیشتمانەشم خۆش ناوێ.... مەرگی دۆعاکانم بیر دەخەنەوە.**
**کوا جوانە ئەو نیشتمانە! لە جیاتی جوانییەکانی سەرنجم رابکێشێ، جەستەی کچە خنکێنراوەکان لە ئاوەکانیا دەبینم.**

**... لە جیاتی گوڵاڵە سوورەی بەرقەد کێوەکانی، تەرمی بە گوللە ئاژن ئاژنی کەژاڵ و شەوبۆ چارەرەش و تریفە سەربڕاوەکان دێنەبەرچاوم!**

**من بێزارم لە نیشتمانێ جەستەی کچە ئاشقەکانی تێدا بشێوێندرێ، قاقای پێکەنینیان تێی دا قەدەغە بێ ...**
**وای لەو نیشتمانێ بە دەنگی ناڵەی دایک و چزە چزی گۆشتی برژاوی لەشی ناسکی کچەکانیان شەرم دای نەگرێ.**
**وای لە نیشتمانێ مێینەکانی گومان لە زیندوو بوونی خۆیان بکەن و کیژەکان شەرم لە هەڵتۆقینی مەمکۆڵەکانیان بکەن.**

**.... نێرینەکان کۆت و پێوەند لە دەست مێنەکان بکەن و تۆقی زەلیلیان بکەنە مل، بە بسک و کەزییەی خۆیان بیانخنکێنن. ئەو نیشتمانەم بۆ خۆشبوێ بۆ...؟**

بەرزی باڵای چیاکانی ببنە قەتڵگای مێیینەکان و.... ئەو مێینانەی بە شەرمەزاری دەمرن و کەس لە هۆکاری هەڵخەڵەتانیان ناکۆڵێتەوە.

شەرمەزار نیە ئەو نیشتمانەی تێی دا لووتی کەژاڵەکان دەبڕن و جەستەی ژنە دووگیانەکان بەرشەق دەدەن و.... بە هەڵوەریویش پەڕی گوڵاڵەکان پێشێل دەکرێن؟ وای لەو نیشتمانە!!

ئەوە نیە قوبادی جەلی زادەش دەڵێ: "لە رۆژی خۆشەویستیدا خەڵک هەن خەنجەرەکانیان تیژ دەکەنەوە بۆ کوشتنی ژن و جوانی... دەک دەستتان بە برین چێت شەمشەمە کوێرەکان، پیاوانی سەدەی تاریکی."

ئەوان هێزی پیاوەتیان لە پەردەی کچێنی کچەکاندا دەبیننەوە و چێژ لە رووتبوونەوەی جەستەی ژن دا دەبینن. چ زیرەکانەش سیمای ئەخلاقیان بەخۆیان گرتوە ؟! کەچی لە کووچەو کۆڵان و شەقامەکان، دەمانکەنە نێچیری چاوە هەوەسبازەکانتان و بێزارمان دەکەن!

ئەی ئەو زمانەی لە جیاتی چێژی لێوەرگرین، وەک چزووی ماری ژهراوی لە وشەکانی دەترسین.

... سەری رێز بۆ ئەوانە دانانوێنم بە خۆیان ئەڵێن رزگاریدەری نیشتمان! کەچی هەر تۆز و تەمی پاساوی شەرەف و ئابڕوو بۆ ئازارەکانمان دێننەوە و نیشتمان دەکەنە قوربانی بەرژەوەندیی خۆیان.

**ئای خوا لەم نیشتمانە پڕ لە ئازارە!**

بۆ وا دەکەن! بۆ شادی و بڕوا و سەربەرزی ئەو نیشتمانە لە ناو دەبەن؟ خۆشەویستی لەت و پەت دەکەن، شادی، ژیان و ئاشتی لە پەنا و پەسیوەکانا دەنێژن! جوانییەکان دەشارنەوە و عەشق لە تاریکاییا بێدەنگ دەکەن، بۆ وا دەکەن؟

بۆچی رابردوویەکی شەرماوی بۆ ئەم نیشتمانە دروست دەکەن؟ بەسە تا کەی گوڵ و جوانی و هەتاوی ئەم نیشتمانە دەمرێنن؟ئەم وڵاتەتان بۆ کردۆتە دۆزەخ، بۆ ؟!

(١) لە مانگی ڕێبەندانی ١٣٨٨دا هەواڵێکی دڵتەزین لە هێندێک لە سایتە کوردییەکاندا بڵاوبۆوە: "لە باکووری کوردستان باوکێک کچە ١٦ ساڵەکەی بە هۆی ئەوەی لەگەڵ کوڕێک پێوەندی خۆشەویستی بەستبوو، لە حەوشەکەی ماڵی خۆیدا چاڵی هەڵکەند و بە زیندوویی خستیە ناو چاڵەکەوە پاش ماوەیەک مەرگی کچەکە ئاشکرا بوو ـ ئەم هەواڵە و یەکێکی دیکە کە ئەویش کەمتر تاڵ نەبوو لەویتریان بوون بە هۆی ئەوەی ئەم چەند دێڕە پڕ لە ژانە بنووسم.

٨ی ئەپریلی ٢٠١٠

## وتووێژی گیارەنگ بە بۆنەی ٨ی مارس

**ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**

***پرسیار: هەر وەک ئاگادارن ژنان بۆ دادپەروەری و یەکسانی ژن و پیاو لە مێژە خەبات و تێکۆشان دەکەن و تا ڕادەیەک دەسکەوتیان هەبووە ئەو خەبات و تێکۆشانە و بارودۆخی ئێستای ژنان چوون هەڵدەسنگینی؟ پێت وایە ژنان تا چەند بە مافەڕەواکانی خۆیان گەیشتوون؟***

**وەڵام:** بێگومان بارودۆخی ژنان بە هۆی هەوڵ و خەباتی خۆیانەوە ساڵ بەرەو باشی چووە. ئەگەر چاو لەیەک سەدەی ڕابردوو بکەین ژنان لە زۆر وڵاتدا زۆر دەسکەوتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و.. وەدەست هێناوە، بەڵام تا ئێستاش لە زۆر وڵاتاندا ژنان لە سەرەتاییی ترین مافە ئینسانییەکانیان بێبەشن و ڕێگەیەکی دووردرێژیان لەپێش دایە تا بە لانی کەمی مافەکانیان بگەن. بە تایبەتی لە وڵاتانی ئیسلامیدا ئێستاش نادادپەروەرانە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێ و بێبەشن و ژیانێکی ئازادانە و ژیانێکی یەکجار پڕ ئازاریان هەیە. بە ناوی پاراستنی نامووس دەکوژرێن، بەردباران دەکرێن، بە ناوی سوننەت و شەرع کەرەسەیەکن بە دەست پیاوانی بنەماڵەوە و توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێ، لە هەموو بوارەکانی ژیان دا ژن پلە و پایەیەکی خوارتری هەیە لە بنەماڵە و لە کۆمەڵ دا لە چاو پیاو واتە وەک مرۆڤێکی پلە دوو سەیری دەکرێ. ئەمەش سووکایەتییە بە

کەسایەتییان دەکرێ. بۆیە دیسانیش دەڵێم ژنان زۆریان ماوە بگەن بە دنیایەکی دادپەروەر کە لەوێدا هەموو مرۆڤەکان مافیان پارێزراو بێ.

***پرسیار: ٨ی مارس بە رۆژی نێونەتەوەیی ژنان دیاری کراوە و هەرساڵە رێورەسمی جیهانی بۆ دەگێرێ دیاری کردنی رۆژێکی وا بۆ ژنان بە جێ و شیاو دەزانی؟***

***وەڵام:*** لە مێژووی خەبات و خۆڕاگری ئینسانەکاندا زۆر رۆژی لەبیر نەکراو هەن کە دەبنە نموونە و نمادی خۆڕاگری و لە مێژوودا دەچەسپێن. من پێم وایە هەتا ناعەداڵەتی و ستەم لە دژی ژنان هەبێ، هەتا خەباتیش لە پێناوی یەکسانیی مرۆڤەکاندا هەبێ، رۆژێک بە ناوی رۆژی ژن مانا و گرنگیی خۆی هەیە. ئەو رۆژە جگە لەوەی بۆ بیرەوەری و رێزگرتنە لە خەباتکارانێک کە لە پێناوی وەدیهاتنی یەکسانی و دادپەروەری و ژیانێکی باشدا خەباتیان کردوە، بۆ ئەوەشە لەم رۆژەدا ژنان جارێکی دیکە هاواری ئازادیخوازی و دادپەروەری بەرزبکەنەوە و ئەوانەی بەرژەوەندییان لە ناعەداڵەتییەکانەدا دەبینن بۆ ساتێکیش بێ وەخۆ بێننەوە کە هەتا گەیشتن بە مافەکانیان دەست لە خەبات هەڵ ناگرن.

**پرسیار: کۆماری ئیسلامی ئێران ٣١ ساڵە بە توندترین شێوە مافی مرۆڤ بە تایبەت مافی ژنان پێشێل دەکا، بەڵام ژنان هەروا لەخۆبردوانە بە تایبەت رۆلی بەرچاویان لە جووڵانەوەی ٨ مانگی رابردووی راپەرینی سەوز دا هەبووە ئەو شێوە خەبات و چالاکیانەی کچان و ژنان چوون لێک دەدەنەوە؟**

***وەڵام:*** بەڵێ راستە، دوای هەڵبژاردنی دەوری دەیەمی سەرک کۆماری و ناڕەزایەتیی جەماوەری لە دژی ئاکامی هەڵبژاردنەکە، نەخشی چالاکانەی ژنان لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکاندا لە هیچ کەس و لایەنێک شاراوە نیە. من پێم وایە ئەوەی ژنان لەو ماوەیەدا هەم پێش هەڵبژادن و هەم دوای هەڵبژاردن کردوویانە دەتوانم بە شۆڕشێکی ژنانەی ناوبەرم. حزووری بەرچاوی ژنان لەو بزووتنەوەیەدا نیشانەی ئەوەیە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئەو ئامانجەی ٣١ ساڵە بە زەبەر و زەنگ دەیەوێ بیچەسپێنێ پێی نەگەیشتوە. کۆماری ئیسلامی ٣١ ساڵە لە هەوڵی جیاکردنەوەی ژن و پیاودایە، بەڵام ئەمڕۆ دەبینین بەبێ سەرنجدان بەو دیوارانەی ئەو نیزامە بۆی دیاری کردوون، ژنان و پیاوان دەست لە نێو دەستی یەک، بۆ نەمانی دیکتاتۆرییەت و وەدیهاتنی ئازادی و دیموکراسی لە شەقامەکان دروشمی ئازادی و مردن بۆ دیکتاتۆرییەت دەڵێنەوە. ئەوە شکاندنی ئەوە دیواری تەبعیزەیە کە نیزامی

کۆماری ئیسلامی ویستوویەتی بیکاتە کلتوورێکی جێگرتووە لە کۆمەڵگەدا. ئەگەر ئەمڕۆ زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران شانازی بە بوونی ژنان لە ریزی خۆپیشاندانەکاندا دەکەن، بەرهەمی خەباتی دەیان ساڵەی ژنانە لە دژی نایەکسانی لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا. دڵنیاشم ژنان لە ئێران بۆ گەیشتن بە مافە سیاسی و ئینسانییەکانیان بەردەوام بیر لە شێوەی خەباتی جۆراوجۆر و نوێتر و کاریگەرتر لە رابردوو دەکەنەوە.

***پرسیار: پێش کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان رێژەی بەشداری ژنان لە رێبەرایەتی حیزب و هێزە سیاسیەکان دا زۆر کەم یان هەر بەچاو نەبوون، بەڵام لەم کۆنگرەیەی دوایی واتە کۆنگرەی ١٤ دا ژنان زیاتر بۆ رێبەرایەتی حیزب هەڵبژێردران. ئایا ئەو هەنگاوە بۆ تەبلیغات و خۆ نواندنی حیزبی بوو یان بەراستی ژنان خۆیان دۆزیوەتەوە و پێیان وایە دەبێ شان بە شانی پیاوان لە رێبەرایەتی کردنی حیزبە سیاسیەکان دا خۆیان ببیننەوە و رۆڵ و نەخشی دیاریان هەبێ؟***

*وەڵام:* نەک پێش کۆنگرەی ١٤ بەڵکوو ئێستاش رێژەی ژنان لە رێبەرایەتی حیزبێکی دێموکراتی تەمەن ٦٤ ساڵە هەر کەمە و بە کەمی دەزانم. ژنان لە کۆنگرەی ١٤ چۆن هەڵبژێردران؟ بە پێی بڕیارێک بە ناوی تەبعیزی موسبەت، رێگەیان پێدرا واریدی نێو رێبەریی حیزب ببن. من دڵنیام حیزب ئەو بڕیارەی نەدایە ژنان بەو رێژەیە نەیاندەتوانی بچنە نێو رێبەرییەوە. ئەوەش بەو مانەیە نییە کە ژنی بەتوانا و شایستە بۆ ئەو پۆستە لە حیزبدا غایب بوون. بەڵکوو زاڵبوونی فکری پیاوسالاری ئەو رێگەی لە ژنانی بە توانا بەستبوو. رەنگە زۆر کەس بڵێن پێش ئەوە ژن هەبوون لە رێبەریدا کەواتە ژنی بەتوانا دەیتوانی! من بۆ ئەم بۆچوونەم زۆر بە دڵنیاییەوە دەڵێم هەر ژنێک پێشتر لە رێبەری ئەو حیزبەدا بووبێ بە بێ ئەوەی من گومان لە توانایی ئەوانە بکەم، دەڵێم لە لایەن پیاوانی حیزبەوە وەک ئولگوو چاویان لێ کراوە و بەس. بەڵگەشم بۆ ئەوە ئەوەیە کە لە حیزبی دیموکراتدا کەم نەبوون ئەو ژنانەی کە ئەگەر بەراورد بکرایەن لەگەڵ زۆر لەو پیاوانەی بە چەندین دەورە لە رێبەریی حیزب دابوون، لە باری ئاگاییی و توانای بەرێوەبردنی کاری ئورگانەکانی حیزب ئەگەر باشتر نەبووبن، خراپتر نەبوون. بەڵام بۆ نەیاندەتوانی بگەن بەو پۆستە؟ نامەوێ لێرەدا هەموو هۆکارەکان شی بکەمەوە کە بۆ ژنان لە ریزی حیزب دا کەم بوون، یان ئەگەر بوون چۆن پەروەردە دەکران، چ جۆرەکارێکیان پێدەسپێردرا، یان بۆ درێژەیان بە کارو تێکۆشان نەدەدا یان بۆ دەنگیان پێنەدەدراو ... ئەمانە باسێکی زۆر هەڵ دەگرن. بەڵام دەمەوێ بڵێم هەم حیزبی دیموکرات و هەم ژنان لەمەو دوا دەبێ کارێک بکەن کە بۆ چوونی ژنان بۆ نێو رێبەری و پۆستە کلیدییەکانی حیزب، پێویستمان بە تەبعیزی موسبەت نەبێ. تەبعیزی موسبەت ئەگەر لەلایەک قازانج بە ژنان

بگەیەنێ، لە لایەکیش زیانیان پێدەگەیەنێ. چونکە ئەو توانایییەی هەشیان بێ لەژێر ناوی تەبعیزی موسبەت دەشاردرێتەوە. هەر وەک ئێستا. ئێمە دەبێ کلتووری حیزبەکەمان کە هەر خۆی لە توانایی پیاوان لە بڕیارەکاندا دەبینێیەوە، بگۆڕین. نابێ لە ئاست گیرو گرفتەکاندا بە ئاسانی مەیدان چۆڵ بکەین، هیچکات لە خۆپێگەیاندنی خۆمان غافڵ نەبین، مەجال نەدەین بە بە بیروبۆچوونی کۆنەپەرستانە و پیاوسالارانە کە ژن بە مرڤی پلە دوو سەیر دەکا، لە خەباتی یەکسانیخوازی هەر گیز غافڵ نەبین. دەبێ بەردەوام سەرنجی کۆمەڵگە و بەرپرسان و ئەندامانی حیزب بۆ لای پرسی گرنگی ژنان رابکێشین و بڵێین هیچ نەتەوەیەک رزگار نابێ مادام ژنان تێیدا چەوساوە و لەپەراوێز خراو بن. هیچ کەس و لایەنێک دیموکرات نیە مادام باوەڕی بە ماف و ئازادی و تواناییەکانی ژن نەبێ.

بە خۆشییەوە ژنانیکی بەتوانا و لێهاتوو لە حیزب دا هەن کە لە رێبەریی ئەو حیزبەدا نەخشیان هەبێ. من دەڵێم ئەو تەبعیزە موسبەتەی حیزب هیناویەتی بۆ ئەوە نەبووە کە ژنانێ ئەگەر توانایی و ئاگاییشان نەبێ خۆیان لەوێدا ببیننەوە. من راست ئەوە بە پێچەوانەکەی دەبینم، بۆ ئەوە بووە ژنانێکی بەتوانا ڕێگەیان بۆ بکرێتەوە لە بریارات دا شان بە شانی پیاوان نەخش و رۆڵیان لە رێبەریی حیزب دا هەبێ. ئەگەر حیزبیش بۆ تەبلیغات و خۆنواندنی بێ، ئێمەی ژنان نابێ ئەو مەجالە بخوڵقێنین کە کەڵکی تەبلیغاتیمان لێ وەرگرن. بەڵکوو دەبێ مەجالێک دروست بکەین حیزب کەڵک لە تواناییەکانمان، لە فکر و بۆچوونەکانمان وەرگرێ. نەک لە سیما و روخسار.

***پرسیار: کەم وکۆریەکانی سەر رێگای خەباتی ئەو بەشە گرنگەی کۆمەڵگا چێن؟ چ رێگایەک بۆ ئەم مەبەستە پێشنیار دەکەن؟***

*وەڵام:* نازانم مەبەستت ناو حیزب یان بەگشتی نیو کۆمەڵگەیە: بەلام ئەگەر مەبەستت ناو حیزبە دەبێ بڵێم بەداخەوە نە بۆ سڕینەوە و پاشماوەی ئەو کولتوورەی کچان و ژنان لە نێو کۆمەڵگەی کوردستاندا لە گەڵی بەرەوروون، نە بۆ پێگەیاندنی کچان لە نێو رێزەکانی حیزبدا هەوڵیکی جیدی دراوە. من بە باوەڕ و تێگەیشتنەوە ئەو قسەیە دەکەم و لەسەر ئەوەش رووبەرووی رەخنە بوومەتەوە. کچێک دێتە ریزی خەباتگێرانی دیموکراتەوە یا هەر لایەنێکی تر دەبێ بڵێم جیاوازی لە گەڵ هاورێ کورەکەی ئەوەیە کە ئەو پێراگەیشتنێکی زیاتری دەوێ لە هاورێ کورەکەی. مەبەستم لە باری پەروەردەوەیە، بۆ ئەوەی بگاتەوە ئاستی ئەو. ئالێرەدا ئێمە تەبعیزی

موسبەتمان دەوێ. تەبعیزی موسبەت بۆ پەروەردەکردنمان. هەموومان دەزانین زۆربەی کچانی کورد لە نێو بنەماڵە دا چەوساوەترن لە کورانی بنەماڵە، کچێک کە لە ژێر باری زوڵم و ستەمی جینسیدا گەورە بووبێ بێگومان هەستی بڕوابەخۆبونیشی کەمترە، چۆن دەکرێ ئەو هەستی بڕوا بەخۆبوونەی تێدا دروست دەکەی. بە فێرکردن و پەروەردەیە دەتوانی هەستی خۆبەکەمزانینی تێدا بسڕییەوە. بەداخەوە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ کچانێ کە روو لە حیزبی دیموکرات دەکەن لەگەڵ کلتوورێک رووبەروو دەبن کە جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە لەگەڵ کۆمەڵگە. ئەگەر نموونە بێنمەوە قسەکانم تاڵاییەکیان تێدا دەبێ. تەنیا دەڵێم ئێمە بە شۆرشێکی کولتووری دەتوانین ئەو هەلومەرجەی ژنان لە نێو حیزب دا بگۆڕین. کە ئەوەش تەنیا بە ژنان ناکرێ، بەڵام لەسەر ئەو بڕوایەشم نەخشی سەرەکی لەو بارەیەوە بە خودیی ژنانە، ژنانێک بە هەوڵ و ماندوو بوونی زیاتر دەرفەتەکان لە دەست نەدەن و چی دیکە نەیەڵن لەنێو تەمومژلی پیاوسالاریدا ون بن.

**ماڵپەری : گیارەنگ**

**٣ی مارسی ٢٠١٠**

---

## بەرپرسیارانی سەرەکیی تاوان لەزیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دا

بەڕێوەبەرانی سەرەکیی جینایەتەکانی نێو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی، رێبەرانی ئەو نیزامەن. ئەو جینایەتانەی لە لایەن شکەنجەگەرەکانی نێو زیندانەکانەوە دەکرێن نابێ ببنە هۆی ئەوە نەخشی سەرەکیی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی بکەوێتە ژێر پەردەی بێدەنگییەوە.دوای بڵاوبوونەوەی نامەکەی مەهدی کەڕووبی سەبارەت بە دەستدرێژیی جینسی بۆ سەر گیراوەکانی نارەزایەتییەکانی دوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بۆ ئەکبەری هاشمیی رەفسەنجانی، ئاشکراکردنی ئەو جینایەتە شەرماوییە تیشکی زیاتری خستە سەر تاوانەکانی ئەم رێژیمە لە بەندیخانەکانداو بوو بە هۆی ئەوە شکەنجە و دەستدرێژیی جینسی لە نێو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا، لە لایەن راگەیەنەکان و ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ بایەخی پێ بدرێ. بەڵام پێش ئەم لەقاودانانەی ئەمساڵی مەهدی کەڕوبی، نەک هەر لە لایەن کاربەدەستان و بەڕێوەبەرانی ئەم نیزامە، بەڵکوو لەلایەن زۆر لە رۆژنامەنووسان وچالاکانی

سیاسیی ئێرانیشەوە ئەم مەسەلەیە پشت گوێ خرابوو و باسکردنیشی ببووە تابۆیەک.

کەڕووبی لە نامەکەی دا بۆ هاشمی دەنووسێ: "هێندێک لەو کەسانەی دوای ناڕەزایەتیی دەربڕینەکان لە ئاکامی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری دەستگیر کراون، ئاشکرایان کردوە کە لە نێو زیندانەکاندا هێندێک کەس دەستدرێژیی جینسییان کردۆتە سەر ئەو کچانەی گیراون. کردەوی دەستدرێژی بە شێوەیەک بووە کە بۆتە هۆی ئەوەی هێندێکیان تووشی برین و ئازارێکی زۆر بوون. هەروەها بەشێوەیەکی وەحشیانە دەستدرێژییش کراوەتە سەر ئەو کوڕە لاوانەی کە لە بازداشت دابوون. بە جۆرێک کە ئەوان تووشی خەمۆکی (افسردگی) و گیروگرفتی جیددیی رووحی و جیسمی بوون و ئێستا بەم ئازارەوە خزاونەتە قوژبنی ماڵەکانیان." کەڕووبی لە بەشێکی دیکەی نامەکەیدا دەنووسێ "ئەگەر ئەو رەفتارە دڕندانەیەی لەگەڵیان کراوە و لەزمان هێندێک کەسەوە کە دواتر ئازاد کراون، نەمبیستایە، باوەڕکردنیان بۆ من زۆر سەخت بوو." هەروەها دەڵێ:" کەسانێک ئەم مەسەلەیان لەگەڵ من دا باس کردوە کە رۆژانێک لە پۆستی حەساس دا لەم وڵاتە کاریان کردوە. ئەو کەسانە گوتوویانە کردەوەی ئەوتۆ لە زیندانەکاندا روویان داوە کە ئەگەر تەنانەت یەک نموونەشیان راست بێ، کارەساتێکە بۆ کۆماری ئیسلامی کە رووی زۆر لە حکوومەتە دیکتاتۆرەکان و بۆ نموونە رێژیمی شای سپی کردۆتەوە."

ئایا ئەم مەسەلەیەی کە کەڕووبی ئەمڕۆ وەک کارەساتێک بۆ کۆماری ئیسلامی ناوی دەبا، تەنیا پێوەندی هەیە بەم دەورانەی ژیانی کۆماری ئیسلامییەوە؟ بێگومان وڵامی ئەو پرسیارە بۆ هەموو کەس روون و ئاشکرایە، تەنانەت بۆ خودی مەهدی کەڕووبییش.

لە بیرمانە کە لە سەرەتای دەیەی ٦٠ی هەتاویدا حکوومەتی کۆماری ئیسلامی کە تازە دەسەڵاتی رەشی خۆی بەسەر گەلانی ئێراندا سەپاندبوو، چۆن کەوتە گیانی موخالیفان و ناڕازییان لە سیاسەتەکانی رێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو. زیندانەکان پڕ کران لەو کەسانەی بەجۆرێک لە جۆرەکان موخالیفەتیان لەگەڵ ئەو حکوومەتەدا هەبوو. بەهەزاران ئینسان کەوتنە زیندانەکان و لەناو چوون، تەنانەت خەباتکارانێک کە لە خەباتی ئازادیخوازی و رووخانی رێژیمی پاشایەتیدا بەشدار بوون، دواتر کەوتنە زیندانەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە و بەدڕندانەترین شێوە لە لایەن زیندانوان و بازجووە جینایەتکارەکانەوە کەوتنەبەر ئازار و ئەشکەنجە و ئێعدام. دڕندەیی شکەنجەگەرەکان و قازی و بازجووەکان وای کرد کە کەسێکی وەک ئایەتوڵڵا مونتەزیری کە جێگری خومەینی بوو هاتەدەنگ و ساڵی ١٣٦٧ لە نامەیەک دا بۆ خومەینیی نووسی ئایا دەزانی چی لە زیندانەکاندا

رادەبرێ؟

کەم کەس هەیە کە نەزانێ لە ٣٠ ساڵی رابردوودا لە زینـدانەکانی کۆمـاری ئیسلامیدا چی رووی داوە. شکەنجەی زیندانیان و دەستدرێژی کردنەسەریان، یەکێک بووە لەو تاوانانەی کە بەرێوەبەرانی زیندانەکانی کۆمـاری ئیسلامی بەردەوام بەرێوەیـان بـردوە. زۆرن ئەو کەسـانەی کە دوای لێکـۆڵینەوە و زینـدانیی درێژمـاوە ئـازاد بـوون و، هەر یەکێکیان دەیان چیرۆک و بەسەرهاتی تاڵیان لە ئازار و شکەنجە و دەستدرێژییەکانی نێو زیندان هەیە. کێ بـێ و نەیبیسـتبێ کاتێـک دەیانویست کچێـک ئێعـدام بـکەن، پـێش ئەوەی ئێعـدام بکـرێ دەبـوو پاسـدارێکی جینایەتکـار دەستدرێژیی بکاتەسـەر، چونکە بە پێـی بـاوەڕی دواکەوتـووانەی دەسـەڵاتدارانی ئەم رێـژیمە، کـچ ئەگەر بەکچـی گیانی لێ بستێندرێ، دەچێتە بەهەشت! بۆئەوەی ئەو کچانە نەچنە بەهەشت، دەبوو بکرێنە ژن. هەر بـۆیە پـێش ئێعدام بە هۆی پاسدارێکەوە سیغە دەکران و دەستدرێژییان دەکرایە سەر. ئەمـانەش هەر قسـەیەکی بـێ بەڵـگە نەبـوون. زۆرن ئەو بنەمـاڵانەی کە بـۆ وەرگـرتنەوەی تەرمـی کچەکانیـان دەچـوون بـۆ زینـدانەکان، ئەو کەسـەی کچەکەیانی سیغە کردوە مەبلەغێکی دەدا بەردەستی بنەماڵەکە و دەیگوت ئەوە مارەیی کچەکەتانە!

مەسـەلەی دەسـتدرێژیی بـۆ سـەر زینـدانیانی سیاسی و بەتـایبەت بـۆ سـەر کچـان و ژنـانی زینـدانی لە ٣٠ سـاڵی رابـردوودا سـەرەڕای ئاشکراکرانی ئەو جینـایەتە شـەرماوییانە لەلایەن هێنـدێک لە قوربـانییەکـان و بڵاوبـوونەوەی بیـرەوەرییە تـاڵەکانیـان، تـا ئەم دواییـانە بەم جـۆرەی پێویسـتە لە لایەن دنیـای دەرەوە و کـۆڕو کـۆمەڵە بەشەردۆسـتەکان بـایەخی پـێ نەدرا. کەسـانێکی وەک مەهـدی کـەڕووبییش کە وا دەنـوێنن ئەم جـۆرە تـاوانـانە یەکەمجارە لە بەندیخانەکانی ئەم رێژیمەدا روو دەدەن، پێویستە وەبیریان بخرێتەوە کە ٣٠ ساڵە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا ئەم جۆرە جینـایەتە شـەرماوییانە روو دەدەن. ئەوان ئەگەر لە بەر هەر بەرژەوەنـدێک لە کـاتی خۆیانـدا، چاویـان لەم جۆرە تاوانـانە نوقانـدوە، ئێسـتا دەبـێ قەرەبـووی ئەم جـۆرە چاونوقانـدن و بێـدەنگیانە بکەنەوە. نەک وا نیشان بدەن کە ئەوە یەکەم جارە شتی لەم چەشنە روو دەدا.

بەهەرحـاڵ ئەوە کە مەهـدی کـەڕووبی ئەگەرچـی بە درنگیشـەوە، کەوتـۆتە پەردەلادان لە سـەر تاوانەکـانی ئەم رێژیمە لە بەندیخانەکاندا، هەر باشە و هەنگـاوێکی بـوێرانە و ئەرکێکـی ئینسـانییە. جێگـای خۆیەتـی هەمـوو ئەو کەسـانەی سـەردەمێک لەم نیـزامە دا کاربەدەسـت بـوون و ئێسـتا بەرەی خەڵکـی وەزاڵەهـاتوو لەم رێژیمەیـان هەڵبژاردوە، بە لەقاودانی تاوانەکانی ئەم رێژیمەو وەدەنگهاتن لە پیلان و تـاوانەکانی ئێستای دەسەڵاتداران،

چارەنووسی خۆیان هەرچی زیاتر لە بەڕێوەبەران و بڕیاربەدەستانی جینایەت پیشەی ئەم ڕێژیمە جیا بکەنەوە.

ئەوە کە لەقاوادانەکانی مەهدی کەڕووبی کەوتە بەر سرنجی هەموو لایەک، دەگەڕێتەوە بۆ مەوقعیەتی ئێستا و رابردووی ناوبراو لە کۆماری ئیسلامی دا. ئەو کەسێک لە دەرەوەی ئەم نیزامە نەبووە تا بیرورای گشتی و کۆرو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان، بە گومانەوە سەیری ئیددیعاکانی لە دژی ئەم نیزامە بکەن. هەر سەبارەت بە کاردانەوەکانی ئەم لەقاودانانەی ناوبراویش بوو کە خامەنەیی ڕێبەری ڕێژیم لە هەنگاوێکی فریودەرانەدا بڕیاری دا زیندانی کەهریزەک( ئەو زیندانەی دەستدرێژی و تاوانەکانی ئەم دواییانەی لێ ڕوودا) دا بخرێت. بەڵام خامەنەیی بۆ شاردنەوەی ئەو تاوانانە و دامرکاندنی ڕق و تووڕەیی خەڵکی ئێران و ڕەخنە و نارەزایەتیی بیروڕای گشتیی دنیا بوو کە دەستووری داخستنی ئەم زیندانەی دا. بەم کارە، ئەو هەمووە جینایەتانەی لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا بەسەر زیندانیانی سیاسییان هێناون ناشاردرێتەوە و پاک نابنەوە. ئەم کارەی خامەنەیی بۆ ئەوە نەبووە دڵی بۆ قوربانییەکان بسووتێ، بەڵکوو لە نیگەرانی لەو مەترسیانەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە ئاکامی ئەنجامدانی ئەم جۆرە تاوانانەدا ڕووی لەنیزامەکەیان کردوە.

ئەو باش دەزانێ ئێستا ئیتر وەک سەرەتاکانی دەسەڵاتەکەیان نیە کە بتوانن جینایەتەکانیان بە ئاسانی بشارنەوە و بە دنیا بڵێن نیزامەکەمان پاکەو ئەوەی دەگوترێ درۆیە. ئەگەر تاوانیان لە نێو زیندانەکان دا بە لاوە گرنگ بوو بۆچی تا ئێستا گوێیان بەوکەسانە نەدەدا کە لە زیندانەکاندا دەستدرێژیی جینسیان دەکرایە سەر؟ خۆ مەسەلەی ئازار و شکەنجەی زیندانیان بەردەوام بەگوێی سەرانی ئەم ڕێژیمە گەیشتوە، لانی کەم ئەگەر لە نێوسەرانی ڕێژیمیشدا کەس جورئەتی نەکردوە باسی لێوە بکا، ڕێکخراوەکانی وەک چاوەدێری مافی مرۆڤ و لێبووردنی نێونەتەوەیی بە نامە دەسەڵاتدارانیان لە جینایەتەکانی نێو زیندانەکان ئاگادار کردۆتەوە، یان خودی ئەو کەسانەی کە لە زیندانەکاندا لەلایەن جەللادەکانی زیندانەوە دەستدرێژییان کراوەتەسەر، سەران و بەڕێوەبەرانی ڕێژیمیان لە چارەنووسی خۆیان ئاگادار کردۆتەوە! بەڵام قەت گوێیان پێ نەداون وهەمووکات لە وڵامدا گوتوویانە ئەوە تۆمەت و بوختانی ئیستکباری جیهانیە.

گومان لەوەدا نیە ئازار و دەستدرێژیی جینسی بۆ سەر زیندانییان و قەڵاچۆکردنیان، لە دەرەوەی ویست و بڕیاراتی سەرانی ئەم ڕێژیمە و یاسا و تەعلیماتی ئەم ڕێژیمە نەبووە. سووکایەتی بە ناڕازییان و لە نێوبردنی موخالیفان و ئازار و ئەشکەنجەدانیان، بەشێک بووە لە ماهییەتی ئەم نیزامە. هەر بۆیە تەنانەت کەسێکی وەک ئایەتوڵڵا

مونتەزیرییش کە کاتی خۆی دژی ئەم جۆرە تاوانانە دەنگی هەڵبڕی، بە هەڵگەڕانەوە و لادان لە خەتی نیزام تاوانبار کرا. بێگومان شکەنجەگەرانی دەستدرێژیکەر و جەللادەکانی نێو زیندانەکان تاوانباری سەرەکی نین. ئەوان بەڕێوەبەرانی سیاسەتەکان و بڕیارەکان و ئامۆژگارییەکانی وەلیی فەقیهـ و باقی ڕێبەرانی ڕێژیمەکەن. ئەوان هەر بۆیە ئەم جۆرە کار و پۆستانەیان پێ سپێردراوە، چونکە ئەمر و فەرمان و ڕێنوێنی سەرەوەتری خۆیان لە پێوەندی لە گەڵ نارازییان و موخالیفانی ئەم ڕێژیمەدا بێ هیچ دوودڵییەک و بێبەزەییانە بەڕێوە دەبەن. هەر بۆیە ڕێبەرانی حکوومەتی ئیسلامی بۆ خۆیان ئامران و عامیلانی سەرەکیی تاوان لە بەندیخانەکان دان.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە ٥٢٨ی ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاوکراوەتەوە

١٣ی فێبریویری ٢٠١٠

---

## چەند هاوسەری، دیاردەیەکی دزێو

دیاردەی چەند هاوسەری بە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی دەگوترێ کە لەودا یەک پیاو یان یەک ژن بە رەسمی و هاوکات دوو یا چەند هاوسەری هەیە. هەڵبەت چەند هاوسەری کە لەودا ژن بتوانێ هاوکات زیاتر لە هاوسەرێکی رەسمیی هەبێ جگە لە چەند وڵاتی وەک نیپاڵ، تیبێت، هیند و برێزیل، لە هیچ وڵاتێکی دیکەدا نیە. بۆیە مەبەست لە چەند هاوسەری تەنیا شێوەیەکە کە لەودا تەنیا پیاو دەتوانێ هاوکات دوو هاوسەر یان چەند هاوسەری هەبێ. باوترینی ئەو دیاردەیە بوونی دوو ژنە بۆ پیاوێک کە لە هێندێک لە وڵاتانی ئیسلامی و یەک لەوان ئێران دا دەبینرێ.

لە هێندێک لە وڵاتانی ئیسلامی بۆ نموونە عەرەبستانی سەعوودی، تەنانەت تا چوار هاوسەریش بۆ پیاوێک بە تەواوی ئاساییە و ئەم دیاردەیە هەم لە لایەنی کلتوورییەوە و هەم لە لایەنی قانوونییەوە ڕێگە پێدراو و ئاساییە. بەڵام لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکایی، چەند هاوسەری نەتەنیا لە لایەنی فەرهەنگییەوە دیاردەیەکی بێزراو و تەرد کراوە، بەڵکوو لە باری قانوونییشەوە قەدەغە کراوە.

چەند هاوسەری لەگەڵ ئەسڵی یەکسانیی مافی ژن و پیاو نایەتەوە. ژن و پیاو هەر دوو مرۆڤن و مافی وەک یەکیان هەیە. ڕێگەدان بە پیاو کە تا چوار ژنی هەبێ بە مانای ئەوەیە بەهای ئینسانیی ژنێک بەرابەرە لەگەڵ یەک چوارەمی پیاوێک. ئەوە ئەوپەڕی سووکایەتییە بە ژن.

## دیاردەی چەند هاوسەری لە ئێرانی ئیسلامیدا

ئەم مەسەلەیە لە ئێران لە کۆنەوە هەر باو بووە. قانوونی ئێران کە لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلام دارێژراوە و لە ئایینی ئیسلامیشدا پیاو مافی ئەوەی هەیە هاوکات ژنێک یان تا چوار ژنی هەبێ. هەرچەند تا نیو سەدە لەوەپێش، چەند هاوسەری دیاردەیەکی زۆر ئاسایی بووە، بەڵام بەهۆی پێشکەوتنەکان و گۆڕانی گۆمەڵگە تا هاتوە رووی لەکەمی کردوە و تا ئەو جێیەی کە ئەمڕۆ وای لێهاتوە ئەگەر قانوونیش ڕێگەی داوە، کەم ژن و کچ هەن کە کەمترین ئاگایيان لەسەر ژیانی هاوسەریەتی هەبێ و، ئامادەبن ژنی دووهەمی پیاوێک بن.

دیاردەی چەند هاوسەری لەلایەن زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەوە بە دیاردەیەکی زیانبار بۆ سەر ژیانی بنەماڵەیی ناسراوە. ئەمەش بە دڵنیاییەوەبەرهەمی هەوڵ و خەباتی چالاکانی مافەکانی ژنان لە چەند دەیەی رابردوودا بووە کە هەمیشە پێیان لەسەر نەهێشتنی داگرتوە و پێ لەسەر سڕینەوەی ئەم کولتوورە دادەگرن. هەر بۆیە ئێستاش لە ئێراندا سەرەرای قەدەغە نەبوونی لەلایەن قانوونەوە، جێگەی باس و مناقشەیەکی زۆری کەسایەتییە حوقووقی و سیاسییەکانە.

## پەسند کردنەوەی قانوونی چەند هاوسەری

لە سەرەتای مانگی سەرماوەزی ١٣٨٨دا کومیسیۆنی حوقووقی و قەزایی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی ماددەی ٢٣ی گەڵاڵەی پشتیوانی لە بنەماڵەی پەسند کرد. بەرپرسان و حاکمانی قەزایی ئێران جارێکی دیکە دژایەتیی خۆیان لەگەڵ مافەکانی ژنان پەسند کردەوە، بەڵام بە هێندێک مەرجەوە. بەپێی ئەو ماددەیە پیاو مافی هەیە زیاتر لە هاوسەرێکی هەبێ، دیارە بۆ ئەوەی لە دزێویی ئەو کارە کەم بکەنەوە بەم مەرجانەیان بەستۆتەوە:

١- رازی بوونی ژنی یەکەم،

٢- ژنی یەکەم نەتوانێ ئەرکی هاوسەریەتی بەڕێوە بەرێ،

٣- تووشبوونی ژنی یەکەم بە نەخۆشیی بێچارەسەر،

٤- مەحکووم بوونی ژن بە یەک ساڵ زیندانی بە هۆی تاوان،

٥- تووشبوونی ژن بە هەر جۆرە ئێعتیادێکی زیانهێنەر کە زیانی هەبێ بۆ بنەماڵە،

٦- بەدرەفتاریی ژن بە رادەیەک کە درێژەدانی ژیانی هاوبەش لە گەڵ ئەو بۆ پیاو تەحەممول نەکرێ،

٧- جێهێشتنی ژیانی بنەماڵەیی لە لایەن ژنەوە بۆ ماوەی ٦ مانگ،

٨- نەزۆکیی ژن،

٩- دیارنەمانی ژن بۆ ماوەی ١ ساڵ،

١٠- قبووڵنەکردنی ژن لە مێرد، (بە پێی حوکمی دادگا.)

ئەو مەرجانەی بەرپرسانی قەزایی کۆماری ئیسلامی بۆ دیاردەی چەند هاوسەری دیارییان کردوە - ئەگەر بەتەواوییش بۆ بەڕێوەبەردنی تەزمینێک هەبێ، هەرچەند تا ئێستاش هیچ زەمانەتێکی ئیجرایی دیاری نەکراوە - دیسانیش لە ناشیرینی ئەم دیاردەیە کەم ناکاتەوە و لە گیر و گرفت و ئەو کێشانەی بەهۆی ئەم کەلتوورەوە رووبەرووی بنەماڵە و کۆمەڵگە دەبنەوە هیچ ناگۆڕێ. دانانی ماددەی ٢٣ و مەرجدار کردنی ئەم قانوونە کۆنەخوازانەیە هیچ کێشەیەک لەم پێوەندییەدا حەل ناکا. لە کەلتووری چەند هاوسەریدا و بەپێی ئەو مەرجانەی سەرەوەش تەنیا سرنج دراوەتە هەوەسی جینسیی پیاو. نەخۆشیی و بەدرەفتاری و گیروگرفت، ئێعتیاد، جێهێشتنی ماڵ، چوونە زیندان هەموو ئەو نموونانەن کە پیاوێکیش دەتوانێ و بگرە زیاتریش لەگەڵی بەرەوروو بێ.

ژنانی ئێران نابێ بەم مەرجانە دڵ خۆش بکەن. ئەو خاڵانەی لە ماددەی ٢٣ی گەڵاڵەی پشتیوانی لە بنەماڵەدا هاتوون، هەر ئەو پەسندکراوەن کە لە ماددەی ٨ و ماددەی ١٦ی گەڵاڵەی مافی بنەماڵەی ساڵی ١٣٥٣ی دەورانی رێژیمی پەهلەوی دا هەبوون. ئەو مەرجانە ئێستا بە کەمێک ئاڵوگۆڕ و جێگۆڕکێوە، هەر هەمان مەرجن کە لە قانوونی پشتیوانیی بنەماڵە لە ساڵی ٥٣دا هەبوون. ئەوە کە لە ساڵی ٥٣دا پەسند کراوە، قەت هەڵنەوەشاوەتەوە. پیاوان هەمووکات ئەو مافەیان هەبووە کە هاوکات چەند هاوسەریان هەبێ. ئێستاش هاتوون بە هێندێک دەسکاریی بچووکەوە بە قازانجی «پیاو» پەسندیان کردۆتەوە. تەنیا فەرقێکی هەبێ ئەوەیە ئەوکاتە زەمانەتێکی ئیجرایی هەبووە، واتە ئەگەر پیاوێک مەرجەکانی بەڕێوە نەبردایە و ژنی دووهەمی بێنایە، لەباری قانوونییەوە حوکمێکی بۆ دیاری کرابوو، واتە بە زیندان و جەریمەی نەقدی مەحکووم دەکرا. بەڵام لە ماددەی

٢٣دا هیچ زەمانەتێکی ئیجرایی دیاری نەکراوە. بۆیە ئەگەر لەگەڵ یەکتریش بەراوەرد بکرێن دەتوانین بڵێین خراپتر بووە.

لە راستیدا پەسند کردنی ماددەی ٢٣ی گەلاڵەی بەناو پشتیوانی لە بنەماڵە بە جۆرێک دووبارە چەسپاندنەوەی ئەم کەلتوورەیە و رەوایی دانە بەو دیاردە دزێوە. بە مەرج و بێمەرج رێگا کردنەوەیە بۆ زۆر لەو پیاوانەی کە رەنگە تا پێش ئێستا ئەوەیان نەزانیبێ کە هەلومەرجی هێنانی ژنی دووهەمیان بۆ رەخساوە. ئەمە تەئکید کردنەوە بوو بۆ پیاوان کە ئەم یاسا ئیسلامییە لەبیر نەکەن. بۆیە جارێکی دیکە دەبێ پیرۆزبایی بەو پیاوانە بگوترێ کە ژن وەک کالایەک سەیر دەکەن و بۆ خۆشگوزەرانیی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن، گرنگیش نیە بەلایانەوە لە ئاکامی هێنانی ژنی دووهەم و چەندەم چ بەسەر بنەماڵە و دواتر کۆمەڵگە بەرەو کوێ دەچێ.

١٣ی فێبریویری ٢٠١٠

---

## بەرپەرچدانەوەی سووکایەتییەک

### (لە پەراوێزی هەواڵی نیشاندرانی مەجید تەوەککولی بە حیجابەوە)

لەم رۆژانەدا شەپۆلیکی دیکە لە دەستگیرکرانی ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی ئێران لە لایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامییە بە تایبەتی لە سەروبەندی ١٦ی سەرماوەز رۆژی خوێندکار دا دەستی پێکرد. مەجید تەوەککولی چالاکێکی ناسراوی خوێندکارییە و لە بەندەر عەبباس دەخوێنێ. بۆ رێورەسمی ١٦ی سەرماوەز دەچێتە تاران و بەم بۆنەیەوە لە کۆڕی خوێندکاراندا قسە دەکا. چەند سەعاتێک دوای ئەوە لە لایەن هێزە ئەمنییەتەکانەوە دەستگیر دەکرێ و دواتر وێنەی ئەم خوێندکارە بە جلوبەرگی ژنانەوە چاپ و بڵاو دەکرێتەوە و رادەگەیەندری کە ناوبراو لە جلوبەرگی ژنانەدا دەسگیر کراوە. مەبەستی رێژیم لەو کارە راست سووکایەتی بە ناوبراو بووە. لەبەر ئەوەی بەرپرسانی ئەو نیزامە وەک هەمیشە کەسایەتی و تەنانەت جلوبەرگی ژنانیشیان لە لا سووکە، ویستیان بەم کارە دزێوەیان کەسایەتییەکی چالاکی خوێندکاری بەم شێوەیە تێک بشکێنن. ئەوە سیاسەت و کولتووری ئەو رێژیمە بووە

لە ماوەی تەمەنیدا کە بەجۆرێک لە جۆرەکان کەسایەتییە سیاسی و چالاکەکانی موخالیفی خۆیان بە هەر جۆرێک کە بۆیان دەکرێ بڕووخێنن تا نەتوانن درێژە بە کار و چالاکیی سیاسی بدەن. بە قسەی ئەوان ئەم تاوانبارە بۆیە جلوبەرگی ژنانی لەبەر کردوە تا بەم شێوەیە خۆی لە چنگ هێزە ئاگا و وشیارەکانی نیزام! رزگار بکا. هەڵبەت ئەگەر مەجید تەوەککولی ئەم کارەی کردبێ بەو مەبەستە نەیکردوە، چونکە ئەو باش دەزانێ لە خەبات و نارەزایەتییەکانی ئەم دواییانەدا ژنان هاوشانی پیاوانن و تەنانەت زۆرجار بینیمان لە خۆپیشاندانەکاندا پێشەنگ بوون و لە چوونە زیندان و لە ئازار و شکەنجەش دیتنیشدا کەمتریان لە پیاوان بەرنەکەوتووە.

بە دڵنیاییەوە ئەم کردەوەیە لە لایەن زۆربەی خەڵک و بەتایبەتی خوێندکارانەوە بەم شێوەیە چاو لێناکرێ کە رێژیم مەبەستی بووە. هەرچەند ئەوەش وەک زۆر کار و کردەوەی دیکەی رێژیم لەلای خەڵکی ئاگای ئێران جێگەی بڕوا نیە، کە گۆیا مەجید بە جلوبەرگی ژنانەوە دەستگیر کراوە. ئەگەریش وابێ بەلای کەسەوە سەیر نیە. چونکە زۆر دیتراوە و بیستراوە خەباتگێڕانی سیاسی لەو وڵاتانەی ئازادیی رادەربڕین و تێکۆشانی سیاسی نیە، لە کاتە حەساسەکاندا سیمای خۆیان دەگۆڕن بۆ ئەوەی لەداوی دوژمن رزگاریان بێ. ئەمە لایەنگرانی خومەینیش لە دەورانی رێژیمی پاشایەتیدا لەو ئیبتکارانە کەڵکیان وەرگرتوە. ئەوانەی کاری سیاسی و نهێنییان کردوە زۆر باش لەم مەسەلەیە تێدەگەن.

بەڵام وای دانێین بەلێ مەجید تەوەککولی بە جلوبەرگی ژنانەوە ویستوویەتی رابکا و لە کاتی راکردندا بەم شێوەیە دەستگیر کراوە. ئەمە لە جیاتی ئەوەی بۆمەجید و مەجیدەکان مایەی سووکایەتی بێ، بۆ رێژیمێک مایەی شەرمە کە خوێندکارانی وڵاتەکەی بە تاوانی ئازادیخوازی تووشی راوەدوونان وزیندان و دەستدرێژی و سووکایەتیی جۆراوجۆر کردوە. ئەوە دەبێ لە دەسەڵاتداران پرسیار بکرێ کە ناوبراو بۆچی بە حیجابەوە رای کردوە و دەستگیر کراوە؟ ئایا جینایەتی کردبوو؟ ئایا کارێکی نارەوای کردبوو کە وا بەم شێوەیە دەیویست خۆی لە دەستی مەئموورە ئەمنییەتییەکانی ئەو نیزامە رزگار بکا و خۆی بشارێتەوە؟! بەدڵنیاییەوە ئەم کارە ئەگەر شەرم بێ بۆ ئەو رێژیمە شەرمە کە لەسەر هێنانە گۆری سەرەتاییترین داخوازی، مرۆڤەکان دەکەونە ژێرچاوەدێریی ئەمنییەتی و راوەدوونان. رێژیم ئەگەر دەیەوێ کەسێکی وەک مەجید تەوەککولی بە ترسنۆک و بێلیاقەت نیشان بدا، بەدڵنیاییەوە ئێستا کەس باوەڕی پێناکا. چونکە ناوبراو کەسێکی نەناسراو نەبووە لە نێو بزووتنەوەی خوێندکاریدا. چەند ساڵ لەمەوبەر لەرووبەرووی رێبەری رێژیم دا ئازایەنە رەخنەی لە رێژیم و ویلایەتی فەقیە گرتوە و ماوەیەکیش بە تاوانی بێڕێزی بە ویلایەتی فەقیە لە زیندانەکانی رێژیم و لە زیندانی تاکەکەسی دا ژیانی بەسەر بردوە.

ناوبراو دوای ئازاد بوونیش لە زیندان لەگەڵ زۆر گیر و گرفت لە پێوەندی لەگەڵ درێژەدانی خوێندانـدا لەلایـەن وەزارەتی علوومەوە رووبەروو بۆتەوە و دواتریش هەر بەهۆی بەشداری لە کۆڕو کۆبوونەوە خوێندکارییەکاندا بۆ بەندەر عەبباس دوورخراوتەوە لەوێ خەریکی خوێندن بووە. دیارە ئێستا ئەگەر لە زیندان و مەئموورەکانی زیندانیش بترسێ کەس ناحەقی ناگرێ! هەموو دەزانن کەسێک کە ڕێی بکەوێتە زیندان و بەتایبەتی چالاکی سیاسی بێ و بە دژی پێشێل کردنی مافەکانی خەڵک لە ئێراندا تێکۆشانی هەبێ و دەنگی دەربێ، ئەگەر بگیرێ لە لایەن حکوومەتە عادڵەکەی خامەنەیی و ئەحمەدی نەژادەوە! چ بەڵایەکی بەسەر دێ! بەتایبەتی بۆ کەسێکی وەک مەجید تەوەککولی کە چەندین جار ڕێی کەوتۆتە زیندان و ١٥ مانگ لە زیندان دا بووە و شکەنجەو ئازارەکانی بەرپرسانی دەستدرێژیکەری زیندانی لەسەر تاقی کرابێتەوە، بشترسێ نەک شەرم نیە بەڵکوو زۆریش ئاساییە. گرنگ ئەوەیە ئەو ترسەش نەبۆتە هۆی ئەوە کە ئەم خوێندکارە واز لە چالاکیو تێکۆشان بۆ ئازادی بێنێ.

هەر کارنامەی نەک ئەو ١٠ ساڵەی دوایی بەڵکوو ئەو چەند مانگەی دوای نارەزایەتییەکان لە دژی ئاکامی هەڵبژاردنی سەرکۆماری هەڵدەینەوە بەسە بۆ ئەوەی بزانین ئەو خەڵکانە بۆچی هەموو هەوڵێک دەدەن تا نەکەونە بەردەستی مەئموورەکانی زیندان.ئەم ڕێژیمە جینایەتکارە قاتڵی سەدان و هەزاران ئینسانی وەک مەجید تەوەککولییە. کێ هەیە نەزانێ کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە چیان بەسەر زەهرا کازمی و زەهرا بەنی یەعقووب هێنا؟! ئەوان چیان کردبوو کەوا چارەنووسیان بەو ڕۆژە گەیشت؟ ئەی گیراوانی نارەزایەتییەکانی ئەم دواییانە لە زیندانی "کهریزک"، بە چ تاوانیک دەستدرێژییان کرایە سەر و لە ژێر ئەشکەنجە دا گیانیان لێ ئەستێندرا؟بە ناو دادگایی کردنی گیراوانی خۆپێشاندانەکان و ئەو هەموو پەندەی لە زیندانەکاندا بەسەر گیراوەکانیاندا هێنا و، ناچار کردنیان بە داننان لە بەرامبەر دوربینی تەلەڤیزیۆن، تەنیا بۆ تۆڵە ستاندنەوە لەوان بوو کە هاتبوونە سەرشەقامەکان و گوتبوویان دەنگەکانی ئێمە چیان لێ هات؟ خەڵکی ئێران باش دەزانن کارنامەی ٣٠ ساڵەی ئەو ڕێژیمە جگە لە ماڵوێرانی، کوشتن، دەستدرێژی و هەموو جۆرە سووکایەتی و بێ مافییەک بۆ خەڵکی ئەم وڵاتە و بەتایبەتی ژنان و خەباتکارانی ڕێگەی ئازادی چی دیکەی تێدا نیە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش لەسەر درێژەدانی خەبات تا وەدەستهێنانی ئامانجەکانیان کە ڕزگارییە لە دەست ئەو ڕێژیمە جینایەتکارە شێلگیرن.

ئەم کردەوە شەرمارییەی بەرپرسانی ئەو نیزامە، واتە بڵاو کردنەوەی وێنەی ئەو خوێندکارە بە چارشێو و مەقنەعەوە، وەک هەموو کار و کردەوە درۆیین و ساختەکانی دیکەیان، کەس باوەڕی پێ ناکات. بەڵام وەک وتمان ئەگەر وای دانێین ڕاستیش بێ، لە جیاتی سووکایەتی بێ بەو خوێندکارە، سووکایەتییەکی ئاشکرایە بە هەموو

ژنانی ئێران کە ۳۰ ساڵە بەرامبەریان دەکرێ. ئەو حیجابەی مەجید تەوکولی لەسەری ناوە شتێک نیە کە تایبەت بێ بە ژنان. حیجابی ئیسلامییە و سەپێنراوە بەسەر ژناندا. رێژیم زۆر نائاگایانە ئەم کارەی کردوە ویستوویەتی بەم شێوەیە سووکایەتی بەم خوێندارە بکا، دیارە ئەو ریژیمە ژنی لەلا سووکە و پێشی وایە ئەم جلوبەرگە هی ژنانە. حیجاب لە لای ئەوان نرخی هەیە نەک لە لای ژنانی ئێران.

بەڵام وەک لەدەمدانەوەیەک بۆ رێژیم و وەک پشتیوانی و لایەنگری لەو خوێندکارە، هەموومان دیتمان کە چالاکانی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات کەمپەینێکی "مردان باحجاب"یان دروست کرد. چالاکانی بزووتنەوەی خوێندکاری (کوڕان) حیجابیان لەسەر خۆیان نا و لە سایت و ویبلاگەکان دا وێنە و پۆستێرەکانیان بڵاو کردەوە بۆ ئەوەی گاڵتە بە رێژیمێک بکەن کە ۳۰ ساڵە ئەم جلوبەرگە شوومەی بەزۆر بەسەر ژنانی ئەم وڵاتەدا سەپاوندوە.

لە لایەکی دیکەشەوە هاوخەباتیی بوو لەگەڵ ژنانی ئێران و رایانگەیاند "بە پشتیوانی لە مەجید تەوەککولی ئێمەش حیجاب لەسەر دەنێین. نەک بۆ بەرز راگرتنی حیجاب، چونکە حیجاب خۆی مایەی سەرکوتی ژنە. بۆئەوەیە کە بڵێن ئێمەش هاوخەمتانین. سووکایەتیی بە مەجید تەوەککولی بوو بە قەیرانێک و ریسواییەکی دیکە بۆ ئەو رێژیمە. بووە هۆی گاڵتەجارییەکی دیکە بۆ ئەو کەسانەی نائاگایانە و ساویلکانە بەهاکانی خۆیان بە گاڵتە دەگرن. ئەم کارەی ئەو خوێندکارانە کردیان جگە لەوە تووڕ هەڵدانی ئەو کلتوورە بوو کە ژن بە مرۆڤێکی بێ بایەخ سەیر دەکا و بەهای ئینسانەکان بە جلوبەرگ و حیجابەوە دەنرخێنێ، پشتیوانی و هاوخەمییش بوو لەگەڵ ژنانی ئێران کە لەیەکەم رۆژەکانی هاتنەسەرکاری ئەو رێژیمەوە حیجابیان بە سەردا سەپێندرا. بۆیە بەم کارەیان ئەوانەیان شەرمەزار کرد کە گاڵتە بە کەسایەتیی ژن دەکەن و حیجابیان کردۆتە بەهای ژن. بەخۆشییەوە نەوەی ئەمڕۆ زۆر زیرەکانە لەگەڵ رێژیمێک کە هەموو وجوودی فرت و فێڵە لە بەربەرەکانی دان. ئەوە مایەی دڵخۆشییە و دۆڕانی ئەو رێژیمەی بەدوادا دێ.

۱۳ی فێبریویری ۲۰۱۰

## خوێندنەوەیەکی کورت بۆ نەخشی ژنان لە بزووتنەوەی سەرانسەری لە ئێراندا

دیموکراسی کاتیک وەدی دێ کە مرۆڤەکان پلەبەندی نەکرێن، مرۆڤەکان مافی وەک یەکیان هەبێ و مافیان پاریزراو بێ. ئەمەش خواستی هاوبەشی هەموو چین و توێژەکانی نێو بزووتنەوەی سەراسەرییە لە ئێراندا .

بەشداریی بەرچاو و بەربڵاوی ژنان لە ریزی نارەزایەتییەکانی خەڵکی ئێراندا لە دوای ئاکامی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا، لە لایەن زۆربەی چاوەدێرانی سیاسی و کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە سەرنجێکی تایبەتی دراوەتێ. هەر چەند ئەمە یەکەمجار نیە کە ژنانی ئێران لە شۆرش و نارەزایەتییەکاندا بەشداری کارا و بەرچاویان دەبێ. ساڵی ١٣٥٧یش ژنان کە لە ئاست چارەنووسی وڵاتەکەیاندا بێتەفاوەت نەبوون و لە شەقامەکاندا دەنگی ئازادیخوازی و مافخوازییان بەرز کردەوە. بەڵام ئەگەر بێین حوزووری ئەمجارەی ژنان لەگەڵ ساڵی ١٣٥٧ بەرورد بکەین، دەبێ بڵێین بە نیسبەت ئەو دەورانەوە جیاوازییەکی گەورەی هەیە .

سیمای لەخوێندا شەڵاڵی کچە خوێندکاری ٢٦ ساڵە بە ناوی ندا ئاقا سوڵتان، لە نارەزایەتییەکاندا و لێدران و گیرانی کچان و ژنان بە جلوبەرگی خوێناوییەوە بە دەستی هێزە سەرکوتکەرەکان و دەیان دیمەن و وێنەی بەربەرەکانی و کەوتنە بەر قامچی و باتۆمی ئەو هێزانە بۆ دیفاع لە رۆڵە خەباتکارەکانیان، بوونەتە نمادی خۆراگریی ژنانی ئێران و کەس ناتوانێ حاشا لە بوونی نەخشی کاریگەری ژنان لەو بزووتنەوە جەماوەرییەی خەڵکی ئێران دا بکا.

ئەگەر باس لە ئیرادەی ژنان دەکرێ، یان باس لە خواستەکانی ژنان لە کۆمەڵگەدا دەکرێ و ئاگایی یەکسانیخوازی تا رادەیەک لە کۆمەڵگەیەدا هەیە، نیشانەی بوونی بزووتنەوەیەکی کارای ژنانە کە لە مێژە بەتایبەت لە ماوەی دوا دەیەی دەسەڵاتدارەتی سەرکوتکارانەی کۆماری ئیسلامی لە سەحنەی سیاسی ئێراندا خۆی نیشان داوە .

بە دڵنیاییەوە دوای بە ئاکام گەیشتنی خواستەکانی ئەو بزووتنەوەیە و هاتنە سەرکاری هەر دەسەڵاتێکی دیکە، ژنان جارێکی دیکە مل بە قانوونێک نادەن کە ئەوان وەک مرۆڤی پلە دوو سەیر بکەن. ژنان بۆ ئەوەی جارێکی

دیکە حاشا لە مافەکانیان نەکرێ، ئەمجارە بە ئاگایی و ئەزموونێکی زۆرترەوە لە نارەزایەتییە سەراسەرییەکان دا بەشدارن. ئاگایی و وشیاری تەنیا چەکی دەستی ژنانە کە فریوی ئەوە نەخۆن کە مەسەلەکانی ژنان جارێ ئەولەویەتیان نیە. دیارە بزووتنەی سەراسەریی ئێرانیش لە گەڵ شۆرشی ١٣٥٧ زۆر جیاوازی هەیە. شۆرشی خەڵکی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا تەنیا خۆی لەوەدا دەبینیەوە کە ڕێژیمی شا بڕووخێنێ وبیر لە داهاتوویەکی روون نەکردبۆوە، بەڵام بزووتنەوەی وەک بزووتنەوەیەکی مەدەنیی و لە سەر بناغەی دیموکراسی و پاراستنی مافی هاووڵاتیبوون و مافی مرۆڤ هەنگاو هەڵدێنێتەوە. دەزانێ چی دەوێ و چی ناوێ. بەڵام ئەگەر ژنان بزووتنەوەی خۆیان هەیە، خواست و ئامانجی خۆیان هەیە، ئەوە بەو مانایە نیە کە خۆیان جیا بکەنەوە لە بزووتنەوەیەک کە ئەوە خواستەکانی بێ.

ژنان ئەزموونی ٣٠ ساڵ خەبات و بەربەرەکانی لە گەڵ ناعەداڵەتییەکان، لەگەڵ قانوونە پڕ لە هەڵاواردنەکانیان هەیە. هەموو چاوەدێرانی سیاسی، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و خودی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش ئەوە دەزانن کە ئیعترازاتی ژنانی ئێران تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ دوای هەڵبژاردنی دەورەی دەیەمی سەرۆک کۆماری. ئەو رۆژانەی ژنانی ئێران قسەیان لە ئاڵوگۆڕ لە قانوونە پڕ لە هەڵاواردنەکاندا دەکرد، کەسانێکی وەک مووسەوی و کەرووبی و زۆر لە لایەنگرەکانی ئێستاشیان لە ئاست مافە پێشێلکراوەکانی ژنانی ئێراندا چاویان داخستبوو. ژنانی ئێران چەندین ساڵە بە تاوانی هەوڵدان دژی ئەمنییەتی نەتەوەیی دەخرێنە زیندانەکان و ئازار و ئەشکەنجە دەدرێن. ئێستاش بە کۆمەڵێک ئەزموونی بەنرخەوە لە نارەزایەتییەکانی دژی ڕێژیمدا شان بەشانی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێران بەشدارن و لەم خەباتەدا جەماوەرییەدا کاریگەریی زۆریان هەیە. هەر بۆ نموونە یەکێک لە کاریگەرترین حەرەکەتەکانی ئەم دواییانە، حەرەکەتی دایکانی عەزادارە. ئەوان پاش کوژران و دەستبەسەر کرانی رۆڵەکانیان بێدەنگ دانەنیشتوون و پرسەو عەزادارییەکەشیان بۆ ریسوایی زیاتری ئەو ڕێژیمەیە. زۆر ئارام و سیاسییانە بە دنیا دەڵێن کە رۆڵەکانیان لەسەر چی لە زیندان دان یان کوژراون. ئەمە ئەزموونی خەباتی بزووتنەوەی ژنانە هەر رۆژە بە شێوەیەک لە مەیدانەکاندا خۆی دەردەخا.

ئەگەر کۆمەڵگەی ئێران ئەمڕۆ شانازی بە نەخشی ژنان لە خەباتی دیموکراسیخوازی دا دەکا، بە دڵنیاییەوە بەرهەمی ئەو تێکۆشانە بەردەوام و بێوچانەیە کە ژنان لە ساڵەکانی رابردوودا لە خۆیان نیشانیان داوە. ئەوان سەرەڕای هەموو ئەو کۆسپ و بەربەستانەی لە لایەن ئەو ڕێژیمە دواکەوتوو و کۆنەپەرستەوە خراوەتە سەر ڕێیان، گوتارێکی یەکسانیخوازییان هێناوەتە نێو کۆمەڵگەوە. ئێستا ئیدی مەسەلەکانی ژنان بۆتە باسی گشتیی نێو هەموو

چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران. بۆیە هیچ حکوومەت و دەسەڵاتێک لە داهاتووی ئێراندا ناتوانێ خواستە بەرحەقەکانی ژنان لە ئێراندا لەبەرچاو نەگرێ.

تێبینی: ئەم بابەتە لە ژمارە ٥٢٩ی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

٢١ی فێبریویری ٢٠١٠

---

## کورتە سەرنجێک لە خەباتی ژنانی ئێران لە سەد ساڵی رابردوو

لە مێژووی خەباتی سەد و چەند ساڵەی ژناندا زۆر پێشکەوتن و گۆڕان لە هەلومەرجی ژناندا لە وڵاتان دا پێک هاتوە و لە زۆر بواردا مافی بەرابەریان لە گەڵ پیاودا بەدەست هێناوە و، لە زۆر بواریش دا کەلێنی هەڵاواردن و نایەکسانییەکان تا رادەیەک کەم بۆتەوە. بەڵام لە هێندێک وڵاتیشدا هەڵاواردنی ناڕەوا و پێشێل کردنی مافە ئینسانییەکانی ژن هەروا بەردەوامە و ژنان لە هەلومەرجێکی زۆر نالەبار و نایەکساندا ژیان تێپەڕ دەکەن. زۆر ژن لە جیهاندا دەستدرێژییان دەکرێتە سەر، سەنگسار دەکرێن، دەسووتێندرێن، دەکەونە بەر گوللە و چەقۆ و شەقی پیاوانی دەمارگرژی بە ناو نامووس پارێز. تەنانەت لەلایەن دەوڵەتەکانیانیەوە سەرەتایی ترین مافە ئینسانی و سیاسی و فەرهەنگییەکانیان پێشێل دەکرێن. لە سەر یەک لە هیچ وڵاتیکی دنیا دا بە شێوەی تەواو بوار و هەلومەرج بۆ ژن و پیاو وەک یەک نیە.

### هەلومەرجی ژنان لە ئێران:

ئەگەر ئاوڕیک لە هەلومەرجی ژنانی ئێران لە سەد ساڵی رابردوودا بدەینەوە، دەبێ بگەڕینەوە بۆ دەورانی شۆڕشی مەشرووتە. ژنانی ئێران لەو شۆرشەدا بەشدارییەکی چالاکانەیان هەبوو لە دژی ئیستبداد و سەرەڕۆیی رەزا شا. لە دوای سەرکەوتنی ئەو شۆرشە، ژنانی وشیار و ئاگای ئەو کاتە خوازیاری مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو بوون لە هێندێک بوار دا و لەم پێوەندییەدا لەم بوارانەوە ئامانجەکانی خۆیان بەرەوپێش دەبرد.

١- خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی هاوولاتی بوون واتە مافی ئەوەیان هەبێ لە ولاتدا بتوانن هەڵبژێرن و هەڵبژێردرێن.

٢- خەبات بۆ مافی فێربوون و پەروەردە بۆ ژنان، واتە دامەزراندنی خوێندنگەی کچانە کە لەو سەردەمەدا یەکێک بوو لە خواستە سەرەکییەکانی ژنان. ئەم خواستانە لە لایەن موخالیفانەوە دژایەتییەکی توندی لەگەڵ کرا. بەلام خەبات و هەوڵەکانی ژنان لەم پێناوەدا رانەوەستا و دواتر بوو بە هۆی دامەزراندنی ئەنجومەنی ژنان و دەرکردنی گۆڤار و بلاوکراوەی ژنان و دامەزراندنی خوێندنگەی کچانە. بە جۆرێک لە ماوەیەکی کورت دا نزیک بە ٦٠ مەدرەسەی کچانە تەنیا لە شاری تاران دا کرایەوە. ژنان لە شارەکاندا کۆڕ و کۆبوونەوەی جۆراوجۆریان پێک دەهێنا و باسیان لە حەق و حوقووق و سڕینەوەی ستەم لە سەر خۆیان دەکرد. لە بلاوکراوەکانیشیان دا زۆتر تەئکیدیان لەسەر خوێندنی ژنان دەکردو ژنانیان هاندەدا کە بخوێنن.

بەلام بەداخەوە قانوونی ئەساسیی مەشرووتە مافەرەواکانی ژنانی لەبەر چاو نەگرت و ژنان هەروا مەحرووم کران لە مافی دەنگدان. عولەمای مەشرووتەخواز دژی خوێندنگەی کچان و مافەکانی ژنان فتوای نائیسلامی بوونیان لەسەر دان. ژنان سەرەڕای بەشداری چالاکانەیان لە شۆرشی مەشرووتەدا و نەخشیان لە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەدا، دیسانیش لە ئاکام دا بە خواستەکانی خۆیان بە تەواوی نەگەیشتن و مافەکانیان هەروا پێشێل دەکرا. بەلام لە هەر حاڵ دا خەبات بۆ مافەکانیان لە لایەن ژنانی نوخبەوە هەروا درێژەی کێشا.

### سەردەمی رەزاخان:

لە دەورانی دەسەلاتی رەزا خان دا، هەر چەند لە رواڵەتدا هێندێک رووداو بە ناوی نوێ گرایی روویان دا کە رەنگە وابێتە بەرچاو لە قازانجی ژنانیش دابووە. بۆ نموونە ژنان لە هێندێک ئیدارەکانی دەوڵەتدا دامەزران. دیارە سیاسەتی رێژیمی رەزاخان لە بارەی دامەزراندنی ژنان لە ئیدارەکاندا زۆر ناعادیلانە بوو. ئەوەیش ئەوە بوو لە هێندێک کاری دیارکراو تێنەدەپەڕی. وەک پەرستاری، مامۆستای قوتابخانە، تایپیستی ئیداراتی دەوڵەتی و هتد. ئەمانەشی بۆیە کرد کە خۆی وەک دەوڵەتێکی مۆدێرن بە دنیا نیشان بدا. بەلام لە ناوەڕۆکدا سیاسەتی سەرکوت و پیاوسالاری رەزاخان دژی ژنان هەر بەردەوام بوو. ئەنجومەن و بلاوکراوەکانی ژنان کە لە دوای شۆڕشی مەشرووتەوە سەریان هەڵ دابوو، یان داخران. یان وردەو وردە جێگەیان درا بە رێکخراوە فەرمایشییەکانی لایەنگری دەسەلات. واتە جموجۆڵ و حەرەکەتە سەربەخۆکانی ژنان نەیانتوانی نەخشێکی ئەوتۆیان هەبێ لە ئاڵۆڕ بە

قازانجی ژنان.

### دەورانی محەممەد رزا شا:

تا ساڵی ١٩٦٣ ژنانی ئێران مافی بەشداری کردن لە هەڵبژادنەکانیان نەبوو. لەو ساڵەدا شا فەرمانێکی دەکرد کە بە پێی ئەو فەرمانە ژنانیش وەک پیاوان مافی ئەوەیان هەیە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکەن. دوای ئینقلابی سپی شا کە بە ئینقلابی شاو خەڵک ناوی دەبرا، هێندێک گۆرانکاری لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە لە ئێران بە دەستووری شا روویان دا. پایەکانی ئەو ئینقلابە لە شەش ماددەی سەرکی پێک دەهاتبوو. کە یەکێکیان پێوەندی بە ژنانەوە هەبوو: باش کردنی قانوونی هەڵبژاردن، بە مەبەستی حەقی دەنگدان بۆ ژنان وەک پیاوان بە رەسمی بناسرێ. ئەمە دەسکەتێکی سیاسی بوو بۆ ژنان. کە پێشتر لێی بێبەش بوون. پاشان لە ٢٧ی خاکەلێوەی ١٣٤٢ قانوونێک پەسند کرا بە ناوی "حمایت از خانواده". ئەو قانوونە تەلاقی یەک لایەنە کە پیاو ئەو حەقەی پێدرابوو، هەڵوەشایەوە. پاشان مافی چەند هاوسەرییش بۆ پیاوان دژوار کرا و، بۆ سەرپەرستی کردنی منداڵیش لە دوای تەلاق، یان مردنی باوک، دایک حیسابێکی بۆ دەکرا. هەروەها تەمەنی قانوونیی ژیانی هاوبەش بۆ کچان لە ١٣ ساڵەوە بوو بە ١٨ ساڵ. ئەوانە و هێندێک دەسکەوتی دیکەش کە بەرهەمی وشیاری و خەباتی خودی ژنان بوون، لە قانوندا پەسند کران. شۆرشی ١٣٥٧ و نەخشی ژنان:

بەشداری چالاکانەی ژنان لە شۆرشی ١٣٥٧دا لە مێژوو دا سەبت بووە و کەس ناتوانێ حاشای لێ بکا. بەڵام رێژیمی کۆماری ئیسلامی هێشتا بە تەواوەتی دەسەڵاتەکەی تەسویب نەببوو، هێرشی کردە سەر ماف و ئازادییەکانی ژنان. داسەپاندنی حیجاب کە نمادی کۆیلەیی ژنە، بە فتوای خومەینی یەکەمین پێشێل کاری بوو لە لایەن رێبەری ئەو رێژیمەوە لە دژی ژنان کرا. دواتر هاڵاواردن و بێبەش کردن لە مافە ئینسانییەکانیان رۆژ لە دوای رۆژ بە زۆر و بە زەبری قانوونە کۆنەپەرستانەکانیان بەسەر ژناندا سەپێنران. ٣١ ساڵە ژنانی ئێران لە ژێر سایەی ئەم حکوومەتەدا لەگەڵ ناعەداڵەتییەکان دەست و پەنجە نەرم دەکەن. لە هەمان کاتیش دا خەبات بۆ مافەکانیان لە ئەولەویەتی کار و ژیانی رۆژانەی ژنان دابووە. دیارە بۆ ماوەی ٨ ساڵ شەڕی ئێران و عێراق بووە هۆی ئەوە ژنان زۆر هەل لەدەست بدەن. بە هۆی شەڕ سێبەری شوومی مەرگ باڵی بەسەر هەموو وڵاتدا کێشابوو. سەرکوتی هێزە موخالیفەکان لە لایەن رێژیمەوە بە پاساوی پاراستنی وڵات دەستی دەسەڵاتی ئاوەڵا کردبوو. ئەو شەڕە بووە هۆی ئەوە رێژیم زیاتر پەرە بە دیکتاتۆری بدا و نارازییان لەو حکوومەتە سەرکوت بکا. هەلومەرجێکی پڕ خەفەقان لە

وڵاتدا دروست بوو و زۆربەی بڵاوەکراوە ئازادەکان، ڕێکخراوە سیاسییەکان کە شۆرشی ١٣٥٧ ببوو بە هۆی ژیانەوە و سەرهەڵدانیان، داخران و سەرکوت کران. بە هەزاران تێکۆشەری سیاسیی ڕێکخراوە سیاسییەکان زیندانی کران و دواتر لەناوبران. لە نێو ئەواندا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ژنانی تێکۆشەر و نەخبەی کۆمەڵگە دەبینران. ئەو هەلومەرجە وای کرد کە ژنان بۆ ماوەیەک لە بێدەنگی دا بمێننەوە. لە هەمان کاتیش دا لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە بوونی خۆیان وەک ئینسانێکی بەکەڵک لەو کۆمەڵگەیەدا دەسەلماند. دەستڕاگەیشتنی کچان بە فێربوون لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا وای کرد کە ئاکامێکی موسبەتی بۆ کۆمەڵگە و بە تایبەتی بۆ توێژی ژنی لێ بکەوێتەوە. ئاگایی و وشیاری لە ئاست قانوونە کۆنەپەرستانەکانی دژی ژنان، زیاتر بوو بە هۆی بەربەرەکانی کچان و ژنانی لاو لە دژی قانوونە پڕلە هەڵاواردنەکانی ئەو نیزامە. پاش هاتنە سەرکاری خاتەمی (سەرکۆمار) لە ساڵی ١٣٧٦دا هەلومەرجێکی تازە بۆ ڕیفۆرمخوازی و کرانەوە لە ئێراندا دروست بوو. مەجال بۆ سەرهەڵدانەوەی کتێب و نەشریاتی تایبەت بە ژنان ڕەخسا و ڕێگەی بڵاو بوونەوەیان تا ڕادەیەک پێدرا. دەیان سایت و ئەنجومەنی جۆراوجۆری ژنان دامەزران و پەرەیان سەند. ڕەخسانی ئەو هەلومەرجە وای کرد کە ژنان خواستەکانی خۆیان لە کۆمەڵگەدا مەترەح بکەن و دواتر بە کردنەوەی کەمپەینی جۆراوجۆر خواستەکانی خۆیان گەڵاڵە کردو ڕەوانەی پارلمانیان کردن. ئەگەرچی ئەو کرانەوەیە سنووردار بوو، بەڵام کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر خەباتی ژنان لە ئێران دانا و پایەکانی بزووتنەوەیەکی بەهێزی ژنان لەو دەورانەدا دامەزرا .

## نەخشی ژنانی کورد لە خەباتی یەکسانیخوازی دا:

دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا هەلومەرجێک هاتە ئاراوە بۆ حیزب ڕێکخراوە نەتەوەیی و چەپەکان تاکوو تێکۆشانی ئاشکرا و تەشکیلاتییەکانیان ڕێک بخەنەوە. بەشێکی زۆر لەم حیزب و ڕێکخراوانە، بە تایبەتی ڕێکخراوە چەپەکان گرنگییان دەدا بە مەسەلەی ژنان و داکۆکی کردن لە مافەکانیان لە بەرنامەو هەڵوێستەکانیادا تا ڕادەیەک دیار بوو. ئەمە وای کرد ژنان بەرەو خەبات و تێکۆشانی ڕێکخراوەیی لە دژی کۆماری ئیسلامی هاتن بدرێن. ژمارەیەکی زۆر لە کچان و ژنانی کورد چوونە نێو ڕیزی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەوە کە بانگەشەی ماف و ئازادییەکانی ژنانیان دەکرد. لە هەمان کاتیش دا پرسی ژن لە پەراوێز و پاشکۆی ئەو ڕێکخراو و حیزبانەدا مایەوە. بەڵام بوونی حوزووری ژنان و بەشدارییان لە خەباتی نەتەوەیی و ڕێکخراوەیی دا تا ڕادەیەک کاریگەریی لەسەر ئاستی وشیاریی و ئاگایی ژنی کورد و بەگشتی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر گرنگی ڕۆڵی و پێگەی ژنان لە کۆمەڵ دا دانا. پاش ئەوەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بە هۆی هەلومەرجی داسەپاو

نەیانتوانی حوزووری بەرچاو و بەردەوامیان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا بمێنێ، هەڵسووڕان و جموجۆڵی ژنانی کوردیش کەوتە قۆناغێکی دیکەوە.

دوای هەڵبژاردنی خاتەمی بە سەرۆک کۆمار، ئەو هەلومەرجە کە لە سەرەوە ئیشارەمان پێکرد، کوردستانیشی تا رادەیەک گرتەوە. ژنانی کورد بەو پێشینە سیاسی و ئاگاییەی هەیانبوو ئەو هەلەیان قۆستەوە و کەوتنەخۆ بۆ دامەزراندنی ئەنجومەن و NGO ی تایبەت بەخۆیان تاکوو لەم رێگەیەوە بتوانن ئامانجەکانیان بەرەو پێش بەرن. ژنانی خەباتکاری کوردستان لەگەڵ ئەوەی بە رێژەیەکی زۆر زیاتر بە نیسبەت ژنانی نەتەوەی فارس لە لایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە چەوساونەتەوە و فشاریان لەسەر بووە و ئازار دراون و کۆسپ و تەگەرەیان خراوەتە سەر رێ، زۆر بە ئازایەتییەوە ئەو خەباتەیان تا ئێشاش بەروپێش بردوە و بەشێکی دانەبڕاو بوون لە خەباتی مافخوازی ژنانی ئێران. لە هەمان کاتیش دا خەبات بۆ مافی نەتەوەکەشیان پشتگوێ نەخستوە و بە شێوەی جۆراوجۆر ئەم خەباتەشیان هەر درێژە داوە. ئەوەتا هەر ئێشتاش چەندین ژنی تێکۆشەری کورد لە چاوەڕوانی حوکمی لە سێدارەدان کە لە لایەن دادگای ئەو رێژیمە سەرکوتکارەوە بۆیان دەرچووە. نموونە زێنەب جەلالیان و شیرین عەلەم هۆیی.

## بزووتنەوەی جەماوەری لە ئێران:

زیاتر لە ٩ مانگ دەبێ بزووتنەوەیەکی مافخوازی جەماوەریی بەهێز لە دژی پێشێل کردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، لە گۆڕێ دایە. بزووتنەوەیەک کە ژیانی لەو رێژیمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرە ئاڵۆز کردوە. خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران دوای تەحەمولی سی و یەکساڵ ستەم و نایەکسانی، ساڵی رابردوو بە دروشمی مردن بۆ دیکتاتۆرییەت، جێژنەکانی سەرکەوتنی ٣١ ساڵەی تەمەنی پڕ لە جینایەت و سەرکوتی کۆماری ئیسلامییان لەو نیزامە تاڵ کرد. نەخش و رۆڵی ژنان لەو بزووتنەوەیەدا بەڕاستی جێگای سەرنج و شانازییە. ئەو بزووتنەوەیە بەشێکی گرنگ و کاریگەری لە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان پێک هاتوە. بزووتنەوەی ژنان کە ریشەیەکی قووڵتری لەم بزوتنەوە تازەیە هەیە و زۆر لەمێژترە لە سەنگەری خەبات دژی ستەم ونایەکسانییەکان دا خۆی نیشان داوە و ئەزموونی هەیە. ئێستاش ئەگەر نەڵێن ژنان وەک پێشەنگ و نمادی بزووتنەوەن، دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین حوزوورێکی یەکسانیان لەگەڵ پیاواندا لە خۆپیشاندانەکان دا هەیە و لە رێگەی گەیشتن بە خواستە گشتییەکاندا زۆر نرخی گەورەشیان داوە. تەنانەت جگەلە زیندان و شکەنجە و

ئازار، لە مردنیش باکیان نەبووە. ئەوان بە شکاندنی تابۆی تەبعیز لە ریزی خۆپیشاندەراندا جارێکی دیکە تالاویان بە گەرووی دەسەلاتدارانی ئەو نیزامە و سیستمی پیاوسالار دا کردوە. ئەو دیوارەی ٣١ ساڵە ئەو نیزامە پیاوسالارە لە نێوان ژنان و پیاوانی ئەم ولاتەدا دروستی کردوە، بە دەست لە نێو دەستی یەکتر مستێکی توندی دیکەیان لە دەمی کۆنەخوازان و لایەنگرانی پیاوسالاری داوەتەوە. حوزووری بەرچاوی ژنان لە ریزی نارەزایەتییەکاندا، راستە بە نارەزایەتیی دژی ئەم سووکایەتییە بوو کە بە دەنگەکانیان کرا، بەلام لە هەمان کاتیش دا دەبێ بەشداریی هەر حەرەکەتێکی گشتی لە لایەن ژنانەوە بە نیشانەی خواستی یەکسانیی و ئازادی دابنرێ. تێکەلاویی ریزەکانی ژنان و پیاوان لە خۆپیشاندانەکاندا، نیشانەی بوونی بیری یەکسانیخوازییە. ئەوەی کە ژنان لە لایەن راگەیەنەکانی دنیای دەرەوە بوونەتە نماد و پێشەنگی بزووتنەوە، تەنیا ناگەرێتەوە بۆ بەشداریی ئەم چەند مانگەیان لە خۆپیشاندانەکاندا، ئەوە بەرهەمی خەباتێکی دوور و درێژ و سەختی ژنانە لە بەرانبەر پێشێلکارانی مافەکانیان دا.

کۆتایی: ئەگەرچی مێژوو نیشانی داوە ژنانی ئێران لە شۆرشەکانی مەشرووتە و شۆرشی ١٣٥٧ خواستەکانیان کەوتە ژێر سێبەری خواستە گشتییەکان و لە ئاکامدا بۆخۆیان دەست بەتاڵ مانەوە، چونکە بۆخۆشیان زیاتر ئەولەویەتیان بە خواست و داواکارییە گشتییەکان دەدا. بەلام ئەمجارە ژنان بە پێی ئەو ئاگایی و وشیاری و ئەزموونەی هەیانە چی دیکە رێگە نادەن خواستەکانیان بکەوێتە ژێر پەردەی فەرامۆشی. هەروەها هەر ئێستاش دەبینین لە لایەن هەڵسووراوانی ژنان بەردەوام روو لە رێبەرانی بزووتنەوەی سەوز دەکەن کە دەبێ روانگە و هەڵوێستان لەسەر مافەکانی ژنان روونتر بکەنەوە. چاوەروانیتان لێ دەکرێ لە پەنا بەدواداچوونی مافە گشتییەکانی خەلکی ئێران، خواست و ئامانجە رەواکانی بزووتنەوەی ژنانیشتان لەبەر چاو بێ و لە هەڵوێست گرتنەکانتان دا بە روونی گەلالەکانتان لە پێوەندیی لەگەڵ مافەکانی ژنان بێننەبەر باس!

١٥ی ئەپریلی ٢٠١٠

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٠٩ - ٢٠٠٨ و ٢٠٠٧

---------------------------------------------------------

## دیمانە: کوێستان فتووحی: لای من شەرەف لە بیرکردنەوە و عەقڵی مرۆڤەکان دایە!

**پێشەکی: سایتی کانوونی نووسەرانی کوردستان، بۆ راڤە و شرۆڤە کردنی رەهەندە جیاوازەکانی بزووتنەوەی ژنانی کورد، زنجیرە وتووێژێکی لە گەل ژنانی ئاکتیڤی لایەنە پێوەندیدارەکانی بزووتنەوەی ژنانی کوردستان پێکهێنا، کە هەندێ لەو چاوپێکەوتنانە بڵاوکرایەوە. بەڵام بە هۆی کێشەی تێکنیکی ماڵپەڕی ئامادەپێکراو، پرۆژەکە بە ئاکام و ئامانجەکانی خۆی بە تەواوەتی نەگەیشت. ستافی بەڕێوەبەری ماڵپەری کانوون، وێڕای سپاس و پێزانین بۆ هەموو ئەو خاتوونانەی کە بە ئەرێنی بە دەم بانگەوازی پرۆژەکەوە هاتن و وەڵامی پرسیارەکانیان دایەوە، لە هەمان کاتدا خوێنەرانی خۆی ئاگادار دەکاتەوە کە تا ئەو کاتەی ماڵپەڕی کانوون بە دیزاینی نوێ و کارکردی نوێوە دووبارە وەشانی ئاسایی خۆی دەست پێ دەکاتەوە، لە گەل سایتی ڕێنێسانس نیوزدا لە پێوەندییەکی ئورگانیک و بەردەوامدا دەبێت بۆ درێژەی پرۆژە و بەرنامەکانی خۆی و ئەو بابەتانەی کە بڵاو نەکراونەتەوە، لەم ماڵپەڕەدا بڵاویان دەکاتەوە. جێی خۆیەتی سپاسی ستافی ماڵپەڕی ڕێنێسانس بکەین بۆ ئەو هەنگاوە پوزێتیڤە.**

**ستافی ماڵپەڕی کانوونی نووسەرانی کوردستان**

### وتووێژ

***با پرسیارەکانمان بەم ڕستەوە دەس پێ بکەین کە "ژن نیوەی کۆمەڵگەیە" ئەم ڕستەیە چ هەڵوێست و چ ڕایەک لە دەروونی ئێوە دا پێک دێنێ؟***

**وەڵام: ئەم دێرە دەمخاتە تەنگەژەیەکی دەروونییەوە. ئەمە وا دەگەیەنێ کۆمەڵگە یانی پیاو، ژنیش نیوەی کۆمەڵگەیە! هەرچی ئەم رستەیەم گوێ لێدەبێ تووڕەییەک لە ناخی مندا دروست دەبێ. تووڕەم دەکا بەرامبەر ئەم**

جیهانە پڕ لە هاڵاواردنە. بەرامبەر بە نیوەکەی دیکەی کۆمەڵ. ئەو نیوەی بۆتە هۆی چەوسانەوەی ئەم نیوەیەی خۆمی تێدا دەبینمەوە. ژن نیوەی کۆمەڵە! پیاویش نیوەی کۆمەڵە، بەڵام پیاو نیوەیەکی خۆی پێ زۆرترە و پێی وایە بەتواناترە! پێی وایە کۆمەڵگە یانی ئەو، ئەمەیە تووڕەم دەکا.

***پرسیار: جۆرەکانی خۆ کوشتن بە گشتی و خۆ سووتاندن بە تایبەتی وەک دیاردەیەکی باوی کۆمەڵگای کوردستانی لێهاتووە، ئێوە هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە بۆ چی دەگێڕنەوە؟***

***وەڵام:*** هۆکاری جۆراوجۆرن کۆدەبنەوە ئەو مرۆڤە دەگەیەننە بونبەست. وەک: فشار و ڕەفتاری توندوتیژی بنەماڵە، هەژاری، شەر و ئاژاوەی نێوان هاوسەر، تۆمەت و قسەی ناڕەوا هەڵبەستن بۆ ئەو مرۆڤە، تووڕەیی زۆر و گیروگرفتی لەرادەبەدەر، نەخۆشیی دەروونی و کۆمەڵێک دیکە، بێ هیوایی لە ژیان دا دروست دەکەن و ئەو مرۆڤەی کە ئەم بڕیارە دەدا دەیەوێ لە هەموو ئەو ئازارانە رابکات و تەنیا مردن بە چارەسەر دەزانێ.

***پرسیار: بە هۆی بارودۆخێکی شیاو لە کوردستانی باشوور، بە دەیان ڕێکخراوە و ناوەندی تایبەت بە ژنان خەریکی چالاکی و تێکۆشانن، بوونی ئەو ناوەند و ڕێکخراوانە خۆی لە خۆیدا بوونێکی پۆزیتیڤە، بە ڕای ئێوە ئەو ڕێکخراوانە تا چ ڕادەیەکڤ توانیویانە پرس و کێشە سەرەکیەکانی ژنان بووروژێنن و بۆ بن بڕ کردنی ئەو کێشانە هەوڵ بدەن؟***

***وەڵام:*** ڕاستە بە هاتنە ئارای ئەو هەلومەرجەی بۆ کوردستان دروست بوو بە دەیان ڕێکخراو و ناوەندی تایبەت بە ژنانیش دروست بوون. دیارە هەر دورست بوونی ناوەند و ڕێکخراوی ژنان لە کۆمەڵگەدا بۆ کەمکردنەوەی کێشەکانی ژنانە. بەڵام ڕێکخراوی ژنان لە کوردستان تا چەند توانیویانە ئەو ئامانجە بپێکن؟ من پێم وایە بە باشی نەیانتوانیوە کار بۆ ئەو کێشانە بکەن کە ژیان و کەسایەتی ژنی بەرەو تاریکی بردوە. دیارە بەڕاستی خەبات و داکۆکی کردن لە ماف و ئازادییە ئینسانییەکانی ژن لە باشووری کوردستان دا زۆر زۆر کارێکی سەختە. چونکە کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگەیەکی بەڕاستی دواکەوتوو و دڵڕەقە بەرامبەر بە ژنان. بۆیە ژنانی چالاکی ئەو ڕێکخراوانە زۆرجار کەوتوونەتە بەر تۆمەت و ڕەفتاری ناشیرن. دیارە ئەمەش پاساو نییە بۆ کەمکارییەکانی ئەو ڕێکخراوانە. لە کوردستان کار بۆ پرسی ژن جورئەتی دەوێ کە من ئەو جورئەتە لە زۆر لەو ڕێکخراوانەدا نابینم. پێوەرەکانی کۆمەڵگای کوردستان ژنی بێدەنگ و شەرمنی دەوێ. ڕێکخراوی ژنان بیهەوێ ئەم پێوەرانە بگۆڕێ دەبێ

ئازایەتی ئەوەشی هەبێ رووبەرووی ئەو کولتووره پیاوسالارییە ببێتەوە. بەترس و شەرمنییەوە ناتوانێ بەرەنگاری ئەو بیرکردنەوەیەی لە کۆمەڵگەدا هەیە ببێەوە. زۆربەی چالاکانی ئەو رێکخراوانە بە هۆی ترسەوە نەیانتوانیوە سنووره نەریتییەکان ببەزێنن. بۆیەش نەیانتوانیوە ببنە هێزی فشار بۆ سەر دەسەڵات و کۆمەڵگە. ئازایەتییش نرخی خۆی دەوێ. قسەی سووکیشیان پێدەگوترێ، تۆمەتیشیان بۆ هەڵدەبەسترێ، هەڕەشەشیان لێدەکرێ، نابێ لەوانە بترسن. ژنانی نێو ئەم رێکخراوانە هەر بەو پێوەرانە کار دەکەن کە نەکا کۆمەڵگە لێیان بڕەنجێ. رێکخراو ئەگەر بە ترسەوە کار بکا قەت سەرکەوتوو نابێ.

بە بڕوای من دیسانیش دەڵێم باسکردن لە مافی ژنان و هەوڵدان بۆ داکۆکیکردنی مافی ژنان لە کوردستان زۆر دژوارە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا رێکخراوەکانی ژنان لە چاو ئەو هەلومەرجە ئازادەی کە بۆ کاری رێکخراوەیی لە باشووری کوردستان هەبووە نەیانتوانیوە باش کار بکەن. مەبەستم ئەوەیە لە باشووری کوردستان لانیکەم لە لایەن دەسەڵات و حکوومەتەوە پێش بە رێکخراوێک نەگیراوە کە بڵێن ئێوە ئاسایشی نەتەوەییتان خستۆتە مەترسییەوە. ١٧ ساڵ مەجال بۆ رێکخراوی کۆمەڵایەتی و مەدەنی ماوەیەکی کەم نییە بۆ کار لەسەر عەقڵی کۆمەڵ. من ئەو جورئەتەیان تێدا نابینم کە بە روونی و ئاشکرا نەقدی ئەو کولتووره بکەن کە بۆتە هۆی چەوسانەوەی ژن. هەموو ئەو رێکخراوانە دروشمیان ئەوەیە بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی ژنان کار دەکەن. هەموو باس لە ماف و ئازادییەکانی ژنان دەکەن، بەڵام ژنانی نێو ئەو رێکخراوانە لە نێو ماڵەکانی خۆیاندا بەرامبەر بە سووکایەتی و ناعەداڵەتییەکان بێدەنگن. ئەوە نیشانەی ئەوەیە بەتەوای خۆیان لەم بیرکردنەوە و عەقڵییەتی پیاوسالارییە دانەماڵیوە. پاشان من ئەو شێوە کارکردنەم بە دڵ نییە. بۆ؟ چونکە هەر رێکخراوەی سەر بە حیزبێکە. زۆرتر کارەکانیان رەنگدانەوەی بیروبۆچوونی حیزبەکانیان بووە. حیزبەکانیش باش دەیانناسین چەندەیان مەسەلەی ژن بەلاوە گرنگە! پرسی ژن لای کامەیان خۆی بە علمانیتر و دیموکراسیخوازتر دەزانێ بە پاساوی مەسەلەی نەتەوایەتی و کوردایەتی، لە پەراوێز خراوە. هەروەها ئەو رێکخراوانە بە هۆی وابەستە بوون بەو حیزبانەوە زۆرتر پەیامی حیزبەکانیان پێبووە نەک پەیامی ژنان. هەر رێکخراوەی بۆ حیزبەکەی خۆی تێکۆشاوە بە تایبەتیش کە ململانێی حیزبایەتی لە کوردستان هەمیشە لە ئارادا بووە. ئەم پرشوبڵاوییەش بۆتە هۆی ئەوە نەتوانن ستراتیژیی هاوبەشیان هەبێ لە پێناوی نەهێشتنی ئەو دیاردانەدا کە لە کوردستان ژیانی ژنانیان کردۆتە دۆزەخ. ئەمە زۆری زیان گەیاندوە بۆ دۆزی ژنان لە کوردستان. ئەم هەموو خۆسووتاندن و کوشتن بە ناوی پارێزگاری لە شەرەف و نامووس و ئیهانەی ژنان لە کوردستان بەبەرچاوی ئەو هەموو رێکخراوەوە روویان داوە.

بەلام دیسانیش دەلێم سەرەرای هەموو کەموکورییەکان لە کارەکانیاندا، بوونیان هەر بە باشتر دەزانم لە نەبوونیان. با کارو تێکۆشانیان بەپێی چاوەڕوانییەکانی منێک نەبێ کە زیاتر چاوەڕوانیم هەیە رادیکالانە بجوولێنەوە .!

***پرسیار: خەتەنە یەکێک لەو شێوە دڕندە و توندوتیژانەیە کە سەبارەت بە مێینەی کورد ئەنجام دەدرێت، ڕەنگ بێ ئەمەش کاریگەریی ئیسلام و ولاتە ئیسلامییەکان لە سەر کۆمەلگای خۆمان بێت چ هۆیەک وای کردوە ئەو کردارە دڕندانەیە تا هەنووکەش لە کۆمالگای کوردیدا پەیڕەو بکرێت؟ ڕۆلی حکوومەت و هەروەها ناوەند و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان سەبارەت بەم کێشەیە چییە؟***

*وەلام:* هۆکاری مانەوەی ئەم جینایەتە، نەریتی بوونی ئەو کۆمەلگایانەیە. مانەوەی ئەو عەقلییەتە چەقبەستویەیە کە زۆر لەمێژە ریشەی داکوتاوە. ئەو باوەڕە سوننەتییەی خەلکە کە پێیان وایە خەتەنە دەبێتە هۆی پاراستنی پاکی و نەجابەتی کچ. بەشێک لە خەلک پێیان وایە ئەمە سوننەتی ئیسلامییە بۆیە باوەڕدارانی ئیسلام پێیان وایە لەسەریانە ئەو ئەرکە بەجێ بێنن. نەریتێکە کە ریشەی داکوتاوە و رۆچۆتە نێو بیر و زەینی کۆمەلگەوە کە هەلکەندنی هەر وا ئاسان نییە. ئەمە تیغی نەریتە ئێستاش کاری خۆی دەکا. دیارە شتێک زۆر گرنگە تا ئێستاش خەلک شەرم دەکەن باس لەو دیاردەیە بکەن. تۆ کە نەتتوانی باسی خەتەنە بکەی، چۆن دەتوانی باس لە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی بکەی؟ ئێمە کە پێمان شەرم بێ باس لە خەتەنە بکەین، چۆن دەتوانین بۆ نەهێشتنی کار بکەین. بەشێکی هەر ئەم شەرمەیە بۆتە هۆی مانەوەی ئەم دیاردەیە. دەبێ ئەم شەرمە بشکێ و ئەم دیارەدە نامرۆڤانەیە پەردەی لەسەر هەلدرێتەوە و باس لە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی بکرێ .

بەلام رۆلی حکوومەت و رێکخراوەکانی ژنان: پێش هەموو شتێک کاری رۆشنگەری دەوێ. کارکردن لە سەر عەقلییەتی کۆمەلگە دەتوانێ ئەم دیاردە نامرۆڤانەیە کەم بکاتەوە. دیارە دانانی یاساش بۆخۆی گرنگە، بەلام کەسێک کە باوەڕی بە مەسەلەیەک هەبێ بە شێوەی نایاسایییش دەتوانێ بیکات. گۆڕینی عەقلە دەتوانێ پێشی دیاردەیەکی وا بگرێ. ئەمەش لە سەر هەموو دامودەزگا پەروەردەییەکانی حکوومەتە، لەسەر رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ژنان، رۆشنبیران و هەموو ئینسانێکی ئاگایە لەم بارەیەوە بە ئەرکی خۆی بزانێ و کاری فەرهەنگی بکات. حکوومەت لەسەریەتی بۆ پێشگیری و سڕینەوەی ئەو دیاردە نامرۆڤانەیە بودجە تەرخان بکا. رێکخراوەکانی ژنان و داکۆکی لە مافی مرۆڤ پێویستە کۆڕ و سێمیناری بۆ پێک بێنن، لە سەر دامودەزگاکانی راگەیاندن، خەلک لە

بارەی ئەم دیاردەیە وشیار بکەنەوە. ئەمانە دەتوانن کاریگەرییان هەبێ لەسەر کەمکردنەوەی و دوایەش نەهێشتنی. بەڵام بەداخەوە تا ئێستا لەم بارەیەوە باش کار نەکراوە. حکوومەت ئەگەر بەرامبەر بە تەعەهوداتە نێونەتەوەییەکان لەمبارەیەوە خۆی بەبەرپرسیار بزانێ و بیر لە ئاکامەکانی ئەم کردەوەیە لە سەر نەوەکانی داهاتوو بکاتەوە، نابێ بێدەنگ بێت.

***پرسیار: هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، بە پێی ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی ئیسلامییە، یاسای ئیسلام بە زۆری لە کوردستاندا پەیڕەو دەکرێ، ئێوە ڕۆڵی ئایین چۆن هەڵدەسەنگێنن؟***

***وەڵام:*** ئایین کۆمەڵە باوەڕ و ڕێوشوێنێکە کە شتی پۆزێتیڤیشی تێدایە و شتی نێگەتیڤیش. لە هێندێک بواریدا نایەکسانی و نادادپەروەری تێدایە کە بەشی زۆریان بەداخەوە وەبەر ژن کەوتوون. ئایین لە هەڵاواردنی جنسیدا کاریگەری زۆری هەیە. ئایینە کە مرۆڤەکانی پلە بەندی کردوە. ئایینە دەڵێ ژن مرۆڤێکی کەم عەقڵە بۆیە بۆ شاهیدی لەسەر مەسەلەکان، دوو ژن بەرابەرە لەگەڵ یەک پیاو. ئایینە لە مەسەلەی هاوسەرێتیدا هەموو ئەولەویەت و ئیختیارێک دەداتە پیاو. ئایینە بە پیاو دەڵێ ئەگەر ژنەکەت بە گوێی نەکردی تەمبێی بکە! بەڵام ئەو مافە بە ژن نەدراوە کە مێردەکەی بە گوێی نەکرد، چی بکا؟! هەر لە ئایین دایە کە ژن کراوەتە کۆیلەی پیاوان. ڕوانین و بیرکردنەوە و لێکدانەوەی ئایینی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی کویلەبوونی ژنان. بەڵام بەداخەوە بۆتە تابۆیەک کەم کەس دەوێرێ ڕەخنە لە ئایین بگرێ.

***پرسیار: بە پێی جاڕنامەی مافی مرۆڤ هەر تاکێک بۆی هەیە خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات، بەڵام بە داخەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا ئەوە بە گشتی پیاوە چارەنووسی ژن دیاری دەکات، تەنانەت لە ژێر ناوی شەرەف و نامووس ئەو ئیزنە بە خۆیان دەدەن کە مێینەکان بکوژن، ئێوە ئەو کۆشتاری نامووسییە و هەروەها شەرەف و نامووس چۆن پێناسە دەکەن؟ بۆ بەرەنگار بوونەوە لە گەڵ ئەم دیاردەیە ئێوە چ مکانیزمێک پێشنیار دەکەن؟***

***وەڵام:*** پێناسەی من بۆ کوشتن لە ژێر ناوی نامووس و شەرەف: بە کارێکی ناڕەوا و دژی مرۆیی و قێزەونی دەزانم. کوشتنی نامووسی تەنیا تاوان و جینایەتێک دژی ئینسانێک نییە، بەڵکوو جینایەتێکە لە دژی بەشێک لە مرۆڤەکانی کۆمەڵگەیەک. نیوەی کۆمەڵگە تاوانی بەرامبەر بکرێ ئەوکۆمەڵگەیە دەبێ چ کۆمەڵگەیک بێ؟! کۆمەڵگەیەکی کارەساتبارە، نەخۆشە. نامووس کراوەتە بیانوویەک بۆ سەرکوتکردنی ژن. لای من شەرف لە

بیرکردنەوە و عەقڵی مرۆڤەکان دایە. شەرەف هزری مرۆڤدۆستانە و ڕێزگرتنە لە مرۆڤایەتی. ڕێزگرتنە لە ئازادییە ئینسانییەکانی مرۆڤ و هەموو بەهاکانی مرۆڤایەتی. بەداخەوە ئەم بەها مرۆییانە لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا ڕێز و نرخیان نییە.

بەڵام پێشنیار و میکانیزم بۆ بەرەنگاربوونەوەی جینایەتی ناموسپارێزی: خەبات دژی فەرهەنگێک کە ڕیشەیەکی قووڵی لە کۆمەڵگەدا داکوتاوە زۆر دژوارە، پێویستی بە پشتیوانی و یارمەتیی دامودەزگای حکوومەت و یاسا هەیە. ئەوانەی ژن بەو ناوە دەکوژن پێویستە لەلایەن دەسەڵاتەوە سزای قورسیان بۆ دیاری بکرێ بۆ ئەوە کەس نەتوانێ هەر وا بە ئاسانی بە بیانووی جۆراوجۆر گیان لە ئینسانێک بستێنێ. خەڵکی هەر وڵاتێک بۆ گیروگرفتەکانی ژیانی خۆیان یەکەم شت ڕوو لە دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەیان دەکەن. لەسەر ئەوانە ئەمنییەت و سڵامەتی خەڵک بپارێزن. بۆیە دەسەڵات پێویستە بە هەموو میکانیزمێک دەبێ بەرەورووی ئەم جینایەتە ببێتەوە. وەک دانانی سزای قورس بەبێ هیچ پاساو و مەرجێک بۆ بکوژان. پشتیوانی لە ژنان و پاراستنی گیانیان ئەرکی دەسەڵاتە. ڕێزگرتن لە کەسایەتی مرۆڤ، پارێزگاری کردن لە ژنانی هەژار و بێ پەناو بێدەرەتان و یارمەتیدانیان، بە ئەرکی خۆی بزانێ. بۆ کەمکردنەوەی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان هەنگاوی بەپەلە هەڵێنێتەوە. کارکردن لە سەر عەقڵی تاکەکان پێویستە کە لە ڕێی دامودەزگا پەروەردەییەکان، دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، بە کردەوەیەکی دژی مرۆڤانە و قێزەونی بزانن. هەروەها ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ، ڕێکخراوەکانی ژنان و چالاکانیان، ڕۆشنبیران، پسپۆرانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و مامۆستایانی خوێندنگاکان و هەموو تاکێکی کۆمەڵگە بەتایبەتی ئەوانەی بە جۆرێک لە خەمی مرۆڤایەتیدان لە پێناوی دنیایەکی دادپەروەردا هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە.

***پرسیار: کۆمەڵگای پیاو سالار لە تان و پۆی عەقڵیەتی کۆمەڵگای کوردی دا وەک ئەمرێکی واقیع بەر چاو دەکەوێ، بە ڕای ئێوە هۆکارەکانی درێژ بوونەوەی ئەو دیاردەیە تا هەنووکەش، لە چیدا دەبینن؟***

*وەڵام:* لە چەقبەستوویی ئەو کۆمەڵگەیە، لە سیستمی خێڵایەتی و لە بیروبۆچوون و زاڵبوونی یاسا و باوەڕە مەزهەبییەکان، لەو وڵاتانەی یاساکانیان لە ئایینەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەم عەقڵییەتە زۆرتر زاڵە. حاشا لەوە ناکرێ بەشێک لەو هەڵاواردنانەی بەدژی ژنان دەکرێ لە ئایینەوە سەرچاوەی گرتووە. ئایینیش پەیرەوپرۆگرامێکی نەگۆڕە. پەیرەوانی ئایین هەر جۆرە گۆڕانێک لە پێوەرە چەسپاوەکاندا ڕەت دەکەنەوە. کوردستانیش بۆخۆی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامییە بۆیە دابونەریتە کۆن و بەسەرچووەکان تا ئێستاش زاڵن و ئەم دۆخە و ئەم کولتوورە بە

ئاسایی دەزانرێ. پاشان لە هەمووی گرنگتر رازیبوونی ژنان لەو دۆخەی بەسەریاندا سەپاوە. زۆربەی ژنان بۆخۆیان باوەڕیان پێی هێناوە کە ئەوان نامووسی پیاوانی بنەماڵەن، پیاوان سەروەر و سالارن!! تەنیا پیاوە بڕیاردەرە لە سەر ژیانی ئەندامانی بنەماڵە و......

***پرسیار: ژن نیوەی کۆمەڵگایە ئەمە واقعێکی حاشا هەڵنەگرە، بە ڕای ئێوە ژنان بۆ خۆیان لە پەرەپێدان و برەودانی عەقڵیەتی پیاوسالار یان بە واتایەکی تر بۆ بەرگریکردن لەو چەمکە چ رۆڵێکیان گێڕاوە؟***

*وەڵام:* من پێم وایە ژنان لە پەرەپێدانی ئەو کولتوورەدا رۆڵی کاریگەر و مەنفی‌یان گێڕاوە. ژن ئەگەر بەم ستەم و دیلییەی خۆی رازی بوو و نقەی لێوەنەهات، لە مانەوەی ئەو عەقڵییەتەدا زۆر زۆر کاریگەرە. یان جاری وابووە ژن، ژنی سەرزەنش کردوە لەسەر بەگژداچوونەوە و راسان لە دەست زوڵم وستەم. یان دایک، خوشک هەبوون و هەن کوڕ و براکانیان هان دەدەن کە ئەو کچەی یاخی بووە لە نەریتی بنەماڵە، بۆ نموونە ڕەدووکەوتوە بکوژن چونکە پێیان وایە ئابڕووی بنەماڵەیانی لەکەدار کردوە. یان دایک ڕێگرە لەبەردەم هەڵبژاردنی ئازادانەی هاوسەر لەلایەن کچ خۆیەوە. یان بۆ نموونە ژن شوو بە پیاوێک دەکا کە ژنێکی دیکەی هەیە. ئەمانە و دەیان نموونەی دیکە هەن زوڵمن ژن لە ژنی دەکات. ئەمەش بۆخۆی هۆکارن لە لە مانەوە و پەرەپێدانی ئەو کولتوورەدا. ژن ئەگەر بۆخۆی لە زوڵم رانەپەڕێ هیچ، خۆشی زوڵم لە خۆی بکات، ئەوە لە مانەوەی ئەو عەقڵییەتەدا کاریگەری هەیە. من زۆرجار دەڵێم خۆمانین رازیین بەو چارەنووسە بۆیە لەسەرمان بەڕەوا دەزانرێ. ئەگەر خۆمان راپەرین و هێندە مل بۆ نایەکسانی رانەکێشین، پیاوسالاری ناتوانێ ئەوندە دەوام بێنێت.

***پرسیار: بزووتنەوە سەرتاسەریەکانی کوردستان بە زۆری لە هەل و مەرجی قەیران، بەرەنگاری، خەبات لە دژی تواندنەوە و ئاسمیلاسیون دا بوون، ئێوە بە چ شێوەیەک باسی کاریگەریەکانی ئەم بار و دۆخە لە سەر چارەنووسی ژنانی کورد دەکەن؟***

*وەڵام:* مێژووی کورد پڕبووە لە بەرەنگاری و خەبات بەڵام پڕیش بووە لە شکست. پرسی کورد چەند ئاڵۆز و پڕ کێشەیە دۆخی ژنی کورد سەد ئەوندە ئاڵۆزە. ژن کەمتری ئازار نەچێشتوە لە دەست دوژمنانی کورد بگرە زۆر زیاتریش. ئەگەر هاوسەر و براکانیان ئەنفال کراون، هیوا و هومێد و ژیانیش لەوان سەندراوەتەوە. ئەگەر سووکایەتی بە پیاوی کورد کراوە بە دڵنیاییەوە زۆر زیاتر بە ژن کراوە. ئازاری ژنی کورد جیا نەبووە لە ئازاری

پیاوی کورد. ئەو نەهامەتی و ڕۆژ ڕەشییانەی بەسەر میللەتی کورددا هاتوون، زۆر زیاتر بەرۆکی ژنانی گرتوە. بەداخەوە ئەوەتا ئێستاش ئازاری ئەو نەهامەتییانە بەرۆکی ژنانی بەرنەداوە. چارەنووسی ژنی کورد ئەوەتا ئێستاش لەبەر چاومانە: کوژرانی ئەو هەموو ژنە لە کوردستان لە سەر مەسەلەی ناموس بەردەوام بوونی ئەو توندوتیژییانە لەسەر ژنان بەشی زۆری هەر مانەوەی کاریگەری ئەو هەلومەرجەیە کە دوژمنان بەسەرمانی داسەپاندوە. زمانمان، ڕەفتارمان، پەروەردەمان، ئێستاش کاریگەریی ئیستبدادی پێوەیە. ئەوانە کاریگەری چەوساوەیی ئەو میللەتەیە ئێستاش بەرۆکی ژنانی کوردی بەرنەداوە.

***پرسیار: هەر چەند ە چەمکی فمینیزم و ئەم شێوە بزووتنەوەیە، سەرەتا لە ڕۆژئاواوە سەری هەڵدا و پاشان وەک چەمکێکی جیهانی هەمەگیر بوو، ئێوە پێتان وایە ڕەوت و ڕەهەندە مەعریفی و تئوریەکانی بزووتنەوەی ناوبراو تا چ ئاستێک گواستراوەتەوە ناو بزووتنەوە ژنانی کورد؟***

***وەڵام:*** من پێم وانییە تا ئێستاش ڕەهەندە مەعریفی و تیئۆرییەکانی بزووتنەوەی فیمینیستی گواسرابێتەوە کوردستان. بزووتنەوەی ژنانی کوردستان تا ئێستاش نەبۆتە بزووتنەوەیەکی فیمینیستی. فیمینیست لەسەر هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگە کە کاریگەری لەسەر ژنان هەیە، قسەی هەیە. من دەڵێم ڕێکخراوی ژنان لە کوردستان هەن و تێکۆشانیان هەیە بۆ مافەکانی ژنان. بەڵام ئەو ڕێکخراوانە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ هیچیان هەڵگری بیری فیمینیستی نین. ئەوان تەنیا کار بۆ ئەندامەکانی خۆیان دەکەن. یان لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا داوای ماف و ئازادییەکانی ژنان دەکەن. فیمینیست ژنان دابەش ناکات. جیهانبینی فیمینیست زۆر لەوە بەربڵاوترە لەوەی کە لە نێو ڕێکخراوەکانی ژنان لە کوردستان دەیبینن. لە ڕاستیدا بزووتنەوەی فیمینیستی ڕاستە بە ناوی چارەسەری کێشەی ژنان ناسراوە، بەڵام فەلسەفەی ئەو بزووتنەوەیە بەپێی هەلومەرجی گونجاو ڕێگە دەبینێتەوە بۆ چارەسەری هەموو کێشەکانی نێو کۆمەڵگە. دەتوانم بلێم بزووتنەوەیەک بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی ژن لە کوردستان هەیە، بەڵام ئەو بزووتنەوەیە زۆر بەهێز نییە یا ڕەوت و ڕێبازێکی وای نییە کە بتوانێ بۆ هەموو کێشەکانی کۆمەڵگە بیر بکاتەوە و بتوانێ کاریگەری لە سەر بیروبۆچوونی زاڵی پیاوسالاری دابنێ. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم بڵێم لە کوردستان بە تاک ژنی زۆر ئاگا و وشیار هەن کە خۆیان لەگەڵ ڕەهەندەکانی بزووتنەوەی فیمینیستی ڕاهێناوە بەڵام بەداخەوە ئەوندە کەمن کە دەنگیان کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە لەسەر کۆمەڵگە.

***پرسیار: چەمکی فمینیزمی کوردی لە ناو باس و لێدوان و ئەدەبیاتی هەندێ لە لایەنگرانی ئەو چەمکەدا***

***دەبینرێ، هەر چەندە ئەم چەمکە هەندێ کەس لایەنگری لێ دەکەن و بە پێچەوانەیشەوە هەندێ پێیان وایە کە فمینیزم چەمکێکی جیهانییەو پێویست بەوە ناکات لۆکاڵ و ناوچەیی بکرێتەوە؟ ڕای ئێوە لەم بارەوە چییە؟ پارامترە سەرەکیەکانی سەرهەڵدانی ئەم چەمکە لە چیدا دەبینن؟***

**وەڵام:** مەسەلەی ژنان و بزووتنەوەی ژنان بیرۆکەیەکی تازە نییە، ئەمە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٨ و سەرەتای سەدەی نۆزدەدا لە ڕۆژئاوا سەری هەڵداوە. ئێستاش بۆتە چەمکێکی جیهانی و ژنی کوردیش دەتوانێ فیمینیست بێ. دەتوانێ ئەو فەلسەفەیەی هەبێ نازانم فیمینیستی کوردی چییە؟ کەسێک بۆ یەکسانی ، بۆ دادپەروەری خەبات بکا لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانەدا بێ، دەکرێ فیمینیست بێ. بزووتنەوەی فیمینیستی بزووتنەوەیەک نییە تایبەت کرابێ بە ڕۆژئاوا، ژنی کوردیش دەتوانێ بەروانینی جۆراوجۆرەوە کار بۆ چارەسەری کێشەکان بکا. ئەم فەلسەفەیە ئاڵترناتیڤی سیستمی پڕ لەهەڵاواردنە؟ بۆ ژنی کوردیش ناتوانێ ئەم ئاڵترناتیڤەی هەبێ؟ ئەگەر بۆ فەلسەفەی فیمینیزم تێبکۆشێ، ئەگەر لە پێناوی یەکسانی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی‌دا بێ خەباتەکەی خەباتێکی فیمینیستی‌یە. هەڵبەت بە پێی تایبەتمەندی و هەلومەرجی هەر وڵاتە دەکرێ. هەڵسەنگاندی جیاواز هەبێ لەسەر فیمینیزم. ڕەنگە ئەم خەباتەی ژنی کورد یا ڕێکخراوەکانی ژنان بەم شێوەیەی لە وڵامی یەکێک لە پرسیارەکان باسم کرد، فیمینیزمی کوردی بێت! هەموو ژنانی جیهان ناعەداڵەتییان لەگەڵ کراوە، زۆر روون و ئاشکرایە پارامتری سەرەکی سەرهەڵدانی ئەم چەمکەش لە ناعەداڵەتییەوە بووە. چەمکی فیمینیزم بۆتە بزووتنەوەیەک لە پراکتیکدا بۆ چارەسەری هەموو کێشەکانی کۆمەڵگە تێدەکۆشێ . واتە بۆ کولتوورێکی پێشکەوتوو و هاوسەنگ خەبات دەکات.

***پرسیار: بەڕێزتان بزووتنەوەی سەرتاسەری ژنان لە ئێران دا، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ کاریگەری ئەو بزووتنەوەیە لە سەر ژنانی کورد خاوەنی چ پێگەیەکە؟***

**وەڵام:** بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ئاگا و بەهێز و ئامانج روون: بۆ ئازادی و بەرابەری مافەکانیان لە هەموو مەیدانەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی‌دا هەنگاو هەڵدێنێتەوە. لە بارودۆخێکی سەرکوتکەرانەدا ئەو بزووتنەوەیە بە ئازایەتی و پشت ئەستوور بە هێزی ژنان لە مەیدان دایە و لە سەر خواستەکانیان کە ئاڵوگۆڕە لە یاساکانی وڵاتدا سوورن. ئامانجەکانی ئەو بزووتنەوەیە مەرزی دروست نەکردوە بۆ ژنی کورد و فارس و تورک و عەرب... هەموویان خۆیان لەو بزووتنەوەیەدا دەبیننەوە. ڕاستە ژنی کورد لە ژنی فارس زۆر زیاتر دەچەوسێتەوە و دەردی

دوو بەرابەری هەیە بە هۆی کوردبوونییەوە، بەڵام خۆیان لە چوارچێوەی یاساکانی ئێراندا دەبیننەوە بۆیە جگە لە تەئید لەسەر ئەو خاڵانەی کە بزووتنەوەی سەراسەری ژنانی ئێران تێکۆشانیان بۆی هەیە و چالاکانەش تێیدا بەشدارن. بەڵام لە نێوئەو بزووتنەوەیەدا جگە لە داوا گشتییەکان داوای دیکەشیان هەیە. ئەوان دەیانەوێ منداڵەکانیان بە زمانی کوردی بخوێنن و بنووسن و بیر بکەنەوە. ئەوە بە مافی ئینسانی خۆیان دەزانن. ژنی کورد ماف و ئازادی بۆ میللەتەکەشی دەوێ .

***پرسیار: وەک دوا وتە چ پێشنیارێکتان هەیە بۆ ئەوەی کە بارودۆخی ژنی کورد بەرەو باشی بچێت؟***

***وەڵام:*** ئاڵوگۆڕ لە کولتووردا. کولتوور کۆمەڵێک شتە وەک پەروەردە و فێرکردن، باوەر، داب و نەریت، ئەمانە نۆرم و بەهاکانی کۆمەڵگەیەکن. لە کۆمەڵگەی کوردستاندا لە هەموو ئەوانەدا بیرکردنەوەی پیاوسالاری زاڵن. بیرکردەوەی پیاوسالاریش بیرکردنەوەیەکی ژن بەکەمگرە. بیرکردنەوەیەکە بایەخ بە هەست و داواکانی ژنان نادات. بۆ ئەوەی بارودۆخی ژنان بەرەو باشی بچێت دەبێ ریفۆرم لەوانەدا بکرێ. هەتا ئالوگۆڕ لە کولتوورەکەماندا پێک نەیە، بارودۆخی ژنان هەر ئاوا کارەساتبار دەبێ. ئەمەش تێکۆشانێکی بەردەوام و هەمەلایەنە و هەموو لایەکی دەوێ. زۆر جار دەگوترێ ژن خەتای خۆیەتی ئەم دۆخەی بەسەردا سەپاوە.. من ئەمە بە راست دەزانم. سەرەکیترین کارەکتەر بۆ گۆڕینی کولتوور ژنە، چونکە یەکەم پەروەردەکارە. ژن پێویستە خۆی پەروەردە بکا، بۆخۆی لەبەرامبەر زوڵم و ناعەداڵەتییەکانی بەرامبەری دەکرێن دەنگ هەڵبڕێ. بارودۆخی ژنان هەر بە خەبات چاک دەبێ. ژنی کورد پێویستە لەو مەزڵوومییەتە بێتەدەر راپەڕێ و بەگژ ئەوانەدا بچێتەوە کە مافەکانیان پێشێل دەکەن. لەبەرامبەر ئەو یاسایانەدا راوەستێ کە ناعەداڵەتییان تێدایە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ژن پێویستی بە هاوکاری هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ یەکسانیخوازی و دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا دا پەرەپێ بدا. ئەمەش ئەرکی پیاوانی رۆشنبیر و ئازادیخواز و عەداڵەتخوازە لەم پێناوەدا هاوکاری ژنان بکەن و لەخەباتە عەداڵەتخوازییەدا بەشداری بکەن .

٨ی نوامبری ٢٠٠٩

## بزووتنەوەی ژنانی ئێران، راستییەکی حاشالێنەکراو

زیاتر لە سەد ساڵ لە رۆژی ٨ی مارس، رۆژی جیهانیی ژنان تێپەڕیوە. لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا بزووتنەوەی ژنان لە جیهاندا بۆ ئازادی و یەکسانی زۆر پێشکەوتنی بە دەست هێناوە. بە تایبەتی لە وڵاتانی رۆژئاوادا ژنان لە باری ئابوورییەوە سەربەخۆیی زۆرتریان لە بەڕێوەبردنی ژیان دا دەست کەوتوە. لە بوارەکانی دیکەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و بەدەستهێنانی مافە مەدەنییەکانیشەوە شاهیدی تێکۆشان و بەرەوپێش چوونیانین. مافی دەنگدان و زۆرمافی دیکە بۆ ژنان بۆ یەکەم جار لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە رۆژئاواوە بە رەسمییەت ناسرا.

بەڵام لە وڵاتانی وەک ئێران و ناوچەدا دەکرێ بڵێین بزووتنەوەکانی ژنان نەک پێشکەوتنی زۆریان نەبووە، بەڵکوو لە هێندێک بواردا پاشەکشەشیان پێکراوە. بە هۆی هاتنەسەرکاری رێژیمێکی کۆنەخوازی وەک کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا، بیروبۆچوونی کۆنەپارێزانە لەو وڵاتەدا و تەنانەت لە ناوچەکەشدا پەرەی ستاند.

بزووتنەوەکانی ژنان مەیدانی تێکۆشانیان بەرتەسک بۆوە. هێندێک لەو مافانە کە ژنانی ئێران بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان لە ماوەی ١٠٠ ساڵی رابردوودا وەدەستیان هێنابوو و، چارەنووسی ئەوانی بەرەو داهاتوویەکی روونتر دەبرد، زۆربەیان هەڵوەشانەوە و لەجێگەیان یاسای کۆنەپەرستانەو سوننەتی و پڕ لە هەڵاواردن لە دژی ژنان پەسند کران. کولتووری نێرسالاری و پڕلە ناعەدالەتی پەرەی سەند و هەلومەرجی ژیانی ژنان لە هەموو بوارەکاندا بەرەو ناخۆشی چوو. ئەم سەرکوت و دژایەتییانە تا ئێستاش لە دژی ژنان بە توندترین شێوە بەردەوامن.

خەبات دژی فەرهەنگێک کە ریشەیەکی قووڵی لە کۆمەڵگەدا داکوتاوە زۆر دژوارە، پێویستی بە پشتیوانی و یارمەتیی دامودەزگای حکوومەت و یاسا هەیە کە ئەمەش پێچەوانەکەی بۆ ژنانی ئێران هاتەدی. بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی نەک کەمترین بوار بە خەباتی یەکسانیخوازی لە ئێران نەدرا بەڵکوو بە هەموو شێوە هەوڵ درا رێگە لە پێکهاتنی کۆمەڵگەیەکی یەکسانیخواز و ئازاد بگیرێ. بەڵام ژنانی ئێران لەمە ناهومێد نەبوون. لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا ئەو هەلومەرجە داسەپاوەیان قبووڵ نەکردوە و لەگەڵی لە بەربەرەکانی دا بوون.

بزووتنەوەی ژنانی ئێران ئەگەر لەگەڵ حکوومەتێکی سەرکوتکەر بەرەوڕووە، بەڵام ئەمڕۆ ئەو شانسەی هەیە کە لە دەورانێکدا دەژی گوتاری یەکسانیخوازی لە جیهاندا بۆتە گوتارێکی زاڵ و رەوا. بە هۆی پێشکەوتنەکان و دروستبوونی ئیمکاناتی پێوەندی گرتن لە جیهاندا ئەو بوارە بە ژنانی چالاکی ئێران دراوە تا لەگەڵ بزووتنەوەکانی ژنان لە ولاتانی جۆراوجۆردا بکەونە وتووێژو، بیروڕاگۆڕینەوە، تا لە زانیاری و ئەزموونەکانی یەکتر کەڵک وەربگرن و کێشەکانی خۆیان لەگەڵ ئەوان بێننە بەرباس. بە هۆی ئەم پێوەندییانە و جموجۆڵی زیاتر و گەڵاڵەکردنی خواستەکانیان بە شێوەیەکی ئاشتییانە و مەدەنییانە لەم سێ چوار ساڵەی دوایی دا لە هەموو کات زیاتر  ئەم بزووتنەوەیە ناسراوە و بۆتە جێگەی سەرنجی کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکان.

ئەگەرچی ژنانی ئێران دەزانن تا ئەو رێژیمە لەسەر کار بێ ناتوانن بە ئامانجە بنەرەتییەکانیان بگەن، بەڵام دەستیان لەسەر دەست دانەناوە.ئەوان  چاویان لەوە نیە ئەم رێژیمە بڕووخێ جا ئەو کات بە مافەکانیان بگەن. بەڵکوو لە چوارچێوە و لە ژێردەسەلاتدارەتیی ئەو رێژیمەش دا دژی نابەرابەرییەکان و بو سڕینەوەی نایەکسانییەکان خەبات دەکەن. بە هۆی ئەو خەباتەوە، ئەگەر نەشتوانن ویستەکانیان بە سەر سیستەمی دژە ژن و پیاوسالار دا بسەپێنن، لانیکەم دەتوانن بەر بە چەوسانەوەی زیاتری خۆیان بگرن. دەتوانن بیری یەکسانیخوازی و کەلتووری تەسلیم نەبوون لە بەرانبەر بێ مافی و چەوسانەوەدا پەرە پێ بدەن. بوونی بزووتنەوەیەکی بە هێزی ژنان هەم ئاگایی دەدا بە ژنان و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ و، هەمیش بڕوایان بە هێزی ژنان پتەو دەکا. هەم بیروڕای گشتیی دنیا لەو ستەم و نابەرانبەرییانە ئاگادار دەکاتەوە کە لە دژی ژنان لەئێراندا هەیە. ژنانی ئێران ئەو راستیە دەزانن، ئەگەر ئاگایی و ئامادەیی پێویستیان  نەبێ و لە بزووتنەوەیەکی بە هێز بێبەش بن، ناتوانن بە قازانجی ماف و ئازادییەکانی خۆیان شوێن لە سەر گۆڕان و رووداوەکانی داهاتوو دابنێن. هەر بۆیە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین هەر دەسەلاتێک لە سبەینێی ئێراندا بێتە سەرکار، ناتوانێ سەنگی ئەم بزووتنەوەیە نەبینێ و حیسێب بۆ خەبات و ویست و داخوازەکانی ژنانی وشیار و کۆڵنەدەری ئێران نەکا.

١٥ی مارسی ٢٠٠٩

# ژنان و کارەساتی ژینگە

ئایا تیشکی هەتاو بەشێوەی یەکسان بەسەر ژنان و پیاوان دا بڵاو نابێتەوە؟ مەگەر هەموو مرۆڤەکان وەک یەک بە باران تەڕ نابن؟ نا!نا! ئامار نیشان دەدا کە پیاوان دوو بەرابەری ژنان لە گۆڕانی ئەتمۆسفۆردا نەخشیان هەیە. لە بەرامبەردا ژنان دوو هێندەی پیاوان لە پێناو هاوسەنگی کەشوهەوادا تێدەکۆشن کارەساتێکی گەورە و جیهانی چاوەڕوانیمان دەکا ئێستا ئیدی کاتی هەڵێنانەوەی هەنگاوی خێرایە. دەبێ ژیانی ئەم تۆپە کە شوێنی ژیانی منداڵان و نەوەکانمانە، رزگار بکەین. هەر تاکێک لە دەست خۆی دایە کە بڕیار بدا و بەرپرسیاریەتی خۆی لە وێران کردن یا رزگار کردنی شوێنی ژیاندا روون بکاتەوە. هەرکەس دەتوانێ بە رەفتاری خۆی، رادەو شێوەی کەرەسە و خواردنێک کە کەڵکی لێ وەردەگرێ، گازی کەربۆنێک سات بەسات بەرەو ژوور بەرێ یان کەمی بکاتەوە. ئاکامەکانی گۆڕانی کەشوهەوا کە بە هۆی پیس بوونەوە وەدی هاتووە وەدی دێ، جێگەی داخە. ئەو گۆڕانە دەتوانێ ٥ تا ٢٠ لە سەدی بەرهەمی نەپاڵێوراو میللی جیهان لە ناوبەرێ. لە حاڵێک دا هەر ئێستا دەکرێ تەنیا بە کارهێنانی یەک لە سەد لەو دەرکەوتە (یانی نزیک ٢٧٠ میلیارد یورۆ لە ساڵ دا، لە پێوەری جیهانی دا) پێش بە بەرەوپێشچوونی ئەو کارەساتە بگیردرێ.

ئەو رەوتەی ئێستا دەبێتە هۆی ئەوە گەرمای تۆپی زەوی تا ساڵی ٢١٠٠ بە رێژەی دوو تا شەش پلە زیاد بکاو لە ئاکام دا لە لایەکەوە بە توانەوەی کێوە سەهۆڵەکان و لە لایەکی دیکەشەوە کەمیی ئاو، لە هەر شەش مرۆڤ یەکیان لەگەڵ مەترسیی لەناوچوون بەرەوڕوو دەبێ. واتە سەدان میلیون مرۆڤ بێ ماڵ و حاڵ دەبن، سەدان میلیۆن کەس دەبێ لە شوێنی ژیانی خۆیان رابکەن و، لە هەر ١٠ جۆر گیانلەبەریش، چوار جۆریان لە ناو دەچن.

بە سەرنجدان بەو هەلومەرجە، ئیدی کات نەماوە. ئێستا کاتی ئەوە هاتوە بە کردەوە هەنگاو هەڵگیرێ. هەنگاوێک کە بەداخەوە ئاسانیش نیە.

لەم کاتەدا ئینسان دەبێ بڕیار بدا کە چ بکا تا بە گۆڕانی کەشوهەوا ژیانی ئەو و منداڵانی ئەو لە نێو نەچێ و لە پلەی یەکەم دا ئەو بڕیارە لە دەستی ئەوانە دایە کە هێزو دەسەڵاتیان بەدەستە.

لە راستی دا هەنگاوەکانی ئێستای ئێمە لە پێوەندی لەگەڵ ژینگەدا، کاریگەری خۆی تا ساڵی ٢٠٥٠ دەردەخا.

ئەوە بەو مانایەیە کە ئیدی ناتوانرێ پێشی ڕووداوێک بگیرێ کە لە ساڵی ٢٠٥٠ دا ڕوودەدا. پسپۆڕان ساڵی ٢٠٧٥ یان وەک خاڵی وەرچەرخانی گۆڕانی کەشوهەوادا ڕاگەیاندوە. ساڵانێک کە ئێمە نەماوین و ڕۆڵەکانمان و منداڵەچووکەکانی ئەوان لەگەڵ کارەسات بەرەوڕوو دەبنەوە. یانی کەسانێک کە بۆخۆیان لە ڕوودانی کارەساتەکاندا چووکترین نەخشیان نەبووە.

وێڕای هەموو پێداگرییەکان بەرامبەر بە ڕوودانی کارەسات لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی گۆی زەوی، بەڵام ناوەندی ئەسڵیی کارەسات لە ناوچەکانی باکوور دەبێ. شوێنێک کە هەر ئێستاش لە هەژارترین ناوەندی جیهان بە حیساب دێ. پێویستە بگوترێ کە لەسەدا ٢٥ی گازی کەربۆنیکێک کە گۆی زەویی کردوە بە تۆپێکی گەرم و پیس و هەناسە لێ براو، لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بەرێ دەکرێ بۆ ئەتمۆسفێر "جو". وڵاتێک کە ئێستاش تەنانەت ئامادە نیە واژۆی هیچ قەراردادێک بکا کە پابەندی بکا بە کەمکردنەوەی ئەو گازە.
بۆ ئەوەی لە ئاست کارەساتی کەشوهەوا ڕاوەستین و خۆمان ڕێک بخەین پێویستمان بە سێ مەرج هەیە: یەک:

هەست بە ڕوودانی کارەساتێکی لەو چەشنە بکەین و بتوانین هاو خەمی لەگەڵ ئەو مرۆڤانە بکەین کە بە هۆی ئەوەوە لەناو دەچن.

دوو: نابێ هیچ جۆرە قازانجێکمان لە گۆڕانی ئەتمۆسفێردا هەبێ‌و سێهەم ئەوەیە کە دەبێ توانای پێش بینی و لێکدانەوەی هەلومەرجەکانمان هەبێ تا بتوانین لە ڕوودانی ئەو ڕووداوانەدا کە بەرێوەن، ئاکامێک بگرین و داهاتوو بێنینە پێش چاومان. چ کەسێک ئەو مەرجانەی تێدایە؟ کاتێک بە وردی سەرنج دەدەین، دەبینین کە ژمارەیەکی زۆر کەم ئەو مەرجانەیان تێدایەو دەتوانن بە کردەوە کاریگەرییان هەبێ و سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ژنان زۆر زیاتر لە پیاوان ئەو مەرجانەیان تێدایە. سەرەڕای ئەمەش کارو کردەوەی پیاوانە دەبێتە هۆی خێرایی ئاڵوگۆڕەکانی کەشوهەوا. بەڵام ئەوە ژنانن کە زۆرتر دەبنە قوربانی ئاڵوگۆڕ لە ئەتمۆسفێردا.

بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە لە سوئێد کراوە، پیاوان لە تەمەنی نێونجی دا دوو بەرابەری ژنانی ئەو تەمەنەدا وزە بە کار دێنن. هۆکارێک کە لەو لێکۆڵینەوەیەدا ڕاگەیاندراوە بریتی‌یە لە: یەک، پیاوان ئۆگرییەکی زۆر زیاتریان بە ماشێن، شۆفیری و توند ڕۆیشتن هەیە. دوو، ئۆگری زۆر بە خواردنی گۆشت. ئەو مەیل و ئۆگرییە لە پیاوان دا زۆر زیاتر لە ژنان و ریشەی لە فەرهەنگێکی کۆن دا هەیە کە پیاو بە گۆشت خواردنی زۆر پیاوتر دەبێ. هەموو

کەس ئەو فەرهەنگەی لە بیرە لە کاتی منداڵیدا کە بەشی گۆشت و کەبابی باوک دوو یا سێ بەرابەری ژن یان منداڵەکان بوو. ئەو فەرهەنگە ئەوە دوای ئەوە گوێزراوەتەوە و لەو ڕێیەش دا کۆمپانیا و سەنعەتە گەورەکانی ڕاگرتن و پێگەیاندنی بەراز، مانگاو مەڕ هەروەها مریشک و قەل و... بە جۆرێک پەرەی سەندووە بە شێوەیەکی لێشاویش بە هۆی بەکارهێنانی هورمون و دەرمانی شیمیایی، ڕۆژبەرۆژ بەرهەمی گۆشت لە زیادبوون دایە بۆ بە هێنانە بازاڕ و بە قیمەتی هەرزان و پەرەیان بە خواردنی ئەو بەرهەمە لە کۆمەڵگەدا داوە.

لەو پێوەندییەدا دەکرێ بڵێین، تەنیا بەرهەمهێنانی گۆشت لە دنیادا، بەرپرسایەتی ١٨ لە سەدی چوونە سەری گازی کەربۆنیکی لە ئەستۆیە. بەرهەمهێنان و بەخێو کردنی نیو میلیارد گا و مانگا، ١/٧ میلیارد مەڕو بزن، بۆتە هۆی ئەوە کە کونی لایەی ئۆزون ڕۆژ بەرۆژ گەورەتر ببێتەوە. هەڵبەتە بڕینەوەی داری دارستانە گەورەکان بۆ خۆراکی ئەو گیانلەبەرانەش دەکرێ هۆکارێک بێ بۆ چوونە سەری گازی کەربۆنیک. ئەو دارستانانە دەتوانن پێشگیری لە چوونە سەری ئەو گازە بکەن، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ لەناو دەچن.

سێهەمین هۆکار زۆر ئاسانە. پیاوان بە گشتی زۆر کەمتر لە ژنان سەرنج دەدەنە ژینگە. ئەوان گوێ نادەنە جیاکردنەوەی زبڵ و زاڵەکان و گرنگییەک نادەن بەو خاڵانەی کە هەر یەک بە نۆرەی خۆیان یارمەتی بە پاراستنی ژینگە دەکەن.

ناوەندی گرین ـ پیس دوای ڕاپرسییەک کە لە ساڵی ٢٠٠٤ کردوویەتی ڕایگەیاندوە ٥٠ لەسەدی ژنان گۆڕانی ئەتمۆسفۆریان بە مەترسیدار هەڵسەنگاندوە، لە حاڵێک دا تەنیا ٤١ لەسەدی پیاوان ئەو بۆچوونەیان هەبووە. لە ئاکامی ئەو گۆڕانەدا ٧٠ لەسەدی ژنان بۆ ژیانی منداڵ و نەوەکانیان نیگەرانن. بەڵام تەنیا ٤١ لەسەدی پیاوان ئەو هەستەیان هەیە.

دامەزراوەیەکی دیکەی توێژینەوە بە ناوی PIK لە ساڵی ١٩٩٨ لە ڕاپۆرتێک دا ڕایگەیاندوە کە ژنان زیاتر لە پیاوان خۆیان لە تیشکی خۆر "اشعه ماوأ بنفش" دەپارێزن، لە پیاوان زیاتر میوە و سەوزیجات دەخۆن، کەمتر ئاو بەفیڕۆ دەدەن و کەمتر شۆفێری دەکەن. ژنان خەباتکارانی پلە یەکن لە بەرابەر گۆڕانی ئەتمۆسفۆردا.

وڵاتانی یەکگرتووی ئورووپا بڕیاریان داوە تا ساڵی ٢٠٢٠ وزەی جێنشینیی کە گازی کەربۆنیک دروست ناکا لە

٦/٥ لە سەدەوە بە ٢٠ لە سەد بگەیەنن، ئەوە شتێکی باشە. بەڵام گرفتێکی چووکە لە نێوەدا هەیە. پرسیار ئەوەیە ئایا وزەی ناوکی (ئەتۆمی) وەک وزەی جێنشین بە حیساب دێ یان نا؟ وڵاتی فەرانسە بە تەواوی هێزەوە لە سەر وزەی ناوکی وەک وزەی جێنشین پێدادەگرێ و لە ئاڵمانیش ئەو باسە لە گۆڕێ دایەو بەداخەوە لایەنگرانی وزەی ناوکی دەستێکی باڵایان هەیە.

## ئەتمۆسفۆر گرفتی ئەمڕۆ؟

گۆڕانی ئەتمۆسفۆر مەسەلەیەکی نوێ نیە. لە ساڵی ١٨٩٦، یانی زیاتر لە ١١٠ ساڵ لەوەپێش، سوئانتە ئارینوس، زانای سوئێدی بە پێی توێژینەوەیەک رایگەیاند کە گۆی زەوی بەرەو گەرم بوون دەڕواو ئەوەش بەرەکەتێکە بۆ مرۆڤەکان! ئارینوس کە براوەی خەڵاتی نۆبل بوو، روونی کردەوە کە سووتەمەنی سەرچاوەگرتوو لە زوغاڵ، نەوت و گاز دەبێتە هۆی چوونەسەری زیاتری گازی کەربۆنیک و لەو لایەنەوە پلەی گەرمای تۆپی زەوی دەچێتە سەرێ. زەوییە بێبەرهەمەکان و قاتی و قڕی پێوەندی بە رابردووەوە دەبێ و هەلومەرجی ئەتمۆسفۆر باشتر دەبێ. لەو دەورانەدا گەرما باش و بە ئاوەدانی بە حیساب دەهات و سەرماش بە شتێکی خراپ و وێرانکەر.

وایکینگەکان لە هەوای گەرمی ساڵەکانی ٩٠٠ تا ١٣٠٠ توانیان بە مەڕداری، یارمەتییەکی گەورە بە باشتر بوونی ژیانی ئینسانەکان هەر لە گریلەندەو تا ئەمریکا بکەن. لە ئورووپا شاری تازە درووست بوون و رێژەی دانیشتوان لە ٣٠ میلیونەوە بوو بە ٨٠ میلیون. دوای ساڵەکانی ١٣٠٠ کە سەهۆڵبەندان حاکم بوو دووبارە شارنشینی و خەڵک لە ناو چوون. هاوینان باران و زستانانیش سەهۆڵبەندان. دانەوێڵە هەڵی نەدەداو زۆربەی دێهاتەکان لەناو چوون و برسیەتی باڵی بەسەر خەڵک دا کێشا. تەمەنی ئینسانەکان ١٠ ساڵ کورتتر بۆوە. لەو سەردەمەدا گەرم بوونی تۆپی زەوی بە مەترسی حیساب نەدەکرا و بەرەکەتی بەدواوە بوو. بەڵام لە ساڵەکانی ٨٠ و لە دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینگەوە مەترسیی گەرما بە شێوەیەکی جیددی راگەیاندراو لەو کاتە بەدواوە هەر پلەیەک کە بە گەرمای ئەتمۆسفۆرەوە زیاد دەبێ، کارەساتی ئەتمۆسفۆر لە راستیی نزیکتر دەبێتەوە. کارەساتێک کە ئاکامەکانی دەکرێ بە هاوتای شەڕەکان بەراورد بکرێ.

لەو پێوەندییەش دا دەکرێ بەڕوونی ببینرێ کە چۆن وڵاتانی دەوڵەمەندو پێشکەوتوو لە گەرم بوونی تۆپی زەوی سوود دەبینن و دیسانیش وڵاتانی هەژارو یا لە حاڵی پەرەسەندن دا بەرەو لەناو چوون دەچن. بۆ نموونە وڵاتێکی

وەک کانادا و رووسیە یا وڵاتانی ئیسکاندیناوی لە گەرمتر بوونی هەوا ئەوپەڕی کەڵکی لێوەردەگرن و هەروەها زۆر لە وڵاتانی ئورووپایی بە گەرمتربوونی پلەی گەرما چ لە بواری وەرزێری و چ لە لایەنی توورێستییەوە زیاتر دەپشکوون.

۹۰ ساڵ دواتر لە کونفرانسی نێونەتەوەیی وەیلاخ لە ساڵی ۱۹۸٦ ڕەوتی ئاڵوگۆڕی ئاوهەوا جیهانی لێ ئاگادار کرایەوەو لە ساڵی ۱۹۹۲ بۆ یەکەمین جار لە کونفرانسی نێونەتەوەیی ریو وڵاتانی حاکم لە دنیادا ئەرکیان خرایە سەرشان بەرزبوونەوەی گازی کەربۆنیک کە بەرهەمی تێکۆشانە هەستەیی‌یەکانە کەم بکەنەوەو لە پیس کردنی هەوای تۆپی زەوی خۆبپارێزن. هەرچەند ئێمە ئێستا دەزانین کە ئاکامی ئەو کۆنفرانسە تاچەندە بەرەوپێش چووە و دەوڵەتەکانی ئەوکات چۆن بەرێوەیان بردوە!

لە ساڵی ۲۰۰۵، ۱٤۱ وڵاتی دنیا پرۆتۆکولی کیوتۆیان واژۆ کرد و لە ژێر رووناکایی ئەو پرۆتۆکولەدا بریاریان دا تا ساڵی ۲۰۱۲ چوونەسەری گازی کەربۆنیک لە بەراورد لەگەڵ ساڵی ۱۹۹۰ بەرێژەی ٥ لەسەد بێننە خوارەوە. وڵاتی ئاڵمان لەو ساڵانەدا لەژێر کاریگەری بزووتنەوەی پارێزگاری لە ژینگەدا، توانی رێژی چوونە سەر گازی کەربۆنیک لە سەدا ۱۲ بێنێتە خوار، لە حاڵێک دا وڵاتی ئەمریکا وەک گرنگترین وڵاتی پیسکەری ئەتمۆسفۆر،

**تەنانەت ئامادە نەبوو قەراردادی توکیوش واژۆ بکا.**

داهاتوویەکی کە لە چاوەڕوانی ئێمە و منداڵەکانی ئێمە دایە، لە مانگەکانی رابردوودا زۆر بە روونی خۆی دەرخستوە. کێوە سەهۆڵەکان خەریکی توانەوەن و لەتە بەردی گەورە لەدوای خۆیان بەجێدێڵن کە ڕەوتی هاتوچۆی ئاو بە توندی دەگۆڕێ و دەبێتە هۆی کەمبوونی مەترسیی داری ئاو لە جیهان دا. چۆمەکانی وەک "راین" لە هاوینان دا وشک دەبن و دەبنە ئاوەرۆیەکی بێگیان. وزەی کارەبا کە بە هۆی جەریانی چۆمەکانەوە کار دەکەن لە کار دەکەون و چیتر ناتوانن درێژە بە کاری خۆیان بدەن. ئاوەرۆکان دەبنە شوێنێک بۆ سەرهەڵدانی جۆراوجۆرەها میکرۆب. بەهۆی گەرمای زۆر و وشک بوونی زیاد لە ئەندازە دارستانەکان وەک قوتوویەکی شەمچە (شقارتە) دەسووتێن و دەبنە خۆڵەمێش. بەرهەمی زەوییە وەرزێرییەکان زۆر کەم دەبێتەوە و پێداویستی‌یەکانی ژیان، دەگاتە لانی کەمی خۆی. هەڵچوونو داچوون (جزر و مد) و با توندەکان بەردەوام دەبن و لەتە سەهۆڵەکان لە بن پێی ورچەکان دا ون دەبن. بوونەوەران و مرۆڤەکان لە وڵاتانی دواکەوتوو ئیدی ئیمکانی ژیانیان نابێ. گرنگترین بەنای

مێژوویی لە مەعبەدەکانی تایلەند تا بیگ بنگ لە لەندەن لەژێر ئاودا لەناو دەچن. بەرینترین سەدەکان، رەنگە بتوانن تەنیا وڵاتانی پلە یەکی جیهان لە مەترسی رزگار بکەن، هەر چەند ئەوەش تەزمین ناکرێ.

لەو نێوەدا دیسان تانەی مێژوو لە یەکەم قۆناغی دا ژنان وەبەردەدا. بۆ نموونە بە هۆی گەرمای مەرگهێنەری ساڵی ٢٠٠٣ لە ئورووپای نێوەراست، ١٥ تا ٢٠ لەسەد ژنان زیاتر لە پیاوان، گیانیان لەدەست داوە. بە هۆی ئەو بەڵایانەی بەسەر کەسوکاریان دێ، ئەوە ژنانن زۆرتر ئازار دەبینن و زیاتر لە پیاوان بە هۆی کارەساتی سروشتی یەوە دەمرن. ئامارەکان نیشان دەدەن لە کارەساتی وەک سێڵاوی نئواورلئان و یا سونامی، ژنان زیاتر لە پیاوان گیانیان لەدەست دا. لە زەوی لەرزەی پاکستان لە ساڵی ٢٠٠٥ ژنان بە هۆی مانەوە لە ماڵەکان دا و گرنگی نەدان بۆ دیتنەوەیان، چوار بەرابەر زیاتر لە پیاوان مردن. لە ئەفریقا و ئاسیا کە ژنان لە بنەڕەت دا بەرپرسی ئامادەکردنی ئاو و خۆراکن، بە هۆی گۆڕانی ئەتمۆسفۆر و کەمیی ئاو و خۆراک رووبەڕووی هەلومەرجێکی زۆر پڕئازار دەبنەوە. سەرەڕای ئەوە ژنان لە تەواوی جیهان دا، تەنیا ساحەبی یەک لە سەدی زەوی کەشاوەرزیین. لە بەرابەریش دا بەرپرسایەتی نیوەی ماددە خۆراکییەکانی جیهانیان لە ئەستۆیە. تەواوی ئەوانە ئەوە دەردەخەن کە ژنان زۆر هۆکاری راستەقینەی دیکەیان هەیە بۆ بەرەنگابوونەوە لەگەڵ گۆڕانی ئەتمۆسفۆر و دەبوو بە تەواوی هێزەوە پێش بەو کارەساتە بگرن. چالاکانی مافەکانی ژنان لەسەر ئەو باوەڕەن دەبوو دەورەکانی فێرکاری بۆ ژنان رێک بخرێ و بە شێوەیەکی ئامانجدار ئەوان لە لقەکانی تکنیکی، بەرنامەرێژی و وەدەستهێنانی پۆستەکانی بڕیاردان و چارەنووسساز رێنوێنی بکرێن.

### ژنان لە جووڵاندان!

سونیتا نارائین، وانگاری ماتاهائی، سوزان سولومون و زۆر ژنی دیکە لە سەراسەری جیهان دا لە خەباتکارانی چالاکی دژی وەرسووڕانی ئەتمۆسفۆر بەحیساب دێن. ئەوانە توێژینەوە دەکەن، دار دەروێنن، کتێب دەنووسن، ئاشی با دروست دەکەن، سیناریۆ دەنووسن، تێدەکۆشن قانوونەکان پەسەند بکرێن. ئەوانە لە دێهلین یان لە بروکلی و یان لە دارستانە رەشەکان دا دەبن. بۆ دوو کەس لەوانە، رووداوی چرنۆبیل راچەنینێکی گەورە بوو بۆ ئەوەی بەرەو خەبات دژی گۆڕانی ئەتمۆسفۆر و مەسەلەی پاراستنی ژینگە رابکێشرێن. بۆ هێندێکی دیکەیان رووداوی ج آ.ب لە ساڵی ١٩٨٦ خاڵی دەستپێکە. ئەو ژنانە دەبوو بۆ سەلماندنی بەشداری و تێکۆشانی خۆیان لە هەلومەرجێک کە تا ئەو ساتە پێوەندیدار بە پیاوانەوە بوو شەڕ بکەن و ئەو بیر کردنەوە خراپانەی تا ئەوکاتە بەرامبەر بە ژنانی

چالاک لەو بوارەدا هەبوو بسڕنەوە. ئەمڕۆ ژنان لێبڕاوانە بۆ پاراستنی ژینگە تێدەکۆشن و توانیویانە تا رادەیەک جێو پێی خۆیان قایم بکەن. هێندێک لەو ژنانە لە ولاتانی هەژار دا دەژین، شوێنێک کە پاراستنی سروشت بەرامبەر بە شەڕ دژی هەژاری لە پلەی دووهەم دایە. وانگاری ماتائی و سونیتا نارائین لەو جۆرە ژنانە کە یەکەمیان خەلاتی نۆبێلی بردەوەو دووهەمیان ڕێبەری ئەنیستیتۆیەکی نێونەتەوەیی پاراستنی ژینگەیە.

## سونیتا نارائین

ژنێکی ٤٦ ساڵەی خەڵکی هیندووستانە، ولاتێک کە ئابوورییەکەی بەرەو پشکووتن دەڕواو ژینگە بە ئاسانی خەریکە لەژێر عەمباری ماشێن و دەزگاکانی سەنعەت دا دەنێژرێ. بەلام سونیتا دەیەوێ ڕێگە لەو هەڵە گەورەیە بگرێ کە ولاتانی سەنعەتی دەیکەن. کاتێک ناوبراو کە لە ساڵەکانی ٧٠ لە دیهلی خوێندکار بوو، شەڕی بۆ پاراستنی دارەکان دەست پێکرد. ئەو دارانەی کە بە هۆی رەوتی پەرەسەندنی شارەکان بە خێرایی لەناو دەچوون. لەو دەورانەدا پیس بوونی ژینگە گرفتی ولاتانی دەوڵەمەند بوو. هێندێک کەس رایان وابوو کە لە پێش دا دەبێ پەرە بستێنین، دوای ئەوە دەتوانین لەبارەی پیس بوونی ژینگەوە قسە بکەین. سونیتا لەو ساڵانەدا چالاکانە بۆ پاراستنی ژینگە تێدەکۆشا، تەنیا هۆکارێکی کە ناوبراو باسی دەکرد، ئەوە بوو کە یەکیان بە بێ ئەوەی دیکە سوودێکی نیە. سونیتا بە هەوڵ و تێکۆشانە بەردەوام و بێوچانەکانی سەرکەوتنی وەدەست هێنا و توانی لە شاری دیهلی خەتێکی ئوتوبووسڕانی دامەزرێنێ کە بە گاز کاری دەکرد. ناوبراو دەڵێ زۆر نادادپەروەرانەیە کە ئێستا ولاتانی وەک هیندووستان و چین بەرپرسی پیس بوونی هەوا بناسرێن، لە حاڵێک دا زۆرترین بەرز بوونەوەی گازی کەربۆنیک هەر ئەو ولاتانەی رۆژئاوایی و رۆژهەلاتی وەک ئەمریکا و ئورووپان. ئەوانە دەبێ بە زوویی و بەشێوەیەکی رادیکاڵ بەرز بوونەوەی ئەو گازە بەرەو کەمی بەرن تاکوو بۆ ولاتانی وەک هیندووستان و چین هەلومەرج بۆ پەرەسەندنی ئابووری پێک بێ.

سولومون لە ساڵی ١٩٨٦ لە جەمسەری باکوور درێژەی بە توێژینەوەی خۆی دا، هەوا بە رادەیەک سارد بوو کە چاوی راستی بەستی. سوزان لەو کاتەدا تەمەنی ٣٠ ساڵ بوو، بۆ یەکەمین جار کونی ئوزونی دیتەوە. توێژینەوەکەی ناوبراو لە تاقیگە کاریگەری خراپی گازی کەربوونیکی بەرزبۆوەی بەتایبەت لە جەمسەری باکوور بە ئیسبات گەیاند. تەواوی ئەو پرۆژە و ئاکامی توێژینەوەکەی ناوبراو لە کونفرانسی پاریس لە ڕێکەوتی ٢ی فیوریەی ٢٠٠٧ دیسانەکە پێی لەسەر داگیرایەوە. ئەو لەسەر ئەو بڕوایەیە ئەمڕۆ زۆر درەنگترە لەوەی کە بیرمان

لێ دەکردەوە. ئاشکرایە کە مرۆڤەکان لە نیوەی سەدەی هەژدەیەمەوە بەرپرسن لە بەرزبوونەوە و زۆر بوونی گازکەربۆنیک.

## ئورسێلا ئێسلادک

ئورسێلا هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی کارەبای سالم و خاوێن بەرهەم بێنێ. کارێک کە تا ساڵی ١٩٩٧ هیچ کەس نەیتوانی بیکا. ئێستا بەشێکی بچووک لە ئاڵمان بە ٣٩٧٥٠ ماڵەوە لەو جۆرە کارەبایە کەڵک وەردەگرن.

هەر لەو کاتەوە کە لە ساڵی ١٩٨٦ بارانی رادیۆئاکتیو لە چێرنوبیل بەسەر باغچەکەی ئورسیلا دا باری، شوێنێک کە ٥ منداڵەکەی ئەو خەریکی یاری بوون، بڕیاری دا دژی ئەتۆم و وزەی ناوکی راپەڕێ. دوای ئەوەی کە هەموو هەوڵەکانی ئەو لە سەردان بۆ لای کۆمپانیاکانی کارەبا بۆ بەرهەمهێنانی کارەبای خاوێن لەگەڵ شکست بەرەوڕوو بوو، بڕِیاری دا بۆخۆی لقێک بۆ کارەبای تایبەتی دامەزرێنێ و خەڵکی هان دەدا کە لەو کارەبایە کەڵک وەرگرن. ئێستا کە ساڵانێک لەوە رابردوە، ئورسێلا بۆخۆی سەری سوور ماوە لەو کارەی خۆی و دەڵێ نازانم ئەو ئازایەتییەم لە کوێ هێنا کە کارێکی لەو چەشنە بکەم. ئەمڕۆ کۆمپانیای کارەبایەک کە ئورسێلا دامەزرێنەری بووە نەتەنیا کارەبای خاوێن، بەڵکوو گازی ناشیمیاییش دەدا بە مشتەرییەکانی خۆی. ١٧ کەس لەو ٢٢ کەسەی هاوکاری ئەو شیرکەتەن لە ژنان پێک هاتوون. دروشمی ئورسێلا ئەوەیە: ئەگەر کارێکی ئەتۆ لە ژینگەیەکی بچووک دا جێبەجێ بووە، نیشانەی ئەوەیە کە دەکرێ ئەو پرۆژەیە لە هەموو جێیەک بەرێوەبچێ.

## کلودیا کمفرت

٣٧ ساڵەیە، بەرنامەڕێژی کامپیوتێرە، پرۆفیسۆرە لە لقی ژینگە و ئابووری لە زانستگەی برلین، یەکێک لەو دەگمەن کەسانەیە کە دەتوانێ کەڵک لە ماشێنەکانی "سولار"و کارەبای وەرگیراو لە وزەی با بەکەڵک وەرگرتن لە برقی ئاسایی بەراورد بکا. لە رابردوودا ناویان لێ نابوو "پوورە شێتەی ژینگە" چونکە ئەو ژنە لاوە دایمە قسەی لە جۆری تازەی وەزە "انرژی" لە داهاتوودا دەکردو بە قسەکانی خۆی پیرە پیاوانی سیاسەت و ئابووری بێتاقەت دەکرد. ئێستا کە دنیا لە مەترسیی گەورەی گۆڕانی ئەتمۆسفۆر و بەرزبوونەوەی لەرادەبەدەر گازی کەربۆنیک

سەرنجی هەموو وڵاتان و دەسەڵاتدارانی بەخۆیەوە خەریک کردوە، داوا و پرس و راکان روویان لەو کردوە. ئەو پرس و رایانەی کە کلودیا دەبوو بە زیاتر لە ٨٠ لە سەدیان وڵامی نا بداتەوە. لە داهاتوویەکی نزیک دا، سێهەمین بەشی راپۆرت لەسەر هەلومەرجی ئەتمۆسفۆر لە un لەگەڵ ئاکامی لێکۆڵینەوەیەک کە کلودیا کردوویەتی بڵاو دەبێتەوە. ناوبراو وەک پسپۆر لە لقی وزە و پاراستنی ژینگە، ئێستا لقی وزە، "ایاب"و "ژهاب"و ژینگە لە ئەنستیتۆیەک دا بەڕێوە دەبا. کلودیا بۆخۆی گیاخۆرەو نێوان ماڵی خۆی و شوێنی کارەکەی بە دووچەرخە دەپێوێ و لەوێ خەریکی تەراحی سیناریۆ تازەکانە لە بواری ژینگەو وزە ساڵامەتەکان. ناوبراو دەڵێ هەلومەرجێکی سەخت و ناخۆش بەڕێوەیە بۆیە هەر کارێک لە بەرابەر ئەو کارەساتەدا لە دەستم بێ بەڕێوەی دەبەم.

## وانگاری ماتاهایی

کاتێک کە وانگاری تەمەن ٦٧ ساڵەی کینیایی، پسپۆر لە لقی بیولۆژی لە ساڵی ٢٠٠٤ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی بردەوە، زۆر کەس بە سەر سوورمانەوە پرسیاریان دەکرد کە تکایە بڵێن ناشتنی دار چ پێوەندییەکی بە ئاشتیی جیهانییەوە هەیە!

کومیتەی ئاشتیی نۆبێل بۆی روونکردنەوە کە وانگاری ماتاهایی نموونەیەکی روونە لە پەرەسەندنی هەتاهەتایی و کاریگەر لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ بە تایبەت مافی ژنان. ٣٠ میلیۆن دار لە ماوەی ٣٠ ساڵ دا لە ژێر بەرپرسایەتی "ماما می تی" (دایکی دارەکان) لە لایەن ١٠٠ ژنەوە نێژراون. ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٧ دا بناغەی بزووتنەوەی "گرین بلت"ی دانا، چونکە دەیویست دژی بێ مافییەکانی ژنان لە ئەفریقای هەژاردا شەڕ بکا. ناوبراو دەڵێ کاتێک دیتم ژنانی وڵاتەکەم نە ئاوی خاوێن، نە چیلکەو چاڵێک بۆ ئاور، نە خواردنێک بۆ خۆیان و گیانلەبەرکانیان هەیە، بیرم لەوە کردەوە کە ژنان دەبێ دار بڕوێنن بەم جۆرە لە دژی هەژاری و برسیەتی شەڕ بکەن و زەوی لە لەناوچوون رزگار بکەن.

وانگاری، دایکی سێ منداڵەو تەڵاقدراوەو نازناوی "ئەو ژنە شێتە"ی لە لایەن سەرۆک کۆماری ئەو کاتی کینیای لەسەر دانراوە. ناوبراو دوای هەر چالاکییەکی دار ناشتن کە رێکی دەخست یا دەکەوتە زیندان یان سەری لە نەخۆشخانە وەدەردەنا. بەڵام ئەو سەردەمە بەسەر چووە و هەلومەرج گۆڕاوە. وانگاری ئێستا جێگری وەزیری ژینگەیە لە کینیاو یەک لەشکر سەرباز، لە ژێر رێبەری ئەودا خەریکی دار ناشتنن.

سەرچاوە:

"آوای زنان" ژمارە ٦٢ی ساڵی ٢٠٠٩

## سبەینێ منداڵەکانمان لە جیاتی تۆ رۆژ باش بە ئازادی دەڵێن

"چۆن دەکرێ باری قورسی بەرپرسایەتیی مامۆستایەتی و چاندنی تۆوی وشیارکردنەوەت لەسەر شان بێ و زمانت نەگەڕێ"

فەرزاد کەمانگەر

مامۆستای منداڵانی ئەم نیشتمانە ژێردەستە، نەمر فەرزاد کەمانگەر ئەو کاتەی ژیانی سەربەرزانەی لە زیندانی بێدادیدا تێپەڕ دەکرد و حوکمی ئێعدامی بەسەردا سەپا بوو، چەندین نامەی لە زیندانەوە نارده دەرەوە و لە هێندێک لە سایتە کوردی و فارسییەکاندا بڵاو کرانەوە. نامەکانی روویان لە قوتابییەکانی خۆی، لە ژنانی ئازار چێشتووی نیشتمانە بریندارەکەی، لە هاوڕێ خۆشەویستەکانی دابوو کە وەک خۆی دیلی زیندانی زوڵم و زۆرداریی بوون  هەروەها دوو نامەشی بەبۆنەی غەمی لەدەستدانی ئیحسان فەتاحییان، هاوڕێ ئێعدامکراوەکەی نووسیبوو.

لە زۆربەیاندا باسی لە ئارەزووە وەدینەهاتووەکانی کردوە، باسی لەو غەمانە کردوە کە منداڵانی ئەم دیارە پڕ لە ئازارە (کوردستان) پێوەی دەناڵێنن، باسی لە غەمی ئەو فریشتانە کردووە کە دایکیان لەدەست ئازارەکانی ژیان ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەرداوە. باس لە بێبەشیی نەتەوەیەک دەکا کە بۆخۆی لە رێی بەختەوری ئەو لەزینداندایە. نامەکان جگە لە غەم و دڵتەنگی پڕن لە ئارەزوو، لە هەستی بەرزی ئینسانی، ئازادیخوازی و خۆشەویستی و هاوخەمی بۆ نیشتمان.

ئەو نامانە بۆ ئەوە دەبن دایکانی ئەم نیشتمانە ماندووە، بیانکەنە چیرۆک و بۆ نەوە دوای نەوە بیانگێڕنەوە، بۆ

ئەوە دەبن منداڵەکانمان لەوانەوە فێری ئەوین، راستگۆیی، خۆشەویستیی نیشتمان، رێزنان لە ئازادیی ئینسانەکان و هەموو بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی بن.

لێرەدا بە بۆنەی ئێعدامی ئەو مرۆڤە سەربەرز و بەنرخەی نیشتمان کە ماوەی ١٣ساڵ لە کامیاران و ئاواییەکانی دەوروبەر، دەرسی بە منداڵە هەژارەکان دەگوتەوە، هەروەها یادی ٤ هاوڕیی دیکەی کە رۆژی یەکشەممە ١٩ی گوڵان لە لایەن جەللادەکانی رێژیمی جینایەتکارو خوێنرێژی کۆماری ئیسلامییەوە گیانیان لێسەنرا، یەکێک لە نامە بە نرخەکانی کە بریتییە لە دەربڕینی غەم و دڵتەنگییەکانی خۆی بۆ قوتابییەکانی، بۆ خوێنەرانی "کوردستان" هەڵدەبژێرم و وەریدەگێڕمەوە سەر زمانی کوردی:

## نامەی فەرزاد کەمانگەر مامۆستای ئێعدام کراو، بۆ قوتابییەکانی

منداڵەکان سڵاو،

دڵم بۆ هەمووتان تەنگ بووە، شەو رۆژ بە خەیاڵ و بیرەوەرییە شیرینەکانی ئێوەوە شێعری ژیان دەهۆنمەوە، هەموو رۆژێ لە جیاتی ئێوە رۆژ باش بە هەتاو دەڵێم. لەلای ئەو دیوارە بەرزانەوە لەگەڵ ئێوە لەخەو هەڵدەستم، لەگەڵ ئێوە پێدەکەنم و لەگەڵ ئێوە دەخەوم. هێندێک کات "شتێک وەک دڵتەنگی" هەموو گیانم دادەگرێ.

خۆزگە دەکرا وەک رابردوو ماندوو لە گەڕان، ئەو گەڕانەی ناومان لێ نابوو گەڕانی زانستی و ماندوو لە هەموو هەڵاو هەنگامەکان، تۆز و خۆڵی ماندوویەتیمان بە ئاوی روونی کانیی ئاوایی لەبیر دەبردەوە، خۆزگە دەکرا وەک رابردوو گوێمان رادەداشت بۆ "دەنگی پێی ئاو" و لەشمان بە لاواندنەوەی گوڵ و گیا دەسپارد و لەگەڵ سەمفۆنیای جوانی سروشت پۆلی وانە خوێندنمان پێک دێنا و کتێبی بیرکارییمان بە هەموو "مجهولات"ەوە دەخستە ژێر بەردێکەوە، چونکە باوک نانێک شک نابا بۆ پێشکەشکردنی سەر سفرە، جیاوازی چیە سێ مومەییز چواردە بێ یان سەد مومەییز چواردە، دەرسی زانستمان بە هەموو ئاڵوگۆڕی کیمیا و فیزیکی دنیاوە دەخستە لاوە و بە هیوای گۆڕانێک لە چەشنی "ئەوین وپەڕجۆ" پەڵە هەورەکانی ئاسمانمان هاوڕێ لەگەڵ شنە با بەرێ دەکرد و چاوەڕوانیی گۆڕانێک دەبووین کە "کورش" هاوپۆلە پڕلە جۆش و خرۆشەکەتان لە سەر پۆلەوە نەنێرێ بۆ کرێکاری و لە

هەرەتی تازەلاویدا بۆ گەڕان بەدوای ناندا لە ئاپارتمانێکەوە نەکەوێتەخوارەوە و بۆ هەمیشە جێمان نەهێڵێ، چاوەڕوانی گۆڕانێک دەبووین کە بۆ جێژنی نەورۆز جووتێک کەوشی تازە و دەستێک لیباسی باش و سفرەیەکی پڕ لە نوقڵ و شیرینی بۆ هەمووانی تێدا بێ.

خۆزگە دەکرا جارێکی دیکە و بە دوور لە چاوی نازمە مرچ و مۆنەکەی قوتابخانە بە دزییەوە بە ئەلف و بێی کوردیدا دەچووینەوە و بە زمانی دایک شێعر و گۆرانیمان بۆ یەکتر دەگوت و دەست لە نێو دەستی یەکتردا هەڵدەپەڕین و هەڵدەپەڕین و هەڵدەپەڕین.

خۆزگە دەکرا دیسان لە نێو کوڕەکانی پۆلی یەکدا دەروازەوانەکە دەبووم و ئێوەش بە خەیاڵی بوون بە ڕۆناڵدۆ گوڵتان لە مامۆستا (ئ‌قا معلم) دەدا و لە خۆشییان یەکترتان لە باوەش دەگرت، بەڵام بەداخەوە نازانن کە لە وڵاتی ئێمە خەیاڵ و ئارەزووەکان بەر لە قاپی وێنەکانمان تۆزی فەرامۆشییان لێدەنیشێ. خۆزگە دەکرا دیسان دەبوومەوە کۆڵەکەی نێوبەند "پابت"ی یاریی مامەی زنجیر هۆن"عمو زنجیر باف"ی کچانی پۆلی یەک، هەر ئەو کچانەی کە لێم روونە چەند ساڵێکی دیکە بە دزییەوە لە گۆشەی دەفتەری بیرەوەرییەکانیاندا دەنووسن خۆزگە کچ لە دایک نەدەبوون.

دەزانم ئێستا گەورە بوون، شوو دەکەن، بەڵام بۆ من هەر ئەو فریشتە پاک و بێگەردانەن کە ئێستاش "شوێنی ماچی ئەهوورا مەزدا" لە نێوان چاوەکانتان دا دیارە، بەڕاستی کێ دەزانێ ئەگەر ئێوەی فریشتە، ڕۆڵەی ڕەنج و هەژاری نەبووایەن، کاغەزتان بەدەستەوە نەدەگرت و بۆ کەمپەینی ژنان ئیمزاتان کۆنەدەکردەوە، یان ئەگەر لەم قوژبنەی "خاکی فەرامۆشکراوی خودا" لە دایک نەدەبوون، ناچار نەبوون لە تەمەنی سێزدە ساڵیدا بە چاوی پڕ لە فرمێسک و حەسرەتەوە "لەژێر تارای سپیی بووکێنی دا،" بۆ دووا جار ماڵاوایی لە قوتابخانە بکەن و "چیرۆکی تاڵی رەگەزی دووهەم بوون" بە هەموو هەستتانەوە تاقی بکەنەوە.  کچانی وڵاتی ئەهوورا، سبەینێ کە لە داوێنی سروشتدا ویستتان بۆ منداڵەکانتان پنگ بچنن یان لە وەنەوشە تاجی گوڵینیان  بۆ سازکەن هەموو پاکی و شادییەکانی سەردەمی منداڵیتان وەبیر بێننەوە.

کوڕانی سروشتی هەتاو! دەزانم ئیتر ناتوانن لەگەڵ هاوپۆلەکانتان دانیشن، گۆرانی بڵێن و، پێبکەنن، چونکە دوای "موسیبەتی بوون بە پیاو" غەمی نان"یش بەرۆکتان دەگرێ، بەڵام لەبیرتان بێ هیچکات پشت لە شێعر، لە

گۆرانی، لە لەیلاکانتان و ئارەزووەکانتان نەکەن، منداڵەکانتان فێر بکەن بۆ وڵاتەکەیان بۆ ئەمڕۆ و سبەینێکان ڕۆڵەیەک بن لە ڕەگەزی "شێعر و باران" بن.

بە دەستی باران و هەتاوتان دەسپێرم تا سبەینێیەکی نەچەندان دوور وانەی ئەوین و راستگۆیی بۆ وڵاتەکەتان بچڕن.

هەڤاڵ و هاویاری و مامۆستای سەردەمی منداڵیتان

فەرزاد کەمانگەر ـ زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج

٢٨ی فێبریویری ٢٠٠٨

---

## *وتوویژی ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"*

ئەم وتوویژە لەلایەن بەڕێز نەجات ڕۆستی مامۆستای بەشی ڕۆژنامەوانی لە پەیمانگای تێکنیکی سلێمانی کراوە بۆ ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"، کوردستانی نوێ لە ژمارەی ٤٥٥٢ دا وەک ڕیپۆرتاژێک بەشێکی زۆر کورتی لە لاپەڕەی ژناندا لێ بڵاوکردبۆوە، من لێرە دا وەک خۆی بڵاوی دەکەمەوە.

***نەجات ڕۆستی: ژنانی ڕۆژنامەنووس تا چەند توانیوانە جێپەنجەیان دیار بێت بەسەر لاپەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان؟***

***کوێستان:*** دەبێ بڵێم بە خۆشییەوە ئەمڕۆ ژنان لەزۆر بوار دا پێشکەوتنیان بەدەست هێناوە و جێ‌پەنجەیان دیارە. سەرەڕای ئەوەی ئێستاش زۆر ڕێگریان لەپێشە بەڵام هەنگاوەکان لەلایەن ژنانەوە خێراتر بوون، دیارە نایەکسانی لە هەموو بوارەکاندا ئێستاش زۆر بە زەقی دەبینرێ، هەروا بە ئاسانی ئەم ناهاوسەنگییە پڕ نابێتەوە،

کەمبوونی حوزووری ژنان لەو بوارەدا، بۆ زۆر هۆکار دەگەڕێتەوە، عەقڵییەت و بیروبۆچوونی کۆمەڵ و ئەرکی قورس و بەرپرسایەتیی ژنان وەک دایک وای کردوە لە زۆر بواردا ژنان کەمتر دیار بن. بەڵام جێگەی دڵخۆشییە ژنانێکی ئاگاو رووناکبیر دەرکەوتوون و کاریگەریی زۆر باشیان لەسەر هاتنە مەیدانی ژنان و بیروبۆچوونی کۆمەڵگای کوردستان هەیە. بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی ئەو گرفت و بەربەستانەی لە سەر رێی ژنان دا هەن، دەتوانین ئەوندە حوزوورەش بە گرنگ ببینین. راستە ناهاوسەنگییەکە ئێستاش هەر زۆرە ئێستاش ژنان بە ترسەوە دێنە ئەو مەیدانەوە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە لەو بوارە دا کەمتر دیارن هی بێتوانایی ژنان بێ. بەداخەوە ئەرکەکان لە کۆمەڵ دا خراپ دابەش کراون. ئەرکی خزمەتگوزاریی ماڵ و منداڵ ئەرکێکی یەکجار گرنگ و قورسە کە بەشی هەرە زۆری کەوتۆتە سەرشانی ژنان. بەڵام بەداخەوە بەهایەک بۆ ئەم ئەرکە لەلایەن کۆمەڵگەی ئێمەوە دانەنراوە. بوارای رۆژنامەنووسی بوارێکی فکرییە، کات و بیرکردنەوەی دەوێ، کولتوورو بارودۆخی ژیانی ژنان لە کوردستان ئەو مەجالەی کەم بەژنان داوە کە لە بواری رۆژنامەنووسی دا باش دەرکەون. بەڵام بەوحاڵەش من خۆشبینم بە داهاتووی ژنان لەو بوارە دا.

***نەجات رۆستی: ئەو بابەتانەی کە ژنانی رۆژنامەنووس حەز دەکەن کاری لە سەر بکەن چین؟***

***کوێستان:*** بە تێگەیشتنی خۆم پێم وابێ زۆرتر حەز دەکەن کار لەسەر مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان، کێشەکانی ژنان، منداڵان و پەروەردە و کولتوورو... ئەو شتانە بکەن. تەنانەت دەتوانم بڵێم بواری سیاسییش، چونکە ئەو مەسەلانەش پێوەندییان بە سیاسەتەوە هەیەو دوور نین.

***نەجات رۆستی: بەرای بەرێزتان بۆچی رۆژنامەی کوردی نەیتوانیوە ببێتە هۆکاری دروست کردنی رای گشتی؟***

***کوێستان:*** لەبەر ئەوەی لە کوردستان رۆژنامەی کوردیی سەربەخۆ نیە یا کەمتر دەبینرێ، رۆژنامەکان زۆرتر سەر بەحیزبەکانن، رۆژنامەی حیزبی ناتوانێ ببێتە هۆی دروستکردنی رای گشتی. رۆژنامەی حیزبی هی هەموو خەڵک نیە، خەڵکێکی زۆر هەن حیزبی نین، ئەوانە ناتوانن دەنگی خۆیان، خواستی خۆیان، ئامانجی خۆیان لە رۆژنامەی حیزبدا ببیننەوە، رۆژنامەکان لە کوردستان زۆرتر بانگەشەی ئایدۆلۆژی حیزبەکان دەکەن، ئەمە دەتوانێ هۆکارێک بێ بۆ ئەوە.

*نەجات ڕۆستی: زۆرێک لە ڕۆژنامەنوسە ژنەکان ماوەیەک ناویان بەبەردەوامی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان ئەدرەوشێتەوە لە پڕێک ون دەبن و نایان بیینەوە بۆ؟*

*کوێستان:* دیارە زۆر هۆکار هەیە، کۆمەڵگەی ئێمە بۆ ژن کۆمەڵگەیەکی داخراو پڕ لە گیرو گرفتە، ژن دەست بۆ هەر کارێک دەبا کۆمەڵێک بەربەست و گرفت لە سەر ڕێگایەتی، هەلومەرج بۆ ژنان لە هیچ بارێکەوە لەبارنیە، جاری وایە کچێک کاری نووسین دەکا، زۆریش ئۆگری ئەو کارەیە، بەڵام هەرکە ژیانی هاوبەشی پێک هێنا بەبێ ئەوەی خۆی بیهەوێ لە کارەکەی دەکشێ تەوە، ئەرکی خێزان و.... دەکەوێتە سەر شانی ژن، زۆرێک لە هاوسەرانیش کە پیاوانی ئەم کۆمەڵگەیەن و بیری پیاومەزنی بەسەریاندا زاڵە، لەوبارەوە هیچ هاوکارێکی باش نین بۆ هاوسەرەکانیان، پێشتر وتم ئەم کارە بیرکردنەوە و کاتی دەوێ، ئەوە بە هاوکاری و دەست گرتنی بنەماڵەوە بەردەوام دەبێ.

ژنی نووسەر هەیە دەیەوێ لەسەر مەسەلەیەک بابەتێک بنووسێ، زیاتر لە ١٥ جار لەسەری هەڵ دەستێ بۆبە دەنگەوەچوونی منداڵ و میوان و کاری ماڵ، بێگومان ئەمە نووسینێکی باش نابێ، چونکە فکرەکەی پچڕ پچڕ دەبێ. زۆر لە ژنانی نووسەر ناتوانن لەسەر شتێک بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە بیر بکەنەوە. ئەو کاتەی کە دەبێ تەرخانی بکا بۆ کارەکەی ناچارە بۆ بنەماڵەکەی و منداڵەکانی تەرخانی بکا. ئەو ئاسایشەی ژن بۆ بنەماڵەکی دروستی دەکا پیاو بەهۆی بیرکردنەوەی نادروست نەیتوانیوە دروستی کات. بیرکردنەوەکەش ئەوەیە پێی وایە ئەرکی خێزان و ماڵ تەنیا لە ئەستۆی ژنە. کەم پیاو هەن دەرکی ئەم واقعییتانە بکەن، ڕەنگە ئەم مەسەلانە بەلای زۆر کەسەوە شتێکی چووکە بن. بەڵام ئەمە خەمی ژنانی نووسەرە، ئەمانەو کۆمەڵێ هۆکاری دیکە هەن بۆ ئەوەی ژنان نەتوانن بەردەوام بن لەوکارە.

*نەجات ڕۆستی: کاری ڕۆژنامەنووسی پابەند بیت بە ڕۆژنامەیەک یان ئازاد بیت بۆ هەموو ڕۆژنامەکان بنوسێ؟*

*کوێستان:* ئەرکی ڕۆژنامەنووس ئەوەیە کە بتوانێ پەیامەکەی بە کۆمەڵگە بگەیەنێ جا لە ڕۆژنامەیەکدا بێ یان بۆ چەند ڕۆژنامە گرنگ ئەوەیە بە هێندێک ئوسوولی ڕۆژنامەگەری پابەند بێ. هەر چەند بۆ هێندێک نووسەر کە تازە واریدی ئەو بوارە بوون باشتر وایە لە ڕۆژنامەیەکدا بابەتەکانی بڵاو بکاتەوە.

***نەجات ڕۆستی: بۆچی ژنان کەم دەبینین سەرنووسەر یان جیگر، بەڕیوبەری نوسین بن لە دەزگا ڕۆژنامە نووسیەکان؟***

**کوێستان:** بەهۆی ئەوەی کە ژنان زۆر لەمێژ نیە هاتوونەتە ئەو مەیدانەوە، دووهەم ترسێکیان هەیە لە بەرپرسایەتی بەتایبەتی بەو بیروبۆچوونەی لە ناوکۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە، لەجیاتی هاوکاری کردن و پشت گرتنیان هەمیشە چاوەکان بە زەقی لەسەریانن بۆ گەورەکردنەوەی کەموکوورییەکانیان، بەتایبەتی ئەو بوارە بوارێکی حەساسیشە. ژنانی کوردستان لەکەمەڵگەیەکدا پەروەردە بوون هەمیشە بە چاوێکی نزمەوە لە ڕۆڵ و نەخشی ژن ڕوانراوە، ئەمە وای کردوە کە تەنانەت ژنان خۆشیان بەناچاری ملیان بۆ ئەو کولتوورە نادروستە داوە. کچان هەر لە دەورانی سەرەتاییەوە لەگەڵ کۆمەڵێ گرفت ڕووبەروو دەبنەوە. ئەو ئازادییەی بۆ کوڕ هەیە قەت بۆ کچان نەبووە، کوڕ هەر لە منداڵییەوە تێکەولاو کۆمەڵ دەبێ، بۆ چوونەدەر لەماڵ گرفتێکی وای نیە، بەلام بۆ کچان هەمووان دەزانین چیها گیروگرفت و بەربەست و سەرکوت هەیە، ئەمانە وادەکەن کچان ترسەنۆک بار بێن، ئەو ترسە وایان لێ دەکا هەستی بڕوا بەخۆبوونیان تێدا بمرێ، بۆیە کە چوونە نێو بواری جۆراوجۆر، ئەو ترسەیان هەر لەگەڵ دایەو باوەڕ بە تواناییەکانی خۆیان ناکەن. تەنانەت کۆمەڵگە بەگشتی باوەڕی بە تواناییەکانی ژن نیە. بۆیە ژنان کەمتر لەم بوارانە دا دەبینرێن، ڕێگایەکی دوورو درێژیان لەپێشە تا بەسەرئەم دڵەراوکێ و ترسە دا بێن و بەرپرسایەتی لەم شێوەیە بگرنە ئەستۆ.

***نەجات ڕۆستی: ئەڵین ئەو ژنانەی لە بواری ڕاگەیاندن کار دەکەن ئازاد ترن لە ژنانی تر تۆ چی دەڵیت؟***

**کوێستان:** بێگومان ئەو ژنانەی لە بواری ڕاگەیاندن دا کار دەکەن ئازادترن و هەنگاوێک لەپێشترن لە ژنانی دیکە. ئەو ژنانەی دەچنە نێو ئەو بوارەوە ڕێگایەکی سەختیان بڕیوە، ئەم ئازادییەش هەر وا لەخۆڕا دەستیان نەکەوتوە، هەوڵ و تێکۆشان و کارە کەگەیاندوونیەتە ئەو بوارە. ئەوانە ئازایەتییەکیان هەبووە بۆیە ئازادترن، کاری ڕاگەیاندن بە شەرم و ترسەوە ناکرێ. من پێم وایە هەر ژنێک کاری ڕاگەیاندن بکات دەبێ خۆی لە هێندێک کۆت و بەند ڕزگار بکا. ئەگەر ئازاد نەبی تێی دا سەرکەوتوو نابی.

***نەجات ڕۆستی: لە لایەن بەر پرسەکانەوە زیاتر گرنگی بەرۆژنامەنووسی ژن ئەدەن هۆکارەکەی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟***

*کوێستان:* ئەو پرسیارە زیاتر لەبەرپرسەکان بکرێ باشترە، بەڵام بە بڕوای من هی ئەوەیە ژنان ئەزموونێکی تازەیان هەیە لە کاردا، چونکە لە کێشەیەک دەدوێن کە خەمی ئەمڕۆیە، ژنان خوێنەریان زیاترە لەبەر ئەوەی راستگۆترن لە پیاوان، تەنانەت لە روانین و بیرکردنەوە و نووسین و دەربڕیندا، جوانی، سادەیی و تایبەتێتی هەیە. ژنانی رۆژنامەنووس لەگەڵ ئەوەی گرفتیان زۆرە بەڵام رێک و پێک و بەنەزمن لەکار دا، هەروەها ئەو متمانەیەی لەلایەن خەڵکەوە بە ژنان هەیە بە پیاوان کەمترە. خەڵک زۆر بە ئاسانی دەتوانن کێشەکانیان لەلای ژنان باس بکەن. پاشان لە هەمووی گرنگتر ژنان زۆر خاکەرا (متواضع)ترن لە پیاوان.

*نەجات رۆستی: چی بکرێت بۆ ئەوەی ژنان زیاتر رۆلی خویان ببینن لە بواری راگەیاندا؟*

*کوێستان:* زۆر گرنگە ژنان لە هەموو بوارێکدا چالاک بن، بەڵام بواری راگەیاندن زۆر گرنگە ژنان تێی دا چالاک بن. لەگەڵ ئەوەی ماندووبوونی زۆری دەوێ، بەڵام کار کردن لە راگەیاندن کاریگەری موسبەتی هەیە بە نیسبەت ئاڵوگۆڕ بەسەر کولتوورو عەقڵیەتی کۆمەڵگە بەرامبەر بە مەسەلەی ژنان، بۆیە زۆر گرنگە ژنان لەوبوارەدا نەخشی چالاکیان هەبێ و لەم رێگەیەوە شۆرشێکی فەرهەنگی وەرێ بخەن. لەم پێوەندییە دا دەزگاکانی راگەیاندن بایەخێکی تایبەتی بدەن بە پەروەردەکردنی کادێری ژن و پێویستە لە راستییە بگەن کە میدیایەک کە رەنگی ژن و دەنگی ژن و قەڵەمی ژنانی تێدا دیار نەبێ، کۆمەڵ پێشوازییەکی ئەوتۆی لێناکا. ژنان بۆخۆشیان دەبێ لەم پێوەندییە دا، دەست پێشخەر بن. دەبێ نەترسن و بچنە پێش و بە زۆر جێ پێی خۆیان بکەنەوە. نابێ کۆسپەکان هەنگاوەکانیان پێ شڵ نەکاتەوە، تەنانەت دەبێ هەوڵ بدەن بەرپرسایەتی و بەڕێوەبەریی میدیاکان بگرنە ئەستۆ بۆ ئەوەی کارهاسانی بکەن بۆ راکێشانی ژنان بۆ نێو ئەو بوارە .

*نەجات رۆستی: ئازادی رۆژنامەنووسی ژن لە چی دەبینیەوە؟*

*کوێستان:* لە سەربەستبوونی لە بیرکردنەوە و سەربەستبوونی لە دەربڕیندا، لە ئاگایی، ئازادی، یەکسانیخوازی، ئازایەتی، راستگۆیی، بڕوابەخۆبوون و هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی رۆژنامەنووسێکی سەرکەوتوو دەبێ هەیبێ.

*نەجات رۆستی: رێکخراوەکانی ژنان تاچەند توانیویانە رۆژنامەنووسی ژن پێبگەینن؟*

*کوێستان:* دیارە ناتوام بڵێم نەخشیان نەبووە، بەهۆی ئەوەی من خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانم زۆر ئاگاداری کار ڕێکخراوەکانی ژنان لە باشوور نیم. بەڵام بەو تێگەیشتنەوە کە ریکخراوی ژنان بەشێک لە کارەکەیان کاری رۆژنامەنووسییە، دەتوانم بڵێم کاریگەرییان هەبووە لە سەر هێندێک ژن کە دوایە بوونەتە رۆژنامەنووسێکی باش. مرۆڤ لە کاتی کاردایە ئەزموونی دەست دەکەوێ، بەشێک لە رۆژنامەنووسە ژنەکان لەکاتی کارکردن لە نێو ئەو ڕێکخراوانەدا بەهۆی کارەکەیان بەلای ئەو بوارە دا چوون، رەنگە وەک خوێندنی ئاکادیمی و بە شێوەی زانستییەکەی نەیانتوانیبێ ژنانی رۆژنامەنووس پەروەردە بکەن، بەڵام بەهۆی کارەکەیانەوە ژنانێک لەو ڕێکخراوانە دا چوون بەلای ئەو بوارەوەو خۆیان لە کاری رۆژنامەنووسی وەرداوە، ئەزموونیشیان تێدا وەدەست هێناوە و ئێستا جێ پەنجەیان لەو بوارە دا دیارە.

٢٩ی ئاوریلی ٢٠٠٨

(*)ئەم وتووێژە لە وێبلاگی "هانای کوێستان"، وەرگیراوە

---

## لە پێناوی ئاکتیوکردنی ژنان لە ریزەکانی حیزب دا

گیرو گرفتی رێژەی کەمی بەشداریی ژنان لە ریزەکانی حیزب و ئۆرگانە بڕیادەرەکاندا خەمی ئەمرۆی لایەنگرانی راستەقینەی یەکسانیی ژن و پیاوە لە ریزەکانی حیزب دا. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مێژساڵە دروشمی یەکسانیی ژن و پیاوی بەرز کردۆتەوە. بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش لە ریزەکانی حیزب دا بوارێکی ئەوتۆ بۆ ئەم مەبەستە نەڕەخساوە. ئەمەش هۆی جۆراوجۆری هەیەو، رێبەرانی حیزبیش هەموو کات کۆمەڵێک پاساویان بۆ ئەم کێشەیە هێناوەتەوە. دیارە حیزبی دیموکرات مافو ئازادییەکانی ژنانی کەمتاکورتێک لە بڕیارو پەسند کراوەکانی خۆیدا گونجاندوە، هەرچەند گرفتەکەش لە نەبوونی بڕیارو پەسندکراوەکاندا نەبووە، بەڵکوو لە بەڕێوەنەبردن و بەجیددی نەگرتنی ئەو بڕیارو دروشمانەدایە کە پێوەندییان بە مافو ئەرکەکانەوە هەیە. هۆکاری ئەوەش روانگەو بیروبۆچوونی دواکەوتووانە و پیاوسالارانەی زۆر لە بەڕێوەبەران و بەرپرسانی حیزبی بووە. ئەگەر ئەرکی بەدواداچوون و چەسپاندنی بڕیارەکان بە باشی جێبەجێ کرابان و بە قەناعەتو کردەوە لە پێناو چالاک بوونی ژنان دا هەنگاو هەڵهێنرابایەتەوە، ئەمرۆ ئەو ناهاوسەنگییە پێک نەدەهات کە ئێستا زۆر بەرچاوە، یان لانی

کەم لەوە کەمتر دەبوو.

لە دوای لەت بوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، بە شێوەیەکی جیددی باسی ئاڵوگۆڕو ڕیفۆرم هاتۆتە گۆڕێ، یەکێک لەو بوارانەی کە حیزب بڕیاری داوە ئاڵوگۆڕ ی تێدا پێک بێنێ، مەسەلەی گرنگیدان بە رۆڵ و نەخشی ژنان لە بەڕێوەبەریی حیزب دایە. بۆ ئەوەی ئەمجارە ئەم بڕیارە هەروەک پێشوو هەر لەسەر کاغەز نەمێنێتەوە، حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بەرەو کۆنگرەی ١٤ی خۆی دەچێ، چەند هەنگاوێکی لەم بارەیەوە هەڵێناوەتەوە کە لەگەڵ پێشوو جیاوازیی هەیە. ئەویش زیادکردنی ڕێژەی نوێنەرانی ژنان لە هەڵبژاردنەکانداو دیاریکردنی میکانیزم بۆ شێوەی هەڵبژاردنی ژنان لە کۆنفرانسەکانی کۆنگرەی ١٤دا بوو، بە جۆرێک کە ژنانی پێشمەرگەو کادر کە ژمارەیان زۆر کەمترە لە پیاوانی پێشمەرگە مافیان ژێر پێ نەخرا.

هەروەک گوترا یەکێک لەو خاڵانەی کە کۆنفرانسەکانی کۆنگرەی ١٤ لە کۆنفرانسەکانی کۆنگرەکانی پێشووی حیزب جیادەکاتەوە، هەڵبژاردنی ڕێژەیەکی زیاتری ژنان کە وەک نوێنەر دەچنە کۆنگرە. هەر بۆیە چاوەڕوان دەکرێ بە پێی ئەو ئەسڵەی کە لە "هێڵەگشتییەکانی ڕێبازی ئێمەدا" پەسند کراوە، رەنگە ژمارەیەکی زیاتری ژنان لە کۆنگرەی ١٤دا بۆ پۆستەکانی ڕێبەریی حیزب هەڵبژێردرێن، بەڵام ئایا هەر ئەوەندە بەسە بۆ حیزبی دیموکراتو بۆ ژنان؟ لەگەڵ ئەوەی کە بوونی ڕێژەی زۆرتری ژنان لە پۆستەکانی بڕیاردانو دەسەڵات دا، دەسکەوتێکی گرنگ دەبێ بۆ ژنانو بۆ حیزبەکەشمان، بەڵام ئەوە ئەو بۆشاییە پڕناکاتەوە کە لە ئاکامی بایەخ نەدان بە رۆڵی ژنان و لەبیرکردنی دەوریان لە حیزبی ئێمەدا پێک هاتوە. پیاوسالاری لەمێژساڵە لە نێو ئەندامانی حیزب دا رەگی داکوتاوەو بۆتە کولتوورو وا ئێشتاش لە بەرامبەر ئەو هەوڵەدا راستەخۆو ناڕاستەخۆ لە لایەن بە شێک لە پیاوانی بە رواڵەت دیموکرات هاوار بەرز بۆتەوە کە لە نێو حیزب دا ژمارەی ژنانی تێگەیشتووو پێگەیشتوو لە قامکەکانی دەست تێنا پەڕێ، لەگەڵ ئەوەی رەنگە ئیددیعاکەشیان راست بێ، بەڵام باشترە ئەو پرسیارە لەخۆیان بکەن کە چۆنە لە حیزبێکی تەمەن ٦٢ ساڵ دا ٥ ژنی بە تواناو لێهاتوو نابینرێن؟

رابردوو رۆیشت و زۆر هەل لە دەست چوون. بۆ ئەوەی هەڵەکان دووبارە نەبنەوە پێویستە ئەم بەڵێنانەی حیزب داونی لە دوای کۆنگرەش بە جیددی کاریان بۆ بکرێ. ئەم پرۆسەیە واتە گرنگی دان بە رۆڵو نەخشی ژنان لە ریزەکانی حیزب لە داهاتوودا، ئاماژە بە ڕێگایەکی سەخت دەکا لەبەر دەم ئەوانەی خۆیان بە بەرپرس دەزانن.

بۆ ئەوەی ئەم پرنسیپە دیموکراتیکە بچەسپێ و، دوای کۆنگرە ئەم پرسە پشت گوێ نەخرێتەوە، کۆمەڵێک ئەرک هەیە لە پێوەندی لەگەڵ حیزبو ژنان دا:

مەسەلەی ژنان لە حیزب دا هەموو کات پێویستیی بە بایخدان (اولویت)ی پلە یەک هەیە، بۆیە:

ـ پەروەردەی ئەندامانی حیزب لە سەر ئەساسی وشیاریو خۆپاککردنەوە لە تەواوی ئەو کولتوورانەی ژن وەک مرۆڤێکی ناکارای نێو کۆمەڵ چاو لێ دەکەن، دەبێ گرینگیی پێبدرێ، یەکەم هەنگاوی بەکردەوە بۆ ئەو ڕیفۆرمە، گۆڕینی عەقڵیەتی پیاوسالارییە،

ـ حیزب بۆ ئەوەی ژنانی زیاتر بەرەو ڕیزەکانی خۆی ڕابکێشێ، پێویستە پێوەندیی زیاتر لەگەڵ ژنانی دەرەوەی حیزب بگرێ و بوار برەخسێنێ بۆ ڕاکێشانی ژنانی چالاکی نێو کۆمەڵگای کوردستان،

ـ لە ڕاگەیەنەگشتییەکانی حیزب دا دەبێ وەک ئەرکێکی جیددیو بایەخدار ئاوڕ لە کێشەو مەسەلەکانی ژنان بدرێتەوە،

ـ ژنانی کادرو پێشمەرگە بۆ چالاکتر بوونیان لە پێناو هاوسەنگیی ئەرکو مافەکانی ژنان و پیاوان لە ڕیزەکانی حیزب دا، پێویستە زیاتر پەروەردە بکرێن،

ـ پرسەکانی ژنان پێویستە لە هەموو کارو چالاکییەکانی حیزب دا ڕەنگ بداتەوە،

ـ هاوسەنگیی نێوان ئەرکەکانی ژن و پیاو و گرنگیدان بە ڕۆڵی ژنان لە ڕیزەکانی حیزب دا دەبێ کاری بۆ بکرێ ببێتە پرنسیپ لە کارو تێکۆشاندا،

ـ پێویستە کومیتەیەک یا ناوەندێک بۆ باشتر کردنی وەزعی ژنانی پێشمەرگە و ئەندام لە حیزب داو بە مەبەستی بەدواداچوونی ئەو بەڵێنانە کە حیزب لە پێوەندی لەگەڵ ژنان دا داونی، پێک بێ. ئەو کومیتەیە دەبێ هەست بە بەرپرسایەتی بەرامبەر بە پرسەکانی ژنان لە ڕیزەکانی حیزب دا بە ئەرکی خۆی بزانێ و ڕەوشی ژنانی نێو ڕیزەکانی حیزب بخاتە ژێرچاوەدیری و لە کەموکوورییەکان بکۆڵێتەوەو ئەو کارانەی دەبێ بکرێن وەبیر ڕێبەریی حیزب بهێنێتەوە.

لە حیزبی ئێمەدا بەداخەوە لە دابەشکردنی ڕۆڵ و نەخشەکان دا نایەکسانی هەیە. ئەو لاسەنگییە لە داهاتوودا لە نێوان ژن و پیاودا دەبێ بەلانی کەمی خۆی بگا یان هاوسەنگ بکرێ، ئەوە ئەرکێکی گشتی هەموو ئەندامانی حیزبە. مەبەست لە ئەرکی گشتی ئەوەیە کە هەرەوەزییەکی لەخۆبردووانەی یەک یەکی ئەندامانی حیزبی دەوێ بۆ

ئەو ئامانجە کار بکەن. دیارە ژنان زۆر زیاتر دەبێ خۆیان ماندوو بکەن لەم پێناوەدا بۆ ئەوەی ئەم گۆڕانەی حیزبی دیموکراتی کوردستان باسی دەکا واتە گرنگی دان بە رۆڵی ژنان لە ریزەکانی حیزب دا زۆرتر بەرهەمی تێکۆشانی خۆیان بێ.

## ئەرکەکانی ژنانی نێو ریزەکانی حیزب لەم پێناوە دا:

ـ گەیشتن بە پۆستەکانی بەڕێوەبەری لە حیزب دا بۆ ژنان گرنگە، چونکە بڕیارەکان تەنیا پیاوان نایدەن. بەڵام دەبێ توانایی و وشیاریی ژنان ببێتە پێوانە بۆ ئەوەی ئەوان لەو پۆستانەدا جێبگرن. نەک چاویان لەوە بێ بیانگەیەننە سەرەوە. ئەوەش بە هەوڵ و ماندوو بوون و گرنگیدانی زیاتر بە خۆپەروەردەکردن و خۆوشیارکردن دەکرێ، بۆیە نابێ لە هەلومەرجی سەختیش دا لە کارو تێکۆشان دڵسارد ببنەوە،

ـ دەبێ داواو خواستی روون و دیاریان هەبێ و، بە شێلگیرییەوە بە دوای خواستو داواکانیانەوە بچن، بۆ ئەوەی حیزبیش داواکانیان بە هێند وەربگرێ. داواو خواستەکانیان هەتا نەگەیەننە شوێنی مەبەست، واتە ناوەندەکانی بڕیارو دەسەڵات، وازیان لێنەهێنن. هاودەنگیی خۆیان لەم پێوەندییەدا رۆڵێکی گرنگی دەبێ لە بە ئاکام گەیشتنی ئەم هەوڵانەیان،

ـ پێویستە ئازادانەو سەربەخۆو بە بێ شەرمو دوو دڵی، بە ئازایەتی و راشکاوی داواکانی خۆیان بخەنە روو،

ـ نەخشی بەرچاویان هەبێ لە گۆڕینی عەقڵییەتو کولتووری پیاوسالاری لە ریزەکانی حیزب دا،

ـ ژنان نابێ هەر تەنیا حیزبایەتی بکەن. پێویستە کارکردن بۆ پرسەکانی ژنان، مافی مرۆڤ و یەکسانی، پرەنسیپی سەرەکییان بێ لە ژیانو کارو تێکۆشانیان دا،

ژنانی نێو ریزەکانی حیزب ئەگەر خاوەنی ئەو سیفەتو هەڵوێستانە نە بن کە لە سەرەوە باس کرانو ئەگەر رێبەرانی حیزبیش نۆرم و بەهاکانی کولتووری پیاوسالاری بەتەواوی لەخۆیان پاکنەکەنەوە، ئەم پرۆسەیە دەبێتە پرۆسەیەکی شکست خواردوو. نابێ بڕیارە پێشکەوتووەکان هەر لەسەر لاپەری کاغەزەکان ببینین.

ئەم بابەتە لە رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ٤٧٨ دا بڵاو بۆتەوە

٢٠ی جانێوێری ٢٠٠٨

## وتووێژی ماڵپەری گیارەنگ سەبارەت بە کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

***پرسیار: لە کۆنگرەی ١٤دا بناغەکانی نوێبوونەوەی حیزب چەسپا جیاوازییەکانی ئەم کۆنگرەیە لە چاو کۆنگرەکانی پێشوو چی بوو؟***

**_وەڵام:_ دیارە لە کۆنگرەکانی دیکەدا بەشدار نەبووم، بەڵام بە پێی ئاگاداریم لە سەریان، ئەم کۆنگرەیە زۆر جیاوازی تێدا بوو کە لە کۆنگرەکانی پێشووی حیزب دا نەبوون.**

**بۆ نموونە، ئەم کۆنگرەیە کۆنگرەیەکی بەرین، چونکە ژمارەیەکی زۆر ئەندام لە زۆربەی وڵاتەکانەوە بە شێوەیەکی دیموکراتیک هەڵبژێردرابوون و هاتبوونەوەو بەشدارییان تێداکردبوو، پاشان ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی ئەندام بەشداربوون، ئەمە یەکەم کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو کە ژنان بە رێژەیەکی زیاتر لە کۆنگرەکانی پێشوو نوێنەریان لە کۆنگرە دا بەشداربێ، بەلای منەوە رێژەی زیاتری ژنان لەو کۆنگرە دا زۆر گرنگ بوو. شتێکی دیکە کە بۆ من سەرنجڕاکێش بوو ئاستی بەرزی ئاگایی سیاسیی رێژەیەکی زۆر لە نوێنەران بوو، بۆیە کۆنگرەیەکی پڕ لە باسو مناقشە بوو. شتێکی دیکەی کە زۆر خۆش بوو، پێم وایە یەکەم کۆنگرەی حیزبی دیموکرات بوو کە بە بێ ململانێی جیناحی و دەستەبەندی بەڕێوەچوو. هەموو بیرکردنەوەو باس و مناقشەکان لەسەر مەسائیلی سیاسی و چارەنووسی حیزب و... بوون، نەک لەسەر جیناح و دەستە و دەستەبەندی، کە لە کۆنگرەی کانی دیکەدا فکرو زەینی ئەندامانی کۆنگرەی بەخۆیەوە مەشغووڵ دەکرد.**

***پرسیار: وێڕای ئەوەی کە لایەنی بەرامبەر داوای گۆڕینی ناوی حیزبی لێ کردبوون و وەک ئاگادارین ئەندامەکانی خۆشتان لە دەرەوەی وڵاتەوە دوو ناوی دیکەیان پێشنیار کردبوو چۆن بوو کۆنگرەی چواردە دەنگی بە ناوی "حیزبی دیموکراتی کوردستان"داو نەیگۆڕی؟***

**_وەڵام:_ من پێم وابێ ئەوەی گرنگ نەبوو بەلای ئەندامانی کۆنگرەوە، ئەو داوایە بوو بۆ گۆڕینی ناوی حیزب. ئەسڵەن لە کۆنگرەدا هەر مەوزوعییەتیشی نەبوو. داوایەکی وا هەر مەترەح نەکرا، مافی ئەوانیش نیە داوایەکی وا لە حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەن. ئەوان چەندە خۆیان بە میراتگری رێبازی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

دەزانن، ئێمە زۆر زیاتر ئەم حەقە بۆ خۆمان بەڕەوا دەزانین، ئەوە بڕوای نوێنەرانی کۆنگرەی چاردەهەمی حیزبی ئێمە بوو، ئەوەشم نەبیست کە ئەندامانی حیزبی دەرەوەی وڵات دوو ناوی دیکەیان پێشنیار کردبێ، رەنگە کەسێک وەک خۆی پێشنیارێکی کردبێ لەو بارەوە، بۆیە لەسەر "ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان"، هیچ کەس موخالفەتی نەکردو بە تێکڕای دەنگ ئەم ناوە پەسند کرایەوە. چونکە یەک یەکی نوێنەرانی کۆنگرە هەم لەلایەن خۆیانەوەو هەم لەلایەن ئەندامانی دیکەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە پەیامێکیان پێبوو کە ئێمە هەموومان ئەندامی حیزبێکین ئەویش حیزبی دیموکراتی کوردستانە، حیزبی شەهیدان قازی و قاسملووو شەرەفکەندییە، هەر ئەو رێبازەیە کە ٦٢ ساڵە خەباتی بۆدەکەین، بۆیە هیچ بە پێویستیان نەدەزانی کە ئەو ناوە بگۆڕن. ئەوەش تەنیا خاڵێک بوو کە موناقشەی لێ نەکراو بە تێکڕای دەنگ هەر ئەو ناوە (حیزبی دیموکراتی کوردستان) پەسند کرایەوە. ئەمە بەلای ئێمەوە هەر کێشە نەبوو.

***پرسیار: ئەو فاکتەرانەی کە دەکرێ پێناسەی دیموکراتیک بوونی کۆنگرەی چواردە هەم بن چی بوون؟***

***وەڵام:*** دەتوانم ئیشارە بە یەک شت بکەم، ئەوەی کە بە مانای واقعی کۆنگرەیەکی دیمۆکراتیک بوو، ئەوە بوو لەسەر هەر بڕگەیەکی باسەکان هەموو کەس زۆر ئازادانە، شەفاف و بەبێ سانسۆر بیروبۆچوونی خۆی مەترەح دەکرد بەبێ ئەوەی کەس هەست بە کێشەیەک بکات. بەڕاستی کۆنگرەیەکی هەتا بڵێی تێکەڵاوبوو لە بیروبۆچوونی جیاواز، ئەمەش وای کردبوو هەموو ئەندامانی کۆنگرە بە جیددی موشارەکەت بکەن لە پەسند کردنی بەرنامە و بڕیارەکانی کۆنگرەدا. بەلای منەوە فاکتەرێکی بنەڕەتی بوو بۆ دیموکراتیک بوونی ئەو کۆنگرەیە.

***پرسیار: حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پاش لەتبوون گەلێک دروشمی نوێ بوونەوەی هەڵگرتن، ئەم دروشمانە لەم کۆنگرەیە دا چەندەیان هاتنە جێ؟***

***وەڵام:*** دیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا بڕیارەکان و بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب دەخرێنە بەرچاوی خەڵک، کە پێم وابێ زۆر گۆرانکارییان بەسەردا هاتوە، بەڵام نوێبوونەوە پرۆسەیەک نیە کە بڵێی هەمووی لە کۆنگرە دا دێنە دیو ئیتر کار تەواو دەبێ. ئەو نوێبوونەوەی کە حیزب لە دوای لەتبوونەوە دروشمەکەی هەڵگرتوە، بەبڕوای من بناغەکەی لەو کۆنگرەیە دا چەسپایەوە. کۆنگرە خاڵی دەسپێکی کارکردنە بۆ نوێبوونەوە، من پێم وایە بە پێی ئەو بڕیارو پەسندکراوانە، کۆنگرە باوەڕی بە نوێبوونەوە هەبوو، بۆیە دروشمەکانی دوای لەتبوون چەسپان و پێی

لەسەر داگیرایەوە کە دەبێ حیزب بەردەوام کار بکا بۆ ئەو ئەسڵانە کە لە "هێڵەگشتییەکانی ڕێبازی ئێمەدا" هاتوون کە لە دوای لەتبوون بوون بوونە بەرنامەی ئێمە. بەشدارانی کۆنگرە پێیان لە سەر ئەوە داگرتەوە کە ئەم پرۆسەیە نابێ لەیاد بچێ. ئەوە ئەرکی هەموو لایەکمانە کە وەفاداربین بەو دروشمانە و بۆ وەدیهاتنیان کار بکەین و، ئەگەر نەیکەین، بێگومان حیزب و ڕێبەرایەتییەکەی زیان دەبینێ. دەبێ بکرێ و لە کارو کردەوەکانماندا ڕەنگ بداتەوە.

***پرسیار: ڕۆڵ و نەخشی ژنان لەم کۆنگرەیە دا چۆن بوو، حیزب کە لەدوای لەتبوونەوە یەکێک لە دروشمەکانی ئەوە بوو کە دەبێ زیاتر گرنگی بە ڕۆڵیان بدرێ، ئایا لەم کۆنگرە دا ئەو دروشمە تا چەند ڕەنگدانەوەی هەبوو؟***

*وەڵام:* کە چاو لە رابردووی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین، ناکرێ چاو لە کەم و کورییەکانی بپۆشین، یەکێک لەو کەموکورییانە لە رابردووی حیزبی ئێمە دا بایەخ نەدان بە نەخش و رۆڵی ژنان بوو. لە دوای لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیشەوە ئەم واقعییەتە لەلایەن حیزبی ئێمەوە قبووڵ کراوو لەم بارەیەوە حیزب رەخنەی لە خۆی گرت. ئەوە لە هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئێمە دا ئیشارەی پێکراوە و بە راشکاوی رایگەیاندوە کە دەبێ لە ئێستاوە میکانیزمێک دابنرێ و پیادە بکرێ کە بەشداری ژنان لە رەدە جۆراوجۆرەکانی ڕێبەری دا مسۆگەر بکاو بەردەوامیش پەرەی پێ بدا.

ئەم خوێندنەوە نوێیە لە سەرەتاوە وەک دروشمێک هاتەگۆڕێ. بەڵام یەکەم هەنگاو هەر لە کۆنفرانسەکانی حیزبی لە پێش کۆنگرە دا هەڵێنرایەوەو میکانیزمی بۆ دانراو بۆ ئەوەی رێژەی بەشداریی ژنان لە کۆنگرەدا زیاد بکرێ. هەرواش بوو لە کۆنگرە دا ئەمە رەنگی دایەوە و بە ریژەیەکی بەرچاو ژنان لە کۆنگرە دا بەشدار بوون. دیارە ئەم رێژەیە هەر لە باری کەمییەتەوە بەرچاو نەبوو، بەڵکوو دەتوانین بڵێین بەشدارییەکی چالاکانەشیان هەبوو لە باس و موناقشەکان و دەنگیان دیار بوو. هەروەها لە کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەش دا بوونیان هەیە لە ٢١ ئەندامی ئەسڵیی کومیتەی ناوەندیی ٣ کەسیان ژنن. لە نێو جێگرەکانیش دا ژن هەیە. هەرچەند ئەم رێژەیە بەلەبەرچاوگرتنی کەمتەرخەمییەکانی پێشوو تارادەیەک دەکرێ بڵێین کەم نیە، بەڵام بۆ داهاتوو ژنان نابێ بەم رێژەیە رازی بن، لەگەڵ ئەوەی ئەو میکانیزمە هەنگاوێکی موسبەت بووو بوارێک رەخسا بۆ ئەوەی ژنان لە رێبەری حیزبدا حوزوریان هەبێ و چەند پەیامی تێدا بوو، یەکەم ئەوەی حیزبی ئێمە هاتۆتە سەر ئەو باوەڕە کە تا ئێستا لەو بارەوە کەمتەرخەمی کراوە. دووهەم، پەیامێک کە تایبەتە بۆ ژنان، ئەویش دەبێ پشت ئەستوور بن بە

تواناو بەشداری و رۆڵی چالاکانەی خۆیان بۆ ئەوەی لەداهاتوو دا رێژەیەکی زیاتر لە پۆستەکانی رێبەریی حیزب بۆ خۆیان مسوگەر بکەن. لەمەودوا ئەوە ژنانن دەبێ بە کارایی و حوزووری چالاکانەی خۆیان لە ئۆرگانەکانی حیزبدا بیسەلمێنن کە ئەگەر بوار هەبێ بۆیان، ئەو توانایییە کە لە پیاوان دا هەیە بێگومان لە ژنیش دا هەیە. ئەوەی کە تا ئێستا ژنان کەمتر دیار بوون هۆکاری جۆراوجۆری هەیە بەڵام هۆکاری سەرەکی کولتوورو عەقڵییەتی کۆمەڵگای کوردستانە کە رێگرە بووە لەسەر رێگای ژنان بۆ بەشداری لەخەباتی سیاسی و رێکخراوەیی دا، حیزبیش لەم کولتوورو عەقڵیەتە بەدوور نەبووە. ئەمە وای کردوە کە هەمیشە نەخشو رۆڵی ژنان لە خەباتدا بە هێند نەگیرێ .

بۆیە ئەرکی ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازە رۆڵی کارایان هەبێ لە چەسپاندنی کولتووری یەکسانیخوازی لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، بۆ ئەوەی رۆژێک دابێ رێژە بۆ ژنان دیاری نەکرێ بەڵکوو ئەرک و بەرپرسایەتییەکان بە شێوەیەکی یەکسان لە ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بە باوەڕەوە بچەسپێ.

٢٦ی مارسی ٢٠٠٨

---

## قسەکردن لەمافەکانی ژنان تاکەی لە خزمەتی سیاسەتدا بێ؟

مرۆڤ جاری وایە هێندێک رووداو و کارەسات دەبیسێ کە پێی وایە هیچ شتێک لەوە خراپتر نیە. ئەمە خەون و کابووسە، یان رووداوێکی راستەقینە؟ تف لەو کلتوورەی ئەوانەی بەم شێوەیە پەروەردە کردوە و وەک درندەیەک رەفتار لە گەڵ ئینسانەکان دەکەن، کە باوەڕ کردنیشی دژوارە!

ماوەیەک پێش ئێستا چاوم بە وێنەیەک کەوت کە بەراستی رای چڵەکاندم، وێنەی ژنێکی جوان و لاو کە لووت و گوێیەکانی بڕدرابوون. بیرم لە چارەنووسی ئەو چارەرەشە دەکردەوە، کە چۆن دوای ئەم کارەساتە ژیان بەسەر دەبا! بەڵام بەوحاڵەش هیوایە ژیان دەبەخشێ بە ئینسان. ئەویش هەروەک خۆی لە وتوێژێکدا وتبووی هیوایەکم لە دڵ دایە کە رۆژێ بێ و لووتم بۆ چاک بکرێتەوە. بۆ چەند رۆژ نەمدەتوانی خۆم لە غەم و ئازاری ئەو ژنە

جوانە دوور بخەمەوە. وێنەکەیم لە سەر شاشەی کامپیوتێرەکەم پاراستبوو، جاروبار چاوم لێ دەکرد و بە دیتنەوەی چەند جارەی بیرم لەو هەموو کارەساتە تاڵ و بەئازارانە دەکردەوە کە رۆژانە لە هێندێک وڵات دا بە سەر ژنان دێن. هەموو ئەو دیمەن و کارەساتانەی دیتبووم و بیستبووم وەک فیلم بەبەر بەرچاومدا دەهاتن و دەچوون و ئازاریان دەدام. دوعا ئەسوەد کچە ١٧ ساڵە یەزیدییەکەی کوردستانی باشوور کە لەلایەن کۆمەڵێک پیاوی دڕندەوە و بەبەر چاوی کۆمەڵێکی دیکەوە لەشی ناسکیان وەبەر شەق و بەرد و بلووک دەداو گیانیان لێ سەند. فیلمی ئەو رووداوە ترسناکە لەم مۆبایل بۆ ئەو مۆبایل بەرێ دەکرا و هێندێک کەس کە دەیان دیت ئاخێکی بەزەییان بۆی هەڵ دەکێشا و هیچی تر! ژنە کوردەکەی رۆژهەڵاتی کوردستان بە تاوانی "بێ ئەخلاقی" لەسەر شاخی بەرزی رەواندوزەوە بەریان دابووەوە خوار و بەوەش نەوەستان لەسەرەوە بەردی گەورەیان بەسەردابوو تاکوو بمرێ! ئەمەش جۆرێکی دیکە بوو لە (سنگسار) کوشتنی شەوبۆ جوانەکە و هێشوو و سارای باشوور بەتاوانی "ناموسپارێزی"، لووتبڕینی کەژاڵەکەی رانیە، کوێر کرانی ئامینە کچە خوێندکارە ئێرانییەکە ئەسیدی بە دەموچاودا کرا و بۆ هەمیشە بێبەش کرا لە رووناکایی چاو، سەعیدە کچە ١٤ ساڵە سیستانییەکە کە ئەوێش لە بەرزاییەکانی زاهیدان بە بەرد کوژرا. هەموو ئەو جینایەتانە لە لایەن پیاوانەوە وتەنانەت لەلایەن نزیکترین کەسەکانی خۆیانەوە روویان دا.

ئەرێ کێ ئەو ئیجازەیەی بەم پیاوە دڵڕەقانە داوە کە بەم شێوەیە ئەو ئینسانانە لەسەر خۆشەویستی یان نەخێر لەسەر هەڵەیەک بەم شێوەیە سزا بدەن؟ خودا! کام خودا؟

... دەمەوێ کەمێک لە ئازارەکانی ئەوانە بدوێم. خۆم بە ویژدانی ئازار چەشتووان دەزانم، ناتوانم بێدەنگ بم، بەڵام دەنگی من چ سوودێکی هەیە؟! دەکرێ هەست بە ئازار بکەی و بە کەس نەڵێی؟ رەنگە! بەڵام تەحەمولی دژوارە هەست بە ئازارێک بکەی و بەڵام بێدەسەڵات بی لە ئاستیدا. موچورکم بە لەش دا دێ و نفرەت لەو دەسەڵات و کلتوورە دەکەم کە بەم شێوە مرۆڤەکان پەروەردە دەکا، نفرەت لەو دەسەڵات و هێزەی ئەم قانوونەی لەسەر مرۆڤ پیادە کردوە!

لە جیهاندا سیستمێک دەسەڵاتی بەدەستەوەیە زاڵمانە و نادادپەروەرانەیە. ژنان قوربانیانی سەرەکی ئەو کەلتوور و سیستم و دەسەڵاتانەن کە لە وڵاتانی دواکەوتوو و ئیسلامیدا حاکمن و بە شێوەی جۆراوجۆر لە ماڵەکان، لە شوێنی کار، لە شەقام، لە قوتابخانە، زانکۆکان و.... سووکایەتیان پێ دەکرێ و دەچەوسێنەوە و گیانیان لێ

دەسەندرێ .

لەم جیهانەدا هەموو شتێ فیدای قازانج و بەرژەوەندییەکان بوون. لە جیهانی ئەمڕۆدا ئەوندەی دیفاع لە پرنسیپی ئیسلامی و دەمارگرژی و ناموسپەرستی دەکرێ، قەت ئەوندە بیر لە سڕینەوەی ئەو قانوون و کلتووره دارزیوە ناکرێتەوە کە لە زۆر وڵاتی ئەم دنیایەدا گیانی ئینسانەکان بە بێ بایەخی چاو لێ دەکرێ و زۆر ئاسان بە دەستی پیاوە دەمارگرژەکان سووکایەتی بە جەستەیان دەکرێ و ئاسان گیانیان لێ دەسەندرێ.

ئەو ڕۆژانە وێنەی کچە ئەفغانستانییەکەم پیشانی هاوکارێکم دا، ئەویش بەم قسەیە بێزاری خۆی لەم کردەوەیە دەربڕی: "ڕێکخراوی تاڵیبان هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێ". کەژاڵەکەی ناوچەی پشدەر و بێتوێنم بیر خستەوە کە چەند ساڵ لەمەوبەر، لە کوردستانی ئازاددا ئەویش بە دەستی کەسانی نزیکی خۆی لووتیان بڕی. وتم ئەی ئەوانە لووتی کەژاڵیان بڕی کێ بوون؟! بەسە تاکەی هەواڵ و ڕووداوی پێشێلکارییەکان هەمووی دەبێ لە خزمەتی سیاسەتدا بن؟

چ شتێک پاڵنەری ئەم جۆرە ڕووداوە ترسناکانەن؟ توندوتیژی دژی ژنان، سیمای ڕاستەقینەی چ کلتوور و یاسا و ڕێسایەکە؟ ئایین؟ پیاوسالاری؟ پیاوسالاری بەرهەمی چ فکر و ئایدۆلۆژییەکە؟ ئایا ئەوانەی دەست بۆ ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە دەبەن، پەروەردەی چ فکر و ئایدۆلۆژیایەکن؟ هەموو ئەوانە جێی تێرامان و لێ وردبوونەوەن .

یەکەم پاڵنەری دەروونی لە پشت هەر کردەوەیەکی لەم شێوەیە سیفەتی توندوتیژئامێزی پیاوێک هەیە کە تا ئێستاش ئەم سیفەتە تێروانینی زاڵی کۆمەڵگە دواکەوتووەکانە. ئەوەتا ئەو وەحشیگەرییەی لە ئەفغانستان ڕوویداوە لە وڵاتەکەی ئێمەش زۆر پێشتر رووی داوە .

١٨ - ١٩ ساڵ لەمەوبەر ژنێکم بە ناوی "م" کە تەمەنی لە دەوروبەری ٤٥ ساڵ دەبوو بینی سیمایەکی شێواوی هەبوو، دڵم نەهات لەخۆی پرسیار بکەم، دواتر لە ناسیاوێکی خۆیم بیست کە ئەو ژنە چارەڕەشە کاتی خۆی بە هۆی ئەوەی لەگەڵ خۆشەویستەکەی رایکردبوو، براکانی هەر ئەو بەڵایەیان بەسەر هێنابوو کە بە سەر کەژاڵی باشوور و عایشەی ئەفغانستان هاتبوو. بە دڵنیاییەوە هەرکام لە ئێمە لەوبارەوە ئەگەر بە چاوی خۆمان ڕووداوی لەو جۆرەمان نەدیبێ، بێگومان بیستوومانە .

حاشای لێ ناکرێ رەفتاری توندوتیژ ئامێز لە زۆر ولاتدا و ناوچەی جۆراوجۆری جیهاندا بە شێوەی جیاواز لە دژی ژنان بەرێوە دەچێ. بەلام ئەم کردەوە دزێو و نامرۆڤانەیە (لووت برین) لە کەم ولاتدا دەبینرێ. کوردستان و ئەفغانستان! چ عەلقەیەک ئەمانە پێکەوە دەبەستێتەوە؟ بێگومان ئەم کردەوانە زیاتر لەو ولاتانە روودەدەن کە لە رووی وشیاری و عەقلەوە لەوپەڕی هەژاری و چەقبەستوویی‌دا دەژین.

دیاردەی بەرخوێن، بە زۆر بەشوودان، گەورە بە بچووک، رەدووکەوتن، چەند هاوسەری و سزا و کوشتنی ژنان لەسەر مەسەلەی "نامووس پارێزی" و... هەموو ئەوانە لە ئەفغانستانی ئیسلامی بوونیان هەبووە و هەیە، لە کوردستانیش ئەم دیاردانە بوونیان بووە بەشێکیان ئێستاش لە هێندێک ناوچە هەر ماون. بۆ نموونە دیاردەی دزێوی بەرخوێن کە ئایشە یەکێک بووە لە قوربانیانی ئەم دیاردە دزێوە، بە لای ئێمەی خەلکی کوردستانەوە نامۆ نیە.

## چۆنیەتی رووداوەکەی عایشە لە ئەفغانستان

عایشە لە تەمەنێکی کەمدا لەگەل خوشکێکی وەک "بەرخوێن" دەدرێن بە بنەمالەیەک کە مامی عایشە کەسێکی لێ کوشتبوون، بۆ ئەوەی خوێن رشتن کۆتایی پێ بێ. بەلام بنەمالەی کوژراوەکە کە دەبنە مالە خەزووری ئەو دوو خوشکە، وەک کۆیلەیەک سەیری ئەم کچانە دەکەن و بەردەوام لەلایەن ئەو بنەمالەیەوە ئازار دەدرێن، تا وای لێ دێ عایشە لەو مالە کە لەناوچەی ئەرزکان دەژیان رادەکا، بەلام پیاوانی ئەو بنەمالەیە لە شاری قەندەهار دەیگرنەوە و بە تاوانی ئەو راکردنە کە پێیان وایە شەرمەزاری بۆ بنەمالەکەیان دروست کردوە، لووت و گوێیەکانی ئەم کچە بێتاوانە دەبرن. ئەم کارەش گۆیا بە حوکمی گرووپی تالیبان و بە دەستی مێردی عایشە کە چەکداری تالیبان بووە، دەکرێ. دواتر لە چۆلەوانییەک بە نیوە گیانی فرێی دەدەن تاکوو بمرێ. بەلام دەستەیەک لەسەربازەکانی هێزی هاوپەیمانان کە لەو ناوچەیە لە حالی گەڕاندا دەبن، عایشە لە حالێکی شپرزەدا دەبیننەوە و رەوانەی نەخۆشخانەیەکی خۆیانی دەکەن و پاش ١٠ مانگ لە لایەن رێکخراوێکی خێرخوازەوە بۆ چارەسەری لووتی بەرێ دەکرێ بۆ ولاتی ئەمریکا. وێنەی عایشە بەم شێوەیە لە سەر بەرگی گۆڤاری "تایم"ی ئەمریکا چاپ و بلاو کرایەوە. ئەمەش نیشاندانی نموونەیەک لە ئازارەکانی ژنانی ئەفغانستان بوو. بەلام گۆڤاری تایم داوای لێبوردنی لە خوێنەرەکانی کرد کە بە چاپ کردنی ئەم وێنەیە بۆتە هۆی ئازاردانیان. ئەی کێ داوای لێبوردن لە مندالانی ئەفغانستان و کوردستان بکا کە رۆژانە بەبەردەوامی ئازارەکانی دایک و خوشکیان بە چاو ئەبینن؟ مندالە

کوڕەکان ئەو کلتووره وەردەگرن کە لە رەفتاری پیاوەکان دایە و منداڵە کچەکانیش مەزڵوومییەت لە دایکیان و خوشکە گەورەکانیان وەردەگرن. بەڵام چ هێزێک ئەو جورئەتەی هەیە لە فکری سرینەوەی ئەو کولتووره نادادپەروەرانە دا بێ؟

## هەست و روانگەی تاوانباران (پیاوە موسڵمانەکان)

ئەوانەی بەم شێوە دڕندانەیە ژنان سزا دەدەن، نەتەنیا هەست بە تاوانێک ناکەن، بەڵکوو پێیان وایە فەرمانی ئیسلامیان جێبەجێ کردوە، چونکە ژن موڵکی پیاوە و ئیسلام ئەو مافەی بە پیاو داوە کە ژن ئەگەر سەرپێچی لە فەرمانی ئەو کرد دەبێ سزابدرێ! واتە پیاوە ئیسلامییەکان پێیان وایە سزادانی ژنێک کە سەرپێچی بڕیارەکانیان دەکا ئەرکە و نابێ لە هیچ قانوونێکی دەسکرد بترسن.

ئەگەر بڕوانینە کێشەکانی ژنان لە وڵاتانی دواکەوتوودا زۆریان وەک یەک دەچن. بۆ نموونە سزادانی ژن لەسەر مەسەلەی نامووس. بە دڵنیاییەوە هێزی کۆنەخواز و پیاوانی دەمارگرژی تالیبانی تەنیا لە ئەفغانستان بوونیان نیە، ئەگەر چاوێک لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت کوردستانی ئازادییش بکەین دەبینین ئەخلاقێکی کۆنەپارێزی ژیانی زۆر ژنی کردۆتە دۆزەخ. ئەم ئەخلاقە خەریکە پەرە دەستێنێ و هەمووومان هەستی پێدەکەین. ئەوەی لە ئێران دەبینرێ بە هۆی ئەو دەسەڵات و قانوونەوەیە کە ئێستا لە ئێراندا حاکمە. بەڵام ئەوەی لە باشووری کوردستان دەبینرێ زۆر جێگەی داخ و کەسەرە.

هەر کەسێک ئەگەر بۆ جارێکیش بێ رێی بکەوێتە مەجلیسی پرسەی ژنان لە شارەکانی کوردستان و کەمێک گوێ بگرێ بۆ (پیاوێکی ئایینی) کە بۆ قورئان خوێنی بانگ دەکرێ بۆ ئەو مەجلیسانە، باش هەست دەکا و دەزانێ هێزی کۆنەخواز و توندوتیژئامێز لە کوردستانی باشوور بە جۆرێکی دیکە خەریکە باڵ بەسەر ژیانی خەڵکدا دەکێشێ.

## نموونەیەک

بەهاری ساڵی رابردوو چوومە پرسەی دۆستێکمان کە دایکی کۆچی دوایی کردبوو. مەجلیسی پرسەکە لە هالێک

هەرچەند زۆریش گەورە نەبوو، بەڵام زیاتر لە ٣٠ ژن لە هاڵەکە دا دانیشتبوون. مەلایەکیان بە خۆی و بڵێنگۆیەکی گەورەوە هێنابوو بۆ قورئان خوێنی، مامۆستا کە جارو بار لە قورئان خوێنییەکە ماندوو دەبوو، قسەی بۆ ژنەکان دەکرد. ئەو ژنانە جگە لە ٣ یان ٤ ژن هەموویان سەرپۆشیان بەسەرەوە بووە. مەلا بەردەوام نەسیحەتی ژنانی دەکرد و باسی ئاگری جەهەننم و سزای یەزدانی بۆ سەر ئەو ژنانە دەکرد کە سەرپۆش بەسەردا نادەن یان گوێڕایەڵی مێردەکانیان نین. لە دێڕ بە دێڕی قسەکانیدا ترس و خۆف و توندوتیژی بەدی دەکرا. "من کارم بەوە نیە ژنان سەرپۆش دەپۆشن یان نا و گۆناحەکەی چیە و لەو دنیا چ عەزابێک دەکێشن، بەڵام خۆشکان پێتان دەڵێم سەرپۆش کۆمەڵگە لە فەساد وبێ ئەخلاقی دوور دەخاتەوە " لەم دێرەدا چی بەدی دەکرێ؟ ئەوە یەکێکە لە دروشمەکانی رێژیمی دژی ژنی کۆماری ئیسلامی کە ٣١ ساڵە شەڕی حیجاب لەگەڵ ژنانی ئێران دەکا. هەموو دەزانین پرسە جێگەی هاودەردی و هاوخەمییە لەگەڵ بنەماڵەی کۆچکردوو، بەڵام بەداخەوە ئەمرۆ بۆتە سەکۆی بڵاو کردنەوەی فکری کۆنەخوازانە و تۆقێنەر لە دژی ژنان.

ئەرێ ئەوانە لەلایەن کێوە ئەو ئیزنەیان پێ دراوە ئەم روانینە کۆنەپەرستانەیە لە کۆمەڵگەدا بڵاو بکەنەوە؟

رێکخراوەکانی ژنان، رووناکبیران، ئەوانەی ئیددیعای مەدەنییەت و پێشکەوتوویی و لایەنگری لە مافی یەکسانی مرۆڤەکان دەکەن بۆ قسەیەک ناکەن؟ بۆ ئەو جورئەتەیان تێدا نابینرێ کە بە گژ ئەوانەدا بچنەوە کە بەم شێوەیە فکرەکانی خۆیان لە کۆمەڵدا بڵاو دەکەنەوە؟ بێدەنگی مەجال بۆ ئەوانە زیاتر خۆش دەکا تاکوو بە کەیفی خۆیان بۆچوونە کۆنەخوازانەکانیان لە کۆمەڵگەدا بڵاو بکەنەوە.

## ٢٢ ساڵەی فتوای خومەینی و خوڵقاندنی جینایەتێک

بیست و دوو ساڵ لەمەوبەر لە ٦ی گەلاوێژی ١٣٦٧ی هەتاویدا خومەینی رێبەر و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی، فەرمانی قەتڵی هەزاران کەس لە زیندانیانی سیاسیی ئێرانی دەرکرد و فتوای دەرکردکە »ئەو کەسانەی کە لە زیندانەکاندان و لەسەر بیر وباوەری خۆیان سوورن کافرن و دەبێ لە ناو بچن«. ئەوان بە تاوانی ئەوەی سیاسەت و بیروباوەری خومەینی و رێژیمەکەیان قبووڵ نەبوو کەوتنە بەر رق و قینی جەللادەکانی خومەینی و لە بە ناو

دادگاییەکی چەند چرکەییدا بە هەزاران ئینسانی ئازادیخواز و جیابیر گیانیان لێ سەندرا. فەرمانی کوشتاری بە کۆمەڵی بەندییە سیاسییەکان بە رواڵەت بە بەهانەی هێرشی رێکخراوی موجاهیدینی گەلی ئێران کە لە خاکی عێراقەوە کرابووە سەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، دەرکرا .

زۆربەی ئەو زیندانییانە لە سەرەتاکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوییەوە و تەنیا بە تاوانی بەشداری لە خۆپیشاندان یان بەشداری لە کۆبوونەوەی سیاسی یان نووسینی دروشمی سیاسێ لە سەردیوار، زیندانی کرابوون. تەنانەت هێندێکیان ماوەی زیندانییەکەشیان تەواو ببوو. ئەوان نەیاندەزانی مەرگ یان درێژەی ژیانیان پێوەندی بەو وڵامەوە دەبێ کە دەیدەنەوە بە پرسیاری هەیئەتی هەڵبژێردراوی خومەینی (هەیئەتی مەرگ) .!

## هۆکاری ئەو کوشتارە:

کوشتارەکە بە فتوای خومەینی لە ٦ی گەلاوێژەوە لە زیندانی ئێوین را دەستی پێکرد. دیارە هێرشی رێکخراوی موجاهیدین لە عێراقەوە بۆ سەر هیزەکانی رێژیم لە ٣ی گەلاوێژ رووی دا. زۆر لە سەرانی رێژیم و هێندێک کەسیش لە دەرەوەی ئەو رێژیمە هۆکاری ئەو کوشتارە سامناکە دەگەرێننەوە بۆ عەمەلیاتی مجاهیدین بە ناوی «فروغ جاودان» کە بە دروشمی «امروز مهران فردا تهران» دەستی پێکرد. بەڵام بە بڕوای زۆر لە چاوەدیرانی سیاسیی ئێران، هەم لە روانگەی مێژووییەوە ئەم بۆچوونە نادروستە هەم لە روانگەی ئەخلاقی و مافی مرۆڤەوە نارەوایە کە تاوانەکە بخرێتە سەر روودانی هێرشی موجاهیدین بۆ سەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی.

بە پێی نێوەرۆکی نووسراوە و بیرەوەریی زۆر لە زیندانیانی پێشوو کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە مەرگ رزگاریان بووە، زۆر زووتر لەو رێکەوتە کوشتار و فشار دژی زیندانییە سیاسییەکان دەستی پێ کردبوو. لە راستیدا بە پێی هێندێک بەڵگە و دیکیۆمێنت بە هۆی فشاری ئایەتوڵلا مونتەزیری لە سالەکانی ٦٤ و٦٥ دا، ژمارەیەکی زۆر لە زیندانیانی سیاسی ئازاد دەبن، بەڵام دیسانیش بە هەزاران زیندانیی سیاسیی دیکە لە زینداندا دەمێننەوە. خومەینی لە موخالیفەتی مونتەزیری لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی لەناوبردنی زیندانییانی سیاسیدا دڵگران دەبێ و هەوڵ دەدا دەستی مونتەزیری کە موخالیفی ئەم شێوە هەڵسوکەوتە لە گەڵ زیندانییە سیاسییەکانە کورت بکاتەوە. دوای ئەوە خومەینی کە هەر لە سەرەتاوە بۆ لەناو بردنی موخالیفانی خۆی لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە شەرمی نەدەکرد، دەکەوێتە بیری چارەیەکی دیکە تا ئامانجەکەی کە سڕینەوەی تەواوی موخالیفانی

نیزامەکەی بوو، وەدی بێنێ.

لە بەهاری ١٣٦٧ەوە چەندین جار لێکۆڵینەوە و لێک جیاکردنەوە و راگواستنی زیندانییەکان و راگرتنی چاوپێکەوتنی کەسوکاری زیندانیانی سیاسی روو دەدا. کاتێک کە خومەینی لە ٢٥ی پووشپەری ٦٨ بڕیارنامەی ئاگر بەس لەگەڵ عێراق قبووڵ دەکا و خۆی گوتەنی جامی ژار دەنۆشێ،ئەم بڕیارە لە روانگەی لایەنگرانیییەوە، بە پاشەکشەیەکی گەورە دەژمێردرێ. ئەوان پێیان وابوو موخالیفانی کۆماری ئیسلامی بە ئاسانی دەتوانن بە قازانجی خۆیان لەم رووداوە کەڵک وەربگرن. بۆیە بە خەیاڵی خۆیان بەم شێوەیە ویستیان بۆ هەمیشە حیسابی خۆیان لەگەڵ نەیاران تەواو بکەن. هەر لەو سەروبەندەشدا بوو رێکخراوی موجاهدینی گەلی ئێران لە خاکی عێراقەوە هێرشی کردە سەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەم هێرشە کرا بە بەهانەیەک بۆ ئەوەی ئەو کوشتارە سامناکە کە زۆر پێشترلە لایەن خومەینییەوە، بەرنامەی بۆ دارێژرابوو و هەموو شتێک بۆ بەڕێوە بردنی ئامادە کرابوو، بەڕێوە بەرن.ا

زیندانییەکانیان قەڵاچۆ کرد. لە سەرەوە دەستوور درابوو کە وریا بن خوێن نەرژێتە سەر زەوی!! هەر بۆیە ئێعدامە بەکۆمەڵەکان لە رێگای لەداردان (هەڵواسین)ەوە بەڕیوە چوو. دەستە دەستە لاوان و جیابیرانیان لە بەندەکانیان دێنایەدەرێ‌و لە دادگاییەکی سێ چوار خولەکی دا مەحکووم بە مەرگ دەکران و چەند خولەکێک دوایی حوکمەکە بەڕێوەدەچوو. ئەو کۆمەڵ کۆمەڵ ئێعدامییانە جگە لە چەند کەسێکیان کە پێشتر حوکمی ئێعدامیان هەبوو، زۆربەیان ماوەی مەحکوومەتەکەیان تێپەڕ کردبوو، قەرار بوو هێندێکیشیان هەر ئەو رۆژانە ئازاد بکرێن. بەڵێ رێژیمی جەهل و جینایەت بۆ چاوترسێن کردنی موخالیفانی خۆی هەزاران کەسی لە ژن و پیاوی لاوی ئێرانی ئێعدام کردن بۆ ئەوەی دەنگی ئازادیخوازی و جیابیری بێدەنگ بکاو ببێتە دەرسی عیبرەت بۆ خەڵکانیتریش. پاشان بە شەو بە کۆمەڵ تەرمەکانیان لە گۆڕە بێ ناو ونیشانەکاندا دەخستنە بن گڵەوە بۆ ئەوەی ئاسەواری ئەو جینایەتە سامناکە بشاردرێتەوە.

## بنەماڵەی قوربانیان و کۆمەڵگە چون لەم جینایەتە ئاگادار بوونەوە؟

هەر لە بەهاری ١٣٦٧ەوە چاوپێکەتنی بنەماڵەکان لەگەڵ رۆڵەکانیان راگیرابوو. لە مانگی خەرمانانداا بنەماڵەی زیندانییەکان دەنگۆی زۆریان لە بارەی کارەساتێکەوە بیستبوو، ئەوان نەیان دەزانی چ بکەن، باوەڕ بکەن یان نا؟

لە ناباوەڕی و دڵە خورپە و نیگەرانیدا مابوونەوە، ئاخر زۆربەیان هاوسەر و روڵەکانیان پێشتر محاکمە کرابوون و هۆکارێک نەبوو بۆ ئەوەی کە ئەوانە ئێعدام بکرێن، بۆیان روون نەبوو، بەتایبەت کە نە تەرمەکانیان دەدراوە بە بنەماڵە، نە شوێنی ناشتنیان دیار بوو، پاشان هەر لە ئاخری مانگی خەزەڵوەردا چاوپێکەوتنی بنەماڵەی زیندانیان کە لە بەهارەوە راوەستابوو دەستی پێ کردەوە. هەر بنەماڵەیەک کە دەچوو بۆ چاوپێکەوتن و ئیتر زیندانییەکەیان نەدەدیتەوە، بۆی دەردەکەوت کە رۆڵەکەی نەماوە. بەتایبەت کە بنەماڵەکان سوور بوون لەسەر سۆراغێکی رۆڵەکانیان رێژیم رێگەیەکی دیکەی نەبوو بۆئەوەی لێی راکات و ناچار بوو نیشانەیەک بداتەوە پێیان، ئەوە بوو هێندێکیان ساکێک کە چەند وردە کەلوپەلێکی تێدا بوو پێیان دەدرایەوە. بەم جۆرە بوو دەرکەوت چ کارەساتێک رووی داوە. بەشێکی زۆر لەو بنەماڵانە پێکەوە کەوتنە خۆ بۆدیتنەوەی شوێنی ناشتنەکەیان. گۆرستانی خاوەران و هەڵدانەوەی گۆڕەکان لەلایەن سەگە برسییەکان و شتنەوەی زەوی بە ئاوی باران و دەرکەوتنی ئێسک و پرووسکی ئەو ئێعدامکراوانە، رووداو وبەسەرهاتێکی زۆر تاڵ و بەئازارە.....

## چەند کەس ئێعدام کران؟

تا ئێستاش ژمارەی ئەو ئێعدامکراوانە روون نییە. بەڵام بۆ گەورەیی کارەساتەکە وا باشە دێڕێک لە قسەکانی مونتەزیری کە بۆ خومەینی نووسیوە وەبیربێنینەوە: لە ٩ی گەلاوێژدا کە ٤ رۆژ دوای فتواکەی خومەینی و ٣ رۆژ دوای دەستپێکردنی ئێعدامەکانە مونتەزیری بۆ خومەینیی نووسیوە: «بەهەر حاڵ ئێعدامی چەند هەزار کەس لە ماوەی چەند رۆژدا کاردانەوەیەکی باشی نابێ و بەدوور لەهەڵە نابێ». ئەو دێرە ئەوە نیشان دەدا کە مونتەزیری هەم ئاگای لە حوکمەکەی خومەینی هەیە، هەمیش لە گەورەیی کارەساتەکە. بۆیە مونتەزیری دەیەوێ خومەینی لەو هەڵەیە ئاگادار بکاتەوە.

لەگەڵ ئەوەی رێکخراوی مجاهیدین باس لە ٣٠٠٠٠ ئێعدام لە کوشتاری ساڵی ١٣٦٧ دەکا، بەڵام رەنگە ئەمەیان دوور لە راستی بێ، چونکە تا ئێستا زیاتر لە ٤٠٠٠ ناوی ئێعدامکراوی ئەو ساڵە لە دەرەوەی وڵات لە لایەن رێکخراو و کەسایەتییەکانی لایەنگرانی مافی مرۆڤەوە بڵاو بۆتەوە. ئەو رێژەیە لەگەڵ قسەکانی مونتەزیرییش دێتەوە ولەراستی نزیکترە. نامەکانی مونتەزیری کە لە مانگی گەلاوێژی ٦٧ دا و لە هەلومەرجێکی خەفەقاناویدا نووسرابوون، بە هۆی کەسانێکی خەمخۆرەوە لە بەهاری ١٣٦٨دا گەیشتۆتە دەرەوەی وڵات و بیروڕای گشتی لێ ئاگادار کراوەتەوە. هەر لە بەهاری ئەو ساڵەدا لەلایەن خومەینییەوە مونتەزیری لە جێنشینیی ناوبراو وەلادەنرێ

و بە یەکجاری هەموو پۆست و دەسەڵاتێکی لێ دەسەنرێتەوە.

## بنەماڵەی قوربانییانی ئەو کارەساتە و خواستەکانیان

١٠ساڵ دوای ڕوودانی ئەو جینایەتە بنەماڵەی قوربانییەکان بۆ یەکەم جار نامەیەکی سەرئاوەڵەیان بۆ خامەنەیی و سەرانی حکوومەت نارد کە ئەم داوایانەیان هەبوو:

١- ناو، کات و شوێنی ئێعدامکردنی ئازیزانمان پێ بگوترێ،
٢- لە بەخاکسپاردنی تەرمی مردووی دیکە لە سەر خاکی گیانبەختکردوانی ئێمە پێشگیری بکرێ،
٣- ڕێگەمان لێ نەگیرێ لە نیشانەدانان و گوڵ چەندن لە شوێنی ئازیزانمان و هێندێک داوای سادەی دیکە.

بەڵام تا ئەمڕۆشی لەگەڵ بێ هیچکات ئەو داوا سادە و ئینسانییانە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە وڵام نەدرایەوە. هەرچەند خۆراگری و هەوڵ و تێکۆشانی ئەو بنەماڵانە تا ئێستاش بۆتە هۆی ئەوە گەڵاڵەی ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی بۆ لەناو بردنی گۆرستانی خاوەران و سڕینەوەی ئاسەواری ئەو کارەساتە نامرۆڤانەیە بێ ئاکام بمێنێتەوە، بەڵام بنەماڵەی قوربانییەکان هەموو ساڵێ لەو سەروبەندەدا لە خاوەران سەرەڕای ڕێ لێگیران لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، بە یادی ئازیزانیان لە گۆرستانی خاوەران کۆدەبنەوە و چەپک چەپکگوڵ دادەنێن و ئەو دەشتە چوڵە گوڵباران دەکەن. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەم کارەساتە گەورەیە نابێ تەنیا و تەنیا لە لایەن بنەماڵەی قوربانییانەکانەوە یادی بکرێتەوە. دەبێ بە هەموو لایەک هەوڵ بدرێ ئەو جینایەتەی خومەینی و ڕێژیمەکەی کە ئێستاش بە جورێکی دیکە هەر بەردەوامە، لە زەینی ئەو خەڵکەی کە لە ئێراندا دەژین نەسڕێتەوە و لەبیر نەکرێ.. مەودای ئەو کوشتارە گەورەیە لەگەڵ ئەمڕۆ کەم نیەو زۆر لەوانەی شاهیدی کارەساتەکە یان خوڵقێنەری کارەساتەکە بوون خەریکە ژیان بەجێدێڵن و لەجێیان نەوەیەکی نوێ کە کەمتر ئاگایان لە ڕوودانی ئەو کارەساتەیە هاتوونەتە ژیانەوە، بە تایبەتی ئەو ڕێژیمەی کە خوڵقێنەری ئەو کارەساتە نامرۆڤانەیە بوو هەر لە دەسەڵات دایە و بۆ سڕینەوەی جینایەتەکە هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە ڕووداوی کوشتاری ٦٧ بسڕێتەوە یان هەر نەبێ بچووک بکاتەوە. بۆیە لە هەر کات و ساتێکدا ئۆپۆزیسیۆنی دیموکرات وەکوو ئەرکێکی گرنگ لە سەریەتی ئەو مەسەلەیە پشت گوێ نەخا و لە ئەولەوییەتی ئەرکەکانی خۆیدا داینێ بۆ بەدواداچوون و لێپرسینەوە و زیندوو ڕاگرتنی ئەو مەسەلەیە. گرنگ نیە ئەو

قوربانییانە سەر بە چ ئیدئۆلۆژی و فکرێک بوون، هەموو ئەوانە پێش ئەوەی ئەندامی ڕێکخراوێک بن ئینسان بوون و بە ناحەق گیانیان لێ سەندراوە، ئەوان وەک ئینسان کە مافی ژیانی هەیە، دەبێ دیفاعیان لێ بکرێ. هەموو لایەک بۆ دیتنەوەی ڕاستییەکان و ریسوایی خوێنڕێژەرانی ئەو جینایەتە دڕندانەیە لە هەر کات و ساتێکدا پێویستە هاوکار و یاریدەدەری یەکتر بن، تاکوو جارێکی دیکە کارەساتی لەم شێوەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دووبارە نەبێتەوە.

---

## ئەندامەتی کۆماری ئیسلامی لە کۆمیسیۆنی "پێگەی ژن" دا!

لە مانگی فێوریەی ئەمساڵدا ئێران خۆی بۆ ئەندامەتی لە شووڕای مافی مرۆڤ پاڵاوت، بەڵام بە هۆی نارەزایەتی هێندێک وڵاتان و پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤ، لەسەر خۆپاڵاوتنی ئێران بۆ ئەم شووڕایە، ئێران ناچار بوو پێش ئەوەی هەڵبژاردنەکە بکرێ بۆخۆی کشایەوە. بێگومان ئەمەش سەرکەوتنێک بوو بۆ لایەنگران و پارێزەرانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا و شکستێکی سیاسیش بوو بۆ ڕێژیمی ئێران. بەڵام بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو شکستەی هات خۆی بۆ ئەندامی کومیسیۆنی پێگەی ژن پاڵاوت، تاکوو وا بنوێنێ کە لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دانەبڕاوە و دانابڕێ .

کۆمیسیۆنی" پێگەی ژن "دەڵێ، مەبەستی سەرەکیم یەکسانیی مافی ژن و پیاوە و هەوڵدانە بۆ پێشخستنی ژنان لە جیهاندا، کەواتە چۆنە ڕێژیمێکی وەک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە تا ئێستاش کونوانسیۆنی هەڵاواردن لە دژی ژنانی واژۆ نەکردوە، دەتوانێ لەوێدا ببێ بە ئەندام ؟! ئەمە هەرگیز لەگەڵ ئەم دروشم و ئامانجانەدا نایەتەوە کە ئەو کۆمیسیۆنە دەیڵێ. ئەوەی کە هەموو وڵاتێک دەتوانێ لەو کومیسیۆنەدا ببێ بە ئەندام، جێگەی سەرسووڕمان و ڕەخنەیەکی جیددییە لە ساختارو قەوارەی ئەو کۆمیسیۆنە. ئەوە پێشێلکردنی ئەسڵەکانی خۆیانە کە سەرەکیترینیان یەکسانیی مافی ژن و پیاوە. ئەو سەهمییە بەندییەی بۆ ئەندامەتی لەو کومیسیۆنەدا (کومیسیۆنی پلەی ژن) نەدەبوو سەهمییەبەندیی ناوچەیی بێ، بەڵکوو سەلاحییەت لە ڕەفتار و کردەوەی ئەو وڵاتەدا کە هەڵ دەبژێردرێن دەبوو بکرێتە بنەما بۆ هەڵبژێران. وا دیارە ئەو ڕێکخراو و نیهادە جیهانییانەش ناتەباییان هەیە لەگەڵ پرنسیپ و دروشمەکانیان!

گۆیا چەسپاندنی مافی ژنان و ئەو راسپاردانەی کە لە هەلومەرجی تایبەتدا بۆ وریاکردنەی ئەو وڵاتانەی کە لە بواری مافی ژنان دا کەمتەرخەمن، بەرپرسایەتی و ئەرکی ئەو کۆمیسیۆنەیە. ئەندامانی کۆمیسیونەکە ساڵانە لە دەفتەری ناوەندی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک کۆدەبنەوە تا کوو هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە لە سەر پێشکەوتن، دیتنەوەی کێشە، قەیرانەکان و هەلومەرجە ئیستانداردە جیهانییەکان بکەن و ئەو سیاسەتانە گەڵاڵە بکەن کە دەبێتە هۆی دەستەبەر بوونی یەکسانیی ژن و پیاو و پێشکەوتوویی ژنان لە سەراسەری جیهاندا.

بەڕاستی بوونی رێژیمێک کە تۆسقاڵێک پابەند نیە بەم بنەمایانەوە، لە کۆمیسیۆنێکدا کە ئەمە سیاسەت و ئاماجەکانی بێ گاڵتە کردن نیە بە خودی ئەو کومیسیۆنە؟! ٣١ ساڵە ژنانی ئێران لە لایەن رێژیمی حاکم بە سەر خەڵکی ئەم وڵاتەدا، دەستدرێژی دەکرێتە سەر مافەکانیان لە پێناوی چی دا رێژیمێکی ئاوا دەبێ بە ئەندام لە کۆمیسیۆنێکدا کە پێوەندی هەیە بە مافی مرۆڤەوە؟.

رۆژنامەی " گلوبال پۆست" لە گەڵ نارەزایەتی دەربڕین لە دانیشتنی ئێران لە سەر کورسیی مافی ژنان لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لە وتارێکدا نووسیویەتی "رێگەدان بە ئێران لە کومیسیۆنێکی ئاوادا وەک ئەوە وایە مەڕ بە گورگ بسپێری". لە بەشێکی دیکەی وتارەکەی "گلوبال پۆست" دا هاتوە وڵاتێک کە بە پێی قانوونەکەی ئەگەر ژنێک لەگەڵ پیاوێکیدا دیکەدا بخەوێ بە تاوانی "زینا" تا سەر سینگی دەخرێتە نێو چاڵ و بە بەردباران گیانی لا دەستێنن، ئێستا دەبێتە بەرپرسی پێراگەیشتن بە مافی ژنان! یان هەر بە پێی قانوونەکەی پیاوان رێگەیان پێدراوە تاکوو دەستدرێژی جینسی بکەنە سەر هاوسەرەکانیان، ئێستا بەرپرسی راگەیشتن بە مافی ژنانە؟! ئێران بە پێی راپۆرتی ساڵی ٢٠٠٨ی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا زیاتر لە ٥٢/٧ لە سەدی ژنانی لە نێو ماڵەکانیاندا دەکەونە بەر توندوتیژی جەستەیی لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە، ئێستا دەبێتە بەرپرسی پێڕاگەیشتن بە مافی ژنان؟! هەر لەو وتارەدا دەنووسرێ لە ئێران بە پێی قانوون تەنانەت ژنانی باڵغیش بۆ زەماوەند پێویستیان بە رەزامەندی باوکیان هەیە، یان شاهیدی دانی دوو ژن بەرابەرە لەگەڵا پیاوێک یان مەلایەکی ئەو وڵاتە ماوەیەک لەمەوبەر رایگەیاندوە کە بوومەلەرزە و هەر بەڵایەکی دیکە بەسەرمان بێ ئاکامی بێحیجابیی ژنانە لە وڵاتێک کە بەم شێوەیە بیر بکرێتەوە و پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی ژنان لە تایبەتمەندییە ناسراوەکانی نیزامەکەیەتی، شایستەی ئەم شوێنە نیە.؟"

یان ئەو کۆمیسیۆنە بەڕاستی پابەند نیە بەم ئەسڵانەوە کە خۆی ئیدیعایان دەکا! یان ئەمە گاڵتە کردن و

**سووکایەتییە بە چارەنووس و ئامانجەکانی ژنانی ئێران دەکرێ!**

جیهانیـان شـاهیدن کە بە هـۆی پێشلکردنی مـافی مرۆڤ و بەتـایبەت مـافی ژنـان لە لایەن ئەو رژێـمەوە، هەمـوو ساڵـێ لەلایەن رێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکـانەوە رژێمـی ئێـران مەحکـووم کـراوە بەڕاسـتی ئەنـدامبوونی لە رێکخراوێکـدا کە یەکێـک لە پرنسـیپەکانی پاراسـتنی مافەکـانی مـرۆڤە جێـی سەرسـووڕمانە! لە هەمـوو گرنگتـر رێکخراوێک کە بەرهەمی رەنجی بزووتنەوەی جیهانیی ژن و پارێزەرانی مافی مرۆڤە رێگـا بەو جۆرە رژێمـانە دەدا ببنە ئەندامی.

رژێمی ئێران نەک شایستەی ئەوە نیە لەو کومیسیۆنەدا ئەندام بێ، رەوا نیە لە هیچ یەک لەو رێکخراو نیهادانەی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن، ئەندام بێ. پێم وایە بوونی رژێمی ئێران لە کومیسیۆنی پێگەی ژن دا جگە لە بێعتبـار بـوونی ئەو کۆمیسـیۆنە، لەبەر چـاوی هەمـوو ئەو مرۆڤـانەی کە بەڕاسـتی لە هەوڵـی پاراسـتنی مافەکـانی مرۆڤ دان، بە تـایبەت لەبەر چـاوی میلیۆنهـا ژن لە ئاسیا و بە تـایبەتی لە ئێـران، قـازانجێکی نیە. ئاشکرا و روونە سیاسـەت و کردەوەکـانی رژێمـی ئێـران بە پێچەوانەی پرنسیپ و دروشـمەکانی رێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە و قەت پابەند نەبووە بە پەیماننامە نێونەتەوەییەکان و بەم سیاسـەت و مـاهییەتەی کە هەیەتـی قەتیش پابەند نابێ. کۆمەڵگەی جیهانییش زۆر بـاش ئەوە دەوانێ، بەڵام ئایا تـا کەی هەلومەرجی مافی مـرۆڤ لە ئێراندا دەبێ بە قوربانی ساتوسەودای سیاسی و ئابووری بێ.

**لە گۆڤاری "ژنان" ژمارە ٢٦ دا بڵاو بۆتەوە**

## هیچ حكوومەتێک تا سەر ناتوانێ بە سەركوت و زەبر وزەنگ و جینایەت دەسەڵاتدارەتی بكا

***لاوان: دوای لە سێدارەدانی ٤ رۆڵەی نەتەوەكەمان و ئازادیخوازێكی دیكەی فارس رێژیم لە دانەوەی تەرمی پیرۆزی ئەم تێكۆشەرانە هەست بە مەترسی دەكا و بە شێوەیەكی نائینسانیانە لە شوێنێكی ناروون و نادیاردا تەرمەكانی ناشتووە هۆكاری ئەم سیاسەتە دژە ئینسانیانەی رێژیم بە مانای چیە.؟***

*كوێستان فتووحی:* زۆر روونە ئەگەر تەرمی ئەو شەهیدانەی بدایەتەوە بە بنەماڵەكانیان، ناشتنەكەشیان دەبوو بە دەرفەتێكی دیكە بۆ خەڵک تاكو وەفاداریی خۆیان بە ئامانجی ئەو ئینسانانە كە لە رێی ئازادی و بەختەوەریی نەتەوە و وڵاتەكەیاندا گیانیان بەخت كرد بسەلمێنن. بە دڵنیاییەوە هەر وەک هەواڵی ئێعدام كردنەكەیان بوو بە هۆی نارەزایەتیی بەرینی خەڵكی سەراسەری كوردستان و لە ئاستی جیهانیش دا نارەزایەتییەكی بەرینی لێكەوتەوە، رێورەسمی ناشتن وپرسەكەشیان دەبوو  بە مەجالێكی دیكە بۆ دەربڕینی نەفرەت و بێزاری لە رێژیمی سەركوت و سێدارە. بۆیە رێژیمی كۆماری ئیسلامی هەمیشە پێشی ئەو رێورەسمانەی گرتوە كە دەبنە مەیدانی نیشاندانی بێزاری و نەفرەت لە خۆی. قەتیش نایەوێ و نەیویستوە گڵكۆی تێكۆشەرانی رێگای ئازادی دیار بن، چونكە دەزانێ دەبنە زیارەتگەی كۆمەڵانی خەڵكی ئازادیخواز و هەروەها ئەو گڵكۆیانە دەبنە بەڵگەی روون و حاشا هەڵنەگر لە جینایەت و سەركوتەكانی رێژیمێک كە لە ماوەی تەمەنی دا بە درۆ و بە ریا خۆی بە حكوومەتێكی خاوەن پێگە لە نێو خەڵک ناساندوە. بۆیە هەموو هەوڵی ئەوەیە كە  پێشی كۆبوونەوەی نارەزایەتی دەربڕین بگرێ و  بەڵگەی جینایەت و سەركوتەكانی خۆی  ئەوندەی بتوانێ بشارێتەوە.

***لاوان: یەكێک لە بەڵاماڵوێرانكەرەكانی ئەمڕۆی كۆمەڵگای ئێران پەرەسەندنی زیاتری نەخۆشی ئیدزە لەم وڵاتەدا، هەر لەو بارەوە یەكێک لە بەرپرسانی وەزارەتی بێهداشت رایگەیاندووە كە هۆكاری ئەم نەخۆشییە بۆ دیاردە نەخوازراوەكانی وەک: ئیعتیاد، پێوەندیی جینسی و زۆر دیاردەی دیكە... دەگەڕێنێتەوە، ئایا ئەمە تا چەندە راستە، یا عامیلانی سەرەكی رێژیم پەرەپێدەری ئەم بەڵایەن.؟***

*كوێستان فتووحی:* ئەوە شتێكی روونە لە هەر وڵاتێكدا حكوومەت و بەرپرسانی ئەو وڵاتە بەرپرسن لە ئاست هەر

دیاردە و قەیرانێکی کۆمەڵایەتیدا و، هەر دیاردەیەک لە وڵاتێکدا سەر هەڵ بدا بێگومان حکوومەت و بەرپرسانی ئەو وڵاتە دەبێ لە فکری چارەسەری دا بن. بەڵام ئێمە دەبینین کۆمەڵگەی ئێران ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە گەڵ قەیران و دیاردەی جۆراوجۆر ڕووبەڕوو دەبێتەوە و دەسەڵاتدارانیش نەک لە فکری چارەسەریدا نین، بەڵکوو خۆشیان عاملێکی سەرەکیی ئەو بەڵاو بەدبەختییانەن کە بە سەر خەڵک دێنن. من پێم وایە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کۆمەڵگەیەکی ساغ و بێ دەرد و بەڵای ناوێ، پێی خۆشە لاوان لە جیاتی بیر کردنەوە لە گەشە و پێشکەوتنەکان بە دەرد و بەڵاوە گرفتار بن. مانەوەی ڕێژیمێکی دیکتاتۆری وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەر کورسیی دەسەڵات، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە خەڵک بە غەم و دەردی دیکەوە گرفتار بن، بیر لەدژایەتیی دەسەڵات و ئاڵوگۆڕە سیاسییە نوێیەکان نەکەنەوە. بە پێی ئاخرین ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی زایینیی ڕابردوودا ١٤ تۆن هیرۆئین و چوارسەد و پەنجا تۆن تریاک لە ئێراندا مەسرەف کراوە، کە ئەم ڕێژەیە لە بە کارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان وڵاتی ئێرانی کردۆتە گەورەترین وڵاتی بە کارهێنەری ماددە هۆشبەرەکان لە جیهاندا. باشە ئەم حکوومەتە بۆ چارەسەرێکی گونجاو نابینێتەوە بۆ پێشگرتن لە پەرەسەندنی؟! بەڵام هۆکارێکی دیکەش، کە لە ڕاستیدا هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی قەیرانی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆر لە ئێراندایە ئەوەیە کە ئەم حکوومەت و سیستەمە بە هۆی دواکەوتوویی و کۆنەپەرستانە بوونی ناوەرۆکەکەی و هەروەها بە هۆی دیکتاتۆری و دابڕانی لە خەڵک، سیستەمێکی لێنەهاتوو (ناکارامد)ە. ئەم سیستەمە حکوومەتییە، هی ئەم سەردەمە نییە و ناتوانێ وەڵامدەری نیاز و پێداویستییەکانی ئەم سەردەمەی کۆمەڵگە بێ. کۆمەڵگەی نوێ، پێویستە لە لایەن سیستەم و حکوومەتێکەوە بەڕێوە بچێ کە ناوەرۆکێکی ئەمرۆیی هەبێ، هەڵبژێردراوی خەڵک بێ، بە عەقڵییەتێکی مودێرنەوە بەڕێوە بچێ و لە گەڵ سەردەم دا بگونجێ و بە پشتبەستن بە زانست و عەقڵ بەرەوڕووی کێشەکان بێتەوە.

***لاوان: لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ڕابردوو، و هاتنەوە سەرکای ئەحمەدی نەژاد بۆ دەورەیەکی وەک سەرۆک کۆماری ئێران، سەرکوتی زیاتری گەلانی ئێران پەرەی سەندووە، هەر لەو پێوەندییەش دا نیگەرانی ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکانی لە سەر ئەم پێشێل کارییەی کۆماری ئیسلامی کاردانەوەی لێکەوتۆتەوە، ئایا پێتان وایە بە سەرکوتکردنی زیاتری خەڵک ڕێژیم هەست بە درێژەدانی پاراستنی دەسەڵاتەکەی دەکا.؟***

***کوێستان فتووحی:*** هیچ حکوومەتێک تا سەر ناتوانێ بە سەرکوت و زەبر وزەنگ و جینایەت دەسەڵاتدارەتی بکا. بە دڵنیاییەوە ئەو ڕێژیمە یان ناچارە بگۆڕدرێ یان دەرووخێ. نەک یەک ساڵ بەڵکوو لە ٣١ ساڵی تەمەنی دا بۆ

بێدەنگ کردن و کپ کردنی خەباتی ئازادیخوازی هیچ نەماوە لە دژی نارازییان نەیکا، بەڵام ئەم خەباتە نەک خامۆش نەبووە، بەڵکوو لە یەک ساڵی رابردوودا زۆر زیاتر پەرەی سەندوە و کۆماری ئیسلامیی خستۆتە ژێر پرسیار و فشاری لە رادەبەدەر. با پێمان وانەبێ خەباتی چەندین ساڵەی خەڵک ئەگەر پرش و بڵاویش بووبێ، هیچ کاریگەرییەکی نەبووە. راستە سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، بەڵام ئێستا کە دەبینین سەرانی رێژیم لە ناو خۆیاندا شەق بوون، مووسەوی و کەرووبی سەردەمانێک یەکێک لە بەرێوەبەرانی هەرە بەرزی ئەو دەسەڵاتە بوون، ئێستا دەبینین لە دژی حاکمییەت لە ریزی خەڵکانی نارازی دان، یان ئایەتوڵڵا سانعی لەلایەن حاکمییەتەوە هێرش دەکرێتە سەر ماڵەکەی و گەورەترین بێحورمەتیی پێدەکرێ، یان هاشمی رەفسەنجانی یەکێک بووە لە مۆرە هەرە گرنگ و سەرەکییەکانی رێژیم، بەڵام ئێستا دەبینین بە ئاشکرا بێ محەللی پێدەکرێ و دەیان نموونەی دیکە. ئەمانە تەنیا رووداوێکی ئاسایی نین، ئەم رووداوانە پەیامی گۆڕان، بەرەو هەڵدێرچوون و رووخانی ئەو رێژیمەیان پێیە. ئەوە ئاکامی خەباتی خەڵکە کە بەشێک لە مۆرەکانی نێو دەسەڵاتی هێناوەتە سەر ئەو بڕوایە کە دەسەڵات نابێ بەم شێوەیە لەگەڵ خەڵک رەفتار بکا. بە سەرکوت و توندوتیژی، دەسەڵات ناتوانێ ببێتە جێگای متمانەی خەڵک. هەر دەسەڵاتێکیش خەڵک نەیهەوێ، مەحکووم بە رووخانە. بۆیە بە بڕوای من رێژیم ناتوانێ بە سەرکوت و خوێنرێژی خۆی لەو وەزعە کە ئەمڕۆ تێی دایە رزگار بکا. ناتوانێ بەم شێوەیە درێژە بە دەسەڵاتەکەی بدا و بۆخۆشی ئەمە دەزانێ، بەڵام نایەوێ هەروا ئاسان مل بەو چارەنووسە چاوەروانکراوە بدا.

***لاوان: لە ساڵرۆژی هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵیش دا واتە رۆژی ٢٢ی جۆزەردان، سەرانی رەوتی ریفورمخواز خوازیاری رێپێوانێکی مەدەنیانە بوون، کەچی لە ئاکامدا بۆ پارستنی گیانی هاووڵاتیان بە پێچەوانەی ئەو بانگەوازانەی کە دایانبوو پاشگەزبوونەوەی خۆیان راگەیاند، لە حاڵێک دا کە خەڵک سەرەڕای کەش و هەوایەکی نیزامی کە بە هێزی سەرکوتکەر وڵاتی تەنیبووە درووشمی مردن بۆ دیکتاتۆریان لەم رۆژەدا لە روانگەی بەرێزتانەوە ئەمانە چلۆن هەڵدەسەنگێنی.؟***

***کوێستان فتووحی:*** من باوەڕم وایە ئەوان لە هەلومەرجی ئێستادا بەرپرسیارن لە ئاست گیانی خەڵک دا. پێم وایە لەو هەلومەرجەدا رەنگە گونجاوترین بڕیار بووە داویانە. پێم وایە هەڵوەشاندنەوەی خۆپیشاندان لە لایەن مووسەوی و کەرووبییەوە، دەکرێ وەک هەوڵێک چاو لێ بکرێ کە پێشی سەرکوتێکی بەربڵاو و خوێناوییان گرتوە لە لایەن رێژیمەوە. ئەوان داوای مۆڵەتی یاساییان کرد بەڵام رێژیم جگە لەوەی مۆڵەتی نەدا، هێندێک تەرح و بەرنامەشی بۆ ئەوە دانابوو کە ئەگەر خۆپیشاندان بکرێ چۆن بەرخورد بکا. ئەوانە لە قسەکانی خامنەیی کە لە

١٤ی جۆزەردان ساڵڕۆژی مەرگی خومەینیدا کردنی، هەروەها لەو ئامادەباش و هێزە زۆر و زەوەندەی لە چەند رۆژ بەر لە ٢٢ی جۆزەردان هێنابوویاننە سەر شەقامەکان، بە روونی دیار بوون. بۆیە مووسەوی و کەرووبی نەیانویستوە جارێکی دیکە کارەساتی عاشوورای ساڵی رابردوو دووبارە بێتەوە و حەمامی خوێن بۆ رۆڵەکانی خەڵک وەڕێ بخرێ. راستە ئازادی و رزگار بوون لە دەست ئەو رێژیمە سەرکوتکەرە نرخی دەوێ، بەڵام دەبێ هەل و مەجالەکان بقۆزرێنەوە. زۆر کەس پێیان وایە کە مووسەوی و کەڕووبی پاشەکشەیان کردوە لە داخوازییەکانیان، دیارە ئەوان وەک خەڵکی رادیکاڵ بیر ناکەنەوە، ئەمەش شتێکی چاوەروانکراوە. چونکە زەمان پێویستە بۆ ئەوەی ئەوان لە رابردووی خۆیان بەو جۆرەی خەڵک چاوەروانن، دوور بکەونەوە. بەڵام با ئێمە لە هەر هەلێک نەگەڕێین بۆ هێرشکردنە سەر بڕیارەکانی مووسەوی و کەرووبی. من لەگەڵ ئەوەی باوەرم بەوە نییە کە لە داهاتوودا ئەوانە ببنە رێبەری بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێران، بەڵام لە حاڵی حازردا بڕیارەکانیان گرنگە بەلای خەڵکەوە. دەبێ ئەوەش ببینین ئەوانە ئێستا لە چ هەلومەرجێکدان کە بڕیارێکی لەو چەشنە دەدەن. لە هەر حاڵ دا ئەوان ئێستا بەرامبەر بە تەواوی ئەو حەرکەتە بەرپرسن و دەبێ بەرپرسانە بجووڵێنەوە. گیانی نەدا، تەرانە، سوهراب، کیانووش و... زۆر بەنرخن، هەروا ئاسان نییە داوا لە خەڵک بکەی بێنەسەر شەقام و دروشم بڵێنەوە و لەولاشەوە هێزە سەرکوتکەرەکان کۆمەڵێکی دیکە بدەنە بەر گوللە و گیانیان لێ بستێنن.

***لاوان: یەکێک لە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ گەرەنتی و مانەوەی دەسەڵاتەکەی دستڕاگەیشتنە بە چەکی ناوەکی، بەڵام لە روانگەی وڵاتانی زلهێزەوە دەسڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ناوەکی یانی مەترسیی تێکدانی وڵاتانی دنیا، ئایا بۆ وڵاتانی دەرەوە هەست بە مەترسێکی وا دەکەن کە کۆماری ئیسلامی بەو ئامانجەی بگا.؟***

***کوێستان فتووحی:*** وڵاتانی دنیا دەزانن و بۆیان دەرکەوتوە رێژیمی کۆماری ئیسلامی رێژیمێکی یاغی و سەرەڕۆیە، پابەند نییە بە پەیماننامە جیهانییەکان، بەتایبەتی کە لە گەڵ خەڵکی وڵاتەکەی خۆشی، مافی مرۆڤ، تا ئەوپەڕی پێشێل دەکا. لە دەرەوەی سنوورەکانیشی، هەمیشە دەستی لە سازکردنی ئالۆزی، دەستتێوەردانی کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی موسوڵمان، پشتگیریی رێکخراو و تاقمە تیرۆریستەکاندا هەبووە. ئێران هەمیشە هەوڵی داوە ببێتە زلهێزێک لە ناوچە دا بۆ ئەوەی بتوانێ بەرامبەر بە دوژمنە ناوچەیی و جیهانییەکانی خۆی وەک ئیسراییل و ئەمریکا رابوەستێ و ئامانج و سیاسەتەکانی خۆی بباتە پێش. باشە ئەو رێژیمە کە نە خاوەنی ئابوورییەکی سەرکەوتوویە، نە جێگە و پێگەیەکی سیاسیی پتەوی لە دنیا دا هەیە، چۆن دەتوانێ ببێ بە زلهێزێک و

یاغیگەریی بکا، ئەگەر لە پەنا وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی نەبێ؟ بۆیە من لەو بڕوایەدام دنیای دەرەوە حەز ناکەن ئێران ئەوندە بەهێز بێ کە لە داهاتوودا بۆیان کۆنترۆڵ نەکرێ. بەو ئامانجە، لە هەر هەل و دەرفەتێکیش کەڵک وەردەگرن بۆ پێشگرتن لەوەی کە ئێران نەتوانێ چەکی ناوکی بەرهەم بێنێ.

***لاوان: هەر وەک روون و ئاشکرایە تا ئێستا بە هۆی وەڵام نەدانەوەی ڕێژیم بۆ داواکارییەکانی وڵاتانی ٥ + ١ چەندین بڕیارنامەی گەمارۆی سازمانی نەتەوەیەکگرتووەکان بە سەر ئێراندا سەپاوە کە لەم چەند رۆژەی رابردووش دا چوارەمین بڕیارنامەی ئەم ڕێکخراوەیە بە کۆی گشتییەوە دەنگی لە سەر درا کە کۆماری ئیسلامی گەمارۆی زیاتر لە سەر بخرێ تا پاشەکشە بکا، ئایا بە باوەڕی بەرێزتان ئەم بڕیاراتانە تا چەندە دەتوانێ کاریگەری دەبێت لە سەر ئێران و، هەروەها گوێ نەدانی ڕێژیم بۆ ئەم داواکارییانە تا چەندە باری ئابووری وڵات بەرەو لاوازی دەبا.؟***

***کوێستان فتووحی:*** بە بڕوای من بە پێچەوانەی قسەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران کە پێیان وایە تەحریمە ئابوورییەکان کار ناکەنە سەر توانا ئابوورییەکانی ئێران و گیروگرفتێکی ئەوتۆ پێک ناهێنن، ئەو تەحریمانە گوشار دەخەنە سەر ئێران و لە سەر هەموو تێکۆشانە سەنعەتی و ئابوورییەکانی ئێراندا دەتوانن شوێن دابنێن. هەر بۆ وێنە سەنعەتیی فڕۆکەوانیی ئێران لە ئاکامی تەحریمەکانی ساڵانی رابردوودا، وەها تووشی گرفت بووە کە هیچ ساڵێک نییە چەندین کارەسات روو نەدەن. دیارە ئەو ڕێژیمە بەو هۆیەوە کە نەوتی هەیە و ئابووریی وڵاتی لە کۆنترۆڵی خۆی گرتووە، دەتوانێ بەشی سیاسەت و بەرنامە سەرکوتکەرانەکانی خۆی لەم ئابوورییە وەدەست بێنێ، بەڵام لە درێژخایەن دا ئەو تەحریمانە، ڕێژیم لە ئیدارەی وڵاتدا لە گەڵ کێشەی جیددی بەرەوروو دەکەن. بە تایبەتی ئەگەر ئەو تەحریمانە، پێش بە هاتوچۆی کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە بۆ وڵاتانی دیکە بگرن، دەرەتانی تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات لە کۆمپانیاکانی سەر بە سوپای پاسداران و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بستێننەوە و بەرە بەرە تەحریمی سیاسیی ئەو ڕێژیمەیان بە دوا دا بێت. دیارە ئەو تەحریمانە لە سەر ژیانی رۆژانەی خەڵکیی ئێرانیش بە دڵنیاییەوە کاردانەوەی خراپیان دەبێ، ئەوەش کێشەی خەڵک لە گەڵ ئەو ڕێژیمە قووڵتر دەکاتەوە.

زۆر سپاس بۆ خوشکە کوێستان فتووحی چالاکیی سیاسی کە وەڵامی پرسیارەکانمانی داوە.

# ڕۆژنامەنووسیی شاخ لە ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

مەبەست لە ڕۆژنامەنووسیی شاخ چەمکی «ڕۆژنامەنووسیی شاخ» لەمێژ نیە پەیدا بووە. ئەگەرچی نازانم ئەم چەمکە یەکەم جار، کەی و لەلایەن چ کەسێکەوە و لە کوێ دا بەکار هێنراوە، بەڵام وا تێدەگەم کە لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە، وەکوو چەمکێک بەکار هێنراوە. دیارە پێشتر، بە تایبەتی لە دەیەی ٨٠ی زایینی دا، زاراوە و دەستەواژەی وەک «چاپەمەنیی شاخ» یا بڵاوکراوەکانی شاخ بەکار دەهێنران. ئەم جۆرە ناوانەش لە بەرامبەر «ڕۆژنامەکانی شار» دا سەریان هەڵدا. بەر لەم جۆرە ناو و زاراوانەش، کۆمەڵێک ناو و زاراوەی دیکە، هاتبوونە نێو ئەدەبیاتی کوردی کە پاشگری شۆڕشیان لەگەڵدا بوو. بۆ نموونە «نەخۆشخانەی شۆڕش»، «قوتابخانەی شۆڕش» یان «مامۆستای شۆڕش». دیارە ئەم ناوانە لە بەرامبەر دەزگا و دامەزراوەی دەوڵەتی و حکوومەتی دا، پەیدا بوون. شاخ، سەمبولی خەبات بوو، هەرێمی دەسەڵاتدارەتیی شۆڕشی کورد بوو. شار، شاری داگیرکراو، ئەو شوێنە بوو کە بە پێی ڕێوشوێن و فەرمانی حکوومەتی دژە کوردەوە بەڕێوە دەچوو. لە شاخ، یاخیبوون لە ستەم و دیکتاتۆری هەبوو، شۆڕش و پێشمەرگە هەبوو، ئازادی و سەربەستی هەبوو. لە شار زەبر و زەنگی دیکتاتۆری، سەرکوت و سانسۆر هەبوو. ئەم کتێب و گۆڤار و بڵاوکراوانەی لە شاخ دەردەچوون، مینبەری شۆڕشگێڕان و ئازادیخوازان بوون. هەڵوێست و بیروڕای سیاسیی پارتە کوردەکان و خۆزگە و ئاواتەکانی خەباتگێڕان و تێکۆشەرانی کوردستانیان بڵاو دەکردەوە. بەڵام چاپەمەنیی شار، مەگەر لە توێی ڕەمز و ئیشارەدا، ئەگینا نەیاندەتوانی قسەی دڵی خەڵک بکەن و لە ئازادی بێبەش بوون. دیارە کەرەستە و ئامراز و ئیمکاناتێکیش کە ڕۆژنامەی شار و شاخیان پێ چاپ دەکرا، جیاواز بوون. هی شار، پێشکەوتوو و گەورە بوون. هی شاخ سادە و ساکارو بچووک بوون.

## ڕۆژنامەنووسیی شاخ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

زۆرجار کاری ڕۆژنامەنووسی لە دوورەوڵاتی (تاراوگە) و لە شاخ، وەکوو یەک سەیریان دەکرێ. کە جێی خۆیەتی جیاوازی لە نێوان ئەم دوو جۆرە ڕۆژنامەیە دابنرێ. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە بۆ مەسەلەکە بچین، ڕۆژنامەنووسیی شاخ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە سێ قۆناغ دا تێپەڕ دەبێ.

## قۆناغی یەکەم: پێش سەرکەوتنی شۆرشی 1979ی ئێران

لە رووخانی کۆماری کوردستانەوە تا سەرکەوتنی شۆرشی ١٩٧٩ی گەلانی ئێران سێ جۆر رۆژنامەنووسی لە رۆژهەلاتی کوردستان هەبووە:

ئەلف: رۆژنامەنووسیی کوردیی رێگە پێدراو لە لایەن رێژیمی شایەتییەوە، کە دوو هەولأ دەگرێتەوە:

یەکەم: حەوتوونامەی «خۆرنشین»، کە لە سالانی ١٩٥١ و ١٩٥٢دا لە تاران ١٥ ژمارەی لابلاو بۆتەوە و، بە زمانی کوردی و فارسی دەرچووە.

دووهەم: رۆژنامەی «کوردستان» کە عەبدولحەمید بەدیع زەمانی بەرێوەبەر و خاوەن ئیمتیازی بووە، لە سالی ١٩٥٩وە هەتا١٩٦٤ لە تاران دەردەچوو و لە دەرەوەی ئێران بلاودەکرایەوە.
ب: رۆژنامەنووسیی کوردی بە نهێنی، کە بریتییە لە چەند هەولێکی رێبەران و تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێوخۆی ئێران (وەک نموونە چاپی رۆژنامەی کوردستان بە نهێنی لە شاری تەورێز لە دوای کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ.)
ج: رۆژنامەنووسیی کوردی لە تاراوگە . کە دەرچوونی رۆژنامەی «کوردستان»ی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە باکۆ، لە ئورووپا و لە بەغدا لە سێ دەورەوی جیاوازدا، دەگرێتەوە.

هەر لەم خانەیەدا، هێندێک هەولْ دەبینرێن کە دەکرێ بە رۆژنامەنووسیی کوردی لە شاخ ناودێریان بکەین: بۆ نموونە بلاوکراوەی «رێگا» کە سالی ١٩٤٨ بە دوای رووخانی کۆماری کوردستان دا لە لایەن مامۆستا حەسەنی قزلْجی و غەنی بلووریان، یەک ژمارەی لا بلاو بۆتەوە.

یان بلاوکراوەی «تیشک» کە کومیتەی شۆرشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سالانی ١٩٦٦ و ١٩٦٧ دا چەند ژمارەیەکی لابلاو کردۆتەوە.

ئەمانە بۆیە دەکرێ لە خانەی ڕۆژنامەنووسیی شاخ دا دایان بنێین چونکە لە کوردستان، لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش و بەبێ ئیزن و ئاگاداریی هیچ حکوومەتێک، دەردەچوون.

**قۆناغی دووهەم:** لە دوای کشانەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ چیاکان هەتا نیشتەجێ بوونیان لە قووڵایی خاکی باشووری کوردستان دا (لە ١٩٨٠ هەتا نێوەڕاستەکانی دەیەی ٩٠):

ئەم قۆناغە لە ڕاستیدا دیارترین و گرنگترین قۆناغ لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی شاخ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە.

## هێندێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە:

١- ڕادیۆ، وەک ڕاگەیەنێکی خێرا کە دەتوانێ سەر بە هەر ماڵێک دا بکا، دێتە نێو ڕۆژنامەنووسیی شاخەوە. بە تایبەتی دوو ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران(سەر بە حیزبی دیموکرات) و ڕادیۆی دەنگی شۆڕشی ئێران(سەر بە کۆمەڵە)، دەورێکی گرنگیان دەگێڕا.

٢- بڵاوکراوە کوردییەکان لە چیا و لە ناوچەی شاخاوی و بە کەرەستە و ئیمکاناتی سەرەتایی چاپ و بڵاو دەبوونەوە.

٣- زۆربەی هەرە زۆری بڵاوکراوەکان، سەر بە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بوون. تەنیا نموونەیەکی ناحیزبی کە هەبووە و دەکرێ ئاماژەی پێ بکەین بڵاوبوونەوەی ٣ ژمارەی گۆڤاری «نووسەری چیا» لە لایەن موحسین شاسوارییەوە لە ساڵانی ١٩٨٤ و ١٩٨٥دا بووە.

٤- ئەو چاپەمەنییانەی بڵاو بوونەتەوە، لە رووی فۆرم و نێوەرۆکەوە، زۆربەیان گۆڤار بوون. تەنانەت «کوردستان» ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش کە ناوی ڕۆژنامەی لەسەر بووە. بە شێوەی مانگانە دەرچووە و بە هۆی هەلومەرجی نالەباری شاخ، لە قەوارەیەکی بچووک دا دەرچووە.

٥- بڵاوکراوەکان بەم هۆیەوە کە سەر بە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بوون، بە نهێنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو بوونەتەوە و تەنیا ژمارەیەکی کەم لە لایەنگرانی حیزبە سیاسییەکان دیتوویانن.

٦- لە باری نێوەرۆکەوە، زۆرتر بایەخیان داوە بە وتاری سیاسی و بەیاننامەی حیزبی و چالاکیی پێشمەرگە و تێکۆشانی حیزبەکان لە دەرەوەی وڵات.

٧- جۆراوجۆری لە نێو بڵاوکراوەکان دا بەدی دەکرێ:

ئەلف: لە باری سیاسییەوە، سەر بە حیزب و ڕێکخراوی جۆراوجۆرن: حیزبی دیموکرات، حیزبی کومونیست (کۆمەڵە)، ڕێکخراوی خەبات، بۆ ماوەیەکی کورتیش کۆمەڵەی یەکسانی، هەرکامیان چاپەمەنیی جۆراوجۆری تایبەت بە خۆیان هەبووە.
ب: هەر کام لەو حیزبانە هەوڵیان داوە جگە لە بڵاوکراوەی ئورگان کە سیاسی بووە گۆڤاری جۆراوجۆری دیکەیان هەبێ. وەک گۆڤاری فەرهەنگی و هونەری، ئیدئۆلۆژیک، نێوخۆیی.

لەم نێوەدا حیزبی دیموکرات زۆرترین پشکی بەردەکەوێ. چونکە جگە لەوەی زۆر لە ڕێکخراوەکانی شارستانی ئەم حیزبە بۆ ماوەی چەند ساڵێک ئورگان و بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان هەبووە و لە شاخ بڵاویان کردۆتەوە، هەواڵنامە، گۆڤاری تایبەت بە لاوان، تایبەت بە پێشمەرگە، تایبەت بە ڕۆشنبیری گشتییان هەبووە.

٨- بڵاوکردنەوەی نووسین بە ناوی نووسەرانەوە لە چاپەمەنیی حیزبیدا، بە تایبەتی لە بڵاوکراوەی ئورگان دا لە سەرەتاوە بە کەمی دەبینرێ. دواتر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی گۆڤارە ئەدەبی و گشتییەکان دا، ناوی نووسەران (جا ناوی راستەقینە یا ناوی خوازراو) بەدی دەکرێ. لە ساڵانی کۆتایی ئەم قۆناغەدا، لە ئورگانی حیزبی کومونیست و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتیی شۆرشگێڕ دا، ناوی نووسەران بەرچاو دەکەوێ.
٩- ژنان، لە نووسین و بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەنووسیی شاخ لەم قۆناغەدا کەمترین ڕۆڵیان هەیە. ئەگەر دەورێکیشیان بووبێ، کاری تایپ لە چاپەمەنیی حیزبەکان و بێژەری لە رادیۆکانی شاخ بووە. بەڵام وەک نووسەر و بەڕێوەبەر کەسێکی دیار بەدی ناکرێم.

## قۆناغی سێهەم: لە نێوەڕاستەکانی دەیەی 1990ەوە تا ئێستا:

لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ١٩٩٠ەوە، حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچە شاخاوییە سنوورییەکانی نێوان ئێران و عێراق، دێنە نێو قووڵایی خاکی باشووری کوردستان. چەند گۆڕانێک بەسەر ڕۆژنامەنووسیی ئەو حیزبانەدا دێ:
١- لە چیاکانی سەرسنوور دادەگەڕێن و لە نزیک شارەکان دەگیرسێنەوە،

٢- واز لە دەرکردنی رۆژنامە بە تایپ و تەکسیر دێنن، دەبنە خاوەنی کامپیوتێر و زیاتر لە چاپخانەکانی کوردستانی عێراق، رۆژنامەکانیان چاپ دەکەن،

٣- فۆرمی رۆژنامەکانیان دەگۆڕن، گەورەیان دەکەنەوە و کەڵک لە وێنە و هێندێک جار رەنگی جۆراوجۆر وەردەگرن،

٤- لە دوای ساڵی ٢٠٠٠، بەرە بەرە دەستیان بە ئینترنێت رادەگا و ئەمەش لە دوو بوارەوە کاریگەریی دەبێ لەسەریان، هەم ئاسانتر لە پێشوو زانیاری بەدەست دێنن، هەم لە رێگای ئیمەیلەوە و بە هۆی ماڵپەڕەکانیانەوە، خێراتر بڵاوکراوەکانیان دەگەیەننە دەست خوێنەرانیان،

٥- لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێک فاکتەردا، هێندێک لە گۆڤار و رۆژنامە کوردییەکانی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە داخراویی سیاسی و ئیدئۆلۆژیک تا رادەیەک دوور دەکەنەوە و لە جاران کراوەتر دەبن.

٦- لە دەیەی دووهەمی ئەم قۆناغەدا، گۆڤاری تایبەت بە ژنان و منداڵانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک دەبن. دیارە پێشتریش (هەم لە سەردەمی کۆماری کوردستان و هەم لە یەک دوو ساڵی یەکەمی دوای رووخانی رێژیمی شایەتی دا نموونەی بڵاوکراوەی تایبەت بە توێژێکی کۆمەڵ هەبوو، کە لە ٢ ـ ١ ژمارە تێپەڕی نەکردبوو. بەڵام ئەمجارە ئەم جۆرە گۆڤارانە بەبەردەوامی بڵاو دەبنەوە.

٧- نەسڵێکی تازە بە روانینێکی نوێوە دێنە نێو گۆڕەپانی رۆژنامەنووسیی رۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە. نەسڵێک کە لە ژێر کاریگەریی پێشکەوتنەکانی رۆژنامەنووسیی ئێران دان.

٨- گۆڤار و بڵاوکراوە و کاری رۆژنامەنووسی لە بازنەی حیزبەکان دێتەدەر و کەسان و گرووپی سەربەخۆ بۆخۆیان گۆڤار و سایتی سەربەخۆ بۆ باس لە پرسەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێ دەخەن.

٩- کاناڵی ئاسمانیی تەلەڤیزیۆنی و میدیای ئەلکترۆنی دێتە نێو کاروانی رۆژنامەنووسیی کوردیی رۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە.

١٠- بەشێکی بەرچاو لەو رۆژنامەنووسانەی ئەزموونی رۆژنامەنووسیی شاخیان هەبوو، تێکەڵ بە کاری رۆژنامەنووسیی لە هەرێمی کوردستان دەبن.

١١- بەرە بەرە ژنان، وەک نووسەر، وەرگێڕ، ئەندامی دەستەی نووسەران، دیزاینێر، لە گۆڤار و رۆژنامەکان و وەک بەڕێوەبەری بەرنامەی رادیۆیی و تەلەڤیزیۆنی، دیار دەکەون.

١٢- زۆر چەمک و دیاردە و رەهەند کە لە قۆناغەکانی پێشتر دا پشتگوێ خرابوون، لەم قۆناغەدا، ئاوڕیان لێ دەدرێتەوە، بە تایبەتی لە بواری فکری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا.

## ئاکام:

١- رۆژنامەنووسیی شاخ(هەم لە باری ماوەوە، هەم لە باری بارستاییەوە) بەبەشێکی سەرەکی لە رۆژنامەنووسیی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەژمێردرێ،

٢- رۆژنامەنووسیی شاخ، رۆژنامەنووسییەکی سیاسی و حیزبی بووە، نەک رۆژنامەنووسییەکی ئازاد و، خسڵەتی خەباتخوازی بەسەریدا زاڵ بووە.

٣- بە هۆی کەسانی سیاسی و ئەدیبی بەشدار لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆرشگێڕی کوردستان بەڕێوە چوون نەک بە هۆی رۆژنامەنووسانی حیرفەیی و پسپۆر،

٤- بە هۆی بەربەستی جۆراوجۆر کە لە سەر ریگای بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی کاغەزی هەبووە، رادیۆ دەورێکی گرنگی لە گەیاندنی پەیامی راگەیاندنی شاخ دا گێڕاوە.

٥- رۆژنامەنووسیی شاخ، لە باری فۆرم، بەکاربردنی وێنە و رەنگ، دیزاین، تیتر و مانشێت و رێوشوێنەکانی دیکەی رۆژنامەنووسییەوە کەم و کووڕیی زۆری هەبووە، گرنگ گەیاندنی پەیام و نێوەرۆک بووە نەک جوانیی فۆرم.

٦- حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە هۆی رابردووی درێژی تێکۆشان، گەورەیی حیزبەکە و بەرینیی ناوچەی نفووز و تێکۆشان و پێویستی خەباتەکەی و بایەخدانی بە کاری رۆژنامەنووسی، زۆرترین رۆڵی لە رۆژنامەنووسیی شاخ لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە.

٧- داهاتنی راگەیەنی ئەمڕۆیی و پێشکەوتوو، رۆڵی راگەیەنەکانی پێشوو وەک رۆژنامەی کاغەزی و رادیۆ، کە لە رۆژنامەنووسیی شاخ دا کەڵکیان لێ وەرگیراوە، کەم کردۆتەوە و ئێستا میدیای ئەلکترۆنی (ماڵپەڕی ئینترنێتی) و کاناڵی ئاسمانی قسەی یەکەم دەکەن.

٨- بەجیهانیبوون (پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیی پێوەندییەکان، کەمرەنگ بوونەوەی سنوورە جوغرافیایی و سیاسییەکان، لێک نزیکبوونەوەی بیرکردنەوە و روانینی مرۆڤەکان) و هەروەها بارودۆخ و هەلومەرجی ئەمڕۆی ژیان و تێکۆشانی تێکۆشەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان، چەمکی رۆژنامەنووسیی شاخی هێناوەتە ژێر پرسیار. سنووری نێوان ڕۆژنامەنووسیی شاخ و تاراوگە و نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتی شێواندووە. ئەم راستییە شتێکی زۆر گرنگ و شیاوی سەرنجە، لە ئێمە رۆژنامەنووسانی دوێنێی شاخ و ئەمڕۆی تاراوگەنشین دەخوازێ خوێندنەوەیەکی نوێمان بۆ راگەیاندن و ئەرکی خۆمان لە هەلومەرجی نوێدا هەبێ.

# درۆ کردن؟

هۆکاری جۆراوجۆر هەیە بۆ سەرهەڵدانی درۆ لە کۆمەڵگەیەک دا. ریشەی درۆ کردن بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی دەسەڵات و قانوون لە وڵات دا. نەبوونی قانوونێکی دادپەروەرانە و نەبوونی پێوەندییەکی سادقانەی کۆمەڵایەتی، وای کردوە مرۆڤەکان بۆ داپۆشینی هێندێک لە راستییەکانی ژیانیان پەنا بۆ درۆ کردن بەرن. یان دەسەڵاتبەدەستان بۆ مانەوەی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانی خۆیان درۆ لە گەڵ خەڵک بکەن . درۆ لە وڵاتیکی وەک ئیران و زۆر لەو وڵاتانەی دیکتاتۆری و فەرهەنگێکی دواکەوتووانە بەسەر پێوەندییەکاندا زاڵە، بۆتە لایەنێکی دانەبڕاو لە ژیانی ئینسانەکان. بەڵام لەهەرحاڵ دا گرنگترین زیان و ئاکامەکانی درۆ، چەسپاندنی بێ بڕواییە لە کۆمەڵگەدا.

بڕوا گرنگترین سەرمایەی فەرهەنگی و لایەنێکی سەرەکیی پێوەندیی ژیانی کۆمەڵایەتیی هەر مرۆڤێکە. کەسێک کە درۆ دەکا و بە درۆزن ناو دەردەکا ، لە نێو کۆمەڵگەدا بڕوای پێناکرێ. زۆربەی ئەو کەسانەی درۆکردن یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانیان، زۆر جار تووشی تێکچوونی باری دەروونی دەبن. یان تووشی زمانلووسی و پێداهەڵگوتن دەبن .

مرۆڤ کاتێک لە تانە و لۆمە و سزا دەترسێ، هەمیشە لە پێوەندییەکانیندا لەگەڵ هەست و دەروونی خۆی ناڕاستە، یان تەعاروفاتی بێجێ لە خۆی نیشان دەدا. هەر مرۆڤێک ئەگەر لەگەڵ خۆی ناڕاست بوو بەدڵنیاییەوە لەگەڵ دەوروبەریش ناڕاستە.

**کەسایەتییەکی گەورە دەڵێ: مرۆڤی درۆزن، سادق نیە، کەسێکیش کە سادق نەبوو بۆ دۆستایەتی نابێ .**

بەڕاستی ئەمە قسەیەکی زۆر راستە. بۆچی عەیب و ئیرادەکانی خەڵک لە پشت سەری خۆیان دەڵێین؟ بۆچی ئەگەر کەسێکمان خۆش ناوێ یان خۆشمان لێی نایە لەلای خۆی بە شان و باڵی دا هەڵدەڵێین؟ بۆچی بۆ ئیسباتی قسەکانمان بەردەوام سوێند دەخۆین؟ چونکە لەگەڵ یەکتر راستگۆ نین. چونکە بڕوامان بە یەکتر نیە.

هەموومان لە گەڵ ئەو جۆرە کەسانە رووبەروو بووینەتەوە کە بەردەوام لە کاتی قسە کردندا سوێند دەخۆن، دەزانن بۆ؟ چونکە ئەو کەسە یان ناڕاستی لە قسەکانیدا هەیە و خۆی دەزانێ کە بڕوای پێناکرێ، یان خۆی باوەڕی بەو کەسە نیە کە قسەی بۆ دەکا. لە کۆمەڵگەیەکدا کە پێداهەڵگوتن و تاریفی بێجێ نیشانەی رێز و حورمەت گرتنە، لە گۆمەڵگەیەکدا کە بێدەنگی لە ئاست قسەیەکی ناڕاست و ناڕەوادا نیشانەی رێز گرتنە، ئینسانەکان زۆر بە ئاسانی خۆیان لەگەڵ درۆ دەگونجێنن.

پرۆفیسۆر حوسێنی باقر، کۆمەڵناس و مامۆستای زانکۆ، لە وتووێژێک دا دەڵێ: بۆ ئەوەی مرۆڤ راستگۆیی بخاتە لاوە و فێری دۆرکردن ببێ، چەندین هۆکار هەیە:

١- مەسەلەی کەسوکار
٢- رەفتاری دایک و باب
٣- رەفتاری کەسایەتییەکان لە ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن
٤- رەفتاری کۆمەڵگە .

ناوبراو لە درێژەی قسەکانی دا دەڵێ کۆمەڵگە بە شیوەیەکی گشتی لەسەر تاکەکان کاریگەری جۆراوجۆر دادەنێ. لە بواری ئابووریدا کاتێک کەسێک دەستی راناگا بە نیاز و پیویستییەکانی، تووشی گیروگرفتی تایبەتی دەبێ، پەنادەباتە بەر درۆ کردن.

یان لە روانگەی سیاسییەوە دەسەڵات نادادپەروەر و دڵڕەقە بەرامبەر بە خەڵک، یان کاتێک دایک و باب لەگەڵ منداڵەکانیان توندوتیژن، کاتێک لە ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن بەڕیوەبەران و مامۆستایان رەفتاری توندوتیژ بەرامبەر بە هەڵەی منداڵان و گەنجان لە خۆیان نیشان دەدەن، ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی تاکەکان پەنا بۆ درۆکردن بەرن تاکوو لە دەست سزا و لۆمە و تانە رزگاریان بێ .

هۆکاری چەسپاندنی ئەم دیاردەیە و پەرەسەندنی: کاتێک بەرپرسان قسەیەک دەکەن و بەپێچەوانەی قسەکانیان عەمەل دەکەن، کاتێک دایک و باب لەگەڵ منداڵەکانیان، ژن و مێرد لەگەڵ یەکتر، منداڵ لەگەڵ گەورەکانیان، ناڕاستن هەموو ئەوانە دەبنە هۆی ئەوەی لە کۆمەڵگایەکدا ئەوندە ئەو شتانە دووبارە ببنەوە، ئەم سیفەتە ببێتە

شتێکی ئاسایی و، ناشیرینی و ناشایستی خۆی لەدەست بدا و تێکەڵاوی ژیان ببێ. بەداخەوە ئەم سیفەتە ناشیرینە (درۆ) زۆر بە ئاسانی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دا جێی گرتوە و رۆژانە بەسەدان و هەزاران کەس و لایەن درۆ لەگەڵ یەکتر دەکەن، واتە قسەی ناحەق دەبێتە حەق بەبێ ئەوەی شەرمی لێبکەن.

کۆمەڵگەیەک کە درۆی تێدا باوە، کۆمەڵگەیەکە پڕە لە لادان و زیانە کۆمەڵایەتییەکان و دەکرێ بڵێین کۆمەڵگەیەکی نەخۆشە. بە بڕوای من سەرەتای هەر شەڕو کێشە و لادان و زیانێک لە کۆمەڵگەدا لە درۆ و بێبڕواییەوە سەرچاوە دەگرێ .

## منداڵی ئەمڕۆ فێر دەبێ تا بناغەی جیهانی سبەی دانێ

ماوەیەک لەمەوبەر وەزیری پەروەردە و فێرکردنی ئێران رای گەیاند لە سیستمی تازەی پەروەردەدا پەروەردەو راهێنانی منداڵ تا تەمەنی ٧ ساڵی لە سەر بناخەی یاریی منداڵانەیە و گوتی: بەڵام لەمەودوا کتێبە دەرسییەکان لە تەمەنی ٩ ساڵییەوە بۆ کچان و کوڕان جیاواز دەبێ. حەمید رەزا حاجی بابایی لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵا بەڕێوەبەرانی پەروەردەدا، وتی: دوای کۆتایی هاتنی دەورانی سەرەتایی کتێبەکان بەرەو پسپۆری بوون دەچن و مەقامی بەرزی رێبەریش پێیان لەسەر گۆڕانێکی بنەڕەتی لە پەروەردەو فێرکردندا داگرتۆتەوە و ئەمەش بەو مانایەیە کە ئێمە دەبێ ساختاری پەروەردە و فێرکردنمان نوێ بکەینەوە و لە ماددە دەرسییەکاندا لە شێوەی بارهێنانی قوتابیاندا ئاڵوگۆڕ پێک بێنین. واتە بە وتەی بەرپرسانی پەروەردەی رێژیم نیاز و توانایی کچان و کوڕان جیاوازە. بۆیە دەبێ ماددە دەرسییەکانیان جیاواز بن .

جیاکردنەوەی جینسییەتی کتێبە دەرسییەکان جارێکی دیکە ئەو نیگەرانییە لە نێو لایەنگرانی یەکسانیخوازی دا بەهێز دەکا، کە ئامانج لەو تەرحە چارەسەری گیروگرفتەکانی کۆمەڵگە نیە، بەڵکوو بەرتەسک کردنەوەی کچانە و پەروەردە و فێر کردنیان تەنیا بۆ بوارەکانی ماڵداری، ئاشپەزی، خەیاتی و هێندێک شوغڵی کلێشەیی دیکەیە و رێگە گرتنیانە لە چالاکییە کۆمەڵایەتی، زانستی، سیاسی، ئابووری و... گەلاڵەی جیاکردنەوەی کتێبە دەرسییەکان بۆ کچان و کوڕان لە روانگەیەکی تەواو کۆنەپەرستانە و پیاوسالارییەوە سەرچاوە دەگرێ کە لەگەڵ ژیانی ئەمڕۆی

کۆمەڵگەی ئێران، نیاز و پێویستییەکانی ئەم دەورانە و بەرابەریی ئینسانەکان بە تەواوی ناتەبایی هەیە .

کۆماری ئیسلامی هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکارییەوە ئەم سیاسەتەی بە ئاشکرا پەیڕەو کردوە و ویستوویەتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی ئێراندا رەنگ بداتەوە . بۆیە ئەم هەواڵە نابێ زۆر جێگەی سەرسووڕمان بێ .

کە چاو لە کتێبی دەرسی هەر وڵاتێک دەکەی، ئیدئۆلۆژی حاکم بەسەر ئەو وڵاتەدا بە روون و ئاشکرایی دەبینرێ. لەم بارەیەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرچاوەی زوڵم و نابەرابەری جنسییە. سیاسەتی جیاکاری لە نێوان ژن و پیاو دا تازە نیەو پێشتریش لە کتێبە دەرسییەکانی ئێراندا ئەم فەرق وجیاوازییانە بە ئاشکرا بینراون و هەست پێ کراون. هەر لەوێدایە کچ فێر دەکرێ خزمەتکارێکی بێ دەنگ و لەخۆبردوو بێ بۆ بنەماڵەکەی، لەبەرابەریش دا کوڕ فێر دەبێ سەربەخۆ بێ و رۆڵی هەبێ لە کۆمەڵدا، کچ ئیبتکاری ماڵداری فێر دەبێ و کوڕیش زانست و فەننی کار و شوغڵی داهاتوو. کچ دایکایەتی و هونەری ژنانە، کوڕیش رێکخستن و بەرپرسایەتی وڵات. کتێبە دەرسییەکان جیهانێکی پیاوانەمان پێ نیشان دەدەن کە ژن لەوێدا تەنیا وەک دایک و هاوسەرێکی مێهرەبان نرخی هەیە نەک وەک ئینسانێکی کاریگەر لە کۆمەڵ دا. ژنی رووناکبیر، وەرزشکار، پرۆفیسۆر، هونەرمەند، نووسەر و نیگارکێش لەوێدا نابینرێ یان زۆر بە کەمی دەبینرێن. یان بەتەنیا هیچ وەخت ناتوانێ شوێندانەر بێ، بەڵکوو هەمیشە دەبێ پیاوێک لە پەنای دا بێ. یان ئەگەر زۆریش ئازا و بەتوانا بێ لە مێژووی جبهە و شەڕدا و ئەویش لە پشتی جبهەی شەڕ خەریکی دەرمان کردنی پیاوانی شەڕکەرە یان خەریکی کۆکردنەوەی خواردەمەنی و جلوبەرگە بۆ "سەربازانی ئیسلام". ئەمەیە نەخشی ژنان لە کتێبە دەرسییەکانی ئێرانی کۆماری ئیسلامی دا.

لەم سیستەمەدا ژنان وا نیشان دراون کە بێ عەلاقەن بە سیاسەت، بۆیە لە بواری سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشدارییان نیە. لە هیچ دەرسێک دا باوک نابینرێ خەریکی کاروباری نێوماڵ و راگەیشتن بە منداڵەکانی بێ، هەروەک چۆن لە هیچ دەرسێکدا دایک نانهێنەری بنەماڵە واتە دابینکەری بژێوی ژیان نیە. لەوێدا تەنیا شێوەیەکی تایبەت لە بنەماڵەی سوننەتی نیشان دراوە. بە پێی ئەو ئۆلگوویە، ژن وەک هەمیشە رۆڵێکی کلیشەیی و ئیحساسی و زۆرتر ئەرکەکانی لە چوارچێوەی ماڵ دا و زۆرتری کاتی بە ئاشپەزی و خەیاتییەوە خەریکە. وەک کابانێکی باش ئامادەیە بۆ ئاسوودەیی بنەماڵە خۆی فیدا بکا پیاویش بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە لە دەرەوەی ماڵ رۆڵ دەگێڕێ و سەربەرزە بەهۆی بوونی هاوسەرێکی لەم شێوەیە .

یەکێک لە شێوەکانی هێشتنەوە و پتەوبوونی فەرهەنگی پیاوەمزنی، سیستمی پەروەردەیە. قوتابخانە یەکێکە لە بنیاتە گرنگەکانی کۆمەڵگا، دەتوانێ رۆڵێکی کاریگەری لە دیاری کردنی بەهاکانی ژیانی تاکەکەسیی و بە کۆمەڵ دا هەبێ. مادده دەرسییەکان دەتوانن بە هۆی قوتابییانەوە جگەلە زانست و سەنعەت، کولتووری یەکسانیخوازی لە کۆمەڵگادا جێ پێبگرن و بچەسپێنن، یان دیواری سوننەت و تابۆکان بشکێنن، کولتووری پیاوسالاری و خۆڕافات و دیاردە دزێوەکان لە کۆمەڵگەدا بسڕنەوە. رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی دەیەوێ بە دوور کردنەوە و جیاوازی نێوان ئەم دوو رەگەزە لەیەکتر زیاتر کۆمەڵگای ئێران بەرەو سوننەتی بوون و دواکەوتوویی بەرێ. جیاکردنەوەی ژن و پیاو و مانەوەی ژن لە چوارچێوەی ماڵدا و بەرتەسک کردنەوەیان لە چالاکی و حوزووریان لە نێو کۆمەڵگەدا یەکێک بووە لە سیاسەتە کۆنەپەرستانەکانی ئەو رێژیمە. هەموو شتێک بە ژنانە و پیاوانە دابەش دەکرێ. لە فەرهەنگی ئەودا ژن هەمیشە مرۆڤێکی بێهێز و بێدەسەلات بووە و ئەمەشیان بە ئەمرێکی سروشتی زانیوە. بەم جۆرە دەیانەوێ لەمەو بەدواش ژێردەستەیی ژن لە کۆمەڵگەدا زیاتر بچەسپێنن. بناغەیەکی قایم بۆ ئەو دیوارە ئەستوورەی لە نێوان ئەم دوو رەگەزەدا کێشاویەتی دابنێن.

بەڵام لە کردەوەدا ژنانی ئێران ئەمەیان لە دەسەڵاتداران قبووڵ نەکردوە و رێگەیەکی جیا لەو رێگایە رۆیشتوون کە بۆیان دیاری کراوە. ٣٠ ساڵە رێژم بە هەموو شێوەیەکی کە بۆی کرابێ ویستوویەتی سیاسەتی جیایی-خوازی پەرە پێ بدا و دەتوانین بڵێین ژنان لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران زیاتر زیانیان لەم سیاسەتانە پێ گەیشتوە. بەڵام رێژیم بە تەواوی نەی توانیوە بە مەبەستەکانی خۆی بگا. بەشداری بەرچاو و زیندووی ژنان لە ریزەکانی پێشەوەی خەباتی ئازادیخوازی ئەمڕۆی ئێراندا مزگێنی ئەوەمان پێدەدا کە رێژیم لە ماوەی ئەو ٣٠ ساڵەدا نەیتوانی بیری یەکسانیخوازی لە بیر و زەینی ژنانی ئێراندا بسڕێتەوە. ژنان دەزانن چ دەکەن و چیان دەوێ و داهاتووش گەش دەبینن.

---

## ئێیدز، مەترسیدارترین نەخۆشیی سەردەم

لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە رۆژی ١ی دیسامبری هەموو ساڵێ بە رۆژی خەبات لە دژی "ئێیدز" راگەیەندراوە. "ئێیدز" خراپترین نەخۆشییە نەک لەبەر ئەوەی ئینسان پێی دەمرێ هەموو کەس کات و رۆژێک هەر

دەمرێ. بەڵکوو ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵگە لەگەڵ ئەو نەخۆشییە وەک هیچ نەخۆشییەکی دیکە نیە. بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک ئێران ئەو منداڵە قوتابییەی تووشی ئەو نەخۆشییە بووە لەلایەن مامۆستاکانییەوە ڕووبەڕووی جیاوازی زۆر ناڕەوا دەبێتەوە. وای لێدەکرێ هیچ کەس لێی نزیک نەبێتەوە. ڕێی پێنادرێ لە هیچ چالاکییەکی قوتابخانەدا بەشداری بکا. تەنانەت زۆرجار لە لایەن بەرپرسانی قوتابخانەوە کەسوکاری ئەم جۆرە نەخۆشانە ئاگادار دەکرێنەوە کە منداڵەکەیان نەنێرنەوە قوتابخانە. یان کاتێک کەسوکاری منداڵانی دیکە بزانن منداڵێکی ئێیدزی لە قوتابخانەیە هەموویان ئێعتراز دەکەن و داوای دەرکردنی ئەو منداڵە دەکەن.

سەرەڕای ئەوەی کە ساڵانێکی زۆر لە ناسین و دیتنەوەی ئەم نەخۆشییە تێپەڕیوە، بەڵام تا ئێستاش بە نەخۆشییە هەرە ترسناکەکانی کۆمەڵگەی ئینسانی دەناسرێ و سەرەڕای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری لێکۆڵەران و نیهادە پزیشکییەکانی جیهان بۆ دیتنەوەی ڕێگەیەک بۆ پێشگیری لە ویرووسی ئێیدز تا ئێستاش هەر ئەو ڕێکارانەن بۆ چارەسەری یەکجاریی ئێیدز تاقیکردنەوەیان لەسەر دەکرێ و پێشگیرییە لە ویرووسی ئێیدز بۆ نێو لەشی ئینسان یان لەنێوبردنی ئەو ویرووسە لە نێو سیستمی لەش یان پێشگیری لە چوونە نێو سیستمی لەشەوە، ئەو سیستمەی کە لە بەرامبەر نەخۆشییەکاندا خۆڕادەگرێ. بەڵام تا ئێستاش دەرمانی ئەم دەردە بەتەواوی نەدیتراوەتەوە. هەرچەند ئەو نەخۆشانەی کە تازە گیرۆدە دەبن بەم ویرووسە، ئەگەر خێرا دەرمان بکرێن، دەتوانن ٣٠ ساڵ پاش گیرۆدەبوون بەو نەخۆشییە بژین.

لە زۆربەی وڵاتانی جیهان هۆکاری سەرەکیی گواستنەوەی ویرووسی HIV بۆ کەسێکی تر بەهۆی پێوەندیی سێکسییەوە بووە. بەڵام لە ئێراندا هۆکاری سەرەکی ئەم ویرووسە بۆ تەزریق لە نێو موعتادان بە مەوادی موخەدیر دەگەڕێننەوە. دیارە بە سەدان نموونە هەن کە ژنان لە ڕێگەی مێردەکانیانەوە تووشی ئەم ویرووسە بوون، یان منداڵان بە هۆی دایکیانەوە تووشی ئەم ویرووسە بوون. بەرپرسی ئیدارەی پێشگیریی ئێیدزی وەزارەتی لەشساغیی ئێران رای گەیاندوە کە پێش بینی دەکرێ لە ئێران ڕێژەی تووشبووان بە ویرووسی HIV تا کۆتایی ساڵی ١٣٨٨ بگاتە ٢٠ هەزار کەس. بەڵام بەپێی ئاخرین ئاماری وەزارەتی لەشساغی کە لە مانگی خەزەڵوەردا بڵاو بۆتەوە تا سەرەتای مانگی رەزبەری ١٣٨٨، ١٢٠ هەزار و ١٣٠ کەسی تووشبوو بەو ویرووسە لە ئێراندا شناسایی کراون. لەو ڕێژەیە ٢٠٩٧ کەس واریدی مەرحەلەی نەخۆشییەکە بوون و ٣٤٠٩ کەسیش بەهۆی ئەم نەخۆشییەوە مردوون. لە ئاخرین ڕاپۆرتی سێ مانگەی دووهەمی ئەم ساڵی وەزارەتی لەشساغی و دەرمان دەردەکەوێ ڕۆژانە یەک ئێرانی بەهۆی نەخۆشیی ئێیدز گیانی لەدەست دەدا.

دیارە لە ئێراندا بە هۆی مەسەلەی کولتوورییەوە رێژەی ئەو کەسانەی بە ویرووسی HIV گیرۆدە بوون روون نیە، بەڵام کارناسان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئاماری دروست و روونی کەسانی تووشبوو بەو ویرووسە زۆر زیاتر لەو ئامارە رەسمییانەیە .

نەخۆشیی ئێیدز چوارەمین نەخۆشیی کوشندەیە لە جیهاندا و هەر ئێستا زیاتر لە ٤٠ میلیەن کەس لە جیهاندا تووشی ویرووسی اچ ای وی بوون (HIV) .یەکێکە لە نەخۆشییە ویرووسییە واگیرەکان. ئەم ویرووسە توانای خۆڕاگریی لەش لە بەرامبەر نەخۆشییەکان و عفونەت (چڵک)ەکان دا کەم دەکاتەوە. بە "سەرنجدان" بەوە تا ئێستاش واکسێن و دەرمانێک بە مەبەستی پێشگیری و دەرمانی نیهایی بۆ ئەم نەخۆشییە نیە، وشیارکردنەوەی هەموو چین و توێژەکان لە چۆنیەتیی گواستنەوە و پێشگرتن لەم نەخۆشییە گرنگییەکی تایبەتی هەیە .

هەر ویرووسێک لە چەند رێگەی جۆراوجۆرەوە دەچێتە نێو لەشی مرۆڤەوە بۆ نموونە ویرووسی هەڵامەت (سرماخوردگی) لە رێگەی هەناسەوە دەگوازرێتەوە نێو لەش. هەر ویرووسێکیش بۆ جێکردنەوە و پەرەسەندن و خۆدارِشتنی لەنێو لەشدا عەلاقەی بە هێندێک شوێنی لەش هەیە. بۆ نموونە ویرووسی HIV خۆی دەگەیەنێتە خرۆکە سپییەکان، بۆیە دەبێ لە رێگەیەکەوە بچێتە نێو لەشەوە تا بتوانێ بگاتە ئەم شوێنە. لەبیرمان بێ ئەم ویرووسە تەنیا دەتوانێ لە نێو خرۆکە سپییەکاندا زیندوو بمێنێتەوە، بۆیە لە هەرکوێ خرۆکەی سپی هەبێ لە حاڵێک دا کە هەڵگری ویرووسی ئێیدز بێ دەتوانێ ببێتە هۆی گواستنەوەی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە. لە ئاکام دا ویرووسی HIV لە رێگەی خوێن و تەڕایی ئالوودە دەتوانێ بچێتە نێو لەشی مرۆڤەوەو بگاتە خرۆکە سپییەکان. بۆیە رێگاکانی گواستنەوەی ئەم ویرووسە ئەوانەن:

١- خوێن، ٢- پێوەندییە جنسییەکان، ٣- (سێکس)، لە دایکەوە بۆ منداڵ (کۆرپەڵە)

خوێن: هەر کاتێک خوێنی کەسی تووشبوو بەم ویرووسە تێکەڵاوی خوێنی کەسێکی ساغ بێ ئەو کەسە سالمەش تووشی ئەو ویرووسە دەبێ. بۆ نموونە ئەگەر کەسێکی تووشبوو بە ویرووسی HIV کاری تەزریق بکات و هەر بەو سورەنگ و دەرزییە کەسێکی دیکە تەزریق بکا ئەم ویروسە دەگوازرێتەوە لەشی ئەوی دیکە. بۆنموونە کەلوپەلی نائیستریل و خوێناوی بۆ کاری گوێ کون کردن، یان خەتەنە، خاڵ کوتان، جەراحی و ددانسازی رێگەکانی گواستنەوەی ئەو نەخۆشییەن.

ویرووسی HIV لە دەرەوەی لەش بە ماددەی پاککەرەوە (چد عفونی) و گەرمای زۆر بەزوویی لەناو دەچێ. بۆیە ئەو کارانە ئەگەر بە کەلوپەلی خاوێن و ئیستریل بکرێن مەترسییەکی نیە. زۆربەی موعتادە تەزریقییەکان پاکوخاوێنی ناپارێزن و زۆربەیان بە یەک دەرزی تەزریق دەکەن بۆیە مەترسیی گواستنەوەی ویرووس لەنێو ئەو کەسانەدا زۆر زیاترە و یەکێک لە بەربڵاوترین ڕێگاکانی گواستنەوەی ئەو ویرووسە لە زۆر وڵاتدا بە تایبەت وڵاتی ئێران موعتادەکانن.

## پێوەندیی جینسیی:

یەکێکی دیکە لە تەڕایی لەشی ئینسان کە خرۆکەی سپیی زۆرە تەڕەشوحاتی جینسییە بۆ کەسێک کە تووش بووە بە ویرووسی HIV لەگەڵ هەر کەسێک پێوەندیی جینسیی هەبێ لە ڕێگەی ئەو تەڕاییەوە ئەو ویرووسە دەچێتە نێو لەشی کەسەکەی دیکە. بۆنموونە ئەگەر پیاوێک لە ڕێگەی تەزریقەوە تووش بووبێ لە کاتی پێوەندیی جینسیدا هاوسەرەکەشی تووشی ئەم ویرووسە دەکا و مەترسییەکەشی لە پیاوەوە بۆ ژن دووو نیو بەرابەرە.

لە دایکەوە بۆ منداڵ: بەربڵاوترین ڕێگەی گواستنەوەی ئەو ویرووسە لە دایکی تووشبۆوەوە بۆ منداڵ، لە کۆتاییەکانی دەورانی دووگیانیدایە بە تایبەتی کاتی منداڵبوون و کاتی شیردان.

ـ ویرووسی ئێیدز لە ڕێگەی پێوەندییە ئاساییەکانەوە وەک کارکردن لەگەڵ یەکتر، قسەکردن، هاوسەفەر بوون، حەمامی گشتی، تۆقەکردن، پشمین، کۆخە، و تەنانەت ماچ کردنیش ناگوێزرێتەوە بۆ لەشی مرۆڤ. بە سەرنجدان بەوەی لە پێوەندییە ئاساییەکانی ڕۆژانەدا ئەم ویرووسە ناگوێزرێتەوە، کەوایە ئەو کەسانەی بەم ویرووسە تووشبوون ، لەم پێوەندییە گشتی و ئاساییانەدا مەترسییەکیان بۆ خەڵکی دیکە نیە.

# توندوتیژی لە دژی ژنان کۆسپی گەیشتن بە یەکسانی

٢٥ی نوامبری بە رۆژی جیهانی سرینەوەی توندوتیژی ناسراوە. ئەو ڕێکەوتە بۆ ڕێزگرتن لە سێ خوشکی چالاکی سیاسی کە بە خوشکانی میرابال ناسراون و خەڵکی کۆماری دومینیکن بوون دیاری کراوە. ئەوان چەندین ساڵ لە دژی دیکتاتۆری وڵاتەکەی خۆیان بە ناوی "تروهیلو" خەباتیان کرد. هەر بۆیە بە سیمبولی خەبات لە دژی توندوتیژی ناسراون. سەرەنجام هەر بە دەستی عامیلانی ئەو دیکتاتۆرە لە کاتی چوونیان بۆ سەردانی هاوسەرەکانیان لە زیندانداا، بە شێوەیەکی گوماناوی کوژران. هەر لەو کاتەوە لەلایەن ژنانی چالاکی دومینیکەنەوە رۆژی کوژرانی ئەوان وەک رۆژی خەبات دژی توندوتیژی راگەیاندراوە و پێشنیاریان بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد بۆ رێزگرتن لەو سێ خوشکە کە بەرەنگاری دیکتاتۆری بوونەتەوە ئەم پێشنیارە پەسند بکا. شووراى رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ١٧ی ئۆکتۆبری ١٩٩٩وە ئەو رۆژەی وەک رۆژی جیهانی سڕینەوەی توندوتیژی لە دژی ژنان پەسند کردوە.

## مەبەست لە توندوتیژی

توندوتیژی بەشێوەی جۆراوجۆر لەسەر ژنان لە نێو زۆربەی کۆمەڵگەکاندا بەرێوە دەچێ وەک:

لە جاڕنامەی پێشگیری لە توندتیژی دژی ژنان پەسندکراوی کۆمەڵەی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا هاتوە، مەبەست لە "توندوتیژی دژی ژنان"، هەر کردەوەیەکی توندوتیژ لەسەر بناغەی جنسیەتە کە ببێتە هۆی ئازاردان و زیان پێگەیاندنی جەستەیی، جینسی، یان دەروونیی ژنان، وەک لێدان، هەڕەشە، بێبەشکردنی زۆردارانەی ئەوان لە ئازادی، زۆری لێ کردن و هتد کە لە ریزی رەفتار و کردەوەی توندوتیژدان."

کەڵک وەرگرتنی جینسی، جیسمی، یان عاتیفی لەلایەن شەریکی ژیانەوە، کەڵکوەرگرتنی جسمی یان جینسی ئەندامانی بنەماڵە و خەڵکی دیکە، ئازار و ئەزیەت یان کەڵکوەرگرتنی جینسی لە لایەن کەسانێکەوە وەک مامۆستا، پۆلیس، بەرپرسی ئیدارە، دەستدرێژیی جینسی، کردەوەی سوننەتی بە زۆر وەک خەتەنەی کچان لە هێندێک کلتوور دا، بەشوودانی کچانی منداڵ، کوشتنی ژن بە ناوی پارستنی ئابڕووی بنەماڵە یان کەڵکوەرگرتنی

جینسی لەلایەن نیزامیانەوە لە کاتی شەڕدا، توندوتیژی سیاسی و هتد ئەمانە هەمووی دەچنە خانەی توندوتیژییەوە.

توندوتیژی لە دژی ژنان دیاردەیەکی بەربلاوی کۆمەڵگەی جیهانییە و بە شێوەیەکی بەربلاو بە تایبەتی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا بەبیانووی نەپاراستنی بەهاکانی نێو بنەماڵە، بە توندترین شێوە ئازار دەدرێن تەنانەت دەکوژرێن .

بنەماڵە یەکەمین شوێنی دەست پێکردنی کردەوەی توندوتیژییە دژی ژنان. باوک، برا و مێرد بە بێئەوەی ترسێکیان لە سزادان هەبێ، قانوونە نابەرابەرەکانی خۆیان لە نێوماڵەکاندا بەڕێوە دەبن و بە بیانووی جۆراوجۆر ژنان ئازار دەدەن. توندوتیژی لەنێو بنەماڵەدا لە تەواوی چین و توێژێکی نێو کۆمەڵ دا لە نێو توێژی دەوڵەمەند، هەژار، خوێندەوار و نەخوێندەوار دا بەڕێوە دەچێ .

لە ١١٤ وڵاتی جیهاندا پیاوان بە هۆی توندوتیژی لە دژی ژنان سزا نادرێن و ئەگەر پیاوان بەناوی نامووس پارێزییەوە ژنان ئازار بدەن یا بیانکوژن ڕووبەڕووی سزای زۆر سووک دەبنەوە یان هەر سزا نادرێن. ساختاری کۆمەڵگەش توندوتیژی و ڕەفتاری تووڕەو ناڕەوا لە دژی ژنانی قبووڵ کردوە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە توندوتیژیی نێو بنەماڵە بە دیاردەیەکی ئاسایی سەیر بکرێ.

٩٠ لە سەدی منداڵانی ئەو بنەماڵانەی توندوتیژییان تێدایە شاهیدی لێدانی دایکیانن لە لایەن باوکیانەوە. ٨٠ لەسەدی مێرمنداڵانی کە کاری ناڕەوا دەکەن لە شوێنی پڕ لە توندوتیژیدا گەورە بوون. ئەو کوڕانەی لە لە نێو شوێنێکی توندوتیژئامێزی بنەماڵەدا گەورە دەبن، ٧٠ لەسەد زیاتر لە لەوانەی دیکە قابلیەت و مەیلیان بۆ لێدانی ئەو ژنانە هەیە کە لە گەڵیان دەژین. منداڵانێک کە لە هەلومەرجێکی پڕ لە توندتیژیدا ژیان بەسەر دەبەن، ٣٠٠ لە سەد زیاتر لە کەسانی ئاسایی ئەلکولی یا موعتاد دەبن.

## توندوتیژی لە دژی ژنان چۆن کۆتایی دێ؟

توندوتیژی لە دژی ژنان کۆسپی گەیشتن بە یەکسانی، پێشکەوتن و ئاشتییە، ئەوانەی باس لە پێشکەوتن و

ئاشتی و ئەمنییەت دەکەن، دەبێ بزانن ئەم کردەوەیە لە هەر وڵاتێک دا هەبێ بناغەیەکە بۆ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەرەتییەکانی ژنان. لە هەر وڵاتێکیش دا مافی مرۆڤ پێشێل بکرێ هەرگیز رووی پێشکەوتن و ئاشتی و ئاسایش بەخۆیەوە نابینێ. لەم پێوەندییەدا نەخشی دەسەڵات زۆر گرنگە، دەسەڵات دەبێ توندوتیژی لە هەر جۆرێکدا مەحکووم بکا و بۆ ئەو کەسانەی کردەوەی توندوتیژ لە دژی ژنان بەرێوە دەبەن سزای قورس دیاری بکا. بودجەی پێویست بۆ تێکۆشانەکانی پێوەندیدار بۆ نەهێشتنی توندوتیژی تەرخان بکا. دیارە نەخشی خودی ژنانیش لەم بارەیەوە زۆر گرنگە. ژنان دەبێ ئاگا بن بە مافەکانیان، بۆ ئەوەی بتوانن لە ئاست پێشێلکردنی مافەکانیان وەدەنگ بێن. توندوتیژی بناسن و بزانن کە ئەم دیاردەیە ئاسایی نیە و نابێ لە ئاستیدا بێدەنگ بن. ژنان ئەگەر ئاگا بن و مافەکانی خۆیان بناسن دەتوانن بە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان و راهێنانی هاوسەرەکانیان پێشی کردەوەی توندوتیژ بەرامبەر بەخۆیان بگرن.

بەدڵنیاییەوە ژنان ئەگەر بە ئاگایی و وشیاری و ئازایەتی خۆیان پشت ببەسن دەتوانن بە هەر رەفتارێکی توندوتیژ نا بڵێنەوە و دنیایەک دروست بکەن کە خۆیان و منداڵەکانیان لە موحیتێکی ئارام و بەبێ فەرقوجیاوازیدا دا ژیان بەسەر بەرن.

## شکەنجە بەشێکە لە فەرهەنگی سیاسیی کۆماری ئیسلامی

لەم رۆژانە دا مەسەلەی شکەنجە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بۆتە باس و خواسی راگەیەنەکانی جیهان و کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان. زۆربەی هەواڵەکان دڵتەزێن و راچڵەکێنەرن. هەواڵی شکەنجە و دەستدرێژی بۆ سەر دەستبەسەرکراوانی نارازی لە ئاکامی هەڵبژارنی سەرکۆماری، بە جۆرێکن ویژدانی هەر ئینسانێکی مافخواز و ئازادیخواز ئازار دەدەن و شەپۆلێک لە تووڕەیی و بێزاری لە دژی حاکمان و مەئموورانی زیندانەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان وەرێ خستوە و ئەم تووڕەیی وبێزارییە لە حاڵی پەرسەندان دایە و بۆتە قەیرانێکی گەورە لە نێوان دنیای دەرەوە و خەڵک و حاکمانی وڵاتی ئێران.

شکەنجە: جیا لە ماناو مەفهوومی نێو قامووس کە بە مانای شکان و ورد کردن دێ، ترسناکترین کردەوەیەکە کە ئینسان بەرامبەر بە ئینسان بەرێوەی دەبا. مێژووی شکەنجە لەگەڵ دروست بوونی ئینسان دەستی پێکردوە. کاتێک کە یەکەم جار نارەزایەتی لە دژی سەرەرۆیی و دەسەڵاتخوازی دەستی پێکردوە، شکەنجەش بە مەبەستی سەرکوت،

بەچۆکداهێنان و بێدەنگ کردنی ناڕازی، کەڵکی لێ وەرگیراوە. ئامانجی جەللادەکانی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان کوشتنی رۆحی ئینسانە ناڕازییەکان بووە. ئەو ئینسانانەی خەبات دەکەن بۆ ئازادی و عەداڵەت، بۆ جوان کردنی کۆمەڵگای ئینسانی، یەکەمین قوربانییانی لە شکەنجە و سەرکوتن.

ئەوەی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا رووبان داوە بێوێنەن. مەگەر زیندانییەکان هەر خۆیان بزانن چ بەسەر ئینسانە خەباتکار و ئازادیخوازەکان هاتوە و دێ. دەنگو باسەکانی ئەم دواییانە ناتوانن دیمەنی سی ساڵ ئازار و مەینەتییەکانی نێو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی و هەموو ئەو شتانەمان بخاتە بەرچاو کە لە زیندانەکان دا روویان داوە. یان دەبێ خۆت لە جێگای ئەو کەسانە دانێی کە لەبەر دەستی شکەنجەگەرەکانی ئەو رێژیمەدا بوون، ئەگینا وشە و دێڕەکان ناتوانن ترس و خۆف و ئازارەکان و دڵرەقیی مەئموورەکانی نێو زیندانەکان وەک خۆیان نیشان بدەن.

یەکێک لە شێوەکانی شکەنجە لە زیندانەکانی حکوومەتی "ئیسلامی!" لە ئێران دا دەستدرێژیی جینسییە کە لەم رۆژانەدا زیاتر پەردە لەسەر ئەو جینایەتە وەحشیانەیە هەڵدراوەتەوە.

## دەستدرێژیی جینسی بۆ شکاندنی کەسایەتی یان بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان؟

دەستدرێژیی جینسی یەکێکە لە توندترین و بەئازارترین شکەنجانە بۆ رووخاندن و شکاندنی رۆحی ئازادیخوازییە. چیرۆکی دەرد و ئازاری قوربانیانی دەستدرێژی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا چیرۆکی ٣ مانگ لەمەوبەر نیە، بەڵکوو چیرۆکێکی راستەقینەی ٣٠ ساڵەیە و زۆر کەس ئەو ئازارەیان لەگەڵ خۆیان بردۆتە بن گڵەوە. ئەوانەی لە دەیەکانی ٦٠ لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەستدرێژییان کراوەتە سەر، ئێستاش پاش چەندین ساڵ رزگار بوون لە زیندان ئازارەکەی لە دەروونیاندا هەر ماوە و کاریگەیی خراپی لە سەر ژیانیان داناوە. ئەوان بەشێوەیەکی بەردەوام دیمەنەکانی ئەو رووداوە بەئازارەی کە بەسەریان هاتوە وەخت و ناوەخت دێتەوەبیریان و پێوەی دەناڵێنن. بەڵام کەم کەس هەست بە بارودۆخی دەروونیی ئەوان دەکا.

ئەگەر تا دوێنێ بەبیستنی هەواڵی دەستدرێژیی جینسی بۆ سەر کچان و کوڕانی ئەم وڵاتە خەڵکێکی زۆر رادەچڵەکین دەبوون و بە ناباوەڕییەوە دەیانگوت چۆن شتی وادەبێ؟! ئەگەر تا دوێنێ قوربانیان بەهۆی شەرمەوە

نەیاندەتوانی هەموو ئەو کردەوانەی لە زیندان بەدەستی مەئموورانی ڕێژیم بەسەریان هاتوە بدرکێنن، ئەمڕۆ ئیدی بەهۆی ئاگایی نەوەیەکی نوێ لە ئێراندا ئەو ئازارانەش چی دیکە سەرپۆشیان لەسەر دانانرێ و بەم جۆرە ڕێگە نادرێ نیبیەتەکانی ئەم ڕێژیمە سەرکوتکەرە وەدی بێ. ڕێژیم پێی وابوو بەم شێوە شکەنجەیە ژنان و پیاوانی ئەم وڵاتە سەرشۆڕی خۆی دەکا و بەچۆکیاندا دێنێ. بەڵام ئێستا ئەو سەرشۆڕییە سەری خۆی گرتۆتەوە و لای خەڵکی ئێران ڕیسوا بووە و خەریکە لە لای وڵاتانی دیکە هەموو کۆڕو کۆمەڵە ئینساندۆستەکانی جیهانیش بەتەواوی ڕیسوا دەبێ .

لە کۆتایی دا دەڵێین ئەوانەی تا ئەمڕۆ ئەم ئازارەیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتوە، ئێستا ئیتر باشترین کاتە بۆ وتنی نەوتراوەکان و با چی دیکە جینایەتەکانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بەرامبەر بە ئازادیخوازانی ئەم وڵاتە نەچێتە خانەی فەرامۆشی یەوە. قوربانیانی زیندووی جینایەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەئاشکراکردنی کردەوەی جینایەتکارانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران، ئەرکێکی گرنگی مێژوویی بەرامبەر بە شەهیدانی ڕێگای ئازادیی خەڵکی ئێران، جێبەجێ دەکەن و ڕەنگە گیانی ئەو مرۆڤانەش کە هەر ئێستا لە چاڵە ڕەشەکانی دەسەڵاتدارنی جینایەتکار دان ڕزگار بکەن.

ڕاستییەکەی ئەوەیە شکەنجە و سەرکوت کە سروشتی ئەم ڕێژیمەیە ناتوانێ ئازادیخوازان بەچۆک دا بێنێ. بەو حاڵەش دەبێ هەوڵ بدرێ سەرچاوەی جینایەت و دەستدرێژییەکان وشک بکرێن، بۆ ئەوەی دەستووردەران و عامیلانی کوشتار و شکەنجەگەران بە سزای کردەوەکانیان بگەن و هیچ دەسەڵاتێک لێرە بەدواوە نەتوانێ بە پێچەوانەی کۆنوانسیۆنە نێونەتەوەیی یەکان لەگەڵ بەندکراوان و نەیارانی خۆی ڕەفتار بکا. لە قاودانی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەندیخانەکاندا و، پێداگری لە سەر سزادانی بەڕێوەبەرانی ئەو جۆرە تاوانانە، ئەرکی ئەخلاقی و ئینسانیی هەموو مرۆڤێکی بەویژدانە .

## چارەسەری ئەوانەی دەستدرێژیان کراوەتە سەر

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە مانگەکانی ڕابردوودا ئاشکراتر لە هەر دەورانێک دەستی کرد بە سەرکوتی نەیارانی خۆی. یەکێک لە شێوەکانی سەرکوتی زیندانیان لە لایەن زیندانەوانەکان، دەستدرێژیی جینسییە، تاکوو زیاتر زیندانی تێک بشکێنن. ڕوانگەی ئێوە لەسەر ئەم بابەتە چۆنە؟

بۆ لاواز و زەلیل کردنی نەیار نەتەنیا لە ئێران، بەڵکوو لە زۆربەی شوێنە جۆراوجۆرەکانی دنیا لەم شێوە شکەنجەیە کەڵک وەردەگرن.

لە قامووس (فەرهەنگ)ی فیشێردا هاتوە کە لە ۲۷۸ شوێنی جیهان خەڵک لە ژێر فشارو زیان و دەستدرێژی دان. کەسێک کە دەستدرێژی دەکاتەسەر دوژمن، وەک چەک لە ئالەتی نێرینەی خۆی کەڵک وەردەگرێ. بەم جۆرە دەیەوێ زیاتر ئازار بە بەرامبەرەکەی بگەیەنێ، بەڵام لەوە تێناگا کە بۆخۆشی تووشی چ ئازارێکی دەروونی دەبێ. ئەو کەسە ئیتر لەگەڵ هاوسەرەکەی خۆشی ناتوانێ پێوەندییەکی باشی هەبێ. یانی ویژدانی ئەو، وێران دەبێ. زۆربەی ئەوانە چارەسەری زۆر قووڵیان پێویستە، چونکە لەگەڵا نارەحەتیی ویژدان رووبەروو دەبنەوە.

من دووساڵ لە ئەمریکاو ئاڵمان لە نێو زیندانەکاندا کارم کردوە. لەوێ بۆم روون بۆوە کە ئەوانە لەو کردەوەیان پەشیمانن، بەڵام ئاکامێکیان وەرنەگرتوەو دەوروبەریش یارمەتیی نەداون. ناتەبایی گەورە لەنێوان دەروون و دەرەوەیان دا سەرهەڵ دەدا. دپرسیو و ئەگرسیو (خەمۆک و تووڕە) دەبن. زۆر کەم دەتوانرێ ئەو کەسانە چارەسەر بکرێن. لە بەرامبەردا ئەو کەسانەی دەستدرێژییان کراوەتەسەر زووتر چارەسەرو دەرمان دەکرێن.

ئێمە بە گێڕانەوەی چیرۆک، دەستدرێژیکەران فێر دەکەین کە لە مەوقعییەتی خۆیان بە ئەرێنی کەڵک وەربگرن و هەڵەکانی رابردوو چارەسەر بکەن. خەڵکی وەحشی ناکرێ هەروا بەرەڵلا بکرێن، بەڵکوو پێویستیان بە پەروەردەی دروست هەیە، بەم هۆیەشەوەکە پەروەردەکە دروست نیە، پێویستیان بە دەروون دەرمانی و راوێژکاری هەیە تاکوو فێر بن کە:

بنی آدم اعضای یکدیگرند/ که در آفرینش ز یک گوهرند (مرۆڤ گشتی سەروگوێی پەیکەرێکن لە خوڵقانا لە مایەو گەوهەرێکن)

ئەوانە یان لە دەورانی منداڵی دا دەستدرێژییان کراوەتە سەر، یان لێیان دراوەو جنێویان پێدراوە، یان لەگەڵ باوکیان پێوەندییەکی نزیکی باوک ـ منداڵیان نەبووە. دیارە دەبێ بزانین لە وڵاتێکدا کە نەزم و قانوون و دێموکراسی نەبوو، ئەو کەسانە کە بە دەسەڵات دەگەن، بە گوێرەی سەرمەشقەکانی ژیانی خۆیان، هەستەکانیان تێکەڵا بە زۆرداری و فشار دەکەن و، کەڵکی جینسی و ماددی لە خەڵک وەردەگرن بەبێ ئەوەی کەس لێیان

بپرسێتەوە.

## دەستدرێژی چ لە جەستەو روحی ئەو تاکە دەکا؟

فێردەوسی دەڵێ: چو شادی بکاهد، بکاهد روان / خرد گردد اندر میان ناتوان (شادی نەمێنێ رۆح دادەبەزێ / ئیتر نامێنێ ئەقڵ و ئاوەزێ ئەو کەسانە ئیتر شادو گەش نین، بەڵکوو غەمبارن و ئەو غەمەش لە چوار بەشی مرۆڤدا کاریگەریی هەیە.

لەشی مرۆڤ کە تووشی بێخەوی و ژانەسەرو حەساسییەتی جۆراوجۆر دەبێ؛ کەسەکە ئۆگری بەکارو شوغڵی خۆی نامێنێ؛ بیرو زەینی لاواز دەبێ؛ پێوەندیی کۆمەڵایەتی خراپ دەبێ ؛ دەشێوێ و هیچ هیوایەکی بە داهاتووی نزیک و دووری نابێ.

ئەوەی کە زۆربەی قوربانیانی دەستدرێژی ئەوە دەشارنەوە، چۆن دەکرێ بزانرێ کە کەسی زیندانی، دەستدرێژیی کراوەتە سەر؟

بۆ لێکۆڵینەوەی باشتری ئەو مەسەلەیە، باس لە چوار گرووپ دەکەین. یەکەم کەسانێک کە هەموو کات بیری لێدەکەنەوە. بەجۆرێک کە هەمیشە حاڵەتی تووڕە بوونیان هەیە. دوویەم کەسانێکن کە لەم بارەیەوە قسە ناکەن و سەرپۆش بەسەر هەمووشتێک دا دەدەن و لە دەروون دا دەیشارنەوە. ئەوانە زۆرتر تووشی ترس دەبن. سێیەم کەسانێکن مەسەلەکە دێننەبەرباس بەڵام ئامادە نین چارەسەری بکەن، بۆیە تووشی دپرسیون (خەمۆکی) دەبن. دەستەی چوارەم کەسانێکن کە ئامادەی چارەسەری ئەو سەرکوت و زۆردارییە لە تەواوی جیهاندا هەن، ئەوانە نە تەنیا بەخۆیان بەڵکوو خزمەت بە خەڵکی دیکەش دەکەن.

## ئازاری روحیی دەستدرێژی، چۆن دەرمان دەکرێ؟

لە پێشدا دەبێ لەپەنایاندا دابنیشی، تەنانەت ئەگەر توانای قسەکردنیشیان نەبێ، چەند ساتێک دەست بنێیە نێو دەستیان و چاو لە چاویان بکەی. نابێ خێرا زانیارییان لێ وەرگیرێ. بە گێڕانەوەی نوکتەی خۆش و چیرۆک

دەبێ لە هەل کەڵک وەربگیرێ، بۆ وەقسە هێنان.

حال درماندگان کسی داند / کە در احوال خویش درماند.(هەر دەردەدار دەزانێ دەردەدار چ دەچێژێ)

دەبێ پێی بگوترێ ئەو ئازارو نارەحەتییەی تۆ دیوتە دەزانم زۆر سەختە. بەڵام تۆ وشیارتر بوویەتەوەو وەزعی خۆت باشتر هەست پێدەکەی. دەرگای خەیاڵات بکەینەوە بۆ ئەوەی ئەوانە بتوانن قسە بکەن. ئەوانە پێویستیان بە کەسێکە کە بڕوایان پێبکەن و قسەی ئەوان نەباتە دەرەوەو بەخەڵکی دیکەی نەڵێ، خێرا نابێ بڵێی ئەو کارە بکەو ئەو کارە مەکە و بچۆ بۆ لای ئەو و..

ئایا ژیانی جینسی ـ خۆشەویستیی تاکی قوربانیی دەستدرێژی، هەموو کات دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەوکاتەی دەستدرێژی کراوەتە سەری؟.

ئەو کەسانە بەرە بەرە دەگەڕێنەوە سەر حاڵەتی ئاسایی. گرنگ ئەوەیە کات و وزەی خۆیان بۆ وەرزش، خواردنی باش، دەرمانی پێویست، کاری جێی عەلاقەی خۆیان تەرخان بکەن و لەهەمان کاتیشدا زوو پێوەندیی کۆمەڵایەتیی خۆیان گەورەو بەربڵاو نەکەنەوە.

## چ جیاوازییەک لە نێوان ژنان و پیاوانی قوربانیی دەستدرێژی دا هەیە؟

ژنان زۆرتر لە پێوەندییە سۆزدارییەکاندا نارەحەتییان بۆ دروست دەبێ و تووشی ترس و خۆف و خەمۆکی و نارەحەتیی چاو دەبن. پیاوان زیاتر تووڕە دەبن و تێکەڵاو بە کاری زۆرو وەرزش دەبن و تووشی برینی گەدەو ریخۆڵە دێن.

## دەوری بنەماڵەو دەوروبەر چۆن دەبینن؟

سەرەتا دەبێ کەسێکی بنەماڵە قسەی لەگەڵ بکرێ، نابێ پوورو خاڵ و مام کۆ بکەینەوە. دەکرێ دوای سێ چوار جار کۆبوونەوە مەسەلەکە لەگەڵ ئەندامەکانی دیکەی بنەماڵە باس بکرێ تاکوو کەسی قوربانی ببینێ کە ئەوانی

دیکەش گوێ بۆ قسەکانی رادەگرن و وەک تاکیکی خراپ چاوی لێ ناکەن.

## چۆن دەبێ هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسێک بکرێ کە نایەوێ یارمەتی لە پزیشکی دەروونی وەربگرێ؟

دەبێ کەسێکی بڕواپێکراو لەسەر بابەتی قوربانی کاربکا. واتە بە شێعر، چیرۆک، خوێندنەوەی کتێبی باش، وەرزش بە تایبەت مەلە، گۆرانی گوتن، ٢ تا ٣ جار حەمام کردن (دوش گرتن) لە رۆژدا، خوێندنەوەی شێعری منداڵان، موزیک و هەناسە هەڵکێشانی قووڵ. دەکرێ بەم شێوەیە یارمەتی قوربانی بکرێ. قوربانی فێر دەبێ نامەیەک بۆ نارەحەتییەکەی، بنووسێ. نامەیەک بۆ خەمۆکی، یەک بۆ ترس، یەکێکی دیکە بۆ ئەو تووڕەییە کە چۆن خۆی نیشان دەدا یان ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئەو قسەیان کردوە و یارمەتی لێیان وەرگرتوە.

## ئەگەر ئەو کەسە زۆر لەنێو خۆیدا بوو و هەموو کات حەزی لە تەنیایی بوو، بنەماڵەکەی دەبێ چ بکا؟

نابێ بگوترێ وەرە بابڕۆین بۆ میوانی یان میوان بانگهێشت دەکەم. دەبێ بگوترێ کارێکی باش دەکەی کە دەتەوێ تەنیا بی دەبێ ئەو حاڵەتەی ئەو کەسە لایەنی باشی پێ بدرێ. واتە بە موسبەت ببینین.
ئەو مەسەلەی دەروونیی خۆی چارەسەر دەکا. ئەو کەسانەی خێرا دەچنە نێو کۆمەڵ و دایمە لە میوانی و سەفەرن، بە جۆرێک دەیانەوێ لە چارەسەری مەسەلەکە رابکەن.

## لە کۆتاییدا چ پێشنیارێکتان هەیە؟

دایکان دەبێ فێربن نەک هەر شیر و خواردنی گەرم، بەڵکوو پەروەردەی مرۆیی و جیسمی و رۆحییش بدەن بە منداڵەکانیان (هەموو مرۆڤەکان وەک یەک هێندێک شتیان هەیە، بەڵام شتی واش هەیە کە دەبێ فێر بکرێن پێیان بدرێ). مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە کە ئێمە هەر دەڵێین دینی ئێمە باشترە لە فلان دین، پێغەمبەری ئێمە باشترە چونکە دوا پێغەمبەرە. منداڵی ماڵی دراوسێمان بە بەچکە جوولەکە، بەچکە هەرمەنی و بەهایی ناو دەبەین. واتە لەگەڵ شیری دایک دا، شتی خراپ دەرخواردی منداڵانمان دەدەین و بەم جۆرە فێری ئەوەیان دەکەین لە داهاتوودا ئەو کارە دزێوانە بکەن. لەوانەیە کەسێک بەم جۆرە پەروەردەیە ببێتە پرۆفیسۆریش. بەڵام لە باری عاتیفییەوە لە منداڵێکی پێنج ساڵانە دەچێ.

ئێمە لە سەردەمێکی گەورەدا هاتووینەتە دنیا کە رۆژهەلات و رۆژئاوا دەبێ باوەش بۆ یەکتر بکەنەوەو هاوکاریی یەکتر بکەن، فێری شتی نوێ بن، رێز لە ماف و دینی کەسانی دیکە بگرن. نەک وەک ئێران کە ولاتێکی شیعەیە، بەلام مزگەوتێکی سوننی لێ نیە. یا تورکیە کە مافی کوردەکان پێشێل دەکا.

من لە منداڵییەوە لە نێو ٨ ئایین دا گەورە بووم کە کاریگەریی زۆریان لەسەر من بووە. هەموانیان شتی وەک یەکیان تێدایە و وەک یەکن و، هەر دینێکیش بۆ ماوەیەک باو بووە. دینێک ناتوانێ بۆ هەمیشە لە لوتکە دابێ، بەڵکوو بە گوێرەی کۆمەڵ و سەردەم دەگۆڕێ و دەخەملێ. دینەکانیش چوار وەرزیان هەیە کە پاش زستان دەبێ دووبارە نوێ ببنەوە.

دین ئەگەر نەبێتە هۆی وێکهەڵکردن، هاوکاری، دۆستایەتی و خۆشەویستی، نەبوونی باشترە.

---

## جینایەتێکی شەرماویی لە دژی مرۆڤایەتی

دوای بلاو بوونەوەی نامەکەی کەڕووبی بۆ هاشمیی رەفسەنجانی سەرۆکی کۆڕی بەرژەوەندییەکانی نیزام، سەبارەت بە دەستدرێژی جینسی بۆ سەر ئەو کچ و کوڕانەی کە دوای هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە خۆپیشاندانەکان دا گیران، لەلایەن بەرپرسانی و بازجووەکانی زیندانەوە، ئەو مەسەلەیە لە راگەیەنەکاندا کاردانەوەیەکی بەرینی لێ کەوتەوە و تەنانەت بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیشی وەقسە هێنا و بە توندی بەرپەرچی قسەکانی کەڕووبییان دایەوە و داوای بەڵگەیان لێ کرد مەسەلەی دەستدرێژیی جینسی تاوانێک نیە تەنیا ئەمڕۆ لە رێژیمی ئیسلامیی ئێراندا رووی دابێ. بەڵکوو ئەم جینایەتە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی بەدەسەلات گەیشتنی ئەو رێژیمە. ئەو بیرەوەرییانەی زیندانیانی سیاسیی لە ئێراندا کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە زیندان رزگاریان بووە و ئێستا لە دەرەوەی ولاتدا ژیان بەسەر دەبەن، سەلمێنەری ئەو جینایەتانەن کە رێژیم لە دژی ئازادیخوازان بەرێوەی بردوون. بەلام تا ئێستا سەرانی ئەو رێژیمە لە ئاست هەموو ئەو قسانە و ئەو بەڵگانەی لەلایەن خودی زیندانیانەوە بلاو بوونەتەوە، خۆیان بێدەنگ کردبوو، تەنانەت حازر نەبوون بەدرۆشیان بخەنەوە. بەلام ئەمڕۆ درووژاندنی ئەم مەسەلەیە لەلایەن کەڕووبییەوە کە بۆخۆی سالانێکی زۆر لەسەر کورسیی دەسەلاتی ئەو نیزامە جینایەتکارە بووە،

دەرخەری ئەو راستییەو زۆر جینایەتی دیکەی شاراوەی ئەو نیزامەیە.

مەبەست لە دەستدرێژیی جینسی بۆ سەر زیندانی، شکاندن و رووخاندنی کەسایەتیی خەباتکارانەی ئەو ئینسانانەیە کە کەوتۆتە دەست کۆمەڵێک ئینسانی نەخۆش و تێکچوو لە باری هەستە ئینسانییەکانەوە. نینا ئەقدەم (ئازەری ئالی کەنعان)، زیندانیی سیاسیی دەیەی ٦٠ دەڵێ بازجووەکە هەستی کرد بە شکەنجەکانی دیکە ناتوانێ بە نیازەکانی بگا، بۆیە ویستی لە رێگەیەکی دیکەوە هەستە گڵاوەکانی دامرکێنێ، پێی وتم "تۆ لەدەرەوە زۆر سەرت بەرز بوو، کاتێک بە رێدا دەرۆیشتی هەستت بە غروورێک دەکرت. دەبێ کارێکت بەسەر بێنم ئیدی رووت نەبێ لە دەرەوە سەرت بەرز راگری و قەتیش لەبیرت نەچێتەوە، هەر واش بوو بەراستی من رووخام و قەتیش ئەم بیرەوەرییەتاڵە لە دەروونی مندا ناسڕێتەوە."

بۆ سەلماندنی بوونی ئەم کردەوە نائینسانییە لە زیندانەکانی رژێمی ئیسلامیدا نموونەیەک لە رەوایی دان بەم کردەوەیە لەلایەن ئاخوندە دەسەڵاتدارەکانەوە، دێنینەوە، تقی مصباح یەزدی یەکێکە لە ئاخوندە کۆنەپەرستەکان و مەرجەعی تەقلیدی زۆر لە لایەنگرانی نیزامە کاتێک، لێی دەپرسن ئایا ئیعتراف وەرگرتن لە ژێر فشار و شکەنجەی رووحی و جەستەییدا ئیعتباری هەیە؟ لە وەڵامدا دەلێ: "ئیعتراف وەرگرتن لە نەیارانی ویلایەتی فەقیە بە هەر شێوەیەک بێ رەوایە". لە وڵامی پرسیارێکی دیکەدا کە دەستدرێژی پێکراو ئەگەر ژن بێ و حامیلە بێ، منداڵەکەی حەرامزادەیە؟ دەڵێ: " منداڵی زەعیفەی دژ بە ویلایەتی موتڵەقەی فەقیە بە پێی بەندێک لە ئایەتی قورئانی مەجید لە هەر حاڵدا ئەو منداڵە چ لە بازجوو بێ چ لە مێردەکەی، حەرامزادەیە، بەڵام ئەگەر بازجووەکە قبووڵی منداڵەکە بکا و بە هی خۆی بزانێ، بە پێی واجبات حەڵاڵزادە و شیعەی ئەسناعەشەرییە". لە وڵامی ئەم پرسیارەشدا کە دەستدرێژی بۆ سەر کچ (باکرە) لە زینداندا دا چ پاداشێکی هەیە، دەڵێ: " ئەگەر قەرار بێ ئەو کچە ئێعدام بکەن، بۆ بازجوو بە رێژەی حەجێکی "تمتع" ئەو کردارە خێری هەیە و هەر بەو رێژەیەش بە تاوانەکانی کچەوە زیاد دەبێ. بەڵام ئەگەر ئێعدام نەکرێ بە رێژەی زیارەتێکی کەربەلا بۆ بازجوو سەوابی هەیە. ئایا بەڵگە لەمە روونتر کە رۆژێک هەر بۆخۆیان بە رەوای دەزانن و ئایەت و حەدیسی بۆ دێننەوە بۆ بەرێوەبردنی، بەڵام ئەمڕۆ بە هۆی ئاشکرا بوونی مەرگی کۆمەڵێک کچ و کوڕی بێتاوان بە هۆی ئەم کردەوە نائینسانییەوە، لە ترسی ریسوایی زیاتری حکوومەتەکەیان کەوتوونەتە پەلەقاژە بۆ بەدرۆخستنەوە و حاشاکردن لە جینایەتەکانیان. ئایا ئەمە بەلارێدا بردنی بیروڕای گشتی نیە؟

ئەگەر سەرنج بدرێتە دەزگاکانی راگەیاندنی ئەم نیزامە جینایەتکارە هیچکات و لە هیچ فرستێک درێخیان نەکردوە بۆ نیشاندانی جینایەت و تاوانەکانی مەئموورەکانی رێژیمی شا لە نێو چاڵەرەشەکان، بەڵام ئەمرۆ کەسێکی وەک کەرروبی، دەڵێ: "گومانم هەیە تەنانەت لەو دەورانەشدا هیچ زیندانییەک جینایەتی لەم شێوەیەی دیبێ و بیستبێ کە ئەمرۆ لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەسەر زیندانیانی دێنن. کەڕووبی ئەوە بە فاجعەیەک بۆ نیزامی کۆماری ئیسلامی دەزانێ و دەڵێ ئەوە لاپەڕێکی رەش و شەرماوییە و رووی زۆر لە حکوومەتە دیکتاتۆرەکان و تەنانەت رێژیمی زاڵمی شای سپی کردۆتەوە ".

دەستدرێژی جینسی تەنیا شکەنجەیەکی جیسمی نیە یەکێکە لە خراپترین و شەرماویترین رەفتاری مرۆڤ بەرامبەر بە مرۆڤ. هەر بۆیە ئەوانەی ئەم سووکایەتییەیان پێدەکرێ تووشی شڵەژان و تێکچوونی باری دەروونی دەبن. بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی ئێراندا زۆر لەو ژن و پیاوانەی دەستدرێژیی جنسییان کراوەتە سەر بەڵام بە هۆی شەرم کردن لەوەی کە بەسەریان هاتوە ناتوانن قسەی لێ بکەن. لەبەر ئەوەی ناتوانن باس لە ئازارەکەیان بکەن وردەوەردە هەست بە رووخاوی دەکەن، باوەڕبەخۆبوونیان تێدا لەدەست دەچێ. ئەوانە پێویستیان بە رەوان دەرمانی هەیە، بەڵام رەواندەرمانی کاتێک دەکرێ کە دەستدرێژی پێکراو لە کۆمەڵگەکەدا قبووڵ بکرێ. زۆرن ئەوانەی بەم ئازارەوە دەتلێنەوە تەنانەت ناتوانن لەلای نزیکترین کەسەکانی خۆیان باسی بکەن، ئێرە قووڵایی کارەساتەکەیە.
بەرپرسی رێکخراوی نێونەتەوەیی لێبوردن دەڵێ: جۆری ئەو رفتارانەی باسی کراوە نیشاندەری ئەوەیە کە قوربانییەکان بە توندترین شێوە سووکایەتییان پێکراوە، ئەگەر ئەم تاوانانە راست بن، دەبێ بەرپرسان هەرچی زووتر وڵامدەر بن. "ایرنە خان" داوای لە رێبەری رێژیمی ئیسلامی، عەلی خامەنەیی کردوە وەدرۆخستنەوەی رەسمی ئەم خەتایە بەس نیە و بۆیە دەبێ هەرچی زووتر لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی جیددی بکرێ. بەرپرسی رێکخراوی ناوبراو ئەوەشی راگەیاندوە کە ئەگەر ئامانج راکیشانی بڕوا پێکردنی ناوخۆیی و دەرەوەییە، رێبەری رێژیم دەبێ هەیئەتێک لە کارناسانی سەربەخۆی نێونەتەوەیی بۆ ئێران دەعوەت بکا تا لێکۆڵینەوە لەو تاوانانە بکەن.

قسەی کۆتایی ئەوەیە ئەگەر رێژیمی ئێران ئەوەش قبووڵ نەکا و رێگە بە هەیئەتێکی لەو شێوەیە نەدا، خەڵکی ئێران ئەوندە وشیار بوونەتەوە کە نائومێد نابن و لە ئاست کردەوە پڕ لە شوورەییەکانی ئەو رێژیمەدا سەر نەوی ناکەن و هەر بە هێزی یەکگرتوویی خۆیان دەتوانن بەچۆکی دابێنن. ئەوە هێز و باوەڕی خەڵکە ئەمرۆ کرووبی هێناوەتە سەر ئەو باوەرە و دەڵێ ئەوە لاپەڕەیەکی رەشە بە نێو چاوانی نیزامەوە.

## تووشبون بە ماددە هۆشبەرەکان و وێرانی بنەماڵە و کۆمەڵگە

ڕێژەی ئێعتیاد بە مەوادی موخەدیر لە نێو زۆربەی کۆمەڵگاکاندا لە نێو پیاواندا زۆرترە لە چاو ژنان. ژنان بە پێچەوانەی پیاوان بەهۆی چاوەدێریی زیاتر لەلایەن ئەندامانی بنەماڵەوە و ڕۆحی سەبر و لەسەرەخۆیی، کەمتر خۆ لە کاری مەترسیدار دەدەن. هەر بۆیە لە ڕێژەی ژنان و پیاوانی موعتاددا جیاوازییەکی یەکجار زۆر هەیە. بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک ئێراندا ٩٥ لە سەدی موعتادان پیاوانن و ٥ لە سەدیان ژنان. بەڵام دیسانیش هۆکاری گیرۆدەبوونی ژنان بە ماددە هۆشبەرەکان لە نێو بەشێکی زۆر لە ژناندا دەگەڕێتەوە بۆ هاوسەری موعتاد.

تووشبوون بە ماددە هۆشبەرەکان یەکێکە لە دیاردە زیانبارەکانی کۆمەڵگەکان. "ئێعتیاد بەڵای ماڵوێرانکەر"ە و ئامارەکان نیشان دەدەن ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان و ژنانی کۆمەڵگای ئێران موعتاد و نوقمی ڕۆژڕەشی و نەهامەتی دەبن.

هەرکات باس لە ئێعتیاد دەکرێ وەبیر ئەو دێرە دەکەوینەوە: "ئێعتیاد بەڵای ماڵوێرانکەر". ئایا قەت بیرتان لە مانای ئەو دێرە کردۆتەوە؟ چۆن لێی تێ گەیشتوون؟

مێهنووش کچە خویندکاری کرماشانی بەم شێوەیە وڵامی پرسیاری ئەم لاپەڕەیەی دایەوە: "بێگومان من خۆم شاهیدی کەسانێکم لە شاری کرماشان موعتاد بوون و ژیان و ماڵیان تووشی لێک هەڵوەشان بووە. پێش ئەوەی کەسێکیان گیرۆدە بەو بەڵایە بێ ژیانێکی زۆر ئارام و خۆشیان هەبووە و پابەند بە ئەخلاقیاتی بنەماڵەیی بوون، لە نێو خەڵک دا ساحەبی ئابڕوو و ئێتبارێک بوون، بەڵام دواتر ژیانیان وێرانی وێران بووە. کاتێک باوک بۆ وەدەستهێنانی مەوادی موخەددیر کچەکەی دەفرۆشێ، کاتێک کچ بە خاتری باوک و برای موعتاد ناتوانێ شەریکە ژیانێکی موناسب بۆ خۆی هەڵبژێرێ، کاتێک کورێکی لاو شەرم دەکا لەوەی کە لەگەڵ باوکێکی موعتاد بچێتە نێو کۆمەڵەوە، کاتێک باوک بەهۆی ئەو دەردەوە هەستی باوکایەتی و خۆشەویستی بەرامبەر بە ئەندامانی بنەماڵە لەدەست دەدا، کاتێک بێزار دەبی لە ئەندامێکی بنەماڵەکەت و بەهۆی موعتاد بوون لەماڵ وەدەری دەنێ، کاتێک ژن بەهۆی ئێعتیادی هاوسەرەکەی تووشی دەیان گرفت و نەهامەتی دەبێ، ئەو کاتەیە هەست دەکەی کە بەلێ ئێعتیاد بەراستی بەڵایەکی ماڵوێرانکەرە".

ئەمڕۆ ئێعتیاد بە ماددەهۆشبەرەکان یەکێکە لە سەرەکیترین گرفتەکانی کۆمەڵگای ئێران. ئەم نەخۆشییە بە ئازار و کوشەندەیە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە حاڵی پەرەسەندندایە. بە پێی ئامارێک کە سایتی حکوومەتی "برنا" لە زمانی سەرچاوەیەکی ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ مادده هۆشبەرەکان رایگەیاندوە، دەنووسێ: ڕۆژانە ٣٠٠ مێرمنداڵ لە ئێراندا بەریزی تووشبووان بە مادده هۆشبەرەکانەوە زیاد دەبن. نزیک بە ٣ میلیۆن تووشبوو تەمەنیان لە خوار ١٩ ساڵەوەیە. هەر بە پێی ئامارێکی تازە لە پێوەندی لەگەڵ ئێعتیاددا تەمەنی موعتادانی وڵات لە ١٧ ساڵییەوە بۆ ١٣ ساڵ هاتۆتە خوار. هەر بە پێی ئەو ڕاپۆرتە، ٣٠ لە سەدی تەواوی تووشبووان، بە دەست ئاڵۆزیی دەروونییەوە ئازار دەچێژن. بە پێی سەرچاوە ڕەسمییەکان ئەو کەسانەی موعتاد دەبن، تەمەنیان لە دەوروبەری ١٨ تا ٣٠ ساڵ دایە. هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە لە هەر مانگ دا ١٠٠ موعتاد لە ئێراندا گیان لە دەست دەدەن و نێونجی تەمەنی زیندانیانی موعتادیش٣٩ ساڵ ڕاگەیاندراوە.

بەڵام مەسەلەیەکی گرنگ و جێی سرنج، بەربەرەکانی ژنانە لە بنەماڵەدا بەرامبەر بە هاوسەر، باوک و برا بۆ ئەوەی تووشی ئەم بەڵایە نەبن یان ئەگەر تووش بوون دووریان بخەنەوە. دیارە سەرەڕای هەموو خۆپاراستن و بەربەرەکانییەک لە لایەن ژنانەوە بەداخەوە دیسانیش پێش بەم دیاردە ترسناکە نەگیراوە و ڕێژەی ژنانی موعتادیش کە بە ناچاری و ناڕەوا تووشی ئەم بەڵاماڵوێرانکەرە بوون لە زیاد بوون دایە. بە دڵنیاییەوە زۆربەی هەرە زۆری ئەو ژنانەی موعتاد بوون، لە پێشدا یەکێک لە پیاوانی بنەماڵەیان بە تایبەتی هاوسەرەکەیان گیرۆدەی ئەو دەردە بووە.

"چنوور" ژنێکی چالاکە لە بواری کێشەکانی ژنان لە شاری سنە، دەڵێ: موعتاد بوونی ژن و پیاو کێشەیەکی گەورەیە بۆ کۆمەڵ بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ، ئێعتیادی ژن بە چەند قات زیان بە بنەماڵە و کۆمەڵگە دەگەیەنێ. ئەوەش کاریگەر بوونی کەسایەتیی ژن دەگەیەنێ لەنێو بنەماڵە و کۆمەڵگەدا. ژن لە بنەماڵەیەکدا کە هاوسەرەکەی موعتاد دەبێ هێندە تووشی توورەیی و ناڕەحەتی و سەرلێشێواوی دەبێ نازانێ چ بکا. بەبێ ئەوەی بۆخۆی بیهەوێ، دەکەوێتە داوی ئەم بەڵایەوە، کە ئاکامەکەی هەموومان دەزانین: لێک هەڵوەشانی شیرازەی بنەماڵە، لەشفرۆشی و دەیان بەدبەختی و ڕۆژرەشیی دیکە. لەهەمان کاتیشدا ژنانێکیش هەن لە ئاست گیروگرفتەکاندا زۆر بە وشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ وەزعەکە دەکەن و هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە خۆیان گرفتاری ئەو دەردە بکەن. بەردەوامیش لە هەوڵی ئەوەدان هاوسەرەکەیان یان برا و کوڕیان لەو ماڵوێرانییە دوور بخەنەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ زیانی ماددە هۆشبەرەکان لەسەر بنەماڵە چنوور بە لاپەڕەی کۆمەڵایەتیی "کوردستانی" وت:

"بنەماڵە یەکەم شوێنە کە منداڵ بە بەها و باوەڕەکان ئاشنا دەکا. لە نێو بنەماڵەدایە منداڵ کەسایەتیی دروست دەبێ و لە دایک و باوکەوەیە فێری رەفتار و شێوەی قسە کردن و هەڵسوکەوتەکان دەبێ. هەڵسوکەوتی دایک و باوک سەرمەشقە بۆ منداڵ و لەوانەوە فێری زۆر کردار و رەفتار دەبێ. دایک و باوکی سیگار کێش یان موعتاد دەبێتە هۆی ئەوە منداڵەکانیان ئەم کردارە زیانبارەی ئەوان بکەنە سەرمەشق و لەوانەوە فێری ئەو ماددە زیانبارانە ببن."

ئەو خانمە دەڵێ "ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای ئێراندا هیچ بنەماڵەیەک لەو بارەیەوە هەست بە ئەمنییەت ناکات. دایک و باوک هەمیشە دڵ نیگەرانن، بەگومانن لە هاوڕێی منداڵەکانیان، بەگومانن لە چوونەدەری لاوەکانیان. دەورانی لاوەتی کاتی هەڵچوونەکانە، بە سەرنجدان بە تایبەتمەندییەکانی لاو، هەمیشە چاوەڕوانیی ئەوەی لێ دەکرێ کە بە لاڕێدا بکێشرێ. بۆیە چاوەدێری و سرنجدانێکی زیاتریان پێویستە. لاوانی ئێران بەتایبەتی لاوانی کوردستان بێبەشن لە زۆر ئیمکانات کە کاتەکانی خۆیانی پێ پڕبکەنەوە. بێکاری، هەژاری، تەنیایی، گیروگرفتی بنەماڵەیی و داماویی لە ئاستیاندا، شکست لە خوێندندا و... دەتوانێ هۆکارێک بن کە لاو پەنا بۆ ئەم دەرمانە کوشندەیە بەرێ. هێندێک کەس بەبێ ئەوەی خۆیان بیانهەوێ بەهۆی پێوەندی لەگەڵ دۆست و هاوڕێی موعتاد و یان بۆ خۆشییەکی کاتی تووش دەبن."

## ئەرکەکان بۆ پیشگرتن لە بەڵای ئێعتیاد:

هەر لەو پێوەندییەدا "مێهنووش" دەڵێ: "ژنان ئەرکێکی یەکجار قورسیان لەسەر شانە. بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم بەڵاماڵوێرانکەرە گرنگترین خەباتە کە ئەمرۆ ژنانی کورد نابێ لەبیری بەرنەوە. ژنان بەهۆی بەرپرسیارەتییانەوە ئەرکێکی قورسیان لە نێو بنەمالەدا لەسەر شانە، رێنوێنی و هاوکاریی ئەندامانی بنەماڵە، یان لە نێو بنەماڵەدا کەشوهەوایەک بۆ ژیان دروست بکەن کە تێیدا هەست بە خۆشی و ئارامی بکەن بۆ ئەوەی هاوسەر و کوڕ و برا و کچە گەنجەکانیان بەلاڕێدا نەرۆن. چاوەدێرییان بکەن نەچنە مەجلیسی سەرخۆشی و رابواردنەکان. یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی گیرۆدەبوونی لاوان دەستراگەیشتنە بە ماددە هۆشبەرەکان کە زۆرجار لە مەجلیسەکانی لاواندا بە ئاسانی دەست دەکەوێ. دیارە ئەمە تەنیا ئەرکی ژنان نیە، ئەرکی حکوومەتە

کە بەجیددی لە پێناو نەهێشتنی ئێعتیاددا هەموو هەوڵەکانی خۆی لەگەڕ بخا. بەڵام هەموومان دەزانین ڕێژیمی ئێران بۆخۆی یەکێکە لە عامیلەکانی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و گیرۆدەبوونی لاوەکان بەم ماددانەوە. بۆیە ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەرشانی چالاکانی فەرهەنگی، ڕێکخراو و ئێن جی ئۆ کانی ژنان، ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و بەتایبەتی حیزبەکانی کوردستان کە ئەمڕۆ بە خۆشییەوە چەند کاناڵی مەهوارەییان هەیە، کە ئێمەش خۆ بە خاوەنیان دەزانین. لەو بارەوە دەبێ بەرنامەی پەروەردەیی و وشیارکەرەوە بۆ کۆمەڵگەی خۆمان بڵاو بکەنەوەو خەڵک لە ئاکامە زیانبارەکانی ئەم بەڵایە ئاگادار بکەنەوە. ئەوە ئەرکێکی ئینسانی و تەنانەت نەتەوەییشە، بۆ ئەوەی لاوەکانمان تووشی ئەو نەخۆشییە نەبن ."

مێهنووش لە کۆتاییدا دەڵێ: "بەدڵنیاییەوە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ئارەزوویەتی لاوانی نەخۆش و بێکەڵکمان هەبێ بۆ ئەوەی قەت بیر لە خەبات و شۆڕشی نەتەوەیی نەکرێتەوە. بەڵام نابێ بهێڵین ئەم ئارەزوویەی بێتە دی ."

---

## بە تاوانی بێ تاوانی، تاوانبارین

بابەگیان، ئەمڕۆ پێ دەنێینە سێهەمینساڵێکەوە، کە لە تۆیان بێ بەش کردووین و ئێمە هەروا چاوەڕوانین. بابە تۆ ئێرانی نەبووی، تۆ هاووڵاتی ئێرانی نەبووی! ئەگەر هاووڵاتێکی ئێرانی بای، سەر کۆماری ئێرانیش هەوڵی بۆ ئازادیت دا. نازانم، لەوانەشە ئەگەر هاولاتێکی ئەمریکی بایەی باشتر بوو! تۆ ئەو کاتە بە تاوانی سیخوڕی پاش چەند ڕۆژان بەردەدرای. بەڵام، تۆ خەڵکی وڵاتێکی کە مافی هاووڵاتیبوون بێ ماناترین وشەیە. تۆ کوردێکی کە بە هاووڵاتی پلە دوو حسێب دەکرێی و بە تاوانی دیفاع لە مافی مرۆڤ، یەکسانی و ئازادیخوازی، خراپترین بڕیاری بەند کردنت بۆ دەردەکەن و تەنانەت مافی بەندییەکشت پێ نادەن.

لەوانەیە تۆ لە بیرت چووبێتەوە کە باسی مافی مرۆڤ و مافە مرۆییەکان لە ئێراندا تاوانێکی نەبەخشراون. هەر ئەو تاوانەی کە بەرۆکی بەربژارەکانی هەڵبژاردنیشی گرتەوە.

بەڵێ تۆ کورد بووی و هەر وەکوو هەموو کوردەکانی جیهان، هەر وەک هەموو ئەو کوردانەی لە نیشتمانی خۆیاندا

وەک غەریبە سەیریان دەکرێ، بێگانەیەک زیاتر نەبووی. تاوانی تۆ کورد بوونت بوو. تاوانی تۆ، هۆی ئەوە بوو کە کورد بووی. گەر کورد نەبای لەوانە بوو یازدە ساڵیان بەندیخانە، نەخستبایەتە ئەستۆت. هەروەکی هەموو چالاکانی مافی مرۆڤ کە بە هۆی کوردبوونیان نەگیراون.

تۆش مەحکوومی بە خرانەزیندان. وەک هەموو کوردەکانی دیکە! بە تاوانی بێ تاوانی! هەروەک هاونەتەوەکەی دیکەت لە تورکیە، لە عێراق و سووریە و شوێنەکانی دیکەی دنیا!

## تۆ ئەگەر هیچیشت نەکردایە بە تاوانی کورد بوون دیسان هەر تاوانبار بووی!

سێ ساڵە کە تۆیان بە تاوانی بێ تاوانی زیندانی کردوە. بەڵام ئەمڕۆ تۆ یەکێکی لەو هەزاران کەسەی کە لە زیندان دان.ڕەنگە ئەوان بتوانن لە ئاست ئەو ستەم و دەستدرێژییەی بەرامبەر بە کوردەکان دەکرێ، بێدەنگ بن. ڕەنگە ئەوان بتوانن ئێمەو مافەکانمان لە بە چاو نەگرن، ڕەنگە ئەوان خۆیان بە جیاواز لە ئێمە بزانن و سنوور دانێن، بەڵام من وەک ئەوان بیر ناکەمەوە. من جیا لە کوردو یاغەیرە کورد بوون ناتوانم چاو لێکەربم. هەموویان ئەمڕۆ ڕاستییەکان دەبینن. ئەوانەی کە سێ ساڵ لەمەوبەر لە ئاست تۆ و ئەو حوکمە ناعادیلانەی کە بە سەرت دا سەپاوە بێدەنگ بوون، ئەمڕۆ بۆخۆیان تووشیان بووە بە تووشی ئەو بەندیخانانەوە. ئەویش تۆ کە نە بەشوێن بەشێک لە دەسەڵات، بەڵکوو تەنیا خوازیاری وەدیهاتنی ماف بووی، ئەویش مافی مرۆڤ، نەک نەتەوەیی یا شتێکی دیکە!
سێ ساڵ تێپەڕی. ١٠ی پووشپەڕی ئەمساڵ نەتەنیا بیرەوەریی غەماویی گیرانی تۆی بیرخستمەوە، بەڵکوو تازیەباریی خەڵکی وڵاتەکەشمان بووم.

بابە! نەتەنیا من بەڵکوو زیاتر لە هەزاران کەس لە لایەنگرانی ڕێکخراوەکەو میلیۆنان کوردیش وەک من بیریان کردەوەو بۆ یەکەمین جارو دواجار بۆ پێکهێنانی گۆڕان بەرەو سندووقەکان چوون. ئێمە چووین هەڵبژێرین بێ ئاگا لەوەی کە ئەوان دایاننابوو! ئێمە هەڵەمان کردو بە تاوانی ئەو هەڵەیە بە "خس و خاشاک" (پووش و پڵاش) و "اوباش"و گێرەشێوێن ناویان بردین. دوێنێ حەماسە خولقێنانی هەڵبژاردن بووین و ئەمڕۆ چەند هەڵخەڵەتاوێک لە دژی ئەمنییەتی نەتەوەیین و وەک شوکرانەی بەشدارییش لە هەڵبژاردن دا، هێزە فێر کراوەکان لە دەرەوەو لوبنان بە باتۆم و گازی فرمێسک ڕێژ پەزیراییان لێ کردین.

دەڵێن ئێران پابەندە بە قانوون و بە پێی قانوون دەڕوا بەڕێوە! هەر ئەو قانوونەی کە ڕێگە بە کۆبوونەوەو ڕێپێوانی ئارام دەدا بەڵام چونکە ئەوان ناڕازیین کەوایە هەڵخەڵەتاوو عاملی بێگانەن. ئەو مافەش وەبەر ناڕازییان ناکەوێ! مافی ئازادیی چاپەمەنی، مافی ئازادیی بیرو بۆچوون و رادەربڕین دیسانیش وەبەر ناڕازییان ناکەوێ!

## تەنیا رێ پێدراوانن کە ئەو حەقەیان هەیە.

دەڵێن ئازادی لە ئێران نزیک بە موتڵەقە! هەزاران کەس دەستبەسەر دەکرێن ڕێگە لە تێکۆشانی ئەحزاب و گرووپ دەگیرێ! تێکۆشەرانی مەدەنی، سیاسی، مافی مرۆڤ، رۆژنامە نووسان و هەواڵنێران و هونەرمەندان، زیندانی دەکرێن! هێندێک گیانیان لە دەست دەدەن. دیارە لە بیرمان نەچێ بە دەستی دوژمنان و بیانییە دروست کراوەکان. خوێندکاران و مامۆستایان زیندانی دەکرێن! رۆژنامەکان سانسۆر و سایتەکان فیلتر دەکرێن! کەلوپەلی پێوەندی گرتن لە خەڵک دەستێندرێ! راگەیەنی نەتەوەیی، دەبێتە حکوومەتی! و هەر حەقێک ناحەق!

لێرە هەر هاوارێک، هەر ناڵەیەک و هەر ئیعترازێک بێدەنگ دەکرێ. شەقامەکان ئیتر بیر هێنەرەوەی ژیان و جووڵان نین. ئێرە زیندانێکی گەورەتر لە "ئێوین"ە. بەراست لە بیرم چوو بڵێم ئەگەر شەوانە دەنگی "اللەاکبر"ت گوێ لێ بوو، بزانە کە ئەوانە هەر کارمەندەکانی سەفارەتخانە بیانییەکانن کە دەیانەوێ شۆڕشی مەخمەڵی وەرێ بخەن!

باوکی خۆشەویستم! شوکور بۆ خوا لە ئێران ئازادیی نزیک بەموتڵق هەیە. ئەگەر موتڵەق بووایە چمان دەکرد. هەر بە هۆی نزیک بوونی ئازادی موتڵقە کە ئینسانێکی تێگەیشتووی وەک تۆ زیندانی دەکرێ، بەڵام مێژوو باشترین دەرسمان پێ دەدا.

کاتێک کە بێ تاوانەکان لە زیندانن و تاونباران لە سەر کورسیی دەسەڵات بن، رەنگە کاتێک بێ کە ....

ورگێڕان لە فارسییەوە: کوێستان

## توندوتیژیی ژنان لە دژی ژنان، داستانی ئەمڕۆ و دوێنێ نیە...

لەگەڵ دایکم هێندێک قسەیان کرد. ژنەکە دەی گوت هیچ نیە ئێستا جێبەجێی دەکەم. هەر دەبێ بکرێ ئێستاش نەیکەی خۆ هەر دەبێ بیکەی. گوناحە. دەبووایە زووتریشت بکردایە. ئەوە گەورە بێ بۆخۆی دەڵێ خەتای دایکم بوو... ئێستا قسەکانیان تەواو نەببوو، هەردووکیان گرتیانم و دەست و لاقیان بەستم. نەمزانی چیم لێدەکەن. گریام. هاوارم کرد. دایکم دەی لاواندمەوە. ئەی خودا قەت لەبیرم ناچێتەوە .....

دایکیشی لەلامان بوو. "چیمەن" بە شەرمەوە ئەو بیرەوەرییەی دەگێڕایەوە. رووم کردە دایکی و وتم لەم سەردەمەدا بەلامەوە سەیرە کەسێکی وەک تۆ باوەڕی وابێ کە دەبێ کچەکەی خەتەنە بکرێ. ئەم کارەت بۆ کرد؟ ئەسڵەن دەزانی خەتەنە کاریگەری خراپی هەیە لەسەر جەستە و دەروون؟ زۆرجاریش بۆ هەمیشە ئەم کاریگەرییە دەمێنێتەوە. ئەی ئەگەر خوێنڕێژی بکردایە و کچەکەت لەدەست بدایە، ئەم سوننەتەت هەر بەڕەوا دەزانی؟ ئەی ئەگەر ژیانی هاوبەشی پێک هێناو کێشەی بۆ دروست بوو؟ وتی: ١٠ - ١٢ ساڵ لەمەوبەر نەم دەزانی خەتەنە کاریگەری خراپی هەیە، پێم وابوو ئەگەر خەتەنەی نەکەم بەرامبەر بە کچەکەم تاوان دەکەم. زۆریشم بیستوە هەرکەس موسڵمان بێ دەبێ ئەو سوننەتە بەجێ بگەیەنێ. ئێمەش خۆمان بە موسڵمان دەزانین. لێم پرسی سوننەت یانی چی؟ وتی چووزانم دەڵێن سوننەتی ئیسلامە! دەڵێن ئەگەر نەکرێ نانی دەستی حەرامە. وتم لە کوێی قورئان دا نووسراوە؟ وتی بەخوا نازانم منیش بیستوومە "!

لە بارەی خەتەنەوە مامۆستای ئایینی بەڕێز مەلا محەممەد عوسمانی دەڵێ: زۆر لە زانایانی ئایینی وتوویانە خەتەنە کردنی ئافرەت تەنیا سوننەتە، واتە نەکردن و کردنی واجب نیە. ئافرەت ئەگەر خەتەنەش نەکرێ نە گوناحە و نە تاوان. دیارە بۆ پیاوان واجبە، بۆیەش واجبە لە باری شەرعییەوە ئەگەر خەتەنە نەکرێن دەستنوێژیان دروست نیە، یان غوسڵیان لێدەرناچێ. چونکە ئەو چەرمە رێگە لە خاوێن بوونەوەی ئالەتی تەناسولی دەگرێ، بەڵام بۆ مێینە ئەو جۆرە نیە، هیچ رێگرییەک لە خاوێن بوونەوەی نەگیراوە.

لە بارەی سوننەتەوە مامۆستا عوسمانی وتی: ریوایەتێک هەیە دەڵێن لە دەورانی زوودا کە حەزرەتی ئیبراهیم کۆچ دەکاو دەچێتە وڵاتی عێراق فەرمانڕەوای ئەو وڵاتە سارای هاوسەری ئیبراهیم کە ژنێکی زۆر جوان دەبێ لێی

دەستێنێ و داگیری دەکا، لە بەرابەردا "جاریە" (کۆیلە) یەک دەدا بە حەزرەتی ئیبراهیم، ئەویش ئەم جاریە دەکاتە هاوسەری خۆی. بەڵام کاتێک فەرمانڕەواکە دەیەوێ دەستدرێژی بکاتە سەر سارا بە هەر جۆرێک بێ ناتوانێ ئەم کارە بکا. جا ئیدی نازام شەرم دەی گرێ یا چی... بۆیە دوایە دەینێرێتەوە بۆ ئیبراهیم. ساراش کە دەچێتەوە لە تۆڵەی ئەم کارەی ئەو فەرمانڕەوایەدا ئەو کچە کە دراوە بە ئیبراهیم و بۆتە هەوێی خەتەنەی دەکا. واتە ئەندامی زاوزێی ئەو ژنە سەقەت دەکا! ڕەنگە خەتەنە کردنی مێینە لەوەڕا هاتبێ. پەیرەوێکە لە دینی حەزرەتی ئیبراهیم و ئێستاش درێژەی هەیە. دیارە ئەمە زۆر روون نیە، تەنیا ریوایەتێکە.

خەتەنە لەلایەن رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و تێکۆشەرانی مافەکانی ژنانەوە بە توندوتیژی لە دژی ژنان دەزانرێ. بەڵام لە لایەن ئەوانەی باوەڕیان بەم نەریتە هەیە هەرگیز پێیان وا نیە کە ئەمە دەچێتە خانەی توندوتیژییەوە. بەڵکوو بە سوننەتی ئیسلام و کردەوەیەکی جێی پەسندی دەزانن.

... لەم بارەیەوە ئاورین بەسەرهاتێکی سەیر و ترسناک دەگێڕێتەوە. "ماڵمان لە دێیەکی سەردەشت بوو، دایکم بۆ سەفەر چوو بوو بۆ شاری سەردەشت. خوشکێکی چووکەم هەبوو یەکجار زۆرم خۆش دەویست. بۆیە ویستم بەم کارەم دڵسۆزی خۆمی پێ نیشان دەم. بەبێ ئەوەی کەس بانگ بکەم هاوکاریم بکا، بردمە دیوێکەوە بە پەتێک لاقێکیم بە پەنجەرەکەوە بەست، پەروانەی خوشکم وەیزانی یاری لەگەڵ دەکەم. تاکوو لاقەکەی دیکەم خستە بن چۆکمەوە. هەرکە چاوی بە تیغەکە کەوت زیڕاندی منیش خێرا و بەپەلە بەشێکم لەجەستەی کردەوە. ئەوەندەم زانی خوێن فیچقەی کرد. هەر ئەوەندەم لێدەزانی کە دەبێ ببڕدرێ، خۆ قەتم ئەو کارە نەکردبوو تەنیا دیتبووم ژنە دۆمەکان خۆم و کچانی دێیەکەمانیان خەتەنە کردبوو. وادیار بوو زۆر لە بنا بڕیبووم، خوێنەکەی ڕانەدەوەستا، مستم پڕکرد لە خۆڵەمێش و بە برینەکەم دا کرد بۆ ئەوەی خوێنەکەی راوەستێ. ئاخەر دیتبووم کە کچان خەتەنە دەکران خۆڵەمیشیان بە برینەکەیان دا دەکرد. خوشکم ڕەنگی بە رووەوە نەمابوو."کە دایکم لە شار هاتەوە لێم تووڕە بوو، وتی چ بەڵایەکت بەسەر هێناوە؟ تۆ چووزانی ئەم کارە بکەی؟ لەم رۆژانەدا ژنە دۆمەکان دەهاتن و خەتەنەم دەکرد."

## کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی خەتەنە لە باری پزیشکییەوە:

بێگومان لە رابردوودا ئەو ژنانەی لە کوچەو کۆڵانەکان، لە ماڵەخۆڵاویی و قورماوییەکان دا بەشێک لە جەستەی

کچانی مەزڵووم و بێدەسەڵات کە توانای هیچ دیفاعێکیان لە خۆیان نەبووە، وەبەر تیغە ژەنگاوییەکانیان دەدان، نەک هەر هیچ شارەزاییەکیان لەسەر ئەم کارە نەبووە، تەنانەت کەمترین شارەزایشیان لە کاری پزیشکی دا نەبووە. دیارە ئێستاش هەر بەم شێوەیە بەڕێوە دەچێ لە نێو ماڵان و بە کەمترین ئیمکاناتی پزیشکی. بۆیە زۆربەی ئەو کچانەی کە خەتەنە دەکرێن تووشی ئیلتهابات (چڵک) و خوێنرێژی دەبن. کە هەتا لە ژیاندا بن کاریگەری ئەم کردەوەیان لە سەر جەستەیان دەمێنێتەوە. یان زۆر جار رووی داوە بە هۆی خوێنرێژی زۆرەوە گیانی ئەو منداڵە کەوتۆتە مەترسییەوە و یان گیانی لەدەست داوە. . هەر ساڵی رابردوو لە شاری هەولێر دوو منداڵی کچ بە هۆی خوێنرێژی گیانیان لەدەست دا.

هەر لەم بارەیەوە لاجان خەڵکی ناوچەی بۆکان گێڕایەوە: "کاتێک ژنە دۆم هاتن بۆ دێیەکەمان، دایکم بانگی کردن و منیان بردە ژێر زەمینێکەوە کە وەک عەمبار کەڵکی لێوەردەگیرا و لەوێدا نایلۆنێکیان راخست و منیان لەسەرداناو خەتەنەیان کردم. یەکجار ئازارم چێشت. هەتا لەژیاندا ماوم ئەم ئازارەم لەیاد ناچێتەوە. زیاتر لە یەک مانگیش برینەکەم چاک نەدەبۆوە. لەبیرمە دایکم دەیگوت خودا غەزەبی لێ بگرێ! تیغەکەی کول بووە. وادیار بوو چەند کچی دیکەشی پێخەتەنە کردبوو!". لاجان دەڵێ ئێشتاش من لەو بەشەی جەستەمدا ساغ نیم. کاتی سووڕی مانگانە یەکجار زۆر ئازارم هەیە. زوو زوو تووشی ئیلتهاب و ناڕەحەتی ژنانە دەبم. ئەمە جگە لە دەردەکانی دیکەم کە هەر بۆ باس کردن نابێ.... چوومەتە لای پزیشکی پسپۆری ژنان پێی وتم تۆ خەتەنەیەکی سەقەت کراوی، پێی وتم پێش ئەوەی منداڵت ببێ دەبێ عەمەلیاتت بۆ بکرێ ئەگینا تووشی گرفتی منداڵ بوون دەبی .

***

خەتەنە بڕین و لێکردنەوەی بەشێک لە ئەندامی سیکسوالی مێینەیە کە زۆرتر لە کۆمەڵگە دواکەوتوو و موسڵمانەکاندا بەبێ لەبەرچاوگرتنی زیانە جەستەیی و رووحییەکان بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی هەستی جنسیی ژنان بەڕێوە دەچێ. دیارە زیانی رووحی ئەم دیاردەیە تەنیا بۆ ئەو کەسە نیە کە خەتەنە دەکرێ، بەڵکوو کاریگەری لە سەر سیستمی بنەماڵە دەبێ. ژنێک کە بە هۆی دیاردەی خەتەنەوە تووشی نەخۆشی رووحی و جەستەیی دەبێ بێگومان ناتوانێ هاوسەر و دایکێکی سەرکەوتوو بێ لە ژیاندا.

بە پێی ئاماری رێکخراوی جیهانیی لەشساغی ١٦٠ ملیۆن ژن و کچی خەتەنەکراو لە جیهاندا هەن. ساڵانە دوو

ملیون کچ لە ٢٨ وڵاتی ئەفریقایی و ئاسیایی خەتەنە دەکرێن. ١٢% ژنانی ئاسیایی، ٧٩% ژنانی ئەفریقایی، ٩٨% ژنانی میسر، سوودان، و سومالی، گامبیا ٨٩%. لە ئاڵمان ساڵانە ١٠ تا ٢٠٠٠٠ کەس و لە ئەمریکا ٢٨٠٠٠ کەس و لە فەرانسە ٤٢٠٠٠ ژن خەتەنە دەکرێن. لە وڵاتانی ئوستراليا، ئینگلستان، کانادا، دانمارک، ئیتالیا و سوئێد و... ژنان خەتەنە دەکرێن کە زۆرترینی ئەو کەسانە خەڵکی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقایین کۆچیان کردوە و ئەو نەریتەیان لەگەڵ خۆیان بردوە. ئێران، عێراق، ئەفغانستان، هیند و پاکستانیش لەو وڵاتانەن کە ئەم نەریتە لەنێویاندا بوونی هەیە کە وەحشیانەترین شێوەی لە سومالی و سوودان و ئیتیۆپیدا بەڕێوە دەچێ.

## لە بارەی شێوەی خەتەنە کردنی کچان مامۆستا مەلا محەممەد عوسمانی دەڵێ:

"ئێستا کە روون بۆتەوە کاریگەری خراپی لەسەر جەستەو و دەروونی ژنان هەیە ، نەمێنێ باشترە. بەتایبەتی کە لە هێندێک ناوچە زۆر خراپ دەی کەن. بەشێکی زۆر لە جەستەی ژن لێ دەکرێتەوە، ئەمەشیان بۆیە کردوە هەر بۆ ئەوەیە زۆرتر ژنان بچەوسێننەوە .

لە قسەکانی مامۆستا عوسمانیش ڕا وا دەردەکەوێ، هەر دەگەڕێتەوە سەر کۆنترۆڵ کردنی هەستی جنسیی ژنان. لە کۆنەوە ئەو کۆمەڵگایانەی خەتەنەیان تێدا باو بووە، لە لایەنی فیزیکیەوە هەوڵ دراوە رەگەزی ژن بە هێندێک ئاڵوگۆڕ لە ئەندامی سیکسوالیتەی ژن دا ژن بەتەواوی کۆنترۆڵ بکەن. لە هێندێک کۆمەڵگەدا بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە ئەم کردەوە ئەنجام دراوە. وەک ئەوەی بە بڕین و دوورینەوەی ئەو شوێنە واتە (کلیتوریس) بە قەولی خۆیان پێش بە ناپاکی ژن بەرامبەر بە پیاو بگرن. ئەم نەریتە دژە مرۆییە تا هاتوە ریشەی داکوتاوە بۆتە یەکێک لە سونەتە پەسندکراوەکان و لە بیرو زەینی خەڵک دا جێگەی گرتوە و بەسەر رەگەزی مێینەدا سەپێندراوە .

لێکۆڵینەوەکانیش هەر ئەوە دەردەخەن کە ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە نەریتێکە پێوەندی بە سەرکوتی ژنەوە هەیە. دیارە ئەم نەریتە لە کردەوەدا سەرکوتی ژنە بەرانبەر بە ژن. ئەگەر سەرنجی بدرێتێ هەر ژنە خەتەنەی مێینە دەکا. هەر دایکە کچەکەی خەتەنە دەکا. خەتەنە لە کۆنەوە کۆمەڵێک چیرۆک و ئەفسانەی بۆ دروست کراوە ئەم چیرۆکە کۆنانە ئێستاش لەو وڵاتانەی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە پێش نەکەوتوون و گەشەیان نەکردوە، هەر بەردەوامە. ئەگەرچی ئەمڕۆ لەسەر زیانە رووحی و جەستەییەکانی ئەم کردەوەیە لە سەر رەگەزی مێینە لەلایەن

پسپۆرانەوە باسی لێدەکرێ و کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی سەلمێنراون و لە هێندێک وڵاتی پێشکەوتووش دا بە تاوان دەزانرێ و سزای لەسەرە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا لە بەشێکی زۆری جیهان دا ئێستاش بە رێژەیەکی زۆر ئەم کردارە بەرێوە دەچێ و ئەم چیرۆکە کۆنانە هەر بەرەویان ماوە. زۆر لەوانەی کە بە منداڵی خەتەنە کراون و ئێستا کاریگەریی ئەم کردەوەیە لەسەر جەستەی خۆیان هەست پێدەکەن ئێستاش نەک ئامادە نین بە ئاشکرا قسەی لەسەر بکەن و بە تاوانی بزانن، بەڵکوو پێیان وایە ئەم سوننەتە بە هەموو خراپییەکانییەوە دەبێ ببێ. ئەمە کاریگەری مانەوەی ئەو بیروبۆچوونانەیە کە لە کۆنەوە باو بوون. ئەوەتا پوورە "ب" دەڵێ "ئەوانەی خەتەنە نەکراون نانی دەستیان حەرامە". ئێمە موسڵمانین گوناحە نەکرێ!

"ن" دایکی کچێکی ١٦ ساڵەیە دەڵێ هەرگیز ئەو رۆژەم لە یاد ناچێتەوە کە دایکم دەست و لاقی بەستم و خستمیە بەردەستی ژنێکی درندە و خەتەنەی کردم. باوەڕتان هەبێ باش لەبیرمە من پێش ئەوەی خەتەنە بکرێم منداڵێکی شاد و بزۆز بووم لەو رۆژەوە خەتەنەکرام هەموو شادییەک لە مندا مرد. نازانم بۆ وام لێهات؟ بەو حاڵەش "ن" کچەکەی خۆی خەتەنە کردوە. پێم وت تۆ مردنی شادی و خۆشی و جووڵەی منداڵانەت لەو دەورانەدا، لەو کردەوەیە دەزانی، کە بەسەرتۆیان هێناوە، ئەی تۆ بۆ ئەمەت بەسەر کچەکەت هێنا؟ وتی ئاخەر ئێمە موسڵمانین ناچارین لەسەرمانە دەبێ ئەم کارە بکەین.

## شاراوەیی دیاردەی خەتەنە لە کۆمەڵگەدا:

لەگەڵ ئەوەی باوەڕدارانی ئەم سوننەتە بە رەوای دەزانن بەڵام زۆرتر بە شێوەیەکی شاراوە بەرێوە دەچێ. هەڵبەت نهێنی و شاراوەییەکەی هی ئەوە نیە کە لەم وڵاتانەدا لە لایەن دەسەڵاتەوە بە تاوان بزانرێ، بەڵکوو زیاتر بە هۆی ئەوەوەیە کە ئەوانەی ئەم کارە دەکەن، یان ئەوانەی کچەکانیان خەتەنە دەکەن شەرمەکەیان لەوەیە کە ئەمە پێوەندی بە ئەندامی سیکسوالیتەی ژنەوە هەیە. لە کۆمەڵگە دواکەوتووکاندا جەستەی ژن هەمیشە بە شەرمەوە باسی لێکراوە. یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەی ئەم کردەوە نارەوایە لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا هەر ئەم شەرمەیە. چونکە باس کردن لە دیاردەی خەتەنە بۆتە تابۆیەک و ئەوانەی لە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانیشی تێگەیشتوون ئامادە نین قسەی لەسەر بکەن. تەنانەت ئەوانەی دەسەڵاتی یاساییشیان بە دەستەوەیە کەمتر خۆ لەم باسە دەدەن. ئەوەی پێویستە لەسەری بوترێت ناوترێ. نموونە پارلمانی هەرێمی کوردستانی باشوورە. بە وتەی چالاکانی مافەکانی ژنان لە باشووری کوردستان چەندین جار ئەم باسە چۆتە پارلمان بەڵام بەهۆی شەرم

کردنی ئەندامانی پارلمان یان بێتەفاوەت بوون نیسبەت بەم مەسەلەیە، بە بڕیاری گونجاو نەگەیشتوون.

لە ئێران دا ئەو رەسمە لەچاو وڵاتانی دیکە کەمترە، بەڵام لە هێندێک ناوچەی وەک سیستان و بلوچستان، لورستان، خوزستان، هورموزگان دا هەیە. بەڵام لە کوردستانیش لە زۆر ناوچەدا باو بووە وەک: کامیاران، مەریوان، بانە، بۆکان، پیرانشار ، پاوە، دێهاتەکانی هەورامان و... ئێستاش لە زۆر شوێن ئەم کردەوەیە لە سەر کچانی کەم تەمەن بەڕێوەدەچێ. هەرچەند بەخۆشییەوە لەم یەک دووساڵەی دواییدا بەهۆی ئاگایی دان بە خەڵک لە سەر زیانەکانی خەتەنە لە لایەن چالاکانی بواری مافەکانی ژنانەوە کەمتر بۆتەوە، بە تایبەت کە کۆمیتەیەکی دژی خەتەنە لە کوردستان پێک هاتوە و لە زۆر شار و ناوچە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم دیاردەیە، تێکۆشان هەیە .

---

## پەنابەرێتی، دیاردەیەکی جیهانی

دیارە زۆر هۆکار هەن کە مرۆڤەکان نیشتمانی خۆیان بەجێ دێڵن و روو لە وڵاتانی دیکە دەکەن. وەک هەژاری، بێکاری، شەڕ، نەبوونی ئەمنییەتی گیانی، پێشێل کرانی ماف و ئازادییەکان و نارەزایەتیی لە قانوونە پڕ لە هەڵاواردنەکان و..

سروشتی، گرفتێکی ئابووری یا لەبەر هۆکارێکی سیاسی ژیان و گیانی دەکەوێتەبەر هەڕەشە و را دەکا و نیشتمانی خۆی بەجێ دێڵێ و روو لە شوێنێکی دیکە دەکا بە نیازی ژیانێکی ئارام و بەدوور لە کێشەو دڵەخورپە. دیارە زۆر هۆکار هەن کە مرۆڤەکان نیشتمانی خۆیان بەجێ دێڵن و روو لە وڵاتانی دیکە دەکەن. وەک هەژاری، بێکاری، شەڕ، نەبوونی ئەمنییەتی گیانی، پێشێل کرانی ماف و ئازادییەکان و نارەزایەتیی لە قانوونە پڕ لە هەڵاواردنەکان و..

لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە ماددەی ١٤ دا نووسراوە : هەر کەسێک مافی هەیە بە هۆی ئەوەی هەڕەشە، راوەدوونان، شکەنجە وئازاری لەسەرە نیشتمانی خۆی بەجێ بێڵێ و لە وڵاتانی دیکە داوای پەنابەری بکا.

یەکێک لە مەسەلە هەرە گرنگەکانی دنیای ئەمڕۆ مەسەلەی پەنابەری و کۆچ کردنی مرۆڤەکانە. کۆچ کردن لە تەوای مێژووی مرۆڤایەتی دا هەر هەبووە. لە دەورانە سەرەتاییەکانی ژیانی مرۆڤەکاندا کۆچ و گەڕان بە دوای ئیمکاناتی زیاتری ژیان و خۆپاراستن لە رووداوە سروشتییەکان هەبووە. دیارە ئێستاش ئەو جۆرە کۆچکردنانە هەن. زۆرن ئەو کەسانەی دەگەڕێن بەدوای ژیانی خۆشتر و ئیمکاناتی زیاتردا. بەڵام هەموو ئەو کۆچکردنانە هەر بۆ ئەوە نین. زۆرن ئەو کەسانەی لە باری ئیمکاناتی ژیانەوە لە هەلومەرجێکی باش دا دەژین. بەڵام دیسانیش نیشتمانی خۆیان بەجێ دێڵن و روو لە وڵاتانی دیکە دەکەن.

**ئەمڕۆ بە میلیۆنان پەنابەر و ئاوارە لە سەراسەری جیهاندا ژیان بەسەر دەبەن.**

بە پێی ئامارەکان نزیکەی ٢٠٠ ملیون پەنابەر لە سەرانسەری جیهان دا هەن و لە زیاتر لە ١٠٠ وڵات دا دەژین. ٧٥%ی ئەوان ژنان و منداڵانن. لە هێندێک وڵاتدا ٩٠%ی پەنابەران ژنان و منداڵانن و بە میلیونان بنەماڵەی پەنابەر هەن کە لە لایەن ژنانەوە سەرپەرستی دەکرێن.

ئایا هەموو ئەو وڵاتانەی پەنای ئەو کەسانە دەدەن کە نیشتمانی خۆیان بەجێ دێڵن، بە قانوونە نێونەتەوەییەکانی مافی پەنابەری پابەندن؟ گیرو گرفتی پەنابەری لە رابردوودا لە نێو هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی راکردوانیان پەناداوە، بەپێی کولتوور و باوەری خۆیان هەر هەبووە و کەم و زۆر هەوڵی چارەسەریان دراوە. مەسەلەی پەنابەر لە جیهاندا گرنگییەکی زۆری پەیدا کردوە. یەکێک لە مەسەلە گرنگە نێونەتەوەییەکان، مافی پەنابەرانە. بنیات و رێکخراوە نێونەتەوەییە جیهانییەکان، زۆر زیاتر لە رابردوو یارمەتی پەنابەران دەکەن و لە ئاستیاندا هەست بە بەرپرسایەتیی زیاتر دەکەن. سەرەڕای هەموو هەوڵەکان بۆ رەچاو کردنی مافی پەنابەری، کەسانی پەنابەر لەگەڵ کۆمەڵێک گیروگرفتی فەرهەنگی رووبەروو دەبنەوە. ئەوان ئەگەر نەتوانن خۆیان لەگەڵ بەهاو نەریت و شێوە بیرکردنەوەکانی خەڵکانی ئەو وڵاتەی لێی گیرساوەتەوە، وەک شێوەی پەروەردەی منداڵ، پێوەندی هاوسەرێتی و شوغڵی، زمان و.. تووشی ئاڵۆزی و ناهەمواری دەبنەوە.

وڵاتانی رۆژئاوایی، لەو ناوچانەی جیهانن کە ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەران روویان تێدەکەن. بەرزبوونی ئاستی ژیان، هەبوونی دەرفەتی کار و جێگیر بوونی یاسا و رێزگرتن لە مرۆڤەکان لەو وڵاتانەدا و، بوونی ئاسوودەیی و

ئەمنییەت بۆ پەنابەران، لەو هۆیانەن کە لافاوی پەنابەرانیان لە دەیەکانی پێشوودا بۆ لای ئورووپا، کانادا، ئەمریکا و ئوسترالیا راکێشاوە. دیارە هەرچی ژمارەی پەنابەران لەو وڵاتانەدا زیاتر بووە، رێوشوێنەکانی وەرگرتنی پەنابەران لەو وڵاتانەدا سەختتر بووە. رێژەیەکی زۆر لە کوردەکان بە هۆی ئەو نەهامەتییانەی لە رێژیمە داگیرکەر و شۆڤێنیستەکانەوە تووشیان کراوە، بە هۆی شەڕی داسەپاو و رەفتاری توندوتیژی دەسەڵاتە دژ بە کوردەکان، وڵاتانی خۆیان بەجێ هێشتوە و لە وڵاتە رۆژئاواییەکان گیرساونەوە. کوردەکانی باشووری کوردستان، کوردەکانی باکوور و رۆژهەڵات لە زۆر وڵاتی دنیادا بڵاو بوونەوە. هۆکاری راکردن و بە پەنابەر بوونی زۆربەی هەرە زۆریشیان، کێشەی سیاسی، نائەمنی و شەڕ لە وڵاتەکەیان دابووە. ئێرانییەکانیش، لە نێو حەشیمەتی پەنابەردا، رێژەیەکی بەرچاویان بۆخۆیان تەرخان کردوە. بەدوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی و لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بە سەدان هەزار ئێرانی، وڵاتی خۆیان بەجێ هێشت. ترس لەوە کە بە تاوانی بەستراوەیی بە رێژیمی شایەتی لە لایەن دەسەڵاتی تازەوە، سزا بدرێن، هەروەها بەڕێوەچوونی رێوشوێنی وشکی مەزهەبی و زەوتکردنی زۆر ماف و ئازادیی تاکەکەس لە هۆیە سەرەکییەکانی راکردنی ئێرانییەکان بوون. شەڕی درێژخایەنی ئێران و عێراقیش، زۆر لە ئێرانییەکانی ناچار کرد بۆ پاراستنی گیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان، روو بکەنە هەندەران. ئەفغانستانیش کە چەند دەیە لەگەڵ شەڕی نێوخۆیی و داگیرکەرانی ئەرتەشی شوورەوی و دەسەڵاتی ئیسلامییە توندڕەوەکان بەرەوروو بوو، شایەدی راکردنی زۆر لە دانیشتوانی بۆ وڵاتانی دەوروبەر بوو.

ئەگەرچی زۆربەی پەنابەران لە دوای ئەوەش کە لە وڵاتانێک گیرسانەوە ژیانێکی ناخۆش و گرفتی جۆراوجۆریان هەیە، بەڵام قۆناغی هەرە سەخت لە ژیانی بەشێکی زۆر لەوان دا، چۆنیەتیی گەیشتن لە وڵاتی خۆیانەوە بۆ وڵاتی پەنادەرە. چۆنیەتی گەیشتنی پەنابەران لە کوردستان و وڵاتانی وەک ئەفغانستان و ئێرانەوە، بە ئورووپا، پڕە لە رووداو و کارەساتی ئینسانی. ئەوان ناچارن خۆیان بسپێرنە دەست قاچاغچییەکان و، بە شێوەی ناقانوونی مەودای نێوان وڵاتانی خۆیان و وڵاتانی رۆژئاوایی ببڕن. داستانی تێپەڕینی ئەوان بە نێو سنووره مین رێژکراوەکان دا، پەڕینەوە لە دەریاکان بە بەلەم و، خۆحەشاردانیان لە نێو ماشێن و پاپۆڕی بارهەڵگردا پڕە لە رووداوی دڵتەزێن. ئەوان دەبێ لە ژیانی پڕ لە سووکایەتی و دەسبەسەریی وڵاتێکی وەک تورکیە، یا لە خۆ دەرباز کردن بە نێو گەرووی نەهەنگ و شەپۆلی دەریاکان دا، یەکیان هەڵبژێرن. ژیان و بەسەرهاتی هەر کام لەو بنەماڵە کوردە ئێرانییانەی وەک پەناخواز بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە تورکیە گیریان کردبوو، چەندین فیلم و رۆمانی خەمهێنەریان تێدەبێ. لە لایەکەوە بەردەوام لە ژێر فشاری پۆلیسی تورک دا بوون و مەترسیی گیران و

تەحویلدانەوەیان لەسەر بوو، لەلایەکی دیکەشەوە بە شێوەی قانوونی حەقی کارکردن، مافی کەڵکوەرگرتن لە خزمەتە جۆراوجۆرەکان کە دەوڵەت بۆ خەڵکی وڵاتی خۆی دابین کردبوو، نەیان بوو. منداڵەکانیان بێشناسنامە و لە بارودۆخێکی پڕ لە نیگەرانی و نائەمنیدا، بێبەش لە خوێندن و پێڕاگەیشتنی پزیشکی، گەورە بوون. کاتێکیش ویستیان خۆیان لە چارەنووسی نادیار رزگار بکەن، ژمارەیەکی زۆریان بە هۆی خنکان لە ئاوەکان و سەرما و رووداوی دیکە گیانیان لە دەست دا.

وەک سەرەتا گوترا، پەنابەریێتی دیاردەیەکی جیهانییە و هۆی جۆراوجۆری هەیە. ئەم دیاردەیە لەسەر ئابووری و، کولتووری نەتەوەکان و وڵاتانی جیهان کاریگەریی هەیە. پێشگیریی لە دیاردەی کۆچ و پەنابەریێتی کارێکی ئاسان نیە. چونکە سروشتی ژیان لە سەردەمی ئێستادا، پێویستی بە هێندێک لەو کۆچ و کۆچبەرانە هەیە، بەوڵام ئەگەر وڵاتانی دنیا بیانەوێ ئەم دیاردەیە کەمتر بکەنەوە و، تا رادەیەک پێش بە ئاسەوارە زیانبارەکانی بگرن، دەبێ هەولاْ بدەن هەر وڵاتێک بە نۆرەی خۆی ببێ بە شوێنێکی شیاو بۆ ژیانی مرۆڤی ئەم سەردەمە. وڵاتانێک ئەو کاتەی ئەمنییەت و نان و ئازادیی بۆ دانیشتووانی دابین کرد، دەتوانێ چاوەڕوان بێ خەڵکەکەی بە هاسانی بەجێی نەهێڵن.

---

## ژنانی وشیاری ئێران بە دروشمی سەروبەندی هەڵبژاردن هەڵ نافریوێن

لە ئێران هەر چوار ساڵ جارێک دیاری کراوە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار. ئێستاش سەروبەندی ئەو هەڵبژاردنەیە، هەڵبەت نەک هەڵبژاردنێکی ئازاد. چونکە لەلایەن شورای نیگابانەوە دیاری دەکرێ کە چەند کەسێک شایستەی ئەوەن خەڵک دەنگیان پێبدەن. لە نێو ئەوانەدا هیچ ژنێک نابینرێ، چونکە لەلایەن سەرانی ئەو رێژیمەوە ژن شایستەی ئەوەنیە کە بتوانێ پۆستێکی وا بەئەستۆوە بگرێ. بەپێی دەقی قانوونی بنەڕەتییش، سەرکۆمار دەبێ لە باری رەگەزەوە پیاو بێ. ئەوە ٣٠ ساڵە بەم شێوەیە دێ و دەڕوا.

لە سەروبەندی هەڵبژاردن لە ئێراندا بۆ جارێکی دیکە مەسەلەی خۆپالاوتنی ژنان و هەروەها دەستەواژەی رەجالی سیاسی دینی هاتەوە بەر باس و لێکدانەوەی رەخنەگرانی سیستمی نادادپەروەری کۆماری ئیسلامی. بەلام

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی تا ئێستاشی لەگەڵ بێ لێکدانەوەیەکی روونیان بۆ ئەم دەستەواژەیە نەکردوە. هەروەک دیتمان ژمارەیەک ژن بۆ پۆستی سەرکۆماری خۆیان کاندید کردبوو بەڵام لەلایەن شورای نیگابانەوە رەت کرانەوە و بۆ جارێکی دیکە ئەو هەلەیان لە دەست چووو نەیانتوانی لە کێبرکێی هەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکەن.

بەڵام لەم رۆژانەدا لە لای پالێوراوەکانی سەرۆک کۆماری، کێبرکێی دروشم و بەڵێنی جۆراوجۆری پێشکەوتوانە گەرمەو هەریەکە دەیەوێ وەپیش ئەوی‌تر بکەوێ. تەنانەت چەند پالێوراوێک لە دروشمەکانیاندا باس لە سڕینەوەی هەلاواردنەکانی نێوان ژن و پیاو لە ئێراندا دەکەن. چوارساڵ دەسەلاتدارەتیی ئەحمەدی نەژاد کە یەکێکی دیکە لە قۆناغە پر لە سەرکوت و سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی بووە بەتایبەت بۆ ژنانی ئەو وڵاتە، ئەمە وای کردوە کە خەڵک تەنانەت ئەوانەی باوەڕیشیان بە بەو جۆرە هەڵبژاردنانە نیە، ناچارن لە چوارچێوەی یاسا و پابەندبوون بە ئیلتزاماتی ئەو سیستمەی کە هەیە لە رۆژنەیەک بگەڕێن بەرەو ئازادی و رێگەیەک بۆ هەناسە هەڵکێشان. بۆیە رەنگە سەیر نەبێ ئەگەر خەڵکانێک هەبن روو لە چەند کاندیدایەک بکەن کە قسەیەکی باشتر دەکەن یان روانگەیەکی ئاوەڵاتریان نیسبەت بە کێشەکان هەیە. دیارە دڵخۆشکردن بە هەرکامیان هیچ سوودێکی نیە، چونکە ئاکامەکە هەر یەک شتە. روونە ئەوانیش لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی ئەم رێژیمەداو لە ژێر سایەی حوکمی حکوومەتیدا، ناتوانن بە قەول و بەڵێنەکانیان کە بەخەڵکی دەدەن وەفادار بمێننەوە. بەڵام ئەوەی گرنگە ژنانی ئێران دەبێ لەبەرچاوی بگرن ئەوەیە کە نابێ بەم قەول و بەڵێنە تازانە هەڵفریوێن یان دڵی پێخۆش بکەن. هەر ئەوەش لە ژنانی وشیاری ئەو وڵاتە چاوەڕوان دەکرێ. ئەوەتا ئەمجارە دەیانەوێ لەم هەلە بە قازانجی ویست و داخوازەکانی خۆیان کەڵک وەرگرن و بە جیددیەتێکی زۆرترەوە لەبەرابەر پێشێل کردنی مافەکانیاندا وەقسە بێن. ژنان ئەمجارە بزووتنەوەیەکی بەهێزیان هەیە. ئەو بزووتنەوەیە بە پشت ئەستوور بە هێز و باوەڕی خۆی دەیەوێ لەم مەیدانە کەڵک وەرگرێ. بەبێ ئەوەی لایەنگری لە هیچ کاندیدایەکی دیاری کراو بکا، خواستەکانی خۆیان دەخەنە بەردەم هەموو بیروڕای گشتی و شەخسی سەرکۆماری داهاتوو. دیارە ئەوەش بەو مانایە نیە کە بزووتنەوەی ژنان پێی وابێ کۆماری ئیسلامی و سیستمی بەڕێوەبەرییەکەی ئاڵوگۆڕێکی بەسەر هاتوە و بەرەو دێموکراسی هەنگاوەی ناوە. ئەگەر ئەمڕۆ کاندیدایەک باس لە کێشەی ژنان دەکا بەدڵنیاییەوە دەبێ بە بەرهەمی خەباتی ژنان و بەردەوام بوون لەو خەباتەیان لە کۆمەڵگەی ئێراندا دابنرێ. لە داهاتووش دا رێژیم یا مۆرەیەکی کلیدیی وەک سەرۆک کۆمار ناتوانێ هەروا بە ئاسانی بەسەر ئەم داخوازییانەدا رەت بێ و پشت گوێیان بخا. بزووتنەوەی ژنان نایەوێ دڵ بە دروشمەکانی ئەوانە خۆش بکا. ئەو دروشم و داخوازی خۆی هەیە. لەم بارەیەوە جارێکی دیکە یەکگرتووتر، سوورتر لەسەر هەڵوێستە رەواکانی خۆی هاتۆتە مەیدانێکی حەساسترەوە.

ئێستاکە کەسێک هەڵدەبژێردرێ، یان لە پۆستی سەرکۆماریدا دادەنرێ، لەم کاتەدا بە هەلێکی باشیان زانیوە جارێکی دیکە روو لە دەسەڵاتدارانی وڵات بکەنەوە کە داخوازییەکانی ئێمە داخوازییەکی رەوان و ئێوە هەروا ئاسان ناتوانن بەسەریاندا تێپەرن.

لایەنە فکرییە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی ژنانی ئێران بێ وەبەرچاو گرتنی جیاوازی لە بیرو بۆچوونی سیاسی، ئایینی، نەتەوەیی و... لە پێناو مەسەلەیەکی گرنگ ئەویش ماف و ئازادییە ئینسانییەکان و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و بەدوور لە چەوسانەوە لەو وڵاتەدا بە ناوی "هاوپێوەندیی بزووتنەوەی ژنان بۆ هێنانە گۆڕی داخوازییەکان لە هەڵبژاردن"دا یەکیان گرتووە گەڵاڵەیەکیان خستۆتە بەردەم بیروڕای گشتی و ئەو کەسەی دەبێتە سەرۆک کۆمار. ئەو بەرنامە هاوبەشە نە لایەنگری لە جەناحێکی تێدا بەدی دەکرێ نە لە کاندیدایەکی دیاریکراو. بەڵام ئەوی گرنگە ئەوەیە ژنان چاوەڕوانی بارودۆخی داهاتوو نین، بەڵکوو تێدەکۆشن لەو بارۆخەدا رێگەیەک ببیننەوە بۆ زیاتر خۆپێناسە کردن و بۆ هێنانە ئارای هەلومەرجێکی دڵخواز لە دوارۆژی ئەو هەڵبژاردنەدا.

ئەو ئیئتلافە کە دەکرێ بە هاوپەیمانییەکی بەهێز ناوی بنێین لە ٣٥ گرووپ و رێکخراوی ژنان و زیاتر لە ٦٠٠ کەسایەتیی سەربەخۆ پێک هاتوە، زۆر بە روون و راشکاوانە خواستەکانی خۆیان لە گەڵاڵەیەک دا بۆ سەرۆک کۆماری داهاتووی ئێران هێناوەتە بەرباس. خوازیاری بەرابەریی مافەکان و سڕینەوەی هەموو جۆرە هەڵاواردنێکن کە دەبێتە هۆی چەوسانەوەی مرۆڤ. هەموویان لەسەر ئەو باوەڕن کە بەرابەری جنسییەتی پێش مەرجی وەدیهاتنی دێموکراسییە. بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی دێموکرات و ئینسانی و دادپەروەر، ئاوڕدانەوە لە خواستەکانی ژنان. ئەمە خواستی روون و هاوبەشی هەموو ئەو رێکخراوو ئەنجومەن و بنیات و کەسایەتییانەیە کە بە مەبەستی وەدیهاتنی بەشێک لە خواستەکانی ژنان و بەکەڵک وەرگرتن لە هەلومەرجی هەڵبژاردن ئەو ئیئتلافەیان پێک هێناوە.

بە بوونی بزووتنەوەیەکی بەهێزو پێگەیشتووی ژنان لە ئێراندا ئایا سەرۆک کۆماری داهاتوو دەتوانێ خواستەکانی نیوەی کۆمەڵگەی ئێران پشت گوێ بخا؟ وڵامەکەی دێڵینەوە بۆ داهاتوو.

بەڵام ئەوەی گرنگەو جێگەی هیوایە ئەو هاوپێوەندییەیە کە لەنێو بزووتنەوەی ژنان بە بیروبۆچوون و روانگەی

جۆراوجۆرەوە لەو جۆرە کاتانەدا دروست دەبێ. ئەوە نیشانەی گەشەو پێگەیشتوویی بزووتنەوە مەدەنییەکانە کە ئەمڕۆ لە ئێراندا بوونیان هەیە. لایەنێکی دیکە ئەوەیە کە ژنان هەموو کات تەنانەت لە سەختترین هەلومەرجەکانداو لە حەساسترین کاتەکاندا نیشانیان داوە بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە هاوولاتییەکی کاریگەرن و لەبەرانبەر مەسەلە چارەنووسسازەکاندا بێتەفاوەت نین. بەڵام گرنگتر ئەوەیە کە ئەوە یەکەمجارە بزووتنەوەی ژنان لە ئێراندا بە شێوەیەکی تەواو سەربەخۆ و بە بە بیروبۆچوونی جیاوازەوە هەموو ڕێکخراوەکان یەک دەگرن و خواست و داواکاریی روونیان لە یەک مۆرەی گرنگی ئەم نیزامە واتە سەرۆک کۆمار هەیە. ئەم یەکگرتنە لەگەڵ ئەوەی سەرکەوتنێکی دیکەیە بۆ بزووتنەوەی ژنان لە ئێراندا، سەرۆک کۆماری داهاتووش تەنانەت ئەگەر لە هەرە کۆنەخوازەکانیش بێ چی دیکە ناتوانێ چاوپۆشی لە داخوازییەکانی بزووتنەوەیەک بکا. ڕەوتی ئازادی و دیموکراسی و یەکسانیخوازی روو لە گەشەیە، هەر ئەوەشە دەتوانێ باشترین زامنی وەدیهاتنی دروشمەکانی ئەو کاندیدایانە بێ کە ئەمڕۆ کێبەرکێیانە لە دانی دروشمی جوان و ڕەنگاورەنگ دا. ئەو دروشمانەی کە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤیش لەئاستیاندا خەریکە کەم دێنێ!! قسەی ئاخر هەر ئەوەیە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ناچارن وڵام بدەنەوە و تەسلیمی ویستەکانی ژنان و هەموو خەباتکاران و ئازادیخوازانی ئەو وڵاتە بن.

---

## بەبیانووی ڕۆژی دایک

ڕۆژی جیهانی دایکە، یان باشترە بڵێم ڕۆژی دایکانی جیهانە. بەڵام دایکانی ئێمە نە ڕۆژێکیان هەیە و نەکەسیش باس لە ڕەنج و ئازارو مەینەتییەکانیان دەکا... ئاڵبۆمی وێنەکان دێنم و چاوێک لە وێنەی دایکم دەکەم. ئەمجارە بە پێچەوانەی هەمووجارێ، وەبیر تووڕەییەکانی دەکەومەوە. ئەو کاتانەی بە قەولی خۆی ڕێی خەتا دەڕۆیشتم و ئەو وەئاگای دێنامەوە. بە نیشانەی سپاس و ئەمەگناسی بۆ دایک چەند دڵۆپێک فرمێسک دەکەونە سەر ئاڵبۆمەکە...

***

... ڕۆژی دایکە. وەبیر دایکی شەهید جەعفەری جابیلی دەکەومەوە کە چۆن کراسێکی جەعفەری پێشمەرگەی بە بۆنی عارەقەی جەعفەرەوە لە سندووقێکدا هەڵگرتبووو درگاکەشی قوفڵ دابوو. جارو بار لەلای دەستە خوشکەکانی

کراسەکەی دەردێناو بۆنی پێوەدەکرد و دەی گوت هەتا "جەفحەر"گیان نەیەتەوە بۆنێومان ئەم کراسە وەک یادگار هەڵدەگرم. بۆیەش نایشۆم بۆ ئەوەی بۆنی ئەو لەماڵەکەم نەبڕێ.

جەعفەر شەهید بوو. ئەمجارەیان بەدەم گریانەوە دەی "گوت ئەی خودایە شوکرم بە بەشت بۆ ئەو هەموو سەبرو تاقەتەی بە منت داوە". کەسێک بۆخۆی دایک نەبێ لە مێهرەبانی، ئازارو سەبری دایکایەتی، لە نیگەرانی و خورپەی دڵی دایک، تێناگا.

... هاینی ١٣٦٥ بوو. تازە دوو رۆژ بوو لەگەڵ "خەیاڵ"ی خوشکم رێگەی "پێشمەرگە"ییمان هەڵبژاردبوو و لە دایکمان دوور کەوتبووینەوە. ئەمە بەدڵی ئەو نەبوو. دایکم هەڵوەدای چیاو دۆڵەکان ببوو. چەندین دێهات و هەورازی بەرزی بڕیبوو بۆ ئەوەی خۆبگەیەنێتە ئێمە، بەونیازەی لەو بڕیارەمان پەشیمان بکاتەوە . لانی کەم هەر نەبێ یەکمان لەگەڵ خۆی بباتەوە . بەڵام کە بە ناهومێدی گەڕایەوە، هەناسەیەکی هەڵکێشاو دۆعایەکی لێکردین کە بۆنی تووڕەیی و رەنجاوییەکی زۆری لێدەهات. ئەو کاتە منیش وەمزانی ئیدی دایکم بۆ هەمیشە ئێمەی لە دڵی خۆی دەرهێناوە. نەمدەزانی هیچ رەنجان و تووڕەییەک ناتوانێ خۆشەویستی دایک بۆ رۆڵەکانی لە دڵ بسڕێتەوە. چەند مانگ بەسەر چوو. لە "سەیداوا" و بەرزاییەکانی "وەستامستەفا" (ناوچەی تورجان) کە بە پێیان هەر کاتژمێرێک لە دێیەکەی دایکمەوە دوورە، هێزی دوژمن هێرشیان کردە سەرمان، یەکەم گرمەی کاتیوشاو خۆمپارە دڵی دایکمی داخورپاندبوو. بۆیان گێڕامەوە کە دایکم لە تاوان هانای بۆ قورئانەکەی مزگەوت بردبوو. ئەو مەرگی خۆی پێش مەرگی ئێمە خواستبوو.

***

لەم جیهانە گەورەیەدا، دایکانی وڵاتی من گۆشەیەکی بچووکیان دەست ناکەوێ هەناسەیەکی بێخەمی لێ هەڵمژن. وێنەی راستەقینەی ژیانی دایک لەم وڵاتە زۆری کارەسات و مەینەتییە. ژیانی پڕە لە چیرۆکی تاڵ. بەهەزاران دایک بە داخی دووری و لە دەستدانی رۆڵەکانیانەوە دەناڵێن. دایک چۆن ئارامی هەیە تا لاوان و مێرمنداڵان پشتیان لەژێر باری قورسی هەژاریدا چەمابێتەوە، یان لە گۆشەو قەراخ شەقام و کەلاوەکاندا بە دەردی بەڵای ماڵوێرانکەری مادده هۆشبەرەکانەوە بتلێنەوەو هێزیان لە لەش دا نەمابێ دایک چۆن ئارامی دەبێ تا ئازادیخوازان لە قەفەسی بێدادی داین و سووکایەتی بە کەسایەتییان پێبکرێ. دەنگ و هاواری دادپەروەری لە گەروودا بێدەنگ بکرێ یان بۆ داخی جەرگبڕی رۆڵەی جوانەمەرگیان ئەژنۆی غەمیان لەباوەش گرتبێ. بۆیە لێرە نە دایک رۆژێکی

هەیە نە چاوەڕوانیشن گوڵە میخەکێک لە بەرۆکیان بدرێ .

## ژنان قوربانیانی نایەکسانی لە بازاڕی کاردا

هەموو کەس مافی هەیە بە بێ جیاوازی، لەبەرانبەر کاری وەک یەکدا مووچەی وەک یەک وەربگرێ. هەرکەس کە کار دەکا مافی ئەوەی هەیە مووچەیەکی عادڵانە بۆ بژیوی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی وەربگرێ....."

ئەمڕۆ یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گەشەسەندوویی هەر وڵاتێک بەشداریی بەرچاوی ژنانە لە بازاڕی کاردا. بەشداری ژنان لە بازاڕی کاردا، خواستی هاوبەشی تەواوی فیمینیستەکان و لایەنگرانی مافی یەکسانی ژنان و پیاوانە. تێکۆشانی ئابووری ژنان دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ژنان و بواری بەربەرەکانی دژی نایەکسانیی نێو بنەماڵە و دەرەوەی بنەماڵە بۆ ژنان خۆش دەکا. بەم چەشنە ژنان ئاسانتر دەتوانن لە بەرامبەر پێشێلکردنی مافەکانیاندا بەربەرەکانی بکەن و مل بۆ ستەم رانەکێشن و، هەروەها بۆ بەرهەمهێنان و پیشکەوتوویی وڵاتیش پێویستە ئەم هێزە کەڵکی لێوەربگیرێ.

رۆزا لوکزامبورک ژنە خەباتکاری جووڵانەوەی پرۆلیتاریا، ژنانی هاندەدا بچنە بازاڕی کارەوەو هیچ ئیمتیازێکیشیان نەوێ. ئەو دەی گوت گرنگ ئەوەیە جارێ بچنە ئەو مەیدانەوە. نە بۆ منداڵ بوون مۆڵەتی زیادی وەرگرن، نە حەقدەستی زیادییش وەرگرن. ئەوەو نرخێکە کە ژنان بۆ بوونیان لە مەیدانی کارداو بۆ سەربەخۆیی ئابووریی خۆیان دەبێ بیدەن. پێویستە ئەو بەهایە بدەن. دوای ئەوەی حوزووریان لە بازاڕی کاردا چەسپاو توانایان لە بەڕێوەبردنی هەر کارێکدا بەبێ لەبەرچاوگرتنی رەگەزپەسند کرا، ئەوکاتە دەتوانن، مووچەی زیاتر داوا بکەن و لە هیچ حەقێکی خۆیان خۆش نەبن.

یەکێک لە خراپترین ئەو وڵاتانەی کە روانگەیەکی نابەرابەری جنسییەتی تێدا بەهێزە وڵاتی ئێرانە. بە هۆی هاتنە سەرکاری رێژیمی ئیسلامیی ئێران ژنان لەم بوارەشدا وەک زۆر بواری دیکە کەوتنە بەر هەڵاواردنی نارەوا. لە دەیەی یەکەمی هاتنەسەر کاری رێژیمی کۆماری ئیسلامی دا رێژەی ژنانی کار لە ١٤% وە هاتە سەر ٦% ە،

لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی ژنانی خوێندەوار بەرەو سەر چوو، بەتایبەت ژنانێک کە پلەی خوێندەواریی بەرزیان هەبووەو لەو بارەوە ئێران باشترین نموونە بوو لە چاو وڵاتانی دەوروبەری بەڵام بەهۆی سیاسەتی ڕەسمیی حاکمانی ئەو وڵاتە بازاڕی کار نەیتوانیوە لەو هێزە گەورەو کارایە کەڵک وەربگرێ. یاساکان و سیاسەتی حاکمییەت ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لە هەڵاواردنی ڕەگەزی و جێگرتنی کولتوورو نەریتی دژە ژن. لە باری یاساییەوە، بۆ هەر کارێک کە ژن بیهەوێ بیکا ڕەزامەندیی مێرد پێویستە. پیاو دەتوانێ زۆر ئاسان ڕێگری لە کاری ژن بکا. ئەم یاسایە بۆتە نەریتی جێگرتوو لە کۆمەڵگەی ئێراندا، واتە تەنیا پیاو بە سەرپەرست و نانهێنەری بنەماڵە دەناسرێ و جێگەو پێگەی ژنیش وەک دایک و هاوسەر لە ماڵدا دەناسرێ.

لە ساڵی ١٣٤٥دا نزیکەی یەک میلیون ژن لە بازاڕی کاری ئێراندا حوزووریان هەبووە. ئەو ڕێژەیە لە ساڵی ١٣٥٥دا بۆتە ٥/١ میلیون کەس. بە جۆرێک لەو ساڵانەدا ڕێژەی ژنانی چالاک لە بازاڕی کار ساڵانە نزیکەی ٣/٥ % زیادی کردوە. بەڵام دوای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی تێکۆشانی ئابووریی ژنان لە بازاڕی کاردا بەرەو کەمی ڕۆیشت و لە ساڵی ١٣٦٥دا گەیشتە ١/٣ میلیون کەس. بەڵام بە هۆی شەڕی ئێران و عێراق و هاتنە ئارای هەلومەرجێکی تایبەت، دیسان ژنان ڕوویان لە بازاڕی کار کردەوە و ڕێژەی ژنانی کار ڕووی لە زیاد بوون کردو ئەم زیادبوونە درێژەی هەبووەو لە ساڵی ١٣٧٥دا لە دوو میلیون کەس تێپەڕی. بەجۆرێک کە ڕێژەی ژنان لە بازاڕی کاردا لە ساڵی ١٣٦٥، ٨.٨% بووو لە ساڵی ١٣٧٥دا گەیشتە ١٢%. لە لایەکی دیکەشەوە لە ئاکامی ئاگایی و وشیاری جنسییەتی لە جیهانداو بەجیهانیبوونی ئەم پرسەو کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگەی ئێران، هەلومەرج بە قازانجی ژنان گۆڕانی بەسەر داهاتوە. بە جۆرێک کە ئێستا سەرەڕای هەموو ئەو ڕێگرییە یاساییانە کە لە لایەن دەزگاو سیستمی حاکمەوە بەسەریاندا سەپاوە ژنان لە ماڵەکانیان هاتوونەتەدەرو کۆمەڵگەش خەریکە "نا" بە هەموو ئەو یاسایانە دەڵێ کە ژنان دەخزێنێتەوە ماڵەکانەوە. بەڵام دیسانیش ئەم ڕێژەیەی ژنان لە بازاڕی کاردا لە ئێران لە چاو زۆربەی وڵاتانی جیهان ئێستاش مەودایەکی زۆری هەیە.

ئەگەر لە وڵاتانی پێشکەوتوودا ژنان لە بازاڕی کاردا حوزوورێکی بەرچاویان هەیە، بەو مانایە نیە لەو وڵاتانەدا بنەماڵە گرنگیی نیەو منداڵ لەلایەن دایکەوە پشت گوێ خراوە. لەواندا ژن و پیاو بەرپرسایەتیی هاوبەشیان هەیە، لەپەنا کاری ژن و پیاو دا کۆمەڵێک ڕێکخراوو بنیاتی جۆراوجۆر هەن بۆ خزمەت بە بنەماڵە. یان بە شێوەیەکی دیکە هەل و فرسەتەکان بۆ ژن و پیاو یان دایک و باوک وەک یەکن. چۆن دایک لە وەرگرتنی مۆڵەت بۆ منداڵ بوون یا ڕاگەیشتن بە منداڵ کەڵک وەردەگرێ ، پیاویش لە باری کۆمەڵایەتییەوە ئەو بوارەی بۆ خۆشکراوە

کە لە ساڵدا مۆڵەت وەربگرێ و شەریک بێ لە کاروباری بنەماڵەدا بۆ ئەوەی هەردووکیان لە هەلەکان وەک یەک کەڵک وەرگرن و بۆ خزمەتی بنەماڵەو بە وڵاتەکەیان بکەن.

ئەوەی لە ئێراندا هەیە زۆر جیاوازیی هەیە لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوودا. لێرە ژن یان دایک هەموو هەلەکانیان لە دەست داوەو وڵاتەکەش بەو شێوەیە ناتوانێ بەرەوپێش بچێ چونکە نیوەی هێزی کارای بەشداری نیە لە بەرهەمهێناندا. بەڵام لە وڵاتانی پێشکەوتوودا حکوومەت ئەو زەمینەیەی پێک هێناوە کە نە ئەو هێزە بێکەڵک بکرێ نە بنەماڵە تووشی شێواوی ببێ.

ئەمڕۆ لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی ژنان لە بازاڕی کاری ئێراندا لە پەرەسەندن دایە، بەڵام بە هۆی ئەو گیروگرفتانەی ئێستاش ژنان لەسەر ڕێگەیانە، وەک کولتووری کۆمەڵگە، کە ئێستاش لەودا ڕاگەیشتن بە بنەماڵەو ئەرکی دایکایەتی بە ئەرکی سەرەکیی ژنان دەزانێ، ناچارن زۆرتر ئەو کارانە هەڵ بژێرن کە لە باری کۆمەڵایەتییەوە بەهایەکی کەمتریان هەیەو کاتێکی زیاتریان بۆ دێڵێتەوە بۆ ڕاگەیشتن بە منداڵ و... لەم چەشنە کارانەش دا بوار بۆ ڕکەبەرایەتی و پێشکەوتن لاوازە. یان بۆ نموونە بەشێکی زۆر لە خاوەنکارەکان باوەڕیان بە تواناییەکانی ژنان نیەو ئامادە نین هێندێک کار بە ژنان بدەن، تەنانەت ئەگەر ژن و پیاو لە جێگەیەک کار بکەن و کارەکەیان وەک یەک بێ دیسانیش مووچەی ژن لە هی پیاوەکە کەمترە. چونکە بە هێزی کاری پلە دوو چاو لە ژن دەکرێ. بۆیە ژنان یەکەمین کەسەکانن کە دەکەونە بەر زوڵم و ستەمی خاوەنکارو یەکەم کەسەکانیشن کاریان لێدەسەنرێتەوە.

گەشەسەندوویی و کێ بەرکێ لە دنیای ئابووریی ئەمڕۆدا، یەکێکە لە مەسەلە گرنگەکانی هەر وڵاتێک. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە کەڵک وەرگرتن لە هێزی کارو توانایی ژنان پێویستییەکی حاشا لێنەکراوە. ئەوەش ئەرکی حکوومەتی هەر وڵاتێکە کە هەلومەرجی لەبار بۆ ژنان پێک بێنێ تا بتوانن لە ئابووری و پێشکەوتوویی وڵاتدا ڕۆڵیان هەبێ.

ئامارەکان لە سایتی "کانون زنان ایران"

وەرگێراون کوێستان فتوحی

## بۆ سڕینەوەی هەڵاواردنی جینسی لە دژی ژنان ڕێگەیەکی دوورو درێژ لە پێشە

لە دوای زیاتر لە سەد ساڵ خەباتی یەکسانیخوازی ژنان لە جیهاندا و وەدەستهێنانی هێندێک دەسکەوت لەم پێناوەدا، ئێستاش بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ژیانی ژنان و ڕێژەی بەشدارییان لە بوارە جۆراجۆرەکان لە هێندێک وڵاتدا، ئەوە دەردەخا کە تا گەیشتن بە دنیایەکی بەدوور لەهەرچەشنە هەڵاواردنێک لە دژی ژنان ڕێگەیەکی دوور و درێژ لە پێشە.

جیاوازی دانان بە دژی ژنان بە پێی ڕێککەوتننامەی جیهانی لەنێوبردنی هەموو جۆرە جیاوازیدانان بە دژی ژنان، بریتیـیە لە هەموو ئەو هەڵاواردن، دەرهاویشتن، بێبەش کردن و سنوور دیاریکردنانەی کە لە سەر بناغەی (جنس) بەڕێوە دەچن. ئاکامی هەموو ئەوانە بێبەری کردنی ژنان لە مافە ئینسانییەکانیان و ئازادییە بنەڕەتییەکانیان لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و مەدەنییەکاندا و هەر بوارێکی دیکەی کە ئەوان دەگرێتەوە.

هۆکاری ئەو زوڵم و ستەمانەی لە ژنان دەکرێن، ئەو هەڵاواردنانەن کە ڕووبەرووی ژنان دەبێتەوە. هەڵاواردنی جنسی بنەماکانی بەرابەری مافەکان و ڕێزدانان بۆ کەسایەتی مرۆڤ پێشێل دەکا و پێشی بەشداریی ژنان لە ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری وڵات لە هەلومەرجێکی وەک یەک لەگەڵ پیاواندا دەگرێ و، لەسەر ڕێی پەرەگرتنی بەختیاریی کۆمەڵ و بنەماڵە دەبێتە کۆسپ و لەمپەر و، پشکوتنی بەتەواویی توانایی و لێوەشاوەیی ژنان لە خزمەت بە وڵات و مرۆڤایەتیدا لەگەڵ گیروگرفت و کەند و کۆسپ بەرەوڕوو دەکا." (١)

ژنانی ئێران لەژێر فشاری هەڵاواردنی جنسییەتی دان. یاساکانی وڵات جیاکاری زۆریان بەرامبەر بە مرۆڤەکان تێدایە. لەوێدایە مرۆڤەکان بە ڕەسمی هاووڵاتیانی پلەبەندی کردوە. کێشەی سەرەکی ئەو دۆخە نالەبارەی ژنان لە ئێران، کە ئەمڕۆ هەموو دنیا هەستی پێکردوە، هەڵاواردنی جنسییە. ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا لە گەڵ هەڵاواردنێکی نارەوا ڕووبەڕوو بوونەتەوە. ئەو سنوورانەی دەبنە هۆی پێشێل کردنی مافە ئینسانییەکانیان. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی ژیانیانەوە کولتوور و دابونەریتە سوننەتییەکان بۆیانی دیاری کردوون و یاساش پشتیوانی ئەو کولتوور و نەریتانەیە. هەر هەنگاوێک بۆ کچ و کوڕ تێکەڵە لەگەڵ فەرقوجیاوازی. هەڵێنانەوەی هەر هەنگاوێک

بۆ ژنان پڕیەتی لە کۆسپ و گیرو گرفت. ژن ڕێگەی زۆر بواری لێسەندراوەتەوە. مەجالی پێگەیشتن و گەشەکردنیان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا لە گەڵ پیاوان یەکسان نیە. ئەو بەربەست و ترس و تۆقاندنانەی بە هۆی جنسییەتەوە لە لایەن بنەماڵە و کۆمەڵگەوە ڕووبەرووی ژنان دەبێتەوە گەشە و تواناکانی ژنی لاواز کردوە و باوەڕبەخۆبوونی لێسەندوونەتەوە. لە ڕاستیدا سیستمێک بە ناوی ئایین و شەرعەوە ژنانی لەگەڵ ئەوپەڕی پێشیلکاری مافەکانیان بەرەوروو کردۆتەوە.

هێندێک ئەو هەڵاواردنانەش ڕیشەکەیان لە ئایینەوە سەرچاوەی گرتوە. ئەگەر بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوەش بڕوانینە ئایین، لەم پرۆگرامە نەگۆڕەدایە مرۆڤەکان پلەبەندی کراون. ژن بە مرۆڤێکی کەم عەقڵ و بە چاوێکی سووک و بە کەمتر لە پیاو تەماشای دەکرێ. لەم وڵاتەدا پەروەردەکەش هەر لەسەر بناغەی ئایینە. مادام پەروەردەکە لەسەر ئەو ئەساسە بێ مرۆڤەکانیش هەروا بە ئاسانی ناتوانن خاوەنی ڕۆحێکی یەکسانیخواز بن.

ئەو ئیدئۆلۆژییە زاڵەی کە ٣٠ ساڵە لە ئێراندا دەسەڵاتی بەدەستەوەیە زۆر زیاتر پەرەی بە هەڵاواردن و نایەکسانییەکانی نێوان ژن و پیاو داوە و بۆتە پشتیوانێکی قایمی کولتووو و نەریتە کۆنەکان. نەخش و ڕۆڵی ژنان تەنیا لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا زەفکراوەتەوە ئەویش ڕۆڵی دایکایەتییە کە ئەو ڕۆڵەش وەک ئەرکێکی کۆمەڵایەتی ڕێز و بەهای خۆی بۆ دانەنراوە. ڕێژەی مافەکانی ژنان هەر بە پێوانەو پێوەری ئایین دانراون. ڕێژەی بەشداریی ئەوان لە سیستمی سیاسی وڵاتدا دا بە تایبەتی لە بواری دادوەری دا هەر بە پێوانەوە پێوەری ئیسلام کە ژن بەکەم عەقڵ حیساب دەکرێ، بۆیە ناتوانێ دادوەر بێ. لە ساختاری سیاسی ئێراندا ژن لە زۆر مافی ئینسانی بێبەش کراوە. بەشێک لەو توند و تیژانەییانەی بە شێوەیەکی یاسایی لە دژی ژنان بەڕێوە دەچن و پێوەندییان بە یاسای مەدەنی وڵاتەوە هەیە و لەسەر بناغەی ئایین داڕێژراون، بۆ نموونە لە پێوەندی لەگەڵ ژیانی هاوسەرێتیدا بە جۆرێک هەموو ئیختیارات و ئەولەویەتێک دراوە بە پیاو. وەک مافی بڕیاردان بەرامبەر بە جسم و گیانی ژن، مافی تەڵاق، سەفەر، سەرپەرستی کردنی منداڵ، میرات، شایەدیدان، چەند هاوسەری و... لە هەموو ئەوانەدا ژنان مافیان پێشێل دەکرێ. لە ئێراندا نەریت و کولتوور و یاسا پەیڕەوی لە ئایینی ئیسلام دەکەن. ئایینی ئیسلامە دەڵێ شاهیدی ٢ ژن بە ١ پیاو حیساب دەکرێ! ئایینە بە پیاو دەڵێ ئەگەر ژنەکەت بە گوێی نەکردی تەمبێی بکە! ئایینی ئیسلامە فرەژنی حەڵاڵ کردوە. ئەگەر سەرنج بدەینە کولتووری فرەژنی بێڕێزیەکی گەورەیە بە کەسایەتی ژن دەکرێ و هەروەها جۆرەها توندوتیژی بەدواوەیە کە تەنیا داوێنی ژنان ناگرێتەوە، بەڵکوو منداڵانی ئەو بنەماڵانەش دەبنە قوربانی ئەم نەریتە ناحەزە. یان بۆ نموونە لە ماددەی ٦٣١ی

یاسای سزای ئیسلامیدا هاتوە ئەگەر پیاوێک هاوسەرەکەی خۆی لەگەڵ پیاوێکی دیکە لە کاتی پێوەندی ناشەرعیدا دیت و کوشتی، ئەو پیاوە بە تاوانبار ناناسرێ و هیچ سزایەکی لەسەر نیە. لە حاڵێکدا هەر ئەو مافە بە ژن نەدراوە و هیچ قسەی لێنەکراوە. بوونی یاسایەکی لەو چەشنە جگە لەوەی نایەکسانی تێدایە دەتوانێ ببێتە هۆی بوار خۆش کردن بۆ توندوتیژی دژی ژنان لەنێو کۆمەڵگەدا .

ئەگەر لە لایەنی دەسەڵات و سیستمی ئێرانە بڕوانینە مەسەلەکانی ژنان، بە بێ هیچ قسەیەک ژن هاووڵاتی پلە دوویە. ژن و پیاو لە رووی یاساییەوە وەک یەک مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێ. یاساکان تەنانەت ژیانی تایبەتی بنەماڵەکانی شێواندوە. باس لەسەر ئەوە نیە کە بۆچی ماڵداری و راگەیشتن بە منداڵ تەنیا کاری ژنە، باس لەسەر ئەوەیە کە بۆچی ماڵداری و دایکایەتی دەبێ ژن بکاتە هاووڵاتییەکی پلە دوو. ژنان بە هۆی رۆڵی نەریتی ماڵداری و دایکایەتییەوە کە کۆمەڵگەی پیاوسالار بە توندی لەهەوڵی مانەوەی ئەو نەخشەدایە بۆ ژن، لە مافی بەشداری و تێکۆشانی کۆمەڵایەتی بێبەش بوون. بنەماڵەی ئازاد و دێموکرات یانی بنەماڵەیەک کە هەموو ئەندامەکانی بە ژن و پیاوەوە هەست بەوە بکەن بەرپرسیارەتیان لە کۆمەڵ دا هەیە. بە لێک تێگەیشتن و رازیبوونەوە کارەکان دابەش بکەن. ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵ و بەرپرسایەتی و سەرپەرستی بنەماڵە لە ئەستۆی ژن و پیاودا بێ. کۆماری ئیسلامی بە هیچ جۆر نایەوێ ئەم روانینە لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵگای ئێراندا پەرەبستێنێ .

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییانە کە لەم چەند ساڵەی دوایی دا کە لە ئێراندا پێک هاتوون، وەک زۆربوونی رێژەی خوێندەوار بوونی خەڵک و بەتایبەتی ژنان، سیستمی یاساییەکەی زۆر لە دواوەی ئەو ئاڵوگۆڕانەیە کە لە روانینی خەڵکەکەی دا پێک هاتوە. ئەمەش جێی دڵخۆشییە کە ئاستی تێگەیشتنی تاکەکان لەم وڵاتەدا خەریکە ئەم یاسایانە دەبەنە ژێر پرسیارەوە. رێژەیەکی زۆر لە ژنانی ئێران بەرانبەر بەو هەڵاواردنانە وشیار بوونەتەوە و خوازیاری باش کردنی ئەو هەلومەرجەن کە یاسا بەسەر ژنانیدا سەپاندوە. هێندێک لەو فەزا و تابویانە کە کۆماری ئیسلامی بە ناوی ئایینەوە بەسەریاندا سەپاندوونی، توانیویانە بیشکێنن و دنیایەکی جیاواز لەوەی کە دەسەڵات دەیهەوێ دروست بکەن. راستە کێشەی ژنان و بێمافییەکانیان دەبێ لە رێی یاساوە چارەسەر بکرێ بەڵام ئەم هەوڵانەش لە سەر سیستمی و دەسەڵات کاریگەریی خۆی هەیە و دەسەڵات ناچار دەبێ رۆژێک خۆی لەگەڵ داخوازییەکانی ژنان هاوئاهەنگ بکا .

ئـەمڕۆ ئەگـەر کۆمەڵگـەی ئێـران کرانەوەیـەکی کولتـووری زۆری بەخۆیـەوە دیـوە. بێگومـان هـەوڵ و خـەباتی بزووتنەوەیەکە کە لـە ئێرانـدا هەیـە. بزووتنەوەیـەک کە نایـەوێ خـەڵکی ئـەم وڵاتـە بگەڕێنـەوە بـۆ سـەدەکانی نێوەڕاست. زیاتر لە دەیان رێکخراو و ئەنجوومەنی ناحوکمی دروست بوون و کـار لەسەر عەقڵ دەکەن و روانینێکی مرۆڤانە بۆ پرسەکانی ژنان دروست دەکەن. دەیانـەوێ بـە دەسـەڵات و کۆمەڵگـەی بسـەلمێنن کە تـەنیا رێگـەچارەی هەموو قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی پێوەندیدار بە ژنان، بە رەسمی ناسینی مافەکانی ئەوانە. بوونی چالاکانەی ئەو ئەنجومەن و نیهادانە کاریگەرییەکی موسبەتی لەسەر مەسەلەی مافی ژنـان کە مـافی مرۆڤیشە لـە نێـو کۆمەڵگەی ئێراندا داناوە. زۆر سروشتییە لە کۆمەڵگەیەکی سوونەتـی وەک کۆمەڵگەی ئێرانـدا و بـە بـوونی دەسـەڵاتێکی وەک کۆماری ئیسلامی کە هیچ رێزێک بۆ مرۆڤایـەتیی ژن دانـانێ، بـە دڵنیاییـەوە ئـەو هەوڵانـە زۆر سـەختتر لـەوەن کـە بیریان لـێدەکرێتەوە. بە بەرنامەی درێژخایەن و دانی نرخی قورس لەم رێگەیەدا دەکرێ هیـوادار بین کـە ریشـەی هەموو ئەو کولتووره پڕ لە هەڵاواردنە بەرەو نەمان بچێ.

### بەشداریی ژنان لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لەپێناو چی دا؟

لە سیەمین ساڵی تەمەنی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا و بە نزیک بوونەوە لە هـەڵبژاردنی دەیـەمین دەورەی سـەرۆک کۆمـاری، زیـاتر لـە هـەموو کاتێـک سێبەری یاسـا پـڕ لـە هەڵاواردنـەکانی ئـەو رێژیمـە بـە سـەر هـەموو بوارەکانی ژیانی ژنانی ئێراندا قورسایی دەکا. سەرەڕای هەموو هەڵاواردنە نارەواکان دژی ژنـان، نـاکرێ بەشـداریی چالاکانـەیان لـە مەیدانـە جۆراوجۆرەکـانی فەرهـەنگی و کۆمەڵایـەتیدا نـەبینن. ئەمـەش دەگـەڕێتەوە بـۆ خـەبات و خۆڕاگریی ژنـانی ئـەو وڵاتـە کە سـەرەڕای هـەموو کۆسـپ و تەگەرەیـەک کە رێژیمـی کۆمـاری ئیسلامی هێناویەوتـە سـەرڕێیان، ملیـان بـۆ یاسـاکان و خواسـتەکانی ئـەو رێژیمـە کە ژنـی کردۆتـە هـاووڵاتی پلـە دوو، رانەکێشـاوە. بزووتنەوەی ژنانی ئێران کە ئەمڕۆ وەک بزووتنەوەیـەکی مـافخواز و گەشەسـەندووی کۆمەڵایـەتی تێکۆشـانی هەیـە، مەسەلەی سڕینەوەی هەڵاواردنی جینسیی لە یاساکان دا کردۆتە پرسی سەرەکیی خەبات. دیارە هـەوڵ و تێکۆشـانی ژنانی ئێران بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییە رەواکانیان مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە. بەڵام لەگەڵ هاتنە سەرکاری ئەو رێژیمەو سەپاندنی یاسا کۆنەپەرستانەکان، خەبات و بەربەرەکانیی ژنانیش قۆناخێکی سـەختتری بـە خۆیـەوە گـرت. زیـاتر لـە چوارسـاڵێک دەبـێ بزووتنـەوەی ژنـان بـە گـوڕوتینێکی زۆرتـر و بـاوەڕبـەخۆبوونێکی زۆرەوە دژی

سیستمێک وەستاوەتەوە کە بە رەسمی و یاسایی ژنانی لە مافە مەدەنی و سیاسییەکانیان بێبەش کردوە. ئەم راوەستان و بەربەرەکانییانەی ژنان ئەگەر دەسکەوتیشیان نەبوو بێ، لانی کەم نەیانهێشتوە رێژێم بە تەواوی بە ئامانجەکانی کە خزاندنەوەی ژنان بۆ قوژبنی ماڵەکان و دوورخستنەوەیان لە ئەرک و بەرپرسایەتییە گرنگەکانی نێو کۆمەڵگا بووە، بگا.

سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی ژنان بە مەبەستی وەدەستهێنانی مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان، هێشتاش پێگەی ژنان لە مەیدانی سیاسەتدا لە ئاستێکی زۆر نزم دایە. ئەمەش بەهۆی سیاسەتی ئیدئۆلۆژیکیی زاڵ بەسەر ئێران دایە کە هەڵاواردن بە دژی ژنانی لە هەموو بوارەکاندا کردۆتە سیاسەتێکی رەسمی و، بە کەڵکوەرگرتن لە جیاوازییە بیۆلۆژیکییەکانی نێوان ژن و پیاو ، ژنانی لە زۆر ئەرک و بەرپرسایەتی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بە قازانجی پیاوان دوور خستۆتەوە. ئەوەتا ئاکامەکەشی بە روونی دەبینین، بۆتە هۆی ئەوەی بە گشتی ژنان لە پۆستە گرنگ و کاریگەرەکانی وەک دادوەری، سەرۆک کۆماری، بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوە و زۆر پۆستی دیکەی گرنگ بێبەش بکا. لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا هاتوە کە تەنیا "رجال سیاسی" مافی ئەوەیان هەیە پۆستی سەرۆک کۆمارییان لەدەستدا بێ. وشەی "رجال"یش چ وەک واتا و چ بە پێی لێکدانەوە یاساییەکان بە مانای پیاو لێکدراوەتەوە .

گرنگترین مەسەلەیەک کە ئەمڕۆ لەبەردەم بزووتنەوەی مافخوازی ژنانی ئێران دایە، مەسەلەی گۆڕینی ئەو یاسایانەیە کەپڕن لە ناعەدالەتی و نایەکسانی لە دژی ژنان. ژنان خوازیاری بەدەستهێنانی مافی یەکسانن لەگەڵ پیاوان. هەر چەند ژنان لەو هەڵبژاردنانەدا کە مافی هەڵبژێرانیان هەیە، بە هیوای ئەوەی بتوانن بەشێک بن لە هێزی بڕیاردەر بەشدارییان کردوە، بەڵام کولتووری زاڵی پیاوسالاری و زۆر کەندوکۆسپی دیکەی کۆمەڵایەتی و هتد کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی پشتیوانییان لێدەکا، هەموو جارێ هەوڵەکانی ئەوانی لەگەڵ گیروگرفت رووبەروو کردۆتەوە. ژنان نەیانتوانیوە بەو جۆرەی پێویستە نوێنەریان هەبێ و لە بڕیارەکاندا نەخشی چارەنووسسازیان ببێ .

بەڵام هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لەو روانگەیەوە کە ژنان لەمەودوا مافی خۆکاندیدا کردنیان نیە، لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی دیکە جیاوازی هەیە. هەڵبژاردنێک کە نەک دەسکەتێکی بۆ ژنان تێدا نیە بەڵکوو سووکایەتییەکی ئاشکراشی بە کەسایەتیی ژن تێدایە. لەو هەڵبژاردنەدا ژنانیان تەنیا بۆ دەنگدان دەوێ نەک بۆ هەڵبژێران.

دەنگدانی ژنان لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری دا، دەنگدانە بەوەی کە بۆخۆیان شایستەی ئەو پۆستە نین، دەنگدانە بەوەی کە بۆخۆیان ئەقڵ و شعووری بەڕێوەبردنی ئەو پۆستەیان نیە. کەوایە بۆچی دەبێ لە هەڵبژاردنێکدا بەشداری بکەن کە ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێ؟ ئەگەر لەگەڵ هەڵبژاردنی شووراکان و نوێنەرانی مەجلیسدا، کولتووری چەسپاوی پیاوسالاری ڕێگە نادا بەو جۆرەی پێویستە ژنان ئەو پۆستانە وەربگرن، لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا بە ڕەسمی و یاسایی ئەم ڕێگەیەیان لێبەستراوە. ئەوە دەیەمین هەڵبژاردنی دەورەی سەرۆک کۆمارییە بەڕێوە دەچێ، کەچی تا ئێستا جیا لەوەی کە ژنان مافی ئەوەیان نیە خۆیان کاندیدا بکەن، ئەو پیاوانەی بۆ ئەم پۆستەش خۆیان کاندیدا کردوە، هیچ بەرنامەیەکیان بۆ ئاڵوگۆڕ لە وەزعییەتی ژنانی ئەم وڵاتەدا پێنەبووە. کەواتە بەشداریکردنی ژنان جگە لە پشتگریی سیستمی کۆماری ئیسلامی چ شتێک دەگەیەنێ؟

زۆرجار لایەنگرانی مافەکانی ژنان بەوە دڵخۆشن کە ڕێژەی کچان لە زانستگەکاندا لە کوڕان زیاتر بووە. بەڵام ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە لەسەدا چەندی ئەو هێزە ئاگا و خوێندەوارە دەتوانن لە ناوەندەکانی بڕیاردان و لە پۆستەکانی بەڕێوەبەریی ئەو وڵاتەدا جێگایان بێتەوە؟ بەداخەوە ڕێژەیەکی یەکجار کەم. ئایا ئەمە سووکایەتی نیە بە کەسایەتی و تواناییەکانی ژنان؟ ئەو ژنانەی کە بەبێ گومان هێز و توانایی مودیرییەت و وەرگرتنی بەرزترین پۆستەکانی ئیجرایی و سیاسیی وڵاتیان هەیە.

بە گشتی چالاکانی بزووتنەوەی ژنان مەسەلەی جنسییەت وەک مەرجی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و هەر پۆستێکی دیکە بە دروست نازانن و ڕەتی دەکەنەوە. کەواتە چ پێویست دەکا بەشداری لە هەڵبژاردنێکدا بکەن کە لەودا ئەو مافە لە خۆیان سەندراوەتەوە. تەنانەت ئەگەر ژنێک وەفادارترین کەس بە نیزامی ویلایەتی فەقیهیش بێ لەبەر ئەوەی ژنە مافی خۆپاڵاوتنی نیە.

ئەم بزووتنەوەیە کە ئێستا لە هەموو کات زیاتر ناسراوە و لە لەلایەن کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی جیهانەوە پشتیوانیی لێدەکرێ، داخوا ئەمجارە چ هەڵوێست و بەرنامەیەکی بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا هەیە؟

ئێستا ئەگەر ئەم مەسەلەیەش کە ژنان ناتوانن کاندیدای سەرکۆمار بن، لەو لا دابنێین، دێینە سەر ئەو پرسە کە کاندیدا پیاوەکان چ بەرنامە و دروشمێکیان لە پێوەندی لەگەڵ ژنانی ئێران دا هەیە؟ ئایا کاندیدایەکی ئەوتۆ

هەڵ دەکەوێ کە کارکردن لە پێناوی کەمکردنەوەی نایەکسانیی ژن و پیاودا بکا بە بەرنامەی ئینتیخاباتیی خۆی؟ داخوا هیچ کاندیدایەک، باشکردنی وەزعی دڵتەزێنی ژنانی ئێران و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ئەو هەموو ستەم و بێبەشییە دژی ژنان، وەک ئامانج و بەرنامەی خۆی دێنێتە گۆڕ؟ لەمانەش گرنگتر ئایا شووڕای نیگابان سەلاحییەتی کاندیدایەکی ئەوتۆ تەئید دەکا؟ خۆ دەبێ ژنان هاندەرێکیان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردن دا هەبێ، کاتێک نە دەتوانن کاندیدای سەرکۆمای بن و نە کاندیدایەک هەیە لەنێوبردنی ستەم و نابەرابەری دژی ئەوان بکا بە دروشم و بەرنامەی خۆی بەشداری لە هەڵبژاردن بۆ ئەوان چ سوودێکی هەیە؟ ئایا باشتر نیە بە راشکاوی رابگەیەنن کە بە نیشانەی بێزاری لە پشتگوێخرانی ژنان و وەک نارەزایەتی لە رێژیمی دژ بە ژنی کۆماری ئیسلامی ئەم هەڵبژاردنە تەحریم دەکەن؟

---

## پیاوان بۆ خۆیان پێکەوە کۆک نین تا لەگەڵ ژنان کۆک بن

**کورد رۆژهەڵات:** چەند ساڵە ژیانی هاوبەشتان پێک هێناوە؟ چەند منداڵتان هەیە و ناوەکانیان چیە؟ هۆیەکی تایبەتتان بۆ ناوەکان هەیە؟

**کوێستان فتووحی:** ساڵی ١٣٤٧ (١٩٦٨) لە ئاوایی "باغڵووجە"ی سەر بە شاری بۆکان لەدایک بووم. ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ خوشکێکی دیکەم هاتینە ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بووینە پێشمەرگە. لە ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی حیزبدا درێژەم بە کاری سیاسی و پێشمەرگایەتی داوە. لە کۆنگرەی ١٤ حیزب دا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوم و ئێستا لە کۆمیسیۆنی راگەیاندنی حیزب خەریکی کاری نووسینم و بەرپرسایەتیی سایتی" کوردستان و کورد"م لە ئەستۆیە.

٢١ ساڵە ژیانی هاوبەشم پێک هێناوە و کچێک و کوڕێکم هەیە. کچەکەم بە ناوی "هانا" تەمەنی ١٦ ساڵە و کوڕەکەشم بە ناوی "هیوا" تەمەنی ٦ ساڵانە. دیارە هەر کەس بە مەبەستێک ناوێکی تایبەتی بۆ منداڵی هەڵ دەبژێرێ. ناوی "هانا" ئێمە هەم ناوەکەمان پێ جوان و مانادار بوو هەمیش مەبەستێک هەبوو تێی دا. هانا بە مانای فریادرەس، بەهاناوە چوون، داوای یارمەتی و گەڕان بەدوای فریادرەسدا. ئەویش ئەوە بوو ئێمە نیگەرانی و

گومانمان هەبوو لە ساغی و سلامەتیی منداڵەکەمان (پێش ئەوەی بێتەسەر دنیا)، بۆیە هانامان بۆ زۆر دوکتوری پسپۆر برد بۆ ئەوە منداڵێکی سالم بێتە سەر دنیا کە بەخۆشییەوە ساغ و سلامەت بوو. بەڵام بۆ "هیوا" تەنیا ئەوە بوو هیوا لە لای ئێمە (دایک و باوک) ناوێکی خۆشە و قەت کۆن نابێ. یەکەم ڕۆژی نەورۆزیش لە دایک بووە. هەمیشەش لە یەکەم ڕۆژی نەورۆزدا ئێمەی کورد بە خۆزگە و هیوا و ئارەزووی نوێوە پێدەنێینە نێو ساڵێکی دیکەوە. پاشان لەگەڵ ناوی هاناش هاوسەروا (هاو قافیە)یە.

***کورد ڕۆژهەڵات: پێناسەتان بۆ ئەم وشەگەلە چیە؟***

***کوێستان فتووحی:*** ژن: ژن پێش هەمووشتێک مرۆڤە. ژن سەرچاوەی ژیانە، چونکە مرۆڤێکی دیکە لە جەستەی خۆیدا هەڵ دەگرێ و دەیهێنێتە سەر دنیا و پەروەردەی دەکا. ژن دایکە. دایک زیاتر لە هەر کەسێکی دیکە رووحی پڕە لە مێهرەبانی و خۆشەویستی و وەفاداری.

ژنی کورد: ژنی کورد بەردەوام لە ژێر کۆنترۆڵی کولتووری پیاو سالاری دابووە، ژنی کورد وەک "ناموس"ی پیاوانی بنەماڵە چاوی لێکراوە. ناموسیش ژنی کردۆتە کۆیلە. پیاو خۆی بە خاوەنی ئەو جەستەیە دەزانێ. بە هۆی ئەوەوە دەرگای گەشەو پێشکەوتنی لێداخراوە. ئەمە پێناسەیە بۆ ژنی کورد لە رابردوودا. بەڵام ئەمڕۆ بە خەبات و تێکۆشانی ژنانێکی ئازا و تابوشکێن خەریکە ئەم پێناسەیە دەسڕێتەوە و پێناسەیەکی نوێ جێی دەگرێتەوە. ئازا و ئازاد و سەربەخۆ لەبیرکردنەوە، لە ژیان و...دا. ژنی کورد ئەمڕۆ ئامانجیان گۆڕانە بەرەو ئاراستەی مرۆڤسالاری و دادپەروەری و مافی یەکسان بۆ مرۆڤەکان. ژنی کورد ئیتر نایەوێ مرۆڤێکی پلە دوو بێت.

سیاسەت: بەلامەوە زۆر سەختە قسە کردن لە سەر سیاسەت. چونکە شتێکی زۆر پێچەڵاوپووچە. مەسەلە ئەوەیە چ بەرداشتێکمان لە سیاسەت هەیە. بەلای منەوە سیاسەت هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی مرۆیی. گرنگ ئەوەیە سیاسەت نێوەرۆکێکی ئینسانی و دادپەروەرانە و پێشکەوتنخوازانەی هەبێ و لە خزمەت ئاشتی و ئاسایشی مرۆڤەکان دابێ. بەڵام جاری وایە کاری ناڕەوا دژی مرۆڤایەتی دەکرێ، بەمەش هەر دەگوترێ سیاسەت!

سیاسەتی کوردی: بە گشتی کورد تا ئێستاش (لە بەر پارچە پارچە بوونی و، بێبەشی لە کیان و دەسەڵاتیکی

نەتەوەیی یەکگرتوو) سیاسەتێکی جێگیر، روون و شەفافی نیە نیسبەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی وپرسەکانی پێوەندیدار بە داهاتوو و چارەنووسی خۆی. سیاسەتی کوردی ناروون، نازانستی ، ناتەبا، و پرش و بڵاوەو، لەسەر بەرژەوەندی حیزبایەتی دەڕواتە پێش. لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان کورد قەت هەڵوێستی یەکگرتووانەی نەبووە. ١٨ ساڵە لە باشووری کوردستان گەلی کورد دەسەڵاتی خۆی بە دەستە، پارلمانی هەیە، حکوومەتی هەیە، بەڵام بەداخەوە لەبەر نەبوونی ستراتیژییەکی نەتەوەیی نەیتوانیوە بە قازانجی نەک سەرجەم نەتەوەی کورد، بەڵکوو بە قازانجی داهاتووی خۆشی بەباشی کەڵک لەم فرسەتە وەربگرێ. داوا لە رێژیمی ئێران دەکرێ! پاڵپشتی رێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکیەتیی بێ. ئاخر هەر هەموو بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی کوردستان دەزانن کە رێژیمی ئێران بوو ئاوری شەڕی نێوخۆیی لە نێوان یەکیەتی و پارتیدا خۆشتر دەکرد. رێژیمەکانی ئێران و تورکیەن کە سەرەکیترین کۆسپی سەر رێگەی دەسەڵاتی کوردن. کەچی دەبینین سەرکردە کوردەکان بەسەریاندا هەڵدەڵێن و بە دۆستی لەمێژینەی گەلی کوردیان ناو دەبەن. لەماوەی ئەو ١٨ ساڵەدا رێژیمی ئێران بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ ئەم ئەزموونەی باشوور، لە پێشەوەی هەموو ئەو وڵاتانەدا بووە کە دژایەتییان کردوە. بۆخۆشیان ئەمە باش دەزانن. بەڵام لە قسە و هەڵوێستەکانیاندا رێژیمی ئێران بە دۆست و پشتیوان و یارو یاوەری کورد دەزانن. راست لەو کاتەشدا کە سنوور و گوندەکانیان لە لایەن رێژیمی ئێرانەوە تۆپباران دەکرێ!. لە جیاتی ئەوەی سیاسەتمەدارانی کورد بە یەکدەنگ لەبەرانبەر ئەم پێشێلکارییانەی رێژیمەکانی ئێران وتورکیە دا هەڵوێست بگرن، پێیان هەڵدەڵێن. ئەم سیاسەتە نەک قازانج بە بەرژەوەندی کورد ناگەیەنێ بەڵکوو زۆر زۆریش زیانی پێگەیاندوە. ئێران تا ئێستاش بە رەسمی ددانی بەم حکوومەتەی کوردستان دا نەناوە. بەڵام ئەمان.....

دیالۆگ: شارستانیترین و سەرکەوتووترین رێگای لێک تێگەیشتن و پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان و کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانە.

دیالۆگی کوردی: کورد وەک نەتەوەیەکی زوڵم لێکراو هەمیشە ئامادە بووە بۆ دیالۆگ لە گەڵ دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، تا کێشەکەی لەم رێگەیەوە چارەسەر بکرێ. بەڵام لایەنەکانی بەرامبەری لە نیازپاکی و ساددەیی کورد هەمیشە کەڵکی خراپیان وەرگرتوە و دیالۆگیان بۆ مەبەستی زەبروەشاندن لە کورد یا تەفرەدانی بە کارهێناوە. دیارە کورد لە سەردەمی ئێستا دا لەو بارەیەوە پوختەتر بووە. بەڵام ئەگەر کورد بۆ دیالۆگ لە گەڵ دوژمنان و رێژیمەداگیرکەرەکان ئاوا ئامادە بووە، بۆ دیالۆگ لە گەڵ خۆی (هیز و لایەنی کوردی لە گەڵ یەکتر)

زۆر کەلـلەڕەق و نائامادە بووە.

چەک: نازانم عەبدوڵڵا پەشێوە یا جەلالی مەلەکشا لە شێعرێک دا وتویە "خوا دەیزانێ باڵای تفەنگم خۆش ناوێ، بەڵام چ بکەم "...

ئایین: خۆزگە نەکرابایە بە زنجیرێک بۆ کۆیلە کردنی مرۆڤەکان و داخستنی دەرگای بیرکردنەوەیان ...

***کورد رۆژهەڵات:" ژن و سیاسەت"، پێتان وایە پێکەوە هاتنی ئەو دوو وشەیە جێگیر بووە، هۆیەکەتان چیە؟***

***کوێستان فتووحی:*** بەڵـێ جێگیر بـووە، بـەڵام بـەم شێوەیە: ژن و سیاسـەتیان نـەوتوە! ئەگـەر مەبەسـتتان ئەوەیـە، ئەوە قسەی ئەوانەیە کە بەرژەوەندییان ئەوە دەخوازێ کە ژن هـەر لـە کونجی ماڵـەوەدا دانیشـێ و چـاو لەدەستی سیاسەتدارێژەران و بڕیاربەدەستان بـێ کە بڕیـار بـۆ چارەنووسی ئـەویش بـدەن. ئەمە قسـەیەکی کۆنـە و دەورانـی بەسـەر چـووە. ئەمە کولتـووری ژن بەکـەمگر ئـەوەی دروست کـردوە. ئەونـدە وتراوەتـەوە لـە بیـر و زەینـی خەڵکدا چەسپاوە. بەڵام ئێستا ئەوە قسەیەکی بێجێیە. ژن دەبێ بەشداری لـە سیاسـەتدا بکـاو هـەوڵ بـدا بگاتـە ناوەنـدی بڕیاردان. لە هەر وڵاتێک و هەر حیزبێک دا ژن بەشداری لە سیاسەت و کاروبـاری سیاسی دا نەکا، ئەو وڵاتە یـان ئـەو حیزبـە نـاکرێ وەک وڵاتێـک یـان حیزبێکـی دێموکرات و پێشکەوتوو بیناسین، بـا ئیـدیعای ئـەوەش بکـا. لـە سەردەمی ئێستادا وا باشە بگوترێ سیاسەت بەبێ بەشداریی ژن سەقەت و ناتەواوە.

***کورد رۆژهەڵات: دەڵێن سیاسەت پیاوانەیە، لەو رووەوە ژن و سیاسەت واتە ژن بـە ئاکـار و رفتـارێکی پیاوانـە لـە ناو سیاسەتدا، بۆچوونی تایبەتی ئێوە لەسەر ئەو مەسەلەیە چییە؟***

***کوێستان فتـووحی:*** بـە داخـەوە وایـە، لـە بەرئـەوەی ژن لـەو بـوارە دا جـارێ نـەبووە بـەو هێـزە کـە لـە ناوەنـدی بڕیارەکان دا باڵادەست بێ و، کاریگەریی لە سەر ناوەرۆکی بڕیارەکان و سیاسەتەکان هەبێ.

***کورد رۆژهەڵات: بە درێژایی تەمەنی خەبات و تێکۆشان، هەوڵتان پتر بۆ بەرجەستەکردنی رۆڵـی ژن بـووە لـە نێـو حیزبدا، یا خود هەوڵ بۆ پێکانی ئامانجی حیزبی؟ "مافەکانی ژن و مافەکانی گەل"، تێکۆشان لە پێناوی کامیاندا***

***بۆ ئێوە لە پێشەوەیە و بۆ؟***

***کوێستان فتووحی:*** لە تەمەنی خەبات و تێکۆشانمدا هەمیشە وەک ژنێک بۆ ئامانجێک کە لە پرۆگرامی حیزب دا کۆبۆتەوە خەباتم کردوە. وەک ژنێکی پێشمەرگە رۆڵم گێڕاوە. پیاوانە پێشمەرگایەتیم نەکردوە، قورس و قایم لە مەیداندا بووم بۆ ئەوەی رۆڵی ژن بە باشی دەرخەم. لە تێکۆشان بۆ ئامانجی حیزبەکەمدا بەردەوامیش بۆ بەرجەستە کردنی رۆڵی ژنان هەوڵمداوە. لەبەر ئەوەی بە درێژایی مێژوو ژنان لە بوارەجۆرەکاندا لە پەراوێز خراون، بواری خەباتی پێشمەرگایەتیش یەکێک بووە لەو بوارانە. بۆیە ئێمەی ژن ناچارین بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە و بۆ ئەوەی هیژموونی زاڵی پیاوان لەم مەیدانەشدا، نەمانشارێتەوە دەبێ بەردەوام کار بۆ بەرجەستە کردنی رۆڵی ژنانیش بکەین، کە ئەوەم هەمیشە ئە رکی خۆم زانیوە.

بەڵام مافی ژن یان مافەکانی گەڵ کامیان لەپێشەوەیە، بەبڕوای من هەر دوو پرسەکە وەک یەک گرنگن و هیچیان نابێ بۆ ئەوی تر بخرێتە لاوە. ئەم دوو خەباتە لێک جیا نین. ئەگەر رۆژێک ستەمی نەتەوایەتی لەسەرمان لابچێ، بەڵام ژن هەر چەوساوەی دەستی کولتووری پیاوسالاری بێ، من قەت ئەو گەلە بە رزگار نازانم. گومانی تێدا نیە نەتەوەیەک بە هەوڵ و خەباتی هەردوو رەگەزەکە رزگار دەبێ و بە ئامانج دەگا و هەوڵیشم بۆ ئەوەیە پرسی یەکسانیخوازی و رزگاریی ژنان لە ستەم و چەوسانەوە ببێتە پرۆژەیەک کە لەمەشیاندا هەر دوو رەگەزەکە خەباتی بۆ بکەن. ئەو دوو خەباتە گرێدراوی یەکن. هەر حیزبێکیش مەسەلە و گیرو گرفتی ژنان پشت گوێ بخاو لە ئەولەویەتی تێکۆشانی دا نەنێ، بە حیزبێکی پێشکەوتووی نازانم. خەبات بۆ مافەکانی گەل و خەبات بۆ رزگاریی ژنان بۆ من وەک یەکن و هاوشانی یەک بەڕێوەیان دەبەم، ئەگەر ماندووبوونی زۆریشی بوێ، بێگومان دەشیهەوێ .

***کورد رۆژهەڵات: "ژن و پیاو" ئایا لە سیاسەتدا کۆکن یا ناکۆک؟ بە نیسبەت ژیانەوە چی؟***

***کوێستان فتووحی:*** زۆر لە مەبەستەکەت تێنەگەیشتووم، بەڵام ئەمڕۆ بواری سیاسەت و دەسەڵات بەدەست پیاوانەوەیە، بۆخۆیان پێکەوە کۆک نین تا لەگەڵ ژنان کۆک بن. بێگومان پیاوان لەگەڵ ژنی بێدەنگ کۆکن. بەڵام بە نیسبەت ژیانەوە: ژن و پیاو پێکەوە ژیانی هاوبەش دروست دەکەن. تەنانەت ئەگەر بە خۆشەویستیشەوە ئەو ژیانە دروست بکەن دیسان ژیان ناکۆکی تێدایە. سروشتی ئینسانەکان وایە هەموو شتێکیان وەک یەک نیە. گرنگ

ئەوەیە لێک تێگەیشتن هەبێ. ئەگەر کۆک بوون ئەوە بێ، یەکیان بێدەنگ بێ و هەموو شتێک لەوی دیکە قبووڵ بکا ، کۆکی وا هەر نەبێ باشترە.

***کورد رۆژهەڵات: قەت بووە پیاوێک رێگر بووبێ لەبەردەم پێشکەوتنەکانتاندا؟ هۆکەی چی بووە و ریفلێکسی ئێوە لەبەرامبەردا چۆن بووە؟***

***کوێستان فتووحی:*** پیاو باڵادەستە و خۆی بە خاوەنی هەموو شتێک دەزانێ تەنانەت هی ژنیش. کەسێکی تایبەت نەبووە رێگرم بێ. بەڵام دەتوانم بڵێم کولتووری پیاوسالاری رێگر بووە. بێگومان منیش جیا نەبووم لە کچان و ژنانی ئەم وڵاتە بە هەموو وجوودمەوە تامی تاڵی هەڵاواردن و رێگرییەکانی بەردەمم چێشتوە. بە تایبەتی لە منداڵیدا زۆر زۆر. تەنانەت قاقای پێکەنینیش بۆ منی کچ قەدەغە بوو. جاری وایە خودی دایک رێگر بووە لە بەردەم کچەکەیدا. کولتووری کۆمەڵگە، یاسا و رێساکان، هەموو وایان کردوە، ژن نەجووڵێ، ژن بێدەنگ بێ، ژن شەرمن بێ، چونکە هەر جووڵانێک و دەرکەوتنێکی بەرابەرە لەگەڵ ئابرووی بنەماڵە. ئەمە کولتوور وا دەڵێ. کچ و ژن وەک نامووسی بنەماڵە چاو لێدەکرێ. بۆیە گەورەکانی ماڵ هەمیشە رێگرن لەبەر دەم دەرکەوتن و جووڵانی رەگەزی مێینەدا.

وەک خۆم ئەوەتا وەبیرم دێت لەبەرامبەر ناحەقی و ناعەداڵەتیدا راوەستاوم. قەت بێدەنگ و تەسلیم نەبووم ناشمەوێ بێدەنگ بم. هاواری خۆم لە دەست نابەرابەرییەکان هەمووکات دەربڕیوە. من کە خوازیاری گۆڕانم، لە پێشدا ئەو گۆڕانەم لەخۆمدا پێک هێناوە، گۆڕان بە بێدەنگی بەدی نایە. بەهای خۆشم بۆ داوە. با پێم نەڵێن ژنێکی باشە. باش لە روانگەی ئەو کولتوورەوە.

***کورد رۆژهەڵات: پێناسەتان بۆ بزووتنەوەی ژنان چیە؟ ئایا بەشداریی پیاوان بۆ چەسپاندنی مافی ژنان واتادارە؟***

***کوێستان فتووحی:*** بزووتنەوەی ژنان حەرەکەتێکی رێکخراوە بۆ بەدەستهێنان و داکۆکی لە ماف و ئازادییەکانی ژنان. هەر پیاوێکیش بەشداری لە حەرەکەتێکی وادا بکا بێگومان بڕوای بە ماف و ئازادییەکانی ژنان هەیە، بڕوای بە بەرابەری هەیە. زۆریش پێویستە پیاوان حوزووریان هەبێ لە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی دا. ئەوە پێگەیشتوویی و تێگەیشتووی پیاوان دەگەیەنێ کە هاورێیەتی بزووتنەوەی ژنان بکەن بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە کە

بزووتنەوەی ژنان هەوڵیان بۆ دەدا.

***کورد ڕۆژهەڵات: کە ناوی ئەم شار و کێوانە دەدرێ بە گوێتاندا، چیتان وەبیر دەکەوێتەوە؟***

***کوێستان فتووحی:*** شاری سنە: یەکجار چوومەتە شاری سنە بەهاری ١٣٦٤ بوو، چەند ڕۆژێک لەوێ بووم بیرەوەرییەکی وام لێی نیە کە سەرنج ڕاکێش بێ، بەڵام هەمیشە ئەو شارە بۆ من یەکێکە لە شارە خۆشەویست و خۆشەکانی کوردستان .

شاری سلێمانی: شارێکی کراوە دێتەبەرچاوم، بیرەوەریم لێی هەیە زۆربەیان بۆ من ناخۆشن. بەڵام ئێستاش کە دەچمە ئەو شارە دڵم دەکرێتەوە، هەست دەکەم دەچمەوە شاری سەقز.
شاری کرماشان: بەداخەوە نەمدیوە، بەڵام زۆرم خۆش دەوێ .
کێوی بەمۆ: نەمدیوە بیرەوەریشم لێی نیە. بەڵام کێوم هەر خۆش دەوێ چونکە وا هەست دەکەم پشت و پەنای پێشمەرگەی کوردستانن لە ڕۆژە سەختەکاندا.

کێوەکانی قەندیل: زۆرترین بیرەوەریی خۆش و ناخۆشم لە کێوەکانی قەندیل هەیە. یەکەم جار هاتنم بۆ کوردستانی باشوور بە کێوەسەختەکانی قەندیل دا هاتم. کە لە دوورەوە پێیان دەوتم دەبێ ئا لەو کێوانەوە سەرکەوین و بپەڕینەوە، سەرم سور دەما. پەڕینەوە و هەڵگەڕان بەو کێوانەدا، غرورێکی زۆریان بە من بەخشی. دەورەی سەرەتایی پێشمەرگایەتیم هەر لەو کێوانە دیوە، گەڕانەوەم بۆ

## ***کوێستان فتووحی: چارەنووسی ئێمەی ژن لەگەڵ سیاسەت گرێدراوە***

ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەی بۆکان هەر لە کێوەکانی قەندیلەوە بوو. بەفری زۆرو ڕێگا گیران، پێک هێنانی ژیانی هاوبەش، پەیتا پەیتا بۆمبارانی بنکەکانمان بە هۆی فرۆکەکانی ئێران و شەهید بوون و لێکدابڕانی چەندین هاوسەنگەری خۆشەویستمان، هەر لە قەندیل بوو. بە هەموو برین و ئازارەکانیەوە قەندیل بە پشت و

پەنای پێشمەرگەی کوردستان دەزانم. هیوادارم پێشمەرگە هەر بمێنێ بۆ ئەوەی قەندیل هەر بەسەربەرزی بمێنێتەوە.

***پرسیار: وەک دەزانین ئێوە لە سەرەتای هەشتاکانەوە بوونەتە پێشمەرگە سەرەتا دەمانەوێ باس لە تایبەتمەندییەکانی ژنی پێشمەرگە بکەیت؟***

*وەڵام:* ژنێک کە دەبێتە پێشمەرگە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە کە رەنگە لە ژنانی دیکەدا کەم بێت. پێش هەمووشتێک کەسێک دەتوانێ ببێتە پێشمەرگە کە لەبەرابەر سەختییەکانی ژیان و خەباتدا، ئازا ، نەترس، خۆڕاگر و بەئیرادە بێ. پێشمەرگەی ژن دژە باوە، چونکە سنووری تایبەتی بەزاندوە، بیروبۆچوونی زۆربەی کۆمەڵگای کوردستان ئێستاش کە ئێستایە پێشمەرگایەتی تەنیا بە ئەرکی پیاو دەزانێ، بەڵام ئەو بۆتە دژی ئەو روانگەیە. کەسێکە کە بەکەم قەناعەت دەکات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە هەوڵی باشترکردنی ژیان دایە. کەسێک کە دەبێتە پێشمەرگە بۆ ئامانجێک دەبێتە پێشمەرگە، بۆیە لە رێی گەیشتن بەو ئامانجەدا ئامادەیە فیداکاری بکات تەنانەت گیانی خۆشی دابنێ. پێشمەرگەی ژن ستەم لە هیچ کەس و لایەنێک قبووڵ ناکات، بەرابەریخوازە و خۆیشی لەپیاو بە کەمتر نازانێ.

***پرسیار: ئەی رۆڵی ژن لە کۆمەڵگای کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟***

*وەڵام:* کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگەیەکی ئاسایی نیە، بە هۆی ئەوەی هەمیشە رژێمە داگیرکەرەکان زوڵمیان لێکردوە بە هۆی ئەوەوە لە هەموو بارێکەوە لە هەژاری و دواکەوتوویی بە تایبەتی دواکەوتوویی فکری راگیراوە. بۆیە توندوتیژی و فەرهەنگی پیاوسالاری و عەشیرەگەری رێگەی نەداوە ژنان بەو جۆرەی دەبوو پێبگەن پێنەگەیشتوون، واتە لە زۆر بواردا هاوسان نەبوون لەگەڵ پیاواندا. بۆیە لەگەڵ ئەوەی ژنان لە زۆر بواردا خزمەتیان بە کۆمەڵگە کردوە، رۆڵیان هەبووە، بەڵام بەداخەوە بایەخ بە رۆڵیان نەدراوە. هەمیشە بە مرۆڤێکی پلە دوو سەیریان کراوە. بە خۆشییەوە ئێتسا ژنان لە زۆر بواری وەک خوێندن، کار و بەرپرسایەتی و خزمەتگوزاری دا نەخشی بەرچاویان هەیە. ئەی ئەوە رۆڵ نیە چیە؟ ژن وەرزێرە، مامۆستایە، دوکتورە، پەرستارە، خوێندکارە، نووسەرە، شاعیرە، خەباتکارە، لە هەمووی گرنگتر دایکە،.... بەڵام لەبیرمان نەچێ لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئێستاش لەگەڵ هەڵاواردن و بێمافی بەرەورووبە. ئێستاش تێڕوانینەکان پیاوسالارن. ئەم تێڕوانینەش

هەمیشە بە کەم نرخ لە رۆڵی ژن دەڕوانێ. بەڵام بزووتنەوەیەکی فکری لەناو کۆمەڵگەدا بەدی دەکرێ بۆ ئاڵوگۆڕ لە روانینەکاندا. ئەمەش بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی ئینسانە ئازادیخواز و بەرابەریخوازەکانە.

***پرسیار: کوردەکانی رۆژهەڵات تا ئێستا لە ژێر دەستی رێژیمی ئیسلامی ئێرانن، سیاسەتی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ژن چیە؟***

***وەڵام:*** هەر کەس کەمترین شارەزایی لەسەر ئەم رێژیمە هەبێ دەزانێ کە کۆماری ئیسلامی هەر لەیەکەم رۆژی هاتنە سەرکاریەوە بە سیاسەتی لاواردن لە د ژی ژنان دەستی بەکار کردوە. مانگی رێبەندانی ١٣٥٧ (١٩٧٩) شۆرشی گەلانی ئێران دژی رێژیمی پاشایەتی سەرکەوت و ئاخوندەکان دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت، هەر لە مانگی رەشەمەی ئەو ساڵەدا کۆمەڵێک بریاری کۆنەپەرستانەیان دژی ژنان دەرکرد. ٦ی رەشەممە یاسای پشتیوانی لە بنەماڵە، کە پەسند کراوی ١٣٤٦ی هەتاوی بوو و زۆر خاڵی باشی و پێشکەوتوانەی بە نیسبەت ژنانەوە تێدا بوو، هەڵوەشاندەوە. ١٢ی رەشەممە حەقی دادوەریی لە ژنان سەندەوە. ١٥ی رەشەممە هەڵوەشاندنەوەی یاسای چوونەسەربازیی ژنان و هێندێک ئەرکی دیکەی وەک قەزاوەت و...، هەڵوەشاندەوە. ١٦ی رەشەمە بە دەستووری خومەینیی رێبەری کۆماری ئیسلامی حیجابی زۆرەملی بەسەر ژناندا سەپا. ئەمانە و زۆر یاسای کۆنەپەرستانەی دیکە پەسند کران و ئێستاش لە پەسندکردنی گەڵاڵە یاسای دیکەی دژی ژن هەر بەردەوامە، بە رسمی و یاسایی ژنانی ئێران بوون بە هاووڵاتی پلەدوو. وەزعیەتی ژنان لە ئێران لە ژێر دەسەڵاتی ئەم رێژیمەدا هەر هەنگاوێکی هەڵیان هێناوەتەوە لە گەڵ بەربەستێکی بەهێز بەرورۆوو بوون بە ناوی یاسا.

***پرسیار: ماوەیەک لەمەوبەرکەمپەینی یەک ملیون ئیمزا لە ئێران رووی دا، بەشداری ژنان و کچانی کورد لەو کەمپەینەدا چۆنە؟***

***وەڵام:*** دەاتوانم بڵێم ئەم کەمپەینە هەڵقوڵاوی نێو بزووتنەوەیەکی سەراسەیی ژنانی ئێرانە و لە هەموو چینو توێژو نەتەوەیەک بە ژنانی کوردیشەوە تێیدا بەشدارن. تەنانەت رێژیم چەندین چالاکی کوردی گرت و زیندانی زۆریان بۆ برایەوە و یان تەبعیدی کردن و لە کوردستان دووری خستنەوە. بۆ نموونە دەتوانم ئیشارە بەو کچە کوردانە بکەم وەک هانا عەبدی کە تازە ئازاد بووە ونزیک ٢ ساڵ بوو لە زیندان دابوو، یان رووناک سەفارزادە، پەروینی ئەردەڵان، زێنەب بایەزیدی و... ئەمانە کورد بوون و چالاکی ئەو کەمپەینە بوون بەڵێ ئەوە نیشانەی

ئەوەیە ژنان و کچانی کوردیش چالاکانە بەشدارن لەو بزووتنەوەیەدا. یەکێک لە تایبەتمەندییە پۆزێتیڤەکانی ئەو حەرەکەتە ئەوەیە کە ژنانی هەموو چین و توێژ نەتەوە و ئایینێکی تێدا بەشدارە. ئەوانەی لەژێر سایەی دەسەڵات و یاسای ئەو رێژیمەدا دەژین خۆیان لەو حەرەکەتەدا دەبیننەوە.

ئەم کەمپەینە خەباتێکی ئاشتیخوازانەو بە دوور لە هەرچەشنیە توندوتیژییەک بەرێوە دەبات، لەگەڵ ئەوەی کە رێژیم زۆریش توندوتیژە لەگەڵیان, چالاکانیان زیندانی دەکا و هەرەشەیان لێدەکا و محروومیان دەکات لەسەفەر بۆ دەرەوەی وڵات و زۆر شتی دیکەی نارەوا بەرامبەریان دەکات، بەڵام ئەوان هەر ئەم شێوەی مەدەنییانە کارەی خۆیان درێژەداوە. خواستەکانیان گەڵاڵەکردوە کە یەکدەنگ خوازیاری ئاڵوگۆڕن لە یاساکانی ئێراندا وەک: یاسای زەماوەند، تەڵاق، بەشە ماڵ، شایەدیدان، سەر پەرستی منداڵ، سەفەر کردنو هێندێک خاڵی تر. ئەو یاسایانەی کە بە ئاشکرا ناعەدالەتی و نایەکسانییان تیایە.

شتێکی کە زۆر گرنگە ئەو کەمپەینە لە ماوە ئەو سێ چوار ساڵەدا بەرێوەیان بردوە، بە میتۆدێکی پێشکەوتوانە زانیاری گەیاندنە بە هەموو چین و توێژەکانی ژنان لە سەر مافەکانیان. ئەو چالاکانە بەم حەرەکەتە توانیویانە ویستی بەرابەریخوازی بەرنە نێو خەڵکەوە، بە گەڵاڵەکردنی داخوازییەکان و نیشاندانی فۆرمێکی کە لەوێدا روونی دەکەنەوە چیان لە دەسەڵات دەوێ و ئینجا داوای ئیمزا لەو کەسانە دەکەن کە گەڵاڵەکەیان قبووڵە. کۆکردنەوەی ئیمزاکان بۆ ئەوەیە لە مەسەلەکەیان تێبگەیەنن. ئەمە جگە لەوەی ئاگاهی دەدن بە خەڵک لەسەر مەسەلەکانی ژنان، پشتیوانییەکیش بۆئەو حەرەکەتە دروست دەکەن لەنێو کۆمەڵگەدا و بە ئاگاییەوە دیانەوێ پیاوسالاری لە کۆمەڵگەدا کەمرەنگ بکەنەوە.

***پرسیار: ئایا لە نێو حیزبەکانی رۆهەڵات دا ژن توانیویەتی وەک پێویست کاری سیاسی بکات؟***

***وەڵام:*** لە کۆمەڵگای کوردستاندا سیاسەت هەمیشە بە کاری پیاوانە زانراوە، زۆر لە ژنانیش باوەریان بەوە بووە، بۆیە کەمتر خۆیان لەم بوارەداوە. یان بواریان پێنەدراوە، یان گیرو گرفتی بنەماڵە و ئەرکی دایکایەتی ئەو مەجالەی لێسەندوونەتەوە. هەر چەند بەخۆشییەوە ئێستا ژنانێک هەن کە ئەم بۆچوونە رەت دەکەنەوە و جورئەتیان لەخۆیان نیشان داوە چوونەتە ئەو مەیدانەوە. ئەوان لەوە تێ گەیشتوون کە چارەنووسی ئێمەی ژن لەگەڵ سیاسەت گرێدراوە، ئەوە یاسا دانەرانن ژنیان تووشی ئەو چارەنووسە کردوە، بەردەوام پیاوان بەشدار

بوون لە دارِشتنی یاسا و سیاسەت و سیستمی وڵاتدا .

بۆیە هەر لە رێی سیاسەتیشەوەیە دەبێ ئەم چارەنووسەی کە بەسەریدا سەپاوە و کردوویەتە مرۆڤی پلە دوو بگۆڕێ. ژنان لەمە تێگەیشتوون کە دەبێ لە مەیدانی سیاسی دا نەخشیان هەبێ بۆئەوەی بتوانن لە یاساکان دا ئاڵوگۆڕ پێک بێنن، ژنی کورد بەشداری سیاسەت نەکات و نەیەتە ئەو گۆڕەپانەوە و بەشداری نەکات لە دارشتن و پێداچوونەوەی یاساکان بە ئامانجەکانی کە یەکسانیخوازی و دادپەروەرییە، ناگات.

لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی حیزبە سیاسییەکانو لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، هەتا ئەم ساڵانەی دوایی ژنان حوزوورێکی ئەوتۆیان لە پانتایی سیاسەت دا نەبووە. هۆیەکەشی پێش هەموو شتێک دەگەڕێتەوە بۆ ناهەموار بوونی هەلومەرجی سیاسی. زاڵبوونی دیکتاتۆری‌و، بە دیدی ئەمنییەتییەوە سەیر کردنی تێکۆشانی سیاسی، وای کردوە نەک هەر ژنان، بەڵکوو پیاوانیش بە پارێزەوە بۆ لای کاروباری سیاسی بچن. چونکە کاروتێکۆشانی سیاسی ئەگەر لە خزمەت ئامانج و بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی حاکم دا نەبێ، لە رێژیمێکی دیکتاتۆردا هەزینەی زۆری دەوێ. ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش بە سەرنجدان بەم راستییەو کۆسپە کۆمەڵایەتی‌و کولتوورییەکان، تا ١١ - ١٢ ساڵێک لەمەوبەر، لە مەیدانی سیاسەت دا نەدەبینران. بەڵام لە ١١ - ١٢ ساڵ لەمەوبەرەوە بە هۆی جۆراوجۆر، بۆ وێنە بە هۆی گەشەکردنی بزووتنەوەی ریفورمخوازی لە ئێران دا، پێگەیشتنی نەسڵی تازەی کچان و کوڕانی کورد کە رێگایان کەوتبووە زانستگەو زانستگەیان تەواو کردبوو و، گەشەکردنی هەست و شعووری نەتەوەیی، ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان چالاکانە هاتنە نێو کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری. لە هەڵبژاردنەکان وەک هەڵبژاردنی شوراکان، هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیس چ وەک کاندیداو چ وەک دەنگدان، دیارتر لە پێشوو خۆیان دەرخستوە. لە ﷺکان دا دەستیان بە کارو تێکۆشان کردوە.

دیارە ئەو بوارانەی ژنان ئێستا لە رۆژهەڵاتی کوردستان تێیدا چالاکن، زیاتر کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگین، وەک کاری نووسین‌و لێکۆڵینەوەو هەوڵدان بۆ دابینکردنی حوقووق و ئازادییەکانی خۆیان‌و نەهێشتنی جیاوازیی دژی ژنان. ئەمانەش بە بڕوای من هەر بە کاری سیاسی دەژمێردرێن. دیارە دەسەڵاتی ئێستا لەگەڵ ئەم کارانەش نیەو بەردەوام کۆسپیان بۆ دروست دەکاو ژنان هەزینەی زۆریان بۆ داوە .

بە کورتی ئەم بوارانە هەر ناوێکیان لێبنێین ژنان بە خۆشییەوە حوزوورێکی رۆژ بە رۆژ زیاتریان هەیەو ئەمە

دەتوانێ سەرەتایەک بێ بۆ هاتنی ژنان بۆ نێو کاری سیاسی لە ئاستی بەرزتردا.

بەڵام حوزووی ژن لە ناو حیزبەکانی رۆژهەڵاتدا دەتوانم بڵێم هەر لە ساڵی ١٣٥٨ (١٩٨٠)ەوە واتە دوای ئەوەی ئەو حیزبانە بە ئاشکرا خەباتی خۆیان راگەیاند، ژنان هاتوونەتەنێو ریزی حیزبەکانەوە. ئەمەش بە گوێرەی رێکخراوەکان جیاواز بووە. لە نێو هێندێک حیزبو رێکخراودا حوزووری ژنان دیارو بەرچاوتر بووە. بەڵام ئەو حیزبانەی موناسباتی نێوخۆییان نەریتیتر بووە، ژنان کەمتر روویان کردۆتە ئەوان. دیارە لەسەر یەک لە هەموو حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا ژنان لە ئاستی بەڕێوەبەریی‌و بڕیاداارن دا رۆڵو نەخشێکی ئەوتۆیان نەبووە. ئەمەش هۆکاری زۆری هەیە، دابونەریتی کۆمەڵگە و ئەو بەربەست و رێگریانەی لەسەر رێگەی ژن بووە نەیتوانیوە وەک پیاوان بەشدار بن خەبات و تێکۆشان لە ریزی ئاشکرای ئەو حیزبانەدا. یان هێندێک لەو حیزبانە فەرهەنگێکی پیاوسالاری زال بووە کەمتر ژنان روویان تێکردوون. ئەمە واقعییەتێکە، فەرهەنگی پیاوسالاری ناتوانێ وڵامێکی موسبەتی هەبێ بۆ رۆڵی ژنان لە هەر بوارێک دا. کە متر بایە خ بە رۆلی ژن دراوە. سیستمی پیاوسالاری لە نێویان دا زۆر زاڵ بووەو جگە لەوەی بەوجۆرەی پێویستە گرنگییان بە راکێشانی ژنان بۆ ریزی حیزبەکەیان نەداوە، لە بەڕێوەبەردنی دروشمەکانیشیاندا کەمکارییان کردوە، ئەگەر سەرنج بدەنە دروشمی حیزبەکانی کوردستان زۆربەیان باس لە بەرابەری و مافی وەک یەک بۆ ژن و پیاو دەکرێ بەڵام ئەمە هەر لە دروشمدا ماوەتەوە. لە موناسباتی نێوخۆییشیاندا کاریان بۆ جێگرتنی ئەو کولتووری لە دروشمەکاندا باسی دەکەن نەکروە. بەهەرحاڵ مەوقعییەتی ژنان لە نێو حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا، نەک هەر جێگای رەزایەت نیە، زۆریش جیگای رەخنەیە .

***پرسیار: پەرلمانی کوردستان رێژەی بەشداری ژنانی لە پەرلمان زیادکرد تۆ ئەو گۆڕانە چۆن دەبینی؟***

***وەڵام:*** بێگومان زۆر گرنگە بە لای منەوە، بە دەسکەوتێکی باشی دەزانم بۆ ژنان، بۆ هەموو کۆمەڵگە. لە هەر کوێ ژنان حزووریان هەبێ دەنگیشیان دەبێ، کاریگەرییان دەبێ لەسەر بڕیارات و پەسندکراوەکان. ئەمەش کاریگەری دەبێ لە سەر چارەنووسی ژنان. من دڵنیام ئەگەر پێشتر لە جیاتی ٢٥% ٣٠% ژنان لە پارلمان بوونایە رەنگ بوو یاسای فرەژنی پەسند نەبوایەتەوە. یاسای فرە ژنی بە یەکێک لە خاڵە پەسندکراوە هەر ناشیرینەکانی کاری ئەو پارلمانەی دەزانم . هەرچەند تا یەکسانیی تەواو بەدی نەیەت زوڵم و ناعەداڵەتی هەر دەمێنێ، بەڵام ئەوە بۆیە جێی دڵخۆشییە نزیک دەبینەوە لە ئامانجەکانمان. ئەوە هیوایەک دەبەخشێ بە بزووتنەوەی ژنان کە

هەوڵەکانیان بێئاکام نیە. ژنانی کورد لە پێناوی ئازادی کوردستاندا رەنج و ئازارو مەینەتی زۆریان چێشت، ئەوان شایانی مافی بەرابەرن لەگەڵ پیاوان، بەداخەوە تا ئێستاش مافەکانیان پێشێل دەکرێ. ژنان نابێ بەوندەش قەناعەت بکەن، هەوڵ و ماندوو بوون و ئازایەتی زۆرتری دەوێ بۆ گەیشتن بە یەکسانی و دادپەروەریو رێزگرتن لە مرۆڤایەتی. هیوادارم رۆژێک ئەندامانی پارلمانی کوردستان و بەرپرسان و دەسەڵاتبەدەستانی کوردستان هەموویان بۆ نەهێشتنی نابەرابەری و ناعەداڵەتییەکان و نەهێشتنی هەرچەشنە هەڵاواردنێکدا کار بکەن. بێگومان ئەوە بەرهەمی هەوڵ و خەباتی ژنان خۆیانە بۆ کۆمەڵگەی کوردستان. ئەم دەسکەوتانە تەنیا لەبەرژەوەندی ژناندا نیە بەڵکوو لەبەرژەوەندی کۆمەڵگە بەگشتی دایە.

***پرسیار: سەبارەت بە ژنانی دیموکرات و دەوریان لە خەباتی نەتەوەییدا چۆنە؟***

***وەڵام:*** ژنانی دیموکرات هەر ئەو چەند ژنە نین کە لە ریزی حیزبی دیموکرات دا پێشمەرگەن. بەڵکوو هەموو ئەوانەن کە ئامانجەکانی ئەم حیزبەیان قبووڵە و خەباتی بۆ دەکەن. بێگومان ئەوان لە هەموو دەوارانێک و لە هەموو کات و ساتێکدا دەوری موسبەتیان هەبووە و شان بە شانی پیاوان لە خەباتی نەتەوەییدا بەشدار بوون. لە کاری تەشکیلاتیو شانە نهێنییەکان دا، لە خەباتی شاخ و پێشمەرگایەتیدا، لە زیندانەکانی رێژیمە سەرکوتکەرەکانی کوردستاندا، دەوری زۆر موسبەتیان هەبووە و هەیەو لەو رێیەشدا بە هەزاران ژن گیانیان و عەزیزانیان لەدەست داوە. بەڵام بەداخەوە ئەگەر رۆڵیان دیار نیە، ئەگەر ناویان نیە، ئەگەر بەبێبایەخی چاو رۆڵ و نەخشیان دەکرێ، وەک هەموو بوارەکانی دیکە بیروبۆچوونی زاڵی پیاوان و ئەدەبیاتی پیاوسالارییە نەخشی ئەوانی بەشاراوەیی هێشتۆتەوە و نەهێڵراوە بەو جۆری کە هەن دەرکەون. ئەگینا زۆر روونە هیچ خەباتێک بەبێ بەشداری ژنان نەکراوە و ناکرێت و قەتیش سەرناکەوێت. با هەموو بزانن هەر حیزبێک لە رابردوودا گرنگی بە رۆڵی ژن نەدابێت لە ئێستا دا خۆی زیانی بینیوە. ئیتر کاتی دروشمدان تێپەریوە، ئێمە دروشممان ناوێ با هەموومان پێکەوە کار بۆ یەکسانی بکەین. نە ئێمە بەبێ پیاوان سەرکەوتوو دەبین نە پیاوانیش بەبێ ئێمە سەرکەوتوو دەبن.

## ژنانی ئێران لە شۆرشی ١٣٥٧ چیان دەسکەوت؟

شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی کۆتایی بە دەسەڵاتی ٢٥٠٠ ساڵەی ڕێژیمی پاشایەتی هێناو دەسەڵاتێکی ئیسلامی هاتە جێگای و خۆی بەسەر خەڵکی ئێراندا سەپاند. بە دامەزران و هاتنە سەرکاری نیزامی ئیسلامی لە ئێراندا دواکەوتووانەترین یاساکان بە دژی ژنان پەسند کران و گوتاری بنیادگەرایی پەرەی سەند و ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی ژنان زیاتر لە هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگە زیانیان پێبگا و زۆر لە مافە سەرەتاییەکانیان کە لە دەورانی ڕێژیمی پاشایەتیدا بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان دەستیان کەوتبوو، کەوتنە ژێر پرسیار، کەشوهەوای سڕینەوە و سەرکوتی ژنان دەستی پێکرد و نایەکسانی ڕەگەزی لە تەواوی بوارەکانی ژیانی ژناندا چووە دەستووری کارەوە.

ژنان ناچار بوون لە بەرابەر ئەو شەپۆلی گەڕانەوەیە و بڕیارە کۆنەپەرستانەکانی ڕێژیم و ڕێبەرە کۆنەپارێزەکەی دا ڕاوەستن و بکەونە بەربەرەکانییەوە. بۆیە دەکرێ بڵێین ئەگەر ئەمڕۆ ژنان و کچانی ئێران لە لقە جۆراوجۆرەکانی خوێندندا بڕوانامەی بەرزیان هەیە، ئەگەر ڕێژەی کچانی خوێندکار لە کوڕان زیاترە، ئەگەر ژنان لە بواری جۆراوجۆردا خەریکی کارکردنن و بەرپرسایەتییان (هەر چەند لە ئاستی جۆراوجۆردا) هەیە و بیروبۆچوونی سەربەخۆی خۆیان هەیە، ئەگەر خەڵاتی نۆبێلیان بە نسیب دەبێ و.... هەمووی بەرهەمی ئەو هەوڵ خەبات و خۆڕاگری و بەربەرەکانییەیە کە لە ماوەی ئەو ٣٠ ساڵەدا لە بەرانبەر ڕێژیمی ئیسلامی دا لەخۆیان نیشانیان داوە.

لێرەدا بە مەبەستی دەرخستنی دۆخی مافەکانی ژنان و پێگەی ژن لە کۆمەڵگە و بەڕێوەبەریی وڵات و بە گشتی سەرجەم بوارەکانی ژیان دا بەراوردێک لە نێو دوو سەردەمی پاش و دوای شۆڕشی ٥٧ دەکەین.

### دوای شۆڕش:

چەند نموونەیەک لەو یاسایانەی کە دوای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی لە دژی ژنان پەسند کران و بەڕێوەچوون:

١٣٥٨) هەڵوەشانەوەی یاسای پشتیوانی لە بنەماڵە

- بێبەش بوونی ژنان لە کاری دادوەری

- جیاکردنەوەی ژن و پیاو لە شوێنە (گشتییەکان، وەرزشییەکان، قوتابخانەکان و...

١٣٥٩) دوای پەسند کرانی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی نەخشی ژن لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵدا دیاری دەکرێ. بە دەست پێکردنی شۆڕشی فەرهەنگی، زانستگەکانی ئێران دادەخرێن. ژنان بەو مەرجە هەقیان هەیە لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا بەشداری بکەن کە ڕێوشوێنە ئیسلامییەکان بە باشی بەڕێوەبەرن.

١٣٦٠ رادەی ماف و ئازادییەکانی ژنان بە گوێرەی فتوای وەلی فەقیە دادەنرێ.

١٣٦١ بە پێی حوکمی ئیسلامی، ژنان مافی سەرپەرستی کردنی منداڵی شیرەخۆرە و جیابوونەوە لە هاوسەریان لێدەسێندرێتەوە. لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندییەکان دا کچ و کوڕ لێک جیا دەکرێنەوە.

١٣٦٢ گەشتەکانی پۆلیسی تایبەت بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ بێحیجابی دەست بەکار دەبن.

١٣٦٨ مافی پاوانکراوی مێرد بۆ تەڵاقی ژن بە پێی ڕێوشوێنی ئیسلامی بەڕێوە دەچێ.

١٣٧٢ ڕێگە بە ژنان دەدرێ وەک ڕاوێژکاری دادوەری لە دادگاکانی تایبەت بە بنەماڵەدا ئامادەبن.

## پێش شۆڕش

ئەو ماف ئازادییانەی ژنان کە پێش شۆڕشی ١٣٥٧ بە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچان و بەردەوامی خۆیان وەدەستیان هێنابوو بە بڕوای زۆر لە چاوەدێرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەو دەورانە لە وڵاتانی ئیسلامی دا بێوێنە بووە .

نموونەی هێندێک لەو دەسکەوتانە ئەمانە بوون:

١٣٠٧ - ١٩٢٨ ژنان بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات بۆرسی خوێندنیان پێدرا.

١٣١٤ - ١٩٣٦ دوای بڕیاری هەڵگرتنی حیجاب (کشف حجاب) یەکەمین قوتابخانەی تێکەڵاوی سەرەتایی کرایەوە.

١٣١٧ - ١٩٣٨ ژنان بە بێ هیچ گیرو گرفتێک توانیان بچنە زانستگەی تاران.

١٣٢٣ - ١٩٤٤ یاسای فێرکردنی ئیجباری پەسند کرا .

ـ شورای بەرزی کۆمەڵەکانی تایبەت بە ژنان دامەزران.

١٣٤١ - ١٩٦٣ ژنان مافی سیاسیی تەواویان وەرگرت.

١٣٤٢ - ١٩٦٣ ژنان بۆ نوێنەری مەجلیس هەڵبژێردران.

١٣٤٥ - ١٩٦٦ بە یەکگرتنی ئەنجومەنە جۆراوجۆرەکانی ژنان "ڕێکخراوی ژنانی ئێران دامەزرا"

١٣٤٦ - ١٩٦٧ دیاریکردنی ژن وەک کادری سیاسیی وەزارەتی کاروباری دەورەوە.

ـ ژنان بە پلەی مافی دادوەری لە دادگاکاندا و ئەندامەتی لە هێزی ئینتیزامی دا گەیشتن.

١٣٤٧ - ١٩٦٨ بەشدار بوونی یەکەمین وەزیری ژن لە کابینەی دەوڵەتدا.

ـ یاسای خزمەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ژنان پەسند کرا.

ـ یەکەمین ناوەندی ئاسوودەیی بنەماڵە لە لایەن ڕێکخراوی ژنانی ئێرانەوە کرایەوە.

١٣٤٧- ١٩٦٨ ژنان چوونە ریزی سوپاوە.

١٣٤٩- ١٩٧٠ ژنان بە ئەندامەتیی ئەنجومەنەکانی شار و شارستان و پارێزگاکان هەڵبژێردران.

١٣٥٤ - ١٩٧٥ باش کردنی یاسای پارێزگاری لە بنەماڵە. ـ ئێران لە کۆبوونەوەی نێونەتەوەیی ژنی ساڵ دا بەشداری کرد.

ـ یەکەمین ژن گەیشتە پۆستی راوێژکاری وەزیر لە کاروباری ژنان دا.

١٣٥٧- ١٩٧٨ گەلاڵەی کاروباری نەتەوەیی پەسند کرا.

لەو ساڵەدا دوو ملیون ژنی ئێرانی بە رەسمی کاریان دەکرد. ١٨٧٩٢٨ ژن لە زانستگەکان و لقە پسپۆرییەکاندا دەیان خوێند. ١٤٦٦٠٤ ژن کارمەندی دەوڵەت بوون، کە ١٦٦٦ کەسیان پۆستی بەرپرسایەتییان هەبوو. ٢٢ ژن نوێنەری مەجلیس، دوو ژن سەنا، یەک ژن وەزیر، یەک ژن سەفیر، سێ ژن جێگری وەزیر، یەک ژن فەرماندار، پێنج ژن شارەدار، ٣٣٣ ژن نوێنەری ئەنجومەنەکانی شار و شارستانەکان بوون.

# ستەم لە هەر فۆرمێکدا بێ دەبێ لەقاوبدرێ بکرێ

## نایەکسانیی رۆڵ و نەخشی ژن و پیاو لە کتێبە دەرسییەکانی ئێراندا

هەر کەس لە ئێران چەند کلاسێکی خوێندبێ زۆر بە ئاسانی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێ کە لە کتێبە دەرسی و فێرکارییەکاندا رۆڵی ژن بە کەم نرخێندراوە، یان هەموو کات تەنیا لە رۆڵی دایکایەتی و خزمەتکارێکی رازی و دڵسۆزی نێو بنەماڵەدا دەرکەوتوە. هەرچی وەبیر خۆمی دێنمەوە لە سەرەتای قۆناغی فێربوونی ئەلف و بێوە هەر ئەوە فێر دەکراین کە ئێمەی کچ لە داهاتوودا ببینە دایکێی باش و پشتیوان و خزمەتکارێکی رازیی پیاوانی بنەماڵە. چونکە ئەوە هەر پیاوە نانهێنەر و سەرپەرست و بەرپرسی بنەماڵەیە بۆیە ئێمەش دەبێ بە دروستکردنی چێشتێکی خۆش یان دروستکردنی هێلکەورۆنێکی خۆش وەک هێلکەورۆنەکەی "کەوکەب خانم" سفرەی بنەماڵە گەرم و رەنگین بکەین و دڵی هاوسەر و کورەکانمان خۆش بکەین! ئەمە نەخشی سەرەکی ژنان بوو لە کتێبە دەرسییەکانی ئێراندا: ئاشپەزێکی باش و بە سەلیقە و ژنێکی مهێرەبان و دڵسۆز. لێرەدایە دەیانەوێ ژنان بە هەنگوین بخنکێنن!!

کتێبەکان کۆمەڵگەیەکیان پیشان دەدا کە دوو نیوە بوو، نیوەیەک ژێردەست و نیوەکەی تریش هەموو کارێکی سەرەکیی بەئەستۆوە بوو. بوارەکانی زانست و فەرهەنگ و مێژوو و... هەر بەو بوو. مێژوو وای نووسیبوو پیاو سەرپەرستی بنەماڵەیە، نانهێنەری بنەماڵەیە، بەرپرسی بنەماڵەیە، کەواتە پیاو بڕیاردەر و دروستکەری ژیانە. بمانەوێ و نەمانەوێ ئەمە کاریگەریی لە سەر ژیانی هەموو مرۆڤەکانی ئەم وڵاتە داناوە.

لە سیستمی سوننەتیی وڵاتی ئێراندا فێرکردن لە سەر بنەمای جنسییەت بووە، بۆ نموونە ژنان فێری ماڵداری کراون، ئەمە بە نەخشی سەرەکی ئەوان دانراوە. هەر چەند کتێبە دەرسییەکان لەم ساڵانەدا ئاڵوگۆڕشیان بەسەرداهاتوە، بەڵام ئاڵوگۆڕەکان زۆرتر لە رووکەش و شێوەی چاپەکەدا بووە نەک لە نێوەرۆکەکەیدا.

لەم چەند ساڵەی دواییشدا هەر لەم بارەیەوە دەستەیەکی پێنج کەسی لە خوێندکارانی ئێران لە ئەمریکا لە ژێر چاوەدێریی ئەندامانی هەیئەتی زانستیی زانکۆکانی کانادا، نیویۆرک، مریلەند و پاریس، لێکدانەوە و

هەڵسەنگاندنێکیان لەسەر کتێبە دەرسییەکانی ئێران کردوە. لێکۆڵینەوەکەیان لەسەر ١٠٠ کتێبی دەرسی لە ساڵی یەکەمی قوتابخانەوە تا کۆتایی ساڵی دواناوەندی (دبیرستان ص

بووە. ١١٠٠٠ لاپەڕی کتێبی دەرسی و ٣٣٠٠ وێنە لەو کتێبانەیان خستۆتە بەرسەرنج و لێکدانەوە.

دوکتور سەعیدی پەیوەندی، مامۆستای زانستگای پاریس، لێکۆڵەر و کارناسی بواری فێرکردن لە ئێرانە. ناوبراو یەکێکە لە ئەندامانی هەیئەتی زانستیی ئەو لێکۆڵینەوەیە. لە بارەی وەزعی فێرکردن و پەروەردەی کچان لە ئێران دا دەڵێ: "ئەگەر لە پێنج شەش مانگی رابردوودا چەند هەواڵ لە بارەی ئەو مەحدوودییەتانەی لە ئێران بۆ کچان بڵاو بۆوە و لەوانەش گەڕێین کە لە رابردوودا لە سیستمی پەروەردەی ئێراندا هەبووە، بە بڕوای من هەرکەس دەتوانێ بەو ئاکامە بگا کە لە ئێران لە جیاتی ئەوەی شاهیدی هێندێک کار بۆ باشتر بوونی هەلومەرجی فێرکردنی کچان بین، دەبێ بڵێین ئێران بەنیسبەت وڵاتانی دیکەی جیهان بە پێچەوانەوە هەنگاوی هەڵێناوەتەوە. پەیوەندی لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: هەموو پەسندکراوە گرنگە نێونەتەوەیی‌یەکان لە بواری فێرکردن و مافی مرۆڤ و لاواندا، بەرامبەر بە مەسەلەی یەکسانیی ژن و پیاو لە فێرکردنی دەورانی سەرەتایی تا کۆتایی دەورانی فێرکردنی بەرزدا پێداگرییەکی تایبەتی هەیە. بەڵام لە ئێران شاهیدین کە بەپێچەوانەوە ئەم رەوتە تێپەڕ دەبێ و بیروبۆچوونی تازەتر بۆ چەسپاندنی هەڵاواردنەکان گەڵاڵە دەکرێن.

دوکتور پەیوەندی دەڵێ: "ئەو لێکۆڵینەوەی لەسەر کتێبە دەرسییەکان بەڕێوە چووە، نیشان دەدا کە کتێبە دەرسییەکانی ئێران پڕهەڵاواردنترین کتێبەدەرسییەکانن لە بارەی ژنەوە لە تەواوی جیهاندا. رەنگە لە جیهاندا تەنیا عەرەبستانی سەعوودی و یەمەن لە ئێران خراپتر بن."

ئەو هەڵاواردن و نابەرابەرییانە لە کتێبە دەرسییەکاندا زوڵمێکە کە لە ژنانی ئەم وڵاتە کراوە. راستەخۆ و ناڕاستەوخۆ فێری نەسڵەکان کراوە کە ژن مرۆڤێکی پلە دوویە و دەبێ پلە دوو بێ! ئەوە راست ئەو ئامانجەیە کە پیاوانێک نایانهەوێ بوونی ژنێکی سەرکەوتوو لەپەنا خۆیاندا تەحەممول بکەن و هەوڵ دەدەن بە هەر شێوەیەک بێ ئەو سیستمە کۆن و سوننەتییە لە فێرکردن و پەروەردەکردندا بهێڵنەوە. بەرپرسانی حکوومەتی ریاکارانە بەسەر ژناندا هەڵ دەڵێن "ئەوان تاجی سەری ئێمەن"، "یان چیمان هەیە لە دژی ئەوان بیڵێین". بەڵام ئەوەی لە کردەوەدا دەیکەن هەمووی لە دژی ژنانە. ئەو وێنەی ئەوان لە ژنیان دروست کردوە لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەمڕۆ زۆر

جیاوازە. ئەمڕۆ کچان و ژنان لە ئێران بە جۆرێکی دیکە ناوی خۆیان لە مێژوودا تومار دەکەن. "مرۆڤێکی ئازاد و یەکسانیخواز". مرۆڤێک کە هیچ هۆیەک نابینن بۆ ئەوەی پلە دوو بمێننەوە و نادیار بن لە مێژوودا.

ئەوان هەر ئێستا تواناییەکانی خۆیان لە هەموو بوارەکانی کار، ژیان، خوێندن و خۆپێگەیاندن لە ئێراندا دەرخستوە و، ئەوە بۆخۆی نیشانەی باشترین هەڵوێست گرتنی ژنان لە ئێران بەرامبەر ئەو بیرو بۆچوون و فێرکردنە سەقەتەیە کە بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە خوازیارین.

دوکتور پەیوەندی لەم بارەیەوە دەڵێ: "بە وردبوونەوە لە ڕێژەی ژنانی ڕۆماننوس، شاعیر، وێنەکێش و فیلمساز و... کە لە هێندێک بواردا ڕێژەیان لە پیاوانیش زۆرترە، ئەمە سەرەڕای ئەوی بواری کار بۆ ئەوان زۆر سەختتریشە و بە سەرنجدان بەو ڕێگری و گیروگرفتانەی لە سەر ڕێیانە لە هەموو بوارەکاندا شاهیدی پێگەیشتووی کۆمەڵگەی ژنان لە ئێرانین. بە تایبەت لە بەشی بەرهەمهێنانی فەرهەنگ، زانست و بەشداری زانستی و... ئەوە شتێکە کە بەرپرسانی حکوومەتی چاوەڕوانی نەبوون. دوکتور پەیوەندی باس لە ئامارێک دەکا و دەڵێ: "لە هەر سێ دوکتورێک کە لە زانستگا بادرێن، دوو کەسیان ژنن. لە سێ دەرچووی لقەکانی زانستی، دوویان کچن. لە چوار دەرچووی لقەکانی هونەر، سێ کەسیان کچن. ئەوانە بە تایبەت بۆ ئەو بەشە لە حاکمییەت، خۆش نیە و چاوەڕوانیشیان نەدەکرد وای لێبێ. هەر بۆیە لە هەوڵێ ئەوەدان پێشی ئەو ئاڵوگۆڕە بگرن کە گەلاڵەی سەهمییەبەندی جنسییەتی یەکێک بوو لەوان ."

بەڵێ ئیتر ئێستا هەر پیاوان نانهێنەر و بەرپرسی بنەماڵە نین.... ژنان لە ئێران ڕێگەی خۆیان دیوەتەوە و هیچ هێزێکیش ناتوانێ پێشیان پێبگرێ.

## ژنانی خوێندەواری پارێزگای کرماشان و کێشەو گرفتی کارکردن

نووسینی: کاوە کرماشانی

وەرگێران لە فارسییەوە: کوێستان فتووحی

بە چاولێکردن لە ئاگادارییەکانی دامەزران، لە رۆژنامە سەراسەری و حەوتووانەکانی پارێزگای کرماشان دەردەکەوێ کە ژنان بە گشتی ژنانی خوێندەوار بە تایبەتی، لەو ئاگاداریانەدا جێیان نیە.

ئەگەر تاکەکانی خوێندەواری کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵ دا کەڵکیان لێوەرنەگیرێ یان نائۆمێد دەبن یان دەبێتە هۆی بەدینەهاتنی ئەمنییەتی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی. یان نارازی دەبن کە بەو شێوەیەش تێکەڵاوی دەستەبەندییە سیاسییەکان دەبن و دەبنە هەڕەشەیەک بۆ سەر وڵات. فەرقوجیاوازی دانانی کاری تەنیا بە هۆی ژن بوون، هەر ئەو شتەیە کە تووڕەییەکی لەرادەبەدەر لە ناخی ژناندا پێک دێنێ بە تایبەت ئەگەر ژنان بڕوانامەی خوێندنیان هەبێ و بێکار بن و بە هۆی نەبوونی واستە (پارتیبازی) دەستیشیان لە جێیەک بۆ دیتنەوەی کار گیر نەبێ. هەر لەم بارەیەوە لەگەڵ ژمارەیەک لە ژنانی خوێندەواری کرماشانی وتووێژێکمان پێک هێناوە کە سرنجتان بۆی رادەکێشین:

بەهارە بڕوانامەی لە لقی ژمێریاریدا هەیە، دەڵێ: "سەرماوەزی ١٣٨٦ لە رۆژنامەی "همشهری"دا چاوم بە ئاگاداریی دامەزران لە بانکی پارسیان کەوت. دەقی ئاگادارییەکە بەم شێوەیە بوو: دامەزرانی ژمارەیەک لەو خاوەنانی بڕوانامەی خوێندنی لیسانس و سەرتر پیاو! لە لقەکانی ژمێریاری، ئابووری، مودیرییەت، کامپیوتێر و بیرکاریی،"کاربردی" بۆ ئەو لقانەی لە حاڵی کرانەوەدان هەرچی بیرم کردەوە بۆ هەر پیاوان؟ هۆیەکەم نەدیتەوە. ئاخەر نە ئەو لقانە بە کاری قورس دێنە ئەژمار، نە شوێنی کارەکە لە جێگەیەکی دوورەدەستی وڵاتە کە لە باری ئەمنیەتییەوە ترسی لەسەر بێ تا بڵێین بانک لەو بارەیەوە هەست بە بەرپرسیارەتی دەکا!

هەرچەند مافی هەڵبژاردن بە کەسی داواکاری دامەزرانە ژن بێ یا پیاو هەموو ئازاد و موختارن و سەرپەرست (قیم)یان ناوێ. خۆ پسپۆرییەکانیش ئەوە نین لە روانگەی گونجاویی رەگەزییەوە لەگەڵ گیرو گرفت بەرەوروو

بێ. کاریش شەرافەتمەندانە و مەشرووعە کە لەو بارەیەوە لە نێوان ژن و پیاودا جیاوازییەک نیە. ئەوە هەر هەمان فەرقوجیاوازیی رەگەزییە. هەر ئەو مەسەلەیەیە کە ژنانی پێشڕەوی ئێران و رێکخراوە ناحکوومەتییەکانی ژنان نارەزایەتییان لە دژی هەیە و تێدەکۆشن ئەمە نەمێنێ. وا وێدەچێ خزمەتی راستگۆیانەی ژنان نەبینرێ بەم جۆرە ئاگادارییانە سووکایەتی بە ژنان دەکرێ.

**بەهارە دەڵێ:** بەهۆی فەرقوجیاوازی دانان لەو بانکە، حیسابی خۆم لەوێ بەست و بۆ بانکێکی تر چووم.. رووی قسەم لە کارفەرماکانی بەشی تایبەتییە. کاری بەشی تایبەت تەنیا قازانج وەسەریەکنان نیە. ئەو بەشە لە تەواوی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا بەرپرسایەتی هەیە. بەرپرسایەتیی کۆمەڵایەتی یانی هاوبەشی کردن لە نەهێشتنی هەژاری، خەبات لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کە زیانیان هەیە، چەسپاندنی دادپەروەری و بە تایبەت دادپەروەری رەگەزی.

**نێرگس کە دەرچووی لقی کامپیوتێرە (رەق ئامێر)ە دەڵێ:** لە وڵاتانی پێشکەوتوو دامەزراوەکان بە شانازییەوە ئاگاداری و بەیاننامەکان لە بست بە بستی داروديواری خۆیان دەدەن. ئەو جۆرە دامەزراندنە لەهەرچەشنە فەرقوجیاوازییەکی جینسی، نەتەوەیی، رەگەزی، دینی و... بەدوورن. ئەوان لەو کەسانەی سەردانیان دەکەن داوا دەکەن هەر جۆرە لادان و هەڵەیەک کە دێتە پێش بە بەشی پێراگەیشتنی بدەنەوە. کاتی ئەوەیە کە بەشی تایبەت (خصوصی)ی ئێمەش تەکانێک لەخۆی بدا. تەنیا چوونەسەری ژمارەی (سهام) لە بورس و زیادبوونی ژمارە و لوکس کردنی نامنتقیی لقەکان، نابێتە هۆی شایستەیی دامەزراوێک. خەڵک جۆرێکی دیکە قەزاوەت دەکەن.

**شیرین دەرچووی بێکاری کارناسیی** بەرزە لە لقی کامپیوتێرە، دەڵێ دووساڵە بڕوانامەی خوێندنم وەرگرتوە. بەڵام بە بیانووی جۆراوجۆر و لەبەر دامەزرانی پیاوان و... تا ئێستا نەمتوانیوە لە شیرکەتە دەوڵەتی و تایبەتییەکان دابمەزرێم. ئەمڕۆ بێکاریی ژنان وردە وردە خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی. تەنیا لایەنی ماددیی کار نیە کە گرنگە، کار پێناسەیە، گەشەکردنە، سەربەخۆییە. نابێ لە جیاتی دابینکردنی کار و ئەمنییەتی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی ژنان لە شوێنی کار، ئەم شانسە بە بیانووی جۆراوجۆر لە ژنانی خوێندن تەواو کردوو بسێندرێتەوە.

ئەستاندنی شانسی دامەزران لە کۆمپانیا و دامەزراوە گەورەکان لە ژنان، ئەوان بەرەو لای کۆمپانیا چووکە و

تاکەکەسییەکان دەبا کە روون نیە لەو حاڵەتەدا چییان بەسەر دێ. ئێمە زۆر باشتریش لە پیاوان دەرسمان خوێندووە ، هەتا مافی خۆمان وەرنەگریین ئارام ناگرین و ناحەسێینەوە.

فەریبا پسپۆری ژمێریارییە. چوار ساڵ بەدوای کاردا گەڕا و دەستی نەکەوت. ناچار بوو کارگەیەکی دروومان (خەیاتی) بکاتەوە. مریەم خوشکی فەریبایە ساڵی ئاخری موهەندیسی کامپیوتێرە. ئەویش ماوەیەکی زۆر بەدوای کاردا گەڕا بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. مریەمیش چوو فێری خەیاتی بوو بۆ ئەوەی ئەویش لە کۆتاییدا هەمان کار بکا.

نەسرین: بانکی سادراتی کرماشان ٥ کەسی دەویست ژمارەیەکی زۆر کەمئەندامانی شەر (جانباز) و ئیسارگەر و بەسیجی داواکاری دامەزران بوون. تەنیا یەک کەس لە بەشی نێوخۆیی پارێزگا دەویست. من لە تاقیکارییەکەمدا زۆر باش بووم. بەڵام هەر نەمزانی کێ دەرچوو و چ رووی دا.

فەریبا: لە دادگوستەری راگەیاندرا پێویستیان بە نەفەرە. خوشکەکەم لە تاقیکردنەوەکەدا دەرچوو. پێیان گوت تۆ لە ئازموونی دەورەیی بەشداریت نەکردوە! لە حاڵێکدا ئەو ساڵی ٨٦ خوێندنی تەواو کردبوو و ئاخرین فێرکردنی دەورەیی دەورەکە ٨٣ بوو. ئەو کاتە ئەو هەر بڕوانامەی زانکۆی نەبوو تا بچێ لە ئازموون (تاقیکردنەوەی) دەورەییدا بەشداری بکا. بەڵام کوڕێک کە تاقیکردنەوەی دابوو و تەمەنیشی زۆر زۆرتر بوو، کەچی ئەویان وەرگرت. دوای ئەوەی کوڕەکە ئیستعفای دا، ئەوجار خوشکەکەمیان قبووڵ کرد. یانی لە هەلومەرجی وەک یەکدا ئەولەویەت دەدرێ بە پیاوان.

مینا بڕوانامەی ئینگلیسی هەیە پێشتر لە تاران کاری وەرگێڕانی دەکرد و دوایە هاوکاریی لەگەڵ چاپەمەنییەکان دەست پێکرد. پاشان گەڕایەوە کرماشان. ئەو دەڵێ چاپەمەنییەکانی ئەو پارێزگایە قسەی دڵی خەڵک ناکەن. بەهەر حاڵ مەسەلەی ماددیی ئێمە زۆر گرنگە و راندومان (بازدەهی) تایبەتمان نیە.

## لەگەڵ کارناسان

دوکتور مەنسوورە ئەعزەم زادە، مامۆستای زانستگەی "الزهرا"، لەسەر ئەو باوەڕەیە کوڕان بە هۆی گیروگرفتی

ماددیی وایان پێباشە زووتر بچنە نێو بازاڕی کارەوە و بەڵام بە رواڵەت ئەوە بۆ کچان بە هۆی داخراوبوونی مەیدانی کار بۆ ئەوان روونادا. لە حاڵێکا مەیلی ماددی بۆ زۆربەی تاکەکان قسەی یەکەم دەکا، ژنان بەو رادەیە لە بیرکردنەوە گەیشتوون کە دەتوانن زیاتر سەرقاڵی بابەتە فەرهەنگی و فێرکارییەکان بن. چوون بۆ زانستگە، نە بە شێوەیەکی تەواو، بەڵام تا رادەیەک دەتوانێ ئەو ئیمکانە پێک بێنێ. دوکتور ئەعزەم زادە ئیشارەی بە گریمانەی "زاڵ بوونی پیاوانە" کرد و وتی: پیاوان بە خوێندەواریی کەمیشەوە هەوڵی زیادتر کردنی سەرمایەی ماددی بنەماڵەیان دەدەن لە حاڵێک دا ژنانی خوێندەوار هەوڵ دەدەن سەرمایەی فەرهەنگیی بنەماڵە ببەنەسەر.

**دوکتور فکوهی، یاریدەدەری مامۆستای زانستگەی تاران و مامۆستای کۆمەڵناس** لە سەر ئەو باوەڕەیە کەسێک کە دەچێتە زانستگا، دەستی بە بازاڕی کار ڕاناگا. لە ئێران مەسەلەی خوێندن بۆ کچان بۆتە سەرمایەیەک کە ئەمە شتێکی ئەرێنییە. بەڵام دەبێ لەگەڵ بەشەکانی دیکەش وەک کار پەیداکردن هاوئاهەنگ بێ. نابێ کۆمەڵگەیەکمان هەبێ کە لەودا کار بۆ ژنان ١٢% بەڵام خوێندیان ٧٠% بێ. ئەو وەزعییەتە دەبێتە دروست بوونی قەیرانی کۆمەڵایەتی.

**دوکتور عەلی ئەسغەر سەعیدی، بەرپرسی دەستەی بەرنامەڕێژیی زانستگەی تاران، دەڵێ:** لە خوارەوەبوونی رێژەی کاری ژنان لە ئێران لەچاو هێندێک لە وڵاتانی دیکە، جێگەی سەرنجە. بەو پێیە پێکهێنانی هاوئاهەنگی لە نێوان زانستگە و بازاڕی کاردا دەتوانێ گرفتەکە چارەسەر بکا.

**دوکتور مەسعوود کەوسەری، مامۆستای زانستگە، دەڵێ:** سیستمی کاری ئێستا ئیتر وەڵامدەر نیە. پێناسەی کاری پیاوانە و ژنانە دەبێ بگوڕدرێ و کۆمەڵگە دەبێ ئامادەی بەشداریی ژنان لە هەموو بەستێنەکان دا بێ و، جنسییەتی کار بە قازانجی ئەوان دەبێ ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ.

**فەرزانە نیکو بوریش، مامۆستای حەوزەی عیلمیە دەڵێ:** دەبێ بوار بۆ هاتنی خوێندەواران بۆ بازاڕی کار خۆش بکرێ. ئەو ئاماژە بەو سەقفە شووشەییە، یانی باوەڕە پیاوسالارییەکان دەکا کە ڕێگرە لەبەردەم پەرەسەندنی کار بۆ ژنان دا و دەڵێ: لە حاڵێکدا کە لە سەدا ٢٤ی کارمەندانی حکوومەتی ژنن، تەنیا ٣% بەرپرسانی سەرەوەی بەرزی سیستم لە ژنان پێک هاتوون. ئەو سەڵتی (تجرد) و بێکاریی لە دەرکەوتە نێگەتیڤەکانی خوێندنی ژنان زانی.

**دوکتور محەممەد قانعی راد:** هێندێک بە جۆرێک قسە دەکەن کە گویا کچان بۆ گەڕان بە شوێن کاردا چوونەتە زانستگە. لە حاڵێکدا ساڵی ١٣٣٥ەوە تا ساڵی ١٣٨٥ ئاماری ژنانی خوێندەوار لە ٨ لەسەدەوە گەیشتۆتە ٧٥ لەسەد. بەڵام کاری ژنان تەنیا لە ٩ لەسەدەوە گەیشتۆتە ١٢ لەسەد و پەرەسەندنی دڵخواز بەدی نەهاتوە.

دوکتور سارا شەریعەتی، مامۆستای زانستگەی تاران: چوونی ژنان بۆ زانستگە گرنگ نیە. گرنگ تەواو کردنی خوێندنیانە. لەویش گرنگتر ئەوەیە کە چ ڕێژەیەک لەو خوێندکارە تەواوبووانە تێکەڵاوی بازاڕی کار دەبن. هەموو دەگەڕێن بە دوای تاوانباردا. کۆمەڵگەی ئێمەش تووشی قەیرانی بێکاری و قەیرانی بنەماڵە بووە و ژنانێک کە دەچنە زانستگە بەوە تاوانبار دەکرێن کە گۆیا ئەوان هۆکاری لێک هەڵوەشانی بنەماڵەن. ئورووپاییەکانیش بیانییەکان لە قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانیاندا بە تاوانبار دەزانن. لە حاڵێکدا ئەو قەیرانانە پێوەندییان بە زۆر هۆکاری جۆراوجۆرەوە هەیە.

بەهەرحاڵ ئەوە راستییەکە حاشای لێناکرێ رێژەی بێکاری کچانی خوێندەوار دوو بەرابەری کوڕانی بێکارە. چ بمانەوێ و چ نەمانەوێ، ژنانی خوێندەوار خواست و داخوازییان هەیە، ناکرێ ئەو خواستانە بێ وڵام بهێڵرێنەوە. کارفەرمایانی بیرتەسکی پیاو لە چوونی ژنان بۆ بازاڕی کار پێشگیری دەکەن. بازاڕی کارێک کە لە پاوانی پیاوان دایە و ژنان تەنانەت لە کاتی کار پێدانیش دا دەخەنە ژێر ئەمر و فەرمانی خۆیان.

بەهەر حاڵ لە روانگەی دادپەروەرییەوە دەبێ بوار بۆ سوودگەیاندنی تاکە خوێندەوارەکان لە کۆمەڵگەدا خۆش بکرێ و سەرئەنجام ئەوە کە ژنان نیوەی حەشیمەتی وڵات پێک دێنن کە مالیات دەدەن و خاوەنکارەکان مافی ئەوەیان نیە کە بە پێی ئیشتیا و سەلیقەی خۆیان پێش لە چوونی نیوەی حەشیمەتی وڵات بۆ بازار بگرن.

---

## پرسی ژنان لە "کوردستان"دا

حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە پەیامێکی بۆ ژنان پێبوو کە بریتی بووە: (پێویستە ژنانیش لە بوارەجۆراوجۆرەکاندا نەخشیان هەبێ، بێنە مەیدانی خەبات و تێکۆشانەوە). بەڵام ئایا حیزب تا

**چەند لە لە پێناو پەیامەکەی خۆیدا ئاوڕی لە پرسەکانی ژنان داوەتەوە؟**

**ڕۆژنامەی کوردستان ئاوێنەی بالانوێنی بیرو ئەندیشەی حیزبی دیموکراتی کوردستان تا چەند بایەخی بە پرسی ژنان داوە؟ پرسی ژنان پرسێکی بنەڕەتیی کۆمەڵگەی کوردستانە بۆیە پێوەندیی بە لایەنی خەباتی حیزبی دیموکراتیشەوە هەیە. حیزب لە هەر سەردەمێکدا لە پرۆگرامی خۆیدا ژنانی لەبیر نەکردوە، بەلام لە پراکتیکدا ئەم پرسە یەکێک بووە لە پرسە پاشکۆ و پەراوێزخراوەکان لە ژیانی سیاسی حیزبدا.**

**ئەگەر بێلایەنانە سەرنج بدرێتە راگەیەنەکانی حیزب و بەتایبەت ڕۆژنامەی کوردستان کە زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستانە، بە روونی ئەم بۆچوونە دەسەلمێ. هەرچەند ئەم بابەتە لایەنی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی نیە. چونکە زۆربەی ژمارەکانی رۆژنامەی "کوردستان"م لەو کاتەدا لەبەردەستدا نیە تا ئەم لایەنە بە باشی هەڵسەنگێنم، بەلام وەک کەسێک کە زیاتر لە ٢٠ ساڵە خوێنەری رۆژنامەی کوردستانم، هەموو کات سەرنجم داوەتە لاپەڕەکانی و ئەگەر هیچیشم لەم بارەوە لەدەست نەهاتبێ، بەلام پرسی ژنان یەکێک بووە لە خەمە سەرەکییەکانم. بۆیە ئەوەی لێرەدا دەینووسم دید و بۆچوونی تایبەتی خۆمە بەپێی ئەو ئاشنایەتییە کە لەگەڵ ئەم رۆژنامەیەم هەیە.**

**زاڵبوونی عەقڵیەتی پیاوەمزنی لە هەموو بوارەکانی کار و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە رابردوودا وای کردوە کە پرسی ژن لە گوتاری حیزبدا لە نزمترین ئاست دا بێ. دیارە ئەمە مێژوویەکە ناکرێ تەنیا لە حیزبی دیموکرات دا بیبینین. رۆژنامە یان هەر راگەیەنێکی دیکەی هەر حیزبێک، سیاسەت و رۆشنبیریی ئەو حیزبە لەسەر مەسەلە جۆراوجۆرەکان بۆ خوێنەر یان بەردەنگەکانیان دەردەخا. لێرەدا ناڵێم رۆژنامەی کوردستان لە سەر پرسی ژن قسەیەکی پێ نەبووە، بەتایبەت لە دورەکانی پێشووتری ژیانی ئەو رۆژنامەیەدا بە لەبەرچاوگرتنی فەرهەنگی ئەو کاتی کۆمەڵگەی کوردستان کە فەرهەنگێکی عەشیرەیی و دواکەوتوانەی بووە. بەوحاڵەش ئەگەر لە بۆنە جۆراوجۆرەکانیشدا ئاوڕێکی لە مەسەلە و کێشەکانی ژنان دابێتەوە گرنگ و جێگەی پێزانینە. بەلام ئەگەر رەوتی ئەم سالانەی دوایی رۆژنامەی "کوردستان" لەو بارەیەوە هەڵسەنگێنین بەلەبەرچاوگرتنی خواست و دەرفەتەکان بۆ ژنان لەم سەردەمەدا رەخنەی لەسەرە. ناکرێ بەوندە قەناعەت بکەین کە رۆژنامەی "کوردستان" تەنیا لە بۆنە جۆراوجۆرەکانی وەک ٨ی مارس، دامەزراندنی یەکیەتیی ژنان، ٢٥ی نوامبر و... وەبیر کێشەکانی ئەم توێژە بێبەشەی کۆمەڵگەکەمان بکەوێتەوە.**

هەرچەند ڕۆژنامەی کوردستان بەو خسڵەتە تایبەتیەیەوە کە تا ئەمڕۆ هەیەتی وەک: گرنگیدان بە مەسەلە نەتەوایەتییەکان، هاندانی خەڵک لە دژی دوژمنانی داگیرکەر و هەواڵ و زانیاری لەسەر خەباتی نەتەوەیی و دواتر لە شاخ و تاراوگە دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە، ڕەنگە زۆر چاوەڕوانی ئەوەی لێنەکرێ بەباشی بپرژابێتە سەر هەموو لایەنە کۆمەڵایەتییەکان، پەروەردە و... بەڵام کێشەی ژنان لە کۆمەڵگەدا گرنگە و بەتایبەت بۆ حیزبێکی نەتەوەیی و مۆدێرن و پێشکەوتنخواز دەبێ بەشێک بێ لە خەباتەکەی. بە باوەڕی من هەر حیزبێک لە هەر دەورانێک و سەردەمێک دا ئەگەر لایەنێک یا بەشێک لە کومەڵگەکەی خۆی لەبیر بکا و کێشەکانیان نەکاتە خەمی خۆی، بە دڵنیاییەوە ئەگەر ڕۆژێک سەریش کەوت و چووە نێو دەسەڵاتەوە، ئەو بەشە لە کۆمەڵگە لە ژێر سایە و دەسەڵاتی ئەو حیزبەدا ڕەوشێکی تەندروست و ئاسایی نابێ. پرسی ژنان وەک کێشەی ژنان لە دنیای پیاوسالاریدا پێناسە کراوە. ڕۆژانە بە شێوەی جۆراوجۆر مافەکانیان لەم دنیا پیاوسالارییەدا پێشێل دەکرێ، بۆیە بێدەنگ بوون لەوبارەیەوە، شەرعییەت دانە بەم کولتوورە.

لێرەدا بۆیە باس لە حیزب دێتە گۆڕێ چونکە ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانێکی حیزبییە و سیاسەت و بیرو روانگەکانی حیزب و کەسایەتییە حیزبییەکانی تێدا بڵاوبۆتەوە، هەربۆیەش چاوەڕوانییەکە لە حیزبی دیموکراتە کە بوارێکی دروست بکردایە کە نووسەران و بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکە لە رابردوودا پرسی ژنانیشیان بە گرنگ بزانیایە و بیانکردایەتە یەکێک لە خەمەکانی خۆیان. ڕاستە کێشەی سیاسیی کورد، پرسی سەرەکیی ڕاگەیەنی حیزبێکی سیاسیی کوردە، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نیە حیزبی سیاسی کێشەی نیوەی کۆمەڵگاکەی پشت گوێ بخا، بە ناوی ئەوەی کێشەی تایبەتی ژن کێشەی خۆیانە! ئەم بیرکردنەوەیە لەلایەن هەر کەس و لایەنێکەوە بێ نادروستە. کێشەی ژنان لە هەر کۆمەڵگەیەدا پێوەندیی بە چارەنووسی هەموو کۆمەڵگەکەوە هەیە .

ئەمە خاڵێکی گرنگە هەر میدیایەک پەیامێکی بۆ کۆمەڵ یا تاکەکان تێدایە. ڕۆژنامەی کوردستانیش بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستان پەیامەکەی وەردەگرن. ئەگەر نێوەرۆکی پەیام بۆ ئەو خەڵکانە گرنگە، ئەدەبیاتێکیش کە ئەو پەیامەی پێ بەیان دەکرێ کاریگەریی لەسەر بیر و ئەندیشەی وەرگرانی پەیامەکە هەیە. ئەگەر دابونەریتی دواکەوتووانەی کۆمەڵگە ڕۆڵی سەرەکییان لە بێئیرادە کردنی ژناندا هەبووە، بێگومان ئەدەبیاتی بزووتنەوە نەتەوەییەکانیش ڕۆڵی لە پەراوێزخستن و نادیار نیشاندانی ژنان دا هەیە. ئەوە ئەدەبیاتی پیاوسالارییە ڕۆڵی ژنانی لە خەباتی نەتەوەییدا شاردۆتەوە.

ژنی کورد لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا هێزێکی بەرچاو و کارا و خاوەن نەخش بووە، کەچی بەداخەوە لە ئەدەبیاتی کەسایەتییەکانی حیزبیشدا لەم بارەیەوە ناحەقی بەرانبەر بە ژنان کراوە. بۆ نموونە لە نووسینی کەسایەتییە بەرپرسەکانی حیزبدا کە باس لە خەباتی رۆڵەکانی کورد لە مەیدانی ئاشکرا و نهێنی و زیندانەکاندا کراوە پیاوسالاری زۆر زەق بە گوتارەکانیانەوە دیارە و تەنیا ددان بە بەشداریی پیاوان لەم خەباتەدا دەنێن. وەک "پێشمەرگە، کوڕی رۆژی تەنگانە"، کوڕانی بەتوانای گەلْ"، "کوڕانی تێکۆشەری گەل" و... ئەم ئەدەبیاتە بە لاپەڕەکانی رۆژنامەی کوردستان یشەوە دیارە و تەنانەت لە بیرکردنەوەی تێکۆشەرانی دیموکراتیشدا ئەم پیاوسالارییە بەدی دەکرێ. بێگومان کەسانێک کە لەم دەربڕینانەیاندا، رۆڵی ژنان لە سەنگەری پێشمەرگە، لە خەباتی جەماوەری، لە بەندیخانەی کۆنەپەرستی و لە بوارەکانی دیکەی خەبات و تێکۆشان دا نابینن، هەر ئەوانەن کە ئەو کاتەش باسی خزمەتی ژنان بە جوولانەوە دەکەن، تەنیا مەبەستیان نانکردن و جلشۆری و ئاشپەزیی ئەوان بۆ پێشمەرگەیە.

هەرچەند بەخۆشییەوە ئێستا بە هەوڵ و تێکۆشانی ژنان و پیاوانی بەرابەریخوازەوە ئەم ئەدەبیاتە خەریکە لە رۆژنامەی کوردستان و راگەیەنەکانی حیزبدا کەمڕەنگ دەبێتەوە.

ئەم بۆچوونانە تەنیا بۆ ئەوە نیە بڵێم "کوردستان" هیچی بۆ ژنان پێنەبووە، بێگومان پێی بووە، چونکە ژنی کورد کێشەی نەتەوەییشی هەیە، بەڵام هەر توێژ و چینێک خواستی و ئامانجی تایبەت بە خۆشیان هەیە بۆیە "کوردستان" پێویستە ئاوڕ لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بداتەوە. قسەی پێبێ بۆیان .

هیوادارم رۆژنامەی کوردستان لەمەودوا، زیاتر بچێتە نێو پرسی ژنان و لێکۆڵینەوە لەبارەی گرفتەکانی ژیان و، راپۆرت و نووسین لەبارەی بوارەجۆراوجۆرەکانی ژیانی ژنان و بزووتنەوەی ژنان لە "کوردستان"دا، بە رێکوپێکی هەبێ .

# لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی توندوتیژی لە دژی ژنان

ڕێکخراوی لەشساغیی جیهانی لە یەکەمین خوێندنەوەی خۆی دا لەبارەی توندوتیژی لە دژی ژنان بەو ئاکامە گەیشت کە لە هەر ١٨ چرکەدا ژنێک دەکەوێتە بەر هێرش و ڕەفتاری خراپ. تەنانەت دوو گیانییش (بارداری) ژنان لە توندوتیژی پیاوان ناپارێزێ.

لە سەدا ٣٠ تا ٣٥ی ژنانی ئەمریکایی لە لایەن مێردەکانیانەوە دەکەونە بەر ئازاری جەستەیی و لەسەدا ١٥ تا ٢٥ی ئەوان لە کاتی دووگیانییش دا ئەزییەت و ئازار دەدرێن. هەروەها لە هەر ١٠ قوربانیی ژن سێ کەس لە لایەن مێرد یا پیاوانی دیکەوە کوژراون. لە شیلی لەسەدا ٦٣ی ژنان دەکەونە بەر ئازاری جەستەیی. لەسەدا ٤١ی ژنانی هێند بە هۆی ئازاری جەستەیی هاوسەرەکانیانەوە خۆکوژی دەکەن. لە بێنگلادیش زیاتر لە سەدا٥٠ی کوشتنەکان بە هۆی توندوتیژیی پیاوانەوەیە.

بە داخەوە لەبارەی ئێرانەوە هیچکات ئامارێکی دروست و ڕوون لەبارەی ئەو توندوتیژییەی کە لە ماڵەکاندا ڕووبەرووی ژنان دەبێتەوە بڵاو نەکراوەتەوە. لە لایەکی دیکەوە بیروباوەڕی پیاوسالاری بە شێوەیەک ئەو توندوتیژییە بە سروشتی پیاو دەزانێ و هەوڵ دەدا پاساوی بۆ بنێتەوە و بە ژنانی بقبووڵێنێ کە ژن بە جلوبەرگی سپییەوە دەچێ بۆ ماڵی بەخت و هەرچییەکی بە سەر بێ دەبێ بە کفنی سپییەوە لەو ماڵە بێتە دەرەوە. توندوتیژی دژی ژنان جێگە و شوێنی تایبەتی نیە. لە ماڵ، شەقام یا شوێنی کاردا ڕووبەرووی ژنان دەبێتەوە. لە زۆربەی وڵاتان ناوەندێک بە ناوی ماڵەئارامەکان هەن بۆ ئەو ژنانەی توندوتیژییان بەرانبەر دەکرێ تا ئەو کاتەی مەترسی هەڕەشەیان لێ دەکا، پەنای بۆ دەبەن، بەڵام لە ئێران تا ئێستاش شوێنی ئارام بۆ ژنانێک کە ژیانیان لە مەترسی دایە نیە.

کاریگەرییەک کە توندوتیژی لە سەر ژنی دادەنێ زیاتر لەوەی کە جەستەی بڕوشێنێ ڕۆحی بریندار دەکا و ئەو هەستە لەلای دروست دەکا کە بوونەوەرێکی بێ ئیرادە و بەرکار و ناچالاکە.

## هۆکاری توندوتیژی دژی ژنان

هۆکاری سەرەکیی توندوتیژی ژنان دەکرێ لەو نایەکسانیانەدا ببینرێن کە ڕێگری لە یەکسانیی ژن و پیاو لە ژیان دا دەکەن. توندوتیژی هەم ریشەی لە نایەکسانی دایە و هەمیش پەرەی پێ دەدا. هەر ئەوەی کە زۆربەی کچان و ژنان ئامادە نین توندوتیژیی نێومالّ بە پۆلیس رابگەیەنن یا هێزێکی دادوەری لە زۆربەی وڵاتان پێداچوونەوەیەک لەوبارەوە ناکا و بە مەسەلەیەکی تایبەتیی دادەنێ، ئاماری توندوتیژییەکانی نێو مالّ راست و دەرخەری راستییەکان نین. بەو حالّەش ئامارە کۆکراوەکان هەروا راچڵەکێنەرن.

بە وتەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، توندوتیژی لە بنەمالّەدا لە شیرپەنجە و روداوی هاتوچۆ زیاتر بۆتە هۆکاری مردن و کەمئەندامیی ژنانی ١٦ تا ٤٤ سالّیی ئورووپایی. بەڵام هێندێک لە وڵاتان بە یارمەتیی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی پارێزگاری لە مافی مرۆڤ ڕێگای نوێیان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم دیاردەیە گرتۆتەبەر. بۆ نموونە حکوومەتی ئیسپانیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی نێومالّ، لەسەر بناغەی کۆکردنەوەی راوبۆچوونی ژنانی زیان دیتوو سیاسەتێکی داڕشتوە. یاسای تازە بۆ ڕێکخراوی لەشساغی و پۆلیسی ئیسپانیا هێزێکی زۆرتری بۆ تەرخان کردوە تاکوو پێش ئەوەی رووداوی مەترسیدار رووبدا، پێشگیری لە رەفتاری توندوتیژانەی پیاو بکا. ئەو یاسایە هەروەها لە قوربانیانی توندوتیژی پشتیوانی دەکا تاوەکوو هەست بە تەنیایی نەکەن.

## ئاماری جیهانی هەروا ترسێنەرە

بە پێی مەزەندەی دەوڵەتی رووسیە رەنگە لە سالّی ١٩٩٩دا نزیک ١٤ هەزار ژن لە لایەن خزم و خێشی خۆیانەوە کوژرابن. بەو حالّەش لەو وڵاتە یاسایەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بنەمالّەیی نیە. لە ئەفریقای باکوور رێژەی ئەو ژنانەی لە مالّەوە بە گوللە دەکوژرێن زیاتر لەوانەیە کە لە دەرەوەی مالّ لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە کوژراون. بیروبۆچوونی نەریتی لەو جۆرە وڵاتانە بۆتە هۆی ئەوە کە ئامارێکی بەڵگەدار لە رێژەی رووداوەکانی نێومالّ لەدەست دا نەبێ.

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی پێشتر لە سەر توندوتیژیی نێومالّ لە کۆمەڵگا نەریتییەکانی دنیادا وتی لە وڵاتێکی وەک ئەفغانستان کە نەریتەکانی ژیانی دەرەبەگایەتی زۆر ریشەدارە، ژن وەک موڵک و مالّ چاوی لێ دەکرێ و دەستدرێژی کردنە سەر مافەکانیان بە بێ سزا دەمێنێتەوە.

فرەژنیش دەتوانێ پەرە بە توندەتیژی نێومالّ بدا. چونکە بە پێچەوانەی رێوشوێنە ئیسلامییەکان پیاوان بە شێوەیەکی گشتی بۆ هێنانی ژنی دووەم ئیزن لە هاوسەری یەکەم وەرناگرن بۆیە دەمەقالّە لەوبارەوە لە زۆر کات دا دەگاتە توندوتیژی. باسی فرەژنی ئێستا لە عێراق بۆتە مەسەلەیەکی سیاسی. لە ئێرانیش لە پەنای مەسەلەی مافەکانی ژن، زۆر بوونی ئاماری چەند هاوسەری پیاوان بۆتە هۆی ئەوە کە ژنان (بە تایبەت لە دەستەو گرووپە تەمەنییەکانی سەرەوەدا) زیاتر لە رابردوو بەرانبەر بە مافەکانی خۆیان هەستیار بن و بۆ پارێزگاری لەو مافانە هەولّ بدەن.

توندوتیژی دژی ژنان کردەوەیەکی شاراوەیە بەلاّم ژنان لە کۆمەلّگە جیاجیاکان بە هۆکارگەلی وەک سزای توندو نەبوونی پشتیوانیی یاسایی لە دەربڕینی نارەزایەتی خۆدەپارێزن. توندوتیژی دژی ژنان سنوور ناناسێ، تەنیا هی کۆمەلّگە دواکەوتوەکان نیە. لە هەموو جێیەکی دنیا ژنان کەم و زۆر دەکەونە بەر هەموو جۆرە توندوتیژییەکی جەستەیی، رەگەزی وزارەکی. لێکۆلّەروان لە بابەتێک دا بە ناوی، توندوتیژی دژی ژنان، هۆکارەکانی توندوتیژی و رێگاکانی بەرەورووبوونەوە لەگەلّ ئەم دیاردەیەیان تاوتوێ کردوە.

دوکتور نیلوفەر میکاییلی ئەندامی هەیئەتی زانستیی دەستەی دەروونناسی زانستگەی ئازادی ئیسلامیی ئەهواز لەم وتارەدا توندوتیژی دژی ژنانیان بە دیاردەیەکی جیهانیلەقەلّەم داوە کە بە پێی تایبەتمەندیی فەرهەنگی، کۆمەلاّیەتی و ئیتنیکی لە هەر کات و شوێنێک دەتوانێ بە شێوەی جۆراوجۆر دەرکەوێت.

فاتیمە سورخی ئەحمەدی لە کۆڕێک دا بە ناوی ژنان و زیانە کۆمەلاّیەتییەکان گوتی: بەربلاّویی توندوتیژی دژی ژنان تا رادەیەک لە تەواوی توێژە کۆمەلاّیەتی، ئابووری، نژادی، تەمەنی و جوگرافیاییەکان دا دەبینرێ هەر چەند کە ئەو دیاردەیە لە نێو هێندێک گرووپ دا زۆرترە. فاتیمە سورخی ئەحمەدی توندوتیژیی بە رەنگدانەوەی لە هەستی شەڕاشۆیی دانا و وتی: توندوتیژیی نێومالّ شێوەیەکی تایبەتە لە توندوتیژی کە لە بنەمالّەدا دەکرێ و دبێتە هۆی زیان یا ئازاری جەستەیی و دەروونی و رەگەزی.

ئەو هەروەها وتی، سێ هۆکاری سەرەکیی هەلّسوکەوت، زیان و رەگەز لە هەموو جۆرە توندوتیژییەک دا دەبینرێ. ئەو وتی: رەگەزی زالّ زۆرتر پیاوە لە هێندێک کات دا ژن بێجگە لە هەلّ کردن لەگەلّ هەلّسوکەوتی توندوتیژی هاوسەر لە لایەن باوک و برا و تەنانەت منداڵی کوڕیشەوە دەکەونە بەر هەلّسوکەوتی توندوتیژ. ئەو کارناسە

ئەوەی بە قسەکانیەوە زیاد کرد کە: ژنان لە ژیانیان دا چوار جۆر توندوتیژی وەک جەستەیی، دەروونی، ئابووری و رەگەزی ئەزموون دەکەن. ئەو وتی: توندوتیژیی جەستەیی جۆرەکانی ئازار و ئەزیەتی جەستەیی، لێدان و کوتان، کێشانی قژ، سوتاندن و توور هەڵدان دەگرێتەوە کە ئەو جۆرە توندوتیژییە رەنگە بۆ هەموو ژنان بە بێ سەرنجدان بە خوێندەواری، نژاد و باری بنەماڵەیی رووبدا. ناوبراو وتی: توندوتیژیی دەروونیش ئەمانە دەگرێتەوە: رفتاری ملهوڕانە بە مەبەستی سووکایەتی کردن بە ژن، هەڕەشەی ئازار و کوشتنی خۆی یا ئەندامانی بنەماڵەکەی، جنێو و سووکایەتی، رێگرتن لە دیتنی دۆستان و ئاشنایان و زیندانی کردن لە ماڵەوە. ناوبراو گوتی: ئەو جۆرە توندوتیژییە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گیانی هەست کردن بە پووچی، یان خۆ لەنێوبردن، راکردن لە تێکەڵاو بوونی کۆمەڵایەتی و دڵەراوکە لە ژنان دا.

بەبڕوای ئەو نەدانی خەرجیی، کەڵکی خراپ وەرگرتنی ئابووری لە ژن و زیان گەیاندن بەو کەلوپەلانەی ژن ئۆگری پێیان هەیە بە جۆرێک  توندوتیژیی ئابووری لە دژی ژنان لەقەڵەم دەدرێن و وتی: لە زۆر وڵاتاندا ژنان هێزی کاری بێ حەقدەست و بێ داهاتن، هەر ئەمەش بوار بۆ سەرهەڵدانی توندوتیژیی ئابووری بەرانبەر بەوان دەرەخسێنێ بە جۆرێک کە لە هێندێک بواردا ژنان تەنانەت مافی کڕین و فرۆشتنی کەلوپەل و پێداویسییەکانی خۆشیان نیە. ئەو کەڵک وەرگرتنی توندوتیژانە و بێ رەزامەندیی ژن، زۆری کردن لە پێوەندیی سێکسیدا، رێگەنەدان بۆ کەڵک وەرگرتن لە ئامێری پێشگیری لە دووگیانی و سەرنج نەدان بە دابینکردنی پێداویستییەکانی ژن بە نموونەی ئەو توندوتیژییە رەگەزییانە دانا لە دژی ژنان.

ساڵی یەکەمی ژیانی هاوبەش، سەردەمی تەنگانەی ماڵی (هەژاری) و لە دایک بوونی منداڵ و چوونە سەری تەمەن، بە پڕ توندوتیژییترین سەردەمی ژیانی ژنان دێتە ئەژمار.

ناوبراو ساردوسڕی لە پێوەندی سێکسی و جۆرەکانی لادان بە ئاکامەکانی ئەو جۆرە توندوتیژییانە لە ژناندا دانا و لەم بارەیەوە کە ئازاری سێکسی لە شوێنی کار لە زۆر وڵاتان دا ئامارێکی بەرزی هەیە وتی: لە ئینگلستان لە هەر ١٠ ژن ٧ کەس لە دەورانی ژیانی کاریدا تووشی ئازاری سێکسی دەبێ. ئەو لێکۆڵەرە ئەوەی بە قسەکانییەوە زیاد کرد کە بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە لە ١٠٠ هەزار پەروەندە لە ساڵی ١٣٨٠ لە ٢٨ پارێزگای وڵات کراوە ساڵی یەکەمی پێک هێنانی ژیانی هاوبەش، سەردەمی تەنگانەی ماڵی، لە دایک بوونی منداڵ و چوونەسەری تەمەن، لە دەورانە پڕ لە توندوتیژییەکانی ژیانی ژنانن. ئەو گوتی: بە پێی لێکۆڵینەوەیەک ئەو ژنانەی لە

لایەن هاوسەرەکانیانەوە رفتاری توندوتیژیان لەگەڵ دەکرێ، پێنج هێندە زیاترن لەو ژنانەی کە بەرەورووی زیانە دەروونییەکان و مەترسیی خۆکوشتن و ٦ هێندە زیاتر رووبەڕووی تێکچوونی دەروونی دەبنەوە. ئەو وتی هۆکارە دەروونی، تاکەکەسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی‌یەکان لە توندوتیژی دا کاریگەری هەیە و گوتی: لە نێو ئەو بنەماڵانەی کە گیرۆدەی مادە هۆشبەرەکانن و ئەلکول، بێکاری و کێشەو هەڵلایان تێدایە توندوتیژییش زیاتر بەرچاو دەکەوێ. ئەو دەروونناسە ئەوەی بە قسەکانیەوە زیاد کرد: ئەو پیاوانەی کە لە منداڵی‌دا شاهیدی لێدانی ژنانی نێو بنەماڵە بوون لە گەورەییش دا زۆرتر توندوتیژی بەرانبەر بە هاوسەرەکانیان دەنوێنن. ئەو گوتی: کەسانی کرچ وکاڵ، بێحەوسەلە، بەستراوە، وازوازی و یا ئەو کەسانەی لە هەستی نالێهاتوویی ئازار دەچێژن زۆرتر دژی ژنان توندوتیژی دەنوێنن. ئەو ئاماژەی بەوە کرد کە توندوتیژی، توندوتیژی بەرهەم دێنێ و گوتی: منداڵێک کە نموونەیەکی شەرانی و شەڕنگێزی هەیە لە گەورەییش دا رەفتاری وەک ئەو لە خۆی نیشان دەدا. ئەو پێی وایە چاولێکەری کەسانی شەڕانی، رەفتاری تاقیکارانە، مەیلی لاسایکەرانە بۆ دەربڕینی پیاوەتی، پێوەندییە پیاوسالارییەکان، تەحەمول کردن لە لایەن ژنەوە و هۆکاری فەرهەنگی، شوێن و جێگە لە دەربڕینی توندوتیژی دژی ژنان کاریگەریی هەیە.

ئەو پێکهاتنی گۆڕان لە جۆری توندوتیژی لە دژی ژنانی وەک توندوتیژی مۆدێرن لەقەڵەمدا و وتی: مۆدێرنیسم نەتەنیا پێگەی سەرەکیی ژنانی زیندوو نەکردۆتەوە، بەڵکوو ئەوان بە شێوەی جۆراوجۆر کەوتوونەتە بەر سووکایەتی. ئەو فرۆشتنی کچانی لاوو مێرمنداڵ لە لایەن باوکانی هەژار بە ناوەندەکانی لەشفرۆشی و گەشەی بازاڕی فیلمە بێئەخلاقی‌یەکان لە رۆژئاوای وەک نموونەیەک لە توندوتیژیی مودێرن لە دژی ژنان ناوبرد.

فاتمەی سورخی ئاماژەی بەوە کرد کە توندوتیژی دژی ژنان دیاردەیەکی چەند لایەنیە و گوتی: بەربەرەکانیش لەگەڵی‌دا پێویستی بە دەرمانی چەند لایەنە هەیە. ئەو بنەماڵە دەرمانی، دروست کردنی ماڵی ئارام، پشتیوانیی یاسایی لەو ژنانەی بەرەورووی توندوتیژی دەبنەوە، بەشداری کردن لە کلاسە فێرکارییەکانی پێش پێک هێنانی ژیانی هاوبەش، راوێژی زەماوەند، زیادکردنی ئاگایی پیاوان و ژنان لە کۆبوونەوە فێرکارییەکان و... لە رێگرتن لە توندوتیژی لە دژی ژنان دا کاریگەرییەکان هەیە و گوتی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی زۆر لەبارەی توندوتیژی لە دژی ژنان بە تایبەت توندوتیژی نیوماڵ، کراوە. بە پێی دوایین بەدواداچوونەکان لە ٢٨ ناوەندی پارێزگای وڵات لانی کەم حەفتا لێکۆڵینەوەی مەیدانی جێی باوەڕ لەبارەی توندوتیژیی نێو ماڵ لە دژی ژنان بەڕێوەچووە. زۆرتری ئەو لێکۆڵینەوانە لە دوای ساڵی ١٣٧٠ەوە تا ئێستا کراون کە نیشان دەدەن کە لێکۆڵەران و زانستگەییانی

ئێرانی لەم ساڵانەی دوایی دا ئۆگری و سەرنجێکی تایبەتییان بە هەڵسەنگاندن و بەدوادا چوون لە بارەی توندوتیژی لە دژی ژنان پەیدا کردوە.

خوێندکارانی ئێرانی لە دەورەکانی کارناسی بەرز و دوکتورا لەم سێ ساڵەی دواییدا بە جۆرێک ئۆگری ئەوەن کە باسەکانیان لەسەر مەسەلەی توندوتیژی دژی ژنان بنووسن کە ئەمساڵ هێندێک لە زانکۆکان ناچار بە خوێندکارانیان راگەیاندوە کە لە هەڵبژاردنی ئەو باسە بۆ پایاننامەکانیان (نامەی کۆتایی) خۆببوێرن. ئێستا زۆر لە خوێندکاران و لێکۆڵەران لە سەرانسەری ئێران دا خەریکی کار کردن لەسەر ئەو مەسەلەیەن. ئەگەرچی ئەو ڕێژەیە لە سەرنجدانی لێکۆڵەرەانی ئێرانی لەسەر مەسەلەی توندوتیژی دژی ژنان دەبێ بە شتێکی باش ببینرێ، بەڵام تا هێشتا چێژی شیرینیی ئەو ڕووداوە باشە ناکەی کە بیرت دێتەوە: ئەو هەموو لێکۆڵینەوە جێی ئیعتبارە یان بوونەتە بڕوانامەی کۆتایی خوێندن کە لە گۆشەی کتێبخانەکانی زانکۆکان دا خۆڵیان لەسەر دەنیشێ یان دەبنە ڕاپۆرتی نهێنی(محرمانە) بۆ بەرپرسانی وڵات. ڕاپۆرتە ئەستوورەکان یان لە دەفتەری کاری ئەو بەرپرسانە یان لە کتێبخانە دەوڵەتییەکان دا جێیان خۆش کردوە و کەم کەس چاوی پێیان دەکەوێ.

بێگومان ئەو لێکۆڵەرانە ئارەزوویان بووە بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموون و کۆکراوە زانستییەکانیان و هەڵسەنگاندنی دروستی بابەتەکە، بەرنامەدارێژان و بەرپرسانی وڵات بتوانن بە شێوەیەکی دروست و لە چوارچێوەیەکی دروستی زانستیدا لە بەرنامەدارێژیی کۆمەڵایەتی دا کەڵکیان لێ وەرگرن. ئەوان دەیانویست ئاکامی لێکۆڵینەوەکانیان کردنەوەی ڕێگایەک بێ بۆ نەهێشتنی شکڵە جۆراوجۆرکانی توندوتیژی دژی ژنانی کۆمەڵگە. خاڵێکی دیکە کە شیرینیی بوونی ئەو ڕێژە زۆرەی لێکۆڵینەوە لەبارەی توندوتیژی دژی ژنان لە ئێران کەم دا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئێستا ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوانە زۆر بە کەمی بۆ هەموو خەڵک بە گشتی و کارناسانی ئەو بوارە چاپ کراوە.

یەکێک لە گەورەترین و گرینگترین لێکۆڵینەوەکان لەبارەی توندوتیژی لە دژی ژنان لە ئێران، گەڵاڵەیەکی نەتەوەییە کە چەند ساڵ لەوە پێش بەڕێوەچوو. لێکۆڵینەوەیەک کە ژمارەیەک لە کۆمەڵناسانی ئێرانی وەک مەحموود قازی تەباتەبایی، عەلیرەزا موحسنی تەبریزی و سەید هادی مەرجایی، بەڕێوەیان دەبرد و هێندێک لە مامۆستایانی زانکۆکانی ئێران وەک شکوهی نەوابی نەژاد، نەسرین مێسفا، شەهلا موعەزەمی، شەهرام رەفیعیفەر، مەقسود فەراسەتخا، ئەحمەد رەجەب زادە و... هاوکارییان کردوە. هەروەها سەدان لێکۆڵەر و پرسیارکەر لە

چوارچێوەی ئەو گەلاڵەیەدا لە ٢٨ پارێزگای وڵات هەڵسەنگاندنیان لەسەر دیاردەی توندوتیژی بنەماڵەیی لە دژی ژنان کردوە.

لێکۆڵینەوەیەک کە ئەنجامدانی فازی خوێندنەوەی ئەو، دروست کردنی پرسیاسنامەکان، کۆکردنەوەی زانیاری و ڕێکوپێک کردنی ڕاپۆرتی کۆتاییەکەی زیاتر لە سێ ساڵی خایاند. ڕاپۆرتی کۆتایی ئەو گەلالەیە دەرکەوتێکی ڕاچڵەکێنەری لەبارەی توندوتیژیی بنەماڵەیی لە دژی ژنان لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران نیشان دا، کە لە نێوەڕاستی ساڵی ١٣٨٣ ئامادە کرا.

ڕاپۆرتەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە ئێستاش بۆ هەموو خەڵک چاپ نەبووە، بەڵام لە کتێبخانەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی وەزارەتی وەزارەتی نێوخۆ ڕۆژنامەنووسان، لێکۆڵەران و خوێندکاران دەستیان پێی ڕادەگا. دارێژەری ئەو گەلاڵەیە، دەفتەری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وەزارەتی نێوخۆیە و شەریکی لێکۆڵینەوە و بەرنامەدانانی فێرکردنی بەرزیش هاوکاریی کردوە.

ئەو گەلاڵەیە شوورایەکی سیاسەتدانانیشی بووە کە عەبدولواحید موسەوی لاری وەزیری پێشووی نێوخۆو هێندێک لە جێگرەکانی لەگەڵ ئەو شوورایە بوون. مەحموود قازی تەباتەبایی بەرپرسی ئەو گەلاڵە نیشتمانییە بۆ ناساندنی لایەنەکانی توندوتیژیی نێوماڵ لە دژی ژنان، جۆرەکانی توندوتیژی بە هەشت دەستە دابەش کردوە: توندوتیژیی زمانی، دەروونی، فیزیکی، حوقووقی، جینسی، ئابووری، فکری و پەروەردەیی و مەترسییەکانی. ئامارەکانی گەلاڵەی نیشتمانی نیشان دەدا کە لە سەدا ٦٦ ی ژنانی ئێرانی، لە سەرەتای ژیانی هاوبەشیانەوە تا ئێستا، لانی کەم جارێک لەگەڵ توندوتیژی ڕووبەروو بوونەتەوە. بەو حاڵەش ڕادەو جۆری توندوتیژیی نێوماڵ لە پارێزگا جۆراوجۆرەکانی ئێران تێکەڵاوییەی جۆراوجۆری ماناداریان هەیە.

ژنانی بەندەرعەباس لە سەرەتای ژیانی هاوبەشەوە تا ئێستا، زیاتر لە ژنانی بەشەکانی دیکەی ئێران کەوتوونەتە بەر هەڵسوکەوتی توندوتیژ. بەڵام لە نێو ژنانی توندوتیژی دیتوودا ئەوە ژنانی زاهیدانین کە زۆرترین و توندترین توندوتیژییەکانیان ئەزموون کردوە.

ژنانی بەندەرعەباس لە ماوەی یەک ساڵ دا زۆرتر دەکەونە بەر ڕەفتاری توندوتیژیی نێوماڵ بەڵام ژنانی یاسوجی

کەمتر لەوان توندوتیژییان لەگەڵ کراوە. ڕاپۆرتەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە پڕە لە خشتەی ئاماریی جۆراوجۆرو ئاکادیمی کە پێناسەکانی توندوتیژیی نێوماڵ کە لە سەرەتای ژیانی هاوبەشەوە و لە ماوەی یەکساڵ دا بە جیاجیا باس دەکا.

## توندوتیژییە جەستەیی و دەروونییەکان

دوکتور قازی تەباتەبایی و هاوکارانی کە لە دەستەواژەیەکی تایبەت بۆ ناساندنی دەستەیەک لە توندوتیژییەکانی نێوماڵ لە دژی ژنان کەڵکیان وەرگرتوە:

### توندوتیژیی جەستەیی (فیزیکی)

ئەو توندوتیژییە وەک گاز لێ گرتن، گرتن و بەستنەوە، زیندانی کردن، پڕ پێدا کردن و کێشانی قژ، دەرکردن لە ماڵ، کوتەککاریی زۆر، بێبەش کردن لە خواردن و... دەگرێتەوە. لەو بارەیەوە ژنان لە خوڕڕەم ئاباد لە ماوەی ساڵێک دا زیاتر لە ژنانی دیکەی جێگاکانی دیکەی ئێران توندوتیژییان لەگەڵ دەکرێ و ژنانی شاری کوردیش کەمتر دەکەونە بەر توندوتیژیی یەکەم. لێکۆڵەرانی گەلاڵەی نەتەوەیی هەڵسەنگاندنی دیاردەی توندوتیژیی نێوماڵ زللە، شەق و مست لێدان، ڕاکێشان و فڕێدان، توند پێکدادانی دەرکا، تێکدان و شێواندنی سفرەو مێزی نان خواردن و شکاندنی کەلوپەلی نێو ماڵ هەموو ئەوانە بە توندوتیژی جەستەیی جۆری دووەم لە قەڵەم داوەو دۆخی ژنانی ئێرانیان لە ٢٨ ناوەندی پارێزگا لەو بارەیەوە هەڵسەنگاندوە. لە نێو ئەو ژنانەی کە کەوتوونەتە بەر توندوتیژیی جۆری دووەم دیسان ژنانی بەندەرعەباس زۆرجار زیاتر ئەوەیان ئەزموون کردوە و ژنانی کرمانی لە ماوەی ساڵێک دا کەمتر کەوتوونەتە بەر ئەو توندوتیژییە.

### توندوتیژییە دەروونی و زارەکییەکان:

جۆرێکی دیکە لەو توندوتیژییانەی کە لە نێو ماڵ دا لە دژی ژنان بەڕێوەدەچێ، بریتییە لە: بەکارهێنانی قسەی ڕەق و جنێو، بیانو پێگرتنی پەیتا پەیتا، هاتوهاوار وهەڵسوکەوتی خراپ، سووکایەتی، هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارنە و حوکم کردن و دەستووردانی پەیتا پەیتا، دەنگ داگۆڕین و قسەنەکردن و.... لەو بابەتانە ژنانی

ئیسفەهانی لە ماوەی ساڵێکدا زیاتر لە ژنانی بووشەهری و کەمتر لە ژنانی شوێنەکانی دیکەی ئێران دەکەونە بەر ئەو جۆرە توندوتیژییە .

بە پێی دەرکەوتەکانی لێکۆڵینەوەی نەتەوەیی هەڵسەنگاندنی توندوتیژیی نێو ماڵ، ژمارەیەک لە پیاوانی ئێرانی بە کەڵکوەرگرتن لە هەڕەشە و پێکهێنانی بەربەست بۆ هاوسەرەکانیان مەترسییان بۆ دروست کردون. ئەو هەڵسوکەوتانە، وەک هەڕەشەی کوشتن، هەڕەشەی تەڵاقدان و یان هێنانی ژنی دووەم، خۆبەخاوەنکردن، شاردنەوە و لەنێوبردنی بەڵگەنامە کەسێتییەکانی وەک ناسنامە، دەفتەری "پاشەکەوت" و... بێگاری پێکردن بە ژن لە بەڕێوەبەردنی ئەرکێک دا کە پێوەندیی بەوەوە نیە وەک: پێڕاگەیشتن بە خەزوور و خەسوو (باوک و دایکی مێرد) نەخۆش و هەروەها لەژێرچاوەدێری گرتن و کۆنترۆڵ کردنی تەلەفون و هاتوچۆی رۆژانەی ژن، ژنانی بەندەر عەباس، زاهیدان و خوڕڕەم ئاباد زیاتر لە ژنانی شوێنەکانی دیکەی ئێران لە لایەن مێردەکانیانەوە هەڕەشەیان لێدەکرێ، بەڵام ژنانی سیمنان، ساری و یاسووج کەمترین هەڕەشەیان ئەزموون کردوە. هێندێک لە پیاوانی ئێرانی بە کەڵک وەرگرتن لە هۆکاری ئابووری و ماڵی بەرامبەر بە ژنان توندوتیژی دەنوێنن. ئەو پیاوانە لە سەربەخۆیی ماڵیی هاوسەرەکانیان رێگری دەکەن و دەست بەسەر تایبەتییان دا دەگرن و خەرجی ماڵیان پێنادەن و دەیانخەنە تەنگانەی ماڵییەوە. ئەگەرچی ژنانی زاهیدانی و بووشەهری لە سەرەتای ژیانی هاوبەشیانەوە تا ئێستا زۆرترین توندوتیژییە ئابووری و ماڵییەکانیان ئەزموون کردوە، بەڵام لە نێو ئەو ژنانەی قوربانی ئەو جۆرە توندوتیژییەن، ژنانی ئیسفەهانی لە ماوەی ساڵێک دا زیاتر کەوتوونەتە بەر ئەو جۆرە توندوتیژییانە لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە. دیارە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ژنانی سیمنانی و یاسووجی کەمتر لە لایەن مێردەکانیانەوە خراونەتە تەنگانەی ماڵی و ئابوورییەوە. لێکۆڵەرانی گەڵاڵەکە توندوتیژییە یاساییەکانی پێوەندیداریش بە تەڵاقەوە لەو ٢٨ پارێزگایەی وڵاتیان خستۆتە بەرسەرنج و هەڵسەنگاندن. ئەو لێکۆڵەرانە ئەوانەیان بە توندوتیژی زانیوە: خۆبواردنی مێرد لە جیابوونەوە بە پێچەوانەی پێداگرتنی ژن بە پێکەوە سازان، ژن هێنانی دووبارەی مێرد و نەسپاردنی منداڵ بە ژن لە کاتی جیابوونەوەدا.

ئەگەرچی ژنانی بەندەر عەباسی لە سەرەتای ژیانی هاوبەشیانەوە تا ئێستا زیاتر لە ژنانی بەشەکانی دیکەی ئێران کەوتوونەتە بەر ئەو جۆرە توندوتیژییانە، ژنانی زاهیدانی لە ماوەی ساڵێکدا زیاتر ئەو توندوتیژییانەیان لەگەڵ کراوە. و ژنانی رەشتیش کەمتر لە ژنانی دیکەی بەشەکانی دیکەی ئێران بەرەوڕووی ئەم جۆرە توندوتیژییانە بوونەتەوە.

لێکۆڵەرانی ئێرانی هێندێک جۆری دیکەی توندوتیژییان خستۆتە بەر سەرنج و هەڵسەنگاندن کە بریتین لە: ڕێگرتن لە گەشەی کۆمەڵایەتی، فکری و فێرکاری، ڕێگرتن لە پێوەندییە خزمایەتییەکان، ڕێگرتن لە خوێندن و کار پەیدا کردن و...

## توندو تیژیی نێو ماڵ یانی چی؟

کاتێک لە چوارچێوەی پێوەندییەکی نزیکی نێوان دوو کەسدا هەڵسوکەوتی پیاو لەگەڵ ژن توندوتیژ و دەسەڵاتدارانە بوو، ئاکامەکەی دەبێتە توندوتیژیی نێو ماڵ. ئەم توندوتیژییە دەکرێ جەستەیی، جینسی، دەروونی و سۆزداری بێ. کەڵکی خراپ وەرگرتنی ماڵی و ڕێگرتن و سنووردار کردنی کەسێک لە لایەنەکانی دیکەی توندوتیژیی نێو ماڵە. توندوتیژی دەتوانێ بە کردار یان تەنیا بە هەڕەشە بەڕێوە بچێ، هەروەها بە شێوەی بەردەوام  یان کاتی بەڕێوە بچێ. توندوتیژیی لەنێو بنەماڵە، لە نێو هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان، تەمەنە جۆراوجۆرەکان، نەژاد، ڕەگەز، ژیانە جۆراوجۆرەکان و... پەیڕەو بکرێ. توندوتیژی نێو ماڵ دەتوانێ لە هەر دەورانێکدا چ لە سەرەتای ژیانەوە بێ و چ لە دوای تێپەڕینی چەند ساڵ لە پێوەندی نێوان دووکەسدا بەڕێوەبچێ. منداڵانیش لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی توندوتیژیی نێوماڵ ـ چ لە کورت ماوەدا و چ لە درێژماوەدا بێبەش نین.

هەموو جۆرە توندوتیژییەک ـ دەروونی، ئابووری، سۆزداری و جەستەیی ـ لە مەزنیخوازی و دەسەڵاتخوازیی کەسی ئازارگەیەنەوە سەرچاوە دەگرێ.

لە ڕاپۆرتەکانی پێوەندیدار بە توندوتیژیی نێو خێزان ژنان و منداڵان وەک قوربانیانی سەرەکی و پیاوان وەک کەسانی سەرپێچیکار ناویان هاتوە. چونکە بەپێی ئامارە جیهانییەکان نزیکەی لە سەدا ٩٠ی قوربانیانی توندوتیژیی نێو ماڵ ژنان و نزیکەی لە سەدا ١٠یان پیاوانن. پیاوانیش دەکەونە بەر هەڵسوکەوتی توندوتیژانەی ژنان، بەڵام بەشێکی زۆری توندوتیژیی نێوماڵ، بەتایبەت ئەوانە وا مردن یان مەترسییان بەدواوە دەبێ لەلایەن پیاوانەوە دژی کچان و ژنانی بنەماڵە بەڕێوەدەچێ.

چ تاڵە لە ساڵدا ڕۆژێک هەبێ بەناوی ڕۆژی خەبات دژی توندوتیژی لە دژی ژنان کە بەداخەوە ڕۆژێک بەو ناوەوە

هەیە (٢٥ی نوامبر) چونکە ئێستاش توندوتیژی بەشێوەی جۆراوجۆر لە هەموو جێیەکی دنیادا شانسی ژیانی ساغ و سلامەت و ئارامی لەوان ئەسەندۆتەوە.

سەرچاوە: سایتی رادیۆ دویچەولە

و. لە فارسییەوە: کوێستان فتووحی

## چۆن بڕوانینە پارلمانێک کە یاسای فرەژنی پەسند بکاتەوە؟

لەم رۆژانەدا دانیشتنی پارلمانی کوردستان کە بۆهەموار کردنی یاسای باری کەسێتی بوو، واتە قسە لەسەر هێشتنەوەی فرەژنی یان لابردنی لە یاساکەدا بوو، بیرم لەوە دەکردەوە بلێی ئەندامانی پارلمانی کوردستان بڕیار بۆ هێشتنەوەی ئەم خاڵە بدەن؟ دەمگوت هەلێکی باشە بۆ پارلمان و حکوومەتی کوردستان کە بە دنیا رابگەیەنێ کە ئێمە راستگۆین کە دەڵێین ئێمە عەداڵەتخوازین، دادپەروەرین، رێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگرین. کاتی ئەوەیە کە بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بلێن ئێمە نوێنەرانی راستەقینەی هەمووتانین بەبێ جیاوازی. ئێمە هەر دروشمی بریقەدار نادەین، ئەوە نیە بەکردەوەش کار بۆ ئەو بەهایانە دەکەین کە رۆژانە گوێی دنیاشمان لێ پڕکردووە! ئێمە هەر لافی کۆمەڵگەی مەدەنی لێنادەین، ئەوە نیە لە یاسا پەسندکراوەکانیشماندا ژن و پیاو مافی وەک یەکیان هەیە! خۆ هیچ نەبێ بیرێک لە ئارامی دەروونی نەوەکانی داهاتووی کوردستان دەکەنەوە. ئاخەر زۆر لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەزموونی فرەژنییان تاقی کردۆتەوە، یان خۆیان شاهیدی کەسانی نزیک و دۆست و ئاشنایانی خۆیان بوون کە ژنی دووهەمیان هێناوە. درۆیە ئەگەر بلێن ئەو بنەماڵانەی فرەژنییان تاقی کردۆتەوە، ئەندامەکانی ئەمنییەت و ئارامی رووحییان هەیە.

کوردستان مەکۆی ئازادیخوازی و ئەزموونی تاقیکردنەوەی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنییە! خۆ وڵاتێکی وەک ئێرانی کۆماری ئیسلامی نیە، هەرچەند لە ئێرانی کۆماری ئیسلامییشدا کە حکوومەتێکی ئیسلامیی و دژی ژن حوکم دەکا، فرەژنی سنوورێکی بۆ دیاری کراوە، لەوان ئەو چاوەڕوانییە ناکرێ کە فرەژنی قەدەغە بکەن. بەلام لە حکوومەت و دەسەلاتێک کە زیاتر لە ١٧ ساڵە لافی مەدەنییەت و دیموکراسیخوازی لێ دەدا، چاوەڕوانی شتی نوێ

و ئینسانی لێدەکرێ.

بەداخەوە بەپێچەوانەی بیرکردنەوەکانی من و کەسانی وەک من، رۆژی ٢٧ - ١٠ - ٢٠٠٨ بڕیار درا بۆ هێشتنەوەی فرەژنی "سنووردار ."

هێندێک لە ئەندام پارلمانەکان (ژن)و چالاکانی مافەکانی ژنانو ڕێکخراوەکانیان هەوڵێکی زۆریان دا بۆ لابردنی فرەژنی لە یاساکەدا ، بەڵام بەداخەوە سەر نەکەوتن. سەرەڕای ئەم شکستەش هێندێک هاتن لە ڕاگەیەنەکانی کوردستانەوە بەسەر ئەو سنوورو مەرجانەیان هەڵگوت کە بۆ مەسەلەی فرەژنی دانراون. وتیان مەرج و سنوورێک دانراوە کە پیاوان نەتوانن بە ئاسانی بیبەزێنن! ئەمەیان بە دەسکەوتێک! بۆ ژنان زانی. هێشتنەوە فرەژنی تەنانەت بە مەرجەکانیشیەوە نەک بۆ شانازی کردن نابێ، بەڵکوو بە لاپەڕەیەکی رەشی ژیانی ئەو پارلمانە دەبێ تۆمار دەکرێ.

چ دەسکەوتێک و چ سنوورێک هەیە کە پیاوانی دەست ڕۆیشتووی و خێڵ و عەشیرەکان لەم کوردستانە نەیبەزێنن؟ چی لەوە روونتر، ئەی سنوور دانە نرا بۆ بکوژانی ژنان لەسەر مەسەلەی "شەرەفپارێزی"؟ بەڵام ئایا کۆتایی هات بە ژن کوشتن یان کەمکردنەوەی توندوتیژی هات لەسەر ئەو مەسەلەیە؟ هەر دوای بڕیارەکە نەبوو لە حەشارگە ئەمنەکەی ژنانیش دا هێرش کرایە سەر ژنی بێچارە کە لەترسی کوشتن پەنای بۆ بنکەیەکی بە ناو ئەمن بردبوو؟ با لە کای کۆن گەڕێین. بێینە سەر ئەو دەسکەوتە تازەیەی پارلمانی کوردستان بۆ ژنانی بەدیاری هێناوە. چەند مەرجێک دانراوە، یەکێک لە مەرجەکان ئەوەیە کە ژنی یەکەم ڕازی بێت بەوەی کە هاوسەرەکەی ژنی دووهەم بێنێت، مەرجێکی دیکە ئەوەیە کە باری داراییەوە پیاوەکە وەزعی باش بێت، یان ژنی یەکەمی نەخۆشییەکی چارەسەرنەکراوی هەبێ وەک نەزۆکی و.... ئەوجار قازی مارەی ژنی دووهەم ببڕێ! ئایا ئەو مەرجانە زۆر سەختن بۆ پیاوان؟ بێگومان زۆر ئاسانن بۆ تێپەڕین بەسەریاندا. لەبەر ئەوەی ئەگەر ژنی یەکەم ڕازیش نەبێ هەڕەشەیەکی ماڵ لێشێوانی لێبکرێ خێرا قبووڵی دەکا، چونکە ژنان لە کوردستان باش دەزانن ژنێک کە تەلاق دەدرێ تووشی چها کارەسات دەبێتەوە. تەنانەت ئەگەر لە عەقدی زەواجیشدا بنووسرێ . ژن کەم وا لە کاتی هەرە ناخۆشییشدا کە هاوسەرەکەی بەسەری دێنێ، تەلاق هەڵ بژێرێ بە تایبەتی کە منداڵی هەبوو. ئەو دوو مەرجەی سەرەوە لەو مەرجانن کە بە لەبەرچاوگرتنی باری وشیاری کۆمەڵگەو زاڵبوونی ڕەگەزی نێرینە و ئابووری بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان، زۆر بە ئاسانی پیاوان دەتوانن لێی دەرباز بن.

فرەژنی هەر لە بنەڕەت ڕا نابەرابەرییەو ناشایستو نائینسانییە. ئەگەر باشە مەرجێکی ناوێ بۆ پێشگرتنی. ئەگەریش خراپە بۆ لە یاسادا دەیهێڵنەوە؟ فرەژنی سووکایەتی و بێ ڕێزییەکی ئاشکرایە بە کەسایەتی ژن دەکرێ. خۆزگە هەموو ئەو ژنانەی کە هاوسەرەکانیان بە بوونی ئەوانیش هاوسەرێتی دیکە دروست دەکەن هەستیان بەو سووکایەتییە بکردایە کە نە بە پووڵ و پارە، نە بەماڵ و زەوی و نە بە زێر ناسەنرێتەوە. ئەو ژنانەش کە لە قووڵایی ئازار و سووکایەتییەکە دەگەن بە هۆی کۆمەڵێک گیر و گرفتی دیکە زۆر جار ناچار دەبن مل بۆ ئەو سووکایەتییە راکێشن کە هاوسەرە نا وەفادارەکەیان بەرامبەریان دەکات، هەر بۆیە لەناکاو باری دەروونییان دەشێوێ و رفتاری توند لە خۆیان نیشان دەدەن. هەموو وجوودیان دەبێتە رقو تووڕەیی زۆرجار ئەم رقوتووڕەیییە بەسەر منداڵەکانی خۆیاندا دەدەبڕن. هەر بۆیە منداڵی ئەو بنەماڵانە کەسایەتییەکی توندوتیژ و بە دوور لە ئارامیین .

بنەماڵە وەک سیستمێکی حکوومەتی وایە، هەر جۆرە توندوتیژیو بێڕێزییەک بە مرۆڤەکان لەو سیستمەدا، کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر ئەندامانی دیکە دەبێ.

ژنێک کە ساڵانێکە لەگەڵ بوون و نەبوون و رەنج و ئازار لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دەسازێ، زۆرجاری وا هەبووە بە هۆی خۆشەویشتی لەگەڵ هاوسەرەکەی، خۆشەویستی بنەماڵەکەی خۆشی لەدەست داوە، کوتوپڕ پیاو بێت و بڵێ دەمەوێ ژنێکی تر بخوازم! خۆتان لە جێی ئەو دانێن چ هەستێکتان دەبێ؟

هەموو ژنێک رەنگە بتوانێ هەستی ئەو ژنەی وای بەسەر دێ دەرک بکا، هەڵبەت نەک وەک خۆی، چونکە ئازاری برینێک هەر بریندار خۆی دەزانێ چۆنە ئێمەمانان وەک ئەو دەرکی ناکەین. بەڵام پیاو رەنگە لەو بارەوە هەر هەست بەو ئازارە هەر نەکا و هەر لێشی تێنەگات، چونکە ئەو تەنیا بیر لە هەستە تێرنەبووەکانی خۆی دەکاتەوە. خۆزگە پیاوان پێچەوانەکەی بێننەبەر بیر و زەینی خۆیان. هەر بە بیرکردنەوەش بێ بۆ ساتێکیش بیری لێبکەنەوە، خراپ لێم تێمەگەن وای دانێن ئەوە سوننەتێکی کۆمەڵگایە و ئیسلامییش قبووڵی کردوە کە هاوسەرەکەت بە بوونی تۆش هاوسەرێتییەکی دیکە دروست دەکا، لە دەروونتدا چی روودەدا؟ کارەساتێک هەر مەپرسە.

# كێشەی ژنی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان زۆر ئاڵۆزە، ئەوان بە چەند قات زوڵمیان لێدەكرێ

كوێستان فتووحی هەڵسوڕاوی بواری ژنان لە وەڵامی چەند پرسیارێكی (بارزان) دا تیشک دەخاتە سەر زۆربەی ئەو كێشە و لایەنەكانی ئێستای ڕەوشی ژنان بە تایبەت لە كوردستانی ڕۆژهەڵات وئەو كۆسپانەی دێنە پێش كاری ڕێكخراوەیی لە ژێر دەسەڵاتی كۆماری ئیسلامی ئێران و ئالودەبوونی بەشێک لە ژنان بە مادە بێهۆشكەرەكان لە كوردستانی ڕۆژهەڵات.

***فەرمان عوسمان: ئێوە چۆن دەڕواننە ئایندەی ڕەوشی ژنان لە كوردستانی ڕۆژهەڵات؟***

***كوێستان فتووحی:*** من داهاتووی ڕەوشی ژنانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان باش دەبینم. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی هەوڵ و تێكۆشانی ژنانو كچانی ئازاو ڕووناكبیرو تێگەیشتووی كوردە لە كوردستان. هەر ئێستا ژنانی كورد لە زۆربەی بوارە جۆراوجۆرەكانی ئەدەبی، كۆمەڵایەتی و بەشداریكردن لە كۆڕو سمینارى فەرهەنگیو كۆمەڵایەتیدا، حزووری بەرچاویان هەیەو هەروەها بەشداری چالاكانە لە بزووتنەوەی مافخوازی ژنان لە ئێران دا، ئەوە دەگەیەنێ كە ئاستی وشیاری و پێگەیشتوویی ژنان و كچانی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان بەرزە. ئەوانە سەرەڕای زۆر كۆسپی یاسایی لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە كە بە ڕاستی ڕێژیمێكی دژی ژنە و كۆسپە كۆمەڵایەتییەكان وەک دابونەریتی كۆمەڵگەكە، لە خەباتو تێكۆشان بۆ بە دەستهێنانی مافە ئینسانییەكانیان، غافڵ نین. هەر ئێستا ژمارەیەكی زۆر لە چالاكان و پێشەنگەكانی مافەكانی ژنان لە كوردستان لە لایەن ڕێژیمەوە دەستبەسەر كراون، ئەمانە نیشانەی ئەوەن خەباتو هەڵسووران هەیە بۆ گەیشتن بە مافەكانیان. هەر خەباتو تێكۆشانیشە دەیانگەیەنێت بە ئامانج.

***فەرمان عوسمان: كۆمەڵێک ڕێكخراو هەیە لە دەرەوە و ناوەوەی ئێران تاچەند ئەو ڕێكخراوانە كاریگەریان هەبوە لەسەر كەمكردنەوەی ئێش و ئازاری ژنانی ڕۆژهەڵات؟***

***كوێستان فتووحی:*** بوونی ڕێكخراوی ژنان بۆ ئەوەیە ئازارەكانی ژنان كەمبكاتەوە، بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێ لە ئێران ڕێژیمێک لەسەر كارە سیستەمو ساختارێكی تەواو ئایینی و پیاوسالاری هەیە، یاساكانیشی هەر لەسەر ئەم

ئەساسە داڕێژراون و پڕن لە نا بەرابەری و نارەوایی لە دژی ژنان. ژنان هەر هەنگاوێک هەڵ دێننەوە سەددێکی قایم لە بەر دەمیاندایە. یاسایەک نییە کە بۆ نموونە ئیمکانی ئەوە بدا بە ژن کە ئەگەر رۆژێک هاتوو تەحەمولی ژیانی هاوسەرێتی نەکرد، لە هاوسەرەکەی جیابێتەوەو بە بێ ترس لە کۆمەڵگەدا ژیان بەسەر بەرێ و بتوانێ خۆی بەڕێوەبەرێ. بە هۆی یاساکانەوە ژنان لە سەختترین هەلومەرجدا دەژین. یاساکان وایان کردووە کە هەمیشە ژن پێویستی بە پیاو هەبێ. یاسا نەفسی لە ژنان سەندۆتەوە. یاسا ئەمنییەت بۆ مرۆڤەکان دابین دەکا، کە لە ئێران ئەمنییەتێک بۆ ژنان نیە. ئەمانە کاری ئەنجومەن و ...کانی ژنانی سەختترو سەبرتر کردۆتەوە، ئاستەنگ و کۆسپی زۆریان لەسەر رێیە، بە تایبەتی لە کوردستان بچووکترین حەرەکەتی ئازادیخوازی و رێکخراوەیی بە توندترین شێوە لە لایەن دەسەڵاتەوە بە تاوانی شێواندنی ئەمنییەتی وڵات سەرکوت دەکرێ، بۆیە ئەگەر خەباتی ژنان لە کوردستان بە پەرش و بڵاوی لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا بەڕێوە دەچێ، هۆکارەکەی ئەوەیە کە سیستمی دەسەڵات بە تەواوی موخالیفی ئازادی و مافی ژنانە. ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و لەگەڵ جیاوازی بەرەو روون، بەڵام بەو حاڵەش بەڕاستی ژنان لە ئێران زۆر ئازاو ئاکتیڤن.

ئەو جینایەتەی لە مەریوان رووی‌دا، کوشتنی کچێک لە لایەن باوکییەوە، خەڵکی ئەو شارە هاتنە سەر شەقام و ئەم کردەوەیان ریسوا کرد ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە لە لایەن ئەنجومەن‌و چالاکانی مافەکانی ژنانەوە کار کراوە بۆیە خەڵک دێن‌و ئەم کارە ئاوا شەرمەزار دەکەن. بۆ ئاگادارییشتان ئەم حەرەکەتانە لەلایەن رێژیمەوە بەتوندی سەرکوت دەکرێن. لە کوردستانی باشوور ئەو هەموو رێکخراوە هەیە، لە لایەن دەسەڵاتیشەوە ئیجازەی فەعالییەتیان هەیە، ئەم هەموو ژنە لە سەر مەسەلەی نامووس دەکوژرێن لێرە، بەڵام تا ئێستا ئەو رێکخراوانە نەیانتوانیوە جەماوەر بێننە سەر شەقامو ئەم تاوانانە شەرمەزار بکەن. مەبەستم ئەوەیە کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان ژنان سەرەڕای ئەو هەموو کۆسپە کۆمەڵایەتییە و پاشان لە گەڵ رێژیمێکی سەرکوتکەر بەرەو روون، زۆر باشتر کار دەکرێ بۆ سڕینەوەی ئەو دیاردە ناحەزانە.

پاشان تێکەڵاویی ژنانی کوردستان لە گەڵ بزووتنەوەیەکی سەراسەرییش لە ئێراندا نموونەیەکی دیکەی ئازایەتی‌و مافخوازی ژنانی کوردستانە. ئەویش بزووتنەوەیەکە بە ناوی کەمپینی یەک ملیۆن ئیمزا. ئەو کەمپینە کە بەشێوەیەکی بەرین و بەوهێز خۆی نیشان داوە و خوازیاری ئاڵوگۆڕن لە هێندێک بڕگەی یاسایی‌دا وەک: یاسای زەماوەند، تەڵاق، بەشە ماڵ، شایەدی‌دان، سەفەر کردن‌و هێندێک خاڵی تر کە بە ئاشکرا مافەکانی ژنان لەو ماددانەدا پێشێل کراون و سووکایەتی بە کەسایەتی ئەم رەگەزە کراوە. ئەم حەرەکەتە بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە

و مەدەنییانە بەڕێوە دەچێ بەڵام ڕێژیم لەوەشدا زۆر بێ بەزەییانە چالاکانی ئەو بزووتنەوەیە سەرکوت دەکاو ڕەوانەی زیندانو شکەنجەدانی دەکات .

بەڵام ڕێکخراوەکانی دەرەوەی ئێران، هێندێک ڕێکخراوی ژنان هەن سەر بە حیزبە نەتەوەییەکانی کوردستانن، واتە هەر یەکە و لە لایەن حیزبێکەوە دامەزراوە، بۆیە زۆرتر کارەکانیان ڕەنگدانەوەی سیاسەتی حیزبەکانیانە و بۆ ئامانجی حیزبەکانیان کار دەکەن، باس لە هێندێک ریفۆرمی بچووکی هەلومەرجی ژیانی ژنان دەکەن. هەرچەند من بوونی ڕێکخراوی ژنان بە موسیبەت دەبینم بەڵام ئەو جورئەتە لە نێو ڕێکخراوەکانی ژنانی کورد لە دەرەوەدا نابینم، ئەم ڕێکخراوانە تا ئێستا نەیانتوانیوە نەقدی هەندێک خاڵ بکەن کە بە ئاشکرا پێشێل کردنی مافی ژن تێدا دەبینرێ. بە ڕاستی کارکردن بۆ کەمکردنەوەی ئازارو مەینەتییەکانی ژنی کورد جورئەت و ئازایەتی دەوێ کە من لە نێویاندا ئەو جورئەتە نابینم، هەلومەرجەکەش وایکردووە هەر وەک حیزبەکانیان دوورن لە خەڵکی خۆیان ئەمەش بۆخۆی کێشەیەکە. هەرچەند ئەمە نابێتە پاساو بۆ کەمکارییەکانیان. پاشان ئەوان تا ئێستا نەیانتوانیوە خەباتەکەیان کە خەباتە بۆ مافەکانی ژنانە لە پەراوێزی بزووتنەوە نەتەوەییەکان دەربێنن، یان لانی کەم کاریگەرییەکی باشیان هەبێ لەسەر ڕۆڵو نەخشی ژنان لە نێو حیزبەکاندا. پێم وایە ئەو ڕێکخراوانە لەو قالبە سونەتییە ناهاتوونەتە دەرو سیستمی پیاوسالارییان بەتەواوی نەهێناوەتە ژێر پرسیار. پێویستە بەردەوام ڕەخنە لە سیستمی پیاوسالاری بگیرێ، ڕەخنە گرتن لە سیستمی پیاوسالاری بەو مانایە نییە کە شەڕکردنە لەگەڵ پیاوان، زۆر کەس بە هەڵە لەم مەسەلەیە دەگات. ئەوان تا ئێستاش نەبوونەتە پاڵپشتێکی باش بۆ چالاکانی ژنانی نێوخۆی وڵات و دەنگی ئەوان بگەیەنن بە کۆڕو کۆمەڵە بەشەردۆستەکانو کێشەی ژنی کورد بە بە دنیای دەرەوە رابگەیەنن. کێشەی ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر ئاڵۆزە، ئەوان بە چەند قات زوڵمیان لێدەکرێ بۆیە خەباتەکەشیان سەختە. من بەداخەوە سستییەک دەبینم لە کاری ڕێکخراوەکانی ژنان لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان .

*فەرمان عوسمان: ئایا ئەو دابەش بوونەی کە لە نێوان حیزب دروست بووە تاچەند کاریگەری لە سەر ڕەوشی ڕێکخراوەیی هەبوو بە تایبەتی ئەو ڕێکخراوانەی کار لە بواری ژنان دەکەن؟*

*کوێستان فتووحی:* هەموو ڕێکخراوەکانی ژنان سەر بە هەر ئایدۆلۆژییەک بن لە یەک خاڵ دا یەک دەگرنەوە، ئەویش ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە (ئازادیو یەکسانی ژن و پیاو)ە ئەگەر ئەم ئامانجەیان لەبیرچۆوەو کەوتنە

ململانێی حیزبایەتییەوە، ئەوە زیانیان بە خەباتی خۆیان گەیاندوە کە بە داخەوە ئەو رێکخراوانەی سەر بە حیزبەکانن زۆر جار کەوتوونەتە ململانێی حیزبایەتییەوە، مەسڵەحەتی حیزبایەتییان تەرجیح داوە بەسەر مەسەلەکانی ژناندا و بوونەتە قوربانی حیزبایەتی. ئەوانە کۆپییەکن لە حیزبەکانیان. بۆ نموونە رێکخراوێکی وەک یەکیەتیی ژنانی دیموکرات کە سەر بە حیزبی دیموکراتە، ئەندامانی بەرێوەبەرییەکەشی هەر ئەو ژنانەن کە لە گەڵ حیزبی دیموکراتن، واتە ئەندامانی بنەماڵەی ئەو کادرو پێشمەرگانەن کە ئەندامی حیزبن، بۆیە کە حیزب بوو بە دوو لەت خود بە خود ئەو ژنانەش دابەش بوون بە سەر حیزبەکاندا، بێگومان لەتبوونی حیزب کاریگەری نێگەتیڤی هەبوو لە سەر رێکخراوەکەی ژنانیش. رێکخراوێکی وەک یەکیەتیی ژنان لە بەرئەوەی سەربەخۆ نییە نەشیتوانیوە ریشەیی‌و رادیکاڵانە کار بکات بۆ مەسەلەکانی ژنان. واتە کارکردن بۆ پرسەکانی ژنان، مافی مرۆڤو یەکسانی، پرەنسیپی سەرەکییان نەبووە لە ژیانو کارو تێکۆشانیان دا.

***فەرمان عوسمان: مادە هۆشبەرەکان یەکێکە لە ترسناکترین دیاردە کان کە بەشێوەیەکی بەر فراوان لە ناو لاوانی رۆژهەڵات بوونی هەیە ئایا ژنان وکچانیش گیرۆدەی ئەو مادە هۆشبەرانەبوونە؟***

***کوێستان فتووحی:*** کۆمەڵگەی ئێران پڕە لە کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی، وەک: بێکاری لاوان، راکردنی کچان لە ماڵەوە، لەشفرشی، نەبوونی هەرچەشنە ئازادییەک و ئیمکانات و سەرگەرمی بۆ لاوانی ئەم وڵاتە، هەموو ئەوانە هەلومەرجەکەی خۆشکردووە بۆ پەرەسەندنی ئەم دیاردە ماڵوێرانکەرە. تووشبووان لە سەرەتاوە بازرگانی پێوە دەکەن و بۆ سەرگەرمی‌و پڕکردنەوەی حەزو ئارەزووەکانیان کەم کەم دەیکێشن و دوایەش گرفتاری دەبن. دەبێ بڵێم بەداخەوە هەیە و کەمیش نین ئەو ژنانەی تووشی ئەو دەردە بوون، بە پێی ئامارەکانی خودی رێژیم بە رێژەی زیاتر لە ٤٠%ی تووشبوان بە مادده هۆشبەرکان ژنانن، ساڵی ٢٠٠٥ رادەی تووشبوانی ژن بە مادده هۆشبەرەکان لە ئێراندا لە بەرامبەر ١٠ پیاوی تووش بوودا ٧ ژنی موعتاد هەبوو. ئەو کاتە خێرایی پەرەسەندنی تووشبووانی ژن، ٣ بەرابەری پیاوان بوو کە بەداخەوە ئەمە ژنانو کچانی کوردیش دەگرێتەوە. دەبێ ئێستا کە ٢٠٠٨ە چۆن بێ؟! پێشتر لە ناو ژناندا ئەمە تابۆیەک بوو، بەڵام ئێستا بۆتە شتێکی ئاسایی‌و بە تایبەتی لەناو زانکۆکاندا زۆر دەبینرێ‌و لە کۆنترۆڵی بنەماڵەکان چۆتە دەرەوە. کار بە دەستانی رێژیمیش بۆخۆیان لە کوردستان هۆکاری سەرەکی بڵاوکردنەوەی ئەو ماددانەن. ئەمە شەرێکی دیکەی دوژمنا نمانە بەرامبەرمان دەکرێ.

***فەرمان عوسمان: تاچەند کارکردن لە بواری ژنان لە تاراوگە کاریگەری خۆی هەیە کە دەبینین ئێوە لەگۆڕەپانی***

*ڕاستەقینەی خۆتان دوورن؟*

*کوێستان فتووحی:* کەس پێیان وایە ئێمە دوورین لە خەڵک و لە وڵاتی خۆمان، لەم بارەیەوە ڕەنگە هیچمان لە دەست نایەت. ئەمڕۆ دنیای تەکنولۆژی ئەوەندە پێشکەوتووە کە ئەو دنیا گەورەیە لە ئاستیدا بچووکەبۆتەوە، تەکنۆلۆژیی پێشکەوتوو وای کردووە مرۆڤەکان لەم سەروئەو سەری دنیاوە پێکەوە پێوەندییان هەبێ، کاریگەرییان لە سەر یەکتر هەبێ، بۆیە دوور بوون لە وڵات ئەوە ناگەیێنە کە ئێمە نەتوانین کار بکەین. بۆ کەمکردنەوەی کێشەکان و گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی یەکسانو دادپەروەرو دوور لە توندوتیژی ئەرکی هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیە لە لای خۆیەوە، لە بنەماڵەی خۆیەوە دەست پێ بکات. کۆمەڵگە کێیە؟ هەموومان پێکەوە کۆمەڵگە دروست دەکەین، بۆیە ئێمە ئەگەر بمانەوێ خەبات بکەین ڕێگەمان زۆر لەبەردەست دایە بۆ بەرەوپێش بردنی خەبات. هەلومەرجی سیاسی وای لە ئێمە کردووە نەتوانین لە ناوخۆدا کار بکەین، بەڵام خۆ دەتوانین لەگەڵ چالاکان و ڕێکخراوەکانی نێوخۆی وڵات لە پێوەندیدا بین و پێکەوە هاوکاری بکەین و بیروڕابگۆڕینەوەو هەڵوێست، دەنگمان یەک بخەین بۆ سڕینەوەی دیاردە ناشیرینەکانی نێوکۆمەڵگەکەمان. ئەرکی هەموو ئینسانێکی ئاگا و تێگەیشتوو و هەموو خەباتکارانی ڕێگەی ئازادیو دیموکراسییە کە لەم پێناوەدا هەنگاوەکانیان چڕتر بکەنەوە. بە تایبەتی حیزبە کوردییەکان کە بە خۆشییەوە ئێستا زۆربەیان کەناڵی تەلەفزیۆنی ماهوارەییان هەیە کە ڕاگەیاندنێکی گرنگی گەیاندنە، ئێمە ژنانی نێو حیزبەکان دەتوانین لەم ڕێگەیەوە دەنگمان بە خەڵکی خۆمان بگەیەنین، بەڕاستی ژنانی نێو حیزبەکان ئەگەر خۆیان ماندوو بکەن، هەڵو فرسەتەکان بقۆزنەوە، تریبون هەیە بۆ دەنگ گەیاندن بە خەڵک. هەرچەند حوزووری ڕاستەوخۆ زیاتر کاریگەری هەیە، بەڵام دەتوانین لانی کەم کاریگەریمان لەسەر حیزبە کوردییەکان هەبێ بۆ گرنگی دان بە پرسی ژنو کێشەکانی ژنان کە کێشەی کۆمەڵگەن، ئەو حیزبانە لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی خۆیانەوە زیاتر ئاوڕیان لە مەسەلەکانی ژنان بدەنەوەو لە وشیار کردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکدا کاریگەرییان هەبێ. پشتگیرییەکی تەواوی ئەو ڕێکخراو ئەنجومەنو چالاکانەی ژنان لە نێوخۆدا کە کار بۆ مافە ڕەوا و ئینسانییەکانی ژنان دەکەن، بکەن. بۆ هیچ مەسەلەیەکی تر کێشەکانی ژنان نابێ لە پەراوێز بخرێن.

*فەرمان عوسمان: چۆن دەتوانن کارێک بکەن بۆ کەمکردنەوەی توندو تیژی دژ بە ژنان؟*

*کوێستان فتووحی:* کولتووری پیاوسالاری کە ماهییەتەکەی یانی زوڵمو ناحەقی دژی ژنە، ڕیشەیەکی قووڵی هەیە

و هەر وا ئاسان ناسرێتەوە. بە چەند هەنگاوی رێکخراوێک یان نووسین و دروشمی چەند روناکبیرێک کۆتایی نایەت. ئەوە کاری درێژخایەنی دەوێ، کاری فەرهەنگی و رۆشنبیری و پەروەردەیی دەوێ، ئیمکاناتی یاسایی دەوێ، بەڵام ئێمەی ژن دەبێ خۆمان دەستپێشخەر بین. سڕینەوەی توندوتیژی هەر بە قسە ناکرێ، دەبێ لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین، هەر ژنێک پەروەردەکارێکە، چونکە ژنە دەبێتە دایک، دایکە کوڕو کچ پەروەردە دەکات، دەبا کوڕەکانمان وا پەروەردە بکەین هەست نەکات کە حەقی زیاترە لە خوشکەکەی، با کچەکانمان وا پەروەردەکەین باوەڕی بە خۆی هەبێت، بتوانێ دیفاع لە حەقی خۆی بکات. لە توندوتیژی دژی ژنان تەنیا رۆح و جەستەی ژن زیان نابینێ بەڵکوو تەواوەتی کۆمەڵگە زیان دەبینێ. بۆیە هەر کەمتەرخەمییەک لەم بارەیەوە لە لایەن بنەماڵە، مامۆستایانی قوتابخانە، زانکۆو هەموو شوێنە پەروەردەییەکانو خەباتکارانی رێگەی ئازادیو مافی مرۆڤەوە، درەنگتر دەمانگەیەنێ بە ئامانجەکانمان کە ئازادیو دادپەروەریو یەکسانییە.

با پیاوانیش پێیان وانەبێ سڕینەوەی کولتووری پیاوسالاری شەڕە لە گەڵ ئەوان، بەڵکوو سڕینەوەی ئەو کولتوورە بۆ رێزگرتنە لە مرۆڤایەتی. مرۆڤەکان دەبێ مافی وەک یەکیان هەبێ بۆ ئەوەی کۆمەڵگە هەمووی بە ئاسوودەیی بژی.

---

## چیرۆکی حیجابی زۆرەملی لە ئێران و هەنگاوەکانی یەکەمی

حیحاب چۆن بوو بە زۆرە ملی و بەسەر ژناندا داسەپا ؟ وڵامی ئەو پرسیارە زۆر جار تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی لە نزیکیشەوە شاهیدی روودانی شۆرشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بوون، زۆر روونو تەواو نیە.

دوای ئەوەی محەممەد رەزا شا ئێرانی بەجێ هێشت رۆژنامەی "کیهان" وتووێژێکی لەگەڵ ئایەتوڵڵا مونتەزیری کرد کە تازە لە زیندانی شا ئازاد ببوو. لەوێدا لێیان پرسیبوو حەتمەن ژنانو کچان دەبێ چارشێو بەسەردا بدەن؟ لە وڵامدا وتبووی: ئەسڵەن حیجابی ئیسلامی بە مانای داپۆشراویی ژن بە چارشێوو تەریک کەوتنەوەی ئەو نیە لە کۆمەڵ دا، ئامانجەکە ئەوەیە ژن لە کۆمەڵ دا رووت نەبێ بۆ ئەوە نەبێتە هۆی هەوەسرانی پیاوان! ئێستا شۆرش بە تەواوی سەرنەکەوتبوو بەردەوام ژنانی بێچارشێو دەکەوتنە بەر هێرش و قسەی سووکی لاوانی بەناو شۆرشگێری

مەزهەبی. تەنانەت زۆرجار لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا ئەو ژنانەی رووسەرییان بەسەرەوە نەبوو دەکەوتنە بەر سووکایەتی و قسەی ناشیرینی پیاوان. ژنێک دەگێڕێتەوە دەڵێ ئەو رۆژانە هەموو پێمان خۆش بوو لە خۆپیشاندانەکاندا بەشداری بکەین و شەریکی سەرکوتی ئیستبداد بین، جارێک بە عەلاقەیەکی زۆرەوە چوومە نێو ریزی خۆپیشاندەران و لەگەڵیان هاودەنگ بووم، بەڵام بە سەرسوڕمانەوە دەستەیەک بەرەورووم هاتن و بە بیانووی ئەوەی کە چارشێوم بەسەرەوە نیە لە ریزی خۆپێشاندران دەریان کردم.

بەڵام نوقتەی دەست پێ کردنی چیرۆکی حیجابی زۆرە ملی لە سوخەنرانی یەکەی خومەینی لە ١٦ی رەشەممەی ٥٧ دایە کە وتی "ژنان بچنە سەر کار بەڵام بە حیجابەوە بچن."

***

هەر لەو ساڵانەدا، پیاوێکی ژاپۆنی لەگەڵ هاوسەرەکەی بە سەفەر دەچنە ئێران و روو لە ریستۆرانێک دەکەن لەوێ خزمەتکارەکان بەپەلە رووسەرییەک بۆ ژنەکە دێنن بیدا بەسەری دا مێردەکەشی کە ئەمە دەبینێ داوا دەکا ئەگەر رووسەری دیکەیان هەیە یەک دانەی تریان بۆ بێنن، ئەوانیش کە رووسەری زۆریان لەلایە هەر بۆ ئەو کەسانەی روو لە ریستورانەکەیان دەکەن و بێخەبەرن لەو شۆرشەی چی بەدیاری هێناوە بۆ ژنان! رووسەرییەکی دیکەش دێنن و دەیدەنە دەست پیاوەکە، ئەویش بەسەرخۆی دا دەدا، خەڵکەکە زۆریان پێسەیر دەبێ ئەم پیاوە بۆ رووسەری دەدا بەسەریا؟! خزمەتکارەکانی ریستۆران تێی دەگەیەنن کە ئەمە بۆ پیاوان نیە، تەنیا بۆ ژنانە! پیاوە ژاپۆنییەکەش لەمە تێگەیشتبوو، بەڵام پێی وتبوون ئاخەر هاوسەرەکەم ناچاردەکرێ کارێک بکات بەپێچەوانەی خواستی خۆی، ئەمەش بۆ ئەو ناخۆشە، بۆیە منیش دەمەوێ لەم ناخۆشییەدا هاورێیەتی هاوسەرەکەم بکەم.

بەڵێ ئەمە پیاوێکی ژاپۆنییە ئەگەر ناتوانێ دژایەتی لەگەڵ ئەو بڕیارە بکا، بەڵام خۆ دەتوانێ لەم کارە ناچارییەدا هاورێیەتی هاوسەرەکەی بکا.

بەڵام با بزانین پیاوی ئێرانی کە خۆیان زۆر بە رۆشنبیر دەزانن چۆن تەکلیفی خۆیان لەگەڵ ژنانی وڵاتەکەیان روون کردۆتەوە؟!

لەم رۆژانەدا کە گوڵشیفتەی فەراهانی ئەکتەری بەتوانای سینەمای ئێران بارگەوبنەی پێچایەوەو ئێرانی بەجێهێشت. خەڵکانێک هەبوون بەداخبوون لەوەی کە ئەم خانمە بەتوانایە سینەمای ئەم وڵاتەی بەجێ هێشت و

کەلێنێکی خستە هونەری سینەمای ئێرانەوە. بەهەرحاڵ ڕۆیشتنی گولشیفتە بۆ هێندێک لە لایەنگرانی سینەمای ئێران ناخۆش بوو، بەڵام ئەوندەی هەڵلاو هەنگامە لێ نەکەوتەوە، چونکە هەر کەس کەمتاکورتێک ئاگای لە هەلومەرجی ژنان لە ئێران بێ تێدەگا و دەزانێ ئەم ئەکتەرە بۆچی ئێرانی بەجێ هێشت. هەڵلا و هەنگامەکە لە سەر جلوبەرگەکەی گوڵشیفتە بوو کە حەقی بێئەملا و ئەولای هەر کەسێکە جۆری لیباس لەبەرکردنی خۆی هەڵ بژێرێ، کە ئەمە لە وڵاتی ئێراندا لە ژنان سەنراوەتەوە، ژنان حەقیان نیە بە بێ حیجاب بێنە دەرەوە، تەنانەت ڕەنگی جلوبەرگەکانیشیان زۆر جار کێشەیان بۆ دروست دەکا .

گوڵشیفتە ئیتر دەیزانی هیچ ناچار نیە بە جلوبەرگێکەوە دەرکەوێ کە هەمیشە وەک تۆقێک وایە بۆ ژنانی ئێران، بۆیە لە دەرەوەی ئێران بەبی حیجاب دەرکەوتو وێنەکەی بڵاو بۆوە. ئەمە بوو بە قسە و باسی نێو هێندێک لە وێبلاگە فارسییەکان کە ئەمڕۆ وێبلاگ لە ئێراندا کاری ڕاگەیەنەکانە ئازادەکان بەڕێوە دەبا. زۆر پیاوی بەناو ڕووناکبیری ئێرانی، کە بە قسەی ئەوان گوڵشیفتە بە حیجابەوە سەرنجڕاکێشتر!! بوو بیروبۆچوونی خۆیان لەسەر سادەترین حەقی هەر ئینسانێک بەم شێوەیە دەربڕی!

بەداخم بۆ خانمی فەراهانی! خانمی فەراهانی شەقی لە فەرهەنگی ئەسیلی! ئێرانی هەڵ دا. خانمی فەراهانی نەدەبوو پردی پشتی سەری بڕووخێنێ! فەراهانی بۆ ئەوە ئێرانی بەجێ هێشت کە ئاوا خۆی رووت بکاتەوە !

لێتان تێک نەچێ ئەمە قسەی دەسەڵاتدارانی دژی ژنی ئێران نیە، کە ٣٠ ساڵە هەر ڕۆژە حوکم و گەڵاڵەیەکی کۆنەپەرستانە لە دژی ژنانی ئەم وڵاتە پەسند دەکەن، بەڵکوو قسەی کۆمەڵێک پیاوە کە خۆیان بە ڕووناکبیری وڵاتی ئاریایی دەزانن کە ڕۆژانە بە ناو دنیای مۆدێرنی ئینترنێتدا دەگەڕێن و باس لە ئازادیو حکوومەتی سیکۆلارو فەرهەنگی پێشکەوتوو دەکەن .

"هێندێک کەس هەن دەیانەوێ بە ناوی دینو کولتووری نەتەوە و وڵاتەکەیان هەمیشە ژنان بدەنە بەر پەلامارو ڕەخنە لە هەر هەنگاوێکیان بگرن. ئایا ئەمە هاودەنگ بوون نیە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران؟

بەڕاستی بیروبۆچوونی ئەو وێبلاگنووسانە زیاتر دەستی مەئموورەکانی "امر به معروف، نهی از منکر" ئاوەڵا ناکات تا زیاتر فشارو زەخت بخرێتە سەر گوڵشیفتەکانی ئێران؟

٣٠ساڵە مەسەلەی حیجاب لە ئێراندا بۆتە مەسەلەیەکی گرنگ و ئەگەر ژنانی پێ سەرکوت کراوە، گرفتارییەکی زۆریشی بۆ رژێمی ئێران دروست کردوە. نیوسەدە پیش ئێستا حاکمانی پاشایەتی ئێران هاتن بە زۆر حیجابیان لەسەر ژنان لابرد، بۆ ئەوەی بە قەولی خۆیان ژنانی ئێرانی پێشکەوتوو و مۆدێرن! دیار بن. ئاخوندەکانیش هاتن حیجابیان زۆرەملی کرد نا ئاگا لەوەی نە بە فرێدانی حیجاب ژنان مۆدێرن دەبن، نە حیجابیش نیشانەی جوانی و بەرز بوونی کەسایەتیی ژن دەگەیەنێ. لە مێژووی ژنانی ئێراندا هیچکات بە قەت ئەو چەند ساڵەی دەسەڵاتی رژێمی ئیسلامی، ژنان سووکایەتییان پێنەکراوە و کۆسپیان نەهاتۆتەسەر رێ، بەڵام سەرڕای هەموو ئەو کۆسپ و رێگرییانەی لە لایەن سیستمەوە بۆیان پێش هاتوە، ژنانی ئێران رێگەی خۆیان دیوەتەوە، هەر لە سەرەتاکانی بەدەسەڵات گەیشتنی ئەم دەسەڵاتە رەشەوە خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ ستەمو جیاوازییەکانیان دەست پێکردوەو هەر درێژەی هەیە، ئەوەتا دنیا شاهیدی گۆڕانی نەخشی ژنانی ئێرانە بە ژنانێکی چالاک و کاریگەر لە بواری کۆمەلایەتی، خوێندن، نووسین و ئەدەبیات و زۆر بواری دیکە. هۆکاری ئەو بەرەوپێش چوون و پێشکەوتنەی ژنان لەو بوارانەدا، خەباتی بێوچانە، زۆر ئاگایانە خەباتەکەیان بەرەوپێش دەبەن، بۆیە لە رێگەی جۆراوجۆرەوە هەوڵەکانی ئەم سیستمە پووچەڵ دەکەنەوە. هیوادارم پیاوانیش لەو خەباتەدا، ئەگەر وەک پیاوە ژاپۆنییەکە نابنە هاورێیەکی باشی ژنان، نەبنە کۆسپی سەر رێگاشیان.

## برینەکان چووکەن و ریشەکەیان قووڵە!

رۆژانە هەموومان رووبەرووی کۆمەڵێک مەسەلە دەبینەوە کە رەنگە بەلامانەوە زۆر ئاسایی بێ، ئەو مەسەلانەی چووکە دیارنو زۆرکەس هەر بیریشیان لێناکاتەوەو رەنگە پێکەنینیشیان بە کەسێکی وەک من بێت کە کە کردوونیەتە خەمی دڵی خۆی. بەڵام ئەگەر تۆزێک بە تێگەیشتنەوە لێیان بڕوانین و بیریان لێبکەینەوە، هەست دەکەین چ برینێکن! چووکە بەڵام قووڵ و ریشەدار. نەخۆشییەکی نێو دڵی کۆمەڵگەو هەموومان تێیدا زیان دەبینین.

***

مودیری یەکێک لە قوتابخانەکانی کچان بە دڵسۆزی بە کچە قوتابییەکانی وتووە بەو رێگەیەدا هاتوچۆ مەکەن، چونکە کوڕەکانی قوتابخانەی.... لەوێ دا لە چاوەڕوانی سەیارەدان! ـ یان بۆ نموونە دەوامی کچان بەیانانە و کوڕان پاشنیوەڕۆیان ـ مودیری قوتابخانەکە بە کچەکانی وتوە زوو بڕۆنەوە تا کوڕەکان نەگەیشتوون!! یان

مامۆستا... کە گوێی لە قاقای پێکەنینی کچەکانە دەچێ و دڵسۆزانە ئەزموونەکانی خۆی بۆ کچە قوتابییەکان باس دەکاو دەڵێ: خۆتان پارێزن با قسەتان پێنەڵێن کچ دەبێ شەرمن و بێدەنگ بێ! کچەکان ئارەزوویانە لە حەساری قوتابخانەکەیان وەرزش بکەن، بەڵام مامۆستاکانیان پێیان دەڵێن لە حەوشە هێمن بن با ناوخۆیی کوڕان لە حەوشەی ئەوبەرەوە چاوتان لێنەکەن! تۆپەکەتان نەکەوێتە حەوشەکەی ئەوان، خۆ ئەگەر تۆپەکەشتان تێکەوت نەچن بۆی!

***

پۆلێک کچی قوتابی و خوێندکار، جاروبار قاقای پێکەنینیان بەرز دەبۆوە، دەمویست بەلایاندا تێپەڕم بانگیان کردم و تێکەڵاوی گاڵەوگەپەکانیان بووم، لەم رێگەیەوە حەزم دەکرد ئارەزووەکانیان بزانم، هەریەک بە جۆرێک باسیان لە ئارەزوو خەمەکانی خۆیان دەکرد. ئارەزووی هەموویان سادەوساکارو پاک و بێگەرد و سەرکوتکراو وەک خۆیان. "خۆزگە بچمە وڵاتێک کەس دەخالەت لە ژیانی کەسدا نەکات"، ناتوانی لەگەڵ نزیکترین کەسی خۆت پیاسەیەک بکەی، ئەمە کەی ژیانە"؟! "خۆزگە منیش کوڕ بوایەم بەس نیە بەکەیفی خۆیان دێن و دەچن کەسیش باسیان ناکات". ئەم خۆزگەو ئاواتانە لەچییەوە سەرچاوە دەگرێ؟

***

بۆ ئەوە لە ئاخ و داخی دڵی ژنانی ئەم وڵاتە بگەی جارێک بەسە رێگەت بکەوێتە نەخۆشخانە یان مەجلیسی پرسە و سەرەخۆشی، بەڵام ئەگەر پرێسکەی دڵیان بکەنەوە! ماوەیەک لەمەوبەر هاتوچۆی دوکتۆری ددانم دەکرد، زۆربەی ئەو کەسانەی سەردانی دوکتۆریان دەکرد ژن بوون. ئەوان تەنیا ئازاری ددان بێزارو عاجزی نەکردبوون، بەڵکوو هێندێک لەو ژنانە کە دەچوویە نێو ناخیانەوە، دڵیان پڕ بوو لە خەمو لە ئازار. لەلای دوکتور بە ٢ سەعات و ٣ سەعات دەبێ راوەستی تا نۆرەت دێ، رۆژێک ژنێک لە نۆرەدا راوەستابوو، سیمای دەموچاوی مەینەتی رۆژگاری پێوە دیار بوو، زۆری پەلە بوو، وتم رەنگە منداڵی چووکی بەجێ هێشتبێ، داوای لە چەند کەسێکمان کرد نۆرەی خۆمانی پێبدەین، وتم چیتە، منداڵی چووکەت بەجێ هێشتوە؟ وتی منداڵم نیە، شووم نەکردوە! بە پێکەنینەوە وتم کەوایە ئاسوودەی ئەی بۆ وا پەلەتە؟! ئاخێکی هەڵ کێشاو وتی کچێ ئاسوودەی چی! بەدەست قسەی خەڵکەوە ئاسوودە ئەبین؟ وتم گوێ مەدە بەخەڵک تۆ بۆ خەڵک ناژیت. وتی خۆم و تەنیا خوشکێکم لە خانوویەک دا دەژین لە گەرەکی.... کەمێک درەنگ برۆمەوە خەڵک هیچ، هەر براکانی خۆم هەزار قسەم پێ ئەڵێن. باوەڕم پێ ناکەن درەنگ نۆرەم بەرکەوتوە ، پێم ئەلێن لە بەرەڵڵایەتی بووی! وتم مادام ئەونە دڵ پیسن بۆ لەگەڵت نایەن؟ وتی کچێ خوشکی خۆم برام قەت نەک بەدەردو مەرگمانەوە نەبوون قسەی واش بە من و خوشکەکەی ترم ئەلێن بە بەردی بلێی ئەبێ بە ئاو. هەر برایە خوشکی بەدبەخت کردوە. دیار بوو زۆری ئازار لە دڵ دایە ....

ئیتر باسی ئەو ژنەش ناکەم کە جارێکیتر هەر لەوێ دیتم و داستانی ژیانی هەوێساری خۆی بۆ گێڕامەوە، هاتبوو ددانەکانی جوان بکاتەوە بۆ ئەوەی بە قسەی خۆی هەوێکەی پێی گوێر بێ!! ژن چەند بە سەبرن!

هەر ئەمساڵ لە مەجلیسێکی پرسەدا بووم، هێندێکیان فرمێسکیان هەڵ دەوەراند، بێگومان بەشێکیان بۆ خەمەکانی خۆیان دەگریان و هێندێکیشیان دوو دووو سێ سێ پێکەوە قسەیان دەکرد یەک دوو ژنی نەناسیاو لەپەنا منەوە دەردەدڵیان بۆیەکتر دەکرد، یەکیان دەستی توند بە سینگی دا داو دۆعای دەکرد: "ئۆە دوو برام هەیە رەبی هەردووکیان بە رۆژێک جوانەمەرگ بن! ژنێکی دیکە کە هەر لەپەنا ئەوانا وتی چۆن دڵت دێ دۆعای وا لە برات دەکەی؟! خێرا دەستی برد بۆ نێو سینگ و مەمکی و وێنەی گەنجێکی جوانی دەرهێناو نیشانی دان و وتی لەبەر ئائەوە. زانی گوێم لە قسەکانیانە بۆیە دەستی دێژ کردو وێنەکەی نیشان منیشدا. لێم پرسی ئەم کوڕە جوانە چیتە؟ وتی: "ئەوە کوڕ نیە! خوشکمە لەبەر ئەوەی جلکی پیاوانی لەبەردەکرد و ئیشی پیاوانی دەکرد براکانم بە گوللە کوشتیان! ئاخەر بۆ ئەمە کەی تاوانە؟! دەستی بە گێڕانەوەی ژیانی خوشکە جوانەمەرگەکەی کرد: "ئەو خوشکەم هەر لە منداڵییەوە عەلاقەی بە جلکی کوڕانە بوو، کە گەورەش بوو هەر وابوو، پرچی کورت دەکردەوەو دەچووە نێو پیاوان. بەخوا ئەونە بەحەیاوناموس بوو، لە پیاوان پیاوتر بوو. ئیشی پیاوانی دەکرد وەستا بوو، دوو بنەماڵەی بەخێو دەکرد. ئاخێکی هەڵکێشاو وتی برا نامەردەکانم بە قسەی خەڵک کوشتیان. بەخوا کوێراییم دایە فنجانە چاییەکە بە دەستییەوە بوو گوللەیان نا بەسینگیەوە! ئەونە کوتیان کچ چۆن ئەبێ وابکا؟! ئەونە وتیان... فرمێسکەکانی بەریز هاتنەخوارەوە ....

***

تێپەڕینی کات داستانێکی لەم جۆرانەی لەبیر نەبردوومەوە، خاتووزین ژنێکی چەوساوە بوو لە دێیەکەی ئێمەو هاوسێشمان بوو، هەمیشە دەموچاوی شین هەڵ گەڕابوو، منداڵ بووم لێم دەپرسی دادە خاتووزین ئەوێت بۆ شین بۆتەوە؟ هەر جارە شتێکی دەیوت: "دارم پێدا کەوت"، "کەوتم"، "چووم گیا بخەمەبەر دەمی مانگا سوور شاخێکی لێدام". هەموو ئەوانەم باوەڕ دەکرد. دیارە قەت لەلای دایکم نەمدەوێرا لێی بپرسم چونکە دایکم دەیوت تۆ فزوولی! ئەمە هەمیشە دووپات دەبۆوە، تا شەوێکیان لە پەنجەرەی ماڵی خۆمانەوە گوێم لە قیژەی خاتووزین بوو، دایکم رای کرد بۆمالیان، دوایە لەگەڵ خۆی هێنای بۆ ماڵی خۆمان، هەموو سەروچاوی سووڕ هەڵگەڕابوو، دایکم پێی دەوت هیچ نیە رۆڵە گیان مەگری! ژن و مێرد شەڕیشیان ئەبێ! ئیتر زانم دەموچاوی دادە خاتووزین بۆچی هەمیشە شین و رەشە.

***

چۆن دڵم بەخۆمان نەسووتێ سادەترین ڕێسای ژیان لای ئێمە دەبێ بە ئارەزوویەکی دووره دەست. دەبێ لە وڵاتانی پێشکەوتووو بەختەوەر ئەو وڵاتانەی ڕێزی مرۆڤایەتی دەزانن و یاسای دادپەروەرو یەکسان سەروەره، کچە لاوەکانیان ئارەزووەکانیان چی بن؟ لەوێ ئەو ژنانەی لەلایەن مێردەکانیانەوە خیانەتیان لێدەکەن هیچ پاساوێک بۆ ژیان لەگەڵیان ناهێننەوە و بێسێ و دوو لێیان جیادەبنەوە، بەڵام لێره ژنی چارەرەش بۆ ئەوەی زۆرتر زیان نەبینێ، بەناچاری ژیانی هەوێساری قبووڵ دەکاو زوو زووش هەنیەی دەکاو بەخۆی ڕادەگا بۆ ئەوەی دیق بە هەوێکەی بکا!! یان ...

چ پێکەنینییە ئەم ژیانە! ببوورن گریاناوییە .

ئێمەی ژن لەم وڵاتە ڕۆژانە چەندین جار لە ژیانماندا ڕۆحمان بەردباران دەکرێ و کەسیش شکایەتی نیە، دەڵێن بەردەکان چووکەن جا ئەوانە چین!!

---

## هەموومان مرۆڤین و مافی ژیانمان هەیە

فریشتە نەجاتی خەڵکی مەریوان تەمەنی ١٨ ساڵە بوو کە باوکی بەزۆر دای بە پیاوێک کە ١٨ ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو. دوای دوو ساڵ ژیان لە گەڵ ئەو پیاوە لێی جیا بۆوەو گەڕایەوە ماڵی باوکی. بەڵام باوکی بە تۆمەتی پێوەندیی نامەشرووع کە هیچکات ئیسبات نەبوو، فریشتەی وەبەرچەقۆ دا و گیانی لێسەند. دوای دووساڵ ژیان لەگەڵ ئەو پیاوەی بە ناچاری لەگەڵی دەژیاو دوای ئەو تۆمەت و بوختانەش کە باوکی خستیە پاڵی، پزیشکی یاسایی ڕایگەیاند: "فریشتە نەجاتی هەر کچ بوو."

ساڵانە بە بیانووی پاراستنی شەرەف و نامووس چەندین کچ و ژن لەلایەن پیاوانی خزم و کەسی خۆیانەوە گیانیان لێ دەسێندرێ.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٣٨٧دا ٩ ژنی کورد بوونەتە قوربانیی جینایەتی بە ناوی

"ناموس پارێزی"یەوە. تێکۆشەرانی بواری مافەکانی ژنان لە ئێران دەڵێن، ڕێژەی قەتڵەناموسییەکان لەم وڵاتەدا چۆتە سەرێ. ئەم کردارە نامرۆڤانەیە بەداخەوە بەرێژەیەکی زۆر بەرۆکی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستانی گرتۆتەوە. دیاردەی کوشتن بە ناوی ناموس کولتوورێکی عەشیرەیی دواکەوتووانەیە کە لە نێو هێندێک کۆمەڵگەی دواکەوتوودا هەیەو یەکێک لەم کۆمەڵگایانە کۆمەڵگای کوردستانە. یاساکانی وڵاتی ئێرانیش بەجۆرێکن کە دەستی پیاوە دەمارگرژە بە ناو ناموسپەرستەکانی ئاوەڵا کردوە و دەتوانن بەبیانووی پاراستنی ناموس، دەست بۆ کوشتنی ژنان بەرن و بە ئاسانیش خۆیان لە سزادان دەرباز بکەن.

ئەگەر لە ریشەی ئەم کولتوورە بکۆڵرێتەوە، بێگومان تاوانی کوشتنی ژنان لەسەر مەسەلەی بەناو "پاراستنی ناموس" تەنیا لە ئەستۆی پیاوان نیە، بەڵکوو تاوانباری سەرەکی ئەو سیستم و یاساو سوننەتو باوەڕە غەڵەتانەن کە ژنیان کردۆتە کۆیلەی پیاوان. کولتووری زاڵ و باوەڕو دابونەریتە غەڵەتەکان و نەبوونی یاسایەکی یەکسان و دادپەروەر لە بەرامبەر مرۆڤەکانداو نەبوونی پارێزگاری بۆ ژنانێک کە دەکەونە بەر توندوتیژیی بنەماڵەیی، لە ئێراندا بۆتە هۆی پەرەسەندنی کوشتنی ژنان بە بیانووی ناموس پارێزی. دەسەڵاتدارانی ئێرانیش لە جیاتی دیتنەوەی چارەیەک بۆ ئەم دیاردەیە ـ کە کۆمەڵگە هەمووی تێی دا زەرەرمەندە ـ بەشێوەیەکی نادیموکراتیک و توندوتیژانە حەرەکەتی ئازادیخوازانە و مافخوازانەی ژنان سەرکوت دەکا و خوازیارانی ئاڵوگۆڕ لە یاسا نابەرابەرەکان دا رەوانەی زیندانەکان دەکاو لە جیاتی گوێگرتن لە دەنگی حەقخوازانەی ژنانی بەرابەریخواز، دەستووری داخرانی ئەو نیهادە مەدەنییانە دەدا کە کار بۆ سڕینەوەی ئەو باوەڕو سوونەتە غەڵەتانە دەکەن کە بە ناوی پاراستنی ناموس و شەرەفەوە، باوک دەکاتە قاتڵی کچەکەی و برا دەکاتە قاتڵی خوشکەکەی و... حاکمانی کۆنەپارێزی ئێران بە تایبەتی لە کوردستان زۆر توندوتیژتر لەگەڵ دەنگی یەکسانیخوازان دا بەربەرەکانی دەکەن و زیاتر سەرکوتیان دەکەن.

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبوردن، مانگی رابردوو بە دەرکردنی بەیاننامەیەک رایگەیاند: "کۆماری ئیسلامی لەسەر درێژەدان بە پێشێلکردنی مافی کوردەکانی ئێران بە تایبەتی ژنانی کورد، بەردەوامە ".

هەر لەو بەیاننامەیەدا داهاتوە کە ژنانی کورد، نەتەنیا بە هۆی ژن بوون و ژیان لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاردا، بەڵکوو وەک بەشێکیش لە کەمایەتیی کورد لە ئێراندا لەگەڵ جیاوازی و کەندوکۆسپی دووقات بەرەو روون.

ئێمە هەموومان مرۆڤین و مافی ژیانمان هەیە. مرۆڤ لە هیچ هەلومەرجێکدا مافی ئەوەی نیە مرۆڤێکی دیکە لە ژیان بێبەش بکا. بەڵام کوشتن و لە ژیان بێبەش کردنی ژنان بە ناوی پارێزگاری لە شەرەف و نامووس لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش، خەریکە دەبێتە شتێکی ئاسایی، بە جۆرێک کە کوشتنی ژنان و بڵاوبوونەوەی هەواڵەکان لەو بارەوە لە کوردستان ئەمڕۆ کەم کەس رادەچڵەکێنێ.

لێرەدا رووی قسەم دەکەمە هەموو چین و توێژێکی ئاگای نێو کۆمەڵ بە تایبەتی چالاکانی بواری مافی ژنان، رووناکبیران، پسپۆرانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و هەموو ئەو کەس و لایەنانەی بە جۆرێک خۆیان بە دڵسۆزی نەتەوە بندەستەکەیان دەزانن، ئەم مەسەلەیە بە هێند بگرن و زۆر بە جیددی هەوڵ و کۆششیان وەگەر بخەن بۆ نەهێشتنی ئەم کولتوورە شەرماوییە کە خەریکە لە ناو کۆمەڵگەی کوردستاندا پەرە دەستێنێ. دوژمنانمان پێیان خۆشە کۆمەڵگەیکی پڕ لە دەردو ئازارمان هەبێ. یەکێک لە رێگاکانی بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنانی کوردستان هەوڵدانە بۆ سڕینەوەی دیاردە ناشیرینەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردستان و پشتگیرییە لە فەرهەنگێکی پێشکەوتووو یەکسانیخواز. هەر چەشنە کەمتەرخەمییەک لەم پێوەندییەدا زیان بە داوارۆژی نەوەکانی ئەم کۆمەڵگەیە دەگەیەنێ.ئەو منداڵەی شاهیدی کوشتنی دایکیەتی دەبێ ببێتە چ مرۆڤێک بۆ کۆمەڵگەکەی؟

با زیاتر لەوە شاهیدی بێمافی و حەقکوژییەکانی ژنانی کورد نەبین و لە جیاتی رقو کینە و خوێن رشتن منداڵەکانمان فیری دادپەروەری و خۆشویستن و رێزگرتن لە بەهاکانی ژیان و مافی یەکتر بین.

هەرچەند ئەوەی لە ناشتنی فریشتەی نەجاتی ئەم قوربانییە تازەیەی ناموسپارێزی دا بینرا، جێگای لێوربوونەوەیە، تەرمی ئەو فریشتە بێ تاوان و ئەم کچە جوانەمەرگە لە سەر شانی ژنانێکی یەکجار زۆری شاری مەریوان و دەوروبەر و بە هاورێیەتی ژمارەیەکی زۆریش لە پیاوانی کورد بە خاک سپێردرا جێی خۆیەتی بەم بەشداری کردن و خۆپیشاندانە دڵ خۆش بکەین. ئەم خۆپیشاندانانە و ئەو دروشمانەی لەوێدا دران، نیشانەی نفرەت و بێزاری بوو لەو کولتوورە شەرماوییەی بە ناوی "پاراستنی شەرەف و نامووس" گیانی ئینسانەکان دەسێنێ.

ئەگەر هەر تاوانێک دژی ژنان و هەر بە ناهەقکوشتنێک بەم چەشنە وڵامی بدرێتەوە و بکرێتە دەرفەتێک بۆ وەرێخستنی نارەزایەتیی بەرینی ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازو خاوەن ویژدان، باج و هەزینەی ئەم جۆرە تاوانانە دەچێتە سەرو، تاوانخوڵقێنان ناوێرن بە هاسانی دەست بۆ تاوان دژی ژنان بەرن. دەسەڵات و یاسای هاندەرو

پارێزەری ئەم جۆرە تاوان و تاوانکارییەش، لە بەرامبەر شەپۆلی پڕخرۆشی نارەزایەتیی خەڵکی دادپەروەرو یەکسانیخوازدا، سەرئەنجام دەبێ لە نێوان ملکەچی و پاشەکشە، یا چوون بۆ نێو زبڵدانی مێژوو بە شەقی خەڵکی ئاگاو راپەڕیو، یەکیان هەڵ بژێرن.

## سیمای ژن لە تلویزیۆنی کۆماری ئیسلامی دا

ژنانی ئێران لە سی ساڵی رابردوودا سەرەڕای ئەو فشارانەی لە لایەن رێژیم و دەسەڵاتەکەیەوە لە هەموو بوارەکاندا لەسەریانەو لە زۆر مافو ئازادی، تەنانەت ئەو مافانەی لە سەد ساڵی رابرددودا بەدەستیان هێنابوو بێبەش کراون،

بەڵام بەوحاڵەش بە هەوڵ و خەباتی بەردەوامی خۆیان بۆ وەدەستهێنانی پێگەیەکی باشترو شیاوتر لە کۆمەڵگەدا، توانیویانە لە زۆر بواری جۆراوجۆر دا دەرکەون و سیمای ژنانێکی بەتواناو سەرکەوتووو پێشکەوتوو لەخۆیان نیشان بدەن.

لەپەنا هەموو سەرکەوتنەکاندا پێویستە هێندێک راستیی تاڵیش ببینین. لەگەڵ ئەوەی هاوکات لە زانکۆکاندا زۆرترینی دەرچووان لە کچان پێک هاتوون، بەڵام بەداخەوە ئەو کۆسپ و گیروگرفتانەی لە لایەن سیستەمی دەسەڵاتەوە لەسەر رێیانە، وای کردوە کە لە کۆمەڵگەی ئێراندا ژنان زۆرتر لە سیماو نەخشی سوونەتی کۆمەڵگەی پیاوسالاردا دەرکەون، نەخشێک کە رێژیم ئامانجدار کاری بۆ دەکا تا لە بیرو زەینی کۆمەڵ دا بیچەسپێنێ.

تلویزیون راگەیەنێکی گشتییە و ئەم راگەیەنە نەخشی گرنگ و کاریگەری هەیە لە سەر فەرهەنگو کولتووری کومەڵگە. ئەگەر چاو لە دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامی بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە بەرپرسانی ئەم دەزگا نیشتمانییە! سیاسەتێکی زۆر کۆنەپەرستانە و پیاوسالارانە بە نیسبەت نەخشی ژنەوە بەڕێوە دەبەن. هەرکەس چاو لە فیلم و ریکلام و زنجیرە (سریال)ەکانی تلویزیونی کۆماری ئیسلامی بکا تەئیدی ئەو ئیددیعایە دەکا.

ئەو سیستمەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو بارەیەوە بەڕێوەی دەبا، جۆرێکە لە پەروەردە کردنی کۆمەڵگە لە پێناو ئیدئۆلۆژی ئەو ڕێژیمەدا. نیشاندانی نەخشی ژنان لە نەخشێکی سوننەتیدا بانگەشەیە بۆ پێگەی ژنان لەو کۆمەڵگەیەدا. بەردوام ئەو نەخشانە دووبارە و چەندبارە دەبنەوە و لە بیروزەینی خەڵکدا دەچەسپێ. ئەو ژنانە لە فیلم و ریکلام و سریالەکاندا زۆرتر ژنانێکن کە خەریکی ئاشپەزی، پاکوخاوێنیی نیوماڵ، گوێڕایەڵی قسەی پیاوانی بنەماڵەن و ئەو ئەرکە کلیشەییانەی کە سیستمی پیاوسالاری بۆ ژنانی داناوە.

لە سەر ڕۆڵ و نەخشی ژنان لە تلویزیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا، پرسیارمان لە کۆمەڵێک کەس کرد کە بەم شێوەیە وەڵامیان داینەوە:

ڕۆژین چالاکێکی خویندکاری دانیشتووی شاری بۆکانە دەڵێ: ژنان ڕاستییەکی ون بوون و نیوەی شاراوەی نێو کۆمەڵگەی پیاوسالارن. ژنانی ئێران لە ژێر فشاری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دا ئازار دەچێژن. سیمای ژن لە ڕاگەیەنێکی تلویزیۆنیی ئیسلامیی دا بە گاڵتە گیراوە. لە لایەکەوە بە سەرچاوەی هەڵە و تاوان دادەنرێ لە لایەکی دیکەشەوە کەڵکی تەبلیغاتی لە کەسایەتی ئەو مرۆڤە وەردەگیرێ. نابەرابەری لە نەخش و ڕۆڵی ژن و پیاو لە تلویزیۆنی کۆماری ئیسلامی دا زۆر بە ڕوونی دیارو بەرچاوە و لە ڕاستای سیستمی پیاوسالاری دا دەچێتە پێش و کەسایەتیی ژن هەمووکات ڕۆڵی نزمتر لە کەسایەتیی پیاو دەبینێ. پیاوان سیمای دەسەڵاتدارو سەرکەوتوو و ژنانیش لە پەراوێز خراوو بێدەنگ دەردەکەون. ژن بە ناچاری دەبێ ڕۆڵێک یاری بکا کە پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەو هەر بە پلە دوویی بمێنێتەوە و زۆرتر هەستو سۆز لە خۆی نیشان دەدا تاکوو عەقڵ. دەسەڵاتی ئێران لەسەر ئەو باوەڕەیە ژنی باش و نموونە ئەو ژنەیە کە لە نێو بنەماڵە دا دەبینرێ و لە ڕۆڵی دایک یا هاوسەردا دەردەکەوێ، ئەویش هەمووکات وەک کەسایەتییەکی بەکاربەر "مصرف کننده" ڕۆڵ دەگێرێ.

هەروەها ئەم کچە چالاکاکە وتی: بە هۆی ئەو ڕۆڵە نابەرابەرە ڕەگەزییەی لە فیلم و زنجیرە تلویزیۆنی یەکاندا زۆر بە کەمی نەخشی مودیرو بەرپرسی پێدەدرێ، ئەگەریش ڕۆڵی مودیرێکی تێگەیشتووی پێبدەن، ئەو ژنە دەبێ وەک "بێوەژن"ێک دەکەوێ. چونکە نایانەوێ وا نیشان بدەن کە ژن هاوکات لە دوولاوە پێگەیەکی موسبەت بەدەست بێنێ. ڕۆژین لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا وتی: ژن بەو هەموو بەهایەی کە هەیەتی بەداخەوە سیمای ڕاستەقینەی خۆی دیار نیە، ئەو ڕۆڵە ڕەگەزییەی بەسەری دا سەپاوە سووکایەتییە بە کەسایەتیی ئەو.

هەر لەم بارەیەوە خانمێکی دیکەی نووسەر خەڵکی شاری سنەش وتی:

"ژنان کاتێک لە کۆمەڵگە بە گشتی دەچەوسێنەوەو مافی هیچ بوونێکی واقعی و راستەقینەیان نیە، ئاسایی‌یە کە لە فیلمەکانیش دا دەقاودەق وەکوو ئەبزارێک بۆ بەرژەوەندییەکانی سیستم و لە رێگەی ئامانجی ئەو دا بەکار دێن. بۆ وێنە کاتێک ژنان خۆیان لە فیلمی چەند هاوسەرییەکاندا یاری دەکەن یان هەمیشە نەخشی ژنی ماڵەوەیان هەیە یان نەخشهایەکی تەقلیدی وەکوو پەرستارو دوکتورو یان پۆلیس ئەو شتانەیان پێدەدرێت بێگومان کاتێک لەم راستایەدا حەرەکەت دەکەن واتە لە راستای ئیدەئالەکانی سیستەمدا ئیش دەکەن، چ فەرقێکی هەیە کە نەخشی ماڵیان یان لە دەرەوی ماڵیان پێبدرێت.

ئەم خاتوونە لە درێژەی قسەکانی‌دا وتی: "گرنگ ئەوەیە ژن لە فیلمەکانیش دا زۆر پەست ترو بێچارەتر دەردەکەون، چونکە ئەگەر ژنانێک ببن کە لە کۆمەڵگەدا ئیشی سیاسی بکەن یان لە رێگەی مافی ژندا هەنگاو هەڵ گرن لە فیلمەکاندا هەر مەجبور دەکرێن لە راستای ئەهداف و ئامانجەکانی سیستم دا یاری بکەن، واتا ئەو ژنانەن لە فیلمەکاندا زۆر بێ دەسەڵات و چەوساوەتر نیشانی خەڵک دەدرێن.

لە راستی دا ریشەی ئەم کەموکورتییانە لە تلویزیونی ئێراندا، پێوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ یاسا دژ بە ژنەکانی لە ئێستاو رابردووی مێژووی ئێرانیە بە گشتی هەیە. ژن، وەکوو ژنی کارا، قەت لە رابردووی فەرهەنگی ئەم وڵاتەدا بوونی نەبووە، مێژووی پیاوسالاری لەم وڵاتەدا ریشەیەکی قووڵی هەیە، بۆیە ئەم نەخشانەی ئێستا لە تلویزیونی ئێراندا بۆ ژن هەیە بەلای خەڵکەوە زۆر ئاسایین.

خۆتان دەزانن ژن نەک هەر لە تلویزیۆن دا بوونێکی سونەتییانەی هەیە، بەڵکوو لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگە بە گشتی رۆڵ و پێگەیەکی شیاو و یەکسانی نیە لە گەڵ پیاودا، واتە بوونێکی رووکەش و بێدەسەلاتانەی هەیە. راستە ژمارەی ژنان لە زانکۆکاندا لە پیاوانیش زۆرترن، بەڵام چونکە سیستم هیچکات بایەخی پێویستی بە رۆل و نەخشی ژنان نەداوە، یان هەر ئەوە ئامانجیەتی، لە تلویزیۆندا کە راگەیەنێکی گشتییە بەم شێوەیە فەرهەنگسازی دەکا.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەی کە بزاڤە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکانی لایەنگری یەکسانیی ژنان تا چەند توانیویانە

لەم بارەیەوە ڕەخنەکانیان کاریگەر بێ، ئەم نووسەرە سنەییە وتی: هەرچەندیش بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانو چالاکانی ژن هەوڵیش بدەن ژنان پێگەیەکی شیاوتریان هەبێ لە کۆمەڵ دا، بە داخەوە زۆر کاریگەری نیە. دەسەڵاتی ئایین و بیروبڕوا سوننەتییەکان زیاتر ڕەنگدانەوەی هەیە لە سەر کەسایەتیی ژنان.

خاتوو "سیمین"یش لەسەر ئەو باوەڕیەو دەڵێ: دیارە کە نەخشی ژن لە تلویزیۆنی ئێراندا نەخشێکە کە کۆمەڵگەو قانوون پێی داوە. نەخشێکی سوننەتیو کلیشەیی کە ژن دایکی دڵسۆزو فیداکارە کە لە باشترین شێوەدا ژیانی خۆی دەکاتە فیدای ژیان و ئاسوودەیی بنەماڵە. ژن ئاشپەزو پرستارو دایک و ژنی ماڵە.

ئازادیش کورێکی لاوی مەهابادییە، لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆڵی ژنان لە تلویزیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا وتی: بەداخەوە کاناڵەکانی ئێران ڕۆڵێکی زۆر نێگەتیڤیان هەیە لە کولتووری نزمبینی ژنان لە کۆمەڵگەدا. نەریتو فەرهەنگی پیاوەمزنی و دواکەوتووانەی نێو کۆمەڵگەی ئێران پشتی بە یاسا دژ بە ژنانەکانو سیستمی دەسەڵاتەوە بەستوە. ٣٠ ساڵە ئەم ڕێژیمە بۆ پتەوبوونی ئەو فەرهەنگە بە هەموو شێوەیەک کاری بۆ کردوە. لە ڕێگەی بیروبۆچوونی ئایینی یەوە کەڵکی وەرگرتوەو هەموو پێوەرە یەکسانیخوازەکان خراونەتە ژێر پێ و بە لادان لە ئایینی ئیسلام ناودەبرێ. لە سیستمی پەروەردەی وڵاتی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمەدا هەر لەنێو بنەماڵەوە تا قوتابخانە و زانستگەکاندا هەمووی بە پێوەری نایەکسانیی و ژن بەکەمگر بەڕێوەدەچێ، ئەمە زۆر بە ڕوونی لە تلویزیۆنی ئێراندا ڕەنگی داوەتەوە. ژنی باش لای ئەوان تەنیا کابانێکی باش و دەسترەنگینە. یان بێدەنگ و فەرمانبەری مێردەکەیەتی. پیاوە کە نەخشی سەرەکیی بنەماڵەی بە دەستەوەیە، واتە پیاو هەموو بڕیارێکی لەدەست دایە، مەسئوول و ڕەئیسی بنەماڵەیە".

لە کۆتایی دا وێڕای سپاس بۆ ئەو بەڕێزانەی وڵامی پرسیارەکانیان داینەوە، دەڵێین ئەمە ڕاستییەکی حاشا لێ نەکراوە، ئەمڕۆ خەڵکی ئێران بە تایبەتی ژنان لەو ڕەوتی بە جیهانیبوونە بە دوور نین و ئەگەرچی ئەم ڕێژیمە زیندانێکی بۆ کۆمەڵانی خەڵک بەتایبەتی ژنان دروست کردوە، بەڵام زۆر ڕۆژنەی دیکەیان پێ شک دێ و لەوانەوە ئەزموون و ژیانی خەڵکانی وڵاتانی پێشکەوتووو یەکسانیخواز بکەنە سەرمەشقی ژیانی خۆیان و لە دنیای جەهل و نەزانی ئەم کۆنەپارێزانە دا خۆیان ڕزگار بکەن و کۆمەڵگەیەکی یەکسان و دادپەروەر بۆ خۆیان و نەسڵەکانی دوای خۆیان دەستەبەر بکەن.

# ٢٢ی جۆزەردان، رۆژی هاوپێوەندیی ژنانی ئێران

٢٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٤ لە تاران ژنان بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین دژی یاسا پڕ لە جیاوازییەکانی وڵات، کۆبوونەوەیەکی گەورەو بەرینیان لەبەر دەرکی زانکۆی تاران وەڕێ خست. ئەو کۆبوونەوە بەرینە بەبەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە ژنانو دەستەو گرووپی جیاوازی فیکریی شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران بەڕێوەچوو. ئەوان بە هەموو جیاوازییە فیکرییەکانیانەوە کۆببوونەوە تا بە دەنگی یەکگرتووی خۆیان هاوار بکەنو بە دەسەڵاتدارانی ئێران بڵێن: ئێمە ژنین، ئینسانین، هاووڵاتیی ئەم وڵاتەین، بەڵام مافمان نیە."

ساڵێک دواتر هەر لە رۆژی ٢٢ی جۆزەرداندا ژنان لە مەیدانی ٧ی تیری شاری تاران بە مەبەستی رێزگرتن لە ساڵرۆژی هاوپێوەندییەکەیان و سوورتر بوون لە سەر خواستەکانیان واتە پێک هاتنی ئاڵوگۆڕ لە یاساکانی وڵاتدا، رێپێوانێکی ئارامو مەدەنییانەیان وەڕێ خست، بەڵام لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی رێژیمەوە بێبەزەییانە هێرشیان کردە سەرو بە بیانووی پاراستنی ئەمنییەتی وڵات، ئەم رێپێوانەیان سەرکوت کرد، ژمارەیەکی زۆر لە ژنان برینداد کردو ژمارەیەکی زۆریشیان رەوانەی زیندانەکان کردو خستیاننە ژێر ئازارو ئەشکەنجەو دواتر پەروەندەی ئەمنییەتییان بۆ دروست کردن.

### ئازارو سەرکوت نەبووە هۆی پاشەکشە لە خواستەکانیان

ئەم دەورە لە سەرکوت و ئازاری ژنان لە لایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە نەبووە هۆی پاشەکشەی ژنان لە خواستەکانیان، بەڵکوو بوو بە هۆی زیاتر پەرەسەندنی نارەزایەتییەکانی ئەوان و سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازانە کە ئەمڕۆ بۆ جیهانیان ناسراوە. هەر لە لە نێو دڵی ئەو هاوپێوەندییەدا بوو کە کەمپەینێکی گشتی بە ناوی "کەمپەینی یەک میلیۆن ئیمزا" وەڕێ خرا. ئەو کەمپەینە کە ئامانجی کۆکردنەوەی ئیمزا بە مەبەستی پێک هێنانی ئاڵوگۆڕ لە یاساگەلی پڕ لە جیاوازیی و دژ بە ژن بوو، تێکۆشانی خۆی لە هەموو شوێنێکی وڵات دەست پێکرد. دیارە کۆکردنەوەی ئیمزا بەو مەبەستە دەتوانێ ئامرازێک بێ بۆ گەیشتن بە ئامانج. دیارە ئەوەش دەزانین رێژیمی ئیسلامی لە ماهییەتی دا نیە گوێ بۆ دەنگو رای خەڵک رابگرێ، ئەو ئامرازەش هەرچەند کاتو هێزی زۆری دەوێ، بەو حاڵەش توانیویەتی ببێتە هۆی وشیارکردنەوەی گشتیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەتایبەتی

ژنان لە پێوەندی لەگەڵ مافە ئینسانییەکانیان، ئەمەش بە پێچەوانەی نیازەکانی ڕێژیمێکی دواکەوتووی لایەنگری سیستمی پیاوسالارییە، چونکە وشیاریی ژنان دەبێتە هۆی لاوازیی ئەو سیستمە.

چالاکان و ڕێکخەرانی کەمپەین بۆ کۆکردنەوەی ئیمزا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێوەندیی لەگەڵ ژنانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەگرن و پێش ئەوەی ئیمزایان لێ وەربگرن، بە ئاشکراو ڕوونی باسی کێشەو گرفتە یاساییەکانیان بۆ دەکەن. بۆیە ئەمە دەتوانێ بۆخۆی پرۆسەیەکی وشیارکردنەوە و فێرکردنیش بێ.

## دەسکەوتەکانی کەمپەینی بزووتنەوەی ژنان

دەتوانین بڵێین ئاگاکردنەوەی چین و توێژەکانی خەڵک لە مافە ئینسانییەکانی ژنان، دەسکەوتێکی بەنرخی کەمپەینی یەک میلیۆن ئیمزایە. یەکێکی دیکە لە دەسکەوتەکانی ئەو بزووتنەوەیە، زیاتر ناساندنی بزووتنەوەی مافخوازیی ژنانی ئێران بە کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ و بزووتنەوە فیمینیستییەکانە. خەباتی سەختی تێکۆشەرانی بەشدار لە کەمپەینی یەک ملیۆن ئیمزاو سووربوونیان لەسەر گۆڕینی یاسا پڕ لە نابەرابەرییەکان بووە هۆی ئەوە کۆڕوکۆمەڵە مرۆڤپارێزەکانی جیهان چەندین خەڵاتی بەناوبانگ پێشکەش بە سیما دیارەکانی ئەوان بکەن و بەم جۆرە هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ ژنانی ئێران رابگەیەنن. ئەمەش بۆتە هۆی ریسوایی زیاتری ئەو ڕێژیمە وەک پێشێلکاری مافی ئینسانییەکانی خەڵک لە دنیای دەرەوە دا. هەرچەند ئەو دەسکەوتانە بە بەراورد لەگەڵ خواستەکانی چالاکانی بزووتنەوەی ژنان لە ئێران دا، واتە تا گەیشتن بە یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لە یاساکاندا مەودایەکی زۆری هەیە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی نێوەرۆک و ڕەفتاری دەسەڵات لە ئێراندا بۆ ژنان زۆر بەنرخن.

## کێشە و کۆسپەکانی سەر ڕێگای ئەو بزووتنەوەیە

ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر فشار دەخرێتە سەر تێکۆشەرانی ژنانو مەیدانیان لێ تەنگ دەکرێتەوە. گەورەترین کێشەی بزووتنەوەی ژنان لە ئێران، کێشەی ئەمنییەتییە. چووکترین جووڵانەوەی مافخوازی لە ئێران، بە ناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وڵات، لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆنەپارێزەوە سەرکوت دەکرێ. ڕاگەیەنەکانی ژنان کە گۆڤارو سایتە ئینتێرنێتییەکانن یەک لەدوای یەک دادەخرێن و فیلتێر دەکرێن. گرنگترین ترییبوونی ژنانی ئێران گۆڤاری

"زنـان" بـوو كـە ئەمسـاڵ ئـەویش مۆڵـەتی چـاپ و بڵاوكردنـەوی لـێسەندرایەوە. كۆمـەڵێک لـە ژنـانی چـالاكی بزووتنەوەكە گیراون و پەروەندەی ئەمنییەتییان بۆ دروست كراوەو تۆمەتی شێواندنی ئەمنییەتی وڵاتیان خراوەتە پاڵ و هەر رۆژە بە بەهانەیەک راكێشی دادگایان دەكەن و حوكمی ناعادیلانەیان بە سەردا دەسە پێنێ. شەلاق و زیندانیی بۆتە بەشی ئەو ژنانە ئەویش كە تەنیا بەو تاوانە كە نایانەوێ واز لە لە مافە رەواكانی خۆیان بێنن . سەرەڕای هەموو فشارو رێگرتنێک، ژنان وشیارانە  هەوڵ دەدەن بەسەر ئەو كۆسپانەدا سەركەون و بە خۆڕاگری و كۆڵ نەدان و سەبرو تەحەمولی خۆیان سەلماندوویانە لەسەر داواكانیان كە مافی بەرابەرە لەگەڵ پیاوان، هەروا شێلگیرن و بە هیوایەكی زیاترەوە خەباتەكەیان  بەرەوپێشەوە دەبەن.

---

## نا بۆ زمانو كولتوورو ئەدەبیاتی پیاوسالار

كولتووری زاڵ لە كۆمەڵگەی كوردستاندا كولتوورێكی پیاوسالارانەیە، زمان و ئەدەبیاتی كوردی لەو بەستێن و بوارانەن كە ئەم راستی یە لەوان دا رەنگی داوەتەوە. لە كولتووری پیاوسالاری دا ژن لە زۆر مافی ئینسانی بێبەشە لەگەڵ ئەم بێبەشیەش دا سووكایەتی پێ دەكرێو بە ئەنقەست دەخرێتە پەراوێزەوە.

لەم پێوەندییە دا دەكرێ زۆر نموونە لەو ئیماژانە بێنینەوە كە ئەم راستییانە دەسەلمێنن. لە زمان و فولكلۆر و ئەدەبی كوردی دا ژن وەک زۆر بوارەكانی دیكە یا پشت گوێ خراوە، یان سووكایەتی پێ كراوەو ئازار دراوە. زەعیفە، ژنانیلە، حیسابی ژنێكت بۆ ناكەم، سەگ بە ژن ناوەرێ، پیاو نازانێ چی بڵێ، پیاوەتی بكە، كوڕانی گەل، كوڕی رۆژی تەنگانە، پیاو چاك زۆرنو هتد. ئەو وشەو زاراوانەن كە لە زمانی كوردیدا بەردەوام بەرگوێمان دەكەون. دیارە ئەم جۆرە ئیماژانە لە هێندێک زمانی دیكەشدا دەبینرێن، وەک زمانی فارسی كە پڕن لە سووكایەتی و بەكەمگرتنی رەگەزی مێینە. بەكارهێنانی ئەم جۆرە ئیماژانە لە زمان دا لەمێژە لە لایەن فیمینیستەكانەوە دراونەتە بەر رەخنەو بە دواكەوتوویی و بە نیشانەی كولتوورو زاڵبوونی پیاوسالاری لە بەستێنی زماندا وەلانراوە و داوا كراوە زمانو كولتوور لەم بارەیەوە پاک بكرێتەوە.

تەنانەت ژنانیش بە هۆی ریشەداكوتانی ئەو كولتوورە نابەرابەرو كۆنە پەرستانەیەو گەورەبوون لەگەڵی دا، بە بێ

ئەوەی بۆخۆیان هەست پێبکەن زەمیرێکی پیاوسالارانە لە ناخیاندا جێی گرتوە زۆر جار (لە رەفتارو قسەیاندا) لەخۆیانی نیشان دەدەن. ئەو ئیماژە دژ بە ژنانە لای ئەوانیش جێی گرتووە، بێ بیر لێ کردنەوەو بێ سڵ کردن بەکاریان دێنن.

ئایا دەکرێ ئەو ئیماژانە لە زمان و کولتوورو ئەدەبەکەماندا بسڕینەوە؟ بێگومان دەکرێ زمان و کولتووری خۆمان بژار بکەین و وابکەین لە خزمەت یەکسانیی ژن و پیاو دا بن نەک بالادەستیی رەگەزێک و بەکەم و سووک سەیر کردنی رەگەزێکی دیکە. ئەگەر بمانەوێ لە کولتوور دا ریفۆرم بکەین، دەتوانین لە زمانیشدا ئەو ریفۆرمە بکەین و ئیماژەکانی بەرهەمی هێژمونی زاڵی رەگەزێک بسرینەوە. دەتوانین بە ژنێکی ئازاو بوێر نەڵێین "ئەوەیە ژن دەڵێی پیاوە"! یان بە پیاوێکی ترسنۆک نەڵێین "دەڵێی ژنە"! بوێری و ئازایەتی تەنیا نەکەینە سیفەتی پیاوان. بەکاربردنی ئەم شێوە ئیشارەو ئیماژانە لە لایەن ژنانەوە شەرعییەت دانە بە کەمگرتنی مرۆڤی مێینەیە. ئەگەر لە زمانو کولتوورو ئەدەبی نەتەوەکەی خۆمان ورد بینەوە دەبینین پڕن لەو ئیماژانە کە ژن بە مرۆڤێکی ساویلکە و کەم عەقڵ، ترسنۆک، مایەفیتنە، دادەنێن و پڕن لە سووکایەتی بە ژن.

رەنگە باس کردن لە بوونی ئیماژەکانی پیاوسالاری لە کولتوور زماندا بەلای زۆر کەسەوە هەر گرنگیش نەبێ، چونکە تێگەیشتنێنی ئینسانییان لەم مەسەلەیە نیە، یان هەر لە جێدا لە بیرکردنەوە دا پیاوسالارو ژن بە کەم گرن. بەڵام ئەو کەسانە کە دیموکراتو یەکسانیخوازن و ئینسانی بیر دەکەنەوە هەست بە قووڵایی ئەو سووکایەتییانە دەکەن کە لەو ئیماژانە دا بەرامبەر بە ژن هەن و بەلای ئەوانەوە ئەو راستیە، نەک ئاسایی نیە، بەڵکوو زۆریش تاڵە.

دیارە بەکار هێنان و برەوپێدانی ئەدەبیاتی پیاوسالاری لە نێو نوخبەکانی کۆمەڵگەشدا دەبینرێ. بۆ نموونە حیزبە سیاسی و نەتەوەییەکان کە لە نوخبەکانی کۆمەڵگای کوردستان پێک هاتوون و، بەشێکیان بانگەشەی یەکسانیخوازییش دەکەن، بەکاربردنی زۆر لەو ئیماژانە دەبینرێ. ئەم رۆژانە لە کۆڕێکدا لە کەسی یەکەمی حیزبێک کە زۆریش بانگەشەی بەرابەریخوازی دەکا، پرسیاریان کرد ئایا حیزبەکەتان لەکوێوە یارمەتی وەردەگرێ؟ لە وەڵامدا وتی "پیاو چاک" زۆرن! خۆ دەکرا بڵێ ئینسانی چاک زۆرن. هەر لە نێو حیزبی دیموکراتیشدا کە بە حیزبێکی مۆدێرن و پێشکەوتووی کۆمەڵگە دەژمێردرێو، خەباتکارانی ئەم حیزبەش لە ژنان و پیاوان پێک هاتوون، هەست بە ئەدبیاتێکی پیاوسالارانەی زاڵ دەکرێ. ئەگەر سەیری دەفتەرو دیوان و وتار و نووسینەکانی

شاعیران و نووسەرانی سەر بەم حیزبە بکەی بۆت دەردەکەوێ کە زۆربەی ئەوانیش لەم پێوەندییەدا رەخنەیان لەسەرە. چونکە بەرهەمەکانیان پڕە لە وشەو دەستەواژەی پیاوسالارانەی وەک "مێر"و "جوامێر"و "پیاوەتی"و کوڕانی گەل"و "مەردو رەند"و هتد. یا کاتێک باس لە پێشمەرگە و لاوانی خەباتگێڕو بەندییە سیاسی و شەهیدەکان دەکەن، تەنیا رەگەزی نێرینەیان لەبەرچاوە. هەر بۆیە بەبەردەوامی دووپاتی دەکەنەوە کە ئەوانە "کوڕی" نەتەوەکەی خۆیانن. هەر وابزانە کچان و ژنان لە نێو ریزی پێشمەرگەو خەباتکاران و بەندییە سیاسییەکان و شەهیدان دا، حوزووریان نیە!

حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەمڕۆ باس لە نوێبوونەوە و بەخۆداچوونەوە دەکا، ئەم نوێبووونەوە و بەخۆدا چوونەوەیەی حیزب بانگەشەی بۆ دەکا پێویستە لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئەو حیزبەدا رەنگ بداتەوە، یەکێک لەو بوارانەی کە بەڕاستی پێویستە بەخۆداچوونەوە و نوێبوونەوەی تێدا بکرێ زمان و ئەدەبیاتێکە کە حیزب کەڵکی لێ وەردەگرێ. حیزب هەمیشە شانازی بە ئەدەبیاتی سیاسیی خۆی کردوە گوتوویە کە زمانێکی خاوێنی هەبووە. باشە خاوێن لە چ بوارێک دا؟ ئەگەر ئەم قسەیە راستیش بێ ئەدەبیاتێکی بە دوور لە جنێوو قسەی ناشیرین بەرامبەر بە نەیارانی بووە، زۆر بەجێیەو دەبێ لە داهاتووش دا هەر وابێ. بەڵام هەر ئەو زمان و ئەدەبیاتە ئەگەر لە لایەنێکی دیکەوە سەیری بکەین، دەبینین کە زۆر ئیماژەی تێدان کە ئەگەر بە بیری یەکسانیخوازییەوە لێی بڕوانین، ناڕاستەخۆ دژ بە رەگەزی مێینەن، یا لە خزمەت کەلکوەرگرتن و لە پەراوێز خستنی ئەو رەگەزە دان.

لە هەر کۆڕو کۆبوونەوەیەکی سیاسی حیزبی دیموکراتدا، بە دەیان جار گوێمان لەم ئیماژانە دەبێ:

بەرادەران! کوڕەکان! کوڕانی دیموکرات درێژەدەرانی رێگای شەهیدانن، کوڕانی رۆژی تەنگانە، پیاو دەبێ بیر بکاتەوە، پیاو خۆشحاڵ دەبێ.... پیاو، پیاو! ئەو وشەانە لەحاڵێکدا لە دەمی زۆر لە کۆڕگێرەکان و بەرپرسانی دیموکرات دەێنەدەر و رووبەرووی بەشدارانی کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینارەکان دەکرێنەوە، کە ژنانو پیاوانی دیموکرات تێیاندا بەشدارن! ئەمانە ئەدەبیاتی زۆر لە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتن. لەم ئەدەبیاتەدا رەگەزی مێینە غایبەو نابینرێ. ئەگەر بۆ خەڵکی ئاسایی ئەمانە شتێکی ئاسایی بن، بۆ حیزبێکی پێشکەوتووو ئازادیخواز کە بانگەشەی مۆدێرن بوون و یەکسانیخوازی دەکا، نەک هەر نابێ ئاسایی بێ، بەڵکوو دەبێ بە کەمایەسیەکی گەورەی بزانێ. بەم هۆیەوە کە دەمانەوێ کۆمەڵگاکەمان بەرەو یەکسانیو دادپەروەری و ئینسانی بوون ببەین، هەروەها چونکە

لێبڕاوین، ژنان چالاکانەتر بەشداری لە خەبات دا بکەن و نەخش و ڕۆڵیان لە نێو کۆمەڵ دا بەگرنگ وەربگرین، پێویستە زمان و ئەدەبیاتەکەشمان لە خزمەت ئەو ئامانجانەدا بێ. بەرەوپێدانی ئیماژەکانی یەکسانیخوازی و دادپەروەری یەکێکە لە ئامرازە کاریگەرەکانی ریفۆرمو نوێبوونەوە. بۆیە پێویستە هەوڵی جیددی بدرێ بۆ سڕینەوەی پیاوسالاری لە نێو زمان و ئەدەبیاتێک کە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەگشتی تێکۆشەرانی سیاسی و مەدەنیی کورد بەکاری دێنین.

هیوادارم لە پێشدا ژنان ئەم ریفۆرمە لەخۆیانەوە دەست پێبکەن و هەوڵ بدەن بۆ سڕینەوەی پیاوسالاری لەو زمانەی پێی دەدوێن و، تێبکۆشن بۆ جێگیر کردنی ئەدەبیاتێکی ئینسانی و تێکەڵ بە یەکسانی.
با ئێمە ژنان شانبەشانی ئەم بەخۆداچوونەوەیە، لە حیزبو رێکخراوە سیاسیەکانیشمان، لەو دامەزراوانەش کە کاری تێدا دەکەین لە میدیاکان و دەزگا پێوەندیدارەکانیش چیتر قبووڵ نەکەین ئەو ئیماژانە بەکار بهێنرێ کە سووکایەتی بە مرۆڤی مێینە دەکرێ. دەبێ وا نیشان بدەین چاو بە زمان و ئەدەبیاتەکەیان دا بخشێنینەوەو، ماڵاوایی لە زمان و ئەدەبیات و کولتووری پیاوسالار و ژن بەکەمگر بکەن.

---

## هەڵوێستەیەک لەسەر پرسی ژن لە لای حیزبی دێموکراتی کوردستان

باوەڕ بە ماف و ئازادییەکانی ژنان دژایەتیی لەگەڵ بەشێکی زۆر لە کولتوورو نەریتی کۆمەڵگەی پێویستە، چونکە کولتوورو نەریتی کۆمەڵگای کوردستان پڕە لە قەیدو بەندو کۆسپ لەسەر ڕێگەی ئازادیی ژنان. ناکرێ باس لە نوێبوونەوە بکەی، بەڵام لەگەڵ کولتوورو نەریتێک پێک بێی کە پڕە لە چەوسانەوە و زوڵمو ستەم بە دژی ژنان.

حیزبی دیموکراتی کوردستان باس لە حوزووری بەرچاوی ژنان لە کۆنگرەی چواردەدا دەکا. باس لە پێویستیی چالاکتر بوونی ژنان و گرنگیدان بە رۆڵو نەخشی بەرچاوی ژنان لە ریزی حیزبدا دەکاو رەخنە لە رابردووی خۆی دەگرێ. ئەمە چ شتێک بوو وای لە حیزبی دیموکرات کرد کە ئاوڕێک لە رابردووو کەمکارییەکانی خۆی بە نیسبەت ژنان بداتەوە؟ ئاخۆ ئەمجارە بیروبۆچوونی حیزبی دیموکرات بە نیسبەت حوزووری ژنان و چالاکتربوونیان لە ریزەکانی حیزبدا، دەرەنجامی چ بیرکردنەوەیەکە؟

ئەمە راستی یەکی حاشاهەڵنەگرە کە کۆمەڵگای کوردستان لە زۆر بارەوە بەرەوپێشەوە چووە، ئاستی ئاگایی ژنان و مافخوازییان روو لە گەشەیە، لەگەڵ ئەوەی بزووتنەوەیەکی یەکگرتووو سەربەخۆ نابینرێ، بەڵام چالاکی و تێکۆشان لە لایەن ژنانی ئازاو رووناکبیرەوە بۆ ئاگادار کردنەوەی ژنان لە مافەکانیان و، بۆ پێکهێنانی ریفۆرم و ئاڵوگۆڕ لە عەقڵیەتی کۆمەڵگەدا زۆرە، واتە هەست بە بوونی بزووتنەوەیەک دەکرێ. ئەمانە لەلایەک وایان کردوە حیزب هەست بە لاوازیی حوزووری ژنان بکاو لەلایەکی دیکەوە ئەوەی لێ دەخوازن کە بەرنامەو پرۆژەی بۆ ژنان هەبێ و چیدیکە لە ئاست کێشەکانی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستانداو مەینەتییەکانی نیوەی کۆمەڵگە، کەمترخەم نەبێ.

هۆکاری ئەم لاوازییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حیزب قەت پرۆژەیەکی جیددی نەبووە بۆ راکێشانی ژنانی کوردستان، تا ئەوانیش بە شێوەیەکی بەرین روو لە ریزەکانی بکەن. ئەوانەی رووشیان تێ کردوە لەبەر نەبوونی هەلومەرجی گونجاو بۆ کارو تێکۆشان و نەبوونی پەروەردەیەکی شیاو، کەوتوونەتە پەراوێزەوەو، یان وازیان لە چالاکیی حیزبی هێناوە. هەرکاتیش باس لە حوزووری کەمی ژنان کراوە، بە کۆمەڵێک پاساوی سواو ئەو کەمترخەمییەی خۆی داپۆشیوە. هەر ئەوەش کە ئێستا حیزب بۆ خۆی رەخنەی لە خۆی گرتوە، نیشانەی تەئییدی ئەم کەمترخەمییەیە کە بە نیسبەت ژنانەوە کردوویەتی.

بایەخ نەدان بە کارو چالاکییەکانی ژنان لە ریزەکانی حیزبی دیموکرات لە رابردوودا لە لایەن ژنانی نێو ریزەکانی حیزبەوە باسێکی جیددیی لێ نەکراوە، لەبەر ئەوەی ئەوان بۆخۆیان لە ئاستێک دا نەبوون کە بتوانن حیزب ناچار بکەن ئاوڕێک لە کێشەکانیان بداتەوە. حیزبیش زۆری بۆ گرنگ نەبووە تا بە ڕاستی چارەسەرێک بۆ ئەو کێشەیە ببینێتەوە. بەڵام دوای ١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٥ حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هێڵە گشتییەکانی رێبازی خۆیدا، بە رەسمی رەخنەی لە خۆی گرتو ئەم مەسەلەیەی خستە بەر چاوی خەڵک. ئەمە خاڵێکی موسبەت بوو لە ژیانی حیزبی دیموکراتدا کە بە رەسمیو لە بەرنامەی سیاسیی خۆیدا لەم بارەیەوە رەخنە لە خۆی دەگرێ و ئەو واقعییەتە قبووڵ دەکا کە حیزب بە نیسبەت ژنانەوە کەمکاریی کردوە.

بەڵام ئەم خوێندنەوەیە چۆن دەتوانێ ئاڵوگۆڕێک لە ژیانی حیزبدا پێک بێنێو هۆمێدێک بە لایەنگرانی راستەقینەی یەکسانیخوازی لە نێو ریزەکانی حیزبو ژنانی نێو کۆمەڵگای کوردستان ببەخشێ؟ حیزبی دیموکرات لە رابردوودا بەهۆی بە گرنگ نەزانینی ئەم مەسەلەیە، خۆی لە توانایی توێژێکی گرنگی کۆمەڵگە بێبەش کردوە،

ئەوە بۆشایی یەکە تا ئێستاش بە حیزبەوە دیارەو زۆری زەمان دەوێ تا پڕ بێتەوە. بۆیە حیزب دەبێ بەجیددی بەخۆی دا بچێتەوەو مەسەلەی ژنان زۆر بەگرنگ بگرێ، ئەمەش نەک بە دروشم بەڵکوو لە پراکتیک دا دەبێ ببینرێ. ڕەوتی روو لە گەشەی مافخوازیی ژنان ئەوە لە حیزبی دیموکرات دەخوازێ کە بیر لە چارەسەری کێشەی ئەوانیش لە کۆمەڵگەدا بکاتەوە. هەروەها پێویستە لە ئێستاوە ژنان بەشدارییان هەبێ لە بڕیارو پرۆژەکانی حیزب دا. چونکە ژنان ئەگەر حیزبی دیموکراتی کوردستانیش لە دەوری خۆی کۆیان نەکاتەوە، خەباتی خۆیان لە کانالی جۆراوجۆرە دەبەنە پێشێ .

## کۆنگرەی ١٤ و کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ

ئەگەر ئەوندە ئاڵوگۆڕە کە بە نیسبەت ژنانەوە لە مێژووی حیزبدا رووی داوە، واتە بوونی ٤ ژن لە رێبەریی حیزبدا بە زۆری بزانین و پێمان وابێ ئەوە گرنگیدانە بە رۆڵی ژنان، زۆر لە هەڵە داین. بێگومان ئەوە لە کارو تێکۆشانی تازەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دایە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم حیزبە تا چەندە باوەڕی بە خواست و ئامانجەکانی ژنان هەیەو چەندە بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژنان تێدەکۆشێ.

گرنگیدان بە دەوری ژنان لە حیزبو بزووتنەوەو کۆمەڵگە و هەروەها ئەم هەنگاوەی کە لە کۆنگرەی چاردەیەمەوە هەڵێنراوەتەوە، تا چەند دەتوانێ جێگای هیوا بێ؟ یەکەم جارە حیزب ئاوا بە راشکاوی و بە رەسمی رەخنە لە خۆی دەگرێ. ئەمە بۆخۆی جێگای دڵخۆشییە. لەمەودوا حیزب ناتوانێ رۆڵ و نەخشی ژنان پشت گوێی بخا، لەبەر ئەوەی پەیمانی داوە، شکاندنی ئەو پەیمانەش بە زیانی خۆیەتی. دیارە بۆ بردنە پێشی ئەو پرۆژەیەش ناتوانێ چاوی لەوەندە ژنانە بێ کە ئێستا لە ریزەکانی حیزبدا حوزووریان هەیە. بۆیە زۆر پێویستەو ئەرکی رێبەریی حیزبو ئۆرگانە پەروەردەییەکانی حیزبە کە پەرە بە بیرکردنەوەی یەکسانیخوازی بدەن و هەوڵی زۆر جیددی بدەن بۆ سڕینەوەی کولتووری پیاوسالاری و راکێشانی ژنان بۆ نێو ریزەکانی حیزب. لە هەمان کاتیشدا پێویستە یەکسانیخوازانی نێو ریزەکانی حیزب کە بەداخەوە ژمارەیان زۆر نیە، ئەم هەنگاوە بقۆزنەوەو لە رەوتی بەرەوپێشبردنی ئاڵوگۆڕ بە نیسبەت ئەو مەسەلەوە زۆر ئازایانەو شەفاف باس لە کێشەو مەسەلەکانی ژنان بکەن و نەهێڵن مەسەلەی ژنان و مافەکانیان بە پاساوی ئەولەوییەت دان بە خەباتی نەتەوایەتی پشت گوێ بخرێ .

## کۆنگرەی 14 و رۆڵی ژنان

یەکەم هەنگاوەکان بۆ گرنگیدان بە رۆڵ و نەخشی ژنان لە ریزەکانی حیزب دا لە کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرەی چواردەهەمەوە هەڵێنرایەوە. بۆ ئەوەی بوار بڕەخسێ بۆ ژنان و ڕێگە خۆش بێ بۆ ئەوەی دەنگیان پێ بدرێ‌و لە کۆنگرەی چواردەدا حوزووری بەرچاویان هەبێ تا خۆیان لە پۆستەکانی رێبەریی حیزبیشدا ببیننەوە. ئەمە بەبێ میکانیزم جێبەجێ نەدەبوو. بۆیە لە هەموو کۆنفرانسەکاندا رێژەیەکی تایبەت تەرخان کرا بۆ هەڵبژاردنی ژنان. ئەمە تا رادیەک لە پێکهاتەی کۆنگرەدا رەنگی دایەوەو رێژەیەکی زیاتر لە کۆنگرەکانی پێشوو ژنان لە کۆنگرەی چواردەدا بەشدار بوون. دیارە ئەو رێژەیەی ژنان بە نیسبەت پیاوانەوە هەر کەم بووو زۆریش بۆ پێهەڵگوتن نابێ، بەڵام بە نیسبەت کۆنگرەکانی پێشووی حیزب دەتوانین بڵێین یەکەم کۆنگرە بوو کە زۆرترین ئەندامی ژنی تێدا بەشدار بوو. ئەو میکانیزمە هەڵاواردنی "پۆزێتیڤ" بوو کە ناتوانین بڵێین میکانیزمێکی سەرکەوتوویە، چونکە ئەگەرچی لە نێو بەدەنەی حیزب دا لەگەڵ موخالیفەتێکی ئەوتۆ بەرەوڕوو نەبوو، لەملاولا دەبیسرا کە با ژنان بە توانایی و شایستەیی خۆیان بگەنە کۆنگرەو پۆستەکانی سەرەوە. بەڵام کێ هەیە نەزانێ لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێک ژنی چالاکو شایستە هەبوون، بەهۆی زاڵبوونی بیری پیاوسالاری، بەبێ بەکارهێنانی میکانیزمێکی ئەوتۆ هەرگیز رێگەیان پێ نەدەدرا تەنانەت بگەنە کۆنگرەش. بەڵام دانانی میکانیزمەکەش توانایی ئەو ژنانەی خستۆتە گومانەوە.

ئەگەر بۆ هێندێک کەس و لایەن سەیرە کە هێندێک کەس زۆر بەسەر ئەو مەسەلەیەدا هەڵ دەڵێن، خۆ رێژەکە ئەوەندە نیە کە ئاوا گەورە بکرێتەوە! دیارە حەق بەوانە. بەڵام بۆ ئێمە کە لە نزیکەوە تێکەڵاوی حیزب بووین و ئەو هەموو لە پەراوێز خستن و بەکەمگرتنەی ژنانمان لە نزیکەوە دیوە، بۆ ئەوە دەبێ دڵمان بەوندەش خۆش بێ و پێی هەڵ بڵێین. هەرچەند رەنگە بە قووڵی بیری لە چارەسەری زۆر کێشەی پێوەندیدار بە ژنانەوە نەکردبێتەوە. بەڵام بوونی چەند ژنێک لە رێبەریی حیزبێک دا کە رابردووی ٦٢ ساڵ خەباتی هەیەو بە حیزبێکی مۆدێرنو پێشکەوتووی کۆمەڵگەی کوردستان دەناسرێ، لەگەڵ ئەوەی هەنگاوێکە بەرەو ئاڵوگۆڕی باشتر، بەڵام کارێکی ئەوەندە گەورە و گرنگ نیە. لەمە گرنگتر ئەوەیە لەمەودوا بەجیددی باوەڕی یەکسانیخوازی لە ریزەکانی خۆی دا بکاتە پرەنسیپی کارو تێکۆشان. دانی دروشمی یەکسانیخوازی ئاسانە، بەڵام گرنگ ئەوەیە چۆن ئەو دروشمانە لە کۆمەڵ داو لە ریزەکانی خۆی دا دەچەسپێنێ.

ڕەوتی ئاڵوگۆڕە جیهانییەکان و کاریگەرییان لە سەر کۆمەڵگای کوردستانیش زۆر بەخێرایی دەچێتە پێش، ئەگەر حیزبی دیموکراتی کوردستان خۆی لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانە هاوهەنگاو نەکا، لە ڕووداوەکان دوا دەکەوێ، ئەمەش بە دروشمدان پڕ نابێتەوە. حیزبێک خوازیاری کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو بێ، کۆمەڵگایەکی بە دوور لە گیروگرفتی کۆمەڵایەتی، پێویستەو ئەرکی سەر شانیەتی لە خەباتی یەکسانیخوازی دا چالاکانە بەشدار بێ و ئاسانکاری بکا لەسەر ڕێی ژنان بۆ بەشداری لە خەبات لە پێناوی وشیار کردنەوەی کۆمەڵگەو گۆڕینی عەقڵییەتە چەقبەستووەکان. هەروەها حیزبی دیموکرات لە سەر مەسەلەکانی ژنان لە کۆمەڵگەدا پێویستە قسەی ڕوونی هەبێ. باوەڕ بە مافو ئازادییەکانی ژنان دژایەتی لەگەڵ بەشێکی زۆر لە کولتوورو نەریتی کۆمەڵگەی پێویستە، چونکە کولتوورو نەریتی کۆمەڵگای کوردستان پڕە لە قەیدو بەندو کۆسپ لەسەر ڕێگەی ئازادیی ژنان. ناکرێ باس لە نوێبوونەوە بکەی، بەڵام لەگەڵ کولتوورو نەریتێک پێک بێی کە پڕە لە چەوسانەوەو زوڵم و ستەم بە دژی ژنان. هەر لەم پێناوەشدا زۆر گرنگە ژنانی نێو ڕیزەکانی حیزبیش بە تایبەتی ئەوانەی لە ڕێبەری و ڕیزەکانی پێشەوەی ئەو حیزبە دان بە هەوڵ و ماندووبوونی زیاتری خۆیان لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا ئاڵوگۆڕێکی قووڵ لە بیرکردنەوەی ئەندامانی حیزب بەرامبەر بە مەسەلەی ژناندا پێک بێنن و خواستەکانی خۆیان کە ئەرکو مافی یەکسانە لەگەڵ پیاوان بۆ هیچ مەسەلەیەکی دیکە پشت گوێ نەخەن. دیارە ئەوە ئەرکی سەرشانی هەموو پیاوانی یەکسانیخوازیشە لەم پێناوەدا یارمەتیدەری ئەو ژنانە بن.

---

## گۆڤاری "زنان" لە ئێران داخرا، بەڵام بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ژنان هەر بەردەوام دەبێ

مانگنامەی "زنان" کە بەرپرسو بەڕێوەبەرەکەی خانمی شەهلا شیرکەت بووو لە ڕێبەندانی ١٣٧٠ەوە دەردەچووو تا ئێستا ١٥٢ ژمارەی لێدەرچووە، ڕۆژی ٧ - ١١ - ١٣٨٦ بە حوکمی "هەیئەتی چاودێری بەسەر بڵاوکراوەکاندا" داخرا.

ڕێژیمی کۆنەپەرستو دژی ئینسانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ٢٩ ساڵە بە بیانووی جۆراوجۆری وەک نەهێشتنی فەسادی ئەخلاقی، ڕەچاو کردنی حیجابی ئیسلامیو هەموو ڕێوشوێنێکی ئیسلامیو... ژیانی لە ژنانی ئەم وڵاتە

کردۆتە دوزەخ. نابەرابەریو توندوتیژی لە دژی ژنان لە تایبەتمەندییەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامین. خومەینی هەر لەیەکەم رۆژەکانی دەسەڵاتی رەشی خۆیدا شەڕی لە دژی ژنانی ئێران راگەیاند. رۆژی ١٧ی رەشەمەی ١٣٥٧ (رۆژی جیهانیی ژنان)، خومەینی کە قسەی بۆ کۆمەڵێک لە ژنان دەکرد، وتی" خانمەکان دەتوان بچنە ئیدارەکان بەڵام بە حیجابەوە دەبێ بچن". ئەو ٨ی مارسی بە دیاردەیەکی رۆژئاوایی نابردو وتی هیچ پێوەندییەکی بە ژنانی ئێرانەوە نیە. فەرمانی "یا رووسەری یا تووسەری" لە لایەن لایەنگرانی خومەینییەوە سەرەتای دەستپێکردنی سەرکوتی ژنان بوو. ئامانجی ئەو رێبەرە کۆنەپەرستە ئەوە بوو کە رۆحییەی ئازادیخوازانەی ژنانی ئێران تێک بشکێنێو پایەکانی حکوومەتە رەشەکەی قایمتر بکا. لە هەموو یاساو رێساکانیاندا ژنیان بە مرۆڤێکی پلەدوو داناو یاساکان پڕ بوون لە جیاوازیو پێشل کردنی بەئاشکرای مافەکانی ژنان. ئەو یاسایانەی کە ئەمرۆشی لەگەڵدابێ پێوەندیی نێوان رەگەزی نێرو مێی بە جۆرێک ناهاوسەنگ کردوە کە نەک هەر ژنان بەڵکوو سەرتاپای کۆمەڵگای ئێرانی تووشی گیروگرفتو شێواوی کردوە. لە ماوەی ٢٩ ساڵی رابردوودا سەرکوتی ژنان یەکێک لە سەرەکیترین کارو بەرنامەکانی حاکمانی کۆماری ئیسلامی بووە. تەرحو بەرنامەی بەردەوام لە هەموو بوارەکاندا لە دژی ژنان لە بەرزترین پلەکانی حکوومەتیدا هاتوونە بەرباسو بڕیار لەسەردان. رێژیم بە بەکارهێنانی ئەو جۆرە سیاسەتانە، ویستی بە شێوەیەکی سیستماتیکو رێکخراو، ژنان بشکێنێو بیانکاتە کۆیلەو، کولتووری کۆمەڵگای ئێران بەرێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست.

بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو سەرکوتو چەوسانەوە یاساییانە، ژنانی ئاگاو ئازای ئێران قەت لە خەباتو بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو یاساو کولتوورو سوننەتانە کە ئاخوندە دواکەوتووەکان بەسەر کۆمەڵگای ئێرانیاندا سەپاندوە، غافڵ نەبوون. هەر لە لەیەکەم رۆژەکانەوە بە نارەزایەتی لە قسەکانی خومەینی زۆربەی ژنانی کارمەند لە چوون بۆسەرکار بە حیجابەوە خۆیان پاراستو لە دژی ئەم بڕیارە کۆنەپەرستانە خۆپیشاندانیان وەڕێ خست. نزیکەی ١٦ هەزار کەس لە رۆژی ٨ی مارسی هەمان ساڵ لە دانشکەدەی فەننیی تاران کۆبوونەوەو ئەم رۆژەیان کردە رۆژی خۆپیشاندان لە دژی بڕیارەکەی خومەینی. ئەمە سەرەتای بەربەرەکانیی ژنانی ئاگاو وشیاری ئێران بوو لە دژی رێژیمی کۆنەپەرستی خومەینی. لەو کاتەوە بزووتنەوەی بەرابەریخوازیی ژنان بەشێوەی جۆراوجۆرو لە سەنگەری جۆراوجۆرەوە هەوڵی داوە ئەو ناهاوسەنگیو نابەرابەرییانەی بەسەر ژناندا سەپاوە تێک بداو ژیانێکی ئینسانییان بۆ دابین بکا. یەکێک لەو بوارانەی کە ژنان بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی خۆیان هاتبوونە مەیدانەوە، بواری راگەیاندن بوو، بە تایبەتی لەم دوو دەیەی رابردوودا بە نووسینو دەرکردنی گۆڤارو دامەزراندنو بەرێوەبردنی بڵاوکراوەو سایتو وێبلاگ دەستیان کرد بە وەرێخستنی بزووتنەوەیەکی گەورەی

فەرهەنگیو لەو ماوەیەدا ئەدەبیاتی ژنان پێشکەوتنێکی یەکجار زۆری بەخۆوە بینیو، ئاگایی ژنانیش تا رادەیەکی زۆر چووەسەرێ. لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا بە دەیان گۆڤارو بڵاوکراوەو سەدان سایتو وێبلاگ تایبەت بە مەسەلەو کێشەکانی ژنان لە کۆمەڵگای ئێراندا سەریان هەڵداو لە ئاگاکردنەوەی ژنان لە سەر مافەکانیان نەخشێکی گرنگیان گێڕاوە. حاکمانی کۆنەپەرستیش کە فکرەنو زاتەن دوژمنایەتییان لەگەڵ پێشکەوتنی ژناندا هەیە، بە هەموو شێوەیەک کۆسپیان خستۆتە سەر رێیانو بەردەوام سانسۆریان دەخستە سەر گۆڤارو سایتو وێبلاگەکانیانو تەنانەت دایان دەخستن. بەخەیاڵی خۆیان پێیان وابووە پێشی ئەو بزووتنەوەیە دەگرن کە لەگەڵ هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە سەری هەڵداوەو بۆتە هۆی ئابڕووچوونی کۆماری ئیسلامی لە نێو کۆمەڵگەی جیهانیدا.

یەکێک لەو گۆڤارانەی کە ١٦ ساڵە بە هەوڵو تێکۆشانی ژنان دەردەچێ گۆڤاری "زنان"ە. ئەم گۆڤارە لەگەڵ ئەوەی بە زمانێکی نەرم باسی لە کێشەو گیروگرفتو ئازارەکانی ژنان لە کۆمەڵگەدا دەکرد، ئەویش کەوتە بەر غەزەبی سیاسەتی "هەیئەتی چاوەدێری بەسەر گۆڤارو بڵاکراوەکان دا". دیارە بەڕێوەبەرانی گۆڤاری "زنان" نووسینەکانیان زۆرتر راپۆرت، وتاری رەخنەییو هێنانە بەرباسی یاساکانی پێوەندیدار بە میرات، مافی سەرپەرستیی منداڵ، دیە (خوێن بایی)و مافی سیاسیی بۆ ژنان لە لایەن لایەنی ناسراو بە کۆنەخوازان و هەواڵەکانی پێوەندیدار بە ژنانو کێشەو گرفتەکانیان بوو. ئەوەش ئاشکرایە کە ئەم بابەتانە لەسەر ئاڵوگۆڕو فەزای گشتیی نێو کۆمەڵگە بە قازانجی ژنان کاریگەریی موسبەتی هەبووە. هەر بۆیە حاکمانی کۆماری ئیسلامی کە پاڵپشتێکی قایمی پیاوسالارینو قەت نەیان ویستووە نایانەوێ خەڵک لە راستییەکان بگاو فەزای کۆمەڵگەی ئێران بە قازانجی ژنان و بەرابەریی ژنو پیاو ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ، بۆیە ژەهری خۆیان رشتو کۆتاییان بە تەمەنی ١٦ ساڵەی ئەم گۆڤارەش هێنا. هەیئەتی چاوەدێریی بەسەر بڵاوکراوەکاندا بە بڵاوکردنەوەی راگەیاندراوێک، رایگەیاند کە مۆڵەتنامەی مانگنامەی "زنان" رادەگرێ. لە راگەیاندراوەدا ئەو گۆڤارەی بە گۆڤارێکی پڕ لە سەرپێچی ناوبرد گوتراوە هەرچەند بە قسە (شەفاهی) چەندین جار بەرپرسەکەیمان ئاگادار کردۆتەوە، بەڵام هەر درێژەیان بەم سەرپێچییانە داوە. لە بەشێکی دیکەی راگەیاندراوەکەدا هاتوە کە ئەو گۆڤارە وتارو بابەتی فیمینیستیی بڵاوکردۆتەوە کە ئەمەش دژایەتیی هەیە لەگەڵ بیروبۆچوونی ئیسلامو هەروەها هێندێک بابەتی ژمارەکانی گۆڤاری "زنان" لە خزمەت تێکدانو زیان گەیاندن بە بەسیجو رەش نیشاندانی مەسەلەی ژناندا بووەو بۆتە هۆی شێواندنی ئەمنییەتی رەوانیی خوێنەرانی ئەم گۆڤارە.

رێژیم پێی وایە بە داخستنی بڵاوکراوەیەکی ژنان یان بەند کردنی هێندێک لە چالاکانی مافەکانی ژنان، ئەو بزووتنەوە سەرانسەرییەی ژنان کە ئەمڕۆ لە ئێراندا هەیە کۆتایی دێ‌و پێشێلکارییەکانی مافەکانی ژنان لەلایەن رێژیمەوە ئیتر ناگاتە گوێی کۆمەڵگەی جیهانی‌و چی دیکە ئابڕوویان ناچێ. بەڵام با دڵنیا بن داخستنی بڵاوکراوەکانی ژنان‌و کۆسپ خستنە سەر رێگای چالاکانی مافەکانی ژنان، سەرەتای شەپۆلیکی دیکە دەبێ بۆ نارەزایەتیی زیاتری ژنان و ئابڕووچوونێکی دیکە دەبێ بۆ حکوومەتەکەیان، ئەم کارانەی رێژیم ژنان لەسەر خەبات سوورتر دەکاو جار لەگەڵ جار بەئەزموونتر دێنە مەیدانەوە بۆ دژایەتی کردنی پێشێلکارانی مافەکانیان.

## نارەزایەتییەکان لە پێوەندی لەگەڵ داخرانی مانگنامەی "زنان"دا:

وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا لە راگەیاندراوێکدا داخرانی گۆڤاری فیمینیستیی "زنان"ی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە کارێکی دزێوو مەحکووم ناوبرد. هەروەها لەو راگەیاندراوەدا هاتووە هەڵوەشانەوەی مۆڵەتی ئەو گۆڤارەو داخرانی ژمارەیەکی دیکە لە بڵاوکراوەکان لەم چەند ساڵەی دوایی لە ئێراندا، لەگەڵ بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا دژایەتی هەیە.

هەر لەم پێوەندییەدا هەواڵنێرانی بێ‌سنوور بڕیاری داخرانی گۆڤاری "زنان" لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوەیان بە کردەوەیەکی نارەوا ناوبردو مەحکوومیان کرد.

ئەو رێکخراوەیە دەڵێ هەیئەتی چاوەدێری بە سەر بڵاوکراوەکان لە ئێران دا گوتوویانە هۆکاری داخستنی ئەم گۆڤارە، چاپ کردنی زانیاریی پرسیار خوڵقێن لە باری ئەخلاقی، نیشاندانی سیمایەکی تاریک لە کۆماری ئیسلامی بووە.

ئەنجومەنی ژنانی رۆژنامەوانانیش لە ئێران لە دژی داخرانی مانگنامەی "زنان" نارەزایەتییان دەربڕی. ئەنجومەنی ژنانی رۆژنامەنووس، لە ئێران لە دژی داخرانی گۆڤاری "زنان"دا راگەیاندراوێکیان بڵاو کردەوەو لەودا پێیان لەسەر ئەوە داگرتبوو بە سەرنجدان بە ئەرکی مێژوویی خۆیان کە پشتیوانی‌یە لە تێکۆشانی زانیاری‌و هەواڵ گەیاندن‌و بە تایبەت ژنانی هەواڵنێر، وێڕای مەحکووم کردنی ئەم کارەی کۆماری ئیسلامی خوازیاری هەڵوەشانەوەی ئەم بڕیارە نارەوایە بەسەر ئەو گۆڤارەدا بوون کە ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی رۆژنامەوان تێکۆشانیان تێی‌دا هەبوو.

هەروەها لەسەر ئەو بڕوایەن کە داخرانی "زنان" بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشتر، شێوازێکی تازەی دیکەی کۆماری ئیسلامییە بۆ سەپاندنی سانسۆری زیاتر بە سەر بڵاوکراوەکان داو سەرکوتی ئازادیخوازان.

هەر لەم پێوەندییەدا، زیاتر لە سەد کەس لە مامۆستایانی زانکۆکان، تێکۆشەرانی مافی مرۆڤ، کەسایەتییە فەرهەنگییەکانو وەرگرانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە ئێران، ئەمریکاو وڵاتانی دیکەی جیهان لە نامەیەک دا کە رۆژی یەکشەممە ١٠ی فیوریە بۆ کاربەدەستانی حکوومەتی ئێرانیان ناردوە، تێیدا نارەزایەتییان لەسەر داخرانی گۆڤاری "زنان" دەربڕیوەو رایانگەیاندوە کە ئەم کارە پێشێل کردنی ئازادیی دەربڕینەو لەگەڵ هیچ پێوانەیەکدا ناگونجێو خوازیاری هەڵوەساندنەوەی ئەو بڕیارە بوون. ئیمزاکەرانی ئەو نامەیە کە ژمارەیەک کەسایەتیی ناسراویان تێدابوو کە هێندێکیان

**بریتین لە:**

یورگن هابرماس فیلسۆفی ناسراوی ئاڵمانی، نوام چومسکی مامۆستای زمانناسیو نووسەری کتێبە سیاسییەکانو هالەی ئیسفەندیاری، مودیری بەرنامەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست وودرۆ ویلسۆن لە واشنگتۆنو هەروەها لە نێو وەرگرانی ئاشتیی نۆبێلیش دا شیرینی عیبادی لە ئێرانو بتی ویلیامز لە ئیرلەندو جودی ویلیامز لە ئەمریکاو چەند کەسایەتییەکی دیکە.

---

## سەبرت هەبێ کچم

دەستی بەسەروچاوی دا هێنا گەرمایی خوێنی هەست پێکرد.

ئەوە یەکەمین جار نەبوو سادق دەستی لێهەڵدێنایەوە. ئەو تازە بووک بوو تەواوی لەشی شینو رەش هەڵگەڕابوو. نەسرین بێجگە لە ئازار هیچی دیکەی نەدیبوو. بەڵام هیوایەکی هەبوو کە تەحەمولی ئەو وەزعەی دەکرد، هیوای "رۆژێک" کە ئیتر سادق لێی نەدا. سادق دەیزانی ئەو "رۆژە" هەرگیز نایەت.

نەسرین تۆ لەخەیاڵدا دەژی! ژیان کە هەموو هەر عیشقو خۆشیی نیە. پڕە لە سەختیو ناخۆشی، بێپووڵیو بەدبەختی. من لەژێر زەخت دام، وەزعی ماڵیم خراپە، تۆش هەر بەهانە دەگری، منیش تێک دەچم.... بۆ ئەوە ناکرێ؟ بۆ... سادق بەم پرسیارە تێک چووبوو...

خوێن بەسەروچاوی نەسرین دا دەهاتەخوار. باوکی لەم وەزعو ژیانەی نەسرین نارەحەت بوو. هەر دەیگوت: "غەڵەتی کردوە لێیداوی، ئەو نامەردە بۆچی وادەکا؟ واو وادەکەم". بەڵام دایکی دەی گوت: "سەبرت هەبێ کچم، سەبرت هەبێ". سەبر سەبر هەر لەو سەبرکردنەدابوو منداڵی بوو.

نەسرین خۆشحاڵ بوو کە بووە بە دایک. ئیتر لێدانەکانی سادق بەلایەوە ئاسایی ببوو.

.....

زەماوەندی خوشکی سادق بوو. نەسرین گوتی: "دیارییەک بکڕە". سادق دیسان تووڕە بووو گوتی نایهەوێ. نەسرین گوتی بۆخۆت دەزانی بەدەستی خاڵی نابێ .. من ئابڕووم هەیە! سادق زللەیەکی لە پەناگوێی نەسرین داو گوتی: خوشکی منە تۆ ئابرووت هەیە بەتۆچی؟! نەسرین ڕۆیشتە ئاشپەزخانە تا قومەئاوێک بخواتەوە یان باشتر بڵێین خوێنی دڵی بخواتەوە، گوێی لە گورە گوڕی سادقو گریانی سیروان بوو. سادق تووڕەو سوورهەڵگەڕاو بە قایشی کەمەربەندەکەی لە سیروانی بێتاوانی دەدا کە هێشتا تەمەنی نەببوە یەک ساڵ، سیروان بە ترسو گریانەوە چاوی لە باوکی دەکرد. سادقیش چاوی خۆشەویستی لەحاند ئەو منداڵە بێتاوانەدا نووقاندبوو. نەسرین سیروانی لەبن دەستی باوکە دڵڕەقەکەی دەرهێناو بردیە ئاشپەزخانەو لەباوەشی گرتو دەیلاواندەوەو فرمێسکەکانی بەسەردا هەڵدەوەراند.

****

تۆ بڵێی لەم وڵاتەی ئێمە چەند ژنی وەک نەسرین هەبێ هەر سەبر بکات بە هیوای ئەو "ڕۆژە" کە ئیتر هاوسەرەکەیان لێیان نادەن، تەحەمولی سەختترین ئازارەکان دەکەن، بەڵام ئەو ڕۆژە هەر نایەتو بە هیوایەوە سەردەنێنەوە. زۆرن ئەو ژنانەی بە هۆی دابونەریتی کۆمەڵگەوە بەردەوام ڕۆڵی کەسایەتییەکی شەرمنو بێدەنگو بە سەبرو تەحەمول دەگێڕن. تەحەمول کردنی هەموو جۆرە ئازارێک لە لایەن ژنانەوە بەداخەوە بە جۆرێک ریشەی داکوتاوە لە ناو بیرو زەینی ژناندا کە هاتنەدەر لەو وەزعیەتە بە مانای لە دەستدانی ئەو کەسایەتییەیانە کە کۆمەڵگە بۆی داناون بەڵام تا کاتێک ژنان بۆخۆیان باوەڕ نەکەن کە هەرجۆرە ئازاردانێک لە لایەن هەر کەسێکەوە تەنانەت نزیکترین کەساکانیشیانەوە تاوانەو پێشێل کردنی مافی ئینسانی ئەوانە، چاوەڕوانی ئەوەیان نەبێ کە

کۆمەڵگەی پیاوسالار دێتە سەر ئەو باوەڕە لێدانو ئازادانی پیاوانی بنەماڵە بە تاوان بزانێ بەرامبەر بەوان. سەبرو تەحەمول لە بەرامبەر توندوتیژی لەلایەن ژنانەوە گرفتەکان نەک چارەسەر ناکات، بەڵکوو کۆمەڵگایەکی پڕ لە ئاژاوەو کێشە دروست دەکا. گەر ژن خۆی رانەپەڕێ و بەگژ یاساو رێسا پڕ لە توندوتیژی و جیاوازییەکاندا نەچێتەوە هەرگیز ئەو رۆژە نایەت کە ژیان بە ئارامی و بێ گیروگرفت بەرێتە سەر.

## ئامانجێک کە خەباتی بۆ دەکەم لە حیزبیش پیرۆزترە لە لام

بە دوای بڵاوبوونەوەی نووسینێکی  کە بە بۆنەی خۆکوشتنی لاجان عەلی کە رۆژی ٢٩ی بەفرانباری ١٣٨٦ رووی‌دا، نووسیبوومو لە رێورەسمی پرسەکەشی‌دا خوێندمەوەو پاشانیش لە سایتی www.4rojhela.org  دا بڵاوبۆوە، کۆمەڵێک کەس لە دۆستانو ئاشنایانم دەستخۆشییان پێوتم کە لە بەرامبەر رووداوێکی ئاوادا بێدەنگ نەبوومو روانگەی خۆم دەربڕیوە کە زۆر سپاسیان دەکەم. لە هەمان کاتیش دا ژمارەیەک خەڵکی دیکە بە دژایەتی لەگەڵ بیروبۆچوونەکەی من هاتنە قسەو هەریەک بە شێوەیەک لۆمە یان کردم و لە پەناو پەسیوان بە دژایە تی دەستیان کرد بە قسەی بێنێوەرۆک. یەک بە ناوی دڵسۆزی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان، دەی گوت نەدەبوو بە هیچ شێوەیەک باسی کرابا چونکە لاجان لە نێو حیزبی دیموکراتدا دەژیا ئەوە عەیبی نێوخۆمانە نەدەبا برابا دەرەوە، یەک دەی‌گوت هاوسەری لاجان کادری حیزبی‌یە باس کردن لە خۆکوشتنی لاجان بۆ ئەو ناخۆشە! یەکی دیکە دەی گوت  قسەکانت جوانو بەجێ بوون، بەڵام بۆنێوخۆمان باشە "کوردی عێراقیمان لەناوادابوو"، یەکی دی دەی‌گوت ئەو دەردانە بە منو تۆ چارەسەر نابن چیت لەم سەرێشەیە داوە؟ یەکی دی دەیگوت ئەوە دەیەوێ لەگەڵ عێراقیانمان بەشەڕ بدا؟!

هەموو ئەم قسەو باسانە وایان لێ کردم جارێکی دیکە دەست بەرمەوە بۆ قەڵەمو وەڵامی هەموو ئەوانە بدەمەوە کە بەم شێوەیە بیردەکەنەوە.

سەرەتا تکایان لێ‌دەکەم جارێکی دیکە زەحمەت بەخۆیان بدەن نووسراوەکەی پێشوو بە وردی بخوێننەوە، یان ئەوانەی نەیانخوێندۆتەوەو هەر بە قسەی هاوبیرەکانیان کەوتوونەتە لۆمەکردنی من بیخوێننەوە. دیارە نەوەک

دیسان لێی تێنەگەن لێرەدا لەسەر هێندێک خاڵی کە پێم وایە هەستی ئەوانی هێناوەتە جۆش، زیاتر قسەی لەسەر بکەمو روونی بکەمەوە بۆیان.

لەسەر ئەوەی کە دەڵێن: "عێراقی لە ناو پرسەکەدا هەبوو "بۆیە نەدەبوو ئەو قسانە کرابایە! من باش لە مەبەستەکەیان تێدەگەم، بەڵام هەرگیز وەک ئەوانە بیر ناکەمەوە. لەو کەسانە دەپرسم ئەی ئەو ژنانەی کوردی باشوورنو لەگەڵ پێشمەرگەکانی دیموکرات ژیانی هاوبەشیان پێک هێناوەو لەگەڵ خۆشیو ناخۆشییەکانمان شەریکن، ئەوانە چۆن چاو لێدەکەن؟ ئەوانە کێن؟ لاجان کوردی کوێ بوو؟ کچەکانی لاجان نەوەی کێن؟ ئەگەر بێگانەن بۆچی تێکەڵاوییان دەبنو کچیان لێ دەخوازنو کچتان لێدەخوازن؟ ئەمن وەک ئەوانە "بانێکو دوو هەوا "بیر ناکەمەوە. غەمی لاجان ئەگەر هی ئێمەیە هی بنەماڵەکەشیەتی، ئەوان باشتر دەزانن لاجان چ ئازارێکی هەبووە، بۆیە پەتی لەملی خۆی کردو کۆتایی بە ژیانی هێنا. مەرگی لاجان پەیامێکی بۆ هەموومان پێبوو، هیوادارم لە پێشدا حیزبی دیموکرات بەدوای ئەو پەیامەدا بگەڕێ، چونکە ئەندامی بنەماڵەکەی ئەویشە.

یەکەم لەسەر شوێنو جێگای رووداوەکە؛ لەگەڵ ئەوەی رووداوێکی بەو شێوە لە هەر کوێ رووبدا بە لای منەوە جێگای داخە، بەڵام لە نێو کەمپەکانی حیزبی دیموکراتدا هەر زۆرتر جێگەی داخە، ئەمەش بەو مانایە نیە ئەگەر کارەساتێکی وا لەوێدا روو بدا، بیشارینەوە. ئەمە کەمتەرخەمییەکی گەورەیە بەرامبەر بە چارەنووسی هەموو ئەو مرۆڤانەی لەو کەمپانەدا دەژین. خۆ ئەم شوێنە جیاواز نیە لە کۆمەڵگەو ئەوخەڵکانەش کە لەوێدا دەژین هەر هەڵقولاوی کۆمەڵگەی کوردستانن، بێگومان ئەگەر نائاساییە لە شوێنێکی وا مرۆڤێک خۆی بکوژێ، لەبەر ئەوەیە شوێنێکە پڕە لە مرۆڤی خەباتکار، خەباتکارانێک کە بۆ بەختەوەری میللەتەکەیان ئەم رێگەیان هەڵبژاردوە، خەباتکارانێک کە خۆیان بە پێشەنگ و پێشکەوتووی نێو ئەو میللەتە دەزانن. بەلای منەوە بۆیە رووداوەکە زۆر تاڵە، لە ناو ئەو مرۆڤانەدا مرۆڤ هەیە هیچ ئومێدێکی بە ژیان نیەو پەنا دەباتە بەرخۆکوشتن. باشتر ئەوەیە کە لەنێو ئەوانەدا هیچ دیاردەیەکی لەم چەشنە روو نەدا ئەگەر رووشیدا ئەوە تاوان و شوورەیی نیە باسی بکەین و لە هۆکارەکانی بکۆڵینەوە، ئەوە شوورەییە کە خۆمانی لێ بێدەنگ بکەین و بڵێین هیچ پێوەندییەکی بە ئێمەوە نیە .

دیارە لە نووسراوەکەی مندا هێرش نەکراوەتە سەر هیچ لایەن و کەسانێک و دادگایی کەسیشم نەکردوە لەم پێوەندییەدا، چونکە ئەوە کاری من نیە. ئەمن دەڵێم کارەساتی لەوشێوەیە کاریگەریی سلبی هەیە لەسەر هەموو

ئەندامانی کۆمەڵگە، بۆیە هەموومان (هەمووان) لەبەرامبەر هۆکاری مەرگی ئەو کەسانەدا کە بەم شێوەیە خۆیان لەناو دەبەن بەرپرسین. ئیدی هەر کەس بە پێی تواناو دەسەڵاتی خۆی ئەرکی سەرشانیەتی بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردانە کە کۆمەڵگەکەمانی نەخۆش کردوە تێبکۆشێ. دیسانیش دڵێم خۆبێدەنگ کردن لەبەرامبەر ئەو دیاردانەدا شەرمە نەک قسە لێکردنیان.

دووهەم ئەوەی کە وتوومە لاجان خەڵکی رانیەی کوردستانی باشوور بوو تەنیا بۆ زانیاری بووە. بەلای منەوە گرنگ نیە لاجان خەڵکی کوێ بووە، یا لە چ ئایین و نەتەوەیەک بوو، ئەگەر لاجان عەرەب یان فارس یا هەر نەتەوەیەکی دیکە بووایە یان یەزدیو مەسیحی و... بوایە، ئەگەر کوردیش نەبوایە هەر ئەو کاریگەرییەی لە سەر رووحی من دەبوو. ئەوانەی دەیانەوێ بەم چەواشەکارییانە بمترسێنن و بێدەنگم بکەن و لە هەڵوێستم پەشیمانم بکەنەوە، زۆر لە هەڵەدان.

چۆن لەبەرامبەر زوڵم و ستەمی رێژیمی دیکتاتۆرو کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی دا بەشانازییەوە رێگەی خەباتم هەڵبژاردوە و بۆ بەختەوەری میللەتەکەم تێ دەکۆشم و تاڵی و سوێری دەچێژم، هەر ئاواش لەبەرامبەر زوڵم و ستەم بەرانبەر بە ژنان خەبات دەکەم. لەبەرامبەر دیاردەدزێوەکانی ناو کۆمەڵگەش کە رووبەرووی ژنان دەبێتەوە بێدەنگی ناکەمە پیشە. بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم هەرچییەکم لەدەست بێ بیکەم.

ئەوەش باش دەزانم کە ئەو ژنانەی لە پێناو ئازادیو رزگاری ژناندا خەبات دەکەن نەک هەر لەلایەن کۆنەپەرستانەوە سەرزەنشت دەکرێن و بە ژنانێکی سەرەڕۆو بێشەرم ناویان دەبەن، تەنانەت لەلایەن هێندێک پیاوە خەباتکارەکانیشەوە! ئەو پیاوانەی پێیان وایە خەباتکاری رێگەی رزگاری میللەتەکەیانن!! هەر ئەم تۆمەتەیان لێدەدرێ .

گەیشتن بە ئامانج نرخی دەوێ. ئەگەر تانەو لۆمەو قسەو قسەلۆکی ئەو جۆرە کەسانە لەلام بەهایەکیان هەبووایە، منیش وەک ئەو ژنانە دەبووم کە لێیان دەدرێ هەر رازی دیارن، بێحورمەتییان پێدەکرێ هەر رازین دیارن، هەموو جۆرە توندوتیژییەکیان لە دژیان دەکرێ هەر رازین بە بەشی خۆیان!! بۆ ئەوەی پێیان بڵێن بەحەیاو شەرمن. بە خۆشییەوە منیش لە ژنە شەرمنەکان نیم چونکە ژنی شەرمن ترسەنۆکە خەبات کردنیش بە ژنی شەرمن ناکرێ.

ئەگەر رۆژێک بزانم لە حیزبی دیموکراتیش کە تەمەنێکم لەناویدا تێپەڕ کردوە، دەنگم کپ دەکرێ دڵنیا بن تێیدا نابم.

ئارەزوومە رۆژێک دابێ کۆمەڵگایەک دروست ببێ مافی هەموو مرۆڤەکانی تێدا پارێزراو بێ، کۆمەڵگایەکی یەکسان و یاسایەکی دادپەروەرو ئینسانی تێیدا حاکم بێ. بۆ ئەو ئارەزووەش هەوڵ و کۆششی دەوێ، خەباتی من لەو پێناوەدایە. رەنگە وەک چۆن کەسانێک پێم دەڵێن: "چیت لەو ژانەسەرە داوە، ئەوە بە من و تۆ چاک نابێ"! بۆ ئەوەش بڵێن هەرگیز بەو ئارەزووە ناگەی. بەڵام ئەمن وا بیر ناکەمەوە، ئەگەر من و تۆو ئەوی دیکە هەوڵی بۆ بدەین دڵنیام پێی دەگەین، ئەگەر نەسڵی ئێمەش پێی نەگات، نەسڵەکانی داهاتوو پێی دەگەن. ئەگەر ئەمڕۆ لاجان پەت لەملی خۆی دەکاو خۆی دەخنکێنێ، ئێمەش هەر ئاوا بێ تەفاوەت بین و هیچ نەڵێین، دەبێ لە داهاتووشدا هەر چاوەڕوانی ئەو رووداوە تاڵانە بین.

---

## بۆ قوربانییەکی دیکەی کۆمەڵگا نەخۆشەکەمان

لاجان! رۆژێک بە تارای سوورو کراسی سپی بووکێنیەوە، هەر بەم رێگایەدا بەرەو ئەو ماڵە هاتی کە دەتویست ژیانێکی خۆشی تێدا بەریتەسەر، چەندەت ئاواتو ئارەزوو بۆئەو ژیانە هەبوو، ئەو رۆژەی بەو رێگایەدا دەهاتی ئەو خەڵکانەی لەگەڵت بوون، بەشادیو چەپڵەڕێزان دەیان هێنای بەرەو ئەو ماڵە کە بۆیان هەڵبژرادبووی! بەڵام نەتدەزانی رۆژێک دادێ هەر لەوماڵەدا پەت لەملی خۆت دەکەیو ئاواتەکانت هەر لەوێدا لەچاڵ دەنێی! ئەمڕۆ هەر بەو رێگایەدا دەگەڕێیەوە بەرەو شارەکەت داوێنی کێوەڕش، بەڵام ئەمجارەیان بەکفنی سپیەوەو ئەو خەڵکانەش کە لەگەڵت دان هەموو چاو بە فرمێسکو دڵ پڕ لە خەمن بۆت!

### چ کارەساتێکە!

سەر لەبەیانیی رۆژی شەممە ٢٩ی بەفرانباری ١٣٨٦ی هەتاوی بەرانبەر (١٩ - ١ - ٢٠٠٨)ی زایینی، لاجان عەلی ناسراو بە "نەجات" لە ماڵەکەی خۆیدا خۆی هەڵواسی و کۆتایی بە ژیانی هێنا.

لاجـان خـەڵکی شـاری رانیـەی باشـووری کوردسـتان بـوو. ١١ سـاڵ لەمەوبـەر لەگـەڵ کـادرێکی حیزبـی دیمـوکراتی کوردستان بە ناوی محەممەد ئـەمین شـەریفی، ژیـانی هاوبەشی پێـک هێنـاو بوونـە خـاوەنی دوو کچی ١٠ سـاڵ و ٢ ساڵانە بە ناوەکانی ژوولیان و ژووئین. لاجان مـاوەی ١١ سـاڵە لـە نێـو کەمپـەکانی حیزبـی دیمـوکراتی کوردستاندا دەژیـاو تێکەڵاو بە خەم و خۆشییەکانی ئەو بنەماڵـە دوورە وڵاتانـە بـوو. ژنێکـی هێمن و لەسـەرخۆو هەست ناسک بوو. تـا ئەو رۆژەی خۆی نەخنکاند کەس لێی عاجز نەبوو، کەس ئـازاری لـە دەست نەچێشتبوو، بـەڵام ئـەو رۆژەی خەبەری دڵتەزێنی ئەم کۆچە کارەساتبارەی بڵاو بۆوە، زۆر کەس لێی عـاجز بوون. یەکێک لەو کەسانە ئەمن بـووم. سەرەڕای هەموو رێزو وەفایەکم بۆ ئەو ژنە خۆشیی لە ژیـان نەدیتووە، دەڵێم، لاجان نەدەبوو بۆ کۆتـایی هێنـان بـە ژیـانی پڕ لە رەنج و ئـازاری، ئەم رێگایەی هەڵبژاردایە. چونکە رێگای دیکە هەبوو بۆ کۆتـایی هێنان بە ئازارەکان.

لاجان لەنـاوماندا نەماوە، هەتـا ئەو کاتەی لە ژیانـدابوو لە کەسم نەبیست کە لاجان نەخۆشیی دەروونی هەبووبێ. هەرکە مردو بەیـەکجاری ئـەم جیهانـە پڕ لـە ئـازاری بەجێهێشت، هەرکـەس لەحانـد خۆیـەوە هەڵدەسـتا دەیگـوت: "نەخۆش بوو"، "نەخۆشیی دەروونی هەبوو"، "شێت" بوو، . ئەم وشەیە "شێت" قسـەی ئـەو مرۆڤانەیـە کـە رێزێـک بـۆ مرۆڤایەتی دانانێن . بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوە بێ ئەم قسانەیـان دەکرد .

ئەمن لێرەدا ناتوانم قسەی ئەو خەڵکانە رەت کەمەوە بەڵام تەئییدیشیان ناکەم، چونکە بـۆ هیچیـان بەڵگەیـەکم بەدەستەوە نیە، ئایا نەخۆش بووە یان نەخۆش نەبووە؟ بەڵام ویژدانم ئازارم دەدا کە دیفاعێک لە لاجانی بێمراد نەکەم. من تەنیا بە عەقڵیو تێگەیشتنی خـۆم دەڵـێم، لاجـان نـەخۆش نـەبوو. ئـەوە بەڵگـە نیـە کـە جارێـک یـان دووجار چووبێتە لای دوکتوری دەروونناسی، هەر لەو کەمپەی لاجانی لـێدەژیا زیاتر لـە ١٠ ژنـی دیکـەش چوونەتـە لای دوکتوری دەروونناسو هیچ "شێت"یش نین. (بە دوای لێبوردن لەو مرۆڤانەی نەخۆشیی دەروونیان هەیـە) ئـاخـەر لـە وڵاتەکـەی ئێمـە بـە نەخۆشیی دەروونـی دەڵـێن "شـێت". لاجـان تـەنیا مرۆڤێکـی بـە ئیحسـاسو هەسـت ناسـکو هونەرمەند بوو، کاری پەیکەر سازی، گوڵسازیو نەققشاشیو هتدی دەکرد. ئەوانـەی دیناسـن دەزانـن کـە چەنـدین پێشانگاشی لـە کارەکـانی خـۆی لـە شـارەکانی کۆیـەو رانیـە کردۆتـەوە. زۆری عەلاقـە بـە هونـەری کـاری دەسـتیو جوانکـاری هـەبوو. لەمبارەیـەوە تـاقـە یـەک بیـرەوەری لـێدەگێڕمەوە کـە بـە گیـانی لاجـانو هـەموو ئەوانـەی هیچ پەنایەکیان شک نەبردو مەرگیان هەڵبژارد، هیچ درۆی تێدا نیە: زستانی ساڵی رابردوو لاجان هـات بـۆ لام، هـەر وەک هەمیشە بە لەسەرەخۆیی‌و هێمنییەکی جوانەوە، داوای رەسمێکی "هیوا"ی کوڕمی کرد، لێم پرسی بۆچیتـە؟ وتـی دەمـەوێ لـە قـاپی بگـرمو دەوری رەسـمەکە جوانکـاری بکـەمو دەینێـرم بـۆ بـاغچـەی سـاوایان. وتـم هیـوا ئێسـتا

نەگەیشتۆتە تەمەنێک کە بەرەسمی لە باغچەی ساوایان وەربگیرێ، ٦ مانگی ماوە. بەهەرحاڵ با لەوە گەڕێم کە چەندە ئۆگری بە منداڵ هەبوو بۆیە پێی خۆش بوو ئەو کارانەیان بۆ بکا. لەبەرئەوەی پێشتر هێندێک لە کارەکانیم دیبوو، زۆرم دەستخۆشی پێگوتو هانم دا کە لەماڵەوە کاتی خۆی بەفیڕۆ نەداو کاری هونەری دەستی دەکا. ئەویش بەم قسانە گرێی دڵی کردەوەو گلەییو گازەندی خۆی لە ژیانی دەربڕی. "وتی دایکم جاروبارە بە ئیمکاناتی خۆی کەلوپەلی گوڵسازیو پەیکەرسازیم بۆ دێنێ، دەزانێ زۆرم عەلاقە بەوکارەیە، منیش بەبێ ئەوەی هیچم لەدەست بێ بۆی کە ئێستا زۆر لەخۆم نارەحەتم چونکە ئەو کاتە بەقووڵی بیرم لە قسەکانی نەکردەوە، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە کە کێ کەرەسەکانی بۆ دابین بکا، خۆ لاجان بۆخۆی هیچ کارێکی نەبوو تا داهاتێکی هەبێو کەرەسەی پێبکڕێ؟ چونکە ئەوەی دەزانم ماوەی ساڵێک زیاترە لاجان لە هەوڵی ئەوەدابوو وەک کارمەند لە یەکێک لە ئیدارەکانی شاری کۆیە دابمەرزێ، بەڵام سەد داخو مەخابن ئەو هەوڵەشی سەری نەگرتو پاش مەرگی هەواڵی وەرگیرانی هاتەوە،

کە گویا بووە بە هاوکاری کارمەندەکانی باغچەی ساوایانی "هەنگ"!! ئەڵبەتە نازانم تاچەند راست بوو کە وەرگیرابوو یان نا، بەڵام دەزانم بۆ مەرگی لاجان لە سەر پرۆیەکی رەش نوسیبوویان: "دڵتەنگین بۆ مەرگی هاوکارمان لاجان عەلی ناسراو بە "نەجات". ئەگەر ئەم هەواڵەی زانیبایە بۆتە کارمەند ئەویش لە باغچەی ساوایانو بۆ کاری هونەرییش، چونکە هەم پێی خۆش بوو کار بۆ منداڵان بکا هەمیش بۆ ئەو کارەی کە خۆی ئۆگری پێی بوو، تۆ بڵێی خۆی بخنکاندایە؟ ئاخەر زۆر بە ئاواتەوە بوو کارێک بکاو داهاتێکی هەبێو هێندە چاولەدەستی کەس نەبێو هەمیش ئەو کارەی کە خۆی تێیدا شارەزا بوو.

ئێستا کە ئەو دێڕانە دەنووسم ٣ رۆژە بەسەر مەرگی لاجانی جوانەمەرگ دا تێپەڕیوە. لە ماوەی ئەو سێرۆژەدا مەگەر لەخەودا ئەگینا بۆ تاقەساتێکیش لەبەر چاوم لاناچێو هەر بیر لە ژیانی، لە هێمنیو لەسەرەخۆیەکەی، لە قسەکانی کە بۆمنی کردو، ئەو کاتە دەرکم نەکرد. یا رەنگە هیچم لەدەست نەهاتبێ بۆی. بۆیە دیسانیش دەڵێم بەدڵ بۆی نارەحەتم. رەنگە من یەکەم کەس نەبم کە لاجان دەردەدڵی لەلاکردبێ، دڵنیام لەلای زۆر کەس دەردەدڵی کردوە بەتایبەتی ئەوانەی کارێکیشیان لەدەست هاتووە هیچیان بۆ نەکرد. تۆ بڵێی ئەوانە ئێستا چ هەستێکیان هەبێ؟! بەهەرحاڵ بمانەوێو نەمانەوێ ئەو شێوە مردنە کاردەکاتە سەر یەک یەکی ئەندامانی کۆمەڵگەکەمان. تەنانەت ئەوانەی ناشیناسن. لاجان مرۆڤێک بوو لەو کۆمەڵگەیدا دەژیا، بۆیە هەموومان لەبەرامبەر مەرگیو هۆکاری مەرگەکەیدا بەرپرسین، دڵنیام لاجان بە نەخۆشی لەدایک نەبووە. ئەوە کۆمەڵگەیە

مرۆڤەکان تووشی نەخۆشیی دەروونی دەکا.

چ تاڵە مەرگی ئینسانەکان ئا بەو شێوەیە، بەڵام تاڵتر ئەوەیە خەڵکانیک بەخەمساردییەوە دەڵێن نەخۆش بوو، وەک ئەوەی گرنگ نیە مردوە، بەبێ ئەوەی بزانن هۆکاری نەخۆشییەکەی چیە. ئەوە چاوپۆشییە لە هەموو دەردەکانی کۆمەڵگاو بێ بایەخ کردنی مرۆڤە هەژارو بێدەرەتان و رەنج دیتووەکانە.

مەرگی لاجان یەکەم قوربانی کۆمەڵگای نەخۆش نیەو دوا قوربانییش نابێ، بەڵام خۆزگە هەموومان دەرسی لێوربگرین و چارەیەک بۆ دەردەکان ببینینەوە، بۆ ئەوەی شاهیدی رووداوی ئاوا دڵتەزێن نەبین.

(ئەم نووسراوەیە لە پرسەکەی لاجان، لە یەکێک لە کەمپەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا خوێندراوەتەوە)

---

## تیرۆری یەکێک لە ناسراوترین رێبەرانی ژن لە دنیای سیاسەت دا

لە یەکێک لە مەیدانەکانی شاری راولپەندی، لە نێو هەزاران ژن و پیاوی خوازیاری ئازادی و دیموکراسی دا راوەستابوو تا قسە لە سبەینێیەک بکا کە زۆر لە مێژە ئەو خەڵکە لە چاوەڕوانیی وەدیهاتنی دان. بینەزیری عاشق، بە نیشانەی وەفاداری و خۆشەویستی بۆ ئەو خەڵکە کە چەندین ساڵە لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی دا بوون بۆ وڵاتەکەیان، ئازاو بە جورئەتو باوەڕبۆخۆ، دەستەکانی بەرز کردەوەو بە روخسارێکی وەک هەمیشە گەش و دەم بە پێکەنین، لە نێو چەپڵەرێزانی جەماوەرەکەی دا دەستی بەقسەکردن کرد. قسەکردن لە ئازادی، لە دیمۆکراسی، لە کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆری و زیندان و تیرۆر، لە کۆتاییهێنان بە دەستدرێژیی بە کۆمەڵی پیاوانی خێڵ و تایفەکان بۆ سەر ژنان، لە کۆتاییهێنان بە دەمارگرژیی ئایینی و هتد، کە کەمترین و سەرەتاییترین خواستەکانی ئەو خەڵکە بوون. ئەو خەڵکەی کە شاد بوون بە قسەکانی و بیریان لێ دەکردەوەو هیوادار بوون ئەمجارە ئەم رێبەرە بتوانێ سەرکەوتوو بێ و دیمۆکراسی و ریفۆرم لە وڵاتدا بەدی بێنێ، لەپڕ دەنگی دەسرێژی تفەنگی تیرۆریستان خولیای ئەم جەماوەرە دڵ پڕ لە هیوایە تێک دەداو رێبەری ئاوات و ئارەزووکانیان دەپێکرێ‌و سەرپۆشە سپی یەکەی شەلاڵی خوێن دەبێ.

بینەزیر بوتۆ، کچی زولفەقار عەلی بوتۆی ڕێبەری ئازدیخواوازو دیمۆکراسیخوازی پاکستان لە ساڵی ١٩٥٣ی زایینی لە شاری کەراچی لە دایک بوو. خوێندنی زانکۆی لە زانکۆکانی هارواردی ئەمریکاو ئاکسفۆردی ئینگلستان لە لقی سیاسەت و فەلسەفەدا تەواو کرد. بینەزیر سەرەڕای ئەوەی سیاسەتی دەخوێند لە سەرەتادا ئۆگریی بە کاری سیاسی نەبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٧ ژێنراڵ زیائولحەق لە دژی زولفەقار عەلی بوتۆی باوکی کە سەرۆک وەزیری پاکستان بوو، کودیتای کردو خستیە زیندان، ڕووی کردە کاری سیاسی. ئەو کاتە بینەزیر بوتۆ تەمەنی ٢٤ ساڵ دەبووو لە دەرەوەی وڵات خەریکی خوێندن بوو. بە بیستنی گیرانی باوکی لەلایەن زیائولحەقەوە بە پەلە گەڕایەوە پاکستان. دوو ساڵ دواتر باوکی ئێعدام کرا. هەر دوای ئێعدامی باوکی بۆخۆشی خرایە زیندان و ٥ ساڵ ژیانی لە زیندانی تاکەکەسی دا بەسەر برد، وەک بۆ خۆی دەی گوت دەورانێکی سەخت و تاقەتپڕووکێن بوو.

بینەزیر بوتۆ بۆ چارەسەری نەخۆشی لە زیندان هاتەدەروەو هەر لەو کاتەدا دەفتەری حیزبی "مردم"ی پاکستانی لە شاری لەندەن دامەزراندو تێکۆشانی سیاسیی خۆی دەست پێکرد. ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٦ گەڕایەوە بۆ پاکستان و درێژەی بە کاری سیاسی دا. دوو ساڵ دواتر کاتێک ژێنراڵ زیاولحەق بە هۆی تەقینەوەی فرۆکەکەی کوژرا، بینەزیریش وەک یەکەمین سەرۆک وەزیری ژن لە پاکستان هەڵبژێردرا.

بە دەسەڵات گەیشتنی ژنێک لە وڵاتێکی ئیسلامی دا بۆ زۆر لە دەمارگرژە ئایینیەکانی وڵاتەکەی شیاوی تەحەممول کردن نەبوو، تەنانەت بۆ وڵاتانی هاوسێی پاکستانیش قبووڵ کردنی ئاسان نەبوو. هەر لە پێوەندی لە گەڵ سەرۆک وەزیریی ئەودا بوو هێندێک لە ڕێبەرانی ئایینی عەرەبو ئێرانییش هاواریان لێ بەرز بۆتەو دەڵێن: "نائەهل ناتوانێ ڕێبەریی وڵاتێک بکاو؛ ژنانیش لە نائەهلەکانن". بۆیە بە توندی کەوتنە دژایەتی کردنی بینەزیر.

لەو وڵاتانەدا ژن بوون بۆخۆی تاوانێکی گەورە بوو چ بگا بەوەی بچێتە سەر کورسیی دەسەڵات. وڵاتی پاکستان تاکوو ئێستاش زۆر لە خەڵکەکەی گیرۆدەی سوننەتە دواکەوتووە مەزهەبی و نامەزهەبیەکانن، ئێستاش شووڕا نارەسمییەکانی لادێ دەتوانن بڕیاری کوشتنی ئەو کچانە بدەن کە مل نادەن بە زەماوەندی زۆرەملی لەگەڵ کوڕەمامەکانیان، یان دەتوانن بڕیاری دەستدرێژی بەکۆمەڵ لەلایەن پیاوانی هۆزو تایفەکانەوە بۆ سەر ژنان بەناوی تۆڵەسەندنەوەی تایفەیی، دەربکەن هەتا ئێستاش ڕێبەرانی ئایینیو تەنانەت سیاسییش لەو وڵاتە

"گەلاڵەی مافی ژنان" وەکوو "گەلاڵەی فەحشاو فەساد" ناو دەبەن و لە دژی راوەستاون.

ئا لەم وڵاتەدا بوو بینەزیر بوتۆ بووە یەکێک لە ناسراوترینو دیارترین رێبەرانی ژن لە دنیای سیاسەت دا.

مەرگی بینەزیر بۆتۆ خەسارێک بوو بۆ بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی و، تەنیا بەرەی دوژمنانی ئازادی و تاریکیپەرستان و دەمارگرژانی ئایینی، دەتوانن دڵ بەم جۆرە تاوانانە خۆش بکەن. بەڵام گومانی تێدا نیە کە رەوتی هەنگاونان بەرە و ڕووناکی و ئازادی و دیموکراسی بەم جۆرە کاراساتانە ناوەستێ. هەروەک لە پاکستان ئەم ڕەوتە بە کودەتای زیائولحەق لە دژی زولفەقار عەلی بوتۆو ئێعدامی ئەو کەسایەتییە خۆشەویستەی پاکستان بنەبڕ نەبووو ساڵانێک دواتر بە تەوژمتر سەری هەڵدایەوە.

(بۆ ئەم بابەتە سوود لە وتارێکی خانمی شکوە میرزادگی وەرگیراوە)

---

## وتووێژ لەگەڵ منیرەی ڕەسووڵزادە هاوسەری شەهید ساماڵ ئیسماعیل زادە

منیرە رەسوولزادە لە ساڵی ١٣٥٣ لە شاری سەردەشت لە دایک بووە. لە تەمەنی ١٧ ساڵی‌یەوە لەگەڵ کادرێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان ژیانی هاوبەش پێک دێنێ. دڵخۆش بوو لەوەی کە کەسێکی هەڵبژاردوە، دەتوانێ لە ژیانی هاوبەش دا بەختەوەر بن و بنەماڵەیەکی پڕ لە شادی و خۆشەویستی پێک بێنن. هەرواش بوو. کاک ساماڵ مرۆڤێکی تێگەیشتووو ئارامو لەسەر خۆ بوو. منیرە لەم بارەیەوە هەڵبژاردنێکیدروستی کرد بوو. بەڵام بەداخەوە ئەم شادی و دڵخۆشی‌یەی هێندە ناخایەنێ و دڵ رەشانی تێرۆریستی سەر بە کۆماری ئیسلامی ژیان و چارەنووسی ئەم ژنە دەگۆڕن.

رۆژی ١٧ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٦ پۆلێک لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە کەمپی تانجەرۆ لە ناوچەی سلێمانی‌یەوە بەرە و بنکەی دەفتەری سیاسی لە کۆیە دەڕۆیشتن، لە دەوروبەری شارۆچکەی دووکان دەکەونە کەمینی بەکرێگیراوانی وەزارەتی ئیتلاعات، بەداخەوە کاک مەنسوور فەتاحی بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی پاوە

شەهید دەبێ و پێشمەرگەکانی دیکەش دوای رووداوەکە درێژە بە رێگای خۆیان بەرەو کۆیە دەدەن. هەر کە دەگەنە دەروازەی شاری کۆیە کە بە دەیان کیلومیتر لە شوێنی رووداوەکە دوورە، دەکەونە بەر دەسرێژی تفەنگی کۆمەڵێک تیرۆریستی دیکەو چوار تێکۆشەری دیکەی حیزبی دێموکرات کە لە ماشێنێکی برازیلی دا دەبن لەشیان بە گوللە دابێژ دەبێ. ئەو چوار تێکۆشەرە بریتی بوون لە: کاک ساماڵ ئیسماعیل زادە، کاک سەید مەنسوور ناسری، کاک یەدوڵڵا شیرین سوخەن‌و کاک رەفعەت حوسێنی دەستبەجێ شەهید دەبن.

****

منیرەی هاوسەری شەهید ساماڵ دەڵێ: شەهید بوونی ساماڵ غەمێکی قورسی لە سەر رووحم بەجێ هێشتوە بە تایبەت لەبەر ئەوەی زۆر نامرۆڤانەو لە شوێنێک شەهید بوون کە هەرگیز چاوەڕوانی نەدەکرا مەترسییەک بۆ ئەوان لە گۆڕێ دابێ! لە منیرەم پرسی چۆن لەگەڵ ئەو غەمە قورسە راهاتی؟ گوتی: ئەوە سروشتی ژیانە غەم هەرچەند قورسیش بێ بە تێپەڕینی کات کەم دەبێتەوە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە ساماڵ لە بیر بەرمەوە، هەرگیز خۆشەویستی ئەوم لە بیر ناچێتەوە.

منیرە رەسووڵزادە هەر ٦ ساڵ دەبوو لەگەڵ کاک ساماڵی پێشمەرگە ژیانی هاوبەشی پێک هێنا بوو. بەرهەمی ژیانی هاوبەشیان دوو کوڕن بە ناوەکانی "سارۆ"و "سۆران"، ئەوکاتە کە بابیان شەهید بوو، سارۆ تەمەنی ٥ ساڵان بووو سۆرانیش تەمەنی ٦ مانگ بوو.

قەت ئەو رۆژەم لە یاد ناچێ ئێوارەیەکی ساردی پاییز بوو باران نم نم دەباری منیرەش بە سارۆو سۆرانەوە هاتبووە سەر تەرمی هاوسەرە شەهیدەکەی‌و وەک رێژنە بارانە فرمێسکی هەڵدەوەراند. سارۆی تەمەن ٥ساڵیش بەلای باوکە شەهیدەکەیەوە دەگریاو خێرا خێرا روومەتە ساردو سڕەکانی باوکی ماچ دەکرد و دەی گوت:" ئەی بابە گیان! بۆ شەهیدیان کردی"! هەموو ئەو خەڵکەی لە دەورووبەریان بوون بۆ سارۆ دەگریان و تفو نەعلەتیان بۆ ئەوانە دەنارد کە ئەم کارەساتەیان خوڵقاند بوو.

با بزانین خاتوو منیرە لەسەر کاریگەری ئەم رووداوە تاڵە لە سەر روحی سارۆو سۆران چیمان بۆ باس دەکا: " ئەم رووداوە لەسەر سارۆ کاریگەریی خراپی هەبوو، ئەو وەک منداڵانی هاوتەمەنی خۆی شادو سەری حاڵ نەبوو چونکە منداڵ لەو تەمەنەدا زۆر پێویستی بە سەرنج دانی دایکو باب هەیە. بەڵام کوتوپڕ ئەم کارەساتەی بەسەر هاتو بە تایبەتیش تەرمی باوکی بە برینداری دیت. بۆیە لە رووحی کاری کرد. سۆرانیش زۆر چووکە بوو، ئەو ئەو

تێگیشتنەی نەبوو، هەر نەیدەزانی باوک کێیە تا کەمێک گەورە بوو ٣ ـ ٤ ساڵانە بوو زۆرجار دەی گوت بۆمن بابم نیە، ئەی بۆ ئارمان بابی هەیە؟ ( ئارمان منداڵێکی هاوتەمەنی سۆرانە ). پێم دەگوت بابت شەهید بووە. پرسیاری زۆر لێ دەکردم. شەهید چیە؟ بۆ شەهید بووە؟ زۆر پرسیاری وای دەکرد نەمدەزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە کە ئەو تێ بگا. بەهەر حاڵ زۆر تاڵ بوو بۆ منو ئەو دوو منداڵە.

هەر کەسێک کەمێک بیر بکاتەوە و تێگەیشتنی لە کۆمەڵگەی کوردستان هەبێ ئازارو غەمی ژنێک کە هاوسەری نەمابێ و بەتایبەت منداڵیشی هەبێ دەزانێ چەندەیە، بەڵام حەز دەکەین لە زمانی منیرەوە ببیسین و باسی ئەو ئازارانەمان بۆ بکا کە لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا هاتۆتە سەر رێی.

منیرە لەم بارەیەوە گوتی: ئازار و غەمەکانم هێندە زۆرن نازانم باسی کامیانت بۆ بکەم. گیرو گرفتم زۆر بۆ هاتۆتە پێش، بەخێوکردنی دوو منداڵ لە هەلومەرجێکی ناخۆش دا زۆر سەختە، هەرچەند توانیومە بەسەر هێندێکیان دا زاڵ بم. لەگەڵ ئەوەش دا نەم توانیوە بە پێی پێویست وەڵامدەری پێداویستی و داواکاری یەکانی ئەو دوو منداڵە بم، سەرەڕای هەموو ئەوانەش بۆشاییەکی گەورە کە لە ژیانی ئەوان دایە، ئەویش نەبوونی باوکیانە، هەر چەند ئەو بۆشاییە قەت پڕ نابێتەوە،بەڵام بە سەبروتەحەممول توانیومە کەم تا کورتێک ئەو بۆشاییەیان بۆ پڕ بکەمەوە، ئەمانە کەم کەس دەرکی دەکا مەگەر هاوچارەنووسەکانی خۆم بزانن. لە وەڵامی پرسیارێک دا گوتم ئەگەر بت زانیایە رۆژێک لە رۆژان هاوسەرەکەت شەهید دەبێو تووشی ئەم چارەنووسە دەبێ، هەر شووت پێ دەکرد؟ منیرە دەڵێ: بەڵێ چونکە خۆشم دەویست. هۆکارێکی کە خۆشم دەویست بەشێکی ئەوە بوو کە پێشمەرگە بووە، پێشمەرگە جێگەی شانازی خەڵکە. شەهید بوونەکەشیان لە رێی بەختەوەری نیشتمانو نەتەوەکەیانە، بۆیە شەهید بوونیشیان جێگەی شانازیە. من پێش ئەوەی شوو بە ساماڵ بکەم براکەم کە بۆ خۆی پێشمەرگە بوو ئەوانەی هەموو پێگوتم. منیرە دەڵێ دەرسێک کە لەو ژیانە هاوبەشە واتە ژیان لەگەڵ پێشمەرگەیەک وەرم گرتووە، سەبرو تەحەمولو لێبوردەییە.ساماڵ زۆر جار دەی گوت " ساحەبی سەبران گوڵان دەچێنێ."

ساحەبی سەبران گوڵان دەچێنێ یانی چی؟ منیرە: ئەوە دێرێک بوو لە کۆتایی هەموو نامەکانیدا کە بۆ منی دەنارد پێش ئەوەی شووی پێ بکەم. پێم وابێ هەر مەبەستی ئەوە بوو سەبرو تەحەمولم هەبێ.

کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی سوننەتیو پیاوسالارو دواکەوتووەو زۆرجار بیستوومانە ئەو ژنانەی کە هاوسەریان نەماوەو گەنجیشن هەمیشە بەقسەی خەڵکانێکەوە دەناڵێننو ئازار دەچێژن، لە منیرەم پرسی تۆ لەمبارەیەوە چی دەڵێی؟

ناوبراو گوتی: راستە کۆمەڵگەیەکی داخراوە (بۆ ژنو  بۆ پیاو) دیارە بۆ ژنان زۆر زیاتر. پیاوان زۆر شتیان لێ عەیب نیە بەڵام بۆ ژن زۆر کاری لێ بە عەیب دەگرن وەک چوونەدەر، بەخۆ ڕاگەیشتن، سەردانی ئەملاو ئەلا، دۆستو رەفیق سەردانت بکەنو.. هەموو ئەوانە دەتوانن سەرچاوەی قسەو باس بن بۆ خەڵکانێکی نارۆشنبیر. بەڵێ لەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ژن بە مرۆڤێکی پلە دوو سەیر دەکرێ، لە هەموو بوارەکان دا پیاو بالادەستە، زۆربەی ژنانیش بەم جۆرە بیر دەکەنەوەو ئەم روانین هەڵەیەیان قبووڵە.

لە م بارەیەوە منیرە خان گوتی: ئەمە هۆی دواکەوتوویی ئەو کۆمەڵگەیە. من وەک خۆم، خۆم بە کەمتر لە پیاو نازانم بەڕاستی چ فکرێکی دواکەوتووانەیە کە ژن بە بوونەوەرێکی کەم تواناو کەم عەقڵ چاو لێ دەکا؟

منیرە رەسووڵزادە لە دوای شەهید بوونی هاوسەرەکەی لە UNHCR ناو نووسی کردووەو بڕوا بۆ دەرەوەی وڵات، بەڵام تا ئێستاش ١٠ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە هەر لە کوردستانو لەناو حیزبی دێموکراتی کوردستان دا ماوەتەوە. سەرەتا لێمان پرسی مەبەستت لە چوونە دەرەوە چیەو بۆ ئێستاش هەر لێرە ماویەتەوە؟

منیرە گوتی: من لەبەر خاتری منداڵەکانم حەزم دەکرد بڕۆم بۆ دەرەوە بۆ ئەوەی داهاتوویەکی باشیان هەبێ، ژیان لێرە سەختە بە تایبەتی بۆ کەسێکی وەک من. حەزم دەکرد منداڵەکانم  ئەگەر باوکیان لە دەست داوە ئەمنییەتو ئارامیو ئیمکاناتیان هەبێ. بەڵام تا ئێستاش هەر ماومەتەوەو خۆمو منداڵەکانم هەر لە چاوەڕوانی دا دەژین. ئەمن لە ساڵی ١٩٩٨ەوە قەبووڵی ژێنێڤم هەیە. زۆریشم هەوڵ داوە بەڵام هەوڵەکانم تا ئێستاش بە هیچ نەگەیشتوون، نەشم ویستوە بە هەموو نرخێک بڕۆم بۆ ئورووپا.

وێرای سپاسی خاتوو منیرە رەسووڵ زادە بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکانو هیوای سەربەرزیو بەختەوەری بۆ خۆیو بۆ سارۆو سۆران دەخوازین.

# مافی ئینسانیی منداڵانی کچ

وەرگێڕانی: کوێستان فتووحی

خانمی ئیلاهەی ئەمانی، لێکۆڵەرو تێکۆشەری مافەکانی ژنـان، بـە نوێنەرایـەتی لەلایـەن "تـۆڕی کولتـووریی نێـوان ژنـان (women Intercultural Network) "لە کۆبوونەوەی بارودۆخی ژنـانی ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان و لـە مێزگردێـک دا کـە لـەبارەی بـەردباران و هـەروەها مێزگـردی "دامەزراوەی ئاشتی و دادپـەروەری Justice) " (Instiute For Peace& لەبارەی هەلومەرجی ژنان و کچان لە ئەفغانسـتان و ئێـران و بەربـەرەکانیی مێژوویـی ئەوان دا پێک هات، قسەی کرد. هەروەها ئیلاهەی ئەمانی لە کۆبوونەوەیەکدا کە لەلایەن "تۆڕی کـەلتووری نێـوان ژنان" بەڕێوە چوو، لەسەر خەباتی ژنانی ئێران و کەمپـەینی یـەک میلیـۆن ئیمـزا قسـەی کـردو سـەرنجی کۆمەڵگـەی جیهانیی بۆ هەوڵ و تێکۆشانی ژنانی ئێران بۆ وەدەستهێنانی مافی ئینسانیی خۆیان، ڕاکێشا.

کۆمیسیۆنی بارودۆخی ژنانی ڕێکخراوی نەتەوەکان لە ساڵی ١٩٤٦دا پێک هـاتوەو هـەموو ساڵێک کۆبوونەوەیـەکی پێک هێناوە بۆ ئەوەی بابـەت و مەسـەلەکانی پێوەندیـدار بـە ژنـان بێنێتـە بـەر بـاس و ڕێنوێنییـەکانی شـوورا بـە ئەندامەکانی ڕێکخراوی نەتەوەکان ڕابگەیەنێ.
ئامانجێکی دیکەی ئەو کۆمیسیۆنە وەدیهێنانی یەکسانیی مافەکانی ژن و پیاوو، منداڵی کچ و منداڵی کوڕە.

لـە ٢٦ی فێوریـەی ٢٠٠٧دا زیـاتر لـە ٤٠٠٠ کـەس لـە پەنجاویەکـەمین کۆبوونـەوەی بـارودۆخی ژنـانی ڕێکخـراوی نەتەوەکان لە بنکەی ئەو ڕێکخراوە لە نیویۆرک بەشدارییان کرد تـا یەکێک لە گـەورەترین کێشـەو گیروگرفتـەکانی سەر ڕێی هێنانەدیی مافە مرۆیی‌یەکانی ژنانی لاوو منداڵانی کچ کە بریتی‌یە لـە جیـاوازیی جۆراوجـۆرو تونـدوتیژی لە دژی کچان و ژنانی لاو بێننە بەرباس.

ئەو کۆبوونەوەیە لەنێوان ٢٦ی فێوریە تـا ٩ی مارس بـەڕێوە چووو ئەگـەرچی زیـاتر لـە سـەدان کارگـەی فێرکـردن، وتـار پێشـکێش کـردن و میزگـرد لـە مـاوەی ئـەو دوو حەوتوویـەدا بـەڕێوەچوون، بـەڵام بابـەتی سـەرەکیی ئـەو کۆبوونەوەیە "نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاوازی و توندوتیژی‌یەک دژی منداڵانی کچ" بوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەرانی وڵاتانی جۆراوجۆر هەر کامەیان پێشکەوتنەکانی خۆیان لە بواری سڕینەوەی جیاوازییەکان و کێشە شوناسییەکان کە لە سەررێی هاتنەدیی مافی ئینسانیی منداڵان، بەتایبەتی کچان کۆسپن، هاتنە بەرباس و هەوڵ درا ستاندارده نێونەتەوەیی یەکان جێگیر ببن تا یەکسانیی جنسیەتی بێتەدی و هەلومەرجی پێشکەوتنی کچان لە دنیای ئەمڕۆدا پێک بێ.

لەو کۆبوونەوەیەدا مەسەلەیەک بەتایبەتی جێگەی سەرنج بوو، ئەویش ئامادە بوونی زیاتر لە ٢٠٠ کچی لاو بوو کە بە بوونی خۆیان لە کۆبوونەوەکان داو بە پرۆژە فیکری و بیروبۆچوونەکانی خۆیان لەبارەی ئەو جیهانەی لە حاڵی درووست بوون و لە چاوەڕوانیی داهاتووی ئەو لاوانە دایە، حاڵ و هەوایەکی تایبەتییان دابوو بە کۆبوونەوەکان .

ڕۆژی ٨ی مارسیش مێزگردێک بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنان پێک هاتو لەوێدا ئەو ستراتیژو تاکتیکانەی سەرکەوتوو بوونو بەرهەمیان هەبووە هاتنە بەرباس بۆ ئەوەی نوێنەرەکان بتوانن لەوانەوە فێربن تا لە ئاستی ناوچەیی‌و نەتەوەیی وڵاتانی خۆیان دا سەرنجی بدەنێ.

## هەلومەرجی منداڵانی کچ، لە دنیای ئەمڕۆدا

لە هەموو جیهان دا زۆربەی منداڵانی کچ لە فێرکردنی سەرەتایی بێبەش بوون و ئیمکاناتی لەشساغیی پێویستیان بۆ دابین نەکراوەو دەکەونە بەر ئازارو ئەزیەتی جنسی و جیسمی یەوە. کچان زیاتر لە کوڕانی هاوتەمەنی خۆیان دەکەونە ژێرباری چەوسانەوەی ئابووری‌و ئازاری جینسی و، بەنیسبەت کوڕان ڕێژەیەکی زۆر لە کچان، هیچکات ناگەنە تەمەنی گەورەساڵی. هۆکارەکانی زۆریی مردنی کچان بەنیسبەت کوڕان لە جیهان دا، جۆراوجۆرن بەڵام بێگومان بەدخۆراکی، چەوسانەوەی ئابووری، سەرنج نەدان بە خواست و ئارەزووەکانیان، بە زۆر بەشوودان، نەبوونی ئیمکاناتی لەشساغی و بەزۆر داسەپاندنی دابونەریت و سوننەتی زیانبار وەک خەتەنە کردنی کچان، ئێیدز، دووگیانبوونی خێراو بەردەوام لە تەمەنی تازە لاوی‌دا، نەبوونی پاک وخاوێنی لە کاتی منداڵبوون داو، لەباربردنی منداڵ لە شوێنە ناخاوێنەکان، لەو هۆکارانەن کە زۆرترین مردن و لەناوچوونی کچانی بەدواوەیە. بێجگە لەو هۆکارانەی سەرەوە، باری قورسی هەژاری، گیرگرفتی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کۆمەڵگەی پیاوسالاری دا لەسەر شانی ژنانەو منداڵانی کچ بە توندی دەکاتە ئامانجی خۆی، زیان و زەرەرەکانی شەڕ کە بەردەوام

کاریگەریی نیگەتیڤی لەسەر ڕێزو حورمەتی مافی ئینسانیی ژنان داناوەو ڕەهەندەکانی توندوتیژیی دژی ژنانی پەرەپێداوە، ڕێگە خۆشکەری ئەو پرسەیە کە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە ساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستو یەکەم دا، منداڵانی کچ لەبیرکراوترین مرۆڤەکانی کۆمەڵگەی نایەکسانن و زەبرێکی زۆریان وێ دەکەوێ .

لەو کۆبوونەوەیەدا ڕێکخراوی نەتەوەکان پێداگرییەکی تایبەتی لەسەر ئەو ئەرکە هەبوو کە تەواوی ئەو دامودەزگایانەی بە جۆرێک کاریگەرییان لەسەر ژیانی کچان هەیە، دەبێ بە هاوکاریی یەکتر هەوڵ بدەن بۆ سڕینەوەی پێشێل کارییەکانی مافی منداڵانی کچ و، لە هەموو لایەکەوە هەوڵ بدرێ لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا دەبێ تەواوی ئیمکاناتی کۆمەڵگە لە بەشی تایبەتی، گشتیی، دامودەزگا فێرکاری یەکان، حکوومەت، ڕێکخراوە ناحکومەییەکان، بنەماڵەو دامەزراوەکانی دیکە بەسیج بکرێن بۆ سڕینەوەی جیاوازی لەدژی منداڵانی کچ. یەکێک لە ستراتیژە سەرکەوتووەکان لەو بوارەدا، بردنەسەری ئاستی ئاگایی گشتی کۆمەڵگە لە بواری مافی ئینسانیی منداڵان بەتایبەت منداڵانی کچ دایەو فێرکردن و بارهێنان یەکێک لەسەرەکیترین ئامرازەکانی سڕینەوەی نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکانە لە دژی کچانە .

لە ڕێکەوتی ٢٥ی فێوریەدا، کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و بەشداریی چالاکانەی یونیسێف (UNICEF) کە لە تالاریFarkas بەڕێوەچوو، بابەتی سەرەکیی ئەو کۆبوونەوەیە: "دەرخستنی کچان (Making girls visible) " بوو.(٢)

لەو کۆبوونەوەیەدا لەسەر ڕۆڵی حکوومەت وەک دامەزراوێک کە دەتوانێ سیاسەتی بەرگێرەوە یا هاندەرانە لە بواری توندوتیژی دژی منداڵانی کچ دابنێ پێی لەسەر داگیرا منداڵانی کچ، توندوتیژی لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی بنەماڵەو کۆمەڵ دا تاقی دەکەنەوە.

مەسەلەی زیان پێگەیشتنی منداڵانی کچ بەهۆی توندوتیژییە بنەماڵەییەکان کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، نەبوونی ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی کە هۆیەکی بەرگێڕەوەیە لە بواری دەستپێڕاگەیشتنی منداڵانی کچ بە سەرچاوە کۆمەڵایەتی، کاری و لەشساغییەکان و هەروەها زیانە ناوچەیی یەکان هاتنە بەرباس.

جگە لەمانە مەسەلەی قاچاغی منداڵان بەمەبەستی چەوساندنەوەی ئابووری بەتایبەتی منداڵانی کچ زیاتر بە

نییەتی چەوسانەوەی جینسی و کویلەیی هاتە بەرباس. ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان داوای لە دەوڵەتەکان کرد لە ڕێگای دانانی یاساو بەڕێوەبردنی یاساکە کۆتایی بە مەسەلەی قاچاغی منداڵان بەتایبەتی منداڵانی کچ بێنن.

هەروەها شوێنەواری ئەو زەبرانەی لە ناوچە شەڕ لێدراوەکان وەمنداڵان کەوتوون، بۆ وێنە ئەو کچانەی بەبێ داواو ئیرادەی خۆیان ڕفێندراون و خراونەتە بەر دەستی نیزامی یەکان، هەژاری و بە تایبەتی ئەو منداڵە کچانەی کە لە پەراوێزی کۆمەڵگەدان، دەبێ زیاتر بخرێنە بەر سەرنج و پشتیوانیی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

لەو کۆبوونەوەیەدا هەروەها مەسەلەی دامەزراندنی بنیاتێکی تازە کە بە شێوەیەکی روون کارەکەی لەسەر مەسەلەی ژنان و کچان بێ و لەگەڵ سێ ڕێکخراوی: سندووقی پەرەپێدانی ریچکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان (UNIFEM)، ڕێکخراوی باشترکردنی ژینگەو پەرەپێدان بۆ ژنان (WEDO) و DAW لە پێوەندی یەکی نزیکتر دابن، هاتە بەرباس.

JuneZeitlin لە ڕێکخراوی باشتربوونی ژینگەو پەرەپێدان بۆ ژنان (WEDO) لە وتووێژێک لەبەرەبەری ئەو کۆبوونەوەیەدا بە "Presservice Newe Agency" ی گوت: ئێمە هیوادارین کاتێک ژنان بە بۆنەی کۆبوونەوەی بارودۆخی ژنان لە سەرانسەری دنیاوە دێن لە نیویورک کۆدەبنەوە دەرفەتی ئەوەمان هەبێ بۆ ئەوەی سەرۆکی یەکەمی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نزیکەوەو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەم پێویستییە هەست پێ بکاو ئەو دامەزراوە پێشنیاری‌یەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نەک هەر دەبێتە هۆی باشتر بوونی ژیانی ژنان و منداڵان، بەڵکوو بۆ هێنانەدیی ئامانجی پەرەپێدانی ئەو هەزارەیەو باشتربوونی ژیانی هەمووان پێویستی‌یەکی گرنگە."

## مافی مرۆڤی منداڵان

مافی مرۆڤ پێویستی یەکی جیهانی یە هەموو مرۆڤەکان لەنێو ئەواندا منداڵان و لاوان خاوەنی مافی مەدەنی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگیین.

منداڵان و لاوان هەروەها بەهۆی کەمیی تەمەنیانەوە دەبێ لە مافێکی تایبەت کەڵک وەربگرن بۆیە دەبێ وەڵامی داوا تایبەتییەکانیان بدرێتەوەو پێویستیان بە یارمەتی تایبەتییش هەیە.

منداڵانی کچ بەشێوەیەکی تایبەتی زیاتر لە هاوتەمەنە کوڕەکانیان مافە ئینسانی یەکانیان پێشێل دەکرێ و مافی مرۆڤی منداڵان و لاوان لە کۆنوانسیۆنی مافی منداڵاندا کە یەکێکە لە پەیماننامە نێونەتەوەیی یەکان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا هاتووە ١٩٦ وڵاتی دنیاش ئەو پەیماننامەیان ئیمزا کردوە. هەروەها مافی منداڵان لە زۆربەی پەیماننامەکانی دیکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەکوو کونوانسیۆنی سڕینەوەی هەر چەشنە جیاوازی‌یەک دژی ژنان و بەڵگەنامەکانی دیکەی جیهانی‌دا گونجێندراوە.

## مافی منداڵانی کچ ئەمانەی خوارەوەش دەگرێتەوە

. مافە مرۆیی‌یەکانی منداڵان لەبواری ڕزگاربوون لە هەر جۆرە جیاوازی‌یەک کە لەسەر بناغەی جنسییەت، تەمەن، ڕەگەز، ڕەنگی پێست، زمان، ئایین، میللەت و یا هەر یەکێک بەستراوەییەکانی دایک و باوکی منداڵ بێ.

. مافە مرۆیی‌یەکانی منداڵان لەبواری دەستڕاگەیشتنی بەلانیکەمی ستانداردەکانی لەشساغی و دەستڕاگەیشتنی وەک یەکی هەموو منداڵان چ کچ چ کوڕ بە تەندروستی‌و ناوەندە لەشساغی یەکان.

. مافە مرۆیی‌یەکانی منداڵان لە بواری دەستڕاگەیشتنی یەکسان بە خواردن و خۆراک (ژمارەی ئەو کچانەی ئامانجی بەدخۆراکین لە ژمارەی کوڕان زۆر زیاترە.)

. مافە مرۆیی‌یەکانی منداڵان لە بواری ژیان و زیندوو بوون و سڕینەوەی هەر چەشنە ڕەوتێکدا کە پێوەندی بە هەڵبژاردنی ڕەگەزی کۆرپەلەوە هەبێ.

. مافە مرۆیی‌یەکانی منداڵان بەتایبەتی کچان لە بواری ڕزگار بوون لە هەر چەشنە ڕێوڕەسمێکی کولتووری، ڕێ‌و شوێن‌و نەریتی دژ بە ژنان دا، بۆ وێنە خەتەنەو بڕینەوەی ئەندامانی جەستەیان.

. مافە مرۆیی‌یەکانی منداڵان لە بواری دەستڕاگەیشتن بە خوێندنی خۆڕایی و زۆرەملێی سەرەتایی دا، هەروەها دەستڕاگەیشتنی وەکیەکی کچان و کوڕان بە خوێندنی ناوەندی‌و بەرزو، ڕزگار بوون لە هەر جۆرە هەڵاواردنێک لە تەواوی ئاستەکانی فێربوون دا.

. مافە مرۆیی‌یەکان بەتایبەتی منداڵانی کچ لە باری دەستڕاگەیشتن بە زانیاری لە بواری لەشساغی، جنسییەت، دوو گیانی و سکوزا.

. مافە مرۆیی یەکان بەتایبەتی منداڵانی کچ لە بواری ڕزگار بوون لە هەموو ئەزیەت‌و ئازارێکی جەستەیی و دەروونی.

ـ مافە مرۆییەکانی منداڵان بە تایبەتی منداڵانی کچ لە بواری رزگاربوون لە هەرچەشنە چەوسانەوەیەکی ئابووری، جینسی، کڕین و فرۆشتن و لەشفرۆشی دا.

ـ مافە مرۆیی یەکانی منداڵان بە تایبەتی منداڵانی چ لە بواری رزگاربوون لە زەماوەندی زۆرەملی و پێشوەخت.

ـ مافە مرۆیی یەکانی منداڵان بە تایبەتی منداڵانی کچ لە بواری ئازادبوون لە دەربڕینی بیروڕا، بەشداری لەو بڕیارانەدا کە کاریگەریی لەسەر ژیانی ئەوان هەیە.

بە میلیۆنان منداڵی کچ، بێبەشی، نابەرابەری و هەژارییان ئەزموون کردوە چاوخشاندنێکی ئەژمێری بە ڕاپۆرتی "چون کچم ـ هەلومەرجی کچانی جیهان(Because Iama girl – The state of The world)"دا:

ـ ٦٢٠٠٠٠٠ منداڵی کچ لە فێرکردنی سەرەتایی بێبەشن.

ـ بەدخۆراکی منداڵان، بۆتە هۆی پێنەگەیشتوویی و ناتەواوی نزیک بە ٤٥٠٠٠٠٠٠٠ ژن.

ـ زۆرترین ڕادەی مردنی کچان لەنێوان تەمەنی ١٥ـ١٩ ساڵی و، بەهۆی لەباربردنی منداڵ لە شوێنە ناخاوێنەکان دایە.

ـ زیاتر لە ١٠٠/٠٠٠/٠٠٠ کچ تەنانەت لە تەمەنی کەمتر لە ١٢ ساڵی، لە ١٠ ساڵی داهاتوودا ناچار دەبن شوو بکەن، ئەم دیاردەیە سەرەڕای نایاسایی و قەدەغەبوونی شووکردنی منداڵانی کچ لەلایەن کونوانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەوەکانە.

ـ ١٠/٥٠٠/٠٠٠ منداڵ پێش ئەوەی بگەنە تەمەنی ٥ ساڵی گیان لەدەست دەدەن کە زۆرترینیان کچن.

ـ ژمارەی منداڵانی کچ کە تووشی بەدخۆراکی دەبن زیاتر لە کوڕانن.

ـ زیاتر لە ١٤٠ میلیۆن ژنو منداڵی کچ دیاردەی "ئەندام بڕی"(خەتەنە)یان ئەزموون کردوە.

ـ ٩٠ لە سەدی منداڵان کە خزمەتکاری ماڵانن، منداڵانی کچن .

ـ لە نێوان ٢٠ تا ٢٥ لەسەدی کچان لە جیهاندا توندتیژییان لەلایەن یەکێک لە نزیکانی خۆیانەوە ئەزموون کردوە.

لە سایتی "ایران امروز" وەرگیراوە.

# من لە ماڵی خۆمدا ملکەچ نیمو قەتیش ملکەچ نابم

هیچ ژنێک نیە لەم جیهانەی ئێمەدا سایەی شوومی پیاوسالاری تاقی نەکردبێتەوە، ئەگەر هێندێکمان پەلەقاژەیەکمان کردوەو لەبەرامبەر پێشێل کردنی مافەکانماندا لە نێو ئەو کولتوورە پڕ لە سووکایەتییەدا راوەستاوینو بە شێوەیەک لە شێوەکان ناڕەزایەتیمان دەربڕیوە، هێندێکیشمان سەرمان داخستوە و لەگەڵی راهاتووین و زۆر بەجوانیش وانەکانی ئەو کولتووره بە کچو کوڕەکانیشمان دەڵێینەوە. ئەوانەی رێساکانی پیاوسالاری بە جوانی بەڕێوە دەبەن، لە ژنە باشەکانی کۆمەڵگەن ـ باش بە پێوەری پیاوان ـ ، ئەوانەی ویستوویانە ئێعترازێک بکەن، کەوتوونەتەبەر جۆرەها هێرش و قسەوباسی ناڕەوا .

ماوەیەک لەمەوبەر کەسێکی نەناسراو یان نەیویستبوو خۆی بناسێ، ئیمەیلێکی بۆ ناردبووم. ئەو بەڕێزە پاش سڵاو پرسیارێکی لێم کردبووو نووسیبووی  تۆ لە ناو ماڵەکەی خۆتدا هیچ دەسەڵاتت هەیەو تا چەند قسەت دەڕوا، وا ژنانت لەسەر پیاوان کردوونەتە هەمەکارە؟ ئەو بەڕێزە چەند شتێکی دیکەشی نووسیبوو کە ئەو داخوازی لە هەر کچێک دەکا کە زەماوەندی لەگەڵ بکا، کچەکە گۆیا ناوی منی بۆ دێنێو دەڵێ وا و وا... هەروەها نووسیبووی تۆ بوویەتە هۆی ئەوەی کە کوڕەکان بە مرادی خۆیان نەگەن!! لەکۆتاییشدا نووسیبووی تکایە وەڵامم بدەوە ئەگەر دەوێری !

ئەم پرسیارانە رەنگە بۆ خەڵکانیتریش بێنە پێش، بۆیە من لێرەدا وەڵامێک بۆ هەموو ئەو کەسانە دەدەمەوە کە ئەو جۆرە بۆچوونانەیان هەیە.

من هەر لە تەمەنێکی کەمەوە بەرامبەر بە هەر ستەمێکو ناڕەواییەک کە لە لایەن پیاوانەوە رووبەرووم بۆتەوە ـ بە پێی تێگەیشتن و توانای خۆم ـ بەربەرەکانیم کردوە، جا چەند سەرکەوتوو بووم یا نا،گرنگ نیە گرنگ ئەوەیە ئێستاشی لەگەڵ بێ  نەبوومە کۆیلەی هیچ پیاوێک. ئەم هەستی سەرکێشیە وای لێم کردبوو زۆرجار بەرهەڵسکاری باوک و برام بوومەتەوەو تەنانەت لەسەر ئەوە رەنگە لێشم درابێ، بەڵام لێدان نەک نەی ترساندووم زیاتریش ئەم هەستەی لەناخمدا بەهێز کردوە. دیارە ئەم هەستی سەرکێشیو بەربەرەکانییە راستییەکەی باش نازانم چۆن و لەکوێوە فێربووم، ئەوەندەی لەبیرم بێ لە قوتابخانەو لە مامۆستایەکی زۆر خۆشەویستم لە پۆلی چوارەو پێنجەمی

سەرەتایی بوو، مامۆستا حامید.... و هاوسەرەکەی بە ناوی حەمیدە خانم خەڵکی شاری سەقز بوون، یادیان بەخێر بێ. من سەرەتای وانەی یەکسانیخوازی لەو دووبەڕێزە فێربووم.

ئەو کاتە هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە کە ڕۆژێک لەڕۆژان ببمە خەباتکارێکی ڕێگای ئازادی و بەختەوەری نەتەوەکەمو هەروەها داکۆکیکارێکی مافەکانی ژنان. ئەو کاتە تەنیاوتەنیا بیرم لە چواردیوارەکەی ماڵی خۆمان و ئەندامانی بنەماڵەی خۆم دەکردەوە، هەر ناڕەواییەک کە بە هۆی کچ بوونمەوە ڕووبەڕووم دەبۆوە چۆن لەبەرابەریدا ڕاوەستم. ئەوەشم بەبێ ترس دەکرد. ئەو کاتە ئەوەشم نەدەزانی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەکەومە بەر هێرشی ناڕەوای هێندێک لە پیاوان و تەنانەت ژنانی کۆمەڵگەش. وردە وردە کە گەورەتر بووم چوارچێوەی بیرکردنەوەم بەربڵاوتر بووو تەنیا هەر گلافتەکانی خۆمم نەدەدی، بەڵکوو هی کچان و ژنانی دیکەشم دەدی کە چۆن بە دەست ئازارەکانیانەوە لە ناخی خۆیاندا دەسووتێن و دەسازێن. من کە ژێردەستەیی ژنان و زوڵم و ستەمی پیاوان لەسەر ژنانم بە زەقی لە کۆمەڵگەدا دەبینی، وەک لێدان و سووکایەتی و بەزۆربەشوودان و ژن بەسەرهێنان و دەرکردنی ژنان لەماڵەکانیان و، بێدەنگی ژنان لەبەرامبەر ئەو زوڵمانەدا، هەر ئەم شتانەش منیان هان دا زیاتر خەباتو تێکۆشان بکەم لە پێنان کەمکردنەوەی مەینەتییەکانی ژنان. بۆیە بڕیارم دا من بێدەنگ نەبم. هەر ئەو کاتەش بە پێی ئاگایی هەرچەند کەمیش، هانی کچانو ژنانم دەدا قبووڵی ئەم شتانە نەکەن. هەر ئەو کاتانە بوو بڕیارێکی ئازایانەم دا. ئەویش تێکەڵاوی خەباتکارانی ڕێگای ڕزگاری نەتەوەکەم بووم. دەمویست بە کۆمەڵگەی بسەلمێنم کە ئێمەی ژن بێتوانا نین، ئەوەی بە کوڕەکان دەکرێ ئەگەر بوار هەبێ، بە کچەکانیش دەکرێ. هەر لە پەنا ئەوەشدا خەبات دژی چەوسانەوەی ژنانم درێژە پێداو ئێستاش ئەم خەباتە بە کەمتر لەوەی دیکەی نازانم.

کۆمەڵگەی کوردەواری لە منی کچی دەویست بێدەنگ بم و ئەو سنوورەی کە بۆم دانراوە، نەیبەزێنم. بەڵام من بەزاندم. وەک ئەوەی هەرچی باوک و برا هەرچییەکیان گوت بەبێ ئەملاوئەولا قبووڵی بکەم. تا لە ماڵی باوک بم وەک کارەکەرێکی باوکو براو لە قسەشیان دەرنەچم، هەر ئەوانیش بڕیار لەسەر چارەنووسم بدەن و هاوسەرێک بەدڵی خۆیانم بۆ دیاری بکەن بەبێ هیچ ناڕەزایەتییەک، ببمە خزمەتکارێکی بێدەنگ بۆ هاوسەریش. ئەمن هەموو ئەوانەم ڕەت کردەوە. ڕاوەستان لە بەرامبەر دەسەڵاتی پیاو لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەرابەرە لەگەڵ لەدەستدانی نرخ و حورمەتی کۆمەڵایەتی بۆ ژن. نرخێک کە هەموو ژنێک ئامادە نیە بیدات. بۆیە کەوتمە بەر هێرش و قسەی ناڕەوای هەموو ئەو خەڵکانەی بێدەنگییان بە سیفەتێکی جوان و پیرۆز دەزانی بۆ ژنان. بۆیە ئێستاشی لەگەڵ بێ

پیاوانی کۆمەڵگەی ئێمە تەنانەت بە پیاوە بەناو رووناکبیرو پێشمەرگە خەباتکارەکانیشەوە ئەوانەی بە قەولی خۆیان خەبات دەکەن بۆ بەختەوەری کۆمەڵگەکەیان!! دژی هەڵوێستەکانی منو کەسانی وەک منن. ئەو هەڵوێستانەی کە بە کچان و ژنان دەڵێم بێدەنگ مەبن لەبەرامبەر زوڵم و ستەمی پیاواندا .

ئەگەر ئەو کاتە لە کوردستان لە ماڵ و گوندو شارەکەی خۆمدا تاک تاکێک لەو جۆرە کچانەی وەک من هەبوون، بە خۆشییەوە ئێستا لە هەموو ماڵێکو لە هەموو شاروگوندێگی ئەم کوردستانە بە هەزاران کچی خەباتکار هەن و ناترسن لە قسەو قسەڵۆکی پارێزەرانی بیری پیاوسالاری و پاشەکشەیان بە زۆر بیروبۆچوونی ئەوان کردوە. دەنگی ئەم کچو ژنانە ئەوندە بەرزە ترسی خستۆتە دڵی کولتووری پیاوسالارییەوە، هەر ئەمەشە وای کردوە کەسانێک بەناوی دەخالەت کردن لە ژیانی خسووسی بنەماڵەکان، ئەم خەباتە چەواشە دەکەن.

خەباتی ئێمە بۆ وەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرو بەرابەرە، بۆ نەهێشتنی چەوسانەوەیە، بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتە، بۆ ئەوەیە ژنو پیاو لە بنەماڵەو کۆمەڵ دا مافی وەک یەکیان هەبێ.

بەڵام بۆ ئەو بەرێزەی کە ویستبووی بزانێ من لە ماڵەکەی خۆمدا چۆنم و تا چەند قسەم دەڕوا، لانی کەم من لە ماڵەکەی خۆمدا وەک مرۆڤێک هەست بە بوون دەکەم، لە لایەن مێردیشەوە ناچەوسێمەوە، وەک دوو هاورێ پێکەوە بڕیار لەسەر شتەکانی پێوەندیدار بە بنەماڵەی خۆمانەوە دەدەین، منداڵەکانیشمان هەر لەسەر بناخەی یەکسانی پەروەردەدەکەین. بەڵام ئەمە هەموو شتێک نیە. چونکە بنەماڵەکەی من لە ناو ئەو کۆمەڵگەیەدا ژیان بەسەردەبەن و لە ناو کۆمەڵگەشدا ناعەداڵەتی و پێشێلکردنی مافی ژنان و منداڵانی کچ پێشێل دەکرێن. ئەگەر لە کۆمەڵگەدا ژنێک زوڵمی لێدەکرێ، ئەگەر دەگوژرێ، ئەگەر سووکایەتی پێدەکرێ، ئەگەر مافە ئینسانی و سیاسی و... پێشێل دەکرێ ئەوە پێوەندی بە هەمووومانەوە هەیە، تەنانەت بۆ تۆی پیاویشەوە. بۆیە ئەم خەباتە دەبێ بەردەوام بێ هەتا بە ئامانجەکانمان دەگەین.

# ڕۆڵی پیاوان لە خەباتی ژنان دا: بەشێک لە گیرو گرفتو بەشێک لە ڕێگە چارەی کە پرسێک کە تە

نووسینی: راشل جونز وەرگێڕان لە فارسییەوە: کوێستان فتوحی

ئاگایی، وشیاریی و بە ڕەسمی ناسینی یەکسانیی ڕەگەزی و مافەکانی ژن، لە ئاستی نێونەتەوەیی دا دەنگی داوەتەوە... .

ئامانجی بەرنامەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەم هەزارەیەدا، بۆتە هۆی بەهێزبوون و خێرا بوونی ئەو تێگەیشتنە کە بەرابەریی ڕەگەزی کلیلی پێشکەوتنی کۆمەڵە. بەو حاڵەشەوە پرسێک کە لە پەراوێزی ئەم باسەدا هاتۆتە گۆڕێ بریتییە باسی پێویستی و گرنگیی بەشداریی پیاوان و هاندانیان بۆ هاوڕێیەتی لە خەبات بۆ یەکسانیی ڕەگەزی دا.

ئەمڕۆ ئاڵوگۆڕی واتایی و خوێندنەوەکان لە گوتاری پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی دا سەری هەڵداوە یانی چەمکی "ژنان لە پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی"دا (women in Dewelopment) گۆڕاوە بۆ چەمکی "جینسیەت و پەرەپێدانی کۆمەلایەتی (Development and Gender). ئەو ئاڵوگۆڕە ڕەنگدانەوەی ئەم بابەتەیە کە لە حاڵێکدا پێویستیی زۆر بە بەرنامەو پرۆژە کۆجێیە "متمرکر"ەکانی تایبەت بە "بەتوانا کردنی (empowerment) ژنان هەیە، پێوەندیی نێوان ڕەگەزەکانی نێرو مێ، پێوەندییەکانی نێوان ژنان و پیاوان، لە پرسە گرنگ و سەرەکی یەکانی ئاشکرا کردنو ناسینی نایەکسانییەکانە. ئەو نایەکسانی و جیاوازیدانانەی کە دەبنە هۆی ژێردەستی و کۆیلەیی ژنان.
بەو حاڵەش کار لەگەڵ پیاوان بۆ تێوەردانیان لە کێشەکانی پێوەندیدار بە مافو بەتواناکردنی ژنان، دەبێتە هۆی گومانو نیگەرانی لە نێو کۆڕو کۆمەڵی فیمینیستی دا. لێرەدا باسێکی جێگرتوو هەیە کە چۆنو تا کوێ پیاوان دەتوانن بەشداری لە هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی ژنانو یەکسانیی ڕەگەزی دا بکەن.

لە راستی دا هێندێک لەو پرسیارانەی دەکرێن ئێمە دەبەنەوە قووڵایی گریمانەکان، تێگەیشتنەکان، سیاسەتو، ئیدئۆلۆژی یەکانی ئێمە لە بارەی مەسەلەی یەکسانیی رەگەزیەوە. یەکسانیی رەگەزی شتێکی سەقامگیر نیە، بەڵکوو پوختەو کورت کراوەی پرۆسەیەکی دوورو درێژی گۆڕان لە پێوەندیی رەگەزی دایە. گۆڕانێک کە پێک هاتوە لە یەکسان کردن، دادپەروەرانە کردن و دیموکراتیک کردنی ئەو پێوەندییانەو کەم کردنەوەی زوڵم و رەفتاری باوکسالارانەی ئەوان. ئەوە پێوەندیی بە پرسی گۆڕانی پیاوانەوە هەیە.

## بەڵام چۆن دەتوانین بەوە بگەین؟

رێکخراوی بریتانیایی ئوکسفام بەم جۆرە بەڵگە دێنێتەوە کە هێندێک گومان لە بارەی کار لەگەڵ پیاوانەوە هەن. هاوکاریی لەگەڵ پیاوان دەکرێ دوورکەوتنەوە لە کاری سەرەکی کە رزگاریی ژنانە، سەیر بکرێ یان وەکوو هەوڵێک بێ لە لایەن پیاوانە بۆ وەک یەک لێ کردن و هاوڕەنگ کردنی ئەو کارانەی کە ئێستا لە حاڵی جێبەجێ کردن دان بۆ مەبەستی خۆیان. ئەوە دەتوانێ ببێتە هۆی بە فیڕۆدانی ئیمکاناتێک کە بۆ بەتواناکردنی ژنان هەن. ئەم بابەتە دەبێتە هۆی هێندێک نیگەرانی، چونکە ئاستی یارمەتییەکان دێنەخوار.

هەروەها لە راپۆرتێک دا کە تازە بڵاوبۆتەوە رێکخراوی بریج (BRIDGE) دەی سەلمێنێ کە "هێندێک بەربەرەکانی لە لایەن هێندێک لە ژنانەوە بە دژی بەشداریی پیاوان لە کارکردن بۆ بەرابەریی جینسییەتی و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی لە گۆڕێ دا هەن. هۆی ئەو بەربەرەکانییانە، ترسە لە کەمڕەنگ بوونەوەی دروشم و بەرنامە فیمینیستییەکان، هەروەها نیگەرانی لە بەلاڕێدا چوونی ئەو ئیمکاناتە کەمە کە بۆ پرسی بەتواناکردنی ژنان لەبەرچاو گیراوە یا نیگەرانی لە دەست بەسەراگیرانی ئەو ئیمکاناتەیە لە لایەن پیاوانەوە. سەرەڕای ئەو گومانانە، ژمارەیەکی رۆژ بە رۆژ زیاتر لە پارێزەرانی مافەکانی ژنان قبووڵیان کردوە کە بەشداریی پیاوان لە هەوڵدان لە پێناوی مافەکانی ژنان دا نەک هەر پەسندە بەڵکوو پێویستیشە. "پل هوک" چالاکو نووسەری فیمینیست دەنووسێ: "بەبێ بەشداریی پیاوان وەک هاوپەیمانی ئێمە لەو خەباتەدا، بزووتنەوەی فیمینیستی بۆ پێشەوە ناچێ."

لە رێکخراوە نادەوڵەتییە نێونەتەوەیی‌یە ناسراوەکانەوە (NGO) بگرە تا ئەو رێکخراوانەی راستەوخۆ لەگەڵ ژنان لە پێوەندی دان، رەوتێکی بەهێزو روو لەگەشە هەیە کە بە پێی بۆچوونی ئەو رەوتە، تێوەگلاندنی پیاوان لە

وەرگرتنی بەرپرسایەتی لە خەبات دژی باوکسالاری دا، دەتوانێ یارمەتی بە بەرەوپێشچوونی دەسکەوتەکانی خەبات بۆ مافەکانی ژنان لە ئاستی جیهانیدا بدا.

بە داخەوە مەسەلەکە تەنیا ئەوە نیە کە ژنان رێگە بدەن تا پیاوان لەو خەباتو تێکۆشانانەی ئەوان دا بەشداری بکەن، بەڵکوو ژمارەی کەمی ئەو پیاوانەش کە ئامادەن بەشداری بکەن بۆخۆی پرسێکە. بەدبینیی ژنان زۆرتر بەرامبەر بەشداریی پیاوان راستەوخۆ ریشەی لەو راستی یەدا هەیە پێوەندیی باوکسالاری لە بەرژەوەندی زۆر لە پیاوان دایە، کەوایە بۆچی دەبێ ئەوان ئۆگری بە مەسەلەی رزگاریی ژنان نیشان بدەن؟ دژایەتی لەگەڵ بەشداریی پیاوان و هەوڵدانی ئەوان لە پێناوی ئامانجی بەرابەریی رەگەزی لە هەر دوو لاوە بەرێوە دەچێ، بۆیە بووە بە مەسەلەیەکی چەند رەهەندی و ئاڵۆز.

## کارکردن لەگەڵ یەک

لە کەش و هەوایەک دا کە بەربەرەکانییەک بە دژی بەشداریی پیاوان لەگۆڕێدا نیە، هاوکاری یەکان گەشە دەکەن. قبووڵی زیاترو زیاتری ئەو مەسەلەیە کە پیاوان نە تەنیا بەشێک لە گیروگرفت نین بەڵکوو بەشێک لە رێگە چارەن، دەبێتە هۆی داهێنانی نوێ بۆ هاوکاری لە خەبات دا. هێندێک لەو دەست پێشخەرییانە لە لایەن پیاوانەوە دروست دەبن، ئەوە لە حاڵێک دا ئەو رێکخراوانەی بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی کار دەکەن و چالاکی مافی ژنانن، زۆربەی پرۆژەکانی دیکە بەرەوپێش دەبەن.

ساڵانێک لەمەوپێش یانی ساڵی ١٩٩٣ پیاوان لە نیکاراگوا رێکخستنی کۆمەڵەیەکیان لە ئەستۆ بوو کە پێوەندیی بە توندوتیژی دژی ژنانی ئەو وڵاتەوە هەبوو. ئەو پیاوانەی لە رادەی زۆری توندوتیژی دژی ژنان لەو وڵاتەدا سەریان سووڕمابوو، هێندێک کاریان لە پێناوی دادپەروەریو مافی کۆمەڵایەتیی ژنان دا ئەنجام دا. ئامانجی ئەو کارانە دژکردەوە نیشان دان بە دژی شێوەی داسەپاوی ژیان بە سەر ئێمە پیاوان دا بوو کە ببووە پاڵنەرێک بۆ پەنابردنی ئێمە بۆ خواردنەوەی لەرادەبەدەری ئەلکول، توندیژی و تیکهەڵچوون و باڵادەستی بەسەر ژنان دا ".

ساڵی ١٩٩٩ ئەو دەستەیە ٣٦٠ پیاویان لە کارگەکانی فێرکردنی پیاواندا رێک خستبوو. یەکێکی دیکە لە کارەکانیان پێک هێنانی دوو کۆبوونەوەی نەتەوەیی بوو کە بەرهەمەکەی پێک هاتنی "ئەنجومەنی پیاوانی

نیکارگوا" بە دژی توندوتیژی لە ساڵی ٢٠٠٠ بوو. ئەم ئەنجومەنە ئێستاش خەریکی دانانی کارگە و خولەکانی فێربوون بۆ پیاوان، لاوان و گەورە ساڵانە. ئامانجی ئەو خولانە،

زۆر رێکخراوی جەماوەری هاوچەرخی وەک "ئەنجومەنی پیاوانی نیکاراگوا لە دژی توندوتیژی" هەن کە بە هۆی پەیوەست بوون بە کۆڕو کۆمەڵە ئاکادیمیەکانی لایەنگری فیمینیزم، هەڵگری ئەو پەیامەن کە: "پیاوان رۆڵێکی بنەرەتییان لە باشتر بوونی پێوەندیی نێوان دوو رەگەز دا هەیە". ئەوە زۆر کاریگەریی هەبووەو ئێستا رێکخراوە نێونەتەوەییە سەرەکییەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی، دەیسەلمێنن کە "بەشداریی پیاوان و کوڕانی لاو" فاکتۆرێکی سەرەکین بۆ راگەیاندن و بەرەوپێش بردنی برسی یەکسانیی رەگەزی. بۆ نموونە، راپۆرتی تازەی "دۆخی منداڵانی جیهان لە ساڵی ٢٠٠٧"دا کە لە لایەن رێکخراوی یونیسێفەوە بڵاوبوونەتەوە، حەوت خاڵی بنەڕەتیی بۆ رزگاریی ژنان ناو دەبا. دووانیان ئەوانەن: "ژنان، بەهێزکەری ژنان"و "بەشداریی پیاوانو کوڕانی لاو."

## هەڵسەنگاندن و خستەنەرووی پێناسەی تازە بۆ بەشداربووانی خولەکان لە بارەی پیاوەتی و توندوتیژییەوەیە.

بەم حاڵەش پرسێک کە جێگای سەرنجدانەو مایەی نیگەرانییە ئەوەیە کە ئایا رێکخراوە نێونەتەوەیی‌یە ناسراوەکانی وەک دامەزراوەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئامانجەکانی پێوەندیدار بە بەشداریی پیاوان لە کاروباری پێوەندیدار بە مافەکانی ژنان، پێشوەختو زۆر زووتر لە کاتی خۆی نەداوەتە بەر سەرنج؟ وەک زۆر لە سیاسەتە رەگەزییە زاڵەکان، خەریکبوون بەو پرسە ئاڵۆزە لە قالبێکی تێکنۆکراتیک و بێ تێگەیشتنو راڤەو لێکدانەوەی پێوەندییەکانی دەسەڵات و ئەو مەسەلەیە کە بەشداریی پیاوان لە خەباتدا، چ مانایەکی هەیە، دەتوانێ شتێکی نەگونجاو بێ. ئەوە کە ئەم نیگەرانی‌یە چ رادەیەک لە جێی خۆیان دان لە درێژایی زەمەن دا دەردەکەون.

## بەشداری و تێکەڵبوونی پیاوان لەگەڵ کێشەکە لە چ فۆرمێک دا دەبێ؟

رێکخراوی بریج بە تازەیی پێرستێکی لە لێکۆڵینەوەکانی پێوەندیدار بە ئیستراتیژیە جۆراوجۆرەکان لە پێوەندی لەگەڵ بەشداریی پیاوان و کوڕانی لاودا بڵاوکردۆتەوە. لێکۆڵینەوەکان و توێژینەوە نموونەیی یەکان لە پێرستەدا ئەم وڵات و حەشیمەتانە دەگرێتەوە:

وڵاتـانی باشـوورو ناوەنـدی ئاسیا، ئـەمریکای لاتـینو بیـاڤی دەریـای کارائیب، ئـەفریقا، ئـەو وڵاتـانـەی زۆربـەی خەڵکەکەیان موسوڵمانن، کۆمەڵە کۆچەرییەکان لە ئورووپاو هەروەها ڕێکخراوە گەورەکانی تایبەت بە پەرەپێدان وەک ئۆکسـفامو "بەرنامـەکانی ڕێکخـراوی نەتەوەیـەکگرتووەکان بـۆ پـەرە پێـدان (United Nations DeveloPment Program)". بەربڵاویو قووڵایی ئەو زانیارییانەی خراونەت بەردەست نیشان دەدەن کە پیـاوان لە هێنـدێک بـارەوە کاریگـەرییان هەیە لەسـەر چزخد ژنـانو، دەتـوانن وەکـوو هاوپـەیمانی ژنـان بجووڵێنـەوەو لـە ڕاستییش دا هەر وا بووە:

- پیاوان وەک شەریکی ژیانو هاوسەر، بە دژی توندوتیژیی ڕەگەزییە،
- بەهێزکردنی خۆڕاگریی پیاوان بە دژی توندوتیژیو تێکهەڵچوون،
- پـەروەردەکردنی بەشداریی بنیاتنـەری پیـاوان لـە هێنـدێک پرسـی پێوەندیـدار بـە سلامەتیی ڕەگـەزیو کاروبـاری پێوەندیدار بە بەرهەمهێنانی منداڵ و مافەکانی تایبەت بەم بوارە (وەک ئێیدز(HIV/AIDS
- هاندانی بەشداریی پۆزێتیڤی پیاوان وەکوو باوکو سەرپەرست،
- بڵاوکردنەوەی زیاتری کولتووری یەکسانیی ڕەگەزی لە نێو ڕێکخراوەکانی یارمەتیدەری پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی.

جۆری ستراتیژیەکان و میتۆدەکان جیاوازییان هەیە. وەک نموونە دەتوانین چەند لەوان ناوبەرین:
ئـەو گرووپـانـەی یارمـەتیی پیاوانێـک دەدەن توندوتیژی ئـەنجام دەدەن؛ هەسـتیاربوونی پـۆلیس بەرامبـەر بـەو کۆسپانەی کە ژنان لە توندوتیژی بنەماڵـەیی دا لەگـەڵیان بـەرەوروو دەبـن؛ فێرکـردن و وشـیارکردنەوەو ڕاهێنـانی پیاوان لە بارەی کێشە ڕەگەزییەکانەوە؛ کەڵکوەرگرتن لە شانۆو دراما بۆ پەرەپێدانی ئەو ڕۆڵـە پۆزێتیڤـەی کە پیاوان دەتوانن لە بواری پێشگیری لە نەخۆشیی ئێیدز دا هەیبێ.

ڕێکخراوەکانی خەڵکی خۆوڵاتیی ئوسترالیا ماوەیەکی زۆرە کە قۆڵیان لە کاری بەشدارکردنی پیـاوان و کوڕانی لاو لە کێشەکانی پێوەندیدار بـە بنەماڵـەو پێشگیریو بـەرگرتن لـە توندوتیژیی بنەماڵـەیی دا هەڵماڵیوە. بە هـۆی خۆبواردن لە بەکارهێنانی وشەکانی "توندوتیژیی نێو ماڵ" یـا "تونـدوتیژیی ڕەگـەزی، ژنـانی خـۆوڵاتیی ئوسـترالیا (Aboriginal and Torres strait isalander)، دەستەواژەی "تونـدوتیژیی بنەماڵـەیی" بـەکار دەهێـنن، بـۆ ئـەوەی بـەم زمانـە نوێیـە، هـەم پیـاوان و هـەم ژنـان لـە کۆمەڵگـەکانی خۆیـان دا، هـان بـدەن، کـە لـە کێشـەی توندوتیژی دا، بەرپرسایەتی بگرنە ئەستۆ. گۆڕانی زمان و وشەکان، دەبێتە هۆی ئەوە زۆر بەرنامەی تایبـەت بـە پەرەپێدان ڕاستەخۆ بۆ پیاوان تەرخان بکەنو ئەم بەرنامانە بە گوێرەی پێویستییەکانی ئەوان دابین بکەن. ئـەم

بەرنامانەی تایبەت بە پیاوانن، ئوردووە فێرکارییەکانی باوک ـ کوڕ، گرووپەکانی یارمەتیی بە پیاوانی تاوانبار، کارگە فێرکارییە دەرمانییەکان و ناوەندە فێرکارییەکانی تایبەت بە پێناسەی شوناس و هەروەها ناوەندە راوێژکارییە خۆجێییەکان دەگرێتەوە.

ئەگەر بمانەوێ خشتەی ئەزموونەکان و ئەو کارانەی لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی ژنان دا ئەنجام دراون، بکێشینەوە، بەشدارکردنو تێوەگلانی پیاوان لە کار لە پێناوی یەکسانیی رەگەزی دا، پۆزەتیڤ بووە. ئەو سالانەی لە پێشمانەوەن گرنگ و چارەنووسازن: هەم بۆ هەڵسانگادنی ئاکامەکان و هەم بۆ توێژینەوەی زیاتر لەبارەی کاریگەرییە پۆزەتیڤ و نیگاتیڤەکانی بەشدار کردنی پیاوان لە کاری هەوڵدان بۆ مافەکانی ژنان دا. "لە کۆمەڵگەیەک دا کە قانوون کۆدی وشک و نەگۆڕ بۆ رەفتارە کۆمەڵ پەسندەکانی ژنو پیاو دیاری کراون، هەم ژنانو هەم پیاوان بە دەست ئاکامەکانی ئەم جۆرە قانوون و کۆدانەوە دەناڵێنن.

---

## کوردستانی ئازاد دۆزەخێک بۆ ژنان

چەند ساڵ رزگارییە لە دەست حکوومەتی دڕندەی بەعس پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، دەڵێن بەرەو کۆمەڵگەی دیموکراسی و مۆدێرن هەنگاوی هەڵێناوەتەوە، دەڵێن ... دەڵێن...

رەنگە ئەوانە راست بن. بەڵام لە هەموو ئەوانەدا ژنان کەمترین بەشیان پێ براوە یان هەر هیچیان پێ نەبراوە . بۆ وێنە ئەگەر چاوێک لە وەزعییەتی ژنان لە کوردستانی ئازاد دا بکەین دەبینین نەک ئەمنیەت و ئارامی نیە بەڵکوو هەلومەرجێکی پڕ لە ترس و تۆقاندن و توندوتیژی هەیە بۆ ئەوان. ئەگەر لە زەمانی حکوومەتی بەعسدا جەلادەکان لە گیان و ماڵی خەڵک بەردەبوون و بە بەهانەی جۆراوجۆر خەڵکیان دەکوشت، دەگرتو بێحورمەتییان پێدەکردن کە لەوێشدا ژنان بێبەش نەبوون لەو جۆرە کردارو رەفتارانەی جەللادەکان، ئێستاش رۆژ نیە لە شارو گوندێکی ئەم کوردستانە بەهەشتە! جەللادەکانی بەناو شەرەفپارێز، ژنێک نەکەنە قوربانیی هەست و بیرەچەوتەکانیان و لاشەکەی لەم لاو لەولا فڕێ نەدەن. رۆژ نیە جەستەی ژنێک نەبێتە خۆراکی ئاگری بێئەمان و بە رۆح و جەستەی هەڵقرچاوەوە لە سەر تەختی نەخۆشخانە یا لە گۆشەی ماڵەکان دا . ئەو ماڵانەی کە لەوێوە

چیرۆکی کۆیلەیی و ڕۆژڕەشییەکانیان دەست پێدەکا. لە داهاتوویەکی لێڵ و ناروون دان یان هەر بە ئازارەکانیانەوە سەر دەنێنەوەو دۆخێکی ترسناک بۆ نەوەکانی دوای خۆشیان بەجێدێڵن.

هەر کەس کەمترین باوەڕی بە یەکسانی و مافی مرۆڤ و دیموکراسی هەبێ، هەست دەکا ئەمانە لە کوردستان جگە لە شوعارێکی رووت بوونێکیان نیە. لەبەر ئەوەی ژنان سەرەتایی‌ترین مافی ئینسانییان پێشێل دەکرێ. ئازادی هەر کۆمەڵگەیەکیش بە ئازادی ژنان دەپێورێ. ئەگەر لە کۆمەڵێکدا ژنان ئازاد نەبن، مافیان پێشێل بکرێ، بەشدارییان لە لە دەسەڵات دانەبێ، ئەو کۆمەڵە ئازاد نیە، ئەو کۆمەڵە مۆدێرن نیە، ئەو کۆمەڵە دیموکراسی تێدا نیە. ناکرێ باس لە ئازادیو دیموکراسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی وڵاتێک بکرێ بەڵام نیوەی خەڵکەکەی غەرقی بێمافی و توندوتیژی و چەوسانەوە بێ.

هەر چەندێک لە سەر بارودۆخی نالەباری ژنان لەم کوردستان بنووسرێ هەر کەمەو هەموو مرۆڤێکی بەویژدان ئەگەر لەخۆیان نەگۆڕن دەزانن ژنان لە چ هەلومەرجێکی سەختو دژوار دان. ئەوەتا مەسەلەی خۆسووتاندن لە ناو ژنان دا لە کوردستان بە رادەیەکە بۆتە کارەساتێکی ترسێنەر. هەرچەند تا ئێستاش ئامارێکی روون بە دەستەوە نیە، بەڵام چالاکوانانی مافەکانی ژنان دەڵێچن لە ماوەی ١٦ ساڵی رابردوودا ١٢ هەزارو پێنج سەد ژن بە هۆی جۆراوجۆر خۆاین کوشتوە یان بە تاوانی شەرەف و نامووس لە لایەن ئەندامانی بنەماڵەوە کوژراون. بە پێی ئامارێکی تازەی وەزارەتی مافی مرۆڤی کوردستان تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٥ دا ژمارەی ئەو ژنانەی خۆیان کوشتوە یان کوژراون، ٢٨٩ ژن بووە. لە ساڵی ٢٠٠٦ دا ئەو ژمارەیە گەیشتۆتە ٥٣٣ ژن. بەڕاستی ئەمە کارەسات نیە؟

چ کولتوورێکی شەرماوییە وادەکات ژنان پەنا بەرن بۆ خۆلەناوبردن؟ دەبێ ئەو ژیانە چەند تاڵو بە ئازار بێ وا بەم شێوە بەئازارە خۆیان لەناو بەرن؟ بەڵێ پرسیارەکە لێرەدایە لە ماوەی چەند ساڵ دەسەڵاتدارەتی کورد خۆیدا چ کراوە لە پێناو وشیارکردنەی ئەندامانی کۆمەڵ. لەو دەچێ زیاتر کار کرابێ بۆ دروست کردنی کولتوورێک کە ئێستا پاوانی خەباتکار خوێنی لە پێناو دەڕیژن. ئەم هەموو کوشت و کوشتارە لە پێناو کام شەرەف دایە؟ لە پێناو سەرفیرازی نەتەوەکەمانە دایە، یان لە پێناو شەرەف و غیرەتی پیاوەتی کورد دایە؟ بەداخەوە کوشتنی ژنان لە سەر مەسەلەی بەناو شەرەفپارێزی بەڕادەیک پەرەی سەندوە کە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبوردن ناڕەزایەتی دەربڕیو لە نامەیەکی سەرئاوەڵەی ٢٧ی ئاوریلی ٢٠٠٧دا داوای دژکرەوە نیشان دان بەرامبەر بە توندوتیژی دژی ژنان کرد گوتی کوشتنی بەناوی پارێزگاری لە نامووس لە عێراقدا رابگرن!

لووتکەی درندەیی لە  ساڵی ٢٠٠٧ دا گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. هەرگیز ٢٠ ساڵ لەمەوبەر بەم شێوەیە نەبووە. ئاخەر زۆر لە دەسەڵاتبەدەستان پاساوی ئەوە دەهێننەوە کە ئەوە کولتووری ڕێژیمی بەعسە بۆمان ماوەتەوە و کولتووریش وا بە ئاسانی ناگۆڕدرێ. ڕاستە گۆڕانی داب و نەریت و کولتوور هەروا ئاسان نیەو ئەوە پرۆسەیەو پرۆسەی گۆڕانی کولتوور کاتی زۆری دەوێ. بەڵام بەداخەوە ئەم کولتوورە نەخۆشەی ئێستا لە کوردستان دا زاڵەو هەموو بەها ئینسانییەکانی ژێر پێ خستوە قەت ٢٠ ساڵ لەمەوبەر بەم شێوەیە نەبووە. ئەوە ئەو ڕاستییە نیشان دەدا کە نەک کاری ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتی نەکراوە بەڵکوو زیاتر مەیدان دراوە بە کۆنەپەرستان نەک بە بیری تازەو پێشکەوتووانە.

زۆر لەمێژە مرۆڤدۆستانی لای خۆمان هاواریان بەرزکردۆتەوەو داوای چارەیەک دەکەن بۆ وەزعی نالەباری ژنان. بەڵام هیچ دامودەزگا و بەرپرس و دەسەڵاتبەدستێکی کوردستان، گوێی بۆ نەگرتوون. تا وای لێهات روخساری کۆمەڵگای کوردستانە بەهەشتەکە! لەبەر چاوی هەموو دنیا ناشیرین ببێ. ئەگەر دەگوترا کۆمەڵگای کوردستان بەرامبەر بە ژنان زۆر دڵرەقانەو دواکەوتووانەو کۆنەپەرستانە بیردەکاتەوە، بۆیە ژنان پەنا دەبەنە بەرخۆسووتاندن، ئەگەر دەگوترا کوردستان بۆ مرۆڤی ژن ئەمنییەت و ئارامی نیە، دەسەڵاتبەدەستان دەیان پاساویان بۆ ئەم شتانە دەهێنایەوە. "ئەمە کولتووری کۆمەڵگەیە، یان کولتووری ڕێژیمی گۆڕکراوی بەعسەوهتد..." دانیان بەوەدا نەدەنا کە ئەوە کولتووری پیاوە خەباتکارەکانی کوردستانە!خۆ ئەگەر کولتووری ڕێژیمی بەعسیش بێ، بۆ حکوومەتی کوردستان کارەساتە پاش ١٧ ساڵ رزگار بوونو نەمانی بەعس لە کوردستان، پیاوەکانمان هەر کاری پێ دەکەن.

لە کوردستان ئەگەر ژنێک بیهەوێ سەربەخۆ بیر بکاتەوە و هەوڵ بدا بۆ ئازادی خۆیو واقعێکی ئازادو سەربەست لەخۆی نیشان بدا، دەکەوێتە بەر جۆرەها تانەو تەشەرو هەڕەشەی کۆمەڵگە، تەنانەت ئەگەر ژنێکی زۆر ئازو نەترسیش بێ بەچۆکی دا دێنن. چونکە حکوومەتیش پشتیوانی لەوانە ناکات، بەناوی ئەوەی دەبێ ڕێز لە کولتوورو فەرهەنگی  خۆمان بگرین. قەتیش نالێن کام کولتوورو فەرهەنگ. ئاخەر فەرهەنگی لێدان لە ژن و زیندانی کردن و ژنکوژییش هەیە لە کوردستان؛ ئەوانە کولتوورێکی شەرماوییین بۆ کار ناکەن بۆ ئەوە ریسوای بکەن و بۆ هەمیشە لەگۆڕی بنێن و لە جێگای ئەوانە کولتوورێکی یەکسانیخوازی و مرۆڤدۆستی و دادپەروەرانە جێگیر بکەن؟

دیارە ئەوە ئەرکی هەموو مرۆڤێکی ڕۆشنبیرو بەرپرسە بۆ گۆڕانی نۆرم و بەها نامرۆڤانەکان، هەنگاو هەڵێننەوە،

بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەرکی دامودەزگاکانی دەسەڵاتە بەکردەوە هەنگاو بۆ ئاڵوگۆڕەکان هەڵێننەوەو لە ریشەوە دەست پێ بکەن

## نامەیەک بۆ دایکم

کەجێمان هێشتی نەمان دەزانی مەودای نێوانمان هێندە دوور دەبێتەوە کە بە ساڵەهای ساڵ چاومان بە یەکتری ناکەوێتەوە....

بە رۆیشتنمان غەمێکی قورسمان بۆ بەجێ هێشتی.... خۆ دەشمانزانی دوای رۆیشتنی ئێمە بە دەست قسەی هێندێک خەڵکەوە چ دەچێژی، بەڵام...

بەلای ئەو خەڵکانەوە گرنگ نەبوو ئەم رۆیشتنە بە چ مەبەستێک و بۆ چ ئامانجێک بوو. یان هەر ئەو تێگەیشتنەیان نەبوو تا بزانن. ئەم رۆیشتنە بە لای ئەوانەوە تاوانێک بوو دژی دابونەریت و کولتووری کۆمەڵگە. ئەوان دەترسان، لە یاغی بوونی کچ و خوشک و ژنی خۆیان، ئەوە زراوی بردبوون. ئەمەش بەلای ئەوانەوە تاوان بوو...

بۆیە دەرگای تانەو تەشەر، لۆمەو قسەی ناخۆش بە رووی تۆی "دایک"دا کرابۆوە کە بە جارێک دوو کچت یاخی ببوون و رێگای شاخیان گرتبوە بەر.

بەڵێ ئەم رۆیشتنە بۆ تۆ کارەسات بوو.

....

بۆیە تۆش ویستت پێش ئەوەی هەواڵی ئەم رۆیشتنە لە ناو خەڵک دا بڵاوبێتەوە و، خۆت گوتەنی بەم کارەساتە نەزانن، رێگای شاخت گرتە بەر. دوای بڕینی رێگایەکی زۆر، بە هیلاکی و شەکەتی خۆت گەیاندە لامان.

گوتبووت هەر نەبێ یەکێکیان دێنمەوە... نابێ نا، بۆ دووان... ئەی هاوار!

.....

چاوەکانت پڕبوون لە فرمێسکی پاڕانەوە... بۆخۆت باش دەتزانی ئەو بڕیارەی ئێمە دابوومان، مەحاڵە پەشیمان بوونەوەمان. گوتبووت بەختی خۆم تاقی دەکەمەوە. بەڵام ئەمجارەشاین بەخت لەگەڵت نەبوو!

لە ئێمە ناهومێد بووی، رووت لەمو لەو دەکردو دەتگوت: "تۆخوا هەر یەکێکیانم لەگەڵ بنێرنەوە".

ئەوانیش دڵخۆشییان دەدایەوە: "دایەگیان! سەبرت هەبێ، ئەم هەموو پێشمەرگەیەت دیوە؟ هەموو دایکیان هەیە."

بۆخۆت ئەمانەت دەزانی، بەڵام پێت وابوو ئەوان پیاونو فەرقیان هەیە لەگەڵ ئێمە....

دەزانم دڵنیا بووی‌و لە ئێمەت رادەدی کە وەک پیاوان تەنانەت لەوانیش باشتر ئەم رێگا سەختە ببڕین، ئاخەر ئێمە پەروەردەی دەستی خۆت بووین و فێرت کردبووین چۆن لە بەرامبەر سەختییەکاندا خۆڕاگر بین. بەڵام تۆ لە شتێکی دیکە دەترسای و شتێکی‌تر ئازاری دەدای.

قسەی خەڵک. ئای لەبەر قسەی ئەو خەڵکە!... خۆ ئەوندە لە فشارو ئازاری دوژمن نەدەترسای ئەوندە لە قسەی ئەم خەڵکەی خۆمان! دەترسای.

....

پاش پاڕانەوە و لاڵانەوەیەکی زۆر، بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوەو بە دڵێکی پڕ لە ئازارەوە بەرە و ماڵ گەڕایەوە.

ئاخ دایەگیان! ئەو فرمێسکانەت بۆ ئێمەش چەند بە ئازار بوون.

لە گەڕانەوەتدا لات دایەوە ئەو ماڵەی کوێرە دێ یەکەی کە پێش ئەوەی بێیە لامان، لەوێ لات دابوو تا ماندوویەتی رێگات لای ژنێکی مێهرەبان! دەربکەی. یەکەم قسە کە دڵی داخورپاندی قسەی ئەو ژنە نەناسیاوە بوو کە دڵسۆزی!! بۆ کردی: "ئەوە نەهاتنەوە لەگەڵت؟ ئەی رەببی بە کوشت چن." تۆش هیچت نەگوت تەنیا بە هەناسە هەڵکێشانێک وەڵامی دڵسۆزیی!! ئەو ژنەت دایەوە.

چ ناخۆش و تاڵ بوو کە پاشان بۆ رازی کردنی دڵی ئەو خەڵکانەو کەمکردنەوەی تانەو تەشەرەکانیان، یان بڵێم لە ترسی حاکمانی دڵڕەش، تەرکی ئێمەت کرد. لەگەڵ خواستی دڵ و بیرکردنەوەکانیشت بەربەرەکانیت دەکرد.. وات نیشان دەدا کە هەرگیز بیرمان لێناکەیەوە، جاروبار هێندێک کەس بە دڵسۆزی و هێندێک کەسیش بۆ ئازاردانی تۆ هەواڵی ئێمەیان لێت دەپرسی، ئەتۆش بەم قسانە وەڵامت دەدانەوە: "کچی من نین، نامەوێن،

بێبەریم کردوون، لەلای من باسیان مەکەن و.....

دڵنیام کە قەت لە دڵەوە ئەو قسانەت نەدەکرد، چونکە پاش ٢٠ ساڵ کە هاتی بۆلامان بۆخت پێت لێ ناو وتت "بەدڵەوە ئەم قسانەم نەدەکرد، هەناوم بۆتان سووتابوو رۆڵە! لە ترسی قسەو باس خەڵک و بوو...، بەخوا ئێستاش کە دۆعای ژنەکەی "یاغیان"م(١) بیردێتەوە کزەم لە جەرگی دێ."

...

بەو حاڵەش وازیان لێ نەدەهێنای. "تاوانی خۆت بوو، زۆر بەدەمتەوەدان، کچ دەبێ بیبەستییەوە، تۆ بەرەڵات کردبوون، بۆیە ئاوایان کرد ...."

دایەگیان! تۆش دایکێکی ئازا نەبووی لە بەرامبەر هەموو ئەوانەدا راوەستی و سەرت بەرز راگری‌و شانازی بە دایکایەتی خۆت بکەی کە دوو کچت لە رێی ئامانجێکی بەرزو پیرۆزدا بەجێیان هێشتووی. تۆ ئازایەتیت فێری ئێمە کردو وات بارهێناین نەترس بین، بەڵام نازانم بۆخۆت بۆ ئەو ئازایەتییەت نەبوو؟ ئەو وەڵامانەی ئێستا هەتە بۆ ئەو خەڵکانە، ئەو کاتە دابانتەوە.

دایە گیان! ببوورە زۆریش تاوانت نەبوو، کولتووری کۆمەڵگەی ئێمەیە کە تەنیا ماڵداری و خزمەت کردن بە باوک و برا،و مێردو... بۆ ژنان بە ئەرکێکی پیرۆز دەزانن، جیا لەمانە لادانە لە رێساکانی ئەو کولتوورە، لادانیش لەو رێسایانە، واتە رێسای پیاوسالاری، تاوانە. تاوانێکە کە ئێمە نرخەکەیمان دا...

لەم بارەوە هەر تۆ سەختی و ناخۆشیت نەدیت. ئەگەر تانەو تەشەریان لەتۆدە دا کە دایکێکی باش نەبووی چونکە بە قەولی ئەوان کچەکانت وا پەروەردە نەکرد وەک زۆر کچی دیکەی ئەم کوردستانە لە پێناوی ئەوەی کۆمەڵگە قبووڵیان بکا، شەرمن و بێدەنگ و ملکەچی فەرمانەکانی پیاوان بن، بۆ ئێمەش فرێدانی ئەم دابونەریتە هەروا ئاسان نەبوو. ئێمەش جێگەی پەسندی زۆر لە خەڵکی کۆمەڵگەی خۆمان نەبووین، چونکە لە رێساکانی ئەوان لامان دابوو. بۆیە ئێمەش زۆرمان ئازار چێشت.

چ ئازارێک لەوە بەژانتر کە بۆ ماوەی ١٩ ـ ٢٠ ساڵ هیچتان لێتان نەپرسین، نە تۆ، نە باوکی رەحمەتیمان، نە براکانمان و.... لەبەر چی‌و لە پێناوی چی؟ تەنیا لەبەر قسەو قسەڵۆکی خەڵک! دەزانی ئەوە بۆ ئێمە چەندە

ناخۆش بوو؟ دیارە ئەوانەی ڕێی خەبات دەگرنەبەرو دەبنە پێشمەرگە، دەبێ دەست لە زۆر شت هەڵ گرن و نارەحەتی تەحەمول بکەن. یەکێک لەوانە رەنگە دووری کەس و کار بێ و ئەوە شتێکی زۆر ئاساییە، بەڵام تووڕەبوونی کەس و کارو هەڵوێستی نارەوای ئەوان بەلایانەوە نەک ئاسایی نیە، بەڵکوو زۆریش ناخۆشەو هەستێکی بە ئازارە.

لە لای ئێمەش خەڵکانێک هەبوون بە قسەکانیان هێندەی دیکە هەستیان دەرووشاندین، بە تایبەت بەو هەڵوێستەی ئێوە هێندەی دیکە ئازار دەدراین.

...

دایکە گیان! بە هاتنت پاش ٢٠ ساڵو ئەو قسانەی لە زمانی خۆتەوەو لە نزیکەوە گوێمان لێ بوو، زیاتر هان دراین کە بەردەوامو خۆڕاگربین لە بڕینی ڕێگای سەختی خەبات و تێکۆشان. بۆ ئێمە لە هەمووی خۆشتر ئەوەیە ئیدی تۆش هاتوویەتە سەر ئەم باوەڕە کە بۆ ڕزگار بوون لە ژێردەستەیی و زوڵم و ستەم و سووکایەتی، چ ڕێگایەک هەیە بێجگە لەم ڕێگەیەی ئێمە هەڵمان بژاردوە، من چ روون لە روخسارو فرمێسکەکانتدا ئەوەم خوێندەوە کە نەک لێمان تووڕە نیت، شانازیشت پێوە دەکردین.

سپاسی گەورەییت دەکەم دایکی ئازیزم

هاوینی ١٣٨٥ی هەتاوی

(*)یاغیان دێیەکی ناوچەی مەهابادە

## نامەیەکی دوکتورا لە بارەی: فیمینیزم لە شێعری کوردیدا

کاتژمێر ٩/٥ی ڕۆژی سێ شەمە ٥ی پووشپەڕی ١٣٨٦، ٢٦ی ژوئەنی ٢٠٠٧ لە هۆڵی کولێژی زمانی زانکۆی کۆیە، نامەیەکی دوکتورا لە ژێر ناوی "فیمینیزم لە شێعری کوردیدا" پێشکێش کراو لە لایەن لێژنەی هەڵسەنگاندنەوە کەوتە بەر باس و موناقشە.

توێژەر یا نووسەری نامەکە، مامۆستا عەباس ساڵح عەبدوڵڵا بوو کە تێزەکەی لە سێ بەش دا ئامادە کردبوو.

بەشی یەکەم کە لە سێ "پار" پێک هاتبوو:

**پاری یەکەم:** قۆناغەکانی گۆڕانکاریی کۆمەڵگا (کۆمۆنی سەرەتایی، کۆیلەداری، فیئوداليزمو سەرمایەداری) کە بارودۆخی ژن لە هەرکام لەو قۆناغانەدا هەوێنی باسەکە بوون.
**پاری دووهەم:** شۆڕشی فەڕانسە لە ساڵی ١٧٨٩دا، سەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی بزاڤی ژنان.
**پاری سێهەم:** چەمکی فیمینیزم، شەپۆلە جۆراوجۆرەکانو بۆچوونەکانیان

لە بەشی دووهەمدا، توێژەر بە زنجیرە، باسی ئەو شاعیرە کوردانەی کردبوو کە لە شێعرەکانیاندا باسی سەربەستیی ژنیان کردوە. بۆ وێنە حاجی قادر، پیرەمێرد، بێکەس، شێخ نووری شێخ ساڵح، هێمنو هتد.

لە بەشی سێهەمیش دا مامۆستا عەباس عەبدوڵڵا لە دوو پاردا باسی هەوڵدانی ژنی کورد بۆ مافەکانی و سەرهەڵدانی شێعری ژنان لە ئەدەبی کوردیی دا کردبوو:

**پاری یەکەم،** هەوڵدانی ژنی کورد بۆ وەدەستهێنانی داخوازەکانی
**پارە دووهەم،** دەرکەوتنی شێعری ژنان لە ئەدەبی کوردیدا کە توێژەر لە مەستوورەی ئەردەڵانەوە تا دیارترین سیماکانی ژنانی شاعیر لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئاماژەی پێ کردبوون.
لێژنەی هەڵسەنگاندن بە سەرۆکایەتیی پرۆفیسۆر دوکتور محەممەد مەعروفو لەم ئەندامانە پێک هاتبوو:
پروفیسۆری یاریدەدەر دوکتور عەزیز عەبدوڵڵا گەردی
پروفیسۆری یاریدەدەر دوکتور فازڵ مەجید مەحموود
پروفیسۆری یاریدەدەر دوکتور کەمال مستەفا مەعروف
پروفیسۆری یاریدەدەر دوکتور محەممەد ئەحمەد سەعید

لە سەرەتادا، پروفیسۆر دوکتور عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ سەرپەرشتیاری نامەکەو ئەندامی لێژنەی هەڵسەنگاندن، توێژەر عەباس ساڵح عەبدوڵڵای ناساند. پاشان توێژەر کورتەیەکی لە بارەی نامەکەی پێشکێش کرد. دواتر هەر

کام لە ئەندامانی لێژنەی هەڵسەنگاندن، تێبینی، ڕەخنەو سەرنجەکانی خۆیان لەسەر نامەکە هێنایە گۆڕێ پروفیسۆری یاریدەدەر د. عەزیز گەردی پێی وابوو توێژەر زیاتر لە پێویست خۆی بە شتی لاوەکی وەک سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژنان و چەمکی فیمینیزم و جۆرو شەپۆلەکانی‌یەوە خەریک کردووە لە بەرامبەردا ئاوڕی لە فولکلوری کوردی نەداوەتەوە کە میراتێکی گەورەی لە داکۆکی لە ئافرەت هەیە .

دووهەم ئەندامی لێژنە کە سەرنج و تێبینی‌یەکانی لەسەر نامەکە هێنایە گۆڕێ پروفیسۆری یاریدەدەر د. کەمال مستەفا مەعروف بوو. هەرچی سەرنجەکانی ناوبراو بوو، پێوەندییان بە فۆرم و ڕواڵەتی نامەکە وەک خاڵبەندی‌و چۆنیەتیی نەقڵ کردن و مامەڵە لەگەڵ سەرچاوەکان دا بوو.

پروفیسۆری یاریدەدەر د. فازل مەجید مەحموود لە نۆبەی خۆیدا، ئاماژەی بەو ڕاستی‌یە کرد کە ئەمە یەکەم لێکۆڵینەوەی ئاکادیمیک لە سەر فیمینیزم لە ئەدەبی کوردی‌دایەو بەم بۆنەیەوە دەستخۆشی بە توێژەر گوت. پاشان کۆمەڵێک تێبینیی خۆی لە بواری تیکنیکی دا هێنایە گۆڕێ‌و داواشی کرد ناوی نامەکە بکرێ بە "فیمینیزم لە دیالێکتی خوارووی شێعری کوردی دا". بەڵام ڕەخنەی لەوە گرت کە توێژەر هێندێک دەقی شێعریی دەقاودەق و تەواو نەقڵ کردوون، لە جیاتی ئەوەی فیکرەیەک کە لە شێعرەکان دا هەن وەربگرێ. گوتیشی مادام زۆر لە شێعرەکانی ژنانی شاعیری کورد، فیمینیستی نین،

ئەو هەموو بایەخدانە بەوان لە نامەکەدا پێویست نیە.

چوارەم ئەندامی لێژنە پروفیسۆری یاریدەدەر محەممەد ئەحمەد سەعید بوو کە تێبینی‌یەکانی خۆی لەسەر نامەکە هێنایە گۆڕێ. ناوبراو پێی وابوو توێژەر لە ڕووی ڕێزمانەوە کەمتر پەیڕەوی ڕێزمانەکەی کردووە لە ڕیزبەندی شاعیرە ژنەکانیش دا، تەرتیبی زەمەنیی ڕەچاو نەکردوە. هەروەها گوتی توێژەر لە جیاتی پشت بەستن بەسەرچاوە بنەڕەتییەکان، زیاتر بایەخی بە گۆڤارو ڕۆژنامەکان داوەو کەڵکی لێ وەرگرتوون. ئاماژەشی بەوەدا کە نەتەوەی کورد زۆر زیاتر لە نەتەوەکانی دەوروبەر ڕێزی ژنی گرتوە. لەو پێوەندییەدا ئاماژەی بە کۆمەڵێک لە ژنان لە ئایینی یارسان لە کۆن دا کرد کە ڕێبەری ئایینیی یارسانەکان بوون.

سەرۆکی لێژنەی هەڵسەنگاندن پروفیسۆر د. کەمال محەممەد مەعروف دواکەس بوو کە سەرنجەکانی خۆی لە بارەی

نامەکە، دەربڕی. سەرۆکی لیژنە رای وابوو کە ناوی "کێشەی ژن لە شێعری کوردی دا" بۆ ئەم نامەیە گونجاوترە. چونکە فیمینیزم حەرەکەتێکی ژنانەیە کە نابێ پیاو پیادەی بکاو، ئەو داوایانەی بزووتنەوەی فیمینیزم بە تایبەتی لەم سالانەی دوایی دا، هەوڵیان بۆ دەدا، تەنانەت لە ولاتێکی وەک ئەمریکاش سەدی ٧٠ی ژنان لەگەڵیان دا نین. ئەمە لەگەڵ هەوڵەکانی ژنی کورد کە داوای یەکسانی و رێز گرتنی ژنی کردوە، زۆر لێک دوورن. سەرۆکی لیژنە، لەگەڵ ئەوەی لە سەر ئەنجامەکانی نامەکەش تێبینیی خۆی هەبوو، هەوڵی توێژەر لە ئامادەکردنی نامەکەیدا بە هەوڵێکی باش ناوبرد کە پشتی بە سەرچاوەی زۆر بەستووە بەشکردنەکانی (دابەشکردنی باسەکان)ی بە شێوەیەکی باش ئەنجام دراون.

دوای زیاتر لە دوو کاتژمێرو نیو موناقشە، لیژنەی هەڵسەنگاندن کۆبۆوەو بریاری خۆی لەسەر نامەی دوکتوراکە راگەیاند.

لێژنەی هەڵسەنگاندن لە بریارەکەیدا وێرای پێداگرتن لە سەر پێویستیی گونجاندنی سەرنج و تێبینییەکانی ئەندامانی لیژنە لە لایەن توێژەرەوە، نامەکەی بە پلەی "زۆر باش" لێقبووڵ کردو بەم جۆرە شەهادەی دوکتورای بە مامۆستا عەباس عەبدوڵلا پێشکەش کرد.

پێویستە بگوترێ کۆمەڵێک لە نووسەران و کادێرەکانی کۆمیسیۆنی راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هەیئەتێک لە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە کۆڕی پێکهاتوو بۆ هەڵسەنگاندنی نامەی دوکتورا لە سەر "فیمینیزم لە شێعری کوردی دا" بەشدار بوون.

دوکتور عەباس ساڵح عەبدوڵلا لە چەند دێرێک دا"

ساڵی ١٩٥٣ لە گەڕەکی کانیسکانی سلێمانی لە دایک بووە. لە ١٩٨١ بەشی کوردیی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سلێمانیی تەواو کردوە. لە ١٩٩٢ لە پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان دامەزراوە تا ساڵی ١٩٩٦ سەرۆکی بەشی کوردی بووە. لە ١٩٩٦ەوە یاریدەدەری راگربووە هەر لەو پەیمانگایە. ساڵی ٢٠٠١ بڕوانامەی ماجێستێری لە سەر ژیان و بەرهەمی شاعیرو زانای ئایینی مەلا مستەفای سەفوەت لە زانکۆی سلێمانی وەرگرتوە.

لە ساڵی ۲۰۰۱ەوە لە کۆلێژی پەروەردە، بەشی کوردیی زانکۆی سلێمانی لە کۆیە، دامەزراوەو وەک سەرۆکی بەشی کوردی و مامۆستا لەو کۆلێژە کە دواتر بووە یەکێک لە کۆلێژەکانی زانکۆی کۆیە، خزمەتی کردوە.

لە سەرەتای هەشتاکانەوە شێعرو بابەتی ئەدەبیی لە رۆژنامەکاندا بڵاو کردۆتەوە. دوو بەرهەمی چاپکراوی هەیە:

١- ڕاز، کۆمەڵە پەخشان
٢- گوڵە پەمەیی‌یەکانی رۆح (دیوانە شێعر).

---

## ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە پانتایی سیاسەت دا

ژنی کورد لە هەموو بەشەکانو بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەمێژنیە لە پانتایی سیاسەت دا بەشداریی هەیە. مەبەست بەشداریی بەربڵاوو بەرچاوە، نەک بە شێوەی تاکو تەرا. دەکرێ بڵێم لە دوای شۆڕشی ساڵی ۱۳۵۷ (۱۹۷۹)وەیە کە وردە وردە ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دێنە نێو کاری سیاسی و ئەم کاروتێکۆشانانەش زۆرتر لە چوارچێوەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دا بووە کە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بوون.

لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی حیزبە سیاسییەکانو لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا، هەتا ئەم ساڵانەی دوایی ژنان حوزوورێکی ئەوتۆیان لە پانتایی سیاسەت دا نەبووە. هۆیەکەشی پێش هەموو شتێک دەگەڕێتەوە بۆ ناهەموار بوونی هەلومەرجی سیاسی. زاڵبوونی دیکتاتۆری و، بە دیدی ئەمنییەتییەوە سەیر کردنی تێکۆشانی سیاسی، وای کردوە نەک هەر ژنان، بەڵکوو پیاوانیش بە پارێزەوە بۆ لای کاروباری سیاسی بچن. چونکە کاروتێکۆشانی سیاسی ئەگەر لە خزمەت ئامانج و بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی حاکم دا نەبێ، لە رێژیمێکی دیکتاتۆردا هەزینەی زۆری دەوێ. ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش بە سەرنجدان بەم راستییە و کۆسپە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، تا ۱۰ ساڵێک لەمەوبەر، لە مەیدانی سیاسەت دا نەدەبینران. بەڵام لە ۱۰ ساڵ لەمەوبەرەوە بە هۆی جۆراوجۆر، بۆ وێنە بە هۆی گەشەکردنی بزووتنەوەی ریفورمخوازی لە ئێران دا، پێگەیشتنی نەسڵی تازەی کچان و کوڕانی کورد کە رێگایان کەوتبووە زانستگە و زانستگەیان تەواو کردبوو و، گەشەکردنی هەستو شعووری

نەتەوەیی، ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان چالاکانە هاتنە نێو کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری. لە هەڵبژاردنەکان وەک هەڵبژاردنی شوراکان، هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیس چ وەک کاندیداو چ وەک دەنگدان، دیارتر لە پێشوو خۆیان دەرخست. لە ؟کان دا دەستیان بە کارو تێکۆشان کرد.

دیارە ئەو بوارانەی ژنان ئێستا لە رۆژهەڵاتی کوردستان تێی دا چالاکن، زیاتر کۆمەڵایەتی و فەرهەنگین، وەک کاری نووسینو لێکۆڵینەوەو هەوڵدان بۆ دابینکردنی حوقووق و ئازادییەکانی خۆیان و نەهێشتنی جیاوازیی دژی ژنان. ئەمانەش بە بڕوای من هەر بە کاری سیاسی دەژمێردرێن. دیارە دەسەڵاتی ئێستا لەگەڵ ئەم کارانەش نیەو بەردەوام کۆسپیان بۆ دروست دەکاو ژنان هەزینەی زۆریان بۆ داوە .

بە کورتی ئەم بوارانە هەر ناوێکیان لێبنێین ژنان بە خۆشییەوە حوزوورێکی رۆژ بە رۆژ زیاتریان هەیەو ئەمە دەتوانێ سەرەتایەک بێ بۆ هاتنی ژنان بۆ نێو کاری سیاسی لە ئاستی بەرزتردا.

### بەشداریی ژنان لە نێو حیزبو رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا

ئەو حوزوورە هەر لەساڵی ١٣٥٨ (١٩٨٠)ەوە هەبووە، ئەمەش بە گوێرەی رێکخراوەکان جیاواز بووە. لە نێو هێندێک حیزبو رێکخراودا حوزووری ژنان دیارو بەرچاوتر بووە. بەڵام ئەو حیزبانەی موناسباتی نێوخۆییان نەریتیتر بووە، ژنان کەمتر روویان کردۆتە ئەوان. دیارە لەسەر یەک لە هەموو حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا ژنان لە ئاستی بەڕێوەبەریی و بڕیادارن دا رۆڵ و نەخشێکی ئەوتۆیان نەبووە. هۆیەکەشی بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێتەوە:

١- بوونی رێژەیەکی کەمی ژنان لە نێو ئەو حیزبانەدا

٢- ساختاری حیزبە سیاسییەکان بۆ پێشکەوتن و مەوقعییەتی ژنان و بە شێوەیەکی گشتی بۆ دابینکردنی مافەکانی تاک گونجاو نەبووە. بەوهۆیە کە ساختاری ئەو حیزبانە، چەپی بووەو پێکهاتەکەیان، پێکهاتەی حیزبە کومونیستەکان بووە، هەمیشە تاک بووە بە قوربانیی کۆ، کەمایەتی بووە بە قوربانیی زۆرایەتی. ئەمەش وای کردوە بایەخ بە ویستو داوای کەمایەتیی ژن لەو حیزبانەدا نەدرێ.

٣- ئەگەر ئەم حیزبانە وەک ئوسوول و باوەڕ، یەکسانیی ژن و پیاویان قبووڵ کردبێ، بەڵام بۆ چەسپاندنی ئەو ئوسول و باوەڕە کاریان نەکردوە. یانی سیستمی پیاوسالاری لە نێویان دا زۆر زاڵ بووەو بەوجۆرەی پێویستە لەگەڵ کولتووری پیاوسالاری کۆمەڵگەو نێو حیزبەکەیان خەباتیان نەکردوە. هەر لە جێدا فەرهەنگی پیاوسالاری ناتوانێ ولامێکی موسبەتی هەبێ بۆ رۆڵی ژنان لە هەر بوارێک دا. بەهەرحاڵ مەوقعییەتی ژنان لە نێو حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان دا، نەک هەر جێگای رەزایەت نیە، زۆریش جێگای رەخنەیە. هەرچەند هێندێک لەو حیزبانە ئەم رەخنەیان لە خۆیان گرتوە، بەڵام هەر ئەوەندە بەس نیە. پێویستە لە حاڵەتی دروشمدان بێنەدەر. ژنانی نێو ئەم حیزب و رێکخراوانەش ئەگەر جاران گرنگییان بەم مەسەلەیە نەدەدا، یا دەنگیان لێ دەرنەدەهێنا، ئێستا خەریکن حیزبەکانی خۆیان نەقد دەکەنەوەو مەیدان و مەوقعییەتی شیاویان دەوێ و چیدیکە نایانەوێ پاشکۆی پیاوان بن. هۆکارێکی دیکەی گوشار بۆ سەر حیزبەکان بۆ بایەخدانی زیاتر بە رۆڵی ژنان، کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستانە. دەتوانم بڵێم بە هۆی گەشەی فکری و سیاسیی خەڵکی کوردستان و پێگەیشتویی رێژەیەکی زۆر لە ژنان ئەمڕۆ بایەخدان بە نەخشی ژن بووە بە میعیارێک. هەر حیزبێک ژن بە کەم بگرێ و گرنگی بە رۆڵیان نەدا، کۆمەڵگەش بایەخ بەو حیزبە نادا.

بۆیە سەرەڕای ئەو کەموکوورییانەی بە نیسبەت حوزووری ژنان لە مەیدانی سیاسەت دا هەیە، دەتوانین بە گەشبینییەوە بڕوانین لە داهاتووی ژنان لە سیاسەتی کوردیدا. بەڵام دیارە ژنان خۆیان دەبێ باشترو ئازایانەتر بێنە مەیدان و بەبەرنامەتر کار بۆ ئەم مەبەستە بکەن.

---

## دەستکەوتەکانمان، بارتەقای رەنجو قوربانییەکانمان نین

نزیک بە ١٦ ساڵ دەبێ نەتەوەکەمان لەم بەشەی کوردستان لە دەست دیکتاتۆرێکی خوێنرێژو زاڵم رزگاریان بووە. ئەم رزگارییە بەرهەمی رەنجی ژنان و پیاوانێکە کە ساڵانێکی زۆر لە ژێر حاکمییەتی رەشی حکوومەتی بەعسدا لە هیچ فیداکارییەک درێغیان نەکردو، زۆر نرخی گەورەیان لە پێناویدا داوە.

لە ماوەی ئەم ١٦ ساڵە دا کۆمەڵگەی کوردستان زۆر پێشکەوتنو ئاڵوگۆڕی بە خۆیەوە دیوە. بەڵام ئایا بەشی ژنان

لەم ئاڵوگۆڕ و پێشکەوتنانە، بە بارتەقای رەنج و ئازارەکانیان لە خەباتی نەتەوەیەکەیاندا دەبێ؟

ئەگەر بیرێک لەم ئازادی و دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنییە بکەینەوە کە بەردەوام بەرپرسانی حیزبی و ئیداریی کوردستان لە قسەو لێدوانەکانیاندا دووپاتی دەکەنەوەو شانازیی پێوە دەکەن و، بڕوانینە وەزعییەتی کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی ژنانیش، بۆمان دەردەکەوێ ژنان لەو ئازادی و دیموکراسییە کەمترین بەشیان بەرکەوتوە.

هەمووەمان لەدەست حکوومەتێکی دیکتاتۆرو جەللاد رزگارمان بوو، بەڵام ژنان ئێستاش لە زۆر لایەنەوە بارودۆخێکی نالەباریان هەیە. گیرۆدەی کۆمەڵێک گرفتاریو ناتەواویی دیکەن. ژنان لە کوردستان بەتایبەتی لە گوندەکان و گەڕەکە هەژارنشینەکان لە ژێر سێبەری ئەم حکوومەتە کە بەرهەمی رەنجی ئەوانیشە، سەرەتاییترین مافە ئینسانییەکانیان پێشێل دەکرێ، مافی بڕیاردان لە سەر چارەنووسی خۆیان نیە، روح و جەستەیان داگیر کراوەو دەبێ لە ژێر چاوەدێریی پیاوانی "ناموسپەرەست" دا زۆر بە وریاییەوە هەنگاو هەڵێننەوە. ئاگاداری پێکەنین، قسە کردن، شێوەی جلوبەرگ لەبەرکردنیان بن. نەکا "عەیب"ێکیان بێتەوە سەر. ئەو "عەیب"ەی وەکوو کوتکێکی قورس هەموو کات قورسایی بەسەر سەریانەوەیە و جووڵەی لێبڕیون. هەموو هەڵسوکەوتێکمان لە ژێر کۆنترۆڵی پیاوانی بنەماڵە دایە. ئەگەر بە پێچەوانەی مەیلی ئەوان جووڵانەوە، ئەوە رەوایە سووکایەتیان پێبکرێ، لە ماڵەکاندا زیندانی بکرێن، لێیان بدرێو تەنانەت خوێنیشیان بڕژێ. لە سەر یەک ژن ئەسیرێکە لەدەست زۆردارێکدا، بە ناوی دابونەریت و یاساو رێسای پیاوسالاری. لە سەرووی ئەوانەش هیزێکی گەورە هەیە بۆ هێشتنەوەی ژنان لەو وەزعەدا، ئەویش یاساو ئایینو پیاون دەستیان داوەتە دەستی یەک بۆ کۆیلە هێشتنەوەی ژنان!

بەڵێ لە کوردستانی ئازادو دیموکرات دا، هیچ ژنێک لە دەروونی خۆیدا هەست بە ئارامی و ئاسایش ناکات. لە شوێنی کار، لە شەقام، لە بازاڕ و شوێنە گشتییەکان، بەترس و شەرمەوە دەجووڵێتەوە، هەمیشە لە دڵەراوکە دا ژیان بەسەر دەبا. کولتوورو بیروبۆچوونی پیاوسالاری تەواو رۆچۆتە نێو مێشکی هەموو تاکێکی کورد. تەنانەت زۆربەی ژنانیش ئەو چارەنووسەی کە بەسەریاندا سەپاوە، قبووڵیان کردوە. هەموو شتێک لێرە موڵکی پیاوە. ماڵ، منداڵ، تەنانەت جەستەو رووحی ژنانیش. بۆ هەموو شتێک هەر پیاو بڕیار دەرە. کۆمەڵ پڕە لە ترس، هەڕەشە، توندوتیژی و گومان بۆ ژنان. هەر لەماوەی ئەو ١٦ ساڵ رزگارییەدا بەسەدان و ژنو کچ لەم کوردستانە بوونە

قوربانیی گومانی ناموسپەرستان، ئەوەتا ئێستاش کچان لەسەر خۆشەویستی لە ماڵەکاندا زیندانی دەکرێن، ئەم هەموو خۆسووتاندنەی ژنان بۆ؟ ئەگەر لە ژێر توندترین چەوسانەوە دانەبن بۆ پەنا دەبەنە بەر خۆسووتاندن کە دەردهێنەرترین مردنە؟ ئەوانە تەعبیر لەچی دەکەن ئەگەر لە ئازارو مەینەتی و بێبەش بوون لە ئازادی نەبێ؟.

بڵێی بەرپرسان و مەسئولینی حکوومەتی کوردستان ئەم کێشانە بە کێشەی هەموو کۆمەڵ بزانن یان تەنیا بەکێشەی ژنانی بزانن؟ یان هەر بەکێشەی نازانن؟ ڕەنگە ئێستاش ئەو ڕاستییەیان بە جیددی وەرنەگرتبێ کە ڕادەی بەرەوپێشچوون و پێشکەوتوویی هەر کۆمەڵێک لەگەڵ ڕادەی ئازادی ژنان و مافەکانیان بەراورد دەکرێ. کەواتە دەبێ بڵێین ئازادی و دیموکراسیی و پێشکەوتوویەکەمان ئێستاش پاش ئەو هەموو ساڵە هەرسەقتە.

لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا خواستە سەرەتاییەکان بۆ مرۆڤەکان دەبنە ئامانجی گەورەو دوورەدەست. لەم کوردستانەی ئێمەش دا خواستەکانی ئێمە زۆر سەرەتایین، بەڵام بۆ گەیشتن بەوان دەبێ ڕەنجی زۆری بۆ بدەین.

لە ماوەی ئەو ١٦ ساڵەدا زۆر ڕێکخراوو بنیاتی جۆراوجۆر بۆ دیفاع لە مافەکانی ژنان دامەزراون و کاریشیان کردوەو کارەکانیشیان جیگای ڕێزن. بەڵام ئایا ئەم ڕێکخراوانە تا چەند توانیویانە لە ڕەنج و ئازارەکانی ژنان کەم بکەنەوە؟!

ڕێکخراوەکانی ژنان بەشی زۆریان هەر کامێکیان لە یەکێک لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان نزیکن. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی سیستمێکی سیاسی حیزبییانە زاڵ بێ بەسەربیروبۆچوون و ڕوانگەکانیان، کە ئەمەشیان بۆتە هۆی ئەوە هاوکاری و پێوەندیی کەمتریان پێکەوە هەبێ و هەر بەپێوەرو ڕوانگەی حیزبەکانیانەوە چارەسەر ببیننەوە بۆ مەسەلەکانی ژنان. ئەگەر ئەو ڕێکخراوانە هەموو هێزو بیروفکریان یەکگرتووانە تەرخان بکردایە بۆ گۆڕینی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییەی ئەمرۆ لەکوردستان هەیە، دەیانتوانی گۆڕانێکی گەورە لە کۆمەڵی کوردستاندا پێک بێنن. ئەوە یەک هەڵوێستی، یەکدەنگی، یەکگرتوویی و ئازایەتی و نەترسی ئەو ڕێکخراوانەیە دەتوانێ باری ناهەمواری ژنان و شێوەی تێڕوانینەکان بەرامبەر بە ژنان بگۆڕێ و ببێتە پشتیوانێکی بەهێز بۆیان و دەتوانێ جموجۆڵێکی گەورەش لە نێویاندا بۆ ئەم مەبەستە دروست بکا. ئێستا جگە لە چەند ژنێکی ئازاو بوێر بەداخەوە ڕێژەیەکی زۆر لە ژنان کەمتەرخەمن لە ئاست ئەو کێشانەدا.

زۆر گرنگە ئەو رێکخراوانە جیا لە بیروبۆچوونی سیاسیی حیزبەکانیان لە پێناوی مەسەلەیەکی گرنگتردا کە کێشەکانی ژنانەو دەبێ مەسەلەی سەرەکی هەموویان بێ، هاوکاریی یەکتر بکەن. پێویستە هەموو هەوڵ و کۆششیان وەگەڕ بخەن بۆ ململانێ لەگەڵ ئەو کولتوورە تا سەر ئێسقان پیاوسالارە و بە بیرو فکرێکی یەکسانیخوازو بەرنامەو پرۆژەی ئەمڕۆییانە، هەموو کوردستان بکەنە قوتابخانەیەک بۆ سڕینەوەی ئەو کولتوورە کۆن و دواکەوتووانەو نابەرامبەرییە بەرامبەر بە ژنان.

---

## *بێدەنگی شەرمە لە بەرامبەر ئەو تاوانەدا(*)*

لە کولتووری پیاوسالاری و مەزهەبی دا، ئازادیی ژن وەک سەرچاوەی فەساد و بێ ئەخلاقی و وەک هۆکاری لە مەترسی کەوتنی شەرەفی پیاوان سەیر دەکرێ! بەهاو رێزو ئێعتباری کۆمەڵ و پاراستنی شەرەف و نامووسی پیاوانی کۆمەڵێک کە ئەو کولتوورە بە سەریدا زاڵە، لە سەر بناغەی کۆیلەیی ژنان دامەزراوە.

لە کوردستان رۆژ نیە ژنێک نەبێتە خۆراکی ئاگر یان لەلایەن پیاوانی بە ناو نامووسپارێزەوە نەکوژرێ. تازەترین جینایەت کە وێژدانی هەر مرۆڤێکی بەویژدانی هەژاند، کوژرانی کچێکی ئیزەدیی ١٧ ساڵە بە ناوی "دوعا" ئەویش بە تاوانی جوانترین بەهای مرۆڤایەتی واتا خۆشەویستی بوو. گرنگ نیە ئەو کۆمەڵە بە ناو مرۆڤە کە ئەم جینایەتەیان خوڵقاندوە کێن و لە چ ئایین و مەزهەب و نەتەوەیەکن. گرنگ ئەوەیە لە کوردستان و لە ژێر ناوچەی دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا ئەم کارەساتەیان ئەنجام داوە. ئەو هەرێمەی ١٦ ساڵە بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی، وەک مەکۆی ئازادی و دیموکراسیخوازی و دادپەروەری ناوی دەبەن.

ئەم دەسەڵاتەی ئەمڕۆ لە کوردستان هەیەو خەڵکی بەشەکانی دیکە کوردستانیش شانازیی پێوە دەکەن، بەری رەنجی هەزاران هەزار تێکۆشەرو شەهیدی ئەم ئاوو خاکەیە کە ئەم بەشە لە نە تەوەیەکەیان لە چنگی دوژمنێکی دڵڕەش رزگار کرد. دیارە ئەوە تەنیا پیاوان نەبوون ئەم خەباتەیان کردوە، بەڵکوو ژنانیش کەمتر لە پیاوان رەنجیان نەداوە. بەڵام ئەمەیە پاداشی رەنجی ئەوان؟ کوژران و سەربڕان و خۆسووتاندن!

دەسەڵاتی کوردستان ئەرکی سەر شانیەتی مافی ژیانی هەموو تاکێکی ئەم وڵاتە سەر بە بە هەر چینو توێژو ئایین و رەنگێک بێ بپارێزێ. بەڵام لە بەرامبەر ئەم هەموو کوشتارەی ژناندا بۆچی وا بێدەنگو دەستەوەستانە؟

باسی دیموکراسی، ئازادی، مافی مرۆڤ، دادپەروەری و سەروەریی یاسا لە کوردستان بۆتە بنێشتەخۆشکەی میدیاو راگەیەنە گشتییەکان. بەڵام ئایا پارێزگاری کردن لە مافی مرۆڤ ئەوەیە کە بە بەردو بلوک و شەق لە بەرچاوی خەڵک گیانی مرۆڤێکی بێتاوان بستێنن؟! دیارە یا یاسایەک نیە بۆ پارێزگاری کردن لە مافی مرۆڤ یا ئەم کچە ١٧ ساڵەیە مرۆڤ نەبووە کە وا کەسانێک دەتوانن بێترس لەبەرچاوی خەڵک بەم شێوەیە مرۆڤێک شەلاڵی خوێن بکەنو گیانی لێبستێنن؟! "دۆعا" چی کردبوو جگە لە خۆشەویستی، کە وا کۆمەڵێک پیاو بەوپەڕی دڵڕەقی و وەحشیگەری کوشتیان؟ نیشتمانەکەی فرۆشتبوو؟ ماڵی میللەتەکەی بە تاڵان بردبوو؟ ویژدانی خۆی خستبووە ژێر پێ و دەستدرێژیی کردبووە سەر ماف و ئازادیی کەسانی دیکە؟ ئاخر ئەمانە بەدرەوشتین، نەک خۆشەویستی و ئەوینداری. کوشتنی "دوعا" نموونەیەکی بچووکە لەو هەموو جینایەتانەی دژی ژنان کە لە کوردستان روو دەدەن. تەنیا جیاوازییەکەی لەگەڵ ئەوانی دیکە لەوە دایە کەسێک یا کەسانێک بە موبایل جا بە هەر مەبەستێک بووبێ وێنەی رووداوەکەیان گرتووە بڵاویان کردۆتەوە. ئەگینا ساڵانە لە کوردستان بەدەیان نموونەی ئاوا روو دەدەن و کەسیش پێنازانێ. هەر بۆ وێنە بڕواننە ئەم سەردێڕانەی رۆژنامە و سایتە کوردییەکان:

- تەرمی ژنێک لە نزیک کۆمەڵگەی بەحرەکە دۆزرایەوە
- تەرمی ژنێک بە منداڵێکەوە لە دەشتاییەکانی هەولێر دۆزرایەوە
- تەرمی ژنێک لە کۆیە (حەمامۆک) دۆزرایەوە
- کچێک لە گوندی ئالانە خۆی سووتاند
- لە ناحیەی سەرکەپکانی سەر بە قەزای رانیە کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا
- لە شارۆچکەی حاجیاوا ژنێکی تەمەن ٣١ ساڵ خۆی سووتاند
- لە نزیک عەنکاوە تەرمی ژنێک دۆزرایەوە
- لە کۆیە کچێک لە داخی براکەی خۆی سووتاند
- .....

ئەوانە بەشێکی کەم لە سەردێڕی ئەو هەواڵانەن کە رۆژنامەو سایتە کوردییەکان تەنیا لە ماوەی چەند رۆژدا لە بارەی ژنکوژی لە کوردستاندا بڵاویان کردوونەوە.

بەلام ئەم هەواڵە خەمهێنەرانە تا ئێستا چەندە سەرنجی دەسەلاتدارانی کوردستانیان بۆ لای خۆیان راکێشاوە؟ بلێی ئەوان بە بیستنی ئەم هەوالانە چ هەستێکیان لەلا دروست بووبێو بەرامبەر بەم دیاردە ترسناکە کە لە کوردستان لە حاڵی پەرەسەندن دایە، بیریان لە چ چارەسەرێک کردبێتەوە؟!

ئەم هەوالانە چ پەیامێکیان بۆ کۆمەڵگەی کوردستان پێیە و ئەی دەسەلاتدارانی کوردستان چ وڵامێکیان لەم پێوەندییەدا هەیە؟

تاوانی ئەم هەموو کوژران و سووکایەتی پێکران و خۆسووتاندنەی ژنان ناکرێ هەمووی بخەینە ئەستۆی دەسەلاتداران. بەلام ئەوان بەرپرسیارن لە بەرامبەر چارەنووسی ئەم نیوەیە لە کۆمەڵەکەیان. بەرپرسیارن لە مانەوەی ئەو کولتوورە نائینسانییەی کە بۆتە هۆی کوشتنی ژنان و خۆسووتاندنیان. راستە ئەم کولتوورو بەهاو دژی مرۆییەی لە نێو بنەماڵەو کۆمەڵەکەماندا زاڵن و، ژیانی ژنانی بە جۆرێک تاریک و بێهیوا کردوە کە مەرگیان پێ باشترە لە ژیان، هەروا بە هاسانی ناگۆڕێن. بەلام لە کوردستان لە ماوەی ئەو ١٦ ساڵەدا چ ئاڵوگۆڕێک بەسەر ئەو کولتوورەدا هاتوە؟ بە زۆر بەشوودان، چەند هاوسەری و کێشە و گرفتەکانی پێوەندیدار بەم مەسەلەیەوە، توندوتیژیی بنەماڵەیی، سووکایەتی و بێحورمەتی و لەسەر یەک پێشێلکردنی سەرەتاییترین مافە ئینسانییەکانی ژنان لە لایەن بنەماڵەو کۆمەڵەوە و بە تایبەت هەست کردنی ژنان بە نەبوونی ئەمنییەتی کۆمەلایەتی و... ئەگەر ٢٠ ساڵ لەمەوبەر هەبووە . کە بڕوا ناکەم لە ئێستا زیاتر بووبێ . لەبەر بوونی خەمێکی دیکە، کەس بیری لە چارەسەری ئەم کێشانە نەدەکردوە، بەلام ئێستا چی؟

چ شوورەیی یەکی گەورەیە کوشتنی بێپەروایانەی کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ لە سەر خۆشەویستی. ئەم شوورەییە تەنیا ئەوانە ناگرێتەوە کە ئەم کارەساتەیان خوڵقاندوە، بەڵکوو هەموو، دەزگا حکوومی و ناحکوومی و هەموو کەسایەتی و مرۆڤێکی کوردستان دەگرێتەوە کە لێی بێدەنگ دەبن. ١٦ ساڵە چی کراوە بۆ کۆمەڵگای مەدەنی؟ بە تەنیا ئاوەدانکردنەوە کەڵکی چیە ئەگەر لە ماڵەکاندا ئارامی و ئەمنییەت نەبێ؟ ئەگەر فەرهەنگێکی شارستانی و دادپەروەر لە کۆمەڵ دا زاڵ نەبێ؟

ئەم هەموو خۆسووتاندنەی ژنان لە کوردستان ئاکامی ئەو راستییە تاڵەیە کە ئەوان هیچ هیوایەکیان بە داهاتووی خۆیان نیەو دەیانەوێ بەم شێوەیە نەفرت و تووڕەیی خۆیان لە کۆمەڵگایەک دەربڕن کە هیچ ڕێزێک بۆ هەست و

ئارەزووەکانیان دانانێن.

هەموومان تاوانبارین لە رووادنی ئەو کارەساتانەدا. لەپێشدا بە خودی ژنان دەڵێم بە تایبەتی ئەو ژنانەی دڵ و ئازایەتیی ئەوەیان هەیە بەرەوپیلی مردن بچن و جەستەی خۆیان بکەنە خۆراکی ئاگر. بۆچی لە جیاتی خۆکوژی هەوڵ نادەن لە شەرێکدا بەشداری بکەن کە ئاکامەکەی گۆڕینی ئەم کولتووره دژە ژن، دواکەوتووانەو نائینسانییە؟ بۆچی بەگژ ئەو کولتووره و پارێزەرانی دا ناچنەوە و ئەوانە بەچۆکدا ناهێنن کە بوونەتە هۆی خوڵقاندنی دۆزەخێک بۆ ژنان تا بەم شێوەیە بۆخۆتان و بۆ هەموو ئەوانەی خوازیاری دنیایەکی بێچەوسانەوەن، هیواو گەشبینی بخوڵقێنن.

پێویستە کۆمەڵگای کوردستان بە هەموو کەسایەتی و رێکخراوو حیزب و میدیاکانیەوە لە سەر ئەم کردەوە پڕشوورەییانە هەڵوێست بگرێ و مەحکوومی بکا، بۆ ئەوەی چی دیکە کارەساتی وا روونەداتەوە. دەسەڵاتیش لەسەریەتی زۆر بەجیددی کار بکا بۆ نەهێشتنی ئەو فەرهەنگە نادروست و ناحەزەو سزای توندی ئەو جینایەتکارانە بدا کە ئاوا بە ئاسانی گیان لە مرۆڤەکان دەستێنن. بێدەنگی لەم جۆرە کارەساتانە هێندەی دیکە ژنان تووشی ناهومێدی دەکا و روخساری دەسەڵاتو کۆمەڵی کوردستانیش لە ناو دنیای شارستانیدا خەوشدار دەبێ.
نەفرەت لە بکوژانی خۆشەویستی و شەرمەزاری بۆ بێهەڵوێستان

(*)سەردێری ئەم وتارە لەو چەند دێڕە وەرگیراوە کە سایتی "کوردستان نێت" لە گەڵ فیلمی کوشتنی "دوعا"ی ١٧ ساڵە لە کۆمەڵگەی "بەعشیقە" بڵاوی کردۆتەوە.

## جینایەتی دڕندانە لە ژێر ناوی پاراستنی "نامووس"دا

ناموس" ئەو (کالا)یەی کە دەبێ ژنان بە باشی بۆ پیاوانی بپارێزن!

خاتوو مەهابادقەرەداغی پێی وایە کە، هەتا خاوەنی ئەو پێناسەیە بین کە ژن شەرەفی پیاوە، ناتوانین بیر لە ئازادیی مرۆڤەکان بکەینەوە، چونکە ئەو پێناسەیە مرۆڤ دەکا بە کویلە. ئەگەر کویلەش هەبێ خاوەنکویلەش هەیە. ئەو دووانە هیچیان مرۆڤی ئاسایی نین. هەروەها دەڵێ، جەستە ئەو کاتە پیرۆزە کە بۆ چالاکی و داهێنان لە پێناوی مرۆڤایەتیدا بجووڵێ. شەرەف، جەستەی ژن بێتوانا دەکا. ژن ناتوانێ هیچ چالاکی و داهێنانێکی هەبێ، چونکە کویلەی کەسێکی دیکەیە. شەرەف، لای ئەو ژنە تێکۆشەرو ڕووناکبیرە لە ئاکاری باشی خودی مرۆڤ دایە. ئاکاری باشیش بریتییە لە ڕاستگۆیی، دەستپاکی، مرۆڤدۆستی، ژیاندۆستی، دڵسۆزی و مێهرەبانی ...

کۆمەڵگای ئێمە، کۆمەڵگایەکی ئیسلامی و، سوننەتییە. لە یاسا، عورف و کولتووری کۆمەڵگای ئیسلامی و سووننەتیشدا، ژن وەک کالایەکی جینسی چاوی لێدەکرێ، ئەو کالایەش لە ئیختیاری پیاو (باوک، براو مێرد) دایە. واتە ژن موڵکی ئەوانەو دەبێ بەدڵی ئەوان هەڵسوکەوت بکاو چۆنیان پێخۆشە ئاوا کەڵکی لێوەربگرن. بۆیە هەموو خواست و ئارەزوو و مافەکانی دەبێ لە جانتایەک بخا بە ناوی "ناموس"، ئەویش هی پیاوەو دەبێ زۆر بەئەمانەتەوە بۆی بپارێزێ و نەیەڵێ چاوی تەماع توخونی بکەوێ! ئەگینا لەلایەن ئەوانەوە تووشی خراپترین سزا دەبێتەوە. کولتووری کۆمەڵگای ئێمە بناخەکەی لەسەر ئەساسی ئایین داڕێژراوە و ئایینیش هەمیشە بە چاوێکی سووک لە جەستەی ژنی ڕوانیوەو ڕەوشتی بنەماڵەو کۆمەڵگەی لەو جەستەیەدا پێناسە کردوە. هەربۆیە ژن خۆشی خاوەنی جەستەی خۆی نەبووە. واتە جەستەی ژن لە ئیختیار و کۆنترۆڵی پیاوان . ئەگەر کچ بێ لە ئیختیار باوکوبراو مامو ئامۆزاو... ئەگەریش ژن بێ، لە ئیختیار مێرد دایە. بۆیە هەر لادانێک لە خەتی سووری ئەوان سووکایەتییە بەو پیاوانەو سزاکەشی هەر سپێردراوە بەوان. ئەم سووکایەتی کردنە بە ژنان، مەگەر هەر بۆخۆیان بزانن چەندە پڕژانە بۆ ژنان، ئەویش ئەو ژنانەی کە لە واقعی تاڵی ئەو ناعەدالەتییە گەیشتون.

بەڵێ، لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە بیرو فکرێکی بەتەواوی توندوتیژانەو نادادپەروەرانە زاڵە بەسەر ژناندا. هەموو جۆرە هەڵسوکەوتێکی ژن بە شک و گومانەوە سەیری دەکرێ. تەنانەت قسەکردن، پێکەنین و هەرجۆرە

پێوەندییەکی ژن لەگەڵ پیاو، دەیان جۆر تەفسیری لێدەکەوێتەوە. ئەگەر کچێک لەگەڵ پیاوێک قسە بکا، بەوە تاوانبار دەکرێ کە ڕێوشوێنە ئەخلاقییەکان و بەهاکانی کۆمەڵگەی لەژێر پێناوە. ئەگەر ژنێکی خێزاندار لە گەڵ پیاوێک پێوەندی ئاسایی هەبێ، خێرا بەوە مەحکووم دەکرێ کە ڕێزو بەهای بنەماڵەکەی پێشێل کردوە. لەم کۆمەڵگایەدا هەمیشە ژنان مەحکوومن.

بەداخەوە کوشتنی ژنان لە کوردستاندا، بە ناوی پاراستنی "ناموس" لە پەرەسەندن دایە. ڕۆژ نیە هەواڵی خەمهێنەری کوشتنی ژنێک بە دەستی نزیکترین کەسانی خۆی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاونەکرێتەوە.

ئەم دیاردە دزێوو بێزهەستێنەی کە ناوی لێنراوە "پاراستنی شەرەف و ناموس"، ڕوخساری کۆمەڵگەی ئێمەی بە تەواوی ناشیرین کردوە. بەڕێوەبەرانی ئەم جینایەتانە لەوپەڕی دڵڕەقیدا بە ناوی پاراستنی بەهایەک بە ناوی "ناموس"، گیانی کەسانی نزیکی خۆیان دەستێنن بەبێ ئەوەی لە لایەن یاساوە ڕووبەڕووی کەمترین سزاببنەوە.

عاشق بوون و خۆشەویستی کردن لە ڕوانگەی "ناموس پەرستان"ەوە، تاوانگەلێکی گەورەن. ئەوانە یاساو ڕێسای بنەماڵەو کۆمەڵگە خەوشدار دەکەن، بۆیە لادان لەم یاسایە بە ئاسانی و بەبێ هیچ ترسێک سزای بۆ دیاری دەکرێ.

"ناموس" چیە کە وا هەر لە لایەن ژنانەوە دەکەوێتە مەترسییەوە؟ ژنانی بێناموس کێن و پیاوانی بەناموس کامانەن؟

لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەموو بەها مرۆڤایەتییەکان نرخی خۆیان لەدەست داوە، خۆشەویستی کە جوانترین بەهای ژیانی مرۆڤایەتییە، مرۆڤی لەسەر دەکوژرێ. قوربانییەکانیش زۆربەی زۆریان کچان و ژنانن. ژن دەبێ پابەندبێ بە خواست و ئارەزووو داواکانی پیاو، دەبێ هەر ملکەچی ئەو ڕێوشوێنە توندو نامرۆڤانەیە بێ کە بەناوی "ناموس"ەوە بەسەر کۆمەڵگەو بەتایبەت ژنانی کۆمەڵگەدا سەپاوە. ئەوە یاسای ئیسلامی و پیاوسالارانەیە کە "ناموس" لە جەستەی ژندا دەبینێ. هەر بۆیە جەستەش نرخی سروشتیی خۆی لەدەست داوە. ناموس بۆتە شتێکی پیرۆز و بەنرخ بۆ پیاوان. دیارە پیرۆزییەکەشی لەوەدا ڕەنگ دەداتەوە کە ژن خۆی فیدای پیاوانی بنەماڵە بکاو هەموو ژیانی، هەستی، خۆشەویستی، پێوەندیی جینسی و.... لە ئیختیاری ئەواندا بێ بۆ ئاسوودەیی و خۆشیی

بەخشین بە ژیانی ئەوان. بوونی "نامووس و شەرەفی" پیاویش لە رەفتاری "جوان"ی ژندا خۆی دەنوێنێ. رفتاری جوانیش لەم کۆمەڵگە داخراوەدا بۆ ژن هەمووومان باش دەزانین دەبێ چۆن بێ: بە تەواو مانا "نەجیب". نەجیب لە روانگەی پیاوسالارییەوە بە مانای شەرمن و بێدەنگ، جەستەی داپۆشراو، مل راکێشانی بێئەملاوئەولا بۆ هەرچەشنە هەرفەرمانێکی پیاوانی بنەماڵەکەی، قبووڵی هەموو ناحەقی و بێحورمەتییەک بەبێ ئەوەی هیچ نارەزایەتییەک دەربرێ بەخاتری راگرتنی حورمەتی بنەماڵە (پیاوان). ژنی باش و نەجیب شوناسی خۆی لەو سوننەتانەدا دەبینێتەوە. دەبێ هەموو درگاکانی ئازادی و مافخوازییەک لەسەر خۆی دابخاو هەموو خواستو ئارەزوویەک لە ناخی خۆیدا بخنکێنێ. ئەوانە یاساو رێسای ئیسلامی و پیاوسالارین دەبێ ژنان بەباشی بەرێوەی بەرن، بۆ ئەوەی "نامووس" نەکەوێتە مەترسییەوە.

لەم کۆمەڵگایەدا لە لایەن پیاوێکەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەر ژنێک، بەڵام ئەوە هەر ژنەکەیە کە سزادەدرێ، چونکە کولتوورو یاساکە دەڵێ، ئەو ژنە بەباشی رێوشوێنە ئەخلاقییەکانی بەرێوە نەبردون، بۆیە پیاو تەحریک بووەو ئەم تاوانە خوڵقاوە. بۆ پاککردنەوەی ئەو نەنگیەش لە داوێنی بنەماڵە دەبێ ژنەکە حوکمی کوشتنی لەلایەن پیاوانی بنەماڵەوە بۆ دەربچێ، ئەوجۆرە کوشتنانەش ناویان لێنراوە "پاراستنی شەرەف و نامووس"و، ئەوەش نەتەنیا لێپرسینەوەیەکی نیە، تەنانەت ئەوکەسانەی ئەو قەتڵانە دەکەن، زۆرجار لەم سۆنگەیەوە هەست بەسەربەرزی دەکەن، گۆیا بۆ پاککردنەوەی پەڵە لە داوێنی بنەماڵەکەیان ئەم ئەرکەیان بەجێ گەیاندوە. ئەم کولتوورە دزێوە وا رۆچۆتە نێو مێشکو بیری ئەندامانی کۆمەڵگەو جێی گرتوە، کە تەنانەت زۆر لە ژنان خۆشیان ئەو حەقەیان بەڕەوا زانیوە بۆ پیاوانی "نامووس پەرست". بەلای زۆربەی خەڵکەوە ئەم دیاردە شەرماوییە ئاسایی بووە. بۆیە تەنانەت زۆربەی ئەو کەس و لایەنانەی بانگەشەی ئازادیخوازی و کۆمەڵگایەکی مۆدێرن دەکەن، لەبەرامبەر ئەم چەشنە تاوانە سامناکەدا کە لە دەوروبەریاندا روو دەدەن، خۆیان کەڕ کردوە. بەڕاستی دەبێ ئازادیخوازان و رووناکبیرانی کۆمەڵگای کوردستانیش" شەرەف و نامووس" لەچیدا ببینن؟ تۆ بڵێی ئەوانیش نامووس هەر لە جەستەی ژندا ببینن و ژن بە موڵکی پیاو بزانن، کەوا لەبەرامبەر ئەم کارەساتانەی بە ناوی "نامووس"ەوە بەسەر ژنانی کوردستان دێن بێدەنگن. هەرچەند کوشتنی مرۆڤ نارەوایە، ژنکوژی بە ناوی ناموسپەرستییەوە پەڵەیەکی یەکجار رەشە بە داوێنی مرۆڤایەتییەوە.

لەم کوردستانەی کە ئێستا لەهەموو شوێنێکی دنیا زیاتر باسی دیموکراسی، مافخوازی و ئازادیخوازی و مرۆڤدۆستی و مۆدێرن بوونی تێدادەکرێ، رۆژ نیە ژنێک نەبێتە قوربانیی "نامووس پەرستی". بەڵام جارێک لە جاران نەماندی

لەلایەن رێکخراوە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئازادیخوازان و روونا کبیرانی کوردستانەوە، هەوڵێکی جیددی بدرێ بۆ مەحکووم کردنی ئەم جینایەتو پێشگیری لە دووپاتبوونەوەیان.

نەهێشتنی ئەم زوڵمە کە روخساری کۆمەڵگەی ئێمەی ناحەزو بێزهەستێن کردوە، هەوڵی جیددیی هەموو لایەکی دەوێ. رێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و ناوەندو بنیاتەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ، روونا کبیران و دەزگاکانی راگەیاندن کە بەخۆشییەوە ئەمڕۆ سەر لە سەدان دەدەن، پێویستە کار بکەن لە پێناوی وشیار کردنەوەی کۆمەڵگە بەرامبەر ئەم دیاردە نامرۆڤانەیە. کوشتنی ژنان لە ژێر ناوی پاراستنی ناموس، تاوانێکی دژی مرۆڤانییە و نابێ هەروا بە ئاسانی چاوپۆشیی لێبکرێ.

## شەپۆلێکی دیکەی توندوتیژی لە دژی ژنان لە ئێران

دەسەڵاتدارانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە لە ژێر ناوی خەبات دژی "بدحجابی" خراپ پۆشی هێرشێکی توندو بەربڵاویان کردۆتە سەر ژنانی ئازادیخوازی ئێران و رۆژانە ژمارەیەکی زۆریان لێ دەگرن و سووکایەتی بە هەزاران ژن دەکەن.

لە سەرەتای مانگی بانەمەڕی ئەمساڵ (٨٦)دا گەڵاڵەیەکی تازە لە لایەن کاربەدەستانی رێژیمەوە بە ناوی "هێمنایەتیی کۆمەڵایەتی بە لێڕوانینی ئاکارییانە" پەسەند کرا. واتە ئەوەی پێی دەگوترێ خەبات دژی "بدحجابی" لەم پێوەندییەدا بەڕێوەبردنی ئەو گەڵاڵەیە، هێزە دژی گەلیەکان لە شەقامو شوێنە گشتیەکان دا پێش بە ژنان دەگرنو بە تاوانی "بدحجابی" ئازارو ئەزییەتیان دەدەن، سووکایەتییان پێ دەکەن و تا ئێستا ژمارەیەکی زۆریشیان رەوانەی زیندان کردوە. هەر بە قسەی پۆلیسی سەرکوت لە ماوەی تەنیا ٣ رۆژدا نزیک بە ٤٠٠٠ کەس لە سەر لە بەرچاو نەگرتنی یاسای پۆشینی جلوبەرگ و شێوەی جلوبەرگ لەبەر کردن دەنگ دراون، واتە هەڕەشەی توندیان لێ کراوەو ژمارەیەکیشیان بە دادگای ئینقلاب دراون.

بە پێی ئەم گەلالەیە لەگەڵ ئەوەی تاریفێکی روونی نیە بۆ شێوەی جلوبەرگی ئیسلامی، بەلام ژنان حەقیان نیە مانتۆو شەلواری کورت و تەسک لەبەر بکەن‌و، سەرپۆشی چووکە بەرەنگی شاد "روون"یا لەسەر بنۆ و ئارایش قەدەغەیە. چونکە ئەوانە بە پێی روانگە و بۆچوونەکانی دەسەلاتدارانی کۆنەپەرست، ئەم شێوە پۆشینە خۆئاراستە کردنەو نۆرمو بەها ئەخلاقییەکان پێشێل دەکەن و تەناهی و هێمنایەتیی ولات دەخەنە مەترسییەوە.

ئەمە یەکەمجار نیە گەلالە لە دژی ماف و ئازادیەکانی ژنان لە لایەن کۆنەپەرستانەوە پەسند دەکرێ. چیرۆکی چەوسانەوەی ژنان لە ئێرانی ژێر سایەی حاکمییەتی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی دا یەکێک لە لاپەرە هەرە تاریکەکانی کارنامەی ئەو رێژیمەیە .

هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەم رێژیمەوە شەری ژنان و ئەو رێژیمە لە سەر شێوازی پۆشین و ئازادییە تاکە کەسییەکان دەستی پێکردووە، ئێستاش بە شێوەی سیستماتیک هەر بەردەوامە. بەلام لەگەڵ ئەو هەموو توندوتیژی و هەرەشەو سەرکوتانەی رێژیم لە دژی ژنان نواندوویەتی، ژنانی ئازاو ئازادیخواز تەسلیمی خواستە کۆنەپەرستانەکانی دەسەلاتبەدەستانی ئێران نەبوون‌و تەنانەت ئەگەر بە پۆشینی جلوبەرگی دلخوازی خۆشیان بووە دژی خواستە کۆنەپەرستانەکانی کاربەدەستانی رێژیمی ئیسلامی راوەستاون. رێژیم بۆیە دەورێکی تازەی لە سەرکوت دژی ژنان دەست پێکردوە چونکە ئەمرۆ بزووتنەوەی ژنان لە ئێران دا تا رادەیەک بەرەوپێش چووە کە بۆتە یەکێک لە بزووتنەوەو ئاکتیڤەکان دژی رێژیم. هەر بۆیە ماوەیەکە چالاکانی ئەم بزووتنەوەیە زیاتر لە پێشوو زیندانی دەکرێ‌و هەرەشەیان لێ دەکرێن و ئازار و ئەزییەت دەدرێن. ئەم شەپۆلی هێرشانەش هەر لە درێژەی ئەو سەرکوتکردنانەی چەند مانگی رابردوو دایە کە لە دژی ژنانی خەباتکارو دژی کەمپەینی یەک میلیون ئیمزادا دەستیان پێ کردوە. ئێستاش ژمارەیەک لە بەرێوەبەرانی ئەو کەمپەینە لە زیندان دان.

رێژیم بۆ چاو ترساندنی ژنان کە بوونە هۆی ئابروو بردنی ئەو رێژیمە لە کۆمەلگەی جیهانیدا، هێرش دەکاتە سەریان و بەناوی خەبات دژی "بدحجابی" دەیەوێ ئەم حەرەکەتە نوێیانەی خەباتی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانەی ژنان تووشی پاشەکشێ بکا یان ئەگەر بۆی بکرێ بەتەواوی سەرکوتی بکا.

کەمپەینە یەک میلیون ئیمزا لە دژی یاسا نابەرابەرەکانی رێژیمی ئیسلامی نزیک بە ٨ مانگ لەمەوبەر لە لایەن کۆمەلێک ژنی چالاکەوە وەرێ خراوەو خوازیاری ئالوگۆری هێندیک لە یاساکانی کۆماری ئیسلامین کە دژایەتییان

لەگەڵ مافە ئینسانی یەکانی ژنان دا هەیە. هەر لەو پێوەندییەش دا ژمارەیەکی زۆر لەو ژنانەی کە ئەم کەمپەینەیان وەڕێ خستبووو لە ناو خەڵک دا خەریکی کۆکردنەوەی ئیمزای پشتیوانی بوون، لە لایەن رێژیمەوە گیراون یان هەڕەشەیان لێ کراوە.

ئەم شەپۆلە تازەیەی سەرکوتی ژنان و ئازادییە مەدەنی و تاکەکەسیەکانی ئەوان، نەک ناتوانێ ژنان بۆ ژێر پۆششە رەشەکان بگەڕێنێتەوەو ناچاریان بکا مل بۆ یاسا کۆنەپەرستانەکانی رێژیمی ئیسلامی راکێشن، بەڵکوو چاوەڕوان دەکرێ گەرمییەک بە خەباتی ئازادیخوازانەی ژنان ببەخشێ. چونکە بە تایبەت لەم سەردەمە دا ژنان زیاتر لە هەر کاتیک لەگەڵ ماف و ئازادییەکانیان ئاشنا بوون. ئەم جۆرە هەوڵانە نەک ناتوانێ بزووتنەوەی ژنان بەرەو دواوە بگێڕێتەوە بەڵکوو چاوەڕوان دەکرێ پەرچەکرداری بەرین و بەربڵاوی ژنانی وڵاتی لێ بکەوێتەوەو ئەمجارەش بۆ کاربەدەستانی کۆنەپەرستی دەرکەوێتەوە کە سەرکوت گیانی بەرەنگاریی ژنان و هەموو ئازادیخوازانی ئێران بەهێز دەکا .

لە رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ٤٦١ دا بڵاو بۆتەوە

١ی مای ٢٠٠٧

---

## گرنگیدان بە رۆڵی ژنان لە پێناو......

رزگاریی ژنان و پێویستی بەهرەمەند بوون لە مافو ئازادییەکانیان لە لای زۆربەی حیزبەکانی کوردستان، جگە لە دروشمێکی رووکەش هیچی دیکە نەبووە. پرسی ژنان و زۆر گرفتی دیکەی ناو کۆمەڵگاکەمان نەک بە لایانەوە گرنگ نەبووە، بەڵکوو زۆریش بە کەمبایەخ سەیریان کردوە. بە ئاوڕدانەوەیەک لە رابردووی حیزبی دیموکرات (حیزبی تەمەن ٦١ساڵ) زۆر بە روونی دەردەکەوێ کە ئەم حیزبەش کەمترین بایەخی بە پرسی ژنان داوە.- حیزبی دیموکرات رێز لە خەباتی ژنان دەگرێو... . حیزبی دیموکرات باوەڕی قووڵی بە مافو ئازادییەکانی ژنان هەیە! حیزبی دیموکرات هەموو کات پشتیوانی لە خەباتی رەوای ژنان دەکاو ..... حیزبی دیموکرات بەرگری کردن

لە مافی ژنان بە ئەرکی خۆی دەزانێ و لەو پێناوەدا چی لەدەستی بێ دریغی ناکا!ـ حیزبی دیموکرات ژنان دڵنیا دەکاتەوە هەموو کات پشتیوانیانەو... حیزبی دیموکرات جارێکی دیکە پشتیوانی لە داخوازە رەواکانی ژنان بە گشتیو ژنانی کوردستان بە تایبەتی دەکاتەوە....ئەوانە بەشێک لەو قسەو دروشمانەن کە لە مێژساڵە رێبەران و بەرپرسەکانی حیزبی دیموکرات لە هێندێک بۆنەی تایبەتی وەک ٨ی مارس و دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا دوپاتیان کردونەتەوە.قسە کردن لە ماف و ئازادییەکانی ژنان و گرنگیدان بە رۆڵ و نەخشی ژنان لە مێژووی ئەم حیزبە دا زۆرتر لە قالبی دروشم دا خۆی نیشان داوە. بێگومان ئەم قسەو دروشمانە ئەگەر بەکردەوە جێبەجێ کرابان، لانی کەم ئێستا دۆخی ژنانی ناو ریزەکانی حیزبی دیموکرات بەو شێوە نەدەبوو کە ئێستا هەیە. کەم نەبوون ئەو کچانەی بە شوورو شەوق و سەرکێشیو گیانی بەرەنگاربوونەوە، روویان لە ریزەکانی ئەم حیزبە کردوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی فەزایەکی پەروەردەیی شیاو، رۆحی سەرکێشی و شوروشەوقی خەباتیان تێدا مردوەو، دووبارە چوونەتەوە ژێر باری کۆمەڵێک یاساو رێساو کولتوورێک کە لێی یاخی ببوون. لە جیاتی پەروەردەو ئاشنا کرانی زیاتریان بە مافو ئازادییەکانیان بۆ ئەوەی رۆڵی باشترو کاراتریان هەبێ لە ریزی خەباتدا، لە لایەن پیاوانی دیموکراتەوە!! هان دراون بخزێنەوە ماڵ و واز لە چالاکیی سیاسی و رێکخراوەیی بێنن. ـ لەم بارەوە شاهیدی دەیان نموونەم ـ هەر بۆیە ئێستاش ژمارەی ئەو ژنانەی لە ریزی حیزب دا تێکۆشانیان هەیە لە ئاستێکی زۆر زۆر کەم دایە. بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە بەسە چاوێک لە پێرسونێلی ئورگانەکانی ئەم حیزبە بکرێ تا بزانین چەند ژن خەریکی کارو چالاکین. حیزبی دیموکرات زۆر لەمێژە لە بەرنامەی خۆیدا بەرابەریی ژن و پیاوی گونجاندوە. دیارە گرفتی سەرەکیش لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەکانی ژنان لە نێو حیزبە کوردییەکان دا، نەبوونی بڕیارو پەسندکراو نیە. بەڵکوو گرفتەکە لە پیادەنەکردنی نێوەرۆکی ئەم پەسندکراوانە دایە. ئەمەش بە هۆی روانگەو بیروبۆچوونی دواکەوتووانەو پیاوسالارانەی ئەندامان و زۆر لە بەرپرسانی رێبەرانی ئەم حیزبانەدا بووە.حیزبی دیموکرات تا ئێستاش نەیتوانیوە ژنان بە شێوەیەکی چالاک بێنێتە نێو گۆڕەپانی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان و، لە ئاگایی و چالاکی و رێکخستنی ژنان لە خەباتی سیاسی دا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە. یەکێک لە گرفتەکانی حیزبی دیموکرات کە ئەمڕۆ هەیەتی لە بابەت نەبوونی ژنانی چالاک لە ریزەکانی خۆیدا بێباوەڕی و تێگەیشتنی سوونەتی و کۆن بووە بەرامبەر بە پرسی ژن لە رابردوودا.بە هێندنەگرتنی پرسی ژنانو ئاوڕنەدانەوە لە گرفتەکانیان، تا ئەمڕۆش بە قەوارەی تەشکیلاتی، بە روانین و قسەکردن و بەهەموو هەڵسوکەوتێکی نێو حیزبی دیموکراتەوە دیارە. حیزبی دیموکرات دەیان ساڵە دروشمی یەکسانیی ژن و پیاوی هەڵگرتوە بەڵام نێوەرۆکی ئەم دروشمە بە هۆی بیرو بۆچوون و روانگەی پیاوانی ئەم حیزبەوە تا ئێستاش نەبۆتە باوڕ لە نێو ئەندامەکانیدا. بۆیە لە تیۆریو کردەوەدا تا ئێستاش وەک پێویست

کارێکی جیددی بۆ نەکراوەو هەروەک دروشم ماوەتەوە. ئەوەتا پاش ٦١ ساڵ خەبات و تێکۆشانی مافخوازی و دیموکراسیخوازی، لە حیزبی دیموکرات بەهەق ئەو پرسیارانە دەکرێ، حیزبی دیموکرات حیزبێکی خاوەن ریشەیە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان داو مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە لە هەڵگرتنی دروشمی دیموکراسیخوازی دا، . یەکێک لە ئەسڵ و پایەکانی دیموکراسییش، بەرابەریی ژن و پیاوە لە هەموو بوارەکاندا . بەڵام بۆچی ژنان لە پۆستەکانی بەڕێوەبەریی ئەو حیزبەدا دیار نین؟ ئایا لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەکەمان دا بەشدارییان نەکردوە؟ یان بە هۆی زاڵ بوونی روانگەی سوننەتییانە (واتە بەکەم نرخ سەیرکردنی رۆڵی ژنان)، لە پەراوێز خراون و نەیانتوانیوە رۆڵی کاریگەرو نەخشی شیاوی ژنانێکی خەباتکارو سیاسی لە ریزەکانی ئەم حیزبە دا ببینن؟ میکانیزمێک بۆ ئاڵوگۆڕو نوێبوونەوەهەروەک هەموو لایەک ئاگادارن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی کۆمەڵێک گیروگرفت و کێشەی نێوخۆیی، لە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٥٨دا بوو بە دوو لەت. ئەو لایەنەی کە لەژێر ناوی "حیزبی دیموکراتی کوردستان" درێژە بە خەباتی ٦١ ساڵەی ئەم حیزبە دەدەن، باس لەکۆمەڵێک ئاڵوگۆڕو نوێبوونەوە دەکا. یەکێک لەو ئاڵوگۆڕانەی باسی دەکا گرنگیدانە بە رۆڵی ژنان لە ریزەکانی حیزب داو، لە هێڵە گشتییەکانی رێبازەکەشی دا ئیشارەی بەو کەمتەرخەمی یە کردوە کە حیزبی دیموکرات لە ئاست ژنان دا کردوویەتی. گوتراوە راستی یەکی حاشا هەڵنەگرە کە نەخشی ژنان و بەشداریی ژنان لە بەڕێوەبەریو کاروباری حیزبدا لە کۆنەوە تا ئێستا یەکجار کەم بووە، بۆیە پێویستە هەر لە ئێستاوە میکانیزمێک دابنرێت و پیادە بکرێ کە بەشداری ژنان لە رەدە جۆراوجۆرەکانی رێبەریی دا مسۆگەر بکاو بەردەوامیش پەرەی پێ بدا.کام میکانیزو بە چ مەبەستێک؟ دەتوانین بڵێین جێگەی ئۆمێدە کە ئەو حیزبە بە رەسمی رەخنە لە خۆی دەگرێ و ئەو کەمتەرخەمی یە دەخاتەبەرچاوی بیرورای گشتی. گرنگیش نیە کێ باس لەو میکانیزمو نوێبوونەوەیە دەکەن، گرنگ ئەوەیە بەباوەڕەوە بێ. بەڵام دەبێ چاوەڕوان بین بزانین ئەو میکانیزمە بە چ شێوەیەک دەبێ. ئایا تەنیا بە بوونی چەند ژنێک لە رێبەریی حیزب دا دەتوانین بڵێین حیزب دەیەوێ لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ژنان دا ئاڵوگۆڕ بەسەر خۆیدا بێنێو نوێبوونەوە بکا؟ بێگومان ئەوە تەنیا گۆڕانێکی لە رواڵەت دایە. ئەوە کاریگەرییەکی نابێ لەسەر نێوەرۆکی مەسەلەکە. ئەو گۆڕانە رواڵەتییە ئەوە ناگەیەنێ کە بەڕێوەبەرانی حیزب مەسەلەکانی ژنانیان بۆ گرنگە و بە تەواوی هاتۆنەتە سەر ئەو باوەڕە کە بەجیددی بۆ چارەسەری کێشەی ژنان هەنگاو هەڵدێننەوە. لەبیریشمان نەچێ تا ئێستاش قەوارەی تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات تەواو پیاوسالارەو بە شتێکی ئاوا بەزوویی ناگۆڕێ. مەگەر ئەو حیزبە لەمەودوا بەبەردەوامی خەباتێکی فکری، لە ناو ریزەکانی خۆیدا دەست پێبکاو، ژنان خۆشیان لەم پرۆسەیەدا زۆر چالاکانەو وشیارانە بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە بێنە مەیدانەکەوە. ئەگەر حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕاستی بیهەوێ نوێبوونەوە بکا لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەکانی ژنان دا، تەنیا ئەم رێگایە واتە

بوونی چەند ژنێک لە سەر کورسییەکانی رێبەریی حیزبی دیموکرات کارساز نیە. ئەگەر هەر ئەوە بێ، ئەوە هەوڵێکە بۆ نیشاندانی روخسارێکی جوان لە حیزبی دیموکراتی کوردستان. ئەگەر ئەم حیزبە لەم ئیددیعایەی دا جیددی بێ دەبێ بەڕاستی ببێتە پشتیوانێکی راستەقینەی خەبات بۆ وەدەستهێنانی خواستەکانی ژنان کە سڕینەوەی هەرچەشنە نابەرابەریی و زوڵم و ستەمێکە لە کۆمەڵی کوردستان دا. رزگاریی نەتەوەیی و گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک بەبێ رزگاریی ژنان لە زوڵم و ستەمو چەوسانەوە هیچ بایەخێکی نیە. حیزبی دیموکرات پێویستە لەمەودا خەتێک بگرێتەبەر بۆ گەیشتن بەو کۆمەڵگەیەی بانگەشەی بۆ دەکا، ئەویش ئاوڕادنەوەیە لە کێشەکانی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستان دا. ئاوڕدانەوەیەکی رادیکاڵانە بۆ ئەوەی ئەو کەمکارییەی کە حیزبی دیموکرات لە رابردوودا لەم پێوەندییەدا کردوویەتی پڕبکاتەوە. حیزبی دیموکرات ئەگەر پرسی ژنانی بۆ گرنگەو دەیەوێ لەمەودوا خۆی نوێ بکاتەوە، با بیرێک لە کەمحوزووریی ژنان لە ریزەکانی دا بکاتەوەو بزانێ هۆیەکەی چیە. بزانێ ئایا ئەو کچانەی کە روو لە حیزب دەکەن بۆچی وا زوو واز لە چالاکی دێنن؟ با بیرێک لە بەهێزکردنی بیری یەکسانیخوازی و کەمڕەنگ کردنەوەی فەرهەنگی بەکەمگرتنی ژنان بکاتەوە لە ریزەکانی خۆیدا. بیرێک لە ئەخلاقی یەکسانیخوازی بکاتەوە کە چۆن دروست دەبێ. ئەو ئەخلاقەی کە بەداخەوە تا ئێستاش لە نێو بەرپرسانو کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتدا زۆر کەمڕەنگە. بەتەنیا دانان بە کەمکارییەکاندا نوێبوونەوە نیە، چارەسەرکردنی ئەو دەردانە نوێبوونەوەیە.ئاوڕدانەوە لە مەسەلەکانی ژنان ئەوە نیە بە هێندێک تاریفی سواوو کۆن یان کردنی ٣ یا ٤ ژن بە راوێژکاری کومیتەی مەرکەزی گرنگی دراوە بە ژنان. ژنان ئەمڕۆ پێویستیان بەو تاریفە سواوانە نیە. ئەگەر "ژنانی رووسوور نەبوونایە، پیاوان نەیاندەتوانی ئەم خەباتە بەڕێوەبەرن"، یان ئەگەر "هیممەتی شێرە ژنانی کورد نەبووایە پیاوان نەیاندتوانی و..." لەم جۆرە قسانە. ئەوانە تاریفاتی پیاوسالارین کە رێبەرانی حیزب هەمیشە لە لێدوانەکانیاندا دووپاتیان کردونەتەوە. لە مێژە کاتی ئەوە هاتوە واز لەو تاریفە سواوانە بێنن و خوێندنەوەیەکی دیکەیان هەبێ بۆ بەشداریی ژنان لە خەباتو تێکۆشاندا. ژنی ئەمڕۆ ئەو ژنە نیە لە بیرو عەقڵی پیاوانی حیزبی دیموکرات دا هەیە! ژنانی کوردستان لەمێژە خۆیان لە سەنگەری خەبات دان. خەباتێکی سەخت دژی بێمافییەکانیان، دژی کولتووری پیاوسالاریو چەوساندنەوە. ئەمڕۆ رەوتی خەباتی ژنان لە دەرەوەی حیزبەکان دا روو لە گەشەیە.حیزبێکی پێشکەوتووو مۆدێرن دەبێ بە کردەوە پشتیوانی لەو خەباتە بکاو ئەو خەباتەش بە بەشێک لە خەباتەکەی خۆی بزانێ و خوێندنەوەیەکی ئەمڕۆییانەو شایانی ئاستی چاوەڕوانییەکانی خوازیارانی راستەقینەی یەکسانیخوازیی هەبێ بۆ خەباتەکە. ئیدی ئەو کاتە ئەو حیزبەش تووشی قەیرانی ژنی لێهاتووش نابێ! . کە ئەوە هەموو کات یەکێک لە پاساوەکانیان بووە بۆ نەبوونی بەشداریی ژنان لە بەڕێوەبەریی و کاروبارەکانی حیزبدا . زۆر گرنگە حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەو میکانیزمەی

باسی دەکا لە روانگەیەکی یەکسانیخوازییەوە سەرچاوەی گرتبێ و بە ئامانجی گەشەسەندنی کۆمەڵگەو بەرز کردنەوەی پلەو پایەی ژنان بێ نەک وەک ئامراز کەڵکیان لێ وەربگیرێ بۆنیشان دان بە روخسارێکی دیموکرات لە خۆی. حیزبی دیموکرات تا بە جیددی ئاورێک لە کێشەکانی ژنان نەداتەوەو وەڵامدەری خواستەکانی ئەم نیوەیە لە کۆمەڵەکەی نەبێ کە غەرقی بێمافی و توندوتیژین، تا لەسەر پێشێلکارییەکانی مافەکانی ژنان هەڵوێستی روون و شەفافی نەبێ، تا ریشەیی و رادیکالانە بۆ سڕینەوەی ئەو فەرهەنگە بالادەستەی ئێستا لە کۆمەڵەکەمان دا هەیە . فەرهەنگی پیاوسالاری . کار نەکاو سڕینەوەی ئەو فەرهەنگە نەکاتە ئەرکێکی پێویست لە سەر هەموو ئەندامو تێکۆشەرێکی حیزبەکەی، دروشمی گرنگیدان بە رۆڵ و نەخشی ژنان لە ریزی حیزب دا هەر وەک ئەو قسانەی لێ دێ کە ساڵەهای ساڵە بەردەوام دەگوترێنەوە بەبێ ئەوەی هەنگاوێکی بەکردەوەبۆ چەسپاندنیان هەڵگیرابێ. ئەمجارەشیان ئەم دروشمی نوێبوونەوەیە کە ماوەی ٦ مانگە هەموو جێیەکی لێ پڕ کراوە، دەبێتە بڵقی سەر ئاو. هیوادارم ئەمجارەیان رێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە باوەڕەوە بیری لەم مەسەلەیە کردبێتەوەو لە ریشەوە هەنگاو بۆ چارەسەری گرفتی ژنان هەڵێنێتەوە و خۆی ئامادە بکا بۆ ئەو نوێبوونەوەیە کە خەڵک بە تایبەت ژنانی چالاکی نێو کۆمەڵی کوردستان چاوەڕوانی دەکەن .

---

## وتووێژی کاوە ئاهەنگەری لەگەڵ کوێستان فتوحی

***پرسیار: تکایە خۆتان پێناسە بکەن و بفەموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی بوون؟***

***وەڵام:*** ناوم "کوێستان" ە، ناوبانگم "فتوحی"، یە لە ساڵی ١٣٦٥ ی هەتاوییەوە هاتوومەتە نێو ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتەوە. ماوەی ٢٠ ساڵە لە ڕیزەکانی حیزبدا تێکۆشانم هەیە.

***پرسیار: لەو مەودایەدا چ ئەرک و بەرپرسیارییەتێکتان هەبوە و دەکرێت کار و پرۆژە و بەرهەم و دەستکەوتەکانی ئەو چەند ساڵەمان بۆ باس بکەی؟***

***وەڵام:*** ماوەی دوو ساڵ لە کومیتەی شارستانی بۆکان لە هێزی "بەیان" پێشمەرگە بووم. دوای ئەوێ لە ئۆرگانە

جۆراوجۆرەکانی حیزبدا ئەرکی حیزبیم بەڕێوەبردووە وەک: کاری تایپ و بایەگانی و کاری دەرمانی و، ئێستاش ١٠ ساڵێک دەبێ لە ئینتشاراتی حیزبدا کاردەکەم. لەپەنا کاری حیزبییشدا لە نێو ژنانیشدا کار دەکەم، ئەندامی یەکیەتیی ژنانم و لە نێوان کۆنفرانسی ٣ تا کۆنگرەی ١ ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کومیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان بووم و ئەندامی دەستی بەڕێوەبەری گۆڤاری "ژنان" یشم. وەک پرۆژە پرۆژەیەکی تایبەتیم نەبووە، بەڵام هەمیشە هەوڵم داوە بۆ ڕیفۆرم و باشتر بوونی وەزعی ژنان لە حیزبدا، هەوڵم داوە پەیوەندیی نزیکم هەبێ لەگەڵ ئەو ژنانەی دێنە ڕیزی حیزبەوە لە نزیکەوە بیان بینم و گوێ لەیەکتر بگرین. هەمیشە عەلاقەم هەبووە بە کارکردن لە نێو ژناندا، بۆیە سەرەڕای کاری بەردەوامم لە ئۆرگانەکانی حیزبدا لە ناو ژنانیشدا بە تایبەتی ژنانی بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتدا کۆڕو کووبوونەوەم پێک هێناوە. یەکێک لەو کارانەی کە نەخشم تێیدا هەبووە و پێوەندیی بە مەسەلەکانی ژنانەوە بووە، دەرکردنی گۆڤارێکی وەرزیی بۆ ژنان لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە کە یەکێک لەو کەسانە کە لێرەدا جێی خۆیەتی ناویشی بێنم هاوڕێ‌و هاوکارو هاوسەری خۆم قادر وریا بوو کە بە ڕاستی ئەو لە سەرەتادا نەخشی سەرەکی لە دەرکردنی ئەو گۆڤارە دا هەبوو. ئەم ئەرکە واتە دەرکردنی گۆڤاری "ژنان" کە گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتە بە بەرهەمێکی بەنرخی دەزانم. هەرچەند ناڵێم گۆڤارێکی زۆر ڕێک وپێک و بەنێوەرۆکە، بەهەرحاڵ لەو هەلومەرجەی ئێمەی تێدا دەژین پێم خراپ نیە، هەرچەند ئەگەر زیاتر خۆمانی بۆ ماندوو بکەین دەتوانێ زۆر لەوەباشتر بێ.نازانم مەبەستت لە دەسکەوت، دەسکەوتی تاکەکەسییە یا دەسکەوتی ئێمەی ژنانی دیموکرات بە شێوەیەکی گشتییە؟ بەلای منەوە دەسکەوتم ئەوەیە کە فێربووم بۆ گەیشتن بە ژیانێکی ئینسانی و گەیشتن بە دنیایەکی بەرابەرو بێ‌چەوسانەوە، پشت بە توانای خۆمان ببەستین‌و، بەردەوامیش لە خەبات دابین بۆ گەیشتن بە مافەکانمان.

***پرسیار: پێش دەسپێکردن بە خەبات لە نێو حیزبی دێموکراتدا یان بڵێین هاتنە نێو شۆڕشەوە چۆن دەتڕوانیە کوردستان و شێوەی خەبات بۆ کوردستان و ئێستا دوای ئەو چەند ساڵ ئەزموونە چۆن دەیبینێوە؟***

**وەڵام:** بێگومان دیدی ئێستام لەگەڵ ئەو کاتە زۆری جیاوازی هەیە. بۆ کچێکی ١٦، ١٧ ساڵ ئەویش لەو سەردەمەدا (٢٠ ساڵ لەمەوبەر) لە دنیایەکی داخراودا، دەبێ چۆن بێ؟ زۆر رووکەشی دەمڕوانییە کوردستان‌و کێشەکانی و شێوەی خەبات، ئەسڵەن زانیارییەکی ئەوتۆم نەبوو تا بیر لە شێوەی خەبات بکەمەوە. ئەو کات پێم وابوو خەبات کردن یانی چەک هەڵگرتن، بە پێچەوانەی ئێستام کە زۆر لە چەک بێزارم. ئەو کاتە تەنیا ئەو کوردستانەم دەدی کە خۆمی لێ دەژیام‌و پێشم وابوو دوژمنەکەمان هەر کۆماری ئیسلامییە کە هەموو ڕۆژێ بە تانگ و تۆپ هێرشی

دەکردەسەرو وێرانی دەکرد. بەڵام ئێستا کێشەی هەریەک لە بەشەکانی کوردستان بە هی هەموو کوردی دەزانم، دەسکەوتی هەر بەشێکیشی هەر بە هی هەموو کورد دەزانم. دوژمنی هەر بەشێکێشی بە دوژمنی هەموو کوردستان دەزانم، لەسەر ئەو بڕوایەشم هەرگۆڕانێکی لەم بەشانەی کوردستان روو بدا کاریگەری هەیە لەسەر ئەوانی دیکەو لەسەر ناوچەکەش. ئێستا ئازاری هەربەشێکی کوردستان بە هی خۆم دەزانم، شەهیدانی هەڵەبجەو هەولێرو کەرکووکو.... وەک شەهیدانی مەهابادو سنەو سەقزو.... کار لە رۆحم دەکەن.

*پرسیار: ژن چۆن پێناسە دەکەی و چۆنی دەبینی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا؟*

*وەڵام:* پێناسەی من بۆ ژن: ژن پێش ئەوەی ژن بێ مرۆڤە، مرۆڤێکە لە رۆح و جەستە پێک هاتوە کە پڕیەتی لە ژیان دۆستی، پڕیەتی لە خۆشەویستی، پڕیەتی لە میهرەبانی کە ئەم هەموو جوانیانە پێشکەشی ئەم جیهانە دەکا. بەڵام ئەم مرۆڤە لە کۆمەڵی کوردستاندا بارودۆخێکی زۆر دژواری هەیە، کێشەی ژنی کورد جگە لەوەی سیاسییە، ئابوورییە، کۆمەڵایەتییە و... سەرەتاییترین مافە ئینسانییەکانی پێشێل دەکرێ، بە مرۆڤێکی پلە دوو چاوی لێدەکرێو ملکی مرۆڤێکی دیکەیە بە ناوی پیاو. حەقی بڕیاردان لە سەر چارەنووسی خۆی نیە، رۆح و جەستەی داگیرکراوەو تەنانەت شێوەی جلوبەرگ لەبەرکردنیشی لە لایەن پیاوانی بنەماڵەوە یا کۆمەڵ کۆنترۆڵ دەکرێ. درۆیە ئەگەر دەڵێن ژنی کورد هەمیشە رێزی لێگیراوە. ئەوە چ رێزێکە رۆح و جەستەی داگیر بکرێ، ئەوە چ رێزێکە لەسەر خۆشەویستی زیندانی دەکرێ، چەقۆی لە مل دەسوون؟! لەسەریەک من ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا وەک ئەسیرێک دەبینم بە دەست زۆردارێکەوە بە ناوی دابونەریتو فەرهەنگی دواکەوتوو، لەسەروو ئەوانەش هێزێکی گەورە هەیە بۆ هێشتنەوەی ئەو دابو نەریت و فەرهەنگە، ئەویش یاساو ئایینو پیاون دەستیان داوەتە دەستی یەک بۆ کۆیلە هێشتنەوەی ژنان.

*پرسیار: دەفەرمووی کە هەموو شتێک مووڵکی پیاوە، باشە پێتوانیە کە ئێوەی ژنانیش لە نێو حیزبدا هەتا ئێستا یان نەتان زانیوە یان نەتان توانیوە شۆڕشێکی جێگیر و شیاو پێک بێنن لەهەمبەر ئەو نابەرامبەری و کۆیلەیەتیە؟*

*وەڵام:* بەڵێ ئەوەش راستە ژنانیش نەیانتوانیوە شۆرشێکی جێگیرو شیاو پێک بێنین. بۆ؟ لەبەر ئەوەی دەنگەکانو هەڵوێستەکانمان یەک نەبووە بۆ داکۆکی کردن لە خۆمان. بەشی زۆری ژنانی نێو ریزەکانی حیزبی دیموکرات ئەو چارەنووسەیان قبووڵ کردوە و بێدەنگیان هەڵبژاردوە. بەڕاستی ئەگەر ژنانێکیش هەبووبن ساحەبی راوبۆچوونی

خۆیان بوونو لە هێندێک مەیدانا رچەشێنییان کردبێ و رەخنەیان لە هەڵسوکەوتی حیزب و پیاوانی حیزب گرتبێ، پرشوبڵاوبوون. ئەم پرشوبڵاوییش بۆتە هۆی ئەوەی قسەکانیان تەئسیرێکی نەبێ و ئەم کولتووره پیاوسالاره هەر بە زاڵی بمێنێتەوە.دیاره هۆکارێکی دیکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوشیارییە کە بەداخەوە دەبێ بڵێم زۆربەی هەره زۆری ژنانی ناو ریزەکانی حیزب لێی بێبەشن، بە تایبەت ژنانی ئەندامانی بنەماڵەکانی کادرو پێشمەرگەکانی حیزب. هەوڵیش نەدراوه بۆ وشیاریو پێگەیاندنیان. تەنانەت ئەو کچانەی کە روویان لە ریزی حیزب کردوه بە مەبەستی پێشمەرگایەتی ئەوانیش لە باری فیکریو سیاسیو رێکخراوەییەوه گرنگییان پێنەدراوه. تەنیاو تەنیا تەشویق کراون بۆ شوو کردن. شووکردنیش بۆ کچێکی پێشمەرگە لە ریزی حیزبی دیموکراتدا یەکەم کاردانەوەی ئەوەبووه کە خزاندراوەتەوه ماڵەوه. بە دەیان نموونە هەن لەو بارەوه، کە بە چ شوورو شەوقێکەوه دنیای تەنگەبەری ماڵەوەیان بەجێهێشتوه و هاتوونەتە ریزی پێشمەرگایەتی بە مەبەستی خەباتو تێکۆشان. بەڵام هەر لەماوەیەکی کورتدا هەموو شوورو شەوق و چالاکییەکی تێدا مردوەو دیسان خزاونەتەوه ناو ماڵ و دنیایەکی داخراو.

***پرسیار: کێشەی ژن چۆن پێناسەدەکەی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا؟ کێشەکان چین؟ ئایا بەڕێزتان کە لە نێو حیزبێکی مۆدێرندا خەریکی خەبات و تێکۆشانن و لە ئەساسنامەی حیزبی دێمۆکراتدا باس لە مافی مرۆڤ کراوه وبەتەمەنترین حیزبە لە کوردستاندا، ئایا ئێوه وەک ژن لەگەڵ پیاوانی نێو حیزبدا وەک یەک چاوتان لێدەکرێ؟ ئەگەر نا کێشە یان کێشەکان چین بە ڕای ئێوه؟***

*وەڵام:* دیاره کێشەو هەڵاواردن دژی ژنان دیاردەیەکی جیهانییەو تایبەت نیە بە کۆمەڵی کوردستان، بەڵام ئەم کێشانە لە کۆمەڵی کوردەواریدا بە شێوەیەکی زۆر بێ ڕەحمانە و دڵڕەقانەتر دەبینرێن. کێشەی ژنان لە کۆمەڵی ئێمەدا لایەنی یاساییان هەیە بەتایبەت ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو یاسایانە کە بەشی زۆریان هی چەندین سەدە پێش ئێستان، کۆماری ئیسلامی ئێستاش کاریان پێدەکا، ڕێگەی لە هەر جۆره جووڵانەوەیەکی ئازادانەی ژنان گرتوه. لەلایەکی دیکەشەوه کولتوورو بیروبۆچوونی پیاوسالاری تەواو ڕۆچۆتە نێو بیرو مێشکی هەموو تاکێکی کورد. هەموو شتێک لێره موڵکی پیاوه، ماڵ، منداڵ، تەنانەت جەستەو ڕۆحی ژنانیش موڵکی پیاون. ژنانیش گیرۆدەی یاساو ڕێساکانی پیاوسالارین. بۆ هەموو شتێ هەرپیاو بڕیاردەره، کۆمەڵگە پڕە لە ترس، هەڕەشە، توندوتیژی، گومان و... بۆ ژنان، ئەمانە هەمووی کێشەن. لە فەزایەکی ئاوا دا ژن دەبێ ژیانی چۆن بێ؟! هەرچەندە کۆمەڵەکەمان بە بەراورد لەگەڵ سالانی ڕابردوو کەمتاکورتێک ئاڵوگۆری بەسەردا هاتوه، بەڵام ئەو

ئاڵوگۆڕانە ئەوە نین کە زۆر دڵیان پێخۆش کەین. ئەوەتا ئێستاش ژن تەنیا لەسەر گومانێک سەرئەبڕدرێ، کچان لەسەر خۆشەویستی زیندانی دەکرێن یان بە لەچکەکەی سەریان دەخنکێنرێن!!. هەموو دەزانین لەم ساڵانەدا خۆسووتاندن پەرەی سەندوە، ژنان ئەگەر لە ژێر توندترین چەوسانەوەی توندا نەبن بۆ پەنا دەبەنە بەر خۆسووتاندن کە دەردهێنەرترین مردنە؟ ئەوانە تەعبیر لە چی دەکەن ئەگەر لە ئازارو مەینەتیو بێ بەشی نەبێ؟ لە وەڵامی بەشی دووهەمی پرسیارەکەت دا دەڵێم: من جاروبار لە مۆدێرن بوونی حیزبەکەی خۆشمان گومانم هەیە، بەڵێ لە ئەساسنامەی حیزبدا باسی زۆر شتی جوان کراوە، بەڵام نووسراوە شتێکەو واقع شتێکی دیکەیە، بەڵێ حیزبی دێموکرات زۆر کاروکردەوەو بەرنامەی جوانی هەیە بۆ کۆمەڵ. بەڵام ڕەنگە زۆر سەیر بێ بەلاتانەوە ئەگەر بڵێم لەنێو بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتدا کچ ڕەدوو کەوتوە(*) یان گەنج خۆی کوشتوە. تۆ بڵێی ئەمانە لە چییەوە سەرچاوە بگرن؟ حیزبی ئێمە لە بەرنامەکەیدا دەڵێ: ژن و پیاو بۆ کاری وەک یەک مووچەی وەک یەک وەردەگرن. ئەمە شتێکی زۆر باشەو پێشکەوتووانەیە. دیارە دۆخی ژنان لە ناو حیزبدا هێندێک باشترە لەچاو ژنانی نێو کۆمەڵ هەرچەند من قەت بەوە ڕازی نیم چونکە لە نێو بنەماڵەکاندا هەر پیاو بڕیاردەرەو قسەی ئاخر هەر پیاو دەیکا، ژنان هەر لە دواوەی پیاوانن، "تفکر"ی پیاوسالاری زۆر بە زەقی دەبینم. من ئەمانە بە کێشە دەزانم .

***پرسیار: کوێستان خانم، وەکی بۆخۆتان ئاماژەتان پێکردووە لە بەشی چاپەمەنی حیزبدا خەریکی چالاکین و ئەوەش دەتوانێت ئەو پەیامە بە من بدات کە ئێوەی بەڕێز سەروکار و لەگەڵ نووسین و هەواڵ و وتار و کتێب و ....هتد و بە گشتی زانیاریە. مەبەستم ئەوەیە کە بە باوەڕی من کەسی وەک بەڕێزتان دەتوانێ لە زۆر کەسی دیکە زانیاری و ئەزموونی فکری زیاتر بێت، ئەدی باشە بۆ زۆر جار تەنانەت ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتیش دەڵێن کە لە حیزبدا ژنی لێهاتوومان نیە؟ باشە دوای ئەو هەمووە ساڵە تێکۆشان و خەباتی بەردەوام و کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و..هتد، چۆنە کە حیزبی دێموکرات نەبۆتە خاوەن ژنی لێهاتوو؟ یان دەکرێت کە بە ڕاشکاوی ئەو قسەیەی ئەوان ڕەدکرێتەوە؟***

*وەڵام:* دەزانی مەسەلە چیە، من ناڵێم ژنی لێهاتوو لە حیزب دا هەر نیە. دیارە ئەگەر هەشبێ ئەوەندە کەمن کە لە دنیا پڕلە نایەکسانییەکەی پیاواندا ون بوون. پاشان ئەوان لە وەڵامی ئەو خەوڵکانەدا کە لێیان دەپرسن بۆچی لە پۆستە کلیدییەکانی حیزب ژن نابینرێن؟ وەڵامەمەیان ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی ژنی لێهاتوومان نیە. ئەمنیش لێیان دەپرسم حیزبی دیموکرات! بۆچی بە ٦١ ساڵ تەمەنەوەو، ٦١ ساڵە دروشمی پێشکەوتووانە دەدەیو

باسی مافی ژنو رۆڵی ژن دەکەیو خۆت بە گەورەترین حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستان دەزانی، بەڵام نەتوانیوە چەند ژنی لێهاتوو جەزبی ریزەکانی حیزبەکەت بکەی؟. یان نەتوانیوە ئەوانەی کە روویان تێکردووی پەروەردەیان بکەیو ببنە ژنی لێهاتوو؟ ئەمن نازانم پێوانەیان چیە بۆ لێهاتوویی؟ من دەپرسم ئایا ئەو پیاوانەی کە لەکۆنگرەکانی حیزبدا هەڵبژێردراون هەموویان لە هەموو بارێکەوە (سەتحی سەوادی بەرز، ئاگایی، مودیرییەتو...) لێهاتوون؟ یان ئەگەر دەگاتە سەر ژنان دەبێ هەموو ئەو تایبەتمەندییانەیان تێدا بێ.هەر چەند من لەسەر ئەو باوەڕەم ئەوانەی کە دەبنە رێبەری حیزبێک پێویستە هەموو ئەو مەرجانەیان تێدا بێ. کە بەداخەوە ئەو مەرجانە هەمووی لەو پیاوانەی لە رێبەری حیزبی دیموکرات بوون نەبووە. بەڵام ئەگەر کادرە ژنەکانی حیزب لە گەڵ ئەو پیاوانەی لە کۆنگرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا هەڵبژێردراون و پۆستی کلیدییان پێسپێردراوە، مقایسە بکەم، ئەو قسەیە بە سەراحەت رەت دەکەمەوە کە گۆیا ژنی لێهاتوو لە حیزبدا نیە. بەس بەداخەوە ئەو پێوانەو مەرجانە تەنیا کە دەگەیشتە سەر ژنەکان بە تەواوی لەبەرچاودەگیرا. ئارەزوومە بۆ پیاوانیش وابوونایە.

***پرسیار: ئایا هەتا ئێستا هیچ حەول و تەقەڵایەک لە لایەن ئێوە یان ژنانی نێو حیزبەوە دراوە بۆ هێنانە گۆڕێی بەرنامە و پلانی تازە یا پێکهێنانی گۆڕانکاری؟ ئایا بە بڕیوەچوون؟ ئامانجەکانیان چ بوون و هەتا چەندە ڕازین لە دەسکەوتەکان؟***

*وەڵام:* بەڵێ هەوڵ دراوە بۆ گۆڕان. بەڵام لە سیستمی تا ئێستای حیزبدا نابەرابەری لە بواری کۆمەڵایەتیدا بە شێوەی شاراوەو ئاشکرا هەست پێکراوە. بۆیە دەنگەکان لە چاو ئەو وەزعەی کە هەیە بە بڕوای من کەم بووە. بۆیە ئەودەنگانەی هەوڵی گۆڕانیان داوە بە هیچ کوێ نەگەیشتوە. من پێم وابێ هەوڵەکان لە رێگای رێکخراوێکی وەک یەکیەتیی ژنانەوەبێ کاراتر دەبێ. بەڵام نەک ئەو یەکیەتیی ژنانەی ئێستا. چونکە پێم وایە یەکیەتیی ژنان زیاتر لاسای حیزب دەکاتەوەو پاشکۆیەکی تەواوی حیزبە. من وەک خۆم رازی نیم لە بەرخوردی حیزب بەرامبەر بە چارەسەری کێشەکانی ژنان. بەشێک لەو ژنانەی پێش ئەوەی بێنە نێو ریزی حیزب کێشەی کۆمەڵایەتییان هەیە، تا ئێستا بە دەیان ژن روویان لە ریزەکانی حیزب کردووەو داوایان کردوە ببنە پێشمەرگە، بەڵام بە هۆی کێشەکانیانەوە لە حیزبدا وەرناگیرێن. تەنانەت هیچ هەوڵێک نەدراوە کەمێک لە ئازارەکانیان کەم بکرێتەوەو رێگەچارەیەک بۆ چارەسەری گرفتەکانیان بیبنرێتەوە. من بۆخۆم کاتی خۆی بە چەندین جار چوومەتە لای بەرپرسانی حیزب و داواو تکام کردوە لێیان کە ئەو ژنانە هەر وا وێڵ نەکرێنو بەرامبەر بە چارەنووسی ئەو ژنە

بێدەرەتانانە حیزب بێتەفاوەت نەبێ. بەڵام وڵامێکم دراوەتەوە کە قەت پێی قانع نەبووم.کێشەی ژنان کێشەی هەموو کۆمەڵگەیە، کێشەی ئەوان تەنیا گرفتی بوونەوەرێکی دیاریکراوە نیە تەنیا پێوەندیی بە خودی خۆیەوە هەبێ. بۆیە ئەگەر حیزب بەرامبەر بەو توێژە لە کۆمەڵ خەمسارد بێ نیشانەی ئەوەیە بەرامبەر بە هەموو کۆمەڵ خەمساردە. چونکە کێشەی ژنان پێوەندیی هەیە بە هەموو کۆمەڵەوە.

***پرسیار: باشە بۆ لاسایی نەکردنەوەی یەکێتی ژنانی لە حیزبی دێموکرات بەرنامەیەکتان بەدەستەوەیە؟***

***وەڵام:*** ئەمن پێم وایە یەکیەتیی ژنان هەتا بەم شێوەیەی ئێستا کار بۆ کێشەکانی ژنان بکا، زۆر زۆر لە دوای ژنانی کوردستانەوە دەبێ. یانی بەجێ دەمێنی لەو حەرەکەتەی ژنانی نێوخۆی کوردستان کە حەرەکەتێکی رۆشنبیریو فەرهەنگی گەورەیان وەڕێ خستوەو بەشێوەیەکی ئەمڕۆیییانەو رادیکاڵانە کار بۆ کێشەکانی ژنان دەکەن. حەزدەکەم ئەم پرسیارە لە بەرێوەبەرانی یەکیەتیی ژنان بکرێ. بەڵام ئەوەندەی من ئاگام لێیان بێ هەتا ئەم لەحزەیەش کارەکانی هەر کۆپییەکن لە حیزبی دیموکرات، هەر چاویان لە دەمی حیزبە بزانن ئەوان بەرنامەو پلانیان چییە بۆیان. ئەوەشمان لەبیر نەچێ حیزبی دیموکرات حیزبێکی پیاوسالاربووە هەتا ئێستاش. کێشەی ژنانی زۆر بەکەمتر لەوە زانیوە کە خۆی پێوەخەریک بکا. بۆیە جارێکی دیکەش دەیڵێمەوە یەکیەتیی ژنان لەمەوبەدوا زۆر پێویستە خۆی لەم بازنە تەنگەبەرەی حیزبایەتی بێنێتەدەرو بەبی ترسو شەرم کار بۆ پرسی ژنان بکاو، خۆی بەرنامەی بۆ کاری خۆی هەبێو بۆ رووداوەکانی پێوەندیدار بە ژنانەوە خۆی هەڵویستی هەبێ، چی دیکە چاوی لە دەمی حیزبی دیموکرات نەبێ بزانێ ئەو چی دەڵێ ئینجا هەڵوێست بگرێ. کاتی ئەوە هاتوە واز لەو لاسایی کردنەوە بێنێ. ئەمانە هیچی بەو مانایە نین ئەوە دەبێتە وازهێنان لە ئامانجە سیاسییەکانیان کە لە بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا هەیە. پاشان کارکردن بۆ پرسی ژن لەم کۆمەڵەی ئێمەدا شەرمنانە ناکرێ. وتم من شەرمو ترس لە لە بەرێوەبەرانی ئەو یەکیەتییەدا دەبینم هەتا بەو شێوەیەش بن ژنان دەسکەوتیان نابێ.

***پرسیار: بۆ نەهێشتنی کێشەکانی ژن لە نێو حیزبدا چ پێشنیار یان بەرنامەیەکتان هەیە؟ ئەدی بۆ کێشەکانی ژن لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا بە هیوای چین و چ پێوەندییەک لە نێوان ئەو کێشانە و پێشمەرگەبوونتان دەبینن؟ ئایا کار یان بەرنامەیەکی جیددیتان بەدەستەوەیە؟***

*وەڵام:* من پێش هەموو شتێک کێشەی ژنان لە حیزبدا دەبەستمەوە بە بیروبۆچوونی پیاوسالاری لە حیزبدا کە زۆر زاڵەو لە ڕۆحیەی ئەندامانو ساختاری حیزبدا بە پڕڕەنگی دەیبینم. بۆیە لەسەر ئەو باوەڕەم حیزب دەبێ ئەو جۆرە بیروبۆچوونانە لەخۆی بسڕێتەوەو بە بیرو فکرێکی نوێوە کار بۆ مەسەلەکانی ژنان بکاو بە کردەوە گرنگی بە رۆڵی ژنان بدا. پێویستە زۆر بەجیددی هەوڵی لابردنی ئەو کۆسپو تەگەرانەی لەسەر رێی ژنانن بدا بۆ ئەوەی ژنان ناچار نەبن بەهۆی ئەوانەوە لە زۆر کارو چالاکیی و مەسئوولییەت خۆ ببوێرن. لە حیزبی دێموکراتدا زۆر ژن هەن (ژنانی بنەماڵە حیزبییەکان) حەز دەکەن لە کارو چالاکی حیزبیدا بەشداری بکەن بەڵام لەلایەن هاوسەر یان باوکو برا دیموکراتەکانیانەوە!! ئیزنیان پێنادرێ، لەلایەن حیزبەوە هیچ لپرسینەوەیەک نیە لەسەر ئەم پیاوانە کە بۆچی رەفتاریان وایە. حیزبێک واقعەن کە خۆی بە دێموکراتو پێشڕەو مۆدێرن دەزانێ دەبێ، ئەندامانی خۆی بەشێوەیەک پەروەردە بکا کە باوەڕ هەبوون بە یەکسانیی ژنو پیاو ببێتە فەرهەنگو یاسای ئەندامەکانی کە بەداخەوە من ئەوە نابینم لە نێو پیاوانی دیموکراتدا.نموونەیەکی دیکە کە کێشەیە لەبەردەم ژنانی پێشمەرگەدا بوونی منداڵە. بەهۆی منداڵەوە بەشێکی زۆر لە ژنانی چالاکیش ناچار بوون لە زۆر کارو مەسئوولییەت خۆببوێرن. حیزبی دیموکرات تا ئێستاشی لە گەڵ بێ ئاوڕی لەو کێشەیە نەداوەتەوەو ئەم گرفتارییەی ژنانی بۆ گرنگ نەبووە. بۆ نموونە مۆڵەتی منداڵ بوون لە حیزبدا بۆ ژنان ٣ مانگە، دیارە ٢ مانگ بوو ئەوەش بە هەزار دادو هاوای ژنەکان بوو بە ٣ مانگ. دوای ئەو سێ مانگە ژن دەبێ بەمنداڵە ساواکەیەوە بچێتە سەرکار بەڵام لە شوێنی کار، نەک هەر هیچ ئیمکاناتیک بۆ پێڕاگەیشتنی منداڵەکە نیە، بەڵکوو هەموو شتەکان نەگونجاون لەگەڵ پەروەردەی منداڵ یان ناچار دەبێ واز لە کارو فەعالییەت بێنێ کە زۆربەی ژنەکان وازیان لە کاوو چالاکی هێناوەو خزاونەتەوە ناو ماڵەکان، کە ئەوەش بۆ پیاواکان زۆر بەقازانجترە لەوەی کە چارەیەک بۆ ئەم گرفتەی ژنان ببیننەوە! بەداخەوە دەبێ بڵێم ژنانی نێو حیزبی دیموکرات زۆر سستن. ئەگەر بە هەموو لایەک چارەیەک بۆ ئەو وەزعە نەبینینەوە بەشی زۆریان پاسیڤ دەبن. چونکە دەبینن حیزبەکەیان هەست بەبەرپرسیارەتی ناکا لەبەرامبەر کێشەکانیاندا. هەرچەند من خۆم پاساوێک بۆ ئەم سستیو ناچالاکییەی ئێستا لە نێو ژنانی حیزب دا هەیە ناهێنمەوە، چونکە پێم وایە بۆخۆمان دەبێ ئەوەندە دەنگمان بەرز بێ کە حیزب ناچار بکەین گوێمان لێ بگرێو بۆ ئالوگۆڕ لەوەزعی ژناندا پابەند بێ بە دورشمەکانی خۆی. راستە حیزب بەو جۆرەی پێویستە چارەسەری گرفتەکانی ژنانی لە نێو کۆمەڵگەو تەنانەت لە ریزەکانی خۆشیدا نەکردوە. بەڵام ئەوە خۆمانین دەبێ باوەڕمان بەخۆمانو بەیەکتری هەبێو هەڵوێستەکانمان بەرامبەر بە مەسەلەو گیروگرفتەکانی ژنان، بکەینە یەک. بەداخەوە ناچالاکیو بێدەنگی لە ناو ژنەکاندا وای کردوە حیزبیش گوێ نەداتە گرفتەکانیان. ئەم خسڵەتی بێدەنگییە کە لە نێو بەشێکی زۆری ژنانی کۆمەڵی کوردەوای دا هەیە، لە نێو ژنانی ناو حیزبیش دا هەیەو هەر ئەمەش بۆتە هۆی

زاڵبوونی کولتووری بەکەمزانینی ژنان. ئەمن خۆم زۆر لەم شێوەکارکردنە نارازیم و زۆریشم رەخنە هەیە لە کارەکانی یەکیەتیی ژنان. من نازانم لە داهاتوودا چ بەرنامەیەک هەیە بۆ گۆڕینی ئەم شێوەکارەو بۆ بەرنامەو پلانی تازەو ناساندنی کێشەکانی ژنان لە حیزبدا. بەڵام وەک خۆم قەت بێدەنگ نابم، هەمیشە هەوڵم داوەو هەوڵیش دەدەم بۆ تێکدانی سیستمی نایەکسان، کە ئەو سیستمە پیاوسالارەیە. بەردەوامیش کاری بۆ دەکەم.

***پرسیار: باشە ناکرێت کە شوێنێک وەک باخچەی ساوایان لە نزیک شوێنی کار بۆ منداڵانی ساوا پێک بێت و بەمشێوەیە دایکەکانیش دەتوانن درێژە بە کار و چالاکی بدەن؟***

*وەڵام:* بۆ ناکرێ زۆر باش دەکرێ‌و دەکرا. ئەمن پێم وایە حیزبی دیموکرات ئەگەر کارو رۆڵی ژنانی بۆ گرنگ بوایە، ئەو ئیمکاناتەشی دابین دەکرد، بۆ ئەوەی ژنان بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە کارەکەیان بکەن‌و بتوان لە کارەکەیدا سەرکەوتووبن. ئیمکاناتو هەزینەی زۆر قورسیشی نەدەویست کە حیزب نەیتوانیبێ دابینی بکا. هەر لەم رۆژانەشدا پاش لەتبوونی حیزبی دیموکرات هەردوولا باس لە گرنگیدان بە رۆڵی ژنان دەکەن و... ئارەزووشمە هەردوولا ئەو رەقابەتەیان هەبێ لەسەر ئەو مەسەلەیە. من زۆریشم بڕوا بەو دروشمانە نیە مەگەر ئەو بیروفکرە بەتەواوی لەخۆیان داماڵن. نموونەیەک باس دەکەم بۆ ئەوەی بزانن حیزب چەندەی کاری ژن بۆ گرنگ بووە: ساڵی ١٣٦٨ لە کومیسیۆنی سیاسی نیزامی کاری تایپو بایگانیم دەکرد. منداڵم بوو هەر بە پێی بڕیاری حیزب ٢ مانگ پشووم درایە. پاش دوو مانگەگە چوومەوە سەرکار، چوومە لای بەڕێز کاک مستەفا هیجری ئەو کاتە بەرپرسی ئەو کومیسیۆنە بوو، گوتم کاک مستەفا پێویستم بە ژوورێکە بۆ ئەوەی مزاحیمی هاوکارەکەم نەبم کە کاک قادر سوڵتان پەنا (قادر خان) بوو (پێکەوە هاوکار بووین)و حاڵ و حەوسەلەی گریانی منداڵیشی نەبوو. کاک مستەفا گوتی بۆخۆت دەزانی ژوورمان نیە بیدەین بە تۆ. ژوورێکی یەک لە سێمیتری لێبوو پڕبوو لە سندووقە فیشەکی خاڵی و عەلادینە شکاو و شتی بێکەڵک. گوتم مەمنوون دەبم کە ئەوژوورەم بدەنێ تەنیا ئەو شتە بێ کەڵکانەی لێلابچێ. گوتی ئەوێ نابێ تاریکە (پەنجەرەیەکی زۆر چووکی تێدا بوو) گوتم رازیم پێی ئەگەر بمدەنێ. پاشان گوتی ژوورت بدەینێ ئیمکاناتی دیکەشی دەوێ خۆ ناچیتە سەر عەرزی رەق و رووت راخەری دەوێ دوایە بۆ زستان ئامێری گەرمکردنی دەوێ. (بۆ هاوینیش هیچی نەدەویست چونکە لای قەندیل بووین پێویستی بە ئامێری فێنککەرەوە نەدەکرد)، گوتم هەموو ئیمکاناتەکە خۆم دابینی دەکەم ئەگەر ئێوە ژوورەکەم بدەنێ. ئاخرەکەی گوتی راستت دەوێ ناتدەینێ چونکە ئەمڕۆ ژوور بەتۆ بدەین ژنەکانی دیکەشمان لێ بەدعەمەل دەبێ. گوتم ئاخەر وەزعی من زۆر جیاوازە. گوتی جا دەتوانی نەیەیتەوە سەرکارو واز لە پێشمەرگایەتی بێنی! ئەو قسەیە زۆری کار تێکردم

زۆر پێی تێک چووم. ئەوە هەموو کارئاسانییەک بوو کە بۆی دیمەوە. لێرەدا مەبەستم ئەوە نیە بڵێم تەنیا کاک مستەفا وابووە، ئەوە بیروبۆچوونی هەموو مەسئوولینی حیزب بووە لە سەر کاری ژنان. پرسیار: هەتا چەندە پێتان وایە کە دەنگتان بە ژنانی نێوخۆی کوردستاندا گەیشتوە؟ زۆر یان کەم؟ ئەگەر کەم ،پلان و بەرنامەتان چیە بۆ وەگەڕ خستن و بەربلاو کردنی خەبات و کاردانەوەی خەباتەکەتان؟ وەڵام: بە بڕوای من زۆر کەم دەنگمان بە ژنانی نێوخۆی کوردستان گەیشتوە. ژنانی ناو حیزب وەک تاک ڕەنگە هەر کەس لە حاند خۆیەوە پێوەندیی بە ژنانێکەوە لە ناوخۆ هەبێ و کاری ڕۆشنگەری کردبێ و بیکا. بەڵام ئەوە بە کافی نازانم. بەڵام ئێمە ئەگەر بمانەوێ بەشێوەیەکی بەربڵاوو کارا پێوەندیمان لەگەڵ ژنانی نێوخۆ هەبێ، دەتوانین لە ڕێگەی یەکیەتی ژنانەوە ئەم کارە بکەین، بە شەرتێک ئەم یەکیەتییە لە بازنەی تەنگەبەری حیزبایەتی بێتە دەرەوە. ئێمە بمانەوێ‌و نەمانەوێ هەموو ژنێک لە خەباتی سیاسیی و حیزبیدا بەشداری ناکا، ئەو شێوە خەباتە گرفتی زۆرترە بۆ ژنانی نێوخۆی کوردستان. یەکیەتیی ژنانیش تا ئێستا پاشکۆی حیزبی دێموکرات بووەو بەو حاڵەش کارەکەی کە ئاشنایەتیی ژنان بە مافەکانیان بووە تەنیا لەنێو کەمپەکانی حیزبدا بووە. ئەم شێوە کارکردنەی یەکیەتیی ژنان جا ڕەنگە هۆی جۆراو جۆری هەبێ، پێم وابێ تەئسیرێکی ئەوتۆی لەسەر نەهێشتنی کێشەکانی ژنانی نێوخۆی کوردستان، یا لە پێناو وشیار کردنەوەی کۆمەڵگە بەرامبەر مەسەلەکانی ژنان نیە. کارو چالاکییەکانی ژنانی پێشمەرگە، تەنانەت یەکیەتیی ژنانیش زیاتر لە خزمەت حیزب دایە تا لە خزمەت وەدیهاتنی هەدەفەکانی ژناندا، هەرچەند من ئەوش بە خراپ نازانم و زۆریش بە پیرۆزی دەزانم کە ژنان لە خەباتی نەتەوایەتیدا بەشداری بکەن و بە خەمی میللەتەکەیانەوە بن. بەڵام ئەوە نابێ ببێتە هۆی ئەوەی کێشەکانی خۆشمان پشتگوێ بخەین. ئێمە نابێ بە عەقڵییەتی حیزبایەتییەوە بڕوانینە مەسەلەکانی خۆمان. هەتا حیزب پلان و بەرنامەمان بۆ دانێ هەر ئەو چاوەڕوانییەمان لێدەکرێ کە ئێستا هەبووەو دەنگمان وەڵامدەری داخوازەکانی ژنانی نێوخۆی کوردستان نەبووە. شتێکی دیکە کە دەتوانێ دەنگی ئێمە بە ژنان بگەیەنێ، کاناڵەکانی ڕاگەیاندنی حیزبە، بەشێک لەو ڕاگەیاندنانە دەتوانن بچنە نێو هەموو ماڵێکەوە، بۆ ئەوەش حیزب دەبێ بە شێوەیەکی بەربڵاو یارمەتیی ماددیو مەعنەوی ژنان بکا بۆ ئەوەی دەنگیان لەم کاناڵانەوە بگات بە ژنانی نێوخۆی کوردستان.

***پرسیار: چ چاوەڕوانییەکتان لە هیزە کوردیەکاندا هەیە؟***

*وەڵام:* هەموو ڕێکخراوێکی ئازادیخوازو دیموکراسیخواز ئەوە دەزانێ هەر چی ژنان بەشداری کارایان هەبێ لە هەر بزووتنەوەیەکدا، ئەو بزووتنەوەیە شانسی سەرکەوتنی زیاترە.بۆیە چاوەڕوانیم لە هێزە کوردییەکان ئەوەیە گرنگی

بدەن بە بەشداری و رۆڵی ژنان لە ریزەکانی خۆیاندا نەک بە دروشم، بەڵکوو بەکردەوە ئەوە بسەلمێنن. ئەرزش بۆ نەخشی ژنان دابنێن. بۆ بەرە و ژووربردنی رادەی وشیاریی ژنانو ئاشناکردنیان بە مافە رەواکانیان بۆ خەباتێکی ئوسوولی لەپێناوی رزگاربوونی ژنی کورددا، هەوڵی جیددی بدەن. کێشەکانی ژنان پشتگوێ نەخەن. بۆ ئەوەی کۆمەڵی کوردستان بەراستی بەرە و کۆمەڵێکی دێموکراتیک و مەدەنی هەنگاو بنێ، پێویستە مەسەلەی ژنانیش لە ئەولەویەتی کارەکانیان دابنێن. قسەکردن لە کۆمەڵگەی مەدەنی و لە دێموکراسی هیچ ئەرزشی نیە کە مەسەلەی ژنان بەچارەسەر نەکراوی بمێنێتەوە. حەز دەکەم ئەوەش بڵێم لە نێو رێکخراوەکانی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا کە هەرکامێکیان لە یەکێک لە حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان نزیکن، بە داخەوە هاوکاری و پێوەندی ئەوتۆ نیە. زۆر گرنگە ئەو رێکخراوانەی ژنان، بە دوور لە تەعەسوبی رێکخراوەیی و حیزبی و لە پێناوی مەسەلەیەکی گرنگتردا کە دەبێ مەسەلەی سەرەکیی هەموویان بێ هاوکاری بکەن و پرۆژەی هاوبەشیان هەبێ.

***پرسیار: ئێوەیش لەگەڵ ئەو بەشەی حیزب کەوتوون کە درووشمی گۆڕان و رێفۆرمی هەڵگرتوە، ئێوە وەک ژنانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان چ پلان و بەرنامەیەکتان لەبەر دەست دایە؟ ئەدی ئەگەر کۆسپ و تەگەرە هەر وەکوو جاران هاتە پێش، بە هیوای چین و چۆن بەرگری لە مافی خۆتان دەکەن؟***

***وەڵام:*** من لێرەدا وەک خۆم وەڵام دەدەمەوە نوێنەری ژنانی ناو حیزب نیم. پێم وایە لەو گۆڕان و ریفۆرمەی ئەم جارەدا کە حیزبی دیموکراتی کوردستان باسی دەکا، ئەوە خودی ژنانن دەبێ ئەو گۆڕانە لەخۆیاندا پێک بێنن. چالاکی چروپڕ بۆخۆوشیارکردن و بەدواداچوونی خواستەکانیان. هەوڵدان بۆ رۆڵی کارای ژنان لە حیزبدا لە پێشدا دەبێ ژنان خۆیان ئەم کارە بکەن، چاویان لەوە نەبێ حیزبی دیموکراتی کوردستان بەم زووانە ئاڵوگۆڕی قووڵ پێک دێنێ. بەڵام ژنان نابێ دەست لەسەر دەست دانێن. پێویستە خۆیان زەمینە خۆش بکەن بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانە. بەردەوام مەسەلەکانی ژنانیان بیر بێننەوە. ئەگەر هەروەکوو جاران کۆسپ و تەگەرە هاتە پێشمان کە دەشبێ، نابێ بێدەنگ بین. با پێشیان وانەبێ بە بوونی ژنێک یا دوو ژن یا زیاتر لە پۆستی رێبەریی حیزبدا هەموو کۆسپ تەگەرەکان لادەچن، رەنگە تەئسیری هەبێ بەتایبەت ئەو ژنانە ئەگەر بەهەڵوێست بنو دەنگی ژنان بن لەوێ خراپ نیە، بەڵام بەداخەوە زۆرجاریش ژنانێک دەگەنە ئەو پۆستانە کە لەوێ نەبن باشترە، بە ناوی ژنان جێگەیەک دەگرن بەڵام نوێنەرایەتی ژنان ناکەن. بۆ ئەوە ژنان پێویستە هەوڵ بدەن ژنانێک بگەنە ئەو پۆستانە کە بە شانازییەوە نوێنەرایەتی ژنان بکەنو واقعەن دەنگی ژنان بن . بەراستی ئەمن قەت ئەوەم پێ‌ڕەوا نیە ژنێک یان دوو ژن، یان زیاتر، ببێتە ئەندامی رێبەریی حیزب هەر بۆئەوەی سیمای حیزب پێشکەوتووانەو ئاڵوگۆڕخوازانە

نیشان بدرێ. ژن دەبێ خۆی شایستەی ئەوە بێ نەک وەک دیکۆرێک لەوێ دا بێ. خۆیان نابێ رازی بن بەوە. پێویستە خاوەنی وشیاریی و بڕوای پتەو بە توانایی خۆیان بن و خۆیان بسەلمێنن و بسەپێنن.. ژن دەبێ بە وشیارییەوە لەوێ بێ بۆ ئەوەی دەنگی ئەو کاریگەریی هەبێ.

***پرسیار: کۆمەڵێک لە کادر و پێشمەرگەکانی نێو حیزب پێش لەتبوونی حیزبی دێموکرات خۆیان بە "ئۆپۆزیسیۆن" ناساند، بۆ ئێوەیش لە نێو حیزبدا لەهەمبەر ئەو هەمووە گرفت و کێشانەی کە پیاوان بۆتان سازدەکەن شتێکی وا پێکناهێنن؟ ئاخر دەفەرمووی کە قەت وڵامی وایان نەداوەتەوە کە ئێوەی ژنانی نێو ڕیزەکانی حیزبی پێ قانع بووبێت، کەوابێ دەنگ و فکری ناڕازی ئێوەیش هێشتا ڕێکنەخراوەو یەکی نەگرتووە؟***

*وەڵام:* زۆر کارێکی باشە ئەوە بکەین. زۆر ڕاستە ئەگەر ژنان لە ناو حیزبدا خۆیان ڕێک بخەنو ئەم دەنگو فکرانە لێرەولەوێ وەک تاک ماونەتەوە، کۆبکەنەوە سەریەک بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی بە بەرنامەو بە هەڵوێست و داواخواستەکانیان پێشکەشی حیزبی بکەن و لەسەری سوور بن، پێم وایە کاریگەریی دەبێ لە سەر ئەوەی وەڵامی موسبەت بداتەوە. بێگومان حاشا لەوەی ناکەم لەو کەمکاری و کەمتەرخەمییەی حیزب سەبارت بە کێشەو گرفتەکانی ژنان، بەشێکی زۆر لە هۆکارەکارەکانی دەگەڕێتەوە سەر خودی ژنان.

***پرسیار: ژنان و کچانی نێوخۆی کوردستان چیبکەن بۆئەوەی کە پێوەندیتان پێوە بگرن؟***

*وەڵام:* پێم وابێ ئەگەر ئێمە چالاک بینو دەنگمان بەرز بێ و لە بەرامبەر دیاردەناحەزەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بەرامبەر بە ژنان هەڵوێستی نەترسانەمان هەبێ و هەوڵ بدەین لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە دەنگی خۆمانیان پێ بگەیەنین و بەبێ ترس و شەرمکردن و ڕوودەربایسی لەگەڵ پیاوان و یاساو ئایین کار بۆ نەهێشتنی کێشەکانی ژنان بکەین و بە سەراحەت قسەکانمان بکەین، هەموو ئەوانە دەبنە هۆی ئەوەی ژنان و کچانی ناوخۆی کوردستان دەنگی ئێمە ببیسن و بمان بینن. زۆر ڕوونە ئەوانیش پێوەندیمان پێوە دەگرن بە تایبەتی ئێستا پێوەندی گرتن زۆر ئاسانترە لە ساڵانی پێشوو. لە ڕێگەیتەلەفۆن، ئینترنێت و... دەتوانین هەردوو لامان پێوەندی دروست بکەین. بە بڕوای من چالاکبوونی ئێمە لە ڕاگەیەنە حیزبی و غەیرە حیزبییەکاندا، دەتونێ هۆکارێکی باش بێ هەم بۆ دروستکردنی پێوەندی لە نێوان ئێمەو ژنانی نێوخۆی کوردستاندا، هەم بۆ دەنگدانەوەی کێشەو گرفتەکانی ژنان و، وەرێخستنی جموجۆڵی کۆمەڵایەتی لە نێو کوردستان و، بەرەوپێشبردنی ویست و داوانمان.

*زۆر سپاستان دەکەم بۆ بەشداریکردن لەم وتووێژەدا.*

**منیش زۆر سپاسی ئێوە دەکەم.**

**(*) کچ ئەگەر کوڕێکی خۆش ویست و بنەماڵەکەی رازی نەبن کچەکەیان شوو بکا بەو کوڕە بەبی ئیزنی کەس و کار دەڕوا لەگەڵی)**

**ئەم وتووێژە لە دیمانەدا بڵاوکراوەتەوە ٢٤ - ٢ - ٢٠٠٧**

## کەڵکی خراپ وەرگرتن لە جوانیی جەستەی ژن

**لە رۆژگاری ئەمڕۆدا لە نێوان خاوەنانی سەرمایەو کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری کەلوپەل کێبەرکێیەکی بەهێز هەیە بۆ وەدەستهێنانی بازاڕی فرۆش، هەر ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کۆمپانیا رێکلامییەکان بێنەمەیدانەوەو رێکلامی جۆراوجۆر پێشکەش بکەن. هەرکامەیان لە هەوڵی دروستکردنی رێکلامی سەرنجراکێشترو کاریگەرتردان، ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی لە هەموو شتێک کەڵک وەربگرن، تا ئەو جێگایەی کە تەنانەت بەها ئەخلاقییەکانیش بخرێنە ژێر پێ. کە گرنگترینیان کەڵکوەرگرتنی ئامرازییە لە ژنان.**

**لە زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوادا لە راگەیەنە گشتییەکانی وەک تەلەفزیۆن و رۆژنامەوهتد بۆ نیشاندانی بەرهەمەکانیان زۆرتر لە ژنان کەڵک وەردەگرن. ئەوان بۆ رێکلام بۆ بەرهەمێک لە حاڵی جیاوازدا بە جلوبەرگی جۆراوجۆرەوە لە ژن کەڵک وەردەگرن، ئەویش بە شێوەیەک کە زیاتر لەشی نیشانی بینەر بدرێ. بۆ نموونە کە رێکلام بۆ ماشێنی جلوبەرگ شۆری یا گەسکی کارەبایی دەکەن هەمیشە ژنێک لەلای ئەو ئامێرانە راوەستاوەو سەرنجی کڕیار بۆ لای ئەو ئامێرانە رادەکێشێ. رێکلام بێجگە لەوەی کە بە نیشاندانی جەستەی ژن سەرنجی کڕیار بۆ لای ئەو کەلوپەلانە رادەکێشێ، شتێکی دیکەش نیشان دەدا، ئەویش بیروبۆچوونی رێکخەرانی ئەو جۆرە رێکلامەیە، لە روانگەی ئەوانەوە ژنان بەکارهێنەرانی نەریتی ئەو جۆرە بەرهەمانەن. ئەوان ئەوەی لەدەستیان دێ لەبەرچاوی دەگرن، بۆ ئەوەی سەرنجی زۆرترین خەڵک رابکێشن و، زۆرترین کاریگەریی بە جوانترین شێوە و لە**

کەمترین ماوەدا دابنێن. بینەر بە هۆی یاری و جووڵەی ڕەنگەکان تەنانەت چەند چرکەیەکیش دوای ڕێکلامەکە، هەروا لە ژێر کاریگەریی ڕێکلامەکەدا دەمێنێتەوە. یا حاڵەتێکی وای تێدا پێک دێ بەهەر جار دیتنی بەرهەمی ڕێکلام بۆکراو، ڕاکێشەر بوونی جەستەی ژنی بێتەوە بەرچاو.

بە بڕوای ڕەخنەگران کەڵکوەرگرتنی ئامرازی لە جەستەی ژنان کۆیلەکردنی ژنانە بۆ خزمەتی سەرمایە.

کەڵکوەرگرتن لە جوانیی جەستەی ژن بۆ قازانجی سەرمایەداری و پێشکەشکردنی بەرهەمێک، نەتەنیا هێنانەخواری پلەو پایەی ژنە، بەڵکوو لە ڕاستی دا ژن دەکاتە کالایەک بۆ پەرەپێدانی بیرکردنەوەو خەیاڵاتی جینسیی بینەران و گوێگرانی ڕێکلام، ئەوەش شێوەیەک لە بیرکردنەوەی پیاوسالارییە کە سەرەڕای ئەو هەموو ئاڵوگۆڕو پێشکەوتنانەی لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی ژندا پێک هاتوە، ئێستاش ئەو بیرکردنەوەیە ماوەتەوە.

دیارە گرووپە ئیسلامییەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەیانەوێ بەکەڵکوەرگرتن لە ژنان وەک وروژێنەری هەستی جینسی، سووکایەتی بە کەسایەتی ژنان بکەن. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین لە ولاتانی ئیسلامییشدا بابە مەبەستی وروژاندنی جینسییش نەبێ، کەڵکی خراپ لە ژنان وەردەگیرێ. بۆ نموونە لە ئێران ژنان بە حیجابەوە بۆ ڕێکلامی بەرهەمە جۆراوجۆرەکان بەکار دەهێنرێن. ئەگەرچی لە ولاتانی ئیسلامییدا ژنان بە لەشی داپۆشراوەوە بەشداریی لە ڕێکلامدا دەکەن و لایەنی وروژێنەری جینسیی نیە، بەڵام کەڵکوەرگرتنی ئەو بەرهەمانەی بەبەشداریی ژنان ریکلامیان بۆ دەکرێ، بە شێوەیەک بانگەشەیە بۆ نزمکردنەوە یا نزم هێشتنەوەی پێگەی ژنان لەو کۆمەڵگەیەدا. لە حەڵقە تەلەڤیزیۆنییەکاندا کە ئەوانیش جۆرێک لایەنی ڕێکلامییان هەیە، ژن هەمیشە گوێڕایەڵی قسەی مێرد، بەسەبرو تەحەمولەو، ئەو جۆرە ژنانە وەک کائینێکی پیرۆز نیشان دەدرێن. ئەو ژنانەی بەوشێوەیەن هەمیشە خەریکی پاکوخاوێنیی ماڵ و شوشتن، ئاشپەزیو هتدن. بۆ نموونە لە تەلەڤیزیۆنە عەرەبییەکاندا کاتێک بۆ ڕێکلام بۆ جۆرێک چای دەکەن، ژنێکی حیجابی بە سینییەک چاوە نیشان دەدەن کە چای بۆ کۆمەڵێک پیاو دەبا کە زۆر بە گەرموگوڕی خەریکی قسەو باسی سیاسی و هتدن. یا لە ئێران بۆ ئەوەی ڕێکلام بۆ ڕۆنێک بکەن ژنەکە لە حاڵی دروستکردنی خوارنێکی بەتامدا نیشان دەدەن کە هاوسەرەکەی حەزی لێ دەکا یا کاتێک لەگەڵ هاوسەرەکەی کێشەیان هەیە لە جیاتی ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەکەیان ئەوەی

بەبیروزەینی ژنەکە دەگات بۆ چاککردنەوەی دڵی هاوسەرەکەی دروستکردنی خواردنێکە بە هۆی کالایەک کە ڕێکلامەکە مەبەستیەتی.

ئەو جۆرە ڕێکلامانە بە رواڵەت خراپ کەڵکوەرگرتن نیە لە ژنان، بەڵام دەبێ بزانین ژمارەیەکی زۆر بینەرانی ریکلام منداڵانن. ئەم شێوە ڕێکلامە ئەوە لە مێشکی ئەو منداڵانەدا جێگیر دەکا کە، جێگەی شیاوی ژنان یا ئاشپەزخانە (متبەق)ە یا پەنا ئامێری جل شۆرین و...جێگەی پیاوانیش، ئیدارەکان، یاریگەکان و... بە پێی نێوەرۆکی ئەم جۆرە ڕێکلامانە ئەوەی گەورەیی و پیرۆزی بە ژن دەبەخشێ، خزمەتی بەردەوامی مێرد و منداڵەکانی و راگەیشتن بە ئەندامانی بنەماڵەیە، نەک کەڵک وەرگرتن لە راگەیشتن بە لێوەشاوەیی و تواناکانی لە دەرەوەی ماڵ کە دەتوانێ بۆ باشتر بوونی ژیان کاریگەر بی. پیاو دادەنیشێ و ژنیش خەریکی خزمەتکردنیەتی، ژن لە ماڵەوە دەمێنێتەوە و پیاویش دەڕوا بۆ دەرەوەو دوایەش بە دەستی پڕەوە دێتەوە بۆماڵ. ئەوانە کارێکن ریکلام هاوتەریب لەگەڵ ئامانجەکانی سیستەمە دەسەڵاتدارەکان ئەنجامیان دەدا. ژنان لە هەڵکەوتی نزمتردا دەنوێنێ و پیاوان لە بارودۆخێکی باڵادەستتردا.

لە راستی دا ئێمە بێئەوەی بە خۆمان بزانین هەر ئەو نەخش و کردەوانە بەرێوەدەبەین کە ڕێکلام لە خزمەتی سەرمایەداری و سیستەمە دەسەڵاتدارەکاندا بۆی دیاری کردووین. هەر ئەو کالایە دەکڕین کە زۆرتر ناسێندراوە. هەر وەک ئەو فلان هونەرپیێشە رەفتار دەکەین کە ڕێکلام کردوویە بە سەرمەشقمان. هەر ئەو جلوبەرگە لەبەردەکەین کە فلان گۆرانیبێژی بەناوبانگ لەبەریدایە. کەلتوورێکیش کە ئەم جۆرە ڕێکلامانە بەرهەمی دێنێ، لە ژنانی دەوێ پێ لەبەرەی خۆیان زیاتر رانەکێشن و ئەو رۆڵە بنەماڵەیی‌و کۆمەڵایەتییەی خۆیان کە ڕێکلام بەرجەستەی کردۆتەوە، بپارێزن.

ژنان لە سیستمی سەرمایەداریی پڕاوپڕ لە کێبەرکێی دڵرەقدا دەبێ لەکەلوپەلی جوانکاری‌و نوێترین مۆدەکان کەڵک وەرگرن. نەک لەسەر ئەوەی شایانی ئەو کەلوپەلانەن، بەڵکوو بۆ ئەوەی ئەو کالایانە باشتر بفرۆشرێن و سوودی زیاتری بخرێتە گیرفانی خاوەنانی سەرمایە. کەواتە ژنان وەک نێچیرێک کەڵکیان لێ وەردەگیرێ کە دەبێ بە هۆی جوانییەکەیانەوە فرۆشی بازاڕی کالاکان گەرمتر بکەن!

ئەوەی گرنگە رۆڵی شاراوەی ڕێکلامە کە زۆر جار مەبەستی دوورکردنەوەی مرۆڤەکان بەتایبەت ژنان لە زاتی

خۆیانەو بەم جۆرە، دەرفەتی باشترکرنی ژیانیان لێ دەسێنێتەوە. بۆیە پێویستە هەم ژنان بۆخۆیان و هەم ئەو پیاوانەی پێگەی کۆمەڵایەتی و ماف و ئازادییەکانی ژنانیان بەلاوە گرنگە، بە چاوێکی کراوەتر هەڵوێستە لەسەر، کەڵکوەرگرتنی ئامرازی لە رێکلامدا بکەن و ئەم رەهەندەی رێکلام بە هێند بگرن و لێی بێدەنگ نەبن.

لە رۆژنامەی "کۆیە" ژمارە ٧دا بڵاوبۆتەوە

---

## کچانی شەللاق لێدراو

### ئەو بیرەوەرییانەی زیندانی ژنان لە سنە، کە بە دەرچوونی حوکمی شەللاق بۆ "دڵارام عەلی" هاتنەوە یادم

### نووسینی رۆئیا تلووعی وەرگێڕان لە فارسییەوە: کوێستان فتووحی

"دنیا"یان هێنایەوە بۆ بەند. بە بێدەنگی بە پەنا تەختەکەمدا کە لە سەرەوەی تەختەکەی "زوهرا" بوو، تێپەڕی. بە چاوێکی فرمێسکاوییەوە چاوێکی لێکردمو گوتی:

- باشە خانمی تلووعی گیان، ئەمجارەش گوناحم شۆرایەوە، تا جارێکی دیکە...
- جارێکی دیکە؟ بۆ قەرارە دیسان بێیەوە؟

ئێستا ئیدی گەیشتبووە لای تەختەکەیو دەمەوروو کەوتە سەر عەرز. زیندانییەکان لە دەوری کۆبووینەوە. کە کراسەکەیان هەڵدایەوە، پشتی رەش و شین هەڵگەڕاوی دەرکەوت، بە هۆی لێدانی شەللاق هەمووی بووە برین و خوێن تێی دا دەڵەمەی بەستبوو. سەرەڕای ئاهوناڵەکانی، زوهرا. هەوڵیدا کەمێک پومادی بۆ لێبداو بۆی چەور بکا. سەربازەکە زۆر بێ بەزەییانە لێی دابوو، هەرچی "دنیا" لەبەر ئازاری زۆر ناڵاندبووی ئەو زیاتر کەیفی پێ کرد بووو توندتری لێدابوو. لەپەنای دا دانیشتبووم و بە غەمبارییەوە چاوم لێ دەکرد. سەری هەڵێناو بە زەردەخەنەیەکی تاڵەوە لە وەڵامی پرسیارەکەمدا بە درەنگەوە گوتی:

ـ بەڵێ روون و ئاشکرایە دێمەوە بۆ ئێرە. کوێم هەیە بچم؟ لە دەرەوەی ئێرە کەسێکم نیە چاوەڕوانم بێ. ماڵێشم نیە. دەبێ بچمە نێو سەتڵە زبڵەکانەوە.

ـ سەتڵی ئەشغاڵ؟ مەبەستت چیە؟

ـ ئەی خانمی دوکتور گیان! دڵت خۆشە، ئەمن وەک تۆ ماڵ و ژیان و ئازمایشگا (تاقیگا)م نیە. دەبێ شەوانە بچمەوە نێو سەتڵە گەورەکانی زبڵەوە لە "سعادت ئاباد"ی تاران.

ئازاری زۆر بوو. کاتێکی باش نەبوو بۆ دەردە دڵ کردن. دەبوو پرسیارەکانم بۆ کاتێکی دیکە دانابایە.

حوکمی زیندانیی تەواو ببوو بردبوویانە دادگا تا حوکمی شەللاق لێدانی لەسەر بەڕێوە ببەن. خانمی تەقی پوور بردی. ئەو هێندێک بە روحمتر بوو لە زیندانەوانەکانی دیکە. سەمیرای تەمەن ١٨ ساڵ لەبەرخۆیەوە گوتبووی خۆزگە خانمی تەقی پوور شەللاقی لێ بدا. ئەو زۆر توندی لێ نادا. خانمی تەقی پوور گوێی لێ بوو. گەڕایەوەو گوتی ئەگەر سووکی لێ بدەم قبووڵی ناکەن، دەڵێن "حد" بەڕێوە ناچێ. ئێستا دەی بەم خوا بکا سەربازی لێ نەبێ و بڵێن بۆخۆت لێی بدە. بەڵام لە بێ شانسیی "دنیا" سەربازی لێ بووو حوکمەکەی بەڕێوە بردبوو. ئێستا "دنیا" حوکمەکەی تەواو ببوو، بەڵام تاوانبار بوو بە کوتەککاریی. "ئاوات" ژنێکی لاوی ١٨ ساڵەیە کە ئەویش بەهۆی کوشتنی هاوسەرەکەی حوکمی "قصاص"ی لەسەر درابوو، بۆیە دەبێ "دنیا" لەوێ بمێنێتەوە تا دادگایی لەسەر ئەویش بەڕێوە بچێ و ئاوات ڕەزایەتی پێبدا. گۆیا "دنیا" لەگەڵ دوو زیندانیی دیکە بە هاندانی زیندانوانێک کە" ئاوات" لێی داخدار بووە، هەتا رادەی مردن لەو ژنە بێچارەی مەحکووم بە ئێعدام دەدەن. زیندانوان قەولی پێ دابوون کە ڕاپۆرتیان لێ نەداو مەسەلەکە بە نهێنی بمێنێتەوە. بەڵام ئەوەندە بە شێوەیەکی دڕندانە لە ئاوات دەدرێ، دوکتوری زیندان کە ئەو ژنە نیوە مردووە دەپشکنێ لە مەسەلەکە ئاگادار دەبێ و ڕاپۆرتەکەی دابۆوە. دوایەش ئاوات سکاڵای کردبوو کە لە کۆتایی دا ئاکامی سکاڵاکە، گۆڕینی شوێنی کاری زیندانوان و دوورخستنەوەی ئاواتی خەمۆک بۆ زیندانی قوروە بوو کە بە پێی قسەی زۆر لە زیندانییەکان، ئەوێ زۆر خراپتر بوو لە زیندانی سنە، ئەوەش زۆر روونە ئاوات زیاتر تووشی خەمۆکی دەبێ.

"دنیا" زۆر پەشیمان بوو. بەهەرحاڵ بۆ خۆشخزمەتی بە زیندانوان و وەرگرتنی ئیمتیازێک ئەو کارە خراپەی کردبوو. ئاواتیش بە هیچ شێوەیک ڕەزایەتی نەدەدا.

ئەمن دەمدی تەواوی ئەو توندوتیژییانەی لە دژی ئەو ژنە رەنج دیتووانە بەڕێوە دەچوون، دیسان لەلایەن خۆیانەوەو لە دژی یەکتر بەڕێوەیان دەبردەوە. بەڵام ئەوان بێجگە لەوە چی دیکەیان دیبوو؟ لە بەندێکدا کە زۆربەی جاسووسییان لەسەر یەکتر دەکرد، هیچکەس باوەڕی بە یەکتر نەبوو، هەر تاوناتاوێک هاوارێک بەرز دەبۆوە، شووشە دەشکاو خۆیان شەلاڵی خوێن دەکردو دەیانویست خۆکوژی بکەن. دنیای دەرەوەی زیندان و نێوەوەی زیندانی ئەو ژنانە پڕ بوو لە توندوتیژی و هەژاری.

بەهەرحاڵ دەرفەتێکم وەدەست هێنا کە لەگەڵ "دنیا"دا قسە بکەم. لەسەر ژیانی خۆی قسەی بۆ کردم. باوکە موعتادەکەی، جەستەی ئەوی فرۆشتوە و پارەکەی وەرگرتوە. گوتی لە برای خۆی حامیلە بووەو کوڕێکی هەیە. "رەزا"ی بێتاوان کە فرۆشراوە بە قاچاغچی یەک لە سیستان و بلوچستان. تەنیا ئارەزووی "دنیا" دیتنەوەی کوڕەکەیەتی کە ئێستا چوار ساڵەیە .

"دنیا" بڕیار دەدا لە ماڵی باوکی رابکاو لانی کەم پارەی جەستەی خۆی بۆخۆی وەری بگرێ. بەڵام ئاکامی ئەو کارەش لە کۆتاییدا خەوتنە لە نێو سەتڵەگەورەکانی زبڵ دا لە "سعادت آباد"ی تاران. بیری دێتەوە کە شەوێک لە نێو سەتڵی زبڵ دا خەوتوە، یەکێک لە خەڵکی ئەو گەڕەکە بێ ئاگا لەوەی کە ژنێکی بێ پەنا لەو سەتڵەدا خەوتووە شووشەی شکاو فڕێ دەداتە نێو سەتڵی زبڵەکەوەو تەواوی دەموچاوی "دنیا" بریندارو شەلاڵی خوێن دەبێ.

هەر لەو کاتەدا بیرم لە چارەنووسی خەماویی "دنیا" دەکردەوە، بەرنامەی تەلەڤیزیۆنی نێو بەند سەرنجی راکێشام. مەلایەک بوو لە بارەی "خمس"و زەکات و ئابووریی ئیسلامییەوە قسەی دەکرد...

***

ماوەیەک دواتر نۆبەی گوڵاڵە هات بۆ ئەوە حوکمی شەللاقی لە سەر بەڕێوە بچێ. ئەم ژنە لاوە ١٩ ساڵەیە بە گریان و پشتی شین و رەش هەڵگەڕاوو دەردو ئازارەوە گەڕایەوە نێو بەند. تەنیا مەسەلەیەک کە خۆشحاڵی دەکردو لە نێو ئەو هەموو ئازارەداو لە پڕ زەردەخەنەیەک دەهاتە سەر لێوی. چاوەکانی لە خۆشحاڵییان دەدرەوشانەوەو دەی گوت: ئۆخەی، ئیدی وەزعم روون بۆوە. ئێستا ئیدی لە زیندان دەچمە دەرەوە." دوایە چاوەکانی پڕ دەبوون لە فرمێسکو لە بن لێوەوە دەی گوت: ئاخ فەرزین. دیسان هۆڕ هۆڕ دەگریا.

فەرزینە چکۆلەی سێ مانگە، منداڵی "نارەوا"ی گوڵاڵە بوو کە هەر دوو رۆژ لەوەپێش بردبوویانە بێهزیستی.

گولاڵـە کـە بۆخۆشـی منـداڵی تـەڵاق بـووو لـە بنەماڵەیـەکی بێسـەرەوبەرەدا لـە ئـەنجامی لەشفرۆشـی بـەهۆی هەژارییەوە، حامیلە دەبێ، ماوەی دووگیـانی و منداڵبوونەکەی هەر لە زینـدان بردبووەسەر، چونکە دایکی ئەوی تەحویلی نیروی ئینتیزامی دابوو.

ماوە ماوە کە پووشـاک یـا شیری وشکی فەرزین تـەواو دەبـووو فەرزینی برسی بـە گریانـەکانی، حـاڵی بـۆ دایکـی نەدەهێشتەوە، گولاڵە کە لە چاوەڕوانی شیرو پووشاک و نەگەیشتنی پێداویستییەکانی منداڵەکەی شێت دەبووو دەی دا بەسەری خۆی داو لە پڕ هاتوهاواری هەموو بەندەکەی پڕدەکردو فەرزینی بێچارەشی لەسەر سیمانی سارد لە پێش درگای زیندانوان دادەناو هاواری دەکرد بیبەن بۆ بێهزیستی. من نـاتوانم منـداڵی برسـی لێـرە گـەورە بکـەم. گولاڵـە حوکمی زینـدانی کرانـی نـەبوو تـەنیا حوکمی شـەللاقی هـەبوو. بـەڵام تـا دیـاریکردنی ئاکـامی تاقیکـاری "پترینتـی" ئـەویان لـە زینـدان راگرتبـوو! دیـارە بـاوکی ئەسڵیی منداڵەکە هەڵاتبوو. لەبیرمە رۆژێـک گولاڵـە بـە ناڕەزایەتی لەوەی بەبێ حوکم دران لە زیندان راگیراوە، ویستبووی خۆکوژی بکا. بەرپرسی بەندی زیندانی "نسوان" (ژنان) خۆی هاتو گولاڵەی بریندراری بەبێ پانسمان (تەداوی) بە دەستو لاقی بەستراوەوە لە تەختەکەی بەست و منداڵە برسیەکەشی لەسەر عەرز لەلای تەختەکە دانا. دەستووری دا هیچ زیندانییەک نابێ بـەلای ئـەو منداڵـەوە بچێ و یارمەتی بدا. ئەو زیندانییانەی کە بەو شێوەیە تەمبێ دەکران زۆرجار لەسەر تەختەکە میزیان بـەخۆیان دا دەکرد چونکە بۆ کاری ئاودەستیش دەست و لاقیـان لـە تەختەکـە نەدەکردنـەوە. زۆر لـە زیندانییـەکان بۆیـان بـاس دەکردم کە لەبەر هەتـاوی سووتێنەری هاوین یـا لـە شـەوی سـاردی زسـتان لـە کـاتی بـارینی بـەفردا بـە جلوبـەرگی تـەنکی کوردییـەوە لـە حەوشـەی "آگـاهی"و یـا لـەنێو بەندەکـەیان بـە تـەخت یـا بـە دیـوارەوە بەسـتراونەتەوە (بەمەبەسـتی فشـارهێنان بـۆ داننـان بـە قـەتڵێک کـە نـەیان کـردوە). ئـەوەی لـەبارەی گولاڵـەوە دەکـرا نەتـەنیا شکەنجەی خۆی، بەڵکوو شکەنجەی منداڵـە سێ مانگەکەو شکەنجەی ئێمـەی زینـدانیی بـوو کـە دەبـوو ئـەو دیمەنـە ئازارهێنەرە تەحەممول بکەین، چونکە گولاڵەیان بەتەختەکەی خۆیەوە لە نێو بەنددا بەستبۆوە. بەخۆشییەوە دوای یەک سەعات منیان بانگ کرد بۆ دادگایی، تـا گەڕامەوە شکەنجەی گولاڵە تـەواو ببـوو. یـانی مـاوەی چـوار سـەعات دایکو منداڵەکەی ئەو وەزعەیان تەحەممول کردبوو.

لەبیرمە رۆژێک لە ئاهونـاڵەو پاڕانەوەی ژنێکی لاوی زۆر جوان وەخەبـەر هـاتم. ئـەو ژنـە ماوەیـەک پێشتر لەگـەڵ دۆستەکەی لـە مـاڵی دوو کـوڕی خوێنـدکاردا گیرابـوون( دیـارە پیاوەکانیـان ئـازاد و ژنەکانیشیان رەوانـەی زینـدان کردبوو) ژنە لاوەکە لەسەر (بەرماڵ)ەکە دەپاڕایەوەو دەی گوت ئەی خودایە ئەگەر بەڕاستی هەی، یارمەتیم بـدە

تا لێرە رزگارم بێ. خودایە بە کووچەو کۆڵانەکان رازیم، بەس لەم جەهەننمە رزگارم کە. گریانەکەی زۆر خراپ کاری لە رۆحم کرد. گوێم بۆ دەردەدڵی راگرت، تێ گەیشتم لە مێردە زۆر تووڕەکەی کە دەستی لێدانیشی هەبووەو دیارە بەزۆری زڕدایکیشی درابوو بەو پیاوە، تەڵاقی وەرگرتبووو دوای ئەوەش زڕدایکی رێگەیماڵەوەی پێ نەداوە، بۆیە ئاوارەی شەقامەکان دەبێ. لە راستی دا هیچ داهات و دابینکردنی کۆمەلایەتی و پشتیوانی حکوومەت و ماڵی ئەمنییش نیە بۆ ژنانێک کە لە مێردەکانیان جیا دەبنەوە. چارەنووسی ژنێکی لاو کە جوانیش بێ، روونە چۆن دەبێ. دیارە بەو جۆرەی ئەو دەی گوت ئەگەر دەعوەتی قازیی "بەرێز"ی کێشک پێش ناردنی بۆ زیندان قبووڵ بکردایە کە گوتبووی ژن و منداڵەکانم لە ماڵ نین، ئێستا لە زیندان نەدەبوو! شەرارە بۆی باس کردم زۆر شەو مشتەری نەبووەو ناچار بووە هەتا بەیانی بەسەرما بە شەقام و کۆڵانەکاندا بگەڕێ تا "حەمام"ی گشتی (عمومی) بکرێتەوەو لە سەعات ٨ی بەیانی یەوە تا ١٢ی نیوەڕۆ لەژێر دوشی ئاوی گەرمی حەمامەکەدا کەمێک خەوی لێ بکەوێ. ئەو تەنیا لە خودا دەپاڕایەوە کە نەینێرنە بێهزیستی چونکە دۆخی بێهزیستیی زۆر لە زیندان پێخراپتر بوو. دوعای دەکرد هەرچی زووتر شەللاقی لێ بدرێ و بڕوا بەلای کارەکەیەوە. لەبیرمە مینا دەی گوت کاتێک شەللاقت لی دەدەن ئاهوناڵە مەکەن چونکە سەربازەکە چێژ لەو ئاهوناڵانە وەردەگرێ و توندترت لێ دەدا.

ئەو رۆژەی کە ئازاد دەبووم، شەرارە لێی پرسیم کاتێک کە ئازاد کرا بچێتە کوێ؟ گوتم یەکڕاست بڕۆ بلوار، بەردەمی[ئیدارەی] سەرچاوە سروشتییەکان (منابع طبیعی)، بادەوە دەستی چەپ لە کۆتایی شەقامەکە دەگەیە "حفاظت اطلاعات"ی نیروی ئینتیزامی. بڵێ دەمەوێ سەرهەنگ دەوڵەتی ببینم. بە سەرهەنگ دەوڵەتی بڵێ تلووعی گوتوویە بێمە لاتو بە حورمەتی ئەو تەقەڵانەی کە پێتەوە دیارن و مۆری جەبهەن و زۆریان پێوە دەنازی، داوات لێ بکەم ئێستا کە "روئیاو نگین"ت چەندین جار بانگ کردوە و لێکۆڵینەوەت لێ کردوون و ئیجازەی (ئێن جی ئۆ)ت پێ نەدان و ئاخرەکەشی گرتانن. بۆیە ئێستا موسوڵمانێکی باش و بڕوادار بەو، ئەگەر راست دەکەی "ماڵی ئەمن" بۆ ژنان و ئێن جی ئۆی ژنان خراپن، کەوایە سەرپەنایەک بدە بەو ژنانەی کە بێپەنان با وەکوو من ئاوارەی شەقامەکان نەبن و ناچار نەبن لەشفرۆشی بکەن.

***

ئەمڕۆ دووساڵ بەسەر ئەو رۆژە تاڵانەدا تێپەڕیوە. بۆ منی کوردی بەندی "نسوان"ی زیندانی سنە بە بەراورد لەگەڵ زیندانی تاکەکەسیی ئیتلاعات، بەهەشت بوو. لە ئیتلاعات یەکێک لە بابەتەکانی لێکۆڵینەوە لەسەرم ئەوە بوو کە کچێکی لاوی مەریوانی کە مەترسی کوژرانی لە لایەن بنەماڵەکەیەوە لەسەر بووو چەند سەعاتێک لەلای من لە دەفتەری مانگنامە ی[ راسان] بووو بە چ حەقێک پەنام داوە؟ من ئەو کاتە لە دڵ خۆم دا دەم گوت خودا شوکر

کە هەواڵی ئەوەیان نیە کە "کاڵێ"ی بێچارە کە لە کوردستانی عێراقەوە رای کردبووو هەرەشەی کوشتنی نامووسی لەسەر بووو پەنای بۆ لای من هێنابوو. بێگومان ئەگەر بیانزانیایە، بە هۆی رزگار کردنی گیانی ژنێکی کوردی عێراقی کە مەترسی قەتڵی ناموسیی لەسەر بوو، تاوانی جاسووسی بە پەروەندەکەمەوە زیاد دەبوو.

لە کۆتایی دا یادێک دەکەمەوە لە زوهرا کە ژنێکی گەڕاوە بوو بە تاوانی هەڵگرتنی هێندێک مەوادی موخەددیر ٥ ساڵ لەمەوبەر گیرابووو حوکمی ئێعدامی بۆ کرابووە هەتاهەتایی. ئەو هەمیشە باسی لەوە دەکرد کە بە هۆی هەژاریی لەرادەبەدەر ئەو کارەی لەبەرانبەر هەشتاهەزار تمەن دا کردوە تا خەرجی منداڵە برسی یەکانی دابین بکا. هەژاریی بنەماڵەی زوهرام بە چاوی خۆم دەدی چونکە کچە تازە لاوەکانی تەنانەت پووڵی کرێی مینیبووس لە قوروەوە تا سنەیان نەبوو کە سەعاتە رێیەکە بۆ ئەوەی بێن بۆ دیتنی دایکیان، دایکێک کە لە زیندان خەریکی چنین (بافندگی) بوو بۆ ئەوەی کەمێک پارە پەیدا بکا بۆ منداڵەکانی. زوهرا ٥ ساڵ بوو دەرەوەی زیندانی نەدیتبوو. دڵی بۆ دیتنی دارێکی سەوز خەریک بوو شەق بەرێ، چونکە لە حەوشە ٥٠ میتری یە سیمانییەکەی بەندی ژنان هیچ گیایەکی سەوزی لێ نەبوو. لەبیرمە کاتی ئازاد بوون زوهرا بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە بە منی گوت بە تێکۆشەرانی مافەکانی ژنان بڵێ ئێمە لەبیر نەکەن...

ئەمڕۆ کە هەواڵی حوکمی شەللاقی خانمی (دلارام عەلی) تێکۆشەری مافەکانی ژنانم دیت لە قووڵایی دڵمەوە ئاهێکم هەڵ کێشاو لە دوورەوە بە زوهرام گوت تێکۆشەرانی مافەکانی ژنانیش بۆ بەرگری لە مافی ئینسانیی خۆیان مەحکووم بە زیندانی و شەللاق دەکرێن...

---

## کچە فرۆشییەکانی دیمەشق

و. لە ئەڵمانی یەوە: مونیرە کازمی و. لە فارسییەوە: کوێستان فتووحی

رووسپی گەری (لەشفرۆشی) لە سووریە نایاسایییە. بەڵام لە "یانە" شەوانەکان دا لە دەوروبەری پایتەختی ئەو وڵاتە، کچانی تازە پێگەیشتووی عێراقی بۆ مانەوە و یارمەتی دان بە بنەماڵەکانیان خۆیان بە پیاوان دەفرۆشن.

پیاوێکی قەڵەوی کورتە باڵا، پێپەتی و بەبێ ددان تەپڵی لێ دەداو بەم کارەی بۆتە مایەی سەرقاڵی یانەی شەوانەی "غەزال". ئەو یانەیە لە دەوروبەری دیمەشق هەڵ کەوتووەو لە شەوی دووشەممەدا زۆر قەرەباڵغ و پڕ دەنگو هەرایە. مێزەکان بەروو مێزییە چڵکنەکانەوەو لە پشت ئەو مێزانەوە پیاوە گەڕاوەکانی سەعوودی، باوکانی بنەماڵە خەریکی کێشانی قلیان و خواردنەوەی "چا" و"جانی واکێر"ن و هێندێک لە میوانە سەعوودی یەکان لە سەر مێزەکان خەریکی سەما کردنن. کڕیارەکان هەموو پیاوو زۆربەیان ژێلیان لە موی سەریان داوەو عەبای سپی یان لەبەر دایە. لەسەر مێزەکان قاپی (شووشە) ویسکیی جۆراوجۆری گران قیمەت دانراون. تیشکی پرۆژکتۆرەکان بە شێوەی بازنەیی لە سەر سەکۆی سەما کردن دەسووڕێن. لەوێ دا لە ژێر تیشکە رەنگاو رەنگەکان دا کچانی تازە پێگەیشتوو خەریکی سەما کردنن. ئەوان بە شێوەیەکی کڕیارانە ئارایش کراون و هەموویان لە بنەماڵەی عێراقی یەکانن، هێندێک لەو کچانە تەنانەت تەمەنیان ناگاتە دوازدە ساڵیش.

پیاوان دەستە پارەی چڵکنی ساختە بەرەو شوێنی سەکۆی سەماکە فڕێ دەدن. یەکێک لە دەستە پارەکان کە لەلایەن پیاوێکی سەعوودی‌یەوە فڕێ درابوو وەسەری یەکێک لە کچەکان کەوتبوو، هاوڕێکانی پیرۆزباییان لێ دەکرد بە بۆنەی ئەو نیشانگرتنە باشەی. یەکێکی دیکە لە پیاوەکان هاوکات لەگەڵ تەپڵ لێدانەکە لە سەر مێزە رەنگ رۆیشتووەکە خەریکی سووتاندنی چەند دۆلارێکە. بەوەندە دۆلارە دەکرێ یارمەتیی تێپەڕ کردنی رۆژێکی بە پەنابەرێکی عێراقی بکرێ. بۆ کچێکی تازە پێگەیشتووی عێراقی کە تەنیا نان هێنەری بنەماڵەکەیەتی یەک دۆلار بەمانای کیلوو نیوێک نان و ٥ لیتر ئاوی خواردنەوەیە.

رەشیدە تەمەنی ١٤ ساڵە لە پەنا ئەودا خوشکێکی بچووکتر لە خۆی بەناوی نادیا کە دکولتەیەکی لەبەر دایە راوەستاوە. رەشیدەو نادیا لە بەغداوە هاتوون، تا ماوەیەک لە مەوبەر ئەوان قوتابی یەک بوون کە پلەی باشیان هەبووە. بەڵام ئێستا لەبەر ئاوێنەیەکی رەش هەڵگەراوی ئاودەستێکی ژنانە کە زۆر پیسە خەریکی خۆ ئامادە کردنن بۆ سەما کردن.

لە شوێنی سەماکە دەنگی موسیقایەک دێ کە گوێچکە کەڕ دەکا. لە وڵاتانی عەرەبی بە ژنی جوان دەڵێن "غەزال" غەزال پووزێکی درێژی هەیە. هەر بۆیە رەشیدە دەیەوێ بە کەوشە پاژنە بەرزەکانی بە یەکەم دیداری کاریگەری لە سەر کڕیار دابنێ. چونکە میوانانی سەعوودی بە بەستە پووڵەکانیانەوە تەنیا لە هاوین دا دەچنە ئەوێ. بۆیە لە وەرزەکانی دیکە دا ئەو کچانە داهاتێکی ئەوتۆیان دەست ناکەوێ.

ئاوارە عێراقی یەکان لە سووریە مۆڵەتی کار کردنیان پێ نادرێ لەبەر ئەوەی کە ژمارەیان زۆرە (هەر ئێستا یەک میلیۆن و چوارسەد هەزار پەنابەری عێراقی لە دیمەشق دەژین) تەنانەت بازاڕی رەشیش پڕبووە. قابشۆرێک سەعاتی ٥٠ سێنت وەردەگرێ، دیارە ئەگەر حەق دەستیان پێ بدرێ. زۆر لە خاوەن چێشتخانەکان وا بیر دەکەنەوە ئەگەر بۆ ماوەی چەند حەوتوو حەقدەست بە کرێکارانی چێشتخانە نەدەن. سەرەنجام پۆلیس ئەوان دەخاتە ژێر چاوەدێری و پاشان دەستبەسەریان دەکا. عێراقی یەکان لە سووریە هیچ مافێکیان نیە. ئەوان لەلایەن دەوڵەتی سوورییەوە هیچ پشتیوانی یەکیان لێ ناکرێ. بێجگەلە مۆڵەتی مانەوەیەک بۆ ئەوەی زیندوو بمێننەوە. زۆربەی ئەو بنەماڵانە سەرپەرستی بنەماڵەیان لە دەست داوە. هەر بەو هۆیەوە زۆربەی بنەماڵەکان کچەکانیان دەنێرنە یانەکانی وەک "غەزال"و لەوێ دایان دەمەزرێنن. رەشیدە دەبێ وەک "غەزال" ئەوەندە لە بەرامبەر کڕیاردا سەما بکا تا یەکێک لەوان هەڵی دەبژێرێ بۆ خۆی. هەر ئێستا نرخی یەک شەو رابواردن لەگەڵ کچێکی شەڕ لێ دراو کە تەمەی نەگەیشتبێتە تەمەنی یاسایی، پێنج سەد پوندی سووری بە (حەوت یۆرۆو بیست سێنت). دایکە رەشیدە بە جلوبەرگێکی رەش و بە لەچکێک کە تا سەر برۆ خاڵکوت کراوە سەرو پۆتەراکی داپۆشیوە، لە نزیک ئاودەستەکە دانیشتوە و چاو لە کچەکانی دەکاو ئاگای لە قوتووی کەلوپەلی جوانکارییە. ئەو بە گەرموگوڕی باسی کچەکانی دەکاو دەڵێ: ئەوان لە بەغدا مرۆڤ گەلێکی لەخۆ رازی بوون دیارە بەر لەوەی شەڕ دەست پێ بکاو ئەوان ناچار بن رابکەن و پاشانیش هەر دوو کچەکانی ناچار بکا لەشفرۆشی بکەن. ئەو گوتی: "ئێمە شیعەین". " منداڵەکان باوکیان نەماوە"،"لە دووهەمین ساڵی شەڕدا مێردەکەم رۆژێکیان لە ماڵ چووە دەرەوە و ئیدی نەگەڕایەوە". لە سەرەتاوە هەرچی پاشەکەوتمان هەبوو خەرجمان کرد و پاشانیش هەرچی بوومان فرۆشتمان". "کرێی خانوو (ئاپارتمان) لە دیمەشق نزیکەی چوارسەدو چل یۆرۆیەو بۆ ئەمەش رەشیدە دەبێ شەست شەو کار بکا بەڵام بەخۆشییەوە خوشکە چووکەکەشی نادیا، ئێستا لە "غەزال" کار دەکا. ئەگەر ئەو دوو تازە پێگەیشتووە هەر شەوە پیاوێک بدۆزنەوە، جەستەی ئەوان لانیکەم بەشی دابین کردنی کرێ خانووی بنەماڵەیەکی حەوت کەسی دەکا. بەڵام بە بوونی سەدان یانەو هەر کامەیان بە سی تا پەنجا کچی تازە پێگەیشتوو رێگە لەوە دەگرێ کە هەمووی ئەوان هەموو شەوێ کڕیاریان هەبێ.

یاڵلا یاڵلا، دەنگی پیاوانەیە بەتووڕەییەوە هەڵ دەستێ دەنگی لێدانی دارێک لە دەرگای ئاودەستەکە دەنگی دایەوە. رەشیدەو خوشکەکەی دەزانن کە دەبێ دیسان بۆ سەما کردن بچنەوە سەر سەکۆکە. دەستی یەکتر دەگرن و دەچنەوە تێکەڵ بەو کچانە دەبن کە لە نێو تیشکە رەنگاو رەنگەکان دا دەخولێنەوە. ئەم شێوە خولانەوەیە لە نێو تیشکەکان دا سیرک ئاسا بە درێژایی شەو بەردەوام دەبێ. لەو نێوەدا ئەگەر کچێک لەم کارە خۆ ببوێرێ وەک بازاڕی ئاژەڵان

بە زەبری دار دوبارە بۆ سەر سێنەکە دەگەڕێندرێتەوە. کچەکان دووبە دوو یا سێ کەسی یان لەگەڵ خوشکەکانیان، پەنجەکانیان لێک گرێ دەدەن و بەرەو رووی کڕیارەکان دەڕۆن. هەر بە فەرمانی بەڕێوەبەرەکە ئەوان لە یەکتر جیا دەبنەوە و کڕیارەکان هەڵیان دەسەنگێنن.

سەر دەست و باسکیان زۆر جێگای سووتان بە سیگار، شین هەڵ گەڕاوی، بڕاوی و برینداری یان پێوە دیارە. لە وەڵامی ئەو پرسیارە کە ئەم برینانە چیە پێیانەوەیە دەڵێن کە یان بە ئەنقەست وایان لە خۆیان کردوە یان کڕیارەکانیان وایان بەسەر هێناون.

هیچکام لەو کچانە نایانەوێ بڵێن کە ئەوان بەهۆی قاچاغچییە عێراقی یەکان رفێندراون و فرۆشراون، هیچیان ناڵێن کە ئەوان بە هۆی بنەماڵەکانیانەوە فرۆشراون بە دەلاڵانی لەشفرۆشی، هێچکامیان نایانهەوێ بڵێن کە بەهۆی باوکو دایکیانەوە ناچار کراون خۆیان بفرۆشن تا بتوانن  بژێوی بنەماڵەکانیان دابین بکەن.

رێکخراوی ژنانی "الزهرا" کە بە باشی لە هۆکاری لەشفرۆشیی منداڵان و هەروەها قەوارەی مافیایی رێکخەرانی ئەو لە ناوچەدا ئاگادارە، لە راپۆرتێک دا دەڵێ: هێندێک لە بنەماڵە عێراقی یەکان کچەکانیان دەفرۆشن بە بارزگانان لە وڵاتانی خەلیج بۆ ئەوەی خەرجی کۆچ کردنیان بۆ سووریە دەربێنن. "یحیا النوس" دامەزرێنەری ئەو رێکخراوەیە دەڵێ ئەو کچانە کوێلەیەکن بەکرێ دەدرێن. کچێک بۆلای سەکۆی سەما دەڕوا، چواردەساڵەیە. بە ئارایشێکی خەست روخساری داپۆشیوە، بەڵام هێشتاش کەوشی کەتانی (کالە)ی لە پێ و شەڵوارێکی "جین"ی لەبەردایە. یەکەم جارە هاتۆتە ئەو یانەیە. باوکی خەریکی قسە کردنە لەگەڵ خاوەن یانەکە. ئەو کچۆڵەیە تازە پێگەیشتوە چەند جار بە مەبەستی راکردن لە سەر سەکۆکە هاتۆتە خوارەوە، بەڵام باوکی کچەکە هەموو جارێ ئەوی ناچار کردۆتەوە بگەڕێتەوە سەر شوێنەکەی. دەنگی موسیقا توندەکە تەواو دەبێ و موسیقایەکی ئارام و رۆمانتیکی بڵاو دەبێتەوە. ئێستا کچەکان بە چاو لێ کردن لەو مێز بۆ ئەو مێز دەبێ کڕیارەکان هەڵسەنگێنن هێندێکیان کە خۆیان لە بەر چاوان دا دەبینن، چاو لە زەوی یا شوێنێک دەبڕن. هێندێکیان چاو بەگریان چاو دەبڕنە بەشی کۆتایی یانەکە، ئەو شوێنەی کە دایکیان لە چاوەڕوانییان دا دانیشتوون. دایکەکان هەموویان لە کاتێک دا سەرتاپا خۆیان داپۆشیوەو لەچک (رووسەری)یان بە سەرەوەیە وەکوو باوکەکان بەریز خەریکی جگەرە کێشانن. لە وڵاتانی عەرەبی ژنانی موسڵمان لە نێو خەڵک دا جگەرە ناکێشن، بەڵام وەک ئەوە وایە ئەو ژنانە بە چارەنووسیان، شانازیەکانیان و لەگەڵ هەرچی یەک کە سەردەمانێک بە دەماری دەکردن ماڵاوایی یان کردوە.

ئەوان بە روانینە وشکەکانیان فەرمان بە کچەکانیان دەدەن کە دەبێ هەمیشە لەژێر نووری پرۆژکتۆرەکان دابن و پێیان دەڵێن کە کام کڕیار دەسنیشان بکەن. بەڵام باوکەکان لە دەرەوەی یانەکەو لە شوێنی پارکینگ لە چاوەڕوانی دان. دەستەیەکی سێ کەسیی سەعوودی لە سەر رەشیدە و خوشکەکەی بڕیار دەدەن.

ئەو پیاوانە دوگمە سەردەستەکانیان زێڕو کاتژمێرە مەچەکییەکانیان ئەڵماسدارە.

هیچ یەک لەو سێکس توریستانە پرسیار لە خۆیان ناکەن کە بۆچی خوشکانی هاودینو هاوبڕوا بەڵام کەمتەمەنیان لەشی خۆیان دەفرۆشن؟ بەڵام لە بەرامبەردا ئەوان ئەو کچانە باش هەڵ دەسەنگێنن و بە دەست پێ داهێنان بە لەشیانداو هەڵمژینی کوڵمیان چۆنیەتیی ئەو کاڵایە تاقی دەکەنەوە.

لەو کاتەوە کە لوبنان بە هۆی شەڕو کێشەی سیاسی‌یەوە ئارامیی جارانی نەماوەو ئیدی بە بەهەشتی سێکسی توریستەکان لە ناوچەدا نایەتە ئەژمار، رەوەی سامانداڕەکانی عەرەبستانی سەعوودی و وڵاتانی کەنداو بەرەو سووریە کە لە باری نرخیشەوە بۆ ئەوان گونجاوترە وەرێ کەوتوە .

ئێستا ژمارە تەلەفونەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن. کڕیار بۆ قوربانی یەکەی تەلەفون دەکا، کچ وەڵام ناداتەوە، بەڵام ژمارەکەی دەپارێزێ دوای چوونە دەر لە یانەکە، کچەکە تەلەفون بۆ کڕیارەکەی لێ دەدا. باوک یان برا بە تاکسی کچەکە دەگەیەننە شوێنی دیاریکراو (هوتێل یا ئاپارتومان) زۆر جار دیدارەکە رۆژی دواتر رێک دەخرێ و کچەکان هیچ کات بە تەنیا سواری ماشێنی نەناسیاو نابن. ئەو کەسەی لەگەڵی دەچێ لە ساڵۆنی هوتێل یا لە نێو تاکسی یەکەدا چاوەڕوان دەبن. تا کچەکە دووبارە دەگەڕێتەوە لایان.

لە نێو ئەو یانە شەوانانەدا، کە زۆربەیان دوای شەڕی عێراق لە گەرەکی "معربا" لە نزیک زینداننن (شوێنی راگرتنی زیندانیانی سیاسی سووریە) قوت بوونەتەوە هەموو شەوێ ئەو رێورەسمە تا دوای بانگی بەیانی بەردەوامە. لەو شارەی کە بە چەندین کاتژمێر لە بەر نەبوونی ئاوو کارەبا سەلە رەنج دایە، لەوە دەچێ لە "معربا" هیچ ئاسەوارێک لە کەمو کووڕی نیە. پارکینگی هەموو یانەکان کە نزیک سەد یانە دەبن، پڕن لە ماشێنی دوا مۆدێلی ئەمریکایی و ئەڵمانی بە ژمارەی عەرەبستانی سەعوودی و کوێتەوە لە دەورووبەری رێگای چوونە دەری ئەو یانانەش ماشێنی بچووک بە ژمارەی سووریایی و عێراقی پارک کراون و لە پەنایان دا باوکەکان خەریکی

جگەرە کێشانن. برا چووکەکانیش لە نێو ماشێنەکان دا خەویان لێ کەوتوە و خوشکە چووکەکانیش لەگەڵ دایکیان دا لە نێو یانەکە دان. زۆربەی پیاوانی سەعوودییە بەدەستە بۆ چەند حەوتوو یان مانگێک و تەنانەت تەواوی هاوینەکە دێن بۆ دیمەشق. تاکوو هەموو شەوێ بتوانن بخۆنەوە کە لە وڵاتی خۆیان قەدەغەیە و لەگەڵ کچانێک رابوێرن کە شەوێک حەوت یورۆ و بیست سێنت خەرجیان هەیە.

پیاوێکی تەمەن بیست و یەک ساڵە، کارمەندی ئەرتەشی کوێتە کە لەگەڵ هەشت پیاوی دیکەی خزمی خۆی ویلایەکیان لە دیمەشق بە کرێ گرتوە، دەڵێ: "هەموو مانگی ئاگوست دەتوانم لێرە رابوێرم" بە پێکەنینەوەو بە لوتبەرزییەوە درێژەی بە قسەکانی داو گوتی: بە راستی هەموو شەوێ چونکە نرخەکە گونجاوە هەر شەوێکی بۆ هەرکاممان دوو یان سێ کچ هەیە". ئەو لە درێژەی قسەکانی دا گوتی دەیەوێ موسڵمانێکی باش بێ، ئەوانەی لەگەڵ ئەون ئەڵکوڵ بە کار دێنن و بۆ خۆشی عاشقی کچێکە لە کوێت، بەڵام بۆ زەماوەند کردن بەرادەی پێویست پارەی نیە. هەروەها گوتی:" لە کوێت هەموو شتێک قەدەغەیەو کچەکانی ئێمەش هەموویان خاوەن کەسایەتین. بەڵام ئێمە لێرە ویلامان هەیە بۆ میوانداری".

لە پەنای ئەو سەنعەتەدا خاوەن کارەکانی دیکەش لەوە قازانج دەکەن. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە هوتێل داری، ئاپارتمان و تاکسی، فرۆشیارانی خواردەمەنی، خواردنەوەو شیرین مەنی بکەین. لێرە هیچ هەواڵێک لە پیاوانی پۆلیس نیەو ئەوانیش بە جلوبەرگی مەدەنییەوە بۆ رابواردن بۆ ئەم شوێنە دێن.

ئایا دەتوانن بیهێننە بەرچاوتان لە کولتوورێک دا کە تەنانەت بوونی گومانێک بەرامبەر بە کچان و ژنان وەک تاوان و کردەوەیەک لە دژی شەرەفو نامووس لە قەڵەم دەدرێ‌و لە سەری دەکوژرێن چ فشارێکی رۆحی لە سەر ئەو کچانەیە؟

"یحیا النوس" گوتی: "ئەو کچانە هیچ مافێکیان نیەو هیچ کەسیشیان نیە کە داوای یارمەتییان لێ بکەن. ئەوانە نە حکوومەت یارمەتیان دەداو نە هیوایەکیشیان هەیە کە بتوانن کارێک فێر بن و یان تەنانەت ژیانێکی هاوبەش کە ئەوان دابین بکا."

رێکخراوی "الزهرا"ش هیچ یارمەتی یەکی لە دەست نایە تاکوو بتوانێ شوێنی پارێزراو بۆ ئەو ژنانە دابین بکا یا

لانی کەم پەناگەی شاراوە بۆ ئەو کچانە دروست بکا. دەوڵەتی سووریە تەنانەت بەردەوام ویب سایتی ئەو ڕێکخراوەش فیلتێر دەکا. ئەم ڕێکخراوانە کە کار کردن لەودا خۆبەخشانەیە تەنانەت پارەی بەکرێ گرتنی شوێنێک لە سەر سێروێریکی ئینتێرنێتیی نیە.

سەرچاوە:

بەشێک لە راپۆرتێک کە لە فرانکفۆرتێری ئەڵگمانیەدا لە ڕێکەوتی ١٥ - ٩ - ٢٠٠٠ بڵاو بۆتەوە.

---

## سووکایەتیی بێشەرمانەی ئەمجارەی کۆماری ئیسلامی دژی ژنان لە کوردستان

سەعات ٦ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ٢٦ - ١ - ١٣٩٢ لە لایەن دادستانی شاری مەریوانەوە حوکمێک لە ژێر ناوی سزا بۆ تاوانبارێک لە شاری مەریوان بەڕێوە چوو. گۆیا ئەو کەسە بەوە تاوانبارە بە چەقۆ هێرشی کردۆتە سەر بنەماڵەیەک. دادستانی شاری مەریوان حوکمی ئەو کەسەی بەم جۆرە داوە: بەمەبەستی تەمبێ کردنی ناوبراو، بەبەر چاوی خەڵکەوە و لە مەیدانێکی قەرەباڵغی شاردا دەبێ ئەو کەسە بە رووسەری و جلوبەرگی کوردی ژنانەوە (سوور) بە ماشێنی هێزە ئینتیزامییەکان بسووڕێننەوە و پیشان خەڵک بدرێ.

ئەو کردەوە شەرماوییەی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێران لە شاری مەریوان بەڕێوەیان بردوە، ئەوپەڕی سووکایەتییە بە کەسایەتیی ژن. ئەوە یەکەم جار نیە دەبیسین کە فڵان تاوانبار بەم شێوەیە سزا دەدرێ. بەداخەوە ئەم نەریتە ناپەسەندە لە کوردستاندا لە رابردووشدا لە نێو خێڵە دواکەوتوو و نەریتپارێزەکاندا زۆر جار بۆ سزادانی پیاوێک کە بەرانبەر بە بنەماڵەیەک یان خێڵێک هەڵەیەکی کردوە کراوە. هەرچەند ئەم شێوە سزایە لەلایەن خەڵکانەوە لەمێژە لە مێژووی دابونەریتی کوردەواریدا سڕدراوەتەوە، بەڵام دەسەڵات و حاکمییەتی کۆنەپەرست و دژە ژنی کۆماری ئیسلامی دەیەوێ ئەم نەریتە بێزهەستێن و شەرمایییە، نەک لە دژی "اراذل و اوباش" بەڵکوو لە دژی ژنانی کوردستان بژیێنێتەوە. دیارە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەدرێژایی تەمەنی پڕ لە شوورەیی خۆیدا بە پێی قانوون و ڕێوشوێنە کۆنەپەرستانەکانی، لە هیچ سووکایەتییەک بە دژی ژنانی ئێران درێغی نەکردوە، بەڵام

ئەوەی ئەمجارە ئەوپەڕی سووکایەتی و بێڕێزییە نەک هەر بە ژنان، بەڵکوو سووکایەتییە بە کەسایەتیی مرۆڤی کورد.

بە هۆی ئەم سووکایەتی و بێڕێزییە بە ژنان، پاشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی خاکەلێوە، خەڵکی ئازا بەتایبەتی ژنانی وشیاری شاری مەریوان بێدەنگ نەبوون و بە لەبەرکردنی جلوبەرگی سووری کوردی و دروشمدان لە لە مەیدانی شەبرەنگ کۆبوونەوە و بەرەو مەیدانی سەرباز وەڕێ کەوتن. هێزە ئەمنییەتییەکان و گاردی تایبەتی سەرکوت هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەران و بە لێدان و گرتنیان بڵاوەیان بە خەڵک کرد. هەر لەم پێوەندییەدا سێ ڕێکخراوی ئەنجوومەنی ژنانی مەریوان، خوێندکارانی پەیامی نووری مەریوانو ئەنجوومەنی ئەدەبیی " نێ" بەبڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێکی هاوبەش و ناردنی نامە بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، ڕایانگەیاندوە بێدەنگ بوون لەبەرامبەر ئەو سوکایەتی‌یەی بە ژنان کراوە، خەیانەتە بە کۆمەڵگای ئینسانی‌یە.

سڵاو لە هەڵوێستتان ژنان و پیاوانی وشیاری مەریوان!

---

## ڕۆڵی ژنان لە خەباتی پێشمەرگایەتیدا

ئەو دایکەی کە پاش ئێعدامی ڕۆڵەکەی بەشانازییەوە باس لە خەباتی نەتەوەکەی دەکا و خۆی بەسەربەرز دەزانێ کە ئەو ڕۆڵەیەکی ئەوتۆی پەروەردە کردوە، کە گیانی پێشکەشی بارەگای ئازادیی کردوە، چی ناو بنێین؟ ئەو دایکەی کە هاوار دەکا و بە لاوەکان دەڵێ ڕێگەی شەهیدەکانی کورد و کوردستان درێژە بدەن، چی ناو بنێین؟ ئەو ژنەی لە کاتێکدا هاوسەرەکەی بە هۆی کاری سیاسی و خەباتگێڕانە لە زینداندا بووە، یان پێشمەرگە بووە، و بە مانگان و ساڵان لە بنەماڵەکەی دوور بووە، لەوپەڕی هەژاری و نەداریدا فیداکاریی کردوە و باڵی بە سەر منداڵەکان - بەرهەمی ژیانی هاوبەشیان - دا کێشاوە و نەیهێشتوە منداڵەکانی لە خوێندن بێبەش بن، چی ناو بنێین؟ ئەو کچەی لە سەر بیروباوەڕی ئازادیخوازی دەکەوێتە زیندان ، ئازار دەدرێ و تەنانەت ئێعدام دەکرێ، شایانی چ ناوێکە؟ ئەی ئەو ژنەی بەبێ ترس لە کاتی شەڕە سەختەکاندا نان و ئاوی دەگەیاندە پێشمەرگەکانی کوردستان، کێیە؟

ئایا ژنانی پێشمەرگە هەر ئەو ژنانەن کە لە ریزی حیزبەکاندا چەکیان پێیەو ناویان پێشمەرگەیە؟ ئەدی هەموو ئەو ژنانەی کە چەکیان هەل نەگرتوە بەلام لە هەموو کات و ساتێکدا لە رێی ئازادیی و بەختەوەریی نەتەوەکەیان خەریکی خەبات و تێکۆشان بوون ناچنەی خانەی پێشمەرگەوە؟

چاو لە هەر بەشێکی کوردستان دەکەین بە سەدان کچ و ژن لە بەندیخانەکانی دوژمندا ئەشکەنجە دراون و گوللەباران کراون. ئەوانە ئەگەر لە رێکخستنێکی سیاسیدا نەبووبن و هاوکاری بزووتنەوەی کورد نەبووبن، بۆچی ئەمە چارەنووسیان دەبوو؟ بەلام بەداخەوە ئەگەر رۆلیان دیار نیە، یان کەم دیارە، ئەگەر ناویان نیە، ئەگەر بەبێبایەخی چاو لە رۆل و نەخشیان کراوە، وەک هەموو بوارەکانی دیکە، لە ئاکامی زالبوونی بیروبۆچوونی پیاوسالارانە دابووە کە بە کەمبایەخ سەیری کردوون و نەخشی ئەوانی بەشاراوەیی هێشتۆتەوە و نەهێلراوە بەو جۆری کە هەن دەرکەون. ئەگینا زۆر روونە هیچ خەباتێک بەبێ بەشداریی ژنان نەکراوە و ناکرێت و قەتیش سەرناکەوێت.

ئەمە راستییەکە و حاشای لێناکرێ کە رێژەی ژنان و کچان لە ریزی هێزەکانی پێشمەرگە و چالاکیی پێشمەرگایەتیدا لە چاو پیاوان بە داخەوە زۆر کەم بووە، ئەمەش هۆکاری جۆراوجۆری هەیە کە بۆچی رێژەی ژنان لەو جۆرە لە خەباتەدا کەمترە. بەلام ئەوە بەو مانایە نیە کە ژنان خۆیان لە ئەرکی پێشمەرگایەتی و خەبات دژی دوژمنانی ئازادی دزیوەتەوە. ژنانی کورد ئەگەر بۆیان نەکرابێ بە فراوانی بچنە نێو هێزەکانی پێشمەرگەوە، بەلام هەمیشە پشتیوان و دلسۆزی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و رزگاریخوازانەی نەتەوەکەیان بوون. بە سەدان و هەزاران نموونە هەن لە پشتیوانی و هاوکاریی ژنان لە گەل هێزە شۆڕشگێرەکانی کوردستان. ئەگەر ئەمرۆ حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بەسەر کۆمەلانی خەلکی کوردستاندا هەلدەلێن و هەمووکات بە پشتیوانانی پێشمەرگەکانیان ناو دەبەن، بۆ بەشی زۆری ئەو پشتیوانییە مەدیونی ژنانن.

هێزی پێشمەرگە لە نێو کۆمەلانی خەلکدا و بە یارمەتیی کۆمەلانی خەلک، توانیویەتی ئەرکی پێشمەرگایەتیی خۆی بەڕێوە بەرێ. پێشمەرگە ئەو کاتەی برسی و تینوو و چلکن بووە و سەری بە مالی خەلکدا کردوە ، ئەو کاتەی بریندار بووە و لە هەڤالانی هەلبڕاوە و پێویستی بە شاردنەوە بووە، ئەو کاتەی هاوسەر و دایک و خۆشک و منداڵەکانی لە نێو شار و لە ناوچەیەکی دیکەوە هاتوونە سەردانی، ئەو کاتەی گۆرەوی و زەنگال و دەستەوانە و شالگەردنی پێویست بووە، کاتێک ویستوویەتی دەوا و دەرمان و کەلوپەلی دیکەی لە شارەوە بۆ بێت، بەر لە

پیاوانی گوند، رووی لە ژنان و کچان بووە و ئەوان بە هانایەوە هاتوون. کاتیکیش، تووشی دوودڵی وراریی بووبێت و نیازی چەکدانان و سەنگەر چۆلکردنی بووبێت، لە گەڵ لۆمە و سەرکۆنەی کچان و ژنانی بە هەست بەرەوروو بووە.

دیارە ئەگەر لە مەتەرێزی خەباتی چەکداریدا، ژنان و کچان لە پیاوان کەمتر بەشدار بووبن، لە مەتەرێزەکانی دیکەی خەباتدا، کە خەباتی چەکداری بێئەوان نەیدەتوانی دەوام و بەرەوپێشچوونی هەبی، بە خۆشیەوە ژنان و کچان دەورێکی دیار و کاریگەر و پررەنگیان هەبووە. مامۆستایانی قوتابخانەکانی شۆرش، کادری دەرمانی و پێرسۆنێلی نەخۆشخانەکانی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆلی پێشمەرگە، کادری راگەیاندنی حیزبەکان و زۆر خزمەت و ئەرکی دیکە، بە زۆری لە سەرشانی ژنان و کچان بوون. هەر بۆیە ژنان و کچان رۆڵ و جێگای خۆیان هەیە لە خەباتی چەکداری و پێشمەرگایەتیدا و بە سەرنجدان بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کولتووری زاڵ بە سەر کۆمەڵگەی کوردستاندا، بە هیچ جۆر نابێ ئەوەندە بەشدارییەیان بە کەم دابنێین.

---

*سەرچاوەکان : کوردستان و کورد، حدک میدیا، گیارەنگ، رۆژهەڵات تایمز و هانای کوێستان.*

---



سەرچاوە Serchawe




ئەمە راستییەکە و حاشای لێناکرێ کە رێژەی ژنان و کچان لە ریزی هێزەکانی پێشمەرگە و چالاکیی پێشمەرگایەتیدا لە چاو پیاوان بە داخەوە زۆر کەم بووە، ئەمەش هۆکاری جۆراوجۆری هەیە کە بۆچی رێژەی ژنان لەو جۆرە لە خەباتەدا کەمترە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە ژنان خۆیان لە ئەرکی پێشمەرگایەتی و خەبات دژی دوژمنانی ئازادی دزیوەتەوە. ژنانی کورد ئەگەر بۆیان نەکرابێ بە فراوانی بچنە نێو هێزەکانی پێشمەرگەوە، بەڵام هەمیشە پشتیوان و دڵسۆزی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و رزگاریخوازانەی نەتەوەکەیان بوون. بە سەدان و هەزاران نموونە هەن لە پشتیوانی و هاوکاریی ژنان لە گەڵ هێزە شۆڕشگێرەکانی کوردستان. ئەگەر ئەمڕۆ حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هەڵدەڵێن و هەمووکات بە پشتیوانانی پێشمەرگەکانیان ناو دەبەن، بۆ بەشی زۆری ئەو پشتیوانییە مەدیونی ژنانن.

کوێستان فتوحی

---